# کۆنسێپت

ڕێکخراوی کۆنسێپت بۆ پەرەپێدانی کلتوریی

**له گۆڤاری كۆنسێپت-ەوە سوپاسی زۆر بۆ:**

* ڕێكخراوی P.D.A-N.P.A به بەخشینی نۆ ملیۆن دینار بۆ له چاپدانی ژمارێ ٣ و ٤ی (كۆنسێپت).

# کۆنسێپت


سەرنووسەر:
**رامیار مەحمود**

سەرۆکی رێکخراو:
**رێبین رەسول**

سکرتێری نووسین:
**ئیسماعیل حەمەئەمین**

بەرێوبەری نووسین:
**توانا ئەمین**

بەرێوبەری هونەریی و دیزاین:
**ئازەر عوسمان**

دەستەی نووسەران:
بەیان سەلمان
بەکر عەلی
شیروان خان
سەلام عومەر
سۆران رەفعەت

راویژکاران:
**د. عادل باخەوان- کاوە جەلال - هەندرێن**
**عەلی زەڵمی**

بەرێوەبەری ئیداریی:
**فەرەیدون کەریم**

بەرێوبەری گۆڤار لە دەرەوەی وڵات:
**گۆران عەبدولا- تۆرنتۆ- کەنەدا**

کاروباری رۆژنامەوانیی:
**هەرێم عوسمان**

نوسینگەی هەولێر:
**سمکۆ محەمەد**



govariconcept@gmail.com





چاپ: چاپخانەی رەنج
نرخ:3000
تیراژ:1000

# پێرست

## وەرگێران


١-گەران بە دوای بووندا.. لە ئینگلیزییەوە د. محمد کمال....... ١٣
٢-فەلسەفە چییە ؟...... لە ئەڵمنییەوە کاوە جەلال............ ٢٧
٣-فۆرم-ی-ژیان.......... لە ئینگلیزییەوە سەلام عومەر ........ ٣٥
٤-فوکۆ و ئێران......... لە ئینگلیزییەوە ئالان عەتوف......... ٤٣


## گفتوگۆ


١-نلەگەڵ نۆم جۆمسکیدا...... ئامەدەکردنی ڕۆژ ئەحمەد...... ١٠٧
٢-مارکس بە سەر چوو؟....... گۆران عەبدولا هەندرین ......... ١١٩
٣-لەگەڵ ژان بۆدریار ..........لە ئینگلیزییەوە عەلی زەڵمی... ١٣٣
٤- لەگەڵ فوکۆ یاماد......... لە فارسییەوە ئازاد بەرزنجی.... ١٤٣
٥-هەنتینگتۆن و گیدنیز.. ...لە ئینگلیزییەوە ئەکبەر حەسەن..١٦١


## هونەر لە کۆنتێکستدا


١-خوێندنەوەیەک بۆ هونەر.........شیروان خان............... ١٧٣
٢-لێکدانەوەیکی پارادیگمایی.......سۆران رەفعەت..............١٨١
٣-نیگاکردن لە سروشت ......... نەورۆز مەحمود............. ١٨٩
٤-هونەری خاکیی ژاپۆنی......... بەیان سەلمان............... ٢٠٣
٥-درەختی ژیان ...................بەکر عەلی................... ٢٠٩
٦-زریانە رەنگینەکان............. فەلاح شەکرچی.............. ٢٢١
٧-ژیان و بەرهەکانی تارکۆڤسکی....شوان ئەحمەد............. ٢٢٩




## توێژینەوە و وتار:


١-رێگایەک بەرەو کۆیلایەتی.............. نیاز نەجمەدین........ ٢٤١
٢-جۆن لۆک: موڵکدارێتی................ مەجید عەزیز......... ٢٥٥
٣-پلەدوویی دەزگایی....................رۆزا حسێن.......... ٢٧٣
٤-مرۆڤی تاکرەهەند لای مارکۆزە ........ کامەران خالید....... ٢٨٣
٥-فەلسەفەی شۆپنهاوەر.................پێشرەو محەمەد...... ٣٢٥
٦-چەمکی گۆڕان، مەشقکردن....... ئیسماعیل حەمە ئەمین.. ٣٥٦
٧-توندوتیژی دژی منداڵ............... ڕێبین عومەر......... ٣٧٦
٨-خوپیشاندان: ئەو گەرمیانەی ......... هەندرێن.............. ٣٩٠
٩-زمانی رۆشنبیران ....................سۆران ئازاد.......... ٣٩٥
١٠-وەرچەرخانی دیموکراسی ..............رامیار مەحمود....... ٤١٩
١١-لەسەر گۆڕی فیشتەو هیگڵەوە ........ بەکر عەلی........... ٤٣٩
١٢-سافرانسکی و پیتەرسلۆتێردایک... ئیسماعیل حەمەئەمین.. ٤٤٧
١٣-شۆڕش و فارگۆنەکانی................ رزگار عومەر......... ٤٧٩
١٤-مانی و ئاینی مانی............پەروین مەحمود وەیسی.... ٤٩٣
١٥-پێکدادانی کەلتوری.................. کازم بتوێنی........ ٥٠٣


## فۆیلیتۆن


١-رۆسالی.......................... سەحەر رەسایی.............. ٥٢٣
٢-نەدەبوو ئەم چیرۆکە بنوسم... ئاوات محەمەد............... ٥٢٥
٣- گرنگ نییە سوار بە............ نینا کەریمی ............٥٣٧
٤- بەهەشتی مێروولە.............. هەڵمەت عوسمان.......... ٥٣٩
٥- ئەم شارە لە ناو لوورەی ...... مەجید عەزیز.............. ٥٤٥

# کۆنسێپت لە ساڵێکدا

کۆنسێپت ساڵی یەکەمی خۆی تێ دەپەڕێنێت بە دەرچواندنی چوار ژمارە، سەرباری هەموو ئەو ئاستەنگییە مادیی و تەکنیکەی کۆنسێپت هەیەتی، بێگومان ئێمە وەک خۆمان بڕێک لە کێشە و بۆشایی دیکەش ئەبینین لە ناو پرۆژەکەدا، بەڵام بروامان وایە لە بەردەوامیماندا دەتوانین بە سەر ئەو کۆسپانەدا زاڵ بین و ئاستی چلۆنایەتی پێشتر بخەین. ئەوەی جێگای دڵخۆشییە کۆبونەوەمانە لە دەوری پرۆژەیەک و پێکەوە کارکردنمانە بێ ئەوەی جیاوازی بیرورامان ببێتە کۆسپ، بەڵکو بۆتە هۆی زیاتر دەوڵەمەند بوونمان بە کاری و بەرهەمی گرنگتر. کۆنسێپت لە ساڵی یەکەمیدا سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکات کە بە بەرهەمەکانیان کۆنسێپتیان دەوڵەمەند کردووە. سوپاسی تایبەتی کاک (فاروق مەلا مستەفا)ش ئەکەین لە سەرتادا بەڵینی پێ داین کە ئێمە کارەکە بکەین و ژمارە (1)ی بگرێتەوە ئەستۆی خۆی.

**ڕێکخراوی کۆنسێپت بۆ پەرەپێدانی کەلتوری**

# وەرگێڕان

**ڕێکخەری بەش: سەلام عومەر**

# بوون و نەبوون

ژان پۆل سارتەر
لە ئینگلیزییەوە: د.محەمەد کەمال

## پێشەکی*

### 1. گەڕان بە دوای بووندا

بیرکردنەوەی نوێ، لەگەڵ گەڕانەوەی بوون بۆ زنجیرەیەک دیاردە، کە خۆی تیایاندا بەرجەستە دەکات، بەرەو پێشەوە چووە. ئەمەش بۆ لەناوبردنی ئەو بۆچوونە دووەلیستییە خراوەتەگەر، کە فەلسەفەی شەرمەزار کردوە و لەجێگەی ئەو[بۆچوونێکی] یەکانەگی دیاردەیی دامـەزرانـدووە.(1) ئایا ئەم هەنگاونانە سەرکەوتوانەیە؟ ئێمە بەدڵنیاییەوە بۆ یەکەمجار دووەلیزم لەناودەبەین، کە لە نێو هەموو هەبووەیەکدا لایەنی ناوەوە و دەرەوە، دژوەستاو ڕادەگرێت. ئەو لایەنەی دەرەوەی هەبوو، وەکو پەردەیەک ڕاستییەکی ناوەکی لە پشتی خۆیەوە شاردبێتەوە، نامێنێت. هەروەها ڕاستی ناوەکیش ئەگەر ئەو نهێنییەبێت بوونی شتێکی لەسەر ڕاوەستابێت، مرۆڤیش تەنیا بیرۆکەیەکی لەبارەوە هەبێت و هەرگیز پێی نەگات چونکە (ناوەکی) یە؛ دەفەوتێت. ئەو دیاردانەی بوونی تێدا بەرجەستە دەبن، ناوەکی یان دەرەکی نین؛ هەموویان یەکسانن و

ئاماژە بۆ دیاردەکانی دیکە دەکەن. هیچ کام لەم دیاردانە بوونێکی بەرزی نییە. بۆنموونە، هێز بنەڕەتێکی نەزانراو نییە خۆی لەودیو کارتێکراوەکانییەوە شاردبێتەوە: ئەو هەموو کارتێکراوەکانە. بەهەمان شێوە، وزەی کارەبا بۆ سەرچاوەیەکی شاراوە ناگەڕێتەوە؛ بەڵکو هەمووی جوڵە و چالاکییە کیمیاوی و فیزیکییەکانە، کە بەرجەستە دەبێت. هیچ کام لەم چالاکییانە بە تەنیا و بە بێ ئەوی دی ناتوانێت ئەو بەرجەستە بکات. هیچ چالاکییەکیش ئاماژە بۆ لایەنێکی نادیار ناکات. ئاماژە بۆ خۆی و زنجیرەی هەموو دیاردەکان دەکات. لە



ئاکامدا بەو خاڵە دەگەین، کە بۆچوونی دووەلیستانەی نێوان بوون و دیاردەکان لە فەلسەفەدا جێگەی نابێتەوە. دیاردە بەشێکە لە زنجیرەی هەموو دیاردەکانی دیکە و بۆ ڕاستییەکی شاراوەی ئەودیو خۆی ناگەڕێتەوە. هەروەها، بەوجۆرەی هەندێک لە بیریاران بۆیدەچن، دیاردە خۆدەرخستنێکی نەرێی بوون نییە یان لایەنی نالەباری نۆمینە نییە.(2) نۆمینەش بوونی نییە و شتێکی ئەندێشەییە و بە هەڵە دانراوە. هەرچەندە هەندێک لە فەیلەسوفەکان باوەڕیان بەم لایەنەی بوون هەیە، بەڵام سەلماندنی و هێشتنەوەی کێشەی زۆری بۆ دروستکردون. ئەگەر ئێمە ئەو لایەنەی نیتشە بە"جیهانە ئەندێشاوییەکانی ئەودیو پەردەکان" دایدەنێت ڕەتبدەینەوە و باوەڕ بە ڕاستییەک لەو دیو دیاردەکانەوە نەکەین، دیاردە پۆزەتیڤانە دەبینرێت. ناوەڕۆکی دەبێت بەوەی دەردەکەوێت، کە شتێک نییە دژی ڕاوەستێت، بەڵکو دەبێت بە پێوەری بوونی خۆی. بوونی هەموو هەبووەکان ئەوەیە، کە دەردەکەوێت. کەوابوو، ئێمە بە بیرۆکەی دیاردە دەگەین، کە لای هوسرڵ یان هایدیگەر ڕەها و پەیوەندیدارە. دیارە لەوێدا پەیوەندیدارە، کە بۆ دەرخستنەکەی پەیوەندی بە کەسێکەوە بەستراوە. بەڵام پەیوەندییەکەی نییە. خۆی بۆ ڕاستییەکی دیکە ناگەڕێنێتەوە بەوجۆرەی کانت باسیدەکات، کە گوایە دووجار خۆی دەردەخات، ئەمەش لایەنی ڕەهای ئەوە. دیاردە بە تەواوی [ڕەهایانە]ئاماژە بۆ بوونی خۆی دەکات. پێویستە بەمشێوەیە باسبکرێت و لەبوونی بکۆڵرێتەوە. دووەلیستی نێوان هێزەکی و کردەکیش بە هەمان شێوە هەڵدەوەشێتەوە. کردەوە هەموو شتێکە. هیچ هێزێک یان چاکەیەکی[شاراوە] لەودیو کردەوەوە نییە. ئێمە، بۆنموونە، ناڵێین پرۆست خاوەنی هێزێکی بلیمەتانە بوو بۆیە توانی بنوسێت. بلیمەتی پرۆست، نە لە بەرهەماکانیدایە و نە لە تەوانای نوسینیدا. ئەم دوو لایەنە لە یەکدی جیاناکرێنەوە. بلیمەتی لە کۆی بەرهەمە کاندایە، کە ئەو تاکە دایاندەهێنێت. لەبەرئەمە دووەلیستی نێوان دیاردە و ناوەڕۆک ڕەت دەدەینەوە. دیاردە ناوەڕۆک داناپۆشێت، بەڵکو دەریدەخات و خۆی ناوەڕۆکە. ناوەڕۆک لە هەبوویەکدا شاراوە و نادیار نییە. یاسایەکی بەرجەستەبووی زنجیرەیەک دیاردەیە. بە بۆچوونی نۆمینەڵزمی 'پۆینکێر' ڕاستەقینەی فیزیکی بەسەرجەمی شەپۆلە کارەباییەکان دادەنرێت. 'دوهێم' لە دژوەستانەکەیدا بەرانبەر بیردۆزەکەی خۆی دروست بۆ کێشەکە چووە و ئەو ڕاستەقینەیە بەتێهەڵکێشکردنێکی یەکگرتووی هەموو وزە بەرجەستەبووەکان دەبینێت. ئاشکرایە، فینۆمینۆلۆجی نۆمینەلیزم نییە. بەڵام ناوەڕۆک، بەدڵنیاییەوە، وەکو بنەڕەتی زنجیرەی دیاردەکان لێی جیانابێتەوە و خودی دیاردەکانە. ئەمەش ناسینی ناوەڕۆک(بۆ نموونە دیاردەکانی هوسرڵ)

مسۆگەر دەکات. بوون خۆی دەردەخات؛ ناوەڕۆکی خۆی بەرجەستە دەکات. ئەو بێجگە لە زنجیرەی دیاردە و خۆ دەرخستنەکانی چی دیکە نییە. (3)

ئایا بە گەڕانەوەی بوون بۆ دیاردەکانی توانیومانە بە سەر دووەلیزمدا سەرکەوین؟ یان ئێمە ئەم دووەلیزمەمان لابردووە و شێوازێکی دیکەی دووەلیزممان هێناوەتە کایەوە؛ ئەویش دووەلیزمی نێوان بڕاوە و نەبڕاوەیە؟ بوون زنجیرەیەک دیاردەی بڕاوە نییە چونکە هەر یەکێک لەو دیاردە بڕاوانە پەیوەندییان بە (بابەت)ێکەوە هەیە، کە بەردەوام لەگۆڕاندایە. هەرچەندە، لەوانەیە بابەتێک لە ڕوویەکەوە خۆی دەربخات بەڵام یەکێک لە خەسڵەتە بنەڕەتیەکانی بابەت فرەلایەنی بۆچوون و هەڵسەنگاندنی ئەو ڕووەی بابەتەکەیە. ئەمەش دەبێتە هۆکاری زۆرکردنی نەبڕانەوەی ڕووەکانی بابەتەکە. ئەگەر زنجیرەی دیاردەکانیش بڕاوەبن ئەوا ئەو دیاردانەی یەکەمجار دەردەکەون لەوانەیە جارێکی دیکە سەرهەڵنەدەنەوە. ئەمەش لەخۆیدا بۆچوونێکی نالەبارترە یان هەموویان پێکەوە یەکجار سەرهەڵدەدەن. هێشتا ئەمەش هەر نالەبارە. با واتێبگەین، کە بیردۆزەکەمان لەسەر دیاردەکان بیرۆکەی ڕاستەقینەی دیاردەکانی لابردووە و لە جێگەی ئەودا بیرۆکەی بابەتگەری دیاردەکانی هێناوەتە کایەوە و دیاردەکانیشی بە نەبڕاوە داناوە. ڕاستەقینەی پەرداخێک لەوەدایە،کە پەرداخەکە [دیاردەیەکە] لەوێدایە، هەروەها ئەو پەرداخەش (من) نییە. لە ڕاڤەکردنی ئەمەدا ڕووندەبێتەوە، کە زنجیرەی خۆدەرخستنەکانی پەرداخەکە پشت بە بوونی من نابەستێت. بەڵام خودی دیاردەی پەرداخەکە، بێ گەڕانەوەی بۆ زنجیرەی دیاردەکانی، سەر بەهەستکردن و (خۆ)یەو پەیوەندی بە کارتێکردن بە (خۆ)وە هەیە. ئەگەر دیاردەیەک وەکو شتێکی بەرز خۆی دەرخات، پێویستە خۆیە هەستیارەکەش خۆی بەو بەرزییە بگەیەنێت و زنجیرەی هەموو دیاردەکانی بناسێت. ڕەنگێکی سور بەڕێگەی ئینتیباعی سور دەدۆزێتەوە. (4) مەبەست لەسەربنەڕەتی زنجیرەکەیە، یان شەپۆلە کارەباییەکان لەسەر ئەلەکترۆلیسس ڕاوەستاون. ئەگەر لایەنە بەرزەکە بە هۆکارێکی پێویست دابنرێت و هەمیشە بەرز بێت، لەو دیو دیاردەکەوە بێت لە ئاکامدا بابەتەکە لەسەر ئەو بنەڕەتە زنجیرەی دیاردەکانی دادەمەزرێنێت، زنجیرەکەش بە نەبڕاوە دەردەکەوێت. کەوابوو، دیاردەی بڕاوە بە شێوەی بڕاوە خۆی دەردەخات. بەڵام مادامەکی دیاردە بە دیاردەی ئەو شتە دادەنێین، کە خۆی دەردەخات، ئەوا دەبێت لە سەر ئەو دیاردەیەوە زنجیرەیەکی نەبڕاوەی دیاردەکانیش هەبێت.

ئەم بۆچوونە نوێیە دژوەستانی نێوان بڕاوە و نەبڕاوە یان باشتر وایە بڵێین (نەبڕانەوەی دیاردە بڕاوەکان) لادەبات و لە جێگەی ئەو دوو لایەنی نێوان بوون و دیاردە دادەمەزرێت.



لێرەدا 'یەک لایەنی' بابەتەکە دەردەکەوێت، کە لە دەرەوەیدایە. هەمانکات هەموویان لەنێو یەکدان و ئەو لایەنە دیاردەی بابەتەکەیە. بابەتەکەش بونیادی دیاردەکەو بنەڕتی زنجیرەی خۆدەرخستنەکانە. هەموویان پێکەوە لە دەرەوەن چونکە خودی زنجیرەکە دیاردە نییە.

لێرەدا دەرەوە دەبێت بە دژوەستاوێکی نوێ بۆ ناوەوە و ئەو بوونەش، کە دیاردە نییە بۆ دیاردە. لایەنێکی هێزەکیش بۆ نێو دیاردە دەگەڕێتەوە و ژوور دیاردەکە دەکەوێت و لەنێو زنجیرەکەی دیاردەکاندا گەشەدەکات. بلیمەتی پرۆست، ئەگەر تەنیا لە نوسراوەکاندا بێت، لە بۆچوونە ژمارە بەدەرەکانی خوێنەر کەمتر نییە، کە ماندوونەبوونی پرۆستی تێدا دەردەکەوێت. بەڵام، ئایا ئەم ماندوونەبوونە، کە ئاماژە بۆ لایەنی بەرز و نەبڕاوە دەکات، بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە جۆرێک لە جادو نییە؟ ناوەڕۆک لە ئاکامدا لە تاک دەسەنرێت و دەبێت بە زنجیرەی نەبڕاوەی خۆدەرخستنەکان. ئایا ئەم کارە لە سود یان زیانی ئێمەدایە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەمان بەم زووانە دەستدەکەوێت. ئێستا ئەو خاڵە دەخەمە ڕوو، کە بەگوێرەی "بیردۆزەی دیاردە" دیاردە بۆ نۆمینەی کانت ناگەڕێتەوە. (5) مادامەکی هیچ شتێک لەو دیو دیاردەکانەوە نییە و دیاردەکان ئاماژە بۆ خۆیان دەکەن، ئەوا بوونیان لە سەر هیچ شتێکی دیکە ڕانەوەستاوە. ئەگەر ناوەڕۆکی دیاردە خۆدەرخستن بێت، کە بەرانبەر هیچ بوونێک دژانە ڕاناوەستێت، ئەوا گرفتی بوونی دیاردەکان خۆی دەسەپێنێت. ئەم گرفتەش لە هەموو گرفتەکانی دیکە لە پێشترەو لە توێژینەوەکەماندا لەسەر بوون و نەبوون هەنگاوی یەکەمی گەشتەکەمانە. .

## 2. دیاردەی بوون و بوونی دیاردە

دیاردە لە سەر بوونێکی جیاوازتر لە خۆی ڕاوەستاوە؛ ئەو بوونی خۆی هەیە. یەکەم بوون لە توێژینەوەکەماندا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین بوونی دیاردەیە. ئایا ئەم بوونە دیاردەیە؟ لەسەرەتاوە بەمشێوەیە دەردەکەوێت. دیاردە ئەوەیە کە خۆی دەرخستوە و بوونیش لەبەر ئەوەی دەتوانین بیناسین و باسی بکەین بە یەکێک لە شێوەکانی خۆی دەرخستوە. کەوابوو، دەبێت دەیاردەی بوون باسبکرێت. بوونیش بە یەکێک لە شێوەکانی ڕاستەوخۆ بە ڕێگەی بێزاربوون یان قێزکردنەوە و هتد خۆی دەردەخات. ئۆنتۆلۆجی لێکۆڵینەوەیە لە سەر دیاردەی ئەو بوونە. بە هەرحاڵ لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی ئۆنتۆلۆجیدا پرسیارێک هەیە، کە خۆی

دەسەپێنێت: ئایا دیاردەی بوون و بوونی دیاردە وەکو یەکن؟ ئایا ئەو بوونەی خۆی بۆ من دەردەخات و دەبێت بە دیاردە هەمان سروشتی بوونەکەی هەیە، کە خۆی دەرخستوە؟ دەردەکەوێت وەڵامەکە سەخت نەبێت. هوسرڵ[بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە] پەنای بۆ داماڵینی بیرۆکەیی بردوە؛ لەوێوە لە دیاردەکەوە خۆی گەیاندۆتە ناوەڕۆکی دیاردەکە. بۆ هایدیگەر "ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی" ئۆنتیک-ئۆنتۆلۆجییانەیە؛ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە[مرۆڤ دەتوانێت] لەو دیو دیاردەکانەوە بوون بناسێت. بەڵام گەیشتن بە ناوەڕۆک لە ڕێگەی بابەتێکی هەندەکییەوە تێپەڕبوونە لە هاوجۆرێکەوە بۆ هاوجۆرێکی دیکە. ئایا تێپەڕبوونیش لە بوونەوە بۆ دیاردەی بوون هەمان جۆرە؟ ئایا ئەم تێپەڕبوونە دەمانگەیەنێتە بوونی دیاردەکە؟ جیاکردنەوەی خەسڵەتەکانی بابەتێکی هەندەکی کارێکی گران نییە. ئێمە دەتوانین بابەتێک بۆ ڕەنگ و بۆن و هتد بگەڕێنینەوە. لێرەوە، وەکو چۆن واتاکەی دەدۆزینەوە بە ناوەڕۆکیشی دەگەین و سەرجەمی (ناوەڕۆکەکەی) دەبێت بە کۆ یان هەمووی بابەتەکە. ناوەڕۆک لەنێو بابەتەکەدا نییە؛ واتای بابەتەکەیە و بنەڕەتی زنجیرەی خۆ دەرخستنەکانێتی. بوون، بە پێچەوانەوە، یەکێک لە خەسڵەتەکانی بابەت و واتاکەشی نییە. بابەت ئاماژە بۆ بوون ناکات؛ مەحاڵە، بۆ نموونە بوون بە ئامادەبوون پێناسبکەین، چونکە ئامادەنەبوونیش بوون دەردەخات. بابەت خاوەنی بوون نییە هەبووی ئەویش بەشداریکردن لە بوون و پەیوەندی نییە. بابەت نە بوون دەشارێتەوە نە دەریدەخات. ناتوانین خەسڵەتەکانی بابەتێک لابەرین تاکو بە بوونی بگەین چونکە بوون بە بێ جیاوازی بوونی هەموو خەسڵەتەکانیشە. هەروەها، بێهودەشە یەکێک بۆ ناسینی بوون بابەتێک بخاتە بەردەمی و لێیبکۆڵێتەوە. بوون دیاردەیە؛ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خۆی وەکو سەرجەمی خەسڵەتەکان نیشاندەدات. دیاردە خۆی، نەک بوون دادەمەزرێنێت. بوونیش مەرجە بۆ هەموو خۆدەرخستنەکانی. بوون بوونە بۆ خۆدەرخستن، نەک خۆدەرخستنی بوون. کەوابوو، مەبەستی هایدیگەر لە تێپەڕبوون بەرەو ئۆنتۆلۆجی چییە؟ بە دڵنیاییەوە دەتوانم ئەم مێزە یان کورسییە تێپەڕبکەم، پرسیار لە بارەی بوونیانەوە بکەم. بەڵام لە کاتی پرسیار کردنەکەدا چاو لەسەر مێزەکە لادەبەم و بیر لە دیاردەی بوون دەکەمەوە، کە مەرج نییە بۆ سەرجەمی دەرخستنەکان خۆی بەرجەستە بکات. دەبێت بە دیاردەیەک، کە ئەویش پێویستی بە بوونێک دەبێت خۆی لە سەری ڕاگرێت و لەوێوە خۆی دەربخات. ئەگەر بوونی دیاردە دیاردەی بوون نەبێت، ئێمەش بە بێ ناسینی دیاردەی بوون نەتوانین باسی بوون بکەین ئەوا پێویستە پەیوەندی نێوان بوونی دیاردە و دیاردەی بوون



بدۆزینەوە. ئەمەش لەوێدا چاکتر دەگونجێت ئەگەر بڵێین، ڕوونکردنەوەکانی پێشو، لە بەرڕۆشنایی ئەزموونی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ دیاردەی بووندا سەریان هەڵدا. لەوێدا، کە بوونمان بە مەرج بۆ بەرجەستەبوون دانەناو وەکو دیاردە بینیمان، دەتوانین لە ڕێگەی چەمکەکانەوە باسیبکەین. هەروەها دەبێت بزانین، کە زانین بە تەنیا بوونمان پێناناسێنێت؛ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بوونی دیاردە نابێت بە دیاردەی بوون. بوونی دیاردە ئۆنتۆلۆجیانەیە. لەم ڕووەوە ئێمە بەرەو بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی کەشیش ئەنسلم و دێکارت دەڕۆین. دیاردەی بوون پێویستی بە پێشگر هەیە. مەبەستمان لەوە نییە بوون خۆی لە پشتی دیاردەکانەوە شاردبێتەوە (باسمانکرد دیاردە بوون ناشارێتەوە) یان دیاردە ئاماژە بۆ بوونێکی دوور دەکات.

## 3. کۆجیتۆی پێش تێڕامان و هەستکردن

هەڵبەتە **کەسێک** دەتوانێت ئەو پرسیارەمان ئاڕاستە بکات و بڵێت؛ ئەو گرفتانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن پەیوەندییان بە چەمکێکی دیاریکراوی بوونەوە و جۆرێک ئۆنتۆلۆجی ڕیالیزمانەوە هەیە، کە لەگەڵ چەمکی دیاردەدا هاوتەراز دانانرێت. لەڕاستیدا ئەوەی بوونی دیاردە دەردەخات خۆدەرخستنەکەیە. مادامەکی ڕاستەقینەمان بۆ فینۆمینە گەڕاندۆتەوە دەتوانین بڵێین فینۆمینە ئەو شتەیە خۆی دەردەخات. (6)

بۆچی بە کورتی نەڵێین بوونی دیاردە خۆدەرخستنەکەیەتی؟ ئەمەش دەربڕینی گوتە کۆنەکەی بارکلی یە "ئەوەی هەیە هەستپێکراوە" و لە کاڵاو بەرگی چەند زاراویەکی نوێدا نیشانمانداوە. هوسرڵ و شوێنکەوتوەکانیشی هەمانشتیان کردووە.

پاش داماڵینی فینۆمینۆلۆجیانە گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی، کە نۆمینە ڕاستەقینە نییە و ئەوەی هەیە ئەو شتەیە لە هەستکردندا دەردەکەوێت. بەڵام دەردەکەوێت گوتەکەی بارکلی ئێمە ڕازی نەکات، چونکە هەموو بیردۆزەیەکی زانین ئاماژە بۆ جۆرێک سیستەمی مێتافیزیک لە پێش خۆیەوە دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئایدیالیزمێک[بۆ نموونە] لەگەڵ داماڵینی بوون بۆ زانین پێویستی بە زەمینەیەک هەیە ئەو زانینەی لە سەر ڕاوەستابێت. ئەگەر یەکێک بە دوای ئەو زەمینەدا نەگەڕێت، هاوکات جەخت لە سەر ئەوەش بکات ئەوەی هەیە هەستپێکراوە، ئەوا بناخەی سەرجەمی هەستکردنە هەستکراوەکان لەق دەبێت و بەرەو نەبوون دەڕوات. زانین بە خودی زانین ناپێورێت؛ ناخرێتە بەر ئەزموونی هەستکردنەوە. کەوابوو، بناخەی بوونی هەستکردن هەستکەرەکە نییە. دەبێت پێشگری فینۆمینەی هە بێت. لێرەدا

بۆ خاڵی سەرەتامان دەگەڕێینەوە و دەتوانین ڕێکەوین، کە هەستکەر ئەو بوونەیە یاساکانی دیاردەی بە سەردا ناسەپێنرێت. هەمانکات بوونی پێشگرە بۆ خۆی. هەروەها هەستکەر ئاماژە بۆ بوونە هەستکراوەکان دەکات، زانراویش بۆ زانین و زانینیش بۆ ئەو بوونەی تەوانای زانینی هەیە؛ ئەمەش زانین بۆ ئاگامەندی دەگەڕێنێتەوە. هوسرڵ گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەگەر (نۆیمە) بوونێکی ڕاستەقینەی نەبێت، نکۆڵی لەپەیوەندییەکەی بە (نۆیەسس) بکرێت، یاساکانی بوونی لە هەستکردندابن، تەنیا (نۆیەسس) وەکو ڕاستەقینە بەرجەستە دەبێت. بەڵام یاسای بوونی ئاگامەندی لەوەدایە، کە ئەو بوونە بە ئاگا بێت. ئاگامەندی شێوازێکی تایبەتی جۆرێک لە زانین نیە واتایەکی ناوەکی هەبێت یان تەنیا بە خۆ-ئاگایی ناوزەدبکرێت. ڕەهەندێکی پێشگرانەی فینۆمینەی لە بوونی (خۆ)دا هەیە. (7) یاسای بوون لە هەستیاردا ئەوەیە، کە ئەو بوونە ئاگامەندە. با زۆرتر لەم ڕەهەندەی بوون وردببینەوە. ئێمە گوتمان ئاگامەندی بوونێکی هەستیارانەی هەیە، تەوانای زانینی هەیە یان تەوانای هەیە بزانێت، نەک بزانرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بۆ سەلماندنی بوونی زانین پێویستە، واز لە پێشخستنی زانین بهێنین. بێگومان، ئاگامەندی دەتوانێت خۆی بناسێت بەڵام ئەم زانینە لە بارەی خۆیەوە جیاوازە. بەوشێوەیەی هوسرڵ ڕوونیکردۆتەوە، هەموو ئاگامەندییەک ئاگاییە لە شتێکەوە. هیچ ئاگامەندییەک نییە ڕوو لە بابەتێک نەکات و ناوەڕۆکێکی نەبێت. هەموو شتێکی بێ لایەن و لە پەیوەندی بەدەرەی ناوەوە و دەرەوەی ئاگامەندی ڕەتدەدەینەوە. مێز لە نێو ئاگامەندیدا نییە. ئەو بیرۆکەیەش نییە نوێنەرایەتی دەکات، بەڵکو شتێکە لە نێو شوێن و کاتدایە و نزیک پەنجەرەکە دانـراوە. بوونی مێزەکە بۆ ئاگامەندی بنکەیەکی تەماوی و نادیارە، کە پێویستی بە گەڕان و دۆزینەوەیەکی نەبڕاوە هەیە تاکو[ئاگامەندی] بە ناوەڕۆکەکەی بگات. ئامادەکردنی ئەم بوونە تەماوی و نادیارە لە بەردەم ئاگامەندییدا پرۆسەیەکی نەبڕاوە و بەردەوامە. هەنگاوی یەکەم لە کاری فەلسەفەدا دەرکردنی بابەتەکانە لە نێو ئاگامەندییدا و بەستنەوەی ڕاستەقینەی ئاگامەندییە بە جیهانەوە. هەموو ئاگابوونێک ئامادەبوونە لە بەردەم بابەتێکی بەرز و دەرەکییدا و لە پێناوی گەیشتن بەو بابەتەیە. بۆ ئەو مەبەستەش ئاگامەندی خۆی ماندوو دەکات. ئەم هەڵوێستەی ئاگامەندی ویستدارانەیە، ڕوو لە دەرەوە بەرەو مێزەکە دەکات؛ هەموو ئەو دەستەواژانەی دروستیان دەکات، هەڵسوکەوت و خۆئامادەکردنەکانی بەرەو دەرەوە یان بەرزتر لەخۆیان دەڕوانن ڕوو لە مێزەکە دەکەن و لە ناویا دەتوێنەوە. هەموو ئاگابوونێکیش زانین نییە بەڵام هەموو زانینێکی ئاگامەندانە زانینە لە بارەی



بابەتەکەوە. بەهەرحاڵ، بارودۆخی پێویست و تەواو ئاگابوون لە بارەی بابەتەکەیەوە بە زانین دەگیەنێت ئەوەیە، کە خۆی بەو زانینە دابنێت. ئەمە پێویستە، چونکە ئەگەر ئاگامەندی من ئاگابوون لەوە نەبێت، کە من ئاگام لە مێزەکەیە، ئەوا دەبێت بە ئاگابوون لە مێزەکە بە بێ ئەوەی من ئاگام لە خۆم بێت. بە کورتیەکەی ئاگابوونێکی بێئاگایە لە خۆ، کە ئەمەش شتێکی لە واتا بەدەرە. ئەمە بارودۆخی تەواوە بۆ زانین چونکە خۆ- ئاگایی من لەوەی، کە ئاگام لە مێزەکە بەسە بۆ ئەوەی ئاگام لە مێزەکە بێت. بێگومان ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی من بەو ڕادەیەی بڕیار لە سەر خودی بوونی مێزەکە بدەم. تەنیا ئەوەندە دەزانم، کە مێزەکە لە بەردەممدایە. ئاگایی لە ئاگامەندی چییە؟ پشت بەستن بە پێشخستنی زانین بەو هەڵەیەمان دەگەیەنێت، وەکو سپینۆزا، ئاگایی لە ئاگامەندی بە بیرۆکەی بیرۆکە یان زانینی زانین دابنێین. 'ئالەین' ئەم کێشەیەی بەمجۆرە باسکردوە "زانین ئەوەیە بزانیت تۆ دەزانیت." لێرەدا توانیومانە پێناسەی تێڕامان، ئاگایی لە ئاگامەندی یان باشتروایە بڵێین زانینی ئاگاماندی بکەین. ئەمەش ئاگابوونێکی تەواوە لە شتێک، کە ئەو شتە ئاگامەندی نییە؛ یان ئاگاییە لە ئاگامەندی، وەکو بابەتی تێڕامان. بە هەمان شێوە، چۆن ئاگامەندی بۆ ناسینی جیهان ڕوو لە دەرەوە دەکات، بۆ ناسینی ئەم بابەتەش دەبێت لە خۆیەوە دەرچێت. بەڵام ئەو بابەتەی دەیەوێت بیناسێت و بیگاتێ خۆیەتی. دەردەکەوێت ئەم ڕاڤەکردنەمان لاپەسەند نەبێت. بە گەڕانەوەی ئاگامەندی بۆ زانین کێشەی دووەلیستی نێوان خۆ و بابەتمان لادروست دەبێت. هەروەها، لەگەڵ دامەزراندنی دوو لایەنی زانەر- زانراو دا پێویستی زاراوەیەکی دیکەش سەرهەڵدەدات و لەم دووڕیانەیەدا گیردەخۆین: دەبێت لەگەڵ یەکێک لەم زاراوانەدا زانراو، زانەر، زانەری زانەر بە زانراو هتد.. ڕاوەستین و لەوەزۆرتر نەڕۆین. سەرجەمی فینۆمینەکە بە نەزانراوی دەمێنێتەوە و لەبەردەم تێڕامانێکدا دەوەستین، کە خۆ-ئاگا نییە یان دەبێت ڕانەوەستین و زنجیرەکەی (بیرۆکە و بیرۆکەی بیرۆکە و بیرۆکەی بیرۆکەی بیرۆکە) بەردەوام بڕوات. ئەمەش لە واتا بەدەرە. کەوابوو، بۆ پێویستییەکانی دامەزراندنی بناخەی ئۆنتۆلۆجیانە بۆ ئاگامەندی پێویستییەکی دیکە زیاد دەکەین: ئەویش دامەزراندنی ئەپستمۆلۆجییانەیە. ئایا پێویستە یاسای دوولایەنی بۆ ئاگامەندی دابنێین؟ ئاگایی لە خۆ دوولایەنی نییە. ئەگەر بمانەوێت لە زنجیرە نەبڕاوەکانیش دووربکەوینەوە دەبێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و نا-ئەپستمۆلۆجییانەی (خۆ) لەگەڵ خودی خۆدا هەڵبەستین. ئاگامەندی خۆی دەخاتە بەر تێڕامانەکەی خۆی و دەبێتە بابەت بۆ خۆی. لێرەدا دەتوانم حوکم بە سەر ئەو ئاگامەندییەدا بدەم، کە بووە بە بابەتی

تێڕامانەکەم. دەڵێم؛ من شەرم لە خۆم دەکەم، شانازی پێوە دەکەم، دەمەوێت یان نامەوێت و هتد. ئاگامەندی ڕاستەوخۆش، کە من لە هەستکردنەکەدا هەمە ڕێگەم نادات ئەم حوکمانە بدەم. هەستکردنەکەم ناناسێت و ئاڕاستەی دەرەوەی ناکات. بە کورتییەکەی، هەموو ئاگاییەک لە بابەتێکی دەرەکییەوە هەمانکات خود-ئاگاییە. ئەگەر جگەرەکانی نێو پاکەتەکە بژمێرم ئەوا من خەسڵەتێکی دەرەکی ئەو جگەرانەم دەرخستوە: ژمارەیان دوانزەیە. ئەم خەسڵەتە لە دەرەوەی ئاگامەندی مندایە و لە نێو جیهانە. دەگونجێت من ئاگام لە ژماردن نەبێت. منداڵ، کە دەتوانێت دوو ژمارە بخاتە سەر یەکدی لەوانەیە نەتوانێت بۆمان باسبکات چۆن بەو ئاکامە گەیشتوە. تاقیکردنەوەکەی 'پیاجێت' و هاوکێشەکەی 'ئەلەین' زانین ئەوەیە، بزانیت تۆ دەزانیت" ڕەتدەداتەوە. هەمانکات، کە ژمارەی جگەرەکان بۆ من دەردەکەوێت بیر لە کۆکردنەوەیان ناکەمەوە. ئەگەر لێم بپرسن "تۆ چی دەکەیت؟" لە وەڵامدا دەڵێم، "دەیان ژمێرم." ئەم وەڵامە تەنیا ئاوەڕ لەو ئاگاییە خێرا تێپەڕیوە ناداتەوە، کە من لە تێڕامانەکەمدا هەمە.

ئەو جۆرە ئاگاییانەش  دەگرێتەوە، کە خێرا بە بێ ئەوەی تێیان بڕوانم تێدەپەڕن. تێڕامان پێش ئەو ئاگامەندییە ناکەوێت، کە تێی دەڕوانێت. ئەوەی ئەو ئاگامەندییە دەردەخات تێڕامانەکە نییە. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەی تێڕامان دەهێنێتەکایەوە ئاگامەندییە، کە لە تێڕامان بەدەرە؛ کۆجیتۆی پێش تێڕامانە، کە دەبێت بە مەرج بۆ سەرهەڵدانی کۆجیتۆی دێکارتی.(8)  ئەمەش وەکو ئەوە وایە بڵێین بۆ ئەوەی بتوانیت شتەکان بژمێریت پێویستە ئاگایی ژماردنت هەبێت. دەشێت هەندێک ئەمە بە سوڕانەوەیەکی بازنەیی دابنێن. ئایا پێویست ناکات من بۆ ئەوەی ئاگایی ژماردنم هەبێت، شتەکان بژمێرم؟ ئەمە ڕاستە. بەڵام ئەمە سوڕانەوەی بازنەیی نییە و ئاگامەندیش بۆ ئەوەی هەبێت، بە شێوەیەکی بازنەی دەسوڕێتەوە. دەتوانین ئەم بۆچوونە بەمشێوەیە ڕوونبکەینەوە: هەموو بوونێکی ئاگامەند، ئاگاییە لە بوون. لێرەوە تێدەگەین بۆچی ئاگایی ئاگامەندی ڕوو لە دەر نییە؛ چونکە ئەو ئاگاییەو ئاگاماندی یەک شتن. ئەو لەهەمانکاتدا خۆی وەکو ئاگامەندی و بابەتی ئاگاییەکەشی دەبینێت. پێویستی زمانەوانی زۆری لێکردوین باسی ئەو جۆرە ئاگامەندییە بکەین، کە بۆ ناسینی بابەتەکەی ڕوو لەدەر نییە. لە بەر ئەم پێویستیەشە لەگەڵ بەکارهێنانی " ئاگایی لە خۆ"، وشەی "لە" دەخەینە کەوانەوە. ئاگایی لە خۆ (یان خۆ-ئاگایی) شتێکی نوێ نییە. شێوازێکی بوونی ئاگامەندانەیە لە ئاستی هەبوویەکدا. وەکو چۆن بابەتێکی دەرەکی سێ ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندەکانی ئاگایی لە خۆ مەبەست



و چێژ و خەمخۆرییە، کە ڕاستەوخۆ بەم ئاگاییەوە بەستراون. ئەگەر مەبەست لە نێو ئاگامەندییدا نەبێت، ئەوا بوونی مەبەست دەبێت بە خودی ئاگامەندی. با واتێنەگەین، کە هۆکارێکی دەرەکی (وەکو گرفتێکی ئۆرگانیکی، هاندەرێکی شاراوە یان ئەزموونێکی ژیان) ئەو ڕووداوە دەروونییەی، وەکو چێژ دروستدەکات و دەبێتە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی ئاگایی لە خۆوە.

ئەگەر وا بێت ئەوا خەسڵەتی ئاگایی لە خۆ بۆ هەستکردنمان بە مێزەکە زیاد دەکەین و دەکەوینەوە نێو وەهمی پێشخستنی زانین. هەروەها، دانانی ڕووداوێکی دەروونی بە شت، وەکو چۆن کاغەزێک بە سور دادەنێین، ئەویش بە ئاگایی دابنێن چێژ، لۆجیکانەش لە ئاگایی چێژەوە جیا ناکرێتەوە.  ئاگایی لە چێژ پێکهاتەی چێژە، شێوازی بوونەکەیەتی، وەکو جەستەی نەک فۆرم بۆ شتێک. چێژ پێش هەستکردن بە چێژ یان ئاگایی لە چێژەوە پەیدا نابێت. تەنانەت، وەکو لایەنێکی هێزەکیش پێش ئاگاییەکە نادۆزرێتەوە. چێژێکی هێزەکی دەتوانێت، وەکو ئاگایی لە بوونی هێزەکی چێژەکە هەبێت. لایەنە هێزەکییەکانی ئاگامەندی، وەکو ئاگایی لەو لایەنە هێزەکییانەدا هەن.

بە پێجەوانەشەوە، بەو شێوەیەی لە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، پێویستە خۆمان لە پێناسەکردنی چێژدا بەو ئاگاییەی لە بارەیەوە هەمانە دووربخەینەوە. ئەگەر ئەم کارە نەکەین بۆ ئایدیالیزم و پێشخستنی زانین دەگەڕێینەوە. پێویست ناکات چێژ لەو دیو خۆ-ئاگاییەکەیەوە بشارینەوە؛ چێژ نوێنەری بابەتێکی دەرەکی نییە، ڕووداوێکی کۆنکریتییە و پڕو ڕەهایە. چێژ بوونی خۆ ئاگاییە و خۆئاگاییش یاسایەکە بۆ بوونی چێژ. ئەمەش هایدیگەر چاک بۆی چووە، کە دەنوسێت (با لە دازاین، نەک ئاگامەندی بدوێین.): "چۆنییەتی (ناوەڕۆکی) ئەم بوونە، ئەگەر بتوانین بە گشتی لە سەری بدوێین پێویستە وەکو بوونی تەماشابکرێت." واتە ئاگامەندی شتێکی ڕووتکراوە نییە، لە نێو بووندایە و خۆی ناوەڕۆکی دروستدەکات. ئەویش سەرجەمی پرۆژە گونجاوەکانییەتی. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت بوونی ئاگامەندی بەپێچەوانەی ئەو بوونەوەیە، کە لە بەڵگەی ئۆنتۆلۆجیدا دەسەلمێنرێت.

مادامەکی ئاگامەندی لە پێش بووندا نییە، بوونیشی سەرچاوەی هەموو پرۆژەکانە، ئەوا بوونی ناوەڕۆکێتی. هوسرڵ ئەمەی بە "پێویستی هۆکار" ناوزەدکردوە، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی چێژ بدۆزینەوە پێویستە ئاگایی لەو چێژەوە، وەکو هۆکارێکی پێویست هەبێت. یاسا لایەنێکی بەرزی زانینە؛ ئاگایی لە یاساوە هەیە، بەڵام یاسای ئاگایی نییە. لەبەرئەمە، مەحاڵە بێجگە لەخودی ئاگامەندی هاندەرێکی دیکە بۆ ئاگامەندی

ساخبکەینەوە. ئەگەر ئەمە نەکەین، لەم حاڵەتەدا جۆرێک لە ئاگایی دێتەکایەوە، کە ئاگای لە خۆی نابێت. تاکو ڕادەیەکیش ئاگای لە بوون نابێت. لێرەدا دەکەوینە نێو وەهمی ئەو بۆچوونەی باوەڕی بە نەبزێوی ئاگامەندی و نیوە – ئاگامەندی هەیە. بەڵام ئاگامەندی هەمیشە ئاگامەندییە، بێجگە لە خۆی هیچی دیکە سنورداری ناکات. نابێت سەربەستی ئاگامەندی بە پێکهاتە یان پێکهێنان دابنێین چونکە ئاگامەندی پێش بوونی خۆی ناکەوێت. تەنانەت ئەم سەربەستییەی، کە ئەوە دەگەیەنێت خۆی ئافەریدکردبێت کردەوە نییە چونکە ئاگامەندی خۆی بەکردەوە نابێت. ئاگامەندی بوونێکە سەربەخۆ، ئەمەش خەسڵەتێکی بنەڕەتی ئەم بوونەیە. بۆ دەرخستنی ئەم خەسڵەتە زاراوەی"هۆکارە بۆ خودی خۆی" بەکارنەهێنین، کە بە ئاکاممان ناگەیەنێت. لەم ڕووەوە باشترە بڵێین: بوونی ئاگامەندی لە ئاگامەندییەوە دەردەچێت. هەروەها ئەوەش دەگەیەنێت، کە ئاگامەندی لە نەبوونەوە دەرنەچووە. نەبوونی ئاگامەندی پێش ئاگامەندی نییە. پێش ئاگامەندی بوون هەیە، کە ئاماژە بۆ نەبوونی ئاگامەندی ناکات. ئەگەر نەبوونی ئاگامەندی هەبێت، پێویستە ئاگامەندییەکی لە پێشتر هەبووبێت، کە ئێستا نییە. ئاگامەندی ئێستاش بۆ ئەو ئاگامەندییە نەبوونە گەواهی بدات. ئاگامەندی پێش نەبوون دەکەوێت و لە بوونەوە دەرچووە. ڕازیبوون بەم ئاکامانە، بۆ هەندێک دژوارە. بەڵام ڕاستییەکەیان ئاشکرادەبێت ئەگەر وردتر لە نزیکەوە سەرنجیان بدرێتێ. پارادۆکسەکە لەگەڵ ئەو هەبووانەدا نییە، کە بوونی خۆیان دەخەنە گەر، بەڵکو لە وەدایە، کە جۆرێکی دیکەیان نییە. ئەوەی مەحاڵە بیریلێبکرێتەوە هەبوویەکی ناچالاکە؛ هەبوویەک ، کە هیچ هێزێکی نەبێت و بوونی خۆی بەردەوام بکات و بیپارێزێت. ئەوەی لە دەرەوەی بیرکردنەوەدایە یاسای نەبزێوییە. ئایا ئاگامەندی، ئەگەر لە شتێکەوە پەیدا نەبووبێت، چۆن هاتۆتە کایەوە؟ لەنێو بێ– ئاگایی یان فسیۆلۆجیەوە هاتووە؟ ئەگەر ئەو پرسیارەش بکەین ئایا ئەمانە لە کوێوە هاتون؟ لەوەڵامدا بە چەمکی بوونێکی نەبزێو دەگەین. لەوە زۆرتر نازانین چۆن ئەو بێ–ئاگاییە یان فزیۆلۆجییە پەیدابووە. ئەمەش بەڵگەی

چاکتر دەسەلمێنێت.(9)Contingentiamundi) لەگەڵ ڕەتدانەوەی ئەو بۆچوونەدا، کە زانین پێش دەخات، بوونی زانەرمان دۆزییەوە و بەرانبەر ئەو ڕەهایە ڕاوەستاین، کە بیریارە هۆشەکییەکانی سەدەی حەڤدەهەم بە بابەتی زانینیان ناوزەدکرد. بەڵام لەبەر ئەوەی پرسیارەکە سەبارەت ئەو ڕەهایە لە بارەی بوونیەوەیەتی نەک ناسینی، ئەوا ڕەخنەکەمان لەسەر ئەوە نییە، کە ئەو بوونە ڕەهایە بە ناسین ڕەهایەتی خۆی وندەکات و پەیوەندی خۆی لەگەڵ زانیندا دروستدەکات. لەڕاستیدا،



بوونی ئەم ڕەهایە لە سەر بوونیادێکی لۆجیکی ڕانەوەستاوە، پەیوەندی بە زانینەوە نییە، بەڵکو بەو خۆیەوە هەیە، کەخاوەنی ئەزموونە کۆنکرێتییەکانە. هەروەها لەبەر پەیوەندییەکەی بەئەزموونەکەوە ڕێژەیی نییە چونکە خۆی ئەزموونەکەیە. بە هەمان شێوە ڕەهایەکی لە ناوەڕۆک بەدەر نییە. هەڵەی ئۆنتۆلۆجی فێرگەی هۆشەکی دێکارت لەوەدا نییە ئەم ڕەهایە بە بوونێکی لە پێشتر لە ناوەڕۆک دانابێت، بەڵکو ئەو ڕەهایە ناوەڕۆک نییە. ئاگامەندی ناوەڕۆکی نییە، ئەوەی هەیەتی دیاردەیەکی ڕووتە. بوونیشی بە خۆدەرخستنەکەیەوە بەستراوە. ئاگامەندی دیاردەیە و بۆشاییەکی گەورەیە (چونکە هەموو جیهان لە دەرەوەی ئەودایە) لەبەر ئەوەی بوونی و دیاردەی بوونی یەک شتن و جیاوازییان نییە، ئاگامەندی ڕەهایە.

*ئەم نووسینە بەشێکی بچوکە لە کتێبی"بوونو نەبوون"ی سارتەر، کە د.محەمەد کەمال کردویەتیە کوردی، کتێبەکە زیاتر لە هەزار لاپەڕە دەبێت، بڕیارە لەئایندەیەکی نزیکدا لەدەزگای سەردەم چاپبکرێت. ئەم بەشەی نوسینەکەش لێرەدا بەرەزامەندی وەرگێڕی کتێبەکەو دەزگای سەردەم بڵاوکراوەتەوە.

**پەراوێزەکان**:

(1) زاراوەی (یەکانەگی)م بۆ مۆنیزم و (دیـاردە) بۆ فینۆمینە بەکارهێناوە. یەکانەگی بۆچوونێکی ئۆنتۆلۆجییانەیە، کە فرەلایەنی و زۆری دیاردەکان بۆ یەک بنەڕەت دەگەڕێنێتەوە. ئەمەش بە پێچەوانەی بۆچوونی دووەلیستانەیە، کە باوەڕی بە دوو بنەڕەتی جیاواز بۆ هەبووەکان هەیە. (وەرگێڕ)

(2) لێرەدا سارتەر ئاماژە بۆ بۆچوونە دووەلیستییەکەی کانت دەکـات، کە بوون و دیـاردەی بە نۆمینە و فینۆمینە داناوە. (نۆمینە) ڕاستی و بنەڕەتی نەناسراوی دیاردەکانە لەو دیو دەستەڵاتی زانینی مرۆڤەوە. بۆ ئەمەش بڕوانە:
Immanuel Kant. Critique of Pure Reason, translated by Norma Kemp Smith. London: Macmillan, 1963. A: 235, B: 294.

(3) نۆمینەڵیزم وشەیی لاتینییە، ئەو بۆچوونەیە، کە چەمکە هەمەکییەکان بەڕاست لـەدەرەوە یان لەنێو بیرکردنەوەدا دانانێت. هەرچەمکێی هەمکی (وەکو ئەسپ) (ناوە)،کە بۆ بابەتە هەندەکییەکانی ئەو جۆرە دانراوە.

(4) ڕەنگی سور، وەکو دیاردەیەکی سور لە بابەتێکی سوردا لە (ڕەنگی سور بە گشتی)یەوە وەرگیراوە. مەبەستی سارتەر لەم نموونەیەدا گەڕانەوە بۆ بۆچوونەکەی ئەفلاتون سەبارەت بوونی چەمکە هەمەکییەکان لەودیو هەندەکییەکانەوە نییە، چونکە سارتەر باوەڕی بە ناوەڕۆکی بەرز بۆ دیاردەکان نییە. ئەو دەیەوێت جیاوازی و لێکچونی (بۆ نموونە) گوڵێکی سور لە گەڵ سور بە گشتی ڕوونبکاتەوە. (وەرگێڕ)

(5) کانت لەو باوەڕەدایە لەودیو دیاردەکانەوە ڕاستەقینەیەکی شاراوە و نەناسراو هەیە، کە سەرچاوەی بوونی دیاردەکانە و بە نۆمینە ناوزەدی دەکات. (وەرگێڕ)

(6) زاراوەی (فینۆمینە) هەمان واتای (دیاردە)ی هەیە. بەڵام هەندێک جار، هایدیگەر و سارتەر بە دوو شتی جیاوازی دادەنێن. بۆ نموونە نەخۆشی فینۆمینەیە، کە بە چەند شێوەیەک خۆی دەردەخات، وەکو سەریەشە، بەرزبوونەوەی گەرمایی لەش یان ڕشانەوە. هەموو ئەم شێوانە دیاردەکانی ئەو فینۆمینەیەن (نەخۆشیەکە)، کە لە ڕێگەیانەوە خۆی دەردەخات. (وەرگێڕ)

(7) هوسرڵ بابەتی هەستپێکراو یان ئەو دیاردەیەی لە بەردەم ئاگامەندییدا خۆی قوتدەکاتەوە و فینۆمینۆلۆجییانە دەناسرێت ناو ناوە (نۆیمە) و چالاکی ئاگامەندیش لە ناسینی ئەو بابەتە دەرەکییەدا بە (نۆیەسس) ناوزەد کردوە. هاوکات هیچ لایەنێکی لەم دوانەی نەکردووە بە قوربانی لایەنەکەی دیکە. (وەرگێڕ)

(8) کۆجیتۆکەی دێکارت (من بیردەکەمەوە، کەوابوو من هەم) لە ئاکامی تێڕامانی ئاگامەندییەوە بۆ بوونی خۆ یان (خود) سەرهەڵدەدات. بەڵام سارتەر دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە خۆ یان ئاگامەندی پێش ئەم تێڕامانە جۆرێک لە ئاگایی لە بارەی خۆیەوە هەیە، کە پێویستی بە تێڕامان نییە. (وەرگێڕ)

(9) ئەمە بەڵگەیەکە بۆ بوونی ئافەریدکەر بە ڕێگەی هەبووەکانەوە. هەرچەندە ئەم بەڵگەیە بە بەڵگەی لایبنیز (1646-1716) دادەنرێت، بەڵام بنەڕەتی بیرۆکەکەی بۆ ئەریستۆ دەگەڕێتەوە. دەتوانین بە شێوازێکی بەڵگەی کۆسمۆلۆجی دابنێین. زاراوەکە لاتینییە و واتای هەڵکەوتووە دەبەخشێت. هەرشتێک هەڵکەوتوبێت پیویستی بە بوونێکی دیکەیە پشتگیری بکات. ئەمەش لەلای هەندێک بیریارە موسوڵمانەکانی، وەکو فارابی و ئبن سینا و ئەل جوەینی بووە بە بەڵگە بۆ سەلماندنی بوونی ئافەریدکەر. (وەرگێڕ)



***ئەم نووسینە بەشێکی بچوکە لە کتێبی "بوون و نەبوون"ی سارتەر، کە د.محەمەد کەمال کردویەتیە کوردی، کتێبەکە زیاتر لە هەزار لاپەڕە دەبێت، بڕیارە لەئایندەیەکی نزیکدا لەدەزگای سەردەم چاپبکرێت**

# فەلسەفە چییە؟

کارل یاسپەرس
لە ئەڵمانییەوە: کاوە جەلال

مرۆڤ کۆک نییە سەبارەت بەو پرسیارە کە داخۆ فەلسەفە چی بێت و چ بەهایەکی هەبێت. مرۆڤ لە فەلسەفە چاوەڕوانیی وەڵامی بەدەر لە ئەندازە دەکات یان بەبێ گرنگیپێدان وەک هزری بێبابەت ووەلاوەی دەنێت؛ مرۆڤ بە شەرمەوە وەک تەقەلای بەواتای کەسانی نائاسایی دەیبینێت یان بە بێڕێزی وەک بیرکردنەوەی زیادەڕۆی خەونبینان دایدەنێت؛ مرۆڤ فەلسەفە وەک شتێک دادەنێت کە گوایە مەسەلەی هەموو کەسێکە و لەبەر ئەم هۆیە داوا دەکات، کە فەلسەفە پێویستە ئاسان و شیاوی لێتێگەیشتن بێت، یان وەک هێندە ئاڵۆز دایدەنێت کە ئیتر گوایە خەریکبوون پێوەی دەبێت بە کارێکی بێواتا. ئێمە بەڕاستی دەتوانین لەوەوە کە ناوی فەلسەفەی لێدەنرێت، نموونەگەل بۆ نرخاندنی ئاوها دژبەر ببینین.

نالەبارترین شت بۆ کەسێک کە باوەڕی بە زانست هەیە، ئەوەیە کە فەلسەفە هیچ سەرەنجامێکی بەگشتی چواندووی نەخستۆتەوە، واتا شتێکی ئەوتۆی نەهێناوەتە ئاراوە کە مرۆڤ بتوانێت بیزانێت و بەمەش ببێت بە خاوەنی. کاتێک زانستەکان لە کایەکانی خۆیاندا مەئریفەی جەخت و بەگشتی ناسێنراویان بەدەستهێناوە، ئەوا فەلسەفە بە پێچەوانەوە سەرباری تەقەلای هەزاران ساڵ بەم ئەنجامانە نەگەیشتووە. بێگومان ناشێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە لە فەلسەفەدا هیچ تەباییەک سەبارەت بە ئۆبژێکتی تەواو زانراو نییە. ئاخر ئەو شتە کە بە زەروری لە لایەن هەموو یەکێکەوە دەناسێنرێت، بە خودی ئەم ناساندنە بووە بە مەئریفەیەکی زانستی و چیدی فەلسەفە نییە، بەڵکو تەنیا ڕوو دەکاتە کایەی تایبەتیی ئەو شتانە کە شیاوی زانینن.

هەروەها هزرینی فەلسەفەیی، بە پێچەوانەی زانستەکانەوە، کارەکتەری



پرۆسەیەکی پێشکەوتنی نییە. هیچ گومانی تێدا نییە کە ئێمە پێش پزیشکی گریکی هیپۆکراتێسمان داوەتەوە، بەڵام ئێمە زۆر کەم دەتوانین ببێژین کە زۆرتر لە پلاتۆن تێپەڕیوین. ئێمە تەنیا لەو کەرەسە زانستییەدا لە پێش پلاتۆنەوەین کە ئەو بەکاری دەهێنێت، بەڵام ڕەنگە لە خودی فەلسەفاندندا بەدەگمەن توانیبێتمان بە ئەو بگەینەوە.

ئەوە دەبێت بۆ سروشتی بابەتی فەلسەفە بگەڕێتەوە کە هیچ شێوەیەکی فەلسەفە، جیاواز لە زانستەکان، بەبێ دژبەری لە لایەن هەمووانەوە نەناسێنراوە. ئەو جۆرەی جەختی کە پێویستە مرۆڤ لە فەلسەفەدا پێیبگات، جیاوازە لە جەختیی زانستی، واتا هەمان جەختییەک نییە بۆ هەموو زەینێک، بەڵکو مسۆگەرکردنێکە کە سەرجەم کرۆکی مرۆڤەکە لە سەرگرتنیدا بەشدارە. کاتێک مەئریفە زانستییەکان ڕوو دەکەنە بابەتگەلی تایبەت بە خۆیان و زانینی ئەو بابەتانە بە هیچ شێوەیەک بۆ هەمووان زەروور نییە، ئەوا بە پێچەوانەوە مەسەلەکە لە فەلسەفەدا ڕوو دەکاتە سەرجەمێتیی بوون و ئەم بوونەش کێشەی مرۆڤە وەک مرۆڤ، یان مەسەلەکە ڕوو دەکاتە ڕاستی و ئەوجا کاتێک ڕاستی دیاردەدات، ئیتر قووڵتر لە هەر مەئریفەیەکی زانستی مرۆڤ دەهەنگوێت.

بێگومان فەلسەفەی گۆڕانپێدراو بەندە بە زانستەکانەوە. فەلسەفە لێرەدا زانستەکان لەنێو دۆخی پێشکەوتوویاندا وەک پێشمەرج دادەنێت، واتا لەنێو ئەو دۆخەدا کە ئەوان لە هەر سەردەمێکدا پێیگەیشتوون، بەڵام سەرباری ئەمە مەغزای فەلسەفە سەرچاوەیەکی دیکەی هەیە. پێش هەموو زانستەکان، کاتێک مرۆڤان بێدار دەبنەوە، فەلسەفە سەرهەڵدەدات.

با بە چەند دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش ئەم فەلسەفەیە کە بەدەر لە زانست هەیە، بهێنینە پێش چاومان:

**یەکەم:** لە مەسەلە فەلسەفەییەکاندا نزیکەی هەموو یەکێک خۆی وەک بەتوانا بۆ بڕیاردان دەبینێت. کاتێک مرۆڤ ئیئتراف بەو هەقیقەتە دەکات کە مەرجی تێگەیشتن لە زانستەکاندا بریتییە لە فێربوون و ڕاهێنانپێکردن و مێتۆد، ئەوا مرۆڤ پابەند بە فەلسەفەوە داوا دەکات کە خۆی بەبێ مەرج بەشداری بکات و دەتوانێت هەڵوێستی خۆی پیشان بدات. لێرەدا مرۆڤبوونی خۆ، قەدەری خۆ و ئەزموونی خۆ، پێشمەرجی کافین.

ئێمە دەبێت ئیئتراف بکەین بە داواکاری بۆ کراوەیی فەلسەفە بۆ هەموو یەکێک. ئاڵۆزترین ڕێگەکانی فەلسەفە کە پسپۆڕانی فەلسەفە دەیانگرنە بەر، تەنیا کاتێک

مەغزایەکیان دەبێت گەر بە ئاڕاستەی مرۆڤبوون بڕۆن، مرۆڤبوونیش بەڕێی چۆنێتیی جەختبوونییەوە لە بوون و خودی خۆی لەنێو بووندا دیاری دەکرێت.

**دووەم**: هزرینی فەلسەفەیی دەبێت هەردەم ڕەسەن بێت، هەموو یەکێک دەبێت خۆی ڕیالیزەی بکات.

پرسیاری منداڵان نیشانەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشە بۆ فەلسەفاندنی ڕەسەن لە لایەن خودی مرۆڤەوە. زۆر جار لە دەمی منداڵەوە ئەوە دەبیسترێت کە بەگوێرەی مەغزاکەی ڕاستەوخۆ دەچێتە نێو قووڵایی فەلسەفاندنەوە. بۆ ئەمە چەند نموونەیەک دەهێنمەوە:

منداڵێک سووڕدەمێنێت: "من هەمیشە هەوڵ دەدەم وای دابنێم کە من کەسێکی دیکەم و کەچی سەرەڕای ئەمە من هەمیشە هەر خۆمم". ئەم کوڕە ڕوو دەکاتە سەرچاوەیەکی سەرجەم جەختی — ئاگایی بوون لەنێو خودئاگاییدا. ئەو لە بەردەم مەتەڵی منبووندا ڕاماوە و دەیەوێت لەنێو خۆیەوە نەک لە شتێکی دیکەوە لێیتێبگات. ئەو کوڕە پرسیارکەرانە لە بەردەم ئەم سنوورەدا وەستاوە.

بۆ منداڵێکی دی چیرۆکی خولقاندن دەگێڕرێتەوە: خودا سەرەتا ئاسمان و زەمینی خولقاند ... بەڵام منداڵەکە کتوپڕ دەپرسێت: "ئەی پێش سەرەتا چی هەبوو؟" ئەم کوڕە ئەزموونی بێدوایەکێتیی پرسیارکردنی بەردەوامی کرد، ئەزموونی نەسرەوتنی زەین سەبارەت بەوە کە ناتوانێت بە وەڵامێکی دوایەمین بگات.

لەتەک منداڵێکی دیکەدا بەرەو ڕووی سەوزاییەکی دارستان پیاسە دەکرێت و منداڵەکە دەخوازێت ئەفسانەیەکی لەبارەی 'ئێلفەکان' (1) بۆ بگێڕرێتەوە کە شەوانە لەنێو دارستانەکەدا سەمای خۆیان دەکەن. بەڵام کیژەکە دەبێژێت: "جا خۆ ئەوانە نین". بەڵام ئێستا باسی ڕیالێتیگەلی جیاوازی بۆ دەکرێت، هەروەها ڕەچاوی بزووتنی خۆر دەکرێت، ئەو پرسیارەشی بۆ ڕوون دەکرێتەوە کە داخۆ خۆر ببزوێت یان زەوی بەدەوری خۆیدا بسووڕێتەوە، پاشان ئەو هۆکارانەشی بۆ ڕوون دەکرێتەوە کە پیشانی دەدەن، شێوەی زەوی گۆئاسایە و بە دەوری خۆیدا دەبزوێت. بەڵام کیژەکە پەیوەست بەمەشەوە دەبێژێت: "ئەمە هیچ ڕاست نییە"، ئەوجا پێی بە زەوییەکەدا دەکێشێت: "زەوی سرەوتووە، من تەنیا باوەڕ بەوە دەکەم کە بە چاو دەیبینم". بەڵام ئێستا وەڵامی دەدرێتەوە: "کەواتە تۆ باوەڕ بە خودای دلۆڤانیش ناکەیت، ئاخر تۆ ئەویش بە چاو نابینیت". کیژەکە وڕدەمێنێت و بە ئەوپەڕی بڕواوە دەبێژێت: "گەر ئەو نەبووایە، ئەوسا ئێمە لێرە نەدەبووین". هۆشسامیی لێرەبوون ئەم منداڵەی تەنیوە: لێرەبوون بەڕێی خودی خۆیەوە نییە. منداڵەکە هەروەها لە جیاوازیی پرسیارەکەش



تێگەیشت، واتا: داخۆ مەسەلەکە ڕوو بکاتە بابەتێک لەنێو جیهاندا یان ڕوو بکاتە بوون و لێرەبوونمان لەنێو سەرجەمدا.

کیژێکی دیکە دەڕوات بۆ سەردان و بەسەر پیلکانەیەکدا سەردەکەوێت، لە ڕەوتی ئەم سەرکەوتنەدا بۆی دەردەکەوێت کە هەموو شتێک بەردەوام دەگۆڕرێت، ڕادەبوورێت و بەسەردەچێت هەروەک هەرگیز نەبووبێت. ئەوجا کیژەکە دەبێژێت: "بەڵام خۆ دەبێت شتێکی چەسپ هەبێت ... کە ئیتر من ئێستا بۆم دەلوێت بەسەر پیلکانەکاندا بۆ لای پوورم سەربکەوم، دەبێت ئەمە لەنێو یادوەریمدا بپارێزم". لەنێو ڕابوردندا ڕامان و ڕاچەنین لە لەناوچوونی یونیڤێرساڵ بۆ ڕێگەچارەیەکی داماو دەگەڕێت.

کێ ئەم جۆرە حاڵەتانە کۆبکاتەوە، دەتوانێت فەلسەفەیەکی دەوڵەمەندی منداڵان بگێڕێتەوە. وا دیارە ئەو بەربێژییە کە گوایە منداڵان ئەمەیان لە دایک و باوکیان یان لە کەسێکی دیکە بیستووە، چواندنی بۆ ئیدێ جیددییەکان نییە. ئەو بەربێژییە کە وای بۆ دەچێت ئەم منداڵانە نافەلسەفێنن و پێدەچێت ئەم جۆرە دەربڕینانە بەڕێکەوت بن، ڕەچاوی هەقیقەتێک ناکات: منداڵان زۆر جار خاوەنی بلیمەتییەکن کە لە ڕەوتی پێگەیشتنی تەمەندا لەناودەچێت. لەوە دەچێت کە ئێمە لە ڕەوتی پێگەیشتندا بخزێینە نێو زیندانی کۆنڤەنسیۆن و بۆچوونەوە، نێو زیندانی حەشاردان و پرسیارلێنەکراوییەوە، لێرەشدا ئیتر ئازادییەکەی منداڵ دەدۆڕێنین. منداڵ لە دۆخی ژیانی خۆئافرێنەردا هێشتا کراوەیە، ئەو هەست دەکات و دەبینێت و دەپرسێت، بەڵام هێندە ناخایەنێت کە ئەم دۆخە لەناودەچێت. منداڵ ئەوە بەردەدات کە کتوپڕ لە ساتێکدا لە لای دەردەکەوێت، ئەوجا گەر درەنگتر کامڵە تۆمارکەرەکان بۆی بگێڕنەوە کە ئەو چیی گۆتووە و پرسیوە، ئەو دەچرسێت.

**سێیەم**: چۆن لای منـداڵان، بە هەمان شێوە فەلسەفاندنی ڕەسـەن لە لای دەروونەخۆشانیش دەردەکەوێت. هەندێک جار (بەدەگمەن) ئاوها دەنوێنێت هەر وەک کۆتەکانی داپۆشینی گشتی بترازێن و ڕاستیی ناخهەژێنەر بدوێت. لە سەرەتای هەندێک نەخۆشیی دەروونیدا دەربڕینی مێتافیزیکییانەی هەژێنەر دێنە گۆڕێ، کە بەبێ هیچ گومانێک ڕاگەیاندنەکەیان ناتوانێت لە فۆرم و زماندا بە واتایەکی ئۆبژێکتی بگات، بەڵام ئێمە سەرەڕای ئەمە دەتوانین هەندێک حاڵەت بەدەر بکەین، وەک بۆ نموونە لە لای هوێلدەرلین یان ڤان گۆخ. کێ ئەو دەربڕینانە ببیستێت، نەشیاوە لە لای هەستێک سەبارەت بەوە سەرهەڵنەدات کە لێرەدا ڕووپۆشێک هەڵدەدرێتەوە، کە ئێمە لەژێریدا بەزۆریی ژیانمان بەڕێوە دەبەین. هەندێک کەسی ساغ ئەزموونی ئەو واتا قووڵانە دەناسن کە لەکاتی بێداربوونەوەدا لە نووستن دەیکەن، بەڵام

پاشان لەکاتی بێداریی تەواودا سەرلەنوێ نامێنن و تەنیا هەستێکمان لە لا دەهێننە گۆڕێ، کە بەڕێیەوە وای بۆ دەچین کە گوایە توانای تێگەیشتنمان نییە لەو واتایانە.
لەم ڕستەیەدا مەغزایەکی قووڵ هەیە: منداڵان و گەوجان ڕاستی دەبێژن. بێگومان جارێ لێرەدا ئەو سەرچاوە ئافرێنەرە نییە کە لێوەی ئیدێ مەزنە فەلسەفییەکان سەرهەڵدەدەن؛ ئەمە تەنیا لە لای ئەو تاکەکەسانە دەبینرێت کە لە کراوەیی و سەربەخۆییانەوە وەک دەگمەنە زاتی مەزن لە هەزارەکاندا دەرکەوتوون.
چوارەم: لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری فەلسەفە ببێت، ئەوا فەلسەفە هەردەم لەنێو ژیانی گشتیدایە، ئەمەش لە شێوەی گۆتەی گەیەنراودا لە ترادیسیۆنەوە، لە دەربڕینی باوی فەلسەفەییدا، لە بیروباوەڕی سەروەردا، وەک بۆ نموونە لە زمانی هۆشی ڕۆشناییپێدراو و تێڕوانینی سیاسیی ئەقیدەییدا، بەڵام بەتایبەتی لە ئەفسانەی سەرەتای مێژوودا. مرۆڤ لە فەلسەفە قوتاری نابێت، بێگومان هێندە نەبێت کە پرسیارەکە ئەوەیە داخۆ مرۆڤ لێی بەئاگا دێت یان نا، داخۆ چاک بێت یان خراپ، ئاڵۆز بێت یان ڕوون. کێ فەلسەفە ڕەتبکاتەوە، ئەو کەسە خۆی فەلسەفەیەک ڕیالیزە دەکات بەبێ ئەوەی لێی بەئاگا بێت.
باشە ئەی کەواتە فەلسەفە چییە کە ئاوها یونیڤێرسێل و بە شێوەی ئاوها تایبەتی دەردەکەوێت؟

فیلۆسۆفۆس (فەیلەسوف- و) کە وشەیەکی گریکییە، بە پێچەوانەی سۆفۆسەوە کەسێکی موسەقەفە (gebildet). ئەم وشەیە واتایەکی ئەوتۆ دەگەیەنێت کە فەیلەسوف مەئریفەی (واتا کرۆکی) خۆش دەوێت، ئەمە بە پێچەوانەی ئەو کەسەوە کە گەر خاوەنی مەئریفە بووایە، خۆی ناو دەنا زانەر. ئەم مەغزایەی وشەکە هەتا ئەمڕۆ وەک خۆی ماوە: کرۆکی فەلسەفە بریتییە لە گەڕان بەدووی ڕاستیدا، نەک خاوەنداریی ڕاستی، جا با فەلسەفە لە دۆگماتیزمدا، واتا لە زانینێکی دەربڕراوی نێو ڕستەدا کە چواندنی ڕەها و کامیل و فێرکارییانەی پێدەدرێت، هەر خیانەتی لێبکرێت. فەلسەفە بەواتای: بەڕێوەبوون. پرسیارەکانی کرۆکیترن لە وەڵامەکانی، هەموو وەڵامێکیش سەرلەنوێ دەبێتەوە بە پرسیار.
بەڵام ئەم بەڕێوە-بوونـ ـە کە قەدەری مرۆڤە لەنێو کاتدا، شیمانەی ساتاربوونی قووڵی لە خۆ گرتووە، بەڵێ لە ساتگەلی باڵادا شیمانەی کامیلبوونێکی لە خۆ گرتووە. بێگومان ئەم کامیلبوونە خۆی هەرگیز لە زانراوێکی شیاوی دەربڕیندا، لە ڕستە و ئیئترافاتدا نابینێتەوە، بەڵکو بریتییە لە ڕیالیزەبوونێکی مێژووییانەی



مرۆڤبوونێک کە خودی بوونی بۆ دیاردەدات. گەیشتن بەم هەقیقەتە لەنێو دۆخی مرۆڤیدا بریتییە لە مەغزای فەلسەفاندن.
بێگومان بەڕێوەبوون لە شێوەی بۆگەڕاندا، یان: گەیشتن بە ئارامی و کامیلبوونی سات، بریتی نین لە پێناسەی فەلسەفە. هیچ شتێک بەسەر یان بەپاڵ فەلسەفەوە دانەنراوە. فەلسەفە لە شتێکی دیکەوە دەرنائەنجامێنرێت. هەموو فەلسەفەیەک بەڕێی ڕیالیزەبوونییەوە پێناسەی خۆی دەکات. پرسیار سەبارەت بەوە کە داخۆ فەلسەفە چی بێت، شتێکە کە مرۆڤ دەبێت تاقیبکاتەوە، پاشان ئیتر فەلسەفە لێرەوە بریتی دەبێت لە ڕیالیزەکردنی ئیدێی زیندوو و هزین لەم ئیدێیە (واتا پەرچاندن)، یان بریتی دەبێت لە کردن و لێئاخافتن. مرۆڤ دەتوانێت لە هەوڵی خۆییەوە دەرک بەوە بکات کە لەنێو جیهاندا وەک فەلسەفە پێمان دەگات.
ئێمە دەتوانین فۆرمولی دیکە سەبارەت بە مەغزای فەلسەفە دەربڕین، بەڵام هیچ فۆرمولێک ئەم مەغزایە بەتەواوی ڕۆشن ناکاتەوە و هیچ کامیان نابێت بە تاکە فۆرمول بۆ مەغزای فەلسەفە. ئێمە لە ئەنتیکەوە دەبیستین: فەلسەفە (بەگوێرەی بابەتەکەی) بریتییە لە مەئریفەی شتە خودایی و مرۆڤییەکان، بریتییە لە مەئریفەی بوونەوەر وەک خودی بوونەوەر؛ فەلسەفە (بەگوێرەی ئامانجەکەی) بریتییە لە فێربوونی مەرگ، تەقەلای هزریوە بۆ بەختیاری، خۆهاوشێوەیاندنە بە خودایەتی؛ ئەوجا لە کۆتاییدا فەلسەفە (بەگوێرەی مەغزا گشتگیرەکەی) بریتییە لە زانینی سەرجەم زانین، لە هونەری سەرجەم هونەرەکان، یان بریتییە لە خودی زانست بەڕەهایی کە ئاڕاستەیەکی ڕووەو یەک تاکە کایە وەرنەگرتووە.
ڕەنگە مرۆڤ ئەمڕۆ بتوانێت ئەم فۆرمولانەی خوارەوە لەبارەی فەلسەفە دەربڕێت. مەغزای فەلسەفە بریتییە لە:
- ڕوانین لە کردەکێتی (Wirklichkeit) لەنێو سەرچاوەکەیدا.
- تێگەیشتن لە کردەکێتی بەو شێوەیە کە من چۆن بەهزریوی لە کرداری ناخەکیدا مامەڵە لەتەک خودی خۆمدا دەکەم.
- خۆکردنەوەمان بۆ بەرینیی ئەوە کە گشتگیرە.
- غیرەت بۆ کۆمونیکاسیۆنی مرۆڤ لەتەک مرۆڤدا بەڕێی هەر مەغزایەکی ڕاستییەوە، ئەمەش بێگومان لەنێو خەباتی خۆشویستانەدا
- بە سەبر و بەرنەدانەوە ئاوەز لە بەردەم غەریبترین و لە بەردەم شکستهێنندا بێدار بهێڵرێتەوە.
- فەلسەفە بریتییە لە تەرکیزکەر، مرۆڤ بەم ڕێیەوە دەبێت بە خودی خۆی، ئەویش کاتێک ئەو لە کردەکێتیدا بەشداری دەکات.

گەرچی فەلسەفە دەتوانێت هەموو مرۆڤێک، بەڵێ تەنانەت منداڵیش، لە شێوەی ئیدێی سادە و کاریگەردا ببزوێنێت، بەڵام سەرباری ئەمە گۆڕانپێدانی ئاگامەندانەی ئەرکێکە کە هەرگیز تەواو نابێت، بەڵکو چەندبارە دەبێتەوە و هەمیشە وەک سەرجەمێکی هەنووکەیی ڕیالیزە دەبێت: لەنێو ئیشی فەیلەسوفە مەزنەکاندا، ئەوجا وەک سەدا لە لای کەمتر مەزنەکان، دەردەکەوێت. ئاگایی ئەم ئەرکە، جا لە هەر شێوەیەکدا بێت، هەتا ئەو کاتەی مرۆڤان مرۆڤ بن هەر بێدار دەمێنێتەوە.

هێرشکردنی ڕیشەیی بۆ سەر فەلسەفە و نەرێنیکردنی سەرجەمییانەی وەک شتێکی زیادە و زیانبەخش، تەنیا کاری ئەمڕۆ نییە. مرۆڤ دەپرسێت: ئایا بۆ چ مەبەستێک فەلسەفە لەنێواندایە؟ خۆ فەلسەفە ناتوانێت خۆی لە چەڵەمەدا ڕابگرێت!

شێوازی هزرینی ئۆتۆریتێری کلێسە فەلسەفەی سەربەخۆی بەو بیانووە ڕەتکردەوە کە گوایە لە خودا دوورمان دەخاتەوە، لەخشتەمان دەبات بۆ ئەوەی ڕوویکەینە جیهانێتی و بەمەش دەروون بە هیچێتی بۆگەن دەکات. شێوازی هزرینی سیاسی-تۆتالیتێر ڕەخنەی گرت: فەیلەسوفەکان تەنیا جیاواز ڕاڤەی جیهانیان کردووە، بەڵام لە بنەڕەتدا گۆڕینی جیهان گرنگە. فەلسەفە بۆ هەردوو شێوازەکەی هزرین پڕمەترسی بوو، چونکە گوایە ڕێکخراو هەڵدەوەشێنێتەوە و پشتگیریی هۆشی سەربەخۆیی دەکات، بەمەش پشتگیریی تووڕەبوون و ڕەتکردنەوە دەکات، مرۆڤ فریو دەدات و لە ئەرکە ڕیالەکانی دووری دەخاتەوە. هەردووکیان، چ ڕاکێشهێزی ئەودنیایەک کە بە خودای دەرکەوتوو ڕۆشنبۆتەوە و چ دەسەڵاتی ئەمدنیایەکی بێخودا کە بۆ خۆی داوای هەموو شتێک دەکات، دەیانەوێت فەلسەفە بکوژێننەوە.

ئەوجا لەپاڵ ئەمەدا لە تێڕوانینی ڕۆژانەی زەینی سەلیمی مرۆڤەوە پێوەری سادەی سوودمەندی دادەنرێت و بەپێیەوە فەلسەفە شکست دەهێنێت. تالس کە بە یەکەم فەیلەسوفی گریکی دادەنرێت، لە لایەن ژنێکەوە پێی ڕابوێررا بوو. ژنەکە بینی بووی چۆن تالس لەکاتی چاودێریکردنی ئاسماندا کەوتبووە نێو بیرێکەوە: گەر تالس لە نزیکترین شتی بەردەم خۆی بێئاگا بێت، ئیتر بۆچی بۆ دوورترین شت دەگەڕێت!

کەواتە فەلسەفە گەرەکە ڕەوایەتی بە خۆی بدات. بەڵام ئەمە نەشیاوە. ئەو ناتوانێت لە تێڕوانینێکی دیکەوە ڕەوایەتی بە خۆی بدات، تێڕوانینێک کە وای دادەنێت گوایە فەلسەفە بەپێی سوودمەندییەکەیەوە ڕەوایەتی وەردەگرێت. فەلسەفە تەنیا دەتوانێت ڕوو بکاتە ئەو هێزانە کە لەنێو هەموو مرۆڤێکدا بەڕاستی پاڵنەرن بۆ فەلسەفاندن. فەلسەفە دەتوانێت بزانێت کە ئەو خۆی بە مەسەلەیەکی مرۆڤەوە وەک خودی مرۆڤ خەریک دەکات، بێگومان مەسەلەیەکی ئازاد لە مەبەست و بەدەر لە هەر پرسیارێک



سەبارەت بە سوود و زیان لە جیهاندا، فەلسەفە هەروەها دەتوانێت ئەوەش بزانێت کە هەتا ئەو کاتەی مرۆڤان بژین، ئەو خودی خۆی ڕیالیزە دەکات. هێشتا هەر دەسەڵاتە دوژمنەکانی ئەو وازناهێنن مەغزای بە خۆ تایبەتمەندیان بهزرێنن و ئیدیۆلۆژیگەلی پابەند بە مەبەستەوە بهێننە ئاراوە کە سەراپا لەبرییەکن بۆ فەلسەفە، بەڵام لەژێر مەرجەکانی کاریگەرییەکی ویستراودان — وەک مارکسیزم و فاسسینیزم ( ).بەڵام ئەم ئیدیۆلۆژیانە خۆیان گەواهی دەدەن کە فەلسەفە نەشیاوی دەستبەرداریییە بۆ مرۆڤ. فەلسەفە هەمیشە لێرەیە.

فەلسەفە ناتوانێت خەبات بکات، خودی خۆی بسەلمێنێت، بەڵام دەتوانێت خۆی ڕابگەیەنێت. ئەو لەکاتی ڕەتکردنەوەیدا هیچ بەرهەڵستییەک ناکات، بەڵام کاتێک گوێی لێدەگیرێت، ئەو بە هیچ شێوەیەک لە شادیدا ناخرۆشێت. تێڕوانینی فەلسەفە ئەوەیە کە ئەو دەتوانێت لەنێو بناغەی مرۆڤایەتیدا هەمووان پێکەوە ببەستێت.

فەلسەفە لە خۆرئاوا، لە چین و هندستان، ماوەی دووهەزار و پێنجسەد ساڵە بە ستیلی مەزن و لە پەیوەندیی سیستەماتیکیدا هەیە. میراتێکی مەزن بۆمان دەدوێت. هەمەچەشنەیی فەلسەفاندن، دژبێژییەکان و داواکارییە بەرزکراوەکان بۆ خاوەندارییی ڕاستی کە هەموو سەراپا یەکتری بەدەر دەکەن، هێشتا هەر ناتوانن ڕێ لەوە بگرن کە لە بنەڕەتدا یەک-ێک کارایە، یەک-ێک کە هیچ کەس خاوەنی نییە و بە دەوریدا سەرجەم تەقەلا جیددیەکان دەسووڕێنەوە – یەک فەلسەفەی ئەزەلی: فیلۆسۆفییا پێرێنیس (philosophia perennis) . گەر ئێمە بمانەوێت بە ڕوونترین ئاگایی و بە شێوەیەکی کرۆکی بهزرێین، ئەوسا بەناچاری بەند دەبین بەم بناغە مێژووییەی هزرینمانەوە.

**سەرچاوە**:

Karl Jaspers: Einführung in die Philosophie. München 1963

**فەرهەنگۆک**

) زیندەوەری ناسکی ئەفسانەیین (وەک پەری) کە لەنێو دارستاندا دەژین و شەوانە دەردەکەون.

) جیهانبینییەک کە مرۆڤ بۆ ئیئجاب بهەژێنێت

) واتا فەلسەفەی هەمیشە بەردەوام

# فۆرم_ی_ژیان

جۆرجیۆ ئاگامبین
لەئینگلیزییەوە: سەلام عومەر

گریکە دێرینەکان تەنیا زاراوەیەکیان نەبووە بۆ دەربڕینی ئەوەی ئێمە بە ژیان ناویدەبەین. ئەوان دوو زاراوەی تەواو جیاوازیان لەڕووی زمانەوانییو مۆرفۆلۆژییەوە بەکارهێناوە: زۆی (zoē)، دەربڕی ڕاستییەکی سادەی ژینێکی ئاسایی هەموو زیندەوەرانە (ئاژەڵ، مرۆڤ یان خواکان)، بایۆس (bios)، مەبەست پێی فۆرمێک یان شێوازی ژیانێکی تایبەتی تاکە کەسێک یان گرووپێکە. لەزمانە مۆدێرنەکاندا ئەم جیاوازییە وردە وردە لەفەرهەنگەکاندا دیارنەما (ئیتر وەک بایۆلۆژییو زوولۆژیی شوێنی خۆیان گرتو چیتر ئاماژەنەبوون بۆ جیاوازییەکی بنەڕەتی). تەنیا زاراوەیەک —ناڕۆشنییەکەی زیاددەکات کەگونجاوە لەگەڵ دەستەوەستانبوونی مەرجەعەکەی- ڕەگەزێکی ڕووتی هاوبەشی گریمانەکراو دەردەخات کەهەمیشە ئەگەری ئەوەی هەیە داببڕێت لەهەر یەکێک لەچەندین فۆرمی ژیان.

لەلایەکی ترەوە، مەبەستم لەزاراوەی فۆرم_ی_ژیان واتای ژیانێک کەهەرگیز ناتوانرێت جیابکرێتەوە لەفۆرمەکەی، ژیانێک کەهەرگیز ئەگەری ئەوە لەئارادا نییە کەشتێکی بۆنموونە وەک ژیانێکی ڕووت جیابکەیتەوە. ئەو ژیانەی ناتوانرێت لەفۆرمەکەی جیابکرێتەوە، ژیانێکە بۆ ئەوەی لەمەترسیدایە لەسەر ڕێڕەوی ژیانی خۆی، ژیان خۆیەتی. ئەم دەربڕینە چی دەگەیەنێت؟ ژیانێک پێناسەدەکات-ژیانی مرۆڤ- کەتیایدا تاکە ڕێگاکان، هەڵسوکەوتکردنەکانو پرۆسەکانی ژیان هەرگیز تەنیا بەسادەیی ڕاستییەکان (فاکتەکان) نین بەڵکو هەمیشەو لەسەروو هەموویەوە ئەگەرەکانی ژیانن، هەمیشەو لەسەروو هەموویەوە دەسەڵاتە. هەر ڕەفتارێک یان هەر فۆرمێکی ژیانی مرۆڤ



هەرگیز لەلایەن ئەرکێکی بایۆلۆژیی تایبەتەوە دیاریناکرێت، هاوکات لەلایەن هیچ پێویستییەکیشەوە دیاری ناکرێت. لەباتی ئەوە، گرنگ نییە تاچەند ئەو ڕەفتارە یان فۆرمی ژیانە وەک شتێکی باو دووبارە دەبێتەوە یان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە سەپێنراوە، هەمیشە کارەکتەری ئەگەرێکی هەڵگرتووە، بەواتای، هەمیشە ژیان خۆی دەخاتە مەترسییەوە. بۆیە مرۆڤەکان (وەک بوونەوەری دەسەڵات کە دەتوانن کارێک بکەن یان نەیکەن، سەرکەوتووبن یان شکست بێنن، خۆیان بدۆڕێنن یان خۆیان بدۆزنەوە) تەنیا بوونەوەرن کە لە ژیانیاندا بەختەوەریی بۆیان لەمەترسییدایە، تەنیا بونەوەرن کەژیانیان بەشێوەیەکی چارەسەرنەکراو ئازاراویی بە بەختەوەرییەوە بەستراوەتەوە. بەڵام ئەمە دەستبەجێ فۆرم_ی_ژیان وەک ژیانێکی سیاسی بنیات دەنێت. "دەوڵـەت کۆمەڵەیەکە دروستکراوە لەپێناوی ژیانو باش ژیانی مرۆڤ لەناویدا".

دەسەڵاتی سیاسی وەک ئەوەی ئێمە دەیزانین، لەلایەکی ترەوە، هەمیشە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە- دوا جار-بوارێکی ژیانی ڕووت لەسیاقی فۆرمەکانی ژیان جیابکاتەوە. لەیاسای ڕۆمانییدا، ڤیتا (ژیان) چەمکێکی دادی (یاسایی) نییە، بەڵکو زیاتر ئاماژەیە بۆ ڕاستییەکی سادەی ژین یان ڕێگەیەکی تایبەتی ژیان. تەنیا دۆخێک هەیە کەتیایدا چەمکی ژیان واتایەکی دادی (یاسایی) هەیە کەدەیگۆڕێتە سەر زاراوەیەکی تەکنیکی حەقیقی، کەئاماژەیە بۆ دەسەڵاتی ژیانو مردنی باوک بەسەر کوڕەکەیەوە. (یان تۆماس) ئەوەی خستۆتەڕوو کە لەم دەستەواژەیەدا، (کە) (qu) ئەرکی ئاماژەدەری دژیەکی نییەو ژیان (Vita) هیچ نییە جگە لەئەنجامێکی ڕاستەوخۆی مردن (nex)، دەسەڵاتی کوشتن.

بەو شێوەیە، لەبنەڕەتدا ژیان لەیاسادا تەنیا وەک هاوتای دەسەڵاتێک دەردەکەوێت هەڕەشە لەمردن دەکات. بەڵام ئەوەی ڕەوایە بۆ مافی باوکانەی ژیانو مردن ڕەواترە بۆ دەسەڵاتی سەروەریی (ئیمپیریەم)، کە ئەوەی پێشتر خانە بنەڕەتییەکە پێکدێنێت. بەوشێوەیە، لەبنیاتنانی سەروەریی هۆبزدا، ژیان لەباری سروشتییدا تەنیا پێناسەدەکرێت لەڕێی بەرەو ڕووبەڕووبونەوەیەکی بێ مەرجەوە لەگەڵ هەڕەشەیەکی مردن (مافی بێ سنوری هەموو کەسێک بەسەر هەموو شتێکەوە) و ژیانێکی سیاسی (ئەوەش ئەو ژیانەیە کە ئاشکرادەبێت لەسایەی پاراستنی لێڤایەزن) کەهیچ نییە بەڵام هەمان ئەم ژیانە هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەیەکدایە کەئێستا بەشێوەیەکی زۆر تایبەت لەدەستی سەروەردایە. دەسەڵاتی ڕەهاو هەمیشەیی، کە پێناسەی دەسەڵاتی دەوڵەت دەکات دواجار نەک لەسەر ئیرادەیەکی سیاسی بەڵکو زیاتر لەسەر ژیانێکی

ڕووت دامەزراوە، تەنیا تا ئەو ڕادەیەش سەلامەتەو پارێزراوە کە ملکەچ دەبێت بۆ مافی سەروەر (یان یاسا)ی ژیانو مردن. (ئەمە کتومت واتای بنەڕەتی ئاوەڵناوی سەسێر (پیرۆز)ە کاتێک بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بەژیانی مرۆڤ.) باری نائاسایی، کە ئەوەیە هەمووجارو کاتێک سەروەر بڕیاردەدات، ئەو کاتە ڕوودەدات کتومت ئەو کاتەی ژیانی ڕووت (کە لەباری ئاساییدا وا دەردەکەوێت تێکەڵاوبووەتەوە لەگەڵ فۆرمە هەمەچەشنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی) بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا دەکەوێتە بەردەم پرسیارو وەک گەورەترین دامەزراوەی دەسەڵاتی سیاسی دەسڕێتەوە. گەورەترین بابەت کە پێوست دەکات یەکسەر هەڵاوێردرێتو شار لەخۆی بگرێت هەمیشە ژیانی ڕووتە.

"ترادسیۆنی ستەملێکراو فێرمان دەکات ئەو "بارە نائاسایی"یەی ئێمە تیایدا دەژین نائاسایی نییە بەڵکو یاسایە. پێویستە بگەینە تێگەیشتنێک دەربـارەی مێژوو کەپەیوەندیداربێت لەگەڵ ئەم تێڕوانینەدا." دەستنیشانکردنەکەی واڵتەر بێنیامین، کەلەئێستادا تەمەنی زیاتر لە پەنجا ساڵ دەبێت، هیچ کام لەو پەیوەست بونانەی نەدۆڕاندووە. ئەوەش بەوشێوەیەیە کەلەڕاستیدا تەنیا بەهۆی ئەوەوە نییە ئێستا چیتر دەسەڵات هیچ فۆرمێکی شەرعیبونی نییە جگە (لە باری) نائاساییو لەبەرئەوەی دەسەڵات لەهەموو شوێنێکو بەبەردەوامی ئاماژە دەداتو پەنادەباتەبەر (باری) نائاساییو لەگەڵ ئەوەشدا بەنهێنی کاردەکات بۆ بەرهەمهێنانیی. (چۆن دەتوانین وابیرنەکەینەوە سیستمێک کەچیتر بەهیچ شێوەیەک توانای کارکردنی نەماوە جگە لەسەر بنەمای نائاسایی بوون گرنگی نادات بەپارێزگاریکردن لەو نائاسایی بوونە بەهەر نرخێک بێت؟) ئەمەش ئەو دۆخەیە کە لەسەروو هەموو شتێکەوە بەهۆی ژیانی ڕووتەوە، کەبنەمای شاراوەی سەروەربوونە، هاوکات بۆتە فۆرمی سەپاوی ژیان لەهەموو شوێنێک. ژیان (لەباری نائاساییەکەیدا کەئێستا بۆتە نۆرم) ژیانی ڕووتە کە لەهەموو سیاقێکدا فۆرمەکانی ژیان جیادەکاتەوە لەوەی ببێتە فۆرمێکی_ی_ژیان. جیابونەوەی مارکسیانە لەنێوان مرۆڤ و هاوڵاتی بەم شێوەیە لەلایەن دابەشبوونی نێوان ژیانی ڕووت (گەورەترینو ناڕۆشنترین هەڵگری سەروەریی)و شێوە هەمەچەشنەکانی ژیان کەبەشێوەیەکی ئەبستراکت وەک شوناسی کۆمەڵایەتی_یاسایی ڕێکخراونەتەوە جێگەیان پڕکراوەتەوە (دەنگدەر، کرێکار، ڕۆژنامەنوس، خوێندکار، لەگەڵ ئەوەشدا کەسی هەڵگری ڤایرۆسی (HIV)، ئەو کەسەی جلوبەرگی ڕەگـەزی بەرامبەر لەبەردەکات، پۆرنۆستار، بەساڵاچوو، باوکو دایک، ژن) کە هەموویان لەژیانی ڕووتدا خۆیان دەبیننەوە. (ئەگەر ئەو هەڵەیە بکەیت کە ژیانێکی ڕووت لە فۆرمەکەی بەجیا



وەربگریت، لەبێ نرخیدا، بۆ پرنسیپێکی باڵاتر ــسەروەریی یان پیرۆزیی ـ سنووری بیرکردنەوەی (باتایڵ)ە کەوای لێدەکات بێسوود بێت بۆ ئێمە.)

تێزەکەی فۆکۆ_ کەبەگوێرەی ئەو "ئەوەی ئەمڕۆ لەمەترسیدایە ژیانە"و لێرەشەوە سیاسەت بووە بە بایۆسیاسەت_ لەم بارەدا بەتەواوی ڕاستە. سەرەڕای ئەوەش، ئەوەی یەکلاکەرەوەیە ئەو ڕێگەیەیە کە تیایدا کەسێک لەواتای ئەم گواستنەوەیە تێدەگات. ئـەوەی لەگفتوگۆ هاوچەرخەکاندا نەخراوەتەوە بەر لێپرسینەوە لە بایۆئێتیکو بایۆسیاسەتدا، لەڕاستیدا، کتومت بەر لەهەر شتێکی تر ئەوەیە کەشایەنی لێپرسینەوەیە، ئەویش خودی چەمکی بایۆلۆژیی ژیانە. "پۆڵ ڕەینبۆ" پێیوایە دوو مۆدێلی ژیان هەن کەگونجاوو پێچەوانەن: لەلایەکەوە، ژیانی ئەزمونکراوی زانا کە بەدەست نەخۆشی شێرپەنجەی خوێنەوە دەناڵێنێتو خودی ژیانی خۆی دەگۆڕێت بۆ تاقیگەیەک بۆ توێژینەوەی لەرادەبەدەرو ئەزمونکردن. لەلایەکی تریشەوە، ئەو ژیانەی، کەبەناوی پیرۆزییەوە دژیەکی نێوان ئیتیکی تاکو زانستی تەکینکی (تێکنۆساینس) چڕدەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، هەردوو مۆدێلەکە بێ ئەوەی بەئاگابن بەشداریدەکەن لەهەمان چەمکی ژیانی ڕووت. ئەم چەمکە (کە ئەمڕۆ لەبەرگی تێڕوانینێکی زانستییدا خۆی نمایشدەکات) لەڕاستیدا چەمکێکی بەعەلمانییکراوی سیاسییە. (لەگۆشەنیگایەکی تەواو زانستییەوە، چەمکی ژیان بێواتایە. پیتەرو ژان مێداوەر پێمان دەڵێن، لەبایۆلۆژییدا، گفتوگۆکان دەربارەی واتای تەواوی وشەکانی ژیانو مردن ئاماژەن بۆ وتووێژێکی ئاست نزم. ئەو جۆرە وشانە واتایەکی گەوهەرییان نییە، بۆیە واتایەکی لەوشێوەیە ناتوانرێت لەڕێی توێژینەوەی قوڵو ووردەوە ڕوون بکرێتەوە.)

ئەوە کرۆکی ئەرکی (زۆرجار هەستپێنەکراوو بەڵام یەکلاکەرەوە)ی ئایدیۆلۆژیای زانستی پزیشکییە لەناو سیستمی دەسەڵاتو بەکارهێنانی ڕوو لەزیادبووی چەمکی بێبنەمای زانستی بۆ ئامانجی دەستبەسەراگرتنی سیاسی. هەمان ئەو وێنەیەی ژیانی ڕووت کە لە هەندێک هەلومەرجدا، سەروەر بەکاریهێناوە تا بتوانێت هەڵیبهێنجێت لەفۆرمەکانی ژیان ئێستا بەشێوەیەکی گشتگیرو ڕۆژانە لەلایەن وێنە بێ بنەماکانی جەستە، نەخۆشییو تەندروستی هەڵدەهێنجرێت لەگەڵ " بەپزیشکی کردنی" بوارە فراوانەکانی ژیانو خەیاڵی تاکەوە. ژیانی بایۆلۆژیی، کە فۆرمی بەعەلمانیکراوی ژیانی ڕووتەو هەڵگری تایبەتمەندیی ئەستەمبوونە لەدەربڕینو تێگەیشتندا، بەو شێوەیە فۆرمە ڕاستەقینەکانی ژیان پێکدەهێنێت، کتومت وەک فۆرمەکانی مانەوە: ژیانی بایۆلۆژیی لەو فۆرمانەدا پارێزراو دەمێنێتەوە وەک ئەو هەڕەشە نادیارەی کە

دەتوانێت لەناکاو خۆی بکاتە واقیع لە توندوتیژییدا، لە نامۆییدا، لە نەخۆشیدا، لە ڕووداوەکاندا. ئەوە سەروەری نەبینراوە کە لەپشت ماسکە بێنرخەکانی کەسی بەهێزەوە تێماندەڕوانێت، کەپێبزانن یان نەزانن، بەناوی ئەوەوە حوکمی ئێمە دەکەن. ژیانێکی سیاسی، ئەو ژیانەی ئاڕاستەکراوە بەرەو ڕووی بیرۆکەی بەختەوەرییو پەیوەستە بەفۆرمێکی_ی_ژیانەوە، تەنیا ئەو کاتە دەکرێت بیریلێبکرێتەوە لە دەستپێکردن بۆ ڕزگارکردنی لەو جۆرە دابەشبوونە، لەگەڵ دوا ماڵئاوایی لەهەر جۆرێکی سەروەریی. پرسیار دەربارەی ئەگەری سیاسەتێکی لامەرکەزیی بەشێوەیەکی پێویست ئەم فۆرمە دەگرێت: ئایا ئەمڕۆ ئەگەری شتێکی وەک فۆرمی_ی_ژیان، ژیانێک کەبەلایەوە خودی ژین لەمەترسیدا دەبێت لەژینی خۆیدا، لەئارادایە؟ ئایا ئەمڕۆ جۆرێک لەژیانی دەسەڵات لەئارادایە؟

من فیکر ناودەنێم ئەو ئەڵقە پەیوەندییەی کەفۆرمەکانی ژیان پێکدەهێنێت لەسیاقێکی لێک جیانەبووەودا. مەبەستم لەمە کاری خۆبەخۆی ئۆرگانێک یان توانایەکی دەروونیی نییە، بەڵکو زیاتر مەبەستم ئەزمونێکە، کە کارەکتەری چاوەڕوانکراوی ژیانو ژیریی مرۆڤ بابەتەکانییەتی. کە بیردەکەیتەوە کتومت واتای ئەوە نییە کەوتبیتە ژێر کاریگەریی ئەم یان ئەو شت، ئەم یان ئەو ناوەرۆکی بیرێکی دامەزراو، بەڵکو لەباتی ئەوە دەستبەجێ دەکرێت بکەویتە ژێر کاریگەریی توانای وەرگرتنی کەسەکە خۆی لەگەڵ ئەزمونی ئەو کەسە لەهەموو شتێکدا کەوەک دەسەڵاتی تەواویی بیرکردنەوە لێیدەڕوانرێت. ("کاتێک بیر دەبێتە هەر شتێک لەڕێدا کە تیایدا مرۆڤ لەڕاستیدا دەزانێت ئەوەی پێیوتراوە بیکات... مەرجەکەی هێشتا ئەگەری بەدیهاتنی هەیە... و ئەوسا بیریش دەتوانێت بیر لەخۆی بکاتەوە.")

تەنیا ئەگەر من هەمیشەو پێشتر ڕێم پێنەدرا ڕۆڵێک ببینم، یان لەباتی ئەوە گەیەنرامە ئەگەرێک یان دەسەڵاتێکی وەها کەتەنیا ژینو بەنیازبوونو تێگەیشتن خۆیان لەمەترسیدا بوون هەر کاتێک لەوەی من تیایدا دەژیمو نیاز دەخوازمو تێدەگەم_ تەنیا ئەگەر، بەواتایەکی تر، تەنیا بیر هەبێت_ تەنیا ئەو کاتە فۆرمێکی ژیان ببێتە لەڕاستی بوونو شتبوونی خودی خۆیدا، فۆرمێکی_ی_ژیان، کە تیایدا هەرگیز ئەگەری ئەوە لەئارادا نییە کە شتێکی وەک ژیانی ڕووت داببڕێت.

ئەزمونی فیکر کە لێرەدا لەژێر پرسیاردایە هەمیشە ئەزموونی دەسەڵاتێکی هاوبەشە. کۆمەڵو دەسەڵات بێ هیچ جیاوازییەک یەکتر دەناسنەوە، چونکە ڕەگوڕیشەی پرنسیپێکی کۆمەڵگەیی بۆ هەر دەسەڵاتێک ئەرکی کاراکتەری پێویستی چاوەڕوانکراویی هەر کۆمەڵێکە. لەنێو ئەو بونەوەرانەی کە هەمیشەو پێشتر دەخرێنەگەڕ، کە



هەمیشەو پێشتر ئەم شتو ئەو شت دەبێت، ئەم یان ئەو شوناسەی دەبێتو ئەوانەی بەتەواویی دەسەڵاتی خۆیان بەکاربردووە لەم شتانەو شوناسانەدا- لەنێو بونەوەری لەو شێوەیەدا هیچ کۆمەڵێک (کۆبونەوەیەک) نابێت بەڵکو تەنیا دەبنە ڕێکەوتو بەش بەشی حەقیقییەوە. ئێمە تەنیا دەتوانین لەگەڵ ئەوانی تردا لەپەیوەندیدا بین لەڕێی ئەوەی لەناخماندایە- ئەوەندەشی لەناخی ئەوانی تردایە- وەک ئەگەر ماوەتەوەو هەر پەیوەندییەکیش (وەک والتەر بێنیامین وێنایدەکات بۆ زمان) بەر لەهەر شتێک پەیوەندیکردنی شتێکی باو نییە بەڵکو هی ئەرکی پەیوەندیکردنەکە خۆیەتی. لەسەروو هەموشییەوە، ئەگەر یەک بونەوەر تەنیا یەک بونەوەر هەبوایە، ئەوا بەتەواویی دەستەوەستان دەبوو. (بۆیە زانا لاهوتییەکان جەخت دەکەنەوە کە خودا جیهانی لەهیچەوە دروست کردووە، بەواتایەکی تر، بەتەواویی بێدەسەڵات.) ئەویش ئەو شوێنەیە کەمن تیایدا بەتوانام، ئێمە هەمیشەو پێشتر ژمارەمان زۆرە (وەک ئەوەی کاتێک، ئەگەر زمانێک هەبێت، ئەوە هێزێکی قسەکردنە، ئەوساش نابێت یەک بوونەوەرو تەنیا یەک بوونەوەر هەبێت کە قسەپێبکات.)

بۆیە فەلسەفەی سیاسی نوێ بەبیری کلاسیک دەست پێناکات، کە لە تێڕامانەوە دروست بووە، لەبایۆ تیۆریی، چالاکییەکی جیاو تەنیا ("وەلابوونی تەنیا لە تەنیا")، بەڵکو لەوە زیاتر تەنیا لەگەڵ لێکدانەوەی ئیبن ڕوشدا، بەواتای، لەگەڵ بیرکردنەوەی لەیەکێکو تەنیا ئەقڵییەتێک کەلەنێو هەموو مرۆڤەکاندا باوە، بەشێوەیەکی گرنگتریش لەگەڵ جەختکردنەوەکەی دانتێ لە-دی مۆنارکییا- لەپێویستی بوونی جۆرێک لەخەڵک (مەڵتیتیود) بۆ کتومت هێزی بیر خۆی.

ئاشکرایە توانای بنەڕەتی مرۆڤ کە توانایەکی چاوەڕوانکراو یان هێزی ژیریی تیادایە. لەبەرئەوەی ناتوانرێت ئەم هێزە بەتەواویی بکرێتە ڕاستی لەتەنیا مرۆڤێکدا یان لەهەر یەکێک لەو گرووپە مرۆییانەی بەتایبەت لەسەرەوە باسکران، بۆیە پێویستە جۆرێک لەخەڵک (مەڵتیتیود) هەبێت لەنێو مرۆڤدا کەلەڕێیانەوە ئەم هەموو هێزە بکرێتە ڕاستی. کاری گونجاوی مرۆڤایەتی بەگشتی پراکتیزەکردنی بەردەوامی توانای تەواوی خۆیەتی لەگەشەی ژیرییدا، سەرەتا، لەبابەتی تیۆرییداو دووەمجاریش وەک درێژکراوەیەکی تیۆریی لەپراکتیکدا.

ئەو ئەقڵانییەتە بەربڵاوەی من دەربارەی دەدوێمو تێڕوانینی مارکسیانە دەربارەی "ئەقڵی باو" واتاکەیان تەنیا لەچوارچێوەی ئەم ئەزمونەدا وەردەگرن. لەبەرئەوەیە (مەڵتیتیود)یان ناوناوە کە بوونی پەیوەستە بەهێزی بیرەوە. ئەقڵانییەتو فیکر فۆرمێک نین لەژیان لەنێو ئەوانی تردا کە تیایاندا ژیانو بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی

خۆیان دەخەنەڕوو، بەڵام ئەوان زیاتر هێزێکی یەکێتییخوازن کە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی ژیان وەک فۆرمـــی ـــژیان بنیاتدەنێن.

لەبەرامبەر سەروەریی دەوڵەتدا، کەدەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت تەنیا لەڕێی جیاکردنەوەی ژیانی ڕووت لە فۆرمەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەوان ئەو هێزەن کە بێ دابڕان ژیان یەکدەخەنەوە لەگەڵ فۆرمەکەی یان ڕێدەگرن لەوەی ژیان لە فۆرمەکەی داببڕێت. کاری جیاکردنەوە لەنێوان نەخشی تەنیاو زەبەلاحی مەعریفەی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان (نەخشێک کە تایبەتمەندییەکەی قۆناغی هاوچەرخی سەرمایەداریی‌و کۆمەڵگەی دیمەن (Society of the Spectacle))و ئەقڵانییەت وەک هێزێکی ئەنتاگۆنیست‌و فۆرمـــی ـــژیان- کارێکی لەوشێوەیە بەئەزمونی ئەم پەیوەست بوون‌و لێک نەپچڕانەدا تێپەڕدەبێت. بیر فۆرمـــی ـــژیانە، ژیانێک کە ناتوانرێت جیابکرێتەوە لەفۆرمەکەی، لەهەر شوێنێکیش ئەم لێکنزیکییەی ئەم ژیانە لێک جیانەبووەوە دەربکەوێت، لەهەر شوێنێکیش لێک نزیکی ئەم ژیانە لێک جیانەبووەوە دەربکەوێت، لەگەوهەری پرۆسە جەستەییەکانی ڕێگە خوپێوەگرتووەکانی ژیان کەمتر لە تیۆر نا، لەوێ‌و تەنیا لەوێ فیکر هەیە. هەر ئەم فیکرە، ئەم فۆرمـــی ـــژیانەشە کەدەستبەرداری ژیانی ڕووت دەبێت بۆ "مرۆڤ"و بۆ "هاوڵاتی"، کەبەشێوەیەکی کاتی بەرگ دەکاتەبەری‌و لەڕێی "مافەکانیانەوە" نوێنەرایەتییان دەکات‌و پێویستە ببێتە کۆنسێپتی ڕێنوێنیکەرو سەنتەری یەکگرتنی ئەو سیاسەتەی بەڕێوەیە.

**سەرچاوە:**


## Means Without End :Notes On Politics
## Giorgio Agamben -Translated By Vincenzo Binett And Cesare Casarno - Theory Out Of Bounds

# فۆكۆ و شۆڕشی ئێران

## جێندەر و فریوی ئیسلامیزم

جانێت ئافاری و کێڤن ب. ئاندرسن
له ئینگلیزیەوە: ئالان عەتوف

تەواوکەری چاپتەری (1)

....... فۆکۆ لە ساڵی 1963، لە کتێبی ( لەدایکبوونی کلینیک) دا، ئارگیومێنتێکی هاوشێوەی نیشاندا کە باسی لەوە دەکرد "ووردبونەوەیەکی"ی پزیشکی نوێ لە سەدەی هـەژدەدا سەری هەڵدا، کە لەو فۆرمە پزیشکیە تەقلیدیەی پێشوو جیابووەوە کە پشتی بەستبوو بە پۆلێنکردنی نەخۆشی و چارەسەرکردنی جۆرێکی دیاریکراو لە نەخۆشی. لەبری ئەمە، پزیشکناسی تەرکیزی خستە سەر نیشانەکانی نەخۆشی تاکەکەس. ئەم گۆڕانبەسەرداهاتنە لە ئەنجامی ژینگەی نوێی کۆمەڵایەتی-سیاسی شۆڕشی فەرەنسیەوە ڕویدا. کاتێک نەخۆش وەک تاکێک چارەسەر دەکرێت، تێگەیشتنێک و وێناکردنێکی نوێش بۆ ژیان و مەرگ سەرهەڵدەدات: "نەخۆشیی لەو میتافیزیکیای خراپەیە جیادەبێتەوە کە بۆ چەندین سەدە پەیوەست بوو پێیەوە" (Foucault 1994a, 196). ئەم پزیشیکناسیە تەجریبیە نوێیە ڕاستەوخۆ مرۆڤەکان لە ڕێگەی سنوربەندی (قیود) ەکانیانەوە پێناسەدەکات. سیحری پزیشکناسی مۆدێرن ئەوەیە کە ناکۆتا مەرگ ڕەتدەکاتەوە: "تەندروستی جێگەی ڕزگاریی (خلاص) دەگرێتەوە" و زانایان دەبنە فەیلەسوف (حەکیمانی ئەوسا -و). پزیشکناسی "بەتەواوەتی بە حاڵەتی فەلسەفی مرۆڤەوە خەریک دەبێت." فیکری تـازەی ئەوکاتە هێشتا لەژێر کاریگەری ئەم کۆتوبەندە تەجریبیەدا بوو: "ئێمە تازە لە سەرەتای لێکجیاکردنەوەی ئاڵۆسکاویی هەندێک لەم سەرەداوانە داین کە هێشتا هێند نەزانراون



لامان بەرادەیەک وامان لێدەکات کە دەستبەجێ گریمانەی ئەوە بکەین کە یان ئێجگار تازەن یاخود تەواو کۆن و بەسەرچوون." (199).

لە کتێبی (تەرتیبی شتەکان)دا، کە یەکەمجار لە ساڵی 1966 دا بڵاوکرایەوە، فۆکۆ دیدگاگەلێکی هاوشێوەی هێنایەکایەوە، ئەم جارەیان تەرکیزی خستە سەر پەرەسەندن (evolution)ی زمان و پەیوەندیی بە توێژینەوەی زانستیەوە لە سەدەی حەڤدەدا. هەتا سەردەمی مۆدێرن، مرۆڤەکان گریمانەی ئەوەیان دەکرد کە پەیوەندیەکی "هاوسۆزی و لێکچون" هەیە لەنێوان شتەکانی سروشت و مەبەستی مرۆڤەکاندا. بۆ نموونە، فۆکۆ تێبینی ئەوەی کردبوو کە شکڵی گوێز هاوشێوەی شکڵی سەری مرۆڤە، لەبەرئەوە، گوێز وەک چارەسەرێک دانراوە بۆ چەندین جۆری جیاجیای سەرئێشە. ڕێنیسانس و سەهەڵدانی چاپخانە ئاستی زمانیان بۆ هەمان پایەی پیرۆز بەرزکردەوە. مەعریفە سەبارەت بە شتێک ئاوێتەیەک لە گوتاری عەقڵانی و سیحریی لەخۆگرتبوو. هەر تێکستێک تەفسیری بێشوماری هەبو، و هەر تەفسیرێکیش جێی خوێندنەوە و لەسەرڕۆیشتنی زۆر بوو. لەبەرئەوە، لە سەدەی حەڤدەدا،لێکدابڕانێکی گەورە هاتە ئاراوە — بریتی بوو لە گۆڕانێکی ڕیشەیی لە فیکردا. فۆکۆ نۆستالژیانە سەبارەت بەوەی لەم ماوەیەدا لەدەستچو دەدوێت، کاتێک لەگەڵ هاتنەکایەی زانستە تەجریبیەکاندا، "ئەو پەیوەندیە بەتینەی کە زمان لەگەڵ جیهاندا هەیبوو" کۆتایی هات، و مرۆڤ "ئەو پرسیارەی ووروژاند کە چۆن دەکرێت هێمایەک ببەسترێتەوە بەو شتەی کە دەلالەتی لێدەکات؟ (واتە پەیوەندە نێوان دال و مەدلول-و)" (1973 , 42 – 43). زمان بووە شتێکی هەڕەمەکی (اعتباگی، واتە پەیوەندیەکی لۆژیکی نیە لە نێوان دال و مەدلولدا-و) و وێنای شتێکی تری دەکرد. پاشان هۆبز و بێرکلی و هیوم و کۆندیلاک بونە سەرمەشق بەرەو دروستکردنی کایەیەکی زانستیی نوێ، کە مرۆڤ لە سەنتەری ئەو کایە زانستیە نوێیەدا بوو. ئەوەندەی نەبرد تیۆرگەلێکی نوێ لە بوارەکانی ڕێزمان و مێژووی سروشتی و ئابووریناسی، "کودەتای کرد بەسەر کۆی فیکری خۆراوادا،" و ئەو پەیوەندیە جەوهەریەی لاوازکرد کە لەنێوان سروشت و شتەکانیدا و نێوان ووشە و شتەکاندا هەبوو (239). تەنها لە بواری ئەدەب و لە نووسینەکانی فرێدریک هۆڵدەرلین و ستێفان مالارمێ و ئەوانی تری وەک ئەنتۆنین ئارتۆدا زمان ئیدامەی دا بە "بوونێکی ئۆتۆنۆم" لەدەرەوەی جیهانی تەجریبیدا (44). فۆکۆ لە کۆتاییی کتێبی تەرتیبی شتەکاندا مەرگی خودی هیومانیستی مۆدێرنی لەم ڕستە

بەناوبانگەدا ڕاگەیاند: "لەبەرئەوەی مرۆڤ کاتێک دروستبوو کە زمان مەحکوم بوو بە پەرت و بڵاوبوونەوە، ئایا (مرۆڤ) پەرت و بڵاو نابێتەوە کاتێک زمان دووبارە یەک دەگرێتەوە؟ ... دەتوانیت بە دڵنیاییەوە گرەو بکەیت کە مرۆڤ وەک ڕوخسارێکی وێنەکێشراوی سەر لمی کەنار دەریا دەسڕێتەوە." (386 – 87).

لە کتێبی (کۆنترۆڵ و سزا)دا کە یەکەمجار لە ساڵی 1975 دا بڵاوکرایەوە، فۆکۆ ئارگیومێنتێکی هاوشێوەی خستەڕوو. کتێبەکە بە باسی لە سێدارەدانێکی سەیر دەستپێدەکات کە لە ساڵی 1757دا لە پاریس لەرێی ئەشکەنجەوە ئەنجامدەدرێت کە لەدواییدا فۆکۆ بەراوردی دەکات بە خشتە زەمەنیە نیزامیەکانی بەندیخانە خۆرئاواییە مۆدێرنەکان. لە یەکەم لێڕوانیندا، لەوانەیە خوێنەر گریمانە بکات کە فۆکۆ ئیدانەی ئەو ئەشکەنجە جەستەییە ترسناکەی سیستمی دادوەری پێش ساڵی 1789 دەکات، بەڵام وانەبوو. پێدەچێت لێرەدا فۆکۆ هاوسەدا بووبێت لەگەڵ نیتشە دا کە لەووتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت، "کاتێ مرۆڤ بەرامبەر دڕندەیی خۆی هێشتا شەرم نەیگرتبوو، ژیان لەسەر زەوی خۆشتر بوو لەچاو ئەوەی ئێستەیدا" (1967 , 67). فۆکۆ حیکایەتێکی مێژوویی پێکهێنا کە تیایدا مشتومڕی ئەمەی لای خـوارەوەی کرد: جیهانی مۆدێرنمان سزادانی ئاشکرا (عەلەنی) جێ گرتەوە بە سیستمێکی سزادانی نادیارتر کە مرۆڤانە تر و ناوەحشیانەتر دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر بە پێچەوانەوەیە. کۆمەڵگەی مۆدێرن نەریتی ئینزیباتی (دیسپلینکەر)ی نوێی داهێنا کە هەستپێنەکراوترن بەڵام لە هەمان کاتدا ئازاربەخشتر. ئەم میتۆدانەی کۆنترۆڵکردنی جەستە و عەقڵ تەنها لە بەندیخانەکاندا بوونیان نیە، بەڵکو خەرقی سەرانسەری کۆمەڵگەمان دەکەن لە دەزگای سەربازی و قوتابخانە و کارگە و شوێنەکانی تری کاردا. سەرباری ئەوەش، نەریتە دیسپلینکەرەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن لەلایەن ئەو هاوڵاتیانەوە هەرس و ئستیعاب دەکرێن کە هەڵدەستن بە چاودێریکردنی خۆیان. بە لای فۆکۆوە، ئەم نەریتە دیسپلینکەرە مۆدێرنانە لە ڕاستیدا ڕێ بە ئازادی کەمتر دەدەن لە چاو سزادانی جەستەیی ئەوسای شێت و تاوانباراندا. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە لە سەردەمی پێش-مۆدێرندا، تاکەکەس لانی کەم ئازادی ئەوەی هەبوو خۆی بە هەڵە دابنێت و بزانێت نامرۆڤانە ڕەفتاری لەگەڵدا کراوە. سەردەمی مۆدێرن ئەم مافی بەرگریکردنە دەسەنێتەوە لەرێی بە پزیشککردنی لادان (ئینحیراف) و تەحویلپێکردنی سزادان لە کردەیەکی کراوە و ئاشکرا (عەلەنی)ەوە بۆ کردەیەک کە شاراوەیە لە چاوی خەڵک.



لە بەرگی یەکەمی (مێژووی سێکشوالیتیی)دا، فۆکۆ خشتە زەمەنیەکەی بەرەو پێشەوە پاڵ پێوە نا، بەڵام ئارگیومێنتە بنەڕەتیەکە تەواو وەک خۆی مایەوە. کۆمەڵگەی پێش-مۆدێرنی ئەوروپی، و زۆرێک لە کۆمەڵگە تەقلیدیەکانی تر، سەرقاڵ بوون بە "بڵاوکردنەوەی خزمایەتیە"وە. بۆ نموونە، هاوسەرگیریی پشتی بەستبوو بە پلەوپایە و پەیوەندی خزمایەتی و پەیوەندی تەقلیدی تر لەنێوان شەریکەکاندا. لەنێو چینە دەستڕۆیشتووەکاندا، هاوسەرگیریی بەشێوەیەکی سەرەکی بریتی بوو لە بارهەڵگرێک بۆ گواستنەوەی ناوی خێزان و سەروەت و سامان. سەدەی هەژدە دەستگایەکی نوێی بەسەر تەرزی پێشوودا زاڵکرد کە فۆکۆ ناوی نا "بڵاوکردنەوەی سێکشوالیتی." هاوسەرگیریی یەک-هاوسەریی هیترۆسێکشواڵ (واتە هەبوونی یەک هاوسەر لە هاوسەرگیریدا —و-)، کە عادەتەن دەبوایە پشت ئەستوور بێت بە خۆشەویستی و ئەوین، بووە نۆرمە نوێیەکە. یەکەمجار بەسەر چینی بۆرژوا و دواتر بەرەبەرە بەسەر چینی کرێکاردا سەپێنرا.

فۆکۆ لەوباوەڕدا بوو ئەم تەرزانەی (هاوسەرگیریی — و-)، کە لەسەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا هاتنە کایەوە، ئاکامی ئێجگار کاریگەر و بەربڵاویان بۆ سەر کۆمەڵگە خۆرئاواییە مۆدێرنەکان هەبوو چونکە بوونە هۆی ئیختراقکردن و کۆنترۆڵکردنی جەستە و پێناسەگەلێکی نوێیان بۆ سێکشوالیتی هێنایە ئاراوە بەشێوەیەکی تەف×یلی کە بەردەوام لە فراوانبووندا بوو. ئەم پێناسانە چوار تەکنیکی بە سێکشواڵکردن (sexualization)ی لەخۆگرتبوو کە بەرامبەر بوون لەگەڵ چوار جۆر لە شازبوون (abnormalities) لە پزیشکناسیدا، 1 : "بە هیستریاکردنی ەەستەی ژن" کاتێ بە تەواوەتی پڕاوپڕ دەبێت بە سێکشوالیتی (Foucault 1978a, 104)، 2 قەدەغەکردنی دەستپەڕ لەلایەن منداڵانەوە، 3) تەنزیمکردنی توانستی منداڵبوون (خصوبە) و پێکهێنانی بەیانە ساختە-زانستیەکان دەربارەی خوێن و بۆماوە و میللەتە ژێردەستەکان (کۆڵنیاڵکراوەکان)، 4) بە نەخۆشی دەروونی سەیرکردنی کاردانەوەی کۆمەڵگە بۆ چێژی چەوت. لە ئەنجامدا، ڕۆڵی خێزان بوو بە "ڕاگرتنی لەنگەری سێکشواڵیتی و دەستبەرکردنی پشتگیری بەردەوام بۆی،" بەم پێیەش (خێزان) بووە "سەنتەرێکی ناچاری بۆ سۆز و هەست و خۆشەویستی" (108).

فۆکۆ بە تێگەیشتنەوە ئەوەی خستەڕوو کە چۆن"خێزان"ی نوێ نەیتوانی بەرگەی ئەو سنووربەندی (قیود)انە بگرێت کە بەسەریدا سەپێنرا و بەرەبەرە خۆی بۆ پشکنینی پزیشک و قەشە و پزیشکە دەروونناسی واڵاکرد. لەپڕ، ڕیزێکی تەواو لە

"شازبوونەکان" دۆزرایەوە. بواری نوێی دەروونناسی خستیە سەرخۆی کە هەستێت بە دووبارە قالّب دانەوە بە تاکە کەس بۆ ئەوەی بۆ تەرزە "ئاساییەکان"ی ژیان بیگونجێنێتەوە. لێرەدا، فۆکۆ هەستا بە لێوردبوونەوە لە شێوازەکانی ئیشکردنی دەسەڵاتی دیسپلینکەری وەک (بایۆ-پاوەر-Bio-power"ئیمتیحان کرد. گوتارە نوێیە پزیشکی و دەروونی و جەزائی و پەروەردەییەکان هەستان بە چاودێریکردن و ئاراستەکردن و قالّب بەخشین و "دەرمانکردنی" ڕەفتاری تاکە کەس. ئەم گوتارانە جیاوازی میعیاریی نوێیان دروستکرد: قانونی/ناقانونی، تەندروست/نەخۆش، ئاسایی/نائاسایی. لێرەوە، ئەوەی وا دەینواند سەربەستیخواز بێت — واتە قسەکردنی زیاتر لەسەر سێکس، و کرانەوەی زیاتر لەسەر پەیوەندیە سێکسیەکان، و نەهێشتنی کۆتوبەندە تەقلیدیەکان لەسەر نەریتە سێکسیەکان — لەراستیدا سەربەستیخواز نەبوو چونکە گوتارە نوێیەکان بەشداربوون لە پێکهێنانی فۆرمی نوێی لادان "ئینحیراف". بەکورتی، ئامانجی بیروبۆچوونی نوێی فۆکۆ بەرهەڵستیکردنی تیۆریەکانی سەردەمەکەیە (لەوانەش هەندێ فۆرمی فێمینیزم)، کە هەستان بە یەکسانکردنی سەردەمی پاش-ڕۆشنگەری بە سەرهەڵدانی دیموکراسی زیاتر و ئازادی زیاتر لانی کەم بۆ چینەکانی ناوەڕاست. بەم پێیە، لە هەر یەکێک لە نووسینە سەرەکیەکانیدا، فۆکۆ ئیمتیازی بەخشی بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە پێش-مۆدێرنەکان لەچاو ئەوانەی کە مۆدێرنن. لە کتێبی ( شێتی و شارستانیەتی)دا، مشتومڕی ئەوەی کرد کە ڕێنیسانس شێتی وەک ڕاستیەکی ژیان هەژمار کرد و تەنانەت ڕاددەیەکی دیاریکراو لە دانایی و داهێنانی پێبەخشی. لە کتێبی (کۆنترۆڵ و سزا)دا ووتی، ئەو نەریتە دیسپلینکەرە بە حساب وەحشیانەترانەی کە تا ناوەڕاستی سەدەی هەژدە زاڵبوون کەمتر مومارەسەی کۆنترۆڵکردنی جەستە و عەقڵیان کرد لەچاو فۆرمە مۆدێرنەکانی سزادانداد. لە کتێبی (مێژووی سێکشوالیتی)دا، بانگەشەی ئەوەی کرد کە هاوسەرگیریە پێش-مۆدێرنەکانی نوخبەکان، کە پشت ئەستوور بوون بە نزیکایەتیە سیاسی و ئابووریەکان، ڕێیان بە ئازادی سێکسی زیاتر دابوو لەوانەش پەیوەندیە هاوڕەگەزیەکان، و لێرەوە پەسەندکراوتربوون کاتێک بەراورد دەکران بە هاوسەرگیریە یەک-هاوسەریە فرەرەگەزەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوای مۆدێرن و دەسەڵاتی ئاساییکەرەوەیان. دەشێت ڕەخنەی یەکلایەنەی فۆکۆ لە مۆدێرنیتی و سووککردنی ئەو بۆ ڕاددەی توندی وکۆتوبەندیی نەریتە دیسپلینکەرەکانی دونیای پێش مۆدێرن - لەوانەش کە سێکشوالیتی ژنیان کەلەپچە دەکرد- پەیوەندیە



گرفتئامێزەکەی ڕوونبکەنەوە بەم مەسەلەیەی مافەکانی ژنانەوە، کە بابەتێکە ئێمە ئێستە دەچینە سەری.

## فۆکۆ و فێمینیزم: پەیوەندیەکی بێ ئاڵوگۆڕ

لە نووسینەکانی فۆکۆدا، زۆر کەم لەسەر ژنان و مافەکانە ژنان بەدیدەکرێت. لەهەمان کاتدا، نووسینە تیۆریەکانی فۆکۆ کاریگەریەکی یەکجار گەورەیان هەبووە بەسەر نەوەیەک لە کەسایەتی ئەکادیمی فێمینیستەوە، هەرچەندە هەڵوێستی ئەو بەرامبەر فێمینیزم ئاڵۆز بووە و تەنانەت هەندێ جار بەلایەوە شایانی ڕەچاوکردنی جیدی نەبووە. هەروەک زۆرێک لە بەشدارانی بەرگی ساڵی 1998 ی دایەمۆند و کوینبی مشتومڕیان لەسەر کردووە، فێمینیزم و فۆکۆ لەسەر چەندین خاڵ سەبارەت بە تیۆریەکانی دەسەڵات لە یەکتری نزیکدەبنەوە. هەردووکیان جەستە وەک شوێنێک بۆ دەسەڵات دەستنیشان دەکەن، شوێنێک کە هەژموون (هیمنە) ی لەسەر دروستدەکرێت و دەستەمۆبوونی لێوە بەرهەم دێت. هەردوولا ئاماژە دەدەن بە ئیشکردنە ووردەکانی دەسەڵات لە هەموو بوارەکانی ژیاندا (خێزان، ئابووری، زانست، یاسا، ئەدەب و هتد)، لەبری ئەوەی تەنها تەرکیز بخەنە سەر دەسەڵاتی دەوڵەت یان سەرمایە. هەردوولا قسە لە ڕۆڵی یەکجار گرنگی گوتار دەکەن لە دروستکردنی دەسەڵاتی هەژموونیدا و لە کەشفکردنی ئەو تەحەدیە شاراوانەی کە لەوانەیە لە گوتارە پەراوێزخراوەکانەوە سەرهەڵبدەن. 10 لە ئاکامدا، ژمارەیەک لە فێمینیستەکان زانیان کە تێگەیشتنە تیۆریەکانی فۆکۆ لە ئیشەکانی وەکو کۆنترۆڵ و سزا و بەرگی یەکەمی مێژووی سێکشوالیتیدا زۆر زۆر گرنگن بۆ کاری خۆیان (بارتکی 1990، بۆردۆ 1988، دوقۆ 1994، ساویکی 1988، هێکمان 1990، بەتلەر 1990). فێمینستی تر درکیان بەوە کرد کە چەمکی تەکنەلۆژیاکانی خود لای فۆکۆ، کە لە ئیشەکانی دواتریدا دەرکەوت لە 1980، سوودی هەیە چونکە فۆکۆ لە تەرکیزکردنی تایبەتی خۆی لە سەر فۆرمە هەژموونیەکانی دەسەڵات یان تەکنەلۆژیاکانی هەژموونەوە جوڵا بەرەو چەمکێکی پەرشوبڵاوتری دەسەڵات. ئەم چەمکەی ئەخیریان تەرکیزی خستە سەر بەرهەمهێنانی دەسەڵات لەرێی چەند مەشقێکی کۆمەڵایەتی و کلتوری دیاریکراوەوە. مەبەست لەم تەکنەلۆژیایانە دروستکردنی ژیانی کەسێک بوو هەر وەکو چۆن یەکێک کارێکی هونەری دروستدەکات (واتە ژیانی دەبێتە کارێکی داهێنەرانە -و-). ئەم چەمکە تازەیەی دەسەڵات دانی نا بەوەدا کە تاکەکەسەکان ئاستێکی دیاریکراویان

له ئۆتۆنۆمی و هێز مومارەسەکردووە. خەڵک چەند تەتبیقێکی دیاریکراویان له زەخیرەی دەستەبەری عورفە کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان هەڵبژاردووە لەپێناوی ئەوەی بیانگۆڕن، "بۆ ئەوەی ژیانیان بکەنە کۆکارێک کە چەند بەهایەکی جەمالی دیاریکراو هەڵدەگرێت و چەند پێوەرێکی شێوازیی (stylistic) و تەکنیکی دیاریکراو بەدی دەهێنێت" (Foucault 1985, 10 – 11). ئەو کەلێنانەی دەکەونە نێوان "تەکنەلۆژیاکانی باڵادەستی" و "تەکنەلۆژیاکانی خود"ەوە خاڵێکی هاوسەنگیی هەمەلایەنیان دروستکرد کە لەوێدا پێکەوە ژیانێک هەبوو لەنێوان ئەو تەکنەلۆژیایانەی کە زۆرلێکردنیان بەسەر جەستەوە سەپاند لەگەڵ ئەو تەکنەلۆژیایانەی کە خود بەسەر خۆیدا سەپاندبووی. 11 لوا ماکنەی دەنووسێت، چەمکی تەکنەلۆژیاکانی خود لای فۆکۆ چەمکێکی بەسوودە بۆ سیاسەتی فێمینیستیانەی جیاوازی، کە لەوێدا چیدی ژنان وەک "قوربانی بێ دەسەڵات و بێ تاوانی بونیادە کۆمەڵایەتیە پیاوسالارەکان" سەیرناکرێن (1992 , 67). نەک تەنها لە خۆرئاوا، بەڵکو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، ژنان خۆشیان دەستیان هەبووە لە ملکەچپێکردنی ژنانی تر لەڕێی بەکارهێنانی ئیمتیازاتەکانی چین و نەژاد و ئیتنیک و پایە بڵندیەوە کە پەیوەستن هەیە بە نیزانمی پیاوسالاریەوە. هەروەها تەتبیقی جیاوازی خودیان بەکارهێنا بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی ژیانیان بە ێێوازی تازە، بەڵام نەک هەمیشە بەگوێرەی درککردنە فێمینیستیەکان (Kandi-yoti 1991, Afary 2001).

بەڵام مێژوونووسان و فەیلەسوفان ڕەخنەیان لە کاری فۆکۆ گرت لەبەر ئەو هەڵانەی لەراستیەکاندا بەدی دەکرێن سەبارەت بە جێندەر لە ئەوروپای مۆدێرندا و هەروەها لەبەر پشتگوێخستنی غەمە فێمینیستیەکان بە تایبەتی لەسەر مەسەلەکانی وەک پیدۆفیلیا (pedophilia) و لاقەکردن و هاوسەرگیریی یەک-هاوسەریی. 12 فەیلەسوفی فێمینیستی بەریتانی کەیت سۆپەر مشتومڕی ئەوە دەکات کە سەرباری تێوەگلانی کەمی فۆکۆ بە نووسینی فێمینیستیەوە، تەنانەت بە بەراورد بە لاکان و دێریدا، جیابوونەوەی کلینیکیی ئەو هەڵدەستێت بە پەردەپۆشکردنی "تا ڕاددەیەک دیمەنێکی نێر-سەنتەرانەی نابابەتیتر." ئەم "نێر-سەنتەریزمە شاراوەیە" وا فۆکۆ پیشان دەدات کە بێ باک و ناهەستیارە بەرامبەر غەمە فێمینیستیەکان (Soper 1993, 29). سۆپەر ئاماژە بەوە دەدات کە کلتور هەمیشە ڕۆڵێکی ناوبژیکەرانە دەگێڕێت لەنێوان سێکشوالیتی و جەستەدا، بەڵام جێندەر و سێکس بە



تەواوی دروستکراوی کلتوری نین. کۆمەڵیک حەقیقەت هەیە پێشوەخت مشتومڕی لەسەر کراوە و دەبێت دانیان پێدابنرێت. فۆکۆ ئەو فۆرمە دیاریکراوانە پشتگوێ دەخات کە دەسەڵات تیایاندا مومارەسە دەکرێت لەهەر "کۆمەڵگەیەکی هەرەمی سێکشواڵدا" (39). هەروەها وەک ساندرا بارتکی (1990) ووتی، فۆکۆ توخنی ئەو جیاوازیانە ناکەوێت کە لە نێوان ئەو ئیجرائاتە دیسپلینکەرەکانەدا هەیە کە ئیش لەسەر جەستەی ژن دەکەن بە بەراورد بەوانەی سەر جەستەی پیاو. فۆکۆ بۆتە جێگەی ڕاکێشانی سەرنجی دەوروبەری بەهۆی "لێکدابڕانی بتشکێنەرانەیەوە لەگەڵ ئەو دوو حیکایەتە گەورەیە'ی کە یەکێکیان مارکسیزمە و ئەوی تریان دەروونشیکاریە" کە فێمینیستەکان پشتیان پێبەستبوو. (لە پەیوەندا بە مارکسیزم و دەروونشیکاریەوە -و-)، پەرەدایمی فۆکۆ فێمینیستەکانی لە هەردوو حەتمیەتی ئابووریناسی و ئەزموونی منداڵی ڕزگار کرد، بەڵام تێگەیشتنی ئەو بۆ چەمکی دەسەڵات بە تەواوی تیۆریزە نەکرا. بەیەکدادانێک هەیە لەنێوان "حەزێکی وجودیانەی ئارگیومێنتەکەی و هەڵوەشاندنەوە بێ ڕەحمانەکەی بۆ خودی ئۆتۆنۆمی سەردەمی ڕۆشنگەری" (Soper 1993, 36). لەم تێگەیشتنە تاکگەرایەی خوددا، پەسەندە سەربەست بیت لە هەموو ئەرک و پاپەندبوونەکان لە هەوڵی گەڕان بەدوای چێژدا. تا ڕاددەیەک وەکو "تاکە یەکەیەکی سێکسی" وایە کە "تەنها بەرپرسە لە فەرمانەکانی چێژە شەخسیەکانمان" و بە تەواوی تەجرید بووە لە مەسەلەکانی پێویستی ناشەخسی. سۆپەر لە دەرەنجامدا دەڵێت فۆکۆ لە (مێژووی سێکشوالیتی) دا داکۆکی لە "تێگەیشتنێکی تاکگەرا و نارسیسیانەی سەربەستی" دەکات. ئەمەش بەپێی پێویست هاوتەریب نیە لەگەڵ تێگەیشتنی فێمینیستیانەدا بۆ سەرفرازی (emancipation)، بەڵکو، ڤێرژنێکی تری "تاکەکەسی ئاشنا و پەراوێزخراوی تیۆری لێبراڵە" (36).

گفتوگۆی فۆکۆ لە (مێژووی سێکشوالیتی)دا لەسەر گریمانەی سەرکوتکەرانە (بە زەبروزەنگ) شایستەی سەرنجدانێکی تایبەتیە، بە تایبەتی لە پەیوەندیدا بە چەمکی تاکگەراییانەی ئازادیەوە لای ئەو و ئامادەنەبوونی بۆ کەشفکردنی داینەمیکیەتەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگەیەکدا کە لەرووی سێسکسیەوە هەرەمیانە پلەپەندی بۆکراوە. 13 فۆکۆ دەنووسێت: لەساڵی 1867 دا، گێلە جوتیارێکی پیاو لە گوندی لاپکۆرت لای قایمقام لە لایەن مناڵە لاسارەکانی دەوری لە گوندەکە ڕاپۆرتی لێدەدرێت بەهۆی ئەوەی "چەند جارێکی کەم دەستی هێناوە بە کچێکی منداڵدا، هەروەک چۆن لەوەو بەر کردوویەتی و بینراویشەکردوویەتی ... و (ئەم

جوتیاره وویستی هەبووە) ئەو گەمە ناسراوە بکات کە پێی دەڵێن شیری مەییو."

دایک و باوکی کچەکە لای قایمقام سکاڵا دەکەن. پۆلیس ئاگادار دەکرێتەوە، جوتیارەکەش لەلایەن پزیشکەوە دەپشکنرێت، پاشان دەبرێتە بەردەم دادوەر و تۆمەتبار دەکرێت، هەرچەندە دوایی بڕیاری بێ تاوانی دەردێت و ئازاد دەکرێت. ئەوەی زۆر مایەی بێزاریە دەربارەی ئەم چیرۆکە ڕووداوەکە نیە بە زۆری، کە زیاتر لە سەدەیەک لەمەوبەر ڕووی داوە، بەڵکو کۆمێنتی ساڵی 1976ی فۆکۆیە لەسەری: "شتە گرنگەکە چیە دەربارەی ئەم چیرۆکە؟ لە هەمووی بێنرختر ئەو حەقیقەتەیە کە ئەم ڕووداوە ڕۆژانەییانە لە ژیانی سێکسی گونددا، ئەم چێژە دیهاتیە بێ ئەهمیەتانە، دەشێت، لە زەمەنێکی دیاریکراودا، ببنە بابەتی نەک تەنها نالێبوردەیی دەستەجەمعی بەڵکو بشبنە بابەتی ئیجرائاتی دادوەری و دەستێوەردانی پزیشکی و پشکنینی کلینیکی پڕدیققەت و درێژەپێدانێکی تەواوی تیۆری" (Foucault 1978a, 31). ئێمە دەزانین کە شەڕکردن دژی دەستدرێژی و هەراسانکردنی سێکسی جەوهەری کاری بزوتنەوەی فێمینیستی بووە. ئایا فۆکۆ هەوڵی داوە گوتاری هاوچەرخی فێمینیستی لاواز بکات لەرێی ناوبردنی ناڕەزایی دەربڕین دژی دەسدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵ بە نمونەیەکی "نالێبوردەیی دەستەجەمعی"؟ 14 یاخود دژایەتیکردنی ئەو بۆ دەسەڵاتی دەوڵەتی مۆدێرن، بە تایبەتی کە ئەم جۆرە دەوڵەتە سێکشوالیتی تەنزیم دەکات، ئەوەنە یەکلایەنە بوو کە توانی بەرامبەر ئەو دەستێوەردانە دەوڵەتیەی لەم جۆرەش بووەستێتەوە؟ یان ئەمە نموونەیەکی پەراوێزکەوتووی هەڵوێستی فۆکۆیە لەسەر ئەم مەسەلانە؟ لەماوەی کامپینی بە تاوان ناساندنی کردەوەی سێکسی لەنێوان گەورە و ئەو منداڵانەدا کە خوار تەمەنی پانزە ساڵن لە فەرەنسا، فۆکۆ دژی کامپینەکە وەستایەوە و مشتومڕی ئەوەی کرد کە سێکشواڵیتی ئیشی یاسا نیە (Alcoff 1996).

خوێندنەوەیەکی بەدیققەتی دوو بەرگە بـەدوای یەکداهاتووەکەی مێژووی سێکشواڵیتی، کە هەردووکیان یەکەمجار لە ساڵی 1984 دا بڵاوبوونەوە بە ناونیشانەکانی بەکارهێنانەکانی چێژ و بەتەنگەوەچوونی خود، چونیەکانە دەیخەنەروو کە تێفکرینی کورتی فۆکۆ دەربـارەی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵ، وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، سەرلێشێوان نەبووە. دەتوانین ئارگیومێنتی ئەوە بکەین کاتێ بابەتی گفتوگۆ سێکسە و ئەوانەشی دەستپێشخەری دەکەن بەمەبەستی سێکس پیاوی گەورەن، لەکاتێکدا ئەو جەستەیەی قسەی زۆری



لەسەرکراوە و سێکسی لەسەر ئەنجامدەدرێت هی منداڵان یان هەرزەکارانە (کوڕ بن یان کچ)، ئەوا فۆکۆ لەپڕ دەست هەڵدەگرێت لە ڕاوبۆچوونە ژیرانەکانی لەسەر جەستە، جەستە بە سیفەتی ئەوەی کە شوێنێکە بۆ دەستەمۆکردن لە ڕێگەی وورده کرداری دەسەڵاتەوە. 15

نانسی فرەیزەر بە ئاماژە دان بە چەندین ئاڵۆزیی لە چەمکی دەسەڵاتدا لای فۆکۆ دێتە ناو ئەم جەدەلەوە. فۆکۆ پێداگری لەوە کرد کە دەسەڵات هەموو شتێک خەرق دەکات و "کلتورە خاڵیەکان لە دەسەڵات، و تەتبیقە کۆمەڵایەتیەکان، و مەعریفەکان، لە ڕووی مەبدەئیەوە مەحاڵن." هەروەها بانگەشەی ئەوەشی کرد کە وەسفی خۆی بۆ دەسەڵاتی مۆدێرن "لە ڕووی میعیاریەوە بێ لایەن" بووە. هەرچەندە وەسفی فۆکۆ بۆ تەوەری دەسەڵات/مەعریفە پڕە لە دەستەواژەی وەک "هەژموون" و "ملپێکەچکردن" (Fraser 1989, 29). تەنانەت کاتێک مرۆڤ هاوڕا دەبێت لەسەر ئەوەی کە هەموو نەریتە (تەتبیقات)ە کلتوریەکان پەیوەندیە دەسەڵاتیەکان لەخۆدەگرن، فرەیزەر هەندێ کێشەی جیدی دەبینێتەوە لە تێگەیشتنی فۆکۆدا بۆ دەسەڵات: "پەیڕەوی ئەوە ناکات کە هەموو فۆرمەکانی دەسەڵات لەرووی میعیاریەوە یەکسانن، یان کە هەر یەکێک لە نەریتە کلتوریەکان هێندەی هەریەکێک لەوانەی دی باشن. لە ڕاستیدا، جەوهەریە بۆ پرۆژەکەی فۆکۆ خۆی کە دەتوانێت کۆمەڵە باشترەکانی نەریتەکان و فۆرمەکانی سنووربەندی لە (کۆمەڵە) خراپترەکان جیا بکاتەوە. بەڵام ئەمە پێویستی بە سەرچاوەی میعیاری گەورەتر هەیە لەوەی کە ئەو هەیەتی" (32). فرەیزەر نابەدڵانە بەراوردی فۆکۆ دەکات بە ماکس ڤیبەر و هابرماس. بە پێچەوانەی ڤیبەرەوە، فۆکۆ جیاوازی سیستماتیکیانەی نەکرد لەنێوان فۆرمە جیاجیاکانی دەسەڵاتدا وەک "دەسەڵاتی حوکمکردن، هێز، توندوتیژی، هەژموون و شەرعیەت." هەرچەندە، بەپێی عورفی نیتشە و تیۆریستە ئەوەڵینەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت تیۆدۆر ئادرنۆ و ماکس هۆرکهایمەر، فۆکۆ ڕەخنەی لە عەقڵانیەتی خۆرئاوا گرت. ئەمە بەرەوە کۆتاییەکی مەرگئاسای برد، لەبەر دوو هۆ، وەک فرەیزەر دەرەنجامگیری بۆکرد. یەکەم، هیچ پێوەرگەلێکی پێشنیار نەکرد بۆ جیاکردنەوەی ئەو فۆرمانەی دەسەڵات کە هەژموون و ملکەچکردن ئەنجام دەدەن لەگەڵ ئەوانەی کە گوزارشت لە پاڵنەری سەربەستیخواز دەکەن. دووەم، پشتگیری کرد لە "ڕەتکردنەوەیەکی یەکلایەنە و بەجوملەی مۆدێرنیتی،" بەبێ پێشنیارکردنی هیچ شتێک لەبری (33). ئەم

هەڵوێستە لە "دیالێکتی سلبی" ئادرنۆی کۆچکردوودا تا ئەوکاتە لانەچووبوو.
دەشێت گرژی نێوان فێمینیزم و فۆکۆ لەو کارانەیدا بەدی بکرێت کە لەسەر دیراساتی سێکشوالیتی ئەنجامی داون. فۆکۆ لە دوا دوو کتێبی بڵاوبووەوەیدا ڕووی کردە جینالۆجیای پەیوەندیە هاوڕەگەزە (نێرینەکان) لە دونیای گریکۆ-ڕۆمانیدا. بەڵام بەدڵ پشتگیریکەرێکی بزوتنەوەی ئازادی (گەی و لێسبیان)ەکان نەبوو لە فەرەنسا و خۆرئاوای ئەوروپا لە 1970 کاندا. هاوبەشیی حەماسەتی نوێی "شانازیی گەیەکان" نەکرد. لەوە دەترسا کە ئەو پێداگریە نوێیە لەسەر شێوە ژیانێکی هاوڕەگەزبازانە ببێتە مایەی بەردەوامیدان بە دابەشبوونە دووانەییەکەی نێوان فرەڕەگەز (ئاسایی) و هاورەگەز (نەخۆش) لە دونیای مۆدێرندا. بە بۆچوونی ئەو، پشتگیریکردنی شوناسێکی هاوڕەگەزباز واتە دانان بە نەخۆشبوونی مرۆڤدا، چونکە "خیانەتکردن لە یاسای ئاساییبوون واتە بەردەوامبوون لە دانان بە بوونیدا (واتە بوونی ئەو یاسای ئاسایی بوونەدا —و)" (cited in Nye 1996, 234). دەبوایە مرۆڤ بە یەکجارەکی خۆی دابڕێنێت لە چەمکی هەبوونی چێژێکی دیاریکراو لە هاوڕەگەزبازی و ڕێبازی "polymorphism" پەیڕەو بکات کە ئەم ڕێبازە دانانی هەر سنوورێکی ڕەتدەکردەوە لەسەر بابەتی حەزی سێکسی هەر کەسێک. تەنها بەم شێوازە دەکرا "سیستمە کۆنەکانی حەز و ڕەغبەت" هەڵبوەشێنرێنەوە (Nye 1996, 235). 16

## دانپیانانە مەسیحیەکان

تا کوێ دەتوانین دوالیزمی کۆکاری فۆکۆ درێژ بکەینەوە؟ ئایا دەتوانین پێشنیاری کرۆکێکی لاهووتی دەرکەوتووش بکەین بۆ گووتارەکەی ؟ لە کۆتاییی ساڵی 1970 دا فۆکۆ دەستی بە کەشفکردنی "روحانیەتێکی سیاسی" نوێ کرد، زۆر بە دیاریکراویش لە نووسینەکانیدا لەسەر ئێران. تەواوی سەرنجی خۆی دایە ئەدەبیاتی ڕەهبانی مەسیحی و تێکستی ئایینی خۆرهەڵاتی. وادیاربوو ئەم کەرەستەیە پێویست بووبێت بۆ بەرگی چوارەمی پلان بۆ داڕێـژراوی مێژووی سێکشواڵیتی، کە تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە، چونکە فۆکۆ داوای کرد لە "پاش مەرگی خۆی هیچ شتێکی بڵاو نەکرێتەوە" (cited in Carrette 1999, 46). جێرەمی کارێت، موحەریری کتێبی ئایین و کلتور: میشێل فۆکۆ (1999)، و فەیلەسوفی یەسوعیی جەیمس بێرنۆوێر، کە پێشەکی بۆ ئەم کتێبە نووسیوە، هەردووکیان دەڵێن دەکەن کە فۆکۆ لەراستیدا بە دوورودرێـژی نەخشەی بۆ



ڕووحانیەتێکی تر دادەڕشـت. بێرنۆوێر وەسفی ئەمەی کرد وەک "شێوازێکی مەسیحیانەی سەربەستیی کە بە تەنگەوەچوونی خـودی بەستووەتەوە بە قوربانیدان و سەرکوتکردنی شەهواتەکانی ئەو خـودەوە" (Bernauer, in Carrette 1999, xiv). ئەم ڕووحانیەتە نوێیە دونیای ڕەت نەدەکردەوە، بریتی بوو لە "وجودێکی ڕووحی" کە خودەکانی بۆ نهێنیەکانی خۆیان و ئەوانی تریش ئاشکرا دەکرد (xv). 17 فوکۆ ئەو چەمکەی ڕەتکردەوە کە دەیوت دونیای مەسیحی پێش-مۆدێرن زەمەنی تەقەشوفی سێکسی بووبێت. "هەرگیز تێگەیشتنێکی هێند دەمودەست سروشتی بۆ سێکشواڵیتی نەبووە و هەرگیز خۆشنوودیەکی گوزارشتکردن' لێی بوونی نەبووە لەچاو ئەوەی جیهانی جەستەی مونحەل لە ڕووی ئەخلاقیەوە و جیهانی گوناە هەیبووە" (Foucault 1963, 57). ئـارەزووی فۆکۆ بۆ شۆڕشی ئێرانی بە ئاشکرا پەیوەندی هەبوو بە بێ ئەندازەیی شەیدابوونیەوە بۆ چەمکی "ڕووحانیەتی سیاسی". هیواخوازبوو ئەم ئایدیا نوێیە کەشف بکات، نەک تەنها لەڕێی گەڕانەوەوە بۆ نەریت و سرووتەکانی کەنیسەی سەرەتاییەوە، بەڵکو لەرێی گەڕانەوەوە بۆ (ئەم ئایدیایە) لە کۆمەڵگە نامەسیحیەکانیشدا (Carrette 1999, 43). لە ساڵی 1979 دا، فۆکۆ گەشەی بە هێرمۆنۆتیکێکی نوێ دا بۆ مەسیحیەت، خوێندنەوەیەکی ئەو سروت و تەکنیکە مەسیحیانەی کە چەمکێکی نوێی ڕووحانیەتیان لەخۆگرتبوو، چەمکێک کە ئومێدەواربوو بگونجێت لەگەڵ هەڵوێستەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا بەرامبەر سێکشواڵیتی (Hadot 1992).
لە مانگی نیسانی 1978 دا، تەنها چەند مانگێک پێش سەردانەکەی بۆ ئێران، فۆکۆ هێڵە بەرفراوانەکانی کاری داهاتووی خۆی لە وانەیەکد لە زانکۆی تۆکیۆ خستەروو. پێداگریکرد لەسەر کۆنتراستی ناسراویی لە نێوان خۆرهەڵات، لێرەدا دووبارە دونیای گریکۆ-ڕۆمانی تێدەکات وەک بەشێک لە خۆرهەڵات، و خورئاوادا. ئەوەندەی نەبرد، بە ڕاشکاوی، گەیشتە ئەم دەرەنجامەی خـوارەوە: گوتاری سێکشواڵیتی زۆر خێرا بەرەو گوتارێکی زانستی گەشەی کرد لە خۆرئاوا، لە کاتێکدا،لە خۆرهەڵات، (گوتاری سێکشواڵیتی) لە دەوری چەند میتۆدێک شکڵی وەرگرت کە هەڵدەستان بە چڕکردنەوەی چێژ، بەم پێیە ئەم گوتارەی سێکشواڵیتی لە خۆرهەڵات هەستا بە پێکهێنانی "سێکشواڵیتی وەک هونەرێک". خۆرهەڵات خاوەنی هونەرە ئیرۆتیکیەکان بوو، و خۆرئاواش خاوەنی زانستی سێکس. ئەمانە "دوو گوتاری تەواو جیاواز بوون کە سەربە دوو جۆر کۆمەڵگە بوون چونیەکانە

جیاواز“ (Foucault 1978b, 119).

لەم پێکهاتەیەدا دەربارەی ”دوو گوتاری تەواو جیاواز،“ فۆکۆ زۆر بەدڵنیاییەوە لە دونیای ئیستشراق (Orientalism)دا بوو. ئەم چەمکەی دووگووتاری جیا بە دڵنیایەوە هەڵە بوو لە پەیوەندیدا بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە. گەر نموونەیەک وەرگرین لەوانە، نووسینەکانی زانا و فەیلەسوفەکانی وەک ئیبن سینا (980 – 1037 زایینی) دەربـارەی تەشریح کە لە دەزگا پزیشکیە ئەوروپیەکاندا هەتاوەکو سەدەی حەڤدە دەوترانەوە. بەم پێیە، فۆکۆ جۆرێک لە هاوچەشنی (homogeneity) دەسەپاند بەسەر فیکری خۆرهەڵاتیدا کە لەوەدەچوو (ئەم فیکرە خۆرهەڵاتیە) ناکۆک بێت لەگەڵ ڕەتکردنەوەی چەندبارە گوزارشتلێکراوی (فۆکۆدا) بۆ میتا-حیکایەتەکان (metanarratives). لە ساڵی 1978 دا، دابەشکردنی مێژووی سێکشواڵیتی خۆرئاوای زیاد کرد بۆ سێ سەردەم: گریکۆ-رۆمانی، مەسیحی، بۆرژوا:

**سەردەمی یەکەم**: کەلەپوری یۆنانی و ڕۆمانی، کە سێکشواڵیتی تیایدا ئازاد بوو، بێ کۆسپ گوزارشتی لەخۆی دەکرد، و کاریگەرانە گەشەی کرد، لە هەر حاڵەتێکدا، تەرخان بوو بۆ گوتارێک لە فۆرمی هونەرێکی ئیرۆتیکیدا. دواتر مەسیحیەت خۆی تێهەڵدەقورتێنێت، مەسیحیەت کە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆرئاوادا، قەدەغەیەکی گەورەی بەسەر سێکشواڵیتیدا سەپاند، کاتێ ووتی ”نەخێر“ بە چێژ و بەهەمان ئاواز وای بە سێکسیش ووت. ئەم ”نەخێر“ە، ئەم قەدەغەیە، بووە مایەی بێدەنگی لەسەر سێکشواڵیتی، بێدەنگیەک لەسەر سێکشواڵیتی کە لەبنچینەدا لەسەر ئەم قەدەغە ئەخلاقیانە دامەزرابوو. بەڵام بۆرژوا، کە لە سەدەی شانزەدا دەستی پێکرد و خۆیان لە بارودۆخێکی پڕ هەژموندا دۆزیەوە، بارودۆخێک لە دەسەڵاتی ئابووری و هەژموونی کلتوری، تا ڕاددەیـەک (مەسەلەی سێکشواڵیتیان —و) دووبارە بۆخۆیان بەدەستیانهێنایەوە، لە پێناوی ئەوەی —توندوتیژانەتر و بە ئامرازی سەختگیرتر- دووبارە ئەم زوهدە مەسیحیە، و ئەم ڕەتکردنەوە مەسیحیانەیەی سێکشواڵیتی تەتبیق بکەنەوە، و لە ئاکامدا درێژەیان پێدا هەتاوەکو سەدەی نۆزدە، کە لەوێ، لە کۆتاییدا، لە دواییینترین ساڵەکانیدا، دەستمان کرد بە داماڵینی پەردەپۆشەکە بەهۆی فرۆیدەوە. (Foucault 1978b, 120, emphasis added)



لێرەدا، فۆکۆ بە دڵنیاییەوە درکی بەو سنوورانە کرد کە مەسیحیەت سەپاندبووی بەسەر سێکشواڵیتیدا. وەک لەخوارەوە دەیبینین، ئاماژەشی بەوەدا کە کلتوری ڕۆمانی پێشتر زۆرێک لەو قەدەغانەی دروستکردبوو کە ئێمە دەیانخەینە پاڵ مەسیحیەت و ئەوەش کە چینی بۆرژوای مۆدێرن ئەم قەدەغانەیان بە شیدەتێکی پڕدیققەتەوە تەتبیقکردبوو کە لەسەردەمی مەسیحیدا نەویسترابوون: ”فرە-هاوسەرگیرییی، چێژی دەرەوەی هاوسەرگیریی، بەهابەخشین بە چێژ، بێباکی (سێکسی) بەرامبەر منداڵان، پێشتر بە شێوەیەکی بنچینەیی لە دونیای ڕۆمانیدا پێش مەسیحیەت دیار نەمابوون“ (121). تەنها تاقمێکی دەوڵەمەندی بچووک ملیان نەدا بۆ ئەم قەدەغانە. بە زیادکردنی بەرپرسیارێتی چەمکە ئەخلاقیە ڕۆمانی و بۆرژواکان بەرامبەر قەدەغە مۆدێرنەکانی سەر سێکشواڵیتی، ئایا فۆکۆ هەوڵی دەدا باری سەرشانی کەنیسە کەم بکاتەوە لە دانانی ئەم قەدەغانەدا و بەو هیوایەی دیمەنێکی پەسەندکراوتر بۆ مەسیحیەتی سەدەکانی ناوەڕاست بخاتەڕوو؟ پێشتر، لە بەرگی یەکەمی (مێژووی سێکشواڵیتی)دا، فۆکۆ پێداگری کردبوو لە بەردەوامیی نێوان میتۆدە مەسیحیەکانی دانپیانان و تەکنیکە مۆدێرنەکانی دەروونشیکاری و زانستی وانەووتنەوە. مشتومڕی ئەوەی کرد کە تەکنیکەکانی دانپیانان لای مەسیحیەت، لەوانەش پێویستی کەشفکردنی هەموو بیرکردنەوە گوناهکارانە و بەدەکان بۆ قەشەیەک، بەرەبەرە ڕەهەندی سرووتئامێزی خۆیان لەدەستدا. هەروەها (ئەم تەکنیکانەی دانپیانان —و) تایبەنمەندێتی خۆشیان لەدەستدا، و پەرشوبڵاوبوونەوە بە پەیوەندیەکانی تردا، ئیدی ئەو پەیوەندیانە ئەوانە بن کە نێوان ”منداڵ و دایک و باوکدا هەن یاخود لە نێوان قوتابی و مامۆستا، نەخۆش و دەروونناس، یان نەوجەوان و پسپۆڕدا هەن.“ لەبەر ئەوە بە هاتنی سەدەی نۆزدە ”زیاد لە پێویست گووتار لەسەر سێکشواڵیتی لە ئارادا هەبوو نەک کەم“ (Foucault 1978a, 65). تەنها دوو ساڵ دواتـر، لە ساڵی 1978دا، پێدەچوو فۆکۆ دوورکەتبێتەوە لەم تەکیزکردنەی سەرەتای لە بەردەوامیی نێوان میتۆدەکانی دانپیانان یان تۆبە و تەکنیکی مۆدێرنی دانپیاناندا. دواتر، ئارەزووی زیاتر لە جیاوازیەکانی نێوان تەکنیکە دیسپلینکەرە ڕەهبانی و مۆدێرنەکاندا هەبوو.

قەشە داوای ملکەچبوونی لە ڕەعیەتی خۆی دەکرد، و باوەڕدارانیش پێویست بوو لەسەریان دان بە هەموو ڕاستیەکاندا بنێن بۆ قەشە. بەڵام فۆکۆ لێرەدا ئەوەی دووپاتکردەوە کە، بە پێچەوانەی دەروونناسی مۆدێرنەوە، قەشە ناونیشانی

نائاساییبوونی (شازبوون)ی نەدەخستە پاڵ خەڵک. [18] ئەو گریمانەیەی کە دەشێت هەموو مرۆڤەکان لەلایەن شەیتانەوە فریو بدرێن ئەوەی دەگەیاند کە دەکرا تۆبەکردن لەڕێی دانپیانانی ڕاستەقینەوە بەدی بێت. لێرەدا ڕووندەبێتەوە کە مەسیحیەت هەستا بە پێکهێنانی "ئەخلاقێکی میانڕەو" لەنێوان زوهد و کۆمەڵگەی مەدەنیدا: "هەرگیز جەستەی مەسیحی وەک خراپەیەکی موتڵەق وێنا نەکراوە کە پێویستبوو بێت وازی لێبهێنرێت، بەڵام وەک سەرچاوەیەکی ئەبەدیی فریودان، لەناو زاتیبوون و لەناو تاکەکاندا، سەرکێشی ئەوەی کردووە کە تاکەکان ببات بەرەو ئەودیو ئەو سنوورانەی کە لەلایەن ئەخلاقی گشتیەوە سەپێنراون: هاوسەرگیریی، تاک-هاوسەرگیری، سێکشواڵیتی لەپێناو بەرهەمهێناندا، سنووردارکردن و قەدەغەکردنی چێژ" (Foucault 1978b, 126).

هەروەها فۆکۆ جیاوازی لەنێوان میتۆدە زارەکیەکانی دانپیانان و میتۆدە فیزیکیەکانی تۆببەدا کرد. هەوڵی دا بۆ دارشتنی ئەو "تەکنەلۆژیا نوێیانەی خود" کە پشت ئەستوور بوون بە سرووتە کۆنەکانی مەسیحیەت و دووبارە پێکیشیان هێنابوونەوە (واتە ئەو سرووتە کۆنانەی مەسیحیەتیان پێکهێنابووەوە —و). بە لەبەرچاوگرتنی خوێندەوە نوێیەکەی بۆ مەسیحیەت، ئارەزووی فۆکۆ لە ڕەهەندی ئایینی شۆڕشی ئێراندا بە دڵنیاییەوە لە فزوڵێکی ڕۆژنامەنووسیی زیاتر بوو. وەک لە چاپتەری دووەمدا دەیبینین، فۆکۆ کەوتە ژێر کاریگەری هەردوو پەیامە سیاسیەکەی شۆڕشەکە و چۆنیەتی بەکارهێنانی سرووتەکانی تۆبە (لەلایەن ئەم شۆڕشەوە)، کە لە هەندێ ڕووەوە هاوشێوەی نەریتە مەسیحیەکان بوون کە پێشتر دەستی بە کەشفکردنیان کردبوو.

**ئازادی-بەرەو-مەرگ: فەزایەکی دەستپێک بۆ ئەفراندن**

فۆکۆ سەر بە گروپێک بیرمەندی خۆرئاواییە، لە شۆپنهاوەرەوە بۆ وجودیەکان، کە لای ئەوان واقعی مەرگ نەک تەنها دانی پێدادەنرێت بەڵکو لەلایەن ژیانەوە لەئامێز دەگیرێت. "سوپەرمان"ی نیتشە بە "شادومانی و شانازیەوە" هۆشیاری هەبوو بە مەرگ بوو وەک دواقۆناغی گونجاو بۆ چالاکی ژیانی. لای فرۆید و هایدگەر، ژیانی ڕەسەن لە ئەنجامی هۆشیاری بە مەرگەوە بەرهەمهاتووە. تەنها لەم درکپێکردنەدا، و لەم هەستکردنەدا بە گرنگبوونی مەرگ کە (ئەم درکپێکردنە) بەرهەمیهێناوە لەناوماندا دەتوانین وجودێکی ڕەسەن بەدەستبهێنین (Olson 1967, 306-9).



فۆکۆ بێ ئەندازە قەرزاری فرۆید بوو، هەرچەندە هەندێ کات ئەمە دانی پێدا نەنراوە چونکە ئامانجی پرۆژەکەی فۆکۆ بریتی بوو لە قڵپکردنەوەی فرۆید. [19] لە کتێبەکەیدا شارستانێتی و نەیارانی، کە لەساڵی 1930 دا نووسراوە، فرۆید ئەوەی خستەڕوو کە سەرباری غەریزە دەروونیەکانی مرۆڤ بۆ خواردن و سێکس، غەریزێکیش هەیە بەرەو مەرگ. شارستانێتی مامەڵەی لەگەڵ ئەم غەریزە دوژمنکار و کاولکاریانە کردووە لەرێگەی پرۆسەی سوبلیمەیشن (التسامی — Sublimation)، کە ئاراستەیانی کردووە بەرەو ئیش و خوڵقاندنی کلتور. لە هەمان کاتدا، (سوپەرئیگۆ-superego) کۆنترۆڵی (ئیگۆی-ego) کردووە و داواکاریە تێرنەبووەکانی (ئید – id)ی سنووردار کردووە، هەروەک فرۆید لە ئیستعارە سەربازیە بەناوبانگەیدا ئاماژەی پێدا: "شارستانیەت دەسەڵاتی خۆی بەسەر ڕەغبەتی مەترسیداری تاکەکەس بۆ دوژمنکاری زاڵدەکات لە ڕێی بێهێزکردن و چەک کردنیەوە، بەهۆی دامەزراندنی دەزگایەکەوە لە ناویدا بۆ ئەوەی چاودێری بکات، وەک سەربازگەی ناو شارێکی داگیرکراو" (Freud 1989, 84).

لە ئاهەنگی ئازادیخوازانەیدا بۆ غەریزەی مەرگ، فۆکۆ بانگەشەی ئەوەی کرد کە پرۆژەی شارستانێتی دەبوایە پێچەوانە بکرایاتەوە. ئاهەنگێڕانی بۆ ئەزموونە نزیک-مەرگەکان لەسەر ئەو گریمانەیەی فرۆید بنیاتنرابوون کە دەڵێت سەرکوتکردنی غەریزەی مەرگمان دەبێتەی هۆی لەناوبردنی بزوێنەری خەیاڵ و پاڵنەری غەریزیمان. فرۆید مشتومڕی ئەوەی کرد کە مرۆڤایەتی باجێکی زۆر دەدات بە شارستانێتی، بە جۆرێک کە "نابەختەوەری ناوەکیی هەمیشەییمان" لەم سازشکردنە و لەو هەست بە تاوانکردنە هەمیشە حازرەوە سەرچاوە دەگرێت کە گرفتارمان دەکات (Freud 1989, 89). فۆکۆ لە هەڵگێڕانەوەی ئەم ئاراستەیە کەمتری نەدەویست. [20] تەحەدای فۆکۆ بۆ غەریزەی مەرگ لای فرۆید پشت ئەستوور بوو بە مەرکەزیترین کاتیگۆری لای هایدگەر، کە ئەویش بوون-بەرەو-مەرگ بوو. لێرە، ئێمە فڕێ دەدرێینە ناو ئەم دونیایەوە، و بە شێوەیەک کە دەستمان نیە لە هەڵبژاردنی لەم مەسەلەیەدا. دونیا بوونی هەیە پێش ئێمە و پاش ئێمەش هەر لەوێ دەبێت. ناشزانین بەرەو کام کۆتاییە هاتووینەتە ئەم دونیایەوە. بەشێوەیەکی نائەسڵی ژیان دەبەینە سەر چونکە بەپێی فەرمانەکانی ئەوانی تر و "چەقەچەقی پووچ"یان دەژین. نابێت لۆمەی ئێمە بکرێت بۆ هەبوونی ئەم ژیانە نائەسڵیە. ئەم کەوتنی بوون "fallenness"ە بەشێکی زەروری بوونمانە. وەک جۆرج ستاینەر ئاماژەی

پێدەدات، لای هایدگەر "ریفۆرم یان شۆڕشی کۆمەڵایەتی، و تیمارکردن و چارەسەرە سایکۆلۆجیەکانی کەسایەتیش نائەسڵیەت ناسڕنەوە،" ئیدی ئەمە بە پێی عورفی مارکس بێت یاخود فرۆید (19878 , 108). بەڵام ئەگەری تەعالیبوونێکی دیالێکتیکی (dialectical transcendence) هەبوو، ڕێگەیەک بۆ دەرەوەی ئەم حاڵەتە موتڵەقانە زەروریەی کەوتنی بوون "fallenness" کە دەچێت بەرەو تێگەیشتنێکی ئەسڵی تری جیهان. بە هۆی قبوڵکردنی مەرگ لە ڕێگەی "دەربەست هاتن – care" و "ئاگالێبوون – solicitude"ەوە، لەوانەیە ئەزموونی "بانگ کردنێک – calling"، "زیندووبوونەوە"یەکی بکەین لە چەشنێکی دیاریکراو. لە کۆتاییدا لەوانەیە بگەینە قۆناغێک کە قبوڵی ئەگەری مەرگی خۆمان بکەین، قۆناغێکی "ئازادی-بەرەو-مەرگ" کە لە وەهمەکانی ئەوانی دیەوە بەرەڵا دەبێت (Heidegger 1962, 246, 266).

پێدەچوو فۆکۆ ئازادی-بەرەو-مەرگ"ی هایدگەر ژیابێت – ئەمە تەنها لە ڕووی فیکریشەوە نا. ژیاننامەنووس جەیمس میلەر (1993) ئەوەی خستەڕوو کە ووتەکانی فۆکۆ لەسەر بابەتی مردن و شەیدابوونی بە مەسەلەی ئازار و مەرگ لایەنێکی مەرکەزی فیکریان پێکهێنابوو. مارک لیلا دەڵێت، کاریگەری ڕۆشنیرە سوریالیست و ئاڤان-گاردەکانی تری وەک جۆرج باتای، ئەنتۆنین ئارتۆ، ماوریس بلانشۆ لەسەر بەرهەمی فۆکۆ زۆرجار لەیادکراوە لەلایەن خوێنەرانی دەرەوەی فەرەنساوە. "لەم ڕۆشنبیرانەدا، فۆکۆ بە شێوەیەکی شەخسی ئەگەری کەشفکردنی ئەوەی دۆزیــەوە کە تەنانەت زیاتر دەکەوێتە دەرەوەی سنوورەکانی نەریتی بۆرژوای ئاساییەوە، بۆ گەڕان بەدوای ئەوەی ناوی نا ئەزموونی سنووربەندیی' لە بیرۆتیکیەت و شێتی و تریاک و سادۆماسۆشیزم و تەنانەت خۆکوشتن"دا (Lil-la 2001. 143-44). لەراستیدا زۆر نموونەی ژیانی فۆکۆ بەم ئاراستەیەدا ڕۆیشتوون وەک: هەوڵەکانی لاوێتیی بۆ خۆکوشتن، تێوەگلانی شەخسیی خۆی لە سادۆماسۆشیزم لە کالیفۆرنیا و شوێنی تر، ڕووبەرووبوونەوەی ئازاربەخشی لەگەڵ مەرگ لە ڕووداوێکی تۆتۆمبیلدا کە خۆی دواتر وەک یەکێک لە "بەشیدەترین چێژەکان"ی ژیانی وەسفی کرد. (Miller 1993, 306). پێدەچوو ئەم فەزا دەستپێکانە کە لەنێوان ژیان و مەرگدا بوونیان هەیە، لەم ئەزموونە نزیک-مەرگانەدا، فۆکۆ درکی بە ئەگەری ئەفراندنی نائاسایی هونەری و چێژی جەستەیی کردبێت، بەوانەشەوە کە لە ژیانی خۆیدا هەبوون.



فۆکۆ لە نووسینە جینالۆجیەکانیشیدا بە هەمان شێوە شەیدای بابەتەکانی مەرگ و خۆکوشتن و شەهیدبوون بوو و بە سۆزەوە لەبارەی پەیوەندی نێوان شێتی و مەرگەوە دوا. شێتی، وەک دوا قۆناغ پێش مەرگ، ئازادبوون لە ترسی مەرگ پێشکەشی تاک دەکات. لە زاراوەسازی فۆکۆدا، شێتی نزیکترین قۆناغ بوو لە گۆلگۆسا (Golgotha)، ئەو گردەی ئۆرشەلیم کە وەک شوێنی لە خاچدانی مەسیح ناونراوە. فۆکۆ نووسی، مەسیح نەک تەنها دەوری درابوو بە شێتەکان، بەڵکو ویستی یەکێک لەوان بێت: "بەم پێیە شێتی بووە فۆرم کۆتایی، دوا پلەی خودا لە وێنەی مرۆڤدا، پێش بە ئەنجامگەیاندن و ڕزگاری لە ڕێی خاچەوە" (Foucault 1965, 80). بە هەمان شێوە، فۆکۆ ستایشی ئەو کارە هونەری و مۆسیقی و ئەدەبیانەی دەکرد کە دەستو پەنجەیان لەگەڵ چەمکی مەرگدا نەرم دەکرد. لە وتاری "دانەر چیە؟"دا فۆکۆ لەبارەی پەیوەندی بەردەوامی نووسین بە مەرگەوە دوا. لە داستانە یۆنانیەکەدا، ئەو پاڵەوانەی کە قسە دەکات ئامادەبوو بە لاوی بمرێت، ژیان بفرۆشێتەوە بە نەمری. لەبارەی هەزارو یەک شەوەی عەرەبیەوە، کە چیرۆک گێڕانەوە تیایدا بووە جۆرێک لە دوورکەوتنەوە لە مەرگ، نووسی "گێڕانەوەی شەهرەزاد هەوڵێکە، کە هەر شەوێک تازە دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی مەرگ لە دەرەوەی بازنەی ژیان بهێڵێتەوە" (Foucault 1969, 102).

فۆکۆ ئامێزی بۆ ئەو نووسەر یان هونەرمەندە دەکــردەوە کە سنوورەکانی عەقڵانیەتی پاڵ پێوە دەنا و کەشفی ئەزموونە نزیک-مەرگەکانی دەرکرد. لە خۆ بەدوورگرتنیدا لە هەردوو ئەگەری گەیشتن بە مەعریفەی موتڵەق و دیالێکتیکی دانپیانانی دوولایەنە (هاوبەش mutual)دا لای هیگڵ، فۆکۆ لەبری ئەوە یادی نووسەری فەرەنسی مارکیز دی سادی کردەوە. سەرسام بوو بە ساد چونکە لەڕێی ئەوەوە "مرۆڤ حەقیقەتێک دووبارە کەشفدەکاتەوە کە لەبیری کــردووە،" کە ڕەغبەتی کوشندە و سۆزە نائەخلاقیەکان لەراستیدا زۆر سروشتین و بەم پێیەش عەقڵانین.وەک دووبارکردنەوەیەکی ووتەکانی ساد، فۆکۆ نووسی، "چ ڕەغبەتێک دەتوانێت پێچەوانەی سروشت بێت لە کاتێکدا لەلایەن سروشت خۆیەوە بەخشراوە بە مرۆڤ؟" (Fouculat 1965, 282, Sade 1992).

گفتوگۆی فۆکۆ لەسەر وێنەکێشی ئیسپانی فرانسیسکۆ دی گۆیا پەیڕەوی هەمان لۆژیکی کرد. گۆیا بەهۆی ئەو دوو زنجیرە تابلۆیەی کە ناسراون بە کاپریکۆس- 1799) Caprichos) و کارەساتەکانی جەنگ (1810 – 20) ناوبانگی

دەرکـردووە. زۆربـەی ڕەخنەگران کاپریکۆس وەک بەرجەستەبوونی باشترین ئایدیاڵەکانی ڕۆشنگەری سەیردەکەن. کاریکاتێرە مەسخەرەئامێزەکانی قەشە و جادووگەر و خێوەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە دەشێت مرۆڤایەتی لە ڕێی زانستەوە بەرەو باشتر بچێت، کە عەقڵ دەتوانێت خورافەت و دۆگمای ئایینی نەهێڵێت. کارەساتەکانی جەنگ، کۆمێنتێکە لەسەر جەنگی نیمچەدوورگەیی لەنێوان ئیسپانیا و فەرەنسای ناپلیۆنیدا، و لە ئاکامدا وەک ڕەخنەیەکی گەورە هەژمار دەکرێن بەرامبەر توندوتیژی و دڕندەیی لە جەنگدا، و بەرامبەر سنووربەندیەکانی مۆدێرنیتی و ڕۆشنگەری. دواجار، لە هەندێک لە تابلۆکانی کۆتاییدا، گۆیا ڕووی کردە بابەتی مرۆڤخۆری (کانیباڵیزم- cannibalism) (Licht 1979 .21) ئارەزووی فۆکۆ بۆ نمایشەکانی شێتی و نەخۆشکەوتنە عەقڵیەکان لەم ئیشانەدا وەک ئەزمونێکی دەستپێک دەردەکەوێت. لە کارەکانی گۆیادا "شێتی بووەتە ئیمکانیەتی مرۆڤ بۆ کۆتاییهێنان بە مرۆڤ و جیهان" (Foucault 1965, 281). لەرێی ساد و گۆیاوە "دونیای خۆرئاوا پێشوازی کرد لە ئیمکانیەتی تەعالیکردنی عەقڵی خۆی لە توندوتیژیدا، و هەروەها لە ئەگەری چارەسەرکردنی ئەزموونە تراژیدیەکان لەودیو بەڵێنەکانی دیالێکتیکەوە" (285).

### "ئیرادەی دەسەڵات" لەسەر شەقامەکانی تاران

سەرقاڵبونی فیکری درێژخایەنی فۆکۆ بە ئەزموونە نزیک-مەرگەکانەوە وەک شوێنێک بۆ ئەفراندنی مرۆیی نزیکایەتیەک لە دەرکەوتنە ڕۆژانەییەکانی شۆڕشی ئێراندا دەدۆزێتەوە. لە ئێران، پرەنسیپی دوانەیی ئایینی زەردەشتی کۆن یەکەمجار نزیکەی سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر شکڵی وەرگرت لە دەوری شەڕی نێوان هێزی باشە (ئاهورامەزدا) و و هێزی خراپە (ئەهریمەن)دا. لە ئیسلامی شیعەی ئێرانیدا، لایەنەکانی ئەو ئایینە فارسیە کۆنە گوزارشتێکی نوێ دەدۆزنەوە. وەک لە چاپتەری دووەمدا دەیبینین، لاهوتناسە شیعەکان دووبارە نمایشکردنەوەیەکی ئەم جەنگەیان لەنێوان باشە و خراپەدا بینیەوە لە جەنگێکدا کە لە ساڵی 680ی زاییندا ڕوودەدات لەنێوان دوو پیاودا، حسێنی پیرۆز (کچەزای پێغەمبەر موحەممەد) و یەزدی ڕکابەری کە بە خراپەکار ناودەبرێت. جەنگەکە بە قەتڵوعامکردنی حسێن و شوێنکەتووانی و شەهیدبوونی حسێن کۆتایی هات، کە ساڵانە لە مانگی موحەڕەمدا لەلایەن شیعەکانی جیهانەوە یادی دەکرێتەوە.



لە ساڵی 1978 دا ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی، پیاوێکی ئایینی موسوڵمانی زوهدکێش بوو و ناسرا بوو بە دژایەتیکردنی بێ شازشی موحەممەد ڕەزا شا پەهلەوی (کە 1941 – 79 حوکمی کرد)، وەک ڕابەری بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکە دەرکەوت. خۆی خستە ڕۆڵی حسێنەوە و وێنەی یەزدیشی بەخشی بە شای ئێران. هەروەها داستانە کۆنەکەشی دووبارە نمایشکردەوە، کە لەوکاتەدا پەیوەستکرابوو بە گووتاری (ریتۆریکی) بەهێزی دژە-ئیمپریالیستیەوە. 22 مەیلی ئیسلامگەرا و تەنانەت زۆر لە چەپگەرا ئێرانیەکانی ئەو کاتە هاوبەشیی شتێکیان لە "ئیستشراق"ی تایبەتی فۆکۆ دەکرد بە واتایەک کە ئەوانیش ئیمتیازیان دەدا بە ڕابردوویەکی ئایدیاڵی پێش مۆدێرن – واتە سەردەمی سەرەتای ئیسلام – لەچاو مۆدێرنیتیدا. زۆرێک لەوانیش دەگەڕان بەدوای فۆڕمێکی نوێی ڕۆحانیەتی سیاسی لە کۆتایی سەدەی بیستدا. پێدەچوو ئیسلامگەراکان و زۆرێکی تر کە پەیوەندیان کرد بە شۆڕشی ئێرانیەوە باوەڕیان وابێت کە لەرێی لەخۆگرتنی دیدی "ئازادی-بەرەو-مەرگ" و لەرێی داننان و ملکەچبوون بۆ فەنابوون و سنوورداربوونی وجودی مرۆیی بێ ئەهمەیتی خۆیان و لە ڕێی ئارەزوومەند بوون بۆ ئامانجێک کە گەورەترە لەخۆیان، دەیانتوانی ببنە هۆی ئەوەی وجودی ڕەسەنی بەکۆمەڵی چڤاتی ئێرانی بهێننە ئاراوە. فۆکۆ شاهید بوو بەسەر ئەم دووبارە نمایشکرنەوەیەی داستانێکی مەزنی کۆن، کە پێدەچوو لە ژێر سایەی چەوساندنەوەدا "ئیرادەی دەسەڵات"ی نیتشە تیایدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بەسەر "ئێرادەی بوون"دا.

وەک سەرسامێکی بە پەرۆشی نیتشە، دەکرا فۆکۆ وریاتر بێت لەبارەی پشتگیریکردنی شۆڕشێکەوە کە لەلایەن زوهدکێشێکی ئایینیەوە سەرۆکایەتی دەکرا. لە "واتای ئایدیاڵە زوهدیەکان چیە؟"دا، نیتشە گەلێک هۆشیاری داوە لەبارەی زوهدی کەهەنوتیەوە، کە وەک "باشترین ئامرازەکانی بەکارهێنانی دەسەڵات (و) هەروەها ڕێگەپێدانی باڵا' بۆ دەسەڵات" هەژماری کردن (Nietzsche 1967, 97). "فێڵی سەرەکی کاهنی زوهدکێش" ئیستیغلالکردنی هەستی گوناهباریی باوەڕدارە. ژیان "ڕێیەکی هەڵە" یە و پێویستە لەسەر باوەڕدار ڕاستی بکاتەوە بەهۆی بە دیققەت پەیڕەوکردنی ئامۆژگاریەکانی (زوهدکێشەوە). بە لای کاهنی زوهدکێش خۆیەوە، ژیان خۆی هاودژبوونە (تناقچ)ە، چونکە (زوهدکێش) هیواخواز بووە "ببێتە گەورە نەک بەسەر شتێکەوە لەناو ژیاندا بەڵکو بەسەر ژیان خۆیەوە، بەسەر قوڵترین و بەهێزترین و سەرەتاییترین بارودۆخەکانیەوە." زوهدکێش پشتی کردووەتە هەموو دەرکەوتە جوان و چێژبەخشەکانی وجودی فیزیکی و هەموو ژیانە نەفیکراوەکانی

له ئامێزگرتووه. ئاهەنگی مەرگ و "کوشتنی شەهوەتەکانی خود و لەخۆدان و قوربانیدانی خود دەگێڕێت" (118). زوهدکێش نە بە پرەنسیپە ئەخلاقیەکان هان دراوە و نە ئەم شێوەژیانەی لەپێناو ڕەتکردنەوەی چێژدا هەڵبژاردووە. توانای (زوهدکێش) بۆ کۆنترۆڵکردنی خۆی، ئیرادەی بەهێزی، سەرسامبوون و ڕێزی ئەوانی دی بەدەست دەهێنێت. باڵادەستی بەسەر خوددا دواجار بووەتە مایەی باڵادەستی بەسەر ئەوانی تریشدا. بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو، جەوهەری ئایدیاڵی زوهدیانەی خومەینی لەوە باشتر وەسف نەدەکرا. بەڵام لەوانەیە فۆکۆ سەرسام بووبێت بەخومەینی چونکە چووە ئەودیو ڕۆڵی کاهنی زوهدکێشەوە. خومەینی، بە زیاتر لە ڕێگەیەک، زانی چۆن ئیستیغلالی هەستی ئایینی گوناهباریی و تورەیی خەڵک بکات. ئەمەی لە پەیوەندیدا بە هەردوو گوزارشتی شەخسی تۆبەوە لە ڕێی لەخۆدان (کە سروتێکی سەرەکی ئیسلامی شیعەیە) و کردە سیاسیە دەرەکیەکانی خود-کردنە قوربانی شۆڕشگێرانەوە ئەنجامدا. پێدەچوو ئەو ملیۆنان باوەڕدارەی کە پەیوەندیان بە خومەینیەوە کرد لەسەر شەقامەکان (کە زۆربەیان قوتابی عیلمانی چەپگەرابوون) بووبنە نموونەی ئازادی-بەرەو-مەرگی هایدگەر چونکە ئامانجیان گەیشتن بوو بە ژیانێکی بەکۆمەڵی ڕەسەنتر.

له هەندێ ڕووەوە، خومەینی بەرجەستەبووی "ئیرادەی دەسەڵات"ی نیتشە بوو، کەسایەتیەکی مێژوویی دڵڕەق کە بەشێوەیەکی پیرۆز خاوەنی باڵادەستی زاتی بوو. پیاوێک بوو کە بوێری هەبوو بیر لە بیرلێنەکراوەکان بکاتەوە و ملیۆنانی تر قایل بکات سەرکێشی بە ژیانیانەوە بکەن. بە دڵنیاییەوە، لە جڵەوبەردان بۆ حەزی مەرگ و ڕەغبەتی ڕۆیشتندا بۆ ئەودیوی ژیان، خومەینی بە ئاستەم داکۆکی دەکات لە بەرەڵاکردنێکی نیتشەویانەی هەست و سۆزەکان، بەرەڵاکردنێک کە (لای نیتشە) تەحەدای ئاکارە یەهودی-مەسیحی-ئیسلامیە زاڵەکان دەکات لەپێناو لەئامێزگرتنی چێژەکانی ژیاندا. بەڵام خومەینی توانی ببێتە ڕابەری کاریزمی ملیۆنان کە بە شادیەوە "زاری مەرگ"یان هەڵدەدا لەپێناو سەر ڕێگەخستنی بزووتنەوەیەک لەسەر شەقامەکانی تاران کە "ژیان خۆی دەکاتە قوربانی لەپێناو دەسەڵاتدا" (Nietzsche, 1976, 228).

**چاپتەری دووەم**

ڕێورەسمەکان، نمایشی ئازارەکانی مەسیح، سرووتەکانی تۆبە
فۆکۆ، شیعەگەرایی، و سرووتە سەرەتاییەکانی مەسیحیەت



وێنە دووبارە بووەوەکانی ئازار و ئەزیەت چەشتن بەدەست ناعەدالەتیەوە، و هەروەها ئەو سرووتانەی کە شەهیدبوونیان شکۆمەند دەکرد، جەوهەری شیعەگەرایی ئێرانی بوون لە سەدەی شانزەوە.1 بەڵام ئەم سرووتانەی تۆبەکردن واتایەکی سیاسی نوێیان دۆزیەوە لەرەوشی شۆڕشەکەی ئێراندا، کاتێک ئایەتوڵڵا خومەینی دووبارە گونجاندنیەوە بۆ بزووتنەوەکەی خۆی لەپێناو دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامیدا. لە پاییزی ساڵی 1978 دا، هەزاران کەس پەیوەندیان کرد بە خۆپیشاندانەکانی دژی (شا)وە لەسەر شەقامەکانی تاران و کفنی سپیان لەبەرکرد وەک هێمایەک بۆ ئامادەگیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مەرگ. خۆپیشاندەران وێنەی زیندانیە سیاسیە شەهیدبووەکانیان پێبوو و دروشمی تۆڵەکردنەوەی قوربانیەکانیان دەوتەوە. تەنانەت ڕێکخراوە سیاسیە عیلمانی و چەپگەراکانی ئەم ماوەیە شەرعیەتیان لە ژمارەیەک لە شەهیدەکانیانەوە وەرگرتبوو کە لەپێناو ئامانجی شۆڕشەکەدا گیانیان بەخشی بوو. زۆرێک لە ڕۆژنامەکانی سەردەمی شۆڕش، بە تایبەتی ئەوانەی سەربە گروپی چەپگەرای-ئیسلامی موجاهیدینی خەلق و گروپی مارکسی-لینینی فیدایینی خەلق بوون، پڕبوون لە وێنەی شەهیدە لاوەکان کە لە بەندیخانەکانی شادا گیانیان لەدەستدابوو. 2 نووسینەکانی فۆکۆ لەسەر "نەریتەکانی خود" لە کۆمەڵگە مەسیحیە سەرەتاییەکاندا ڕێگەیەکی زۆر بەسوودمان بۆ دەستەبەر دەکەن بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی شۆڕشی ئێرانی، بە تایبەتی لە کەڵک وەرگرتنی ئیسلامگەراکان لە حیکایەتە شیعەییەکان و نەریتە سرووتئامێزەکان.

فۆکۆ مەفتوونی ئەو خۆپیشاندانە جەماوەریە درامیانە بوو کە خۆی لە ئێران شایەتحاڵبوو بە سەریانەوە، بە تایبەتی شەیدای ئەوەبوو کە ئیسلامگەراکان سرووتەکانی شیعەیان وەرگرتبوو لەپێناو دروستکردنی ئەوەی ئەو بە "ڕۆحانیەتی سیاسی" ناوی دەبرد. لەوانەیە بە دروشمە ڕیتمیەکانی خۆپیشاندەران، بە لەخۆدانی خۆپیشاندەران، بە لێشاوی قەرەباڵغیە بەر-بە-مەرگ گرەکاندا — کە پیاوان کراسی ڕەشیان لەبەردابوو و ژنانیش لەچکی ڕەشیان کردبوو —فۆکۆ سرووتە سەرەتاییەکانی مەسیحیەتی بیر کەوتبێتەوە. لەراستیدا، نووسینەکانی دواتری لەسەر سرووتە مەسیحیەکان پڕ بوون لە باسکردنی هەندێ نەریتی ئیسلامی شیعە. پێدەچوو فۆکۆ و بزووتنەوەی ئیسلامگەرای ئێران هاوبەش بن لە سێ هەستدا: (1) ئۆپۆزسیۆن بوون بەرامبەر سیاسەتە ئیمپریالیستی و کۆلۆنیالیستیەکانی خۆرئاوا، (2) ڕەتکردنەوەی هەندێ لایەنی کلتوری و کۆمەڵایەتی مۆدێرنیتی

که هەستان بە گۆڕانهێنان بەسەر ڕۆڵە جەندەری و هەرەمە کۆمەڵایەتیەکاندا لە خۆرهەڵات و خۆرئاواش، (3) شەیدابوون بە گووتاری مەرگ وەک ڕێگەیەک بەرەو ڕەسەنیی (ئەسڵیەت) و ڕزگاری (خلاص)، گووتارێک کە سرووتەکانی تۆبەی لەخۆگرتبوو و ئامانجی دووبارە پێکهێنانەوەی خود بوو. فۆکۆ درکی بە شەیدابوونی خەڵکی ئێرانی کرد بۆ سرووتە بە ڕووکەش کۆنەکانی ئیسلامی شیعە. سەرسام بوو بە بەشداری چالاکی پیاوانی ئایینی لە بزووتنەوەی دژە-شادا و فریوی خوارد بە بەکارهێنانەکانی ڕێورەسم و سرووتە ئایینیەکان لەپێناو خەمی بە ڕووکەش سیاسیدا. هەموو جارێک کە هێزەکانی حکومەت لەسەر شەقامەکان لە خۆپیشاندەرانیان دەکوشت، وەڵامیان بە خۆپیشاندانی گەورەتر دەدایەوە. وەک عادەت بوو لە ئێران، لە چلەی قوربانیەکاندا مەراسیمی نوێ بۆ یادکردنەوەی کوژراوەکان ڕێکدەخرا. فۆکۆ تێگەیشتبوو لە سەراسیمەبوونی ئیجگاری خەڵک بۆ مەرگ و لە متمانەیان بە سەرکردایەتی ئایینی چەکدار کە ئەو سەراسیمەبونە لەخۆی گرتبوو. تێگەیشت کە گردبوونەوە ئایینیەکان، ڕێورەسمەکان، نمایشە شانۆییەکانی شیعەگەرایی، وەک هاوتاکانیان لە مەسیحیەتدا، لە ڕووی سیاسیەوە ڕێورەسمی بارگاوی بوون کە فۆرمی نوێی هاوپشتی جەماوەریان پێکهێنا. پێدەچێت لە ئاکامدا ئەوەی فۆکۆ لەسەر شەقامەکانی تاران بینی دانپیانانێک بووبێت بە هەندێک لە خەون و خەیاڵ و ڕەغبەتەکانی خۆیدا.

سەربارى ئەوەی ئاشنابوو بە ڕاستڕەوی فاشیست لە ئەوروپا، فۆکۆ هەرگیز خوێندنەوەی هەڵبژاردەیی (انتقائی) ئیسلامگەراکانی بۆ "مۆدێرنیتی"، و ئەوەی کە ئیسلامگەران "مۆدێرنیتی"یان یەکسانکردەوە بە لەدەستچوونی ڕۆحانیەت، پەیوەست نەکردەوە بە پاڕانەوە سیاسیە هاوشێوەکانی باڵی ڕاستڕەوی چوار دەیە لەوەو بەری ئەوروپا. چەندین نموونەی زۆری ئەم جۆرە یارییپێکردنە سیاسیە هەیە لە ئەوروپادا، و دەکرا بەراوردێکی ئەمانە لەگەڵ ئەزموونی ئێراندا گرێ کوێرەکانی هەر چەمکێکیان بکردایەتەوە کە دەیوت بزووتنەوە ئیسلامگەراکە و تەکنیکە پروپاگەندەییەکانی بە دیاریکراوی دیاردەیەکی "شەرقی" بوون. لەوانەیە خوێندنەوەی فۆکۆ بۆ ئیسلام "ئیستیشراقیانە" بووبێت چونکە سەرکەوتوو نەبوو لە ئاماژەدان بەوەی کە حیکایەتە شیعەییەکان، وەک ترادسیۆنی داهێنراوی تر و شوناسی تر کە لە دەوریـان چڤاتی نەتەوەیی یان ئایینی پێشبینیکراو بێکدێن، خۆیان دەدەنـە دەست چەندین خوێندەوەی فرەچەشن (Anderson 1983). لەبری ئەوە، فۆکۆ بە شێوەکی موجەرەد ئیسلام و شیعەگەرایی



وەرگرت، بەبێ هیچ لێوردبوونەوەیەک بۆ ئەو حەقیقەتەی کە گروپێک لە پیاوە ئایینیە ئۆپۆزسیۆنەکان خوێندنەوەیەکی دیاریکراویان بۆ شیعەگەرایی گرتەخۆ (تەبەنی کرد) لەماوەی شۆڕشەکەدا. هەروەها هیچ گرنگی نەدا بەو حەقیقەتەی کە هەڵوێستی "دژە-مۆدێرنیستی" خومەینی، داهێنان و هەروەها دروستکردنی (ترادسیۆن)ی لەخۆگرتبوو. ئەوەی فۆکۆ لە ئێران بینی ئەنجامی ڤێرژنێکی ووریایانە ڕێکخراو و سازدراوی شیعەگەرایی بوو کە یەکەمجار لە 1960ەکان و 1970کاندا پەرەی پێدرابوو وەک بەرپەرچدانەوەیەکی پرۆسەی مۆدێرنکردنی ستەمکارانەی حکومەتی موحەمەد ڕەزا شا. ئەمەش خوێندنەوەیەکی توندڕەوانە و سیاسیانەی شیعەگەرایی و بۆنە ساڵانەکانی مانگی موحەڕەم بوو، خوێندنەوەیەک، کە بۆ هەندێک لە ڕۆشنبیرە ئیسلامگەراکانی وەک عەلی شەریعەتی، کەوتبووە ژێر کاریگەری گووتارە فەلسەفیەکانی خۆرئاواشەوە (Boroujerdi 1996). هەروەها دەرەنجامگیریەک بوو لەنێوان مارکسیزمی ئۆرسۆدۆکس و وجودیەت و هادیگەریزم و فۆرمێکی توندڕەوی ئیسلامی شیعەی تەقلیدی. لەم گووتارە هەجینەدا، سرووتەکانی نوێژ و ڕۆژو و تەنانەت بەتەنگەوەچوونی برا موسڵمانەکان و هەتیوو و بێوەژنەکانیش پشتگوێ خرابوو. "ئیسلامی ڕەسەن" وەک ئامادەگی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەهادەت پێناسەکرابوو لەپێناو بەدەستهێنانی جیهانێکی بە حیساب باشتردا بۆ ئەوانی دی.

لەم چاپتەرەدا، وورد دەبینەوە لە تاکە لایەنێکی نووسینەکانی فۆکۆ لەسەر ئێران: سەرقاڵبوونی فیکری ئەو بە سرووتەکانی شەهیدبوونەوە لای شیعەی لە فۆرمی ڤستیڤاڵیی چەندین سەدە کۆنی موحەڕەمدا. سێ مەسەلە پێناسە دەکەین: (1) شوێنی موحەڕەم لە کلتوری ئێرانیدا، (2) بەکارهێنانی سیاسیی موحەڕەم لە ساڵی 1978 دا لەلایەن ئیسلامگەراکانەوە، (3) نووسینەکانی فۆکۆ لەسەر موحەڕەم و سرووتە مەسیحیەکانی تۆبە. بە حیکایەتە سەرەکیەکەی ئیسلامی شیعە دەست پێدەکەین، کە چیرۆکی کەربەلایە،3 و هەموو ساڵێک لە مانگی موحەڕەمدا یاد دەکرێتەوە و دووبارە نماییش دەکرێتەوە.

**پەرەدایمی کەربەلا**

بە پێچەوانەی سوونەی ئیسلامەوە کە زۆرینەن، شیعەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پاش کۆچی دوایی موحەممەد (732 زایینی)، سەرۆکایەتی ئۆمەتی موسڵمانان دەبوایە بە خێزانی موحەممەد و نەوەکانی بسپێردرایە، و سەرەتا بە

عەلی کوڕی ئەبو تاڵب (661)، ئامۆزا و زاوای موحەممەد، دەستی پێبکردایە. لەبری ئەوە، پاش کۆچی دوایی موحەممەد، ئەبوبەکری خەزوری پێغەمبەر، بووە یەکەم خەلیفەی ئۆمەتی موسڵمانان. دوای حوکمڕانی کورتخایەنی ئەبوبەکر (632-634)، عومەر حوکمی گرتە دەست (634-644) و ئنجا عوسمان (644-656). عومەر و عوسمان هەردووکیان تیرۆرکران، و نەیارانی عەلی ئەویان تاوانبار کرد بەوەی کە دەستی هەبووە لە کوشتنی عوسماندا. دواجار ئەنجومەنی خێڵ هەستان بە هەڵبژاردنی عەلی وەک چوارەم خەلیفە (656-661). پاش پێنج ساڵ لە حوکم کردن وەک خەلیفە، (عەلی)یش تیرۆر کرا، و سەرۆکایەتی ئۆمەتی (موسڵمانان) گوازرایەوە بۆ (موعاویە)ی جەنگاوەری خاوەن نفوز (661-680)، کە ئەندامی خێزانی بەناوبانگی ئەمەوی و پارێزگاری سووریاش بوو.

لەماوەی بیست ساڵی حوکمڕانیدا، موعاویە ئیمپراتۆریەتێکی دروستکرد، و دژی بیزەنتیەکان جەنگا، و سوپایەکی گەورە و تۆکمەی پێکهێنا. دوژمنایەتی نێوان هەردوو هۆزی موحەممەد و موعاویە قوڵ پەل و پۆی هاویشتبوو. موعاویە دژایەتی پێغەمبەری دەکرد تاکو بەنزیکەیی هەموو ئەوانەی تر لە مەککە باوەڕیان بە ئایینی نوێ هێنا. ئیدی ئیمانی هێنا و پەیوەندی کرد بە موحەممەدەوە و بووە سکرتێری. موعاویە دوژمنێکی سەرسەختی (عەلی)یش بوو و کوشتنی عوسمانی دەخستە ئەستۆی ئەو. موعاویە ویستی سەرۆکایەتی (ئیسلام) لە دەست خێزانەکەی خۆیدا بهێڵێتەوە. پەیماننامەیەکی لەگەڵ حەسەن (670 ک)، یەکەم کوڕی عەلی، کە وازی لە سیاسەت هێنابوو، بە ئەنجامگەیاند.

بەڵام پاش مردنی موعاویە، دووەم کوڕی عەلی، حسێن، بڕیاری دا شوێن خواستی خۆی بکەوێت و هەستا بە تەحەدا کردنی یەزدی کوڕی موعاویە، کە دانرابوو ببێتە خەلیفەی شەشەم. حسێن پشت ئەستوور بوو بە پشتگیریی دانیشتوانی شاری کوفە (کە ئەمڕۆ دەکەوێتە باشووری عێراقەوە)، کە لەوێ (عەلی)ی باوکی وەک خەلیفە حوکمی کردبوو و بنکەی سەرەکی سوپا عەرەبیەکان بوو کە لەوێوە بەرەو خۆرهەڵات دەنێردران بۆ داگیرکردنی ئێران (Richard 1995, 28). بەپێی ئەفسانە، حسێن و حەفتاو دوو لە پیاوە شوێنکەوتووەکانی و خێزانەکانیان، بە ئاراستەی کوفە کەوتبوونە ڕێ. یەزد، کە لە ڕووی سیاسیەوە باڵادەستر بوو، سەرۆکایەتیکردنی خەڵکی کوفەی بردەوە و فشاری لە حسێن و هاوەڵانی کرد لەدەرەوەی شار و لە بیابانی کەربەلادا خێوەتگە هەڵدەن. لەژێر فەرماندەیی



عومەری کوڕی سەعددا، سوپای یەزد دەوری خێوەتگەکەی دا و نەیهێشت دەستیان بە ئاوی ڕووباری فورات بگات کە لێیانەوە نزیک بوو. گەمارۆدانەکە ماوەی دە ڕۆژ دوامی کێشا. لە دەی موحەرەمدا (واتە 10/10/680 ز)، کە لەلایەن شیعەکانەوە وەک ڕۆژی ماتەمینی عاشورا یادی دەکرێتەوە، سوپای یەزد قەتڵوعامی حسێن و هاوەڵەکانی کرد. ژنان و منداڵانیان وەک کۆیلە فرۆشت. یەزد وەک خەلیفە دەسەڵاتی گرتە دەست کە لە دیمەشقەوە لە ساڵی 680 هەتاوەکو 683 حوکمڕانی دەکرد.

شوێنکەوتوانی حسێن، کە ناسراون بە دەستەی عەلی (شیعە علی)، نەیانویست وەک خەلیفەی شەرعی دان بە ئەمەویەکاندا بنێن. لە سەدەکانی دواتردا، کەربەلا بووە شوێنی حەج بۆ شیعەکانی جیهان و سەرەنجام بووە سەنتەری فێربوونی لاهووتناسی. عەقیدەی شیعە هەموو بیروباوەڕە سەرکیەکانی ئیسلام لەخۆدەگرێت، وەک تاکوتەنهایی خودا، داننان بەوەی موحەممد نێردراوی خودایە، زیندوبوونەوەی مردووان لە ڕۆژی دواییدا و باوەڕهێنان بە دادپـەروەری خودا. بەڵام شیعەکان بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە نەوە ڕاستەوخۆکانی موحەممەد لەلایەن خوداوە وەک سەروەری ڕاستەقینەی ئۆمەتی ئیسلام ڕاسپێردراون (Momen 1985, 176-77). لە شیعەی دوانزە ئیمامیدا، کە ئایینی ڕەسمی ئێرانە، زاراوەی ئیمام تەرخانکراوە بۆ عەلی و هەردوو کوڕەکەی، حەسەن و حسێن، و نەوە لەپاش یەکەکانی هۆزی عەلی، کە بوونە سەروەری ئۆمەتی شیعە. چواردە ئیمامە پەتیەکە، کە بریتین لە پێغەمبەر موحەممەد، فاتمەی کچی، و ئەو دوانزە ئیمامە کە لەدوای مەحەممد دێن، بە مەعسوم لە گوناە هەژمار دەکرێن (Richard 1995, 6).

شیعە دوانزە ئیمامیەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دوژمنان و گروپە ڕکابەرەکانیان یەکەم دوانزە ئیمامەکەیان تیرۆر کردووە و دوانزەیەم ئیمامیان لە ساڵی 874 زایینیدا چووەتە دیار نەمانەوە (غیبە – occultation). لەکۆتایی جیهاندا وەک مەهدی (واتە مەسیح/ گفت پێدراو) دووبارە دەردەکەوێتەوە و حوکمی خودا ڕادەگەینێت و دادپەروەری دەگێڕێتەوە. 4 ژمارەیەکی زۆر لە پشووەکان لە ڕۆژمێری شیعەدا بۆ یادکردنەوەی ئیمامە شەهیدەکان تەرخانکراوە، کە چیرۆکەکانیان لە چەندین ووتاری لەژمارەنەهاتوودا دەگێڕدرێتەوە. لە کاتێکدا هەموو شیعەکان پەیڕەوی جێنشینیی خەلافەت ناکەن وەک لای دوانزە ئیمامیەکان هەیە، لە ئێران و لوبنان و باشووری عێراق و بەحرێن و کوێت و پاکستان ز هەندێک بەشی

ئەفغانستان و هیند، ساڵرۆژی شەهیدکردنی حسێن گرنگترین بۆنەی مەراسیمیی ساڵ دەمێنێتەوە لەنێو مەزهەبە جیاجیاکانی شیعەدا.

شیعەگەرایی دوانزەئیمامی نەبووە ئایینی ڕەسمی ئێران هەتا کاتی بنەماڵەی فەرمانڕەوای سەفەویەکان (1501-1722)، کاتێک دووبەرەکی نێوان سوننە و شیعە یارمەتی خۆشکردنی ئاگری شەڕی سیاسی و سەربازی نێوان عوسمانیە سوننەکان و سەفەویە شیعەکانی دا. دامەزرێنەری بنەماڵەی دەسەڵاتداری سەفەوی، شا ئیسماعیل (1501-24)، بانگەشەی ئەوەی کرد کە نەوەی ئیمامی حەوتەمی شیعەیە و نوێنەری ئەو ئیمامەیە کە دیارنەماوە لە کاتێکدا چەند ئێرانیەکی دیاری کەم (لەو کاتەدا —ى) لە شوێنکەوتوانی شیعەگەرایی بوون. جێنشینی شا ئیسماعیل، شا تەهماسب (1524 – 76) کاری زۆری کرد بۆ هاندانی تەفسیرێکی ئۆرسۆدۆکسی شیعەی دوانزەئیمامیی. ئەو پیاوە ئایینیانەی کە ناسرابوون بە موجتەهد مافی تەفسیرکردنی قورئان و شەریعەت (یاسای ئیسلام)یان بەدەستهێنا، لە کاتێکدا سەنتەرە شیعەییەکانی فێربوون لە عێراقی ئەمڕۆ مافی دامەزراندنی ئیمامەکانی نوێژی جەماعەتیان بەدەستهێنا لە هەموو شار و گوندێکدا. بە ئاشکرا یەکەم سێ خەلیفەی ئیسلامیان بە نەفرەت کرد و سوننەکانیان دەچەوساندەوە. ئەم کردەوانە لە بەرامبەردا بوونە مایەی چەوساندنەوەی شیعەکان لە مەککە و مەدینە لەلایەن سوننەکانەوە. سەفەویەکان مەرقەدەکانی شیعەیان لە نەجەف و کەربەلا (لە عێراق) داگیرکرد، کە سەرکەوتنێکی سیاسی بوو و بەهایەکی ڕەمزی یەکجار گەورەی هەبوو، و هەروەها هەستان بە فراوانکردنی مەرقەدەکانی شیعە لە قوم و مەشهەد لە ئێران.

زۆرێک لە سرووتە خوێناویەکانی موحەڕەم (بریندارکردنی ناوچەوان بە چەقۆ و شمشێر، یان داغکردنی جەستە) بەرەبەر لە سەدەکانی شانزە و سەرەتای حەڤدەدا ناسێنران. لەژێر سایەی حوکمڕانی شا عەباسی یەکەمدا (1588 – 1629) سرووتەکانی موحەڕەم بوونە ڤستیڤاڵی مەدەنی و ئایینی وورد ڕێکخراوتر کە هەندێک عورفیان لە مەراسیمی جەژنی کۆنی نەورۆزی فارس قەرزکردبوو و کە دەگەڕێتەوە بۆ ئێرانی پێش-ئیسلام. شا عەباس هانی "نمایشە پاڵەوانبازیەکان"ی دا، کە فۆرمێکی ململانێی کوتلەگەرایی نێوان دەستە ڕکابەرەکان بوو و بەشێک بوو لە ئاهەنگەکان. بەم شێوەیە، نارەزایی کۆمەڵایەتی-سیاسی نێوان قەوارەکانی کایەی تایبەتی وەک پیشەوەر و ئەندامانی تایفەکان و گروپە نەژادیەکان ئاراستەی تری پێدەبەخشرا بەرەو ئەم نمایشە گشتیە کۆنترۆڵکراوانە. لکاندنەوەی نەجەف



و کەربەلا، و هەروەها دووبارە دروستکردنەوەی مەرقەدەکانی قوم و مەشهەد، فەزای گشتی نوێیان دروستکرد. ئەم شوێنانە بەکار دەهێنران بۆ کێبڕکێی ئەسپ و یاری پۆڵۆ (polo) و نمایشی سەربازی و شەڕی نێوان ئاژەڵان و لەسێدارەدانە ئاشکراکان و هەروەها سرووتە ئایینیەکان (Calmard 1996, 164). بە هاتنی سەردەمی شا سولەیمانی یەکەم (1666 – 94)، سیمای نمایشی مەراسیمەکانی موحەڕەم گەیشتە ئەو ئاستەی کە "ڤستیڤاڵەکان مەیلیان هەبوو بۆ ئەوەی لە گردبوونەوەی فیداکاری پەتیەوە بگۆڕین بۆ بەزمی کاتبەسەربردنی گشتی کە تیایدا دەرکەوتەکانی نفوزی کۆمەڵایەتی بەشێک بوون لە نمایشەکە" (Calmard 1996, 158).

لە ساڵی 1678 دا، موحەممەد باقر مەجلسی، کە لاهوتناسێکی دیار و دانەری چەندین نووسینە بە فارسی و عەرەبی، بووە دەسەڵاتداری پشت تەختی پاشایەتیی سوڵتان حسێن شای پاکژخواز (1694 – 1722). مەجلیسی هەموو مەیلە سۆفی و فەلسەفەیەکانی ناو ئیسلامی شیعەی سەرکوتکرد و چەوساندنەوەی بێ ڕەحمانەی سوننەکانیشی پەسەندکرد. خوێندنەوەیەکی دۆگمایی و قانونی بۆ شیعەی دوانزەئیمامی بڵاوکردەوە، و پێداگری کرد لەسەر ڕۆڵی ئیمامەکان وەک "ناوبژیکەر و تکارکاری مرۆڤ لەگەڵ خودادا" (Momen 1985, 117).

ئامانج لەم تەفسیرە تازەیە گواستنەوەی ئیمانی قوڵی خەڵکی بوو لە سۆفیگەریەوە بەرەو دوانزە ئیمامە شیعەکە. فەتوایەکی ساڵی 1695 هەموو ئەو چالاکیانەی قەدەغەکرد کە لە شەریعەدا پەسەند نەبوون. شەرابی ناو ژێرخانە شاهانەکان تێکشکێنرا و قاوەخانەکان داخران. مۆسیقا و سەما و قومار و تاوڵە و شەترەنج و تریاک و ئەو گیایانەی کە دەبوونە هۆی هەلوەسە بە نایاسایی لەقەڵەمدران. شا ژمارەیەکی زۆر لەو نەریتە کۆمەڵایەتیانەشی قەدەغەکرد کە بۆ ژنان قبوڵکراو بوون. لێرەوە، بۆ نموونە، ژنان نەیاندەتوانی بچنە سەر شەقامەکان مەگەر هۆیەکی ڕاست و شەرعیان هەبووایە: "نابێت لە باخچەکاندا پیاسە بکەن و بڕۆن بۆ سەیران و کەیف و سەفا لەگەڵ هەر کەسێکدا بێت بەدەر لە هاوسەرەکانی خۆیان. نابێت درەنگ بکەون لە گردبوونەوە گشتیەکاندا. تەنها بە مۆڵەتی هاوسەرەکانیان یان ااودێرە یاساییە پیاوەکانیان بۆیان هەیە بڕۆنە دەرەوەی ماڵەکانیان" (Ba-bayan 1996, 117-18). مەجلیسی یەکەم زانای گەورەی لاهوتناسی بوو کە زنجیرەیەکی بەرفراوانی لە کتێب ونامیلکەی لە سەر لاهوتناسیی شیعە و مێژوو و سرووتەکان وەرگێڕایە سەر فارسی لەبری ئەوەی هەر بە عەرەبی

بیانهێڵێتەوە، کە زمانی قورئانە. هەروەها هانی سەفەرکردنیشی دەدا بۆ مەرقەد و شوێنەکانی حەج کردن، وەک سەردانکردنی کەربەلا، کە چالاکیەک بوو فراوانبوونی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی شیاوی کردبوو. ئەم دوو ڕێوشوێنە بوونە هۆی ئەوەی شیعەگەرایی و سرووتەکانیی دووتر بە هەموو هەرێمەکەدا بڵاوببنەوە (Taremi 1996, 98, Browne 1965, 4 :404) ئەمڕۆ، ژمارەی ئەندامانی مەزهەبە جیاجیاکانی شیعە دەگاتە سەد ملیۆن و لە سەتا دەی موسڵمانانی جیهانیش پێکدەهێنن.

**جینالۆجیای سرووتەکانی موحەڕەم**

دووانـە چەمکی جیهاد (لە پێناسە فراوەنەکەیدا، واتە هەر لە کۆششکردن بۆ بەرەوپێشچوونی ئایینی شەخسیەوە بیگرە تاکو ڕاگەیاندنی جەنگی پیرۆز لەپێناو بەرگریکردن و بەرفراوانکردنی باوەڕدا) و شەهادەت لە قورئاندا باسکراون (سورەتی 5:ئایەتی 35، سورەتی 25: ئایەتی 52). هەروەها بڕیکی زۆر هەیە لە ئەدەبیات سەبارەت بەو ڕێوشوێن و بارودۆخانەی کە تیایاندا جیهاد (لە پێناسە تەسکەکەیدا واتە جەنگی پیرۆز) داوا دەکرێت و هانی شەهادەت دەدرێت (Abedi and Legenhausen 1986). بەڵام لە شیعەگەراییدا، بەهۆی حیکایەتی مەرکەزی موحەڕەمەوە، بابەتەکانی شەهادەت و زەوتکردنی ناعادیلانەی دەسەڵات لەلایەن حاکمە دنیاییەکانەوە زیاتر گوزارشتیان لێکراوە لەچاو ئیسلامی سوننەدا.

شیعە ئێرانیە دیندارەکان بە سێ شێواز هەڵدەستن بە یادکردنەوە و دووبارە نماییشکردنەوەی ڕووداوەکانی کەربەلا و شەهیدبوونی حسێن و عەلی. یەکەم، گێڕانەوەیەکی درامیی ژیان و سەختیەکانی ئیمامەکانە کە بە فارسی پێی دەڵێن (ڕوچە خوانی)، ئەمەش گردبوونەوەیەکی خزم و دراوسێ و ئەندامانی تایفەکەیە لە باخچە یان ماڵی یەکێکدا. مەلایەک لە هۆڵی پیاواندا یان مەلایەکی ژن (باجی) لە هۆڵی ژناندا تراژیدیای حسێن دەگێڕێتەوە و گوزارشت لە غەم و پەژارەیان دەکەن بۆ ڕووداوەکانی کەربەلا، بە سوود وەرگرتن لە کتێبێکی سەدەی شازدە کە ناسراوە بە باخچەی شەهیدان.5 گوێگران بە یادی عەلی و حسێنەوە شێوەن دەگێڕن و غەمبار دەبن. لەهامان کاتدا، میواندار چا و قاوە پێشکەش دەکات، و هەندێ جاریش جەند نەفەسێک لە نێرگەلە سووڕ دەخوات. لە کۆتاییدا، میوانەکان لە جەژنێکی تێروپڕدا کات دەبەنە سەر.



دووەم، سینگ کوتین (سینە زەنی) کە بەشێوەیەکی سەرەکی سرووتێکی لەخۆدان و ماتەمگێڕیی پیاوانە.6 ئەمە ڕێورەسمێکی ماتەمگێڕیە کە بەشداربووان، بە جلی ڕەشەوە، لە ماوەی دە ڕۆژی موحەڕەمدا دەڕژێنە سەر شەقام و بازاڕەکان. لە پێشی پێشەوەی نماییشەکەدا تابوتێک یاخود کەژاوەیەکی کفندار هەیە کە هێمایە بۆ ئیمام حسێنی شەهید. پیاوان سروودی ستایشکردن دەڵێن و زۆرجار بە زنجیر و تێڵا و شمشێر بە ڕیتمەوە سنگ و پشتیان دەکوتن. ڕێورەسمەکان توخمی ڤستیڤاڵئامێزیش لەخۆ دەگرن، کە ئەمەش ناوبانگی زۆر گەورە و هێزی بەردەوامی ئەم سرووتانە دەخاتە ڕوو.

سێهەم، نماییشی (تەعزیە) کە هاوشێوەی نماییشەکانی ئازار چەشتنە لای مەسیح و کاریگەریشیان هەبووە بەسەر (تەعزیە)وە. نواندنێکی شانۆئامێزی ڕووداوەکانی کەربەلایە. تەعزیە یەکێکە لە کۆنترین فۆرمەکانی شانۆ لەم ناوچەیەدا، و هاوڵاتیە ئاساییەکان بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەم نماییشانە دەکەن کە ساڵانە ساز دەدرێن. ئەم نماییشە کە یەکجار میلۆدرامیە، ئاوێتەبوونێکی یەکەم دوو تراسیۆنە باسکراوەکەی سەرەوەیە لەگەڵ ترادسیۆنە شانۆئامێزە ئەورپییەکاندا، لەلایەن گروپە مەحەلیەکانەوە لەسەرانسەری وڵاتدا و لەبەردەم جەماوەرە گەورەکاندا ئاراستە دەکرێن. لە ڕۆژی عاشورادا، نماییشەکان گرنگیەکی تایبەتی دەدەن بە ئازارچەشتنی هاوەڵانی حسێن، بە تایبەتی ئازاری ژنان و مناڵەکان. حیکایەتخوان و ئەکتەرەکان بە دوور و درێژی هەڵدەستن بە باسکردنی تینویەتی ئەو کۆمەڵە گەمارۆدراوەی ناو گەرمای بیابانی کەربەلا و گومڕایی یەزد کە نیوەڕۆی هەینی هەڵبژارد، کە کاتی نوێژی جەماعەتی موسڵمانانە، بۆ قەتڵوعامکردنی ڕکابەرەکانی. لە دیمەنەکانی کۆتایی نماییشەکەدا، جەماوەرەکە دەدەن پرمەی گریان و خیانەت و تاوانی کۆمەڵگەی کوفەیان بیردەهێنرێتەوە چونکە لایەنگیری حسێنی ڕزگارکەریان نەگرت، بەم پێیە ڕێیان دا بە یەزدی ستەمکار هەستێت بە ئەنجامدانی کردەوە ترسنۆکانەکەی. ئەم سرووتانەی موحەڕەم، زۆر لە تەنها باوەڕێک یان دۆگمایەک زیاتر، پێناسەی کۆمەڵگە شیعەکان دەکەن (Halm 1997, 41, Mahjub 1979, 142, Momen 1985, 240, Fischer 1980).

زۆربەی لێکۆڵەرەوان باوەڕیان وایە کە سرووتەکانی موحەڕەم ڕەگوڕیشەی پێش- ئیسلامییان هەیە. ویلیەم بیمانی ئەنسرۆپۆلۆژیست ئەوەی خستەڕوو کە ئەو سرووتانە هاوشێوەی ئەوانەن کە هەڵدەستن بە یادکردنەوەی مەرگی (دیۆنیسیۆس)ی یۆنانی دێرین یان (ئۆسیریس)ی میسری کۆن کە سیمبولی دووبارە تازەبوونەوە و دووبارە

لەدایکبوونەوەی گەردوونین. موحەڕەم لە سرووتە میزۆپۆتامیە دێرینەکانیشدا پەی پێدەبرێت کە یاریدەی ئەوەیان داوە ترادسیۆنی هاوشێوە بێتە کایەوە لە مانیکیانیزم و یەهودیەت و مەسیحیەتدا (Beeman 1979). شیوەنی سرووتئامێز، ناڵەوگریان، لەخۆدان لە هەموو ئەم ئایینانەدا پەیڕەوی دەکرێن وەک ئامرازی پاکژبوونەوەی جەستە و هەموو کۆمەڵگە (Halm 1997, 41-85). ئیحسان یارشاتەری مێژوونووس پشتگیری تیۆری ڕەگوریشە ئێرانیە پێش-ئیسلامیەکان دەکات بۆ ئەم سرووتانە، بە تایبەتی لە چیرۆکی ئەفسانەئامێزی (سیاڤۆش)ی کوڕی (کەی کاڤوس)دا. ئەم چیرۆکە لە داستانی شاهنامەی فارسیدا دەگێڕدرێتەوە، کە شاکارێکی ساڵی 1010 ی زایینیە و پێکهاتووە لە کۆکراوەی چەندین چیرۆکی داستانئامێزی پێشین و بناغەی ئەدەبی نیشتمانیی ئێرانیە. وەکو حسێن، سیاڤۆش حەفتاو دوو هاوەڵی هەبووە. پادشای توران بە هاوەڵەکانیەوە دەیکوژێت. لە هەندێک شوێنی ئێران، یادەکانی عاشورا هێشتا بە (سوڤاشون) بانگ دەکرێن، بەناوی (سیاڤۆش)ەوە. (Yarshater 1979, Curtis 1993, 74-75, Abedi and Legenhausen 1986, 228). مەحمود ئەیوب دەنووسێت، لەوانەیە عاشورا لە بنەڕەتدا ڕۆژێکی ئاهەنگێڕان بووبێت، یەکێک کە یادی "ئەو ڕۆژەی کردبێتەوە کە خودا تیایدا لە ئادەم خۆشبوو" یان ئەو ڕۆژەی کە "خودا تۆبەی دەیڤدی قبوڵکرد،" چونکە ئاماژەکان لە ئارادان بۆ ئەو ترادسیۆنانەی کە ئەو ڕۆژە بە ڕۆژێکی "شادی و ئاهەنگ" هەژمار دەکەن. ئەیوب ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەوانەیە ئەو پشووە ڕیشەیەکی جولەکەی هەبێت لە جەژنی (یوم کپور)دا (8 (Ayoub 1988, 258-59).

لە سەدەی شازدەدا، دووبارە نمایشکردنەوەی ڕووداوەکانی کەربەلا لە ئێران وەک نماییشێکی شانۆئامێز پەیڕەوی کراوە. لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا سرووتەکانی ماتەمگێڕیی پەرەیان سەند بەرەو فۆرمێکی نوێی نماییشی شانۆئامێز. لە سەدەی نـۆزدەدا، ژمارەیەکی یەکجار زۆری تایفەی نماییشکار و ڕۆڵبینەر ڕێکخران بە پشتگیری دیوانی شاهانە و چینی هەڵبژاردە (نوخبە) (Chelkowski 1991, 214). ئەو دیپلۆمات و لێکۆڵەرەوە ئەوروپیانەی کە تێبینی ئەو نماییشانەیان کردبوو زۆر کات سەراسیمە بوو بوون. دیپلۆماتی فەرەنسی، جۆزێف-ئارسەر دو گۆبینۆ، لە نێوان ساڵانی 1855 و 1863 دا دووجار سەردانی ئێرانی کردووە. دانەری ئەم نووسینە بەدناوە کە بە ناوونیشانی (ووتارێک سەبارەت بە نایەکسانی نەژادە مرۆییەکان)ەوەیە (1854)، نماییشی تەعزیەی بە یەکێک لە



نماییشە شانۆئامێزە یەکجار داهێنەرانەکان وەسفکردووە، نماییشێک کە باڵاترە لە هەردوو شانۆی ڕۆمانی و شانۆی ئەوروپی مۆدێرن. گۆبینۆ بە دیاریکراوی سەرسام بوو بوو چونکە تەعزیە دەگەیشتە جەماوەرێکی گەورە، لە کاتێکدا شانۆی ئەوروپی هاوچەرخ تەنها سەرنجی گروپێکی بژاردەی بچووکی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا (Manafzadeh 1991, 317). دیپلۆماتی بەریتانی کۆتاییی سەدەی نۆزدە، سێر لویس پێلّی، بە هەمان شێوە سەرسام بوو بەو پێشوازیە گشتیەی بۆ تەعزیە ئەنجام دەدرێت: "ئەگەر پێوەر بۆ سەرکەوتنی دراما،کاریگەریەک بێت لەسەر ئەو خەڵکەی کە لە پێناویدا (دراماکە) بەرهەمهاتووە یان لەسەر ئەو جەماوەرەی کە لەبەردەمیاندا نماییش دەکرێت، ئەوا هیچ نماییشێک تاکو ئێستا ئەو تراژیدیایەی تێنەپەڕاندووە کە بە تراژیدیای حەسەن و حسێن ناسراوە لە جیهانی موسڵماناندا " (1970 , iii). لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، نەسرەدین شا (کە 1848 بۆ 96 حوکمی کرد) شانۆیەکی گەورەی بۆ نماییشەکانی تەعزیە دروستکرد، کە بە تەکیە ناسرابوو. نزیکەی سی تەکیەی تر لە تاراندا هەبوون و هەر یەکێکیان توانای لەخۆگرتنی نزیکەی سێ هەزار کەسی هەبوو. بەم پێیە، قەرەباڵغی یەکجار گەورە، ئامادەی نماییشە ساڵانەکانی تەعزیە دەبوون تەنانەت بەپێی پێوەرەکانی ئێستەش (Khaki 1991, 256).

ڕەزا شا پەهلەوەی (لە 1925 بۆ 41 حوکمی کردووە)، کە بەشوێن ئەوەوە بوو وڵات بە عیلمانی بکات و مۆدێرن بێت، ژمارەیەک لە سرووتەکانی موحەڕەمی قەدەغەکرد، وەک ئەوانەی کە لە ڕێی لەخۆدان و خۆ-زامارکردنەوە یاد دەکرانەوە. بەڵام خەڵک هەرگیز بە یەکجاری وازی لە مەراسیمەکان نەهێنا، لەوانەش نماییشەکانی تەعزیە. لە ساڵی 1941 دا، کاتێک بەریتانیا و ڕووسیا زۆریان لە شا کرد واز لە دەسەڵات بهێنێت، ئەم سرووتانە، لە فۆرمی بێ ئارایيشتردا بوژانەوە. بڵاوکردنەوەی نووسینی (شانۆ لە ئێران)ی بەهرامی بەیزایی (1965) سەرنجی جڤاتە ئەکادیمی و هونەریەکانی ئێرانی بەلای نماییشە ئازاراویەکانی تەعزیەدا ڕاکێشا. لە ساڵی 1976 دا، لە ڤستیڤاڵی هونەری شیرازدا، کە بە سپۆنسەریی دیوانی شاهانە ئەنجامدرا، تەعزیە پەرەی پێدرا بۆ ئەزموونێکی شانۆئامێزی چینی بژاردە و لەلایەن جڤاتە ئەدەبی و هونەریەکانی ئێرانەوە لە ئامێزگیرا، ئەمە لەکاتێکدا کە حکومەت هاندەری نماییشە مەحەللیەکان نەبوو (Ghafary 1991).

**موحەڕەم و مەشقەکانی خود**

ڕووداوەکانی موحەڕەم و ئەو سروتانەی لە مانگی سەفەردا هاوڕێیەتی دەکەن، و هەروەها ڕێورەسمەکانی ماتەمگێڕی مانگی ڕەمەزان لە ساڵرۆژی شەهیدکردنی (عەلی)دا، نزیکە دوو مانگی ساڵ داگیر دەکەن. لەم ماوەیەدا، پەیامە ناخودئاگاییەکانی موحەڕەم لەسەر دڵ و مێشکی بەشداربووان هەڵدەکۆڵرێن و یاریدەیان دەدات جیهانبینیان دووبارە پێکبهێنێتەوە. زۆربەی پاڕانەوەکانی ناو تەعزیە لە پەیوەندیە سۆزبەخش و فیزیکی و ڕۆحیەکاندا دەبینرێنەوە کە لەنێوان ئەکتەرەکان و جەماوەرەکەدا و هەروەها لەنێوان ئەندامانی جەماوەرەکە خۆیاندا دروستبووە،. حوسەین ئیسماعیلی بەشێوەیەک وەسفی ئەو شێوازانە دەکات بە شێوەیەک کە هەموو هەستەکان دەوروژێنرێن و بەشدارن لە هەردوو ڕێورەسمەکانی ماتەمگێڕی و نمایشی تەکیەکانیشدا. بۆنی گوڵاو و هەرمەڵی کێوی یان ئیسفەند (بۆ دوورخستنەوەی چاوی پیس) و بوغورد تێکەڵ بە دووکەڵی توتنی نێرگەلە و عارەقەی قەرەباڵغیە تێ ترنجاوەکان دەبێت. خواردن بەشێکی گرنگی ڤستیڤاڵەکانە، و بەخشینەوەی خواردن بەشێکی سرووتەکانە. بۆن و بەرامەی کەبابی بەتامی سەر پشکۆ و بۆنی شیرینی شیربرنج بە تامی زەعفەران، شرووبی مزر بە تامی گێلاس و چای بە هێل کە بەردەوام پێشکەش دەکرێت. دەوروبەر پڕ دەبێت نەوای ئامێرە مۆسیقیە جیاجیاکان — تەپڵ و دەف و شەیپور و بوق و شمشاڵەکان — شان بەشانی موناجات و گۆرانی نمایشگێڕان (Esmaili 1991). تەعزیە پشت ئەستوورە بە کەرەستەیەک کە لە بنەڕەتدا ئەدەبیە و ڕازێنراوەتەوە بە دەستەواژە عامیەکان. پاڵەوانەکان گۆرانی دەچڕن، لەکاتێکدا خیانەتکاران قسە دەکەن، و تەواوی دەقی تەعزیە وەزن و قافیەدارە (Elwell-Sutton 1979).

ڤستیڤاڵەکان چاوانیش خەریک دەکەن بە خۆیانەوە. ڕازانەوە بە کریستاڵ و گڵۆپی یەکجار درەوشاوە و جلوبەرگ و ڕاگیرە ڕازاوەکان گەنج و پیر حەیران دەکەن. پاڵەوانەکان جلی سەوز و ڕەش دەپۆشن، کە ڕەنگی ئیسلامە، دژە-پاڵەوانەکانیش جلی سوور دەپۆشن، کە ڕەنگی خوێن و ئازارە. پەریەکانی خودا لەپشتەوە باڵ بەخۆیانەوە دەکەن، بەدکارانیش تێلای دڕکاویان پێیە. ئیمامەکان تەسبیحی نزاکردنیان پێیە و قورئان بەدەستیانەوە ڕادەوەشێنن، لە کاتێکا یەزد و جەماعەتەکەی پەرداخی شەرابی ڕەمزییان پێیە (کە حەرامە لە ئیسلامدا) و نیشاندەری مەرامە خراپەکانیانە. نمایشەکە زۆر بە تایبەت بۆ منداڵان چێژ بەخشە. هەندێک لە ئەکتەرەکان بەسەر ئەسپی تیژڕەوەوە بە دەوری سەکۆکەدا



غار دەدەن، ئەوانی دی لەوانەیە وەک ئاژەڵ (زۆربەی کات وەک شێر) خۆیان بگۆڕن. بڕێکی زۆریش لە گاڵتەوگەپ دەگوزەرێت، و تەعزیە کۆمیدیایەکی سەیر و چیرۆکی داستانئامێزیش لەخۆدەگرێت کە پەیوەندیەکی کەمیان هەیە بە چیرۆکی کەربەلاوە.

تەعزیە بەردەوام سنوورە زەمانی و شوێنیەکانی جیهانە واقعی و خەیاڵیەکان تێدەپەڕێنێت. 9 ئەم داهێنانە دراماییە، کە بە گوریز (diversion) ناسراوە، ڕێگە دەدات بە ئەکتەرەکان نمایشی شانۆیەک بکەن لەناو شانۆیەکدا. (بۆ نموونە) زۆر کەم پێش مردنەکەی، حسێن دەتوانێت سەفەر بکات بۆ هیند بۆ یارمەتیدانی پادشایەکی ئەو ناوچەیە. ڕۆحیانەتی پێغەمبەرە پێشینەکانی کتێبی پیرۆز دەردەکەون و ئەو "هەواڵە خۆشە"ی دەدەنێ کە بەم زووانە شەهید دەکرێت. پیتەر چێلکۆوسکی، کە گرنگترین لێکۆڵەرەوەی بواری تەعزیەیە، دەنووسێت کە نە زەمەن و نە شوێن واقعی و قەتعی نین. ئەوەی لە ساڵی 61 ه (680 زایینی) ڕوودەدات لە شەڕگەی کەربەلا لەمڕۆدا دەبێتە واقع: "تەعزیە سنوورەکانی کات و شوێن دەشکێنێت." ڕابردوو و ئێستە پێکدەگەن، و "جەماوەر لێرەشە و لە بیابانی کەربەلاشە" (Chelkowski 1991, 220). وەک پیتەر بروک، شانۆکاری ناسراو، ئاماژەی پێدەدات:

لە گوندێکی دوورە دەستی ئێراندا، یەکێک لە بەهێزترین شتەکانم بەرچاو کەوت کە لە شانۆدا بینیومە: گروپێک کە لە چوارسەد گوندنشین پێکهاتبوو، هەموویان دانیشتوانی ئەو شوێنە بوون، لە ژێر درەختێکدا دانیشتبوون هەر لە قاقای پێکەنینەوە گرتبوویان تا دەگەیشتە پرمەی گریان — هەر چەند هەموویان زۆر بە تەواوی کۆتایی چیرۆکەکەیان دەزانی — ئەمە کاتێک (حسێنیان) دەبینی لە مەترسی کوشتندایە، و ئنجا گاڵتەیان بە عەقڵی دوژمنەکانی دەهات، و دواتر شەهیدبوونی ئەنجام دەدرا. کاتێک شەهید دەکرا، شانۆ دەبووە حەقیقەتێک — جیاوازی نەدەما لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا. ڕووداوێک، دەگێڕڕایەوە وەک ئەوەی لە یادەوەریدا 1300 ساڵ لەمەوبەر ڕوویداوە لە مێژوودا، لە ڕاستیدا دەبووە واقعێک لەو ساتەدا. (Cited in Chelkowskiand Dabashi 1991, 80)

یان ڕیچارد، سەرنجمان بەرەو ئاپۆرا و ڕێورەسمەکانی ماتەمگێڕی سەر شەقامەکان ڕادەکێشێت. سەبارەت بەو پیاوە گەنجانە دەدوێت کە تەراشیان نەکردووە و جلی ڕەشیان پۆشیوە و زۆریشیان کفنی سپیان لەبەر کردووە بۆ ئەوەی ئامادەیی خۆیان پیشان بدەن بۆ مردن. هەندێکیان ناوچەوانیان لە پیسیی هەڵدەسوون بۆ

ئەوەی نیشانی بدەن کە ئارەزوویان هەیە بخرێنە ژێر خاکەوە لە پێناوی حسێندا. بە ڕیتمەوە سینگیان دەکوتن، هەندێک جار بە زنجیرێکی بچووک، پێستی سەریان بریندار دەکەن لە چەند ساتێکی شیلگیربووندا، لەوەدەچێت بێ ئاگا بن لە هەر هەست بە ئازارکردنێک. لە پێشەوەی ڕێورەسمەکەدا، کە بە هێواشی بە نێو شەقامە پێچ پێچەکاندا گوزەر دەکات، سیمبولێکی کانزایی ڕازاوەی قورسی گەورە هەیە ناو بە ناو، پیاوە گەنجەکان کە سیمبولە قورسەکەیان پێیە دەوەستن و کردەی ئاکرۆباتیکی بوێرانەی پێ نمایش دەکەن. دەیخەنە سەر سەریان، لەسەر ناوکیان هەڵی دەبەزێننەوە، و هەوڵدەدەن ئافرەت و (پیاوە) لاوەکان سەرسام بکەن لە قەرەباڵغیەکەدا، کە بە پەرۆشی و سەرسامبوونێکی زۆرەوە سەیریان دەکەن. (Richard 1995, 97-99).

سرووتەکانی موحەڕەم بە شێوەیەکی ڕۆتینی سنوورەکانی جێندەر تێدەپەڕێنن. موحەڕەم بۆنەیەک بووە بۆ ئەو ڕەگەزی بەرانبەرەی کە خزم نیە بۆ ئەوەی بە ئاشکرایی یەک ببین (Calmard 1996, 170). 10 لە چەند هەفتەی پێش ڕێورەسمەکانی موحەڕەمدا، زۆر لە پیاوە گەنجەکان دەچنە یانە تەقلیدیەکانی لەش جوانیەوە. هەندێک جار ئافرەتە گەنجەکان پێشنیاری هاوسەرگیری دەنێرن بۆ سەرکردە قۆزەکانی ڕێورەسمەکە. 11 لە کۆمەڵگەیەکدا کە پیاو بە ژن زانین بێ حورمەتیەکی گەورەیە بۆ پیاو، ئەکتەرە پیاوەکان، زۆر لەوانەش کە بە ئارەزووی خۆیان بەشدارن، بە ویستی خۆیان جلی ژنانە لەبەر دەکەن و نمایشی ڕۆڵی ژنان دەکەن لە نمایشەکانی تەعزیەدا (Chelkowski 1991). 12 ئێنێرژیەکی سێکسیی دانپیانەنراو و قسەلێوە نەکراو، بەڵام بە ئاشکرا هەستپێکراو، لەسەر شەقامەکانەوە دەردەچێت. ڕیچارد دەنووسێت:

هەموو ئەوانەی زانیاریان پێبەخشیم دووپاتیان کردەوە کە عاشورا ڕۆژی نوازشکردن و عەشقبازی نهێنی و پڕ ناز و عیشوەیە. سروشتی سێکسی ئەم ڤستیڤاڵی مەرگە هەمووی بە یەکجار لێم دەدات. جەمسەری سیمبولە گەورەکە کە لەسەر سک ڕاگیرکراوە و ڕوو بەرەو ئاسمان بەرزکراوەتەوە بۆ ئەوەی بۆ پیاوان و ژنان نمایش بکرێت، نواندنی هێزی نێرینە و مەردبوون لەپێناو سەرنجراکێشان و سەرسامرکردندا، شیرینی شروبیەکان، ناسکیی نیگا فرێنراوەکانی خۆشەویستی لەپێناو حسێن و هاوەڵانیدا، ڕیتمی ئەفسوناوی ڕێورەسمەکان، کە عادەتەن چوار کەرەت سێ جەڵد و ئنجا وەستانێک، یان سێ جەڵدی لەسەرخۆ و ئنجا هەنگاوێک بۆ پێشەوە زیاتر لە سەمایەک دەچێت تا لە ماتەمینی جەنازەیەک، و ئەو قامچی و



زنجیرە بچووکانەی کە پیاوەکان دەیسوڕێننەوە بۆ ئەوەی لەپڕ بیکێشن بە شانیاندا لەو ملبەندە ڕەنگاورەنگانە دەچن کە ژنانی خێڵەکی بە بەرزی بەسەر سەریانەوە دەیلەرێننەوە لە کاتی سەمای نەرمیاندا بەجوانترین جلەکانیانەوە لە شاییەکانی ژنهێناندا. (Richard 1995, 99-100) 13

سرووتەکانی ماتەمگێڕی لای شیعە ڕۆڵێکی سایکۆلۆژی گرنگیش دەگێڕن. لە کلتورێکدا کە پاراستنی حەیا و شاردنەوەی شکستەکانی یەکێک، نەریتی کۆمەڵایەتی گرنگن، خەمخواردن و شیوەنکردنی بە کۆمەڵ سەبووری سایکۆلۆژی گرنگ فەراهەم دەکەن. بەشداریکردن لە گردبوونەوەی (ڕوچە خوانی)دا فۆرمێکی قبوڵکراوی دەربڕینی غەمی مرۆڤە. سەربوردەیەکی ئەم دواییانەی ئەم جۆرە گردبوونەوەیە، کە لە ساڵرۆژی شەهیدکردنی (عەلی)دا (کە دەکەوێتە ڕۆژی نۆزدەیەمی مانگی ڕەمەزانەوە) سازدرا، ئەوە دەخاتە ڕوو کە چۆن ئەم گردبوونەوە کۆمەڵایەتیە ڕۆتینیە دەتوانێت شوناس و کردەوەی ئایینی وەک پاکژبوونەوەی ڕۆحی تازە بکاتەوە:

لە شوقەیەکی جوان دامەزراوی تاراندا، نزیکەی شەست ژن، کە سەرتاپا ڕەشپۆش بوون، لەسەر ئەرز دانیشتبوون، ڕوویان کردبووە مەککە. ماتەم خوێنێک ... کە چەمابووەوە بەسەر مایکرۆفۆنێکدا. بە ژنەکانی دەوت کە قورئانی بچووک بخەنە سەر سەریان و تکا لە عەلی بکەن نیازەکانیان بهێنێتە دی. چاویان داخست و دەستیان بەرز لە هەوادا وەک ئەوەی بانگی بکەن. ئنجا ماتەم خوێن دەستی پێکرد. بە ناڵاندنەوە چیرۆکی زەینەب، کچی عەلی، گێڕایەوە کاتێ دەیبینی باوکی دەمرێت: "کچە سەیری باوکی دەکات کە لەسەرە مەرگدایە، کە چاوانی تاریک دەبن، لەسەرە مەرگدایە، زەینەب سەیری باوکی دەکات کە لەسەرە مەرگدایە، کە سەری خوێناوی باوکی پاک دەکاتەوە، دەڵێت باوکە باوکە، قسەم لەگەڵ بکە، چاوانت هەڵبێنە و قسەم لەگەڵ بکە." ژنێک، و ئنجا دوان، و ئنجا کۆمەڵێک ژن دایانە پرمەی گریان، وەک ئەوەی کە مەرگی باوکیان بێت باس بکرێت. "بگرین هەمووتان، بگرین،" ماتەم خوێن لەبەر خۆیەوە دەیوتەوە. "ئەگەر فرمێسکی کیفایەت نەڕێژن، گوناهەکانتان پاک نابنەوە." ژنەکان بەجۆرێک دەگریان وەک بڵێیت ئەو دنیایان لەسەر ئەوە وەستاوە. دەسڕ لە ژوورەکەدا دابەش دەکرا. پاڕانەوەکە لە ڕیتمێکدا سەقامگیر دەبوو، و ژنەکان دەستیان دەکرد بە سنگ کوتین بەپێی ڕیتمەکە. کاتژمێر یەک و نیوی پاشنیوەڕۆ بوو، و چەندین سەعاتی تریش پاڕانەوە و گریان بەردەوام بوو پێش ئەوەی ژنان پەلاماری ئەو مێزە پڕ

خواردنە بدەن کە چاوەڕێی دەکردن. ( Waldman 2001, A5).
بە پێیە ئەم سرووتانەی تۆبەکردن بە شێوەیەکی زۆر کۆنکرێتی موخاتەبەی پێویستیە ڕۆحیەکانی باوەڕداران دەکەن. لە ڕێی پاڕانەوە لە حسێن و خێزانەکەی، دەتوانیت هیوا بۆ چارەسەرێکی خێرای گرفتەکانی مرۆڤ بخوازیت. وەک ماری هێگلاند چونیەکانە مشتومڕی دەکات، کەسایەتی ئیمام حسێن وەک "تکاکاری نێوان خودا و مرۆڤەکان" خزمەتی کردووە. 14 شەهیدبوونی حسێن شوێنێکی تایبەتی بۆ بەدی دەهێنێت لە ئارایشتی کامڵی بەهەشتیدا. ئەو بەهرەمەندە بە هێزی پیرۆزی لە گوناه خۆشبوون و بەدیهێنانی نیازی باوەڕداران، گرفت نیە تا چەنێک ئەو نیازانە دونیایی بن.

**فۆکۆ سەبارەت بە گوتاری مەرگ و سرووتە مەسیحیەکانی دانپیانان**

لە پاییزی ساڵی 1978، لە ماوەی قۆناغە سەرەتاییەکانی شۆڕشی ئێراندا، چەندین گروپی جیاجیا لە قوتابیانی نەتەوەخواز و چەپ، لە خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی دژی ڕژێمدا پەیوەندیان کرد بە ئیسلامگەراکانەوە. بەڵام، هەر زوو، باڵی ئیسلامگەراکان زاڵ بوو. وەک دووبارە نماییشکردنەوەیەکی شەڕە مێژوویەکەی نێوان حسێن و یەزد ململانێی دژی شا ڕێکخرا و داواکاریە بە ڕووکەش عیلمانی و نەتەوەپەرستی و چەپگەراییەکانی زۆرێک لە خۆپیشاندەران لە پۆشاکی ئایینی و لە ڕێی سرووتەکانی موحەڕەمەوە گوزارشتیان لێدەکرا. بە ناوی یەکێتی نیشتمانیەوە، ئیسلامگەراکان دەستیان گرت بەسەر هەموو دروشمە شۆڕشگێڕیەکاندا و داوایان کرد ژنە عیلمانیەکان سەریان داپۆشن وەک هاوپشتیکردنی ئەوانەیان عیلمانی نین. فۆکۆ هەستا بە بەراوردکردنی دووبارە نماییشکردنەوە سیاسیەکانی سرووتەکانی شیعە، کە لەلایەن ئیسلامگەراکانەوە لە شۆڕی ئێرانی ساڵی 1978 – 79 دا ئەنجام دەدران، بە سرووتە مەسیحیە ئەوروپیەکانی تۆبەکردن:
لە 2 ی کانونی یەکەمدا، یادەکانی موحەڕەم دەست پێدەکەن. یادی مەرگی ئیمام حسێن دەکرێتەوە. سرووتی گەورەی تۆبەکردن ساز دەدرێت (دەمێک نیە، مرۆڤ دەیتوانی خۆپیشاندەران ببینێت کە لەخۆیان دەدا.) بەڵام هەستی گوناهباریی کە دەشێت مەسیحیەتمان بیربهێنێتەوە سەرمەدیانە پەیوەستە بە ستاییشکردنی شەهادەتەوە لەپێناو ئامانجێکی دادپەروەرانەدا. ئەوە ئەو کاتەیە کە جەماوەرەکان ئامادەن پچن بەرەو پیری مەرگەوە لەو پەڕی مەستیی قوربانیدانیدا. لەماوەی ئەو ڕۆژانەدا، شیعەکان ئاشوفتەی پەرگیری دەبن. (« The Revolt in Iran



(Spreads on Cassette Tapes, » app., 216)
فۆکۆ، کە خۆی شایەتحاڵی خۆپیشاندانەکان بوو دژی شا، مەفتونی ئەو شێوازە نوێیەی جەماوەرە بێ چەکەکان بوو کە لەسەر شەقامەکان بەرەو پیری مەرگ دەڕۆیشتن. بە لای ئەوەوە، شیعەکانی ئێران خاوەن "ڕژێمێکی حەقیقەت"ی جیاواز بوون، کە هەڵوێستێکی تەواو جیاواز بوو بەرامبەر ژیان و مەرگ. ئەمەش لە لۆژیکی خۆرئاوای مۆدێرن جیای کردبوونەوە.
فۆکۆ ئارەزووی هەبوو لە مانیفێستی ڤستیڤاڵئامێزی سرووتەکانی ماتەمگێڕی و دەسەڵاتی چارەسەرکەریان. لەماوەی سەردانێکیدا بۆ مەزاری ئیمامێک، فۆکۆ نووسی:
لە دەوروبەری هەموو ئارامگاکەدا، پێ بە عەرزا کوتین و پاڵنان لە ئارادایە. لەوانەیە کەسی ئەوروپی هەڵەبێت هەوڵبدات بزانێت کام بەشە نماییشێکی گوندییە و کام بەشەش عیبادەتە. لە ڕاستیدا پادشای ئەم ساتەوەختە هەوڵی داوە جڵەوی هەندێکی ئەم شەپۆلە بکات. زۆر نزیک لێرە، گۆڕی باوکی خۆی قوتکردووەتەوە. ڕەزا شای باوکیش شەقامێکی بەرفراوانی تەرخانکردووە و سەکۆی کۆنکرێتی تیا داناوە کە کاتی خۆی تەنها باخچەی لێبووە. ئاهەنگی سازکردووە و پێشوازی لە شاندی نێودەوڵەتی کردووە، هەمووشی بێهوودە بووە، چونکە لە کێبڕکێکەی نێوان هەردوو مردووەکەدا، کوڕەزازای ئیمامەکە، هەموو هەینیەک، لەباوکی پادشا دەباتەوە. (« Tehran : Faith against the Shah, » app., 199)
فۆکۆ بە هەمان شێوە سەرسام بوو بە پەیوەندی نێوان گوتاری شەهادەت و فۆرمی نوێی ڕۆحانیەتی سیاسی کە ئیسلامگەراکان خوازیاری بوون. لەو باوەڕەدا بوو کە دونیای خۆرئاوا لە کاتی شۆڕشی فەرەنسیەوە ئەم فۆرمەی ڕوحانیەتی پشتگوێ خستووە. لە گۆڕستانی فیردەوسی زەهرا دا، کە گەورەترین گۆڕستانی نزیک تارانە، لە دوای سرووتەکانی ماتەمگێڕی بەشێوەیەکی ڕۆتینی مونازەراتی سیاسی ساز دەدران.
بە لای فۆکۆوە، پێدەچوو شیعەگەرایی ڕێبازێکی جیاوازی هەبێت بەرامبەر مەرگ. وەک کۆتایی سەیری مەرگ نەدەکرا بەڵکو بە سانایی قۆناغێکی تر بوو لە درامای ژیاندا. لە گفتوگۆیەکی خەیاڵیدا لەگەڵ کۆمەڵناسێکی ئێرانیدا، ئەم جیهانبینیەی بە کورتی خستەڕوو: "ئەوەی فیکری ئێوەی سەرقاڵکردووە، ئەی خۆرئاواییەکان، مەرگە. داوای لێدەکەن لە ژیان جوداتان بکاتەوە و ئەویش فێرتان دەکات چۆن

چۆنی تەسلیم بن. بەڵام بەلای ئێمەوە، ئێمە بەتەنگ مردووانەوە دەچین چونکە لەگەڵ ژیان بە یەکمان دەگەیەننەوە. دەستەکانمانیان بۆ درێژ دەکەین بۆئەوەی ئەوان بمانبەستنەوە بە ئەرکی هەمیشەیی عەدالەتەوە. ئەوان قسەمان بۆ دەکەن لەبارەی ئەو ماف و خەباتەی کە پێویستن بۆ مافی سەرکەوتن" (« Tehran, » app., 201).

فۆکۆ ترسی ئەوەی هەبوو مێژوونووسان لە داهاتوودا شۆڕشی ئێرانی تەنها بۆ بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کورت بکەنەوە، کە تیایدا نوخبەیەکی ئایینی پەیوەندی بە جەماوەرەکانەوە کردووە لە پێناو بە تەنگەوەچوونی غەمە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکاندا. ئەو هۆشیاری دا کە ئەمە مەبەستەکە نیە. بانگەشەی ئەوەی کرد کە هێزی بزوێنەر لە پشت شۆڕشی ئێرانیەوە ئایینی و کلتوری بووە. ئەمە دەکرا پەی پێببرێت لە نۆستالژیای گشتیدا بۆ سرووتەکان و گووتارەکانی شیعەگەرایی و ئەو ترادسیۆنانەی کە زۆر لە ئێرانیەکان پشتگوێیان خستبوو لەبەرئەوەی بە زۆر یەکسانکرابوونەوە بە مۆدێرنیتی. لانی کەم لە بەشێکیدا، ئەمە هەڵسەنگاندنێکی ڕاست بوو، بەڵام فۆکۆ ئەو پێداگریە زۆر گوماناویەی ڕاگەیاند کە گوتاری ئیسلامگەرا، کە لە ماوەی شۆڕی ئێرانیدا بڵاوبووەوە، ئایدیۆلۆژیا نەبووە، و "دەمامکی نەکردووەتە سەر هاودژبوونەکان". هەروەها بریتیش نەبووە لە "یەکێتیەکی پیرۆزی" پێکهێنراوی "پەرژەوەندیە سیاسیە جیاجیاکان." بە گوێزرانەوە لە گووتارێکی ئیمپریالیستی کلتوریەوە بەرەو پەرەدایمێکی گەردوونیتری پڕ مشتومڕ سەبارەت ستەمکاری مۆدێرنیتی، فۆکۆ ئەوەی خستەڕوو کە گووتاری شیعە غەریزی بوو (واتە بەشێکی جەوهەری بوو لەخۆیان) و بێ وەسیت لەگەڵ خودا پەیوەندی دەگرت "موفرەدات و مەراسیم و دراما ئەبەدیەکە کە تیایدا مرۆڤ دەشێت درامای مێژوویی خەڵکانێکی تیادا بگونجێنیت کە وجودی خۆیان لەگەڵ سەروەریاندا خستووەتە کێبڕکێیەوە " (« Iran : The Spirit of a World without Spirit, » app., 252).

لەساڵانی دواتردا و پاش گەڕانەوەی لە ئێران، و ڕەنگە لەژێر کاریگەریی مانەوە کورتەکانیدا لەوێ، فۆکۆ پەنای بردەوە بەر ئەم بابەتانە. چەندین ووتەی پەرشوبڵاو لە نووسین و وانە و چاوپێکەوتنەکانی فۆکۆ لە سەرەتای 1980 دا ئاماژە بە ئارەزووی ئەو بۆ نەریتە سرووتئامێزەکانی خود دەدەن لە سەرەتای مەسیحیەتدا،



ئەو نەریتانەی کە باوەڕداران لەخۆیانگرتبوو لەپێناو شکڵدان بە فیکری خۆیان بۆ بەدەستهێنانی "حاڵەتێکی دیاریکراو لە کەماڵ، لە بەختەوەری، لە پاکژبوونەوە، لە دەسەڵاتی سەرو سروشتی" (Foucault 1980, 162).

لە ئاخاوتنێکی ساڵی 1980 دا، فۆکۆ ئاماژەی دا بەوەی کە لە سەرەتای مەسیحیەتدا دوو جۆر لە دانپیانان هەبووە، دوو نەریتی سزادانی خود. تەنها یەکەمی ئەم دووانە فۆکۆیان بزرواند. ئەوەش نەریتی exomologesis بوو کە بریتی بوو لە مانیفێستکردنێکی گشتی تۆبەکردن کە ڕۆژوگرتن و لەبەرکردنی جلی شڕ و سنگ ڕووتکردن و سووتوو بەسەردا کردن و جەستە برینداركردنی لەخۆگرتبوو. دەبوایە تۆبەکاران "ئەزیەتخواردنی خۆیانیان بسەلماندایە و خەجاڵەتی خۆیان پیشان بدایە و بێ فیزیی خۆیانیان دەربخستایە و حیشمەتی خۆیان نمایش بکردایە." کەسێک حەقیقەتی لەرێی ڕۆژووگرتن و خۆ زامارکردن و چەندین ڕێگەی تری دەرخستنی پەژارەی گشتیەوە دەردەخست، نەک لە ڕێی دانپیانی زارەکیەوە بە گوناهدا. لەم سرووتە دیاریکراوەدا، گوزارشتکردنی زارەکی بوونی نەبوو و شیکارکردنی گوناهیش لەلایەن دەسەڵاتێکی باڵاوە نەدەکرا. دانپیانان گێڕانەوەیەکی ڕۆشنی ئەوە نەبوو کە یەکێک پێی هەستاوە یان تەرکیزکردن نەبوو لە ووردودرشتی سنوورشکاندنە جەستەیی و خێزانی و ئایینیەکان. وەک حەمامێکی پاکژبوونەوە، ئەم شێوازەی دانپیانان گوناهەکانی لە پێست دەشۆریەوە و "پاکژبوونی پێشینەی دەگێڕایەوە." گوناهبار جۆرێک لە خۆکوشتنی ڕۆحی ئەنجام دەدا. لەبەرئەوە، تۆبەکردنەکەی بریتی بوو لە "نواندنی شانۆئامێزی گوناهبار، کە ئومێدەواری مەرگی خۆی بوو وەک گوناهبار." دراماییترین نکۆڵی کردن بوو لە خود: " exomologesis ملکەچی یاسای پێداگری دراماییی و ئەوپەڕی شانۆیی بوون بوو." گوناهبار گوزارشتی لە هەستی "شەهادەت دەکرد کە هەمووان دەبنە شایەتحاڵ بۆی و لەرێی ئەم کردەیەوە دەگەڕێتەوە (دۆخی پاکژی جارانی —و) " (Foucault 1980, 172-73).

لە هەفتەی پێش جەژنی زیندووبوونەوەی مەسیح (ئیستەر)دا، هەندێک ڕۆژ بۆ ئەم سرووتە گشتی و جەماعیە گل دەدرانەوە. گوناهباران کۆ دەبوونەوە و پەژارە و خەجاڵەتیی خۆیان نمایش دەکرد. فۆکۆ ئاماژە بە ووتەی سەینت جێرۆم (331-420 ز) دەکات کاتێ باسی ئەو سرووتانە دەکات کە ئازاربەخش بوون بۆ فابیۆلا، کە ژنە نەجیبزادەیەکی ڕۆمانی بوو و شووی کردبووەوە پێش مردنی

مێردی یەکەمی و دەبوایە تۆبەی بکردایە لەسەر ئەو گوناهە: "لەماوەی ڕۆژانی پێش ئیستەردا، فابیۆلا لەنێو ڕیزی گوناهباراندا دەبینرا. ئەسقۆف و قەشەکان و خەڵک لەگەڵی دەگریان. قژی ژاکاو، ڕووخساری ڕەنگ پەڕیو، دەستەکانی پیس، سووتوو بەسەردا کراو، سزای سنگی ڕووتی و دەموچاوی دەدا کە مێردی دووەمی پێ فریودا. برینەکانی بۆ هەمووان و ڕۆما ئاشکراکرد، بە فرمێسکەوە، تێفکری لەو برینانەی کە بەسەر جەستە لەڕەکەیەوە بوون" (Foucault 1980, 127). پیاوانی ئایینی کەنیسە بە زمانێکی پزیشکیانە پاساویان بۆ ئەم شێوازە لە تۆبەکردن دەهێنایەوە. دەبوایە نەخۆشەکان برینەکانیان پیشانی پزیشک بدەن ئەگەر بیانویستایە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. بەڵام لەمە گرنگتر ئەوەبوو کەنیسە مۆدێلی شەهادەتی وەک پاساوێک بەکاردەهێنا. شەهیدەکان پێیان باشتر بوو ڕووبەرووی مەرگ ببنەوە لەجیاتی ئەوەی باوەڕ پشتگوێ بخەن: "گوناهکار باوەڕ پشتگوێ دەخات تاکو ژیانی ئێرە پلەی نزم بێتەوە، تەنها لەو کاتەدا دووبارە عەفو دەکرێت (یان دەگێڕڕێتەوە دۆخی پاکژی جارانی-و-) ئەگەر لەسەرەی خۆیدا خۆبەخشانە خۆی واڵا بکات بۆ جۆرێک لە شەهادەت کە هەموو شایەتحاڵی بن کە تۆبەکردنە یان تۆبەکردنێکە وەک حاڵەتی exomologesis" (173). شتێکی سەرنجڕاکێشە کە فۆکۆ لێرەدا وتەی جێرۆم دەهێنێتەوە، کە بە دڵنیاییەوە یەکێک لە ڕەقترین پیاوە ئایینیەکانی کەنیسە بوو و لاهوتناسیەکەی لێکۆڵینەوەی توند و چەوساندنەوەی لادەران و هەروەها ڕقێکی بەرامبەر ژنان و سێکسیش لەهەر جۆرێک بێت لەخۆگرتبوو تەنانەت ئەگەر لەناو هاوسەرگیریشدا بوایە.

دووەم جۆری دانپیانانی مەسیحی، ئەوەی کە فۆکۆ ئارەزووی لێ نەبوو، ئەو جۆرە بوو کە ناوی نا بوو "بە زارەکیکردنی شیکاریانە و بەردەوامی فیکر" بۆ قەشە (Foucault 1980, 179). کەشیش داوای لێدەکرا کۆنترۆڵی هەموو بیرکردنەوەکانی بکات نەک تەنها کردەوەکانی بۆ ئەوەی دڵی، ڕۆحی، چاوانی پاکژ بن بۆ پێشوازی کردن لە خودا. هەموو ئەمەی لە ڕێگەی دانپیانان بە هەموو شتێکدا بە دەستدەهێنا بۆ باوکێکی (قەشەیەکی) ڕۆحی. نەک تەنها دانی بە کردەوە گوناهکارانەکانیدا دەنا، بەڵکو بە بیرکردنەوە و خەون و هیواکانیشیدا. ئەم فۆرمی دووەمەی دانپیانان، کە لە تەریقەتە دەیریەکاندا پەرەی پێدرا، پێی دەوترا "exagoreusis". فۆکۆ باوەڕی وابوو کە ئەم نەریتەی دووەم مۆدێلێکی فۆرمە مۆدێرنەکانمان بۆ کۆنترۆڵێکی پڕ زەبت و ڕەبتی کۆمەڵگە، کە تیایدا



مامامۆستاکان و دەروونناسەکان جێگەی خاوەن دەیرەکان دەگرنەوە.
لە هەردوو سرووتەکەدا، دەبوایە یەکێک خۆی بکاتە قوربانی بۆ زانینی حەقیقەت دەربارەی خۆی. فۆکۆ ئاماژەی دا بە لاهوتناسی ئاڵۆزی خود لە مەسیحیەتدا، بەو چەمکەی کە "هیچ حەقیقەتێک دەربارەی خود (مومکین نیە) بەبێ قوربانی خود" (Foucault 1980, 180). ئەم نکوڵیکردنەی خود یان لەسەر جەستە ئەنجام دەدرا (کە پێدەچوو لای فۆکۆ پەسەند بێت و پەیوەندی هەبێت بە حەزی ئەوەوە بۆ سادۆماسۆشیزم وەک فۆرمێک لە کەشفکردنی خود لە ڕێگەی ئازارەوە) یان لە ووشەدا، کە فۆکۆ شانبەشانی تەکنیکە دیسپلینکەرە مۆدێرنەکان ڕەخنەی لێگرت.

ئەو ڕەخنەیەی فۆکۆ ئاراستەی کلتوری خۆرئاوای مۆدێرنی کرد ئەوەبوو (کە ئەم کلتورە) هەوڵی داوە هیرمێنیوتیکێکی خود دامەزرێنێت، بەڵام نەک لەسەر بنچینەی پرەنسیپەکانی قوربانیدانی خود لای مەسیحیەتی سەرەتایی (یان لای ئیسلام، کە لێردا دەشێت دایبنێین). هیرمێنیوتیکی مۆدێرنی خود پشتی بەستبوو بە سەرهەڵدانێکی تیۆری و پراکتیکی خود. نەریتە پزیشکی و دەروونناسیەکان و تیۆری سیاسی و فەلسەفی هەموویان بەو ئاراستەیە ڕۆیشتوون. زاتیی بوون ڕیشەی خودێکی ئیجابی بوو. هەوڵێک لە ئارادا بوو بۆ دۆزینەوەی بەدیل بۆ "فیگەری ئیجابی مرۆڤ لەپێناو قوربانیدا کە بەلای مەسیحیەتەوە مەرج بوو بۆ واڵاکردنی خود وەک کایەیەکی تەفسیرکردنی بێ سنوور." فۆکۆ باوەڕی وابوو کە پێدەچێت ئەمە ئاراستەیەکی هەڵە بووبێت: "ئایا بە ڕاست پێویستمان بەم هیرمێنیوتیکەی خود هەیە؟" (Foucault 1980, 181). بانگەشەی ئەوەی کرد کە لەباتی ئەوانە پێویستە نەریتە مۆدێرنەکانی خود بگۆردرێن. فۆکۆ پێشنیاری کرد دووبارە دیدگایەک بۆ نەریتی exomologesis، بۆ تۆبەکردنی جەستەیی پێکبهێنرێتەوە نەک کت و مت لەو فۆرمەیدا کە لەسەدەکانی ناوەڕاست هەبوو، بەڵام لەڕێی سرووتی گشتی و تایبەتی (نازارەکی) باڵادەستیی-خودەوە، ئەمەش ئەو دەستپێکەیە کە دەشێت کلتوری خۆرئاوای دووبارە لێ دروستبکرێتەوە. 15
دەکرێت خوێندنەوەی فۆکۆ بۆ سرووتەکانی تۆبەکردن لە مەسیحیەتدا یاریدەدەر بێت لە ڕوونکردنەوەی ئەوەدا کە بە چ جۆرێک ئاشنا بووە بە سرووتە هاوشێوەکانی تۆبەکردن لە ئیسلامی شیعەدا و چۆنیش ئەم سرووتانە بەرگەیان گرتووە. لە موحەڕەمدا، خود-ستاییشکردن و خود-تەشویهکردن و "دەرخستنی گۆشتی مرۆڤ

و جەستە" کردەوەی تاک و تەنیای تۆبە نین. بەڵکو وەک بەشێک لە ڤستیڤاڵێکی گشتی درامایی و جەماعی ڕوو دەدەن. جڤات داخڵی درامای تۆبەکردن و نواندنی مەرگ دەبێت. تۆبەکردن، کە فۆرمێکی خود-پاکژبوونەوە و نکوڵی کردنیشە لە گوناە، دەبەسترێتەوە بە چەندین ئاهەنگی جیاجیاوە کە جەستە بە مانا فیزیکی و عاتیفی و ڕۆحیەکەی تێوە دەگلێنن، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەزموونێکی یەکجار لەزەتبەخش. تۆبەی ساڵانەی موحەڕەم کاتێکە بۆ تاکی گوناهکار کە لەبەر چاوی هەمووواندا هەستێت بە دەرخستنی جەستە و گۆشتی کە گوناهەکەی ئەنجامداوە، نەک تەنها گوناهە مێژوویەکەی خیانەتکردن لە حسێن، بەڵکو گوناهی تاک خۆشی، بەبێ ئەوەی تاک پێویستی بە دانپیانانی زارەکی بێت. لە ڕێی گریانەوە بۆ حسێن، مرۆڤ لێخۆشبوون بۆ گوناهی خۆی لە یەزدان بەدەستدەهێنێت.

بەشدارانی ناو گردبوونەوە کۆمەڵایەتیە ئاینی و ڕێورەسمەکانی سەر شەقام و نمایشەکانی تەعزیە بە شێوەیەکی ڕۆتینی هاندەدرێن پەژارە و گوناهەکانی خودی خۆیان لەیاد بێت (بەڵام بەبێ ئەوە دەریان ببڕن). 16 پێیان ڕادەگەیەنرێت کە تراژیدیا و خەسارەتەکانی خۆیان لە ژیاندا بەراورد بکەن بە ئەو ئەزیەت چەشتنەی کە حسێن و خێزانەکەی ئەزموونیان کرد، و بگەنە ئەو دەرەنجامەی کە تراژیدیای کوفە تراژیدیایەکە بێئەندازە گەورەترە. نمایشەکە مانای سەبوریدانیشی هەیە بۆ جەماوەر لەرێی بیرهێنانەوەیان کە مەرگی ناوادە تەنانەت ڕێ بە چاکترینی مرۆڤەکانیشمان دەگرێت، و لەبەر ئەوە پێویستە مرۆڤ ئامادەبێت ئیرادەی خودا قبوڵ بکات. لە کۆتایی نمایشی تەعزیەدا، ئەندامانی جەماوەر هەڵدەستن بە دووپاتکردنەوە و تازەکردنەوەی دەربڕینی قووڵی پەژارە و گوناهیان بۆ ئەو ڕووداوانـەی بوونەتە شایەتحاڵیان. بەم پێیە ئەم نمایشە ساڵانەیە هەستێکی جڤاتبوون دروستدەکات چونکە بەشداران "سرووتیئامێزانە پابەندبوونی خۆیان تازەدەکەنەوە بە ئایینێک و تەریقەتێکی ئایدۆلۆژیەوە کە ئەوان پێشتر بەشێکی دانەبڕاوبوون لێی" (Beeman 1979, 30). لەبەرئەوە، تاک بەشدارە لە کردەی دانپیانانێکی گشتیدا. لەبری بە زارەکیکردنی گوناە و کەموکورتیە شەخسیەکان، مانیفێستکردنێکی گشتی تۆبەکردنە. بەشداران ئەزموونی هەستێک لە ڕزگاری (خلاص) و هیوا دەکەن، چونکە باوەڕیان وایە لەوانەیە خوداوەند لە ئەنجامی تکا و نزاکانیانەوە بۆ هۆزی حسێن ئێستا ڕزریان بکات.



**وەرگرتنە گرفتئامێزەکانی نمایشەکانی ئازار چەشتن لە شیعەگەرایی و مەسیحیەتدا:**

ئەوەی وادەکات زۆر لە گفتوگۆ هاوچەرخەکان لەسەر موحەڕەم شکست بێنن لە باسکردنیدا ئەوەیە کە پەیامی کەربەلا تەنها دەربارەی ستاییشکردن و حورمەتگرتنی چاکە نیە. نمایشەکانی ئازار چەشتنی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا بەراوردی پاکژیی و حیشمەت و خۆشەویستی مەسیح دەکەن لەگەڵ کردەوە وەحشیانە و بەدەکانی جولەکەکاندا، کە بە مردنی مەسیح خەتابارن. بە هەمان شێوە لە نمایشەکانی ئازار چەشتندا لای شیعە، سیفاتە پیرۆزەکانی سەرکردە شیعەکان بەراورد دەکرێن لەگەڵ ڕەفتاری نائەخلاقی و بەدی سەرکردە سوننە ئەوەڵینەکاندا، کە بە حیساب ناعادیلانە عەبای سەرۆکایەتیکردنیان لە حسێن فڕاند و هیچ بەزەییان بەرامبەر بە خێزانەکەی پیشان نەدا، تەنانەت بەرامبەر منداڵەکانیشی. سرووتەکانی موحەڕەم، دامەزرێنەرانی بنەماڵەی فەرمانڕەوای ئەمەویەکان و هەروەها شوێنەکوتوانیشیان بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ مەحکوم دەکەن، کە ئەمەش زۆرینەی موسڵمانانی سوننە دەگرێتەوە. کەژاوەی لە پووش دروستکراوی دوژمنانی هۆزی موحەممەد، وەک ئەو کەژاوانەی کە دروستی دەکەن لەسەر خەلیفەی دووەم عومەر،کە بێ ئەندازە لە دونیای سوننەدا حورمەتی دەگیرێت، تفیان لێدەکرێت و گڕیان تێبەردەدرێت. لە هەندێ بەشی ئێراندا، ڕۆژی تایبەت بۆ "کوشتنی عومەر" دەستنیشان دەکرێت، ئەمە ئەو کاتەی کە خەڵک ئاهەنگ دەگێڕێت بە بۆنەی تیرۆرکردنی عومەر دووەم خەلیفەی ئیسلامەوە، کە شیعەکان بە زەوتکەریش لێی دەڕوانن. زۆربەی کات ئەم نمایشە کەسایەتیەکی مەسیحیشی تێدایە (کە پێی دەڵێن: باڵیۆزە بیانیەکە)، و دەبێتە شایەتحاڵی شەهیدبوونی حسێن و بە ڕاددەیەک دەکەوێتە ژێر کاریگەریەوە کە ئایینی خۆی دەگۆڕێت بۆ ئیسلام. واتای ئەمە ئاشکرایە: تەنانەت ناموسڵمانانیش دەبنە ئیسلام ئەگەر حەقیقەتی کەربەلایان بۆ ئاشکرا بکرێت. بە جەماوەریش دەوترێت کە هەموو بوونە ئاسمانیەکانیش (لەوانەش شەیتان) و هەموو کەسێکی مردوو و زیندوو (لەوانەش هەموو پێغەمبەرە پێشینەکان کە لە ئینجیلدا ناویان هاتووە) داوایان لێدەکرێت حسێن ڕزگار بکەن پێش وادەی مەرگی لەچارەنووسراوی. ئەم مەراسیم و ڕێورەسمانە بیری ئەو ئێرانیانەی کە شیعە نین یان موسڵمان نین دەهێنێتەوە کە بارودۆخیان پەراوێزخراو و مۆلەقە. (بۆ نموونە) هەندێ جار ئەم ڕێوڕەسمە

پڕ جۆش و خرۆشانەی موحەڕەم دەبنە هۆی دروستبوونی توندوتیژی تا ڕادەی دێوانەیی. زۆرجار، کاتێک دوو دەستەی ڕکابەر لە کاتی نمایشی سنگ کوتیندا و لە کۆڵانێکی تەنگەبەردا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، و هیچ لایەکیش ڕێگە بۆ ئەوی تر ناکاتەوە. لە ئاکامدا، هەڵچوونی توندوتیژ دروستدەبێت و دەبێتە هۆی برینداری یان تەنانەت مردنیش، ئەمەش دەبێتە مایەی ترساندنی ئەو جڤاتانەی کە شیعە نین (Mazzoui 1979, 232). هەروەها موحەڕەم بریتیشە لە ملکەچیی تەواو بۆ دەسەڵاتە ئایینیە باڵاکان. ئەمەش ئەو سیناریۆیە ناگەیەنێت کە باوک خۆی دەکاتە قوربانی بۆ کوڕ یان کوڕ دەسەڵاتی خۆی بەسەر باوکدا دووپاتدەکاتەوە، بەڵکو ئەوە منداڵەکەیە کە داوای لێکراوە ژیانی خۆی بە ویستی خۆی ببەخشێت لەپێناو شکۆمەندی باوکدا و، بە پێچەوانەی چیرۆکی ئیبراهیم، هەمیشە منداڵێک شەهید دەبێت لە نمایشەکەدا. دەسەڵاتی پاتریارک (واتە سەکردەی نێری خانەوادە) بە بەردەوامی و دووبارە پێداگری لەسەر دەکرێتەوە. ژنان لەبەر دوو خەسڵەت ڕۆڵیان دەنرخێنرێت: بەخشەری شەهیدانن (وەک خوشک و هاوسەر و دایکی ئەو پیاوانەی کە دەمرن) و دوا قوربانیشن لە نمایشەکەدا. هاوسەرانی حسێن هەرگیز نادوێن، بەڵام زەینەب، خوشکی حسێن، پایەی شکۆدار ڕادەگیرێت چونکە ڕازیە بە دوا چارەنووسی براکەی، و یارمەتی دەدات لە ئامادەکردنیدا بۆ دوا جەنگی، و دواجار خۆی بە زیندوویی دەمێنێتەوە تا چیرۆکەکە بگێڕێتەوە. ئاکار و سیاسەتی موحەڕەم، هەر وەک کراسە ڕەشەکان و کفنە سپییەکانی ماتەمگێڕی، ساکارن. حسێن و تەواوی هۆزی موحەممەد باشن، و بە حیشمەتن، و خاوەن ئاکارن و پاکژن، لەکاتێکدا دوژمن بەدکار و پیس و بێ ئاکار و بێ ئەخلاقە. تەنها گوناهکار یان کەسی بێ باوەڕ ئەو پرسیارە دەکات کە ئایا هۆزی حسێن پاساوی بانگەشەکردنیان هەبووە بۆ ڕابەرایەتیکردنی ئەبەدی تەواوی کۆمەڵگای ئیسلامی بە فەزڵی مافی لەدایکبوونەوە (واتە لەبەر ئەوەی کە حسێن کچەزای پێغەمبەر بووە –و–).

لە سەربووردەکانیدا لەسەر سرووتەکانی مەسیحیەت و ئیسلام، پەڕاندنەکانی فۆکۆ جێی سەرسوڕمانن و گرفتئامێزن. ئەو سەر بە نەوەیەک بوو کە زۆر باش ئاگاداری ئەوەبوو کە چۆن بزوتنەوە فاشیستیەکان کەڵکیان لە سرووتە مەسیحیەکانی شەهادەت و نمایشەکانی ئازارچەشتن وەرگرتووە. بۆچی لە نووسینەکانی ساڵی 1978-79 یدا لەسەر ئێران، یان تەنانەت لە ئیشەکەی 1980 یدا لەسەر هێرمۆنۆتیکی ئایین، کە زۆر دواتر و دوور لە ساتی پڕ جۆشی شۆڕشی ئێرانی



نووسی، هیچ ئاماژەیەک نیە سەبارەت بەمە؟ ئەم پەڕاندنانە جێی سەرسوڕمانی زیاتر بوون، بە ڕەچاوکردنی ئەجێندای سیاسی خومەینیزم، و نەبوونی لێبووردەیی ئەم ئەجێندەیە بۆ کەمینە ئایینی و نەژادیەکان و دوژمنایەتیەکەی بەرامبەر چەپ و عیلمانیە "بێ باوەڕ- مولحید"ەکان و نکوڵی کردنەکەی لە مافەکانی ژنان.

ئەو مەسیحیانەی لەسەر چیرۆکی لە خاچدانی مەسیح و نمایشە پەیوەندیدارەکانی ئازارچەشتن گەورەبوون، بەشێوەیەکی بەرچاو ئاشنان بە چیرۆکی شەهادەتی ئیمام حسێن. 17 ئەگەر نمایشەکانی تەعزیە بەراورد بکەین بە نمایشێکی ئازارچەشتنی ئەوروپا کە تا ئێستا مابێتەوە، لەوەی کە لە گوندی ئۆبێرامێرگاو (لە ئالپی باڤاریا) لە 1634 دا ئەنجامدرا، چەندین لێکچوون دەدۆزینەوە. نمایشی ئازارچەشتنی ئۆبێرامێرگاو، مەسیح و هاوەڵانی دەکاتە چەقی خۆی، لە کاتێکدا تەعزیە حسێن و هۆزەکەی دەکاتە چەقی خۆی. مەسیح لەلایەن ئەوانەوە خیانەتی لێدەکرێت کە لەسەرەتاوە وەلائیان بۆی هەیە، لەکاتێکدا حسێن لەلایەن ئەو کوفەییانەوە خیانەتی لێدەکرێت کە جارێک لە جاران وەلائیان بۆی هەبووە. ئەم نمایشە مەسیحیە بۆ "ئازار"ی مەسیح، واتە بۆ ئازارچەشتن و مردنە بێ ڕەحمانەکەی تەرخانکراوە، هەروەک تەعزیە بۆ ئازارچەشتنی تراژیدی و مردنی حسێن و خێزانەکەی تەرخانکراوە. بەشێکی سەرەکی هەردوو چیرۆکەکە مامەڵە لەگەڵ غەمباری و هەروەها لەگەڵ ئازایەتی ژنان، دەکات، ئیدی ئازایەتی مریەم بێت کە شین بۆ لەدەستدانی کوڕەکەی دەکات یاخود ئازەیەتی زەینەب کە لە ژیاندا دەمێنێتەوە تا چیرۆکی شەهیدبوونی براکەی بگێڕێتەوە (Pinault 1998, Humayuni 1979).

هەردوو نمایشەکە فلاشباکیان تێدایە بۆ چیرۆکەکانی ناو ئینجیلی کۆن وەکو دەرکردنی ئادەم و حەوا لە باخچەی عەدەن، و ئیبراهیم کە خەریک بوو کوڕەکەی بکاتە قوربانی، و موسا کاتێک پێشەنگیی جولەکەکانی کرد لە دەریای سووردا. وەک گۆردن مۆرک ئاماژەی پێدەدا، مەسیح وەک "تۆڵەکەرەوەیەکی بەهێز" وێنا نەکراوە، بەڵکو وەک "خزمەتکارێکی ئەزیەتکێش" لێی دەڕوانرێت بۆ خودا کە ڕێگەی پێدا ببێتە قوربانی "لەپێناو کەفارەت کردندا بۆ گوناهەکانی هەموو جیهان" (Mork 1996, 154-55). بە هەمانشێوە، مایکڵ فیشەر ئەوە دەخاتە ڕوو کە حسێن "دەبوایە ببێتە شایەتحاڵ بۆ ئیسلام و بەو بۆنەیەوە خەڵکان ڕاچڵەکێنێت تاکو بگەڕێنەوە سەر ڕێگەی ڕاست، و بۆ ئەوەی وەک نموونەیەک لە ماوەی سەردەمەکاندا خزمەت بکات بەجۆرێک کە هەندێک جار

مەرگ دەتوانێت وەسیەتنامەیەکی هەمیشەیی دروستبکات کە خەڵک لەبیریان بمێنێتەوە" (1980 , 72).

لێکچوونەکانی نێوان نمایيشەکانی ئازارچەشتن لای مەسیحی و موسڵمانە شیعەکان درێژەیان هەیە تا ڕاددەی وەرگرتنیان بۆ مەبەستی ئامانجی سیاسیش. ڕۆمان کاسۆلیکەکان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە (دروستبوونی) ژمارەیەک بزوتنەوەی نەتەوەخواز و دیموکراسی لە جیهاندا، لەوانەش کلتوری ئۆپۆزسیۆنئامێزی بزوتنەوەی سۆڵیدارنۆسک لە پۆڵەندا، و مانگرتنەکان لە نانخواردن لە لایەن زیندانیەکانی سوپای کۆماری ئیرلەندی لە ئیرلەندای باکوور، و هەروەها (بزووتنەوەی) لاهوتناسیی ڕزگاریخوازی کاریبی و ئەمریکای لاتین. بەڵام سرووتە مەسیحیەکان، وەکو ئەوانەی ئیسلام، سوودیان لێبینراوە بۆ خوێندنەوەی جۆراو لەوانەش ئەو خوێندنەوانەی کە "ئەوی دی" بە بەدکار لەقەڵەم دەدەن. هەوڵدان بۆ لەقاڵب دانەوە و شکڵ بەخشین و یاری کردن بە نمایيشەکانی ئازارچەشتن قەتیس نەبووە لە ئێرانی سەدەی بیستدا. فاشیزمی ئەورووپی تەواو دژە-مەسیحی و دژی پیاوە ئایینیەکان نەبوو، وەک چۆن هەندێ جار وا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. بزووتنەوە فاشیستە هەنگاری و سلۆڤاکی و کرواتیەکان کەڵکیان لە سیمبول و سرووتە مەسیحیەکان و بیروباوەڕە میلێناریەنە مەسیحیەکان وەرگرت. بزووتنەوەی (Iron Guard) یان (the Legion of Archangel Michael) لە ڕۆمانیا هەندێک لێکچوونی هەبوو لەگەڵ بزووتنەوە توندڕەوە شیعەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە ئێران. ڕێکخراوە فاشیستە ڕۆمانیەکان، قەشە و کەنیسەکانیان بەکار دەهێنا لە بانگەوازەکانیاندا بۆ جەماوەرەکان و بەهرەیان لە ڕەمزە ئايينیە گەورەکانەوە وەردەگرت. هەروەها بە "ئاینزای نائاسایی ئازارچەشتن و قوربانیدان و شەهادەت" وەسف دەکران و "زیندوبوونەوەی مەسیح"یان وەک دوا ئامانجی خۆیان دادەنا (Arjomand 1988, 208-9).

تەنانەت نازیەکانیش، کە شکۆمەندیان دەبەخشیە عورفە ئەڵمانیە پێش-مەسیحیەکان و بە جۆرێکیش دژی ئایین بوون، درکیان بەوەکرد کە لە غیابی میراتێکی کلتوری یەکگرتوودا، دەکرا دووبارە سرووتە ئايينیەکان وەربگیرێنەوە لەپێناو مەرامەکانیانی خۆیاندا. ئەدۆڵف هیتلەر ژیرانە ئاگاداری پەیامی سیاسی نمایيشەکانی ئازارچەشتنی ئۆبێرامێرگاو بوو و هانی پارتەکەی دا ئەو نمایيشە بەکار بهێنن بۆ پەخشکردنی دژە-سامیەت. دووجار، لە ساڵانی 1930 و 1934 دا، ئامادەی ئەم نمایيشانە بوو و وەک "سامانێکی نیشتمانی ئەڵمانی" ناساندنی.



هیتلەر زیاتر مشتومڕی ئەوەی کرد کە پێویست بوو ئەو نمایيشە زیندوو ڕابگیرێت لەبەرئەوەی وێناکردنێکی زۆر نێگەتیڤی هەیە بۆ جولەکە: "یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکان پاراستنی نەوەکانی داهاتوومانە لە چارەنووسێکی سیاسی هاوشێوە و ئیدامەپێدانی وورياىانەی زانیاریە لەسەر هەڕەشەی جولەکە تیایاندا بۆ هەتا هەتایە. تەنها لەبەر ئەم هۆیە، زۆر گرنگە کە ئەو نمایيشەی ئازارچەشتن لە ئۆبێرامێرگاو بەردەوام بێت" (Hitler 1953, 457). لە ساڵی 1939 دا، وەزارەتی پروپاگەندەی نازی، کە پشتگیری لە نمایيشەکە دەکرد، ئەو بۆنەیەی بە "گرنگ بۆ ڕایخ" ناساند، لە کاتێکدا ئەندامێکی پایەبەرزی پارتەکە ڕایگەیاند کە "ئەو نمایيشی ئازارچەشتنە دژە-سامیترین نمایيشە کە ئێمە ئاگاداری بین" (Cited in Mork 1996, 157).

**دووبارە داهێنانەوەی ترادسیۆنەکان: شەهادەت و ڕەسەنایەتی**

بەراوردی پێشوو لەنێوان فاشیزم و ئیسلامیزمی ئێراندا هەڕەمەکی نیە. بڕێکی زۆر نووسراوە دەربارەی هەندێک لە ڕۆشنبیرانی ئەورووپی کۆتایی سەدەکانی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست کە، لە ڕەتکردنەوەیاندا بۆ تاکگەرایی و ڕاشناڵیزم و دیموکراسی، ڕوویان کردە شووناسێکی مەسیحی نوێ، شوناسێک کە هەندێک توخمی لە سۆشیالیزم و ناسیۆنالیزم وەرگرتبوو، و دواجار بەشدار بوو لە لەدایکبوونی فاشیزمی ئەورووپیدا (Sternhell 1996, Birnbaum 1996). پرۆسەیەکی هاوشێوە لە ئێران ڕووی دا. لە 1960کان و 1970 کاندا، نەوەیەک لە ڕۆشنبیری ئێرانی چەپ کە مەیلی ئايينیان هەبوو بەرەبەرە گوتارێکی توندڕەوی ئیسلامی نوێیان داتاشی، گوتارێک کە لە خۆرئاواوە ئیستیعارەیان کردبوو. تێکەڵە دەرەنجامگیریەکی سەیربوو لە مارکسیزمی سۆڤیەتی و چینی و وجودیەتی سارتەر و کیێرکیگارد و هایدگەر و فۆرمێکی توندڕەوی ئیسلامی شیعەی عورفی. ئەم گووتارە نوێیە لەژێر سایەی حکوتێکدا سەری هەڵدا کە لێبووردەیی نەبوو بۆ ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و تەنانەت بۆ هاوڕانەبوونیش. ئەم گووتارە نوێیە گوزارشتی لە هاوپشتی خۆشی کرد بۆ چەندین کەسایەتی ئایینی تەقلیدیتر، بە تایبەتی ئایەتوڵڵا خومەینی، کە دژایەتی حکومەتەکەی ڕەزا شا و ئەجیندای ڕیفۆرمەکەی دەکرد.

لە ساڵی 1963 دا، شا ڕیفراندۆمێکی نیشتمانی بۆ بەرنامەیەکی نوێی ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەنجامدا کە ناونرا "شۆڕشی سپی،" ئەمەش هاودژبوونێکی

ئاشکرابوو بۆ شۆڕشی "سوور" لە ڕووسیا و چین. پرۆژەکە ڕیفۆرمی زەوی و زار و دامەزراندنی لەشکری خوێندەواریی نیشتمانی و دەنگدانی ژنانی لەخۆگرتبوو. بە نزیکەیی هەموو پیاوە ئایینیە سەرەکیەکان و هەروەها بەرەی نیشتمانی عیلمانی لەبەر چەندین هۆکاری جیاجیا داوای بایکۆتکردنی ڕیفراندۆمەکەیان کرد. خومەینی لەچاو ئەوانی تردا زیاتر ڕۆیشت لە هێرشەکانیدا بۆ سەر شا، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەو شۆڕشە سپیە ئیسلامی پەکخستووە. شا فەرمانی دا بە هێرشکردنە سەر قوتابخانەی لاهوتناسیی فەیزیە، کە بارەگای سەرەکی خومەینی بوو، و چەندین قوتابی کوژران و ژمارەیەکیشیان لێ دەستگیر کردن. شا ناوی "ڕەجعیە ڕەشەکان"ی خستە پاڵ خومەینی و پشتیوانانی و بودجەی حکومی پیاوە ئایینیە پلەدارەکانی بڕی. هەروەها فەرمانی بە سوپا کرد قوتابیە لاوەکانی لاهوتناسی بەرن بۆ خزمەتی سەربازی (Aqeli 1993, 2:153-54').

لە 3ی حوزەیرانی ساڵی 1963 دا، کە ڕۆژی عاشورا بوو لە مانگی موحەڕەمدا، کاتێک هەزاران باوەڕدار ڕژانە ناو شاری قومی پیرۆزەوە بۆ بیستنی ووتارە ئایینیەکان، خومەینی شیددەتی دا بە هێرشە زارەکیەکانی و یەکێک لە ووروژێنەرترین ووتەکانی ڕاگەیاند کە پێشتر هەرگیز دژی شا ڕانەگەیەنراوە. شای بەراورد کرد بە یەزد، کە دوژمنی حسێنە و قێزەونترین کەسایەتیە لە ترادسیۆنی شیعەدا: "ئەوە ئێستە پاشنیوەڕۆی عاشورایە، هەندێک جار کە ڕووداوەکانی عاشورام بیر دەکەوێتەوە، پرسیارێک دێت بە خەیاڵمدا: ئەگەر ئەمەویەکان، و ڕژێمەکەی یەزدی کوڕی موعاویە، نیازیان بوو شەڕ دژی حسێن بەرپا بکەن، بۆچی ئەو جۆرە تاوانە دڕندانە و نامرۆڤانانەیان دژی ژنە بێ دیفاع و منداڵە بێتاوانەکان ئەنجام دا؟" (Khomeini 1963, 177). خومەینی خۆی پرسیارەکەی وەڵام دایەوە. هۆزی ئەمەویەکان بە نیازبوون تەواوی خێزانی پێغەمبەر لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشن، بۆ ئەوەی ئیسلام خۆی لە ڕەگـەوە هەڵکێشن. پاشان خومەینی درێژەی دا بەم هێرشە بۆ سەر شا بە ڕاددەیەک کە سەربازەکانی شای تاوانبار کرد بە لەناوبردنی قورئان. "ئەگەر ڕژێمی ستەمکاری ئێران بە سانایی نیازی بوو دژی عولەما بێت، چ پەیوەندیەکی هەبوو بە دڕاندنی قورئان بە چەند پارچەیەکەوە؟ چ پەیوەندیەکی هەبوو بە مەدرەسە (قوتابخانە ئایینیەکان)ەوە یان بە قوتابیەکانەوە؟" هەر وەک ئەمەویەکان، شا "بە شێوەیەکی بنەڕەتی دژی ئیسلام خۆی و بوونی چینی ئایینی بوو" (177).



هەروەها لە لایەکی ترەوە ووتارەکەی ساڵی 1963ی خومەینی سەرەتای گوتارێکی نوێی لە سیاسەتی ئێرانیدا تۆمار کرد. ئێرانیەکان ڕاهاتبوون بە ململانێ درێژخایەنەکەی نێوان عولەما (دامەزراوەی ئایینی) و دەوڵەت لەسەر دەسەڵات، هەروەها بە هێرشی چەپگەرا و ناسیۆنالیستەکان بۆ سەر حکومەتە خۆرئاواییەکان بەهۆی خۆتێهەڵقورتاندنە ئیمپریالیستیەکانیانەوە. توخمی نوێی گووتاری خومەینی، کە یارمەتی هاندانی بزووتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنیی جەماوەری دا، چنینێکی کارزانانەی ئەفسانەی شیعەبوو لەناو ئەو ئیدانەکردنانەدا دژی ئیمپریالیزمی خۆرئاوا. سەرباری ئەمە، هێرشەکانی خۆی بۆ سەر ئیسرائیل، کە خەریکبوو دەبووە بەشێک لە گووتاری چەپگەرا و ناسیۆنالیستی، بەستەوە بە ناڕەزایەتیەکانی دژی کەمینە و فێمینیستەکانی ئێرانەوە. لە کاتێکدا سەرکردە عەرەبە ناسیۆنالیستەکانی وەک جەمال عەبدولناسری میسر خۆڕاگر بوون لە ڕەتکردنەوەی بێ سازشیاندا بۆ دەوڵەتی جولەکە، بێ لایەنی ڕەسمی حکومەتی ئێران و هاوپەیمانی ناڕەسمی (ئێران) لەگەڵ ئیسرائیلدا سەرچاوەی سەرشۆڕیەکی نیشتمانی و ئایینی بوون بۆ زۆرێک لە موسڵمانانی ئێران. لێرەدا، خومەینی درکی بە لاوازی ئایدیۆلۆژی ڕژێم کرد و کارزانانە بۆ مەبەستەکانی خۆی بەکاری هێنا. 18 هەستا بە زیندووکردنەوەی غەمە ئایینە نووستووەکان کە بۆ چەندین دەیە ڕۆشنبیرە پێشکەوتنخوازەکان هەوڵیان دەدا بیانسڕنەوە. خومەینی ووتی شا مەرامەکانی دەوڵەتی جولەکە جێبەجێ دەکات، کە حکومەتێکە پلانی داناوە بۆ لەریشە هەڵکێشانی ئیسلام و دەستگرتن بەسەر ئابووریەکەیدا، بە هاوکاری کەمینەکانی ئێران. بەم شێوەیە، ئۆپۆزسیۆنی یەکخست دژی خۆرئاوا و ئیسرائیل و شا و کەمینە ناموسڵمانەکانی ئێران، بە تایبەتی بەهاییەکان و جولەکەکان، کە مافی نوێیان لە سایەی ڕژێمی پەهلەویدا بەدەستهێنا بوو: "لێرەوە، جولەکە و مەسیحی و دوژمنانی ئیسلام و موسڵمانان دەبوو بڕیاریان بدایە لەسەر کاروبار و شەرەف و تاکی موسڵمانان." ئنجا بە زمانێکی بەلاغیانە پرسیاری ئەوەی کرد کە داخۆ شا خۆشی "جوولەکە"بێت یان نا (Khomeini 1963, 175). بەهۆی ئەم ووتارەوە، خومەینی دەستبەجێ دەستگیر کرا، بەڵام دەستگیرکردنەکەی بووە مایەی دروستبوونی خۆپیشاندان لە سەر تاسەری ووڵاتدا. سوپای مەشق پێکراو لە لایەن ئەمریکاوە هێرشی دڕندانەی کردە سەر خۆپیشاندەران لە قوم و تاران و شیراز و مەشهەد و ئەسفەهان و کاشان و شاری تر کە خۆپیشاندانەکان تیایاندا خوێناوی تر بوون و شەهیدیان دا لە پێناوی بزووتنەوەکەدا. شا، خومەینی نەفی

کرد بۆ نەجەف لە عێراق کە لەوێ نەخشەی بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی نوێ لە ئێران دارشت. بەڵام بەبێ پشتگیری هەندێک لە ڕۆشنبیرە چەپەکانی ناو ئێران، پلانی خومەینی بۆ ئەو شۆڕشە ئیسلامیە لەوەدەچوو وەک ڕەشنووسێک بمایەتەوە. جەلال ئەلئەحمەد (1923 – 69)، دانەری کتێبی گرفتاری دەست خۆرئاوا کە ئێستا بە بەرهەمێکی کلاسیکی هەژمار دەکرێت، یەکێک بوو لەمانە، یەکەم چەپ بوو کە بەشداری کرد لە گووتاری توندڕەوی نوێی ئیسلامی دا. لە سەرەتای ساڵی 1960 دا، ئەلئەحمەد بەشێوەیەک ڕووانیە ئیسلام کە تاکە بەربەستێکە ماوەتەوە لەبەردەم سەرمایەداری و مەسرەفگەرایی بەربڵاوی خۆرئاوادا. کتێبی گرفتاری دەست خۆرئاوا ڕەخنەی نیتشەی بەرامبەر تەکنەلۆژیای مۆدێرن و ڕەخنەی مارکسی بەرامبەر کاری پەراوێزخراو تێکەڵکرد، هەروەها هێرشی کردە سەر هەژموونی کلتووریی خۆرئاوا. 20 تێکستەکە ئاماژەی تێدا بوو بۆ ئەلبێر کامۆ و یوجین یۆنسکۆ و ژان پۆڵ سارتەر و فرانز کافکا، کە لە پەیامە فەلسەفی و ڕۆمان و شانۆنامەکاندا لەبارەی پاڵنەرە هاودژەکانی مۆدێرنیتیەوە نووسیبویان. بەلای ئەلئەحمەدەوە، ئەو ئافات و شەیتانانەی کە لە ئیشەکانی ئەو دانەرانەدا هەن ئاماژەبوون بۆ سەرمایەداری تەکنۆکراتیی مۆدێرن کە بێ جڵەو هەڵسوکەوت دەکەن. ئەوە جیهانێک بوو کە هەموو بیروباوەڕ و ئایدیاکانی پشگوێ خستبوو بێجگە لە زانست و ماتریاڵیزم (مـاددەیـەت). ئەم دونیابینیە زانستیە بووە دەستپێکی قۆناغی ئەتۆمی، کە بە وێرانکردنی هیرۆشیما و ناگاساکی دەستی پێکرد: "لەم هەموو چارەنووسە خەیاڵیانە وا تێدەگەم کە نوقڵانە لێدانی خراپ بن، بینەهۆی نزیکبوونەوەی ڕۆژی حەشر، هۆشیاریمان دەدەنێ کە ئەگەر ئەو شەیتانی تەکنەلۆجیایە جڵەو نەکرێت، ئەوا بۆمبێکی هایدرۆجینی لە کۆتایی ڕێگای مرۆڤایەتیدا دادەنێت" (Al-Ahmad 1982, 111).

ئەلئەحمەد باوەڕی وابوو کە تەنها لە ڕێی گەڕانەوەی دووانە چەمکی شەهادەت و جیهادەوە، جیهاد بە مانا یەکجار جەنگیەکەی، دەکرێت تەکنەلۆژیای مۆدێرن تەمێ بکرێت. ئەلئەحمەد ووتی، بۆ نزیکەی دوو سەدە، چەندین لایەنی ناسیۆنالیستی جیاجیا لە ئێران و میسر و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، ئیسلامیان وەک چەکێک بەکارهێنا بۆ بەرهەڵستی کردنی کۆڵۆنیالیزمی خۆرئاوا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام جیهانی ئیسلامی بەهۆی دووبەرەکی شیعە و سوونەوە و بە تایبەتی بەهۆی بە داموەزگاییکردنی شیعەگەراییەوە لە ئێران لە سەردەمی سەفەویەکاندا، لاواز



بوو. شیعەگەرایی زیندوێتی و فراوانی خۆی کاتێک لە دەست دا کە گووتارەکانی شەهادەت و جیهاد پشتگوێ خران. لەو "ڕۆژەوەی دەستمان هەڵگرت لە ئەگەری شەهادەت، و خۆمان سنووربەند کرد لەبەرامبەر ڕێزگرتنی شەهیدەکاندا، کورتبووینەوە بۆ ڕۆڵی زێوانی گۆڕستانەکان" (Al-Ahmad 1982, 68).

عەلی شەریعەتی ( 1977 ک)، لە کاریگەرترین بیرمەندە موسڵمانەکانی نەوەی خۆی بوو، یەکێکی تر بوو لە ڕۆشنبیرە چەپەکان کە بەشداربوو لەم هێڵە نوێیەی بیرکردنەوەدا. لاهوتناسێکی موسڵمانی ئاسایی و کوڕی پیاوێکی ئایینی بوو، بەشداربوو لە بزووتنەوەی نێودەوڵەتی سەربەخۆیی جەزائیردا کاتێک لە فەرەنسا دەیخوێند (Keddie 1981, 294). شەریعەتی، کە هەڵگری دکتۆرابوو لە فیلۆلۆژیای زمانی فارسیدا لە زانکۆی سۆربۆن، هانی گەنجانی دا و یارمەتیدەر بوو لە ڕێگەخۆشکردندا بۆ هەژموونی خومەینی بەسەر کۆی بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکەی ساڵی 1978 – 79 دا. دووبارە تەفسیرکردنەوەی شەریعەتی بۆ جیهاد و شەهادەت لەژێر کاریگەری دیراسە فەلسەفیەکانیدا بوو لە فەرەنسا، هەرچەندە بانگەشەی خستنەڕووی "ئیسلامێکی ڕەسەن"ی دەکرد.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەلئەحمەد و شەریعەتیی، پێویستە بیرمان نەچێتەوە کە ژمارەیەکی زۆر زیاتری قوتابیان و ڕۆشنبیرانی ئێران لە ساڵی 1960 دا شەیدای قوتابخانە خۆرئاواییەکانی فیکر بوون، وەک مارکسیزم و وجودیەت، و ئارەزوویان لە سیاسەتی ئیسلامی نەبوو. بەڵام پیاوانی وەک ئەلئەحمەد و شەریعەتی حیکایەتە ئایینیە کۆنەکانیان مۆدێرن کردەوە لە ڕێگەی بەستنیانەوە بە هەندێک بیرۆکەی فیکری چەپەوە، بەم پێیە بە تام و چێژتریان کردن بۆ قوتابیان و ڕۆشنبیرەکان. بە ماوەیەک پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران لە ساڵی 1964 دا، شەریعەتی وەک وانەبێژێکی بەهێز ناوبانگی دەرکرد. کاتێک حوسەینیەی ئیرشاد، کە تا ڕاددەیەک مەدرەسەیەکی لاهوتناسی مۆدێرن بوو، لە ساڵی 1969 دا کرایەوە لە تاران، شەریعەتی لەوێ وانەی ووتەوە و پاش ماوەیەکی کەم جەماوەرێکی زۆری پەیدا کرد. وانەکانی تۆمار دەکران و دابەشدەکران، و ئایدیا پڕ مشتومڕەکانی بە بەرفراوانی گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرا، ئەمە سەرباری ئێرەیی و تووڕەیی پیاوە ئایینیە تەقلدیە شیعەکان. سەرەڕای هەمووی، ڕژێم ڕێی بە بوارێکی سنووردار دابوو بۆ گوتاری ئۆپۆزسیۆنئامێز لەناو جڤاتی ئایینیدا لەکاتێکدا ڕێوشوێنی زۆر توندتری بەرامبەر

چەپە عیلمانیەکان دەگرتە بەر. ئەمەش بەشێک بوو لە عەقڵیەتی گشتی جەنگی سارد، کە "کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی" بە هەڕەشەی سەرەکی بۆ سەر دەسەڵاتی دامەزراو دادەنا. هەرچەندە شەریعەتی ڕێگەی پێدرا بۆ ماوەی چەند ساڵێک وانە بڵێتەوە، لە ساڵی 1977 دا و پاش زنجیرەیەک ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕژێمدا وڵاتی بەجێهێشت. پاشان دوای ماوەیەکی کەم لە تەمەنی چل و چوار ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی دڵەوە لە لەندەن کۆچی دوایی کرد. ئەو دەنگۆیانەی کە باسیان لە تێوەگلاتی ڕژێم دەکرد لە مردنەکەیدا پایەی (شەریعەتی) بۆ پلەی شەهید بەرزکردەوە. زیاتر لە هەر کەسێک بەدەر لە خومەینی، شەریعەتی بەهۆی نووسین و ووتارەکانیەوە دەبێتە ئیلهامی ئایدیۆلۆژی شۆڕشی ساڵی 1978 – 1979 (Dabashi 1993, 102-46).

شەریعەتی خوێندنەوەیەکی وجودیانەی بۆ حیکایەتی کەربەلا خستەڕوو کە پرەنسیپی سەرەکی کاری هایدگەریشی تیادا بوو. چەمکی شەهادەتی لەسەروو هەموو شتێکی ترەوە بەرز ڕاگرت و ناوی نا ساتی پێناسەکردنی شیعەگەرایی (Shariati 1970, 154). بانگەشەی چەمکێکی شۆڕشگێڕانەی دەکرد بۆ ئیسلام، چەمکێک کە بتوانێت تەحەدای (ڕژێمی) شاهانە بکات و نەوەیەکی نوێی بیرمەندی ئیسلامی وەک ئەو بهێنێتە سەر حوکم. لە گەڕانیدا بەدوای ئەوەی ئەو بە تەفسیرێکی "ڕەسەن" داینا بۆ ئیسلام، شەریعەتی سەرزەنشتی کاریگەریە دەرکیەکانی کرد لەسەر ئیسلام، کە لە ماوەی هەزاران ساڵدا ژمارەیان زیادی کردووە لە ئەنجامی گەڵاڵبوون فیکری و موتوربەبوونی کلتوریدا. بە دیاریکراوی، دەیویست فەلسەفەی یۆنانی و هیندی و سۆفیگەریی ئێرانی و هەروەها لاهوتناسی مەسیحی و جولەکەی لێدەر بهێنێت. هەروەها تەفسیرە لێبوردەترەکانی ئیسلامی ڕەتدەکردەوە کە لە شیعری فارسی (وەک عومەر خیام) و فەلسەفەی ئیسلامی (وەک فارابی 870 – 950 ز، و ئیبن سینا 980 – 1037 ز) و تەنانەت لە سۆفیگەریدا درکی پێکردبوو. دواجار و لە هەمووشیان پڕ کێشمەکێشتر بۆ گەنجانی چەپگەرای ئێران ئەوە بوو کە مارکسیزمی ڕەتکردەوە و بە "هەڵەیەکی هزریی خۆرئاوا" داینا، بێجگە لە هیومانیزمی مارکس کە جیای کردەوە و مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا کرد (Shariati 1980).

"ئیسلامی ڕەسەن"ی نوێ لای شەریعەتی دووبارە تەفسیرکردنەوەی چیرۆکی کەربەلای کردە چەقی خۆی. شەریعەتی نووسی، شەهادەتی حسێن بۆیە ڕووی دا چونکە موسڵمانانی شیعە بەرامبەر پرسە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکان پاسیڤ و



نەزان ببوون. ئەگەر ئێرانیەکان بیانتوانیایە مانای شۆڕشگێڕانەی ڕەسەنی ئیسلامی شیعە و چەمکی ژن و پیاوی "ئایدیاڵ" لەخۆبگرن، ئەوا دەیانتوانی زاڵ بن بەسەر یەزد (شا)یەکی تردا و کۆمەڵگەیەک بهێننە ئاراوە کە پشت ئەستوور بێت بە بەها ئیسلامیە ڕاستەقینەکان. شەریعەتی تەفسیرە شۆڕشگێڕانەکەی خۆی بۆ شیعەگەرایی ناو نا "شیعەگەرایی عەلی،" ئەم "شیعەگەراییە عەلەویە"ی جیا کردەوە لە "شیعەگەرایی سەفەوی" موحافزکار، کە بریتی بوو لە بە دامودەزگاییکردنی شیعەگەرایی ئێران و سەر بە بنەماڵەی فەرمانڕەوای سەفەویەکان بوو. بە لای شەریعەتیەوە، ئەم "شیعەگەراییە عەلەوی"ە ئیسلامی "ڕاستەقینە" بوو، ئیسلامێک کە دووبەرەکی "لەنێوان ڕۆشنبیران و خەڵکدا" نەدەخستەوە (Cited in Dabashi 1993, 111-13, See also Shariati 1986).

شەریعەتی یەکێک لە هەرە وورووژێنەرترین وانەکانی خۆی لە ساڵی 1970 دا، پێش عاشورا، پێشکەشکرد، لەو کاتەدا بوو کە ژمارەیەک لە قوتابیەکانی، کە ئەندامی موجاهیدنی خەڵک بوون، لە لایەن پۆلیسی شاوە کوژرا بوون. شەریعەتی لەسەر ئەو بیرۆکانە نەمایەوە کە لە ووتاری پیاوە ئایینیەکاندا باو بوون، وەک کوشتن و بە دیل گرتنی ژنان و منداڵانی هۆزی حسێن لە پاش شەڕی کەربەلا و دڕندەیی یەزد و خیانەتی هاوپەیمانانی حسێن و پەیمانی چوونە بەهەشتی هۆزی پیرۆزی موحەممەد و باوەڕدارە ڕاستەقینەکان. لە بری ئەمە، زۆر بە تایبەتی پێداگری کرد لە ئامادەیی و باوەشکردنەوەی حسێن بۆ شەهادەت. لاهوتناسە تەقلیدیەکان لە گرنگی ئەم جۆرە جیهادەیان کەم کردەوە لە ئیسلامدا. هەشت دەرگا هەیە بۆ بەهەشت، و جیهاد تەنها یەکێکیانە — کە دەکرێت خۆتی لێ بەدوور بگریت. بە شوێنکەوتوانیان دەوت:

فەرز نیە لەسەرتان تەنها لە دەرگای جیهادەوە بڕۆنە ناوەوە. بە سانایی، جیهاد یەکێکە لە کلیلەکان، کە دەرگای بەهەشت دەکاتەوە. نوێژ و فۆرمەکانی تری خوداپەرستی و وێرد، کلیلی سەلامەت ترن و بە بێ زیان و خەسارەت و مەترسی و سەرکێشی دەتوانی بەکاریان بهێنیت! چەندین کاری خێر هەیە کە دەتگەیەننە هەمان مەبەست، وەک تێرکردنی برسیان، بەدەنگەوە چوونی خێزانی هەژاران، سەردانکردنی شوێنە پیرۆزەکان، نوێژکردن، زوهد، تەقوا، نەزرکردن، وەقف کردن، یارمەتیدانی دراوسێ، وێرد، مەراسیمەکانی پاڕانەوە، شیوەن (مەرسیە)، تکاکردن. دەگەیتە هەمان مەبەستی ئەو کەسەی کە جیهاد هەڵدەبژێرێت، لەبەر ئەوە بۆچی

خۆت تووشی ئازار چەشتن و زەحمەت دەکەیت بەهۆی ئەوەی کردەی زۆر سەخت تری جیهاد هەڵبژێریت؟ (Shariati 1970, 183).

شەریعەتی مەسخەرەی بەم چەمکانە و هەندێک لە نەریتەکانی موحەڕەمیش دەهات. بەهەشت ئەوەندە بە هەرزانی لەڕێی نوێژ و ڕۆژ و سرووتەکانەوە نەدەکڕرا! تەنها لە ڕێی دووبارە نماییشکردنەوەی تراژیدیای کەربەلاوە دەتتوانی ژیانی موسڵمانێکی ڕەسەن بژی. ئەم دووبارە نماییشکردنەوەیە بەهۆی ئامادەبوون لە نماییشەکانی تەعزیە یان ڕێورەسمەمانی موحەڕەمەوە بەدی نەدەهات و بریتیش نەبوو لە "جیهادێکی عەقڵی" یان ڕۆشنبیری. تەنها لە ڕێی ئەوەوە بەدەست دەهات کە لە ئێستادا باوەشبکەیتەوە بۆ شەهیدبوون لە ئاستێکی شەخسی (137).

بە لای شەریعەتیەوە، بابەتی سەرەکی لە چیرۆکی کەربەلادا ئیختیاری وجودیانەی حسێن بوو. حسێن نەیدەتوانی لەگەڵ یەزدی بەهێزتر بجەنگێ و بیباتەوە، نەشیدەتوانی بێ دەنگ بێت. لەبەر ئەوە ئیختیاری سێهەمی هەڵبژارد، کە مەرگ بوو، کە ئەمەش ئەگەری ئیسلامێکی شیعەی ڕەسەنی والا کرد بۆ ئەوانی دی. شەهادەت، وەک لەلایەن شەریعەتیەوە پێناسە دەکرێت، ئەزموونێکی سۆفیانەیە (عیرفانیە)، پڕە لە بارگەی ئیرۆتیکی، و لەودیو "زانست و لۆژیک"ەوەیە. چیرۆکی شەهادەتی حسێن هێند "خرۆشێنەر بوو کە ڕۆح بەرەو ئاگر ڕادەکێشێت. لۆژیک لە پەلوپۆ دەخات. دەربڕین لاواز دەکات. تەنانەت بیرکردنەوە سەخت دەکات." شەهادەت تێکەڵەیەک بوو لە "خۆشەویستیەکی بێگەرد و داناییەکی ئاڵۆزی قووڵ" (Shariati 1970, 154). شەهید "مۆدێل"ێک یان "نموونە"یەک بوو بۆ مرۆڤەکانی تر، ڕاددەی کاریگەری و سەدای شەهادەت "فراوانتر و قووڵتر و بەردەوامتر بوو لەچاو ئەوەی جیهاددا، تەنانەت لەچاو ئەو جیهادەی کە سەرکەوتووشە" (194 , 207). شەهادەت ئیمتیاز (privilege) بوو چونکە مرۆڤ بانگهێشی مەرگی دەکرد لەکاتی ئیختیاری ئەو مرۆڤە خۆیدا (بۆ مەرگ —و). شەهادەت " ئیختیار بوو، کە لە ڕێگەیەوە جەنگاوەر خۆی دەکاتە قوربانی لەسەر لێواری ئەوەی خەریکە دەگاتە پەرستگاکە و لەبەرئەوەی خۆشەویستی شایانی ئەوەیە ئازاری بۆ بچێژێت و سەرکەوتووش دەبێت" (193). سەرباری بانگەشەکەی کە "ئیسلامێکی ڕەسەن"ی پێشنیار دەکرد، شەریعەتی بێ ئەندازە قەرزاری فیکری خۆرئاوایی بوو، لەوانەش پڕ قین ترین فۆرمەکانی مەسیحیەتی دژە-سامی. بۆ نموونە ئاماژەی دا بە "جولەکە پارە پەرستەکان" و "رابیە هەڵخەڵەتێنەرە مەسیح کوژەکان" (208). زۆر لە پیاوە ئایینیە ڕابەرەکان و تەنانەت هەندێ لە ڕۆشنبیرە



موسڵمانە عیلمانیەکانی ئەم ماوەیە ئەو جۆرە هەڵوێستەیان هەبوو.

بەڵام بەکارهێنانێکی بەهێزتری فەلسەفی و هێرمۆنۆتیکی لایەنەکانی فیکری خۆرئاوایی لە کاری شەریعەتیدا دەدۆزرایـەوە. لە بوون و زەماندا، هایدگەر لە خاچدان و زیندووبوونەوەی مەسیحی دووبارە تەفسیرکردووەتەوە تاکو بگاتە مانایەکی فەلسەفی تازە. کاتێک یەکێک ڕووبەروو دەبێتەوە لەگەڵ مەرگی خۆیدا، هەڵوێستێک لە (ئازادی-بەرەو-مەرگ) لەخۆ دەگرێت و ژیانێکی ڕەسەن ئەزموون دەکات، وەک هایدگەر خۆی دەڵێت. شەریعەتی لەژێر کاریگەری ئەمە و خوێندنەوە هاوشێوە هێرمۆنۆتیکیەکانی مەسیحیەتدا بوو. بەڵام ئامانجی چەمکی ڕەسەنایەتی لای ئەو جڤات بوو لەبری ئەوەی تاکەکەس بێت. کاتێک شیعەکان ڕووبەڕووی دوژمنێکی مەترسیداری ئیسلام دەبنەوە، ئەو کەسەی کە ناشێت ببەزێت، دوو ئیختیاری هەیە: (1) بێدەنگبوون و ڕێگەدان بە بەردەوامبوونی سەرکوتکردن، یان (2) هەڵبژاردنی مەرگ و لانی کەم دروستکردنی ئەگەری ژیانێکی (ئیسلامی) ڕەسەن بۆ ئەوانی تر. لە تکایەکی نا ئاساییدا بۆ ژنان و پیاوانی گەنج، شەریعەتی ئەوەی خستەڕوو کە ئەم جۆرە مردنە وەک "ملوانەکە"یەکی دەوری ملی کچێکی جوان جوانە، ئەم جۆرە شەهادەتە "ئارایشتێکە بۆ مرۆڤ" (Shariati 1970, 177).

هەروەها بە بەراورد لەگەڵ لاهوتناسە مەسیحیەکاندا، کە مشتومڕی ئەوەیان دەکرد مەسیح "لە پێناو مرۆڤایەتیدا خۆی کردە قوربانی"، شەریعەتی بە ئاراستەیەکی جیاوازدا ڕۆیشت (Shariati 1970, 209). دەکرا خوێندنەوەیەکی هاوشێوە بۆ چیرۆکی کەربەلا ئەوەی پێشنیار بکردایە کە هێزەکانی یەزد بە پێی ئیرادەی خودا هەڵسوکەوتیان کردووە و لەبەر ئەوە شایانی تۆزێک بەزەیین. بەڵام گووتاری توندی شەریعەتی بەتاڵ بوو لە بەزەیی و لێخۆشبوون. ئەرکی عاشورا بریتی بوو لە "هەڵگەڕانەوە و جیهاد لەپێناو لەناوبردنی ڕژێمی یەزد"دا (209). شەریعەتی نووسی، حسێن درکی بەوەکرد کە مەرگ لەسەر دەستی دوژمنەکانی بۆ هەتا هەتایە دەیانکاتە هێما. (دوژمنەکانی) بوونە ئەو "سەرپێچیکارانە"ی کە کچەزای موحەممەدیان کوشت. حسێن زانی کە بە ڕووکردنە شەهادەت لەسەر دەستی دوژمنانی و (بەهۆی لەکەدارکردنی پایەیانەوە) دەتوانێت لە ژیان خۆی زیاتر بەدەست بهێنێت. ئەمە ئەو جۆرە مردنە نەبوو کە بەهۆیەوە خودا لە گوناهەکانی مرۆڤایەتی خۆش ببێت، بەڵکو مردنێک بوو کە ئاماژەی بە تۆڵەکردنەوە دەکرد،

مردنێک کە دوژمنی وەک گوناهکارێکی مەترسیدار نیشانە دەکرد: "ئەوە بەم شێوازەیە کە مردنی مرۆڤێک زامنی ژیانی میللەتێک دەکات" (213).

بە گوێرەی شەریعەتی، شەهادەتی لەم جۆرە "تاکە هۆکاری بوونە" و "بۆ خۆی ئامانجە." شەهادەت "بانگهێشتێک بوو بۆ هەموو نەوەکان، لە هەموو تەمەنەکاندا، کە ئەگەر ناتوانن زاڵمەکەتان بکوژن، کەواتە بمرن." شەهادەت هێند شکۆدار بوو لە ئیسلامدا کە جەستەی شەهید پێویستی بە سرووتی شوشتن نەبوو. هەروەها شەهید مولزەم نەبوو بە "گێڕانەوەی سەرگوزشتەی ژیانی خۆی لەرۆژی قیامەتدا" (Shariati 1970, 214). شەهادەت ڕێگەیەک بوو ڕاستەخۆ بەرەو بەهەشت.21 ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ئەوەندەی نەبرد کاریگەری بەسەر چەپەکانەوە جێهێشت. لە کانوونی دووەمی ساڵی 1974 دا، کاتێک خوسرەو گوڵسورخی، شاعیر و ڕۆژنامەنووس، درا بە دادگاو لە دادگایکردنێکی سەربازیدا تۆمەتبارکرا بە هەوڵێک بۆ کوشتنی شا، ئەو بۆنەیەی قۆستەوە بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئامانجەکانی مارکسیزم و ئیسلام یەکێکن و هاوشێوەن. ئیمامی عەلی بە "یەکەم ئیشتراکی جیهان" ناوبرد و بەم شێوازەی خوارەوە مشتومڕی زیاتری لەسەر کرد:

ژیانی ئیمام حسێن وەک ژیانی ئێمە وایە، کاتێک لێرە لەم دادگاییەداین. ئەو سەر بە کەمینە بوو، لەکاتێکدا یەزد لە دیوانی شاهانە حوکمی دەکرد، و خاوەنی سوپا بوو، خاوەنی حکومەت و دەسەڵات بوو. (حسێن) خۆڕاگر بوو و شەهید کرا. هەرچەندە یەزد زەمەنێکی کورتی لە مێژوودا داگیرکرد، (بەڵام) ئەوەی بۆ هەتا هەتا مایەوە ڕێچکەی حسێن بوو، نەک حکومەتەکەی یەزد. جەماوەر بەردەوامی داوە و دەدات بە سووربوون و خۆڕاگری حسێن، نەک بە حکومەتەکەی یەزد .... بەم شێوەیە لە کۆمەڵگەیەکی مارکسیدا، دەکرێت ئیسلامی ڕەسەن وەک (بونیادێکی فەوقی – superstructure) پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، و ئەم ئیسلامەمان قبوڵە، ئیسلامی حسێن و ئیسلامی ئیمامی عەلی. (cited in Nabavi, 236)

**دووبارە نمایشکردنەوەی پەرەدایمی کەربەلا: شۆڕش**

پاش مردنی شەریعەتی لە ساڵی 1977، خومەینی، کە ماوەیەکی زۆر بوو بەهۆی دژایەتی شا و بەسەربردنی ژیانێکی پڕ تەقەشوفەوە لە تاراوگە ڕێز و پایەیەکی تایبەتی هەبوو، ئەوەندەی نەبرد عەبای ڕابەرایەتیکردنی لەبەرکرد لە



نێو ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیدا. 22 دەمێک بوو شا کەتبووە ژێر ڕەخنەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بەهۆی پێشێلکاریە زۆر و زەبەنەکانی مافی مرۆڤەوە، لەوانەش گرتن و ئەشکەنجەدانی نەیارە سیاسیەکانی. لە ساڵی 1977 دا، پاش هەڵبژاردنی جیمی کارتەر بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا، شا کەوتە بەر ڕەخنەگرتن لە لایەن ئەمریکاشەوە. لە ساڵی 1970 دا، شانبەشانی بزووتنەوە ئیسلامیەکە، بزووتنەوەیەکی زیندوو بەڵام نهێنی ناسیۆنالیستی و چەپ کارابوو، لەوانەش ئەندامانی بەرەی نیشتمانی، حیزبی تودە، فیداییەکان، ڕیکخراوی گەریلایی موجاهیدینی خەڵک، و چەندین گروپی جیاجیای ناسیۆنالیستی و چەپی قوتابیان (بەوانەشەوە کە لایەنگری سۆڤیەت و چین بوون)، و بەشداربوون لە کۆنفیدراسیۆنی قوتابیانی ئێران لە دەرەوە. بەرەبەرە ئیسلامیەکان، کە ئاماژەیان لە خومەینیەوە وەردەگرت، دەستیان گرت بەسەر بزووتنەوەکەی دژی شادا. قوتابیە ڕادیکاڵەکانی شەریعەتی، لەوانەش زۆرێک لە پشتیوانانی موجاهیدین، خۆیان دایە پاڵ خومەینی و ناوونیشانی "ئیمام"یان پێ بەخشی.

ئەو ناولێنانە ئاماژە بوو بۆ پایەیەک کە هاوشێوەی پایەی ئیمامی دوانزەیەم بوو، کە بە پێی عورف لە غەیبە دەگەڕێتەوە تاکو ڕۆژی قیامەت ڕابگەیەنێت. کاتێک ئەم بزووتنەوە ئۆپۆزسیۆنەی دژی شا لەناو ئێراندا تەکانێکی وەرگرت، خومەینی تاراوگە نشین داوای لە متمانەپێکراوانی کرد لەناو ئێران هەستن بە سازدانی جۆرێک لە خۆپیشاندانی سەر شەقام کە چەندین توخمی لە ڕێوڕەسمەکانی موحەڕەمەوە وەرگرتبوو. لەبەرئەوە، ئەوەی لە ساڵی 1978 دا ڕوویدا، بەرەنجامی دەستەیەکی دوو جەمسەریانەی بەکارهێنانەکان بوو، واتە: زیندووکردنەوەی سرووتە کۆن و هەندێ جار قەدەغەکراوەکانی موحەڕەم، و هاوکات تەفسیرکردنێکی نوێی عورفەکانی شیعە، تەفسیرێک کە پێداگری لە شەهادەت دەکرد. لە دووبارە تەفسیرکردنەوەیدا بۆ سرووتەکانی شیعە، خومەینی سنووری نێوان جەماوەر و ئەکتەرەکانی لابرد، تەواوی وڵاتی کردە تەختەی شانۆ بۆ ئەکتەرەکانی خۆی.

نمایشە کۆنەکانی ئازار چەشتنی بارگاوی کرد بە کینەیەکی پڕ جۆش و خرۆش دژی شا و ئیسرائیل و ئەمریکا و خۆرئاوا و ناموسڵمانەکانی ئێران بە تایبەتی بەهایی و جولەکەکان (جولەکەکان میراتیان بۆ 500 ساڵ پێش زایین دەگێڕنەوە لە ئێران)، و داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان. بە پشتبەستن بە حوکمدانە لەخۆراییەکانی لاهوتناسی شیعە کە دەمێ ساڵە لە ئارادان سەبارەت بە جێندەر و مافی ناموسڵمانەکان و هەروەها لە زمانی (ئەم حوکمدانە لەخۆڕاییانەدا

ـو) کە پروپاگەندەی فاشیستی 1930 کان وەبیر دەهێنێتەوە، خومەینی و گروپێک لە لاهوتناسان دەستیان کرد بە تەفسیرێکی توندڕەوانە و دوژمنکارانەی ڕووداوی کەربەلا، تەفسیرێک کە بە ئاشکرا ڕەهەندی سیاسی هەڵگرتبوو. چی دی پێداگریی لەسەر بێتاوانیی حسێن نەبوو، بەڵکو لەسەر ئامادەیی حسێن بوو بۆ ئەنجامدانی قوربانیدانی بالآی بەخشینی ژیانی خۆی لە پێناو دادپەروەریدا. موسڵمانان چاوەڕێیان لێدەکرا شوێن نموونەی حسێن بکەون و گیانی خۆیان لە پێناو دادپەروەریدا ببەخشن، ئەمە بە بەپێی پێناسەی خومەینی، کە شای تاوانبار کرد بەوەی وەک یەزدێکی مۆدێرن هەڵسوکەوت دەکات و پشتگیری لە جولەکە و بەهاییەکان دەکات. بەم پێیە ئیزنی دا بە بەرپاکردنی یاخیبوونێکی ئایینی دژی ڕژێمی (شا).

لە 9 ی کانوونی دووەمی ساڵی 1978 دا، سەربازانی (ڕژێم) هەڵیانکوتیە سەر ماڵی ئایەتوڵڵا کازم شەریعەتمەداری لە قوم، کە ژمارەیەک قوتابی لاهوتناسی ناڕازی لەوێ پەنایان گرتبوو. شەریعەتمەداری پیاوێکی ئایینی میانڕەو و لایەنگری دەستووریەت بوو، و ڕەخنەگرێکی ڕاشکاوی (ڕژێمی) پادشایەتی نەبوو. سەربازەکان تەقەیان لە قوتابیەکان کرد و یەکێکیان لێ کوشتن و ژمارەیەکی تریشیان لێ بریندار کردن. (بەمەش) سەرکردایەتی ئیسلامی شەهیدێکی دا. لەپێناو پێ بە پێ ڕۆیشتن لەگەڵ عورفی شیعەدا، چل ڕۆژ دواتر یادی کوشتنی قوتابیەکە کرایەوە لە مزگەوتێک لە تەبریز، کە مەسکەنی ڕەسەنی شەریعەتمەداری بوو.

کاتێک پۆلیس جارێکی تر دایەوە بەسەر مزگەوتەکەدا، و خەڵکی زیاتریان کوشت، سووڕی ڕێوڕەسم و یادکرنەوەکانی ماتەمگێڕیی، کە لەسەر مۆدێلی موحەڕەم ساز دەدران، دەستیان پێکرد. خومەینی بەردەوام شکۆمەندیەکانی شەهادەت و ئەوەی حسێن لە پێناو ئیسلامدا کردی و پێویستی گیان بەخشین لە پیێناو شۆڕشی ئێرانیدا بیری خەڵکی دەهێنایەوە. ڕێوڕەسمی یادکردنەوەکە کە لە 18ی شوبات بەڕێوەچوو بووە مایەی دروستبوونی خۆپیشاندانێکی خوێناوی و سەدان خۆپیشاندەر تیایدا کوژران. چل ڕۆژ پاش ئەوە، خۆپیشاندانەکانی یادکردنەوەی شەهیدەکانی شوبات بووە هۆی پشێوی و مانگرتنی زیاتر لە سەرانسەری وڵاتدا. ڕووداوی یادکردنەوەکان کە لە مانگەکانی ئازار و نیساندا ڕوویاندا بە دەوری خۆیان بوونە مایەی خۆپیشاندانی تر لە سی و چوار شاردا.

لە 9ی ئایاردا، دوو قوتابی لاهوتناسی کوژران. ئەو ڕووداوە بووە هۆی هەڵگیرسانی خۆپیشاندانی نوێ لە قوم و شارە سەرەکیەکانی تر. لە 8ی ئەیلولدا، هێزەکانی



حکومەت تەقەیان لەو خۆپیشاندەرانە کرد کە لە مەیدانی ژالە لە تاران کۆ بوو بوونەوە، لانی کەم دوو سەد و پەنجا کەسیان کوشت و هەزاری تریشیان بریندار کرد (Ashraf and Banuazizi 1985).

ئەو ڕووداوە، کە بە "قەتڵوعامی هەینی ڕەش" ناسراوە، بزووتنەوەکەیان ڕادیکاڵتر کرد و ئەو ئەگەرەی لەبار برد کە بەرەی میانڕەوی ڕیفۆرمیخوازەکان سەرۆکایەتی بزووتنەوەکە بگرنە دەست (Milani 1998, 250). خومەینی هانی ژنان و منداڵانی دا لە پێشی پێشەوەی ڕێوڕەسمەکاندا بن.

ژنانی چاونەترسمان منداڵەکانیان لەباوەشدایە و ڕووبەڕووی چەک و تانکەکانی جەلادەکانی ئەم ڕژێمە بوونەتەوە .... خوشکان، برایان، عەزیمەتتان هەبێت، لاوازی و ترسنۆکی پیشان مـەدەن، ئێوە شوێن ڕێگەی خودا و پێغەمبەرانی کەوتوون. خوێنتان لە هەمان ڕێگەی پێغەمبەر و ئیمام و شوێنەکەوتوانیاندا دەڕژێت. ئێوە پێیان دەگەن. ئەمە ساتی ماتەمگێڕان نیە بەڵکو ساتی شادومانیە. (Khomeini 1999: 510 – 12)

دووبارە و چەندبارە، وێنەی کەربەلای زیندوو دەکردەوە:

ئازیزانم، لە شەهید بەخشین و سەر و ماڵ بەخشین بە خودا و ئیسلام و ئۆمەتی موسڵمانان مەترسن. ئەمە نەریتی پێغەمبەری مەزنمان و هۆزەکەیەتی. خوێنمان چی دی هێندەی خوێنی شەهیدەکانی کەربەلا بەنرخ نیە ... ئێوە، کە لە پێناوی ئیسلامدا هەستاون و سەر و ماڵی خۆتان بەخشیوە (لە پێناویدا)، پایەتان ئێستا لە پایەی شەهیدەکانی کەربەلادایە، چونکە شوێن ئەم عەقیدەیە کەوتوون. (4: 155)

بەڵام لە هەمان کاتدا خومەینی ئەم جۆرە گووتارە توندڕەوەی شیعەی بەستەوە بە گووتارێکی دژە-ئیمپریالیستیەوە کە خۆی لە هەردوو ڕژێمی ڕووسیا و چین بە دوور دەگرت و نەغمەیەکی ناسیۆنالیستی سەربەخۆی هەبوو. لە 19ی ئەیلولی ساڵی 1978 دا، یەکسەر دوای قەتڵوعامی هەینی ڕەش لە تاران، خومەینی ڕایگەیاند:

ئەمڕۆ، (وڵاتی) چینی بەناو شۆڕشگێڕیی سوور، ئەمریکا کە نوێنەرایەتی زوڵمی نێودەوڵەتی دەکات، یەکێتی سۆڤیەت کە سەرچاوەی درۆ و فریودانە، بەریتانیا ئەم ساختەکارە کۆنەی کۆڵۆنیاڵیزم، هەموویان هەستاون بەرگری لە شا دەکەن و وڵاتێک وێران دەکەن کە دەیەوێت لەسەر پێی خۆی بووەستێت لەبری ئەوەی پشت بە خۆرهەڵات و خۆرئاوا ببەستێت. لە ژێر ئەم بارودۆخەدا، شای بێ

شەرم خەڵکی ئێرانی بێ دیفاع بە تێکەڵێک لە کۆمۆنیستە سوورەکان و ڕەجعیە ڕەشەکان ناو دەبات. بەڵام دڵنیام کە سەرکەوتن بۆ میللەتەکەمان مسۆگەرە.
لەم قۆناغەدا بوو کە فۆکۆ بۆ یەکەمجار سەردانی ئێرانی کرد.

**سەرچاوە:**

Foucault and the Iranian Revolution
Gender and the Seductions of Islamism
Janet Afary and Kevin B. Anderson
by The University of Chicago 2005

# گفتوگۆ

# نیوکاتژمێر لەگەڵ نۆم چۆمسکیدا

**ئامادەکردنی:**
Andrew Smith, Craig Humpage and Rozh Ahmad

پێشەکی:

کەم کەس هەیە ناوی چۆمسکی نەبیستبێت، ئەو رەخنەگرە، رووناکبیرە، چالاکوانە سیاسییە ئەنارشیستە ئازادیواخوازە، کە تەواوی ژیانی خۆی وەک بە کاریگەرترین و ناودارترین رووناکبیری دنیای ئەمڕۆ بۆ ڕزگاری مرۆڤ تەرخانکردووە. لە ڕێگای ڕەخنەکانیەوە لە ڕاگەیاندن، جەنگ و تیرۆریزم و ئیدانەکردنی سیاسەتە نێو – دەوڵەتییەکانی ئەمریکا لە پرۆسەی سیستەمی بە گلۆباڵیزەبوونی سەرمایەداری و هێرشەکانی بازاڕی ئازاد بۆ سەر ژیانی مرۆڤ لە ئەجێندای نوێ- لیبرالێزمدا، هەمیشە ئەو وەک دەنگێکی بێدەنگەکان و بەرگریکەرێکی کۆڵنەدەری مافە دیموکراتیکەکانی مرۆڤ ئەکادیمیانە بە قەڵەم و هزر و تێڕوانین و بە جەستەش لە ناو خۆپیشاندان و لۆبی و کۆبونەوە گشتییە سیاسییەکاندا، هەمیشە ئامادەیی هەیە.

چۆمسکی یەکەمین وتاری لە دژی فاشیزم لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا نووسیوە بۆ بەرگیرکردن لە شۆڕشی ئیسپانیا و کۆمارە هەڵبژێردراوە دیموکراتیکەکەی کرێکاران، ئەو دەڵێت " ئەو کاتە بۆچونەکانم چۆن بوون هیچ لەگەڵ ئێستادا نەگۆڕاون و هەمان بۆچونم هەن." ئەو لە هەموان زێدەتر ئاگاداری نایەکسانی و نادادپەروەرییەکانی دنیایە.



دوای ئەوەی چەندین جار وەک یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی خۆپیشاندانەکانی دژی جەنگی ڤێتنام لە ساڵانی شەستەکاندا دەستگیر دەکرێت و بەند دەکرێت. لە ئەمریکا وە سەرباری پاڵپشتیکردن و بەشداریکردنی لە بزووتنەوەی مافە یەکسانییەکان، لە ساڵی ١٩٧٤ یشدا لەگەڵ ئەو پشتێکردنەی ئەمریکا و ئیدارەی کیسینجەر لە شۆڕشی کورد و بزووتنەوەکەی کردیان، چۆمسکی دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی چەندین رووناکبیری ناوداری جیهان و لە بەیاننامەیەکدا، بانگەوازێکی جیهانی دەکەن بۆ مافی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا و داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەن، لە بری پشتێکردن و خەنجەر وەشاندن لە پشتەوە کە ئەمریکا وەک دیارترین نموونە لە دنیادا بەردەوام بە کورد و شۆڕشەکەی کردووە، ئەوان داوایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد مافەکانی کورد فەراهەم بکەن، هەروەها وەک گەورەترین میللەتی بێ نێستمان لە جیهاندا بە کۆمەڵگەی نێو دەوڵتییان ناساند.

من پێشتر چۆمسکیم لە ڕێگای کتێبی "هەژمون یان مانەوە" ناسی کە هوگۆ شاڤیزی سەرۆکی ڤەنزوێلا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەرزیکردەوە و وتی: "ئەوەی دەیەوێت لە ئیمپریالیزمی ئەمریکی بگات دەبێت ئەم کتێبە بخوێنیتەوە" هەروەها کتێبی "جەنگ و تیرۆریزم" کە تیایدا داگیرکاری عێراق بە درێژکراوەی تاوانەکانی سیاسەتی ئیمپریالیستی ئەمریکی بۆ قازانجی ئابووری دەشوبهێنیت نەک ڕزگاری و باڵفراوانی بازاڕی ئازادیش بە سەپاندن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی جیهانی سێهەم بە ئیمپریالیزمی ئابووری پێناسە دەکات.. دوای ئەوەی وەک ئەفسەری کەلتووری یەکێتی خوێدنکارانی زانکۆی لیدس ترینیتی لە ئینگلتەرە هەڵبژێردرام، لەگەڵ سێ ئەفسەری تر توانیمان نیو- کاتژمێر بە تەلەفون لەگەڵ نۆم چۆمسکیدا بەسەر بەرین، ئەمەش دەقی نوێترین دیمانەیە لەگەڵ چۆمسکی، کە ڕۆژنامەی نیو-یۆرک تایمزی ئەمریکی بە " گەورەترین رووناکبیر کە لە ژیاندا مابێت" بە خوێنەرانی ڕۆژنامەکەی ناساند، بێگومان چۆمسکی هەنووکە خاوەنی گەورەترین پێگەی ئەکادیمی و رووناکبیری و مۆڕالییە لە گێژاوی هەلومەرجەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئەم سەردەمەدا.

**ڕۆژ ئەحمەد**

*** سروشتی چالاکوانی چییە کە وا لە هەندێک خەڵک دەکات ببنە چالاکوان و ئەو جیاوازییە درووست دەکات کە هەندێک ی تر نەبنە چالاکوان؟**

چۆمسکی: زۆر گرانە کە بتوانیت پێشبینی بکەیت، خەڵکێکی زۆر هەیە کە گەمژەیە و کەسایەتییەکی پاسیڤی هەیە، کەچی لە ناکاودا دەبێتە چالاکوانێکی بەرخۆدەر. ئەمرۆ ئەم لایەنە لە دنیادا دەبینرێت، هەر لە گۆڕەپانی ئازادی لە قاهیرەی پایتەختەوە هەتاوەکو شەقامەکانی بۆستن (لە ئەمریکا). زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە بەشداری دەکەن لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکاندا پێشتر پێدەچێت بە جۆرێک لە جۆرەکان قسەی خۆیان هەبوبێت بەڵام هەرگیز چالاکوان نەبووبن، کەچی ئێستا زۆر خەباتگێڕن و چالاکییەکان بەڕێوەدەبەن. بە هەمانشێوە ئەمە لە بزووتنەوەی بەدەستهێنانی مافە مەدەنییەکانیشدا لە ئەمریکا ڕوویدا، هەروەک چۆن لە بزووتنەوەی دژە-جەنگ و هەروەها لە خۆپیشاندانەکانی ئێستای ئینگلتەرەشدا بەرچاو دەکەوێت کە خویندکاران هاتونەتە سەر شەقامەکان.

***ئایا ئەو زمان و شێوازی بانگەوازکردنە بۆ چالاکوانی تا چەند کاریەگەری هەیە لە هێنانی خەڵک بۆ ناو بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانو بیانکاتە چالاکوان؟**

چۆمسکی: من هەستدەکەم چالاکوان و چالاکییەکانیان زۆر دوورنین لێمانەوە، وەک کاردانەوە لە دژی دیکاتاتۆرە توندڕەوەکانی وەک ئەوەی میسر و ئەو دیموکراسییەی کە لە ئینگلتەرەدا هەیە و ناڕەزایەتیەکانی بەرامبەریان دەبینین. چالاکوانی باجی هەیە و قوربانی دەوێت، ناتەباییەکەش ئەوەیە کە زۆر خەڵک هەیە نایانەوێت ئەو قوربانییە بدەن، بەڵام لە کاتێکدا کارەساتەکانی دەووروپشت ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر ژیانیان دادەنێت، ئیدی ئەوانەی کە لەسەر لوتکەی ئەوەن ببنە چالاکوان دەچنە ناو ئەو بزووتنەوانەوە و ژیانی چالاکوانی هەڵدەبژێرن. بیگومان چالاکوانی قازانجیشی تیادایە. کاتێک دەڵێم قازانج مەبەستم ئەو قازانجەیە کە کەسێک شتێک بە دەستدەهێنێت، بۆ نموونە تەماشای بزووتنەوەی دژی-جەنگ بکە، ئەو چالاکوانانە هیچ بەدەست ناهێنن تەنها ئەوەیە کە کۆشش و تێکۆشان دەکەن بۆ ئەوەی ئازادی بۆ یەکێکی تر بە دەست بهێنن، یان بزووتنەوەی پاراستنی کەش و هەوا، ئەوەی کە ئەوان خوازیارن بە دەستی بهێنن هیچ قازانجێکی تایبەتی ماددی بۆ ئەو چالاکوانانە تیادا نییە، قازانجەکە ئەوەیە کە ئەوان لە ڕاستیدا نەوەی داهاتووی مرۆڤ دەپارێزن.



***کەواتە پارە هیچ نییە لە کاتێکدا ئەو قازانجە تایبەتییە دەکەیت کە شتیکیت گەڕاندۆتەوە بۆ ژیان؟**

چۆمسکی: قازانجە تایبەتییەکە ئەوەیە کە بڕوات بە دنیایەکی باشتر هەیە. زۆر سانایە کە ئەوەی لە چواردەوردا ڕوودەدەن پشتگوێیان بخەیت، بەڵام کاتێک کە کاریگەرییەکانی ڕاستەوخۆ دەشکێتەوە سەر خۆت، ئیدی ژیان پێویستی بە ئاستێکی بەرزترە لە خۆبەخشی و چالاکوانی و بەرخۆدان، زۆرێک هەیە کە نازانن لە چواردەوریاندا چی ڕوودەدات، هەتاوەکو ئەو کاتەی کاریگەری هەلومەرجەکان ڕاستەوخۆ ترس لەسەر ژیانیان دادەنێت، ئەو کاتە دەبێتە چالاکوان و لەگەڵ ئەو خۆ تەرخانکردنەشیدا زیاتر ئاگادار و هوشیار دەبێتەوە لە هولومەرجەکان، کە قازانجیشی تیایە، مەبەستم ئەوە نییە پارە بخەیتە گیرفانتەوە نا، ئەو قازانجە زۆر لەوە قوڵترە،قازانجەکە ئەوەیە کە هەوڵی تۆ بۆ ئەوەیە مرۆڤێکی تر ئاشتی و ئازادی و خۆشگوزەرانی هەبێت، ئەمە لە ڕاستیدا دەستکەوتێکی قوڵی بێوێنەیە و هەموو کەسێکیش ناتوانێت ببێتە خاوەنی ئەو قازانجە.

***ڕۆڵی میدیا لە سیستەمی ئەمڕۆدا چۆن دەبینن، لێرە لە ڕۆژئاوا میدیاکان تا ڕادەیەکی زۆر نوێنەرایەتی هەلومەرجەکانی دنیای دەرەوە ناکەن چونکە لایەنگری دەکەن، ئێوە دەڵێن چی؟**

چۆمسکی: ڕاست دەکەن، میدیا تا ڕادەیەکی زۆر لایەنگری دەکات و ئەو لایەنگرییەش لەلایەن دەسەڵاتەوە پارێزگاری لێدەکرێت. ئێمە بە تەواوەتی نازانین چی لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا دەگوزەرێت، نەک هەر لە دەرەوەی دنیای ئێمە بەڵکو لێرە چەندین جیهانی سێهەمت هەیە ( لەئەمریکا) بۆ نموونە من ماوەیەک کە لە بۆستۆن دەژیام، ڕێکەوت کە لە ناوچەیەکی خوداپیداواندا بگیرسێمەوە، کە هەر نەیاندەزانی چی دەگوزەرێت لە چواردەوریاندا، نەک ئاگاداری جیهانی سێهەم بن بەڵکو لە گەڕەکە هەژارەکانی خودی شاری بۆستندا لە خوار و خۆیانەوە نەیاندەزانی چی هەیە. بەڵام هێشتا لە بەرامبەر ئەوەشدا خەڵکێکی زۆر بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە دنیادا دەبینرێن کە ڕۆژانە دەبنە چالاکوان بەهۆی بەرزبوونەوە و بڵاوبونەوەی زیاتری هۆشیاری و زانیارییەکان.

***ئەو سەرهەڵدانانەی کە ئەمڕۆ لە ئەمریکا و لە ئینگلتەرە دەستیان پێکردووە دژی دەسەڵات و ئەوەی لە ئینگلتەرە ڕوویدا لە فراوانبوونێکی بێپێشینەدایە، خەڵکیش**

**بەراوردی ئەمانە دەکەن بەوەی کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویاندا، تەنانەت هەندێک جار داواکاری هاوشێوەش بەرزدەکەنەوە؟**

چۆمسکی: بەڵێ، من پێم وایە بەراورد دەکرێت و هەردوو لاش بۆ یەکتری دەڕوانن لە خەباتیاندا، ئەو بەرەنگاربوونەوەیەی لە ناو دڵی پیشەسازی ئەمریکای ئەمڕۆدا دەبینرێت بێگومان حەماسی سەرهەڵدانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی پێوە دیارە. یەکێک لەو بەڵگەو ساتە مێژووییانەش ئەوەیە کە دوو هەفتە لەمەوبەر،یەکێک لە سەرکردە کرێکارییەکانی میسر بەیاننامەی هاوکاری خۆی و کرێکارەکانی میسری نارد بۆ کرێکارەکانی کۆنسێت، کە تیایدا ئاماژەیان کردبوو ئێوە یارمەتیتان داوین لە خەباتماندا ئێمەش لەگەڵتاندایین لە تێکۆشانتان، ئەمە ڕاستییە و ئەمڕۆ لە ڕووداندایە.

***ئێمە کە لە زانکۆکەمان داگیرکاریمان دەستپێکرد وە زۆر چالاکوانانی تریش بە نامەکەیی لاوانی کەرتی غەزە زۆر سەرسام بوین (نامەی چل گەنجی فەڵەستینی لە غەزە کە بایکۆتی هەردوو دەسەڵاتی ئیسرائیل و فەڵەستینیان کرد)؟**

چۆمسکی: بەڵێ لاوانی غەزە کە لە هەلومەرجێکی زێدە دژواردا دەژین و بەیاننامەیەکی نێونەتەوەی ئاوها بڵاو دەکەنەوە، بە دڵنیاییەوە کردەیەکە شایانی گوێپێدانە و کاریگەری خۆشی هەبووە تەنانەت لێرە لە ئەمریکا کاردانەوەی جدی هەبوو. ئەوەی ئەوان ڕاستییەکی بەرجەستەکراوە، هەیە خۆی لەو ڕاستییە لادەدات و خۆیانی لی غافڵ دەکەن.

***پێتوایە کە میدیای نوێ وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ میدیای باو کاربکات، پێگەیەک کە کەمتر کاریگەری و کۆنترۆڵی باڵی ڕاستی ئەمریکی و بازرگانییە تایبەتییەکانی لە سەرە، دەنگۆیەکی زۆر هەبوو کە ناڕەزایەتییەکانی میسر لەلایەن تویتەرو میدیای نوێوەبڵێسەی سەند؟**

کاریگەری خۆیان هەبووە، بەڵام ئەو هەلومەرجانەی کە ئەو سەرهەڵدانەیان دروست کرد زۆر لەوە زیاترن، بیریشتان نەچێت کە شۆڕش ڕوویان داوە تەنها بە بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان لە ڕێگای وشەی سەر زارەکییەوە.

پەیوەندیەکان و میدیای نوێ هەوڵدەدات کە وابێت و وەک ئەڵتەرناتیڤ تەماشای بکرێت بە دڵنیایەوە هەوڵ دەدات. بەڵام بیرمان نەچێت کە خوازیارن ئەویش بەتەواوەتی



کۆنترۆل بکەن، وە ئێستا لێرە تێکۆشانێک هەیە بۆ ئازادی پەیوەندییەکانی ئینتەرنێت، چونکە دەسەڵات کۆنترۆڵی تەواوی گۆرەپانەکانی بیرکردنەوەیان دەوێت. لە ڕاستیدا مێژووی ئینتەرنێت خۆی زۆر سەرنج ڕاکیشە، لە سەرەتاوە پینتاگۆن درووستی کردو ساڵانێکی زۆر هەر لە دەستی پینتاگۆندا بوو دواتر درایە دەست بنکەی زانستی نەتەوەیی و ئەو کاتە زۆر ئازاد بوو، بەڵام لە ساڵی 1995 ەوە ئینتەرنیتیش خرایە مەزادی بازاری ئازاداوە و خرایە دەستی کۆمپانیا تایبەتییەکانەوە، ئەمە بەبێ پاڵپشتی خەڵک، بەبێ گوێدانە ڕای خەڵک، دەکرێت بڵێین بەبێ ئەوەی خەڵکی زانیاری لەبارەوە هەبێت کە ئەمەیان کردووە، چونکە ئێستاش خەڵکی لەمە بێئاگان. هەر کەس و لایەنێکیش بیوەێت بەرەنگاری ببێتەوە بە توندی لێی دەدرێت، ماڵپەڕی ویکیلیکس نموونەی ئەو گورزە توندەی کۆمپانیا تایبەتیەکان و دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆی دنیایە. ویکیلیکس هات و دوای ئەوکێشەیەش کە بۆیان درووست کرد، زۆربەی ماڵپەرەکان فیلتەریان خستە سەر، ئەمازۆن کردی وماوەیەک گوگڵیش بە توندی سانسۆری کرد، ئینجا لە بەرامبەر ئەم کۆنترۆڵ و سانسۆرەدا هەندێک هاککەر هێرشیان کردە سەر ئەو ماڵپەرانە، تەماشاکە لەوێشدا ململانێکە بەردەوامە، بە ڕاستی جەنگە.

***دەی ئەمە گۆرەپانێکی نوێی بیرکردنەوە و هۆشیاری درووست ناکات، بۆ نموونە وەکو ویکیلیکس و ئەو بەڵگەنامانەی کە بڵاوی کردنەوە؟**

چۆمسکی: بەڵی بەڵام کۆنترۆڵکردنێکی بێوێنە هەیە لە بەرامبەریاندا، من لە ئینگلتەرە بووم نەمدەتوانی ئەلجەزیرە وەربرگم، تەنها لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەمتوانی، بەڵام ئەمە بێسوودە بۆ زۆربەی دانیشتوانی ئەو وولاتە کە ئینتەرنێتیان نییە یان هێڵەکانیان خێرا نین. تۆ دەتوانی بەڵگەی دۆکومێنتی بدۆزیتەوە لە ئەمریکا کە بە ڕەسمی ئاماژە دەکات " کەناڵی ئەل جەزیرە و تۆڕی زانیارییەکانیان بلۆک بکرێن و بە هیچ شێوەیەک بڵاو نەبنەوە لە ئەمریکا." ئەمەش کۆنترۆڵکردنی هەواڵ و ناوەڕۆکەکەیەتی لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ پارێزگاریکردنی سیستەمەکەی. تۆ تەماشای کەرتی غەزە بکە کەداگیرکرابوو و جەنگی تیادا بوو. کەناڵی ئەل– جەزیرە تاکە کەناڵێکی جدی بوو کە ڕاستەوخۆ هەواڵەکانی دەگوازتەوە بۆ دنیا کەچی لە ئەمریکا نەتدەبینی و وەرنەدەگیرا، ئەمە ڕێکو ڕاست وەکو وڵاتی چین وایە؟

***مەبەستت چییە لەوەی کە ئەمریکا وەکو وڵاتی چین وایە؟**

چۆمسکی: مەبەستم لەوەیە کە ئەو کۆنترۆڵەی بەشی ئینگلیزی کەناڵی ئەل-جەزیرە لە ئەمریکا هیچ جیاوازییەکی نیە لەوەی کە چۆن وڵاتی چین کۆنترۆڵی ئینتەرنێت دەکات، هەردووکیان بەربەست لە بەردەم گەیشتنی ڕاستییەکان و زانیاری درووستدا دادەنێن. ئەل- جەزیرە وەک تاکە کەناڵێکی پیشەیی و شارەزا و تاکە سەرچاوەی زانیاریەکان لەو ناوچەیەدا ڕاستەخۆ لە بەردەوامی 24 کاتژمێردا هەواڵەکانی جەنگی کەرتی غەزەی بڵاو دەکردەوە، بەڵام لە ئەمریکا نەتدەوانی بگەیتە ئەلجەزیرە، کە تەنها لە دوو شاردا وەردەگیرێت چونکە لە تەواوی ئەمریکادا سانسۆر کراوە.

***باشە ئەمە بۆ پارێزگاریکردنی وەرگرانە یان بۆ کرینی زانیاریەکانی دەسەڵاتە؟**

چۆمسکی: ئەمانە هەموو بڕیاری سیاسییان لە پشتەوەیە و بەبێ ئەو بڕیارە سیاسییانە نەبێت مەحاڵە سانسۆر بکرێن. وەک پێشتریش باسم کرد، بەڵگە هەیە کە دەڵێت ئەم کەناڵە مەرجە دابخرێت " چونکە نامانەوێت خەڵک بزانێت چی لە غەزە ڕوودەدات" ئەو جەنگەی کە ئەمریکا و ئیسرائیل بەردەوامییان پێدەدا لە پێناو جووت قازانجە ستراتیژی و سیاسییەکانی خۆیاندا.

***باشە لە کاتێکدا کرانەوەیەک هەیە لە کەناڵێکی وەک ئەلجەزیرەوە، ئایا ئەمە دەکرێت پەردە لە سەر چەندین کێشەی نەبیستراو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵبداتەوە، وەک خەباتی کوردەکان کە لە ڕاگەیاندنی باودا شوێنێکیان بۆ نییە؟**

چۆمسکی: خۆی ئەمە لایەنیکی ترە چونکە زۆربەی زۆری ئەو کێشە گرنگانەی کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن بۆ وەرگرانی ڕۆژئاوا ڕووماڵ ناکرێن، هەر گوێی پێنادەن کە ڕاپۆرتی بکەن بۆ وەرگرانیان. ئەگەر یەکێک خوازیار بێت بزانێ دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا خەریکی چین، دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەوەی کە هەلومەرجی بیرکردنەوە و بۆچوونەکان لە دنیای خۆرهەڵاتی ناوەراستدا چین. توێژنەوەی زۆر پارێزگارانە و جدی لەم بارەیەوە کراون لەلایەن ئاژانسەکانی پرس و زۆربەی دەزگا بەناوبانگەکانی توێژینەوە، کە باس لەوە دەکەن زۆرینەی دانیشتوانی دنیای عەرەبی پێیان وایە ئەمریکا و ئیسرائیل دوو هێزی مەترسیدارن لە ناوچەکە، ئەوەش کەمینیەکی بە ڕادەیەک بێوێنەن کە پێچەاوانە بیر لە و دوو زلهێزە دەکەنەوە. هەروەها ئێستا لە



میسردا لە 80% ی دانیشتوانەکەی پێیان وایە کە باشترە ئێران یۆرانیۆمی هەبێت، کەواتە تەنها لە 20% لەگەڵ ئەجێندای ئەمریکاو ئیسرائیلدایە، ئەمە زانیارییەکی دەقیقی زانستیی گرنگە، کەچی لە ئەمریکا یەک وشە دەربارەی ئەو توێژینەوانە بڵاو نەبوونەوە و هەر ڕێگایان پێنەدان، لە ئینگلتەرەشدا ئەوەندەی کە من ئاگادارم، یەک وتاری نووسەری بەریتانی ژۆناتەن ستیڵ نەبێت، هیچ لەو بارەیەوە بڵاو نەبوونەوە، ئەمە دەبوایە مانشێتی لاپەڕەی یەکەمی هەواڵەکان بێت بە تایبەتی کاتێک تەماشای ئامارەکان و دەرەنجامەکانی دەکەیت، کەچی بە پێچەوانەوە لێمان دەشارنەوە. ئەمانەش تەواو پێچەوانەی دیموکراسی و چەمکەکانییەتی، چونکە لە دیموکراسیدا بۆچوونی زۆرینە کاریگەری دەبێت لە سەر بڕیارە سیاسییەکان. ئەو زانیارانە لە 100% لە ڕاگەیاندنەکانی ئەمریکادا شاراوەن، چەند بابەتێکی ئەلکترۆنی لێدەرچێت لە بلۆگە تایبەتییەکاندا، تەواوی دانیشتوان لێی بێئاگان.

***کەواتە بلۆگین و ئینەترنێت دەکرێت ئەو گۆڕەپانە بن کە لە بەرامبەر دەسەڵات و سیستەمەکەیدا ئەو زانیاریانە بگەیەننە وەرگران؟**

چۆمسکی: ئینتەرنێت دەتوانێت بەڵام کاتێک تەماشای کاریگەرییەکی دەکەیت، لە ڕاستیدا لایەنێکی هێندە بەکاریگەر نییە و زۆر دەورێکی باڵا ناگێرێت. ئەگەر یەکێک بیوەێت ئینتەرنێت بە باشی بەکار بهێنێت دەبێت بزانێت بۆچی و بەدوای چیدا دەگەڕێت، ئینتەرنێت وەک کتێبخانە وایە. کتێبخانەکان سەدان ساڵە بوونیان هەیە، ناکرێت بچیتە کتێبخانە زەبەلاحەکەی ئۆکسفۆرد و بڵێیت (من دەمەوێت مێژوو فێر ببم) تا دەبێت بزانیت بەدوای چیدا دەگەڕییت. بۆیە ئەمە لە ڕێی چالاکوانی و بە بنەما گرتنییەوە دەکرێت کاریگەرانەتر بڵاوببێتەوە و دەرەنجام ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە بەرزدەکاتەوە. بە بەشداریکردن و پەیوەندیەکان لەگەڵ یەکتردا و گۆڕینەوەی بۆچوونەکان و زانیەریەکانی یەکتری. بەڵام لە کاتێکدا دوای هەشت کاتژمێر کارکردن دێیتەوە بۆ ماڵەوە و دەبێت خواردن بخەیتە سەر مێزەکەت بۆ ئەوەی منداڵەکانت لە برساندا نەمرن و دواتریش هەندێک پشوو بدەیت بۆ ئەوەی سبەینی بچیتەوە سەر کار و هێزی کارت بفرۆشیتەوە، دەرەنجام نازانی بە دوای چیدا بگەڕییت، ئیتر بەناچاری تەماشای زیاتری پروپاگەندەکان دەکەیت.

***بە پێی بۆچوونەکانی تۆ بێت کەواتە تەنها دیموکراسی ڕاستگۆیانە و ڕاستەقینە دەتوانێت ئەم زانیارییانەمان پێبگەیەنێت؟**

چۆمسکی: دیموکراسی و بە چالاککردنی دیموکراسی زۆر زیاتری پێویستە لەوەی کە تیۆریانە لێی تیبگەیت و مامەڵە بکەیت لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی تیۆریدا. بەڵکو پێویستی بە چالاکوانی و ڕێکخراوبوون هەیە، گۆڕینەوەی زانیارییەکان و فێربوون لە خەڵکەوە و تیژکردنەوەی فیکر و ئایدیاکان لەگەڵ ئەوەشدا وە پێویستی بە ئاستێکی بڵندە لە پراکتیک لەگەڵ ئەو ڕێکخراوبوونەدا، وە زانیاریەکانیش دەبێت لە شتێکی ڕێکخەرەوە وەربگرین و پراکتیک بکرێن. ناکرێت بچیتە تاقیگەی بایۆلۆژیەوە لە زانکۆی هارڤارد و وای دابنێیت کە هەموو شتێک لە بایۆلۆژیدا دەخوێنیتەوە و ئیدی دەبیتە شارەزای بایۆلۆژی، نا، دەبێت بەو سیستەمی ڕێکخراوبوون و تاقیکردنەوانەدا تێپەڕ بیت و دواتر پراکتیکی خۆتیان تێکەڵ دەکەیت و دەکرێت بە تێکەڵکردنی ماتریالەکان شتی نوێ بدۆزیتەوە و لەوانەشە داهێنان بکەیت. لە دنیادا سەنتەرەکانی بازرگانی بۆچی دژایەتییەکی تەواوی سەندیکاکان دەکەن و کیشەیان بۆ درووست دەکەن، چونکە سەندیکاکان پەروەردە و هۆشیاری کرێکاریی بڵاو دەکەنەوە لە ناو چینی هێزی کار و بەرهەمهێنەرانی سامانی کۆمەڵگە، چی لە ڕێگای پەروەردەی ڕێکخراوەی وە چی لە ڕێگای بەشداریکردنی ئەندامانیانەوە.

***باشە کەواتە هەموان لە کۆتاییدا دەبینە چالاکوان چونکە کەس ژیانێکی تەواوەتی نییە، ئایا کە ئیمە خوازیارین کۆمەڵگا خۆی پەروەردەی بکات و هوشیار بێت، شتێکی تر هەیە کە پێویستە بیزانن لەوەی کە خۆیان دەیزانن و تیگەیشتوون؟**

چۆمسکی: پێش هەموو شتێک دەبێت بڵێم کە هەرگیز نابێت وا بیربکەینەوە کە ئێمە دەبێت بڕۆین و کۆمەڵگە هوشیار بکەینەوە. بە پێچەوانەوە دەبێت ئێمە بڕۆین لەوانەوە فێر بین. بۆ نموونە دوو ساڵ لەمەوبەر کە لەلایەن کرێکارانی بەندەری شاری لیڤەرپوڵەوە لە ئینگلتەرە بانگهێشت کرابووم، زۆر لەو کرێکارانەوە فێربووم لە هەمبەر ئینگلتەر و بەندەرەکان، ئەوەی کە ئەو کرێکارانە فێریان کردم هەرگیز لە ناو ڕۆژنامە و کتێبەکاندا نەمخوێندبوونەوە و بێئگابووم لێیان. بۆیە فێربوون و وەرگرنتەکە پرۆسەیەکی بەشداریکردنە لە هەردو لاوە، ئەم پرۆسەیەشە کە بەشێکی بنچینەیی گەیاندنی درووستی زانییارییەکانە لە دیموکراسی ڕاستگۆ ڕاستەقینەدا. میسرییەکان دەمێک بوو دەیانزانی کە لە ژیر چەپۆکی دیکتاتۆرێکی داپڵۆسێنەردان، بەڵام هەتاوەکو



چالاکییەکان نەهاتنە پێشەوە و چالاکوانەکان دەستیان بە تێکۆشانیان نەکرد هیچ شتێک نەگۆڕدرا لەو وڵاتەدا. ئەمەیە دەرەنجامی چالاکوانی، دەبێت بەشدار بێت لە کێشەکان و گۆڕانکاریەکان و هەلومەرجەکان درووست بکات.

***پێشبینی دەکەیت ئەوەی لە میسر ڕوویدا لە فراوانیدا بێت، وتیان بزووتنەوەی خوێندکارانی ئینگلتەرە دەمرێت کەچی لە زیادبووندایە، دەکرێت هەمان پێشبینی بۆ هەلومەرجەکەی میسر بکەین؟**

چۆمسکی: **ناتوانین پێشبینی بکەین، با** تەماشای ڕابردوو بکەین بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ئەمریکا لە ساڵانی کۆتایی پەنجاکاندا دەستیان پێکرد و لە سەرەتای شەستەکاندا کەوتە سەر ڕەوڕەوەی چالاکوانی خۆی بۆ مافە مەدەنییەکان، بە ڕێژەی زۆرینە پێکهاتبوو لە چالاکوانە خوێندکارە ڕەشەکان. ئەوان بروسکەی ئەو بزووتنەوەیە بوون و دوای چەند ساڵێک چەندین دەسکەوتی بچکۆلە بەلام دەسکەوتی بەکاریگەری بەدەستهێن وەک مافی دەنگدان، بەڵام دواتر بزووتنەوەکە بەرەو پرسە چینایەتییەکان چوو، کاتێکیش بەرەو تێکۆشانی چینایەتی هەنگاویان دەنا، بزووتنەوەکە کەوتە بەر هێرشی دەوڵەت و پارچە پارچە کرا. دەتوانیت لە د. مارتین لوتەر کینگەوە سەیری بکەیت، ئەو ناسراوە بە وتارێکی بە ناوی "خەونێکم هەیە" کە باس دەکات هەموومان پێویستمان بە سادەترین مافە مەدەنییەکانمانە. بەڵام ئایا خەڵک تا چەند ئاگاداری کارەکانی دواترییەتی، کە باس لە بابەتە چینایەتییەکان دەکات و دەگەڕێ بۆ ڕێگاچارەی هەژاری و چەوساندنەوە. مارتین لوتەر کینگ دواتر لە کاتی بەشداریکردن لە مانگرتی کرێکارانی خۆڵ ڕشتندا و لە سەر ڕێگایان بۆ واشینگتۆن تیرۆریان کرد. لەو ساتەوە بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ئەمریکا بەرەولێژی ڕۆشت بەهۆی هێرشی هێزە دەرەکیەکانیشەوە پارجە پارچە بوو و بەرەو نەمان چوو. گورزێکی زۆر خراپی لێدرا، لەبەرئەوە ناتوانیت پێشبینی داهاتووی ئەو بزووتنەوانە بکەین. نەتدەتوانی پیشبینی فراوانبوونی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان بکەیت توانستی ئەوەشت نەبوو پێشبینی داچوونی بکەیت، زیاتر دەکەوێتەوە سەر ئیرادەی مرۆڤەکان.

***لە پرسیاری کۆتاییدا لە باسی چالاکوانی و ڕەخنەکان دێینە دەرەوە و دەچینە سەر کوردستان، باشە ئەگەر (کۆمەڵەی نیودەوڵەتی) بڕیارە ئاشتیانە و دیموکتراتیکانە**

**کێشەکانی پرسی کورد چارەسەربکات، پیتوایە کاتی ئەوە هاتووە پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) ناوی لە سەر لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکانی تورکیا و یەکێتی ئەوروپا ڕەش بکرێتەوە؟**

چۆمسکی: سەرەتا ئێمە نابێت گوێ بەو لیستانە بدەین و گرنگیان پێبدەین، هەر خۆی ئایدیای ئەم لیستی تیرۆریستییە شتێکە زۆر نامەتقیییە و شایەنی قبوڵکردن نییە، باشە کێ ئەم لیستانە دەنووسێتەوە و ئەم ڕێکخراوانە بە تیرۆریست لە قەڵەم دەدات ؟ بۆچی پەکەکە لە سەر لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکانە بەڵام دەوڵەتی تورکیا لەسەر ئەو لیستە نییە ؟ لە کاتێکدا وێرانکاری و تاوانەکانی دەوڵەتی تورکیا لە ناوچەکانی کوردستاندا زۆر زیاترە لەوەی پەکەک بە درێژای مێژووی خۆی کردبێتی هەروەها دەوڵەتی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ لەسەر ئەو لیستە تیرۆرستییە نین کە پاڵپشتی ئەو وێرانکاریانەیان دەکرد ؟ بە ڕاستی نابێت گرنگی بەو بڕیارنامانەی دەوڵەت بدەین کە کێ تیرۆریستە و کێ تیرۆریست نییە چونکە ئەوانە بڕیاری سیاسین. دەبێت لە هەموو لایەکەوە هەوڵبدرێت بۆ ئەوەی هەلومەرجێک بێتە پێشەوە کە تیایدا گارەنتی مافەکانی کورد بکرێت لە باشوری خۆرئاوای تورکیا چونکە زۆر چەوساندنەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەوتن ڕوویانداوە، هەلومەرجی کوردەکان باشترە بۆ نموونە لە 10 ساڵ لەمەوبەر بەڵام لەلایەکی ترەوە چەوساندنەوەکە بەردەوامە، من دوو مانگ لەمەوبەر لە ئەستەنبوڵ بووم لە (کۆنفرانسی وتەکانی ئازادی) بەشداریم کرد، لەو کاتەی من لەوێ بووم 150 چالاکوانی کورد چاوەڕوانی مەحکەمەیان دەکرد و بریار بوو بە چەندین تاوان سزایان بدەن، چالاکوانی سیاسیش نەبوون، چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ بوون، تیایاندا هەبوو پارێزەر بوو مامۆستا بوو تەنانەت پارێزگاری دیاربەکر چاوەڕوانی مەحکەمە و سزای توندی دەکرد. ئەمانە چەوساندنەوەکانن و بە ڕاستی دژوارتریشن. لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند یاسایەک هاتۆتە ئاراوە کە توانیویەتی تا ڕادەیەک بەسەر جەنگ و توندوتیژی و هەندێک لە بەربەستەکاندا زاڵ بێت، بۆ نموونە ئێستا لە ناوچەکەدا شتێک نییە وەک ئەو پێکدادانەی هەتاوەکو کۆتای ساڵانی نەوەدەکان دەبینران، کەواتە هەنگاو نراوە بۆ پیشەوە بەڵام چەوساندنەوەش بەردەوامە.

# ئایا مارکس بەسەر چووە؟

تەوەری **دەنگەکان** سەبارەت بە مارکس

**ئامادەکرنی: گۆران عەبدوڵڵا**

هەندرێن

*** ئایا بواری ڕۆشنبیریی و سیاسییمان بە تەواوی دەستبەرداری مارکس بووە؛ چیتر پێویستی بە مارکس نەماوە؟ ئاخۆ ڕاستە بە ڕاگەیاندنی مەرگی مارکس، هەموو تێز و بیرکردنەوەکانی وەلا بنێین؟**

هەندرێن: بەر لەوەی کەمێک بچینە ناو وردەکارییەکانی پرسیارەکەتان؛ پرسی پێویستیی و ناپێویستی ڕۆشنبیریی و سیاسیی کورد و مەرگی مارکس، دەبا بەو پرسیارانە دەستپێبکەین: ئەگەر بواری "ڕۆشنبیریی و سیاسییمان" لە جیهان و کوردستاندا "دەستبەرداری مارکس بووە، ئەدی چۆن ئێستا، دوای ئەو تەنگژە ئابوورییە جیهانییەی کە کاریگەریی بەسەر ژیانی هەموو جڤاکەکانەوە هەیە، لە ناوەندە ئەکادیمیی و ڕووبەری ماسمێدیاکانی جیهاندا مارکس بۆتە بابەتی ڕۆژەڤێ؟ ئەوەندەی من ئاگام لێبێت، ئەمڕۆ دوای تەنگژەی ئابووریی جیهانی مارکس بە گشتی و کتێبەکەی "سەرمایە" لە هەموو کاتێکی پێشوو زیاتر لە بواری زانستگا، ڕووبەری بڵاوکراوە نا مارکسییەکاندا ڕاڤەی جیاوازی لەسەر دەکرێت. ئەدی چۆن هەر ساڵی پار لە فەرەنسادا سەرلەنوێ "مانیفێستی کۆمۆنیستی" چاپکرایەوە و بە دەیان هەزار دانەی لێفرۆشراوە، ئەمەش وایکرد کە ئابووریناسە کۆنپارێزە نوێ و لێبرالە نوێیەکان هەست بە مەترسی زیندووبوونەوەی مارکس بکەن؟ بەڵێ، ئەگەر "بواری "ڕۆشنبیریی و سیاسییمان" (کە خودی خۆی بوارێکی زیندووی مـردووە) مەرگی مارکسی ڕاگەیاندبێت، کەچی ئەوەتا مێژووناس، هزرڤا و مارکسناسی



بەریتانی ئێریک هاوسباوم ( Eric Hobsbawm) کە خاوەن چەندین کتێبە، لە کتێبە نوێیەکەیدا: How to Change the World Tales of Marx and Marxism- چۆن دەکرێ جیهان بگۆڕین (2011)، باس لەوەدەکا کە لەم سەردەمە تەنگژگرەدا چۆن کارل مارکس شێوەی بیرکردنەوە لە جیهاندا بگۆڕێت. لەگەڵ دەستپێکی تەنگژەی ئابووریی ڕۆژئاوادا ئەوە مارکسیی و چەپەکان نین کە مارکس دەخوێننەوە و ڕاڤەی دەکەن، بەڵکە ئەوە غەیرە مارکسییەکانن ستاییشی دەکەن. ئەوەتا وەک ژنە نووسەری سوێدی مارییە پیە- بیۆتوس بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی "ETC " بە پشتبەستن بە کتێبەکەی هاوسباوم باس لەوە دەکات، کە ئەمساڵ لەگەڵ دروستبوونی تەنگژەی ئابووریدا بێندیکتۆسی پاپای مەسیحییەکان ستاییشی توانستی شرۆڤەکاری مارکسی کرد، هاوکاتیش سەرکۆزی، سەرۆکی فەرەنسا "سەرمایە"ی مارکس، نەک وەک ئایدیۆلۆژیی، بەڵکە وەک ڕاڤەکارێکی فریادڕەس دەخوێنێتەوە. بە واتای هاوسباوم، مارکس وەک پێغەمبەرێکی بێچەک ، پێشبینی جیهانگریی و ئەوە تەنگژەیەی ئێستای کردبوو. هەر ئەمساڵیش مارکس و "سەرمایە"کەی لە ئەلمانیادا لە لیستی زیاترین کتێبی پڕفرۆشی دانراوە. هاوسباوم دەڵێ، ئەگەر مرۆڤ بخوازێ لە جیهان تێبگات ، گەرەکە مارکس دووبارە بخوێنێتەوە، لێ کن مارکسدا ڕاچێتەیەک نییە کە چۆن دەبێ جیهان بگۆڕین. بەمجۆرە دەبێ داهاتووی جیهان لەبری بەربەرەکانێ، بە شێوەی هاریکاریی بونیاتبنرێت.

لەوەش بترازێ، ئەگەر لە کن "نووسەری کورد" مارکس بەسەرچوو بێت، ئەدی چۆن هەر لەو کاتەی کە ئابووری ئەمێریکی تووشی شکست دەبێت، "مانیفێستی کۆمۆنیستی"ی مارکس و ئەنگلس کە لە 1848 بڵاوکراوەتەوە، لە سوێد ساڵی 2008 بۆ یەکەم جار لە لایەن دەرهێنەر، ڕیچارد توپین ئامادە و نمایشدەکرێت، کە وەک من بزانم وێڕای بینەرێکی زۆری ئەو شانۆیە، ڕاڤەکردنێکی زۆریشی لەسەر نووسراوە؟ لەوەش خۆشتر، گەلۆ لە کن نووسەر و سیاسیی کورد چ تشتێک و کام بەها: ئەنفال، شەڕی خۆکویی، خیانەتەکانی مێژوو، دۆڕانەکانی و ... تاد بەسەر نەچووە تاکوو مارکسیان لە کن زیندوو بێت؟ ئەدی ئەوە نییە لەم سەردەمی بازاڕگر و لە سایەی ئەم حکومەتە "ساوا"یە دوبەخواز و حیزبەکانی کوردستانی باشووردا بەها و هێما نیشتمانیی و مێژووییەکان، لە کن ئەو نەوە نووسەرە سیاسییانەی ئێستا، چەمکی پێشمەرگە، شەهید، ئەنفال و نیشتمانپەروەریی بۆتە گاڵتەجاڕیی؟ ئەدی ئەوە نییە ئەمڕۆ لە کن سیاسیی و

نووسەرگەلی کورد، قسە کردن لەسەر دەوڵەتی کوردی، وەک خەونی شاعیرانە سەیر دەکرێت، لە کاتێکدا هەر ئەو سیاسیی و نووسەرانە هەزاران ڕۆڵەی کوردیان بە خەونی دەوڵەتی کوردی بە کوشت دا؟ گاڵتەجاڕی نووسەر و سیاسیی کورد زۆر لەوە سەخترە کە لێرە بتوانین لەسەری بدوێین. بەڵێ، لە "بواری ڕۆشنبیریی و سیاسییمان"دا هەر مارکس بەسەر نەچووە، بەڵکە بەهای شیعر و جوامێریش بەسەرچوون , کوردیش ئەوەی هەیبێ چەند دیوان و شاعیر و خەسڵەتێک لە جوامێریی بوون. ئای لە داهێنان و پەرۆشی "بواری ڕۆشنبیریی و سیاسییمان"!

بەهەمە حاڵ، دەکرێ ئێمە خاوەن هەر بڕوایەک بین، لێ ناتوانین بڕوامان بەوە نەبێت کە ڕوانگە بنەڕەتییەکانی مارکس لەوانە: جیاوازی چینایەتی، دادپەروەریی، یەکسانیی و ... تاد، تا هەنووکەش زیندوو نەبن. هەر ئێستا نووسەر و ڕاست و چەپی سیاسی کورد، لە هەموو کات زیاتر، بە نەبوونی دادپەروەریی و نایەکسانی لە نێوان ئەو چینە لۆرتە مشەخۆرەی کە لە هەناوی حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا هەڵتۆقیون، سەرقاڵن.

من لە کاتێکدا ئەوها لەسەر مارکس دەکەمەوە، نە ئێستا و نە ڕابردووش بڕوام بەوە نییە و نەبووە کە مارکس وەک ئایدیۆلۆژیا و کەسێکی پیرۆز ببینم. لە کن من وەک چۆن دەکرێ لە بوونایەتی، مۆڕال، پرسی بوون و ... تاد، لە ڕوانگەی نیتشە، هایدیگەر و ... تاد ڕاڤە بکرێن و جێگەی سەرنجن، بە هەمان شێوەش لە کن من لە ئاستی دادپەروەریی و یەکسانیی و جڤاکێکی ئایدیالی، تێوریی و ڕوانگەکانی مارکس دڵڕاکێش و سەرنجکێش تر نییە.

بەڵێ کارل مارکس خاوەن سیستەمێکی هزریی و ئابووریناسێکی تایبەتە لە مێژووی هزری ڕۆژئاوادا، بۆیە ئاخاوتن لەسەر جیهانی هزری ئەو پێویستی بە کات و ڕوانگەی جیاوازەوە هەیە.

دەکرێ لە بینینێکی ڕووکەشدا بە تایبەتیش دوای ڕووخانی بلۆکی سۆڤییەتەوە، کارل مارکس وەک هزرڤانێکی شکستخواردوو ببینرێت، لێ ئەگەر کەسێک لە ڕوانگەیەکی ئاوەڵادا بهزرێ، دەکرێ ئەم ڕۆژگارەی ئێستامان بە ڕۆژگاری ئەو بزانێت. ڕاستت دەوێ مارکس ئایدیۆلۆژییست نەبوو، بەڵکە هزرڤانێک بوو بە کۆمەڵێک بەرهەمەوە، ڕەخنە و ڕاڤەیەکی سەرنجکێشی لەسەر سیستەمی سەرمایەداریی ئەنجامدا کە لە ڕۆژگاری خۆیدا باڵادەست بوو، کە ئەو ڕاڤەی ئەو ئێستا یەکێکە لە ڕاڤە دانسقەکان.

بەمجۆرە هەر لە دوای ئاوابوونی بلۆکی سۆڤییەتەوە تا دەگاتە ئەمڕۆش نووسەرگەلێک



و هێزگەلێک لە جیهاندا، ئەوانەی کە لایەنگری ئایدیۆلۆژیای ڕاستڕۆن یان لیبرالی نوێن، هەروەک بەشێک لەو نووسەر و سیاسییە نیوەچڵانەی کورد کە خەریکی کوردایەتییەکی بیرتەسکن، بانگەشەی مەرگی مارکس دەکەن. هەڵبەتە ڕاگەیاندنی مەرگی مارکس، وەک هەر بانگەشەیەکی تر، هی نووسەر و سیاسیی کورد نییە، بەڵکە نووسەری کورد، تەنێ ئەوە وزەی داهێنانییەتی کە مۆدەکان بجووێتەوە. کەواتە مەرگی مارکس، گوتنێکی باو و ڕووکەشە. تێگەیشتنی ئەوانە لە هەر ڕوانگەیەکدا بێت، لێ لەو دەمەی کە نووسەر و سیاسیی کورد بانگەشەی مەرگی مارکس دەکەن، کەچی هاوکاتیش هەر ئەمڕۆ لە چ لە ئاستی جیهان و چ لە ئاستی کوردستانیشدا، کۆی هێزە سیاسیی و نووسەران جەغت لە دروشمگەل و بەهاگەلێک دەکەنەوە کە ڕێک لەگەڵ هەڵوێستی مارکس دا یەکدەگرنەوە. ئەو دروشم و بەهایانەش بریتین لە: دەستگرتن بە مۆراڵ و بڕیاری سیاسیی، ئەوەی کە ئەو دوو چەمکە دیاریی دەکات، خودی ئابوورییە، کە ئەمەش مارکس داهێنەریەتی. هەر ئێستا کە ئەمێریکا دەستی بەسەر عێراقدا گرتووە، پەیوەندی بە نەفت، واتا ئابوورییەوە هەیە کە مارکس جەغتی لەسەر کردۆتەوە.

بەڵێ، وەک چۆن کاتی خۆی، لە پەنجاکانەوە تا دەگاتە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە مارکس مۆدە بوو، زۆرینەی نووسەر و سیاسی کورد لە ئاستێکی ڕووکەشدا شەیدای مارکس بوون؛ ئامانجی کۆی حیزبەکانی کوردستان، گەیشتن بوو بە سۆسیالیزم، هەنووکەش، دوای ڕمانی جیهانی کۆمۆنیزم، بە هەمان شێوە لە ئاستێکی ڕووکەشدا بوغزاندنی هزرەکانی مارکس و مارکسیزم بوو بە مۆدە. لە سەدەی ڕابردوودا ئەگەر عەرەب نووسەرگەلێکی داهێنەری مارکسیی، لە نموونەی سەمیر ئەمینی میسر، جەلال سادق العظمی سووریی و کازم حبینی عیراقی هەبێت، کە یەکەم و دووەمییان لە ئاستی ڕۆژئاواشدا ناسراون، ئەگەر فارس چەند نووسەری داهێنەری مارکسی هەبێت، کەچی وێڕای ئەوەی کە لە سەدەی ڕابـردوودا زۆرینەی نووسەری کورد خۆیان بە مارکسیی و چەپ دەزانی، نەک هەر مارکسییەکی داهێنەریان لێدەرنەچوو، بەڵکە، چونکە سەرچاوەکانیان لە چەند دەقی نووسراو لەسەر مارکس و ڕۆژنامەکانی حیزبی شیوعیی و حیزبە و ڕێکخراوە بەناو مارکسیـ لینینی یەکانی تر زیاتر نەبوو، چونکە خاوەن پرنسیپ و بیرکردنەوە نەبوون، بۆیە هەر دوای نەمانی سۆڤییەت، یەکسەر وەک مار کاژەکانیان فڕێدا. نووسەرمان هەیە کاتی خۆی ئامادە بوو لەسەر ڕەخنەگرتنێک لەسەر مارکس و لینین و ستالین، بتکوژێ، کەچی ئەو مارکسییانە هەر لەگەڵ ڕووخانی

سۆڤییەتدا، یەکسەر بوون بە ناشیۆنالیستی زارقەڵەباڵغ و لیبرالی عەیار 24. لەوەش عەنتیکەتر، هەنووکە کۆمۆنیستە تازە بابەتەکانی کورد، لە خەونی ڕماندنی سەرمایەدار و ناشیۆنالیستی کورددا، لە کاتی خۆپیشاندانەکانی بەهاری ئەمساڵدا لە ڕۆژی هەینینان لە پشت دەمڕاستی حیزبە ئیسلامییەکان و مەلاکاندا، نوێژیان دەکرد.

لەوەش گەرێ کە هەنووکە کادیر و سەرکردەکانی حیزبی شیوعیی و کۆنە چەپەکانی تری ناو حیزبەکانی تر، سەریان بچێ نوێژیان ناچێت، هەرچەند ئەگەر نوێژیان نەکرد مانای ئەوە نییە کە ئیتر مارکسیی تەواون، لێ لێرەدا مەبەست وێنەی مارکسیی کوردە. ئاخر ئەو نووسەر و سیاسییانە میراتگری مارکسیی کورد بن، چۆن مارکس لە کوردستاندا بەسەر ناچێت؟! لێرەوە هەقە ئاماژە بەوە بکەین، کە کورد تاکە خوێنەر و ڕەخنەگرێکی ڕاستگۆی مارکسی هەبوو ئەویش: مەسعوود محەمەد بوو. مەسعوود محەمەد، وەک کۆمۆنیستەکان تێیدەگەن، دژی مارکس نەبوو، بەڵکە ڕەخنەگری ڕوانگە و چەمکە ئایدیۆلۆژییەکانی مارکسیزم بوو. ئاشکرایە ئەگەر مارکس لە کن مەسعوود محەمەد گرینگ و سەرنجکێش نەبووایە، چەندین وتار و کتێبی لەسەر نەدەنووسی. مەسعوود محەمەد حەزی دەکرد لە ڕێگای خوێندنەوەی مارکس، هزرەکانی خۆی سەبارەت بە مرۆڤ و سرووشتی جڤاکی کوردستان دەرببڕێت. ڕەنگە مەسعوود محەمەد مارکسی وەک فەیلەسووف و ئابووریناس نەخوێندبێتەوە، بەڵکە ڕەخنەی لە مارکسی ئایدیۆلۆیی دەگرت. یەکێک لە سەرنجەکان دەکرێ ئەوە بێت، کە مەسعوود محەمەد هێندەی لە چاوی حیزبە کۆمۆنیست و دەسەڵاتی سۆڤییەتەوە مارکسی خوێندەوە، هێندە مارکسی دوور لەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەی سۆڤییە و حیزب و نووسەرە کۆمۆنیستەکانی کوردستان نەخوێندەوە. دواجار مەسعوود محەمەد لە پەرۆشی داهاتووی بزاڤی کوردایەتیدا، بە ئەرکی خۆی دەزانی کە خەڵکی کورد لە دۆگمای کۆمۆنیزم هۆشیار بکاتەوە. هەر چۆنێک بێت، حەقە هەموو مارکسییەکان بەوە خۆشحاڵ بوون، کە لەناو کورددا تاکە کەسێک لە ئاستی سەنگینیدا بە چاوێکی ڕەخنەیی بەشێک لە مارکسی خوێندبێتەوە، کە ئەوە مەسعوود محەمەدە. وەکوو تر، ئەوەندەی من بزانم، کۆی نووسەرەکانی تری کورد، لە ئاستێکی دورشم و حیزبایەتیی و تەشقەڵبازییدا ڕەخنەیان لە مارکس گرتووە، یانیش وەک هەنووکە باوە، بە قوونکە نووسین، گێچەڵیان بە مارکس کردووە.

بەڵێ، دەکرێ لە ئاستێکی ڕووکەشدا کە دوای ڕمانی بلۆکی کۆمۆنیزم مارکس وەک فەیلەسووفێکی شکستخواردوو ببینین. لێ ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە دوای ڕووخانی



کۆمۆنیزم، مارکسیزم لە سیاسەتدا شکستی خواردبێت. ئەوەی مارکسیزم دوای ڕووخانی کۆمۆنیزم لە دەستی دابێت، ئەوە دەسەڵاتی ڕاڤەکارە خراپەکانی مارکسن نەک هزرەکانی مارکس. دوای ڕووخانی کۆمۆمۆنیزم، هیچ کەسێک هێندەی مارکس سوودمەند نەبوو، چونکە دوای ڕووخانی کۆمۆنیزم، مارکس لە مارکسیزم ئازاد بوو. لەوکاتەوە مارکس چیتر بە ڕێگای مارکسیزمەوە ناخوێنرێتەوە، بەڵکە وەک هزرڤانێکی سەربەخۆ دەخوێنرێتەوە.

کەواتە ئەمڕۆ نووسەری کورد لە بری لاساییکردنەوەی بانگەشەی مەرگی مارکس و چەقین لە کۆنە قینی حیزبایەتیدا، گەرەکە جارێکی تر بە مێشکێکی نوێ و ئاوەڵاوە مارکس بخوێنێتەوە. چونکە کاتی خۆی کە نووسەر و سیاسیی کورد وشکەڕۆیانە ئاوێزانی چەند گوتە و وتاری دەستی سێ و چواری مارکس بوون، هێشتا کۆمەڵگەی کوردستان ئاگای نە لە بازاڕی سەرمایەداریی بوو نە هەقیقەتی سەرمایەداریش. بەڵام هەنووکە وەک دەزانین کە جیاوازی ململانێی چینایەتی، نادادپەروەریی، نایەکسانی و ... تاد بە هۆی باڵادەستی بازاڕی سەرمایەدارییەوە چۆن کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو بەهاکاندا داماڵییوە، بە دەست کاڵاکانییەوە ڕوحی دەعەجانکردووە و کردوویەتی بە کۆیلەی کاڵاکانی. کەواتە حەق وایە ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر ڕاڤەکانی مارکس لەسەر دۆخی کوردستان و سەرمایەدارییش بە گشتی پیادەبکرێت.

زۆرێک لە حیزبە کۆمۆنیست و نووسەرانی دژە مارکس و مارکسیزم وا دەزانن کە مارکس لە کاتی خۆیدا نەخشەیەکی دیاریکراوی بۆ داهاتووی کۆمۆنیزم کیشابوو. ڕاستە مارکس خۆی سیاسییەکی چالاک بوو، لێ هیچ تیۆرییەکی سیاسی سنووورداری نەنووسی. ڕاستە ئەو خواستی دیکتاتۆری پرۆلیتاری هەبوو، لێ ئەو بە هیچ شێوەیەک ئەو سیستەمەی تەواو ڕوون نەکردەوە، بەڵکە ئەوە لینین و ستالین و ماو و ... بوو کە بە هەڵە تێزەکانی مارکسی دەسەڵاتی دیکتاتۆری پرۆلیتاری بەکار هێنا و پیادە کرد.

خەونی گەورەی مارکس داڕماندنی دەسەڵاتی سەرمایەداری بوو. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێت، دەبوو لە جەوهەری ئەو دەسەڵاتە سەرمایەدارییە تێبگات. ئەمەش ئەوی هاندا کە بە کتێبە نایابەکەی "سەرمایە" بە فرەوانی سەرمایەداری ڕاڤە بکات. جێگەی سەرنجە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بازرگان و مرۆڤی کورد بە ڕوح و بە گیان ئاوێزانی بازاڕی سەرمایەداری ڕۆژئاوا، خاوەنداریی تایبەتی، بازاڕی ئازاد یان کوردستانێکی دوبەیین...
مارکس بە پێچەوانەی زۆرینەی ئابووریناسەکانی هاوسەردەمی خۆیەوە، پێی وابوو

که سەرمایەداری پرۆسەیەکی سرووشتی نییە، بەڵکە وەک دیاردەیەکی مێژوویی، شێوازی پێشڤەچوونی تایبەت بە خۆیەوە هەیە. سەرمایەداری، بە ڕای مارکس، وەک سیستەمێک کە مرۆڤ سازاندوویەتی لایەنگر و ڕاڤەکاری خۆی هەیە. لێرەو مارکس یەکێکە لە کۆمەڵناسە داهێنەرەکان.

دواجار کورد کەی مارکسناس و مارکسیستی هەبووە تا دەست بەرداری بێت؟! هەموو دەزانین تا کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابـردوو، گشت نووسەری کورد بێجگە لە وەرگێڕانە کورتکراوەکەی "ماتریالیزمی دیالێکتیک"ی جەلال دەباغ و چەند دەقی لینین و نووسەرە کۆمۆنیستەکانی سەر بە بلۆکی سۆڤییەت، هیچ سەرچاوەیەکی تری نەبووە. کەواتە کورد کەی و کامە کتێبی مارکسی ناسییوە خوێندۆتەوە تا دەستبەرداری بێت؟

*** پاش ڕووخانی سیستەمی سۆسیالیزم و وەدەرکەوتنی تێزی "کۆتایی مێژوو" لە لایەن فۆکۆیاما و هاوڕاکانییەوە، ئایا ئەو بانگەشەیە واتای مردنی مارکسی فەلسەفیی بوو؟ یان مەبەستی ئەو مارکسە بە ئایدیۆلۆژییکراوەیە کە کۆتایی هات؟**

هەندرێن: جێگەی سەرنجە کە سەرچاوەی ئەو تێزە، "کۆتایی مێژوو"، لە هزری هێگلدا ڕەگئاژۆیە، کە نووسەری کورد، چونکە بێبیرکرنەوە کتێب و نووسەر دەخوێننەوە، بۆیە ئاگایان لە سەرچاوەی ئەو تێزەی فۆکۆیاما نییە. دیارە لەو ساڵانەی دواییدا نووسەری کورد لە ئاستی ڕۆژنامەوانییدا قسەگەلێکی زۆر لەمەڕ ئەو گوتەیەی فۆکۆیاما فڕێداوە. هێگل لەکتێبەکانیدا باس لە "روحی جیهانی" دەکا کە ڕەوتی مێژوو ئاراستە دەکا تا دەگات بە ئامانجە مێژووەکەی، کە ئەمەش کۆتایی ئەو پرۆسەیە کە "روحی جیهان" ئاراستەی دەکا. بەهەمە حاڵ. من لە وتارێکی درێژدا بە ناوی "بەرەو تێگەیشتن لە جڤاک و بازنە قەتیسماوەکانی جڤاکی کوردیی بزاڤەکانی، دیدی هێگل لەمەڕ نەگۆڕی دەسەڵاتە نەیتگرەکانی ڕۆژهەڵاتدا" ،(2007)، باسی ئەو تێزەی هێگلم کردووە. بۆ خوێندنەوەی ئەو وتارە، بڕوانە (سایتی دەنگەکان) وەک لە پرسیاری پێشوو باسمانکرد، بانگەشەی "کۆتایی مێژوو" لە لایەن فۆکۆیاما و هاوڕاکانی لە نێو نووسەر لیبرالیستە نوێیەکانەوە، کە هەنووکە، دوای تەنگژەی ئابووری لە ڕۆژئاوا و ئەمێریکا و بزووتنەوەی ئیسلامی ڕادیکال و کێشە جڤاکییەکان ئەو بانگەشەیە نەک هەر ڕەخنەی توندی لەسەر دەنووسرێ، بەڵکە هەر باویشی نەما، مەگەر لە کن نووسەر و سیاسی کەمزانی کوردی نەبێت. ئەوەی کە دوای ڕووخانی سیستەمی سۆسیالیزم "کۆتایی"



نەهات، نەک هەر خودی مارکس و بە تایبەتی کتێبە نایابەکەی "سەرمایە" بوو، بەڵکە ئازادبوونی مارکس بوو لە ئایدیۆلۆژیای لینینزم-ستیالینزم-ماویزم... دوای ئەو پێشهاتە مارکس لە هەموو کات زیاتر زیندووە.

*** ئایا توانای فەلسەفەی مارکسیزم لە گۆڕینی کۆمەڵگادا کۆتایی هات، یاخود ئەوە هەر مارکسیزمە کە توانای گۆڕینی کۆمەڵگای هەیە؟**

هەندرێن: ڕاستییەکەی ئەوەی کۆمەڵگە دەگۆڕێت تەنیا مارکسیزم نییە، بەڵکە دەکرێ بە ڕاڤەکانی مارکس بتوانرێت بە وردی لەو کۆمەڵگەیە تێبگەین کە بازاڕی سەرمایەداری هەموو بەهایەکی مرۆڤی لە مادده و مەسرەفدا کورتکردۆتەوە. چونکە بێ تێگەیشتن لە کۆمەڵگە و سیستەمی ئەو دەسەڵاتەی کە بەڕێوەی دەبات، ناتوانین کۆمەڵگە بگۆڕین. کەواتە ئەمڕۆ بۆ ئەوەی لە باڵادەستی بەهای مادده و مەسرەفگری تێبگەین کە کۆمەڵگەی کوردی سیخانخکردووە، گەرەکە مارکس، بە تایبەتی کتێبەکەی "سەرمایە" بە کوردیی و فرەوانی بخوێنینەوە.

*** لە دۆخی ئێستادا چۆن مارکس بخوێنینەوە؟ چۆن مارکس لەناو ئەو چوارچێوەی ئەو ڕاڤە ئایدیۆلۆژییە و تێگەیشتنە دۆگماییە دەربهێنین کە لە تاکە ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆژییدا کورتکراوەتەوە؟**

هەندرێن: ڕاستە گەرەکە نووسەری کورد لە ڕوانگەیەکی نوێوە، دوور لەو خوێندنەوە ئیدیۆلۆژییەی کە لەوێدا هزری مارکس لە بۆتەی لینینیزم-ستالینیزمدا قەتیسماو بوو، مارکس بخوێنێتەوە. لەو گەرەکە خوێنەری سەربەخۆی مارکس سەرنج لەوە بدا کە سەرچاوەی هزری مارکس لە جیهانبینی جوولەکە، مەسیحی، هزری ڕۆشنگەریی، شۆڕشی فەرەنسیی و ئینگلیزییەوە ڕەگئاژۆیە: مارکس ڕوانگەی دادپەروەریی ئایدیالی لە ئایینی جوولە وەرگرتبوو، خەونبینین بە ئایندەیەکی جیاواز، کە بەشێکە لە هزری ئۆتپی مارکس، لە ئایینی مەسیحی وەرگرتبوو، هەروەک مارکس ئاوەزگەریی لە ڕۆشنگەریی وەرگرتبوو، کە هەموو دەزانین برواکردن بە ئاوەز، کۆڵەکەی پرۆژەی ڕۆشنگەرییە، بەهای فەلسەفە لای مارکس، پەیوەندی بە هزری ئەلمانییەوە هەیە، کە لە هزری ئەلمانیدا فەلسەفە باڵاترین ئاستی زانینە، هزری شۆڕشیش لە کن مارکس، پەیوەندی بە هزری فەرەنسییەوە هەیە و سەیری کردنی تیۆریی لە کن مارکس وەک کەرەسە و

دەستاوێژ (میتۆد)ێک بۆ ڕاڤەیەکی کردەیی، پەیوەندی بە هزری ئینگلیزییەوە هەیە. هەروەک ئەوەندەی من تێگەیشتبم، کە هزری هێگل لە "سەرمایە"دا ئامادەیی زۆری هەیە. لەوانە کێشەی نامۆبوونی مرۆڤ، کە لە "سەرمایە"دا ڕاڤەیەکی سەرنجکێشی لەسەر پیشکەشدەکا. کێشەی نامۆبوون، بە دیدی مارکس، بازاڕی سەرمایەداری مرۆڤ وەک هێزی کار دەکات بە کالا. لە دوا جاردا مرۆڤ لە هەمبەر خودی خۆی ئەو کالایەی کە بەرهەمیدەهێنێت، بەنامۆدەبێت. مارکس لە "سەرمایە"دا بە نزیک 700 لاپەڕە بنەمای ئابووری سیاسیی خۆی دەسازێنێت. دیارە مارکس خۆی تەنیا بەشێ یەکەمی چاپکرد، پاشان ئەنگلس دوای مەرگی مارکس، بەشی دووەم و سێیەمی بڵاوکردەوە. بەشێک لەو کاریگەرییانەی مارکس بەو سەرچاوە هزرییانەوە، پەیوەندی بە ژیانی تاراوگەیی ئەو هەیە، کە ماوەیەک لە بەریتانیا و فەرەنسا ژیاوە. بەمجۆرە لە کاتێکدا نووسەری کورد هەموو هەوڵی ئەوەیە ببێتە خوێنەر یان لاساییکارێکی هزری ڕۆشنگەریی، هزری فەرەنسی، ڕوانگەی ئاوەزگەریی ئینگلیزیی و خولیای فەلسەفاندن لە کن ڕۆشنبیریی ئەلمانیدا، کەواتە گەرەکە بەرهەمەکانی مارکسیش وەک بەشێک لە مێژووی ئەو کولتوورە بزانێت و بخوێنێتەوە نەک وەک مێژوویەک لە کۆمۆنیزمی سۆڤییەتیی و حیزبە کۆمۆنیستە بێکولتوورەکانی ڕۆژهەڵات و کوردستان.

نووسەری بەریتانیFrancis Wheen ، سەبارەت بە "سەرمایە" لە کتێبە 448 لەپەڕەکەیدا، کە لە 2001 بڵاویکردۆتەوە دەڵێ" تا سەرمایەداری بوونی هەبێت، خوێندنەوەی "سەرمایە"ش بەهای خۆی دەمێێنت". بۆیە ئەو نووسەرە ناسراوە پێی وایە کە مارکس لە سەدەی بیست و یەکدا دەبێت بە کاریگەرترین هزرڤان. ئەو نووسەرە ئینگلیزە داوا لە خوێنەر دەکا کە "سەرمایە" وەک چەشنە کتێبێکی هونەری بخوێنێتەوە، چونکە مارکس کۆتایی "سەرمایە" وەک خودی سەرمایەداریی بە ئاوەڵایی، بەجێدەهێڵێت.

خودی مارکس لە پێشەکی چاپی فەرەنسیی "سەرمایە"دا دەڵێ: " هیچ ڕێگەیەکی ڕاست و ئاسان بەرەو زانین نییە، تەنیا ئەوە کەسەی خۆی بە دوور ناگرێت لە هەوڵی هەڵگەڕان بەسەر ئەو ڕێکچە سەرەولێژانەی کە دیمەنەکانیان دەیانگەیەنێتە بەرزاییە ڕۆشنەکان." (بڕوانە:
Svd, 2007, 3 februari, Anders Burman, Boken som fick kapitalismen att skälva )



بەڵێ، ئەگەر ئەمڕۆ مرۆڤ کە بەشێکی زۆر لە هزرەکانی مارکس سەبارەت بە دادپەوەریی، یەکسانی، خولیای ترسناکی سەرمایەداریی و ... تاد بە گرینگ بزانێت و لە دیدی "سەرمایە"ی مارکسەوە جیهانی ئەمڕۆی لیبزالیزمی نوێ و هەوەسی بێسنووری بازاڕی سەرمایەداری بخوێنێتەوە، مانای ئەوە نییە کە داکۆکی یان لایەنگری لە حیزبە کۆمۆنیستە عەنتیکەکانی لای خۆمان دەکات یان بە لایەنگری کارە دڕندەکانی حیزبە کۆمۆنیستیەکانی بلۆکی سۆڤییەتی کۆن تاوانبار بکرێت. بوغزاندنی مارکس لە کن نووسەری کورد، تێگەیشتنێکی کۆنە و بەردەوامی ئەو ئاوەزە خێڵەکییە کە بەهێزترین پێوانەیە لە کن نووسەر و سیاسیی کوردیدا. هەروەک ئەوەی کە مارکسی لە جیهانی نووسینی کوردییدا بێبەها کردووە، بۆ کێشەی ئەو کۆمۆنیستە وشکەڕۆییانەی کوردی دەگەڕێتەوە کە ئەوانە بێجگە لە چەند بڵاووکراوە و وتاری سەقەتی کادیرێکی حیزبەکانیان، هیچ زانیارییەکی تریان سەبارەت بە مارکسەوە نییە. ئە کۆمۆنیستانە، وەک ئیسلامیی و مەسیحیی و یەهوودییە فۆندەمەنتالەکان هەموو ڕاڤەیەکی ئازاد و جیاواز لە خۆیان لەسەر قورئان و حەدیسەکان و ئینجیل و بیبل بە کفر دەزانن، ئامادە نین گوێ لە هیچ ڕەخنەیەکی جیاواز و سەربەخۆ لە مارکس و کۆمۆنیزم بگرن و قەبووڵبکەن.

جێگەی سەرنجە کاتی خۆی مارکس گوتبووی کە سەرمایەداری دیاردەیەکە کە لە ئەوروپادا دەستپێدەکا و دواجاریش کۆی جیهان دەتەنێتەوە. ئاخۆ ئەو پێشبینییە بەس نییە کە مارکس بە هزرڤانێکی نەمر بناسین؟ ئەدی ئەوە نییە کە دوا ی سەت ساڵ زیاتر لەو گوتنەی مارکس نییە کە ئێستا سەرمایەداری کۆی جیهان و کوردستانیشی تەنیوەتەوە؟ ئاخۆ ئەو نووسەرە قسەنووس و ڕووکەشانەی ئێستای کوردستان کە پێیان وایە مارکس کۆتایی هاتووە، هەق نییە جارێکی تر بە دەستپێوەگرتنەوە مارکس بخوێننەوە، لە کاتێکدا بە دەست ئەو دەسەڵاتە کوردییەوە هات و هوتیانە کە ئەمڕۆ وەک مەکینەیەکی بازاڕی ئەو سەرمایەدارییەی کە مارکس پێی وابوو هەموو جیهان داگیر دەکا، کورد دەهاڕێت؟ ئەو جیهانگیرییەی کە ئەمڕۆ ئێمە بووینە بەشێک لە کۆیلەکانیی و ڕۆژانەش قسەی لەسەر دەکەین، تەنیا بەشێکە لە خولیاکانی ئەو سیستە سەرمایەدارییەی کە مارکس باسی دەکات. بە جیهانیبوون بوو بە دۆخێک کە کورد و نووسەرانی بێجگە لە دەستکەوتی مادی، هیچ تشتێکی تری بۆ گرینگ نەبێت. دیارە هەر تەنیا مارکس و مارکسیزم نییە کە ئەمڕۆ کەوتە بەر ڕەخنەی نووسەرە مۆدەخوازەکان، بەڵکە خودی

فەیلەسووفە ڕۆشنگەر و پرۆژەی ڕۆشنگەرییشە کە بوونەتە بابەتی ڕەخنەی نووسەرە پۆستمۆدێرنیست و لیبرالە نوێیەکان. بە هەمان شێوەش ڕەخنەیەکی فرە لە هەمبەر زۆر نووسەری تری جیهانییەوە ئاراستەی جیهانگریی دەکرێت. ئەمڕۆ لە ژێر سایەی بازاڕیی سەرمایەداریی و جیهانگرییدا کۆمپانیا بچووکەکان لەلایەن کۆمپانیا زەبەلەحەکاندا قووتدەرێن. خەونی نەتەوە ژێر دەستەکانی وەک کورد بە خەون شاعیران دەزانرێت... تاد. ئەدی ئەو دۆخەی ئەمڕۆ ئەو دیاردەیە نین کە مارکس زوو پێشبینی کردبوون؟ ڕاستە هەموو ڕوانگەکانی مارکس زیندوو نین بۆ ئەمڕۆ، لێ کام لە فەیلەسووفانی پێش مارکس و هاوسەردەمی خۆی، هەموو ڕوانگەکانی بۆ ئەمڕۆ دەشێن؟
من دەزانم کە خوێنەر و نووسەر و سیاسی کورد چونکە بە بیرکردنەوە ناخوێنێتەوە، بۆیە لە کاتێکدا کە سەر زار و بن زاری نووسەری کورد کاوێژکردنە بە ناو و گوتەکانی هزرڤان و نووسەرگەلێکی وەک ئەدۆرنۆ، مارکۆزـ کۆی نووسەرانی "قوتابخانەی فرانکۆرت"، مشێل فۆکۆ، دۆلوز، لیۆتارد، بۆدیۆ و بۆدلیارد و ... تاد، کەچی نازانێ خودی ئەوانە بە نووسەرانی مارکسیسیتی ڕۆژئاوا ناسراون. کەواتە نووسەر و سیاسی کورد دەکرێ بە بەهرە وەرگرتن لەو هزرڤانە ڕۆژئاواییانەوە، جارێکی تر بە لە چاوگرتنی کۆنتێکستی کوردی مارکس بخوێننەوە.

*** بە بۆچوونی ژاک دێریدا، ئەوەی کوژراوە مارکسی ئایدیۆلۆژییە نەک فەلسەفیی. ئەو مارکس بە تارمایی هاملێت دەچووێنێت، بەوەی ئەو هەر کاتێک بتەوێت دەتوانێت بگەڕێتەوە لایی و لەحەقیقەتی تاوانی باوک کوشتندا ئاگادارمان بکاتەوە. کەواتە ئایا مارکسەکەی ناو زەمانمان کەی توانای ئەوەی هەیە بێتە گۆ؟**

هەندرێن: دیارە وێڕای خوێندنەوەی بەشێکی ئەو کتێبە بە ئینگلیزی، کە ڕاستییەکەی خوێندنەوەی دێریدا بۆم بە ئینگلیزیی ئاسان نییە، بەڵام بۆ زیاتر تێگەیشتن لەو کتێبە حەزمکرد بێجگە لە تێگەیشتنی ئەوانیتر لەو کتێبە، وەک خۆی بیخوێنمەوە. وێڕای خوێندنەوەی چەند نووسینێک بە سوێدی لەسەر ئەو کتێبە. کتێبە بە فەرەنسی ناوی: Spectres de Marx ە (1993 نووسیویەتی)، وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی ناوی: "Specters of Marx, the state of the debt, the Work of Mourning, & the New International, translated by Peggy Kamuf, Routledge 1994.
بە کوردییەکەی دەبێت بە "تارمایی مارکس". لەوانە هزرڤانی سوێدیی سڤێن ئێریک



لیدمان کە لە کتێبەکەیدا "1997) "I skuggan av framtiden)، بە وردی باسی ئەو کتێبەی دێریدا دەکات. هاوکاتیش هەر دوای ئەو کتێبەی دێریدا هەر خودی Sven-Eric Liedman و Björn linnell لینێل بە هەمان ڕوحی دێریداییەوە کتێبێکیان بە ناوی"- Karl Marx – texter i urval دەقگەلێک لە هەڵبژاردندا" ، (2003، چاپخانەی ئوردفرۆنت) بڵاوکردەوە، کە بەشێک لەو کتێبە دووبارە وەرگێڕانەوەی دەقگەلێکی مارکسە و بەشێکیش خوێندنەوەی ئەو دوو نووسەرە ناسراوەی سوێدییە لەسەر مارکس. دێریدا لەو کتێبەیدا جەغت لەوە دەکاتەوە کە هەمیشە ئەو هەڵەیە دووبارە دەبێتە کە نابێت مارکس بخوێنیەوە. لێرەوە ئەوەندەی کە دەکرێ بگوترێ ئەوەی، بۆ ئەوەی ئێمە لە هزری دێریدا بە گشتیی و بە تایبەتیش لەو کتێبەی وی سەبارەت بە مارکس تێبگەین، دەبێ لە پەیوەندی دێریدا بە هزری هەڵوەشاندنەوە (دێکۆنسترەیشن) و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات تێبگەین. بەمجۆرە خوێندنەوە دێریدا پەیوەندی بە ناوکۆیی (کۆنتێکست) فەلسەفیی و فێلەسووفانی شەستەکانی فەرەنسییەوە هەیە کە لە شەستەکاندا لە ژێر ناوی "پۆستستراکچالیزم"، پاشبونیاگریی بوون بە میراتگری بوونایەتیی و ستراکچالیزم. نووسەرە پاشبونیاتگرەکان هەر تەنێ ستراکچالیستەکانیان ڕەتنەکردەوە، بەڵکە گشت ئەو ڕوانگانەشیان ڕەتکردەوە کە لە هەوڵی ئەوەدابوون واقیع لە یەکێتییەکی جێگیردا نمایش بکەن. لە کن ستراکچالیستەکان مێژوو وەک پرۆسەیەکی پێشڤەچوو، سەردەمەکان وەک ئۆرگانێکی یەکگرتوو، زانست وەک بنەمایەکی نەگۆڕ و ئێتکیش وەک ئاوێتەکردنێک لە بەها و نۆرمگەل ببینن. لە ڕوانگەی پۆستستراکچالیستەکانەوە دەبوو ڕووناکبیر هەمیشە لە بزوان و گۆڕاندا بت. بەمجۆرە یەکێک لە هەوڵە سەرەکییەکانی پۆستسترالیستەکان، لەوانە فۆکۆ و دێریدا، شەڕکردن بوو لەگەڵ دەسەڵاتدا. لەوێدا دێریدا یەکێک بوو لەو ڕەخنەگرانەت دەسەڵات. دواجار لە هەشتاکاندا لە بواری هزردا هزری دێریدا بە "وەرچەرخان لە ئێتیک" ناسدەکرێت. ئەو "وەرچەرخانە" لە کتێبی "تارمایی مارکس" دا بە ڕاشکاوی بەرجەستە دەبێتەوە.
دێریدا لەو کتێبەیدا خولیایەکی ڕاشکاوانە دەردەبڕێت. ئەو دیدە وشکەڕۆییە ڕەتدەکاتەوە کە گوایە دوای ڕووخانی سۆڤییەت مارکس، مارکسیزم، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لە مێژوودا کۆتاییان هاتووە. دیارەکە دێریدا بە شێوە باوەکەی، مارکسیست نەبوو. هەرچەندە ئەو لەو کتێبەیدا هاوڕایە لەگەڵ ئەو دەربڕینە ڕووکەشەی کە بانگەشەی "مەرگی مارکس"

دەکا. لێ هاوکاتیش خودی ئەو مەرگەی مارکس دەبێتە بنەمای کتێبەکەی. لە کن دێریدا ئەوە مەرگی مارکسە کە وەک تارماییگەلێک خۆی بە دیار دەخات. دێریدا تارمایی مارکس وەک ئەو تارماییە وێنا دەکات کە خودی مارکس و ئەنگلس لە "مانیفێستی کۆمۆنیستی"دا باسی دەکەن کە بەناو ئەوروپاوە پەرشدەبێتەوە. دێریدا وەک ناسراوە کە لە ڕێگای ئامادەبوونی دەقی ترەوە هزرکانی خۆی تۆکمە دەکا، بۆیە لەو کتێبەیدا ئەو تارماییەی کە مارکس لە "مانیفێست" باسی دەکا لەگەڵ تارمایی هاملێتی شکسپیر بەراورد دەکا. سەرەتای هاملێتیش بە تارمایی دەستپێدەکا، کە پادشا کوژراوەکە داوا لە هاملێتی کوڕی دەکا تۆڵەی بکاتەوە. بە کورتی دێریدا لەو کتێبەیدا جەغت لە بەهای ئێتیک دەکاتەوە. لەوێدا دێریدا ستاییشی مارکسی ڕەخنەگر دەکا، لێ خۆی لە مارکسی بونیاتنەری سیستەمی سۆسیالیزم بە دوور دەگرێت. ئەوە دێریدا لەو کتێبەیدا ستایشی دەکات، دادپەروەریی مارکسە. هاوکاتیش دێریدا لەوێدا ڕەخنەیەکی توند لەو دەربڕینە دەگرێت کە گوایە سیستەمی سەرمایەداری لێبرالیزم سەرکەوت و مێژووش گەیشتە کۆتاییەکەی. دێریدا باس لە "ویژدانی بێباکی"یەک دەکا کە وایکردووە ئەو دۆخەی ئێستا تەنیا وەک "جیهانێکی بارێکخراو" ببینین.

دێریدا بەشێک لەو کتێبەی بۆ وەڵامی ئەو بانگەشە باوەی فۆکۆیاما،" کۆتایی مێژوو" تەرخاندەکا، کە بەشێک بوو لە پرسیارەکانی ئێوە. دێریدا ئەو خەنی خۆشبوونەی فۆکۆیاما بە هەڵەتێگەیشتن پێناسە دەکا. ئەو لە وەڵامی ئەو ڕاگەیاندنەی فۆکۆیامەدا، وێنەیەکی تاریک لەو سیستەمەی لیبرالیزمی نوێ نیشاندەدات. لەوکاتەی کە نووسەرگەلە لیبراڵە نوێیەکانی ڕۆژئاوا و ئەمێریکا ستاییشی "کۆتایی مێژوو"ی فۆکۆیامان دەکرد، کەچی دێریدا لە بەرانبەر ئەو دڵخۆشبوونەی فۆکۆیاما بە کۆتایی مێژوو، بە چەندین خاڵ داهاتووی تاریکی ئەو سیستەمە لیبرالیزمەی کە فۆکۆیاما بە سەرکەوتووی دەزانێت دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لەوانە: بێکاریی، کۆچی پەنابەران بۆ ڕۆژئاوا، ناکۆکییەکانی بازاڕ، کێشەی ئەتۆم، ململانێی نێوان ئێتنسەکان، مافی گشتیی و... تاد. گشت ئەو پێشبینییانەی دێریداش ڕاست دەرچوون. تا ئەمڕۆش ئەو خاڵانەی کە دێریدا ئاماژەی پێکردوون لە دوای نەوەدەکانەوە تا ئێستاش لە ڕۆژەڤێن.
کەواتە "تارمایی مارکس"ی دێریدا بەرهەمێکە بە دژی ئەو دەسەڵاتە ئابوورییە ئاوەزگرییەی لیبرالیزمی نوییە کە ئەمڕۆ مرۆڤی بێبهاکردووە.



دوا جار دێریدا بە گشتی لەو کتێبەیدا دەخوازێ لەمەڕ چەمکەگەلێکی وەک بەرپرسیاریی، دادپەروەریی و لێبووردەیی، بە تایبەتیش ئەو دادپەروەرییەی لە کن مارکس هەیە کە دەکرێ لە داهاتوودا ڕووبدا، دەهزرێت. هەروەک چۆن مارکس بیرکردۆتەوە کە تارماریی کۆمۆنیزم بەڕێوە ڕووبدات.

**هاوینی 2011، ستۆکهۆلم**

ئەو سەرچاوانەی کە بۆ ئەو وەڵامانە سوودم لێوەرگرتوون، لە دووتۆی وەڵامەکاندا ئاماژەم پێکردوون.

# گفتۆگۆیەک لەگەڵ ژان بۆدریار؛
# ئەوروپا .. گلۆبالیزەیشن .. چارەنوسی کەلتور

مۆنیکا ساساتیلی- زانکۆکانی فیرارا و ئیربینو لە ئیتالیا
**لە ئینگلیزیەوە: عەلی زەڵمی- زانکۆی بریستۆڵ**

پەیڤێکی کورتی وەگێڕ:

(بێگومان بەگشتی وەرگێڕانی کارەکانی بۆدریار بۆ هەر زمانێک ئاسان نییە چونکە لەلایەک ئەو چەمک و تێرمانەی ئەو بیریارە بەکاردیان دەهێنێت هەموو چەمکی ئەبستراکت، نوێ و نامۆو ڕادیکاڵن. لەلایەکی تریشەوە ئەو لەتەک هەریەک لە بیریارانی دیکە وەک لۆیتارد و ڕۆرتی و جەیمسن بە ڕابەرانی بیریی پۆستمۆدێرنیزم و پۆستستراکچرالیزم ئەژمیردرێن، کە خەسڵەتی پارادایمی نوێ و دابـڕان لە سیستمی مەعریفەو بیرکردنەوەدا هەیە واتە ئەبستمۆلۆژی. بۆیە داوای لێبوردن دەکەم لە خوینەر بۆ هەر ئاڵۆزیەک و بەکارهێنانی چەمک و دەستەواژەی نامۆ. هەنووکە ژۆرناڵی تایبەتی ئەکادیمی هەیە لە زانکۆکانی ئەمەریکا وئەوروپادا سەبارەت بە خویندنەوەی کارەکانی بۆدریار، داهینانە هزری و تیۆریەکانی لەبواری هایپەرریالەتی و کۆمەڵگەی مەسەرەفگەرا مایەیی تێڕامانی قووڵی مرۆڤی سەدەی بیستویەکن. ئەم بیریارە لە ساڵی ١٩٦٨وە بێووچان دەنوسێت و زیاتر لە ٣٦ کتێبی بڵاوکردوەتەوە، سێ ساڵ پاش مردنیشی لەساڵی ٢٠١٠دا کتێبێکی بۆچاپ کرا بەناوی 'ئازاری دەسەلات'. ئەم چاوپێکەوتنە کورتکراوەی دیدارێکی درێژترە لەگەڵ بۆدریار، بەهیوای سوود گەیاندن بە خوێنەری کورد.)



**چۆن ئەتوانرێت بەرەنگاری گلۆبالیزەیشن و هایپەر کەلتور ببینەوە؟** پارێزگاری کردن لە جۆرێک ناسنامەی لۆکاڵی و دیاریکراو، کە ئەمرۆ لەزۆر جێگادا جۆرێک لە گەڕانەوە بۆی بەدی دەکرێت، هەروەک ستراتیژکی کۆن دەبینرێت. پێشنیارەکانی ژان بۆدریار بەشێوەیەکی ڕادیکاڵی جیاوازن، ئەو بە گومانەوە پێێ وایە کە دەکرێت ماوە ( distance )دروست بکرێتەوە. بۆ ئەوەی پرۆسەی گومانکاری تاقیبکەینەوە لەدژی ئەوەی کە بۆمان دێت لەلایەن کەلتوری سوڕاوە، لەلایەن جیهانی میدیاوە، ئەمە ئەکرێت ئیمە ئازاد بکات. بۆ ئەوەی بتوانین پرۆسەی گومانکاری تاقیبکەینەوە لەمەڕ ئەوەی کە بۆمان دێت چ لەلایەن کەلتورە و یان میدیاوە، کە ئەمە وەک شتێکی مەحاڵی لێهاتووە. کەسمان ناتوانین هەست بەوە بکەین کە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەرکەکانمان، نمونەی مامەڵەکردن لەتەک بەرامبەر، ڕووبەڕوی میدیا، وەک ئەوەی هەموو شتەکان دەگەنە ئەو جێیە کەوەک ئەوەی لە هیچ جێگەیەکەوە نەهاتبن. گومانکاری دەتوانێ ئەمەمان بۆ بخاتەگەڕ، دەکرێت لەهەمان کاتدا ببێتە ستراتیژی بەرگری و هێرشبردن، بگاتە ئەو جێگەی کە ببێتە توندوتیژی شاراوە بەهەند وەرنەگیراو. ئەم ترسەی ئێمە ئەو ناسنامە کەلتوریانە ناگرێتەوە کە ئێمە خۆمانی دەدەینە پەنای لە بەرامبەر تەوژمی گلۆبالیزەیشندا، بەڵام لەوانەیە ئەولاوە ترمان بەرێت، بەرەو ستراتیژیەت، بودریار پێشنیار دەکات، بێگومان زۆر سەرکێشانە ترو سەرنجڕاکێش تر هەروەک دەیبینین لەمیانی ئەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ ئەو بیریارەدا.

*** تۆ پێت وایە ئەگونجێت باسوخواسی ناسنامەی ئەوروپی بکەین، وەک هەردەم خەڵکی دەیکات؟**

ژان بودریار: من پێم وایە ئەوروپا بۆخۆی لەسەرەتادا ئایدیاک بوو، یان خەونێک، بگرە یۆتۆپیایەک. لەوانەیە ئەوروپا وەک ئایدیا زیاتر پەیوەندی بە چاخەکانی ناوەڕاستەوە هەبوو تا ئەمرۆ. بەڵام ئەو ئایدیایە لەڕووی ئابوریی، و سیاسی مانای زیاتری وەرگرتوە، ئیدی لەمڕوەوە ئەتوانین بڵێین ئەم ئامانجە وەدەست خراوە، کێشەیەکی ئەوتۆ نییەو بەباشی کار دەکات. واتە لەڕووی بازاڕەوە سەری گرتوەوە بەباشی، ئیدی ئەمە لایەنی جیهانگیریە، کە ئەوروپا تەنها مۆدێلێکی بچوکیەتی. بەروونتر قسەبکەین، من زۆر باوەرم بە ئەورپا نییە. لە وردبونەوە لەمەڕ ناسنامەی ئەوروپی، یەکەم، هەر خودی ناسنامە جۆرێکە لە یوتۆپیا. ئەو جێگایە کە مرۆڤ پەنای بۆ دەبات کاتێ هیچ جیاگەیەکی

تری نییەو و هیچ شتی دیکەی نەماوە بیکات. هەتا ئەوجێیەی هەیبەت و سەروەری هەبێت ئیدی پێویست ناکات یەک بێت و ناو لەخۆی بنێ: من ئەوەم، ئەوە ناسنامەی منە، من وجودم هەیە، من هەم و لێرەم. بەڕاستی کاتێ کەسێک بوونی هەیە و، ئیدی سەروەری و هەیبەتی خۆی هەیە وەک بنەما، ئیدی چ پێویست بە شوناسنامە ناکات. ناسنامە بەهایەکی لاوازە، واتە جۆرێ لە بەهای وێنەی حەشارگە. ئەمڕۆ بەمشێوەیە کە ئەوروپا بنیاتنراوە.

من نمونەیەکم هەیە لەمبارەوە، چەند ساڵێک لەمەوبەر من سەردانێکی شاری ڤینسیام کرد بەمەبەستی کۆبونەوەیەک لەسەر ناسنامەی کەلتوریی ئەوروپی. من ئەتوانم بڵێم کە هەستێکی وام هەیە هیچ لە ئەوروپیەکان بەوە قایل نین، ئەوان نەیان دەزانی ئەوان کێن، بگرە ئەوان نەیان دەتوانی خۆیان بناسنەوە. کەچی لەبەرامبەردا، بەلای بۆرخیسی ئەرجەنتینەوە،ناسنامەی ئەوروپی بوونی هەیە، ئەو دەزانێت کە شتی لەوجۆرە هەبووە، چونکە پێشتر ئایدیایەکی بەهێز و کاریگەر بووە. هەمان شتیش ڕاستە بۆ وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات: ئەوان ئەو شتە دەبینین کە پێدەوترێت ئەوروپا،چونکە پێویستیان پێیەتی، بە تەوسەوەن بۆی، لەکاتێکدا وڵاتانی ئەورپای ڕۆژئاوایی ئەو ویست و ئارەزوەیان بۆی نییە.

***ئەتوانین پێ لەسەر ئەوە داگرین کە تۆ لەو کتێبیەتدا کە نووسیوتە لەمەڕ ئەوروپا کە لەچەند وتارێکدا بەناوی 'ئەمەریکا' بڵاوت کردوەتەوە، لەوێدا هاتوە کە بەبەردەوامی 'ئەویدی ' ئەمەریکا بریتیە لە ئەوروپیەکان، هەروەها پێ لەسەر ئەوە دادەگریت کە هەرگیز نە فەرەنسیەکان و نە ئیتالیەکان و نە ئینگلیزەکان ' ئیمە ' دروست ناکەن واتە ئەوروپیەکان.**

ژان بودریار: لەڕاستیدا ئەوە جۆریکە لە تەناقوز، ئەوروپا ئەیەوێت لەهەمان کاتدا خۆی بوێر بکات، واتە بوێر کردنی ئەوروپا لە گلۆبالیزەیشن، بەتایبەتی فەرەنسا، بەڵام ببێتە هێزێکی گلۆباڵیش، هەر ئەمەیە دەبێتە جۆرێک لە هێزی بەرامبەر بە ئەمەریکا، واتە ڕکەباری ئەمەریکا. لێرەدا چەندین ئاڵۆزی و باری سەرلێشێواوی هەیە. ئەوروپا ئەتوانێ جارێکی دیکە بەها کۆنەکانی خۆی بهێنیتەوە و ئاکتیڤ بکاتەوە ( وەک ئەوەی ئێمە هەردەم ئەوە دووپات دەکەینەوە: ئێمە مێژوومان هەیە بەڵام ئەوانی دی مێژوویان نییە)، لەراستیدا من تێناگەم لەمجۆرە شتانە چ داهێنانیکمان پێدەبەخشن.



لەگەڵ ئەوەشدا من وانازانم پرسیارەکە پەیوەندی هەبێت بە ناسنامەوە. ئەمەریکیەکان بۆ نمونە ناسنامەکەیان کێشەدار ناکەن، ئەوان ئەمەریکین ئیتر ئەوە هەمووو شتەکەیە.

*** لە کتیبی ئەمەریکا دا، ڕووی ئەوروپا وەک شتێک پێچەوانەی گلۆبالیزەیشن دەردەکەوێت و پێچەوانەی کاراکتەرەکانی. ئیدی ئەکرێت ئەوە بوترێت کە هەموو ئەو ڕەگەز و توخمانەی تۆ باست کردون لەشوینی تردا لەمەڕ باسکردنی جیهانی سەردەم و کەمالیات، هایپەرریالەتی، وادیارە هەموو ئەمانە بەتەنها لە ئەمەریکا ڕوودەدەن. لەبەرامبەردا وێنەی ئەوروپامان هەیە زیاتر ڕۆمانسی، واتە مۆدێرنەی ڕۆمانسی، بەڵام دوور لە هایپەر ڕیالەتی. من پێم وایە جۆرە دیدگایەکی لەم بابەتە تەنها لەدوتۆی ئەم کتیبەدا بەدی دەکەیەن.**

ژان بودریار:  بەڵی، ئاسانە ئەوهەستە دروست ببێت، بۆ نمونە لە فەرەنسا چۆن ناسنامە بونیاتنراوە دژ بە ئەمەریکا، وەک مۆدێیلێکی بەرامبەر بە مۆدیلی ئەمەریکی. لێرەدا شتێکی ناڕۆشن هەیە ئەبێت لێرەدا جەختی لەسەر بکەینەوە. ئەمەریکا تێوەگلاوە بە گلۆبالیزەیشنەوە، هەرچەند ئەمەریکاش وەک زۆربەی وڵاتانی تر قوربانی دەستی گلۆبالیزەیشنە. بگرە هەموو جیهان بووەتە پنتی گلۆبالیزەیشن. ئیدی لەم چوارچێوەدا، وا دەردەکەوێت ئەوروپا و بەتایبەتی فەرەنسا، جۆرێکن لە بەرهەمی لاوەکی، کالاَی گلۆباڵزەیشنە. هەروەک هەموجار، ئەوروپا هەمان ڕێگای ئەمەریکای گرتە بەر، بەڵام هەمووجار دوا دەکەوێت بەتایبەتی لەڕووی مۆدێرنەوە، هەموجار زیاتر لە بیست ساڵ لـەدواوە یە، وە هەرگیز ناگەن بە مۆدیلی ئەمەریکی، واتە ئەو مۆدیلەی کە لانی کەم مافی ڕەسەنایەتی جیهانگیری هەیە. لەڕاستیدا مۆدیلی گلۆبالیزەیشنی ئەمەریکی سەرزەوی ڕاستەقینەی گلۆبالیزەیشنە، یان وا دەردەکەوێت هەر بێ جیگە یە، بەڵام ئەمە بابەتی ئەو نییە یاخود ئەدای ئەو نییە، گلوۆبالیزەیشن ستراتیژیەتی نییە، ئەو گەشە دەکات بەشێوەیەک کە ڕیگەی لێ نەگیرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئاڵۆزی و گرفتەکە لە ئاستێکی تردایە، نەک تەنها لە نێوان ئەمەریکا و گلۆبالیزەیشن، بەڵکو لە نێوانی گلۆبالیزەیشن و چەمکی بازاڕدا. لێرەدا، بەلای منەوە شتێکی تەوا جیاوازە.

مۆنیکا ساساتیلی: ئێوە چۆن پەیوەندی نێوان ئەو ئەوروپایە، وەک ئایدیا و وەک فەزایەکی کەلتوریی لەگەڵ ئەوروپای بەدەزگا و دامەزراوەیی کراو، بۆ نمونە یەکیەتی ئەوروپا هەڵدەسەنگێنن؟

ژان بودریار: من کەمتر ئاگام لە دامەزراوەیە، من زۆر متمانەم پێیان نییە. هەرچی دەربارەی ئەوروپایە، من هەستێکی وام هەیە کە وەک بڵێی ئەمە جۆرێکە لە یەدەگ، دروستکردنی ئەوروپا تەنها بەروکەشە. یورۆ باشترین نمونەیە لەمڕووەوە، ئەوروپا بەشێوازیکی فیدراڵی دروست نەبووە، بەڵام سەیر دەکەیت لەنێوانیاندا یەکجۆر سکەو پارەی هاوبەش هەیە، لەبەرامبەر ویستی هەر وڵاتێک. جۆرێک لە پارەی هاوبەش هەیە، واتە شتێکی نایاب، کە وا دەخوازرێت ئەمە سەر بکێشێت بۆ دروستکردنی ئەوروپایەکی سیاسی. بەڵام من وا نابینم، ئەوروپای هێشتا بوونی نییە، بەڵام پارەیەکی ئەوروپی بوونی هەیە. یان با بڵێین ئەوروپا هەیە بەڵام تەنا لەڕووی دامو دەزگاوە واتە لوتکە و کۆبونەوەکان بەتەنها بوونی هەیە، بەڵام ئەمە گەرەنتی ئەوە ناکات کە هەڵچوون داچوون نەکات، هێچ شت لەوە دڵنیامان ناکات کە ڕۆژێک ئەڵمانیا نەکشیتەوە و نەڵێت من ئەگەرێمەوە بۆ پارەی مارک.

*** بێگومان وایە، بەڵام ئەمەی تۆ ئەڵێت بەهیچ شێوەیەک لە ڕێککەوتنامەکانی ئەوروپادا نەهاتوە.**

ژان بودریار: زۆر ڕاستە، بەڵام کێ دەزانـێ، چونکە ئەزانی ئەمە وەک ئەوروپای تەکنۆکراتی وایە. بەڵام زۆر ئاشکرایە وەک جەماوەر وەک خەڵک خۆیان دەڵێن، ئەوان ئیتر هاوڵاتی ئەوروپی نین. تەنانەت لە فەرەنسا ئەنجامی ڕیفراندۆم دەربارەی چونە ناو یەکیەتی ئەوروپاوە پەنجا بە پەنجا بوو، لەوانەیە ئەمڕۆ بکریتەوە لەوەش کەمتر بێت. لەڕاستیدا بارێکی شیزۆفرۆنیە، شتێکە زیاتر بوونی هەیە لە هایپەرریالتییدا.

*** بەهەرحال، ڕێکخراو و دەزگاکانی یەکیەتی ئەوروپا کار لەسەر ئەوە دەکەن یان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە بواری کەلتورێکی هاوبەش بدۆزنەوە، هەتا بتوانن لەو ڕووەوە برەو بدەن بە ئاگاهتنەوە و هۆشیاری ئەوروپیانە.**

ژان بودریار: ئەوە وایە، بەس من نازانم چۆن ئەوە برەوی پێدەدرێت. بۆ یەکگرتنی کۆهەستی و هاوبەشی پێوستی بە دروستکردنی شوناس هەیە، ناسنامە بریتیە لە یەکگرتنی هاوهەستی. ئەگەر ئێمە ئەمەریکا وەرگرین ئەوا هەرگیز لەوێ یەکگرتن نەبووە، لەوێ ویلایەتەکان سەربەستیان هەیە، بەڵکو تاکەکان سەربەستی زۆریان هەیە لەبەرامبەر دەزگاو دەسەڵاتەکاندا و ئەمەش لە ڕێگایەکی کۆنترۆڵ نەکراوەوە



ئەگوزەرێت.لەوانەیە ئەمە لێرە قورستر بێت، بەڵام کاریکی ئالەوجۆرەیە، وە بە خێراتر پێشدەکەوێت لەوەی کە ئێستە هەمانە لەم پرۆسەی بەدیمۆکراتیزەکردنە جەماوەریەی لە ئەوروپادا.

لەمەش زیاتر، هەرچی دەربارەی پرسی کەلتورە، هەنوکە، ئەمڕۆ کەلتور چ مانایەکی هەیە ئەگەر نەتوانێ جێگرەوەیەک بۆ ناسنامەی سیاسی بدۆزرێتەوە؟ کاتێ وزەی سیاسی، سیاسەتی ڕۆژانەو واقعی، بوونی نییە، ناتوانین ببینین، کەلتور دەبێتە جێگرەوەی. ئیتر کەلتور دەکرێتە جۆریک لە شلە کە هەمووان بەئاسانی و یەکسانی بەشداری دەبین تیایدا. هەنووکە، من وا نازانم کەلتوری ڕاستەقینە ئەو شتەیە کە هەموان بە دیمۆکراتی و یەکسانی بەشدارین تیایدا ئیتر لەهەر ڕیگایەکەوە بێت، لە میدیادا بۆ نمونە. ئەمەیە کەلتوری زیادەڕۆ، یان هایپەرکەلتور، کە بەڕوونی دەبێتە شوینێک، شوێن-کاتی ئەبستراکتی یۆتۆپیا، بەجۆرێ لە ڕیگەی کەلتورەوە، ئەشی بگەیت بە سیاسەت، بەڵام لە واقیعدا کەلتور جێگای سیاسەتی بزربوو ئەگرێتەوە. ئیتر، ئەمە سەر ناکێشێت بۆ سیاسەت، لێرەدا جۆرێک لە چەند لایەنی کەلتوری هەیە، هەروەک چۆن لایەنی ئابوریش یا بازاڕ بوونی هەیە، واتە لەوێدا بازاری کەلتور هەیە هەروەک جۆن بازاڕی هاوبەش هەیە، بازاڕی کاڵا گۆڕینەوە.

*** لەکتێبی ئەمەریکا دیسانەوە تۆ باسی تایبەتمەندی ئەوروپات کردوە لەبەرامبەر ئەمەریکادا، لـەڕووی چێژەوە (بەشی چـوارەم). تۆ پێت وایە کۆهەستی چێژ لای ئەوروپیەکان ڕۆڵی هەبێت لە بونیاتنانی ناسنامەی ئەوروپی؟**

ژان بودریار: من نازانم، چێژ سەربە مەملەکەتی هەستەکانە، لە جوانیەکان، ئایا کاریگەری هەیە لە دروستکردنی ئەوروپادا؟ ئایا کۆهەستی چێژ ئەسلەن بوونی هەیە؟ من کەمێک بە گومانم چونکە چێژ شتێکە تایبەتە بە خود. بەڵام ئەو هەستەم لا دروست بووە کە ئەمڕۆ هەندێ لایەنی چێژ وەرگێردراوەتەوە سەر مۆدەو فاشن، کە ئەمە نێونەتەوەی وبە نێودەوڵەتیکردنە. هەروەها چێژ لە مەترسیدایە، ئەشێ ئەوە ڕاست بێت چیژ بەجۆرێک باشتر بەرگری بکات. ئەشێ هەندێ شت هەبن باشتر بەرگری بکەن، بۆ نمونە زمان، من بڕوام وایە زمان زۆر بەچاکی بەرگری دەکات. بەهەمان شیوە چێژیش بەڵام گەرەکە روونی بکەینەوە کە مەبەستمان چیە لە چێژ، چێژ لەڕووی دابونەریتەوە بە چاکی بەرگریکەرە، تەنانەت لە برۆکسل ئەیانەوێت پەنیری فەرەنسی لەناو بەرن.

چێژی جوانی وەرگێڕراوەتە سەر پرۆسەیەکی کۆیی، ئیدی ئەوە پرسیارێکی قورسە. لە ئەمەریکا کێشەی چێژ چیدی بوونی نییە، ئیدی کەس ئەو پرسیارە ناکات ئەری ئەوە چێژی هەیە یان نەو. واتە ئەو چەمکە بەشێک نییە لە کەلتوری مۆدێرن. هەنووکە چێژ و ڕەنگ، هەتابێت پلانی بۆ دادەنرێت و کۆنترۆڵ دەکرێت، بەڵام ئەمە بێگومان شتێکی نزمە. کەواتە پێویستمان بە داهێنانیک هەیە سەبارەت بە چێژ و ڕەنگ.

***ناسنامە بەتەنها کێشەیەک نییە بۆ دامودەزگاکانی یەکیەتی ئەوروپا، چەندین بیریارو نوسەریش، لەناویاندا تۆ، نیگەرانن بەرامبەر پرسی شوناس. تۆ بڕوات وایە کە ئەمجۆرە لە نیگەرانی و خەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئیتر کەلتور بووەتە جۆرێک لە کاڵا و شتومەکی خاڵی لە سیمبۆل، هەروەک ئیوە ئاماژەتان بەمەکردوە لە کتیبی ؛ ئاڵوگۆڕی سیمبۆلی و مردن (١٩٩٣)؟**

ژان بودریار: بەڵی، لەوانەیە. هەرچەندە لەوێدا هەوڵی دیاردەی دووفاقی هەبێت لەهەموو کەلتورەکاندا، لێان گەڕێ با پەیوەندیان هەبێت، ئەمڕۆ کەلتور بووەتە کردەی پەیوەندیگرتن. بەلای من ئەمە بە تەواوەتی لەناوبردنی خودی کەلتورە. هەڵبەت هەروا سانا نییە بەرگری بکەین لە کەلتور، ئەوەی کە لەرووی ئەنسرۆپۆلۆژیەوە شتێکی ناوازەیە. کەلتور بۆخۆی شتی ناوازەیە، هەروەک زمان وایە، هەموو زمانێک جیهانی خۆی هەیە، واتە سیمبۆلی گەردوونی تایبەت بەخۆی کە ناکرێت بەراوردیان بکەیت لەتەک ئەوانی تر، وەیان ئاڵوگۆڕناکرین. بەڵام ئەو کەلتورەی ئێمە ئەمڕۆ دەست و پەنجەی لەتەک نەرم دەکەین و مامەڵەی لەتەک دەکەین هەروەک زمانێکی ئەبستراکتی داهێنراو — بەڵی هەروەک پێشتر ئەمە ڕوویداوە دروستکراوە، زمانێکی دەست کرد، زمانیکی ژمارەییـ بەراستی کەلتور هەنووکە بووەتە جۆرێک لە ئاستێکی نزمی کاڵای هاوبەش لە بازاڕدا. ئیدی کەلتور وەرچەرخاوەتە سەر سادەترین بواری، هەروەها دووبارە دروستکراوەتەوە، بووەتە بەرهەمێکی دانراو. هەر لەبەر ئەم دانان و داهینراویەتی کە بووەتە کاڵایەکی جیهانی لەبازاردا.

هەڵبەت ساتەوەختی گرنگ و زێڕین هەن بۆ کەلتور نەک هەر ساتەوەختی ناوازەیی و لۆکاڵی بەڵکو بگرە ساتەوختی گەشداری کەلتوری یونڤرساڵی. لەڕاستیدا لەنێوانی سەدەی حەڤدەهەم و نوزەهەمدا بوو دیسان. لێرەدا ئێمە ئاڵوگۆڕ بەدیدەکەین، کەلتورەکان بەریەکتر دەکەون، وە هەروەها بەهەند وەرگرتنی دەرکەوتەی کەلتورە سەرەتایەکان،



لەراستیدا ئان و ساتێکی زۆر گرنگ و بەچێژە. بەڵام هەنووکە، بەهۆی گلۆبالیزەیشنەوە، هەموو جیاوازیەکان کاڵ دەبنەوە و نامێنێن، یاخود یارکردن بە جیاوازیەکان، لەراستیدا چیدی بەریەککەوتن نەماوە و اتە کەلتوری جیا. ئێستا کەلتورەکان کێ بەرکێ دەکەن، ئەوان نابێت خۆ گونجاندن ئەنجام بدەن، هەرگیز گونجاو نییە کە کەلتورەکان خۆ بگونجێنن، هەروەها گونجاو نییە زمان خۆی بگونجێنێت. ئەوان زۆرجار بەیەک ناخۆن بگرە دژایەتی یەکدیش دەکەن. ئاڵوگۆڕ پێوستە، ئەشێ پەیوەندی هەبێت لەنێوانیاندا، بەڵام کاتێ کە هەر کەلتورێک پارێزگاری لە لەتایبەتمەندی خۆی بکات. من تێدەگەم لەو کەسانەی دەجەنگن بۆ کەلتورەکانیان، بۆ پارێزگاری کردن لە زمانەکەیان، من لێان تێدەگەم، تەنانەت لەوەش دەگەم کە دەیانەوێت سکەو پارەی خۆیان بپارێزن. لەڕاستیدا من لەوە تێناگەم کە خەڵکی بۆچی بەرگری لە سکەو پارەی تایبەت بەخۆیان ناکەن، چونکە لەڕووی سیمبۆلەوە ( نەک لەرووی ئابوریەوە) سکە زۆر گرنگ و پڕبایەخە.

*** گەر بگەڕینەوە بۆ وێنەو سیمبۆلەکان ؛ هەموجار تۆ ئاماژە دەکەیت بۆ گەڕانەوە بۆ چەمکی جوانگەرایی لە میانی ژیانی ڕۆژانەدا. بەلای منەوە وا دەردەکەوێت کە چەمکێکی دیکەیە، وەک زۆر باس کراوە، ڕێژەیەک لە جۆری ناجوانییەک، تەمومژی هەستەکان، کە ئەمەش ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی هەستداری و ئاگایی دا دروست دەکات؟**

ژان بودریار: لەڕاستیدا زۆرجار کە باسی ئەو چەمکە کراوە زیاتر مەبەست پێی ناجوانی بووە نەک جوانگەرایی. بەڵام لەسەرێکی دیکەیشەوە ئەی خودی جوانگەرایی چییە؟ جوانی ئەمڕۆ جۆرێکە لە ئاڵۆزی، هەروەک ئابوریی. ئەمجۆرە لە جوانیگەرایی یەکسان بووەتەوە بە ئاسایی بوونەوە. بۆیە کاتی جوانی لە هەستێکی قووڵدا وەربگرین، ئیدی بۆشاییەک هەیە، شتێک هەیە کە جوانی هەڵدەسەنگێنێت، هەروەها چێژ هەیە، ئەمە ئەوەیە کە هەڕەشەئامێزە. ئایا دەکرێت جارێکی تر ئەمە دەست بخرێتەوە؟ بەڵی وا ئەخوازم، بەڵام ئەمڕۆ مەترسیەکە ئەوەیە کە دابخزێنە نێو مۆدێلی جوانیەوە. ئیدی بەجۆری لەجوانی کە چیتر پەیوەندی نییە بە چێژی تایبەتی کەسی، هەڵسەنگاندنی کەسی، بەڵام دەربارەی مۆدێلەکان. هەر لەبەر ئەمەبوو ئەو ماوەیەمان وون کرد، بەتەنها یاریکردن لەگەڵ مۆدێل دا ماوەتەوە. کاتی یەکێک هەڵدەستێ بە کۆپی کردنی کەلتوری، هەروەها کۆپی کردنی جوانیش ئەنجام دەدات لەهەمان کاتدا. ئەمڕۆ درێژکردنەوەی کەلتور مانای جۆرێک لە درێژکردنەوەی جوانیی بێ ئەرزشە، بەشێکە لە

ڕاستکردنەوەی سیاسی. کۆمپانیاکان ئەمڕۆ جۆریک لە ڕەمزی دەوڵەمەندیان بۆخۆیان بردوە، نیشانەی ناسنامەیی، بەرەوپێشردنی کەلتوری. گەورەترین مەترسی ئەمڕۆ ئەمجۆرە لە جوانیگەراییە. وەک دەڵێن: هەمووی بووەتە بازاڕ، ئابوری، نرخ، هەمووی بوەتە کاڵا و شتومەک، کە جوانی لەخۆ گرتوە. بەڵام لەبری ئەمە من دەڵێم ترسناک ترین مەترسی بریتیە لە هەموو شتومەکی ئەمڕۆ خۆیان بە جوانی دەنوێنن، واتە ئەوجۆرەی لە شەرعیەتی کەلتوری کە هەر ئەمەشە خودی گلۆبالیزەیشن.

بێگومان هەموو ئەمانە یارمەتیمان نادەن بۆ ئەگەری دۆزینەوەی ڕەهەندی ماوە، ڕەهەندێک کە بەراستی لەتوانیدایە جۆریکی تر و سیناریۆیەکی تر بەرهەم بهێنێت. هەڵبەت هەتا ئێمە واقیعمان هەبێت لەبرامبەریشدا وێنەمان هەیە، کەئەمەش جۆرێکە لە ئەگەری ماوەی جوانی و ئەگەری پاکی و پاکیزەیی جوانی. لە هایپەر ڕیالدا (ڕیالەتی زیـادەڕۆ) ئەمە زیاتر ئاڵۆز دەردەکەوێت چونکە ڕیالەتی خەیاڵش قووت ئەدات. لە هایپەر ڕیالەتیدا هەموو شتێک وەک واقع دەردەکەوێت، ئیتر ماوە بە ئاسانی دەستنیشان ناکرێت.

**سەرچاوە:**


European Journal of Social Theory 5(4):
Sage Publications: London, Thousand Oaks, CA and New Deli

# گفتوگۆ لەگەڵ فرانسیس فۆکۆیاما؛ بەجیهانیبوون

سازدانی: ڕامین جەهانبەگلو
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی

*** بەڕێز فرانسیس فۆکۆیاما، ئێوە لەساڵی 1952دا لە شیکاگۆ لە دایک بوون. بڕوانامەی بەکالۆریۆستان لە فەلسەفەی کلاسیکدا لە زانکۆی کۆرنل و بڕوانامەی دکتۆراشتان لە زانستە سیاسییەکاندا لە زانکۆی هارڤارد وەرگرتووە. وەکو شارەزایەکی پسپۆڕ لە کاروباری یەکێتیی سۆڤێتدا؛ لەگەڵ دەزگای ((ڕەند))دا کارتان کردووەو ئێستاش لە کۆلیجی لێکۆڵینەوە پێشکەوتووەکانی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ((جۆن هۆپکینز)) وانەی ئابووریی سیاسی دەڵێنەوە. پرسیارەکەی من ئەوەیە کە چ شتێک وای لە ئێوە کرد لە لێکۆڵینەوە کلاسیکەکان و فەلسەفەوە ڕوو بکەنە زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان؟**

فرانسیس فۆکۆیاما: بەڵێ، من قوتابیی ئالان بلووم بووم. ئەو تیۆریسنێکی سیاسییە کە کتێبێکی بەناوبانگی بەناوی ((کۆتایی هزری ئەمریکایی)) نووسیبوو. بلووم خۆی قوتابیی لیو شتراوس بوو و هەر وەکو خۆشتان دەزانن لیو شتراوس یەکێکە لە ڕوخسارە دیارەکانی فەلسەفەی سیاسی لە سەدەی بیستەمدا. ئەمانە هەردووکیان، بەشێوەیەکی زۆر جیددی بایەخیان بە مەسەلەی فەلسەفەی خۆرئاوا داو پرسیاری لە چەشنی: ((ئایا ڕێگایەکی ئەقڵانی بۆ لێکگەیشتن و پەیبردن بە بوون هەیە؟)) و یان ((باشترین ڕێگای ژیان لە کۆمەڵگایەکدا چییە؟)) یان خستە ڕوو. بەلای ئەو دووانەوە، فەلسەفەی خۆرئاوا لەسەدەی بیستدا



گەیشتبووە ((کۆتایی مەرگبار))ی خۆی. بەو مانەیەی کە ئەو پرۆسەیەی لە فەلسەفەی ئەکادیمی و زانکۆیی بریتانییەوە دەستی پێ کردووە و لە فەلسەفەی شیکاری و یان لە نەریتی فەلسەفەی هایدیگەری و ڕێژەگەرایی کەلتووریدا، کە خۆی بەشێوەیەکی بنەڕەتی هەڕەشەی لە ئەقڵانیەتی خۆرئاوایی دەکرد، گەیشتبووە کۆتایی و خاڵی وەستان. لیو شتراوس ئەم پرۆسەیەی بە قەیرانی مۆدێرنێتی ناودەبرد و زۆربەی کاتی تەمەنی خۆی بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دەرچوون لەو قەیرانەو دۆزینەوەی پایەیەکی ئەقڵانی بۆ بیروباوەڕو کۆمەڵێک بەهای دیاریکراوی خۆرئاوایی تەرخان کرد. تێڕوانینی ئالان بلووم و بە شێوەیەکی گشتی بیرکردنەوەی هەردووکیان لەسەر ئەوە بەند بوو کە بۆ پەیبردن بە قەیرانی مۆدێرنێتی پێویستە لە فەلسەفەی کلاسیک و کەلەپووری فەلسەفیی خۆرئاوا (لە ئەفلاتوون و ئەرستۆ بەدواوە) بکۆڵینەوە. هەر بۆیە منیش بۆ ئەوەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ بە زمانی ئەسڵیی خۆیان بخوێنمەوە، خۆم فێری زمانی یۆنانی کرد. لە قۆناغەکانی ماستەرو دکتۆرادا؛ چەندین ساڵ خەریکی لێکۆڵینەوە لە ئاسەوارە کلاسیکەکان بووم. بەڵام وەختێ سەرگەرمی دکتۆراکەم بووم،دەبووایە کارێک بکەم. بەمجۆرە چوومە بوارێکەوە کە لێکۆڵینەوەی پراکتیکانەتری تیا ئەنجام دەدرا، بەڵام هەرگیز پەیوەندیم لەگەڵ فەلسەفەدا نەبڕی.

من دکتۆرانامەکەم لەسەر ((سیاسەتی دەرەوەی سۆڤێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)) دا نووسی و تا دەساڵ دوای ئەوەش لەگەڵ دەزگای ((ڕەند)) دا هاوکاریم کرد کە دەزگایەکە سەر بە بواری فیکرییە لە کالیفۆرنیادا. لە بنەڕەتدا کاری من بەدواداچوونی مەسەلەکان و لێکۆڵینەوەی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤێت بوو. بەڵام وازم لە فەلسەفە نەهێناو ڕۆژێکیان کە وتارێکی گۆرباچۆڤم لەساڵی 1988دا خوێندەوە؛ سەرلەنوێ ڕووم کردەوە فەلسەفە. ئەو وتبووی کە ماهیەتی سۆشیالیزم لە بنەڕەتدا ڕکابەرییە. منیش بەیەکێک لە هاوکارەکانی خۆمم وت ((گۆرباچۆڤ کە وا دەڵێت؛ کەواتە ئەمە مانای وایە کە ئێمە گەیشتووینەتە کۆتایی مێژوو.)) هەر وەکو دەشزانن ئەم دەستەواژەیە هی هیگڵەو ئەمەش لە شوێنێکدا بەکارهێناوە کە باس لە هێنانەکایەی سیستمێکی سیاسی دەکات بۆ ڕێکخستنەوەی جیهانی ئەقڵانی. ڕووداوەکانی ئەو کاتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؛ دووبارە منیان بۆ فەلسەفە گەڕاندەوە.

*** بەم پێیە، بەشێوەیەک لە شێوەکان کاری فیکریی ئێوە لەسەر سیاسەت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا مۆرکی فەلسەفەی بەخۆوە گرتووە . کتێبەکەی ئێوە بەناوی ((کۆتایی**

**مێژوو)) و هەروەها ئەو وتارەش کە بەو بۆنەیەوە نووسیتان، دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ جیهان دەخەنە ڕوو. لە سەرێکەوە، ئێمە فۆکۆیامای شیکەرەوەی سیاسی دەبینین کە دۆخی جیهان لێکداوەتەوەو لە سەرێکی تریشەوە، فۆکۆیامای فەیلەسووفمان هەیە کە تەواو کار لەسەر تێڕوانینیی فەلسەفی هیگڵییە نوێیەکان دەکات لە پرۆسەی مێژوودا. ڕەنگە ڕوونترین مەسەلە لە فەلسەفەی مێژووی هیگڵدا هەمان ئەو ئازادییە پێویستە بێت کە سیستمی فەلسەفیی ئەو بەهۆیەوە حوکم دەکات و کەسێک کە بەفەلسەفەکەی ئەو ئاشنا نەبێت و هەروەها ئەوانەش کە دژ بە ڕێسکانی ئەون، بە نائازاد لەقەڵەم دەدرێن. هەر وەکو هانز بلوومەن بێرگیش وتوویەتی: ( (ئەگەر مێژوو مەبەستێکی کۆتا و خۆبەخۆی هەبێت، لەم حاڵەتەدا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان وایە ئەو مەبەستە دەزانن و لافی وەدیهێنانی دەدەن، پاساودراو و ڕێگە پێدراون کە لەبری هەموو ئەو کەسانەی تر کە ئەو مەبەستە نازانن، بڕیار بدەن.))**

فرانسیس فۆکۆیاما: لە هزری هیگڵدا، دوو لایەنی جودا و جیاواز هەیە. لایەنێکیان بریتییە لەو باوەڕەی کە شتێک هەیە پێی دەوترێ مێژوو و دەکرێ لە شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بونیادە سیاسیەکان و کۆمەڵایەتیەکاندا پێشکەوتن بەدی بێت. لایەنەکەی تریش ئەو باوەڕەیە کە مێژوو لە ئاستانەی کۆتاییدایەو ئەم پرۆسەیەش لە هەندێ قۆناغدا بە کۆتایی گەیشتووە. ئەم دوو لایەنە لە بەشە هەستیارو ڕەخنەییەکانی سیستمی فەلسەفیی هیگڵن. من بڕوام وایە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک، بەگوێرەی لایەنی یەکەم، هیگڵیین، لە بەرئەوەی باوەڕیان بە پرۆسەی نوێکاری هەیە، تەنانەت گەر خۆشیان بە هیگڵی نەزانن. ئەوانە باوەڕیان وایەکە نوێکاری (مۆدێرنیزەیشن) پرۆسەیەکی ڕێک و هاو ئاهەنگەو دەیانەوێ تیایدا بەشداری بکەن.

لادێیەکی هەژاری خەڵکی مەکسیکی باشوور، بەجۆرێک لە جۆرەکان هیگڵییە لەبەرئەوەی وا بیر دەکاتەوە کە لە ژیاری هاوچەرخدا شتێک هەیە کە دەبێتە مایەی ژیانێکی باشتر. هەلی باشتر دەخاتە بەردەست خۆی و مناڵەکانی و خوێندن و تەندروستییەکی باشتریان بۆ فەراهەم دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا، بەشە ورووژێنەرترەکەی فەلسەفەکەی هیگڵ لەوەدایە کە پرۆسەی مێژوویی نوێکاری، لەهەندێ دەزگادا، دەگاتە لووتکەی کۆتایی. من لافی ئەوە لێنادەم کە خاوەنی دیدگایەکی تایبەتم و بڵێم ئێمە بە خاڵێک گەیشتووین کە لەسەروو ئەوەوە هیچ بەرەو پێشچوونێک نییە و مەسەلەکە لای من ئەوەیە کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا، ڕۆشنبیرانی پێشکەوتنخواز لەو باوەڕەدا بوون



کە لەدوای دیموکراسی لیبراڵی بۆرژواوە قۆناغێکی تر هەیە و ئەویش ( (سۆشیالیزم)) ە. لە گۆشەنیگای ئەوانەوە ( (سۆشیالیزم)) ئەو شوێنەیە کە ئاراستەی مێژوو بەرەو ئەوێ دەچێت. من لەو وتارەدا کە لە ساڵی 1989دا نووسیومە؛ وتوومە کە چیتر ئەو گۆشەنیگایە ڕاست نییە، لەبەرئەوەی ئەو پێشکەوتنە بەرەو سۆشیالیزم ناڕاوات. هیچ ئاکامێکی تریش نەماوە تا کەسێک بیەوێت بڵێت کە ئێمە پاش تێپەڕکردنی دیموکراسی و سەرمایەداری، بەرەو ئەوێ دەچین. لەم ڕووەوە بوو کە من دەموت ئێمە لە کۆتایی مێژووداین. بەمەش من نەمویستووە پێشبینیی ئایندە بکەم. ئایندەبینی لە بنەڕەتدا خەسڵەتێکی هیگڵییانە نییە. من لافی ئەوە لێنادەم کە قۆناغێکی کامڵی ئەقڵانییەت هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانین هەموو شتێک ڕوون بکەینەوە و ناشڵێم کە ئیدی دڵنیاین لەوەی هیچ پێشکەوتنێک ڕوونادات. ئەمە تێڕوانینی من نییە. بەڵام وایدەبینم کە ئەگەر ئێمە تێگەیشتنێکی ئەزموونیی ڕاستەقینەمان بۆ جیهان هەبێت، دەتوانین بڵێین کە جێگرەوەیەکی دڵنیا و بەهێزی بونیادەکانی مۆدێرنێتی لە ئێستادا بۆ دیموکراسی لیبراڵ و سەرمایەداری نییە.

*** بە بۆ چوونی من خوێندنەوەی تۆ بە هیگڵ لە ڕوانگەی ئەلێکساندەر کۆجیڤی ڕۆشنبیری بە نەژاد ڕووس و مامۆستای سارتەرو مێرلۆپۆنتی و ڕیمۆن ئارۆنەوە بووە. هێندەی من کۆجیڤم خویندۆتەوە، تێڕوانینی ئەو بۆ فەلسەفەی هیگڵ، تێڕوانینێکی تەواو مارکسیستانەیە. بەڵام بە پێچەوانەوە، تۆ وا نیت و خوێندنەوەی تۆ بۆ هیگڵ لە ڕوانگەیەکی مارکسیستانەوە نییە. ئایا هەست ناکەن دووچاری دژایەتیەک بوون لەگەڵ خۆتاندا؟**

فرانسیس فۆکۆیاما: نەخێر. هەموو ئەمانە بەندن بەوەوەی کە تێڕوانین و تێگەیشتنی ئێوە بۆ مارکسیزم چۆنە. لە ڕاستیدا هەندێ لە خوێنەران تامەزرۆی کتیبەکانی منی مارکسیت بوون، لەبەرئەوەی لانی کەم ئەوان خۆیان بەو مەسەلەیەوە هەڵنەواسیوە کە ئایا شتێکی لەو جۆرە لە مێژوودا هەیە یان نا؟ من وایدەبینم کە خوێندنەوەی کۆجیڤگەرایان بۆ هیگڵ، لە ڕاستیدا خوێندنەوەیەکی مارکسیستیانە نییە. لە بەرئەوەی کۆچیڤ زۆر جەختی لەسەر ململانێێ ئابووری لە مێژوودا نەکردووە. بەڵکو هەر وەکو هیگڵ خۆی زیاتر بایەخی بەمەسەلەی ململانێ لە پێناوی مەعریفەدا داوە. لای کۆجیف، ململانێی کۆمەڵایەتی و سیاسی زیاتر پەیوەندیی بە مەسەلەی کەرامەت و لایەنی

مرۆییەوە هەیە وەک لە مەسەلە ئابوورییەکان. لەگەڵ ئەمەشدا، من ئەو بۆ چوونەم پێ قبووڵە کە لەژێرکاریگەریی کۆجیڤدا بووم و واشی بۆ دەچم کە هەندێ ڕوانینی مارکسییانەی تیایە، لەبەرئەوەی مارکس خۆیشی لە سوننەتی هیگڵی و زەمینەکانی ڕۆشنگەریی پێشکەوتنخوازەکانەوە هاتۆتە دەرێ. ڕۆشنگەریی پێشکەوتنخواز باوەڕی بە سەرنموونەیەکی مێژوویی و هەروەها بە شتێکیش بوو کە پێی دەوترا ((گەشەسەندنی مێژوویی درێژخایەن)). منیش باوەڕم بەم بنەمایانە هەیە.

*** ئێوە لەدوا وتاری خۆتاندا کە دوای ڕووداوی یانزدەی سێپتەمبەر لە ڕۆژنامەیەکی ژاپۆنیدا کە ناوی ((دەیلی یۆمیۆری))یە بڵاوبۆتەوە، ئەوە دەهێننەوە یادی خوێنەرەکانتان کە لە نووسینەکانتدا چەمکی ((مێژوو)) نەک بە مانایەکی ڕەسمی، بەڵکو بە مانای ((گەشەسەندنی کامڵبوونی مرۆڤ بەرەو مۆدێرنێتی)) بەکارتان بردووە و وتووتانە لەو ناکۆکییەی کە لەگەڵ تیۆرییەکەی هانتینگتۆندا دەربارەی ((پێکدادانی ژیارەکان)) هەتانە، تیۆرییەکەی خۆتان (واتە تیۆریی کۆتایی مێژوو) بەهۆی ڕووداوە غەمئەنگێزەکانی یانزدەی سێپتەمبەرەوە متمانەیەکی لای عەوام بەدەست هێناوە.**

فرانسیس فۆکۆیاما: هەڵبەت من نکووڵی لەوە ناکەم کە لەو شتەدا کە ئەمڕۆ لە جیهاندا ڕوودەدات، هەروەها لە ڕووداوەکەی یانزدەی سێپتەمبەریشدا؛ لایەنێکی کەلتووری هەیە. بەڵام لەو بڕوایەدا نیم کە پێکدادانێکی لەمجۆرە لەنێوان ئیسلام و خۆرئاوادا هەبێت. من وایدەبینم کە ئەم پێکدادانە پەیوەندیی بە کۆمەڵێک مەسەلەی تایبەتی وەک تیرۆریزم و فەلەستین و شتی ترەوە هەیە و کەمتر مۆرکی پێکدادانی ژیارەکانی بەخۆوە گرتووە. من باوەڕم بەوە نییە کە یەک بونیادی کەلتووری لە پشت مۆدێرنیتییەوە هەبێت. لەوانەیە شتێکی ڕێکەوت نەبێت کە دامودەزگا مۆدێرنەکان لە خۆرئاوای مەسیحیدا پەیدا بوون، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی مێژوویی لە نێوان مەسیحیەت و دیموکراسیدا هەیە. مەسەلەکە ئەوەیە تۆ کاتێک بە شتێکی وەکو دیموکراسیی مۆدێرن و بازاڕی مۆدێرن دەگەیت، ئیدی ئەوکات ئەمانە لە ڕیشە کەلتوورییەکانی خۆیان دادەبڕێت و هەموو وەکو یەک دەتوانن سوودی لێ ببینن و بەکاری بهێنن. لەو باوەڕەدام کە ئەمە ڕاست بێت. لە ڕاستیدا، کاتێک خەڵکی دەرفەتێکیان بۆ دەڕەخسێت، عادەتەن دەیانەوێ لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرندا بژین. ئەوان لە دیموکراسی و جۆرێک لە خۆشگوزەرانی کە بەرهەمی ئازادیی ئابوورییە، تێدەگەن. ئەمە هێزی باڵادەستە لە گۆڕینی جیهاندا نەک بەریەککەوتنی نێوان سیستمە کەلتوورییە سەقامگیرو نەگۆڕەکان.



*** بەم پێیە ئێوە باوەڕتان بەوە هەیە کە بەیارمەتی و هێزی مێژوو دەکرێ پەیبردنی بەرابەرو سازشی نێوان سونەت و مۆدێرنێتی و یان وەک ئەوەی هەندێک تێیدەفکرن جێگۆڕکێی نێوانیان بێتە دی؟**

فرانسیس فۆکۆیاما: من بڕوام وایە کە کەلتوور لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرندا نافەوتێت، بەڵکو بۆ هەندێ بواری سنووردارتر کورت دەبێتەوە، بۆ نموونە دەگۆڕێت بە شتێک کە تۆ لەژیانی تایبەتیی خۆتدا دەستی دەدەیتێ. هەڵبەتە لایەنی سەرەکیی کەلتوور ئایینە. لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرندا، ئایین لەبری ئەوەی سیاسەت دیاری بکات؛ بوارو قەڵەمڕەوێکە کە لەلایەن سیاسەتی مۆدێرنەوە دڵنەوایی و لێبوردەیی بەرامبەر دەکرێ. واتە، تۆ دەتوانیت وەکو تاکە کەسێک ئەوەت هەبێت، بەڵام چیدی تاکە کەس ناتوانێت وەکو کۆڵەکەیەک بۆ سیستمی سیاسی بوونی هەبێت. من لەو بڕوایەدام کە ئەمە گەوهەری دەوڵەتی مۆدێرنی نادینییە. هەڵبەت تۆ دەتوانیت لەگەلێ ئاییندا، یەکێتیی نێوان دین و دەوڵەت ببینیتەوە، بەڵام لە چاخی نوێداو لە بەر گەلێ هۆی کردەیی، ناچاریت کەلتوور بۆ هەندێ قەڵەمڕەوی دیاریکراوترو سنووردارتر کورت بکەیتەوە و بیگوێزیتەوە.

*** بە واتەیەکی دی، ئێوە لەگەڵ ئەو شیکردنەوانەدا نین کە دەڵێن بونیادەکانی مۆدێرنێتی لە خۆرئاوا دامەزراون؟**

فرانسیس فۆکۆیاما: ڕاستە ئەگەر سەیرێکی شوێنە جیاجیاکانی جیهان بکەیت، بۆ نموونە ئاسیا، بونیادی دیموکراتیک دەبینیتەوە. هەروەها دەتوانیت لە هەندێ پنتی ئاسیادا، کۆمەڵگای پیشەسازی بە دابەشکردنی کاری ئاڵۆزو پسپۆڕدارییەوە، هەروەها خەڵکانێکی خوێنەوار و کۆمەڵێک کۆمەڵگای مەدەنی بدۆزێتەوە.

من لەو بڕوایەدام کە ئەمانە هەلومەرجێکن دروستکەری دیموکراسسین، نەک سیستمێکی تایبەتی کەلتووری. بێگومان لە ڕێی جێگیرکردنی دیموکراسیشدا کۆسپ و تەگەرەی کەلتووری هەن، بەڵام من پێم وانییە کە دیموکراسی لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی کەلتووری بێت. بەبڕوای من، دیموکراسی بنەمایەکی جیهانییە.

*** ئەم ڕوانینەی ئێوە بە تایبەتیش بەسەرنجدانی ئەو وتارەش کە دەربارەی کۆنفۆشیۆسگەرایی و دیموکراسی نووسیوتانە؛ زۆر سەرنجڕاکێشە. لەو وتارەدا کە لە**

**بڵاوکراوەی ((دیموکراسی))دا بڵاوبۆتەوە، جەختتان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ((لە کۆمەڵگا کۆنفۆشیۆسیەکاندا هیچ ئاستەنگێکی سەرەکیی کەلتووری لەبەردەم هێنانەدیی دیموکراسیدا نییەو کۆمەڵێک بەڵگەی شایانی سەرنجدان هەن لەسەر ئەوەی تا چەند ئەم کۆمەڵگایانە دەوڵەمەندتر بن، زیاتر بەرەو هێنانەدیی ئازادیی سیاسی دەجووڵێن.)) پاشان دەڵێن کە ((ئەگەر سوننەتە کۆنفۆشیۆسیەکانی ئاسیا خاوەنی زەمینەیەکی وەدیهێنەری هاوسەنگییەکی قایم بن لە نێوان پێداویستی بۆ ئازادی و پێداویستی بۆ کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی (community)، ئەوا لەم حاڵەتەدا ئاسیا لە ڕووی سیاسییەوە دەبێتە جێگایەکی پڕ بەختەوەری.**

فرانسیس فۆکۆیاما: من لەو وتارەدا ئاماژەم بە ئەزموونەکانی چین و ژاپۆن داوە. ئەو دوو وڵاتە خاوەنی ئابوورییەکی ڕکابەرو تەکنۆلۆجیایەکی ڕوو لە پێشکەوتنن، بەڵام لەهەمانکاتدا هەردووکیشیان خاوەنی شوناسی کەلتووریی بەهێزی تایبەت بە خۆیانن. بەم پێیە من وای بۆ دەچم کە دەکرێ هەندێ تایبەتمەندیی دیاریکراوی کەلتووری سوننەتی لەگەڵ بونیادە مۆدێرنەکاندا بگونجێنرێ.

*** ئایا لەو بڕوایەدان کە مۆدێرنیتی لە توانایدایە لە جیاوازییە لۆکاڵی و نەتەوەییەکان تێبگات؟**

فرانسیس فۆکۆیاما: بەڵێ. بەبڕوای من ئەو بۆچوونە ڕاست نییە کە دەڵێت مۆدێرنیتی سیستمێکی گشتگیری ئەقڵانیی زانستییە و هەموو شتەکان و کەسەکان دەخاتە یەک قاڵبەوە. لە ڕاستیدا من وای بۆ دەچم کە مۆدێرنیتی بریتییە لە کۆمەڵێک دامودەزگای کەمتواناتر کە چوارچێوەیەکی گەلێ فراوانی دروست کردووە (کەتیایاندا خەڵک لەگەڵ یەکداو لە کۆمەڵگایەکی سیاسیدا دەژین). بێگومان لەم چوارچێوەیەدا جیاوازیی زۆری لۆکاڵی و نەتەوەیی هەیە. بەم پێیە، مۆدێرنێتی سیستمێکی تەواو نەرمی ژیانی کۆمەڵایەتی و هزری فەلسەفییە.

*** بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک باوەڕیان وایە کە بەجیهانبوون بەرەو یەک شێوەی چوونیەک و هاوئاهەنگیی کەلتووری و سیاسی دەچێت کە تیایدا کەلتوورە لۆکاڵەکان چیدی ناتوانن بەرامبەر بە کەلتوورێکی زاڵی جیهانی بەرگری لە خۆیان بکەن و پایەدار بن. بە بۆچوونی ئێوە، ناکۆکییە سەرەکییەکانی بەجیهانیبوون لە دونیای ئەمڕۆدا چین؟**



فرانسیس فۆکۆیاما: بە دڵنیاییەوە لە ڕوانگەی کەلتوورییەوە گەلێ ناکۆکی هەن. پرۆسەی بە جیهانبوون لەگەڵ خۆیدا کەلتوورێکی مەسرەفگەریی خۆرئاوایی (سەتەلایت، تەلەفزیۆن، هۆڵیوود و هتد...) دەهێنێت کە من خۆم وەکو ئەمریکییەک لەگەڵ زۆربەی ئەو شتانەدا میانەم نییە. بەم پێیە دەتوانم ئەوە ببینم کە لە سەرێکی ترەوە کەلتوورەکان پاشەکشە دەکەن. هەڵبەتە پرۆسەی بەجیهانیبوون، هەندێ جۆری نایەکسانی دەهێنێتە ئاراوە، بەڵام تێکڕا وایدەبینم کە بەجیهانبوون یارمەتیی وڵاتەکان دەدات تا بە بەشداریکردن و ئامادەگییان لە ئابووریی جیهاندا لە جوغزی هەژاری بێنە دەرێ و دەستیان بە تەکنۆلۆجیای نوێ و بازاڕو ئەو دەزگایانەدا بگات کە خۆیان نەیانتوانیوە بیانخولقێنن. یەکێک لە ناکۆکیەکانی بەجیهانیبوون ئەوەیە کە هەموو وڵاتەکان لە ڕووی ئابورییەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوەو گەر شتێک لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕوویدات، دەرەنجامەکانی لەوڵاتانی تردا ڕەنگدەداتەوە. بەڵام من بڕوام وایە کە دەکرێ هەموو ئەم دژوارییانە لە دونیایەکی بەجیهانیبوودا چارەسەر بکرێ و هەروەها باوەڕیشم وایە کە بە جیهانیبوون فاکتەرێکی تا بڵێیت گرنگە، لەبەرئەوەی ئەو دەرفەتە بەخەڵکانێکی غەیرە خۆرئاوایی دەدات کە با خۆئاواییش نەبن بەڵام دەتوانن مۆدێرن بن و دەستیان بەو ئازادییانە بگات کە مۆدێرنێتی فەراهەمی کردوون.

*** بە دەربڕینێکی دی، ئێوە لەو باوەڕەدان کە مەسەلەی نوێکاری و نوێگەرایی بەبێ بەجیهانیبوون شتێکی مومکین نییە؟**

فرانسیس فۆکۆیاما: لە دونیای ئەمڕۆدا، زۆر زەحمەتە وڵاتێکی بچکۆلە بەبێ ئامادەبوونی لەناو پرۆسەی بەجیهانیبووندا بە مۆدێرنیتی بگات.

*** ئایا لەو بڕوایەدا نیت کە کۆمپانیاو بازرگانییە جیهانییەکان خەریکن کەلتووری مەسرەفگەری لەسەرتاسەری جیهاندا بڵاودەکەنەوە؟**

فرانسیس فۆکۆیاما: بەڵێ، تا ڕادەیەک خەریکی ئەوەن. بەڵام ئەو کارەیان یەکسەرە نییە. وەختێ دەبینین سەرو کەللەی ماکدۆناڵد لە هەموو شوێنێک، لە بەحرینەوە بگرە تا تایلەند، پەیدابووە، هۆی ئەمە بەتەنها بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە یەکێک زۆر لە خەڵک دەکات تا ماکدۆڵنادیان پێ قبووڵ بێت. بەڵکو زیاتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە خەڵکیش لەسەرتاسەری جیهاندا حەزیان لە خواردنێکە کە ماکدۆناڵد بیانداتێ. کەواتە

لێرەدا فرۆشیارێک هەیەو کڕیارێک و هەردوولاش لەم پرۆسەیەدا دەستیان هەیە. من وایدەبینم کە مەسەلەی ڕاستەقینەی بەجیهانیبوون لەوەدایە کە ئەم شتە لە بنەڕەتدا لەلایەن کەسانێکەوە بەرەو پێشەوە دەبرێ کە بەرژەوەندییان لەوەدا هەیە. زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە لە پەراوێزی ئابووریی جیهانیدان، خوازیاری ئاستێکی بەرزتری ژیان و بەدەستهێنانی کاڵای مەسرەفین.

*** بەڵام یەکێک لە مەسەلەکانی بەجیهانیبوونیش چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی هێزەکانی کۆمیونیکەیشنە. ئەگەر سوکانی میدیاکانی جیهانی ئەمڕۆ لە دەستی ئێوەدا بێت، لەم حاڵەتەدا لە بەرژەوەندیی بەرروبووم و بەرهەمەکانی خۆتدا بەکاریان دەهێنیت. ڕێک وەک ئەو فیلمەی جیمس بۆند، واتە ((سبەینێ هەرگیز نامرێت))، کە تیایدا میدیا لە دەستی ((بارۆن جراید)) دایەو بەو توانایەی کە لەدەستیدایە هەوڵدەدا جیهان لە بەرژەوەندیی خۆیدا بگۆڕێت.**

فرانسیس فۆکۆیاما: ڕاستە، بەڵام شتەکە لەمە ئاڵۆزترە. سەیرێکی ڕووداوەکەی یانزدەی سێپتەمبەر بکە، بینیت کە تەلەفزیۆنی ((ئەلجەزیرە)) لە جیهانی عەرەبدا چیی کرد. لە ڕاستیدا ئەمە گۆڕان و گواستنەوەیەکی گەورەیە لە میدیای جیهانی عەرەبدا. بەر لە کەناڵی ئەلجەزیرە حکومەتە عەرەبەکان بەتەنها دەیانتوانی کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکانی کەناری خۆرئاوای ڕووباری ئوردون هەبێت، بەڵام ئەمڕۆکە عەرەبەکان دەتوانن هەموو کاتێک لە سەتەلایتەوە وێنەکان وەربگرن. هەر بۆیە، ئاڵۆزییەک لە مەسەلەکەدا هەیە.

نموونەی کلاسیک و کۆنی ئەم تەکنۆلۆجیایە کە وڵاتێکی غەیرە عەرەبی خستە سەر ئاستانەی گۆڕان، شۆڕشەکەی ئێران بوو کە خەڵک دەیانتوانی بە هۆیەوە پەیامەکانی ئایەتوڵا خومەینی دژ بە ڕژێمی شا ببیستن. بەم پێیە، ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە. من وای نابینم کە مەسەلەکە بەشێوەیەکی یەکلایەنەو یەکپارچە لەلایەن خۆرئاواوە ڕەوانەی هەمووان دەکرێ، بەڵکو مەسەلەکە ڕەوتی پێچەوانەشی هەیە.

*** بەڵام هەمیشە هەندێ بنەماو پیشەسازیی جیهانی هەن کە لەهەموو کەلتوورەکاندا هاوبەشن. بە بۆچوونی تۆ ئەو پیشەسازییە جیهانییانەی کە ئەمڕۆ دەتوانن پێچەوانەی کەلتورەکان بن؛ چین؟**



فرانسیس فۆکۆیاما: وایدەبینم کە چەند سیفەتێکی هاوبەش هەیە. دەتوانین بڵێین یەکێکیان جیهانیبوونی مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤە کە وەکو تاکەکەس بایەخ بە مرۆڤەکان دەدات نەک وەکو ئەندامەکانی سەر بە بنەماڵەیەک یان هۆزێک و یان کۆمەڵگایەک. وا هەست دەکەم تۆ ڕەنگە ڕەخنە لەوە بگریت کە شتی وەکو سروشتی جیهانی و مافی جیهانی هەبێت. مەبەستی من ئەوەیە کە ئێمە خاوەنی سیفەتەکانی دووەمین. لە کاتێکدا ئێمە خاوەنی یەک گەوهەری مرۆیی سەرەتاییشین کە سرۆش و مەیلی چوونیەک و یەکسانمان تیا دروست دەکات. من بیر لەو دەزگایانە دەکەمەوە کە بۆ پاراستنی ئەو مافانە داڕێژراون کە پێویستن و جیهانین. وەکو ڕاستییەک دەتوانین بڵێین کە دیموکراسی بەهایەکی جیهانی و بونیادێکی جیهانییە. هەندێ بونیادی ئابوورییش هەن کە جیهانین، لەبەرئەوەی بۆ هێنانە ئاراوەی سامان پێویستن (وەکو ئەوەی کە سەرمایەداریی مۆدێرن دەیکات).

*** ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە بەدوادا کەوتنی دیموکراسی لە هەموو شوێنێک وەکو یەک وایە؟ دەتوانین بڵێین کە چەمکی تاکگەرایی لە دیموکراسیی ئەمریکیدا، زۆر بەهێزترە لە دیموکراسیی ئەورووپیی. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە دو تۆکڤیل پێی گەیشتووەو لە کتێبی ((دیموکراسی لە ئەمریکا))دا نووسیویەتی.**

فرانسیس فۆکۆیاما: گومان لەوەدا نییە. بونیادێکی کەلتووری بۆمۆدێرنێتی، بەتایبەتیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پرۆسەیەکی پەرەسەندنەوە بەرامبەر بە پاشایەتیی بەریتانیا دروست بوو. بەم پێیە لایەنێکی بەهێزی تاکگەرایی لە کەلتووری ئەمریکیدا هەیە کە تەنانەت لە کەنەداو ئەورووپاو ژاپۆنیش بەرچاو ناکەوێت. هەروەها وایدەبینم کە دیموکراسی شێوەی جۆراوجۆری هەیەو دیمەکراسیی ئەمریکی ڕاڤەی جیاوازی لە دیموکراسیی ئەورووپی بۆ دەکرێ. دیموکراسیی ئەورووپی کۆمەڵگەراترو دەوڵەتمەرکەزیترە.

*** کاتێک شۆڕشی فەرەنسا بە شۆڕشی ئەمریکا بەراورد دەکەین، تێدەگەین کە دوو جۆری جیاوازی دیموکراسییان لێ کەوتەوە.**

فرانسیس فۆکۆیاما: بەڵام بنەماکانیان یەکە. هەم شۆڕشی فەرەنساو هەم شۆڕشی ئەمەریکا بەناوی ئازادی و یەکسانییەوە سەرکەوتن. بەڵام ڕاڤەی جیاواز بۆ ئەو بنەمایانە کراوە.

*** زۆرچاکە، دەمەوێ بزانم کە ئەزموونی خۆرائاوا لە دروستکردنی بونیادە دیموکراتیییەکاندا تا چ ڕادەیەک بۆ وڵاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و یان ئاسیا کاریگەریی دەبێت؟ مەبەستم لە ئەزموونی خۆرئاوا ئەو دەسکەوتانەیە کە لە ماوەی سێ شۆڕشی گەورەی دیموکراتیدا لە چاخی نوێدا بەدەستیانهێناوە. شۆڕشی شکۆداری 1688 لە بەریتانیا، شۆڕشی ئەمریکا لە 1776داو شۆڕشی فەرەنسا لە 1789دا، جگە لە میراتیی ئەم سێ شۆڕشە، ئاخۆ لە جیهانی ئەمڕۆدا دەتوانین شۆڕشێکی دیموکراسییانەی تر بهێنینە بەرچاومان؟ ئایا ئەگەری شۆڕشێکی دی هەیە کە پشتبەستوو بێت بە تەرزە کەلتوورێکی دی؟**

فرانسیس فۆکۆیاما: بەڵێ، بەڵام ئەنجامەکەی جیاواز دەبێت. ئەو ڕاستییەی کە لە خۆرئاوادا دووسەد ساڵی خایاند تا ئەوان بە شێوەیەکی کردەیی بە دیموکراسی گەیشتن، لەوەوە دێت کە ئەوان بەرلەوە شتێکی لەو جۆرەیان نەبوو. دروستکردنی حیزبی سیاسی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن وەکو دوو بونیادی دیموکراتی پێویستی بە کاتە، وەکو تەکنۆلۆجیا وایە کە وەختێ دەستی بە پەرەسەندن کرد، هەموو خەڵکانی تریش سوود لە ئەزموون و شکستەکانی ئەو کەسانە دەبینن کە دەسپێشخەر بوون و لێشی بەهرەمەند دەبن. من وایدەبینم کە هەمان شت لە سیاسەتیشدا ڕاستە. بۆ ڕێکخستنی ڕەوشی دیموکراسیش ڕێگای زۆر لەبەردەمدا نییە. دیموکراسی یا پەرلەمانییەو یان سەرۆکدارێتی ( (presidentialەوە یاخود یەکێکە لە جۆرە جیاوازەکانی سیستمە حیزبییەکان. بەڵام بۆ دەزگا بنەڕەتیەکان بوارێکی فراوانی هەڵبژاردن نییە.

من وایدەبینم کە جگە لە کەلتوور، تۆ ناچاریت ببینیت کە کارەکان چۆن ڕێکدەخەرێن. لەم ڕێگایەوە دەتوانین لە ئەزموونە ئەمریکی یان ئەوروپیەکان بەهرەمەند بین. تەماشایەکی ئەوە بکە کە لە گۆشە وکەنارەکانی دونیادا ڕوودەدات. خەڵکی بەجۆرێک ئەم دەزگایانە وەردەگرن کە لەگەڵ کەلتووری خۆیاندا بگونجێن و فۆرمەلەیان دەکەن. ژاپۆن وای کردووە. ژاپۆن کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی هێنایە ئاراوە. ئەوان سەرەتا سیستمی پەرلەمانیی بەریتانیایان وەکو نموونەیەک وەرگرت، بەڵام تێگەیشتن کە ئەم سیستمە بۆ گەیشتن بە قۆناغی لیبراڵ کەمێک سنووردارە، بەم پێیە بەرەوپیری سیستمی ئەڵمانی چوون، پاش دووەم جەنگی جیهانی، چیدی هەڵبژاردنێکیان نەبوو و ناچار بەرەو ڕووی سیستمێک چوون کە زیاتر شێوازێکی ئەمریکی هەبوو. لە ئێستادا ئەمەشیان بەجۆرێک هەموار کردووە کە لەگەڵ پێداویستییە تایبەتییە نەتەوەییەکانی خۆیاندا بگونجێت.



بە بۆچوونی من ژاپۆنییەکان ئەم کارانەیان زۆر خێراتر لە ئەمریکیەکان ئەنجام داوە، لەبەرئەوەی لە ئەزموونی ئەوانیتریش بەرخودار بوون.

*** ئەزموونی ژاپۆن مایەی بایەخپێدانە. لەبەرئەوەی وەختێ بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەراوردی دەکەین، دەبینین کە لە ماوەی حوکمڕانیی میجی دا، ژاپۆن بەرەو ئەوە هەنگاوی نا کە ئێمە ناومان لێناوە ( (مۆدێرنیتیی بەرگرانە)). ژاپۆنییەکان لە شەڕی سباستۆپۆلدا لەگەڵ ڕووسەکاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێچەوانەکەی ئەمە ڕوویداوە. لە زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا (کۆڵۆنی بێت یا سەربەخۆ)، دەستەبژێرەکان بەرەو یەک ( (مۆدێرنیتی لاساییکەرەوانە)) هەنگاویان ناوە. ئێرانییەکان دوای ئەوەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە شەڕیاندا لەگەڵ ڕووسەکاندا شکستیان هێنا، هەوڵیان دا لاسایی خۆرئاوا بکەنەوە. بەم پێیە من وایدەبینم کە لەبەرخورددا لەگەڵ دیاردەی مۆدێرنیتیدا دوو هەڵوێستی تەواو جیاواز هەیە.**

فرانسیس فۆکۆیاما: من لەوە دڵنیا نیم کە هەموو شتەکان تەواو جیاواز بووبن. بۆ نموونە بڕوانە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. عوسمانییەکان دوای ئهوەی ناپلیۆن هێرشی کردە سەر میسر لەو ڕاستییە گەیشتن کە ئەو تەکنۆلۆجیا مۆدێرنەیان نییە کە ڕووبەڕووی خۆرئاوا بوەستنەوە. بۆیە لە دەیەی 1830 دا دەستیان بەهەندێ چاکسازی کرد لە خۆیاندا و دەوڵەتی نوێی عوسمانییان دامەزراند. بەمجۆرە عوسمانییەکانیش ڕێک هەمان ڕێیان گرتە بەر کە ژاپۆنیەکان پیایدا ڕۆیشتن. بەڵام ژاپۆن سەرکەوتووتر بوو، لەبەرئەوەی لەم ڕەوتەیدا چووە ناو پرۆسەیەکی چاکسازیی ڕیشەییەوەو نەک هەر بەتەنها تەکنۆلۆجیای سەربازی بەڵکو سیستمێکی ئیداریی نوێ و ئەقڵانیەتی مۆدێرنیشی بەکار برد. ئایینی شینتۆ (وەکو نەریتێک) هەمیشە ڕۆڵێکی کزی بینیوە لە کۆسپ و دانان لەبەردەم جووڵەی ژاپۆندا بەرەو نوێبوونەوە. لە چین و کۆریاش هەمان دیاردە دەبینین. لەم سێ وڵاتەدا، ئایین هەرگیز لەبەردەم نوێگەریدا ڕێگر نەبووە. سەبارەت بە ئیسلامیش هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم کە دژی نوێگەری بێت، بەڵام وا ڕێکەوتووە کە بوونی هەندێ بزووتنەوەی موحافەزەکار ( وەکو وەهابیەکانی یانزدەی سێپتەمبەر) خۆیان وەکو ڕێگرێک لەبەردەم نوێگەریدا پیشان بدەن. کاتێک تاڵیبان کەناڵی تەلەفیزێونی قەدەغەو وێران دەکات،، من ئەم جووڵەیە بەکارێکی دژ بە مۆدێرن دەزانم.

*** ئێوە لە وتارێکتاندا چوار ئاستی دیموکراسیتان لەیەک جیا کردۆتەوە کە لە نێو ڕەوتی ئەمانەدا دەبێ دیموکراسی پێبگات. ئەم ئاستانەش بریتین لە بیروباوەڕە باوەکان، دەزگاکان، کۆمەڵگای مەدەنی و دواجاریش پێکهاتەی خێزانی و بەها ئەخلاقییەکان ( کە ئێوە بە کەلتوور ناوی دەبەن) وابزانم لەم نێوەدا نەتەوەگەراییتان لە گرووپی کەلتووردا داناوە. لەو باوەڕەدا نیت کە نەتەوەگەرایی و بیرو باوەڕی نەتەوە پەرستانە، بەهای خەتەرخۆلقێن بن بۆسەر دیموکراسییەکانی خۆرئاواو خۆرهەڵات؟**

فرانسیس فۆکۆیاما: لەو وتارەدا، من لە شیکردنەوەکەمدا ئەوەندە لەسەر نەتەوەگەرایی قسەم نەکردووە، بەڵکو زیاتر بایەخم بەو وڵاتانەی ئەوروپای خۆرهەڵات داوە کە پێشتر بەشێک بوون لە بلۆکی سۆڤێت. ئەوانە هەموو دەسبەرداری ئایدۆلۆجیای مارکسیزمی لینینیزم بوون و ڕوویانکردە دامەزراندنی دەزگا خۆرئاواییەکان. دەستووری تازەیان داناو هەڵبژاردنی دیموکراتیانەی نوێیان ئەنجام دا. بەڵام وڵاتانێکی وەکو ئۆکراین و ڕووسیا بەرخوردێکی جیدییان لەگەڵ ئەو دەزگایانە هەبوو. مەسەلەی ئەم وڵاتانەش نەتەوەگەرایی نییە، بەڵکو بوونی کۆمەڵێک نۆرمی نادروستە. لەوێ گەندەڵی گەیشتبووە ئاستێکی بەرزو خەڵکیش لە پەیبردن بە بنەماکانی خزمەتگوزاریی گشتی و پەیوەندیی شەفاف دەسەپاچە ببوون. کۆمەڵێک عادەتی زۆری کەلتووری هەن کە لەبەردەمی کاری شەفاف و ڕوحیەتی دەزگا دییموکراتیەکاندا کۆسپن.

نەتەوەگەرایی کە کۆڵەکەی دیموکراسییە لیبراڵەکانە، لەمەدا مەسەلەکە جیاوازەو بەجۆرێکی ترە. هەڵبژاردنێک ساز دەکرێ و پاشان یەکەمین شت کە دەیکەن ئەوەیە کە کەمینە نەتەوایەتییەکانی دی دەخەنە ژێر چاودێرییەوە. ئەمە ڕێک ئەو شتە بوو کە لە وڵاتانی بەڵقان ڕوویدا. هەڵبەت ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاواش هەر لەبەر هەڕەشەدان. بەڵام من هەرگیز لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆی جیهاندا ئەوە بە مەسەلەیەکی گرنگ لەقەڵەم نادەم.

*** یەکێک لە ڕەخنەگرە فەرەنسیەکانی کارەکانی ئێوە، کاتێک ڕەخنەی لە تیۆریی ( (کۆتایی مێژوو))ی ئێوە گرتووە؛ وتوویەتی: ( ( فرانسیس فۆکۆیاما کاتێک باس لە سەدەی بیستەم و کۆتایی مێژوو دەکات، ئەی لە خۆی ناپرسێت کە سەدەی بیستەم سەدەی ترسناکی ئاشڤایتزو گۆلاگەکان بووە. منیش دەڵێم کە گەلێ بیرمەندی پۆستمۆدێرن ئەم ڕووداوە تۆقێنەرانەی سەدەی بیستەم بە بەشێک لە ئەنجام و ئاکامەکانی مۆدێرنیتی دەزانن.**



فرانسیس فۆکۆیاما: گومان لەوەدا نییە کە کۆمۆنیزم و فاشیزم، بزاوتگەلێک بوون کە لە مۆدێرنیتییەوە سەریان هەڵدا. بەڵام من وایدەبینم کە ناچاریت دواجار لەوە تێبگەیت کە لەم ملاملانێیانەدا کێ سەرکەوت. دونیا هەموو ئەم برینانەی هەڵگرت، بەڵام سەرئەنجام، کۆمەڵێک سیستمی عادیلانەتر مانەوە، لەبەرئەوەی لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە زیاتر بەلای خەڵکدا دایاندەشکاندەوە. بەهەرحاڵ، کۆتایی مێژوو بە زەروورەت مانای ئەوە نییە کە ئیتر هەرچی کێشەو چەرمەسەرییە لە بەین دەچێت.

*** گەلێ کەس بڕوایان وایە کە ئێمە لە ژیارێکی پڕ مەترسیدا دەژین، بەوەی کە تەکنۆلۆجیای نوێ، کە خۆی ئەنجامی مۆدێرنێتیی پیشەسازییە، ژیانی ڕۆژانەمان ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە.**

فرانسیس فۆکۆیاما: زۆرن ئەوانەی کە دەڵێن ڕووداوەکەی یانزدەی سێپتەمبەریش یەکێکە لەو ئەنجامەکانە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە مۆدێرنیتی تەکنۆلۆجیای هێناوەتە پێشێ و بەشێک لەم تەکنۆلۆجیایانەش تەواو مەترسیدارن. هەر وەکو لە هەواڵەکانیشدا ئەمە دەبینین؛ بەرهەمهێنانی ڤایرۆسی برینە ڕەشە ( (سیاه زخم لە عەرەبیدا پێی دەوترێ الحمی الفحمیه و. کوردی)) و چەکی ئەتۆمی شتێکی ئەوەندە زەحمەت نییە . مانەوەی کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان بەندە بە نیازباشیی خەڵکانێکەوە کە بیر لەوە ناکەنەوە ژمارەیەکی زۆری هاوڕەگەزانی خۆیان بە کوشت بدەن. بەم پێیە، شارستانێتیی مۆدێرن لە ناوخۆیدا هێزێکی گەورەی بۆ بەدی و خراپە شاردۆتەوە. من وەڵامێکم بۆ ئەمە پێ نییەو ناتوانم پێت بڵێم کە ڕووداوێکی لەمجۆرە ڕوونادات. کەس چاوەڕێ نەبوو ڕووداوی یانزدەی سێپتەمبەر ڕووبدات، بەڵام ڕوویدا. بەر لە یانزدەی سێپتەمبەر، خەڵکی دەیانووت: ( (چ کەسێک ڕۆحی دوژمنایەتی تیایدا بەڕادەیەک دەبێت کە دوو تاوەری بەرز وێرانبکات و پێنچ هەزار کەس بکوژێت؟)) بەڵام ئێستا دەزانین کە کەسانی لەمجۆرە هەن. ئەمەش بەشێکە لەو دنیایەی کە تیایدا دەژین.

*** هەندێک هەن جەخت لەسەر جیاوازیی نێوان ئەقڵی ئامڕازی و ئەقڵی ڕەخنەگرانە دەکەنەوە .پێدەچێ ئێوە لە کارەکانتاندا زیاتر جەخت لەسەر ئەقڵی ئامڕازی بکەنەوە نەک ئەقڵی ڕەخنەگرانە، بەتایبەتیش کاتێک دەڵێیت هەندێ وڵات هەن ئەگەر ببن بە وڵاتی پیشەسازی و بچنە پرۆسەی بەجیهانیبوونەوە، بەرەو پێشەوە دەچن. هەڵبەتە ئەوە ڕاستە**

**که لەم حاڵەتەدا خەڵکێکی زۆر دەبن بەخاوەنی ڤیدیۆو تەلەفزیۆن و ئۆتۆمبێل، بەڵام ئاخۆ ئەم خەڵکە چۆن دەستیان بە مۆدێرنیتیی ڕەخنەگرانە دەگات کە مەسەلەیەکی بنەڕەتییە لە ساختومانی هزری مۆدێرندا؟**

فرانسیس فۆکۆیاما: من وای نابینم. تۆ کە پێویستت بە ئەقڵانیەتی ئامرازی هەیە واتە پێویستت بە زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوەو ئەو دەزگایانە هەیە کە لەسەر بنەمای ئەقڵانییەت دامەزراون و ئەمەش خۆی بۆ خۆی خەڵکانێک پێدەگەیەنێت کە بەتەنها خاوەنی ئەقڵی ئامرازی نین، بەڵکو خاوەنی ئەقڵی ڕەخنەگرانەش دەبن. یەکێک لە سیفەتەکانی دەستەبژێرانی وڵاتانی پەرەئەستێن ئەوەیە کە حەز دەکەن بەرەو خۆرئاوا کۆچ بکەن، ئەمەش ڕێک لەبەرئەوەی کە لێرە پێودانگە ئابوورییەکان گەورەترن و کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان شوێنێکی سەرنجڕاکێشترن بۆ ژیان بردنەسەر. ئەمە مەسەلەیەکی ترە، بەڵام من لەو بڕوایەدا نیم کە لەماوەی درێژخایەندا ئەم کەموکورتییە سەبارەت بە ئەقڵی ئامرازی لە وڵاتە ناخۆرئاواییەکاندا هەبێت. بە بڕوای من مەسەلەکانی خۆرئاوا لەمانەش قووڵترە، لەبەرئەوەی دواجار هەمان ئەو خەڵکەی کە خاوەنی ئەقڵی ڕەخنەگرانەن، ناتوانن پاساو بۆ ئەوە بهێننەوە کە بۆچی شێوازی ژیانی ئەوان باشترە لە ژیانی لادێ تەقلیدییەکان و لە چوارچێوەی کەلتوورێکی تەقلیدیدان. ئەم مەسەلەیەش دووبارە دەمانباتەوە هەمان ئەو شوێنەی کە ئەم وتووێژەمان لێوە دەستپێکرد. واتە ئەو مەسەلەیەی کە لیو شتراوس تێیگەیشتووە، کە ئەوەش ئەو خەسڵەتی خۆوێرانکردنەیە کە لە ئەقڵانیەتی خۆرئاوادا هەیە. وەختێ سەیری هەندێ ئاقاری ڕووناکبیریی نوێ دەکەیت لە خۆرئاوادا؛ وەکو پۆستمۆدێرنیزم، دەبینیت کە ئامانجەکە لە ڕاستیدا هەر سوننەت و نەریتی خۆرئاوا خۆیەتی.

*** وابزانم ئێوە لەگەڵ شیکردنەوەی پۆستمۆدێرنەکاندا نین بۆ کۆمەڵگای هاوچەرخ؟**

**فرانسیس فۆکۆیاما: نەخێر، زۆربـەی تێفکرینەکانی من تەرخانن بۆ هەندێ بەها کە پەیوەستن بە مۆدێرنیتییەوە بەبێ ئەوەی بکەونە ناو پرۆسەی ئەم وێرانکارییەی سوونەتی خۆرئاواییەوە. ئومێدەوارم لەم پلانەمدا سەرکەوتووبم.**

*** بەڵام ئالان بلووم و لیو شتراوس هەردووکیان ڕەخنەگری توندی مۆدێرنێتی بوون، لە کاتێکا مەسەلەکەی تۆ ئەمە نییە.**



فرانسیس فۆکۆیاما: ڕاستە، بەڵام من لە کۆتایی کتێبی ( ( کۆتایی مێژوو))دا دەربارەی مەسەلەکانی مۆدێرنیتی دواوم. لەگەڵ ئەمەشدا، بلووم و شتراوس لەو باوەڕەدان کە جیهانی مۆدێرن باشترین ئاڵتەرنیڤ لە مێژوودا دەخاتە ڕوو. هەردووکیان بەرگری لەم بۆچوونە دەکەن و هەوڵ دەدەن تا لە ڕووی تیۆرییەوە پاساوی بۆ بهێننەوە. وایدەبینم کە ئەوان سەبارەت بەوەی سوننەتی خۆرائاوا تا چ ڕادەیەک تێکشکێنەرە؛ تێڕوانینێکی گەشتبینانەتریان هەیە.

*** بەڵام لەبواری مۆدێرنیتیدا، نەخشەکەی ئێوە بە کتێبی ( (کۆتایی مێژوو)) دوایی نایەت. ئێوە بە شێوەیەکی کردەیی لە دەساڵی ڕابردوودا دوو کتێبی ترتان بەناوی متمانە (trust) و(پشێویی گەورە)ەوە نووسیوە. چ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دوو کتێبەو کتێبی ( ( کۆتایی مێژوو)) دا هەیە؟**

فرانسیس فۆکۆیاما: ئەمانە پەیوەندییان بەو چوار ئاستی شیکردنەوەوە هەیە کە پێشتر قسەمان لە بارەیانەوە کرد. بەڕای خۆم ( (کۆتایی مێژوو)) دەربارەی دوو ئاستی یەکەمە، واتە ئایدیۆلۆجیاکان و دەزگاکان. لەم کتێبەدا لە بنەڕەتدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە جیهانی مۆدێرن لە خاڵێکدا دەگاتە کۆتایی کە ئێمە تەنها یەک ئایدۆیۆلۆجی و یەک هەڵبژاردنمان بۆ دەزگا لەبەردەمدا دەبێت، واتە دیموکراسی لیبڕاڵ . ئەم قسەیەشم بەو مانایەیە کە جیاوازییە ڕاستەقینەکان لە جیهاندا دەگەنە ئاستی نزمتر، واتە ئاستی کەلتووری. بەم پێیە کتێبی ( (trust)) کتێبکە دەربارەی ئابووریی کەلتووری کە ئەوە دەخاتە ڕوو چۆن سەرمایەداریی مۆدێرن لەسەر بناغەو تەوەری کەلتوور دامەزراوەو چەند ڕێگای جۆراوجۆر بۆ هێنانە ئارای سەرمایەداری لە جیهانی ئەمڕۆدا هەیە. پاشان لە کتێبی ( (پشێویی گەورە ))دا باسمان لە گۆڕینی کەلتووری و هەروەها ئەوەش کردووە کە کۆمەڵگاکان چۆن سەرمایە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیانیان وێران کردووە و یان دروست کردووە تا دەزگاکانیان بەدروستی کار بکەن. ئەمە بۆچوونی منە سەبارەت بە پەیوەندیی ئەم کتێبانەو بابەتەکانیان بەیەکترەوە.

*** ئاخۆ کتێبێکی تری چوارەمتان بە دەستەوەیە کە درێژەپێدەری ئەم سیستەمە فیکرییە پێکەوەگرێدراوە بێت؟**

فرانسیس فۆکۆیاما: بەم دواییە کتێبێکم بەناوی ( (بایۆتەکنۆلۆجی))یەوە نووسیوە.

ئەم کتێبە سەبارەت بە پێشکەوتنە تەکنۆلۆجیەکان و مەترسییەکانێتی لەسەر دەزگا لیبراڵەکان. من گومانم هەیە لەوەی کە بایۆتەکنۆلۆجی یارمەتیی گەشەسەندنی دیموکراسی بدات.

*** ئێوە لە کتێبی ((پشێوی گەورە))دا باستان لە گواستنەوەی پارادایمی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی و لەکۆمەڵگای پیشەسازییەوە بۆ کۆمەڵگای پاش پیشەسازی(post – industrial) واتە سەردەمی وردە تەڵەزمەکان(micro chips) و تەکنۆلۆجیا مەترسیدارە پێشکەوتووەکان کردووە. بە بۆچوونی ئێوە ئایا ئەم تەکنۆلۆجیایانە بەشێوەیەکی کردەیی یارمەتیی پرۆسەی دیموکراسیییان لە خۆرئاوادا داوە یان ڕێیان لێ گرتووە؟**

ف؛ف: تەکنۆلۆجیا مەرج نییە بە پێویست و لە هەموو هەلومەرجێکدا خزمەتی ئامانج و مەبەستەکانی مرۆڤ بکات. بەڵام من وایدەبینم کە ئەو تەکنۆلۆجیایانەی لەسەدەی بیستەمدا هاتنە ئاراوە زۆر سوودبەخش بوون. بۆ نموونە، تەکنۆلۆجیای گەیاندنی زانیارییەکان، بە بووجەیەکی کەمەوە بەڵام بە ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی لە بەسەنتەرکردنی دەسەڵات و گەیاندنی زانیارییەکان بەخەڵکدا ڕۆڵ بگێڕێت و هەر لەبەر ئەمەش بۆ پرۆسەی دیموکراسی سوودبەخش و یاریدەدەر بووە. بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ تەکنۆلۆجیا توانیویەتی یارمەتی ئازادیی مرۆڤ بدات یان نا، دەبێ بڵێم کە بەداخەوە لە زۆربەی کاتدا زیانی بە ئازادیی مرۆڤ گەیاندووە. ئەوەتانێ نموونەی ڕووداوێکی وەکو یانزدەی سێپتەمبەرتان لەبەرچاودایە، هەروەها گەلێ تەکنۆلۆجیای پیشەسازی کە لەسەر بناغەی بەمەرکەزیبوون و بەسەربازیبوون دامەزرابوون. سیستەمی سۆڤێتیش لەسەر بناغەی مۆدێلەکەی تایلەر دامەزرابوو. کارگەی گەورە گەورە دروست کرابوون کە تیایاندا مرۆڤ دابەزیبووە ئاستی ئامراز.

*** ئایا لە سیستەمی هزریی ئێوەدا شوێنێک بۆ شتە ڕووحیەکان هەیە؟ دێتەوە یادتان کە ئەندرێی مالرۆ وتبووی: ((سەدەی بیست ویەک دەتوانێ ببێتە سەدەیەکی ڕووحی و دەشتوانێت نەبێت)).**

فرانسیس فۆکۆیاما: بەبۆچوونی من لایەنە ڕووحیەکان لە کەلتووردا هەن و هەرگیزیش نافەوتێن. تێڕوانینێک لە نێوان هیگڵییەکاندا هەیە دەڵێت کە هەموو شێوەکانی گوتاری



نائەقڵانی لەنێو دەچێت و ئایینیش لە ڕێی فەلسەفەی ئەقڵانییەوە نامێنێت. زۆر جاکە، بەڵام من ئەم پرۆسەیەم نە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دیوەو نە لە هیچ شوێنێکی تریش.

*** دەتانەوێ بڵێن کە ئێوە لەم ڕووەوە هیگڵی نین؟**

فرانسیس فۆکۆیاما: بەڵێ، من پتر تۆکڤیلیم. تۆکڤیل بیرۆکەیەکی سەبارەت بە پێشکەوتن هەیە . ئەو دیاردەی دیموکراسیی خستە بەر لێکۆڵینەوە، بەڵام لە ڕوانێنێکی هیگڵییانەوە نا . ئەو باوەڕی بەو تێڕوانینە هیگڵییە نەبوو کە دەڵێت هەموو شتێک تا ڕادەیەکی زۆر ئەقڵانییە، منیش زیاتر لەگەڵ ئەم بۆچوونەدام.

واشینگتۆن

نۆڤەمبەری 2001

**•ئەو سەرچاوەیەی ئەم گفتوگۆیەی لێوە کراوە بە کوردی:**

**جهانی بودن رامین جهانبگلو نشر مرکز تهران**

**چاپ اول 1382 (2003)**

# دیالۆگی نێوان
# سامویل هەنتینگتۆن و ئەنتۆنی گیدێنز

لە ئینگلیزییەوە: ئەکبەر حەسەن

هەنتینگتۆن: دابەشبوونی سەرەکی لە خۆرئاوادا جۆرێک دابەشبوونە، کە زۆر کەس تەرکیزیان خستۆتە سەری کە ئەویش: جیاوازی لە هێزدا لە نێوان ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئەوروپا. ئەم دابەشبوونە بە سروشتی خۆی ڕێگای بۆ سەرهەڵدانی دوژمنایەتیو هەندێ جاریش بۆ ململانێ خۆشکردووە. بە دڵنیاییشەوە ڕێگای بۆ جیاوازی لە دیدگاو بەرژەوەندیدا خۆشکردووە.

هەرچەندە ئەمە پەیوەندییەک نییە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانو ئەوروپای سنووردار کردبێت. بە بڕوای من ئەمە لە بنچینەدا بەرهەمێکی پێکهاتەی جیهانیی هێزە. لە سەروەختی جەنگی سارددا ئێمە دوو دەوڵەتی گەورەمان هەبوو، کە دەبوو لەگەڵ یەکدیدا پێشبڕکێ بکەن. لە ئێستادا یەک دەوڵەتی مەزنو چەند هێزێکی هەرێمیی سەرەکیمان هەیە. هەندێ جاریش بەرژەوەندییەکانیان بە پێویست تووشی ململانێ دەبن. ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک دەوڵەتێکی مەزن بەرژەوەندیی لە هەر یەکێک لە وڵاتانی جیهاندا هەیەو دەیەوێت پارێزگارییان لێبکات.

لە لایەکی دیکەوە، ئـەوەی کە ئێمە پێی دەڵێن هێزە هەرێمییە سەرەکییەکان، وەک یەکێتی ئەوروپا، ڕووسیا، چین، هیند، بەرازیل، بەرژەوەندییان هەیە لە هەرێمەکانیاندا. ئەو وڵاتانە بە شێوەیەکی گونجاو و قابیلی تێگەیشتن بیر لەوە دەکەنەوە کە پێویستە توانای دیاریکردنی ئەو شتانەیان هەبێت، کە لە هەرێمەکانیان ڕوودەدات. بە دڵنیاییەوە ئەم جیاوازییانە لە دیدگاو بەرژەوەندییەکاندا لە چەندین حاڵەتدا دەبێتەهۆی ململانێ.



هەروەها لە هەر هەرێمێکیشدا چەندین وڵات هەن، کە هێزی هەرێمیی سەرەکی نینو بە گشتی نایانەوێت بکەونە ژێر کۆنترۆڵی دراوسێ بەهێزەکانیانەوە. هەندێ جار، وەک ئەوەی بینیوومانە، ئاوڕ بەلای ولایەتە یەکگگرتووەکاندا دەدەنەوە، هەندێ جاری دیکەش ئاوڕ بەلای هێزە هەرێمییە لاوەکییەکاندا دەدەنەوە. ئەگەر ئاوڕ لە دەیەی ڕابردوو بدەیتەوە، دەبینیت پەیوەندیی نێوان ولایەتە یەکگرتووەکانو ژمارەیەک لەم هێزە لاوەکییانە زۆر گەشەی کردووە. ئێمە ئەم زستانە دەرکەوتەیەکی ئەم گەشەکردنەمان بینی کاتێک لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕیزیان بەست.

ئەنتۆنی گیدێنز: بۆ چەسپاندنی ڕاکەی تۆ دەمەوێت بڵێم مەسەلەی دابەشبوونی ئەتڵەنتیکی، هەڵەبەتە بە ڕای من، لە ناڕازیبوونەکانەوە دەربارەی عێراق سەرچاوە ناگرێت. بەڵکو ئەم ناڕازیبوونە دەربارەی عێراق، ئەم کەلێنە گەورەیە، بە پلەی یەکەم دەرەنجامی کێشە چارەسەرنەکراوەکانە کە هێشتا بیرمان لێنەکردوونەتەوەو لە بنەڕەتدا لە سەردەمی جەنگی ساردەوە بە چارەسەرنەکراوی بەجێهێڵراون. من دەمەوێت ئەمە بە کێشە بەجێماوەکانی ساڵی 1989 ناوبنێم.

پێم وایە ئێمە وردو وردە دەرک بەوە دەکەین کە چۆن جەنگی سارد بە شێوەیەکی گشتگیر دامەزراوەکانمانی پێناسەکردەوە. سێ جۆر کێشەی بەجێماو هەن، کە من بە گەورترین کێشەیان دادەنێم: یەکەم/ مانای خۆرئاوا، دووەم/ شوناسی ئەوروپا (چونکە ئەوروپا لە بنەڕەتەوە لە هەندێک وڵاتانی جەنگی ساردەوە گەشەی کردو ئێستاش دەبێت ڕووبەڕووی پرۆسەی زەبەلاحی بەجیهانیکردن ببێتەوە)، سێیەم/ هێزی سەربازیی ولایەتە یەکگرتووەکان لە پەیوەندییدا بە ئەوروپاوە.

ئێستا پێم وایە دوو مانای خۆرئاوا هەیە، کە دەمەوێت لەیەکیان جیا بکەمەوە: ئەم دووانەش ناو دەنێم خۆرئاوای یەکەمو خۆرئاوای دووەم. لە مانای یەکەمدا خۆرئاوا ئاماژەیە بۆ سیستەمێکی دەستووریو یاسایی، دەستەیەک لە مافەکانی تاک، ڕێسای یاسا ناکەسێتییەکان، ئازادییە مەدەنییەکانو.. هتد. بەم مانایەیان پێم وایە خۆرئاوا هێشتا هەر خۆرئاوایە، پێم وایە یاساو بنەماکان کە لەسیستەمە دیموکراتیکەکانی خۆرئاواییدا سەریانهەڵداوە، سیستمگەلێکن قابیلی گشتاندنن بۆ وڵاتانی دیکەی جیهان. لەو بڕوایەدام تۆ دەتوانیت ئەوە بخەیتەڕوو کە دەشێت ئەم بنەمایانە لەهەموو کۆمەڵگاکانی جیهاندا بڵاو بکرێنەوە.

له كاتێكدا خۆرئاوای دووەمیان ئەوەیانە، كه زۆربەی گفتوگۆكان دەربارەی دابەشبوون تەركیزی دەكەنەسەر. خۆرئاوای دووەم بونیادێكی جیۆپۆلۆتیكییە، كێشە جدیو توندەكانیش لێرەدایە. من هێشتا پێم وایە ئەم كێشانە بە شێوەیەكی سەرەكی كێشەی پێش جەنگی ساردن زیاتر لەوەی كێشەی تایبەت بن بە وەرچەرخانی نوێی ڕووداوەكان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک مەسەلەی گرنگ دەمێننەوە كە مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت، وەک سەرەتایەكیش بەرچاوخستنی ئەو ڕاستییەیە كە ئەوروپییەكان دەبێت دان بە سروشتی مەترسییە نوێیەكاندا بنێن.
جیاوازییەكی سەرەكی هەیە لە نێوان ئەو جۆرانەی تیرۆریزمدا، كە ئێمە لە ئەوروپا پێی ئاشناین (كە ناوخۆیین و كورتبونەتەوە بۆ ئامانجی دروستكردنی ناسنامە)و تیرۆریزمی جیۆپۆلۆتیكی نوێدا. ئەم تیرۆریزمە نوێیە هێزی كۆمەڵگای مەدەنی بەرز دەكاتەوە.

هانتینگتۆن: ئەمە بە تەواوەتی خاڵێكی دیكەی بۆچوونەكەی من ڕوون دەكاتەوە: دووەم دابەشبوونی گرنگ لە خۆرئاوا دابەشبوونی كولتوورییە. ئاشكرایە ئەوروپاو خۆرئاوا لە هاوپەیمانێتییەكی مەزندان. بەڵام جیاوازییەک هەیە، كە بە ڕاستی گرنگە: ولایەتە یەكگرتووەكان وڵاتێكی زۆر ئایینییە، لە كاتێكدا ئەوروپا سێكیولارە. نشینگە ئەمەریكییەكانی سەدەی حەڤدەو هەژدە بە زۆری لەبەر هۆكاری ئایینی بوون. ئایینیبوونی ئەمەریكا لە سەروەختی تۆكۆڤایلەوە سەرنجی هەر سەردانكەرێكی ئەوروپی ڕاكێشاوە. ئێمە یەكێكین لە ئایندارترین خەڵكانی جیهانو لە نێو كۆمەڵگا پیشەسازییەكاندا تەواو تایبەتین. لەسەر بنەمای جیهانییش ئایینو ناسیۆنالیزم هاوشانی یەكترن. ئەو كەسانەی ئایینین، لە هەمانكاتدا دەخوازن زیاتر ناسیۆنالیست بن. ئەمەریكییەكان بەگشتی بە قووڵی پەیوەستن بە خوداو بە وڵاتیشەوە. لە كاتێكدا وا دەردەكەوێت ئەوروپییەكان پابەندبوونێكی لاوازیان هەبێت بە خوداو بە وڵاتەوە.
سەرباری ئەوەش، ڕەچەڵەكی ئایینی لە ئەمەریكا پرۆتستانتیزمی جوداخواز بووەو ئەمەش ڕەوتێكی مۆراڵی قووڵی لە كولتووری ئەمەریكیدا بەرهەم هێناوە. ئێمە دەخوازین مەسەلەكان لەسەر بنەمای چاكەو خراپە پێناسە بكەین زیاتر لە ئەوروپییەكان، ئەم مەیلەش لە ئیدارەی ئێستای ئەمەریكادا گەشتۆتە ترۆپكی خۆی. ئەمە بە ئاشكرا جیاوازییەكانی نێوان ئەمەریكاو ئەوروپا قووڵتر دەكاتەوە.
گیدێنز: ئەم مەسەلەی ئایینە زۆر سەرنجڕاكێشە. بەڵام من قەناعەتم بەوە نییە كە



جیاوازییەكی گەورە لە نێوان ئەوروپاو ئەمەریكادا هەبێت. لە ئەمەریكادا ڕادەیەكی زۆر سێكیۆلاریزەكردنی نێوكەنیسەیی (in-church secularization) هەیە. لەسەر ئاستە فراوانەكەی كۆمەڵگا ئایین هەمیشە ئەركێكی جیاوازی هەبووە بەراورد بە ئەوروپا. جیاوازیی نێوان ئەمەریكاو ئەوروپا بە تەواوی جیاوازییەكی ئاینیی نییە، بەڵكو جیاوازییەكە بە سیاسیكردنە، بە دیاریكراویش بە سیاسیكردنی مافە ئایینییەكان.

هانتینگتۆن: دەرەنجامەكانی زنجیرەیەک ڕاپرسی دەربارەی ئاستی باوەڕداری لە حەڤدە وڵاتدا بەپێی ڕادەی ئاینداربوونیان بەم شێوەیە پۆلێنی كردوون: ولایەتە یەكگرتووەكان بە پلەی یەكەم هات بە ڕێژەی 1.7، پاشان لە ناو وڵاتە ئەورپییەكاندا ئێرلەندا بەڕێژەی 4.1، پۆڵەندا 5.2، ئیتالیا 5.9، بەرتانیا 11.6، پاشان ئەڵمانیا كە جیاكارییەكە لە نێوان ئەڵمانیای خۆرئاواو ئەڵمانیای خۆرهەڵاتدا بوو، بە ڕێژەی 12.1 بۆ ئەڵمانیای خۆرئاواو 16.3 بۆ ئەڵمانیای خۆرهەڵات، كە دواترینیان بوو.
دەبێت مرۆڤ تێبینی ئەوە بكات كە ژیانەوەیەكی جیهانیی ئایین لە ئارادایە. ئەم ژیانەوەیە لە هەموو شوێنێک ڕوودەدات جگە لە ئەوروپای خۆرئاوا. ئایین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگتر دەبێت، بە جۆرێک كە وڵاتان لە پێناسەكردنی شوناسی نەتەوەیی خۆیاندا پەنای بۆ دەبەنو حكومەتەكان ڕەوایەتیی پێدەدەن، ئەمە سەرباری ئەوەی ئایین ڕەگەزێكی گرنگە لە ململانێ گشتییەكاندا.
تا ئەو ڕادەیەی كە پەیوەستە بە ئەمەریكاوە، لە ئێستادا لە بیست یان سی ساڵی پێشوو ئایینیترەو بەڵگەی زۆریش لەسەر ئەمە هەیە. ئەمەریكا لە ڕووی نەریتییەوە بەو قۆناغەدا تێپەڕیووە، كە من پێی دەڵێم (رابوونی مەزن). سەرەتای ئەم ڕابوونە ساڵانی 1730و 1740ە كە ڕێگای بۆ شۆڕشی ئەمەریكا خۆشكردو بووە هۆی ئەوەی كە من پێم وایە ئێستا (رابوونێكی مەزن)ی تازەیە. ئایا لە ولایەتە یەكگرتووەكان ئایین بەسیاسیكراوە؟ بەڵێ، ئایین زۆر بەسیاسیدەكرێت. ساڵی 2000 هەر كاندیدێک (جگە لە جۆی لیبەرمان) بۆ پۆستی سەرەوە ڕۆشتبێت، دەبوو باوەڕی خۆی بە یەسوعی مەسیح ڕابگەیەنێت. ئەمە هەرگیز پێشتر لە سیاسەتی ئەمەریكدا ڕووی نەداوە.

گیدێنز: ڕێگەم بدە بۆ خولەكێک بگەڕێمەوە بۆ خۆرئاوای یەكەم. لەچاو بیستو پێنج ساڵی ڕابردوودا سیستەمە دیموكراتییەكان چوار ئەوەندەی جارانن، ئەمەبە

لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە دەوڵەتانی ئێستا ژمارەیان زۆر زیاترە. من پێم وایە ئەمە هۆکارێکی بونیادیی هەیە. ئێمە لە شوێنێکی وەک کۆمەڵگای زانیاریی جیهانیدا دەژین. خەڵک چیتر هاووڵاتیی پاسیڤ نین، بەڵکو دەیانەوێت چالاکتر بن بەپێی هەلومەرجی ژیانی خۆیان. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وام لێدەکات پێم وابێت گفتوگۆکردن دەربارەی دیموکراتیزەکردنی عێراق جیاوازە لە قسەکردن دەربارەی دیموکراتیزەکردن لە هەرشوێنیکی تر، تەنانەت لەماوەی 10 بۆ 15 ساڵی پێشووشدا. بەراوردکردنی ئەڵمانیای دوای جەنگو ژاپۆن زۆر ورد نییە. گفتوگۆی ئێستا دەبێت لەسەر بنەمای بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی سیستەمە دیموکراتییەکان بێت، کە وا دەکات ئەو شێوانەی هێز کە پێشتر بوونیان نەبووە، لە ئێستادا ببن بە ئەمری واقیع.

هانتینگتۆن: تۆ زۆر بەباشی ئاماژەت بە بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی دیموکراسی بە هەموو جیهاندا کرد. هەر چۆنێک بێت، بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسی تیایاندا بڵاوبووەتەوە، ئەو وڵاتانەن، کە کولتوورەکانیان تەواو هاوشێوەی کولتووری وڵاتانی باکووری زەریای ئەتڵەسین، جا ئەگەر وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی بن یان وڵاتانی ئەوروپای ناوەندی، بەشێکی دیکەشیان دەرەنجامی کاریگەریی درێژماوەی ئەمەریکان وەک کۆریای باشوورو تایوان. من ناڵێم ئەمە جیهانییە، بەڵام هێشتا فاکتەری کولتوور گرنگیی خۆی هەیە. وەک ئەوەی جۆی لاپالۆمبارا وتوویەتی، دیموکراتیزەکردن واتە بە خۆرئاواییکردن. خۆزگە ئەمە ڕاست بووایە، بەڵام ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە، بە لای کەمەوە لە جیهانی ئیسلامیدا، کە هەڵبژاردن دەکرێت، گروپە فەندەمێنتاڵیستەکان سەردەردەهێننو دێنە پێشەوە. تەنانەت لە فەڕەنساشدا کە هەڵبژاردنێک هەبوو بۆ کونسوڵی ئیسلامیو حکومەت ڕێگەی پێداوە، یان پاکستان یاخود هەر وڵاتێکی ئیسلامیی دیکە، ئەوە فەندەمێنتاڵیستەکانن کە وا دەردەکەوێت بیبەنەوە. ئەوان نوێنەرایەتیی ڕایەکی بەرفراوانی جەماوەری دەکەن. ئەگەر بەم زووانە هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕێکبخرێن، ئەوا گرەوی ئەوە دەکەم شیعەو سوننەو فەندەمێنتاڵیستەکان دێنە پێشەوە. لەبەرئەوەش، لەکاتێکدا ئێمە هەموومان لایەنگیری دیموکراسین، لەوانەیە بمانەوێت خۆمان لەوە بکشێنینەوە کە هەندێک وڵات ڕازی بکەین دیموکراتی بێت.

گیدێنز: سەبارەت بە وڵاتە ئیسلامییەکان، وڵاتانی وەک مالیزیا، بەنگلادیش، تورکیاو ئەندۆنیزیا وڵاتی تازە دیموکراتین. ڕوون نییە ئایا دیدی ئەوان بە پێویست دژ بە خۆرئاوایە یان نا. لێرەدا بە ئاشکرا دابەشبوونێک هەیە لە نێوان کێشەکان لە جیهانی عەرەبیو



نێوان کێشە بەرفراوانەکانی (خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە)دا. پێم وایە ململانێی ئەم سەردەمەمان لە نێوان شارستانییەتەکاندا نییە، هەرچەندە تێزەکەی تۆ دەربارەی پێکدادانی شارستانییەتەکان یەکێکە لە درەوشاوترین تێزەکان لە مێژووی نوێی زانستی سیاسیدا، بەڵکو ململانێیە لە نێوان کۆزمۆپۆلیتانیزم لە لایەکەوەو فەندەمێنتاڵیزم لە لایەکەی ترەوە.

کۆزمۆپۆلیتانیزم لەناو دڵی خۆرئاوادایە، خۆرئاوا بە مانای خۆرئاوای یەکەم: بنەما گشتییەکان کە ڕێگا بە خەڵکانی سەر بە کولتوورە جیاوازەکان دەدات پەیوەندی لەگەڵ یەکدیدا دروست بکەنو شانبەشانی یەک پێکەوە بژین. فەندەمێنتاڵیزم بە هەموو جۆرەکانییەوە هەر فەندەمێنتاڵیزمە، نەک تەنیا فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی، یاخود ئایینی، بەڵکو بەهەمان شێوە فەندەمێنتاڵیزمی ئیتنیکیو ناسیۆنالیستیشمان هەیە. بەلای منەوە فەندەمێنتاڵیست کەسێکە، کە پێی وایە یەک ڕێگای ژیان هەیەو باشتر وایە هەموو ئەوانی تر بڕۆنە دەرەوە. بەم مانایە، من زۆر بە پێداگیرییەوە ئەوە دەڵێم خۆرئاوا هێشتا خۆرئاوایە.

هانتینگتۆن: بەڵێ، بەڵام خۆرئاوا کێشەی ڕەوایەتیی هەیە، با وردتر بین: جیهان ڕووبــەڕووی کێشەی کەلێنی نێوان هێزو ڕەوایەتی دەبێتەوە. حوکمی کاریگەرو یەکلاکەرەوە تەنیا کاتێک دەتوانێت بوونی هەبێت، کە هەردوو هێزو ڕەوایەتی هەبن. لە ئێستادا ولایەتە یەکگرتووەکان هێزی هەیە، بەڵام لە دیدی زۆربەی جیهانەوە لە ڕووی ڕەوایەتییەوە لاوازە. کۆمەڵگای جیهانی ڕووبەڕووی کێشەیەکی بنەڕەتی دەبێتەوە، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی هێزو ڕەوایەتی پێکەوە: دەشێت مومارەسەکردنی هێز بە بێ ڕەوایەتی لە درێژماوەدا کاریگەریی زۆر زیانبەخشیی هەبێت. ئەگەر من پەیامێکم هەبێتو بینێرم بۆ کۆشکە سپییەکەی بۆش (ئیدارەی بۆش)، ئەوا ئەم دەربڕینە نایابەی ڕۆسۆ دەبێت: ”ئەوەی کە بەهێزترینە، هەرگیز ئەوەندە بەهێز نییە کە هەمیشە سەروەر بێت، هەتا ئەو کاتەی هێز دەبەسێتەوە بە مافەوەو ملکەچییش دەبەسێتەوە بە ئەرکەوە”.

پێکەوەکۆکردنەوەی هێزو ڕەوایەتی مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوەیە، جا ئەگەر ئەمە لە چوارچێوەی پێدانی ڕەوایەتی گەورەدا بە هێزی ولایەتە یەکگرتووەکان بێت، یاخود پێدانی هێزی گەورە بە ڕەوایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت. یان دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان چاکسازیی تێدا بکرێت، یاخود ولایەتە یەکگرتووەکان هەوڵ بدات زیاتر

لەم کاتەی ئێستا لەناو مۆدێلێکی فرەداو لە میانەی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانەوە هەڵسوکاوت بکاتو ڕەوایەتی بەدەست بهێنێت.

گیدێنز: ئایا لە سیستەمی نێونەتەوەییدا چۆن ڕەوایەتی بەدەست دەهێنیت؟ من پێم وایە دەبێت لەمیانەی ڕێساکانەوە بەدەستی بهێنیت: یاسا ناکەسیو بابەتییەکان، کە هەموو کەسێک پەیڕەویان دەکات. لەبەر ئەمەیە کە (ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی) بە دیاریکراوی گرنگە. ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی بە ڕێسا ڕێکخراوە. ئەو ڕاستییەی کە چینو تایوان ئیمزایان کردووەو ئاماژەکانی ڕووسیاش ئەوە دەڵێن خۆزگە دەخوازێت ئیمزای بکات، ئاماژەیەکی زۆر گرنگە.

هانتینگتۆن: بەڵێ ڕاستە. بەڵام ئایا چارەسەری دامەزراوەیی هەیە؟ من پێم وایە هەندێک چارەسەر هەن، بەڵام هیچ کام لەو چارەسەرانە پشتیان پێنابەسترێت. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بیەوێت ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێک بخاتەوە، ئەوا دەبێت وڵاتانی وەک هیندستان، ژاپۆنو بەرازیلیش وەک ئەندامی هەمیشەیی بخاتە ناو ئەنجوومەنەکەوەو کۆتایی بە مافی ڤیتۆ بۆ هەمووان بهێنێت جگە لە ولایەتە یەکگرتووەکان. بە لای منەوە ئەمە ئەنجومەنی ئاسایشێک دروست دەکات، کە کەمو زۆر بونیادی هێز دەنوێنێتەوە لەجیهانی ئەمڕۆدا.

بە هەرحاڵ، لە ڕابردوودا دابەشبوون لە نێوان ئەمەریکاو ئەوروپادا هەبووە، بە شێوەیەکی بەرجەستەش لە سەدەی نۆزدەیەمدا. بەڵام لە ئێستادا جیاوازییەکان کەمبوونەتەوە. من پێم وایە گرنگە جەخت لەسەر ئەو کەلەپووورە مێژووییو کولتوورییە بکرێتەوە کە ئەمەریکاو ئەوروپا پێکەوە دەبەستێتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی ڕێنسانسو ڕۆشنگەریو گەشەپێدانی سیستەمی وێستفالنو دەوڵەت–نەتەوەکان. بەڵام لەوە گرنگتر دابەشبوونی نێوان عەلمانیو ڕۆحانی، ڕێسای یاسا، پلۆرالیزمی کۆمەڵایەتی، حکومەتی نوێنەرایەتیو مافەکانی تاکە. بە لای منەوە ئەمانە ڕەگەزە بنچینەییەکانی شارستانییەتی خۆرئاوا دروست دەکەن. ئەمانە شارستانییەتی ئەوروپیو ئەمەریکی لە شارستانییەتەکانی دیکە جیا دەکەنەوە، جا ئەگەر شارستانییەتی چینی، ژاپۆنی، هیندی، موسڵمان، عەرەب یان هەر شارستانییەتێکی دیکە بێت.



گیدێنز: من پێم وایە ماکس ڤێبەری سۆسیۆلۆجیستو ئابووریناسی بەناوبانگی ئەڵمانی ڕاستی بۆ چوو کاتێک بەڵگەی لەسەر ئەوە هێنایەوە کە دەبێت ڕیشەی خۆرئاوا لە بنەڕەتدا بگەڕینرێتەوە بۆ ڕێسای یاسا، بە تایبەتیش ڕێسا بابەتییەکان (ناکەسێتییەکان) ی یاسا. هیچ کولتوورێکی دیکە ڕێسای بابەتیی یاسای نەبووە. هەر لەڕێگای ئەم ڕێسایەشەوەیە کە ئازادییە مەدەنییەکان سەرهەڵدەدەن.

هانتینگتۆن: بێگومان لە ئێستادا جیاوازییە یەکلایکەرەوەکە لە پەیوەستبوونی وڵاتە خۆرئاواییەکان بە ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش لە هەموو لایەنەکانەوە خۆی مانیفێست دەکـات. تۆ لە ئـەوروپـادا کۆچبەری موسوڵمانت هەیە: ئەمە کێشەی کۆمەڵایەتیو کولتووری جدیو پرسی شوناسی نەتەوەیی هەیە، کە لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا سەریهەڵداوە. هەروەها زۆر بە ئاشکرا کێشەی ئەمنیەتو ئاسایشی هەیە، کە لەوەدا بەرجەستە دەبێت ژمارەیەکی زۆر لە تێرۆریستەکان لانەیان لە وڵاتە ئەوروپییە خۆرئاواییەکاندا چێکردووە. بێگومان ئەوان تەنها بەشێکن لە دەرکەوتەیەکی فراوانی جیهانیی ئیسلامی شەڕەنگێز. پێویستە ئێمە جیاوازی بکەین لە نێوان ئیسلامی شەڕەنگێز و ئیسلام بەگشتیدا. بەڵام ئاشکرایە ئیسلامی شەڕەنگێز هەڕەشەیەکە لەسەر خۆرئاوا لەمیانەی تێرۆریستەکانو دەوڵەتە (نیاز خراپەکان) کە هەوڵ دەدەن چەکی ناوکی پەرەپێدەن، هەروەها لە چەندین ڕێگای تریشەوە هەڕەشەن لەسەر خۆرئاوا.

ڕادەی ئەو توندوتیژییە هاوبەشەی کە لە جیهانی ئەمڕۆدا موسوڵمانان تیایدا تێوەدەگلێن، سەرسامکەرە: گۆڤاری ئابوریناس 32 ململانێی سەرەکیان دیاریکرد، کە لە ساڵی 2000دا لە جیهاندا لە ئارادا بوون. ئەگەر سەیری ئەو 32 ململانێیە بکەیت، بۆت دەردەکەوێت دوو لەسەر سێیان شەڕی موسڵمان بووە لەگەڵ موسڵمانی دیکەدا، یاخود شەڕی موسڵمان بووە لەگەڵ ناموسڵماندا. لێرەدا بۆم دەردەکەوێت کە زۆر پێویستە ئەمریکا و ئەوروپا دەرک بە خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان بکەن و هەوڵ بدەن پێکەوە ستراتیژێک دابنێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەرەشانەدا، کە مەترسین بۆ سەر کۆمەڵگاکانیانو ئاسایشیان لە لایەن ئیسلامی شەڕەنگێز.
دەمەوێت ئەوەش زیاد بکەم کە ستراتیژی شەڕی خۆپاراستن دژ بە هەڕەشە ناکاو و کوتوپڕو جدییەکان بۆ ئەمەریکاو هێزە خۆرئاواییەکانی دیکە لەم قۆناغەدا زۆر

پێویسته. دوژمنی ئێمه به پلەی یەکەم ئیسلامی شەڕەنگێزە، بەڵام نابێت چاوپۆشی له گروپەکانی دیکەش بکەین. کەواته ئاشکرایه که دەبێت سەرەتا ئێمه هێرش بکەین، ئەگەر هاتوو ئەوان له خۆ ئامادەکردندا بوون بۆ هێرشکردنه سەر ئێمه.

سەرچاوه

http://www.digitalnpq.org/archive/2003_fall/giddens_huntington.html

# هونەر لە کۆنتێکستدا

**ڕێکخەری بەش : شیروان خان**

# خوێندنەوەیەک بۆ هونەر لە کوردستان

شیروان خان
ماستەر- زانکۆی بەرلین

لە نوسینی ژمـارە یەکی گۆڤاری کۆنسێپت دا، هەوڵمدا باس لە پەیوەندی نێوان زانستی ئێتنۆلۆگی و پڕۆسەی دروست بوونی هونەری مۆدیرن لە خۆرئاوا بکەم. کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە ڕێی گەشتی لێکۆڵەرەوە ئەتنۆلۆگەکانەوە دەسپێدەکات، ئەو پەیوەندیە بووە هۆی دروستبوونی چەند دیسکۆرسێکی تر لە ناو هونەری خۆرئاوادا. بەتایبەتی لە سەربابەتی "ئەویدی" (یان دیدی کلتوورەکانی دەرەوەی خۆرئاوا). کە لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمی خۆرئاوادا، "ئەویدی" وەک بابەتێکی ئێکزۆتیک سەیردەکرا. ئەم دیدە لە سەرەتای هونەری مۆدێرنەدا ئەتوانرێت لای هنری ڕوسـو، ماکس پێشتیان، ماکس ئیرنست،،، ببینرێت. لەهەمانکاتدا هونەری خۆرئاوا لە و دەمەدا وەک هەڵگری دیدێکی ئونیڤێرزال خۆی پێناسە دەکات، وەک تاکە هونەرێک کە هەڵگری ئیدیالە ئەستیتیکییەکانە، وە لە چاوی خۆیەوە "ئەویدی" یان کلتوورەکانی تر وەک کلتوورێکی سەرەتایی دەبینێ، وە خودی خۆی لەو سەردەمەدا وەک نوێنەری هەنووکە مێژووییەکەی ئەو کلتوورانە دەبینێ. ئەمە لەکاتێکدا لەدوای جەنگی جیهانی دووهەم بە دوواوە لێکۆڵەرەوە ئەتنۆلۆگییەکانی ئەو دەمە، هەڵدە ستن بە خوێندنەوەی بابەتی "ئەویدی" بە جورێکی تر، بۆنموونە" لەلای شتراوس ئەتنولوگی وەک لێکۆڵینەوە لە سەر بابەتی (ئەویدی) بەردەوام ئەبێت بەڵام لەوێ بە دواوە دێن لەناو جیاوازیەکاندا کاردەکەن نەوەک کاریان بەتەنها گەڕانێک بێت بەدوای ڕاستیەکاندا. لای فۆکۆ دیدی ئێتنولۆگی ئەگەڕێتەوە ناو کلتوور خۆی و وێنەی"ئەویدی" لەناو مێژووی دروستبوونی کلتووری



(ئەویدی)خۆیدا ئەدوزێتەوە , واتا کاری ئێتنۆلۆژ بەو میتۆدەی کە هەیەتی، سەرەتا هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە و هەڵکۆڵینی کلتووری خودی (خۆرائاوا) خۆی،" .

کاریگەری ئەم دیدە جیاوازە، لە سەر هونەری دوای شەستەکانەوە ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، کە ئەمەش لە بابەتی یەکەممدا باسم کردووە، کە چۆن هونەر بەجۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ کلتووری خۆیدا دەکات، لەوێوە هونەرمەند ڕۆڵی لێکۆڵەرەوەیەک دەبینێت و کاری هونەریش وەک لێکۆڵینەوەیەک هەڵدەستێت بە پیشاندانی دیدە جیاوازەکان، نەوەک بەتەنها گەڕانێک بێت بەدوای ئیدیالێکدا. لەهەمانکاتدا هونەر خودی خۆی بە تیۆرە و دامەزراوە هونەریەکانی،و ئەو شوێنانەی کە هونەری تێدا بەرهەمدێت،دێت پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە ئەمەش دە بێتە سەرەتایەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو دیدە خۆرئاواییە باوەی کە هونەری لە بازنەی ئیدیالێکی دیاریکراودا گیرپێخواردووە، کە ئەمەش لە یۆنانەوە دەستپێدەکات، بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، ڕێنیسانس و تا مۆدیرنەش بەردەوامە، ئەم دیدە کلتووریە کە ئیدیالێکی تایبەتی خۆی هەیە وەک هەریەک لە کلتوورەکانی تر، کە چیتر ناشێت وەک تاکە دیدێک یان تێڕوانینێکی گەردوونی ئاماژە بەخۆی و بەهاکانی بدات .

ئەم گۆرانکاریانەی کە لەسەر بابەتی " ئەویدی"کە بە تایبەتی لای فۆکۆ، لەڕێی تیۆری پۆستکۆلۆنیالیزمەوە کاری پێکراوە، وە کاریگەریەکی زۆری لە دوای هەشتاکانی سەدەی پێشووەوە بەسەر خویندنەوەی کلتووری و هونەری خورئاواوە جێهێشتووە. ڕەخنەی تیۆری پۆستکۆلۆنیال بەتەنها ئەوە نیە کە لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا کلتووری خۆرئاوایی لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا وەک کلتوورێکی زاڵ و باڵا چەسپێنراوە. بەڵکو کۆلۆنیالیزم وەک داگیرکردنێکی کلتووریش جێوێرانکاری لە و کە لتوورانەدا لەپاش خۆی بەجێهێشتووە کە نابێت بەتەنها ڕووی نێگەتیڤەکەی لە کردەی سەربازیدا کورتبکرێتەوە. چونکە ئەو دەسەڵاتە تا ئێستاش بەردەوامبوونی هەیە بەڵام لە شێوە و فۆرمێکی تردا تا ئە مرۆ بەردەوامی بە خۆی داوە،وە نابێت لەبیرمانبچێت کە بنەمای پەیوەندی خۆرئاوا بە "ئەویدی"یەوە لە ستروکتوری دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری جیاناکرێنەوە. ( لێرەدا باس لەو دیالۆگە کلتووریە ناکەم کە لە کۆنەوە لەبەینی ئەم کلتوورانەدا هەبووە، چونکە خودی کۆلۆنیالیزم لە سەر بنەمای دیالۆگێکی ئازاد نایەت بەڵکو وەک هێزێکی خۆسەپێنەر دێت کە دەیەوێت کلتوور و بەهاکانی خۆی بەسەر (ئەویدی)دا بسەپێنێت و بێگوومان تێکشکاندنی کلتووری (ئەویدی) هەمیشە لە

ترۆپکی ئامانجەکانیدا بووە.

تیۆری پۆستکۆلۆنیال جگەلەوەی ڕەخنە لە مێژووی دەسەڵاتی کلتووری خۆرئاوا دەگرێت، لەهامانکاتدا ڕەخنە لە ترادیسێنی پێناسەی کلتووری و ناسنامەی نەتەوەیی خۆرئاوا خۆی دەگرێت. بۆنموونە لەپێناسەی کلتوور بۆ هیدەر ئەوەیە، کە کلتوورەکان وەک شوینێکی هومۆگین و داخراو، کە لەناویدا تاکەکان وەک هەڵگری ئەو کلتوورە گشتییە تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە،وە لەو ڕێیەوە دەتوانن خۆیان لە کلتوورەکانی تر جیابکەنەوە، سنووری کلتووری خۆیان بپارێزن. بەومانایەی کە هەموو کلتوورەکان لەنزیکبوونەوەیان لەیەکتری دەتوانن لە دیالۆگدابن و لەهەمانکاتدا سنووری خۆیان لە تێکەڵبوون بپارێزن،وە وەک دوو کلتووریی جیاواز بەردەوام لە پەیوەندیدابن. وەک ڕەخنەیەک لەم دیدە دەکرێت باس لە دوو چەمکی تر بکرێت وەک ترانسکلتوور لای ڤولفگانگ ڤێلش وە نێوانی شوێنی یان چەمکی (هوبرید) کە بە مانای (موتوربە) دێت لەلای هۆمی بابا. کە بۆ ئەمان نزیکبوونەوەی کلتوورەکان لە یەکدی دەبێتە هۆی نەمانی سنوورەکان، وە لەم ڕێیەوە دەکرێت ببێتە نەمانی ئەو دووالیزمەی کە لەنێوان کلتووری خۆی و کلتووری ئەوانی دیدا بەدی دەکرێت، چونکە تا ئەم دووالیزمە بوونی هەبێت، پاوانخوازی کلتووری خۆرئاوا لەتەک کلتوورەکانی تردا وەکو خۆی دەمێنێتەوە. بۆ نموونە گەر باس لە تێکەڵبوونی ئەو کلتوورانە بکەین کە لە خۆرئاوادا هەن لە نێوان کلتووری زاڵ و فەرمی ئەو وولاتە و کەلتووری ئەو کەمایەتیانەی کەلەو ولاتەدا دەژین، وەک تورک، عەرەب، ئاسیایی،،، چیدی ناکرێت وەک کلتووری جیاواز سەیر بکرێن،لە کاتێکدا نەوەی یەکەمی ئەم کەمایەتیانە چەندین نەوەیان لەپاش خۆیان پێگەیاندووە کە لە ڕۆژئاوادا لە دایک بوون و لە نێو زیاد لە کەلتوورێکدا گەورەبوون و تا ئەمڕۆ وەک بەشێکی گرنگی ئەم کۆمەڵگایانە بەردەوامی بە ژیانیان ئەدەن لێرەوە دەکرێت شوێنگەی کلتووری ئەم نەوانە وەک ئەوشوێنە جیاوازە تەماشا بکرێت کە بە فۆرمی هوبرید (نێوانی شوێن) ناسراوە.

لە دوای نەوەدەکانەوە، دوکۆمینتای ١٩٩٧ بە سەرپەرشتی کاترین داڤید دەکرێت وەک هەوڵێکی سەرەتایی تەماشا بکرێت بۆ سەرلەنوێ پێناسە کردنەوەی هونەر لە سەرئاستێکی گلۆباڵ. پاشان دۆکۆمەنتای ١١ بەسەرپەرشتی (ئۆکو ئینزۆر) لە ٢٠٠٢ دا دێت و گوڕێکی تووندتر بەو ڕەخنەیە دەدات کە پێشتر لەلایەن (ک.داڤید) ئاڕاستەی دیدی نێوەندخوازی هونەری خۆرئاوا کراوە، کە بە شێوەیەکی گشتی بە



پشتبەستن بە تیۆری پۆستکۆلۆنیاڵ و توێژینەوەی کەلتووری (culture study).
لە دۆکۆمەنتای (١١) دا بە بەشداریکردنی زۆر لە هونەرمەندانی دەرەوەی خۆرئاوا، وەک لە کیشوەری ئەفەریقا، ئاسیا، ئەمەریکای باشور،،، بەڕێوەچوو کە تیایدا هەوڵدرا ئەم هونەرمەندانە لەڕێی کارەکانیانەوە کێشە کۆمەڵایەتی، کلتووری، سیاسییەکانی جیهان بخەنەڕوو، نەک مەرجی کارەهونەریەکان لەسەر بنەمای ئەو ئیدیالە ئستیتیکیەی هونەری خۆرئاوایی بێت، . لە هەمان کاتدا وەک ساڵەکانی پێشووتر دوکۆمەنتا بەتەنها لە شاری کاسل نەمایەوە، بەڵکو بەسەر پێنچ پلاتفۆرمدا دابەشکرا وەک نەمسا، هند، نیجیریا، دوورگەی کاریبیک و شاری کاسڵ لە ئەڵمانیا ، ئەمە و لەلایەکی تر وەک هەڵوەشاندنەوەی دیدی شوێن Center کە بەردەوام لەوەوبەر ئاماژەیەک بووە بە (خورئاوا)کە هونەر تیایدا بەرهەمەم دێت و لە هەمانکاتدا هەرلەوێشدا پەخش دەکرێت، کەتێیدا پەراوێز (ئەویدی) وەک وەرگرێکی پاسیڤ بوونی هە بووە.
لێرەدا من مەبەستم ئەوە نیە کە لـەدوای ئەو گۆڕانکاریانەوە، ئێستا پەیوەندی کلتوری خۆرئاوا لە تەک کلتوورەکانی تردا لە دۆخێکی تەندروستدایە، بەڵکو کێشەی کۆمۆنیکەیشنی کلتووری لە سەردەمی جیهانگیریدا یەکێکە لە هەرە بابەتە ئاڵۆزەکانی ئێستای ناو تیۆریە کلتوریەکان بە هونەریشەوە. وە تاچەند پەیوەندی کلتوورجیهانگیری، وە دەسەڵاتی سیاسی ئابووری کلتوورە پاوانخوازەکان لەگەڵ کلتووری (ئەویدی)دا لە کۆمۆنیکەیشنێکی ئازاددان، کە ئەمەش هەر وەک کۆمەڵێک پرسیار ماونەتەوە. (بۆ نموونە تێگەیشتن لە چەمکی هونەر وەک ئەو چەمکەی کا تا ئیستا کاری پێدەکریت لە جیهاندا تێگەشتنێکی تەواو خۆرئاواییانەیە و ئەم پرۆسەیە لە ناو خودی دیدی هونەرخۆیەوە هاتووە).
وە بۆ زیاتر کارکردن لەسەر ئەم تێڕوانینە،دێین و کوردستانی عێراق وەک نموونەیەک وەردەگرین. مێژووی بزوتنەوەی هونەریی لە کوردستانی عێراق لە پەراوێزی مێژووی بزوتنەوەی هونەر لە عێراقدا دەکرێت بخوێندرێتەوە، چونکە تا ئیستاش تێڕوانین لەوێ (واتا کوردستانی عێراق) بۆ هونەر بەگشتی لە ژێر کاریگەری هەمان تێڕوانینی عێراقدایە. ئەمە جگە لە ستایڵی هونەرمەندەکان، دەکرێت لە سیستمی خوێندنی پەیمانگاو زانکۆ هونەریەکانەوە بەڕاستەوخۆیی ببینرێت. لە هەمانکاتدا دەبێت مێژووی هونەریش لە عێراق لەگەڵ مێژووی سیاسی و چرکەی هاتنی کۆلۆنیاڵیالیزمی ئینگلیزی لە بیستەکانی سەدەی پێشودا بەتایبەتی بـەراورد بکرێت، تاوەکو ئەو کاریگەریە

گەورەیەی ئەم مێژووە و هاتنی ئەم کۆلۆنیالیستە بە سەرهەڵدانی هونەری مۆدێرن لەو بەشەدا جێیهێشتووە، بەباشی پەنجەی بخرێتە سەر،کە ئەویش لە کۆتایی سیەکانەوە لەڕێی ناردنە دەرەوەی هونەرمەندان بۆ دەرەوەی وڵات دەسپێدەکات. وە بە هاتنەوەی ئەم هونەرمەندانە هەوڵ دەدەرێت بۆ دروستکردنی هونەرێکی هاوچەرخ لە عێراق .وەک درستبوونی گرووپی (رواد)، گرووپی (ئینتیباعی)، یان ( جماعە بغداد للفن الحدیپ) وە لەوێوە ئاشنابوون بە هونەری خۆرئاوا و کاریگەری تێڕوانینەکانی ئەم هونەرە بە ڕاستەوخۆیی دەست بە کاری خۆی دەکات، وە لە هەمانکاتدا هەوڵ دەدەرێت لە تەک هونەری میزۆپۆتامی، ئیسلامی، یان بە بابەتە فۆلکلۆریەکان تێکەڵ بکرێت. کە ئەم دیدە هونەریەی کە لەوکاتەوە دروست بووە تا ئێستاش کاریگەریان بەسەر ئەتمۆسفێری هونەریەوە ماوە لە عێراقدا بە گشتی و کوردستانیش. وە لێرەدا ئەتوانرێت چەند ستایڵێک باس بکرێت کە کاریگەری گەورەیان هەبووە بەسەر هاتنەکایەی ئەم دۆخە. بۆ نموونە ستایلی ڕیالستی کە لە سەر بنچینەکانی ئەستیتیکی هونەری مۆدێرن کاردەکەن وەک فایق حسن، عەتا ×بری، خالد الرحال،وە وەک چۆن فایق حسن ڕیالستیی لە گەڵ ڕەمزە عەرەبیەکاندا تێکەڵ دەکرد. ، ستایڵی ئینتیباعی لای سەرەتای کارەکانی محمود ×بری وە حافڤ الدروبی یان ستایلی سمبۆلی یان سوریالی کە لێرەدا ئەو تێکەڵ کردنەی زۆر بە ڕاشکاوی دەردەکەوێت، لای جواد سلیم، گارق المڤلوم، حمید العگار، یان لای علاو البشیر کە زیاتر بەئاڕاستەی سمبۆلە نێودەوڵەتیەکاندا دەڕوات. ستایڵی ئەبستراکت کە لە سەرەتادا لەگەڵ خەتی عەرەبی لای شاکر حسن السعید یان لەتەک زەخرەفەی ئیسلامی لای فرج عبو.

ئەگەر سەرنجێک لە مێژووی سەرەتاکانی درستبوونی هونەری هاوچەرخ لە عێراق بدەین، دەکرێت دوو کاریگەری لە سەرەتای دروستبوونیەوە بینین، کە تا ئیستا بەشێکی زۆری لە ئنترسەی هونەرمەندانی ڕاکێشاوە. یەکەم لە دوبارە بەرهەمهێنانەوەی چەند ستایلێکی هونەری مۆدێرن لە ڕێیی هاتنی کۆلۆنیالیزمەوە. دووهەمیان کاریگەری هزری ناسیونالیزمی عەرەبی لە دوای چلەکانی سەدەی پێشووەوە، کە وەک گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لەڕێی دووبارە بەکارهێنانی مۆتیڤەکانی هونەری مۆزۆپۆتامی، ئیسلامی، فۆلکلۆر دەردەکەوێت. کە هەموو کات بەدوای ناسنامەیەکی نەتەوەیی دەگەڕێت، وە بۆ هێنانەکایەی هونەرێکی عەرەبی هاوچەرخ. کە ئەم مۆدێلە لەو سەردەمەدا لە کوردستانیش بەکار دەهێنرێت، بۆ هێنانەکایەی هونەرێکی کوردی هاوچەرخ. کە مۆدێلی



ئەم هزرە ناسیۆنالیستیە لە هەمانکاتدا لە ژێر کاریگەری هزری ناسیۆنالیزمی خۆرئاواوە دروست دەبێت. کەواتە هەردوو کاریگەریەکە لەناو کلتوری خۆرئاواوە هاتووە.

ئەگەر مێژووی دروستبوونی دیدی ئەم هونەرە و ئەو ئینترسەیەی لە ناو هونەری خۆرئاوادا سەیر بکەین، دەبینین بە تەنها چەند ستایڵێکی ناو هونەری مۆدێرن تا ئێستاش بەگشتی بوونەتە جێی سەرنجی هونەرمەندەکان (تاچەند لەو ستایلانە تێگەیشتووین ئەوە بۆ خۆی پرسیارێکە)، کە ئەمە لە کاتێکدا لە ١٩١٦ دا بزوتنەوەی دادا هەبووە یان هونەرمەندێکی وەک مارسیل دوشا کە کۆتایی بە دیدی ئەستیتیکی باوی هونەری مۆدێرن هێنا، وە لە شەستەکانەوە هونەری پۆپ، کۆنسێپت، پیرفۆرمانس یان ڤیدیۆ هەبووە، هونەری مۆدێرنی خۆرئاوا هیچ کاتێک لە پرۆسەی خۆ تازەکردنەوەدا دانەبڕاوە. کەچی ئەم گوڕانکاریانە و ئەو پرۆسە ڕەخنە ئامێزەی ناو هونەری خۆرئاوا بۆ چرکەیەکیش نەبووەتە جێی سەرنجی ئەم هونەرمەندانەی عێراق بەگشتی. لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەم هونەرە سەرنجی بۆ پرۆسەی کارکردنی ناوەوەی هونەری مۆدێرنی خۆرئاوا نەبووە و ئەو هونەرەی وەک پرۆسەیەکی ڕەخنەیی وەرنەگرتووە بەڵکو چەند ستایلێکی وەک ئیدیالیک هەڵگرتۆتەوە و بەردەوام هەوڵی تێکەڵکردنی لەگەڵ مۆتیڤە کۆنەکانی خۆی داوە بۆ دروستکردنی ناسنامەی هونەری نەتەوەیی. کە ئەم هەوڵانە نەک بە تەنها هونەرمەندەکان پێوەی خەریکبوون بەڵکو هەموو کات بەشێک بووە لە کلتووری سیاسی بە گشتی ودەوڵەتیش لە عێراق بە تایبەتی کاری بۆ ئەم شێوەیە لە هونەر کردووە، ئەمە دەکرێت تائێستاش بە نموونە لە کوردستان لەڕێی کردنەوەی پێشانگای بەکۆمەڵ بۆ کارەساتەکان، بۆنە نەتەوەییەکان یان بۆ هونەرمەندانی کورد، دووبارە ببینرێتەوە کە هەموو کات بۆ ناسنامەیەکی گشتی (مێگەل) کاردەکات.

ئەگەر میژووی هونەری هاوچەرخی خورئاوا , هەڵوەشاندنەوەی ئەو میژووە هونەرییەی خۆی بووبێت، و کردنەوەی دەرگایەک بووبێت بەسەر هونەری جیهانیدا، کە ئێستا بەبێ کلتوورەکانی تر ناتوانرێت باس لە هونەری هاوچەرخی جیهان بکرێت، وە هیچ مێژوویەک وەک بنەچە (ئۆرگینال) ناتوانێت خۆی بناسێنێت، هونەر چیتر گەڕانێک نیە بەدوای دیدێکی ڕەهادا، بەڵکو لە تێکەڵبوونی جیاوازیەکاندایە. کەواتە لێرەدا دەکرێت پرسیارێک بورووژێنین، ئایا هونەر لە کوردستان کە لەرێی کاریگەری ئەو هونەرەوە کە لە دوای سیەکانی سەدەی پێشووەوە لە عێراق دروستبووە تا ئێستا لەگەڵ چ دیدێکی هونەری خۆرئاوادا لە دیالۆگدابووە.؟ ئایا لەگەڵ ئەو پرۆسە ڕەخنەییەی هونەری خۆرئاوادا

بەردەوام لە دیالۆگێکدا بووە یان تەنها لەناو چەند ستایلێکی هونەری مۆدێرنەدا ماوەتەوە،؟ ( من لێرەدا باس لە جۆری کاری نیگارکێشان، یاخود پەیکەرسازی ناکەم چونکە ئەمانە میدیۆمێکن بەتەنها. بەڵکو باس لە دیدو دیسکۆرسی ناو هونەر دەکەم بە گشتی) وە کاریگەری ئەم دیدانە لە ئێستادا لەکوێدایە بەتایبەت لەناو ڕەخنە کۆمەڵایەتی و کلتووریەکانیدا.؟

لێرەدا دەکرێت باس لە پەرادۆکسێک بکەین کە چۆن هونەر لە کوردستان مامەڵە لەگەڵ ئەم گوڕانکاریانەی هونەری خۆرئاوادا دەکات , لە کاتێکدا ئەم هونەرە لەژێر کاریگەری هونەری خورئاوادایە , لەهەمان کاتدا هەوەڵ دەدات مێژوویەک بۆ هونەری هاوچەرخی خۆی لە ڕابـردووی کلتووری خۆیەوە بدۆزێتەوە ,( مەبەستم لەکاری ئەرشیڤی یان دۆکۆمەنتکردنی مێژووی هونەر نیە لە کوردستان) کە ئەوڕابردووە لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە تێکشکێنراوە، کە ئەمەی دوایشیان بەتەنها مەبەست لە خۆرئاواییەکە نیە بەڵکو کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و نێگەتیڤەکانی کلتوورەکانی وڵاتانی دراوسێ ،کە ئەمانە پچڕانێکی بەرداوامی مێژووی کلتووری دروست کردووە.

کەواتە ئەکرێت ئێمە لە کاتێکدا لەژێر کاریگەری هونەری خۆرئاوادابین و لە هەمانکاتدا بە دوای ناسنامەی هونەری خۆماندا بگەڕێین.؟، کە خۆی ئەم هونەرە لە خۆرئاوا بەناو چەندین دیسکۆرس و گۆڕانکاری و تازەبوونەوەدا تێدەپەڕێت،وە هەمووکات چاوێکی ڕەخنەیی تیژی هەبووە بەسەر خۆیەوە، کەتا لە دوای هەفتاکانەوە هەموو میژووی هونەری بە دیدی ئێستیتیکی، وە بە پەیوەندی دامەزواوەیەکانی، لەگەڵ مۆزەخانە و دەسەڵاتی سیاسی کلتوری دەخاتە ژێر پرسیارەوە. نەک گەڕان بەدوای ناسنامەیەکدا بەڵکو لە پروسەی هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەی دیاریکراو و ئۆرگینالدا بووە , چونکە لە دیدی ئێستایدا ناسنامە شوینێک یاخود وێنەیەکی جێگیری نیە. کەواتە ئەگەر ئێمە لە ژێر کاریگەری دیدێکی هونەریدا کاربکەین کە لەم چرکەیەدا بە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەی خۆیدا تێپەڕێت، ئایا دەکرێت لە هەمان کاتدا بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو بۆخاتری دۆزینەوەی ناسنامەی هونەری نەتەوەیی.؟

بە بۆچوونی من ئەم پەرادۆکسە وای کردووە کە دۆخی هونەر نەک لە هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەدا بەڵکو بە دوای ناسنامەیەکی وەستاودا دەگەڕێ. ئەمەش کردەیەکی تەواو ناپرۆسە ئامێزە. لێرەوە دیالۆگ کردنێکی تەندروست لەگەڵ دیدی هونەری ئێستای خۆرئاوادا بەم شێوەیە زۆر مەحاڵە. هەروەها ئەم پرسیارە دەکرێت لە دیدی هەنوکەیی



هونەری خۆرئاواش بکرێت، ئایا دەکرێت ئەم هونەرەی کە لە کوردستان بەرهەمدێت، وەک دیدێکی جیاواز لە خۆی سەیر بکات.؟

کەواتە تا چەند هونەر لە کوردستان خۆی بەم دسکۆرسە تازانەی ناو هونەری تازەی خۆرئاواوە خەریک کردووە، وە تاچەند ئەم هونەرە لە بەشە کلتووری و زانستیەکانی تر نزیک بۆتەوە،وە تا چەند هونەر خۆی وەک دامەزراوەیەک وە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئیدیۆلۆگیەکاندا بە ڕەخنەوە خوێندۆتەوە، دەبێت ئەمانە ببنە بابەتە سەرەکیەکانی ناو دیسکۆرسی هونەری لە کوردستان ئەگەر بێت وبمانەوێت لەو پەرادۆکسە ڕزگارمان بێت.

Particpatory Art

# لێكدانەوەیەكی پارادیگمایی لەگۆڕینی ئۆبێكت بۆ سوبێكت

سۆران ڕەفعەت
خوێندكاری ماستەر- زانكۆی بەرلین

لە كاتێكی زۆر كەمدا ئەوەمان لائاشنابوو گۆڕینی پارادیگمایی لە هونەر و پەیوەندی نێوان ئۆبێكت و سوبێكت ئەمە هەروا لە ماوەی یەک شەودا ڕووی نەداوە. فەلسەفەو تیۆری كۆمەڵناسی لەو گۆڕانەدا بە شێوەكی بەرچاو لە ئەمڕۆدا كاریگەریان هەبوو بەسەریدا بەتایبەتی لە پۆستكۆنسێپتوال , حاڵەتی كۆمەڵایەتی و سیاسەت ئەو وەگەڕهێنانانەی لە هونەرو هونەری ئەكتیڤستی دا كردووە بەیەكەوە ڕۆڵی بەرچاویان تێدا بەردەوام هەیە. هەروەها ئەم پەیوەندیە هەر لە كاتەكانی پێش ئێستدا بە هاوشێوەی ئەوە هەر هەبووە بەڵام بەم شێوەیەی ئێستا كە ئەوها لەو چەمكانە و كاركرنەكادا بەم شێوەیە زۆر پتەو نەبووە.

لێرە باسەكە لە سەر ئەوەیە كە چۆن چەمک و تیۆریی لە پرۆژەیەكی هونەریی بارگاویی دەكات و هەروەها ئەو هەوڵانەش دەخرێتەڕوو كە لەو پەیوەندیەدا سەرهەڵدەدات لەو كاتەی كە ئەوانەی بە تیۆری دەیكەین لە خزمەتی كارە پراكتیكیەكەدا بە تایبەت لە هونەری پارتیسیپاتۆری باس لەو بەرەوپێشچوونەی ئەو شێوازە دەكەین. لەم بابەتەدا باس لەو كاركردن و كێشانە دەكەین كە دێتەڕێمان لە چەند كۆنتێكستێكی كە چۆن ئاماژەی پێدەدەین ئەو خاڵانەشی كە هەندێجار ناچاردەبین لە هونەری پارتیسیپاتۆری ڕەچاوی نەكەین , هەرەوەها ئەو بەدواداگەڕانانەی



كەلەدوای نەوەكانی سەدەی پێشوو بەدوای ئەو باگراوندە تیۆریانەی كە بە بەرئەنجامدانی ئەم شێوەیە كە كاركردنی هونەری كە ئەوخاڵانەی كە گرنگە بۆ ڕەچاوكردنی ئەمەش زیاتر لەو كارانەبوو كە كەم هەستمان پێدەكرد كە ئەوە هونەری پارتیسیپاتۆری ئەوەش خەتای ئەوەبوو كە ئەو كات ئەم شێوە ئیشكردنە وەكو ئێستا وا زۆر بڵاو نەبوو بە تایبەت لە كاری ڤیدۆئارتی گۆریلا كە حاڵەتێكی تەلەفزیۆنی بوو كە حاڵەتێكی كاركردنی پێكەوەیی شانۆبوو كە لەوكاتەدا (Susanne Lasy) ناوینابوو جیلی نوێی هونەری میلی.

دەكرێت ئیستا باس لەو بارودۆخە سیاسیەی ئەمڕۆ بكەین كە تێیدا دەژین گرێیبەینەوە بەو مەسەلەیی كەباسی دەكەین بە تایبەت ئەو بارودۆخەی كە ئیستا لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا كەچۆن گەورەترین كێشەی سیاسی و هەروەها ئەو هەموو جەنگانەی كە پیێ هەڵدەسێت لە ناوەوەو لە دەرەوەی ئەمەریكا هەروەها كە چۆن باڵی كێشاوە بەسەر جیهاندا لە ڕوی موراقەبەكردنەوە و كێشە كۆمەڵایەتی و سیاسی كە بەهۆی جەنگی دژە تیرۆرو گێرەشێوێنی كە وای لە جیهان كردووە زۆر كۆنترۆڵ زیادی كردووە چۆن لە بەها ئازادیەكەنمان وەكو تاک كەمبكاتەوەو جیهانی بەرەوە تەحەفوزی بردووە.

ئیستا باسی ئەو خاڵەگرنگە دەكەین كەلە بەینی هونەری پارتیسیپاتۆری لە هونەری پراكتیكی پرۆژە هونەریەكان و هەروەها لە بەینی كاری پێكەوەی (ئێنتەرئەكشن)بۆ ئەوەی بێن ئەم دوو حاڵەتە لەیەكچووەكان لەكارەكە بەڵام بەشداریكردنەكەیان هیچ لە ڕەوتی كارەكە ناگرێت هەروەها بەبێ بەشداری كردنی ئەوانیش كارەكە ناكرێت ئەم شێوە كاركردنە كە زۆر بووە بە ناوەی كە بینەریش بەشدارە لەم كاركردنە بەڵام ئەگەر دیقەت بەین هەموو كارەكە هەر هونەرمەندەكان خۆیان دەیكەن سەیركەران یاخود بەشداربووان هەڵدەستن تەنها بەو كارەی كە هونەرمەندەكان پلانیان بۆ داناون ئەمەش كەباسم كرد لەكاری ئێنتەرئەكشن زۆر بەرچاوان دەكەوێت یاخود ئەتوانین بڵێین ئەوە شێوە ڕەچاوەكی كاركردنی هونەرمەندانە لەگەڵ جەماوەوەر كەجەماوەر بەشدارەو بەڵام لەوكارە خاوەن بریار نین.

لەم شێوە كاركردنە هونەرمەند كە خۆی یاخود كارەكەی هەمیشە بە ئۆبێكت و سوبێكت دادەنێت هەموو كارێک دەكات كە ئەوانەشی لە چوار دەوری كارەكەن

تەنها خزمەت بەکارەکی ئەو بکەن ئەوانە لەچواردەوری کارەکە بسوڕێنەوە کارەکەی یاخود بیرۆکەکەی بکاتەوە چەقی بینین و بیرکردنەوە نمایشکردن لـی□رەوە ئـەوەی بۆ هونەری پارتیسیپاتۆری گرنگ بێت ئەوەیە کە ئەو پرۆسەیە کە وادەکات ئەو پەیوەندیە تاکوتەرایە کە سوبێکتەکان کۆدەکاتەوە ئەوەش لەڕێی هونەرمەندەکانەوە نەک هەر هونەرمەندەکان سوبێکتەکان کۆبکەنەوە بۆ بەهێزکردنی کارەکانیان بەڵکو کارەکە ئەوەبێت کە سوبێکتەکان کۆببنەوەو لەرێی ئەوەوە ئەوەی دەیکەن بۆ ژیانیان و بچێتە ژیانیانەوە لە ژیانیاندا کاریگەری هەبێت ئەمەش هەر ئەوە نەبێت , کە تەنها کارکە بۆ تاقیکردنەوەیەک بێت بۆ هەنەرمەندەکان بۆ پتەوکردنی کاری هونەری ناو گەلەریەکان.پارتیسیپاتۆر ئەو پەیوەندیە ناراستەوخۆیە شاراوەیە کە کاردەکات بۆ پتەوکردنی هەندێ لە بەیەکەوەبەستنی ئەو عیلاقەیە کە بە سەرپەرشتی بێ دسپلینکردنی یاخود بەکارهێنانی سوبێکت بێت لەلایەن هونەرمەندەکانەوە کە لەو ڕێیەوە سوبێکتەکان بخەنەوە بارودۆخی هونەری لەوێشەوە بۆ بەیەکەوە بنیاتنانی کارێکی هونەری یاخود کارێک بۆ مەبەستێکی تایبەتی هونەر یاخود هەر کارێک کە بێتە ناو چوارچێوەی ژیان.

کاری پرۆژەی پارتیسیپاتۆریی وادەکەن کە جەماوەری خۆی ئەکتیڤ بکات و بەشداری پێدەکات لەکارکردنەکاندا هەر لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەندە بەشدارەکانیش وادەکەن کە کەشێک بخوڵقێنن بۆ ئەو کارکردنە کە جەماوەر ئەکتیڤ بێت بۆ ناوەڕۆکەکەی لە کایە کۆمەڵایەتیەکان و کایە کلتوریەکان و یاخود کایە سیاسیەکان  ئامادەباشی بۆبکرێت بۆ کارکردن. ئەوەش وادەکات کە ئەو پەرچەکردارە لە لایەکەوە وادەکات کە بە پراکتیکردنی کاری هونەری لەو شێوەیە کاردەکاتە سەر تێکستە فەلسەفیەکان و لەو ڕێیەوە بەرئەنجامێک دروست دەبێت بۆ ئاشکراکردنی ئەو شتە شاراوەو پێنەزانراوەکانی ئەوتاکانەی کە لە لێواری کۆمەڵگا دەژین واتە ئەو تاکانەی کە خۆیان تەنها بە ژیانی ئاسایی خۆیندنەوەوە سەرقاڵ دەکەن لە هیچ کایەیەکی کولتوری بەکارەکانیان دیارنین یاخود زۆر ناراستوخۆ کار لە کایە کولتوریەکان کاردەکەن.لێرەدا هونەر نایەت دیسانەوە لە ڕێی هونەرمەندەکانەوە باسیان لێوە بکات بەڵکو خۆیان دێن ڕاستەوخۆ لەسەرخۆیان کاردەکەن ئەوەش بەکاری پارتیسیپەیشین



لەکەل هونەرمەندەکان و لە ڕێی هونەرەوە ئەو ڕەخنانەیان ڕاستەوخۆ بە ناو کایەکولتوریەکان یاخود بەشداریبونیان بە بیرکردنەوەکانیان ئەو دەهێننەوە بەرچاو لێرەشدا ئەو پەیوەندیە پتەوتر دەبێت لە نێوان خەڵک و کایە کلتوریەکان ئەوسا هەمووان دەتوان بڕیاری ئەوە بدەن چۆن لەناو کولتوردا کاربکرێت.

ئەو کێشەو وردەکاریانەی کەدەڵێین (ئێمە)

لەو هەموو شێوەو مۆدێلانەی هونەری پراکتیکی پارتیسیپاتۆری لێرە ئاماژەیەکی کورت بە توێژەرەوەی ئابوری ئالان بۆرن (1) , ئەو پارتیسیپاسۆن بە پێنج شێوە باسی لێوە دەکات , جەماوەر بە تایبەتی و کەم وێنە باس دەکات کە ئەوان کەو کارەکتەرو خودەن کە ئەو بیرکەرەوانەن کە کاری هونەری کاری لەسەر دەکات و خۆی پێ پیشان دەدات , هەر ئەوانیش وادەکەن کە ئەو هێزە دەدەن بۆ هونەر بۆ دەربڕین لە خود و باسکردنی خود بە شێوەیەی کە خودێک دەیەوێت باسی خۆی بکات لەناو هونەردا هەرواش دەکەن بەهایەکی زۆریش بەوکارە هونەرییە بدەن مانایەکی نوێشی دەدەنێ , شێوەکی نوێ لە ڕێکخستن و بەبیرکردنەوەی نوێ کۆکردنەوەی شتی نوێ بەشێوەیەکی زۆر خوڵقێنەرانە لە سەر ئاراستەیەکی نوێ بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیبینن نەک بەوشێوەیەی کەباوەو لە ناو هونەردا هەیە , هەر لەو کاتەدا ئەو شێوەیە لە خیبرە دروست دەبێت لە هونەرداو کاری پێدەکرێت هەروەها ئەو خاڵەش دەپێکن لە هونەردا کەخۆیان دەیانەوەێت واتە مۆدێلێکی تری هونەریی دروست دەبێت بێ ئەوەی گەڕانەوە بۆ هونەرو تیۆری هونەری خۆی , بە شێوەکی ئاگاو بێ ئاگا کار لەناو هونەر دەکەن ئیدراکی هونەر دەکەن دواجار گەڕانێکی بێ ئاگا بۆ بەرهەمهێنانی هونەرێکی بە ئاگا.

ئەگەر بێین وەکو لایەنی تیۆریی ڕەخنەیی باس لە هونەری پارتیسیپاتۆر لە پرۆژەی هونەریی بکەین و بیخەینە بەرچاو پێویستمان بە چەند چەمکێکی تیۆریی و کۆنسێپتێک لە ڕووی چەمکی ئینتەرسوبێکتیڤیتێت و کۆمۆنیتاریسمۆس هەروەها ئەو تیۆرییەی ئەو نیقاشەی لەلای جان لوی نانسیی (2) کە کۆنسێپتی (کۆ و تاکیەتیی بوون) یاخود جڤاد لەلای جیۆرجیۆ ئاگامبن (3)دەستپێبکەین دواتر دێمەسەر باسکردنی کۆنسێپتی سۆسیۆلۆجی , کەلێرەدا پارتیپاتسیۆن کایەیەکی زۆرگرنگی هەیە لە درستکردنی کایەی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆمان کە

بۆتە ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی لقوپۆپەکانی نیولیبرالیزم کە وادەکات بە هۆی کۆنزوم (بەکارهێنان) پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان کەمکاتەوە بەرەوە ئەوپەڕی پەیوەستیان بە شتە بەکارهێنراوەکانیان بەرێت.

جان لویس نانسی چەمکی بون فراوانتر دەکات و بە شێوەی (بوون لەگەڵ) بۆ ئەوە ئەم مستەڵەحە زۆر گرنگە کە ئەو گۆڕانکارییەی تێدا بکرێت واتە کە (لەگەڵ) بخرێتە پاڵ بوون چوونکە لێرەدا بوونێک بەتەنیا لە ناو ئەو هیلانەدا ئەو کارە ئەکتیڤەی نابێت وەک (بوون لەگەڵ) ئەمەش ئەگەر لە ناو کۆنتێکستە فیلۆسۆفیەکەی سەیری بکەین دەبینین کە بوون یاخود تاکیەتی کە لە ناو تاکیەتی خۆیدا دەبەسرێتەوە تەنها بۆ تاکەکە خۆی بۆیە ئەو دەتوانێت بڵێت کە تاک بوونی نییە ئەگەر (لەگەڵ) ەکەی نەبێت واتە ئەو (لەگەڵ)ە وادەکات کە بوونی ئەوی دی پێناسەبکات و ئەوی دی یاخود تاکەکان لەناو یەکدا بوونیان زیاتر بەرجەستەو ئەکتیڤ دەبێت .

کە نانسی باسی (بون لەگەڵ) دەکات کە تاکێتی بوون یاخود بەبوون لە ناو جیهان کە هەندێ بوون لەگەڵ بەرەو ئەو کێشەیەی دەبات کە دەڵێن (ئێمە) ئەوە لەوێدا ئەو (ئێمە)یەی کەباسی دەکەین لە هیچ خاڵێکدا هەندێ جار بە شێوەیەکی زۆر ڕاستگۆ ناتوانێت (ئێمە)بە ئەو شێوەیەی کە لەلامان وا ڕوون دەبێتەوە ئەو مانایەش لە بەردەستدا نییە , واتە ئەو (کە بەشێکین لە کۆمەڵ) یاخود ئەو پەیوەندیە توندوتۆڵەی هەر لە بیرمان چۆتەوە. ئێمە ئەوەمان بیرچۆتەوە کە ئێمە بەبێ پەیوەندی دەژین بۆ ئەوەی زیاتر ئەوەش ڕونکەمەوەو لێرە کە نانسی ئەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت کە (بوون لەگەڵ)مانای ئەوەنیە کە تاک تاکیەتی خۆی لەدەست بدات و بێتە ناو (ئێمە) بە شێوەک کە ناسینەوەی تاکیەتی خۆی لەدەست بدات بەڵکو ئەو ئێمەیە باس لەوەدەکات کە تاک سەرەڕای تاکیەتی خۆی ئەو کارەکتەرەی (ئێمە)کاری پێدەکات دەتوانێت تاک ئەو کارەکتەرەش بۆ خۆی زیاد بکات و لەو ڕێیەوە یەکەم کۆنتاکت درووست دەکات (ئێمە) بەهێزتر دەکات و لە هەمان کاتیشدا تاکیەتی خۆی یان بوونی خۆی بەهایەکی زیاتر ئەکتیڤ وەردەگرێت بەڵام (ئێمە)ش بە دەر نییە لە کێشە ئەوەش زۆر کێشەی فەلسەفی نوێمان بۆ دەخولقێنێت کە ئەوەش لەوێدا زۆر ڕوون دەبێتەوە کە ئەگەر ئەو تاکانەی کە لە ناو (ئێمە)دان بێن بە



هەمان میتۆد کاربکەن بەدەر لەو میتۆدە شتی تر یاخود هەماهەنگی خۆیان نەکەنەوە لەسەر سستمێکی هێترۆگێن خۆیان دروست نەکەنەوە ئەوسا وای لێدێت دەکەوینە ناو هەمان کێشەی کە پێشتر باسمان کرد.

ئە گەر بڕوانینە هەر بەشێک لە پارتیسیپەیشن کە دێت لەگەڵ هونەر کار بکات لە سەر ئەوە نیقاش دروست بکات و دێ لە سەر دەستەیەکی دیاری کراو لە (ئێمە)کار دەکات و کۆیان دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا ئەو دەستەیە بە شێوەیەک یاخود بە میتۆدێک کەلێی داوا دەکرێت یاخود کە خۆی وای دەوێت لە ناو چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا خۆی هەڵدەبژێرێت و چەند کەسێکی دیاریکراویش لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا دەستنیشان دەکات. بەڵام ئەو دەستنیشان کردنە دەبێت دیسانەوە ئەو ئێوە هەڵبژاردەییەی خۆی هەڵوەشێنێتوە چونکە دواجار بۆ درووست کردنی ئەو (ئێمە)یە دەبێت ئەوەندەی کە بەشداری دەکەن سەرجەم کایەکان یاخود وابێت کە هەم سیکەربێت هەم ئەوی کە بەکارەکە هەڵدەستێت چونکە لێرەدا دەبێت ئەو هەستەمان هەبێت کە ئەو کارەی یاخود ئەو پرۆژەیەی کە پێی هەڵدەستین یاخود پێی هەڵدەستێت ئەو شێوە هێترۆگینە بپارێزێت نەک دیسانەوە وەک سەرەوە باسم کرد ئەو نوخبەیە هەڵبژێرێتەوە کەخۆی دەیەوێت چونکە لێرەوە ناوەوە و دەرەوەی پرۆژە دەسنیشان ناکرێت وەکو هەر پرۆژەیەکی ئاسایی بەڵکو دەبێت هەمیشە ئەو سنورە دەستنیشان نەکرێت هەتاکو بڕوات دوای ئەوە دایخەیە بەڵکو لێرەدا دەبێت سەرەتا ئەو سنورە لابەین یان ئەو پرنسیپانە لابەین کە پێشتر کارمان پێکردووە بەڵکو دەبێت دیسانەوە بۆ ئەو کاتەو هەموو میتۆدەکان درووست بکەین ئەوەش بە هاوپێچی لەگەڵ ئێمە چونکە دەبێت ئەو کارە یاخود ئەو پرۆژەیە خۆی سیستەمی خۆی دروستکات و کێشەکە لێرەدا هەندێجار دروست دەبێت چونکە لەم جۆرە کارانە ئەوەی کە میتۆدی تازەی خۆی دروست دەکات ئەگەر بێین بە میتۆدە باوەکان سەیری بکەین ڕاستەوخۆ هەست بەو ناهاوسەنگیە دەکەین چونکە میتۆدە باوەکان هەریەکەو لە سەر چەمکی خۆی دروست بووە پارێزگاری لە سنورەکانی خۆی دەکات بۆیە کە ئەو (ئێمە)یە توانی ئەو هەموو شتانە بکات ئەو کات بەو کارە دەتوانین بڵێین کارێکی پارتیسیپاتۆری.

ئەوەی کەباسمان کرد بەشێکە لە (ئێمە)بەشەکەی تری (ئێمە) ش ئەو

هونەرمەندو کرواتۆرو ئەو بەرێوەبەریانەی شارن کە هاوکاری دەکەن بۆ دروست کردنی ئەو پرۆژانە , ئەو کاتەشی کە بەشەکەی دی کە ئیستا باسم کرد هاتنە ناو کارەکە دەبێت ئەوە واتە هونەرمەند و کرواتۆرو ئەو ئینیستسیۆنانەی شار کە ئەو پرۆژانە یارمەتی دەدەن دەبێت بەشێکی زۆر ناڕاستەوەخۆ لەناو پرۆژەکاندا کاربکەن ئەگەینا دیسانەوە دەبێت بەو کارەوەی کە تەنها خزمەتی هونەر بۆ هونەر دەکات ئەوانەشی تێیدا بەشدار دەبن تەنها دەبن بە یاریدەدەر بۆیە دەبێت زۆر وریایانە ئەو کارە بکرێت بەداخەوە کەمن ئەو پرۆژانەی کە بەو شێوە تەندروستە دروست دەبێت بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەو شێوە و مۆدێلە هەمیشە یارمەتی بدرێت و بەهێز بکرێت بۆ دروستکردنی ئەو مۆدێلە چونکە لەوێدا هەست دەکرێت کە هەموو بەشەکانی (ئێمە)دەتوانن بەیەکەوە کاربکەن هەمووشیان بەیەکە کارەکە بۆ ئەو ئاراستەییە بەرن هەموو بەشەکانی (ئێمە) بەیەکەوە دروستیان کردووە و ئەگەر بەم شێوەیە کاربکەن ئەوە ئاشکرایە کە کاتی زۆر درێژی دەوێت تا ئەوەی بتوانرێت هەموو ئەقڵەکان لە کاتی خۆیاندا بیرکردنەوەی پڵس دەکەن هەتا ئەو هەموو بیرکردنەوانەش کۆبکەینەوە سستمێکی نوێیان بۆ دارێژینەوە.

سەرچاوەکان.

1- Alan Brown: the Five Modes of Arts Partici- pation, 31.Janaur 2006
2- Jean-Luc Nancy: Singulär plural sein. Zürich/ Berlin 2005
3- Giorgio Agamben Die kommende Gemein- schaft. Berlin 2003
4- www.eurozine.com

# نیگا کردن له سروشت

نەورۆز مەحمود
خوێندکاری ماستەر- زانکۆی بەرلین

بەشی یەکەم

باسێک دەربارەی بینینی سروشت له هونەری کلاسیکی دا بەگشتی هەتا سەردەمی ڕۆمانتیکی لای کاسپەر داڤید فریدریش.

نەورۆز مەحمود – ئەیلولی 2011

ئەگەرلە ڕەگەزی سروشت بڕوانین لە هونەری کلاسیکی سەدەکانی ناوڕاست )سەردەمی ڕۆمانتیک) لە ئەوروپا دەبینین زۆربەی جار سروشت بریتیە لە ڕەگەزێکی کۆمپۆزیسیۆن کە بەشدارە لە پێکهێنانی ڕاومی گشتی کارە هونەریەکە. سروشت لەناو ئەو کارانەدا بریتیە لەو وێنەیەی سروشت کە لە هزری مرۆڤدا بوونی هەیە , یاخود بە گوزارشتێکی تر ئەو بەشانەی سروشت کە تابلۆساز خۆویست یان خۆنەویست درکی پێکردوون ئەو پیشانمان ئەداتەوە بە شێوەیەکی سیمبۆلی لە فۆرمێکدا کە بە هیچ شێوەیەک تێپەڕنابێت لەوەی کە ئەو دەیەوێت پیشانمان بدات. سروشت لە کارکردنی ئەم سەردەمانەدا سەربەخۆ نەبووە بە بابەتی تابلۆ , بەڵکو هەمیشە باکگراوند یان پێکهێنەرێکی تابلۆ بووە.

ئـەگـەر بـە تێفکرینەوە تەماشای ئـەم شێوەیەی کارکردنی هونەری بکەین. دەبێ بڵێین ئامادەیی سروشت لێرەدا بریتیە لە ڕەگەزێکی"ناسراو" کە لە تێفکرینی هونەرمەندا لەژێر بیروباوەڕێکی دیاریکراودا "ناسێنراو"ە. تابلۆساز لە ڕەگەزی سروشتدا چاو فزولی ناکات. ڕەهەند کورت دەکرێتەوە بۆسەر چەند بەهایەکی بچوک کە بەدڵنیاییەوە دوورە لە حەقیقەت. ئاسۆی بینین خۆی زۆر فانتازیانە



دەنوێنێت. هەموو بەشێک ئامادەی بینینە و وردەکاری کارکردن لە دوور و نزیکی فیگەرەکاندا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە . هیچ فۆرمێک یان هیچ فیگەرێک بەبێ هۆ ئامادە نییە هەرچەند لە زۆربەی کارەکاندا فیگەرێک (کۆمەڵە فۆرمێک)ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن.

پێویستە بوترێ کە سروشت لەناو زۆرینەی کارەهونەریەکاندا بینراوێکی ئەبستراکتی سیمبولییە کە لە دیدی نیگارکێشەوە سەرچاوە ئەگرێ , بەبی دەستنیشانکردنی ڕەگەزنامەی سروشت وەکو بوونێکی سەربەخۆ بەشیوەیەک کە زۆربەدەگمەن بابەتێکی ناوکارکردن بێت.

ئەم وێنەیە بە یەکێک لەو تابلۆیانە دادەنرێ کە سەرەتاییترین تابلۆیە کە تیایدا سروشت لە فۆرمی باخچەدا پیشان ئەدرێت"لانی کەم لە هونەری ئەوروپادا" کە مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نێوان 760 بۆ 800 ی زاینی.

لەهونەرە ئاسیایەکانیشدا ئەم شێوازەی پیشاندانەوەی سروشت لەوسەردەمانەدا زۆرنزیکایەتی هەیە لەگەڵ هونەری ئەورووپی و بگرە تەسەور دەکرێت کە پێش ئەو مێژووەش لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست بەمشێوەیە کارکرابێت. کە بە بۆچوونی زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان کاریگەریی بیروباوەڕ ( کە مەبەست لە ئایینە) کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەم شێوە نیگاکردنەی سروشت هەیە.

نیگاری " بیهرام لەکاتی گوێگرتن لە شازادە کە چیرۆکی بۆ دەگێڕێتەوە. لەیل و مەجنون , ئەلیاس ئیبن یوسف نیزامی لەنێوان ساڵانی 1150 – 1200 ز

●لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە دوو تێبینی کورت بدەم :

یەکەم : کە من ناچمە ناو بـەراووردی مێژوویی ئەم پیشاندانەوەیەی سروشت لە کاری هونەری لەنێوان کلتورە جیاوازەکاندا , کە بابەتێکی تری زۆرپێویستە بۆ ڕاڤەکردن , بەڵکو تەنها باسی نیگاری تابلۆی سروشت دەکەم کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بابەتەکەی منەوە هەیە.

دووەم: باسەکەی من ناچێتە ناو لێکۆڵینەوە لە ڕەگەزی سروشت لەناو تابلۆدا , هەروەها لێکۆڵینەوەیەکیش نییە لەسەر بەراوردی "مرۆڤ" و "سروشت" وەکو سوبیێکت لەتابلۆدا , بەڵکو پێناسەیەکی "بینین"ە بۆ ڕەگەزی "سروشت" لەناو هزری تابلۆسازدا.

ئەوەی کە زۆر بیستراوە , تابلۆ ی ئەو سەردەمانە بریتیبوون لە بەرجەستەکردنی

ئەفسانە ئایینیەکان و گێرانەوەی چیرۆکە وتراوەکانی ناو ئایین لەلایەک و لە لایەکی ترەوە بیری مەزنێتی مرۆڤ (مرۆڤە باڵاکان ) لە زانستی لاهوتدا ، بەخشینی زەوی بە خێر و بەرەکەتەکانیەوە بە مرۆڤ لەلایەن خوداوە کە کاریگەری تەواویان هەبووە لەسەر قەبارەو پۆزیسیۆنی مرۆڤ بەرامبەر بە سروشت لە تابلۆدا.

زەوی مەزن نیە.. مرۆڤ ئەودروستکراوە مەزنەی خوداوەندە کە لەسەر زەوی بە شێوەیەکی کاتی دەژی. مرۆڤە مەزنەکان ڕێنیشاندەرن. هەمووان لە سایەی ئەواندا ڕووناکی گەردوون درکپێدەکەن. ئەوان "باشەکانن" کە مرۆڤایەتی لەسەر ڕێرەوی خودا لە "خراپەکان" دەپارێزن . سروشتیش نێوەندێکە کە هەمووان لەسەری دەژین. کە دەبێت سنوری باش و خراپ ، چاکە و گوناە ، ڕەش و سپی ، پێگەی خواوەند و شەیتان دیاری بکرێت. پاڵەوانەکان جەنگاوەرەکانی خودان کە هەمیشە سنوری چاکە بەرفراوان دەکەن. بەڵام زەوی پیرۆز نیە. چونکە هێشتا پاکنەکراوەتەوە. هەموان بەیەکەوە دەبێت بەشداری پرۆسەی پاکردنەوە و باشکردن و با ڵاکردنی زەوی بین. هونەرمەند ، ئەدیب ، جەنگاوەر ، پیاوی ئایینی هتد.. هەمووان لەم پرۆسەیەدا کاردەکەن لە پێناوی ئەوەی ببن بە خۆشەویستانی خودا.

لە ڕوانگەیەکی نیمچە ئەفلاتونی هەتا لاهوتیەوە زەوی (سروشت) هەمیشە وەک ئەو ڕاومە نا ڕیالستیە وێناکراوە کە شوێنێکی نۆیترالە و مرۆڤە مەزنەکان با ڵادەست و باوەڕپێکراوە خوداییەکانن لەسەر زەوی. هونەر وەکو هەموو کایەکانی تر بریتیە لەپرۆسەی پیشاندانەوەی مەزنی مرۆڤە هەڵبژاردەکان.

ئەوەی کە ئاشکرایە. تابلۆکردن سەربەخۆ نەبووە , بەڵکو وەکو هەموو کایەکانی تر بەشداربووە لەپرۆسەیەکی گشتی کە بریتیبووە لەراومێکی شارستانیەتی بە بیروباوەڕێکی دیاریکراو کە پەیوەستبووە بە کات وشوێنێ ئەو شارستانیەتەوە.

چەفتەی پاراستنەکەی مادۆنا ، پێدرۆ دیلا فرانسیسکا ، 1460

هاوشێوەیی ئەمجۆرە تابلۆیانە کەم تازۆر لە سەردەمی گۆتیشدا هەتا سەردەمی ڕێنسانس بەردەوام دەبێت. هەتا لەوسەردەمانەدا مرۆڤایەتی توشی چەندین پرسیار دەبێتەوە کە لەهەندێ ئاقاردا وا تێبینی ئەکرێت کە هەموو بیرو باوەڕەکانی چەرخەکانی پێشو جارێکی ترخرابێتەوە ژێر پرسیارکردن.

بۆباسکردنی چەرخی ڕێنسانس ئەوەندە کڵاوڕۆژنە هەیە کە هەندێجارلە باسکردنی



ئەم سەردەمەدا چەندەها بیروباوەڕی تەواو پێچەوانە بەیەکتری بەرچاو دەکەوێت.

ئەوەی کە بۆ من گرنگە لەم چەرخەدا , ئەو فرەڕەهەندیەیە کە بینین بەشێوەیەکی کوتوپڕ بەرفراوان ئەکات کە چیتر مرۆڤ ڕێگە بەخۆی نادات چەقبەستوو و لوتبەرزانە تەماشای دەوروپشتی خۆی بکات. مرۆڤ ڕۆژ بەدوای ڕۆژ بچوکی خۆیی و گەورەیی دونیای بۆ ڕوونتر دەبێتەوە. فیگەری مرۆڤ لەچەقی تابلۆ دووردەکەوێتەوە و هەندێجار تابلۆی سروشت بەتەنها بەدیدەکرێت.

ئەگەر "نیگاکردن" لە سروشت بەرچاوکەوتن بێت. یاخود وەرگرتنێکی خێرای فۆرم لە کورترین ماوەدا لەرێگەی چاوەوە , بەڵام لەم چەرخەدا مرۆڤ توانی لەسروشت بڕوانێت. "ڕوانین" بینینێکە کە درێژخایەنە کە چرکەساتێک بەس نیە بۆ بینینی بینراوێک.

ڕاومی ناو تابلۆ لەم سەردەمانەوە بەشێوەیەک بەرفراوان ئەبێت کە هەندێجار چاو فزولی دەبێت و لەسەر فیگەرە سەرەکیەکانی ناو تابلۆ لائەچێت و بەدوای دۆزینەوەی ڕەگەزی نوێدادەگەرێت لەناو تابلۆدا. بینینی فۆرم تەنها لە شوێنێکی پلاکاتی ناو تابلۆدا نامێنێ , بەڵکو سێنتەری بینین وردەوردە بەرەو گۆشەکانی دەوری چەقی تابلۆ دەڕوات.

بیگاری مینیاتۆری "مارکۆپۆلۆ" 1324 – سەرچاوە / کتێبی :-The Travels of Marco Polo

سەردەمی گۆتی (الغوگی) کە لە نزیکەی 1150 ز دەستپێدەکات , بەماوەی نێوان هونەری سەدەکانی ناوراست (هونەری ڕۆمانیک) و سەردەمی ڕێنسانس دادەنرێت. لە هونەری تابلۆدا هەرلەمسەردەمانەوە قووڵی ناو تابلۆ و مەزنی سروشت بەرچاودەکەوێت.

جەنگ و هێرشکردن و داگیرکردن و سەفەرە زانستی و بازرگانیەکانی گەشتیاران کە لەم سەردەمانەدا کاریگەریەکی یەکجار گەورەیان کردۆتە سەر بەرفراوانبوونی ئاسۆی بینین لە تابلۆدا. تەنها دارێکی زەخرەفی یاخود ڕووەکێکی میتۆلۆگی بەسنیە بۆ گوزارشتکردن لە سروشت. تابلۆساز وردرە وردە ئاگاداردەبێت لە بەرفراوانی ئاسۆی بینین . موسافیری نەشارەزا بەدەردەکەون. خولیای دۆزینەوە وپەیبردن بە دونیا باکگراوندی سروشتی ناو تابلۆش لەگەڵ خۆی بەرفراوان و

قوڵتر پیشانئەدات.

لەسەردەمی گۆتیدا سەرەتاکانی دۆزینەوە و بەدواداچوون لە جیهاندا بە بەهانەی جیاواز دەردەکەوێت. هەتا سەردەمی ڕێنسانس کە زۆرینەی بیردۆزەکانی سەدەکانی ناوراست دەخرێنەوە ژێر گومان و پریسیارکردن. لە چەرخی ڕێنسانسدا ئیتر هیچ دوودڵیەک نامێنێت سەبارەت بە بوونی ژیان لەسە کیشوەری تر بەدەر لە سێ کیشوەرە کۆنەکە ( ئاسیا , ئەفریقا , ئەوروپا).

بوونی پرسیاری گەورەی گەردوونی مرۆڤ ئەخاتە دووریانێک کە دوودڵبێت بەرامبەر ئەوەی کە پێشترناسیویەتی. دەریاوانی تەنها ڕێگایەکە بۆ گەڕان بەدوای جیهاندا. گرنگی دەریاوانی لەسەر بەرفراوانکردنی ڕەهەند لە نیگاکردن لە تابلۆدا تەنها بریتی نیە لە بزواندنی خولیای تابلۆساز و پیشاندانەوەی ئاسۆ و بەرب لاوی ئەوواقیعە لە تابلۆدا , بەڵکو ڕیفلێکسیۆنێکی پرسیارئامێزی ڕاوەستاندنەوەی دوو بوونە : "من" و "سروشت" بەرامبەر بە یەکتری. لەدەریادا بەدەر لە ئاسۆ هیچ شتێکی تر بەدی ناکرێت. تەنها بینراو منم کە لە کەشتیەکدام. سەفەرە چەند هەفتەیی و بگرە چەند مانگیەکان ڕۆشتنێکی یەک ڕێرەویە بۆناو قوو لایی ئاسۆ کە نازانرێت ئەوپەری کوێیە.

فرانس موللەر – گۆسێن (مونشنگلاتباخ)1871 "کەشتی لەسەر دەریایەکی بزواو" ⁄کۆلێکسیۆنی مارینەمالەر– هانبورگ

دوو دەروازەی تێفکرین :

**یەکەم : دوای کۆپەرنیکۆس**

ەەرەتای دەستپێکردنی چەرخی "شۆرشی کۆپەرنیکی" - "kopernika-nische Wende" هەمان ئەوگۆرانکاریەی کە کانت دواتر لە کتێبی "نقد عقل الخالص" بە گۆران لە سروشتی بیرکردنەوە ناویدەبات , هەموو لایەنەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی بەرامبەر بە دونیا ئەخاتە ژێرپرسیارەوە. بەتایبەت سروشت بریتی نیە لەتەنها بونێکی خواکردی بینراو , بەڵکو بیری میتافیزیک ئەبێتە پێرسپێکتیڤێکی تازەی پەیبردن بەسروشت وەک ئەوەی ڕاومێک بێت کە درێژکراوەی ڕاومێکی تر و ڕاومێکی تر. نیگاکردن نەک بەتەنها بەسنیە بەڵکو تێروانینیش پێویستی بە تێفکرین هەیە وە تابلۆ وەک کایەیەکی کارای ڤیزوێل بەشدارە لەم پرۆسەیەدا.



لێرەدا پێویستە خاڵێک باسبکرێت , گەشتی زانستی و بازرگانی لە سەدەکانی پانزە و شانزەدا کە لە گەشتی دەریایی "کریستۆڤەر کۆلۆمبس" ەوە دەستپێدەکات هاوکات و تەریبە بە سەرەتای دەستپێکردنی چەرخی کۆلۆنیالیسم. زانست و بازرگانی پەیوەستن بە بەرفراوانبوونی سنوری کۆلۆنیەکانەوە.

هەرچەندە وەرچەرخانی بیری کۆپەرنیکۆسی کەپرسیارگەلێکی تەواو زانستی لەخۆ دەگرێت و زۆر بە توندی لەلایەن کەنیسەوە بەرهەڵستی کرا , بەڵام دواجار لە ئەوروپا و بەتایبەت ئیسپانی و پۆرتوگالیەکان بە پراکتیکیانە کاریان بەم تیۆرەیەکرد , لەپێناوی دۆزینەوەی ڕێگەیەکی بازرگانی نوێ دواتر کۆلۆنیالیسەکردنی ئەمریکای لاتینی بەناوی ڕۆشنگەری و ب لاوکردنەوەی ئایینەوە بەردەوام بوون.

**دووەم : زانستی سروشت ( سروشتناسی) لە دیدی ئەریستۆتێلیس**

فەیلەسوفە سروشتناسەکان ئەوانەن کە پرسیاردەکەن لەسەر سروشت وەکو سوبیێکتێک , زۆربەیان لە دیدی ئەرستۆتێلیسەوە سەرچاوە دەگرن. فەیلەسوفانی سروشت نمونە وەک : ڤانینی لوسیلۆ (1585 – 1619) کە فەلسەفەی لاهوتی خوێندووە و تایبەتمەند بووە لە خوێندنەوە بۆ نوسینەکانی ئەریستۆتێلیس , بە ڕوونی لە نوسینی دووەمیدا بەناوی " سروشت وەکو وزەی خودا" دەڵێت : سروشت کۆتایی نیە و بوونی ماددی لەسەر زەوی جێگیرە و تەنها لە فۆرمدا خۆی دەگۆرێت , سروشت بە وزەی خۆی خۆی دەبزوێنێت بەبێهیچ کاریگەریەکی ڕۆحی. مروڤ جیهانە بچوکەکەیە (mikrokosmos ) , تەنها فۆرمی جەستەیەکی زیدووە , بۆ ئەو سروشت لە دەرەوەی "ئیدراک" دا بوونی هەیە و مرۆڤی هۆشیار دەتوانێت پەیبەو سەربەخۆییەی سروشت ببات. ڤانینی لەساڵی 1619 بە تاوانی بێباوەری بەزیندووی دەسوتێنرێت. بەڵام بە یەکێک لە فەیلەسوفە با لاکانی لاهوت دادەنرێت کە سروشت دەباتەوە دەرەوەی درکپێکردنیی مرۆڤ.

لە دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە زانستیەکانی سەدەی حەڤدە و هەژدەدا هەمیشە کارلێکی بیری ئەریستۆتێلیس ئامادەبووە ,بەتایبەتی لە لێکۆڵینەوە لە بەراوردی نێوان هەردوو شێوازەکەی فۆرمی بوون (فۆرمی سروشتی و فۆرمی دەستکرد Artificialien & Naturalien ( کە لەزۆربەی کایەکاندا بەراورد لەنێوان هێزی داهێنانی مرۆیی و هێزی داهێنانی خودایی کراوە لەفۆرمە سروشتیەکاندا. بە بروای بەشێکی زۆری فەیلەسوفانی سروشت فۆرمی مرۆڤکرد لە فۆرمی سروشتیەوە

سەرچاوەدەگرێت , وەک چۆن ئەریستۆتێلیس سروشت دەکاتەوە بە سەرچاوەی هەموو بوونەکان. بۆ ئەو جەوهەری سروشت پەیوەندیەکی یەکجار زۆری بە فۆرمی هونەرەوە هەیە کە هەردووکیان سیستماتیکیانە لە چوار هۆکاردا کارلێکدەکەن هۆکاری یەکەم : مادده "causa materialis" دووەم : فۆرم "causa formalis" سێیەم : ئێفێکسیۆن یاخود کاریگەری چەندێتی "causa effi-ciens" چوارەم : کۆتایی یاخود هۆکاری دەرئەنجام "causa finalis" ,لە لێکۆڵینەوەیەکی فێدێریکۆ سوکاری (1542 – 1609) هونەر ئەگەر لەهۆکاری سێهەم و چوارهەمدا بە سروشت بگات ئەوا زۆر بەڕوونی لە تیۆرە هونەریەکانی سەدەکانی 16 و 17 دەبینرێت. سروشت لەوسەردەمەدا (رێنسانس) گەورەترین میتۆدی فێربوونی هونەر بووە{لە بەشی دووهەمی ئەم نوسینەدا درێژتر باس لەم لایەنە و کاریگەری زانستی سروشت لەسەر هونەری کلاسیکی دوای ڕێنساس (ریکۆکۆ و باورۆک) ئەکەم}

لە سەدەکانی سەرەتای دوای ڕێنسانس سنورێکی دیار لەنێوان تیۆرەی هونەر و تیۆرەی زانستی سروشت "فەلسەفەی سروشت"نەبووە. هەردووکیان لێکۆڵینەوەیان لە دیاردەسروشتی و دەستکردەکان کردووە ( کە هونەر بەشێکە لە بوونێکی دروستکراو) , لە ئەریستۆتێلیسەوە هونەر و سروشت لە یەکخاڵدا بەیەکتیری دەگەن کە ئەویش بوونی هەموو "شت"ێکە لە شوێنێکی دیاریکراوی خۆیدا , سروشت بێ مەبەست نیە و هەمووشتێک تیایدا ڕێکخراوە , کە ڕێکخستنەوەی شتە دەستکردەکان (هونەرییەکان) بە بیردۆزی شتە سروشتیەکان هەمدیس دادەرێژرێتەوە.

ئەگەر لە تابلۆکانی کاسپەر داڤید فریدریش (1774 – 1840) بروانینە ڕەگەزی سروشت ئاشکرا دەبینرێکە ئەو تێروانینێکی تەواو جیاوازی هەیە لە هونەرمەندەکانی تری سەردەمی خۆی. سروشت دەتوانرێت وەک سینۆنومی تابلۆکانی ئەو بەکاربهێنرێت. گەڕان بەدوای سیستمی کارکردنی ئەو و بینینی ئەو بۆسروشت پەیوەندی نیە بە ڕاڤەکردنی تابلۆکانی وەکو سوبێکت بەڵکو پەیوەندی بە دیدی ئەوەوە هەیە لە تێگەیشتن لە ڕەگەزی سروشت. ئەو لەتابلۆکانیدا وێنەیەکی وێناکراوی ڕەها پیشان ئەداتەوە کە خۆی ڕیسێپسیۆنەکەیەتی.

ئەو ئەڵێت : تەنها یاسای هونەرمەند سۆزی خۆیەتی.... تەنها سەرچاوەی ڕاستی



هونەر دڵی خۆمانە , تاکە زمان زمانێکی پاکی منا ڵانەی سانایە....قیمەت بدە بەو هەستە بێگەردە منداڵیەت کە لەناو خۆتا وە دوای دەنگی ناوەکی خۆتبکەوە .. کە ئەوە لایەنێکی خودایانەیە لە ئێمەدا و هەرگیز نامانرەنجێنێ.

کاسپەر داڤید فریدریش 1809 – 1810 "Abtei im Eichwald" / کۆلێکسیۆنی گالێری نیشتمانی کۆن – بەرلین

کورنێلیوس کورلیت لە کتێبەکەیدا (هونەری ئەلمانی سەدەی نۆزدە – 1907) لەسەر کاسپەر داڤید ئەڵێ: ئەوەنا کە بەدەستیهێناوە بەڵکو ئەوەی کە ویستوێتی گەیاندوێتی بە قوڵبوونەوەیەکی تازەی ویستگەیەک کە بەتەواوی لەسروشتەوە هەڵهێنجراوە.

"ویست" لەلای کاسپەر داڤید لەناو تابلۆدا نەبۆتە ئامانج بەڵکو لەلای ئەو ویستێکی میتافیزیکی لەدەرەوەی تابلۆدا کارا دەبێت. تابلۆکردن بۆئەو خەڵوەتێک بووە کە لە ڕوانینە تەئەمولییەکانیدا بە ئاشکرایی دەردەکەوێت کە ئەوسروشتەی ئەو خەیاڵە و لە سروشتی ناو خەون دەچێت. ئامانجی ئەو بریتی نەبووە لە پیشاندانەوەیەکی وەستایانە , یاخود بەرهەمهێنانێکی ماتریالی بەنرخ لە شێوەی تابلۆدا , بەڵکو ئەو تامەزرۆیی خۆیمان پیشانئەداتەوە لە تەئەمولکردنیدا بۆ سروشت.

ماکس ج. فریلێندەر کە نوسەرێکی مێژووی هونەرە 1947 ئەڵێت : بە بەراورد لەگەڵ ئەوچاوانەی کە "مانێت" بۆ بینین کردیەوە کاسپەر داڤید نەک هونەرمەندێکی بێهێزە بەڵکو هەر نیگارکێش نیە. لەلێکۆڵینەوەزانستیەکانی هونەری بینیندا لە ناوراستی سەدەی نۆزدە بەر تێما فیزیایەکانی بینین و کاریگەری تیشک دەکەوین کە دواتر لەلای هونەرمەندانی ئیمپرێشنیسم کار بەم میتۆدە فیزیاییانە کراوە. لەلای هەندێ توێژەرەوکانی هونەر ماتریالیانە کار لەسەر میتۆدی بینین دەکرێت. لە توێژینەوەکانی

ککلود مانێت 1863 "frühstück im grünen" / کۆلێکسیۆنی Mu-sée d'Orsay پاریس

تابلۆی قۆناغی ئیمپرێشینسمدا بینین لەسەربنەمای میتۆدی تیشک و فاکتەرە فیزیکالیەکانەوە زۆر بە ئاشکرا پەرە دەسێنێت , کە بەشێوەیەکی ڕوون خۆی جیادەکاتەوە لە تابلۆی سەردەمەکانی پێشوتر. جوانی لە تابلۆی ئیمپرێشنیسمدا جوانیەکە کە لە ڕێگەی تیشکەوە بەرجەستە بووە. سروشت بەشێوەی جیاواز

دەردەکەوێت. ڕاومی کات بەشێوەیەکی بەرچو ئامادەیە. " سروشت بۆخۆی چیە ؟" پرسیارێکە بەڵام "چاو چی دەبینێت" پرسیارێکی ترە.

لێرەدا پێویستە بە بەراورد لەگەڵ بینینی کاسپەر داڤید لەیادمان نەچێت کە ئەو نایەوێت جوانیەکی ماتریالی لەڕێگەی تەکنیک و دابەشکردنی تیشکەوە لەناو تابلۆدا پیشان بداتەوە . بەڵکو ئەو سروشتێکی میتافیزیکی پیشانئەداتەوە , کە پرۆسەی بینین تەواو ناکات , بەڵکو لە بینی تابلۆکانی ئەودا پرۆسەی بینین دەستپێدەکات.

هەرچەندە هونەرمەندانی وەکو کامیل کۆرۆت (1796 – 1875) و ولیام تێرنەر (1775 – 1851)لە ڕواڵەتدا زۆر لە ڕێرەوی کارکردنی کاسپەر داڤیدەوە نزیکن , لە پێسپێکتیڤی ئەوانیشدا سروشت ڕاومە پەیپێنەبراوەی دونیایە کە سیستمێکی جیاواز لە سیستمی هزر بەرێوەی دەبات. تێروانی سروشت بۆ ئەوانیش بە چاوێکی نەشارەزاوە و گەران بەدوای مەزنیدا زۆر بەروونی دیارە. بەڵام جیاوازیان لە خاڵێکدا زۆر چڕدەبێتەوە , ئەویش ئەوەیە , ئەوان کاری هونەریان ئەنجامداوە و نیگاریان کێشاوە. بەڵام تابلۆ لای کاسپەر داڤید تەنها نێوەندێکە بە بەرجەستەکردنەوەی هەستەکانی خۆی کە ڤیسوێل بینویەتی.

ولیام تێرنەر 1839 " Die letzte Fahrt der Temeraire" /
کۆلێکسیۆنی گالێری نیشتمانی – لەندەن

شت – پشتکردن

لە پشتەوە نادیارێکی نائارام بوونی هەیە کە .هەندێجار بوونێکی وەهمیە و هەندێ جار بە تاقیکردنە و ئەزموونە لۆگیکیەکان نائارامان دەکات. ئەوەی کە لە پشتی منەوەیە , ئەوەیە کە من نایبینم. هەرچەندە ئەگەر ئاوڕیش بدەینەوە ئینجا ئەوەی کە پێشتر بینیومانە دیارنامێنێ. مرۆڤ ناتوانێ لە "نەبینین" خۆی ڕزگار بکات. هۆریزۆنتی "نادیار"بەهەمان شێوەی هۆریزونتی "دیار" گەشەدەکات. ئەمە لۆگیکێکە کە ئێمە لەگەڵیدا دەژین.

هەستیاری ئەو ڕاومەی پشتمان لەوەدایە کە ئێمە تەنها بە تێگەیشتنی وێنەکانی بەردەم خۆمان پەروەردەبووین , ئەوەی دەیزانین ئەو زانیاریانەیە کە لە پێش چاوماندایە بەڵام ئەوەی لە پشتمانەوە ڕوودەدات هەمیشە فزولیترمان دەکات



لەوەی لە پێش چاوماندا ڕووی داوە. سروشتی مرۆڤ بریتیە لە بزواندن بەرەو پێشەوە. واتە ئەوەی کە دەکەوێتە پشتمانەوە هەمیشە بریتیە لەوەی کە دەیناسین و بەرێمانکردووە. ئەگەر ئیدراک ئەو هۆشیاریەمان بداتێ کە لە پشتمانەوە نەزاندراوێک یان نەناسراوێک بوونی هەیە ئەوا بەبێدوودڵی ئاوڕی بۆدەدەینەوە.

وشەی "ڕووبەروو بونەوە – ڕووتێکردن – ڕووبەروو وەستان .. هتد" هەر لەمانا سۆسیۆلۆگیەکەیەوە بیگرە هاتا مانا میلیتاری و سیمبولیەکەی بریتیە لەو بزواندنەی کە پێچەوانەبوونەوەی "پشتتێکردنە" لەجەنگدا , لەخۆشەویستی و غەزەلدا , مامەڵەی بازرگانی , پەرستن و بیروباوەر , تەئەموولی سۆفیانە , و لە هەموو کایە مرۆڤایەتیەکانی تر مرۆڤ ڕوودەکاتە ئەو شتەی کە لەو ساتەدا ئینترێسەی تەواوی بۆی هەیە , ئەوەی کە مەحکومە بە تێروانینی , ئەوەی کە خۆشی دەوێت وە یان ڕقی لێیەتی , ئەوەی کە دەیپەرستێ یان ئەوەی کە دەیەوێت لەناوی ببات.

لەو کاتەدا هەموو شتێکی تر دەکرێت لە پشتەوە بێت. تەنهاگرنگترین ئۆبێکت ئەوەیە کە من ڕووی تێدەکەم. کەواتە ئەگەر "بینراو" "Sichtbar" نیوەی ئەوراومەبێت کە لەپێش منەوەیە ئەوا "نەبینراو" "Unsichtbar" نیوەی دووەمی ئەو ڕاومەیە کە لە پشتی منەوەیە. بەڵام "روانین" لەو ئۆبییێکتێکە دەبێت کە من لە ساتەوەختێکدا دیقەتی دەدەم.

لە بەشێکی زۆری تابلۆکانی کاسپەر داڤید دا فیگەرەکان لە پشتەوە وێنە کێشراون. ئەگەر بە هەر مانایەک لە پشتتێکردنی فیگەرەکانی ئەو بکۆڵینەوە بۆ چاوی بینەر ئەوا لە بەردەمی ئەو فیگەرەدا تەنها یەک ڕەگەز هەیە بۆ بینین کە ئەویش سروستە.

کاسپەر داڤید ڤریدریش 1818 "der Wanderer über dem Nebelmeer" / کۆلێکسیۆنی هۆڵی هونەری هامبۆرگ- هامبۆرگ

ئەو دەیەوێت پیشانمان بدات کە فیگەرە مرۆییەکانی ناو تابلۆکانی وەکو کاراکتەری سەر شانۆ نایانەوێت دارشتنێک یان ئەکسیۆنێک بۆ ئێمە بکەن , بەڵکو ئەوانیش لە سروشت ئەروانن "تەئەمول دەکەن" دەیانەوێت لەو سیستمە تێبگەن.

ئەوەی کە گرنگە لێرەدا بوونی سروشت بریتی نیە لە بوونێکی پەیپێبراو بەڵکو بریتیە لە بوونێکی نەناسراو کە مرۆڤی فزولی کردوە بۆ تێگەیشتن لێی لەلایەک و لەلایەکی ترەوە نیگایەکی ناو نیگای ئێمەیە کە دەبێ بپرسین ئاخۆ ئەو کەسە تەماشای چی دەکات ؟ سروشت ئەو فاکتە ناسراوە نیە لە تابلۆدا. فیگەرەکان ڕوویان لە ئێمە نیە وەک ئەوەی لە سروشتی ناو ڕاومەکەی خۆیان تێگەیشتبن و بە ئێمەی بناسێنن , بەڵکو ئەوان نیگای ئێمەیان فەرامۆشکردووەو پشتیان تێکردووین , خۆشیان وەکو ئێمە تەماشای هەمان قو لای دەکەن کە ئێمەش تەماشای ئەکەین وەک ئەوەی هەردووکمان (ئێمە و فیگەرەکان) هەمان مێژوومان هەبێت و بڕوانینە هەمان گۆشە کە دوارۆژی هەردووکمان بێت.

ئەگەر ئەم دیدە ڕاست بێت ئەوا پێویستە چەند هەنگاوێک بگەڕێینەوە دواوە بۆ سەرهەڵدانی سەردەمی کۆپەرنیکی کە فزول وای لەمرۆڤ کرد کە لە قو لای جیهان بروانێت , چارەنوسی موسافیری بۆخۆی هەڵبژێرێت , و بچێتە ناو قو لایی سروشتەوە بۆ پەیبردن بەو جیهانە , کە سەرەتای سەرهەڵدانی قۆناغی داگیرکردن و کۆڵۆنیالیستیشی بەدوای خۆیدا هێنا. وە لەم چەرخەشدا ئەو فزولە بە تیۆرەی تر بردەوامی هەیە : کە"گەشتیاری" "tourism" وە هـــەروەهـــا کۆچکردن"Migration"دوومۆدێلی بـاوی ئـەو فـزولـەن. نیگاکردنێکی گەشتیاریانە – توریستیانە لە سروشت لە تابلۆکانی هونەرمەند پیتەر دۆیگ



ئەم وێنەیە بە یەکێك لەو تابلۆیانەی کە دادەنرێ بە سەرەتاییترین تابلۆیە کە تیایدا سروشت لە فۆرمی باخچەدا پیشانئەدرێت»لانی کەم لە هونەری ئەوروپادا» کە مێژوویەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نێوان ٧٦٠ بۆ ٨٠٠ ی زاینی.



(1959) سکۆتلاند جارێکی تر و بەمۆدێلێکی تر کە گۆشەنیگایەکی ئەفسوناوی ریالیستی لەسروشتەوە وێنەدەکات بەڵام تابلۆکانی کاراکتەرێکی فۆتۆگرافیانە / پۆسکارتیانەی پێوەیە کە بینەر هەست دەکات بەچاوێکی توریستیانە تەماشای سروشت دەکات.

پیتەر دۆیگ " Red Boat (Imaginary Boys) " , 2004 www.artnews.org/peterdoig

سەرچاوەکان :

Theologie als Wissenschaft im Mittelalter. Texte, Überset—zungen, Kommentare. Ein Studienbuch

Eisler, Rudolf: Philosophen-Lexikon. Berlin 1912, S. - 781-Vanini, Lucilio

Kunst der Gotik: Klassische Kathedralen Frankreichs Char—tres, Reims, Amiens von Hans Jantzen und Hans-Joachim (Kunst von Reimer (Taschenbuch - 1987

Die Kunst der Gotik - Architektur, Skulptur, Malerei. von- Toman Rolf und Achim Bednorz: von Köln, Könemann Ver-(lag, (Gebundene Ausgabe - 1998

"- Es war einmal... die Entdeckung unserer Welt - تەنها جارێک بوو ... دۆزینەوەی جیهانەکەمان" زنجیرەی وێنەی کارتۆنی فەرەنسی

Die Kunst und Wunderkammer : ein Sammlungstyp zwis-chen Mythos und Wissenschaft / Klaus Wolbert

Casper David – Friedrich und Wahrnehmung von der Rück-enfigur zum Landschaftsbild- Kunstgeschichte / Band 59 / Ewelina Rzucidlo 1997 – freie Universität Berlin

Casper David Friedrich (Deutungen im Dialog) / Gisela - Greve(Hg.) – 2006/Berlin

Seminar „touristischer Blick“ bei Helmut Hartwig / Institut -

für Kunst im Kontext –Wintersemester 2010

:Internet Links

/http://www.auktionshaus-stahl.de-

http://www.mediaevum.de/theol3.htm -


http://www.michael-giesecke.de/c-ms -

http://www.guenter-lehnen-koeln.de/ -zu “Kölner Museen” -

-Klassische und moderne Malerei -Stil-Epochen



نیگاری « بیهرام لەکاتی گوێگرتن لە شازادە کە چیرۆکی بۆ دەگێڕێتەوە. لەیل و مەجنون , ئەلیاس ئبن یوسف نیزامی لەنێوان ساڵانی ١١٥٠ – ١٢٠٠ ز



فرانس موشر – گۆستێن (مونشنگلاتباخ) ١٨٧١
«کەشتی لەسەر دەریایەکی بزواو» /
کۆلێکسیۆنی مارینەمالەر - هانبورگ





چەفتەی پاراستنەکەی مادۆنا , پێدرۆ دیلا فرانسیسکا , ١٤٦٠



نیگاری میناتوری «مارکۆپۆلۆ» ١٣٢٤ – سەرچاوە / کتێبی : The Travels of Marco Polo

# هونەری خاکیی ژاپۆنیی

بەیان سەلمان
ماستەر لە زمان و ئەدەبی فرانسی- پاریس

هونەری خاکیی یاخود سەرەتایی، بە یەکێک لە هونەرە هەرە وروژێنەرەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێ. دیارە ئەم جۆرە هونەرە لە دایک بووی کاتێکی لە ناکاودا نییە، بەڵکو هەموو بزووتنەوە هونەریەکانی پێش خۆی لە دادایزم و سوریالیزم کاریگەریی زۆریان بە سەر گەشەکردنێوە هەبووە.

ئەگەر هونەری دیکە واتە هونەر بە گشتی لە پلەیەکی باڵادا تەماشا بکرێ، ئەوە هونەری خاکیی جێگەیەکی تایبەتی لە هونەری گشتیدا هەیە. هونەرمەندانی ئەم بزووتنەوەیە خۆیان لە ئاستی نائاگایی دەدەن، پانتاییەکی نوێ دادەهێنن تێیدا جۆرە شێتی و وڕێنە و خولیای بابەتێکی نائاسایی دەیان وروژێنێ. هونەرێکی سرووشتی دادەهێنن کە خۆی لە هونەری سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی دەدا هەر بۆیە هەندێ جار ناچارین بەناوی هونەری سەرەتایی ناوی بەرین. بۆچوونی تابەتی هونەرمەند بۆ شتە خاکییەکان بڕیاری درووستکردنی ئەو پانتاییە نوێیەدا دەدا کە خۆی لە پانتایی فێرگە هونەریەکان بەگشتی جیادەکاتەوە و هەتا ڕادەیەکیش خۆی دوور دەخاتەوە.

ئەم جۆرە هونەرە بە هونەری ناوەڕۆکی تاکی هونەرمەندیش لە قەڵەم دەدرێ. بەو واتایە کە باس لە پانتایی نوێ دەکەین، ئەوە باس لە خودی هونەرمەند خۆی دەکەین کە ئەو بابەتانەی





لە ناخیدایە و ناوەوەی هەڵئاوساندووە دەوروژێنێ، هەر ئەو بابەتەشە کە دواتر پانتاییەکی هەمەڕەنگ و هەمەجۆری نوێ درووست دەکاتەوە. جگە لە هەمەدەنگی هونەرمەند کە بە هاوکاریی ئەو کەرەستە و بابەتانەی لە ژێر دەستیدایە بۆ بەرهەمهێنانی بابەتەکەی، دەربڕینی هونەریی سەرنج ڕاکێش دادەهێنێ، لە هەمان کاتدا فۆرمێکی تاک و دەگمەن دەخوڵقێنێ کە لە فۆرمە نەریتیەکانەوە دوورە.

زۆربەی کات هونەرمەندی ئەم بوارە داهێنان لە خۆ دوورخستنەوە لە شوێن و ڕەنگە لە کاتیش درووست بکات بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوە بەرهەم بهێنێ کە خۆی چاوەڕێیەتی. تەنانەت هونەرمەندانێک هەن کە نەخۆشیی دەروونیی زاڵە بەسەریاندا، یاخود لە نەخۆشخانە دەروونیەکان لە ژێر چارەسەری دەروونیدان و ئەو داو و دەرمانانە دەخۆن کە تووشی وڕێنەیان دەکات و بە بۆچوونی خۆیان هەر ئەوەیە کە هانیان دەدات بابەتی نوێ و سەیر داهێنن. هەمیشە نوێگەراییش لە سەرەتادا سەیری تێدایە.

سەرەتاکانی هونەری خاکیی، سەرەتایی یاخود هونەری سرووشتیی، هەتا ڕادەیەک بابەتەکەی بە لادان لە فۆرمە هونەریە ناسراو و نەریتیەکان لە خشتە دەدرا، لەلایەکی ترەوە بە تێکشکانی یاسای هونەری فێرگە و خویندنگە هونەریەکان تەماشا دەکرا، بەڵام هەر ئەم لادانەشە لە یاسا هونەریەکان



که لەم سەردەمە نوێیەی ئێمەدا ئەم جۆرە هونەرە خۆی سەپاندۆتە سەر چەمکی هونەر بە گشتی و پسپۆڕانی بواری هونەریی ناچارکرد بیرو ڕایان سەبارەت بەم جۆری هونەرە بگۆڕن و بە داهێنان لە قەڵەمی بدەن.

ئەمرۆکە هونەری سەرەتایی بە خۆ نەبەستنەوە بە قاڵبە هونەریەکانی ترەوە و خۆ زیندان نەکردنی لە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراودا، چەمکێکی هونەریە و مێژوویەکی بۆ خۆی پێکهێناوە کە کەس ناتوانێ پشتگوێی بخات و هونەرمەندانی بە توانای خۆی هەیە کە بەردەوامیی بەم ڕەوتە دەدەن.



نزیکەی شەست هونەرمەندی ژاپۆنی لە بەشدارییبوانی پێشەنگایەک لە هۆڵی سان پییێر لە پاریس، کەم ئەندامی مێشکن، یاخود لە نەخوشخانە دەروونیەکان ماوەیەکیان بەسەر بردووە. هەر ئەم لایەنەشە هونەرێکی سەرەتایی درووست کردووە و ئەزموونی ئەو هونەرمەندە پەراوێزکراوانەی جیاکردۆتەوە هەتا بکەوێتە بەر چاوی جەماوەر. جگە لەوەی بواری بۆ ئەو هونەرمەندانە ڕەخساندووە بە شێوەیکی سادە و ساکار هونەرێک بەرهەم بهێنن خۆی لە هونەری باڵا دەدات و هەتا ڕادەیەکی زۆریش بە ئاڵۆز تەماشا بکرێ و گرێ و سیمبولە نهێنیەکانی نێو تابلۆ و کارەکان بە ئاسانی هەڵنەهێندرێن.

ئەم پێشەنگایە هەروەها پێ لەسەر لایەنی جووڵە لە کارەکاندا دادەگرێ. تەماشاکەران دەباتە نێو ورێنەی هونەرمەندەکان، تارماییەک درووست دەکات لە نێوانیدا سنووری ڕاستی و ئەندێشە وەک هەموو بەرهەمێکی گرنگ جیاناکەینەوە.
هەتا چ ڕادەیەک بەرهەمێکی هونەری خاکیی لە ڕووی هزرەوە جێلەقمان دەکات و دڵە ڕاوکێمان لا درووست دەکات؟ و هەتا چ ئاستێک تەماشاکەر دەتوانێ خۆی لە حوکمدان بەسەر بەهای بەرهەمەکاندا دوور ڕابگرێ؟

ئەو بەرهەمانەی لە دەوروبەری بینای بەرز و شێوە تێکچوون، ڕەنگی زەق و سەرنج ڕاکێشەر، هێڵی کێشانی منداڵێک و ژنێک و پیاوێکی سەیر، دیمەنی ئاژەڵ، و گیانەوەر و ڕوەک، تەنانەت شێوە ئەندازەییەکان و تێکەڵکردنیان بە بابەتی سادە و ساکار و چرچ و لۆچیی و چەوتی زۆربەی بابەتەکان، هەمووی خۆی لە پێچاوپێچەکانی نێو خەونێکی ترسناکی ئەو هونەرمەندانە ئاشکرا دەکات. کێشانی پیتی زمانێکی نەناسراو، ئامادەکردنی دەستنووسێکی ئیدیۆگرام، واتە ئەو پیتانەی لە سیمبول پێکهاتوون، هەموو ئەمانە بەرهەمی ڕەسەنی ئەندێشەی ئەو هونەرمەندانەیە. ئەوان جیهان بەو شێوەیە دەبینن، ڕەنگە هەتا ڕادەیەک ڕاست بێ ئەگەر بڵێین، لە بۆچوونی ئێمەوە، ئەوان دونیا بە وەرگێڕاوی دەبینن، وەلێ لەلای خۆیان ئەوان دونیا بەو شێوەیە دەبینن کە لە کارەکاندا بەرهەمیان هێناوە. هەر ئێرەشە سنووری پانتایی



نێوان ڕاستی و خەون و هۆش و ناهۆش دەبڕێ و هەموو شتێکمان لەلا تێکەڵ دەکات. ئەو هونەرمەندانە لێهاتوانە جیهانێکمان لە خەیاڵ بۆ درووست دەکەن و بێ مەبەستی خۆیان سەرمان لێ دەشێوێنن. ڕاستی ئەوان خەونی ئێمەیە، خەونی ئێمەش ئەو ڕاستیەی ئەوان بەرهەم دەهێنێ بەڵام بەلا جوانەکەیدا.

لە کۆمەڵگەی ژاپۆنی کە هەموو شتێکی ژیان بە وردیی حیسابی بۆ کراوە و ڕێکخراوە، دەرندەترین دوژمنیان مەسەلەی لە نەکاو و لە پڕدایە. ئەو کۆمەڵە بێ یاسا بڕ ناکات و بێ دسپلینیی قبووڵ ناکات. کۆمەڵێکە هەمیشە مرۆڤەکانی لەسەر کلتوور و نەریتێکی دیاریکراو ڕاهێناوە، هەرچی چەکی لادانە لە یاسای ئەو کۆمەڵە لە دەستیانی دەرکردووە. کۆمەڵێکە تێیدا سۆز و دەربڕینی هەست جێی نابێتەوە. هەر لێرەوە هونەری سەرەتایی لە کۆمەڵی ژاپۆنی دێریندا بە هونەرێکی لادەر دادەنرا و پلەی ئەگەر و نەگەری ڕەتدەکردەوە، وەلێ لەم سەردەمە نوێیە ئەگەرچی لە وڵاتێکی وەک ژاپۆن



ژیان ئاڵۆزتر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەرگایەکی نوێیان بەرامبەر بەم هونەرە کردۆتەوە و وەک هەموو فێرگە هونەریەکانی تری نێونەتەوەکان پسپۆڕان نەیانتوانی بۆ هەتا هەتایە بە هونەرێکی پەراوێز و لاوەکیی تەماشای بکەن، ئەوانیش وەک پاریس و نیویۆرک و لەندن و بەرلین ملکەچی داهێنانی ئەو هونەرمەندانە بوون کە لە قووڵایی نائاگاوە بەرهەمێک دادەهێنن پڕ لە جوانی و یاسای ئیستاتیکی تێدا ڕەچاوکراوە و پرسیاری ئەوەمان لەلا دەوروژێنن: کێ دەڵێ کار و بەرهەمی کەسانی کەم ئەندام و نەخۆشە دەروونیەکان و پەراوێزکراوەکانی کۆمەڵگە، هونەر نین؟

# درەختی ژیان؛
# فیلمێکی هایدێگەریی، یان سلۆتەردایکی

**لەناو دازایندا حەزێکی بنەڕەتی هەیە بۆ نزیکایەتی. هایدێگەر.**

بەکر عەلی

دەشێت لە بیرکردنەوەی فەلسەفیدا پرسیار لە ماکرۆکۆسمۆس و میکرۆکۆسمۆس بکرێت و قووڵ بمانباتە پێچاوپێچە تاریکەکانی ئەم دوو گەردوونە گەورە و بچووکەوە .ئەوە کاری بیرکردنەوەی فەلسەفەیە بیر لە بوون و نەبوون،لەعەقل و ڕۆح و ئێتیک و مۆراڵ،جوانی و دزێوی،چاکە و خراپە بکاتەوە .بەڵام داخۆ کارێکی وەها شیاوە لە سینەمادا ئەنجام بدرێت. ئایا کارێکی سینەمایی چۆن دەتوانێت بە زمانێکی بڵاو و سادە ئەم پێچ و پەنایانەی گەردوونە بچووک و گەورەکە بخاتە پێش چاوی بینەر،ئایا سینەما ئەوەی پێ دەکرێت کە کارێکی فەلسەفی دەتوانێت پێی بکرێت .ئەمە پرسیارێکە هەندێکجار چۆتە نێوەندە فیکری و هونەرییەکانی خۆرئاواوە و لە هەموو بارێکیشدا چەند نموونەیەک لە کاری سینەمایی سەرکەوتوو شک دەبرێت کە تەبایی ئەو دوو جیهانە پێکەوە پیشان دەدات. فیلمەکانی دەرهێنەری گەورەی ڕووسی سێرگی ئایزەنشتاین،وەک فیلمی ((سەرمایەی مارکس و یۆلیسیس))،وە فیلمەکانی ستانلی کۆپریک و فیلمە پسایکۆییەکانی هیتچکۆک و گەلێک دەرهێنەری تر. بەڵام هیچ کام لەو دەرهێنەرانە پاشخانێکی فەلسەفی



گەورەی وەک دەرهێنەری ئەمریکی تێرەنس مالیک شک نابات کە وەها سەرکەوتووانە توانیبێتی پرسیارەکانی بوون و گەردوونمان بۆ بخاتە جیهانی سینەماوە .

تێرەنس مالیک Terrence Malick ئەو دەرهێنەرە سینەماییەی هۆلیوودە کە فەلسەفەی خوێندووە و لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کاری کردووە، دواتر ڕوویکردۆتە بواری فیلمسازی. مالیک زۆر لەژێر کاریگەری فەلسەفەی بوونگەرایی کیرکیگارد و هایدێگەردایە و کتێبێکی هایدێگەری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و جارێکیش وەک حەجکردن سەردانی کوخەکەی هایدێگەری لە دارستانی ڕەش کردووە. ئەو بە چەند فیلمێکی کەم وەرچەرخانێکی گەورەی بە سەر سینەمای هۆلیوود دا هێناوە. فیلمەکانی وەک ((بەدستان - Bad-land)) وە ((ڕۆژانێکی بەهەشت Days of Heaven)) و ((قەراغە باریکەکە)) و ئەم فیلمە نوێیەشی ((درەختی ژیان)) کە لە فیستیڤاڵی کان لە ساڵی2011دا بەرزترین خەڵاتی هەڵسەنگاندن ((دارخورمای زێڕین)) ی پێدرا و وا چەند ڕۆژێکە لە سینەماکانی ئەڵمانیادا نمایش دەکرێت،تێکڕا بوونەتە شاکارەکانی فیلمە فەلسەفییەکانی دنیای سینەما.

ئەگەرچی کەمجار لە سینەمادا تێزە فەلسەفییەکان و پرسیارەکانی بوون و بنەڕەتی گەردوون و ژیان لە کارێکی سینەماییدا سەرکەوتووانە بەرجەستە دەکرێت، بەڵام تێرێنس مالیک ئەو دەرهێنەرە مەزنەیە کە زۆر سەرکەوتووانە لە سەرجەمی فیلمەکانیدا توانیویەتی ئەو توخمە فەلسەفی و هونەرییانە کۆمبیناسیۆن بکات و لەسەر شاشەی سینەمادا پێکەوە بیستن و بینینمان ئاوێتە پێ بکات و دەرەنجامەکەشی لای بینەر بریتی بێت لە وروژاندنی پرسیارەکانی هەبوون و ژیان،یادهێنانەوەی شتە بنەڕەتییەکانی بوون بێت لە نێو زۆری و قەرەباڵغی شتەکان و بوونەوەرەکاندا مرۆڤ بەرەو ئاسۆی کات و مێژوو لەنێو جیهانێکی لەبیرکراودا ببات. فیلمەکانی تێرەنس مالیک تێگەیشتنێکی جیاوازت سەبارەت بە سینەما لا دروست دەکەن، ئەو سینەمات لا دەکاتە کۆچەمکێک لەسەر دەنگ و کارەکتەر و وێنە و گێڕانەوەیەکی ناباوی ژیان. ئەو زۆر دژە ئەبستراکت و دژە ڕەمزی و دژە مۆدێرنیست و دژە کولتوری باوە. هەڵبەت ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە،کە تێگەیشتنی ئەو

بۆ ژیان لەفەلسەفەی هایدێگەرەوە هاتووە . هایدێگەریش ڕیشە بنەڕەتییەکانی بیرکردنەوەی لەجیهانی گریکدا بینیوەتەوە . هایدێگەر پێیوابوو گریکەکانی زوو،سروشتیان وەک کۆمەڵێک سوبیەکتی جێگیر نەبینیوە . .ئەوان بۆ سروشت زاراوەی فیسوس Phisus یان بەکارهێناوە،کە واتای ئەوەی دێتە – ئارابوون دەگەیەنێت،هاتنە بوونیش واتە ئەوەی خۆی دەردەخات. بوونیش لای هایدێگەر بریتییە لە چوونە دەرەوە و لەدەرەوەدا بوون.ئەمەش خەسڵەتی کراوەیی بوونمان پێ دەڵێت کە کرۆکی فەلسەفەکەی هایدێگەرە .

هەڵبەت لای هایدێگەر جیهان بەرامبەر سوبیەکتەکان ناوەستێتەوە،واتە جیهان بریتی نییە لە سوبیەکتەکانی نێو سروشت ( (ئاو،ئاگر،خاک ، ئاو و دارستانەکان و ئاسمان)) کە بیرکردنەوەی میتافیزیکی باو پێی وابوو،ئەم دیدە عەقلانیەتی دیکارتیش دەگرێتەوە . بەڵکو جیهان بەشێکی بنەڕەتییانەی ژیان و بوون و دازینە .

ئەم فیلمەی مالیک،لەپاڵ فیلمەکانی تریدا، ( (بوون)) وەک ئەو کۆمەڵە وێنە بزێوەی نێو ( (کات)) پیشان دەدات،کە لە وەستان و گەشەکردن ناکەوێت. مرۆ لە ناونیشانەکەیەوە دەتوانێت درەخت بکاتە میتافەرێک بۆ گەشەکردنی ژیان و گۆڕانبوون. ژیانیش بریتی نییە لە توخمە بنەڕەتییەکان بەڵکو بریتییە لە لەگەڵدابوون،واتە لە پەیوەندی. بەڵام ئێمە چیمان لە بوون و لە ژیان و لە پەیوەندی کردووە . ئایا ئێمە دەزانین بۆچی هەین،دەزانین چۆن لەنێو بووندایـن. گریکەکان ئەم پرسیار و وەڵامانەیان بە بیرکردنەوە و هونەر و ئەفسانە دابۆوە . بەڵام ئێمە چۆن بوونمان لەیاد کرد؟

ئێمە لەکوێداین،کاتێک دەڵێین لە شوێنێکداین؟ ئەو ڕستەیەی سەرەوەی هایدێگەر دروست دەستنیشانی ئەوە دەکات کەوا ئێمە لەگەڵ ئەوانیترداین،واتە هەمیشە نزیکایەتییەکمان لەگەڵ خۆماندا هەڵگرتووە، ئێمە لەنزیکایەتی و لە پەیوەندیداین.ئەمەش ڕەهەندی شوێنە وجودییەکانمان بۆ دەکێشێت کە فیلۆسۆف پیتەر سلۆتەردایک لە پرۆژە زەبەلاحەکەی سێینە کتێبی ( (کایەناسی))دا وردو قووڵ خستویەتیە ڕوو.

فیلمی (درەختی ژیان) گێڕانەوەی یادەوەری و مێژووی منالێکە،هەر زۆر زوو منالێتی خۆی،واتە شوێنە وجودییەکانی خۆی، ونکردووە،منالێک،بە



دیوێکدا منالێتی خۆی لەنێو ترس و ئازاردان و سزاکانی باوکیدا وە بینینی مەرگی برایەکی،بەدیوێکی تردا لەنێو سۆزومیهرەبانی دایک و شادمانبوون بە لەدایکبوون و هاتنە جیهانی برایەکی تریدا دەژێنێت. لێرەوە پاڵەوانی گێڕانەوەکە (جاک) ،کە ئەکتەری بەتوانا ( شۆن پێن) یاری ئەم ڕۆڵە دەکات، لەسەرەتاوە تاکۆتایی فیلمەکە بەنێو ڕاڕەوەکان و لیفتەکانی باڵاخانە مۆدێرنە شووشەبەند و ئاوێنە بەندەکانی ئەمەریکادا وەکو ئەرشیتێکتۆرێک دێت و دەچێت،سەردەکەوێت و دێتەوە خوارەوە،کاتێک بە لیفتەکە سەردەکەوێت بیر لە هەڵکشان و گەورەبوون دەکاتەوە،کاتێک دێتەوەخوارەوە،ئاوابوونەکان و مەرگ و کۆتاییەکانی دێتەوە یاد. مالیک ئەم پاڵەوانە وەک ( (ڕۆحە بزرەکەی جیهانی مۆدێرن)) و وەک ( (بوون لەیادکردن)) کارەکتەرکردووە . پاڵەوانێکە لەگەڕاندایە بە شوێن مانای بوون دا ،بەشوێن باوک دا،بەشوێن یەزداندا،بەشوێن پەیوەندییە هەستدارییەکان و ئینتیمیتێت دا،بە شوێن ئاشتبوونەوەدا،گەڕانە بەشوێن کایەکانی پێکەوەبوون دا .

دەستپێکی فیلمەکە بە پرسیاری یەزدان لە مرۆڤ دەستپێدەکات کە لە کتێبی ئەیوبی پێغەمبەرداهاتووە : ( ( تۆ لە کوێ بوویت،کە من زەویم دامەزراند،پێم بڵێ گەر دەیزانیت؟)). گەرچی ئەمە نەفەسێکی ئاینە مۆنۆتایزمەکانی تێدایە،کە پێیانوایە یەزدانێک گەردوونی دروستکردووە،بەڵام بە پێی تیۆرییە ناسراوەکە،دواتر دەرهێنەر تەقینەوە گەورەکەشمان پیشان دەدات کە لێوەی گەردوون بە هەموو هەسارەکان و زیندەوەرەکانییەوە هاتوونەتە ئاراوە . لێرەوە فرەکەرتبوونێک دەکەوێتە نێو ئەو بەرهەمەی (گەردوون) کە یەزدان دروستی کـردووە . فیلمەکە پتر بە وێنە دروستبووە و زۆر کەم قسەی دیالۆگی تێدایە،بۆیە دەبێت لە وێنەکانەوە پشتخانە فیکرییەکە وەربگرین.وێنەکان فینۆمینۆلۆگیای گەردوونن. گەردوون و کۆسمۆس لە قەبارە گەورەکەیدا دەردەکەوێت بە هەموو توند و تیژی و زەبرەکانی خۆیەوە،بە گڕکانەکانەوە،بە بەردەئاگرینەکانیەوە،بە زریانەکانیەوە،بە هێزە دڕندەکەیەوە،بەو دیناسۆرانەی لە پێناوی مانەوە لە ژیاندا لەململانێدان،پێمان دەڵێت ژیان ژیانە بۆ مانەوە لە ژیاندا . لەهەمان کاتدا دیوە جوان و نەرمەکەی سروشتمان پیشان دەدات. زیندەوەرە ئاوییە نەرمەکان،پەپوولە و سروشتی تاڤگە و مێرگە دڵڕفێنەکان

و دارستان و خۆر و ئاسمانە دڵگیرەکەی سروشتیشمان وەکو کایەیەکی کراوە پیشان دەدات. وەک ئەوەی پێمان بڵێت لەنێو سروشتدا دووانەیەکی لێدژ هەیە کە هەموو ماکرۆکۆسمۆس و میکرۆکۆسمۆس دەگرێتەوە. دیالەکتیکی سروشت و ژیان لەنێوان ئەو دووانە لێکدژانەدا جووڵە و گەشە و گۆڕانکاری دەکات. بە کورتی بابڵێین مالیک کار بەو تێگەیشتنەی هایدێگەر دەکات کە پێیوایە سروشت فینۆمینێکی جێگیر نییە،بەڵکو بەشێکە لە بوون،وە بۆئەوەی لە مرۆڤ تێبگەین دەبێت لە بوون تێ بگەین. هایدێگەر وەهای کرد بۆ تێگەیشتن لە بچووک (مرۆڤ)،سەرەتا دەبێت لە گەورە (بوون) بگەین.بەنموونە ئێمە نازانین دەست،قاچ،چاو و ئەندامەکانی تر چین ئەگەر نەزانینی ئەمانە ئەندامێکن سەر بە جەستەن. بەهەمان ئەم دیدگایە مالیک بۆ ئەوەی لە پەیوەندییەکانی ژیانی مرۆیی و لە جەوهەر و چییەتی مرۆڤ تێ بگات،سەرەتا چییەتی گەردوونمان بۆ دەخاتەڕوو،کە هەڵگری چ ناکۆکییەکە لەنێو خۆیدا،مرۆڤیش وەک دیاردەیەکی سروشتی هەڵگری ئەو دووانەلێکدژانەیە.

لەسەر ئاستی دازاینیشدا،واتە لە ژیانی مرۆییدا،ژیانی خێزانێکی ئاساییمان پیشان دەدات. خێزانی ئۆبراین،کە ئەکتەری ناودار ((براد پیت)) ئەم یارییە دەکات، ئەم خێزانە ژیانێکی تەواو ئاسایی لە ساڵانی پەنجاکاندا لە تەکساس دەژی.لە نێوانیاندا ترس هەیە و هەروەهاش خۆشەویستیش هەیە،کامەرانی هەیە و دڵتەنگیش هەیە،ڕق هەیە و سۆزیش هەیە،دەسەڵات هەیە و گوێڕایەڵیش هەیە، فەرماندەر هەیە و جێبەجێکەریش هەیە. وەک ئەوەی دەرهێنەر مەبەستی لە گەیاندنی ئەو پەیامە بێت کەوا مرۆڤیش فینۆمینەیەکە لە سروشتدا و ئەمیش لە ژێر جەبری ئەو دووانە لێکدژانەدا بەندبووە. بەڵام ئەم خێزانە، وەک نموونەیەکی بچووککراوەی گەردوون،واتە میکرۆکۆسمۆسێک لەناو ماکرۆکۆسمۆسدا، لەناکاو هەواڵی مەرگی کوڕە نۆزدە ساڵانەکەیان پێدەگات و ئیدی کەلێن و دڵەڕاوکێ ڕۆحی هەموویان دەهەژێنێت. ئەگەرچی دەرهێنەر شتێک لەسەر ئەم هەواڵەمان پێ ناڵێت،بەڵام بینەر دەتوانێت وای بۆ بچێت کە دەشێت لە حەفتاکاندا لە شەڕی ڤێتنامدا کوژرا بێت،چونکە ئەو لە پەنجاکاندا لەدایکبووە و لە 19 ساڵیدا دەمرێت.



کەواتە وەکچۆن سروشت وگەردوون لەیەککاتدا هەڵگری نەرم و ڕەقیین ،ئەوا دازاینی مرۆییش هەمان دۆخ دەژی. لێرەوە دەرهێنەر فەلسەفەی خۆی دەگەیەنێت و پێمان دەڵێت کە دووڕێگە بەنێو ژیاندا درێژبۆتەوە ((ڕێگەی سروشت)) و ((ڕێگەی بەزەیی)) ئەم دووانە میتافیزیکییە سەرەتا بینەر سەرچاوەکانی نابینێت، داخۆ لە ئەتمۆسفێرێکی دینیدایە،یاخود ئۆنتۆلۆگی و فینۆمینۆلۆگییە. بەڵام دوواتر دەبینین ئەم دوو ڕیگەیە بەنێو تەواوی دیمەنە گەردوونییەکان و مرۆییەکانی ژیاندا خۆی درێژدەکاتەوە و لە وێنەگەورەکەدا ((گەردوون)) دەگرێتەوە و لە وێنە بچووکەکەشدا ژیانی خێزانی ئۆبراین پیشان دەدات.

دیمەنەکانی سەرەتای فیلمەکە تەرخانە بۆ خستنەڕووی ڕێگەی سروشت،واتە تەنەڕەقەکانی وەک گڕکانەکان و بەردەئاگرینەکان و تاڤگە و زریانەکان و هەسارەکان و ئاژەڵەدڕندەکان و زیندەوەرە ئاوییەکان،وەک ڕووەگەورەکەی گەردوون و سەرهەڵدانی سروشت و هەسارەکان . لێرەدا دوو دیوی ناکۆکی سروشتمان پیشان دەدات،میتافیزیکای ئەم فیزیکەمان بۆ دەخاتەروو. واتە ترس و جوانی لە سروشتدا.هەروەها هەمان ئەم دوو خەسڵەتە لە ڕووە بچووککراوەکەدا لە نێو دازاینی مرۆییدا،خێزانی ئۆبراین وەک نموونەیەک. لەم خێزانەشدا وەک سروشت ئارامی و ئاسوودەیی هەیە،هەروەک چۆن ترساندن و سزادان هەیە. لە سروشتدا شەڕێکی بێبەزەییانە هەیە لە پێناوی مانەوەدا،وەک داروین و نیتچەش سەلماندوویانە. لەژیانی مرۆڤیشدا ئیرادە هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپەکاندا،ئارەزوو هەیە بۆ سەرکەوتن.باوکەکە جارێک بۆ مناڵەکانی دەگێڕێتەوە کە ئەو حەزی دەکرد ببێتە موزیککار،بەڵام نەیتوانی و شکستی هێنا،بۆیە مەشق و ڕاهێنان بە مناڵەکانی دەکات تاوەکو بەهێز بن لە ڕووبەڕووبونەوەی کێشەکانی ژیاندا و زاڵبوون و سەرکەوتن بەسەریاندا.لێرەدا مەشق دەبێتە ڕێچکەی خۆدروستکردن،تەکنیکێک کە پیتەر سلۆتەردایک پێیوایە تەواى مێژووی مرۆڤ بریتییە لە مێژووی مەشقکردن و ڕاهێنان . لە سروشتدا شەڕێکی بێبەزەییانە هەیە ((لەپێناوی مانەوە))دا،زیندەوەرەکان گەشەکردنیان لە ململانێوە بووە،وەک داروین تیۆرەی کردووە،هەموو زیندەوەرێک لەسەر حسابی ئەویتر ماوەتەوە. بەڵام بەرامبەر بەمەش ڕێگەی

((بەزەیی)) ئامادەیی خۆی هەیە،ڕێگەیەکە سۆز و خۆشەویستی دەئەفرێنێت. لێرەدا دەرهێنەر وێنەیەکی گرنگی ئەم ڕێگەیەمان پیشان دەدات.دیناسۆرێکی بچووک بەزامداری لە ڕۆخی چەمێکدا کەوتووە،دانەیەکی تر لە زلەدڕەکان دێتە سەری پەلاماری بدات،پاش کەمێک تەماشاکردنی دەبینێت زامدارە و بە پەلەقاژەکردنەکەی داوای نوزەی بەزەیی پیداهاتنەوە دەکات،بەجێی دەهێڵێت و هیچی لێ ناکات. ئەمە بریتییە لە ((یەکەمین بەزەیی)) لە بری یەکەمین گوناە. ئەمە دیمەنێکە بۆ فینۆمینۆلۆگیای بەزەیی گیانەوەران،کە پێمان دەڵێت لەجەوهەری هەموو گیانەوەر و بوونەوەرێکدا نەرمایەتی و سۆزیش هەن.ئەم گرتەیە،ئەم فینۆمینە بۆ من هێندە مایەی تێڕامان بوو،چەندەها پرسیاری مۆرالی و وجودی و کولتوری لا دروست کردم. ئایا مرۆڤ لە جیهانی ئێمەدا خۆی لە خەسڵەتە دڕندەییەکان داماڵیوە.ئایا هیومانیزم لای ئێمە بووەتە پرۆسێسێک وا بکات مرۆڤایەتی مرۆڤ پەروردەبکات بۆ خۆشویستنی مرۆڤی برای.ئایا ئێمە هێشتا گورگین بۆ یەکتری وەک هۆبز دەڵێت. واتە هێشتا ئێمە لە قۆناغی بەرمرۆڤداین. ڕووداوەکانی کاتی خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی جارێکی تر ئێمەیان خستەوە بەر پرسیاری ئەوەی دەبێت ماهیەتی مرۆڤایەتییانەمان پەروەردەبکەینەوە. ئایا مرۆڤەسیاسی ودەسەڵاتدارەکانمان لەم گیانەوەرە زلە بێبەزەییترن کاتێک هاوڵاتییانی خۆیان بە ئاگر و ئاسن داپڵۆسی. لەڕاستیدا ئەوەی فەرمانی کوشتنی هاونیشتمانیان دەردەکات و ئەوەشی جێبەجێی دەکات پێویستە بخرێنە بەر خوێندنی خۆپەروەردەکردنەوەی ماهیەتە هیومانیزمەکەیان و هێزە نەرمەکانی ناوەوەیان ئەکتیڤ بکەنەوە. ژیانی سیاسی و فەرهەنگی ئێمە هەموو خەسڵەتە نەرمەکان و هەم و سۆز و میهرێکی پاسیڤکردووە. دەبێت بزووتنەوەیەکی ڕوناکبیری و هونەری و پەروەردەیی بێتە ئاراوە بۆ ئەکتیڤکردنەوەی هێزەنەرمە هیومانیزمیەکانمان. لێرەدا ئێمە بەر تێزەگرنگەکەی فیلۆسۆف پیتەر سلۆتەردایک دەکەوین،بەوەی خوێندنگای مرۆڤایەتی شکستی هێناوە لە پەروەردەکردنی مرۆڤێک کە دڕندە نەبێت،بۆیە پیویستە هیومانیزمێکی نوێ بهێنرێتە ئاراوە بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤ و بۆ لەدڕندەخستنی مرۆڤ.وە ئەو کارەساتە دراماتییکیەی ئێستا لە شێوازی ژیانمادایە،دەبێت بیگۆڕین،چونکە شێوازێکی هەڵەی ژیانە،دەبێت وا



بژین هونەری ژیان نەرم و سۆزدار بێتەوە.
مالیک لەم فیلمەدا ویستوویەتی هەموو شت سەبارەت بە ((ژیان و بوون)) بدرکێنێت،خواستوویەتی شاکارێکی سینەمایی ساز بکات لەبارەی ماهیەتی هەموو جیهانە گەورە و جیهانە بچووکەکانەوە بدوێت. ئەو توانیویەتی سامناکی ماکرۆکۆسمۆس و جوانی میکرۆکۆسمۆس لەڕێی ((جـاک))ەوە پیشان بدات،کە ئەمیش تەنیا بە یادکردنەوە دەتوانێت لەو نهێنییانەی ژیان تێ بگات. لێرەوە فیلمەکە فیلمی یادەوەرییە،بۆ تێگەیشتن لە نهێنییەکانی هەموو ئەو کایەیانەی مرۆڤ تێیدا هەیە،یادکردنەوەش بریتییە لە بیرکردنەوە،وەک هایدێگەر دەڵێت.
دووانەی ((سروشت)) و ((بەزەیی)) کە لەنێو سروشتدا هەیە،بەهەمانشێوەش لەنێو خێزانەکەی ئۆبراینیشدا ئەکتیڤە. خێزانێک ژیانێکی ئاسایی دەژین، سیستەمێکی ترادیسیۆنییانەی پەیوەندی دایک و باوک دەبینین،باوک توند و فەرماندەرە،بەزەبر و دیسپلینکەرە،یاری دەسەڵات دەکات،دایک نەرم و میهرەبانە،یاری خۆشەویستی دەکات، لە تێکڕای فیلمەکەدا وتەیەک نادرکێنێت، بەڵام هەمیشە لە چێشتخانەکەی ماڵەوەدا خامۆشانە سەرقاڵی چێشت ئامادەکردن و قاپ شتنە. ژنێکی سەنگین و سەلارە،کە شیعرێکی ماڵەکەیدا ژنێکی سەنگین نیشتەجێیە،ئەوسا ئاسمان جوانتر بۆی دەگەشێتەوە"‘‘ دایکەکە لێرەدا هێمایە بۆ نەرمی و میهرەبانی. کاتێک باوک لەماڵەوە دەچێتە دەرەوە،منداڵەکان لەگەڵ دایکیاندا خۆشی دەبینن،گەمە دەکـەن، قاقای پێکەنینیان دیواری بێدەنگی ماڵەکە پارچەپارچە دەکات،هەست بە گەرمی پەیوەندییەکان و سۆزدارییەکان دەکرێت. باوک هێمایە بۆ دەسەڵاتی فەرمان دەرکـردن و سەپاندن، باوک ڕژێمی نەرم و ڕەق، شەکر و قامچی لەگەڵ منداڵەکاندا بەکار دەهێنێت، فێری دیسیپلینیان دەکات بۆئەوەی ئازا و بوێر و سەکەوتووبن.دروست وەک فۆکۆ دەڵێت بۆ ئـەوەی مرۆڤ فێری دیسیپلین بکرێت دەبێت فشاری بخرێتە سەر. جاک زۆر لەژێر کاریگەری وتە وڕەفتارە توندەکانی باوکیدا دەبێت،تا جارێک بەرپەرچی باوکی دەداتەوە و پێی دەڵێت: ئا.. دەزانم ئەوە ماڵی تۆیە،کەی ویستت دەتوانی فڕێم بدەیتە دەرەوە. جاک لە شوێنێکی تریشدا کاتێک باوکی باسی شکستەکانی خۆی

بۆ دەكات لەوەی نەیتوانیوە ببێتە ئەوەی حەزی لێكردووە، لە گفتوگۆیەكی نێوانیاندا بە باوكی دەڵێت: ، من لە دایكم ناچم ،زۆرتر لە تۆ دەچم. دیارە منداڵێكی وەك جاك بۆی نییە بە باوكی بڵێت تۆ لاوازیت،بەڵام بە گەمەیەكی زمانەوانی، واتە زمان وەك دەسەڵات،لە دیدی ڤیتگنشتاینەوە،لەو ڕستەیەدا جاك،كەبە باوكی دەڵێت من لە تۆ دەچم،واتە ناڕاستەوخۆ بە باوكی دەڵێت تۆ لاوازیت.

ڕۆژگارێک دێتە پێشەوە باوكیان بێكار دەبێت،ئەمە شێوازی بیركردنەوە و مامەڵەی دەگۆڕێت.ڕژێمێكی توندتر بۆ پـەروەردەكـردنـی منداڵەكانی دەگرێتەبەر.. ڕاهێنانیان پێدەكات،ڕاهێنان لەچەمكی سلۆتەردایكەوە،بریتیە لە ڕێچكەی خۆدروستكردن و بەسەرخۆدا زاڵبوون و سەركەوتن. هەموو مێژووی ئیتیكی و ڕۆحییانەی مرۆڤ هیچ نییە جگە لە مەشقی مرۆڤ بۆ خۆهەڵكشان. بەڵام ئەم تەكنیكە،بەدیوێكدا مرۆڤ فێری دیسیپلین و ڕێكخستن دەكات،بەدیوەكەی تردا،بەرتەكێكی دژی لێ دەبێتەوە.واتە وەك سلۆتەردایک دەڵێت ((دەشێت هەڵەی چاپی تێ بكەوێت.)) وەك لە مێژوودا بینیومانە چۆن بۆتە مایەی دروستبوونی دیكتاتۆرەكان.لەم فیلمەشدا بەرەنجامێكی وەهای لێ دەكەوێتەوە كە باوك هێندە توند و ڕەق مامەڵە لەگەڵ منداڵەكانیدا دەكـات،ڕازی نییە پێی بڵێن ((بابە Dady)) بەڵكو دەبێت پێی بڵێن ((باوک Father)). بەرتەكی ئەمەش گیانی تووڕەیی و یاخیبوون لای جاكی هەستیار دەخرۆشێت،تا جارێک بە باوكی دەڵێت : (( دەزانم ئێرەماڵی تۆیەو كەی ویستت دەتوانی فڕێمدەیتە دەرەوە.)).
بەرامبەر بە ڕەقی و توندوتیژی باوک،دەرهێنەر ڕووەكەی تری ڕۆحی مرۆڤمان لای دایک بۆ بەرجەستە دەكات كە ((جەسیكا كاستن)) زۆر ڕۆمانسییانە دەینوێنێت. ئەو ژنێكی سەنگین و سەلارە،دایكێكی پڕ میهر و خۆشەویستی و دۆستایەتییە،ئەو تێكڕا فریشتەیەكی سۆزە بۆ ماڵەكە. بەردەوام لەگەڵ ئیشی ماڵداریدا سەرقاڵە،ئەوكاتە نەبێت كە باوک دەچێتە دەرەوە،ئیدی پەنجەرەكانی ڕۆحی بۆ منداڵەكانی دەكاتەوە و سۆز و میهریان لە گەمەكردن و یاریكردندا بەسەردا دەڕێژێت.لەم ساتانەدا خۆشترین كامەرانی دەبینینەوە كە هەموو منداڵێتییەک پێویستە هەیبێت. یاریكردن بە بڵقی كەفەكان،حەزی



بنەڕەتی مرۆڤی پیشانداین بۆ كایەكانی پێكەوەبوون،كە سلۆتەردایک لە كتێبە گەورەكەیدا ((كایەناسی بەرگی سێهەم .كەفەكان)) دا ئیشی وردی تێداكردووە. ئەم دوو دیمەنە بۆ بینەر دەبنە فینۆمینۆلۆگیای دوانەلێكدژەكانی بـوون،دووانـەی ((سروشت و ڕۆح)). دووانـەی ((تەنە ڕەقەكان و تەنە نەرمەكان)) كە من لە نوسینی تردا گەلێكجار ئاماژەم پێداون.
جاک دەبێتە ئەرشیتێكتۆرێكی سەركەوتوو،بەڵام بەردەوام لەنێو ڕاڕەوەكانی پرۆژە زەبەلاحەكانی باڵاخانە ئاوێنەبەدو شووشەبەندە مۆدێرنەكانی ئەمریكادا دێت و دەچیت و لە بیركردنەوە و یادكردنەوەدایە بۆ گەڕان بەدووای ((مانای بوون))، ئەو هەمیشە لەبیركردنەوەدایە،پرسیار لەگەردوون و بوون و ژیان دەكات،وامان لێدەكات لەبەردەم شتەكان و بوونەوەرەكاندا بگەڕێینەوە بۆ ((یادكردنەوەی بوون))،واتە بیر لە شێوازی ژیان و بوونمان لەناو جیهاندا بكەینەوە. ئەم ساتەوەختەش لەو هەڵوێستانەدا دەهاتە ڕۆحیەوە،كاتێک لەگەڵ باوكیدا شەڕی دەكرد و بەیەكدا هەڵدەشاخان،ئەگەرچیش لە باوكی تووڕە و زیز دەبوو،بەڵام لەخۆشەویستی باوكی دەستبەردار نەدەبوو،بۆیە زوو ئاشت دەبوونەوە. وەك دەرهێنەر بیەوێت پێمان بڵێت ئاشتی و ئاشتەوایی بریتین لە كایەكانی پێكەوەبوون و پردی هاتوچۆكردن بۆلای یەكتری.لێرەشدا جارێكی تر من كایەناسی فیلۆسۆف پیتەر سلۆتەردایكم دەخوێندەوە،كاتێک هەستە ناوەكییەكانمان،وەك خۆشەویستی و دۆستداری و ئینتیمیتێت وەك كایەی پێكەوەبوون،وەك شوێنە ناشوێنییەكان و وەك كایە وجودییەكان پێناس دەكات.
دیارە وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا،ئەم فیلمە فیلمێكی باو نییە،واتە لەسەر چیرۆكێكی دراماتیكی هەڵنەچنراوە و بەڕووداوێكی كۆمەڵایەتی ،سیاسی و مێژوویی گرێچن نەكراوە،بەڵكو لەپاڵ ئەمەدا لە جۆرە شێوازێكی دراماتیكی خێزانی ئۆبراییندا تێكڕا بە وێنەی ڕیالی سروشت،كە میتاسروشتمان پیشاندەدات پێكهاتووە لەتەک لەحزەكانی یادكردنەوە و وێنە خەونئامێزەكانی منداڵێتی دروستبووە،كە بۆ بینەر دەبنە دیاردە و دیمەنێک لەنێو هۆشیاریدا نەک بمێننەوە،بەڵكو بەردەوام بێن و بچن،لێرەوەیە فیلمەكەش هاتن و چوونە لە نێو وێنەكاندا،وەك چۆن جاک بەردەوام لەنێو هاتووچۆدایە هەم لە دنیای

دره‌وه‌دا به‌نێو ڕاڕه‌وه‌كان و هه‌ڵبڕه‌كه‌دا،مه‌سعه‌د Lift وه‌ له‌نێو شوێنه‌كانی ناوه‌وه‌یدا،واته‌ له‌ خه‌یاڵدانیدا.
لێره‌وه‌ ده‌شێت بڵێین ئه‌م فیلمه‌ شیعرێكی فه‌لسه‌فییه‌،تكایه‌كه‌،یاخود ئامۆژگارییه‌كه‌ بۆ ژیان گوزه‌راندن وه‌ك خۆی،واته‌ لێگه‌ڕێیت بوون هه‌بێت، بوون كراوه‌ بێت بۆ ده‌ره‌وه‌ ،چونكه‌ له‌بووندا ((له‌ژیاندا)) حه‌زێكی جه‌وهه‌ری هه‌یه‌ بۆ نزیكایه‌تی ئه‌مه‌ كرۆكدارترین پێناسی هایدێگه‌ربوو بۆ مانای بوون.
هه‌روه‌ها فیلمی(( دره‌ختی ژیان)) ده‌شێت ئاماژه‌یه‌كیش بێت بۆ دره‌ختی ((گه‌شه‌كردنی ژیان)) له‌ مانا داروینییه‌كه‌یدا،كه‌ بریتییه‌ له‌ یاسای گه‌شه‌كردنی سروشت،به‌لایه‌كداو یاسای به‌زه‌یی، كه‌بریتییه‌ له‌ ڕێگه‌ی خۆشه‌ویستی به‌لاكه‌یتردا. هه‌ردوو ڕێگه‌كه‌ ڕیال و سورڕیالیشن،هه‌ردوو ڕێگه‌كه‌ ڕاستییه‌كی جه‌وهه‌رییانه‌ی ژیانن و له‌م دووڕێگه‌یه‌شدا مرۆڤیش بریتییه‌ له‌ گه‌ڵایه‌كی بچووك به‌هه‌ردوو دره‌خته‌كه‌ی ژیانه‌وه‌. فیلمێكه‌ شایانی ئه‌وه‌بوو دوای بینینی شتێكی له‌سه‌ر بنوسرێت،شیعر بێت یان وتار،به‌وه‌شدا كه‌ من شاعیر نیم و پتر وتارنووسم،ئه‌وا به‌م كورته‌ وتاره‌ ئه‌و شایسته‌یه‌م پێشكه‌ش به‌و كاره‌ سینه‌ماییه‌ كرد.

# زریانە ڕەنگینەکان

## خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی لە ئەزمونی ئیستاتیکیانەی

## هونەرمەند (وەهبی ڕەسوڵ)

فەلاح شەکرچی
لە عەرەبییەوە: هــۆمــەن

ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا بزاڤێکی ڕۆشنبیری و هونەریی هیوا بەخش، چالاک و کارایە، و لە دوتوێی خۆیدا هەڵگری دەسپێشخەریەکی ژیاریی تایبەتمەند و جیاوازی وەهایە کە توانای لەخۆگرتنی بزاوتی کۆبنیادە هونەریە هاوچەرخەکانی پێ بەخشیوە، ئەویش لەڕێی ناوی ئەو هونەرمەندانەوە کە ئامادەیی کاریگەری خۆیان هەیە لە ناوەڕۆکی ئەم دیمەنەی شێوەکاری کوردی، دیمەنێک کە کرانەوەیەکی زیندوی هەرێمیی و نێودەوڵەتی لەخۆگرتوە و دەگرێت. ئەم دیمەنە هونەریەی بزاوتی شێوەکاری بەگشتی و نیگارکێشان بەتایبەت لەکوردستان، بە چەندان چەشنی شێواز و ستایلی جیا ڕازاوەتەوە، کە (وەهبی ڕەسوڵ)ی هونەرمەند لەم میانەدا لە نێو کایەی ئەو هونەرمەندە داهێنەرانەدا دێت کە توانیویانە شێوازێکی بینەیی جیاواز و تایبەت بەدی بێنن.

وەک بەراییەک بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەزمونی هونەرمەند، پێویست بە زانینی ماهیەتی داهێنان و ڕێچکەکانی دەکات، لەپێناو بە ئاگابون لە چۆنیەتی گەشەسەندنی ئەزمونی هونەریی هونەرمەند. چون هونەر بە گشتی نە لە بۆشاییەوە و نە بە کاریگەری هێزی





شاراوە و غەیبی سەوز نابێت و شکۆفە ناکات، وەک لایەنگرانی هزری ئایدیالی بانگەوازی بۆ ئەکەن. بەڵکو داهێنان، بەرەنجامی فشار و کاریگەری کۆمەڵێ هۆکاری کارا و پێویست بەدی دێت، کە تیایاندا هەیە خودگەراییە و هەڵگری سیمایەکی سایکۆسوسیۆلۆجیە، و هەشیانە ژینگەییە و سروشتی شوێن و تایبەتمەندێتیە تۆبۆگرافیەکەی دیاری دەکات، لە ڕەنگدانەوەی لەسەر تانوپۆی چنراوی دەرونی هونەرمەند و هەڵبژاردە ئیستاتیکیانەکەی، ئەمەش بە پێی پلە و ئاستی کارلێکردن و ئاوێتە بونی نێوان خودی هونەرمەند و ئەو ژینگەیەی کە دادەنرێت بە بچوکترین یەکە لە یەکەکانی (بواری گشتی/ بەپێی وتـەزای هاپرماس) و لە خولگەی سەنتەرگیریی کارلێکردنی ئەو هۆکارانە، کەرەسەی داهێنان و بنەمای سیستمی فیکریی بۆ هونەرمەند والاو بەردەست دەبن، تا جەنگی سەرکێشیە بینەییەکانی خۆی پێ بگێڕێت.

سەرەتای ڕودانی هەر چالاکیەکی داهێنەرانە، ساتێ ڕودەدات، کە ڕێکخستنە



هەستیە خودیەکانی هونەرمەند دەست دەکەنە چالاک بون، لە وەرگرتنی بزوێنەرە دەرەکیەکان و گۆڕاندن و وەرچەرخاندنی بۆ بنەماگەلێکی دەرخستن، کە دەستنیشانی ئالیەتی ئەندێشەکردن و بنیاتنانی ئەندێشەی داهێنان بکات لە جولەی هەڵکشاوی خۆیدا، لەو وشیاریەی کە پشتبەستە بە ڕۆڵی هەست و بازنەی تواناکانی لای هونەرمەند، بە گەیشتن بە باربۆی یاخود ڕاگیریی وشیاری بە شێوەیەکی زەینی ئاوێتە، کە بە هۆکاری کردەی پرۆسێسە شیکاری و ئاوێتەکاریە ئەقڵیەکان پەرەدەسێنێ و گەشەدەکات، تا لە هەموو هەستیی بونێکی ڕاستەوخۆی تێ دەپەڕێنێ، لەپێناو ئەوەی کە ئەقڵیە، بەمەش دورکەوتنەوەیەکی لەسەرخۆی بەرەبەرەیی لە واقیعیبون ڕودەدات، هاوشان کەوتنە نێو ئەندێشەکردنێک دێتە پێش، لەپێناو دامەزراندنەوەی وێنەیەکی تری تایبەتمەند کە هەرچی زیاتر هەڵگری خەسڵەتگەلێک بێت لە قوڵیی و گوزارشتکردن و تاکگەرایی.

بۆ گەیشتن بە قۆناخێکی وەها و بەپێی میتۆدی ڕوئیایی و ستایلگەرایی هونەرمەند، چەندان هۆکار ڕۆلی خۆیان دەگێڕن کە خاوەن سروشتی گۆڕاوی



خۆیانن، و کارکردنی هونەریی دەگەیەننە قۆناخێکی بەجێهێنانی تەکنیکی، دوابـەدوای ڕسکانی ئەدائێکی عاتیفی و ویجدانی وا کە بە زەین، بیرۆکە ئەندازە بکات...... ئەم هۆکارانە لەنێوان هەڵبژاردنی میدیای گوێزەرەوە (واتە کەرەسەی کارکردنە هونەریەکە) و و دیاریکردنی تەکنیکی خستنەڕودا دابەش دەبن، ئەمەش پەیبردن و شارەزاییەکی تەواوی بە کەرەسە و خاکەی کارکردنی هونەریی دەوێت، لە ڕەنگ و ماددەی بەکارهاتوی هەمەجۆری تر، کە دامەزراندنێ بۆ فۆرم بونیاد ئەنێت لەمیانی قۆناخەکانی دەرکەوتنی هەمەکییانەی وێنەی بینەیدا، هەرچۆن پێویستی بە شارەزایی و کارامەییەکی چۆنایەتی دەبێت، لە وشیاری و بەئاگایی لە کارکردنی ئەم میدیا و کەرەسانەدا، و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان لەپێناو گەیشتن بە ئەنجامێکی ئیستاتیکی خواستراودا.

لەوەی خستمانەڕوو و هەروەها لە تێبینی کردنێکی ووردەوە، دەتوانین وەسف و شیکاری ئەزمونی هونەرمەند (وەهبی ڕەسوڵ) بکەین، نەک تەنها بەو ئامانجەی بگەینە پوختەی بڕیارێکی ئیستاتیکیانە لەسەری، بەڵکو بەو ئامانجەی گەڕان و بنکۆڵ و دۆزینەوەیەک لە بونیادنانیدا و شرۆڤەیەک لە ڕێکخستنی شێوازی تا گەیشتن بە وتار/پەیامی نێردراو و مانای شاراوەیدا بکەین. لێرەدا پەیوەندی نێوان ڕەخنە و هونەر، پەیوەندیەکی ڕاسپاردەیی دەسەلاتگەرا نییە، بەڵکو پەیوەندی داهێنانی دەقێکی نوێیە لە شرۆڤە و ئاوێتەکردنی کۆدەکانی نێو دەقە بنەڕەتیەکە و وەرچەرخاندنی ئاماژەکانە بۆ ئاستێکی دەستاودەست کردو لە مەعریفە، بە پێی میتۆدێکی زانستیی بابەتیانەی پسپۆڕیی پتەو.

لە بەدواداچون و لێکۆڵینەوە لە شێوەکانی ئەزمونی هونەرمەند (وەهبی ڕەسـوڵ)دا، چەمکی جەدەلێکمان بۆ دەردەکەوێت لە نێوان ژێدەر، وەک خاڵێکی دەستپێک و لە نێوان وێنەی زەینیی بە گەیشتن بە نمونەی بالا. ئەم ماوەیە یاخود ئەم نێوانەی نێوان (ژێدەر و وێنەی زەینیی) دەستنیشانی هێندایی داهێنان دەکات، و هاوکات ئەوە دەردەخات کە دیاریکراوی ئایکۆن و داخرانی، بەربەستن لەبەردەم ئازادی ئاماژە و گوزارشت کردندا، لە کاتێکدا کە فیکر خاوەن فشاری خۆی بێت لەمیانی بازنەی گوزارشت کردندا، ئەمەش

بۆ خۆی حاڵەتێکە پێویست بە دورخستنەوە و گۆشەگیرکردنی خەسڵەتە هەستییە ڕاستەوخۆکان، و ئازاد و ڕەهاکردنی فۆرمی پەتیی دەکات کە توانای بەرجەستەکردنێکی ئازادانەی بیرۆکەی هەبێت، لێرەوە ئەوە بەدی دەکەین کە دارشتە مەبەستگەراکان لە سیستمی فۆرمدا، خۆیان بەپێی بنەمایەکی جوڵەی ریتمگەرا (ئیقاعی) پێکهێناوە، کە تیایدا جوڵەی بەش/ بەشەکی لەتەک جوڵەی هەموو/هەمەکی گشتی کارەکەدا، ڕیزەیەکی بەدوا یەکدا هاتویان هەیە، ئەم دیاردەیەش لە کارە هونەریەکانی هونەرمەند (وەهبی ڕەسوڵ)دا بەرجەستە بوە لە میانی :

1.تایبەتمەندێتی هەڵچونی جوڵەیی فۆرم بە کاریگەری تۆڕی ئەو هێڵانەی کە لە یەک ساتدا فۆرم دەبڕن و ڕێکخستنەوەکەشی پێکدەهێننەوە.

2.پەرتبونی سیستمی ڕەنگ لە پێناو کاراکردنەوەی سیمای جوڵەیی خودی فۆرم، و ئەفراندنی جۆرێک لە هاوسەنگی و تەریب بون لە نێوان تاکێتی و هەمەجۆری، و زامنی لە دەست دەرنەچون یا ڕەق هەڵنەهاتنی کارە هونەریەکە.

3.بڕینی پەیوەندی نێوان فۆرم و ژێدەرەکەی و وەرچەرخاندنی ڕوئیا بەرەو ناوەوەی دەق.

ئەزمونی هونەریانەی هونەرمەند لەسەر پیاهەڵواسرانی هێڵگەرایی دامەزراوە، کە چەمکی جوڵە دیاری دەکات و ئەم هێڵانەش لە نێو خۆیاندا، بەرەنجامی تۆڕێک لە هێڵ، جۆرێک لە ریتمگەرایی پێکدەهێنن، کە ڕوکەشی بینەیی و شێوەکانی نێو ئەو ڕوکەشە پەرت دەکات، و ئیهامیانە لە نێو چەندان قوچەکی بەیەکداچودا دەبزوێن، ئەم بزواندنە بەردەوامەش لە پێناو پشتگیریی کردن لەو زەنایەیە کە لە ریتمی گشتی کارە هونەریەکەدا هەیە، و وادەکات دەرفەتی ناسینەوە یا دەستنیشانکردنی ناسنامەی ڕەگەزەکانمان نەبێت یاخود ڕاددەی نزیکیمان لە ژێدەرە دامەزرێنەرەکەیەوە بۆ دیاری نەکرێت.

لە دابەشکردنێکی هەڵچونگەرای وەهادا بۆ یەکەکانی کۆمپۆزشن و ڕەگەزەکانی لەسەر ڕوی کارە بینەییەکە، بەرەنجامی کۆتایی دەبێتە خاوەن زوبانێکی جیاواز، سەرباری تەماهی کردنی لەتەک ئەبستراکتە سۆزگەراییەکەی هونەرمەندی پێشەنگ (ڤاسیلی کاندنسکی)دا.





ئەو کارە هونەریانەی ئەزمونی (وەهبی ڕەسوڵ)ی هونەرمەند لەخۆی دەگرن، بەشی زۆرینەیان لە هەوڵی بەرجەستەکردنی دنیایەکی ڕێزاڵبودان و هاوکات گرتن و ڕاوکردنی ساتە پڕ لە ئامادەییە هەنوکەییەکان و خێرایی گۆڕان و وەرچەرخانەکان دەکەنە جێ مەبەستی بەرجەستەکردن.، لەم کایەیەدا هێڵ و ڕەنگ تایبەتمەندێتی خۆیان، لە پێناو بونیادێکدا، بۆ دامەزراندن و بنیاتنانی تایبەتمەندێتی جوڵە، و دورخستەوە و وەلانانی سیمای هەست کردن بە پێداویستی بونی چوارچێوەیەک بۆ کارە هونەریەکە، و نواندن و وەسفکردنی ڕاستەوخۆییانەی فۆرم/شت، لەدەست دەدەن. هەر ئەمەشە وا دەکات فۆرم نوێگەرایی بەدەست بێنێت، چون بە تایبەت هونەرمەند، هەموو ڕایەڵە و پەیوەستیەک لە نێوان فۆرم، و هەر ئەگەرێکی گەڕانەوەی ژێدەریی فۆرم هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆ دەرباز بون لە هەر داخرانێکی ئاماژەیی/دەلالی کە ئەبێتە هۆی نەمانی جولاندن و وروژاندنی بینەر و پێویستی نەمان بە هەر پرۆسێسێکی هێرمینوتیکی لەپێناو خوێندنەوەیەکی کراوەی دەقدا و دواجاریش ئاوابونی هونەر.

ئەو هەستەی کارە هونەریەکانی (وەهبی ڕەسوڵ) پێشکەشی بینەری دەکەن، دەمانگێڕێتەوە بەرەو نەمانی ڕەهەندی شوێن لە لایەک و وەلانانی ڕەهەندی زەمەن/کات لەلایەکی تر، وەک بەشێک لە گەمەی بەنامۆ کردنی فۆرمە هونەریەکانی و بەمەش ئەندێشەییانە، زۆر دوور ڕوداوی نیگارکێشانەکەی ئاراستەی مەودایەکی ئاماژەگەرای قوڵ دەکات، کە لەوێدا یەکە و توخمەکانی نێو کارەکانی دەبنە بەدوایەکدا هاتو و بەرودوایەکی هێماگەرایانە، کە داوای بەدواداچون و دۆزینەوە و وەستانمان لێ دەکەن، لەسەر چۆنیەتی بەئاگایانە کارکردنیان لە ڕێکخستنەوەیەکی نیگارکێشانی نوێگەرادا، هەر لەبەر ئەمەیە لە پێکهاتە و ئاوێتەی بونیادی دەقەکان و سەرجەمی سیماو ڕوخساری ئەزمونەکەیدا، کارلێکەری ئاست و توانای ڕۆشنبیریی خودی هونەرمەند، کاراییەکی ڕون و ئاشکرای هەیە، نەک هەر هێندە، بەڵکو ئەم توانایە ڕۆڵ و ئامادەیی خۆی دەگێڕێ لە جەدەلیەتێکی خودی و بابەتیدا، لە میانی ڕوداوێکی نیگارکێشانی لێوانلێو لە کاریگەری جۆراوجۆر و داڕشتەی شێوەیی و ڕەنگیی کە لە نەخشەی ناوچەیەکی تەژی بە چەندان زریان و ترازانی بەیەکداچودا دەژی.

# سەرەتایەکی کورت دەربارەی ئەندرێ تارکۆڤسکی

د. بورهان شاوی
لەعەرەبیەوە: شوان ئەحمەد

لە چواری نیسانی ساڵی 1932 لە گوندی (زڤراشیا)ی نزیک شاری (ئیڤانۆڤا) کە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی (مۆسکۆ) ی پایتەخت لەدایک بووە. باوکی "ئەرسینیا تارکۆڤسکی"یە کە شاعیرو وەرگێڕێکی ناسراوە. دایکیشی "مایا ئیڤانۆڤنا ڤیشیناکفا"یە. دوای جیابوونەوەی دایکو باوکی لەیەکتری، "تارکۆڤسکی"و خوشکەکەی لەگەڵ دایکیاندا دەمێننەوە کە وەک هەڵەچنێک لە یەکێک لە چاپخانەکاندا کاری دەکرد.

ساڵی 1939 خوێندنی سەرەتایی لە مۆسکۆ دەستپێدەکات، بەڵام بەهۆی هەڵایسانی دووەم جەنگی جیهانییەوە واز لەخوێندن دێنێو دەگەڕێتەوە لای دایکی لەگوندەکەی خۆیان. لەسەروەختی جەنگدا خێزانەکەی ناچار دەبن، ماڵەکەیان چۆڵ کەنو بۆ ماوەیەک بچنە لای خزمو ناسراوەکانیان بژین. لە ساڵی 1951 لە پەیمانگەی (مۆسکۆ) وەردەگیرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی توشی شڵەقانی مێشک دەبێت، بەر لەتەواوکردنی واز لە خوێندنەکەی دێنێت. پاشان لەگەڵ کۆمەڵەیەکدا بۆتوێژینەوەی زانستی لەپەیمانگەی زێڕ لەکۆماری قرغیزستان، دەست بەکاردەبێتو بۆ ماوەی ساڵێک لای ڕووباری (کۆریکا) لە هەرێمی تۆرۆخان کاردەکات. ساڵی 1954 لە پەیمانگەی سینەما لە مۆسکۆ دەخوێنێتو دەبێتە خوێندکاری دەرهێنەرو سینەماکاری مەزن "میکائیل ڕوم" کە بەیەکێک لە گرنگترین مامۆستاکانی "تارکۆڤسکی" ئەژماردەکرێت.



هەر لەو ماوەیەدا دەست دەکات بەشیکردنەوەی فیلمەکانی دەرهێنەری سوریالی ئیسپانی "لویس بۆنوێل"و دەرهێنەری سویدی "ئینگمار بێرگمان"و پەیوەندی هاوڕێیەتیەکی داهێنەرانە لەگەڵ "ئەندرێ میخائیلکۆڤ-کۆنجلۆڤسکی"دا دەستپێدەکات. دواتر "کۆنجلۆڤسکی" یەکیەتی سۆڤیەت جێدێڵێتو ڕوو لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات، بەڵام لە پاش ڕووخانی سستمی کۆمۆنستیو لەبەریەکهەڵوەشانی یەکیەتی سۆڤیەت دەگەڕێتەوە وڵات. لەسەروەختی کارکردنیاندا پێکەوە، سیناریۆی هاوبەشیان بۆ چەند فیلمێکی سینەمایی نوسییوە، لەوانە: و یاریگای خلیسکێنەو کەمانچە (ئەندرێ ڕوبۆلۆڤ).. لە ساڵی 1959دا لەگەڵ "ئەلیکسەندەر کۆردۆن"دا فیلمێکی تەلەفزیۆنی بەناوی (اليوم لن تكون استقالە) بەرهەم دێنن. ساڵی 1960 لە پەیمانگەی سینەما خوێندن تەواو دەکاتو لە بواری دەرهێناندا، بڕوانامەی دبلۆم وەردەگرێت. کارنامەی دەرچوونو کۆتایی ساڵیشی فیلمی _یاریگای خلیسکێنەو کەمانچە) بوو. ئەم فیلمە لە ڤیستیڤاڵی فیلمی خوێندکاراندا کە لە ساڵی 1961 لە شاری (نیویۆرک) سازدرا، خەڵاتی یەکەمی وەرگرت. لە ساڵی 1962دا دەستبەدەرهێنانی فیلمی (مناڵی ئیڤان) دەکات کە بەرهەمی دەزگا سینەمای (موسفیلم) بوو، چیرۆکی فیلمەکەش "فلادیمێربکومۆلۆڤ" نووسیبووی. پێشتر "ئەبالۆف"ی دەرهێنەر کاری لەم فیلمەدا کردبوو، بەڵام دەزگای (موسفیلم) کارەکەی ڕادەگرێتو دەیداتە "تارکۆڤسکی". "تارکۆڤسکی" سیناریۆیەکی تازە بۆ فیلمەکە ئامادە دەکاتو دوای تەواوبوونیشی لەڤیستیڤاڵی سینەمایی (ڤینیسیا)ی ساڵی 1962دا، بەشداری دەکاتو خەڵاتی یەکەمی بەدەستدێنێت. هەروەها خەڵاتی ڕەخنەگرانی پۆڵەندیش وەردەگرێت. فیلمەکە لە ساڵی 1963دا چوار خەڵاتی جیهانی دیکە دەباتەوە. دوای ئەم فیلمە (مناڵی ئیڤان)، ڕەخنەگرانی خۆرئاوا کەوتنە نووسین لەسەر "تارکۆڤسکی"و بەگرنگترین دەرهێنەری سینەمایی ڕوسیایان دایە قەڵەم.. هەروەها "جان پۆڵ سارتەر"یش، لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژی لەبارەی فیلمەکەوە نووسی.

لە ساڵی 1964 "تارکۆڤسکی" دەست بەوێنەگرتنی فیلمێک دەکات، دەربارەی ژیانی نیگارکێشی ئایکۆنەکان "ئەندرێ ڕۆبۆلۆڤ". دوای هەوڵو ماندوبوونێکی زۆر لە کۆتایی ساڵی 1966دا، فیلمەکە تەواو دەکاتو ئامادە دەبێت بۆ

نمایشکردنی، بەڵام لەلایەن لیژنەی فەرمی دەزگای سینەما (ئەم دەزگایە ژمارەیەک بەرپرسی حیزبی شیوعی تێدابوو) بەر شاڵاوی ڕەخنەیەکی توند دەکەوێت، ئەوان نـاڕازی بوون بەو شێوەی "تارکۆڤسکی" ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکانی خستبووە ڕوو، هەروەها ڕەخنەیان لە دیمەنە توندوتیژەکانی نا فیلمەکە هەبوو، بۆیە بڕیار دەدەن چەند دیمەنێکی لێ لابـەرن. وەکی پەرچەکردارێک بەرامبەر بەو کارە، "تارکۆڤسکی" دەستدەکات بەسڕینەوەی دیمەنگەلێکی زۆر لەفیلمەکە. لەگەڵ ئەوەشدا فیلمەکە هەر نمایش نەکراو دوای چەند ساڵێک نەبێت، خەڵکی نەیانبینی. وەکی ناڕەزایەتی نیشاندانێک لە دژی هەڵوێستی فەرمی سۆڤیەت لە فیلمی "ئەندرێ ڕۆبۆلۆڤ"، ساڵی 1969 لەدەرەوەی پێشبڕکێی فەرمی لە ڤیستیڤاڵی (کان)، نمایش دەکرێتو خەڵاتی ڕەخنەگرانی جیهانی وەردەگرێت. تەنها لە ساڵی 1971دا لەسینەماکانی یەکیەتی سۆڤیەتدا، ئەم بەرهەمە نمایش دەکرێتو دوو ساڵ دوای ئەوەش (واتە حەوت ساڵ دوای بەرهەمهێنانی)، لایەنە بەرپرسەکان بڕیاری لێدەدەن کە بیخەنە ناو لیستی ئەو فیلمانەی لە دەرەوەی وڵات دەفرۆشرێن!!

"تارکۆڤسکی" لە بیرەوەریەکانیدا، باس لەوە دەکات کە: (ڕۆژنامەی-لومانتێ- لە21/ شوباتی/ 1972 دیدارێکی دوورودرێـژی لەگەڵ شاعیری فەرەنسی لویس ئەراگۆندا سازداوە-بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونییەوە-و پرسیاری ئەوەیان لێکردووە کە چ فیلمێکی بەدڵەو حەزدەکات بیبینێت، لەوەڵامدا ناوی یەکێک لە فیلمەکانی گۆدارو فیلمی ئەندرێ ڕۆبۆلۆڤی تارکۆڤسکی دێنێت).

لە سەرەتای ساڵی 1968 "تارکۆڤسکی" خۆی ئامادە دەکات بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی سەرکێشی زانستی، ئەویش بەپشت بەستن بەڕۆمانێکی زانستی خەیاڵی (سۆلاریس) کە لەنووسینی نووسەری پۆڵەندی "ستانیسلاف لیم"ە.

ساڵی 1971 دەست دەکات بەوێنەگرتنی فیلمی (سۆلاریس)و هەروەها دەست دەکات بەنووسینەوەی بیرەوەریەکانی کە لەدوای مردنیو بەرلەوەی بەزمانی ڕوسی بڵاوبێتەوە، بەزمانی ئەڵمانی بڵاوکرایەوە!! لە بیرەوەریەکانیدا (کە ئێمە لە نوسینی ئەم بابەتەدا پشتمان پێی بەستووە)، باس لە خەمی کارکردنو دەردەدڵی خۆی دەکات لەدەست بیرۆکراسیەتی سۆڤیەتی، بەتایبەت لەناو دەزگاو دامەزراوەی سینەمادا. هەرچەندە بیرەوەریەکانی لە هەندێ شوێنیدا بێ



سەروبەری پێوە دیارەو ناهەقی دەرهەق بەهەندێ کەس تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیکۆمێنتێکی بەهێزو کاریگەرە، لە دژی هەموو ئەو کەسە بێ بەهرەو ڕۆنشبیرە موزەیەفانەی، پلەوپایەی بەرزی ئیداریو حزبیان بەدەستەو دەیانەوێت کاری هونەرمەندی داهێنەر، لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای مادیانەی خۆیاندا تەوق بدەن.! سەروەختێک فیلمی (سۆلاریس) تەواو دەکات، بەشێوەیەکی فەرمی لە ڤیستیڤاڵی (کان)ی سینەمایدا بەشداری دەکاتو خەڵاتی ڕەخنەگران دەبات، هاوکات خەڵاتی ڤیستیڤاڵی لەندەنیش وەردەگرێت، لەگەڵ چەند خەڵاتێکی دیکەدا.

لەسەرەتای حەفتاکانەوە، (تارکۆڤسکی) پلانو پرۆژە بۆ دەرهێنانی چەندین فیلم دادەنێت. هەروەک چۆن لە بیرەوەریەکانیدا لەبەرواری 7/تشرینی دووەمی/ 1970دا نووسیویەتی، خەریکی ئامادەکردنی چەند بەرهەمێک بووە دەربارەی:

1 زانایەکی بواری فیزیا کە دەبێت بەدیکتاتۆر.

2 ئامادەکردنی ڕۆمانی (یوسفـو براکانی) کە لەنووسینی نووسەری ئەڵمانی "تۆماس مان"ە، بۆ سینەما.

3 دروستکردنی فیلمێک دەربارەی ژیانی "دیستەیەڤسکی".

4 ئامادەکردنی ڕۆمانی (گەمژە)ی "دێستەیەڤسکی" بۆ سینەما.

5 تەواوکردنی فیلمی (ڕۆژی ڕوناک).

6 ڕۆمانی (تاعون)ی "ئەلبێرکامۆ" بکاتە فیلم.

بەڵام هیچ یەک لەم پرۆژانەی بۆ ناچێتە سەر، جگە لە ئەنجامدانی فیلمی (ڕۆژی ڕووناک) کە دواتر ناوەکەی گۆڕیو کردی بە (ئاوێنە).

ساڵی 1974 فیلمی (ئاوێنە) تەواو دەکات کە ژیاننامەیەکی زۆر قورسو ئاڵۆزە. فیلمەکە بەساردوسڕیەکەوە پێشوازی لێکرا، چونکە خود گەرایەکی چڕوپڕ بەسەریدا زاڵ بوو بەشێوە فرۆیدیەکەی. هەروەها لایەنە درامیە تەقلیدیەکانی فەرامۆش کردبوو، چنینی ڕووداوەکانی فیلمەکە ئاڵۆزبوونو ستایلی گێڕانەوەی سینەمایشی سەیروسەمەرەبوو، ئەمەش بووە مایەی بەدحاڵیبونێکی گەورەو لێکدانەوەی توندو دژبەیەک. هەرچەند فیلمەکە دوو خەڵاتی بەدەستهێنا، بەڵام خەڵاتەکان لەدرەنگ وەختێکدابوو (1979، 1980).

"تارکۆڤسکی" لەبیرەوەریەکانیدا دەنووسێت: (دەرهێنەری ئیتاڵی میکائیل

ئەنجیلۆ ئەنتۆنیۆنی، لەڕۆژی 25/تەممووزی/ 1975 لەمۆسکۆ بوو، داوای کرد فیلمی-ئاوێنە-ببینێت، بەڵام داوکەیان بەجێنەهێنا تا ئەوکاتەی هەڕەشەی بەجێهێشتنی ڤیستیڤاڵەکەی کرد.!!). "ئەنتۆنیۆنی" فیلمەکەی زۆر بەدڵ دەبێتو داوا دەکات دەستبەجێ (تارکۆڤسکی) ببینێت، بەڵام بەرپرسانی ڤیستیڤاڵەکەو لێپرسراوانی دەزگای سینەما نەیانهێشت ئەوە ڕووبدات، ئەویش بەبیانووی ئەوەی ناتوانن دەنگیان بە"تارکۆڤسکی" بگات، لەبەرئەوەی چووە بۆ خانووە هاوینیەکەیو تەنانەت بەتەلەفۆنیش ناتوانن پەیوەندی لەگەڵ بگرن..!!

لە ساڵی 1977-1976دا (تارکۆڤسکی) دەست دەکات بەدەرهێنانی فیلمی (ستالکەر) کە لەچیرۆکی (نزهە علی الگریق الجانی)ی هەردوو برای نووسەر، (ئەرکاریاو بۆریس سترۆکاتسی) وەرگیراوەو ئەمەش دوافیلمیەتی لە یەکیەتی سۆڤیەتدا بەرهەمیهێنابێت. فیلمەکە لە شوێنێکی نزیک لە (چێرنۆبێل) وێنەگیراوە. (چێرنۆبێل) ئەو شوێنەیە کە لە ساڵی 1986دا نێوبانگی پەیداکرد، دوای ئەوەی یەکێک لە وێستگەکانی ئەو دامەزراوە ئەتۆمیە تەقییەوە. کاتێک فیلمەکە لە ڤیستیڤاڵی (کان)دا نمایشکرا، خەڵاتی (فێبرسی) پێبەخشرا.

دوای ئەم فیلمە "تارکۆڤسکی" خۆی بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەک ئامادە دەکات، لەوانە: (دەرهێنانی شانۆگەری-هاملێتی-ی شکسپیرو دەرهێنانی ڕۆمانی —ژئب البراری- نووسەری ئەڵمانی هێرمان هیسەو ڕۆمانی

- مامۆستاو مارگرتیا-ی بۆڵگاکۆفو ڕۆمانی —تاوانو سزا-ی دێستەیەڤسکیو کورتە فیلمێک دەربارەی ژیانی فرانزکافکاو دەربارەی ژیانو بەرهەمەکانی نووسەری کلاسیکی ئەڵمانی هۆفمان)، بەڵام توانای ئەوەی نابێت هیچیان جێبەجێ بکات، جگە لە شانۆگەری هاملێت کە لەسەر شانۆی هونەری لەمۆسکۆ دەرهێنانی بۆ دەکاتو ڕۆڵە سەرەکییەکانیش چەند ئەکتەرێکی بەتوانا دەیگێڕن، وەک: (ئەنتۆنی سۆلۆنیتیسین کە لە فیلمی —ئەندرێ ڕۆبۆلفو ستالکەر-دا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، لەگەڵ خاتوو مارگرتیا تیرۆخۆفا کە لە فیلمی ئاوێنەدا ڕۆڵی دایک دەبینێت).

فیلمی (ستالکەر)، قەڵەمبازێکی گەورەو گرنگە لەکاروانی هونەریو پڕ داهێنانی "تارکۆڤسکی"دا. لە ڕۆژی 23/کانونی دووەمی/ 1978دا لە بیرەوەریەکانیدا دەنووسێت: (بەلای خۆمەوە ئەم فیلمەم فیلمێکی باشە،



لەبەرئەوەی لەڕووی فۆرمەوە سادەیەو لەڕوی گرێدانو پێکەوەبەستنی وەزیفەی فیلمی سینەمایشەوە تەقلیدیە. ئەمە فیلمێکە دەربارەی بەرجەستەبوونی خواوەند لە مرۆڤدا، دەربارەی دارمانو هەرەسی ڕۆحانیەت، بەهۆی باڵادەستی درۆزنەزانستەوە.. من ترسم لە داهاتوو هەیە، ترسم لە چینیەکانو لەزریانو لافاوو گەردەلول هەیە، لەقیل مەتێکی بەدو چەپەڵ دەترسم.. خودایە هێزی بڕوابوونم بەداهاتوو پێ عەتاکە).! هەروەها لەبەرواری 10/شوباتی/ 1979و لەدوتوێی بیرەوەریەکانیدا دەنووسێت: (خودایە، هەست دەکەم نزیکی لێم، هەست بەدەستە پڕسۆزو بەزەییەکانت دەکەم کە دەیهێنیت بەسەرمدا.. من دەمەوێت ئەم دنیایەت بەو شێوەیە ببینم کە تۆ دروستت کردووە، خەڵکانیش بەو جۆرە ببینم کە تۆ بەهێزو توانای خۆت خەڵقت کردوون.. خودایە من تۆم خۆش دەوێت، خۆشم دەوێیت، بەبێ ئەوەی تەماحی هیچ شتێکم هەبێت، بەڵام چی بکەم گوناهی خۆمو تاریکو نوتەکی ناخم، ناهێڵن ببمە خزمەتکارو عەبدی تۆ.. خودایە دەست بدەرە دەستمو بمبەخشە..). لەشوێنێکی تردا دەنووسێت: (بەڵام جیاوازی نێوان تۆماس مانو دێستەیەڤسکی چییە؟ ئیلحادو بێباوەڕییە؟ ڕەنگە وابێت.. تۆماس مان لانی کەم دەربارەی خوا زۆر دەزانێت، هەرچی دێستەیەڤسکییە ئەوەی دەوێت، بەڵام ناتوانێت باوەڕ بەخوا بێنێت). بەکەڵکەڵەی ئەمەوە "تارکۆڤسکی"، فیمی (ستالکەر)ی دەرهێنا. هەر ئەو ساڵە (واتە ساڵی 1979) سەردانی ئیتاڵیا دەکات، بۆئەوەی گرێبەستی دەرهێنانی فیلمی (سەفەر بەرەو ئیتاڵیا) تەواو بکات. دواتر ناوی فیلمەکە دەگۆڕێت بە (نۆستالۆژیا). لەوێ چاوی بە"ئەنتۆنیۆنی"و "فیللینی"و "ڕۆزی" دەکەوێتو دەست دەکات بەوێنەگرتنی دیمەنەکانی دەرەوەی فیلمەکە. لەبیرەوەریەکانیداو لەبەرواری 22/تشرینی یەکەمی/ 1979دا دەنووسێت: (وا هەستدەکەم کە من تەنهام، ئەمەش هەستێکی ترسناکە کاتێک هەستدەکەیت بەتەنهایتو ئەم تەنهاییەش واتە مردن.. هەموان ناپاکیان لەگەڵ کردم یان ناپاکیم لەگەڵ دەکەن.. من زۆر تەنهامو نامەوێت بژیم، من دەترسم، تەحەمولی ژیانم پێناکرێت..!).

لە ساڵی 1983-1982 لەدەرهێنانی فیلمی (نۆستالۆژیا) تەواو دەبێت. سەرەتا وا بڕیارە ڕۆڵی سەرەکی بدرێتە "سۆلۆنیتسین"، بەڵام ناوبراو بەنەخۆشی شێرپەنجە دەمرێت، بۆیە "تارکۆڤسکی" ناچار دەبێت ڕۆڵەکەی

بداتە "ئۆلیک یانکۆڤسکی". ئیتر لەو کاتەوە "تارکۆڤسکی" بڕیاردەدات لەتاراوگە بژیی‌و نەگەڕێتەوە بۆ یەکیەتی سۆڤیەت. ئەمەش بڕیارێکی بەجێبوو، بەتایبەتی گەر بزانین کە لەگەڵ خانەوادەکەیدا چ ژیانێکی سەختو دژوار دەژیا، چ لە ڕووی مادیەوە یاخود بەهۆی ئەو هەموو ڕێگیریەی کەلەلایەن دەسەڵاتدارانەوە لێی دەکرا بەردەوام دەیانویست کۆسپو تەگرە لەبەردەم کارە داهێنەرەکانیدا دروست بکەن. لە بیرەوەریەکانیدا زۆر بەوردی باسی لەخەمو نەهامەتیەکانی ژیانی کردووە. "تارکۆڤسکی" لەتاراوگە لە شوێنێکی دیاریکراودا ئۆقرەی نەگرت، بەڵکو لەهاتوچۆدا بوو لەنێوان ئیتاڵیاو فەرەنساو سوید. لەلەندەن توانی دەرهێنان بۆ ئۆپێرای "بۆریس گۆدنۆف" بکات کە بریتییە لە شانۆگەریەکی شیعری "ئەلیکسەندەر پوشکین"و "مۆسۆرسکی" داڕشتنی مۆسیقای بۆ کردبوو. لەبیرەوەریەکانیداو لەبەرواری 25/حوزەیرانی/ 1983دا دەنووسێت: (ترس.. من ونبووم. من ناتوانم لە ڕوسیا بژیم، بەڵام لێرەشدا ناتوانم). سەروەختێک فیلمی (نۆستالۆژیا) پێشکەش دەکرێت، چەندین خەڵاتی جیهان بەدەست دێنێت. دوای ئەوە لەگەڵ چەند ناوەندێکی فەرەنسیو سویدیدا ڕێک دەکەوێت، تا فیلمی (الساحرە) بەرهەمبێنێت کە پرۆژەیەکی کۆنیەتی‌و دواتر ناوەکەی دەگۆڕێت بە (قوربانی). ساڵی 1985 ئەکادیمیای ئەڵمانی بۆ کاروباری بیانی (DAAD)، میوانداری دەکاتو دەبێتە میوانی (خانەی فیرکردنی هونەر) لە بەرلین. لەو ماوەیەدا نیشانەکانی توشبوونی بەنەخۆشی شێرپەنجەی لێ دیاری دەدات، بەڵام پێی نازانێتو دەستبەدەرهێنانی دواین فیلمی (قوربانی) دەکات. بەپەلە شاری بەرلین جێدەهێڵێتو لەبیرەوەریەکانیدا لەبەرواری 8/ئاداری/ 1985دا دەنووسێت: (بەرلین شارێکی زۆر قەبزو ناخۆشەو ژیانی تیا ناکرێت.. پێویستە بەزووترین کات جێی بێڵم). هەمان ساڵ کتێبەکەی (الزمن المگبوع) بەزمانی ئەڵمانی چاپ دەکات کە بریتییە لە تێرامانو وردبوونەوە لە هونەرو ستاتیکای سینەما، لەڕێی ئەزموونی تایبەتی خۆیەوە.

دواین فیلمی لە ڤیستیڤاڵی (کان)ی سینەمایدا نمایش دەکرێتو خەڵاتی فیدراسیۆنی ڕەخنەگرانی نێودەوڵەتی لەسەر وەردەگرێت. لەبیرەوەریەکانیدا دەنووسێت: (من ماندووم. ناتوانم بەبێ ئەندریۆشای کوڕم بژیم، تاقەتی ژیانم



نەماوە). لەبەرواری 10/تشرینی دووەمی/ 1985دا دەنووسێت: (هەواڵی ناخۆشم لەمۆسکۆوە پێدەگات.. ڕۆژێکی ترسناکە.. ساڵێکی ترسناکە.. خودایە وەرە بەهانامەوە).

ساڵی 1986 نەخۆشی زۆری بۆ دێنێ‌و لەم نەخۆشخانەوە بۆ ئەو نەخۆشخانە دەچێت، تاوێک لە نەخۆشخانەی (ئۆشل برۆن) دەبێت لە باشوری ئەڵمانیاو تاوێکیتر دەچێت بۆ نەخۆشخانەی شێرپەنجە لەپاریس. لە بەرواری 25/کانونی یەکەمی/ 1986دا دەنووسێت: (هەست بەترسو بیمێکی قوڵ دەکەم.. ناتوانم ناو پێخەفەکەم جێبێڵم، بگرە تەنانەت ناشتوانم لەسەر جێگەکەشم دابنیشم.. ئازار لەپشتو بڕبڕەی پشتمدایە. مێشکم دێشێت. دەستم بۆ ناجوڵێت. باڵەکانم ئازارم دەدەن. من زۆر لاوازمو دەمرم.؟؟ هاملێت، توانای ئەوەم نییە هیچ شتێ بکەم..). دوو هەفتە بەرلەمردنی دەنووسێت: (هاملێت..، هەموو شتێک لە ناو جێگەدا.. دەمرم، ناتوانم هیچ شتێ بکەم، کێشەکەش ئەوەیە..؟!). لەڕۆژی 29/کانونی یەکەمی/ 1986دا، "تارکۆڤسکی" بەنەخۆشی شێرپەنجە لەیەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری پاریس ماڵئاوایی لەژیان دەکاتو هەر لەوێشدا بەخاک دەسپێردرێت.

دوای مردنی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت بەشێوەیەکی فەرمی پرسەو سەرەخۆشی خۆیان ڕادەگەیەنن‌و هەواڵی مردنەکەی بڵاودەکەنەوە، هاوکات گۆڤاری (هونەری سینەما) ژمارەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکاتو سانسۆر لەسەر فیلمەکانی هەڵدەگیرێت. دەسەڵاتدارانی یەکیەتی سۆڤیەت، دوای ئەوەی لە ساڵی 1983دا داوای مافی پەنابەریی لە وڵاتی ئیتاڵیا دەکات، فیلمەکانی قەدەغە دەکەن‌و ڕێگە نادەن لە پەیمانگەی سینەما لە مۆسکۆ بخوێندرێتو لەبەرنامەی خوێندن دەری دێنن.

من بۆ خۆم ئەوکات لە پەیمانگەی سینەما لە مۆسکۆ خوێندکار بوومو سێهەم ساڵم بوو، دەمویست لێکۆڵینەوەیەک بنووسم دەربارەی ئیشکالیەتی کات لە فیلمەکانی "تارکۆڤسکی"داو داوام لە بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگە کرد، ڕێگەم بدەن هەردوو فیلمی (ئاوێنە)و (سۆلاریس) ببینم، بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگە ئەو داوایەیان بەگێچەڵ دەزانی، بەڵام دوای بێنەوبردەو بەیارمەتی ئەوانەی ئامێری نمایشەکەیان کارپێدەکرد، توانیم بەدزیەوە تەواوی فیلمەکانی ببینم..

بەرلەوەشی مۆسکۆ جێبهێڵێتو ڕوو لەئیتاڵیا بکات، دوو جار لەستۆدیۆکانی (موسفیلم) بینیم. جاری یەکەمیان لە ساڵی 1980دا بوو کە بینینێکی سەرپێییو ڕاگوزەر بوو، بەڵام بینینی دووەم جار لە ساڵی 1982دا بوو، کاتێک لێی چوومە پێشو خۆم پێ ناساند، وەک خوێندکارێک لە خوێندکارانی پەیمانگەی سینەما لە مۆسکۆو وەک یەکێک لەوانەی کە بەفیلمو بەرهەمە سینەماییەکانی سەرسامم. دەربارەی سینەما لەوڵاتانی عەرەبیو خۆرهەڵات بەگشتی، پرسیاری لێکردم. بیرمە پرسیاری ئەوەم لێکرد کە "دێستەیەڤسکی"و "تۆلستۆی" تا چەند کاریگەریان لەسەری هەیە، دڵخۆشبوو بەپرسیارەکەو وتی کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەرم.

"تارکۆڤسکی" دووجار خێزانی پێکەوەناوە، یەکەمیان لەگەڵ "ئێرما ڕاوش"ی ئەکتەردا کە لەفیلمی (منداڵی ئیڤان)دا، ڕۆڵی دایک دەبینێتو لە فیلمی (ئەندرێ ڕۆبۆلۆف)دا ڕۆڵی شێتێک دەبینێت. لە (ئێرما) کوڕێکی دەبێت. دووەمیان لەگەڵ "لاریسا پاڤلۆڤنا"دا بوو، لەمیش کوڕێکی بوو. تا دواساتەکانی ژیانیشی لەگەڵیدا مایەوە. "لاریسا" وەک یاریدەدەرێک لەچەند فیلمێکدا کاری لەگەڵ کردووە، لەوانە: (ئاوێنە، سۆلاریس، نۆستالۆژیا)، هەروەها سەرپەرشتی چاپی ئەڵمانی بیرەوەریەکانی کردووە.

"تارکۆڤسکی" لەماوەی ژیانیدا چەند ڕۆڵێکی کورتی وەک ئەکتەر لە سینەمادا بینیوە. بۆ نموونە وەک میوان ڕۆڵێکی کورتو بچوکی لە فیلمی (تەمەنم بیست ساڵە)دا بینیووە لە ساڵی 1964و فیلمەکە لەدەرهێنانی "مارلین خۆتسیف" بووە، هەروەها ساڵی 1967 لە فیلمی (سێرجی لازۆ)دا ڕۆڵی هەبووە کە لە دەرهێنانی (ئەلیکسەندەر کودرۆن)ە. وەک مۆنتێرێکیش لە چەند فیلمێکدا بەشداریکردووە.

# کاره تیۆرییەکان

رێکخەری بەش: ئیسماعیل حەمەئەمین

# ڕێگایەک بەرەو کۆیلایەتی

نیاز نەجمەدین
مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی
خوێندکاری دکتۆرا زانکۆی ئێکسیتەر- بەریتانیا

سەرەتا

فریدرک ڤۆن هایەک (Friedrich V. Hayek) براوەی خەلاتی نۆبلی 1974 لە ئابورییدا، لە کتێبی ڕێگایەک بەرەو کۆیلایەتی "the Road to Serfdom"* کە لە 1944 دا لە بەریتانیا بلاو بوەوە، هەولێکی کەم وێنە دەدات لە ناساندنی سروشتی تۆتالیتاریانەی سۆشیالیزم کە چۆن بەرەو کۆیلایەتیمان دەبات. ئەم سێتە لە ئایدیاو لە شێوازی بەڕێوەبردن چەندین دەیە مرۆڤی لە عێراقدا گۆش کرد. ئەگەرچی وا دەردەکەوێت کە لەگەل ڕاپەرینی سەرەتای 1990 ەکانەوە لە کۆمەلگەی کوردی دەربەدە کرا، بەلام هێشتا لە پاش 20 سال ڕەنگەکانی لە ناو سیستمی سیاسی و ڕەفتاری کۆمەلایەتیدا بە تۆخی دەبینینەوە. هەر لەبەر ئەمەشە من ئەم کتێبەم هەلبژارد بۆ ناساندن و گفتوگۆکردنی.

بەر لە چونە ناو باسەکە، دەبێت ئەوە بلێم کە من ئەو بەشە لە کتێبەکە هەلدەبژێرم کە تایبەتە بە سۆشیالیزم وەک فۆرمێکی دیکتاتۆری. لێرەشدا، هێما بۆ ئەو بەشە گەورەیە لە کتێبەکە ناکەم کە هایەک تەرخانی کردووە بۆ بەراوردی ئەم سێتە لە ئایدیاو لە سیستم بە لیبرالیزمی نوێ و بە سەرمایەداری. هەروەها تەوەرەکان بە پێی پێویستی نوسینەکەی خۆم دادەڕێژمەوە. بەگشتی، کۆی ناوەرۆکی بابەتەکە لە دەوری یەک پرسیاری



سەرەکی دەسوڕێتەوە: ئەم سیستمە بە چ میکانیزمێک هەولدەدات هەموو توانایەکی بەرەنگاربونەوەی سیستم لە ناو تاکدا لەناو بەرێت و بیکاتە بەرگریکاری سیستمەکە؟

تەوەری یەکەم: بەرەو تاپۆکردنی بڕیاردان

ڕەنگە سادەترین ڕاستییەک ئەوە بێت ئایدیا بەسەر پشتی ئازارەکانی مرۆڤدا سەردەکەوێتە سەر حوکم بەو مژدەیەی دەبێت بە شیفا بۆی. بۆ ئەمە پێویستی بە دیاریکردنی کەرەستە (Means) و کۆتایی (Ends) یان ئامانج هەیە. سۆشیالیزم، ئەگەر لە چوارچێوەی کارەکانی هایەکدا پێناسەی بکەم، سێتێکە لە ئایدیا و لە سیستمێکی سیاسی کە پێی ڕاگەیاندین کە ئەگەر بە ڕێگای کۆنترۆلکردنی سەرچاوە ئابورییەکان و ئاراستەکردنیان لە سەنتەرەوە بڕۆین، ئەگەر پلانی بۆ دابنێین وبڕیارەکان بە مەرکەزی شۆڕبینەوە بۆ ناو کۆمەلگە، بێ دوو دڵی بە باخەکانی خۆشبەختی دەگەین (ل32). بەلام، وەک هایەک دەنوسێت "چی لەوە تراژیدیترە کە بەو ئایندەیە گەیشتین کە پێشتر وەک ئایدیالێک وێنا دەکرا، کەچی تەواو پێچەوانەی ئەوە بوو کە شەڕمان بۆ دەکرد؟" (ل27).

سۆشیالیزم ڕێگایەک بوو بەرەو کۆیلایەتی. بە ڕای هایەک، ئەلمانیا و ئیتالیا زۆر پێش ئەوەی بگەن بە نازیزم و فاشیزم دوو ولاتی سۆشیالیستی بون. چەندانی وەک مۆسۆلۆنی بە سۆشیالیزم دەستیان پێکردو بە فاشیزم یان نازیزم کۆتاییان هات (ل35). ئەو کاتەش کە نازییەکان و سۆشیالیستەکان چونە جەنگەوە دژ بەیەک لەبەر ئەوە نەبوو کە دوو هێزی جیابون، بەلکو ئەوان "کێبرکێیان لەسەر هەمان جۆری هزروبیکردنەوە بوو" (ل40)، ئەوان بۆیە یەکیان پێ قبول نەدەکرا چونکە هەر یەکێکیان دەیویست خۆی ببێتە نوێنەری ئەو ئایدیایە، ئایدیایەک شوێنی تاک ناکاتەوە مەگەر لە چوارچێوەی حیزبدا نەبێت.

چیرۆکی غەمگینی سیستمی سۆشیالیزم وەک فۆرمێکی تۆتالیتاریزم بەم چەشنە دەست پێدەکات: بە پشتیوانی سێتێک لە ئایدیا، گروپێک کە لە ڕوی ژمارەوە کەمینەی کۆمەلگەن دەست بەسەر حوکم ولەوێشەوە بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وداهاتدا دەگرێت. ئەم کەمینەیە لە هەولی ئەوەدا

دەبن کە بڕیارەکان لە سەنتەرەوە بە شێوەیەکی ستونی شۆڕبکەنەوە بۆ ناو کۆمەلگە، گوایە بەو ڕێگایە کۆمەلگە خۆشگوزەران دەبێت. لەبەر زۆر هۆکار بەلام لەناویاندا بە مەرکەزیکردنی بڕیار، وردە وردە دورگەیەک بۆ خۆیان لە دورگەی خەلک جیا دەکەنەوە. بەمەبەستی ئاسانکاری لە شیکردنەوەدا، با ئەم دورگەیە ناو بنێین دورگەی سەنتەر چونکە بڕیار لە سەنتەرەوە دەدات و دورگەی خەلکیش ناوبنێین دورگەی کەنار چونکە لە بڕیاردانداا بەشداری ناکات. پێوەری بون بە ئەندام لە دورگەی سەنتەردا پارەداری نییە، بەلکو ئاستی ڕازی بونە بە دەستەلات یان ناچار بونە بە بەرگری لێکردنی. دورگەی سەنتەر پاوەرو کلیلەکانی خۆشگوزەرانی دەکەوێتە دەست، هاوکات لەگەل شێوە ژیانی نوێ کە پڕە لە پلەوپایەی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئیمتیازاتی مادی مەغروری دەکات بەوەی جۆرێکە لە مرۆڤ کە جیایە لە مرۆڤی دیکە. ئیدی لێرەوە ئێمە لەبەردەم جۆرێک لە مرۆڤداین کە شەیدای دەستەلات دەبێت، کە بەرژەوەندی و چێژی کاتی دەیبات بەرێوە، کە ناتوانێت بۆ گەورەکردنی خۆی نەبێت بیر لە دەرەوەی خۆی بکاتەوە، و ناتوانێت کۆنترۆلی چلێسی خۆی بۆ پاوەر بکات.

ئێستا ئیشێک کە ئەم کەمینەیە دەبێت بیکات ئەوەیە ئەو کەنالانەی بەدەستیەوەیەتی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی هەموان بگەنە ئەو باوەرەی ئەم مۆدێلەی ئەوان کاری پێدەکەن کۆمەلگە بەختەوەر دەکات، سەرۆک دلسۆزترین پیاوی نیشتیمانە، و گروپەکەشی شەوو ڕۆژیان خستۆتە سەریەک تا قوتابخانەیەک بۆ منالان و یانەیەک بۆ گەنجان و نەخۆشخانەیەک بۆ بەسالاچووەکانی ولات زیاد بکەن، لە هەمان کاتیشدا نیشتیمان لە دەستی دەرەکی دەپارێزن. بە گوزارەیەکی تر، کەمینەو سەرۆکەکەیان بە دەستێک لە هەولی وەرگرتنی وەکالەتی بیرکردنەوەو گۆڕینی دونیادا دەبن، بەدەستەکەی تر لە هەولی سەپاندنی ئەو مۆدێلە سیاسی–ئابورییەدان بەسەر دورگەی کەناردا کە باوەریان پێیەتی.

لە هەنگاوی یەکەمدا دەستەلات پێویستی بەوەیە کە دەستەی بڕیاردەرو سەرۆکی دەستەکە وەک دەستەو سەرۆکی نمونەیی وێنا بکرێت. هایەک بە وردی ئاگای لەوەیە کە ئەگەرچی ئەم سیستمە هەمیشە خراپترین گروپ دەگەیەنێتە لوتکە (ل43)، لەگەل ئەمەشدا ئەم گروپەو بەتایبەت سەرۆک



دەرفەتی ئەوەیان دەبێت سیفەتی کاریزمی وەر بگرن، پیرۆز بکرێن. ئەو ڕای وایە کارەساتەکە لێرەوە دەستپێدەکات کە سەرۆک و کەمینە وا خۆیان وێنا دەکەن کە هەموو شت دەزانن. هەنگاوی دووەم بریتیە لە کۆکردنەوەی تاکەکان لە ژێر دەستی دەستەلاتدا. حیزب یەکێکە لە باشترین ئامرازەکان بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە. بە ڕای هایەک، حیزبە سۆشیالیستەکان بەر لە فاشیستەکان هەستان بە کۆکردنەوەی تاکەکان بۆ ژێر دەستی هێزی سیاسی و دەولەت و سەرۆک. ئەوەی حیزبە سۆشیالیستەکان کردیان بە مۆدێل بۆ دیکتاتۆرەکانی پاش خۆیان کۆکردنەوەی منالان بوو لە ڕێخراوی سیاسیدا، وەرزشوانان بوو لە یانەی سیاسیدا....هتد. ئامانجی سەرەکیشیان لەم شالاوە ئاراستەکردنی بیرکردنەوەیان و پێدانی ئەو سێتە لە ئایدیا بوو کە ئەوان دەیانویست بلاوی بکەنەوە. ئەوەش سۆشیالیستەکان بون کە بۆ یەکەمجار بیریان کردەوە لەوەی ئەندامانی حیزب دەبێت جیا بن لە خەلکی ئاسایی، تەنانەت لە زمانی قسەکردن و لە جل لەبەرکردنیشدا. ئەو دەنوسێت "ئایدیای حیزبی سیاسی کە هەموو چالاکیەکانی تاک لە لەدایکبونەوە تا مردن دیاری دەکات، کە بانگەشەی ئەوە دەکات دەتوانێت ڕێنوێنکەری تاک بێت لە هەموو شتێکدا، یەکەمجار لەسەردەستی سۆشیالیستەکان کاری پێکرا" (ل36). ڕاستە، تا لە ژیانداین دەستەلات لە هەولی کۆنترۆلکردنماندایە، بەلام هایەک لێرەدا ئەوە لە بیر دەکات کە لە پاش مردنیش دەستەلات (یان هێزی سیاسی کە هەمیشە برێک لە پاوەری دەکەوێتە دەست) یاری بە وێنەکانمان دەکات. مەبەستێکی دیکەی زیادبونی ئەندامی حیزبی بە ڕای هایەک ئەوەیە کە لەبەرئەوەی ئەو کەمینەیەی چواردەوری سەرۆکیان گرتووە ناتوانن سەرۆک تێر بکەن لە حەزی خۆبەهەموو شتزان، لە کاریزما، سەرۆک ناچار دەبێت کە ئەم بۆشاییە بە زیادبونی ئەندام بۆ حیزبەکەی پڕ بکاتەوە. یەکێک لەو گروپە کۆمەلایەتییانە کە بۆ ئەم مەبەستە دەستدەدەن نەخوێنەوار یان کەم خوێنەوارەکان بەوهۆیەوە ئەم گروپە جۆرە لێکچونێک لە نێوان بەهاو بیرکردنەوەکانیاندا هەیەو ئاسانتر لە هەر گروپێکی ترسیستمێک لە بەها وەک خۆی و بێ بیرکردنەوە وەردەگرن (ل45-44).

هەنگاو بە هەنگاو، هەموو ئەو بۆشاییانەی تاک جولەی تێدا دەکات، سەربەخۆ لە دەولەت و دەستەلاتی سیاسی بیری تیدا دەکاتەوە، لە سەنتەرەوە کۆنترۆل

دەکرێت. هایەک دەنوسێت "هەرچەند پلاندانان لەسەنتەردا جێگیر بکرێت، توانای پلاندانان لای تاک ئەرکێکی قورس دەبێت". تاک نە پێویستی بە بیرکردنەوەیەو نە پێویستی بە پلاندانانە، چونکە سیستم لە سەنتەرەوە ئەم ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ. تاکەکان چارەنوسیان بەدەستی خۆیانەوە نامێنێت، وەک ئامرازێک سەیردەکرێن نەک وەک ئامانج. خودی پرۆسەی بەکاریزمیکردنی سەنتەر لەسەر حسابی وەرگرتنی توانای بیرکردنەوەو پلاندانانە لە تاک. کە تاک خودی خۆی لە بیر کرد، سەرۆک پەرستی جێگای دەگرێتەوە.

ئەو تاریکستانەی تۆتالیتاریزم وەک سێتێک لە ئایدیاو وەک سیستمێک دەیخولقێنێت ڕەشترە لەمەش. بە کاریزمی کردنی سەرۆک و دەستەکەی و وەرگرتنەوەی توانای بیرکردنەوەو پلاندانان لە تاک دەرئەنجامێکی مەترسیداری دەبێت بۆ سەر متمانە بەخۆکردن، بۆ بینی خود وەک بکەری گۆران. ئیدی توانای خەونبینین هەتا ئەو شوێنەیە کە لە سەنتەرەوە بریاری لەسەر دەدرێت. هەرچییەک دەستەلات پێی وابێت لە تواناداییە بێتە بوون، دێت. بە پێچەوانەوە، هەرچییەک خەونی ئەوان نەبوو، بە خستنەبری، لە توانای خەلکیشدا نابێت وبە خەونێکی نا واقعی دادەنرێت. لەسەر هەمان ڕیتم، هەر گرفتێک گروپی فەرمانرەوا وایان دانا کە لە توانادا نەبوو کۆمەلگە خۆی لێبپارێزێت، ئەوا دەبێت هەموان بگەنە ئەو بروایەی ئەوە حەتمی بوو. دەشێت خەونبینین بە ئۆتومبێلێکی جوانەوە، کۆشکێکی ڕازاوەوە بکاتە مومکین، بەلام تەنانەت ئەم جۆرە خەونانەش مەرجی هەیە، مەرجی ملکەچبون بۆ سیستمەکەو پەیرەوی ئەو فەرمانانەی بۆی دێتە خوارەوە، مەرجی وازهێنان لە بەشداری لە دارشتنی ژیانی خۆی و پرسە گرنگەکانی ژیانی و جێهێشتنی بۆ سەرۆکە سیحرییەکانی. بەکورتی، لە سیستمی دیکتاتۆریدا خەونبین جوگرافیایەکە کە فەرمانرەواکان سنورەکەی دەکێشن.

جگە لەمانەش، بە ڕای هایەک لە سۆشیالیزمدا وەک فۆرمێکی دیکتاتۆری شتێک نییە ناوی پەیمانی کۆمەلایەتی بێت، بەلکو پەیمان و ڕێکەوتننامەی کۆمەلایەتی لە دورگەی سەنتەرەوە دەسەپێنرێت بەسەر کۆی کۆمەلگەدا، بەوانەشەوە کە پاسەوانی دیواری دورگەی سەنتەرن. ڕێکەوتن و ڕازیبون لەسەر هەموو شتێک،



هەموو هەنگاوێک کە کۆمەلگە دەینێت، دەسەپێنرێت. هەر شتێک کە لەسەرەوە دێتە خوارەوە دەبێت تاکەکان بە هی خۆیانی بزانن و کاری بۆ بکەن کە بێتە دی. یەکێک لە تەکنیکەکانی ئەمەش گۆرینی مانای وشەکانە. وشەی ئازادی لێرەدا لە ڕیزی ئەو وشانەیە کە یاری پێدەکرێت. دەبێت تاکەکان بەدوای ئازادی شمولیدا بگەڕێن و ئازادی خۆشیان لەو کلاورۆژنەیەوە سەیربکەن. بەلام لە ڕاستیدا، ئازادی شمولی ئازادی خەلک نییە بەلکو "ئازادی بێسنوری بریاربەدەستە". ئەمە هایەک دەگەیەنێتە ئەو بروایەی کە گەورەترین قوربانی لەم سیستمەدا وشەی "ئازادی"ە. دەرئەنجامی ئەم شالاوەش ئەوەیە کە وزەو دەنگی زۆرینە لە ناو کەمینەدا دەتوێتەوەو "ئیتر پرسیارەکە ئەوە نییە کە زۆرینەی خەلک ڕازییە بە بریارو پلانەکان یان نا بەلکو ئەوەیە کە ئایا گروپی بالادەست ڕێکن لەسەر ئاراستەکردن و جێگا بۆکردنەوەی لە واقیعدا؟" (ل44). سەربارى ئەوەی ئەمە درزێکی هەمیشەیی لەم سیستمەدا دروست دەکات، جۆرێک لە مرۆڤیش بەرهەم دێنێت کە جیاواز نییە لەوی دیکە. بەدەم پەیمانێکی کۆمەلایەتی سەپێنراوەوە، شێوە بیرکردنەوەیەکی دەستەجەمعی بالدەکێشێت بەسەر تاک بە تاکدا، چونکە بەبێ یەکخستنی بیرکردنەوەی تاکەکان لە بەرژەوەندی سیستمەکەو سەنتەرەکەی سیستم ناتوانێت درێژە بە تەمەنی بدات وپلانەکانی بهێنێتە دی. چونکە بەهاو ڕەفتارەکانیش قابیلی گواستنەوەن لە نێوان نەوەیەک بۆ نەوەیەکیتر، هەندێجار جیاوازی لە نێوان بیرکردنەوەی نەوەیەک لەگەل نەوەی دوای خۆی هێندەی تالە دەزوویەک دەبێت.

دواجار هایەک هەوالێکی زۆر ناخۆشمان لە زمانی پرۆفیسۆر "فرانک نایت" بۆ دەنوسێتەوە کاتێک دەلێت لە سیستمی تۆتالیتاریدا ئەوانەی لە پاوەردان بە چەشنێک شەیدای پاوەر دەبن ونەخۆش دەکەون کە " چەنێک ئەگەر هەیە کەسێکی زۆر کەم ئەزمون و ساویلکە ببێتە بریاردەری سەرکوتکردن و تۆوی کۆیلایەتی بچێنێت لە ولاتدا هێندەش ئەگەر هەیە جارێکی تر [ئەوان] ببنەوە بە تاکی ئاسایی و ئارەزوی پلەوپایەو بەکارهێنانی پاوەر نەکەن" (ل46). لەولاشەوە دەستگرتن بەسەر زانیاری وسەپاندنی بریار لەسەنتەرەوە دوژمنایەتییەکی ئەبەدی بە درێژایی تەمەنی سیستم لە نێوان دورگەی سەنتەرو دورگەی کەناردا

دروست دەکات و نائارامی دەخولقێنێت لە نێوانیاندا. دەشێت ئەم دوژمنایەتییە بە مەرگی دیکتاتۆرەکان کۆتایی بێت، بەلام کەلتورێکی دەولەمەند بە کۆیلایەتی بە میراتی جێدەهێڵێت و زۆری دەوێت تا مرۆڤ لە داوەکانی ڕزگاری دەبێت.

تەوەری دووەم: داگیرکردن لە کەنالی بازاری کارەوە

وەک لە بەشی یەکەمدا ڕونکرایەوە، سیستمی تۆتالیتاری کۆمەلگە دەکات بە دوو بەشی لە یەک دابراوو دەیانخاتە دوو دورگەی دور لەیەکتر. لە کەنالی جیاوازەوە، دورگەی سەنتەر پێویستی بەوەیە کۆنترۆلی ژیانی تاک بە تاکی دورگەی کەنار بکات. ڕێگایەکی کورت و ئاسان، گرنگتر لە هەر ڕێگایەک -کە پێشتر باسکران- بۆ پەلاماری دورگەی خەلک بریتییە لە بازاری کار.

هایەک زۆر جوان دەنوسێت "هەندێک ئازادی لە هەلبژاردنی کارەکانماندا بۆ بەختەوەریمان تەنانەت گرنگترە لە هەبونی داهات بۆ ئەوەی لە کاتی پشوداندا خەرجی بکەین" (ل55). بەلام سیستمی دیکتاتۆری کە سۆشیالیزم فۆرمێکی بالایەتی، دەرفەت بە کەمینەی سیاسی بالا دەست دەدات دەستبگرن بەسەر کۆی سەرچاوە ئابورییەکاندا وبە گشتی کەرتی گشتی هەیمەنەی هەبێت، ئابوری دەرفەتی دروستکردنی دەرفەتی کاری لەدەرەوەی ئەو کەرتە نامێنێت. ئەم قۆرخکردنە لەهەمان کاتدا کەرەستەیەکی سەرەکییە لە دەستگرتن بەسەر ژیانی تاک بە تاک و بیرکردنەوەکانیاندا، ئەگەرچی لەمەشدا سەنتەر سەرکەوتوو نابێت. دەستەلات لە ڕێگای دەستگرتن بەسەر بازاری کاردا لە یەک کاتدا ناردنی پارە بۆ گیرفانی کارمەندان و هۆشیاریان داگیر دەکات. دیسانەوە، ئەم کارە زەحمەتە بەبێ کۆکردنەوەی ژمارەیەکی بێشومار لە کارمەندان لە ژێر سەقفی حکومەت و دامەزراوەکانی تری دەولەتدا. هێواش هێواش تاکەکان دەبنە موچەخۆری دەولەت (بۆ نمونە لە ڕێگای دامەزراندن وبەرزکردنەوەی موچەوە).

بون بە موچەخۆری دەولەت و دامەزراوەکانی بەرەی دەستەلات گەورە دەکات، بۆیە بەرەنگاربونەوەیان قورستر دەکات. "لە ولاتێکدا کە دەوڵەت کارگەی سەرەکی دابینکردنی دەرفەتی کارە"، هایەک دەنوسێت، "ناکۆک بون لەگەڵیدا مانای مردنێکی هێواش". چونکە ئابورییەک لە ئارادا نییە دەرفەتی کاری شایستە بە مرۆڤ بخولقێنێت، هەلبژاردنەکانی کارمەند لە بازاری کاردا لە



سنورێکی داخراودا دەمێنێتەوەو زۆربەی کاتیش تاکەکان دەبێت بە حیزبدا تێپەرن بۆ ئەوەی کاریان دەست کەوێت. بەلام ئەو تەنیا سەرنجی لەسەر ولاتێکە کە یەک حیزب تێیدا زال بووە، کەچی بونی چەند حیزبێکیش گرەنتی تێپەراندنی ئەم سیستمەو کردنەوەی ئازادی لە هەلبژاردنی کاردا ناکات. لەم هەلومەرجەدا، ئەوەی بۆ تاک دەمێنێتەوە ئازادیی هەلبژاردنە لە نێوان هێزە سیاسیەکاندا. هەلبژاردنی هێزی سیاسی پێشمەرجی دەستکەوتنی کارو مانەوە لەسەر کارو پێش کەوتنە لە کاردا، ئەمەش فشارێکی دیکە دەخاتە سەر خەلک تا ببن بە دۆست یان ئەندامی حیزب، تا بونی خۆیان لە ڕێگای بونی حیزبەکانیانەوە بپارێزن.

بەمەشەوە هێشتا کارمەندان کە دەیـان هـەزارن کۆنترۆل ناکرێن. ئێستا دەستەلات پێوسیتی بەوەیە چوارچێوەیەکی یاسایی دارێژێت، بەردەوام ڕێنمایی بۆ فەرمانبەرەکانی بنێرێتە خوارەوە، و هاوکاتیش سیستمێکی مۆرالی جیاواز لەوەی تاکەکان خۆیان باوەریان پێیە تیایاندا بچەسسپێنێت بەمەبەستی بەرگری لە سیستم. ئیدی لە سەنتەرەوە بریار دەدرێت کە چ ڕەفتارێک نا یاساییە و چ ڕەفتارێک یاسایی، کارمەند تەنیا لەسەریەتی فەرمانی سەرو خۆی جێبەجێ بکات (49-50). هایەک ڕاست دەکات کە هاوکێشەکە بە لای دەستەلاتدا لاسەنگ نابێت ئەگەر سیستمی مۆرالی دەستکاری نەکات. لەم پرۆسەیەدا پرەنسیپی سەرەکی ئەوەیە کە "کۆتایی پاساو بۆ کەرەستەکان دێنێتەوە". واتە مادام کۆمەلگە بەرەو کۆتاییەک دەچێت کە پرشنگدارە، یان مادام ئێستا کۆمەلێ دەستکەوتی گرنگ بەدەست هاتون، بەکارهێنانی هەموو ئامرازێک بەوە پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە کە پارێزگاریکردنە لە دەستکەوتەکان و لەوەی لە داهاتودا پێی دەگەین. لێرەوە هەر کەسێک بیەوێت ئەم دەستکەوتانەو ئەو ئایندەیەی لە خەیالی بریاردەرانی دورگەی سەنتەردایە تێکبدات، دوژمنی نەتەوەو نیشتیمانە.

هایەک دەنوسێت: "دوژمن دەشێت ناوخۆیی بێت، وەک جولەکەکان لە ئەلمانیا، یان دەرەکی بێت." ئەو درێژەی پێدەدات و دەلێت"لە هەر بارێکدا، ئەم تەکنیکە ئازادییەکی زیاتر بۆ سەرۆک دەستەبەر دەکات کە بەو شێوەیە بجولێت کە ئارەزوی دەکات" (ل45). بەلام لەوەدا یارمەتیشیان دەدات کە فەرمانبەرەکانی بە تا ڕادەیەک ویژدانێکی ئارامەوە بەرەو ڕوی "دوژمن" ببنەوە. ئەمە مانای

ئەوەی، هایەک ڕونی دەکاتەوە، تاک وەک ئامرازێک سەیر دەکرێت کە تەنیا لەسەریەتی بەختەوەری بۆ کۆمەلگەکەی یان نەتەوەکەی بەدەستبهێنێت بەو شێوەیەی دەستەلات ئەمری پێ دەکات. هایەک قەشەنگانە ئەوە شیدەکاتەوە کە بۆ ئەوەی ببیتە ئامرازێکی چالاک لەم سیستمەدا، دەبێت دەست لە هەموو ئەو بەهایانە هەلگریت کە باوەرت پێیانە، یان دەبێت کوشتنی بەسالچویەک یان نەخۆشێک، دەربەدەرکردنی سەدان کەس بە دیاریدەی مۆرالی ببینیت. کەچی دەرچون لە فەرمانی بەرپرس تەنانەت ئەگەر بۆ پاراستنی مرۆڤیش بێت نایاسای و نائەخلاقییە (ل46).

لێرەوە ژمارەیەکی بێشومار لە دورگەی کەنار بە پێویست دەبێت ببن بە دەستی دەستەلات بۆ سەرکوتکردنی دوژمنان و گروپێکیش ببن بە چاوی دەستەلات بۆ گواستنەوەی زانیاری لەسەر ”دوژمنان!“ بۆ سەنتەرو ستراتیژدانەران. بەلام لێرەدا لەشکرێکی دیکە لە کۆیلە هاوشانی ئەم دوو لەشکرە، پێویستە. ئەم لەشکرەیان ڕۆلی زمانی دەستەلات دەبینێت بەلام هایەک ناویان دەنێت ڕۆشنبیران. لە وتاری ”رۆشنبیران سۆشیالیزم“ کە لە کۆتایی 1940 کاندا بلاوی کردەوە، هایەک ڕونی دەکاتەوە کە بە تەنیا میدیاکاران بەم کارە هەلناستن، بەلکو لەشکرێک لە نوسەرو پزیشک و مامۆستاو هاوشێوەکانیان کە پراکتیککاری ئایدیاکانن بەشدار دەبن. مەبەستی هایەک لە ڕۆشنبیران ئەوانەیە کە پردێکن ئایدیاکان دەگوازنەوە بۆ کۆمەلگە، کە خوێنەوارن بەلام دەستی دووی ئایدیاکانن و بێ بیرکردنەوە لە مەترسی ڕەفتارەکانیان و ئەو ئایدیایانەی پێیان دەگات ڕاستەوخۆ لە لاپەرەی ڕۆژنامەو بەرنامەی تەلەفزیۆنی و پۆلەکانی خوێندن و (ئێستا لە پەیجەکانی ئینتەرنێتدا) لە کۆمەلگەدا دەیچەسپێنن، دەیکەنە کەلتوری باو. لەبەر ئەمەیە کاتێک ئەنتۆنی فیشەر(یەکێک لە پالەوانەکەنی جەنگی جیهانی دووەم کە فرۆکەوان بووە لە بەریتانیا) لە ناوەراستی 1950 کاندا دەچێت بۆ لای هایەک و پێی دەلێت: ”من کەوتومەتە ژێر کاریگەری کتێبەکەی تۆو دەمەوێت لە ناوەندی سیاسییەکاندا بلاوی بکەمەوە“، هایەک لە وەلامدا دەلێت: ”واز لە سیاسییەکان بێنە، دەبێت ئەو گروپەی ئایدیاکانیان بۆ بلاو دەکەنەوە ئاشنا بکرێنەوە بە چەمکەکانی ئازادی“ (ل20). تازە سیاسییەکان کە خۆیان دیزاینی سیستمەکەیان کردووە نە بەبێ ئەو سیستمە دەژین و نە بەبێ ئەو سیستمە



هەست دەکەن کە دەتوانن ئاسایشی تاکەکەسی خۆشیان بپارێزن بەو هۆیەوە کە زۆرینەیان بونەتە دوژمندار.

بۆ من، ئەم شیکردنەوەیەی تا ئێرە لەم بەشەدا باسکرا مانای ئەوەی گۆرینی وەزیفەی ئینسان لە کاردا باشترین میکانیزمە بۆ کۆیلەکردنیان. کەمینەی بالا دەست لە بری ئەوەی بوار بۆ تاک بکاتەوە کە ڕۆبۆت دروست بکات، خودی تاک خۆی دەکات بە ڕۆبۆت. دەستەلات ئیدی شەرەکە جێ دەهێلێت بۆ کۆیلەکان خۆیان. کۆیلە تا ئەو کاتەی لە کۆیلەیەتی خۆی ڕزگاری دەبێت هەمیشە باشترین کەرەستەیە بۆ کۆیلەکردنی ئەوانەی هێشتا ملکەچی سیستم نین. ئەمەش مانای ئەوەی لە سیستمی دیکتاتۆریدا ئیستیغلالکردنی کارمەند فۆرمێکی جیاوازتر وەردەگرێت لەوەی مارکس لە ”سەرمایە“ دا وەک یاساییەکی گشتی و بۆ هەموو کۆمەلگەیەک باسی دەکات. ئەگەر لە سەرمایەداریدا ئیستیغلالکردنی کارمەند بریتی بێت لە ڕوتاندنەوەی تواناکانی بە مەبەستی قازانجی سەرمایەدارو بێبەشکردنی لەو کالایەی خۆی بەرهەمی دەهێنێت، دەستەلاتی دیکتاتۆری کۆی تواناکانی دەدزێـت بۆ بەرگری لە خۆی و درێـژەدان بە تەمەنی. لە بیرت بێت کە دەولەت و حیزب کارگەی یەکەمی دابینکردنی دەرفەتی کارن، سەرمایەدار بە پلەی یەکەم خودی دیکتاتۆرو دەستەکەی دەبێت. بەپێچەوانەی بزنسمانێکەوە کە دلەراوکێی کارامەیی کارمەندەکانی هەیە، بۆ دیکتاتۆرەکان کە لە هەمان کاتدا سەرمایەدارە بالا دەستەکانی ولاتن گرنگ نییە کارمەند چ خزمەتگوزارییەک پێشکەش دەکات، بەهرەمەندییەکانی هەتا کوێیەو چەند لە کارەکەیدا چالاکە بەلکو تەنها ئەوە گرنگە کە هونەری خزمەتکردن بە مانەوەی دورگەی سەنتەرو سەرۆکەکانی فێر ببێت. چونکە سەرمایەش بێ ماندوبون کەلەکە دەبێت وئاستی دلنیایی لە قازانجکردندا بەرزە، ڕوتاندنەوەی کارمەندیش پێویستی بەوە نییە لە کاردا فشاری لەسەر بێت تا چالاکانەتر کار بکات، یان کۆشش زیاتر بکات و بە کوالتییەکی باشتر خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بکات، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئایا کارمەند دەتوانێت گوێرایەل بێت، سەروەرییەکانی حیزب و سەرۆکەکەی بپارێزێت؟ لێرەشەوە هەڵسەنگاندن بۆ کارمەند فۆرمی دیکە وەردەگرێت. لەگەل ئەوەی هایەک ئەم بەراوردکارییەی نەکردووە، بەلام ئەو خالێکی دیکەی لە بیرنەچووە کە لە سیستمی داخراوو دیکتاتۆریدا دەرگای

ئازادی بە تەنیا بە ڕوی کارمەندندا داناخرێت بەڵکو بزنسمانەکانیش دیل دەکرێن. بە ڕای هایەک جیاوازییەکی کۆمەڵگای کراوەو ئازاد لەگەڵ کۆمەڵگای داخراو و دیلکراو ئەوەیە کە لەوەی یەکەمیاندا کەسێک کە تەنانەت کارامەییەکی کەمی هەیە ئازادییەکی زیاتری هەیە لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆی وەک لە بزنسمانێک —سەرمایەدارێک— لە کۆمەڵگەی داخراوو دیلکراودا. لێرەوە هایەک ڕای وایە کە "ئێمە هەمومان قازانج دەکەین لە جیهانێک تیایدا ڕۆڵی دەوڵەت بچوک کرابێتەوە" (ل27).

بە ڕای من، بەهۆی سێ فاکتەری ئابورییەوە دەستەلاتی دیکتاتۆری سەرکەوتو نابێت لە کۆنترۆلکردنی بازاڕی کارو کارمەند. یەکەم، ئابوری لە واقیعدا ناتوانێت دەرفەتی کار بخولقێنێت، بەلکو دەرفەتی کار دەسەپێنرێت. دەستەلات دەرفەتی کار تەزویر دەکات و هێزی کار لە بێکاری ئاشکراوە دەگوازێتەوە بۆ بێکاری شاراوەی ناو کەرتی گشتی. ئەمەش ناتوانێت پێ بە پێی زیادبونی دانیشتوان و زیادبونی هێزی کار بروات. واتە هەمیشە بۆشاییەکی گەورە لە بازاڕی کاردا دەمێنێتەوە کە دەستەلات بۆی داگیر ناکرێت. دووەم، خەرجییەکانی دەوڵەت زیاد دەکات، بەتایبەت بۆ بواری ئاسایش و سەربازی، بە ئەندازەیەک کە ئیتر زیاتر دەبێت لە داهات یان تەنیا بەشی پێویستی کەرتی گشتی دەکات. پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە بە قەرز، دیسانەوە گرفتەکە قولتر دەکاتەوە. سێیەم، بێکاری دەرئەنجامێکی سروشتی دەبێت وفرۆشتن لە بازاڕی کاردا کز دەکات، وهەڵئاوسانیش (بەرزبونەوەی نرخ) ئەگەر تەنانەت لە دەرەوەی ولاتیشەوە ئیستیراد بکرێت-بەتایبەت لەم زەمەنی جیهانگیرییەدا- برست لە بەرزبونەوەی داهات دەبرێت. هەموو ئەم حالەتانەش پێکەوە هەژاری و نایەکسانی گەورە دەکەن و ناهێڵن سیستم تا ئەبەد بە ئارامی بژی (بێگومان بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە دەستەلات توندوتیژی بەکاردەهێنێت).

بەداخەوە، ئەگەرچی قەیرانی ئابوری سیستمەکە دەخاتە مەترسییەوە، بەلام کوێرانە دێت و گرەنتی گۆڕانکاری ناکات، بۆیە مرۆڤ ئەگەر لە چاوەڕێی قەیراندا بژی دەشێت لەگەڵ هاتنیدا قوربانی دەرچون لە سیستمەکە زۆر زیاتر بێت لە مانەوە تێیدا.



**دەرئەنجام**

سۆشیالیزم وەک سێتێک لە ئایدیاو وەک سیستمێک کە ئابوری قۆرخ دەکات، لە مەرکەزەوە پلانی بۆ دادەنێت و بڕیاردان بەمەرکەزی دیزاین دەکات. فرێدریک هایەک لە کتێبی "ڕێگایەک بەرەو کۆیلایەتی" ئەوە ڕون دەکاتەوە کە تێپەڕبون بەم سیستمەدا نەک مرۆڤایەتی نەگەیاند بە بەختەوەری بەلکو گەیاندییە کۆیلایەتی و کۆتایی بە ژیانی زۆرێک لە سەرۆکەکانیش هێنا. مەرگی ئەم سیستمە بە لابردنی سەرۆکەکانی کۆتایی نایەت، بەلکو کەلتورێک بۆ مرۆڤ جێدەهێلێت کە پڕ دەبێت لە تێکشکانی متمانە بە خودو لە کۆیلەیەتی، دواجار تاک لە ئامێزی ئەم سەرۆکەوە دەگوازێتەوە بۆ یەکێکیتر. هایەک لەم ڕووە خزمەتێکی کەم وێنەی کردین. بەلام ئەو لە چەند شتێکدا بەهەلەدا چوو، لەوانە کۆنترۆلکردنی ئابوری لەسەنتەرەوە سۆشیالیستەکان دروستیان نەکرد وپێش ئەوانیش هەبووە. هەروەها، ئەو بەیەک شێوە سەیری کۆی میتۆدی کۆمۆنیستی دەکات لە سەدەونیوی ڕابردودا لە کاتێکدا شتێکی وەک پلانی مەرکەزی سۆشیالیستەکانی دوای مارکس هاوپێچی ئەم میتۆدەیان کرد (جەی باکلی، 2005، ل15-1014). جگەلەمەش، نەک هەر سێتێکی دیکەی لە ئایدیا، ئایدیای لیبرالیزمی نوێ و بازاڕی ئازاد، بێ ڕەخنە قبول کرد بەلکو سەرسەختانە بەرگری لێکردن و بلاوی کردنەوە لە کاتێکدا ئەم ئایدیایە بە بەرپرس لە قەیرانی ئابوری و دواخستنی پرۆسەی گەشەسەندن لە جیهاندا لە دوو دەیەی ڕابردودا دادەنرێت (بۆ نمونە بڕوانە کتێبەکانی ئابوریناس جۆزیف ستیگلیتیز، 2001 و 2010). جێی خۆیەتی قسەیەکی گرنگی ئابوریناسی بەریتانی جۆن ماینەرد کینز بیربخەمەوە کە جۆن بلوندل لە پێشەکی کتێبەکەی هایەکدا، ئاماژەی پێکردووە. کینز دەنوسێت " فەیلەسوفە سیاسیەکان و ئابوریناسان بۆشاییەکی بچوکیان بۆ خەلک هێشتۆتەوە کە بیر بکەنەوە... ئەوانەی پراکتیکارن، کە خۆیان وا دەبینن لە دەرەوەی کاریگەری ڕۆشنبیرەکانن، لە ڕاستیدا کۆیلەی ئابوریناسە خراپ و مردووەکانن". لێرەوە، بەرەنگاربونەوەی بەردەممان ئەگەر لە لایەکەوە شەرکردن بێت لەگەڵ کەلتوری دیکتاتۆری، لە لایەکەی ترەوە خۆپاراستنە لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی سۆشیالیزم جێیهێشت بە ئایدۆلۆژیای دیکە، لەسەرو هەموویانەوە بە لیبرالیزمی نوێ کە لەسەردەستی زۆرێک لە فەیلەسوف و ئابوریناسان بە خێرایی بە جیهاندا بلاو دەبێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

- فریدرک هایەک، "رێگایەک بەرەو کۆیلایەتی"، پەیمانگای کاروباری ئابوریی، بەریتانیا، 1999.
- کارل مارکس، "سەرمایە"، چاپێکی پوختەکراو، کۆکراوەتەوە لەگەل نوسینی پێشەکیەکدا لە لایەن داڤید ماکلیلان، بلاوکراوەی زانکۆی ئۆکسفۆرد، 2008.
- جەی باکلی ڕوسەر، "رێگایەک بۆ کۆیلایەتی وئابوری جیهان: پاش 60 سال"، گۆڤاری ئابوری سیاسی ئەوروپی، ڤۆلیومی 21، 1025-1012.
- جۆزیف ستیگلیتز، "فریبفال: بازاری ئازادو نوقومبونی ئابوری جیهان"، بلاوکراوەی ئەلێن لەین، 2010.

# جۆن لۆک
# لەسەر مووڵک و موڵکدارێتی

مەجید عەزیز

باسکردن لەموڵکو موڵکدارێتی باسکردنە لەدونیای هەبوونو شتەمەتریالەکانو، هەروەها باسکردنیشە لەبەڕیوەبردنی جۆری حکومەتو بوونی یاساو، هەلوومەرجو بوونی هاوڵاتیبوونو، تەنانەت ئازادیو هەستی بەرپرسیارێتیو شوێنو شووناسو، بابەتی تریش. باسکردن لەموڵکو موڵکدارێتی بەگشتی لەمێژووی فیکری ڕۆژئاوادا، بـەزۆری باسکردنە لەفەلسەفەی سیاسی، چوونکە بابەتێکە ڕاماندەکێشێت بۆناو دونیای حکوومەتو سیاسەتو مامەڵەکردن بەیاساوەو، هەلوومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووری. ڕەنگە ئەم باسکردنە لەئیفلاتوونەوە تاوەکو هەنووکەش، مێژوویەکی چڕوپڕی خۆی هەبێت بۆ تێگەشتنو لێکدانەوەو بەدواگەڕانەکان، چوونکە لەهەرشوێنێکدا مرۆڤایەتی هەبووبێتو ژیابێت، ئەوا موومکین نیە مامەڵەی لەگەڵ موڵکوشتوومەکدا نەکردبێت. ئەوەی گرنگە لەمئاستەوە، پرسیاری ئەوەیە کە ئایا مرۆڤ چۆن یان بۆچی ئارەزووی موڵکی تایبەتی دەکات؟

ئەگەر هەندێک بیرمەندو شێوازی بیرکردنەوە بەرایی بۆئەوەبکەن، باشترە موڵک گشتی بێت، ئەوا هەندێکی تر تەواو پێچەوانەی ئەودیدەن. لۆک، بۆنموونە پێی وایە ئەوە مافەو دەبێت ئازادانە مامەڵەی لەگەڵدابکرێتو لەبەرئەوە شتێکی باشە .زۆری بیرمەندەکان، بەتایبەتی بیرمەندانی فەلسەفەی سیاسی، لەسەرئەوەکۆکن گوایا مرۆڤایەتی لەسەرەتاوە ژیانی (ناوحاڵەتی سروشتی) بووەو، ئیدی ئەمە ئەگەر وەکو تیۆری بێت یان نا، کوورتکراوەتەوە بۆ دونیای پێش بوونی حکوومەتو یاسا، لەوکاتەدا موڵک گشتی



بووە، تاوەکو ئەوکاتەی مرۆڤ لەئاستی ئارەزوو، ئیرادە، هێزی کاری خۆی، بەکارهێنانی ئامرازەکان، وایکردوە هەست بەمانیفێستکردنی خوودگەرایی خۆی بکاتو شتەکان بکات بەموڵکی خۆی. بۆنموونە ئەوە موڵکی منە، ماڵی منە، عەرزەی منە، کاری منە، تەنانەت لەکۆمەڵگای پەیرتریارکیدا، ئەوە منداڵو ژنی منە. بەپێی بۆچوونەکان، لەحاڵەتی سروشتدا، موڵک کاراکتەرێکی تایبەتی نەبووە، بەڵکو کاراکتەرێکی گشتی هەبووەو، هەروەها خوودپەرستی لەئارادانەبوە بەوشێوەیە. تەمەلووککردن حاڵەتێکی شاز نەبووە بۆ مرۆڤایەتی، هەروەها مرۆڤ خوودێتی نەبووەو خۆی نەخستۆتە سەنتەری پەیوەندیەکانەوە، دیارە ئەمە بۆ بیرمەندێکی وەکو تۆماس هۆبز جیاوازدەکەوێتەوە، چوونکە بۆ هۆبز مرۆڤ بەسروشتی خۆی، خوودپەرستەو هەمیشە لەناو حاڵەتێکی بەردەوامی جەنگدا دەژی (لەڤایەسەن). وەبیرمەندەی زۆرهەن داکۆکی لەبوونی گشتی موڵک دەکـەن لەبەرخاتری مرۆڤایەتی، بۆئەوەی نەبێتە قووربانی ئارەزووەکانو سیاسەتی چاوچنۆکیو موونافەسەی زۆرەوە. ڕەنگە ئیفلاتونو مارکسو ڕۆسۆ، دیارترین بیرمەندو بەرگریکەری موڵکی گشتی بن لەمئاستەوە، چوونکە دیدی ئەوان جەغدکردنە لەسەرئەوەی سروشتی شتەکان نابێت لەناو موونافەسەو تایبەتێتیو ئینديڤيدواڵیەتدا بتوێنەوە لەبەردەم موڵکو کەسێتیدا، بۆئەوان ئەوکاتە مرۆڤایەتی لەسروشتی خۆی دەچێتەدەرەوەو تووشی نامۆبوونو جەنگو چاوچنۆکیەکی هەتاهەتایی دەبێت. بۆجۆن لۆک، کە بیرمەندێکی زۆر تاککگرایە، هاوکێشەکە جیاوازە، لەبەرئەوەی مرۆڤ دەبێت ئازادبێتو خاوەنی خۆیەتی، ئیتر هەرکاتێک دەست دەداتە هەرشتێک (هێزی کاری خۆی لەگەڵ ئەوشتەدا تێکەڵاودەکات)، ئەوا ئەوشتەی دەستی دەداتێو ئارەقی لەگەڵدا دەڕێژێ، دەکاتە/دەبێتە موڵکی خۆی.

لۆک، پێی وایە تەمەللووک کردن لەبەرئەوەی پەیوەندی بەموڵکایەتی جەستەی مرۆڤەوە هەیە، لەبەرئەوە مافێکی سروشتیە ئازادبێتو موڵکی خۆی هەبێت، لەبەرئەمەش دەتوانێتو مافی ئەوەی هەیە موڵکی تریشی هەبێت (موڵکی تایبەتی)چەندبتوانێت. لۆک، ئەگەرچی ئاماژەبەوەدەکات، گوایا کەسەکان دەبێت ئاگایان لەوانی تربێت کاتێک موڵکەبێخاوەناکان دەخەنە ژێردەستی خۆیانەوە، بۆئەوەی ئەوعەرزانەی خاوەنیان نیە جارێکا، بەشی هەمووان

بکات (ئەمەریکا باشترین نموونەی ئەمەیە، کاتێک لەئەورپاوە دەهاتن، عەرزەکانی هیندیە سوورەکانی (ڕەگەزە ئەسڵیەئەمەریکیەکان) داگیرکرد، ئایا ئەمە چۆن تەماشابکەین؟، چوونکە ئەوعەرزانە بێخاوەن نەبوون بەوشێوەیە).

لۆک ئاماژەش بەوەدەکات، کەسەکان چەند دەتوانن دەست بەسەردابگرنو بەکاربهێنن (بۆنموونە میوەوشتی لەوەجۆرە بۆخواردن)، چوونکە پێی وایە نابێت شتێکی وابکەن زیادەڕۆیی بکەن، چوونکە دوایی پاشماوەکان بەفیرۆدەچێتو فڕێدەدرێت، لەبەرئەوە باشترە هەمووکەسێک هەندەی ئاستوبەشی خۆی ببات، ئەوەندەی تێری دەکاتو دەتوانێت بەکاری بهێنێت، بۆئەوەی نەگاتە ئاستی بۆگەنکردنو خراپبوونو، دواییش فڕێدانی. لەمئاستەوە لۆک وەکو دیوێکی ئیگەلیتێریان بینراوە، تەنانەت هەندێک پێیان وایە لۆک کاتێک بەرایی کاپیتاڵیزمو موڵکایەتی تایبەتی دەکات خۆی تووشی ناکۆکی دەکات لەگەڵ ئەم تێزەیەیدا.

بەهەرحاڵ، موڵک بۆ لۆک شەرعیە تایبەتی بکرێت، بۆنموونە لەکتێبی تریتیسی دووەمدا لەسەر حکوومەت، باس لەوەدەکات مرۆڤ کاتێک هێزی کاری خۆی لەگەڵ ئەوشتانەی لەدەرەوەی خۆیدا تێکەڵاودەکات، ئیتر ئەوشتانە دەبنە موڵکی تایبەتی خۆی. نموونەی لێکردنەوەی سێو دەهێنێتەوە، ئاماژەبەوەدەکات کە مرۆڤ دەتوانێت هەندە سێولێبکاتەوە کە بیخوات، ئیتر ئەمە ئەگەر لەچەند ڕۆژێکدا بەکاربێت یان نا، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، ئەوسێوانە بخورێن، خراپ نەبنو فڕێنەدرێن. کاتێک مرۆڤ ئەوسێوانە لەدارسێوەکان لێدەکاتەوە بەدەستی خۆی، ئیتر ئەوسێوانە دەبنە موڵکی خۆی، چوونکە بەهێزی کارو جەستەودەستی خۆی ئەوسێوانەی لێکردۆتەوە. بەهەمانشێوە، کاتێک پارچەعەرزەیەک پاکدەکاتەوەو ڕێکوپێکی دەکات بۆ بەکارهێنان،بۆنموونە وەکو کێڵگەیەک، ئیتر ئەوعەرزەیە موڵکی خۆیەتیو تایبەتە بەوەوە. (لاپەڕە،٢١)

تێگەشتن لەموڵکو موڵکدارێتی بۆ بیرمەندێکی وەکو لۆک، گرنگی زۆری هەیە لەدیدی سیاسیو ئابووریەوە، بێگوومان ئەمکایانەش بەشیوەیەکی سروشتی، کاردانەوە لەسەر کایەکانی تری ژیان دادەنێن. بیرۆکەی موڵکوموڵکدارێتی وەکو مافوڕەوایەتی لەلای جۆن لۆک، ڕەنگە تێگەشتنبێت لەتەواوی فەلسەفەی سیاسی ئەو لەوێنەیەکی گشتیدا، چوونکە پەیوەندی ڕیشەیی بەئازادی خوودەوە هەیە.



بۆ لۆک، گرنگە چی جۆرە حکومەتێکمان هەبێتو، بتوانین لەژێریدا ئازادبینو، هەروەها بتوانین لەژێرسایەی ئەو سیستەمەدا موڵکەکانمان پارێزراوبێتو، ئازادیو متمانەمان گەرانتی بێت. گوومانی تیادانیە، ئازادی بۆ لۆک گرنگیەکی بێوێنەی هەیە لەوێناکردنەوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەبەرئەم هۆیە تێگەشتن لەموڵکدارێتی لەلای لۆک، پابەندە بەتێگەشتن بەخوودەوە وەکو مرۆڤێکی ئازاد. چوونکە موڵک پابەندە بەتێگەشتن لەژیانی مرۆڤیش وەکو موڵک (واتە جەستەکەی). بۆلۆک، مرۆڤ خۆی وەکو موڵکێکەو، دەبێت بەتەنیا خۆی خاوەنی ئەو موڵکەی خۆی بێت. ئەم تێگەشتنە لەکەسبوونی مرۆڤ لەخۆیدا، وەکو ئەوەی خۆی خاوەنی خۆیەتی وەکو موڵکێک، مانایەکەی ئەوەیە ئەوجەستەیە هی خۆیەتی کە هەیەتی نەوەک هی کەسێکی تر. ئەوکەسە خاوەنی خۆیەتیو وەکو کرێچیەک نیەو، ئەو بوونە ئازادوسەربەخۆیەش، دەبێت وایلێبکات هیچ جۆرە کۆیلایەتیەک نەیگرێتەوە. بەڵام لۆک کاتێک خاوەنی ئەمدیدەیە، لەهەمان کاتیشدا بەرایی تەواوەتی بۆ تەمەللوککردن دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ئاماژەی بۆدەکات، بەداهێنانو هاتنی پارە ڕێگامان پێدەدات بتوانین هێزی کاربکڕینو بفرۆشین لەپێناوی موڵکایەتی تایبەتیدا (مۆتۆڕیَ سیستەمی کاپیتاڵیزم).

دەبێت ئاماژەبەوەبکەین، لۆک بەشێوەیەکی سادە تەماشای بیرۆکەی موڵک ناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی قووڵ تەماشای موڵک دەکات،چوونکە بۆئەو ئایدیای موڵک، وەکو ووتمان پەیوەندی ڕیشەیی بەجەستەی مرۆڤەوە هەیە، جەستەی مرۆڤیش وەکو خوودێکی ئازادو سەربەخۆ یان تایبەتی دەکرێت. بەم تێگەشتنەی لۆک، لەئاست نرخوبەهای جەستەو موڵک لەوناوکۆییەداو، گرێدانی ژیانی مرۆڤو ژیانی لەناو کۆمەڵگاداو، هاوکێشەی سیاسەتو حکوومەتو یاساش، ڕەنگە ئەم جیهانبینیانە لۆک بکات بەگرنگترین بیرمەندی سیاسی ڕادیکاڵ، وەکوهێنانی بیرۆکەو بیرکردنەوەی نوێ لەئاستی بەرپەرچدانەوەی پاشخانی سیستەمی پەیرتریارکیو ئاینی. لۆک، لەسیاسەتەدا بەهەمووشێوەیەک دژایەتی تیۆریو پراکتیزەی جیهانی پەیرتریارکی دەکات، بەهەمان ستونیش دژایەتی فەلسەفەی سکولاستیکی ئەوسەردەمەی خۆی دەکات، کە فەلسەفەی دیکارتی پێشڕەوی بووەو نمایشی کردوە. لەگەڵ لۆکدا، دوالیزمی دیکارتی (ڕۆحو

جەستە)، وە (ئایدیای غەریزەیی)، بەتەواوەتی دەکەوێتە بەرهێرشو ڕەخنەوە. ئەگەر نووسینی کتێبی "یەکەموو دوومیش لەسەرحکوومەت" وەڵامدانەوەبێت بۆ ڕۆبێرت فێڵمەر، لەمەڕ موڵکو حکوومەتو سیاست، ئەوا نووسینی کتێبی "دەربارەی تێگەشتنی مرۆڤ" دژایەتیکردنو ڕەخنەکردنی دیدی دیکارتیو ئەوپاشخانە سکولاستیەکەیە مێژووی بیرکردنەوەی ڕۆژئاوای داگیرکردبوو.

لۆک، زۆر بەتووندی، وەهەوڵی گەورەی ئەوەیە باکگروندی فەلسەفەی سکولاستیک لەبنەوە هەڵبتەکێنێتو، بیرۆکەی نوێ بهێنێتە ناو مێژووی فەلسەفەوەو، عەقڵ لەناو هەستە زۆر ئیمپریکیەکەیەدا دابنێت. بەگشتی ڕووی مەعریفە (ئیپستیمۆلۆجی )دەگۆڕێت، ئەویش بەوەی مرۆڤ لەگەڵ مەعریفەدا لەدایک نابێتو شتێکی غەریزەیی نیە لەئەزەلەوە هەیبێت، یان لەواقیعێکی جیاوازەوە مەعریفەی پێبگات، جیاواز لەواقیعی ئێمەی مرۆڤ (وەکو فۆرمەکانی ئیفلاتوون)، وەکو دەڵێت مێشکی مرۆڤ وەکو "پەڕەیەکی سپی وایە" لەگەڵ ژیانی لەناو ئەمجیهانەدا،" ئەزموونەکانی پڕی دەکاتەوە". ئەمە بۆخۆی گەورەترین گوورزە لەڕاشینالیزم، ئەمدیدەی لۆک بەئیمپریسیزم بەناوبانگە، وەهەروەها بەباوکی ئەم ڕێچکە فەلسەفیە دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرئەوەی ئەودیدە لەبیرکردنەوەی مەتریالیانەوە نزیکە، پێی وایە هەرشتێک لەناومێشکماندا هەیە بەرامبەر شتەکانو دونیاو سروشت، بریتین لەجیهانی دەرەکی، وە ناویان لێدەنێت "ئایدیا"، بەمە بوونی هەرئایدیایەک لەدەرەوەی ڕەنگدانەوەی بوونی ئێمە لەناودونیادا نیە، کە ئاماژە بەدووتێزدەکات، ئەوانیش هەستەکانمانو هەروەها ڕەنگدانەوەیان لەناومێشکمانان. ئەم ئایدیایانەش، کتوومت وەرگێڕانی دونیای مەتریالو شتەکانی دەوروبەرمانە لەدەرەوەی مێشکمانا، واتە شتێک نیە لەناومێشکمانا وەکو ئایدیایەک هەبنو لەناو سروشتدا وەکو ئابجێکتێک بوونیان نەبێت، ئەمەش پابەندە بەزمانو ناونانی شتەکانەوە لەپێشکەشکردنیانا، یان دەربڕینەکانمانا، فەلسەفەی زمانی لۆک هەر لەمئاستەوە ڕێچکەوەردەگرێت.

لۆک، ئەم دیدە شۆڕشگێڕە فەلسەفیەی لەناو هزری سیاسیشدا بەرپاکردوە، کە دژی تەواوی سیستەمی پەرترپارکیەتو مۆنارکیەتە، چوونکە گرنگیەکی بێهاوتا بەخوود دەدات. لۆک، باسی ئازادی تاکەکس دەکاتو، زۆر ڕەخنەگرێکی ڕادیکاڵە لەبەردەم دەستی حکوومەت بۆ ناوژیانی تایبەتی مرۆڤ (لۆک وەکو



باوکی ڕێچکەی لیبەرتێریان دەبیندرێت)، لەبەرئەوە دەسەڵات نابێت ڕەهابێتو، دەبێت دابەشبکرێتو چاودێری بکرێت لەوەی چێدەکاتو چیناکات، حکوومەتیش نابێت خۆی بەباوکی هاوڵاتیان دابنێت، بەڵکو ئیشی ئەوەیە موڵکی تایبەتی هاوڵاتیەکانی بپارێزێت، تەنانەت ئاماژە بەوەشدەکات خوودەکان لەئاستی باجداندا، ئەگەر بەقبووڵکردنی خۆیان نەبێت، ئەوا مافی خۆیانە باجنەدەن. چوونکە ئەوکاتەی باجدەدەن بەبێ ئەوەی پرسیاریان لێکرابێت، وەکوئەوەیە دەستدرێژی بکرێتە سەر ئەو ئازادیەی هەیانە، فەیلەسووفی هاوچەرخ ( ڕۆبێرت نۆزیک) بەشێوەیەکی زۆر ڕادیکاڵ بەرگری لەمدیدە دەکاتو تەنانەت باجدانی پێ کارپێکردنی زیادەیە، یان وەکو دزی وایە لەلایەن حکوومەتەوە.

لۆک، ئازادی تاکەکەس لەخاوەنبوونی خۆیدا دەبینێتو، هیچ هێزێکی تری بەسەردا ناسەپێنێتو نابینێت، بێجگە لەبوونی ئەو کەسەنەبێت وەکو خاوەنی جەستەی خۆی. لەبەرئەمە، بیرۆکەی موڵک وەکو خاوەنداریێتی کەس بەسەربونی خۆیەوەتی لەلای لۆک، حاڵەتێکی جەوهەری هەیە. لەمئاستەوە، لۆک وەکو بیرمەندێکی زۆر جیاواز لەو ترادیسیۆنەی لێوەی دێتو بیردەکاتەوە، مۆدێرن، تەنانەت زۆر ڕادیکاڵیش لەکاتوسەردەمی خۆیدا، بەرامبەر جیهانبینیە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان، تاکەکەس بۆ لۆک دەبێتە چەقی بەرگریکردنی پڕۆژەی سیاسیو فەلسەفی. لۆک لەکتێبی تریتیسی دووەم لەسەر حکوومەت، لەبەشی 'لەسەرموڵک'، لەپەرەگرافی بیستوحەوتدا دەڵێت،"هەموومرۆڤێک موڵکدارێتی خۆی هەیە لەکەسبوونی خۆیدا. هیچ کەسێک ڕەوایەتی بەسەریەوەنیە بێجگەلەخۆی نەبێت"، هەروەها دەڵێت،"هێزی کاری جەستەکەی، وەئیشی دەستەکانی خۆی، بەرهەمی خۆیەتی." (پەڕە،١٩)

ئەگەر مرۆڤ خۆی وەکو موڵکی خۆی ببینێتو مانای ئازادی لەلای خۆی بێت (تەنانەت مرۆڤ ئازادە وەکو سروشتی خۆی لەلای لۆک، لەمەدا نزیکە لەڕۆسۆو مارکسەوە، تەنانەت کانتیشەوە)، ئەوا لۆک بەرپەرچی ئەودیدە کۆنەخوازە دەداتەوە، مرۆڤ چۆن بینراوە، هەروەها بۆ بوونو مانای دەسەڵاتو حکوومەتیش هەمان خوێندنەوەی ڕادیکاڵی هەیە. دیدوبۆچونەکانی لۆک، وەڵامدانەوەیە بۆ دونیای کۆنخوازیو، پەیرترپاریکو، سیاسەتی ڕەهاگەری مۆنارکی، بەتایبەتی وەڵامی بیرمەندی وەکو هۆبز دەداتەوە، لەئاستی ئەوەی

ئێمە چۆن بچینە ناوپەیمانی کۆمەڵایەتیەوە، چۆن بتوانین ئازادبینو، سنووریش بۆدەسەڵاتی ئەوحکوومەتە دابنێین کە بەسەرمانەوە دەبێت. لەبەرئەم هۆیانە، کەسبوون وەکو موڵکبوون ناوکۆیی دەکات، بەڵام پێموایە ئەم کەسبوونە لەئاستێکی ناوەکیدایە، چوونکە کاتێک ئاماژە بەتەمەللوک کردن دەکات، لەدەرەوەی هێزی کەسەکاندا ئاماژەیان بۆ دەکات، بەڵام کاتێک هێزی کاریان لەگەڵدا تێکەڵاودەکەین، ئیتر دەبنە موڵکی تایبەتی.

ئەگەر بوونی حکومەتو بەڕێوەبردنی وڵات، هەر ئەرکێکی هەبێت لەلای لۆک، ئەوا پاراستنی مافی هاوڵاتیانو مافی موڵکەکانیانە، نەوەک حەرامکردنی ژیانیان. لەپەرەگرافی سەدوبیستوچواردا دەڵێت،" مەزنترینو بەرزترین کۆتاییەک هەبێت، بەوشێوەیەی، ئاستی یەکێتی مرۆڤەکان لەناو موڵکی-گشتیدا (کۆمۆن-وێڵپ)،هەروەها خۆبینینەوە لەژێر سێبەری حکوومەت، پاراستنی موڵکەکانیانە" (سەرچاوەی پێشو، ٦٦).

شایستەی ئاماژەبۆکردنە، کاتێک لۆک بوونی تەمەللووک دەگەڕێنێتەوە بۆ هێزی کاری مرۆڤ (لەیبەر)،بەومانایەی موڵکی تایبەتی سەرچاوەکەی دەوڵەت یان یاسانیە، بەڵکو هێزی کاری مرۆڤە کە وەدەستی دەهێنێت. واتە ئەوەی لەژێرسایەی دەوڵەتدا هەیەو دەبێت تەنیا پاراستنێکی یاساییەو تەواو، بەڵام ئەمە بۆ یەکێکی وەکو عەمانۆئیل کانت بەتەواوی بەپێچەوانەوەیە. کانت پێی وایە تەمەلووک بەراییکردنە لەپەیمانی کۆمەڵایەتیدا، چوونکە کانت پێمان دەڵێت ئاشکرا نیە چۆنو کەی ئەو موڵکە وەدەستهێنراوە. وەکێشەی لەگەڵ یەکەم ساتی تەمەلووکدا هەیە، ئەویش کە چۆن کەسێک بۆیەکەمجار موڵکێکی بێخاوەن دەکات بەناوی خۆیەوەو، دەڵێت ئەوە موڵکی "منە"، ئەمە بۆلۆک ڕەنگە لەوەدا بگیرسێتەوە، کە پێی وایە مرۆڤ ئازادەو هەروەها درێژەپێدەری موڵکی باووباپیرانێتی (ئینتایتڵمێنت). بەکوورتی تەمەللوک بۆلۆک پابەندە بەهێزی کارەوە، بۆ کانت بەپەیمانی کۆمەڵایەتیو دەڵەتەوە، چوونکە موڵک خوودی یاساو دەوڵەت زەرووری دەکات ( لەسەرکانت،٧٤)

دەبێت ئەوەبوترێت، ئەگەرلۆک لەپشت ئازادیو پاراستنی مرۆڤەوەیە وەکو خوودو وەکو موڵکی خۆی، بەهەمووشێوەیەکیش لەپشت لۆردو موڵکدارو کاپیتاڵیستەکانەوەیە، ئەگەرچی بۆخۆی لەخێزانێکی دەوڵەمەند لەدایکبوەو



خاوەن کۆیلەشبوونە. بۆنموونە، لۆک وەکو مارکس نیە ، جۆرە فەیلەسووفێک نیە شیوەن بۆهەژاران بکات، ئەگەرچی فەیلەسووفی یاخیبوونو شۆڕشیشە، بەڵام نەوەک شۆڕشی وەکو ئەوەی مارکس دەیەوێت، یەکسانیەکی گەردوونی. تەنانەت خوودی مارکس کانت بە"فەیلەسووفی سیاسی شۆڕشی فەڕەنسی" ناودەبات (لەسەرکانت، ٧٢)، وەکانت کاریگەری بەسەر مارکسەوە هەیە. بەڵام زۆرن ئەو سکاڵەرانەی، کانت وەکو لۆک بەفەیلەسووفی شۆڕشی ئەمەریکی دەبینن زیاتر لەشۆڕشی فەڕەنسی، چوونکە شۆڕشی فەڕەنسی زیاتر جەغد لەسەر کایەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکرد، بەڵام کاتێک شۆرشی ئەمەریکی زیاتر سیاسی بوو، جەغدی زۆر لەسەر ئازادی تاکەکەس دەکردەوە. بۆلۆک، مرۆڤ دەبێت ئازادبێت، لەهەرکاتێکدا هەست بەغەدرو بێڕیزی بکات لەلایەن حکوومەتەکەیەوە، ئەوا"مافی هاوڵاتیانە شۆڕش بکەنو بەگژ سیستەمەکەدا بچنەوە" (لۆک). چوونکە ئەوحکوومەتەی بەوشێوەیە لەسنووری دەسەڵاتی خۆی دەردەچێتو ڕێزی یاساو هاوڵاتیەکانی ناگرێت شایستەی لابردنە بەهەمەووجۆرێک. ئەگەرچی زمانی لۆک، زمانی بەکارهێنانی خەڵکیە، هەروەها ناوکۆییەکی یەکسانانەیە بۆ هەموان، بەڵام لەناوەڕۆکدا بەرژەوەندی هاوڵاتیە زۆر دەوڵەمەندەکانی لەخۆدەگرێت. ئەگەرچی لۆک ڕەخنەی توونودزۆری سیستەمو بیرکردنەوەی پەیرتریارکی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوڵاتیەکانی لۆک ئەوهاوڵاتیانەن کە خاون موڵکنو، دەوڵەمەندەکاننو، تەنانەت تەنیا پیاوەکاننو (ڕەگەزی سپی)، چوونکە تەنیا ئەوان هاوڵاتینو، توانای دەنگدانیان هەیەو، چالاکنو، دەسەڵات بەدەستن. بەمانایەکی تر، ئەو حکوومەتو سیستەمەی لۆک پێی باشە، ڕاستە جۆرە حکومەتو سیستەمێکە، دەبێت ئازادی تاکەکانو هەروەها موڵکەکانیشیان وەک مافوڕەوایەتی بپارێزێت، بەڵام تاوەکو خاوەن موڵکو بەهێزو دەوڵەمەند پارێزراوە، ئەوانی تر لەدواوەدەبن. بەدیدی مارکسو ئەنگلزیش، لۆک لەبەرئەوەی ڕێگا بەکاپیتاڵیزم دەدات وەکو باشترین سیستەم بۆ مرۆڤ لەئاست ئازادیەکانیدا، ئیتر بەهەمووشێوەیەک هەژارانو پرۆلیتاریای لەخەیاڵدانیە، بەڵکو تەنیا بەرژەوەندی بورجوازیەتی لەخەیاڵدایە، بۆ مارکسو ئەنگلسیش، دەوڵەمەندەکان ئەوچینە بەدەسەڵاتەن، هەموشتێ لەپێناوی خۆیاندا بەکاردەهێننو، حکومەتیش لەژێردەستی خۆیاندا دادەنێن. ئەنگڵس،

لەمئاستەوە، بەلۆک دەڵێت" لەهەردووک کایەی سیاسەتو ئاینیشدا، تەنیا مناڵی مووساوەمەکردنە بۆ هێشتنەی دونیای چینایەتی" (مارکسو ئەنجلس،٧٦٤) ئەمە ڕاستیەکەی دیارە، چوونکە لۆک ناعەدالەتی ناو سیستەمی کاپیتاڵیزمی بەلاوە ئاساییە، چوونکە ئێمە هەموو کەسی تاکین، لەبەرئەوە لەیەک ناچین لەئاستی تواناو زیرەکیو بلیمەتی سروشتی وەکو ماف.

قسەکردن لەسەر بابەتی موڵکوموڵکدارێتی لەلای لۆک بابەتێکی ئێجگار فراوانو بەئیمکانبوونە بۆ بەدواداگەڕانی ئەکادیمی،چوونکە لەبابەتی موڵکەوە، یەکێک دەتوانێت قسە لەسەرلۆک بکات بەقسەکردن لەسەر کارو ڕەنجوبازووی مرۆڤ، بوونی بازاڕی ئازادو، هەروەها بیرۆکەی بەفیرۆنەدان یان زیادسەرف نەکردن، قسەکردن لەسەر دیاردەی بوونو هاتنەکایەی پارەو، دواییش کاپیتاڵیزمو ناعەدالەتی ناوئەوسیستەمەی لەسەر خوودی موڵکایەتی تایبەتی دەروات بەڕێوە، کە ئەو ناعەدالەتیە بۆ لۆک بەرایی دەکرێت.

سەرچاوەو سروشتی موڵکی تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ هێزی کار لەلای لۆک. لۆک، پێی وایە کارکردن ڕەگەزێکی جەوهەریە بۆ وەدەستهێنانی موڵک، لەمخاڵەدا مارکس لەلۆکەوە نزیکە، بەتایبەتی گواستنەوەی سروشتی موڵکدارێتی گشتی بۆ موڵکدارێتی تایبەتی، کە بۆ مارکسو ڕۆسۆش، مرۆڤ لەسروشتی ئەسڵی خۆی نامۆدەبێتو ئارەزووی چاوچنۆکیو هەستی داگیرکردنو بەتایبەتیکردنی شتەکانی لەلای گەڵاڵەدەبێت. بەڵام دیدی لۆک، ئاسانو هاکەزایی نیە لەئاست تەماشاکردنی موڵکەوە، دیارە بەبەکارهێنانی چەمکی موڵک بۆلۆک ، بەمەبەستی فراوانی پاراستنی ژیانی کەسەکان، "ئازادی، ژیانو، موڵکەکانی" ( تریتیسی دووەم، ٤٦) دەگەیەنێت.

لۆک، بەڕەخنەگرتن لەبیرکردنەوە زۆر تەقلیدیەکانی ڕۆبەرت فێڵمەردەستپێدەکاتو بەناوبانگە، وەئەمەش دەروازەی باسکردنی دیدەکانی لۆکە بۆ ئەو جیاوازیە زۆر بنەڕەتیانەی لەنێوانیاندا هەیە وەکو دوو دونیابینی زۆر جیاواز. لۆک وەکو مۆدێرنێکو لیبراڵێک دژایەتی پەیرتریارکیو دیدی فیوداڵی دەکات لەپێناوی بەسەنتراڵکردنی خوودگەرایی. لۆک، زۆر بەتووندی ڕەخنەی دیدوبۆچوونەکانی ڕۆبێرت فیڵمەر دەکاتو، تـەواوی ئایدیاکانی بەتاڵدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی ئارەقەیەکی تیۆری ئەوتۆ بڕێژێت، چوونکە، وەکو کێڤین ل.کۆپ دەڵێت،"



ڕاستە، فێڵمەر نەسپینوزایە، وە نەدیکارتە. نووسینەکانی هەرگیز ناتوانن بگەنە ئاستی ئەوان وەکو میتافیزکو جیۆمەتری، بەڵکو بەبەردەوامی نووساوە بەتیۆری سروشتی دیڤاینەوە، کاتێک لۆک هەرگیز مامەڵەیەکی تیۆریانەی لەگەڵدا ناکات" ( دیڤید کـۆپ،٩٢)، چوونکە ئەوئارگیومێنتەی دژی فیڵمەر پەربای کردوە، ئارگیومێنتێکی چەند ئاسانیش بووبێت، بەڵام هەرگیز لەنرخوبەهای کەمناکاتەوە، بەتایبەتی لەناوکۆییە مێژووییەکەیدا. وەکو کاردانەوەیەکی توند لەدژی ڕۆبەرت فێڵمەر، لۆک کتێبی تریتسی یەکەم دەنووسێت، ئەم کتێبە وەڵامدانەوەی دێڕ بەدێری کتێبەکەی ئەوە، لەوکاتەدا تەنانەت لەبەرترسی خۆی، لۆک ڕادەکات بۆ هۆڵەندا. کتێبەکەی فیڵمەر بەناوی (پەیتریارکەوەیە، یان دەسەڵاتی سروشتی پاشاکان، لەساڵی ١٦٨٠ چاپکراوە). تریتیسی دووەمی لۆکیش، هەربەهەمان شێوە، هەرلەسەرەتاوە بەزەقی دژایەتی دیدەکانی دەکات. شەڕی لۆک لەسەر ئازادیە، لەبەرئەوە تەواوی سیستەمەکەی فیڵمەر لەدوو دێڕدا کوورتدەکاتەوە، ئەوانیش،"هەمووحکوومەتێک مۆنارکیو ڕەهایە"، هەروەها"هیچ مرۆڤێک بەئازادی لەدایک نابێت" (دەیڤید کۆپ،٩١).

ڕۆبێرت فیڵمەر، لەکتێبەکەیدا بەهەمووشێوەیەک بەرگری لەناوەڕۆکی مۆنارکیو پاشایەتیو دیدی کۆنی ئاینی دەکات، لەپێناوی هێشتنەوەی سیستەمی یەک پیاوی، نەوەک سیستەمێکی کراوەی هاوڵاتیان مافیان هەبێتو، بتوانرێت دەسەڵات چاودێری بکرێتو، خوودی ئەودەسەڵاتە دابەشبکرێتو باڵانسبکرێت. لەبەرئەم هۆسەرەکیانەیە، دژایەتی قووڵی تەواوی بیرکردنەوەکانی فیڵمەردەکات.

بەلای ڕۆبێرت فیڵمەرەوە، گوایا "ئادەم" دەبێت دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت بەسەر تەواوی موڵکی ئەمجیهانەوە، چوونکە یەکەم مرۆڤەو خوا دروستی کردوە، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی سروشتی مافی ئەوەی هەیە هەموو جیهان وەکو موڵکی خۆی بخاتە ژێردەستی خۆیەوە. فیڵمەر، بەهەمووشێوەیەک دەسەڵاتی مۆنارکی بەسروشتی دەبینێتو، هەروەها پێی وایە ئەودەسەڵاتەش درێژکراوەی دەسەڵاتی خوایە لەسەر زەوی، جالەبەرئەوەی دەسەڵاتی خوایە، ئیتر مرۆڤ بۆی نیە هیچ پرسیارێکی تیادابکات، بێجگە لەملکەچکردن نەبێت بۆ حکوومەتی مۆنارکی. هەروەها مۆنارکو پاشاکانیش وەکو" ئادەم" دەسەڵاتی سروشتیان لەخوادوەیەو، دەبێت تەواوی دەسەڵاتیان لەژێردەستدابێت بەبەردەوامی. لۆک پێی وایە، فیڵمەر

بەهەمووشێوەیەک هەڵەیەو پڕمەترسیە، وەدەبێت ڕەخنەی ڕیشەیی بکرێتو بەتاڵبکرێتەوە لەهەموو ئایدیاکانی، چوونکە بەوکارەی بەرگری لەسیسەتەمی مۆنارکی دەکات، وەمافوڕەوایەتی پاشایەتی دەسەپێنێت بەسەرماندا وەکو دەسەڵاتێکی ڕەهاو هەتاهەتایی. ئەمجۆرە بیرکردنەوەو بەراییکردنەش، بۆلۆک دژە ئازادیەو دژە مافە سروشتیومەدەنیەکانە وەکو تاکو کۆمەڵگاش، ئەوەی دەیسەپێنێت تەنیا دەسەڵاتی زۆرو ڕەهای مۆنارکوپاشاکانە.

لۆک، لەخوێندنەوەی ڕۆبێرت فیلمەردا، پێی وایە ئەگەر "ئادەم" یەکەم مرۆڤی ناو ئەمجیهانەبێت، ئەوا دەبێت ئەمجیهانە لەژێردەستی ئەودابووبێتو مابێتەوە، چوونکە یەکەم مرۆڤەو خوادروستی کردوە. بەهەمانشێوە، یان تەواوی جیهان لەژێردەستی مۆنارکێکدابووبێت هەتاهەتایە، چوونکە مافی بەسەر جیهانەوە هەیە بۆ تەمەللوککردنی بەشێوەیەکی ڕەها، بەڵام ئەوەی لەجیهاندا دەیبینینو ئەزموونی دەکەین بەپێچەوانەوەیە. بەکورتی، ئەوەی فیلمەر دەیڵێتو بەرگری لێدەکات، سەروەرکردنی پاشاو لۆردەکانە بەسەر تەواوی کۆمەڵگاوە، لۆک ئەمەی پێ خراپەوهەڵەیە. لۆک، دەڵێت تەنانەت لەناو کتێبی ئاینیشدا (بایبڵ) شتی وای تیادا نەهاتوە، گوایا خوا هەموو دونیای دابێت بەئادەم، یان تەنانەت باوکی وەکو سەرچاوەی هێزی ڕەها بینیبێت بەسەر ژنو منداڵەکانیەوە، پێی وایە کاتێک خوا ئادەمی دروستکردوە، باوکایەتیو خێزان بەدوای ئەوەدا هاتوون. لۆک، پێی وایە خواوەند جیهانی دروستکردوەو بەخشوێتی بەهەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتیو، دواییش سەبەبو عەقڵی داوە بەمرۆڤەکان بۆئەوەی بتوانن بەکاری بهێنن وەکو مرۆڤ لەبۆئاسانکاری ژیانیان. لێرەدا حاڵەتی سروشتی و عەقڵ لەئارادایە بۆ لۆکو، ئەمەش پەیوەندی بەبیرۆکەی تەمەلووکەوە هەیە.

لۆک، لەبەشی بیستوشەشدا دەڵێت،"خوا، تەواوی جیهانی داوە بەمرۆڤایەتی وەکو یەک، هەروەها عەقڵیشی داونەتێ بۆبەکارهێنانی لەپێناوی باشترین ژیاندا، هەروەها بۆ ئاسانکاری ژیانیان." هەروەها دەڵێت، "هیچ کەسێک لەئەسڵەوە دەسەڵاتی تایبەتی نیە، جیا لەتەواوی ڕەگەزی مرۆڤایەتی" ( هەمان سەرچاوەی سەرەوە،١٩) لۆک ڕەخنەی فیلمەر دەکات لەسەر ئەوەی گوایا، شتێک لەئەسڵەوە هەبێتو هەیە لەنێوان خواو ئادەمدا، وەئەمە والەئادەم دەکات دەسەڵاتی تایبەتی بەسەر تەواوی موڵکایەتی جیهانەوە هەبێت. لۆک



بەپێچەوانەی فیلمەرەوە، پێی وایە خوا جیهانی درووستکردوە بۆ ئەوەی تەواوی مرۆڤایەتی بتوانن تیایدا بژینو کەڵکی لێوەربگرن وەکو یەک. لەبەرئەم هۆیەیە، خوا جیهانی دروستکردوە، هەروەها سەبەبیشی خستۆتە بەردەم مرۆڤ بۆئەوەی بتوانێت بەکاری بهێنێتو ژیانو جیهانی خۆی تیادا ئاسانبکاتو ببات بەڕێوە. بەمدیدەبێت، لۆک ئەسڵی موڵکایەتی لەناوکۆییەکی گشتیدا تەماشادەکات نەوەک تایبەتیدا، بەڵام کاتێک باسی کارکردنو (لەیبەرو)، باشکردنو ئامادەکردنی زەویـوزاردەکـات، دەمانخاتە بـەردەم تەمەللوکی تایبەتیەوە، چوونکە لۆک سەرچاوەی تەمەللوککردن بەبیرۆکەی کارکردنەوە دەبەستێتەوە. مارکسیش، لەمئاستەوە ڕەنگە کەڵکی زۆری لەلۆک وەرگرتبێت بۆ تیۆریەکانی لەسەر لەیبەرو نرخوکارکردن. چوونکە بۆلۆکو مارکسیش، مرۆڤ موڵکی تایبەتی نەبووە، بۆلۆک خوا دونیای داوە بەهەموو مرۆڤایەتی، بۆمارکس ئەوەی هەیە فاکتی مێژووەو، ئەمەش مێژووی مەتریالی دایەلەکتیکە. لەکاتی کارکردندا تەمەلووک دێتەکایەوە، واتە کاتێک شتێک بەرهەمدەهێنین (کاری بۆدەکەین) ئیدی ئەو شتە دەبێتە موڵکی خۆمان. جیاوازی لۆکو مارکس لەدۆزینەوەی سیستەمو چارەسەرکردنی کێشەکاندایە، لۆک بۆ ئازادی سیاسیەو، بۆسیستەمی موڵکایەتی تایبەتیەو،هەروەها پارە بەداهێنانێکی جەوهەریوباش دەزانێت (ئەمە بەپریڤیسیۆ بەناوبانگە)، لەبەرخاتری ئەوەی خۆراکی زۆر نەگەنێتو بەکاربێتو بفرۆشرێت، هەروەها بەکرێگرتنی بازووی ئەوانەی کاری خۆیان دەفرۆشن لەبازاڕدا (ئەگەر ئەمە ناعەدالەتی بێت ئەوا ئاساییە بەلای لۆکەوە). بەڵام بۆ مارکس ئازادی تاک لەژێر عەدالەتی کۆمەڵایەتیەوە، هەروەها موڵکایەتی تایبەتی بەناعەدالەتیو تەغەڕووبی مرۆڤ دەبینێت، لەبەرئەوە پێی وایە ئەوسیستەمە لەبەر تەواوی ناعەدالەتیەکانی ناتوانێت بمێنێتەوەو، خۆی خۆی هەڵدەدەکێنێت لەبناغەوە، وەدەبێت شوێن بۆ کۆمۆنیزم چۆڵبکات.

خاڵی گرنگ لەڕەخنەکردنی لۆک بۆ فیلمەر، ئەوەیە حکوومەت درێژکراوەی دەسەڵاتی خواوەند نیە، وەهەروەها ئادەمو پاشاکانیش دەسەڵاتی سروشتیو ڕەهایان بەسەر موڵکوبەروبوومی ئەم زەویەوە نیە بەوشێوەیە، بەڵکو خواوەند جیهانی داوە بەهەمووکەسەکان وەک یەک، ئەمە ڕمانی تەواوی بیرکردنەوەو پراکتیزەی پەیرتریارکیەتە لەزۆربوارەکانی ژیاندا، ئیتر ئەگەر ئابووری،

سیاسی، یان کۆمەڵایەتی بێت. چوونکە لۆک دەنگدانەوەیەکی کراوەو تەنانەت فەمینیستیشی تیادایە، بەڵام ئەمە ئەوەناگەیەنێت لۆک خاڵی بێت لەهەستی پەرترپارکی.

جالێرەدا، لەبەرئەوەی لۆک ڕەخنەی ئەودیدەکۆنە دەکات، گوایا پێی وایە جیهانو موڵکو بەروبوومی ناوی بەرهەمی تەواوی مرۆڤەکانەو، خوا نەیبەخشیوە بەئادەم، یان بەپاشایەک، یان بەکەسی تایبەتی. لێرەوە پرسیاری جەوهەری دێتە کایەوە، لۆک خۆی ئەوپرسیارە دەکات، لەسەرەتای ئەوچاپتەرەی لەسەر موڵکە، لەکتێبی دووتریتسی لەسەرحکوومەت، ئەویش: ئایا موڵک چۆن دەکەوێتە ژێردەستی تاکەکەسەوە؟ دەڵێت، ئەگەر خواوەند جیهانی دروستکردبێتو دابێتی بەئادەم، ئەوا موومکین نابێت جیهانێکی گەورە لەژێردەسەڵاتی مۆنارکێکدا بێت هەتاهەتایە، بەڵام ئەگەر جیهانی دروستکردبێتو بەخشیبێتی بە تەواوی مرۆڤایەتی، ئەی ئایا چۆن چۆنی موڵک تایبەتکراوە؟ ئەمە پرسیارێکی جەوهەریەو، لۆک زۆر زیرەکانە وەڵامی دەداتـەوە، ئیدی ئەگەر وەڵامەکەی لۆک تینوێتیمان بشکێنێت یان نا، ئەویش بریتیە لە کارکردن (لەیبەر). بۆ لۆک، تەمەللوکردن واتە تایبەتکردنی موڵکی مرۆڤ، ئەویش پابەندە بەهێزی کارەوە. لەپەرەگرافی بیستوحەوتدا دەڵێت، "کاری جەستەکەی خۆی، وەکاری دەستەکانی خۆی، ئەگەر بەوشێوەیە بڵێین، بەتەواوەتی هی خۆیەتی. ئیدی هەرشتێک، خۆی لاییردبێت لەدەرەوەی حاڵەتی سروشت ئامادەی کردبێت، وە بەجێی هێشتبێت تیایدا، کاری خۆی لەگەڵ تێکەڵاوکردوە، وەلەگەڵ شتێکدا یەکانگیری کردبێت کە هی خۆیەتی، ئیتر بەوشێوەیە دەیکاتە موڵکی خۆی."
(لۆک،١٩)

بەمانایەکی تـر، ئەوشتانەی لەناو سروشتداهەن تەمەللوکی تایبەتیان بەسەرەوەنیە، وەهیچ ئادەمێکیش دەسەڵاتی بەسەرەوە نیە بەتایبەتی، چوونکە خوا بۆهەمووانی دروستکردوە. بەڵام کاتێک یەکێک توانی پارچەعەرزەیەک پاکبکاتەوەو بیکێڵێت، ئامادەییکات بۆ بەرهەمهێنان، یان وەکو دەڵێت، "ڕەنجی خۆی لەگەڵ ئەوشتەدا تێکەڵاوبکات"، ئیتر ئەو پارچەعەرزەیە دەبێتە موڵکی ئەوکەسەخۆی. لۆک، بیرۆکەی تەمەللووککردنی تایبەتی بۆ موڵک، لەگەڵ بیرۆکەی جەستەی مرۆڤدا بەرجەستەدەکاتەوەو سەرچاوی موڵکیش



بەکارکردنەوە دەبەستێتەوە. چوونکە ئەگەر ئێمە خۆمان خاوەنی جەستەی خۆمان بین، ئەوا کەسێکی ترمان بەسەرەوەنیە خاوەنمانبێت، هەروەها ئەگەر ئێمە خۆمان خاوەنی خۆمانبینو شتێک بەهەمان دەستوبازوی جەستەی خۆمان بکەین، ئەوا خۆمان دەبینە خاوەنی ئەوشتەی کارمان بۆکردوە. کارکردن (لەیبەر) سەرچاوەی یان ئەسڵی داهێنانی موڵکایەتی تایبەتیە بۆ لۆک. (خوێندنەوەی کتێبی هەلوومەرجی مرۆڤی، هانائارێنت بۆئەم باسە گرنگە، چوونکە گرنگی زۆر بەلەیبەر دەدات لەلای مارکسو ڕەخنەی توندی دەکات)

بۆلۆک، کاتێک مرۆڤ هێزی خۆی لەگەڵ هەرشتێکدا تێکەڵاودەکات (وەکو لێککردنەوەی چەندسێوێک، یان تەختکردنی پارچەعەرزەیەک)، ئەوچەندسێوە، یان ئەوعەرزەیە وەکو بەرهەمی خۆی لێدێت، وەلەبەرئەوە دەبێتە موڵکی خۆی. لۆک، ئەوەشمان پێدەڵیت کە سنووری تێکەڵاوکردنی هێزی کار لەگەڵ هەرشتێکدا، دەبێت وابێت کە ئەنجامێکی گونجاوی هەبێت (وەک بڵێیێ بیرۆکەی چاوچنۆکی لەمێشکدابووبێت)، بەڵام ئەمبیرۆکانە هەندە گرنگ نامێنن، کاتێک پارەو فرۆشتنی هێزی کار دەبێتە فاکتەیەکو دێتەکایەوە. ئەنجامی گوونجاویش، حاڵەتێکی شیاوی وایـە، ئـەو کەسەی هێزی کـاری خـۆی دەخاتە کارو بەرهەمدەهێنێت (تێکەڵاوکردنی هێزی کاری خۆی)، نابێت ئەوەندە لەسنووری خۆی بچێتەدەرەوەو زیاتری هەبێت، بۆنموونە لەسنووری بەشی تێربوونی خۆی زیاتر بیات، عەرزە بەشی چەند کەسێک ببات. لۆک دەڵێت، چوونکە ئەگەر زیاتری بردو بەکاری نەهێنا، ئەوکاتە چی ڕوودەدات؟ ئەوزیادەیەی دەیبات ڕەنگە خراپ بێتو بەکارنەهێنرێت (بگەنێت)، لەبەرئەمە زۆربردن باش نیە، چوونکە ئەوەی سەرف نەکرێتو نەخورێت، بەفیرۆدەچێتو دەگەنێت. لۆک، لەگەڵ هاتنی پارەدا، کێشەی گەنینو خراپبوونی شتەکانمان بۆچارەسەردەکات، چوونکە پێی وایە ئەوکاتە کەسێک کە عەرزەیەکی زۆری هەیە، هەرجۆرە کێڵگەیەکی لێدرووسبکات دەتوانێت هێزی کاری ئەوانی تر بەکاربهێنێت، دواییش بەرهەمەکەی بفرۆشێت بەبێ ئەوای ئەو بەرهەمە خراپ بێت.

قەیرانی فرۆشتنو کڕینی هێزی کار بەلای لۆکەوە ئاساییە، ئەمەش لەگەڵ بوونی پارەدا دێتە کایەوە. پارە نەگریسو تاعوونو نەفرەتهێن نیە بۆلۆک، وەکو بۆ ئیفلاتونو ئەرستۆو مارکسو ڕۆسۆ وای دەیبینن. پارە بۆ لۆک چارەسەرەو

باشە، چوونکە بازار ڕێکدەخاتو دەشتوانێت دەوڵەمەندی دروستبکات. لەپێش پارەوە، وەکو سیستەمی کڕینوفرۆشتن ئاڵوگۆڕکردنی شمەکی جیاوازبوە، بۆنموونە گەنم بەرامبەر شتێکی تر، یان ئاڵووگۆڕکردن بەئاڵتونو زیوەوە بوە. بەڵام کاتێک پارە وەکو بەرامبەرێک، ئەو سنوورە لەناو سیستەمی بازاڕدا جێبەجێ دەکات، بەوشێوەیەی لۆکیش تەماشای دەکات، دونیای ئابووری بۆ مرۆڤایەتی زۆرئاسانترو، تەنانەت باشتریش دەکات، لەگەڵیدا دونیای بەکرێگرتنی هێزی کار دێتەکایەوە. بەراییکردنی بازاڕی ئازاد بۆ لۆک، بڕبڕاگەی سیستەمی کاپیتاڵیزمە، ئەمەش لەسەر موڵکایەتی تایبەتی دەژی کە کارێکی سەرەکی دەوڵەتە بۆپاراستن.

**کۆتایی**

لەکۆتاییدا، لەلۆکەوە فێری ئەوەدەبین موڵک گرنگی زۆری هەیە، وەموڵکی تایبەتی تەنیا لەدیدێکەوە نابینێت بۆ شتوومەکە مەتریالەکان بەتەنیا، بەڵکو پەیوەندی جەوهەری بەجەستەی مرۆڤەوە هەیە وەکو موڵکی خۆی. هەروەها، موڵکیدارێتی تایبەتی گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ بوونی جەغدکردنەوە لەسەر هێزی کارو، پەیمانی کۆمەڵایەتیو دروستکردنی حکومەتو هاوڵاتیبوونیش. لەئاستێکی گشتیدا، لۆک موڵکی تایبەتی لەهێزی کاری مرۆڤدا دەبینێتو بەرجەستەدەکاتەوە، وەحکوومەتو یاسای دەوێت لەپێناوی سەرەکی پاراستنی موڵکی هاوڵاتیاندا، لەمەزیاتر دەستخستنە ناوژیانی تایبەتی خەڵکیەوە لەلایەن حکوومەتەوە هیچ شەرعیەتێکی نیە. بەهەمووشێوەیەک دژایەتی دەسەڵاتو حکوومەتو حزبێک دەکـات، ئەگەر دەســەڵات لەژێردەستی کەسوخێزانو هۆزێکی زۆر تایبەتیدا بێت وەکو سیستەمی مۆنارکی، لەبەرئەوە دژایەتیەکی سەرسەختی دیدوبۆچوونەکانی ڕۆبێرت فێڵمەردەکات، کە شەرعیەتی دەسەڵاتی ڕەهاو مۆنارکی دەسەپێنێت. ڕۆبەرت فیڵمەر، پێی وایە یەکەم کوڕی باوک، مافو ڕەوایەتی هەیە بەسەر موڵکی باوکی خۆیدا، ئەم بیرکردنەوەیەش لەناو کەلتووری پەیرترپارکیدایە، پێی وایە کوڕی یەکەم شەرعیەتی هەیە بەسەر دەسەڵاتو موڵکێک لەباوکەوە بۆی دەمێنێتەوە، (ئێمەی کوورد ئێستاس لەناو ئەوئەزموونەداین، لەئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا). هەروەها لەسەرهەمان هێڵی باوکایەتی، ئادەمیش بەهەمان شێوە مافوڕەوایەتی هەیە بەسەر تەواوی جیهاندا،



چوونکە خواوەند هەموو بەروبوومی ناو ئەم جیهانەی وەکو دیاریەک بەخشیوە بەئادەم. بەکوورتی، فێڵمەر پێی وایە دەسەڵاتی سروشتی پاشایەتی، لەخواوەیەو لەسەرو مرۆڤایەتیو مێژوو کۆمەڵگاوەیە، لۆک ڕەخنەی ئەودیدگایەی دەکاتو زۆر بەتووندی. ئەم ڕەخنەگرتنەی لۆک دژی فیڵمەر، بۆخۆی ڕەخنەی توندی ئەو هەستە کەلتووریو مێژووییەشە کە نەخشەی بیری سیاسیو فەلسەفی داهێناوە، لۆک دەمانگۆڕێت بەرەو ئاستێکی ترو جیاوازترو کراوەتر، لەهزری داخراویەوە بەرەو کراوەیی، لەپەیرترپارکیەوە بەرەو خوودگەرایی. لۆک پێی وایە، خواوەند زەویو بەرووبومی ئەم زەویەی وەکو میرات نەبەخشیوە بەکەسێک یان چەند کەسێک بەتایبەتی، بۆنموونە بەئادەم، بەڵکو زەویو بەروبوومەکەی ناوی بەخشیوە بەهەموو مرۆڤایەتیو، دواییش کارکردن دەتوانێت موڵکی تایبەتی مەیسەربکات.

ئەگەر لەمئاستەوە تەماشای قەیرانی سیاسیو ئابووری لەلای ئێمەی کووردبکەین، دەبینین لەدوای ڕووخانی سەدامو هاتنەوەی هەردووک حزبی یەکێتی و پارتیەوە، موڵکوموڵدارێتی لەناوکۆییەکی زۆر تەسکدا ڕەنگیداوەتەوەو، شەرعیەتێکی سیستەمی ئاغایانەی بەخۆیەوە وەرگرتوە. ئەوەی لەلای ئێمە هەیە، تاوەکو ئێستاکەش بوونی حکومەتو یاسا وەکو قەیرانەو لەپشت ڕەهاگەری حزبایەتیەوە ڕاوەستاوە، لەبەرئەمە ئەگەر هەرپارێزگاریەک هەبێت لەدیدی یاساییەوە بۆ موڵکی تایبەتی، تەنیا پاراستنی موڵکی ئەو بازرگانو کەسانەبووە، کە دواییی موڵکی خۆیان لەدیدە جەستەییەکەیەوە ناگەڕێتەوە بۆ بوونی خۆیان، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریو ڕەنگدانەوەی دونیای ئینتیمایان بۆ حزب. لۆک، ئاماژە بەوەدەکات کاتێک کەسەکان هێزی جەستەو دەستیان لەگەڵ شتێکدا خەریککرد لەدەرەوەی بوونی فیزیکی خۆیاندا، ئیتر لەوێوە موڵکی تایبەتی لەدایکدەبێت، چوونکە ئارەقی لەگەڵدا دەڕێژن. لۆک، کە باسی موڵک (عەرزە)دەکات دیارە مەبەستی لەوعەرزانەیە کە هیچ خاوەنێکیان نەبووە، واتە هیچ تاپۆیەکیان بەسەرەوە نەبوە. لەبەرئەمە بۆلۆک، تەواوی زەوی وەکو تاپۆی خودایەک وایە، بەڵام وەکو دیاری داوێتی بەتەواوی مرۆڤایەتی لەسەرزەوی، نەوەک تەنیا بەخشییێتی بەئادەمو هۆزێکی تایبەتی. ئایا یەکێتی و پارتی چۆن چۆنی دەستیان بەسەر موڵکو داهاتو عەرزەکانی کووردستاندا گرت؟ ئایا ئەو موڵکو عەرزەو داهاتانە بێخاوەنبوون لەسەرەتاوە، یان دەستیان بەسەرداگیردراوە؟

**سەرچاوەکان:**

.Locke John, Second Treatise of Government
.Hackett publishing, Indianapolis, 1980

.Cope L Kevin, John Locke Revisited
.Twayne publishers, Massachusetts, 1999

Tucker C. Robert, The Marx-Engels Reader, W.W
.Norton & Company.INC
.New York, 1978

Thomson Garret, On Kant. Wadsworth, 2003

# پلە دوویی دەزگایی
# لەژێر سەقفێکی شووشەییدا

## سەبارەت بە ڕێگەرییەکانی بەردەم ژنان بۆ گەیشتن بە پۆستە ڕابەرییەکان

ڕۆزا حسێن
خوێندکاری ماستەر لە بواری دیموکراتی و مافی مرۆڤ- نەرویج

### دەروازە

بۆ کەسێک کە بیەوێت لە ڕێژەی ئامادەیی ڕەگەزی مێ لە پۆستە ڕابەرییەکاندا لە وڵاتی ئێمەدا بکۆڵێتەوە، پێویستی بە هیچ ئامارێک نییە تا ئەو حەقیقەتە ببینێت کە جڵەوی هەر سێ مەیدانی سیاسیی و کارگێڕیی و بازاڕی کار، تا ئاستی زاڵبوونی ڕەها، بەدەستی پیاوانەوەیە و نائامادەیی ژنان لە پۆستی بڕیاردەرییدا دیاردەیەکی تەواو بەرچاوە.

لەئاست دیاردەیەکی وادا چەندین پرسیاری پەیوەندیدار خۆی دێنێتە پێشەوە: ئایا ئەمە بۆ وایە؟ ئایا ڕەوایە وا بێت؟ گرفتی چییە ئەگەر هەر وا بەردەوام بێت؟ ئایا ئەمە خەتای ژنان خۆیانە، یان خەتای پیاوانە یان ئەو کلتوورە کۆمەڵایەتیی-سیاسییەی کە زاڵە؟ ئایا ئەوە ژنانن کە خۆیان نایانەوێت پایەی ڕابەریی وەرگرن یان کۆمەڵگا نایانداتێ؟ ئایا ژنان لیاقەت و لێهاتوویی پێویستیان نییە بۆ گرتنەدەستی پۆستی ڕابەریی یان ئەمە بیانوویەکە کە مێنتاڵیتێتی پیاوسالاریی لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەیخاتە بازاڕەوە؟ ئایا ڕاستکردنەوە و باڵانسدانەوەی ئەم دۆخە ئەرکی ژنان خۆیانە، یان ئەرکی هەموو کۆمەڵگا؟ چی بکرێت بۆ باڵانسدانەوەی ڕێژەی ژن وپیاو لە پۆستە ڕابەرییەکاندا؟



ئەم پرسیارانە هەندێکیان بە ئاراستەی خوێندنەوە و شیکردنەوەی دۆخەکە کار دەکەن و هەندێکی تریشیان بە ئاراستەی چۆنێتیی تێپەڕاندن و چارەسەکردنی ئەو دۆخە.

ئەم باسە مەبەستێتی بە هــەردوو ئاڕاستەکەدا کار بکات. لە سەرەتاوە خوێندنەوەیەک بۆ ئەو هۆکارانە دەکەم کە ئەو ناهاوسەنگییەی خستۆتەوە، تا دواتر بچمە سەر پێشنیارکردنی چەند جێگەوڕێگەیەک کە بەڕای من گرتنەبەر و جێبەجێکردنیان ڕۆڵی کاریگەری دەبێت لەسەر یەکسانکردنەوەی دەرفەتی ژنان و پیاوان لە گرتنەدەستی پۆستە ڕابەرییەکاندا.

### نائامادەیی کۆمەڵایەتیی بەرامبەر بە نائامادەیی لەنێو دەزگاکاندا

خاڵێکی جەوهەریی کە گرنگە هەر لەم سەرەتایەوە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە نائامادەیی ژنان لە پۆستە ڕابەرییەکاندا ئاکامی هەر هەمان ئەو هۆکارانەیە کە نائامادەیی ژنانیان لە ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتییدا کردۆتە واقیع. لە ڕووی تەسەلسولەوە من وای دەبینم کە ئەوە پلەدوویی و بێڕوخساریی کۆمەڵایەتیی ژنانە کە پلەدوویی و بێڕوخساریی ژنانی لەناو دامودەزگاکانی کۆمەڵ و پایە ڕابەرییەکانی ناو ئەو دەزگایانەی لێ دەکەوێتەوە. بە مانایەکی تر، من پێموایە کە نائامادەیی ژنان لەناو دامودەزگاکاندا و لە پایە ڕابەرییەکاندا ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەو ناحەقیی و سەرکوتانەیە کە کۆمەڵگای پاتریارکیی کوردستان دژ بە ژنانی ئێمە ئەنجامی دەدەن. هەر بۆیە خوێندنەوەی دیاردەیەکی وا، وە دۆزینەوەی چارەسەر بۆی بەناچاریی کارکردنێک دەبێت بە هەمان ئاراستەی کارکردن بۆ خوێندنەوەی پلەدوویی و چەوساوەیی ژنان و کارکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆی. ئەمە چونکە ئەگەر ئێمە گرفتەکە لە بازنەیەکی بەرتەسکتردا گەمارۆ بدەین و تەنها لەو ئاستەدا سەیری بکەین کە بۆچی ژمارەی ژن لەناو دەزگاکاندا لە پۆستی ڕابەرییدا کەمە، هیچ ناکەین ئەوە نەبێت کە لە ئەندازەی ڕاستەقینەی ناحەقییەکە خۆمان دەخەڵەتێنین. ئێمە بۆ ناسینی ئەندازەی ناحەقییەکە دەبێت ئەو ڕاستییە بکەینە بناغە کە کەم و زیاد هەرچییەک بێت نزیک بە نیوەی کۆمەڵگا ڕەگەزی مێیە. لەم خاڵی دەستپێکردنەوەیە دەتوانین ببینین کە ژنان زۆر کەمتر لە ڕێژەی ڕاستەقینەی خۆیان ئامادەییان لە پایە ڕابەرییەکاندا هەیە. بەڵام  ئەگەر ڕێژەی ژنان لەناو دامودەزگا حکومیی و

ئەهلییەکاندا بکەینە بناغە، ئەوا کەمیی ژنان لەو پایانەدا ئەوەندە ناحەقانە دەرناکەوێت مادامێک ڕێژەی ژنان خۆی لەو دەزگایانەدا لە پلەکانی ژێرەوەشدا هەر کەمە.

## گرفتێکی دیموکراتیی

لەسەرەوە ووتمان کە کەمیی ژمارەی ژنان لە پایە ڕابەرییەکاندا ئاکامی پلەدوویی ژنان و ناحەقیپێکردنی کۆمەڵگای پاتریارکییە بە ژنان. خودی ئەم ئاکامە بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆکار بۆ کەوتنەوەی ناحەقییەکی تر و بۆ بەشخوراوییەکی زیاتری ژنان.

کەمیی ڕێژەی ژنان لە پایە ڕابەرییەکاندا بەبەراورد لەگەڵ ڕێژەی ڕاستەقینەی خۆیان لە کۆمەڵگادا گرفتێکی دیموکراتییە. گرفتێکی دیموکراتییە مادامێک کارێکی وا دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەنگی ژنان و خواستەکانی ژنان وەک توێژێک لەناوەندەکانی بڕیاردا کەمئامادەتر بێت لەو ئیستیحقاقەی ڕێژەی ڕاستەقینەیان لە کۆمەڵگادا دەیانداتێ. ئەمە بە ڕۆڵی خۆی دەرگا بۆ ئەوە دەکاتەوە کە پیاوان جڵەوی بڕیاردان لەسەر گەورە و بچوکی ژیانی ژنان بگرنە دەست. میکانیکییەتێکی وا دیسانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە عەقڵی پاتریارکییەت زاڵ ببێتەوە بەسەر دامودەزگاکانی وڵاتدا و ژنان زیاتر لە گۆشەیەکدا تەریک بکاتەوە.

بە نوێنەرایەتییەکی کەمەوە ژنان دەرفەتی وا گەورەیان نابێت کە بتوانن کارکردیان لەسەر کلتوری ڕابەرایەتیی ناو دەزگاکان هەبێت. پیاوان بە پێچەوانەوە ئەو کلتورە تۆختر دەکەنەوە و دەرگاکان ئەوەندەی تر بە ڕووی ژنانێکدا دادەخەن کە خواستیانە بە پلە ڕێکخراوەییەکاندا سەرکەون و پۆستێکی ڕابەریی بگرنە دەست. ئەمە گرفتێکی دیموکراتییە. گرفتێکی دیموکراتیی کە تەنها بە دەقی یاسا و ڕێسای نیازپاکانە و بە دروشمی هەبوونی دەرفەتی یەکسان بۆ ژن و پیاو بۆ ڕابەرایەتیکردن، هیچێکی لێ ناگۆڕدرێت.

## سەقفی شووشە

لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا چەمکێک هەیە بۆ وەسفکردنی ئەم حاڵەتە زۆر بەکار دێت کە چەمکی ' چەمکە میتافۆرێکە و بۆ وەسفی پووچیی ئەو پاکانانە بەکار دەهێنرێت کە بۆ هەبوونی دەرفەتی یەکسان بۆ ژن و پیاو بۆ ڕابەرایەتییکردن



دەهێنرێنەوە. ڕەخنەگرانێک کە ئەم مێتافۆرە بەکار دێنن دەیانەوێت بڵێن کە ئەوە هەر وەهمێکە کاتێک وا دەردەکەوێت کە ئاسمان و ڕێگای سەرکەوتن بۆ سەرەوە بە هەرەمی ڕێکخراوەیی دەزگاکاندا، بۆ ژنان کراوەیە. بەڵێ بە بینین کراوەیە چونکە سەقفەکە ڕوونە، بەڵام کاتێک ژنانێک دەخوازن بۆ پلەیەکی باڵاتر سەرکەون، ئینجا دەزانن کە ڕووندا پیشان دراوە.

## ڕێگرییەکان

دەکرێت ئەو ڕێگرییانەی کە دەرفەتی ژنان بۆ سەرکەوتن بۆ سەرەوە کەم دەکەنەوە، دابەش بکەین بەسەر بە دوو کاتاگۆری سەرەکییدا:

یەکەم: پێکهاتەی یان هەیکەلەی ڕێکخراوەیی کە لە خێزانەوە دەیگرێتەوە تا دەگات بە هەر دامەزراوەیەکی حکومیی و حیزبیی و تەنانەت ئەهلییش. پێکهاتەی زۆربـەی ڕێکخراوە و دامەزراوەکان پێکهاتەیەکی قوچەکیی یان هەرەمییە. لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندوە کە چوونەسەرەوەی ژنان بۆ ئاستە باڵاکان لەم جۆرە هەیکەلە ڕێکخراوەییانەدا زەحمەتترە تاوەکو ڕێکخراوە و دامەزراوە ئاسۆیی و تەختەکان.

ئەم جۆرە لە دامەزراوەی قوچەک کە دەبێت بە چەندین ئاستدا تێپەڕیت تا بگەیتە سەرەوە، لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆرە و ئەگەر نەڵێین هەمووی ،ئەوا زۆربەی زۆریان لەو جۆرە ڕێکخراوەن. کلتوری زاڵ لەناو ئەم ڕێکخراوانەدا کلتوری بڕیاردانی تاکڕەوانەیە، کە بە تەبیعەتی حاڵ زیاتر کلتورێکی پیاوانەیە نەک ژنانە. ژنان زیاتر هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی هاوکاری و ڕاوەرگرتنەوە کارەکان بەرنە پێشەوە نەک بڕیاری تاکڕەوانە. ئەمەش وایکردووە کە ژنان بە کەسی گونجاو بۆ سەرکردەی ئەم ڕێکخراوانە دانەنرێن.

ئەوەی کە کام لەم دوو جۆری کلتوری ڕابەڕایەتییکردن و بەڕێوەبردنە لەویتر کاراتر و گونجاو ترە، باسێکی ترە، بۆیە لێرەدا خۆمان لە قوڵاییەکانیی نادەین. بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا بووترێت ئەوەیە کە چەندین و چەندین ساڵە پیاوان زۆرینەی بەڕێوەبەران و سەرکردەکان بوون. بۆیە چاوەڕوانکراوە کە کلتورێکی کارگێڕیی پیاوانە باڵ بکێشێت بەسەر شێوەکاری ڕێکخراوەکاندا و شێوازی پیاوان بۆ بەڕێوەبردن ببێتە ستاندارد و، ئەو شێوازە پەسەندیی گەورە وەربگرێت. گۆڕینی کلتورێکی وا ڕەگداکوتاویش لە شەووڕۆژێکدا مومکین نابێت. ئەمەیە وا

دەکات کە کاتێک بڕیارە سەرکردەیەک یان بەڕێوەبەرێک دەستنیشان بکرێت، پیاوان ئەولەوییەت وەربگرن چونکە کەسی بڕیاردەر نایەوێت بە هەڵبژاردنی ئەڵتەرناتیڤێکی جیاواز لەوەی کە خۆی پێیوایە تەنها لەو ڕێگەیەوە باشترین کارایی دەستەبەر دەبێت، ڕیسکێک بەو دلنیاییەوە بکات کە ئەڵتەرناتیڤی یەکەم دەیداتێ.

دووەم: ڕۆڵی باوی ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا. کولتوری باوی ئەم دەڤەرەی ئێمە چەنان ساڵە وایکردووە کە گۆشبوونی جێندەریی، واتە سۆسیالیزەبوونی جێندەریی بە هەمان پێوانەکانی ئەو ڕۆڵە کۆنە باوەی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست بێت کە ژن دەکاتە کائینێکی بێدەسەلات کە هەمیشە بۆ سەرەدەرکردن و وەئەستۆگرتنی ئەرک پێویستی بە پیاوانی دەوروبەری هەیە. کائینێک کە ئیتر دواجار بۆ خۆشی زەحمەت دەبێت بتوانێت باوەر بە توانا و لێهاتوییەکانی خۆی بکات و بوون بە سەرکردە لە هەر بوارێکدا دەبێتە خەونێکی گەورە کە هاتنەدی بە مەحاڵ دەبینێت. ئەم گۆشبوونە واتە شەکڵگرتنی تێگەیشتنی مرۆڤ لە واقیعێک پرۆسەیەکە کە هەر لە ژیانی منداڵیی ناو خێزانەوە دەست پێدەکات و دواتر لە قوتابخانە و بوارە کۆمەڵایەتییەکانی تردا زیاتر و کامڵتر شەکڵ دەگرێت. ئەم کولتورە وەنەبێ هەر تەنها ژنان بەو جۆرە بار بهێنێت، بەڵکو لەبەرامبەردا پیاوانیش هەمانشت بە ڕۆڵی پیاوانەی خۆیان گۆش دەکات. بە کورتیی هەر لەسەرەتای ژیانی منداڵییەوە ژنان وەک کائینێکی دەستەپاچە و چاولەدەستی پیاوان پــەروەردە دەکرێن و وێنا دەکرێن و پیاوانیش وەک کائینێکی بەتوانا و خاوەن کەسایەتیی و خاوەن توانای بڕیار.

کچانی وڵاتی ئێمە لەو ڕۆژوەی لەدایک دەبن بەو ڕۆڵە ترادیشناڵە پەروەردە دەکرێن کە مادام ئەوان منداڵیان دەبێت، کەواتە ئەوان ناتوانن ئەو کارانە بکەن کە پیاوێک دەتوانێت بیانکات. بۆیە پرۆسەی سۆسیالیزەکردن و سۆسیالیزەبوونی هەردوو ڕەگەزەکە بە دوو ڕۆڵی جیاواز و نەبوونی هەمان فرسەتی گەشەکردن بۆ هەردوو ڕەگەزەکە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە پەراوێزخستنی ڕەگەزی ژنان و مەحرومبوونیان لە زۆر فرسەتی خۆپێگەیاندن و خۆگەشەپێدان کە بۆ پیاوان وەک مافێکی بێئەملاوئەولا فەراهەم دەکرێن. مەترسیی ئەم جۆرە گۆشبوونە جێندەرییە نادروست و خوارە ئەوەیە کە زیهنییەتی کەمتربوونی ژنان لە



پیاوان نەک هەر لای پیاوان، بەڵکو لای کچان و ژنان خۆشیان جێ دەخات. ئەمەیە هۆکاری ئەوەی کە زۆر جار دەبینین تەنانەت ژنان خۆشیان تێروانینێکی نێگەتیڤیان بۆ ڕۆڵ و جێگاوڕێگای خۆیان هەیە و لە زۆر مەسەلەدا پێش پیاوان دەکەون و پێ لەسەر ڕەوایی ئەو ناڕەواییانە دادەگرن کە بەرامبەریان دەکرێت.

ڕێگا بەرەو سەرەوە

ئێستا دوای ئەوەی باسێکمان لەو لەمپەرانەی بەردەمی چوونەسەرەوەی ژنان بۆ گرتنەدەستی وەزیفە و مەوقیعەتە باڵاکان لە بوارە جیاجیاکاندا کرد، دەتوانین بە لەبەرچاوگرتنی ئەو لەمپەرانە قسەیەک لەسەر چۆنێتیی بەرەنگاربوونەوەیان لەلایەن دەسەڵات، ڕێکخراوە ودامەزراوەکان و ژنان خۆیانەوە بکەین.

١- کاری سەرەکیی و گرنگ لە بواری بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕێگرییانەی کە دێنە ڕێی ژنان لە دەستڕاگەیشتنیان بە پۆستە باڵاکاندا دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵات لە وڵاتدا. مەبەست لە دەسەڵات لێرەدا هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن دەگرێتەوە.

دەکرێت لێرەدا و لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا ئەرکەکانی دەسەڵات کورت بکەینەوە:

●بەکارهێنانی سیستمی هــەڵاواردنــی پۆزیتیڤ لە ڕێگەی کۆتاوە. واتە تەرخانکردنی ڕێژەیەکی دیارییکراو لە پۆست و وەزیفە باڵاکان بۆ ژنان.

زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە نیزامی کۆتا بۆ ژنان جۆرێک لە هەڵاواردنی ڕەگەزییە. بەڵێ وایە، بەڵام دەبێت ئەو جیاوازییە ببینین کە ئەم جۆرە هەڵاواردنە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵاواردنێکی پێشوەختە، نەک زیادکردنی هەڵاواردنێکی تر. ئەمە دەبێتە هۆی شوێنپێقایمکردنی ژنان تا لەداهاتوودا لەسەرپێی خۆیان بوەستن. زۆر جار ئەوە دەکرێتە ڕیگریی کە ئاخر ژنی شیاومان نییە بۆ ئەو پۆستانە. ئەوەی کە ئایرۆنییە لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە کە زۆرێک لەو پۆستانەی ئەم بیانووەیان بۆ دەهێنرێتەوە دەدرێنە پیاوانێک کە ئاشکرا دیارە بە هەر پێوانەیەکی تر دانرابێتن، بە پێوانەی لێهاتوویی و شیاویی دانەنراون. کۆمەڵگای کوردستان و عێراق هەردەم نموونەیەکی ئەو وڵاتانە بووە کە پێوانەی گوێڕایەڵیی بۆ دەسەڵات و هەبوونی موڵک و خزمایەتیی و شتی تر ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە دانانی کەسەکان لە پۆستەکاندا بینیوە تەنها لە حاڵەتی باسی دانانی ژناندا

نەبێت کە ئیتر هەزار و یەک مەرجی هەبوونی لێهاتوویی و توانایی دادەنرێت و عەقڵی باوی پاتریارکیی هەزار و یەک بەدگومانیی دەخاتە بازاڕەوە سەبارەت بە توانای ژنان لە ئیدارەداندا و ئەو کارەساتانەی کە دەقەومێن ئەگەر پۆستێکی ئیداریی بدەنە دەست ژنێکەوە. ئێمە دەبینین کەسێک تەنها لەبەر ئەوەی کە خەباتی شاخی هەیە دەکریتە وەزیر و وەزارەتێکی دەدرێتە دەست، بەڵام بۆ دانانی ژنان لە کابینەی حکومەتدا چەندین و چەندین بروبیانووی نەبوونی کەسی شیاو دەهێنرێتەوە. ئێمە ئاگادارین کە ئەگەر سیستمی کڤۆتا نەبوایە، بە دە ساڵی تریش بەو ڕادەیەی ئێستا ژنان لە پەرلەماندا نەدەبینران. بە کورتیی سیستمی هەڵاواردنی پۆزەتیڤ کاری دەسەڵاتە و دەبێت بە جیددی کاری بۆ بکات بۆ ڕێگەکردنەوە لەبەردەم ژناندا. دەسەڵات دەبێت ئەوە بزانێت کە ئەرکی ئەوە لە هەموو بوارە حکومییەکاندا ڕێژەی ژنانی پلەدار زیاد بکات و بڕەبڕیاری گونجاو و عەمەلیی بۆ دەربکات.

●ئەرکی دەسەڵاتە کە کوڕ و کچی ئەم هەرێمەی ئێمە بە جۆرێک پەروەردە بکرێن کە ئەو ئەفسانەی بە توانابوونی پیاو و بێدەسەڵاتییەی ژنان لە زیهنییەتی پاتریرکییانەی کۆمەڵگادا کاڵ بکرێتەوە. دەسەڵات دەبێت بەرنامە و پرۆگرامێکی پەروەدەیی یەکسانییخوازانە لە باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە زانکۆکان ڕەچاوبکات.

●هەبوونی ژمارەی کافیی دایەنگا و باخچەی ساوایان کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی هەوڵی دەرکێشانی ژنانە لە پلەدوویی. دابینکردنی دایەنگا و باخچەی ساوایان یەکێکە لەو کارە زۆر گرنگانەی کە دەهێنێت بخرێتە ڕیزی یەکەمی داخوازییەکانەوە و چیتر قبوڵ نەکرێت دەسەڵات ئیهمالی بکات، چونکە هەبوونی دایەنگا و باخچەی ساوایان دایکان دەستئاوەڵا دەکات بۆ چوونەدەرەوە و خۆپێگەیاندن لەناو کۆمەڵگادا. دیاریشە هەر ئەم ڕێگایەیە کە دەرفەتی گەشەکردن و چوونەسەرەوەی ژنان بە پلە وەزیفییەکاندا زیاتر دەکات. گومانی تێدا نییە کە گرتنەدەستی پۆستی باڵا، ئیتر لە هەر بوارێکدا بێت، خۆتەرخانکردنی دەوێت. هەبوونی دایەنگا و باخچەی ساوایان ئەو دەرفەتە دەداتە ژنان کە بتوانن کاتێک بۆ چالاکییەک بەغەیری چالاکیی بەخێوکردنی منداڵ تەرخان بکەن.

٢- ئەرکەکانی ڕێکخراوە و دامەزراوەکان ئەوەیە کە:



●چاوێک بە ستراکتۆر و پێکهاتەی خۆیاندا بخشیننەوە و جارێکی تر بە عەقڵییەتێکی مۆدێرنانەترەوە لە پەیوەند بە بەشداریی هەردوو ڕەگەزەکە، بە یەکسانیی خۆیان ڕێک بخەنەوە. لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەکان ئەوە دەردەخەن کە دانانی ژنان لە پۆستە باڵاکانی هەر دامەزراوە و ڕیکخراوێکدا نەک تەنها وەک پیاوانی هاوپیشەیان سەرکەوتوو بووە، بەڵکو جار هەیە ئەو جۆرە لە تێڕوانینی ژنان بۆ بەڕێوەبردن ئەنجامی زۆر پۆزەتیڤتری هەبووە لە تێڕوانینی باوی ناو ئەو کولتورەی کە چەندین ساڵە بەپێی گریمانەکانی پیاوان داڕێژراوە.

●دەبێت ئەو دامەزراوانە ئەگەرچی ئەهلییش بن، هەڵسەنگاندنێک بۆ کولتوری ئیداری باوی ناو خۆیان بکەن و لەسەر بنەمای کلتورێکی هەمەچەشنەتر و کراوەتر بەڕووی هەردوو ڕەگەزەکەدا کاری داهاتوویان درێژە پێ بدەن. لەم ڕێگەیەوە بواردەکرێتەوە بۆ ژنان تا تواناییەکانی خۆیان بسەلمێنن.

٣- ژنان خۆیان چ وەک گروپ و چ وەک تاک دەتوانن ڕۆڵی گرنگ بگێڕن لە کەمکردنەوەی ئەو ڕیگرییانەی کە لەبەردەمیاندا هەیە بۆ دەستڕاگەیشتن بە پۆست و وەزیفە باڵاکان لە ڕێگەی ئەوەوەی کە:

●ڕێکخراوەکانی ژنان ببنە گروپی فشار بەسەر دەسەڵاتەوە بەوەی کە هەم پێشنیار و پرۆژەیاسا بدەنە دەسەڵات و چارەسەی گونجاو بخەنە بەردەست بۆ پەرەپێدان و بەکارهێنانی تواناکانی ژنان و هەمیش ببنە دەزگایەکی چاودێریی بەسەر دەسەڵات لەلەلایەک و، ڕێکخراو و دامەزراوەکان لە لایەکی ترەوە لە پەیوەند بە جێبەجێکردنی بڕیار و پێشنیارەکانەوە.

●ژنان دەتوانن وەکو تاکیش کار بۆ بەدەستهێنانی پۆستە باڵاکان بکەن لە ڕێگەی دروستکردنی لۆبی لە ناو ڕێکخراوە و داموەزگاکاندا، هەروەها لە ڕێگای خوێندن و بردنەپێشەوەی تواناییەکانی خۆیانەوە.

●ژنان دەتوانن لە ناو خۆیاندا تۆڕی پەیوەندیی تایبەت بە خۆیان هەبێت و پشتیوانیی و پاڵپشتیی یەکتریی بکەن لە بواری کار و پیشەکەیاندا و سوود لە تەجروبەی یەکتریی وەربگرن.

●ژنان وەک تاک دەبێت جورئەتی ئەوە بکەن لە شوێنی کاری خۆیاندا هەوڵ بدەن گوێ لە ڕاکانیان بگیردرێت و قسەی خۆیان لەسەر داهاتووی ڕێکخراو یان دامەزراوەکانیان بکەن.

●ژنان دەبێت جورئەتی ئەوە لە خۆیاندا دروست بکەن کە خەونی گەورەیان هەبێت و باوەڕیان بە خۆیان هەبێت کە ئەو خەونانە دەکرێت بێنە دی.
ئەوانەی لەسەرەوە باسمان کرد چەند خاڵێک بوون کە دەکرێت هەنگاوی یەکەم بن بۆ کردنەوەی دەرگا کڵۆمدراوەکان لەبەردەم چوونەسەرەوەی ژنان بە پلە وەزیفییەکاندا. دیارە بەجیا لەم خاڵانە دەکرێت چەندین و چەندین بڕیار و کاری تر هەبێت کە بتوانێت لەم ڕووەوە ڕۆڵی ئیجابیی ببینێت. هەر ڕێگرییەک لەبەردەم ژناندا لەوەی کە بتوانن پلەی ڕابەرێتیی بگرنە دەست، سەرباری ئەوەی کە ناحەقییەکە دەرحەق بە توێژێکی کۆمەڵگا، هاوکات بێبەشکردنی کۆمەڵگاشە لە بەشداریی و لە ووزە و تواناییەکانی، بە ئامارە سەرپێیە باوەکە، نیوەی دانیشتوانەکەی.

rozahusein@yahoo.com

❊ ❊ ❊

**بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


- Drake, Irmelin: Kvinner og ledelse. TANO A/S, 1995
- Hernes, Helga Maria: Staten – Kvinner ingen adgang? Universitetsforlaget, 1982

# مرۆڤی تاک ڕەهەند
# لای مارکوزە

کامەران خالید
بەکالاریۆسی فەلسەفە- زانکۆی ڕانییە

## پێشەکی

لەم توێژینەوەیەدا بە مێتۆدێکی شرۆڤەیی ڕوومکردوەتە هزری ڕەخنەیی "هێربێرت مارکوزە"* وەک فەیلەسوفێکی هاوچەرخی سەر بە قوتابخانەی تیۆریی ڕەخنەیی و هەوڵمداوە ڕووکردنە ڕەخنەییەکانی مارکوزە ڕووەو کێشەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ (جیهانی هاوچەرخ)دا، هەروەها بێگومان ئەگەر و ئەلتەرناتیڤەکانیش لەلایەن مارکوزەوە پیشان بدەم.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە:بەشی یەکەم دوو باس لەخۆ دەگرێت، باسی یەکەم بە شێوەیەکی مێژوویی ڕوودەکاتە هزری ڕەخنەیی و سەرهەڵدانی تیۆریی ڕەخنەیی. باسی دووەم ڕوودەکاتە دانوستان و پێداچوونەوەکانی مارکوزە لەتەک هەر یەکێک لە: هێگل، مارکس و فرۆید، هەروەها خستنە ڕووی ئەم پێداچوونەوانە دەبنە زەمینەیەک بۆ ئاوەڵاکردنی سەرجەم هزری ڕەخنەیی مارکوزە.

بەشی دووەم بە ناونیشانی "جیهانی تاکڕەهەند"، ڕووکردنە ڕەخنەییەکانی مارکوزە ڕووەو هەر کام لە هزری تاکڕەهەند (باسی یەکەم)، کۆمەڵگەی تاکڕەهەند (باسی دووەم) و فۆرمەکانی نامۆبوونی مرۆڤ (باسی سێیەم) دەخاتە ڕوو.

لە بەشی سێیەمدا بە ناونیشانی "ئیدیالی شۆڕش"، کە لە دوو



باس پێکهاتووە: باسی یەکەم "پاڵهێز و پۆتێنسەکانی شۆڕش" و باسی دووەم "هونەر و شۆڕش"، تێیدا هەوڵدراوە ئەگەر و چارەسەرە پێشنیارکراوەکانی مارکوزە وەک ئەلتەرناتیڤێک بۆ جیهانی تاکڕەهەند (جیهانی هاوچەرخ) پیشان بدرێت.

**بەشی یەکەم: هزری ڕەخنەیی**

ئیتیمۆلۆژیی (ڕیشەناسی) واژەی Critic، کە لە سەرجەم زمانە ئەوروپییەکاندا واتای "ڕەخنە" دەگەیەنێت، دەگەڕێتەوە بۆ واژەی گریکی "Krites" بە واتای جوداکردنەوە یان هەروەها دادیاری. کریتێس لە گریکدا واژەیەک بوو، کە لە دادگەکاندا بە کاردەهێنرا. واتاکانی ئێستای ئەم واژەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری. واژەی ڕەخنە لە ئەدەبی سەدەی حەڤدەیەمدا واتایەکی تایبەتی وەرگرت: "تێگەیشتن لە میانەی نێوان کولتووری سەردەمی ئافراندنی دەق و کولتووری سەردەمی وەرگرتنی دەقدا". ئەمجۆرە هێرمینیوتیکە هەتا هەنوکە بڕەکات: چالاکی ڕەخنەڤان برێتییە لە تێگەیشتنی میانەی نێوان واتای ڕەسەنی دەق و واتا ئەمڕۆییەکەی(1).

لە فەلسەفەی مۆدێرندا، کانت ڕەخنەی گۆڕانپێدا بۆ ڕەخنەی سنووری کارایی و نۆرمەکان [ی ئاوەزگەرایی و ئەزموونگەرایی] (...)، کانت لە ڕەخنەی ئاوەزی پەتیدا دەبێژێت: "سەردەمی ئێمە، سەردەمی ڕاستەقینەی ڕەخنەیە و گەرەکە هەموو شتێک بخرێتە ژێر ڕەخنە"(2). ئەم بڕیارەی کانت، واتا دەرچوون لە دۆگما ڕووەو هزری ڕەخنەیی(3). لێرەوە ئێرنست کاسیرەر دەبێژێت: "سەدەی هەژدەیەم دەخوازێت هەم سەدەی فەلسەفە و هەم سەدەی ڕەخنە بێت"، ئەم یەکایەتییەی فەلسەفە و ڕەخنە لە ئێسسەی "فەیلەسوف"ی دەنیز دیدرۆدا نووسراوە: "یاسادانەر شوێن داد و ڕاستی دەکەوێت، بەڵام فەیلەسوف جیاوازی لە نێوان ڕاستی و ناڕاستیدا دەکات"(4). کەواتە فەلسەفە لە ناوەڕۆکیدا ڕەخنەییە، تەنانەت لەو کاتەدا، کە مرۆڤ باوەڕ دەکات فەلسەفە لە نێو بازنەیەکی هزری پەتیدا بەسەر خۆیدا داخراوە (وەکو زۆربەی ڕەوتە ئیدیالیستەکان). فەلسەفە پراکسیسێکی تایبەتییە بۆ پرۆسەی ئازادکردنی مرۆڤ لە خۆیدا، هەروەها لە ئاستی هزریشدا ناتوانایی هزر بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕیالێتی قەرەبوو دەکاتەوە(5). بەڵام داخۆ کارایی ڕەخنە لە ئاستی مرۆڤی

تاکڕەهەندی کۆمەڵگەی پیشەسازی هاوچەرخدا چۆن بێت؟ بێگومان ڕەخنەی کۆمەڵگە کاراییەکی پراکسیسی لە ڕەخنە دەخوازێت. یەکێک لە ئەندامانی قوتابخانەی تیۆریی ڕەخنەیی، هێربێرت مارکوزە، لە تیۆریی ڕەخنەییەوە ڕوودەکاتە کێشەکانی مرۆڤی هاوچەرخ (مرۆڤی تاکڕەهەند).

**باسی یەکەم: تیۆریی ڕەخنەیی**

سەرهەڵدانی تیۆریی ڕەخنەیی [لە ڕووی مێژووییەوە] لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ بیاڤی فەلسەفەیی فرانکفورت لە سەرەتای ساڵانی پاش یەکەم جەنگی جیهانی. ساڵی 1923، لە ژێر بەڕێوەبەرایەتی ماکس هۆرکهایمەر و بە یاریدەی هێربێرت مارکوزە و تیۆدۆر ئادۆرنۆ، "ئینستیتیوت بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی" لە شاری فرانکفورتی ئەڵمانیا دامەزرێنرا. سەرچاوەی تیۆریی ڕەخنەیی: دیالێکتیکی هێگل و مارکس و هەروەها ڕەخنەی ئابووری-سیاسیی هاوچەرخ بوو (6). ئەم ئینستیتیوتە هەوڵی دۆزینەوەی کۆتێزی (سەنتێزی) کانت-مارکسی دەدا (7). پوختتر بیژین، لە هەوڵی چێکردنی کۆتێزێک دابوو لە نێوان فەلسەفەی ڕەخنەیی کانت و دیالێکتیکی مارکسدا.

ئەم ڕێبازە فەلسەفەییە، کە درەنگتر [بە هەڵە] ناونرا "قوتابخانەی فرانکفورت"، بە پێشەنگیی هۆرکهایمەر، تیۆریی ڕەخنەیی بنیاتنا. ئاوێتەکردنی ئیدیالیزمی ئەڵمانی و مارکسیزم، لە کتێبی "مێژوو و ئاگامەندی چینایەتی"ی گیۆرگ لوکاچدا، پاڵهێزێکی سەرچاوەیی قوتابخانەی تیۆریی ڕەخنەیی بوو (8).

قوتابخانەی تیۆریی ڕەخنەیی "تیۆریی جەوهەرییبوونی تەنگژە لە کۆمەڵگەی کەپیتالیستیدا"، کە لە بنەڕەتدا هینی مارکس بوو، وەرگرت و پەرەیپێدا (9). لە دیدی ئەم قوتابخانەیەوە، کۆمەڵگەی پیشەسازی هاوچەرخ بەتاڵە لە ڕەخنەی بنەڕەتی و ڕاستەقینە. گەشەی تەکنۆلۆژیی، کۆمەڵگەی کردووەتە سەرووەر و سەربار بەسەر تاکدا و سیستەمێکی هێناوەتە ئارا، کە هاوکات ئاراستەی ئەو گەشەیە [ی تەکنۆلۆژیی] و فۆرمی ژیان و توانستی تاکە مرۆڤانیش دیاریدەکات (...). کۆمەڵگەی هاوچەرخ، ڕێگرە لە بەردەم سەرجەم گەشە کۆمەڵایەتی و گۆڕانە چۆنایەتییەکاندا (10).

واژەی "تیۆری" لە تیۆریی ڕەخنەییدا، کاراییەکی تایبەتی هەیە، کە گەرەکە



هاورێژەیی نێوان توێژینەوە (Forschung) و دەربڕینی تیۆرییانە (Darstellung) دیاربهێنێت. تیۆریی ڕەخنەیی گەرەکە لە نێوان مۆرک و جەوهەر و هەروەها بەشەکان و سەرجەمدا، پەیوەندی چێبکات، کە ئەمەش بە چێکردنی کۆتێزێک لە ڕێگەی پشکنینە ورد و ئەزموونییەکان لەتەک پلانێکی سەرجەمیانەی تیۆرییدا مسۆگەر دەبێت. بە پوختی، تیۆریی ڕەخنەیی گەرەکە کۆتایی بهێنێت بە میانەی نێوان تیۆری و پراکتیک (11).

تیۆرییە ترادیسیۆنییەکان خۆیان بڕێتین لەو پراکتیکە کۆمەڵایەتییانەی، کە فۆرمە سەروەرەکانی کەپیتالیزم دەدەنەوە و خزمەتی بەردەوامبوونی دەکەن (...)، بە پێچەوانەوە، ڕیشەی تیۆریی ڕەخنەیی لە ئەکتی ڕەخنەیی دایە، واتا چالاکییەکی دژە ڕەوتی سیستەمی سەروەرە (12).

تیۆریی ڕەخنەیی تەنیا دژبەری پەیوەندییە سەروەرەکان نییە، بەڵکو هەروەها دژبەری سەرجەم ئەو فۆرمە سەروەرانەیشە، کە مرۆڤ دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و ملکەچی دەکەن (13). لێرەوە هێربێرت مارکوزە وەک نوێمارکسیزمێکی تایبەتی و سەر بە قوتابخانەی تیۆریی ڕەخنەیی، داواکارییەکی ڕەخنەیی-شۆڕشگێڕانە بەرانبەر ڕیالێتی هەبوو، کە ڕیالێتییەکی تۆتالیتێرە، بەرز دەکاتەوە.

**باسی دووەم: مارکوزە و ڕیڤیزیۆنی هێگل، مارکس و فرۆید**

مارکوزە کاریگەرە بە سێ هزرڤان، کە بڕێتین لە: هێگل، مارکس و فرۆید. بەڵام لە هەمان کاتدا، مارکوزە لە ئاستی جیاوازدا ڕەخنەیان دەکات. ئەگەرچی هەندێک بۆچوون هەیە لەمەڕ کاریگەریی هایدێگەریش، بەڵام لە نووسینەکانی مارکوزەدا هیچ کاریگەرییەکی هایدێگەر یان بەگشتی لێرەبوونگەرایی، شیاوی باسکردن نادۆزینەوە (14).

بۆ مارکوزە، فەلسەفەی دیالێکتی هێگل، دیالێکتێکی ئابووری-سیاسیی مارکس و پسیکۆئەنالیزی (دەروونشرۆڤەیی) فرۆید، پرواتان.

- مارکوزە و هێگل:

مارکوزە لە کتێبی "ئاوەز و شۆڕش"دا ڕەخنە دەگرێت لە پەیوەندی فەلسەفەی هێگل بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە (15). مارکوزە لەم کتێبەدا توانستە

فەلسەفەییەکەی تەرخاندەکات بۆ بەرگریکردن لە هزرینی نێگاسیۆنی و پیشاندانی ڕۆڵـی شۆڕشگێڕانەی دیالێکتیک وەک دەسوێژێکی شرۆڤەیی و ڕەخنەیی بەشداربوو لە بونیادنانی هزری ڕادیکالی کۆمەڵایەتی و فێرگە مەزنەکانی شرۆڤەییدا (16).

مارکوزە مەبەستیەتی ببێژێت، کە هەتا کاتی هێگل، ئاوەز هەڵگری مۆرکێکی جێگیر و نەگۆڕ بووە، بەڵام هێگل گۆڕان بە شۆڕشگێڕێتییەکی ئاوەز دەدات وەک دژبەری واتا ترادیسیۆنییەکەی: شۆڕشکردن دژی دۆخی سەروەر و جێگیر (17).

ئاخر هێگل لە نێوان زەین و ئاوەزدا جیاوازیی دەکات. زەین برێتییە لە هزری دیاریکەر (ئیدێنتیفیکاسیۆن)، بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەو هزرینە، کە فەلسەفەییانە ڕەچاوی نائیدێتیش دەکات، برێتییە لە هزرینی دیالێکتیکیانەی ئاوەز. دیالێکتیک برێتییە لە بەرهەڵستی ئاوەز لە دژی دیاریکردنە دوایەکییەکانی زەین. ئاوەز ڕەزامەند نابێت بە دیاریکراوەکانی هەقیقەتە ئەبستراکتەکان، واتا بەو شتانە، کە زەین گرنگییەکی زۆریان پێدەدات. هێگل دەبێژێت: "خەباتی ئاوەز ئاراستەی نەهێشتنی ئەو شتە دەبێتەوە، کە زەین چەسپاندوویەتی" (18).

هێگل بۆ مارکوزە ڕابەری فەلسەفەی ئیدیالیزمی ئەڵمانییە. مارکوزە تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە لەبارەی ئیدیالیزم. بە تێڕوانینی ئەو ئیدیالیزم وەک سیستەمێکی ئیدیال، برێتییە لە ئەلتەرناتیڤی ڕیالێتی شێواو (...). کەواتە کاتێک ئیدیالیزم لەسەر ئاستی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا کاردەکات، ئەوا ئامانجی ڕزگارکردنی کۆمەڵگەیە لەسەرجەم داپڵۆسین و چەپاندنێک (...)، کە مرۆڤی هاوچەرخ تێیدا دەژییێت. لێرەوە مارکوزە دژبەری ئەوانە دەوەستێتەوە، کە فەلسەفەی ئیدیالیزمی ئەڵمانی بە فەلسەفەیەکی کۆنزەرڤاتیڤ و ناشۆڕشگێڕانە دەناسن (19). ئەمە ڕوونتر دەبێتەوە، کاتێک دەبینین مارکوزە لە پێشەکی "ئاوەز و شۆڕش"دا وەک مەبەستی سەرەکی نووسینەکە، دەنووسێت: "بەم کتێبە هیوادارم بەشداربم نەک هەر تەنیا لە زیندووکردنەوەی هزری هێگل، بەڵکو هەروەها لە زیندووکردنەوەی ئەو توانستە ئاوەزییەیش، کە برێتییە لە هزرینی نێگاسیۆنی. واتا ئەو هزرینەی، کە هێگل ئاوها پێناسەی دەکات: 'لە بنەڕەتدا نێگاسیۆنی ئەوەیە، کە ڕاستەوخۆ لەبەردەممان دایـە'" (20). بە دەربڕینێکی دیکە: ئەو هزرینەیە، کە نێگاسیۆنی ڕیالێتی دەکات، بەڵام بێگومان



هزرینێک خۆبەستوو بە لۆگیکیی دیالێکتیکی.

بە تێڕوانینی مارکوزە، لۆگیکیی فۆرمال، هزر و ڕیالێتی بە ڕەهایی لەیەکدی جودا دەکاتەوە و کاراییەکی سەربەخۆ لە ڕیالێتی بە لۆگیک دەبەخشێت، کە ئەمەیش هاوکات دەبێتە هۆی ناتوانایی لۆگیک بۆ گۆڕانپێدان بە ڕیالێتی. بەڵام لەتەک لۆگیکیی دیالێکتیکی (لۆگیکیی ڕەخنەیی) هێگلدا، لۆگیک لەو مۆرکە فۆرمالەی دادەماڵرێت و ئاوێتەی ڕیالێتی و کۆمەڵگە دەبێت و جەخت لەسەر توانستی ڕێکخستن و ڕابەرایەتی ئاوەز دەکات (21).

- **مارکوزە و مارکس:**

مارکوزە لە ڕیڤیزیۆنەکەیدا بۆ ئیشەکانی مارکس، گەیشتە ئەو دەرەنجامەی، کە مارکس هێگلییەکی هیومانیستە. ئەمەیش تەواو پێچەوانەی تێگەیشتنی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسییە (22). ئەگەرچی ڕاگەیاندنەکەی مارکس، کە مرۆڤایەتی بە زەرووره لە ناکۆکییەکانی کەپیتالیزمەوە ڕووەو کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی دەپەڕێتەوە، لە مێژوودا ئاوها نەکەوتەوە، بـەڵام مارکس لێکۆڵینەوەیەکی پوختی نامۆبوونی [لە مانوسکریپتەکاندا] ئەنجامدا، نامۆبوونی مرۆڤ لە خۆی و هاومرۆڤی و جیهان (23).

بڵاوبوونەوەی مانوسکریپتە فەلسەفەییەکانی 1844ی مارکس لە ساڵی 1932دا، فەلسەفەیەکی کۆنکرێت و ئۆنتۆلۆژییەکی پەیوەست بە دۆخگەلی مێژوویی بۆ مارکوزە مسۆگەر کرد (...). مارکوزە لە مانوسکریپتەکاندا گۆتارێکی فەلسەفەیی لەبارەی "نامۆبوون" ئاشکرا دەکـات، کە لە دۆخی ئەکتوێلی مێژووییدا ئامادەیی هەیە. ئەم گۆتارە دژبەری کەپیتالیزم بوو (24).

مارکوزە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان مارکس و هێگل لە مانوسکریپتەکاندا ئاشکرا دەکات و دەبێژێت: "دەشێ بگۆترێت بڵاوکردنەوەی ئەو نووسینەی مارکس پنتی وەرچەرخانە لە مێژووی لێکۆڵینەوەکانی مارکسیزمدا و هەروەها دەشێت لە ڕێگەی ئەم مانوسکریپتانەوە، پرەنسیپەکانی ماتەریالیزمی دیالێکتیکی و مەغزا ڕاستەقینەکانی، دانووستان بکەین و بە تێڕوانینێکی نوێوە لە سۆسیالیزمی زانستی بڕوانین" (25). کەواتە بە تێڕوانینی مارکوزە، مارکسیزم فەلسەفەیەکی زیندووە، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە ناوەڕۆکە زیندووەکەی

ناخات (...)، بەڵکو مرۆڤ [لەو فەلسەفەیەدا] لە توانایدایە هەموو ساتێک گۆڕان بە ساتی پێشووی بدات. مرۆڤ تەنیا لە بزووتنە زیندوو و دینامیکییەکەیدا شیاوی لێتێگەیشتنە. بە گۆزارەیەکی دی، میانەیەک نییە لە نێوان مێژوویێتی مرۆڤ و بەدیهێنانی ناوەرۆکەکەیدا. ڕیالێتی و شیاوێتی (الواقع والممکن) بەنێو یەکداچوون و نەشیاوە لە یەکێکیان تێبگەین بەبێ ئەویدی (26).

لێرەوەیە، کە مارکوزە لە کتێبی "مارکسیزمی سۆڤیەت"دا ڕەخنە لە ڕژێمی یەکێتی سۆڤیەت دەگرێت، کە لە میانەی پراکتیکی سۆسیالیزمدا خودی فەلسەفەی مارکسیان شێواندووە (27). بەڵام پێویستە ئەوەیش ببێژین، کە مارکوزە نەک تەنیا ڕەخنە لە مارکسیزمی سۆڤیەت دەگرێت، بەڵکو هەروەها لە سەرجەم فۆرمەکانی سۆسیالیزمی ڕیال.

**- مارکوزە و فرۆید:**

لەتەک ئەوەی قوتابخانەی تیۆریی ڕەخنەیی پایەگایەکی یەکەمین بۆ تیۆریی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات، بەڵام ئابووریگەرایی و کۆمەڵگەگەرایی ڕەتدەکاتەوە و پتر هەوڵ دەدات لە ڕەهەندە جیاوازە ئەزموونییەکانییەوە لە مرۆڤی ئیدیال تێبگات. لەم ڕوانگەیەوە لکاندنی پسیکۆئەنالیز بە تیۆریی ڕەخنەییەوە، دەسوێژگەلێکی زۆری بۆ هزرین لەبارەی ستروکتووریزەکردنی تاک و کێشەکانی مسۆگەر کرد. گریمانە بنەڕەتییەکە بریتییە: گونجانێک هەیە لە نێوان تاکی کۆمەڵایەتی بەناو ڕەمەکنوێنی سەردەم و فۆرمی دەسەڵاتی سەردەمدا. بۆ نموونە، شرۆڤەی فرۆید تەواو پابەندە بە جیهانی بۆرژوایی و باوکسالارانەی مۆدێرنیتەی کلاسیک. بەڵام بە پێچەوانەوە، لکاندنی پسیکۆئەنالیز بە تیۆریی ڕەخنەییەوە، ئەو تێگەیشتنە درشتەی لە تێگەی ڕزگاربوون (کە زۆرێک لە فەیلەسوفان بڕوایان پێی هەیە) ڕەواندەوە، کە گوایە بەئاگاهێنانەوەی تاکەکان لە زانستە ڕاستەقینەکان دەبێتە هۆی نەمانی نامۆبوون. نەخێر، بەڵکو دەشێت زیانەکانی دەرککردن و ئاگامەندی بە ڕادەیەک قوڵ بن، کە کەسانی نامۆبوو پاشگەز ببنەوە لە ڕزگاربوون-لە-نامۆیی یان تەنانەت بەحەزەوە خوازیاری نامۆبوون بن. کەواتە پسیکۆئەنالیز ئاڵۆزی پرۆسەی ڕزگاربوون-لە-نامۆبوون، کە گوایە سووک و ئاسان پەڕینەوەیە لە نامۆبوونەوە بۆ ڕزگاربوون، ئاشکرا دەکات (28).



بە تێڕوانینی مارکوزە، مارکس پتر لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گرنگی بە ڕزگارکردنی مرۆڤ داوە و لایەنە پسیکۆییەکەی تاکی فرامۆش کردووە*. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هزری مارکوزە کەڵک وەرگرتنە لە تیۆریی پسیکۆئەنالیزی فرۆید، بە ئامانجی چارەسەرکردنی کورتهێنییەکانی مارکسیزم. پڕواتاترین هەوڵی هزریی ئەو لەو بوارەدا، لە کتێبی "ئیرۆس و ژیارێتی"دا دیاردەدات (29). مارکوزە لە پێشگۆتنی ئەم کتێبەیدا دەبێژێت: "لەتەک ئەو تێڕوانینەی فرۆیددام، کە لە ژیارێتیدا بەردەوام حەزەکانی مرۆڤ کۆنترۆڵکراوە" (30).

مارکوزە لە تێڕوانینیدا بۆ ژیارێتی، چ دیدی مارکسیزم و چ دیدی پسیکۆئەنالیز کۆدەکاتەوە، بە واتایەکی دی، کۆتێزێک لە نێوان مارکس و فۆریددا چێدەکات. مارکوزە لەتەک فرۆیددا دەبێژێت: "مێژووی ژیارێتی، مێژووی چەپاندنە". تێگەی چەپاندن بریتییە لە پنتی سەنترالی تێڕوانینی فرۆید بۆ کولتوور و ژیارێتی. بە تێڕوانینی فرۆید، بۆ پێکهاتنی ژیارێتی، چەپاندنی ڕەمەکەکانی مرۆڤ زەرووریە. کەواتە چەپاندن و ژیارێتی لەنێو یەکدان. فرۆید ئامرازی ئەو چەپاندنە لە میکانیزمی سیستەمی بەهاکاندا دەبینێت، بەڵام مارکوزە لەتەک ڕاستاندنی ئەوەی، کە چەپاندن جەوهەری ژیارێتییە، هاوکات هەوڵی ئەلتەرناتیڤێک دەدات. مارکوزە لە پێشەکی کتێبی "ئیرۆس و ژیارێتی"دا ڕایدەگەیەنێت، کە لە هەناوی تێڕوانینی فرۆید بۆ ژیارێتیدا ئەلتەرناتیڤ هەیە.

بە تێڕوانینی مارکوزە، ئەو چەپاندنە فرۆیدییە لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا کۆنکرێتیزە دەبێت، بەڵام فرۆید گرنگی بەو پنتە نەداوە. سەردەمی هاوچەرخ لە میانەی پرۆسەی بەپیشەسازیبوون و بیرۆکراتیزەبوونیدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو چەپاندنە لە فۆرمی ڕێکخراوە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکاندا کۆنکرێتیزە دەکات. لێرەدایە، کە مارکوزە تێگەی "چەپاندنی ناپێویست" لە بەرانبەر تێگەی "چەپاندنی بناغەیی"دا دەخاتەڕوو و دەبێژێت: "لەتەک گەشەسەندنی کۆمەڵگەی هاوچەرخدا بەشێکی گەورەی چەپاندنەکان، چەپاندنی ناپێویستن" (31).

**بەشی دووەم: جیهانی تاکڕەهەند**

بە تێڕوانینی مارکوزە، جیهانی تاکڕەهەند بریتییە لە جیهانی تۆتالیتاریزمی

هاوچەرخ. مەبەستی مارکوزە لە واژەی "تۆتالیتاریزم" ئاماژە نییە بۆ جۆرە سیستەمێکی سیاسی، بەڵکو ئەو واژەیە لە واتایەکی تایبەتیدا بەکاردەهێنێت: تۆتالیتاریزم وەک لوتکە پنتی ژیارێتی، کە فۆرمە تەواو پێگەیشتووەکانی نازیزم و ستالینیزم [هەروەها کەپیتالیزم] نوێنەرایەتی دەکەن (32). پوختتر ببێژین، تۆتالیتاریزم تەنیا برێتی نییە لە سیستەمێکی مەترسیداری سیاسی، بەڵکو هەروەها سیستەمێکی ئابووری- تەکنۆلۆژیشە (33).

جیهانی تۆتالیتاریزم دەبێتە هۆی نامۆبوونی ئاوەز لە ستروکتووری خۆی، کە لە ئەنجامدا ئاوەز ناتوانا دەبێت لە جوداکردنەوەی تێگەیشتن بۆ ئازادی لە سەروەرێتی بەسەر سروشتدا. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ لە کتێبی "دیالێکتیکی رۆشنگەری"دا ببێژن: "ئاوەز تۆتالیتێرە". تۆتالیتێربوونی ئاوەز دواجار بەشتبوونی مرۆڤ و نەمانی جیاوازی دەخاتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە: ئاوەزی سەبژێکتیڤ دواجار لەسەرجەم مرۆڤان وەک ئۆبژێکت دەڕوانێت (34).

دواجار فەلسەفەی تاکڕەهەند و کۆمەڵگەی تاکڕەهەند و مرۆڤی تاکڕەهەند، پێکهاتەگەلی جیهانی تاکرەهەندن.

باسی یەکەم: هزری تاکڕەهەند (فەلسەفەی تاکڕەهەند)

مارکوزە دەبێژێت: فەلسەفەی هاوچەرخ لە رواڵەتدا وادەردەکەوێت، کە رووەو راستی هەوڵدەدات، بەڵام لە ناوەرۆکدا بەرگریکەری دۆخی سەروەرە". دیدە رەخنەییەکەی مارکوزە فەلسەفەیش دەگرێتەوە. ئەو کارایی سەرەکی فەلسەفە لە رەخنەی "هەموو شتێک"دا دەبینێتەوە.

مەک ئینتایەر سێ هۆی سەرەکی بۆ رەخنەی مارکوزە لە فەلسەفەی هاوچەرخ، دیاریدەکات:

1. بەکارهێنانی لۆگیکیی فۆرماڵ (بە تێڕوانینی مارکوزە، لۆگیکی فۆرماڵ، لۆگیکی ریالێتی وشکهەڵهاتوو و نەگۆڕە، بەڵام لۆگیکی دیالێکتیکی دژبەری ریالێتی سەروەرە).

2. بەکارهێنانی زمانی رۆژانە (ڤیتگنشتاین زمان بە ئاوێنەیەک دەچوێنێت، کە ریالێتی دەداتــەوە، بەڵام مارکوزە لە کتێبی "رەهەندی ئێستێتیکی"دا دەنووسێت: "چ کاتێک فەلسەفە دەربڕینە تایبەتەکەی خۆی بدۆڕێنێت و ببێت بە



دەربڕینێکی رۆژانەیی، ئەوا تایبەتمەندییەکی چەنەبازی وەردەگرێت". مارکوزە هەروەها دەبێژێت هزرینە فەلسەفەییەکان ئەو کاتە دەرەنجام دەخەنەوە، کە دەرچوون بن لە ریالێتییەوە رووەو راستی).

3. تێڕوانینی فەلسەفەیی هاوچەرخ بۆ زانست (مارکوزە رەخنە لە مێتۆدی پۆزەتیڤیستی فەیلەسوفانی زانست دەگرێت) (35).

لکی یەکەم: پۆزەتیڤیزم

پۆزەتیڤیزم لە کۆمەڵناسیی ئۆگوست کۆمتەوە سەرەتادەگرێت. ئەگەرچی رەوتگەلێکی هزری دیکەیش لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە ژێر ناوی پۆزەتیڤیزمدا کۆدەبنەوە: مێتۆدۆلۆژیی ئەزموونگەرا، پسیکۆلۆژیی ئاسۆسیاسیۆنی (تداعی)، روانگەی ناتورالیستی بۆ مەعریفە و روانگەی دیتێرمینستی بۆ زانستە سروشتییەکان و هتد. ئۆنتۆلۆژیی فاکتوالێتی (نەمانی دژبەری نێوان جەوهەر و رواڵــەت) پێشدانراوە رەهاکەی سەرجەم رەوتە پۆزەتیڤیستەکانە. بەڵام تەنها ئۆگوست کۆمت [کۆمەڵناسییە] پۆزەتیڤیزمەکەی لەسەر بناغەی جۆرێک فەلسەفەی مێژوو (جۆرە ئێڤۆلوسیۆنێک) دامەزراند (36). کۆمت وەک دژایەتی سەردەمانی مێتافیزیکی و هەروەها تیۆلۆژیی، سەردەمی خۆی ناونا "سەردەمی پۆزەتیڤ" (37). بەڵام لە بنەڕەتدا کۆمەڵناسیش لای کۆمت "توێژینەوەیەکی ستاتیکییە بۆ کۆمەڵگە"، کە دەرەنجامی پێشبینی سیستەمێکی سەروەرە بۆ تێگەیشتن لە جۆرە دینامیکیەتێک بۆ کۆمەڵگە (38). بە واتایەکی دی، تەنیا لە کۆنتێکستی سیستەمێکی ریالدا ئێڤۆلوسیۆن شیاوی تێگەیشتنە (39). کۆمت پەیوەندی بنەڕەتی نێوان پێشبینی سیستەم و پێشبینی ئێڤۆلوسیۆن روون دەکاتەوە: "سیستەم برێتییە لە مەرجی بنەڕەتی بۆ ئێڤۆلوسیۆن" و "سەرجەم ئێڤۆلوسیۆنەکان دواجار سیستەم دەرمێنن" (40).

کۆمت تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکەی جودا دەکاتەوە لە فەلسەفەی نێگاسیۆن و لە رێبازێکی پۆزەتیڤیستیدا دایدەنێت، هاوکات تیۆرییەکەی لە لایەنە ئابووری- سیاسییەکەی دادەماڵێت. کۆمت کۆمەڵگە لە زانستێکی سەربەخۆدا دادەنێت و ناوی دەنێت کۆمەڵناسی (41). لێرەوە پۆزەتیڤیزم مۆرکێکی کۆنزەرڤاتیڤ وەردەگرێت.

مارکوزە دەبێژێت ئەگەر هێگل توانی ئاوەز بەهۆی توانستە نێگاسیۆنەکەیەوە

بکات بە هێزێکی شۆڕشگێڕ، بە پێچەوانەوە، پۆزەتیڤیزم ئاوەزی کرد بە هێزێکی کۆنزەرڤاتیڤ، چونکە ڕاڤەی ڕیالێتی وەک فۆنکسیۆنی سەرەکی ئاوەز و ڕەزامەندبوون بە ڕیالێتی و وەرگرتنی هەڵوێستێکی پۆزەتیڤ بەرانبەر ڕیالێتی پێشبینی کرد. کەواتە پۆزەتیڤیزم هاوکات برێتییە لە پۆزەتیڤێتی و ڕەفزی سەرجەم ڕەوتە هزرییە نێگەتیڤەکان (42).

مارکوزە پۆزەتیڤیزم بە جیهانی ڕیالێتییە تاکڕەهەندەکان ناودەبات، کەواتە پۆزەتیڤیزم ناڕەخنەییە (43). پۆزەتیڤیزم ڕەفزی هەڵوێستە ترانسێندێنتاڵەکانی ئاوەز دەداتەوە و چ فەلسەفەیەک جەخت نەکات لە دۆخی ڕیالی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان، دژبەری دەوەستێتەوە (44). پوختتر ببێژین، لە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمدا هیچ جۆرە هزرینێکی ترانسێندێنتال بوونی نییە (45). هزرینی ترانسێندێنتال، کە لە ڕابوردوودا زەمینەی بناغەیی و ڕاستەقینەی هزرینی ڕاسیۆنالێتی بوو، لە پۆزەتیڤیزمدا بە هزرینێکی نالۆگیکی و هەروەها نازانستی دادەنرێت. ئەم تێڕوانینە هۆکاری وازهێنانی ئاوەزە لە ترانسێندێنتالێتی و مانەوەیە لە بیاڤی ڕیالێتی هەبوودا (46). پۆزەتیڤیزم هەروەها دەبێتە زەمینە بۆ هاتنەئارای زمانێکی تاکڕەهەند، کە هەڵگری فۆنکسیۆنی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەیە لە کۆمەڵگە تۆتالیتارەکاندا.

زمانی هاوچەرخ، زمانێکی خۆگونجێنە و لە بنەڕەتدا دژی هەموو جۆرە ڕەخنە و دێباتێکە. بەکارهێنانی زمانێکی ئاوها بووەتە هۆی پاسیڤبوونی مۆرکە ڕەفزکەر و هەڵوێستمەندەکانی ئاوەزی مرۆڤ (47). زمانی ڕۆژانەی هاوچەرخ پتر گەمە کردنە بە وشەکان. واژەکان ئاماژە بۆ تێگە ڕاستەقینەکان نادەن. شرۆڤەی لەنگویستیک لە نێو جیهانی سنوورداری زمانی ڕۆژانەدا ئەو جەختییە دەخاتەوە، کە وشەکان و دەستەواژەکان ئاماژە بۆ تێگەیشتنە ئاساییەکان دەدەن و هەڵگری ئەدگارگەلی ئەبستراکت و ڕەفزکەر نین (48).

لە بنەڕەتدا تیۆریی ڕەخنەیی [مێتۆدە دیالێکتیکییەکەی] خۆی لەسەر زەمینەی ڕەخنە لە پۆزەتیڤیزم و مێتۆدە فرە ڕواڵەتەکەی پۆزەتیڤیزم بنیاتناوە. بەپێی ئەو پرەنسیپەی تیۆریی ڕەخنەیی، ئامانجی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم هاوتاکردنی توێژینەوەی کۆمەڵگە و توێژینەوەی سروشتە. پوختتر ببێژین، ئامانجییەتی توێژینەوە لە کۆمەڵگە و مرۆڤ بکات بە زانستێک. بەهۆی ئەو زانستەیشەوە، یاسا



جەوهەرییەکانی کۆمەڵگە و مرۆڤ ئاشکرا بکات، یاساگەلێک، کە جەختییەکەیان هێندەی جەختی یاساکانی فیزیک و زانستە ئەمپیری و سروشتییەکان بێت: یاساگەلێکی گشتی، تۆتالێتی، شیاوی ئەزموونکردن و جەخت (49).

کەواتە ڕەخنەگرتن لە سەرجەم فۆرمەکانی پۆزەتیڤیزم، بەشێکی کرۆکی تیۆریی ڕەخنەییە بۆ بەرگریکردن لە ڕیالێتی دینامیکی و گۆڕانی پراکسیسی مێژوویی. پۆزەتیڤیزم نەک زانینێکی ناپوخت و درشت لەبارەی فۆرمە شتێنراوەکانی ڕیالێتی زیندوویی کاری مرۆڤ لە مێژوودا دەداتەوە، بەڵکو هەروەها بە ڕەهایەتیپێدان بەو دۆخە شتێنراوە کاتەکییە لە بۆتەی بڕیارە لۆگیکییە فۆرمالەکاندا داکۆکی لە سیستەمی دەسەڵاتی کۆمەڵگەی کەپیتالیزم دەکات (50).

کەواتە پرۆسەی مێژوو و پراکسیس لە بیاڤی دیدی ئاوەزدا نامێنێت. پۆزەتیڤیزم لە زانستی بۆرژواییدا پابەندی لۆگیکێکی ئاوهایە. پۆزەتیڤیزم چ لە لایەنی تیۆری و چ پراکتیکی، لە خزمەتی دەسەڵاتی تەکنۆلۆژیی کۆمەڵگەی هاوچەرخدایە و ڕەوایەتی و بەردەوامی پێدەدات (51).

**لکی دووەم: لۆگیکی فۆرمال**

پۆزەتیڤیزم بە سەرجەم فۆرمەکانییەوە، ڕەزامەندییە بەو ڕیالێتییەی، کە هەیە و تەنانەت بە شێوازێکی پەراوێزیش، هیچ هەڵوێستێکی ڕەخنەیی بەرانبەری وەرناگرێت. ئەمە کرۆکی ئەو ڕەوتە ئیدیۆلۆژییەیە، کە ڕەزامەندە بە ڕیالێتی وشکهەڵهاتوو، ئەمەیش بە تێڕوانینی مارکوزە پەیوەستە بە لۆگیکی فۆرمال، کە لە ئەریستۆتێلیسەوە سەرتادەگرێت، چونکە گرنگیدان بە فۆرم بەبێ ناوەرۆک، خزمەتی دەسەڵاتی سەروەر دەکات لە پتر کۆنترۆڵکردندا بۆ مانەوەی ڕیالێتی هەبوو (52).

تێگەی ڕاستی هەمیشە خواستی مرۆڤ بووە، بەڵام نەک لەبەرئەوەی لە ئاسمانەکانەوە دابەزیبێت، بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە، کە ئەدگاری هۆشی مرۆڤ، هزراندنی تێگەگەلە کامیلەکانە. بۆ نموونە، ڕاستی (...). ڕوانگەی ئۆنتۆلۆژییانەی ڕاستی-سەنتەر جۆرێک هزرینی لۆگیکییە، کە تێیدا فۆرمی ڕاسیۆنالێتی پێش-تەکنۆلۆژیی (Pre-Technology) دیاردەدات. ئەم شێوازە هزرینە برێتییە لە ڕاسیۆنالێتییەکی دووڕەهەندی، کە بە ڕواڵەت لەتەک سەرجەم هزرینە تاکڕەهەندییەکاندا ناکۆک دەردەکەوێت (53). ئەم شێوازە هزرینە پتر

خۆی تەرخاندەکرد بۆ ئایینده، بەم هۆیە بە هزرینی هەنوکەیی و شیمانەکانی کۆمەڵگە نامۆ بووە و ناکۆکی ڕەخنەکەی لە بیاڤێکی سنووردار و داخراودا دەخولایەوە. لێرەوە پتر بایەخی دەدا بە سەروەرێتی ئاوەز بەسەر سەرجەم لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ و ڕووداوە مێژوویی و ئەزموونییەکانی نەدەنرخاند. دووڕەهەندەکەی: ڕاستییە جەوهەری و ڕاستییە ڕواڵەتییەکان، لەو هزرینە [راسیۆنالێتییە پێش-تەکنۆلۆژییە]دا بە یەکدی نامۆبوون و پەیوەندییەکەیان تەواو ئەپستیمۆلۆژییانە بووە. ئەو نرخاندنانەی، کە بە مەبەستی ڕێکخستنی لۆگیکی و فۆرمە گشتییەکانی هزر لەبارەی جیهانی ڕیالێتییەوە دەکران، تەنیا ڕوونکەرەوەی پەیوەندییەکی فۆرمالیتەی نێوان هزر و ئۆبژێکت بووە، سەبژێکت بەسەر خۆیدا داخراوە و هیچ گرنگییەکی بە ژینجیهان نەداوە. لە ڕوانگەی ئەو سەبژێکتەوە، توێژینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان دینامیکیەت و گۆڕان، شیمانە و ڕیالێتی، ڕاستی و ناڕاستی، بۆ خاتری گرنگیدان بە ژینجیهان نەبووە، بەڵکو ڕەهەندێکی فەلسەفەیی پەتی بووە. لە ئۆرگانۆنی ئەریستۆتێلیسدا واژە لۆگیکییەکان واتایەکی ئۆتۆنۆمیان هەیە. لۆگیکی فۆرمال جیاوازی ناکات لە نێوان هزرین و ئۆبژێکتەکاندا، چ ئۆبژێکتە سەبژێکتیڤییەکان و چ ئۆبژێکتە ڕەهاکان. لەم لۆگیکەدا، سەرجەم تێگەکان پابەندن بە یاسا گشتییەکانی دێدۆکسیۆن و ئەرگومێنت. گشتاندنی ئەریستۆتێلیسی مەرجی یەکەمینی ڕێکخستنی یاساکانی لۆگیکە و لەو یاسایانەیشەوە، پاساو بۆ ڕیالێتی کۆمەڵگە دەبرێتەوە (54).

به پوختی گەرەکە بیێژین، کە پێش ئەوەی مرۆڤی سەردەمی تەکنۆلۆژیی بەندی کۆنترۆڵی تەکنۆلۆژیی و لێپێچینەوە ڕاسیۆنالێتییەکان ببێت، لە لۆگیکی فۆرمالی ئەنتیکەدا، بەندی گشتاندنە ئەبستراکتەکانی هزر بووە (55).

لە سەردەمی هاوچەرخیشدا، هزر پتر و پتر ڕەهەندی فۆرمالی وەرگرتووە و لە ئەنجامدا بووە بە ئامرازی کۆنفۆرمیزم (Conformism) و بەشێک لە سیستەمی سەروەر، نەک بە پێچەوانەوە ڕەهەندێکی ناکۆکی ئەو سیستەمە بێت. کەواتە هزر توانستە ڕەخنەییەکەی دۆڕاندووە (56). هزرینی هاوچەرخ بە ڕادەیەکی زۆر لە ژێر باری فەلسەفەی ئەریستۆتێلیسدایە، چونکە ناوەرۆکی فەلسەفەکەی [ئەریستۆتێلیس] لەتەک زانستی هاوچەرخدا ناکۆک نییە. بێگومان



لۆگیکی ماتماتیکی (لۆگیکی هێمایی) هاوچەرخ و فۆرمە کلاسیکییەکەی لۆگیکی ئەریستۆتێلیس هاوچوو نین، بەڵام لە ڕوانگەی ناکۆکی ڕیشەیی لەتەک لۆگیکی دیالێکتیکیدا وێکدەچن. لۆگیکی فۆرمالی ئەنتیکە و لۆگیکی فۆرمالی نوێ دژبەری دیالێکتیکن، چونکە دیالێکتیک خاوەن کرۆکێکی ئۆپۆزیسیۆنی و نێگاسیۆنییە. نێگاسیۆن ئەزموونی هێزە تورەکانی هزرە، کە دژبەری ڕیالێتی هەبوویە. لە میانەی ئەو ئەزموونەدا، چالاکی دەرککردن هەوڵی ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان "هەیە" و "گەرەکە ببێت" دەدات. بەڵام لۆگیکی فۆرمال لەبەرئەوەی توانستی نێگاسیۆنی نییە [لە "هەیە"دا دەچەقێت] و بەردەوامی بە ڕیالێتی سەروەر دەدات (57).

**باسی دووەم: کۆمەڵگەی تاکڕەهەند**

مارکوزە ڕوودەکاتە کۆمەڵگەی پیشەسازی هاوچەرخ و چ کەپیتالیزمی هاوچەرخ و چ کۆمەڵگەی سۆسیالیزمی ڕیال (بۆ نموونە یەکێتی سۆڤیەت) ڕەخنە دەکات. بەڵگەی هاوشێوەی گەشەکردنیان بۆ بوون بە کۆمەڵگەی چەپێنەر وەک فۆرمە نوێکانی هەردوو کۆمەڵگە و هەروەها پووکانەوەی پۆتێنسی شۆڕش لەو کۆمەڵگەیانەدا ئاشکرا دەکات. ئەو دەبێژێت، کە "کۆمەڵگەی پیشەسازی گەشەسەندوو" خواستی ناڕەسەن بەرهەم دەهێنێت و تاک بەهۆی میدیاکانی سیستەمی بەرهەمهێن و ئاڵوگۆڕی شمەک، ڕێکلامەکان، ڕابەڕایەتی پیشەسازی و مۆدەی هزرینی هاوچەرخ، دەتوێتەوە (58).

لە کۆمەڵگەی تاکڕەهەنددا، خواستە ڕەسەنەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی پلانێکی ئاوەزییانەی داڕێژراو لە لایەن دەسەڵاتە سەروەرەکانەوە دەچەپێنرێن (59) و خواستە ناڕەسەنەکان لە فۆرمی ڕابواردن و چاکتربوونی ڕواڵەتییانەی باری ژیاندا دایدەپۆشن. خواستە ناڕەسەنەکان، ئەو خواستانەن، کە دەسەڵاتداران وەک خواستی ڕەسەنی جەماوەر لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژییەوە دەیسەپێنن (60).

لکی یەکەم: کەپیتالیزم

هەتا هەنوکەیش چەوساندنەوە هەقیقەتێکی بنەڕەتییە لە هەقیقەتەکانی کۆمەڵگەی مرۆییدا، بەڵام لەتەک ئەوەدا، کە جیاوازی هەیە لە فۆرمەکانی

چەوساندنەوە لە سەردەمە جیاوازەکاندا، دەشێت ببێژین، کە سوورمێنەرترین و بەهێزترین فۆرمی چەوساندنەوە، ئەو فۆرمەیە، کە لەسەردەمی هاوچەرخدا پراکتیک دەکرێت. چەوسێنەر لە سەردەمانی ڕابــوردوودا یەک دێسپۆتی ڕەها بوو، بە ڕوونی دیاردەکەوت، کە کردەوەکانی لەسەر بنەمای ئاوەز یان لۆگیک نەبوو، بەڵکو لەسەر بنەمای هەڵچوون و پسیکۆلۆژییانە بوو. بەڵام لە کۆمەڵگەی پیشەسازی (...) پەرەسەندوودا، چەوساندنەوەی مرۆڤ لەسەر بنەمای ڕاسیۆنالیێتییەکی پەتییە، کە بە حساباتێکی ورد بۆ سەرجەم دۆخ و شیمانەکان پراکتیک دەکرێت (61).

مرۆڤی هاوچەرخ بە ناوی ئاوەزەوە کۆیلەدەکرێت (هەمان ئەو ئاوەزەی، کە بەرهەمهێنان ڕێکدەخات و لە جیهانی کەپیتالیزمدا بڵاویدەکاتەوە). بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤدا، کۆیلەتی قبوڵکراوە، هەروەها لەمەیش پتر، کۆیلەکە خۆی داکۆکی لە سەروەرەکەی دەکات، چونکە ئەمانە ئەو قوربانیانەن، کە بەکاربەری بەرهەمەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازین، هەروەها داکۆکیکەر و گەرەنتیدەری ئەو کۆمەڵگە پیشەسازییەشن (62). ئەم دۆخە بەتایبەت لە تێڕوانینی پۆزەتیڤیستیانەی چینی بۆرژوازی دەسەڵاتدار لەسەردەمی کەپیتالیزمدا دیــاردەدات (...) کاتێک، کە لەسەر زەمینەی ستاتیکیی ڕیالێتی هەبوو، دەسەڵاتی خۆی بەسەر سەرجەم ڕایەڵەکانی ژیانی تاکدا دەسەپێنێت (63).

مارکوزە دەبێژێت ڕەزامەندبوونی ڕەمەکی مرۆڤ لە ڕووبەرێکی نائازاددا بوار بۆ سیستەمی کەپیتالیزم دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵگە داخراوەدا [ڕووبەری نائازاد] بەردەوام بێت و مەبەستەکانی خۆی بسەپێنێت. لە ڕوانگەی کەپیتالیزمەوە، ئەرکی ئەو کۆمەڵگە داخراوە، کە لە لایەنی چەندێتی ماتەریالی و ڕواڵەتی ژیان گەشەی سەندووە، جارێکی دی کۆنترۆڵکردنی پتری تاکە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ورد (64).

کەواتە کۆمەڵگەی پیشەسازی لە ژێر سەروەرێتی کەپیتالیزمی گەشەسەندوودا ڕیزێک خواستی نارەسەن و هیوای تەزویر دەهێنێتە ئارا، کە پرسیارە ڕەسەن و ڕادیکالەکان دەچەپێنن و ڕێگرن لەبەردەم خستنەڕووی ئەو چەوساندنەوەیەی، کە خۆی وەک هەقیقەتێکی هەمیشەیی و قبوڵکراو پیشان دەدات (65).

لە کەپیتالیزمی گەشەسەندوودا، چینە چەوساوەکان نەک تەنیا بۆ سیستەمی



سەروەر بەرهەم دەهێنن، بەڵکو هەروەها بەکارهێنەریشن. جگە لەمە، ئەو ئازادییە نارەسەنەی، کە بەکارهێنەرگەرایی دەیخاتەوە، ئەو تەنگژەیەی مرۆڤان تێیدا بەندکراون، دادەپۆشێت. لای مارکوزە ئەو وەهمەی ئازادی "قۆناغێکی پێشکەوتووتر لە نامۆبوون لە خودی خۆ" دەخاتەوە، چونکە خۆییترین فەزای مرۆڤ، کە برێتییە لە هۆشی مرۆڤ، دەچەوسێنێتەوە و مرۆڤ چیدی ناتوانێت خواستە ڕەسەنەکانی لە بەرانبەر هەبوونێکی نامۆبوودا بپارێزێت (66).

**لکی دووەم: سۆسیالیزمی ڕیال**

ڕەخنەی مارکوزە لە کۆمەڵگەی پیشەسازی هاوچەرخ، تەنیا ڕووناکاتە سیستەمی کەپیتالیزم، بەڵکو ئەو هەروەها و بە تایبەت لە کتێبی "مارکسیزمی سۆڤیەت"دا ڕەخنەیەکی فرەلایەن لە سۆسیالیزمی ڕیال دەگرێت. بە تێڕوانینی مارکوزە، لە یەکێتی سۆڤیەتدا ڕیالێتییە کۆمەڵایەتییەکان لەتەک تیۆریی مارکسدا نەگونجێنرا، بەڵکو بە پێچەوانەوە "مارکسیزم" پتر و پتر ملکەچی ڕیالێتی کۆمەڵگەی سۆڤیەت کرا. مارکسیزم لە سۆڤیەتدا لە ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەوە بوو بە ڕێبازێکی کۆنزەرڤاتیڤ (67).

مارکوزە دەبێژێت گەرەکە بزانرێت، کە سیستەمی کەپیتالیزمی هەنوکە چیدی دژبەرێکی بەهەیبەتی لە دەرەوەی سنوورەکانیدا نییە، چونکە جیهانی کۆمۆنیست (لایەنگرانی چین یان سۆڤیەت و هتد) لە ڕوانگەی ئابووری-سیاسییەوە هەنوکە لە ڕیزی سیستەمە کەپیتالیستییەکاندان (68). هەروەها مارکوزە دەبێژێت لە هەندێک دەوڵەتاندا دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی خەڵکدا بۆ نموونە بیمە و هتد و ڕێگەنەدان بە نارەزایی دەربڕینی خاوەنانی ئەو خزمەتگوزاریانە بەرانبەر هەوڵە زیانمەند و تێکدەرانەکانی دەوڵەت لە بواری بازرگانیدا وەک "سۆسیالیزم" پیشاندراوە و هەروەها ڕێگە بە چالاکی ئەنستیتیوتە ئازادەکان نادرێت. ئەمە ئەو شێوازە چەوسێنەرانەیە، کە لە دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەرانبەر هزر و بۆچوونە دژبەرەکان ئەنجام دەدرێت. لەو وڵاتانەدا "ئازادی" برێتییە لە ڕەزامەندبوون بەو شێوازە ژیانەی، کە ڕژێمی کۆمۆنیستی دەیسەپێنێت و ڕەفزکردنی ئەو جۆرە ئازادییەیش لە ڕوانگەی حکومەتەوە برێتییە لە: لایەنگریی کەپیتالیزم، ڕیڤیزیۆن و درێغی لە چەپگەراییدا (69). ئەمە لە کاتێکدایە، کە

ئەو دەوڵەتە کۆمۆنیستییە نەتەوەییانە نەک خاوەن پرەنسیپێکی کۆمۆنیستی نین، بەڵکو تەنانەت فۆرمێکی دیکەی کەپیتالیزمن و لە ڕاستیشدا تەواوکەری ئەو سیستەمەن (70). بەڵام لێرەدا پێویستە جەخت لەوە بکەین، کە مارکوزە لەتەک ئەوەدا، کە ڕەخنە لە سۆسیالیزمی ڕیال دەگرێت، سوورە لەسەر ئەوەی، کە ڕەخنە لە خودی ئەزموونی کۆمۆنیستی ناگرێت، لەبەر ئەوەی ئەو بڕوا دەکات، کە ئەو دەوڵەتانە بە شێوازی تایبەتی خۆیان کۆمۆنیستین. پوختتر ببێژین مارکوزە مارکسیزم ڕەتناکاتەوە، بەڵکو فۆرمێکی تەزویرکراوی مارکسیزم ڕەتدەکاتەوە (71).

**باسی سێیەم: فۆرمەکانی نامۆبوونی مرۆڤ**

مارکوزە لە کتێبی "مرۆڤی تاکڕەهەند"دا شرۆڤەی کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی پەرەسەندوو دەکـات. ئەو دەبێژێت لەو کۆمەڵگەیانەدا ناشێت ئامرازە تەکنیکییەکانی بەرهەمهێنانی شمەک و بڵاوکردنەوە و (هەروەها ئۆتۆماتیکییەتی مەکینە) تەنیا کۆمەڵێک ئامرازی بەرهەمهێنان بن، چونکە دەچنە نێو سەرجەم ڕایەڵە سیاسیی-کۆمەڵایەتییەکانی تاک و ڕاستەوخۆ شەقڵی پێدەدەن. کۆمەڵگەیەک بە فۆرمی سیستەمێکی ئیدیۆلۆژی، کە بە پێشبڕیار فۆنکسیۆنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و هێز و پانتایی دەسەڵاتی ئەو ئامرازانەی لەسەر سەرجەم ڕایەڵەکانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە دیاریکردووە. پوختتر ببێژین، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان فۆنکسیۆنێکی فرەلایەنیان هەیە و دۆخگەلی چالاکی و بە گشتی دۆخی ژیان و لێهاتوویی و شارەزاییەکان دیاریدەکەن. کەواتە هیچ هاڤرکێ و ناکۆکییەکی واتادار لە نێوان پێویستی و خواستەکانی تاکەکەسان و زەروورەت و پێویستییەکانی کۆمەڵگەدا بوونی نییە و سەرەنجام تاک بەندە بە سەپاندنەکانی کۆمەڵگەوە (72).

مارکوزە هەروەها دەبێژێت لە جیهانی هاوچەرخ (جیهانی تاکڕەهەند)دا بیاڤی هزریی تاک لە نێو بواری تەکنۆلۆژی و نرخاندنە تاکڕەهەندییەکاندا بەندکراوە. لەبەر ئەمە بەئاگابوونێکی ڕەزامەند بەسەر تاکدا ســەروەرە. بەئاگابوونی ڕەزامەند باوەڕ دەکات، کە ڕیالێتی سەروەر شتێکی لۆگیکی و هۆشەکییە و سیستەمی سەروەر هەڵگری کەڵک و خۆشگوزەرانییە، بەڵام هێدی هێدی



ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەبن بە پاڵهێزی هزری تاکەکەسان و دواجار هزرینی ئازادانە و خۆیی مرۆڤ ناهێڵن (73). لێرەوە مرۆڤ خۆی بە ڕووی سەرجەم گۆڕانە چۆنێتییەکاندا دادەخات و هزرین و تێگەیشتنی تاکڕەهەند لە کۆمەڵگەدا پەرەدەستێنێت (74).

کۆمەڵگەی تاکڕەهەند مرۆڤان دەکات بە شتگەلێکی ئاسایی و بێ بەها، کە ئەمەش مرۆڤان بەخۆیان نامۆ دەکات (...). مرۆڤانی هاوچەرخ لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی ئەو شمەکانەی لە بازاڕدا هەن، دەنرخێنرێن و دەناسرێن. کەسان لێرەبوونی خۆیان لە ئۆتۆمبێلەکانیاندا، لە خانووە چەند نهۆمییەکەیاندا، لە تیڤی و ڕادیۆکەیاندا و هتد، دەبینن (75).

بە پوختی ببێژین، مرۆڤی تاکڕەهەند لە کۆمەڵگەی تاکڕەهەندا، نەک لە خودی خۆی نامۆدەبێت، بەڵکو هەروەها دەشتێت (دەکرێت بە شت).

لکی یەکەم: نامۆبوون (Alienation)

لەسەرەوە باسمانکرد، کە مارکوزە هیچ جیاوازییەکی کرۆکی لە نێوان کۆمەڵگە کەپیتالیستی و کۆمەڵگە سۆسیال-ڕیالەکاندا نابینێت و سەرجەم ئەو کۆمەڵگەیانە لای ئەو برێتین لە کۆمەڵگەی پیشەسازی گەشەسەندوو و مرۆڤگەلی نێو ئەو کۆمەڵگەیانەش برێتین لە مرۆڤی تاکڕەهەند (...). مرۆڤ چ لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بژیێت و چ لە یەکێتی سۆڤیەت مرۆڤێکی نامۆکراوە (76).

تێگەی نامۆبوون دەگەڕێتەوە بۆ هێگل و فیورباخ و مارکس. نامۆبوون بە شێوەیەکی گشتی (جودا لە تێگەیشتنە تایبەتییەکانی ئەو سێ فەیلەسوفە بۆ تێگەی نامۆبوون) برێتییە لە ئیزۆلەکردنی تاک لە ڕووبەری ژیان، کە دەرەنجامی گەشەسەندنی سیستەمی کەپیتالیزمە (77).

فیورباخ تێگەی "نامۆبوون"ی لە دوو واتای پەیوەست بە یەکدیدا مەبەست بوو: 1) دابڕانی مرۆڤ لە جەوهەرەکەی. 2) بڕوای مرۆڤ بە هێزگەلێکی سەرسروشتی (کە ئەمە پرەنسیپی ڕەخنەی فیورباخە لە ئایین). لە ڕوانگەی هێگل، نامۆبوون برێتییە لە ڕەوتی پەڕینەوە لەخۆ و بوون بە ئەویدی. ئەمەیش قۆناغێکی لۆگیکیی ئۆبژێکتیڤیتەی هێگلە. پەڕینەوە لەخۆ و بوون بە ئۆبژێکت بە زەروورەت نامۆبوون لە خودی خۆ دەخاتەوە. بەڵام مارکس لە ڕەهەندێکی

کۆمەڵایەتی-سیاسییەوە لە تێگەی "نامۆبوون" دەڕوانێت (78). بە تێڕوانینی مارکس، کەسێک، کە سەرەتا بە بەرهەمی کارەکەی [خۆی] و لە ئەمەیشەوە بە دەرەنجامی کارەکەی نامۆ بێت (کارەکەی "کاری نامۆبوو"بێت): بە پەیوەندییە نێوبکەرییەکان لەتەک مرۆڤانی دی و سەرەنجام بە ڕەوتی ژیان و بە خودی خۆی نامۆ دەبێت (79). کەواتە لە ڕوانگەی مارکس، پرۆسەی "نامۆبوون" لە کار و دابەشاندنی کاردا کۆنکرێتیزە دەبێت.

لە ڕوانگەی ئەو، کار پەیوەندی چالاکی مرۆڤە لەتەک سروشت و ئافراندنی جیهانێکی نوێ (کە ئافراندنی مرۆڤ خۆیشی بەشێکە لەو جیهانە) (80). بەڵام هێدی هێدی، کە خاوەندارێتی تایبەتی و دابەشاندنی کار پەرەدەستێنێت، کار ئەو توانستەی مرۆڤ وەک مۆرکێک دەدۆڕێنێت. کار و بەرهەمەکانی کار، وەک بوونەوەرێکی جودا لە مرۆڤ و جودا لە ویست و پرۆژەکانی مرۆڤ دادەنرێت (81). مارکس لە مانوسکریپتەکاندا دەبێژێت: "ئۆبژێکتێک، کە کار دەیخاتەوە (بەرهەمی کار) لە بەرانبەر کاردا وەک بوونەوەرێکی نامۆ و هێزێکی ئۆتۆنۆم لە بەرهەمهێنەر، دژبەر دەوەستێتەوە. بەرهەمی کار دەبێتە کارێک، کە لە ئۆبژێکتدا کۆنکرێتیزە بووە، واتا بووە بە شتێکی ئەستوویی. ئەم بەرهەمە "ئۆبژێکتیڤیکاسیۆن"ی کارە. ڕیالیزەبوونی کار بە ئۆبژێکتبوونی کارە. ڕیالیزەبوونی کار لە پانتایی ئابووری-سیاسییدا بۆ پرۆلیتاریا برێتییە لە دۆڕاندنی ڕیالێتی و دۆڕاندنی ئۆبژێکت، کە ئەمەیش کۆیلەتی لە بەرانبەر ئەو ئۆبژێکتەدا دەخاتەوە و سەرەنجام لە فۆرمی نامۆبووندا دیاردەدات" (82).

بۆ مارکوزە، ئەم تێگەیشتنەی مارکس بۆ "نامۆبوون" لە مانوسکریپتەکاندا پڕواتایە. بە تێڕوانینی مارکوزە، مارکس بە چاکی لە ئەوە تێگەیشتووە، کە ناوەرۆکی مرۆڤ چیدی لە توانایدا نییە، کە لە فاکتیسیتێ و تۆڕە تایبەتییە کۆنکرێتەکەی جودا ببێتەوە. لە مرۆڤی تاکڕەهەندا کاتێک، کە ئەم فاکتیسیتێ (لێرەبوون)ە چیدی بە کەڵکی ئەوە نایەت، کە مرۆڤ بەهۆیەوە خۆی بۆ ناوەرۆکە مرۆڤانەییەکەی ئاوەڵا بکات، ئەوا مرۆڤ دەگاتە حاڵەتێکی نامۆبوون، کە برێتییە لە نامۆبوون لە خودی خۆ (83).

مارکوزە لە "مرۆڤی تاکڕەهەند"دا دەنووسێت: لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا تاک هەتا ئەو سنوورە ئازادە، کە ڕەزامەند بێت بە ئەو کارەی، کە پێویستییە



ڕۆژانەییەکان لە تاکەکەسیان بارکردووە، کە ئەمەیش ڕووەو نامۆبوون لە خودی خۆی دەبیات. کاری نامۆبوو سەرجەم ژیانی تاکی کۆنترۆڵکردووە (84).

بەئاگابوونی مرۆڤ لە نامۆبوون لە ڕێگەی "زەرووڕەتنانەوەی سیستەم" و بەهۆی ڕیزێک "خواستی چەپێنەر"، کە خواستە ڕەسەنەکان دەچەپێنێت، کول دەکرێت. تایبەتمەندی ئەو خواستە چەپێنەرانە ئەوەیە، کە کۆنفۆرمیزم (وەکیەکییەکی گشتی) دەخەنەوە. بۆ نموونە: ڕەزامەندبوون، خافڵان، بەکارهێنان و کڕینی شمەک بەپێی ڕێکلامەکان و هتد. سەرجەمی ئەو خواستە چەپێنەرانە "پیشەسازی کولتوور" (وەک فۆرمێکی دیکەی کۆمەڵگەی پیشەسازی هاوچەرخ) دەیسەپێنێت (85).

کەواتە بەئاگابوون لە "نامۆبوون لەخودی خۆ" ئاسان نییە بۆ ئەو کەسانەی، کە بەهۆی ژیانێکی ڕواڵەتییەوە لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا تواونەتەوە و ڕەزامەندن بە مسۆگەربوونی خواستە [نارەسەنە]کانیان لەم کۆمەڵگەیەدا.

مارکوزە دەبێژێت کێشەی یەکایەتی تاک و کۆمەڵگە پێشبینییەکی بێ بنەما نییە، بەڵکو برێتییە لە سەرجەم ڕیالێتی. ئەو ڕیالێتییە، کە پاساو بۆ حاڵەتی نامۆبوونی مرۆڤان لە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازیدا دەهێنێتەوە. هزری نامۆبوو لە فۆرمگەلی ژیانێکی نامۆبوودا ڕۆدەچێت. لەم کۆمەڵگەیانەدا تاکڕەهەندیانە لە مرۆڤ دەڕوانرێت و ئەمەیش کاریگەری لەسەر سەرجەم ڕایەڵەکانی ژیانی مرۆڤ دادەنێت. گەشەسەندنی پیشەسازی بایەخ بە پرسیارەکانی هزری مرۆڤ نادات و وەک ئامرازێک حسابی بۆ دەکات، هزرێک، کە ناچارکراوە "مەعریفەی سەهوو" بە "مەعریفەی ڕاست" دابنێت و لەسەر ئەو بناغەیەش کێشەکانی ژیان بنرخێنێت (86).

لەلایەکی دیکە، مارکوزە نامۆبوونی ئاوەز بە پوختی ئاوها ڕووندەکاتەوە: ئاوەز لە سیستەمی کۆنترۆڵ و بەرهەمهێنان و بەکارهێناندا پشووی وەرگرتووە و تێیدا لە ڕێگەی کۆمەڵێک یاسا و نۆرمی وشکهەڵهاتوو (کە بەرژەوەندی و بەردەوامی سیستەم مسۆگەر دەکەن) حکوم دەکات (87).

هەروەها پێویستە ببێژین نامۆبوون نەک نامۆبوونە لە خودی خۆ، بەڵکو هەروەها لە هاومرۆڤان و جیهان.

**لکی دووەم: بەشتبوون (Reification)**

مارکس تێگەی "بەرهەمی نامۆبووی کار" لە بابەتێکی بنەمایی کتێبی کەپیتالدا بە ناوی "بتاندنی شمەکەکان" پەرەپێداوە (88). بتاندنی شمەکەکان ڕەوتێکە، کە تێیدا لۆگیکی شاراوەی بەرهەمهێنان لە کەپیتالیزمدا لە ڕێگەی بازاڕەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات بە پەیوەندی نێوان شتەکان. ئەم بەشتبوونەی پەیوەندییە نێومرۆڤییەکان فۆرمێکی دیکەی فێنۆمێنی نامۆبوونە، کە تێیدا پەیوەندییە نێومرۆڤییەکان لە فۆرمی پەیوەندی نێوان ئۆبژێکتەکان، شتەکان و شمەکەکان و هەروەها گونجاو لەتەک نرخەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا دیاردەدات. نرخ لە ئاڵوگۆڕدا وەک جەوهەرێکی سروشتی شتەکان دادەنرێت نەک وەک چێکراوی چالاکی و پەیوەندییە نێومرۆڤییەکان (89).

لوکاچ لە ئیشە سەرەکییەکەیدا "مێژوو و بەئاگابوونی چینایەتی 1924" لە تێگەی "بەشتبوون" وەک تێگەیەکی بناغەیی و سەنترالیی ئیشی مارکس دەڕوانێت. هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، بەشتبوون لە تێگەی "بتاندنی شمەکەکان"ی نێو کتێبی کەپیتال ئیقتیباس کراوە. بەشتبوون بریتییە لە نەبوونی پەیوەندی لە نێوان تاک و ئەو شتانەی، کە بەرهەمیان دەهێنێت، کە لە ئەنجامدا بەهۆی ستروکتووری کۆمەڵایەتی-ئابووری، ئەم شتانە وەک نامۆ بەرانبەر بەرهەمهێنەر زیت دەبنەوە. شتەکان بەهۆی مۆرکە چەندێتییەکەی شمەکە ئاڵوگۆڕکراوەکانەوە بەها سەبژێکتیڤێتییەکەی مرۆڤ دەدۆڕێنن (90).

پتر ببێژین "بەرهەمی نامۆبووی کار" لە سیستەمی هاوچەرخدا زۆرجار لە شێوەی مەکینە (Machine)دا دیـاردەدات. ئەو مەکینەیەی خۆی لەتەک ناتواناییەکانی مرۆڤدا دەگونجێنێت بۆ ئەوەی مرۆڤی ناتوانا بکات بە مەکینە (91). مارکوزە دەبێژێت لە ژیارێتی پیشەسازیدا کۆیلەکان بە ڕواڵەت وەک مرۆڤگەلێکی کەرامەتمەند دیـاردەدەن، بەڵام دووبارە کۆیلەن. دەشێت کۆیلەتی بە جۆرێکی دیکە پێناسە بکرێت: کۆیلەتی نە ملکەچکردنە بۆ ئەمر و نە کاری تواناپڕوکێنە، بەڵکو دۆڕاندنی کەرامەتی مرۆڤ و بوون بە ئامراز و دەسکەلایەتییە. مرۆڤی هاوچەرخ بە هەمان شێوەی ئامراز و شتـەکان لە بووندا هەیە. ئەم شێوە هەبوونەیش لە بنەڕەتدا کرۆکی کۆیلەتییە. ئەم "شت"ە بەناو "مرۆڤ"ە، هۆشمەندە، خواردن دەخوات، دەهزرێت و هتد، بەڵام بەشتبوونی خۆی نابینێت (92). ئاخر بەئاگابوون بە هەمان شێوەی شتەکان



بووە بە شت (شتێنراوە).

بە تێڕوانینی مارکوزە، بەئاگابوونی شتێنراو (وەکو خۆکۆنترۆڵکردنێکی چەپێنەرانە) و کۆنترۆڵی ئابووری-کۆمەڵایەتی خواستەکان بەناخی مرۆدا ڕۆدەچن و دەبن بە "چەپاندنێکی ناخەکیانە" بەبێ ئەوەی پاشان پێویستی بە چەپاندنی دەرەکیانە بکات! ئەوە بریتییە: لەکڵێشەدانی پەیوەندییە نێومرۆڤییەکان لە فۆرمی ستانداردکراو لە کۆمەڵگەی پیشەسازی هاوچەرخدا (93). بەڵام لێرەدا پێویستە جەخت لەوە بکەین، کە مارکوزە ڕیالێتی پیشەسازی هاوچەرخ دەهیچێنێت نەک هۆ-مەبەستەکانی چالاکییە زانستی و تەکنۆلۆژییەکان. ئەو دەبێژێت گرنگیدان بە هۆ-مەبەستەکانی چالاکییە زانستی و تەکنۆلۆژییەکان، ئەمان لە حاڵەتی بێبڕوایی بەرانبەر هیومانێتی دەهێنێتە دەرەوە و قۆناغێکی مێژوویی نوێ چێدەکات، کە تێیدا زانست و تەکنۆلۆژی لەتەک هزرینە نێگاسیۆنی و ڕەخنەییەکانی مرۆڤدا هارمۆنی دەبێت (94).

**بەشی سێیەم: ئیدیالی شۆڕش**

مارکوزە لە ڕەخنەکانیدا بۆ سۆسیالیزمی ڕیال، بەتایبەتی ڕوودەکاتە کێشەی ناتوانایی چینی پرۆلیتاریای پیشەیی لە بەئاگابوونی شۆڕشگێڕانەی زەروریدا بۆ پەڕینەوە ڕووەو سۆسیالیزم [ی ئیدیالی مارکس] (...) بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، مارکوزە لە کتێبی "ئیرۆس و ژیارێتی"دا ڕیڤیزیۆنی [بێگومان ڕیڤیزیۆنێکی فەلسەفەیی] فرۆید دەکات. بە تێڕوانینی پسیکۆئەنالیزەکەی فرۆید، پاڵهێزە ڕەمەکییەکانی مرۆڤ لە پرۆسەی ئارایی ژیارێتی و هەروەها لە پرۆسەی خۆشەکردنی تاکدا سنووردار دەکرێن و دەچەپێنرێن. ژیارێتی بە شێوەیەکی ڕواڵەتی بەهۆی ئەو سنوورداریێتی و چەپاندنە بەردەوامی پێدراوە. فرۆید دەبێژێت چ لە نێوان ئازادی و ڕەزامەندی و چ لە نێوان ڕەمەکی سێکسوالێتی و ژیارێتیدا نەسازی هەیە (95).

مارکوزە گۆڕان دەدات بەو تێڕوانینەی فرۆید و دەبێژێت چەپاندنی ڕەمەکە سروشتییەکانی مرۆڤ لە پرۆسەی مێژوودا دوو ئاست وەردەگرێت: 1) چەپاندنی زەرووری (کە بۆ سەرجەم ژیارێتییەکان زەرورییە) و 2) چەپاندنی نازەرووری (کە تایبەتە بە کولتوورگەلێکی دیاریکراو و هەروەها جیاوازییەکە، کە لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی دیکە وەک جوداکەرەوەیەکی ئاشکرا دیاردەدات) (96).

به تێڕوانینی مارکوزه، چەپاندن له ژیارێتی هاوچەرخدا، سنووری چەپاندنی زەرووری بڕیوە و بووە بە چەپاندنی نازەرووری. بەردەوامی ژیارێتی پێویستی بەو چەپاندنە نازەروورییە نییە. بە پێچەوانەی فرۆید، چەپاندنی ڕەمەکی سێکسوالێتی مرۆڤ تەنیا بەهۆی زەروورەتێکی ڕیاڵی پەتی نییە، بەڵکو لەودیو ئەم ڕیاڵێتییەوە دەسەڵات لە فۆرمە مێژووییە تایبەتییەکەیدا ئامادەیی هەیە. یەکێک لە مۆرکە سەرەکییەکانی ئازادی، ڕزگاربوونە لە چەپاندنی ڕەمەکی سێکسوالێتی، بە ڕزگاربوونی ڕەمەکی سێکسوالێتی مرۆڤ لە کۆت و بەندەکانی ژیارێتی دەسەڵاتئامێز، ڕەمەکی سێکسوالێتی مرۆڤ واتا ئێستێتیکییەکەی خۆی مسۆگەر دەکاتەوە. ڕەمەکی سێکسوالێتی مرۆڤ تەنیا لە کۆنتێکستێکی ئێستێتیکیدا واتادارە (97).

به تێڕوانینی مارکوزه، چەپاندن لە ئاستی تاکدا پەرچێنراوەی چەپاندنێکی مێژووییە لە ئاستی مرۆڤایەتیدا: "پرۆسەی کامیلبوونی تاک کرۆک و پوختەی مێژووی ڕەگەزی مرۆڤە (...) سەپاندنی پرەنسیپی ڕیالێتی لەبری دانانی پرەنسیپی ئیرۆتیک (...) لەسەرجەم مێژووی مرۆڤایەتی و هەروەها ژیانی تاکەکەساندا دووبارە دەبێتەوە" (98). کەواتە مارکوزە داواکاری ژیارێتییەکی نوێ (ژیارێتی ئیرۆس) بەرز دەکاتەوە، کە تێیدا گرنگی بە بەئاگابوونی ئێستێتیکیانەی مرۆڤ بدرێت. ژیارێتی ئیرۆس ئاماژەیە بۆ زیندوویەتی و چێژمەندی چالاکییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگە (99). بەڵام ئەمە چۆن دەشێت؟ بۆ ئەم مەبەستە مارکوزە شیمانەی شۆڕشێکی ئیدیال دەکات.

مارکوزە شۆڕش لە واتای "ڕیڤولوسیۆن"دا بەکاردەهێنێت (...)، کە برێتییە لە هەڵگەڕانەوەی ڕادیکالی پەیوەندییەکی هەبووی ترادیسیۆنی (100).

مارکوزە بەدیهاتنی شۆڕش لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا وەک شیمانەیەکی زەرووری دەبینێت (...)، بەڵام مارکوزە ئەو شۆڕشە ئیدیالە بە هێنی چینی پرۆلیتاریا نازانێت، چونکە ئەو چینە لە سیستەمی تەکنۆلۆژیدا تواوەتەوە و بەو خۆشگوزەرانییە ڕواڵەتییە ڕەزامەند بووە (101).

مارکوزە دەبێژێت تەنیا ئەو گروپگەلانەی، کە لەنێو کۆمەڵگە و خواستە ناڕەسەنەکاندا نەتواونەتەوە، واتا لە کەناری ئەو کۆمەڵگەیانەدان، دەشێت لە خواستە ڕەسەنەکان تێبگەن و هەوڵی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بدەن دژی



سیستەمی سەروەرو بە مەبەستی مسۆگەرکردنی خواستە ڕاستەقینەکان (102).

لە بنەڕەتدا مارکوزە پتر ڕوودەکاتە داهێنان لە کەناری کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا بە تایبەتی ناوەندی هونەرمەندان [ و هەروەها فێرخوازانی زانکۆیی] واتا ئەو ناوەندانە، کە (...) دەتوانن بە ڕاستی هەتا ڕادەی شیان خۆیان بن و بە داهێنان هەستن، هاوکات ڕەخنە ئاراستەی ئەو سیستەمە دەکەن، کە بە گشتگیرییەکەی هەموو تاکێک دەپلیشێنێتەوە. لێرەدا یەکگرتنەوەیەکی هەردوو فەیلەسوفمان هەیە: هێنی مارکس و مارکوزە، ئەویش ئەوەیە، کە هەردووکیان دەنگ بە ڕەخنەی کەپیتالیزمدا دەنێن (103).

پێویستە جەخت لەوە بکەین، کە شۆڕش لای مارکوزە هەمیشە وەک شیمانەیەکی ئیدیال دژ بە سیستەمی سەروەر دەمێنێتەوە (وەک چۆن ئەمە لای مارکسیش ئاوهایە ئەگەر ئێمە بە هزرینێکی ئازاد لەتەک خودی مارکسدا بکەوینە دانوستاندن).

مارکوزە لە وەڵامی پرسیارێکی براین مەگیدا: ئایا چ کەسێک گەرەنتیدەری ئەوەیە بە لەناوبردنی شێوازی بەرهەمهێنانی کەپیتالیزم، کۆمەڵگەیەک دێتە ئاراوە، کە تێیدا تاک ئازاد دەبێت و خودێتی خۆی تێدا بەدی دەهێنێت، لەتەک ئەوەدا، کە ئەو کۆمەڵگە سۆسیال-ریالانەی، کە هەن، هیچ کامیان لەم ڕووەوە جەختیان پێنەبەخشیوین؟ دەبێژێت: لە ڕاستیدا هیچ گەرەنتییەک بۆ ئەمە نییە، چونکە مێژوو کۆمپانیای بیمە نییە. نابێت چاوەڕوانی ئەم گەرەنتییە بکەین، ئەوەی دەتوانین ببێژین ئەوەیە، کە بە لەناوبردنی کۆمەڵگەی کەپیتالیزم، هەرچۆنێک بێت زەمینەیەک دەڕەخسێت، کە تێیدا کۆمەڵگەیەکی ئازاد دەتوانێت گەشە بکات (104). هەروەها مارکوزە لە جێیەکی دیکەیشدا دەبێژێت: هەقیقەتی مێژوویی شتێکی ڕێژەییە و ئەو ڕێژەێتییەیش شیمانەی ژیانێکی بەختیاری بەدیهاتوو دەشێنێت (105).

**باسی یەکەم: پاڵهێز و پۆتێنسەکانی شۆڕش**

ئیدێی گۆڕانی ڕادیکال (شۆڕش) لە نێو سیستەمی کەپیتالیزمدا چیدی دەرەقەتی تیۆری لایەنگری پێشڤەچوونی هێدی (ئێڤولوسیۆن) و دوور لە تەقینەوەیەکی هەمەلایەنی، نایەت. فاکتەرە چالاکەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەناوچوون،

ڕەخنە لە نێو تێگە ئەبستراکتەکاندا تواوەتەوە، تیۆر و پراکسیس، هزر و کردار بە ڕەهایی لە یەکدی جودا بوونەتەوە. شرۆڤەی مێژوویی ڕووداوەکان، کە لە ڕابوردوودا لەسەر بنەمای ئێکسپێریمێنت بوو، وەرگۆڕاوە بۆ فۆرمی هزرگەلێکی نامۆ بە ڕیالێتی و هەقیقەتی ڕەوتی مێژوویی. هەروەها ڕەهەندی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی تاکەکەسێک یان گروپێکی وەرگرتووە. بەڵام ئایا ئەو شێوازانەی، کە فاکتەرە چالاکەکان بەکاریان هێناوە لەبەرئەوەی هەتا ئێستا سەرگرتوو نەبوون و شۆڕشیان بەدینەهێناوە، بەڵگەیە بۆ ئەوەی سەرجەم هزرۆکە شۆڕشگێڕییەکان ناڕاست بن؟ نەخێر (بەڵام بە ڕەچاوکردنی هەوڵە ڕواڵەتییە بەناو نێگاسیۆنی و ڕەخنەییەکان) هێشتا شرۆڤەی ڕەخنەیی کۆمەڵگە هەر بەردەوامە و داواکاری گۆڕانی ڕادیکال لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا وەک زەروورەتێکی هەنوکەیی بە نەشیاوی دەستبەرداری دەبینرێت. ئەگەر پرسیار بکرێت بۆچی و لەبەر چی گۆڕانی ڕادیکالی زەروورییە؟ ئەوا وەڵام بۆ ئەم پرسیارە هەمیشە ئەمەیە: زەرووریيە بۆ خاتری کۆمەڵگە و تاکەکەسان (106).

سیستەمی تەکنۆلۆژیی هاوچەرخ بە ڕادەیەک هزرینی هاوچەرخی کۆنترۆڵکردووە، کە سەرجەم هزرین و ئامانجەکان لەسەر بنەمای بەرهەمهێنان و بەکارهێنان فۆرمێنراون و تێڕوانینە دژبەرەکانی دۆخی سەروەر چەپێنراون (107).

مارکوزە پرۆلیتاریا وەک هێزێکی ترادیسیۆنی شۆڕشگێڕ بە نموونە دەهێنێتەوە، کە لە ڕابوردوودا وەک هێزێکی هیچێنەر دەردەکەوت، بەڵام ئێستا بەشێکی پێکهاتەی کۆمەڵگەی تاکڕەهەندە. لێرەدا وەک هزرمەندێکی ڕەخنەگر دەگات بە هزرۆکەی هێزێکی شۆڕشگێڕیی نوێ لە کەناری سیستەمی کەپیتالیزمدا. بە واتایەکی دی ببێژین، هێزێکی شۆڕشگێڕی نوێ لە دەرەوەی بازنەی کۆمەڵگەی تاکڕەهەندا، ئاخر مارکوزە باوەڕ دەکات، کە شۆڕش بەسەر ئەم کۆمەڵگەیە گەرەکە لە دەرەوەی کولتوور و سیستەمی سیاسیی ئەو کۆمەڵگەیەدا بێت (108).

مارکوزە ئەو هێزە شۆڕشگێڕە نوێیە بەسەر دوو گروپی سەرەکیدا دابەش دەکات: 1) ئەو گروپانەی لە نێو سیستەمی کەپیتالیزمدان، بەڵام بەبێ ئەوەی هێشتا تێیدا توابێتنەوە، بۆنموونە فێرخوازانی زانکۆ، هونەرمەندان و هەروەها ئەو گروپانەی لە دەرەوەی چینەکانی کۆمەڵگەدا پەراوێز خراون وەکو



دانیشتووانی گیتۆکان، ڕەنگین پێستەکان و هتد. 2) ئەو گروپانەی دەرەوەی سیستەمی کەپیتالیزم و هەروەها سیستەمی سۆسیالیزمی ڕیال: گروپگەلی نێو جیهانی سێ (109). بەڵام مارکوزە بۆ ئەو شیمانەیەی شۆڕش، کە ئەو لە جیهانی سێدا دەیبینێت، هاوکات دەبێژێت، کە کەپیتالیزم توانای هەیە دایبمرکێنێتەوە (110)، لەبەرئەوەی هێزە ئیدیۆلۆژییەکانی شۆڕش لە جیهانی سێدا نەشیاوە سەرگرتوو ببن ئەگەر ستروکتوور و یەکگرتنەوە ناخەکییەکەیان لەتەک سیستەمی کەپیتالیزمدا هەرەس پێنەهێنن (111).

بە پوختی مارکوزە دوو پاڵهێز و پۆتێنسی مێژوویی بۆ شۆڕش دیاریدەکات: 1) پاڵهێزی ئۆبژێکتیڤی، کە بریتییە لە پرەنسیپی مرۆڤ بۆ کاری بەرهەمهێنان، کە پرۆلیتاریا وەک چینێکی پەراوێزخراو تەمسیلەی دەکات. 2) پاڵهێزی سەبژێکتیڤی (بەئاگابوونی سیاسیی) بریتین لەوانەی، کە لەتەک کاریگەرییەکانی سیستەم هێشتا خاوەن خۆیەتین. بۆ نموونە، گەنجانی هزرمەند، دانیشتووانی گیتۆکان و سەرجەم ئەو پەراوێزخراوانەی، کە لە ئیمتیازاتی سیستەمی سەروەر بێبەش کراون (112).

مارکوزە دەبێژێت نشوستیهێنانی هێزە شۆڕشگێڕییە ترادیسیۆنییەکان بەڵگە نییە بۆ لاوازبوونی پۆتێنسی شۆڕشگێڕ و ئۆپۆزیسیۆن دژ بە سیستەمی کەپیتالیزمی گەشەسەندوو، بەڵکو بریتییە لە هاتنەئارای پرەنسیپێکی نوێ بۆ شۆڕش و شکۆفەی سەبژێکتێکی مێژوویی نوێ بۆ شۆڕش، کە ئەو سەبژێکتە داواکاری ئۆبژێکتیڤیانەی بۆ ئەو ڕیالێتییە مێژووییەی خۆی هەیە (113). مارکوزە ئەو پۆتێنسی شۆڕشگێڕە نوێیە ناودەنێت "چەپی نوێ" (نوێمارکسیزم)، کە دوو جیاوازی بناغەیی لەتەک چەپی ترادیسیۆنیدا هەیە: 1) نوێمارکسیزمەکان ناهاوچوون و برێتینین لە چینێکی دیاریکراو. 2) نوێمارکسیزم پتر ئەنارشیستن نەک مارکسیزمێکی ئۆرتۆدۆکسی (114).

**باسی دووەم: هونەر و شۆڕش**

هاوبەندی هونەر و کۆمەڵگە پنتی سەنترالی هزرینی ئێستێتیکیی سەرجەم ئیشە ئێستێتیکییەکانی مارکوزەیە. مارکوزە لە توێژینەوەی دکتۆراکەیدا لە فرایبورگ بە ناونیشانی "ڕۆمانی هونەریی ئەڵمانی (1922)"، ئەم دەرچووە پنتەی گرت و هەتا دوایین ئیشی لەبارەی ئێستێتیک: "ڕەهەندی ئێستێتیکی"

جەختی لەو پنتە سەنتراڵییە کرد (115).

ئیشەکانی مارکوزە لە بواری فەلسەفەی هونەردا دەربڕی دوو ڕەهەندی دژبەرن. ئەو بەردەوام جەختی لە دوو فۆنکسیۆن (شیمانە)ی هونەر لە ژیانی هاوچەرخدا دەکرد: فۆنکسیۆنێکی ڕەوایەتیدەر بە ڕیالێتی هەبوو و فۆنکسیۆنێکی دژ بە ڕیالێتی هەبوو (116). بە گشتی هونەر بۆ سەرجەم فەیلەسوفانی قوتابخانەی تیۆریی ڕەخنەیی ڕیالێتیەکی دوو ئەسپێکتە: ڕیالێتییەکی کۆمەڵایەتی دژبێژ (پارادۆکسیکال)، چونکە ئەگەرچی دژ بە ڕیالێتی هەبووی کۆمەڵگەیە، بەڵام بە ڕەهایەتی لێی جودا نەبۆتەوە، بەڵکو هونەر هەوڵدەدات بە ناخی کۆمەڵگەدا شۆڕ بێتەوە و دژبێژییەکانی دیاربهێنێت. هونەر لەم هەوڵەیدا بۆ دیارهێنان بەرانبەر جیهانی ڕیال بێهەڵوێست نابێت، بە پێچەوانەوە، نێگاسیۆنی ملکەچبوونی کۆمەڵگە دەکات و لێرەوە هیوایەک بۆ بەختیاری و ڕزگاربوونی مرۆڤ (ی نامۆبوو) دەهێنێتە گۆڕێ. بەڵام بەو مجازەفەیەی، کە دەشێت ئەم هیوایە لە ڕیالێتی هەبوو و سەروەردا بتوێتەوە و هونەر ببێت بە "کۆپییەکی ئەفیرماتیڤ"ی ڕیالێتی هەبوو (117).

کەواتە لە لایەک هونەرێکی ڕەسەن هەیە، کە دژی توانەوە لە سیستەمی گشتێنەری بازرگانی دەوەستێتەوە و لە لایەکی دی هونەرێکی ئەفیرماتیڤ (هونەرێکی کیپچ)، کە کتومت لاسایی نۆرمە هەبووەکان دەکاتەوە و لە دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا ئەو بوارەی مۆنۆپۆلکردووە، کە شیاوە بۆ ئەندێشە و دیاردەی جوان نەک ملکەچبوونێکی دزێوانە لەبەرانبەر ژیانی ڕواڵەتی ڕۆژانەدا (118).

مارکوزە دەبێژێت کولتوور گفتی بەختیاری و ژیانێکی چاکترە. بە تێڕوانینی ئەو هونەر لەم دیدەوە بۆ بەختیاری و ژیانی بەدیهاتوو پتر لە سەرجەم فێنۆمێنەکانی دیکەی کولتوور بڕ دەکات و ئەو دۆخە شازە وەردەگرێت، کە تێیدا ئەو گفتە دەدات. بەڵام دژبێژییەکانی کۆمەڵگە لە ڕیشەی ژیانی کولتووریشدا هەن. هەربۆیە هیوای بەختیاری تەنیا بە شۆڕش دژی ڕیالێتی هەبوو بەدیدەهێنرێت. ئەمەیش خواستێکی یۆتۆپیانەیە (...)، بەڵام دووبارە ئامادەیی کولتووری ئەم خواستە یۆتۆپیاییە بەندە بە هونەرەوە. هونەر لە بەرانبەر نۆرمە مۆراڵی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئۆتۆنۆمە و خاوەن کاراییەکی ڕەخنەییە. هونەر توانای پێشبینی سەرجەمێتی ڕیالێتی هەیە (119).



مارکوزە دەپرسێت: ئایا هونەر، کە لە خەریکبوونی ڕەخنەییەوە لەتەک کۆمەڵگەدا پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤ دەخاتە بەردەم، لەو مەغزایەدا یۆتۆپیانەیە، کە ئەو هاوکات پێکەوە لەتەک ڕەخنەی نێگەتیڤدا پێشنیاری گفتێکی بەختیاری دەکات؟ ئەگەر ئەمە ئەوها بێت، ئەوسا پێویستە مرۆڤ کاراییە ڕەخنەیی-کۆمەڵایەتییەکەی هونەر وەک یەکێتییەک لە نێوان ڕەخنەی کۆمەڵگە (لە مەغزای ڕەخنەی نامۆبوون) و یۆتۆپیادا (وەک پرۆژەی ئەلتەرناتیڤی ژیانی بەدیهاتوو) ببینێت (120).

بە گشتی هونەر لە مارکسیزمدا دەکرێت بە دەسوێژ بۆ گەیاندنی ئەو ڕاستییە سیاسییە بە هەمووان، کە هەر لە سەرەتاوە ناسراوە، هەروەها بۆ ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر لەبارەی دۆکترینی چەسپیوی پارت، کە هەر لە سەرەتاوە وەک ڕاستی چواندوو چەسپێنراوە، بەڵام مارکوزە لە نووسینێکی کورتدا بە ناوونیشانی "پێرمانێنسی هونەر" پرۆژەی ئێستێتیکێکی مارکسیستی دەخاتە بەردەم، کە بەدەرە لە لەمپەردانانە دۆکترینییەکانی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسی. مارکوزە دەیەوێت لەم پرۆژەیەدا لاوازییەکانی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسی لە بەرژەوەندی هەڵوێستێکی ڕەخنەیی-مارکسیستیدا یەکالا بکاتەوە، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ تێگە بناغەییەکانی ئیدیالیزمی ئەڵمانی. مارکوزە دەیەوێت کۆنسەپسیۆنێکی ڕەخنەیی یۆتۆپیانە بچەسپێنێت تاکو لەسەر زەمینەی فەلسەفەی پراکتیکی شرۆڤەی پەیوەندییەکەی هونەر و کردار، کە لە ئیدیالیزمی ئەڵمانیدا ئەنجامدراوە، تێبپەڕێنێت و دەستبداتە شرۆڤەی هونەر و کرداری کۆمەڵایەتی (121).

کەواتە مارکوزە لە لێهزرینەکانیدا لەمەڕ پێرمانێنسی هونەر، ئاگامەندانە گۆڕان بە چێوەیەکی مارکسیزمی ڕەخنەیی دەدات، کە جیاوازە لە بەکارهێنانی ئیدیۆلۆژییانەی هونەر وەک ڕۆشنگەری. هەروەها جیاوازە لە چەسپاندنی ئەو جۆرە ڕاستییە کۆمەڵایەتییە، کە لە مارکسیزمی کۆمەڵایەتیدا ئەنجامدرابوو. مارکوزە کاراییەکەی ئیشی هونەری وەک ڕەخنەی شۆڕشگێڕ دیاریدەکات، بەڵام ئیشێکی هونەری تەنها کاتێک "شۆڕشگێڕ" دەبێت، گەر ئەو ئیشە بتوانێت بەڕێی فۆرماندنی ئێستێتیکییەوە، چ "نائازادییەکەی ڕیالێتی هەبوو" و چ هەوڵە یاخیبووەکانی تاکەکەس لە دژی ئەم نائازادییە پێکەوە دیاربهێنێت، لێرەشەوە

"ئاسۆی دۆخگۆڕی دیاربهێنێت". ئەمجۆرە ئیشە هونەرییە بۆ مارکوزە ئیشێکی ڕەسەنە، کە تێیدا فۆرم و ناوەرۆک یەک دەگرن، (ئەمە بێگومان لە مەغزای ئێستێتیکی هێگل و بە تایبەتی ئێستێتیکی ئیدیالیزمی ئەڵمانی بەگشتی) (122).

کەواتە کاراییە کۆمەڵایەتییەکەی هونەر بریتی نییە لە کاریگەری نواندنی ڕاستەوخۆ لەو واتایەدا، کە شۆڕشێک لە هزرەوە پێش هونەر چەسپێنرابێت، وەک چۆن ئەمە لە مارکسیزمدا دەکرا، بەڵکو هونەر بەپێچەوانەی پراکسیسی ڕادیکالی سیاسییەوە تەنها "ناڕاستەوخۆ" ڕەخنەییە، بەڵام هونەر لەم هەڵوێستە ناراستەوخۆ ڕەخنەییەدا "تەنها لەنێو هێزی وێنادا ڕیالێتی هەبوو وەردەگۆڕێت" و دەیپەڕێنێتەوە بۆ نێو جیهانی ئەندێشە. هونەر نواندنی کاریگەری نییە، بەڵکو یۆتۆپیایە. لە نێو هونەردا، لە نێو دیاردەی جواندا، ئەندێشەی جیهانێکی هیومان دەفۆرمێنرێت. ئەمەش ئەندێشەی جیهانێکە، کە مرۆڤ تێیدا دەژی و جیاکراوە نییە لە خودی مرۆڤ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەزموونی شیمانەگەلی ئەلتەرناتیڤ بۆ ڕیالێتی هەبوو دەگەیەنێت. ئینجا دەشێت ئەم ئەلتەرناتیڤانە لە دژی پەیوەندییە هەبووەکان بەگەڕبخرێن و لەبارن بۆ سکاڵا دژی نامۆبوون. ئێستا مرۆڤ بەم ڕێیەوە (ئەمەش بێگومان هەر لە مەغزای هێگلدا) "ئەو جیهانە، کە لە هونەردا فۆرمێنراوە، وەک ڕیالێتی (ی ڕاستەقینە)" دەناسێت و دەشێت توانای بۆ لێرەبوونێکی هیومان پێبدات. (...) ئیشی هونەری بەڕێی دوورکەوتنەوەی نێگەتیڤەوە لە ڕیالێتی واتا بەڕێی دوورکەوتنەوەی لە شێوەی سکاڵا و یاخیبووندا بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ، هیوایەک دەهێنێتەگۆڕێ و ئێستاش مرۆڤ بەم هیوایەوە لە نێو ئیشی هونەریدا جیهانێکی خۆییانەی ژیانی بەدیهاتوو دژی نامۆبوون دادەنێت (123).



**دەرئەنجام**

مارکوزە لەو زیانانە دەتوێژێتەوە، کە کۆمەڵگەی پیشەسازی هاوچەرخ (چ لە فۆرمی کەپیتالیزم و چ سۆسیالیزمی ڕیالدا) لە هزری ڕەخنەیی داوە، هەربۆیە کۆمەڵگەی پیشەسازی هاوچەرخ ناودەنێت کۆمەڵگەی تاکڕەهەند. مارکوزە ئەو هزر و فەلسەفانەش، کە لەسەر بنەمای لۆگیکی پۆزەتیڤیزم و لۆگیکی فۆرماڵ هەڵچنراون بە تاکڕەهەند و نارەخنەیی ناودەبات و لۆگیکی دیالێکتیکی بە لۆگیکێکی ڕەخنەیی دەزانێت، ئاخر کرۆکی فەلسەفە بۆ مارکوزە بریتیە لە "ڕەخنە". ئەو تەنانەت لە پێناسەی فەلسەفەدا دەبێژێت: "فەلسەفە واتا ڕەخنەگرتن لە هەموو شتێک".

کۆمەڵگەی تاکڕەهەند و هزری تاکڕەهەند، هێزە نێگاسیۆنی و دژبەرەکانی سیستەم لەنێو سیستەمدا دەگونجێنن و لەنێو خواستە نارەسەنەکاندا دەیانتوێننەوە، ئەو خواستانەی کە سیستەمی سەروەر وەک خواستی ڕەسەن پیشانیان دەدات. لە ئەنجامدا مرۆڤ لەنێو ئەو خواستە نارەسەنانەدا لەخۆی و هاومرۆڤان و جیهان نامۆ دەبێت، لەوەش پتر مرۆڤی نامۆبوو دادەبەزێت بۆ ئاستی بەرهەمی کاری خۆی و خۆیشی دەبێت بە شت (بەشتبوون وەک فۆرمیـکی دیکەی نامۆبوون).

کۆمەڵگەی مشەخۆر و بێباکی هاوچەرخ، کە بە سەپاندنی خواستە نارەسەنەکان بەسەر تاکەکاندا جیهانێکی تۆتالیتێری بەرهەم هێناوە، چیدی گۆڕانی چەندێتی ئەو کۆمەڵگەیە برناکات، بەڵکو تەنها گۆڕانێکی چۆنێتی و ڕادیکاڵ (ڕێڤۆلوسیۆن)، کە وەک ئیدیال و ئەگەرێک لەبەردەم هێزە ڕەخنەگر و نێگاسیۆنەکاندا ماوە، چارەسەرە. ئەو یۆتۆپیایەی شۆڕش چ لە هەڵگێڕانەوەیەکی ڕادیکاڵی سیستەم و چ لە هونەری ڕەسەندا شیاوی بەدیهاتنە، بەڵام بکەری شۆڕش چیدی پرۆلیتاریا (وەک هێزێکی ترادیسیۆنی شۆڕشگێڕ) نییە، بەڵکو بکەری شۆڕش وەک ئەگەرێک لە کەنارەکانی سیستەمی کەپیتالیزم و هەروەها لە جیهانی سێدا ئامادەیی ماوە. ئیشی ڕەسەنی هونەریش لە بیاڤی ئێستێتیکدا وەک شۆڕشگێڕێک گفتی ژیانێکی بەدیهاتوو و ئازاد دەدات.

## لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: کتێبەکان

-بە زمانی فارسی


1. احمدی، بابک: حقیقت و زیبایی، چاپ چهاردهم، نشرمرکز، تهران، 1386.
2. احمدی، بابک: خاطرات ضلمت، چاپ سوم، نشر مرکز، تهران، 1386.
3. احمدی، بابک: کار روشنفکری، چاپ سوم، نشر مرکز، تهران، 1387.
4. احمدی، بابک: مدرنیته و اندیشەی انتقادی، چاپ هفتم، نشر مرکز، تهران، 1387.
5. احمدی، بابک: واژەنامه فلسفی مارکس، چاپ سوم، نشر مرکز، تهران، 1385.
6. اراتـو، اندرو: تفکر نوکانتی: حلقه مفقوده نضریه انتقادی، ترجمه امید مهرگان، انتشارات گام نو، تهران، 1385.
7. اینتایر، السدر مک: مارکوزه، ترجمه دکتر حمید عنایت، انتشارات خوارزمی، تهران، 1352.
8. بابایی، پرویز: مکتبهای فلسفی، چاپ دوم، موسسه انتشارات نگاه، تهران، 1389.
9. بشیریه، حسین: تاریخ اندیشەهای سیاسی در قرن بیستم (اندیشەهای مارکسیستی)، جلد اول، چاپ هفتم، نشرنی، تهران، 1386.
10. سالیوان، استفان: مارکس در دوران پساکمونیست، ترجمه شیوا رویگریان، انتشارات گام نو، تهران، 1384.
11. فروم، اریک: سرشت ڕاستین انسان، ترجمه فیروز جاوید، چاپ دوم، نشر اختران، تهران، 1386.
12. کوسه، ایو و ستفن ابه: واژگان مکتب فرانکفورت، ترجمه افشین جهاندیده، چاپ دوم، نشرنی، تهران، 1389.
13. لسناف، مایکل ایچ: فیلسوفان سیاسی قرن بیستم، ترجمه خشایار دیهیمی، نشر ماهی، تهران، 1385.
14. مارکس، کارل: دستنوشتەهای اقتصادی و فلسفی 1844، ترجمه حسن مرتچوی، چاپ چهارم، انتشارات ئگه، تهران، 1387.
15. مارکوز، هربرت: انسان تک ساحتی، ترجمه دکتر محسین مۆیدی، انتشارات امیر کبیر، تهران، 1362.
16. مدرنیته و مدرنیسم، ترجمه و تدوین حسینعلی نوژری، چاپ دوم، انتشارات نقش جهان، تهران، 1380.
17. وود، ڕابین: اومانیسم در نقد فیلم، ترجمه ڕوبرت صافاریان، نشر مرکز، تهران، 1379.


-بە زمانی عەرەبی


1.\احمد، قیس هادی: الانسان المعاصر عند هربرت مارکیوز، المۆسسه العربیه للدراسات والنشر، بیروت، 1980.

2.\الحنفی، عبدالمنعم: موسوعه الفلسفه والفلاسفه، الگبعه الپانیه، مکتبه مدبولی، القاهره، 1999.

3.\بدوی، عبدالرحمن: موسوعه الفلسفه، الجزو الپانی، منشورات ژوی القربی، قم، 1427هـ.

4.\حماد، حسن: النڤریه النقدیه لمدرسه فرانکفورت (مارکیوز نموژجا)، دار الوفاو لدنیا الگباه والنشر، الاسکندریه، 2003.

5.\زکریا، فۆاد: هربرت مارکیوز، دار الوفاو لدنیا الگباعه والنشر، الاسکندریه، 2005.

6.\گاهر، علاو: مدرسه فرانکفورت (من هورکهایمر الی هابرماس)، منشورات مرکز الانماو القومی، بیروت، بدون سنه الگبع.

7.\مارکیوز، هربرت: العقل والپوره، ترجمه د. فۆاد زکریا، المئه المصریه عامه للتألیف والنشر، 1970.


بە زمانی کوردی


1. جەلال، کاوە: دۆز و کێشەکانی فەلسەفە، گۆڤاری زنار، ژمارە (2)، کانوونی دووەمی 2007.
2. زێفەرت، ئانێماری گێتمان: ڕێبەرییەک بۆ ئێستێتیک، وەرگێڕانی کاوە جەلال، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2009.
3. مارکوزە و پۆپەر، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و

پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2008.
4.یاسین، عوسمان: هێگڵ و دوو لە قوتابیانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2008.

دووەم: دەرسگوتارەکان

1 2009-□
2010 لە بەشی فەلسەفەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان-رانیە.

سێیەم: سەرچاوە (نێت)

- بە فارسی

1. اصفی، سهیل: هربرت مارکوزه، www.bashgah.net
2. مهرگان، امید: چرخ مست، www.bashgah.net

## فەرهەنگۆک

پاڵهێز: مۆتیڤ

ریڤیزیۆن: پێداچوونەوە، بەڵام پێداچوونەوەیەک کە شتی نوێ ئاشکرا بکات.

لێرەبوونگەرایی: ئێکزیستێنسیالیزم

نێگاسیۆن: هیچاندن، نەفیکردن



ترادیسیۆن: تەقلیدی (ئەوەی لە ڕابوردووەوە گەیەندراوە).

ریالێتی: ڕوودانگە، واقیع

مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسی: مارکسیزمی چەسپیو و دۆکترینی کە بۆ نموونە ڕیڤیزیۆن قبوڵ ناکات.

ئەکتوێڵ: هەنووکویی

ئیدیال: نموونەیی

ستاتیک: وشک هەڵاتوو (پێچەوانەی دینامیک)

کۆنتێکست: سیاق

فونکسیۆن: کارایی

دێبات: دانوستاندنی زانستی

سەبژێکت: بکەری زانین

ئۆبژێکت: دانراوی (بابەتی) سەبژێکت

ئۆرگانۆن: ناوی شەش ڕیسالەی ئەرستۆتێلیسە لە بارەی لۆگیک

دێدوکسیۆن: استینباگ

ئەرگومێنت: بورهان

ئەبستراکت: تەجریدی

ریالێتی هەبوو: ڕوودانگەی ئامادە

سۆسیالیزمی ڕیال: فۆرمی پراکتیزە کراوی سۆسیالیزم

پۆتێنس: توانست، ئەگەر

دێسپۆتی: دەسەڵاتداری تاکرەوی بە زەبر

رادیکال: ڕیشەیی

ئیزۆلە: پەراوێزخراو

ئەسپێکت: ڕووانگە

ئەفیرماتیڤ: ئەرێدەر (ئەرێدەریەک کە زەرورەتی ئەرێنیبوونی شتێک دەخاتەوە)

دۆکترین: بیروباوەری چەسپیوی سیاسی

کۆنسەپسیۆن: پلانی تیۆرییانە

*** هێربێرت مارکوزه یەکێکە لە فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی تیۆری رەخنەیی، ساڵی (1898) لە بەرلینی ئەڵمانیا هاتۆتە جیهانەوە، لە بەرلین و فرایبورگ فەلسەفەی خوێندوە، ساڵی (1922) دکتۆرای وەرگرتوە، ساڵی (1928) بووەتە یاریدەدەری فەیلەسوفی ئەڵمانی مارتین هایدێگەر لە زانکۆی فرایبورگ، پاش دەسەڵات گرتنەدەستی هیتلەر لە ساڵی (1933) چوو بۆ جنێفی سویسرا، پاش سالێک چوو بۆ ئەمەریکا و لەوێ بووە بە ئەندامی دەزگای توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی کۆلۆمبیا. مارکوزه لە میانەی ساڵانی (1942-1950) لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا سەرۆک بەشی نووسینگەی خزمەتگوزاریە ستراتیژیەکان بووە، هەروەها لە زانکۆی کۆلۆمبیادا لە (دەزگای لێکۆڵینەوەکانی رووسیا) یاریدەدەری زانستی بووە و لە ساڵی (1953) لە (مەڵبەندی توێژینەوەی مەسەلەکانی رووسیا)دا لە زانکۆی هارڤارد کاری کردوە و لە ساڵی (1979) مردوە. لە ئیشەکانی مارکوزه: ئاوەز و شۆڕش، مرۆڤی تاکڕەهەند، ئیرۆس و ژیارێتی، رەهەندی ئێستێتیکی و پێرمانێنسی هونەر... هتد. بڕوانە (مارکۆز و پۆپەر)، وەرگێرانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2008، ل145-146.**

(1) احمدی، بابك: مدرنیته و اندیشەی انتقادی، چاپ هفتم، نشر مرکز، تهران، 1387، ص12-13.

(2) احمدی، بابك: کار روشنفکری، چاپ سوم، نشر مرکز، تهران، 1387، ص199-200.

(3) احمدی، بابك: مدرنیته و اندیشەی انتقادی...، ص15.

(4) همان، ص15.

(5 ) زکریا، فؤاد: هربرت مارکیوز، دار الوفاو لدنیا الگباعە والنشر، الاسکندریە، 2005، ص23-24.

(6 ) مارکوز، هربرت: انسان تك ساحتی، ترجمە دکتر محسین مؤیدی، انتشارات امیر کبیر، تهران، 1362، ص9-10 (مقدمە مترجم).

(7) مدرنیتە و مدرنیسم، ترجمە و تدوین حسینعلی نوژری، چاپ دوم، انتشارات نقش جهان، تهران، 1380، ص176.

( 8) همان، ص176.



( 9) همان، ص388.

( 10) مارکوز، هربرت: پیشین، ص28.

( 11) احمدی، بابك: خاگرات ڤلمت، چاپ سوم، نشر مرکز، تهران، 1386، ص137.

( 12) همان، ص136.

( 13) احمد، قیس هادی: الانسان المعاصر عند هربرت مارکیوز، المؤسسە العربیە للدراسات والنشر، بیروت، 1980، ص67.

( 14) بدوی، عبدالرحمن: موسوعە الفلسفە، الجزو الپانی، منشورات ژوی القربی، قم، 1427هـ ص442.

( 15) الحنفی، عبدالمنعم: موسوعە الفلسفە والفلاسفە، الگبعە الپانیە، مکتبە مدبولی، القاهرە، 1999، ص1209.

( 16) گاهر، علاو: مدرسە فرانکفورت (من هورکهایمر الی هابرماس)، منشورات مرکز الانماو القومی، بیروت، بدون سنە الگبع، ص74.

(17 ) یاسین، عوسمان: هێگڵ و دوو لە قوتابیانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2008، ل77.

( 18) دەرسگوتاری م.کاوە جەلال لەبارەی هێگل، بۆ ساڵی فێرکاری 2009-2010 لە بەشی فەلسەفەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان-رانیە.

( 19) یاسین، عوسمان: سەرچاوەی پێشوو، ل77-78.

(20 ) مارکیوز، هربرت: العقل والپورە، ترجمە د. فؤاد زکریا، المئە المصریە عامە للتألیف والنشر، 1970، ص17.

(21 ) احمد، قیس الهادی: المصدر السابق، ص67-68.

(22 ) سالیوان، استفان: مارکس در دوران پساکمونیست، ترجمە شیوا رویگریان، انتشارات گام نو، تهران، 1384، ص64.

( 23) جەلال، کاوە: دۆز و کێشەکانی فەلسەفە، گۆڤاری زنار، ژمارە (2)، کانوونی دووەمی 2007، ل12.

( 24) سالیوان، اسفتان: پیشین، ص91.

( 25) یاسین، عوسمان: سەرچاوەی پێشوو، ل81.

(26 ) زكريا، فؤاد: المصدر السابق، ص26.

(27 ) یاسین، عوسمان: سەرچاوەی پێشوو، ل85.

(28 ) كوسه، ايو و ستفن ڤبه: واژگان مكتب فرانكفورت، ترجمه افشين جهانديده، چاپ دوم، نشرنی، تهران، 1389، ص49.

* پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە مارکوزە لە مانوسکریپتەکانی مارکسدا هەندێك توخمی رزگارکردنی مرۆڤ لە رووی پسیکۆییەوە دەبینێت، بەڵام مارکوزە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پسیکۆلۆژیی مارکس لە ئیشەکانی مارکسدا نەشیاوی ئاشکراکردنە بڕوانە: یاسین، عوسمان: سەرچاوەی پێشوو، ل86.

(29 ) بشيريه، حسين: تاريخ انديشه‌هاى سياسى در قرن بيستم (انديشه‌هاى ماركسيستى)، جلد اول، چاپ هفتم، نشرنى، تهران، 1386، ص199.

(30 ) یاسین، عوسمان: سەرچاوەی پێشوو، ل87.

( 31) مهرگان، اميد: چرخ مست، www.bashgah.net.

(32 ) كوسه، ايو و استفن ڤبه: پيشين، ص32.

( 33) ماركوز، هربرت: پيشين، ص39.

( 34) كوسه، ايو و استفن ڤبه: پيشين، ص33.

( 35) اصفى، سهيل: هربرت ماركوزه، www.bashgah.net.

( 36) ڤراتو، اندرو: تفكر نوكانتى: حلقه مفقوده نقريه انتقادى، ترجمه اميد مهرگان، انتشارات گام نو، تهران، 1385، ص27.

( 37) همان، ص29.

( 38) ماركيوز، هربرت: المصدر السابق، ص336.

( 39) ڤراتو، اندرو: پيشين، ص30.

( 40) ماركيوز، هربرت: المصدر السابق، ص336. پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە کۆمت لە جۆرە تێڕوانینێك بۆ فەلسەفەی مێژوو، لە ئێڤولوسیۆن تێدەگات. بۆ نموونە لای ڤیکۆ، دابەشاندنێکی سێ قۆناغی بۆ مێژوو هەیە، کە تێیدا ژیارێتی لە سەرهەڵدانەوە رووەو لوتکەی پێگەیشتن و دواجار هەرەسهێنان رەوت دەبەستێت.

( 41) نفس المصدر، ص337.



( 42) زكريا، فؤاد: المصدر السابق، ص20

( 43) لسناف، مايكل ايچ: فيلسوفان سياسى قرن بيستم، ترجمه خشايار ديهيمى، نشر ماهى، تهران، 1385، ص40.

( 44) ماركوز، هربرت: پيشين، ص49.

( 45) همان، ص189.

( 46) همان، ص181.

( 47) همان، ص122.

( 48) همان، ص188.

( 49) بابايى، پرويز: مكتبهاى فلسفى، چاپ دوم، موسسه انتشارات نگاه، تهران، 1389، ص724.

( 50) بشيريه، حسين: پيشين، ص170.

( 51) همان، ص199.

( 52) زكريا، فؤاد: المصدر السابق، ص24.

( 53) ماركوز، هربرت: پيشين، ص146.

( 54) همان، ص151.

( 55) همان، ص152.

( 56) احمدى، بابك: خاگرات ڤلمت...، ص154.

( 57) ماركوز، هربرت: پيشين، ص154.

( 58)بشيريه، حسين: پيشين، ص201.

( 59) مارکوزە و پۆپەر ، سەرچاوەی پێشوو، ل9.

( 60) بشيريه، حسين: پيشين، ص201.

( 61) زكريا، فؤاد: المصدر السابق، ص28.

( 62) المصدر نفسه، ص29.

( 63) بشيريه، حسين: پيشين، ص198.

( 64) ماركوز، هربرت: پيشين، ص18.

( 65)  گاهر، علاو: المصدر السابق، ص75.

( 66)  ساليوان، استفان: پيشين، ص94-93.

( 67)  بشيريه، حسين: پيشين، ص204.

( 68)  ماركوز، هربرت: پيشين، ص22.

( 69)  همان، ص50.

( 70)  همان، ص57.

( 71)  زكريا، فؤاد: المصدر السابق، ص36.

( 72)  ماركوز، هربرت: پيشين، ص32.

( 73)  همان، ص108.

( 74)  همان، ص48.

( 75)  همان، ص45.

( 76)  احمد، قيس هادى: المصدر السابق، ص133-132.

( 77)  گاهر، علاو: المصدر السابق، ص20.

( 78)  احمدى، بابك: واژەنامه فلسفى ماركس، چاپ سوم، نشر مركز، تهران، 1385، ص55.

( 79)  ماركوز، هربرت: پيشين، ص54.

( 80)  پێویسته جەخت لەوە بكەینەوە، كە لە روانگەی ماركس، چالاكی هزری بە هەمان شێوەی چالاكی جەستەیی و چالاكی هونەری برێتییە لە: كار.

( 81)  فروم، اريك: سرشت راستين انسان، ترجمه فيروز جاويد، چاپ دوم، نشر اختران، تهران، 1386، ص71-70.

( 82)  ماركس، كارل: دستنوشتەهاى اقتصادى و فلسفى 1844، ترجمه حسن مرتچوى، چاپ چهارم، انتشارات ئاگه، تهران، 1387، ص126-125.

( 83)  ساليوان، استفان: پيشين، ص92-91.

( 84)  ماركوز، هربرت: پيشين، ص38.

( 85)  ساليوان، استفان: پيشين، ص93-92.

( 86)  ماركوز، هربرت: پيشين، ص47.

( 87)  ساليوان، استفان: پيشين، ص83.

( 88)  فروم، اريك: پيشين، ص74.



( 89)  احمدى، بابك: واژەنامه فلسفى ماركس...، ص41-40.

( 90)  ساليوان، استفان: پيشين، ص81.

( 91)  ماركس، كارل: پيشين، ص192.

( 92)  ماركوز، هربرت: پيشين، ص67.

(93 )  كوسه، ايو و استفن ئابه: پيشين، ص61.

( 94)  ماركوز، هربرت: پيشين، ص234.

( 95)  بشيريه، حسين: پيشين، ص200.

( 96)  وود، رابين: اومانيسم در نقد فيلم، ترجمه روبرت صافاريان، نشر مركز، تهران، 1379، ص45.

( 97)  بشيريه، حسين: پيشين، ص200.

( 98)  اينتاير، السدر مك: ماركوزه، ترجمه دكتر حميد عنايت، انتشارات خوارزمى، تهران، 1352، ص84-83.

( 99)  حنفى، عبدالمنعيم: المصدر السابق، ص1210.

( 100)  جەلال، كاوە: سەرچاوەی پێشوو، ل12.

( 101)  ماركوز، هربرت: پيشين، ص14-13(مقدمه مترجم).

( 102)  بشيريه، حسين: پيشين، ص202.

( 103)  جەلال، كاوە: سەرچاوەی پێشوو، ل12.

( 104)  ماركوزە و پۆپەر: سەرچاوەی پێشوو، ل110.

( 105)  ماركوز، هربرت: پيشين، ص223.

( 106)  ماركوز، هربرت: پيشين، ص29.

( 107)  همان، ص50.

( 108) حماد، حسن: النظريه النقديه لمدرسه فرانكفورت (ماركيوز نموذجا)، دار الوفاو لدنيا الگباه والنشر، الاسكندريه، 2003، ص202.

( 109)  المصدر نفسه، ص206.

( 110)  جەلال، كاوە: سەرچاوەی پێشوو، ل12.

( 111)  حماد، حسن: المصدر السابق، ص210.

( 112)  المصدر نفسه، ص209.

( 113)  المصدر نفسه، ص210.

( 114)  المصدر نفسه، ص211.

( 115)  احمدی، بابك: حقیقت و زیبایی، چاپ چهاردهم، نشرمرکز، تهران، 1386، ص247.

( 116)  همان، ص248.

( 117)  کوسه، ایو و استفن ێبه: پیشین، ص93.

( 118)  همان، ص94.

( 119)  احمدی، بابك: حقیقت و زیبایی...، ص248.

( 120)  زێفەرت، ئانێماری گێتمان: رێبەرییەك بۆ ئێستێتیك، وەرگێڕانی کاوە جەلال، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2009، ل229-228.

( 121)  هەمان سەرچاوە، ل229.

( 122)  هەمان سەرچاوە، ل223.

( 123)  هەمان سەرچاوە، ل233-232.

# فەلسەفەی شۆپنهاوەر

## (1788–1860)

پێشڕەو محەمەد-ڕانییە

ناوەرۆک

پێشگوتن
کەس و کات
شۆپنهاوەر و گەڕانەوە بۆ ئێپیستیمۆلۆگیی کانت
شۆپنهاوەر و خۆرهەڵات
نیتشە و شۆپنهاوەر
جیهان وەکو وێناکردن
جیهان وەکو ویست
جیهان وەکو خراپە (یان ئازاری ژیان)
مەرگ
ئایین
ئێتیکیی سیمپاتی (ئەخلاقی هاوهەستی)
ئێستێتیک (یان فەلسەفەی هونەر)
چەند ڕەخنەیەک لە ڕەشبینی مێتافیزیکی
کاریگەریی شۆپنهاوەر
لیستی سەرچاوەکان

پێشگوتن

ئارتور شۆپنهاوەر (1860-1788) ناسراو بە "فەیلەسوفی ڕەشبین" ، لە نێوان فەیلەسوفاندا، لە زۆر لایەنەوە، خاوەن ئەدگارێکی تایبەتمەندە. ئەو ڕەشبینە، لەکاتێکدا بە واتایەک،



زۆربەی فەیلەسوفانی دیکە، گەشبینن . شۆپنهاوەر ئەکادیمیستێکی پێرفێکت نییە وەکو کانت و هێگل، بەڵام سەرباری ئەمەش، هێشتا تەواو لە دەرەوەی نەریتی ئەکادێمیادا نییە. شۆپنهاوەر تا ئەو ڕۆژگارە تاکە فەیلەسوف بووە، باوەڕی بە کریستیانیزم نەبووە و وەکو ئەتایستێک خۆی ڕاگەیاندووە، هاوکات تاکە فەیلەسوفێکیش بووە، کە ڕوویکردۆتە هیندوویزم و بوداییزم، چونکە دەیبینی، زۆرێک لەو سەرەنجامانەی ئەو پێیگەیشتبوو، لەم دوو ئایین/ فەلسەفەیەدا باسیان لێوەکراوە. دوای وەرگێڕانی دەقەکانی هیندوویزم و بوداییزم لە لایەن فرەدریش مایەر، شۆپنهاوەر ڕووی لەم تێکستانە کرد و زۆرینەی تێڕوانینەکانی خۆی لەوێدا بینینەوە، دواتر باسی دەکەین. ئەو مرۆڤێک بوو، خاوەن کولتوورێکی دەوڵەمەند، هاوکات وەکو یەک ڕوویکردە هونەر و ئێتیک، تەنانەت لەبارەی هونەر دەبێژێت: "تەنها هونەر لە ئازاری ژیان ڕزگارمان دەکات". شۆپنهاوەر ئازاد بوو لە کۆت و بەندی ناسیۆنالیزم، نزیک بوو لە نووسەرانی ئینگلاند و فرەنسییەکانەوە، لەکاتێکدا کەمتر نزیک بوو لە نووسەرانی وڵاتەکەیەوە. ئەوەتا لەبارەی هێگل دەبێژێت: "ماندووهێن و بێ زەوق" و "کۆتا گەمژەی ئاڵمانی"، هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "ئەگەر ڕۆژێک گەرەکت بوو گەنجێک گەمژە بکەیت و توانستی هەرجۆرە لێهزرینێکی بە تەواوەتی لێوەربگرییەوە، باشترین ڕێگە ئەمەیە کتێبەکانی هێگلی بدەیتێ بیانخوێنێتەوە". بەڵام ئەو زێتر ڕوودەکاتە کانت و لێهزرینەکانی ئەو، بەتایبەت لە ڕووی ئێپیستیمۆلۆگییەوە، گونجاو لەتەک تێڕوانینەکەی خۆیدا دەیبینێت. لەم نووسینەدا، زێتر هەوڵمداوە مێتۆدی سەبژێکتی شرۆڤەکار بهێنمە ناوەوە و خۆییانە لەتەک شرۆڤەکردنی سیتاتەکاندا خەریک بم.

کەس و کات

ئارتور شۆپنهاوەر لە ساڵی 1788 لە دانتزیک هاتە جیهانەوە و ساڵی 1860 لە فرانکفورت کۆچی دواییکرد. ئەو کوڕی بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژیانی خۆی تەرخانبکات بۆ لێکۆڵینەوە و نووسین. شۆپنهاوەر لەبەر ئەوەی دەوڵەمەند بوو، هەرگیز کورسی مامۆستایەتی لە زانکۆ وەرنەگرت. بەڵام جارێک هەوڵیدا چەند وانەیەک بڵێتەوە. ئەم ڕووداوە

له ساڵی 1820 له بەرلین ڕوویدا. ئەو بە گشتی چەند کاژێرێکی لە ڕۆژدا بۆ وانەکانی خۆی هەڵبژارد، کە هاوکاتی وانەکانی هێگل بوو. ئەو بە گشتی گەرەکی بوو سەرنجی خەڵکی لەو کەسەی ڕقی لێیدەبۆوە، دووربخاتەوە. بەو شێوەیەی یەکێک لە ژیاننامەنووسانی ئەو بە ناوی فرەدریک کاپلستۆن، دەنووسێت: "ئەم کارە شکستییەکی تەواو بوو و شۆپنهاوەر، دوای یەک سیمستەر، وازی لە وانەگوتنەوە هێنا" . ئەگەرچی شۆپنهاوەر گلەیی لەوە دەکات، کە هاوچەرخەکانی هیچ ئاگاییەکیان لە کتێبەکانی ئەو نەبووە، بەڵام ڕاستییەکە بەم چەشنە نییە. گوێتە-شاعیری مەزنی ئاڵمانی- پەسنی ئەوی دەدا و هەروەها یەک دوو فەیلەسوفیش ستایشیان دەکرد. ئەو براوەی خەڵاتی نەرویژ بوو بەهۆی نووسینی گوتارێک لەبارەی ئازادی. بەڵام سەرباری ئەمە، ئەو تا کۆتاییەکانی تەمەنی ناووبانگی پەیدا نەکرد.

ساڵی 1813 تێزی دوکتۆراکەی بەم ناوونیشانە نووسی: لەبارەی ڕیشە چوارییەکانی پرەنسیپی هۆکاری بەسی . ئەم کتێبە کەمتر وەکو شاکارێکی کلاسیکی سەیر دەکرا. شۆپنهاوەر تەمەنی لە بیست ساڵاندا بوو، کە شاکارەکەی: جیهان وەکو ویست و وێناکردن ی لە 1818 بڵاوکردەوە. ئەو باوەڕیی وابوو ئەم کتێبە چارەسەری بۆ دیلێما ی جیهان دۆزیوەتەوە. بەڵام تووشی سووڕمان هات کاتێک بینی هیچ کەسێک ئەوەندە بە گرنگییەوە ڕووینەکردۆتە ئەم کتێبە. ئەو ئیدی نەیدەزانی گەرەکە چی بکات. دوای ماوەیەکی درێژ لە بێدەنگی، ساڵی 1836 کتێبێکی بچووکی نووسی: لەبارەی خواست لە سروشتدا ، تا نیشانی بدات، کە پرۆسیسی گەشەسەندنی زانستەکان، جەخت لەسەر بەڵگاندن و پرەنسیپەکانی ئەو دەکەنەوە. ئەو کات دوو کتێبی بچووکیشی لەبارەی ئێتیک بڵاوکردەوە: لەبارەی ئازادی ویست (1841) و بنەڕەتەکانی مۆراڵ .

شۆپنهاوەر و گەڕانەوە بۆ ئێپیستیمۆلۆگیی کانت

شۆپنهاوەر لە زۆر لایەنەوە خۆی بە قەرزباری کانت دەزانێت، چونکە بە تێڕوانینی ئەو، کانت لەبارەی تێگەیشتنی مرۆیی، گرنگترین پێشکەوتن لە درێژەی مێژوودا، یان بەتنها خۆی هۆکاری ئەمانە بووە یان پشکی سەرەکی تێدا هەبوون. ئێمە سەرەتا بە کورتی ئاماژە دەدەین بە تیۆریی زانین لای کانت و دواتریش بۆچوونی شۆپنهاوەر لەبارەیەوە دەگوازینەوە.



بەر لە کانت، زۆرێک لە هزرڤانان، ئەگەر نەڵێین هەموویان، وەکو هزرڤانە ئێمپیریستەکان، باوەڕییان وابوو سنوورێکی واتادار بۆ زانینی مرۆیی، بوونی هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە گەڕان بەدوای زانیندا، بۆ ئەوەی زانینی زێتر و زێتر دەستەبەر بکەین تا ئەو کاتەی هیچ شتێک نامینێتەوە بەدوایدا بگەڕێین. کانت هەوڵی پێشخستنی ئایدیاکەی (دەیڤد هیوم)ی دا، کە دەیگوت زانینەکانمان بەندن لەسەر جۆرێکی دیکەی سنووردارکردن. هەر شتێکی ئێمە وەریدەگرین یان تێبینی لەبارەوە دەدەین، تەنها بەهۆی سێنسەکانمان پێمان دەگـەن، واتا بەهۆی هەر پێنج ئۆرگانە فزیۆلۆژییەکەی مرۆڤ، کە برێتین لە: بینین، بیستن، چەشتن، دەستلێدان و بۆنکردن و بەهۆی مێشک و دەمارەکانەوە. هەر شتێک لە توانستی ئەم دەزگایەدا بێت، ئەوا دەتوانین پێی بگەین و بیزانین، ئەگەر نا هیچ ئامرازێکی دیکەمان نییە بۆ گەیشتن بە زانین. پێکهاتەی سێنسێتی: کانت بەڵگەوەی ئەوە دەهێنێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەی هیوم لە فەلسەفەدا خستوویەتییەڕوو، هەڵێنانی هەنگاوی یەکەمە-هەنگاوی ئێمپیریسیزم ی بونیادی، کە بەپێی ئەم تیۆرییە، زانین بەهۆی پێرسەپتکردنی سێنسییەوە دێتەئارا. لە بەرانبەر بەم ئەزموونگەراییە بنەڕەتییەدا، کانت هەوڵیدا جۆرێکی تازەی زانین بخاتەوە. واتا سەرەتا هەموو ئەو زانینەی پێمان دەگات، بەڕێی هەر پێنج سێنسەکەوە شیاوە، ئەمەش کاریگەری هیوم دەردەخـات لەسەر کانت. لە لایەکی دیکەوە، واتا توخمە سێنسییەکان پەیوەندییان لەتەک هۆشدا هەیە.

کۆنسێپتە پەتییەکانی تێگەیشتن : پێکهاتەی ئاوەزی، کانت درێژەوە بەوە دەدات، کە لێرەدا توخمێکی دیکە لە زانینی ئێمەدا بوونی هەیە، بەڵام لە ئەزموونی سێنسێتییەوە سەرچاوەی نەگرتووە. ئەم توخمەی دووەمـە، لە خودی هۆش (یان ئاوەز)ەوە سەرچاوە دەگرێت. ئاوەزیی مرۆیی، بەو جۆرەی ئەزموونگەراکانی وەکو جۆن لۆک و دەیڤد هیوم تێیگەیشتبوون، تابلۆیەکی سپی نەبوو. هۆش بەندە لەسەر کۆنەسپتە پەتییەکانی خۆی، بەهۆیانەوە، ڕەوتی کاریگەرییە سێنسییەکان لە جەوهەرەکان، چۆنێتییەکان، چەندێتییەکان و هۆ و ئیفێکتەکاندا (علە و معلول) کاریگەری دادەنێت. کانت دەبێژێت: ئاوەز، بەپێچەوانەی تێڕوانینی هیوم، خاڵی نییە، بەڵکو بەندە لەسەر دوازدە

کۆنسێپت یان کاتیگۆری:

کۆنسێپتە پەتییەکانی تێگەیشتن لای کانت

| بڕیارەکان | کاتیگۆرییەکان |
|---|---|
| 1. چۆنێتی | 1. چەندێتی |
| ا. هەمەکی | ا. یەکێتی |
| ب. هەندەکی | ب. پلورالیتی |
| ج.تاکێتی | ج. تۆتالیتی |
| 2. چۆنێتی | 2. چۆنێتی |
| ا. پۆزەتیڤ | ا. ڕیالیتی |
| ب. نێگەتیڤ | ب. نێگاسیۆن (هیچاندن) |
| ج.بێدوایەکی | ج. سنووردارکردن |
| 3. پەیوەندی | 3. پەیوەندی |
| ا. کاتیگۆریی | ا. ناوەرۆکێتبوون و جەوهەر |
| ب. هیپۆتێز (گریمانەیی) | ب. کاوسالیتی (هۆکارەکی) و ناسەربەخۆیی |
| ج. جیایی | ج. کۆمیونیتی (هاوبەشیکردن) (لەنێوان نوێنەر و نێرەردا) |
| 4. مۆدالیتی (چۆنێتی) | 4. مۆدالیتی |
| ا. کێشەدار | ا. شیاو و نەشیاو (کردە و نەکردە) |
| ب. دەرخەر | ب. بوون و نەبوون |
| ج. پڕ | ج. زەروورەت و ڕێکەوت |

هەروەها کانت کۆنسێپتە پەتییەکانی ئاپێریۆری بەکاردەهێنێت. مەبەستی کانت لەمە برێتییە لەوەی: (1) ئەوانە لۆگیکیانە سەربەخۆن لە ئەزموون، ئەزموونەکان ئەوانە بە پێشگریمانە دادەنێن و (2) ئەوانە سەربەخۆن لە ئەزموون. هەرگیز ئەزموون ناتوانێت گۆڕان بەوانە بدات. ئەوانە جۆرێک ئەزموون و زانین بە ئێمە دەدەن، لەبەرئەوەی شێوەکانی ئێمە لە تێگەیشتنی هەر شتێکدا هەن. کانت نیشانی دەدات کۆنسێپتە پەتییەکانی ئاوەزی ئێمە



(3) گشتی و یونیڤێرسالن، بەبێ ئەوانە، هیچ زانینێک نییە. تەنانەت هیچ ئەزموونێکیش نییە. ئەوانە توخمی زەرووری زانینن.

فێنۆمێنا و نۆمێنا

بەڵام بۆ ئەم جەخت و دڵنیاییەی کۆنسێپتەکان یان کاتیگۆرییەکانی تێگەیشتن دەیخەنەوە، هێشتا پێویست بە خەریکبوونی دیکە هەیە. ئەو جەختێتییەی کاتیگۆرییەکان دەیخەنەوە، برێتییە لەوەی، کە ئێمە توانستی ئەوەمان هەیە تەنها فێنۆمێنەکان (دیاردەکان)، واتا ئەو شتانەی بەهۆی ئەم کۆنسێپتە پەتییانەوە سەرچاوە دەگرن، بناسین. بەڵام نۆمێنا (شت لەخۆدا) ، ئەو شتانەی سەربەخۆن لە کۆنسێپت و کاتیگۆرییەکانمان، ئەوا هەرگیز ناتوانین پێیان بگەین و بیانناسین. بۆیە کانت پێشنیاری ئەوە دەکات واز لە هەوڵدان بهێنین بۆ گەیشتن بە نۆمێنا، چونکە هەرگیز پێی ناگەین .

کەواتە ئێمە ناتوانین تەنها بەهۆی سێنسەکانمانەوە بە زانینێکی ڕاست و دروست بگەین. سەرەنجام ئێمە توانستی ئەوەمان نییە هەرشتێکی بەهۆی هێنانە پێشچاوەوە، پێیبگەین، چونکە سروشتی ئەو شتەی لە دەرەوەی توانستی تێگەیشتنی ئێمەدایە، وەکو کتێبێکی داخراو دەمێنێتەوە. هەموو ئەو شتانەی لە نێو جیهانی ئەزموونگەراییدا پێیدەگەین، زانستە، بەڵام سەرباری ئەم کاریگەرییەی زانستیش بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، بەڵام هێشتا ناتوانێت هیچ شتێک بزانێت گەر لە دەرەوەی جیهانی ئەزموونگەراییدا بێت. شۆپنهاوەر ئەم تێزانەی کانت دەڕاستێنێت و دەبێژێت: "کاریگەریی وشەکانی ئەو لەسەر هۆش، زۆر هاوشێوەی کاری نەشتەرگەریی لابردنی ئاوی ڕەشە لە چاوی کوێردا".

بە بۆچوونی شۆپنهاوەر، کانت ڕاستی بۆ چووە، کە هەموو گشتی دابەشکردووە بەسەر فێنۆمێنەکان و نۆمێنەکاندا. بەڵام سەرباری ئەمە، هێشتا نەشیاوە جیهانی نۆمێنا، لە شتەکان، ئەوانەی لە نێوخۆدان، پێکهاتبێت، چونکە ئەگەر شتی لەیەکدی جیاواز بوونیان هەبێت، ئەوا گەرەکە توانستی لەیەکدی جیاکردنەوەشیان هەبێت. هەموو ئەم شتانەش کاتێک ڕوودەدەن، کە کات و شوێن لە ئارادا بێت، بەڵام نۆمێنا بەدەرە لە کات و شوێن. بۆیە شۆپنهاوەر

پێیوایە جیاکردنەوە تەنها لەو شوێنانەدا ڕوودەدات، کە کات و شوێنی هەیە. کەواتە نابێت نۆمێنا هۆکار بێت بۆ بوونی فێنۆمێنا. بە بۆچوونی کانت، ویست سەر بە جیهانی نۆمێنایە، کەواتە ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ "ئازادانە" بزووتنی جەستەمان. بەڵام شۆپنهاوەر ئەمە بە نەشیاو دەبینێت، چونکە ئەو پێیوایە ویست و بزووتنی جەستەیی یەک شتن.

## شۆپنهاوەر و خۆرهەڵات

زۆرینەی بۆچوون و ئایدیاکانی شۆپنهاوەر هاوشێوەی هزری هیندوویزم و بوداییزمە، بەڵام شۆپنهاوەر گوتەنی، دوای کارکردن و هێنانە ئارای هزرەکانی، ئەوجار بە فەلسەفەی خۆرهەڵاتی ئاشنا بووە، چونکە تا ئەو سەردەم ئەم ئایین/ فەلسەفانە بە ئەورووپا نائاشنا بوون. لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، پرۆسیسی وەرگێڕانی تێکستی خۆرهەڵاتی، کران بە زمانی ئاڵمانی، یەکێک لە هاوڕێیانی شۆپنهاوەر، بە ناوی فرەدریش مایەر، خەریکی وەرگێڕانی تێکستەکان بووە و پێشووتریش باسی ئەم ئایین/فەلسەفانەی بۆ شۆپنهاوەر کردووە، لەو کاتەوە شۆپنهاوەر تووشی سوڕمان هاتووە، کە بینیویەتی ئەو هزرانەی ئەم پێیگەیشتووە، پێشووتر بە شێوازی جیاواز، ئەم ئایین/فەلسەفانە پێیگەیشتوون. کانت و شۆپنهاوەر لە ڕەهەندی فەلسەفەییەوە، کاریان لەسەر ترادیسیۆنی فەلسەفەی گریکی، بە تایبەت پلاتۆن و ئەریستۆتێلیس کردووە و تەواو پابەندێتی خۆیان ڕاگەیاندووە بۆ مێژووی فەلسەفەی خۆرئاوایی. ئەوان ئیشیان لەسەر جیهانی ئەزموونگەری کردووە، واتا ئەو فیزیکەی لەسەر ماتماتیک بەندە، سەبارەت بە جیهانی ئەزموونگەرایی، ئەوا کلیلی زانینە. بەڵام هیچیان ڕوویان نەکردۆتە ئەو لایەنەی، کە جگە لە جیهانی ئەزموونگەری، هیچی دیکە بوونی نییە. بە بۆچوونی شۆپنهاوەر، فەلسەفەی خۆرهەڵاتی جۆرێکی دیکە مامەڵەی کردووە. ئەوان پشت بەست نەبوون بە زانست، بەڵکو بەندن لەسەر باوەڕ و ئایین. بە جۆرێک ئەم بەندبوونە لەسەر باوەڕ و ئایین، وای کردووە کەشی ئایینی زۆر زاڵببێت بەسەر فەلسەفەکەدا. بەڵام سەرباری ئەمە، فەلسەفەی خۆرهەڵاتی، لە کەشێکی جیاواز، جیهانێکی جیاواز، زمان و کولتوورێکی تەواو جیاواز لە خۆرئاوایی، بە هەمان ئەو سەرەنجامانە گەیشتوون، کە فەیلەسوفانی



خۆرئاوایی پێیگەیشتوون . لەتەک ئەوەشدا، هێشتا فەلسەفەی خۆرهەڵاتی نەیتوانیوە ئەم هزرانە پەرە پێبدات و بیانخاتە نێو چێوەیەکی فەلسەفەییەوە، بۆیە بە درێژایی مێژوو، فۆرمی ئایینی وەرگرتووە و کاریگەرییەکەی داناوە.

## نیتشە و شۆپنهاوەر

کاریگەری شۆپنهاوەر لەسەر هزرڤانان و هونەرمەندانی دوای خۆی زۆرە، ئێمە لە بەشی پەیوەست بە کاریگەری، ناوی ئەو کەسانە دەهێنین، کە ئەم کاریگەری لەسەر داناون، بەڵام لێرەدا تەنها بە پوختی لەتەک کاریگەرییەکانی لەسەر نیتشە دەدوێین. کاریگەری شۆپنهاوەر لەسەر نیتشە زۆرە و لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، بە تایبەتی لە "لەدایکبوونی تراژیدیا"دا. هەروەها کتێبێکیشی نووسیوە بە ناوی "شۆپنهاوەر وەکو مامۆستا" . لە کتێبی لە "لەدایکبوونی تراژیدیا"دا لە چەندین شوێن ناوی شۆپنهاوەر و تێڕوانینەکانی دەهێنێتە نێوەوە و شرۆڤەیان دەکات .

بۆچوونی شۆپنهاوەر بووە بە بناغەی بۆچوونەکەی نیتشە لەبارەی تراژیدیا، ئەمەش ڕەتدانەوەی مێتافیزیکە دوالیستییەکەی کانت و فەلسەفەی پۆست- کانتیانە. شۆپنهاوەر ڕاستەقینەیی بوون بە "ویست" دادەنێت و "ئایدیا"ش دەکات بە فێنۆمێن و ڕواڵەتی دەرەکی ویست. لایەنەکانی ناوەوە و دەرەوەی بوون، بەم شێوەیە سەر بە دوو ڕاستەقینەی جیاواز و دوور نین، بەڵکو ویست و ڕواڵەتی ویستن. ویست، کە ڕاستەقینەی بوونە، هێزێکی ناسنووردارە و هزرین هەوڵی کۆنترۆڵکردن و بەستنەوەی دەدات. هزرینیش بێهودە بە شوێن هۆکارەکاندا وێڵە و بە هۆکردەکانەوە دەیانبەستێتەوە و گەرەکییەتی پێشبینی سیستەم و ڕژێمێکی ئۆنتۆلۆگیی نائاگامەندانە بۆ بوون بکات. بوون (ویست) هێزێکی ناوەکی حەز و ئارەزووی دیۆنیسیۆسە. گریکەکان و شۆپنهاوەر، لەم پنتەدا یەکدەگرنەوە و بە دوو شێوازی جیاواز، یەکەمیان (ئەفسانەیی) و دووەمیان (فەلسەفەییانە) لە یەک ڕاستەقینە و داکەوت دەدوێن. بەڵام ئەمەش ڕووبەڕووی تراژیدییەکی لەچارەبەدەرمان دەکاتەوە، کە ڕزگاربوونمان بۆی نییە. ئایا نیتشە توانیویەتی ڕێگەچارە بدۆزێتەوە؟ لە وەڵامی نیتشەدا، تاکە ڕێگەچارە لەو قۆناغەدا، گەڕانەوەیە بۆ کولتووری گریکی، بەڵام لە قۆناغی

دووەمـدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕێگەچارەی فەلسەفە، ئەویش بەهێنانە ناوەوەی بەرزەمرۆڤ (ئوبەرمێنش) . هەروەها لای نیتشە ڕاستەقینەی بوون "ویست"ـە و "هۆش"یش، کە سەرچاوەی ئایدیاکانە، ڕواڵەت و دیاردەی ئەو ڕاستییەی بوونە. ئەمەش بۆچوونێکی مێتافیزیکییە لە نێوان بوون و فێنۆمێنی بووندا و لە شۆپنهاوەرەوە وەرگیراوە. هەروەها نیتشە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی باسمانکرد، گەڕاوەتەوە بۆ بۆچوونە مێتافیزیکییەکەی شۆپنهاوەر و لە ڕوانگەی جیاوازییەکانی نێوان ویستی تاکەکەس و ویستی هەمەکییەوە سەیری کێشەکەی کردووە . لە ڕووی هونەریشەوە، کاریگەری شۆپنهاوەر لەسەر نیتشە ئاشکرایە، لەبەر ئەوە جولیان یەنگ، کتێبێکی لەبارەی فەلسەفەی هونەری نیتشە نووسیوە و چاپتەرێکی دوور و درێژی بۆ کاریگەری شۆپنهاوەر لەسەر نیتشە تەرخانکردووە ، ئێمە لە بەشی پەیوەست بە ئێستێتیکی شۆپنهاوەر سوود لەم کتێبە وەردەگرین.

### جیهان وەکو وێناکردن

تێگەیشتنی ئێمە لە جیهان، ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو ناڕاستەوخۆیە، ئەمەش بەم هۆیەوە بە ناڕاستەوخۆ دادەنێین، کە هیچ شتێک تا نەپاڵێورێت، ئەوا نەشیاوی پێرسەپتکردن و تێگەیشتنە. ئەم پاڵاوتنە بەهۆی پێنج سێنسەکان و ئاوەزەوە شیاوی پێگەیشتنە. کەواتە ئەو جیهانەی ئۆبژێکتی پێرسەپتکردنە سێنسییەکان و زانست و زانینە، شتێک نییە جگە لە ئایدیا و وێناکردن "جیهان وێناکراوی منە". شۆپنهاوەر ئاماژە بەوە دەکات، کە درزی قوڵی نێوان فێنۆمێنەکان و حەقیقەت، وەکو بزووتنی گۆی زەوییە: ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ هەست بە بزووتنی گۆی زەوی بکەین و ناتوانین ڕاستەوخۆ لێی بەئاگا بین. بەڵام کاتێک فەیلەسوفان لە بوونی وەها درزێک بەئاگا دێن، "ئیدی هیچ کاتێک ناتوانن ئارام بگرن". سەرباری ئەمە، فەلسەفە لە کۆتاییدا، ئەو حەقیقەتەی لەودیو ئایدیاکانی ئێمەدا شاراوەیە، ئاشکرا دەکات.

شۆپنهاوەر دەبێژێت گرنگترین پشکی کانت لە فەلسەفەدا، شێوازێک بوو، کە ئەو جیاوازی دانا لە نێوان جیهانی فێنۆمێنەکان، لە لایەکەوە، و جیهان بەو جۆرەی لە ڕاستیدا هەیە، لە لایەکی دیکەوە. پێشووتر جۆن لۆک و جۆرج



بارکلی توێژینەوەیان لەسەر ئەوە کردبوو، کە ئەوەی لە جیهانی ماتەریالیدا دەیزانین-هەڵبەت ئەگەر جیهانی ماتەری بوونی هەبێت- تەنها بەهۆی دراوە سێنسییەکانەوە پێیدەگەین، واتا بەهۆی پێنج سێنسە ئۆرگانییەکەی مرۆڤ: بینین، بیستن، بۆنکردن، دەستلێدان و چەشتن. بەهۆی ئـەوەی زانینی ئێمە سەبارەت بە جیهان، بەڕێی پێنج سێنسەکەوە شیاوە، ئەوا بارکلی تیۆرییەکی بەهێز دادەڕێژێت، کە جیهان لە بوونەوەرە ناماتەری و ئایدیاکان و پێرسەتکردنەکانیانەوە پێکهاتووە. بەڵام ئەوانیدیکە باوەڕییان وایە شتێک نییە بە ناوی جیهانی ماتەریالی، سەرباری ئەمە، ئەوەش زیاد دەکەن، کە جیهانی ماتەری لە ڕاستیدا لە پشت "ماسکی پێرسەپتکردنی سێنسێتییەوە" وەستاوە و ئێمە توانستی زانینی ئەوەمان نییە.

کانت ماسکی دووەم بۆ سەر ماسکی پێرسەپتکردن زیاد دەکات. ئەو بەڵگە دەهێنێتەوە، کە فێنۆمێنەکان بە شێوەیەکی تێکەڵ و ئاڵۆز و ناڕێک بوونیان نییە-چونکە ئەگەر وەها بێت، ئەوانە دەگۆڕێن بۆ چەندین فێنۆمێنی بێواتا و ناڕوون. ئێمە هەموو شتێک لە چوارچێوەیەکی مەرجداردا پێرسەپت دەکەین. یەکەم، گەرەکە تێبگەین بە شتێک دەبێژین ئۆبژێکتی ماتەریالی لە کات و شوێندا و بە شتێکیش دەبێژین ڕووداوی (هەبووی) سەبژێکتیڤێتی. دووەم، کاتێک بە تێگەیشتنی ڕووداوەکـان گەیشتین، پێویستە ئەوانە بە ڕووداوی هۆکارەکی دابنێین. ئێمە بەهۆی پێنج سێنسەکەوە لە هۆکاری ڕووداوەکان تێناگەین. کات، شوێن و هۆکار بۆ تێگەیشتن و پێرسەپتکردنی سێنسێتی شتی زەروورین و کانت ئەم زەروورەتە بە سروشتی هۆشی مرۆیی پەیوەست دەکات. کات، شوێن و هۆکار ڕووداوگەلی سەربەخۆ نین، بەڵام بەهۆی پێنج سێنسەکە و ئاوەزەوە دیاریدەکرێن. ئێمە جیهان بە ماسکی ئاوەز و هەروەها ماسکی سێنسەکان دەبینین. شۆپنهاوەر ئەم گریمانەیەی کانت لە هەر ڕوانگەیەوە بە دروست دەبینێت. لە تێڕوانینی ئەودا، کات، شوێن و هۆکار لە "سەری مرۆڤ"دا بوونیان هەیە.

ئێستا کانت باوەڕیی وایە لە پشت ماسکەکانی سێنس و ئاوەزەوە، جیهانێکی ڕاستەقینە بوونی هەیە. جیهانی شتەکان لەخۆدا یان جیهانی نۆمێنا. شۆپنهاوەر ئەم گریمانەیەش پەسەند دەکات و بە دروستی دەبینێت. بەڵام بە پێچەوانەی

کانت، ڕەوتگرتن لە جیهانی فێنۆمێناوە (وێناکراوەوە) ڕووەو جیهانی نۆمێنا، شتێکی نەشیاوە. لە جیاتی ئەوە، شۆپنهاوەر وەها دەبێژێت، کە فەلسەفە دەتوانێت چەندین زانیاری لەبارەی جەوهەری ڕاستەقینەی کۆتایی بە ئێمە بدات. سەرباری ئەم تێڕوانینەی بۆ نۆمێنا، بەڵام هێشتا ئاراستەی تایبەتی خۆی بەدەستەوە دەدات . بەڵام سەرباری ئەمە، شۆپنهاوەر پێیوایە تا ئەندازەیەک توانیویەتی پەی بەم نهێنییە بەرێت. واتا هەرچەند ئێمە ناتوانین لە دەرەوە بچینە نێو ئەم نهێنییەوە، بەڵام دەتوانین بەڕێیەکی دیکە، واتا فەلسەفە، بچینە نێو ئەم نهێنییەوە. ئەو دەبێژێت: "من لە لایەکەوە هەست بە جەستەی خۆم دەکەم، کە فۆرم و قەبارەی خۆی هەیە و بۆشاییەکی داگیرکردووە و لە نێو کاتدا ڕەوتێکی هەیە و پەیوەندی لەتەک شتەکانی دەوروبەریدا، لەسەر بنەمای هۆ و کاریگەری وەستاوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە من خۆم بە بوونێک دەزانم، کە هەست دەکەم و کار دەکەم و هەوڵ دەدەم لە یەک وشەدا خۆم بە بوونەوەرێک ببینم، کە "ویست" دەکەم. لە قوڵایی ئاگامەندێتی مندا، ئەم بوونەوەرە ناوەکییە، وەک بوونێکی بەدەر لە کۆت و بەندی کات و شوێن و بەدەر لە زنجیرەی هۆ و کاریگەری، خۆی دەردەخات" .

شۆپنهاوەر ئەم بوونە ناوەکییە لەتەک پەیکەرەی ڕواڵەتی دەرەوەدا بە یەک دەزانێت و هەردووکیان بە دیاردەی شتێک لێکدەداتەوە و ئەم تاکە شتەش هەمان "ویست"ـە و ئەو ڕاستیە شاراوەیەیە، کە لە پشتی شتەکانەوەیە، یان ڕوونتر ببێژین هەمان "نۆمێنا"ی کانتە.

## جیهان وەکو ویست

فەلسەفەی شۆپنهاوەر لەبارەی ڕەشبینی مێتافیزیکی، لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی ئەو لەبارەی ویستی مێتافیزیکی بنیادنراوە. فەیلەسوفە ماتەریالیستییەکان بە هۆشە زانستییەکەی خۆیانەوە وەها دەڕوانن، کە ڕاستییە کۆتاییە هەبووەکان لە جیهاندا، برێتین لە ماتەریال و ئەنێرژی. هزرڤانە ئایدیالیستەکان- بەتایبەت بارکلی- ڕاستی شاراوە لە جیهاندا بە هۆش یان ڕۆح، و بە زیادکردنی ئایدیاکان، دەزانن. شۆپنهاوەر هەردوو ئایدیای ماتەریالیزم و ئادیالیزم دەهیچێنێت، چونکە لە تێڕوانینی ئەودا، ڕاستی کۆتایی لە هێزێکی هەرمانی جیهانی یان جوڵەیەک



پێکهاتووە. تەواوی شتەکان و ڕووداوە ڕێکەوتەکان، کە هۆشی ڕوون ، زانست و فەلسەفەی ماتەریالیستی و ئایدیالیسی گریمانەی دەکەن، تەنها نمایشێکی ئەم هەوڵە نائاگایانەیە، کە ئەو پێی دەبێژێت مەیلی مێتافیزیکی. بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە، پێویستە تێبگەین و ئەوە پەسەند بکەین، کە ڕێگەیەک بۆ تێگەیشتنی جیهانی ئەبستراکتەکان و ڕاستەقینەکان بوونی هەیە. کەواتە بە تەواوی ئەم پێناسانەوە، ڕاستی کۆتایی (نۆمێنا)، کە کانت بە نەشیاوی ناسینی دەبینێت، بەڵام شیاوی ناسینە.

ئەو مێتۆدەی شۆپنهاوەر بۆ گەیشتن بە دەرەنجام لەبارەی توانستی دەستەبەرکردنی زانین هەڵیدەبژێرێت، تا ئاستێک ئاڵۆزە. بۆ دەستپێکردن، پێویستە ئەو مەرجە پەسەندبکرێت، کە تەنها ئەو جیهانەی من توانستی ناسینیم هەیە، ئەوا جیهانی پێرسەپتکردن و ئاوەزییەکانە. شتەکان بۆ من بە شێوەیەک بوونیان هەیە، کە من پێرسەپتیان دەکەم و تێیاندەگەم. جیهانی بەرسێنسەکان و بینینەکان، لە پێرسەپتکردنە سێنسێتییەکانی منەوە سەرچاوەیان گرتووە. کەواتە وێناکردنی من لە جەستەی خۆم، پێویستە جۆرێک بێت لە پێرسەپتکردن، چونکە جەستەی من شتێکی بەرهەست و شیاوی بینینە و ئەمەش بەو واتایە نییە: من یان جەستەی من هەمان ئەو شتەیە، کە من پێرسەپتی دەکەم، بەڵکو بەو واتایە دێت ئەمە تێگەیشتنی تەواوی شتێکە، کە دەشێت بۆ من بوونی هەبێت . ئەوەی لەبارەی جەستەی من زانراوە، برێتییە لەوەی جەستەی من، خودی من نییە. من شتێکی زیاتر لە جەستەم، لەبەر ئەوەی من بوونەوەرێکم جەستەی خۆم و شتەکانی دیکە پێرسەپت دەکەم. ئێستا پێویستە ئەم بوونەوەرە پێرسەپتکەرە ناوبنێین سەبژێکتی پێرسەپتکاری سێنسێتی . کەواتە ئەو ئۆبژێکتانەی بابەتی پێرسەپتکردنن، ئەوانەن، کە من وەکو زانەرێک (یان سەبژێکتێک) پێرسەپتیان دەکەم. ئۆبژێکتەکان بۆ من لە جیهانی ماتەریالیدا وەکو ئۆبژێکتی پێرسەپتکراو بوونیان هەیە. شۆپنهاوەر بەو دەرەنجامە دەگات، کە ناتوانین سەبژێکتی پێرسەپتکار و ئۆبژێکتی پێرسەپتکراو لە یەکدی جیابکەینەوە. ئەو دەنووسێت: "ماتەریال و هۆش دوو کاتیگۆری وابەستی یەکتری و نەشیاوی جیاکردنەوەن". چونکە ماتەریال و هۆش (یان هزر) تەنها بۆ یەکدی لە ئارادان و تەنها بە شێوەیەکی ڕێژەیی بوونیان

هەیە. کەواتە بەهۆی پێداویستییانەوە وابەستەی یەکترین. بەپێی بۆچوونی شۆپنهاوەر بەو دەرەنجامە دەگەین، کە ماتەریال و هۆش تەنها بەشێکن لە جیهانی وێناکردن. کەواتە هۆش هەمان سەراب یان "مایا"یە.

ئەمە یەکەم هەنگاوی زنجیرە لێهزرینەکانی شۆپنهاوەرە، ئێمە دەتوانین لێرەدا بووەستین و زێتر بەم بابەتەوە خەریک بین و تەنانەت بیخەینە ژێر پرسیاریشەوە. وایدابنێین بەهۆی بەردەوامبوونی توێژینەوەکە ڕێکبکەوین، کە هۆش لە ڕۆڵی تێگەیشتنی ناوەکیدا کار دەکات و پێرسەپتکردنیش شتێک نییە جگە لە وێناکردن. سەرباری ئەمە، ئایا ناتوانین ببێژین هۆشێکی دیکە-کە هەمان توانستی بەڵگاندنی ئەبستراکتییە-لە لێهزرینی فەلسەفەییدا بوونی هەیە؟ زانینی کۆنسێپتەکان، شتێکی جیاوازە لە پێرسەپتکردن و تێگەیشتنی ناوەکیدا. کەواتە بۆچی وەها گریمانە دەکەین، کە ئێمە بەڕێی بەڵگاندنی ئەبستراکتییەوە توانستی پێرسەپتکردنی ڕاستیمان نییە؟ شۆپنهاوەر وەها وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە: هەموو بەڵگاندنەکان سوودمەندن، بەڵام بە مەرجێک ئامرازێک بێت بۆ ڕەزامەندی و دابینکردنی خواستەکانی مرۆڤ. تەنانەت ئاوەزی ئەبستراکتیش فونکسیۆنێکی بیۆلۆژیی هەیە: ئەم ئاوەزە لە خزمەتی جەستە دایە. شۆپنهاوەر وەها دەهزرێت، کە ئێمە ناچار بووین بەو دەرەنجامە بگەین: ئاوەزی ئەبستراکتی پەیوەستە بە جیهانی وێناکردنەوە و ناشێت ڕاستی کۆتایی بێت. کەواتە ئەم بڕیارەی دێکارت: "من دەهزرێم، کەواتە من هەم" دروست نییە و پێویستە ڕەتیبکەین.

لەوانەیە ئەم جوڵەیە ئەوەندە ڕازیکەر نەبێت، بەڵام کاتێک ڕوویـدا، تەنها کەیسێکی لاوەکییە. لە دووەمین بەشی لێتوێژینەوەکانیدا لەبارەی زانین، شۆپنهاوەر وەها دەتوێژێتەوە، کە لەتەک هەموو ئەم دۆخانەدا، ئاوەزی مرۆیی تا ئاستێک دەتوانێت ڕێگەیەک ڕووەو ڕاستی پەیدا بکات. ئەو بەم ڕێیە دەبێژێت "تاکە دەرگای بەرتەسک". بۆ تێگەیشتنی شوێنی "تاکە دەرگای بەرتەسک" پێویستە دەرگیری کاتیگۆری "دەروونبینی" (یان ئینترۆسپێکسیۆن) ببین. (ئایا دەروونبینی جۆرێکە لە ئاوەزمەندێتی؟) دەروونبینی یان "خۆئاگامەندی دەروونی" دەستوورەکانی ویستی هەر تاکێک دیاردەدات. ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە دەستوورەکانی ویستی هەر تاکێک ڕاستەوخۆ شیاوی تێگەیشتن



دەبێت. "خۆئاگامەندی دەروونـی"، ئێمە بە ئاگا دێنێتەوە. دەستوورەکانی ویست ئەو چالاکییە جەستەییانەی بەدوای خۆیدا دەیانهێنێت، بە یەک شت دێنە بەرچاو. بەڵام ویست و کردار پەیوەندییەکی هۆ و ئیفێکتیان نییە، بەڵکو کرداری جەستەیی، وێنای ویست و نواندنییەتی لە جیهاندا. شۆپنهاوەر وەها دەرەنجامگیری دەکات، کە خودی جەستە شتێکی کەمتر یان زۆرتر نییە لە نیشاندانی ویست. ئێمە بەشێوەیەکی ڕێکەوتەکی لەتەک وێناکردن (کە هەمان جەستەی مرۆڤ و چالاکێتی ئەوە) ڕووبەڕوو دەبین و ئەم وێناکردنەش نموونەی ویستە.

لەم توێژینەوەیدا دوو دەرەنجام دەستگیر دەبن: یەکەم، بۆ هەر تاکێک یەک ڕاستێتی-ویست-بوونی هەیە، کە دەشێت بەبێ هەڵە و ڕاستەوخۆ بناسرێت. دووەم، پەیوەندی نێوان ڕاستێتی و جیهانی فێنۆمێنە جەستەییەکانی مرۆڤ-کە هەمان پەیوەندی نێوان ویست و کردارە- بە شێوەیەکی نەشیاوی هەڵە و ڕاستەوخۆ دەناسرێت. ئەم پەیوەندییەش بەو هۆیەوە ڕاستەوخۆ و بەدەر لە هەڵە پێرسەپتدەکرێت، چونکە کردارەکان هەمان وێناکردنەکانن و وێناکردنەکانیش بەنۆرەی خۆیان هەمان نموونەی ویستن.

کەواتە جەستەی من، هەمان ویستی منە، کە دۆخێکی دەرەکی وەرگرتووە و لەم ڕووەوەیە، کە هەر توخمێک لە جەستەی مندا هارمۆنی و گونجاوی پەیدا دەکات لەتەک فەرمانەکانی "ویست، دەروون"دا. ددان و دەمو قوڕگ و ورگ، هەمان توانستی خۆراکگرین، کە دۆخێکی دەرەکییان وەرگرتووە. هەروەها کۆئەندامی زاوزێ بە هەمان شێوە حەز و ئارەزووی سێکسوالیتییە، کە دۆخێکی دەرەکی وەرگرتووە و بەرجەستە بووە و هەر ئەم دۆخەشە وادەکات تەواوی ئەندامەکانی لەش لە دۆخێکی دەرەکییەوە سەرچاوە بگرن و دۆخێکی دەرەکی و بەرجەستە نیشان بدەن، فۆرم و هارمۆنی هەر تاکێک لە مرۆڤ هەڵگری ئارەزوو و خواستەکانییەتی. ویست پەیوەست نییە بە هیچ شتێکەوە، واتا خودی بوونە و بەدەرە لە کات و شوێن، کەواتە یەکپارچەیە، بەڵام یەکپارچەیەتییەکەی، پەکپارچەیی تاکگەرایی نییە لە بەرانبەر پەرەسەندندا، چونکە یەکپارچەیی و پەرەسەندنی تاکگەرایی بەهۆی کات و شوێنەوە ڕوودەدات و پەیوەستە بە وێنا و جیهان و پەیوەست نییە بە ویستەوە . ئێمە لە درێژەی ئەم توێژینەوەیەدا

زۆر هەڵوەستە لەسەر ویست دەکەین و لە هەر چاپتەرێکدا ڕووبەڕووی ئەم تێگەیە دەبینەوە.

## جیهان وەکو خراپە (یان ئازاری ژیان)

خواستی مرۆڤ بێ ئەندازەیە، بەڵام شادی کورتخایەنە: "و وەکو ئەو برە پارەیە وایە، کە دەیدەیت بە سواڵکەرێک بۆ ئەوەی بتوانێت بەو پارەیە ژیانی ئەوڕۆی ڕزگار بکات و سبەی درێژە بە بەدبەختییەکەی بدات...". ڕەزامەند بوون و بەدیهێنانی ئارەزووەکان، هۆکاری خۆشبەختی نییە و هیچ شتێکیش هێندەی ئارەزوو شوم نییە. "حەزە ڕەزامەندبووەکان زێتر دەبنە هۆکاری بەدبەختی نەک خۆشبەختی". لە هەر کەسێکدا کەموکورتی و دژبەرییەکی وێرانکار بوونی هەیە و هەر حەزێکی بەدەستهاتوو، حەزی دیکەی بەدوادا دێت و دەستەبەرکردنی ئەویش، حەزێکی نوێی لێدەکەوێتەوە و بەمجۆرە هەرگیز کۆتایی نایەت. هۆکاری سەرەکی ئەمەش برێتییە لەوەی ویستی ژیان دەکات، چونکە شتێکی دیکەی نییە جگە لەمە و ئەمەش ویستی برسێتییە.

ئێمە ئەو کاتەی لە ژیاندaین، بەردەوام لە ئازار و مەینەتیدا دەگوزەرێین و هەر کاتێکیش بە خۆشبەختی گەیشتین، دیسان دەکەوینەوە نێو بەدبەختییەکی دیکە و دووبارە تووشی بێزاری دەبینەوە، چونکە هەر کاتێک بە دوای خۆشبەختی و خۆشی زێتردا بگەڕێین لە نێو جیهاندا، ئەوا بە هەمان ئەندازە لێی ڕادەکەین و بێزار دەبین. سەرباری هەموو ئەم شتانەش، هێشتا ناتوانین دەست لە دراوە سروشتییەکانی نێو جیهان بەردەین، چونکە هەر کاتێک ئەوەمان کرد، دیسان تووشی نائومێدی و بێزاری دەبین و ڕووبەڕووی ڕەوشێکی خراپتر لە ڕەوشەکەی پێشوو دەبینەوە. شۆپنهاوەر دەبێژێت ساتە خۆشەکان زوو تێدەپەڕن، بەڵام ساتە ئازاراوی و ناخۆشەکان لەسەر پشتی کیسەڵ دەڕۆن و هەرگیز یەخەمان بەرنادەن. بۆیە لە وەها جیهانێکدا، کە ئازار و ناخۆشی سەروەرییەتی، حەزی خۆشبەختبوون کارێکی گەمژانەیە . بە بۆچوونی شۆپنهاوەر، جیهانی ئەزموونی لەخۆیدا بێ واتا و هیچە. چونکە پابەندە بە سەبژێکتیڤێتییەوە، ئێمەش هەمیشە ڕووەو مەیل و ئارەزووەکانمان ئاراستە وەردەگرین، بەڵام ئەمەش جگە لە سەراب، شتێکی دیکە نییە. بۆیە نابێت بەمانە هەڵبخەڵەتێین.



ڕاستی کۆتایی، ناڕوون، تاریک و ناخۆشە. لە ڕوانگەی تاکێتییەوە، هەر کردارێکی سەرنەگرتووی ویست، برێتییە لە ناکامێکی ترسناک و ئازار بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لە کاتێکدا هەر کردارێکی سەرکەوتووئامێز، بە زەروورەت نائومێدی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بۆ نموونە، ژیانی سێکسوالیتی دەشێت بگۆڕێت بۆ دوو دۆخ: لە لایەکەوە بە ئارەزووی ناکام کۆتایی دێت و لە لایەکی دیکەوە بە نرخی شەرم و ڕۆح کۆتایی دێت، کە لە شەرم و شوورەییەکی بێهودەدا خەرجکراوە. ویستی مێتافیزیکی خۆی لە جیهانی ئاژەڵاندا وەکو گروپێک لە چەشنی شەڕکەرەکاندا دەردەکەوێت، کە هەر ئاژەڵێک گەرەکییەتی بۆ پاراستنی ژیانی خۆی، ئەویدی لەنێو بەرێت. ئەم هەوڵ و کۆششە لە بارەی مرۆڤیش ڕاستە، چونکە مرۆڤەکان لە دژێتییەکی هەمیشەیی لەتەک یەکدیدا دەگوزەرێن و جەنگان نە تەنها لەتەک ناگیانداران و ئاژەڵاندا، بەڵکو لەتەک مرۆڤەکانی دیکەیشدا دێتەئاراوە. خراپتر لە هەمووی ئەوەیە، کە جەنگی مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا نادلۆڤانانە و نالۆگیکیانە و ناژیرانەیە و دژی هەر شتێکە، کە شکۆمەند و باش و خاوەن پرێستیژە:

"...جیهانی مرۆڤایەتی، جیهانی گۆڕانەکان و هەڵەکانە.. و لەتەکیشیدا، گەمژەیی و خراپەکاری سەروەرن. کەواتە ئەم حەقیقەتە دەردەکەوێت، کە هەر "چاکییەک" تەنها لە ڕەوتی سەختییەکاندا ڕێگەی خۆی دەکاتەوە و بەرەو پێشەوە دەڕوات. هەر شتێک باش و شکۆمەند بێت، زۆر بە سەختی هەلی دەرکەوتنی دەبێت و کاریگەر دەبێت و تەنانەت بە سەختیش دەبیسترێت، بەڵام پوچی و خراپەکاری بە خێرایی شوێنی خۆی دەکاتەوە....." و "مرۆڤایەتی لەتەک هاوچەشنی خۆیدا گورگە". یان "مرۆڤ ئەهریمەنی مرۆڤێکی دیکەیە".
ئەمانە هەمووی خراپەی نێو جیهانن و برێتین لە ئازارەکانی ژیان، کە نابڕێنەوە. بە بۆچوونی شۆپنهاوەر پێشکەوتنی زانست ڕێگەچارەی ئەم کێشەیە نییە، ئەی دەبێت چی ڕێگەچارە بێت؟ وەڵام برێتییە لە هونەر، بەلای شۆپنهاوەرەوە شێوازێک هەیە بۆ ڕزگاربوونی کاتی لەو بەدیلبوونەی نێو کونجی تاریکی زیندانی جیهان، ئەویش تەنها بەڕێی هونەرەوە شیاوە. ئێمە لە بەشی پەیوەست بە ئێستێتیک (یان فەلسەفەی هونەر) باسی دەکەین.

لە ڕاستیدا ژیان بێ واتایە و ئاڵۆز و ناخۆشە، مەرگ شتێکی ناچارەکییە بۆ ئەوەی لەم بێ واتاییەی ژیان بەئاگابێینەوە. دۆزەخ شتێک نییە، ئێمە هەر لەم جیهاندا باجی تاوانی هاتنەبوون دەدەینەوە و دۆزەخێک بۆ ئێمە لەئارادایە. هەموو شتێک تەنها ساتەکییە و کورتخایەنە، دواتر ڕووەو نەمان ئاراستە وەردەگرێت و خۆ ئەگەر مەرگ بۆ ماوەیەک لەسەرمان بووەستێت و درەنگ بکات، ئەوە تەنها گەمەکردنە بە ئێمە و ئەمەش وەکو ئەو پشیلەیە وایە، بۆماوەیەک یاری لەتەک مشکێکدا دەکات و پاشان دەیخوات، مەرگیش بە هەمان شێوە، دەشێت ماوەیەک تەمەنمان درێژتر بکاتەوە، بەڵام سەرەنجام هەر دەمانخوات. مەرگ شتێکی جەختە و بۆ هەمیشە ڕزگارمان دەکات لە بەدبەختی و نەهامەتییەکانی ژیان و مەرهەمێکی هەمیشەییشە بۆ ئازارەکانی جەستەمان، بۆ هەتا هەتایە ئازارەکانمان ناهێڵێت. لە فەلسەفەی خۆرهەڵاتیدا هەمیشە گەیشتن بە نیرڤانا لەئارادایە و فێرکارەکان بەردەوام فێرخوازەکانیان لەسەر گەیشتنی مەرگ ڕاهێناوە، بۆیە ئەوان بەردەوام بە بوێرییەوە ڕووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە. سەرباری هەموو ئەمانە پێویستمان بە شتی دیکە هەیە. تاکەکەس بەڕێی نیرڤاناوە بە ئارامی دەگات، بەڵام دوای نەمانی کەسەکە، ڕەوشەکە بە چ شێوەیەک دەبێت؟ ژیان بە مەرگی تاک و کەس پێدەکەنێت.

ئەگەر پشێوی و هەراوزەنای ژیان ببیستین، دەبینین هەمووان سەرگەرمی پێداویستییەکان و بەدبەختییەکانی خۆیانن و تەواوی هێزی خۆیان بەکاردەهێنن تا پێداویستییە بێدوایەکییەکانی خۆیان دابین بکەن و ئارامییەک بە ڕەنج و خەمەکانی خۆیان ببەخشن، سەرباری ئەمە، هیچ چارەیەکی دیکە نییە جگە لەوەی درێژە بەم خەم و مەینەتییە بدەن. لەتەک ئەمەشدا، لە نێوان ئەم هەموو نیگەرانی و خەم و ئازارەدا دەبینین، کە بە تاسە و حەزێکی تەواوە یەکتری بە نهێنی لەتەک ترس و لەرزدا ئامێز دەگرن.

مردن هەمیشە لەڕێمانە، بەڵام ئەوەی وادەکات بە ئاسانی خۆمان بەدەستەوە نەدەین، بێگومان ویست بۆ ژیانە، بەڵام با لەوەش بائاگابین، کە هەرچەند هەوڵی تەمەن درێژی بدەین، ئەوا هەر دەمرین و کۆتاییمان پێدێت.





شۆپنهاوەر یەکەمین فەیلەسوف بووە بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە، کە باوەڕیی بە ئایین و خودا نییە، دەشێت فەیلەسوفانی دیکەیش ئەم ئاراستەیەیان هەبووبێت، بەڵام لە سەردەمانێکدا ژیاون، تەنانەت گوتنێکی فەلسەفەییانەش لەبارەی ئایین، بە لادینی و ئەتایستی دادەنرا و چارەنووسی کەسەکە لەداردان و سووتاندن بوو، چ بگات بەوەی بە ئەرگیومێنتی فەلسەفەیی هەوڵی ڕەتکردنەوەی بوونی خوداوەند بدەیت. هۆبز یەکێک بووە لەو فەیلەسوفانەی بەپێی لێکدانەوە ماتەریالیستی و میکانیکییەکەی، دەشێت ببێژین باوەڕی بە خودا نەبووە، بەڵام هێشتا نەیوێراوە بەلای ئەم بابەتەدا بچێت و تەنانەت باسێکی زۆریش لەبارەی دەوڵەتی کریستیانی دەکات.

شۆپنهاوەر کەمتر لە گەنجێتیدا ئاراستەی ئایینی وەرگرتبوو، بۆیە لە فێرکارییە ئایینییەکان دووربوو و هاوکات مەزاجیشی لەتەک ملکەچبوون بۆ پێکهاتە ئایینییەکانی سەردەمەکەی گونجاو نەبوو. ڕقی لە زانا ئایینییەکان دەبووە و دەیگوت: "ئەرگیومێنت و بەڵگەکانیان لە نێوان زۆرینەی نەتەوە و گەلەکاندا وەکو تەختە و دار وایە". هەروەها دەیگوت: "ئایین، فەلسەفەی ڕەشەخەڵکە". بەڵام لە دواترەکاندا کەمێک ڕوویکردە پرەنسیپەکانی ئایین، بەتایبەت ئایینی بوداییزم. با ئەوەشمان لەیاد بێت، ئەم وەکو باوەڕییەک بە خوداوەند و ئایین، ڕووناکاتە ئەم پرەنسیپانە، بەڵکو وەکو نزیکییەک لە لێهزرینەکانی، ڕوویان تێدەکات. شۆپنهاوەر فەیلەسوفێکی ڕەشبینە، بۆیە وایدەبینێت کریستیانیتی فەلسەفەیەکی قوڵی ڕەشبینییە، ئەمەش هۆکار بووە کەمێک نزیک بێتەوە لە پرەنسیپی کریستیانیزم: "باوەڕبوون بە تاوانی یەکەم (ڕاستاندنی خواست و ویست) و ئاشتی و خۆشی (هیچاندنی خواست و ویست) حەقیقەتێکی گەورەیە و بنەمای کریستیانیزم پێکدەهێنێت". سەرباری ئەمە، بوداییزم و بهراماییزم (یان هیندووییزم) لە کریستیانیزم قوڵترە، چونکە باڵایی ئایین لە هیچاندنی خواست و ویستدا دەبینێت و نیرڤانا وەکو مەبەست و ئامانجێکی هەر جۆرە مەزنێتییەک دادەنێت. هیندۆسەکان لە هزرڤانە خۆرئاواییەکان قوڵتر بوون، لەبەر ئەوەی جیهانیان بە شتێکی دەروونی و ناوەکی دەبینی، نەک ئۆبژێکتێکی

بەرچاو و زانراو. بۆیە بەپێی باوەڕیی شۆپنهاوەر، کریستیانیزم هەرگیز ناتوانێت لە خۆرهەڵاتدا بەسەر بوداییزمدا سەروەر بێت، بەڵام فەلسەفەی هیند ئەورووپا دەهاڕێت و بەسەر هزر و ئایدیا و زانستەکانی ئێمەدا هەژموونی خۆی پەیدا دەکات. "قوڵایی کاریگەری ئەدەبیاتی سانسکریت لە کاریگەریی ئەدەبیاتی گریکی لە سەدەی پازدەهەمدا کەمتر نەبوو". وەک دەبینین هەرگیز شۆپنهاوەر لە ڕوانگەی باوەڕبوون بە نەریتی خوداوەندێتی و ئایین، ڕووناکاتە ئەم پرەنسیپە ئایینیانە، بەڵکو وەک شتێک، کە لە هزرینەکانی خۆیەوە نزیکە، ئەمەش بە تایبەت بوداییزم و هیندووییزم لەخۆدەگرێت.

**ئێتیکی سیمپاتی (ئەخلاقی هاوهەستی)**

جەستەی ئێمەی مرۆڤەکان، وەکو شتێکی فیزیکی لە نێو کات و شوێندا، وەکو ئەو یەکە دابەشنەکراوە دەردەکەوێت، کە پێی دەبێژین نۆمێنا. ئەم ڕاستییە، ئەگەر ئەمە بە ڕاستی دابنێین، لە فەلسەفەی شۆپنهاوەردا بە بنەڕەتی ئێتیک دادەنرێت–کە نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ دانانی مێتافیزیک وەکو پرەنسیپێکی ئێتیکی. بە گوتنی شۆپنهاوەر، تەنها لە جیهانی فێنۆمێندا ئێمە بە ڕواڵەت دەتوانین وەکو تاکەکەس جیاواز بین. لە بنیادیترین پلەی بوونمانەوە، لە جیهانی نۆمینەدا، ئێمە هەمووومان یەکێکین و نەشیاوی جیاکردنەوەین. ئەمە، دیاریکەر و نیشاندەری سیمپاتییە، کە هەمان توانستی مرۆڤەکانە بۆ ئەوەی ببنە خەمخۆری ئەوانیدی و هاوبەشی خەم و ئازارەکانی یەکدی بن و هەست بە ئازارەکانی یەکتری بکەن. ئەگەر من زیان بە ئێوە بگەیەنم، سەرەنجام زیانم بە بنیادی بوونی خۆم گەیاندووە. بە بۆچوونی شۆپنهاوەر، ئەمە سیمپاتییە، نەک ئاوەزمەندێتی "کە کانت بە هەڵە گوتبووی"، ئەمەش بنەڕەتی پرەنسیپی ئێتیکییە. سیمپاتی بنەما و بنەڕەت و هۆکاری پەیوەندی نێوان کەسەکانیشە، هەروەها ئەو پەیامانەی بەهۆی چاو و گوێوە لە نێوان جەستەی ماتەریالیماندا دێن و دەچن، پشکێکی کەمتریان هەیە. سیمپاتی هەم بنەمای سەرەکی ئێتیک و هەم خۆشەویستییە . هەروەها بە بۆچوونی شۆپنهاوەر، ئێتیکی باش لەسەر بنەمای دلۆڤانی دامـەزراوە و مۆراڵێک شیاوی ستایشکردن و ڕێزلێگرتنە، گەر سوود و بەرژەوەندی خودی تێدا بەدی نەکرێت، چونکە لە کاتی سیپماتی (هاودەردی و هاوخەمی)دا وەها هەستێکمان هەیە، کەواتە



سیمپاتی بنەڕەتیترین و باڵاترین بناغەی ئێتیکە. ئێمە دەبێت خۆشبەخت بین بەوەی کەسانی دیکە خۆشبەختن و چارەنووسی ئەویدیکە لەتەک چارەنووسی خۆماندا بەراورد بکەین، بە هاوخەمی و هاودەردییەوە بەپیر چارەسەرکردنی بەدبختی ئەوانیدیکەوە بچین.

**ئێستێتیک (یان فەلسەفەی هونەر)**

دوای گوتن لەبارەی فەلسەفەی شۆپنهاوەر، هەنوکە بە پنتێکی سێنتەری دەگەین، فەلسەفەی هونەری شۆپنهاوەر چۆن لەتەک ئەم ڕوانگە فەلسەفەییەدا یەکدەگرێتەوە، کە تا ئێستا باسمانکردووە؟ سێیەمین کتێب لە چوار کتێبە سەرەکییەکەی شۆپنهاوەر، هەڵگری لێکۆڵینەوەی ئەوە لەبارەی هونەر، کە خۆی بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبێت: بەشی یەکەم تیۆریی هونەر بە گشتی دەخرێتەڕوو و دووەمین بەش لەسەر بنەمای تیۆریی یەکەم، تیۆرییەکی تایبەتە لەبارەی تاکەتاکەی هونەرەکان.

شۆپنهاوەر هەمیشە دەیگوت ئێمە تا ڕادەیەک هەموو شتێکی ئەم جیهانە بەڕێی هەست و ڕیزبەندکردنی کات و شوێن و هاوبەندی هۆ و ئیفێکتەکانەوە دەناسین، بەڵام شتێکی دیکەیش هەیە، بەڕێی پێرسەپتکردنی "هەستێکی دیکە" شیاوی پێگەیشتنە و ئەو شتەش برێتییە لە جەستەمان. ئێمە لە شمان بەڕێی هەستێکی ناوەکی، ڕاستەوخۆ و ئینتوئسیۆن بیەوە دەناسین، ئەو هەستەی تێگەیشتمان بۆ کاتیش لەسەر ئەو بەندە. کەواتە ئینتوئیسیۆن و دەرکەوتن، لە نێو ژیانی ڕۆژانەماندایە. لێرەدا با زۆر لەسەر ئەم جۆری تێگەیشتنە نەوەستین، پێویست دەکات ڕاستەوخۆ بێینە سەر بنەڕەتی بابەتەکە، کە شۆپنهاوەرە. "ویست" لە دەروونی مرۆڤدا بە ئەندازەی ئەو هێزە کاریگەرە، کە گالاکسی بە جوڵە دێنێت. بەڵام ئەمە هێزێکی تۆقێنەر، چەپێنەر و سەرەنجام وێرانکەرە. ڕیشە و بنەمای تەواوی کارەسات و بەڵاکانی مرۆڤ لەم ویستەوە سەرچاوە دەگرن. مرۆڤ ملکەچی ویستە و بۆ دەربازبوون لێی، پێویستە دڵت بە دنیا خۆش نەبێت و وازی لێبهێنیت. ئەمەش یەکێکە لە ئاراستە سەرەکییەکانی میستیسیزمی بوداییزم لە لای شۆپنهاوەر، کە لە ڕۆژگاری ئەودا، تازە خۆرئاواییەکان پێی ئاشنا بووبوون. ئەم میستیسیزمە (ئەسێتیسیزمە=زوهدە) ڕێگەچارەیەکی درێژخایەنە، بەڵام ڕێگەچارەی کورتیش هەیە، ئەویش برێتییە لە هونەر و جوانی: ئێستێتیک .

سەرەتا با کەمێک باس لە ویست بکەینەوە، بۆ ئەوەی باشتر لەم تەوەرە تێبگەین. شۆپنهاوەر لە کتێبی "جیهان وەکو ویست و وێناکردن"دا دەبێژێت ئەم جیهان خراپە، جیهانی دڕندەیی و بەربەریزمە، پڕە لە هاوار و شیوەنی ئەو داماوانەی وردوخاش دەبن و هەراوزەنای ئەو بەهێزانەی ئەم داماوانە وردوخاش دەکەن. ئەمەش هەمیشە لە هەموو چرکەساتێکی ژیانی سروشتی نێو جیهان و لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا دێتەپێشێ. ویست، برێتییە لە دڵڕەقی و توندوتیژی و کوشتن و ئەشکەنجەدان. ئەگەر ئەمە تەنها دەرکەوتنی جیهانی شاراوە بێت، ئەی خودی جیهان دەبێت چی بێت؟ لێرەوە تێدەگەین بۆچی شۆپنهاوەر هونەر پێشنیار دەکات بۆ ڕزگاربوون، چونکە لە ڕوانگەی ئەودا هونەر ویست نییە.
وەکو لەسەرەوە گوتمان، شۆپنهاوەر باوەڕیی وایە ئەگەرچی ڕاکردن لە بەربەریزم و دڕندەیی و خەمەکانی جیهانی وێناکردن سەختە، بەڵام نەشیاویش نییە. دوو ڕێگە لەبەردەم ئەم ڕاکردن و ڕزگاربوونەدا ئاوەڵایە: هونەر و ئەسێتیسیزم (زوهد) . وەڵامی ئەو پرسیارەی "پێویستە من چۆن بژیم؟" ئەمەیە: یان هونەرێک بئافرێنە و یان لەبارەی هونەرێکەوە ڕابمێنە، و وەڵامی کۆتاییش برێتییە لەوەی: هیچ ئارەزوو و ویستێکت نەبێت و هیچ کارێک مەکە.

قوڵڕامانی لەبارەی ئیشی هونەری، لە بنەڕەتدا چالاکییەکی بێلایەنانەیە، کەواتە لە سەرەنجامدا هیچ نیگەرانی و خەمۆکییەک بەدوای خۆیدا ناهێنێت. تێڕامان لە ئیشی هونەری، پێویستە لە بەرانبەر ویستی خاوەندارێتی بەسەر شتەکاندا زیتبکرێتەوە. ئاشکرایە ئەگەر لێهزرینی تاک بگۆڕێت بۆ بزواندنی ئەو تاکە ڕووەو حەزی دەستەبەرکردنی خاوەندارێتی ئیشێک، ئەوا ئیدی ناتوانێت خۆی لە نیگەرانی و خەمۆکی ڕزگار بکات. تا ئەو کاتەی تاک ئارەزوو و ویستی خاوەنییەتی شتێکی نەبێت، ئەوا بۆ ماوەیەکی کەم لە چەوساندنەوە و ئازاری "ویست" ڕایکردووە. شۆپنهاوەر وەکو نیتشە و تەواوی ڕۆمانتیکەکانی ئاڵمان، ستایشی بلیمەتی هونەری دەکات و بەو دەرەنجامە دەگات، کە تەنانەت هەبوونی ئەندازەیەک ڕازاندنەوەی بلیمەتی ئەوانیدیکە، شان و شکۆیەکی مەزنی هەیە. لێهزرینی ئێستێتیکیانە، وەکو ئافراندنی ئیشی ئێستێتیکی، ئەو توانستە بە ئێمە دەبەخشێت تا بەسەر ئاستی حەز و ئارەزووەکانماندا زاڵبین .



کەواتە ئیشی هونەری، ڕزگاربوونە لە کۆت و بەندی ویست و حەز و ئارەزووەکان و گەیشتنە بە ئاستی ئینتوئیسیۆنی حەقیقەت. ئیشێکی هونەری هەرچی بتوانێت گشتێتی سروشتی یان ئایدیای پلاتۆنی شتێک باشتر نیشان بدات، ئەوا لە سەرکەوتن نزیکترە. بەم هۆیەوە مەبەست لە وێنەی کەسێک بەرانبەرییەکی پەتی نییە، بەڵکو مەبەست لەوەیە، کە تا ئاستی شیان هەندێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکان یان گشتییەکانی مرۆڤ نیشان بدات. پلەی هونەر لە زانست باڵاترە، چونکە زانست بەڕێی هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی کەرەستە و بەڵگە یەدەگەکان بە ئامانج دەگات، بەڵام هونەر بەڕێی ئینتوئسیۆن (شهود) و ڕازاندنەوە بە مەبەستی خۆی دەگات، بۆ زانست تەنها پێویستیت بە لێهاتوویی و کارامەیی دەبێت، بەڵام بۆ هونەر بلیمەتیت گەرەکە.

شۆپنهاوەر دەبێژێت ئامانجی سەرەکی هونەرمەند، جیاکردنەوەی ئایدیایە لە ڕیالیتی و سروشت. یەکگرتوویی ئادیا و ڕوودانگە (ریالیتی یان داکەوت) لە بنیاتی ویست دایە و پڕە لە کەموکورتی و سەرەنجام لە ئازارەوە سەرچاوەی گرتووە. لەم ڕووەوە، ویست نەبڕاوەیە و بە تێرکردنی هەر ویستێک، ویستێکی تازە دێتەئاراوە. هونەرمەند هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە تێڕامان و قوڵبوونەوەی بەدەر لە ویست. لەم ڕووەوە، هونەر لە ڕەنج و ئازار بەدەرە، چونکە هیچ ترسێکی لە نەهاتنەدی نییە. شۆپنهاوەر بە ستایشەوە دێتەئاخافتن سەبارەت بە "سروشتی بێگیان"ی شێوەسازانی هۆڵەندی، ئەوان لە بێ بەهاترین شتەکانی ژیانی ڕۆژانــەدا، هەرمانەتییان ئافراند . کەواتە بەڕێی هونەرەکانی وەکو شێوەسازی، پەیکەرسازی، شیعر دراما و لە سەروو هەمووشیانەوە، موزیک، ڕزگارمان دەبێت لە دەست ئازاری ویست، کە لە تەواوی ژیانماندا هەیە و ئێمە گرفتاری ئەوین. بەڵام لای شۆپنهاوەر موزیک باڵاترین جۆری هونەرە. ئەم هێزەی هونەر لە دوورخستنەوەی ئێمە لە ژیانی ویست، زێتر بەهۆی موزیکەوە دەستەبەر دەبێت. تۆن و دەنگەکانی موزیک وا لە مرۆڤ دەکەن، کە هەست بە ئارامی بکات و بۆ ماوەیەک لە ئازاری ژیان ڕزگاری ببێت. بۆیە ڕیچارد ڤاگنەر ناحەقی نەبوو کاتێک دەیگوت شۆپنهاوەر گەورەترین کەسە کاریگەری لەسەرم هەبووبێت، لە کاتێکدا شۆپنهاوەر موزیسیانیش نەبووە.

## چەند ڕەخنەیەک لە ڕەشبینی میتافیزیکی

یەکێک لەو ڕەخنە ئاشکرایانەی لە شۆپنهاوەر دەگیرێت، بریتییە لە پێشنیاری ئەو لەبارەی شێوازی ژیان. واپێدەچێت ئەم پێشنیار و ئامۆژگارییە پارادۆکس بێت: ئەو دەبێژێت خۆکوژی نەشیاوە و ڕەتدەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی بە جۆرێک لە "ویست" دادەنرێت، بەڵام ئایا ئەسێتیسیزم (زوهد، یان نەهێشتنی حەزی دەروونی) جۆرێک کردارنواندن نییە لەسەر بنەمای "ویست"؟ باشە، لەوانەیە ئایینی بودا وەڵامێکی بۆ ئەم کێشەیە هەبێت. لەسەر بنەمای ڕامانەکانی ئایینی بودا، دەشێت "ویست" ڕووەو داڕمان و لەنێوچوون ئاراستە وەربگرێت، بەڵام ئەم ئیدێیە هاوکارییەکی ئەوەندەی ئێمە ناکات، لەبەر ئەوەی پێشگریمانەی ئەم ئیدێیە بریتییە لەوەی ئەگەر "ویست" وەها هەلێک دەستەبەر بکات، ئەوا خۆی ڕووەو لەنێوچوون ئاراستەدەکات. چ ئەم ئیدێیە دروست بێت یان نا، ڕوون و ئاشکرایە، کە ویستێک دەتوانێت ڕووەو لەنێوچوون و داڕمان ئاراستە وەربگرێت، هیچ هاوشێوەییەکی بە "ویست"ی ئاگاییانە و تاسەمەندانە ی شۆپنهاوەرەوە نییە. لە وەڵامی بودایستییەوە بە وەها دەرەنجامێک دەگەین، کە کردەی نێگەتیڤی، پێویستی بە کردارنواندن نییە لەسەر بنەمای ویست. بە پوختی: نەشیاوە مرۆڤ ویستی "ویستکردن"ی نەبێت، لەلایەکی دیکەوە، ویستکردنی مرۆڤ ڕاستییەکی دەرەکیی ویستێکی میتافیزیکی وشک و دڕ و ناخۆئاگایە، کەواتە لەنێوبردن و خۆداڕمانی شتێکی نەشیاوە .

ڕەخنەیەکی دیکە لە ڕەشبینی میتافیزیکی لەبارەی پێشگریمانەی ئەم بۆچوونەوەیە. لەسەر بنەمای ئەم پێشگریمانەیە دەتوانین بەراوردێکی گشتی لەنێوان بوون و نەبووندا بکەین. ئەنجامدانی وەها بەراوردێک شیاوی گومانکردنە. ئایا بەڕاستی ئێمە توانستی تێگەیشتن لەم کەیسمان هەیە، کە "ئەگەر جیهان بوونی نەبایە، باشتر بوو"؟. هەڵبەت وێناکردنی شیمانەی بچووکتر ئاسانترە، بۆ نموونە، وێناکردنی ئەو جیهانەی تێیدا کەسێکی تایبەتی یان هەلومەرجێکی تایبەتی نییە، سادەترە. بۆ نموونە، ئێمە کاتێک وێنای جەنگی خاچدروشم و عەرەبە موسڵمانەکان دەکەین، خۆمان لە شوێنێکدا دەبینینەوە، کە خۆمان لەو ڕەوشەدا ئامادە نەبووین. هەروەها دەتوانین جیهانی ڕاستەقینەیی ئەمڕۆیی لەتەک جیهانێکی سەرابئاسادا بەروارد بکەین. بۆ نموونە دەتوانین جیهانی



ڕاستەقینەی ئەمڕۆ لەتەک یۆتۆپیایەکی ئایندە بەراورد بکەین، کە تێیدا جەنگ و زامداری و برسێتی و هەژاری بوونی نییە و بە مێتۆدێکی لەم چەشنەیە، کە هەر کەسێک دەتوانێت بە وەها دەرەنجامێک بگات، کە جیهانی ڕیال خراپترە لە جیهانی ئیدیال.

## کاریگەری شۆپنهاوەر

شۆپنهاوەر یەکێک بووە لەو نووسەرە جوانووسانەی بەم هۆیەوە کاریگەریان نواندووە. ئەم لە نووسیندا هونەرمەندێکی مەزن بووە. زۆرن لەو فەیلەسوفانەی پێشووتر و دوای ئەویش، ئەم چەشنە مێتۆدە هونەرییەیان بۆ نووسین بەکار هێناوە: پلاتۆن، ئۆگۆستینۆس، دێکارت، ڕۆسۆ و نیتشە. نووسینەکانی شۆپنهاوەر ئەوەندە جوانن، زۆرێک لە ڕستەکانی وەکو پەند و وتە وەردەگیرێن. گەر بمانەوێت کاریگەرییەکانی شۆپنهاوەر لەسەر فەیلەسوف و ئەدیب و هونەرمەند و هزرڤانان باس بکەین، ئەوا پێویستمان بە توێژینەوەیەکی دوور و درێژ دەبێت و هاوکات ئەم جۆرە توێژینەوەیەش وزە و کاتێکی زۆری گەرەکە و بە هەزاران لاپەڕە کۆتایی نایەت، چونکە لەو دۆخەدا ئێمە پێویستیمان بە هەموو هزری ئەو کەسانە دەبێت، کە ئەم کاریگەری لەسەر داناون و دواتر بەراوردکردنیان لەتەک هزرە ڕەسەنەکە، بەڵام ئێمە لێرەدا، زێتر بۆ هەژموونی شۆپنهاوەر، تەنها ناوی هەندێک لەو کەسانە دەهێنین، کە ئەم کاریگەری لەسەریان هەبووە . یەکێک لەو کەسانەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەبووە، ریچارد ڤاگنەر بووە، ئەو گوتوویەتی دوای خوێندنەوەی نووسینەکانی شۆپنهاوەر توانیویەتی ئۆپێرای تریستان و ئیزۆلدا بنووسێت، کە یەکێکە لە بەرهەم و ئۆپێرا هەرە بەناووبانگەکانی ریچارد ڤاگنەر. زیگموند فرۆید گوتوویەتی شرۆڤەی چەپاندن، کە بنەمای تیۆریی پسیکۆئەنالیزمە، بەهۆی شۆپنهاوەرەوە ئەم تێیگەیشتووە. درەنگترێکیش، یەکێک لە فێرخوازەکانی فرۆید، کە دوای ئەم بووە، کارل گوستاڤ یەنگە و ئاماژەی بە کاریگەری شۆپنهاوەر داوە لەسەر خۆی. وەک لەسەرەوە گوتمان، نیتشە یەکێکە لەو فەیلەسوفە مەزنانەی زۆرترین کاریگەری شۆپنهاوەری لەسەر بووە و ئێمە باسی کاریگەرییەکەیمان کردووە، هەروەها نیتشە کتێبێکیشی بە ناوی "شۆپنهاوەر

وەکو مامۆستا" نووسیوە، ئەمە جگە لەوەی لە کتێبی "لەدایکبوونی تراژیدیا"دا باسی زۆرترین کاریگەری و تیۆرییەکانی شۆپنهاوەر دەکات.

شۆپنهاوەر لە نێو ئەدیبانیشدا هەژموونێکی باڵای هەبووە و بە ئاشکرا لە نێو ڕۆمان و چیرۆکەکاندا کاریگەرییەکانی دەرکەوتووە. ئەو ڕۆماننووسە بەناووبانگانەی ئەم کاریگەری لەسەر داناون، بریتین لە: لیۆ تۆلستۆی، ئیڤان تۆرگنێڤ، مارسێل پروست و ئەمیل زۆلا، هەروەها لە ئاڵمانیش تۆماس مان، لە بریتانیاش تۆماس هاردی و جۆزێف کۆنراد هەژموونی ئەمیان لەسەر بووە. لە نێو چیرۆکنووسە مەزنەکانی وەکو: مۆپاسان، چیخۆف و سۆمەرست مۆم و بۆرخیس، باسی کاریگەری شۆپنهاوەریان کردووە. کاریگەری لەسەر بێرناردشاو و پراندلۆ و سەموئێل بێکت دەردەکەوێت. لای شاعیرانی وەکو ڕیلکە و ئیلیوتیش هەژموونی خۆی نواندووە. هەروەها پێویستە ببێژین ئەم کاریگەری لەسەر ڤیتگنشتاینیش هەبووە .

**فەرهەنگۆک**

ئاپیریۆری (a priory): زانینی پێشینەیی

ئۆبژێکتی پێرسەپتکراو (Percept Objective): موچوع مودرک

ئێتیک (Ethic): ڕەوشت- ئاکار

ئێپیستیمۆلۆگی (Epistemology): تیۆریی زانین

ئێمپیریسیزم (Empiricism): ئەزموونگەرایی، فەلسەفەی ئەزموونی.

پێرسەپتکردن، پێرسەپسیۆن (Perception): دەرککردن، پەیبردن، ادراک

دیلێما (Dilemma): معما، مازق، لغز، ئەو مەتەڵەی وەڵامی بۆ نادۆزرێتەوە

سەبژێکت (Subject): لە هەندێک شوێندا وەکو کەسی بکەر بەکاردەهێنرێت

سیتات: اقتباس

سیمستەر (Semester): کۆرسی نیوساڵی زانکۆیی

سێنس (Sense): ئەو پێنج ئۆرگانە فزیۆلۆژییەی مرۆڤن، کە بەڕێیانەوە زانین وەردەگرێت، ئۆرگانەکان بریتین لە: بینین، بیستن، بۆنکردن، دەستلێدان، چەشتن. سێنس جیاوازە لە هەست، کە لە کوردیدا بۆی دانراوە و واتایەکی



هەڵەبەری هەیە، چونکە هەستکردن (Feeling) بریتییە لە دەرککردنێکی سایکۆلۆژییانە نەک فزیۆلۆژیانە، واتا ئێمە هەست بە ترس و نیگەرانی و هتد دەکەین، کە ئەمەیان لایەنێکی سایکۆلۆژییە، بەڵام پێرسەپتکردنی سێنسیی (ادراک حسی) شتێکی دیکەیە.

فەنکشن، فونکسیۆن (Function): کردار،گەڕخستن، لایەنی فەرمانی

فێنۆمێنا (Phenomena): دیاردە

ماتەریال (Material): ئەستوو، مادە، کەرەستە

کاتیگۆری (Category): ئامرازی زانین، گوتەزا

کۆنست (Concept): عەرەب کردوویەتی بە مەفهوم، کە هەڵەیە و لە کوردیشدا کراوە بە چەمک، دیسان ئەمەش هەر هەڵەبەرە. کۆنسێپت دارشتنی پلانی بناغەییە. ((کۆنسێپت : واتا (تێگە) کە ڕەگی چاوگی (تێگەیشتن) ە و وەرگێرانی ئەم زاراوەیە بەم شێوەیە وەرگێرانێکی دروستە لە ڕووی سیمانتیکی و هاوکات گرامەریش پشت ڕاستی دەکاتەوە بۆ یەکەمجار کاوە جەلال تێگەی بەکاربردووە لە بەرامبەر زاراوەی کۆنسێپتدا- گۆڤاری کۆنسێپت))

نۆمێنا (Nomena): شت-لە-خۆیدا (Things – in – Them-selves)

هۆ و ئیفێکت (Cause and Effect): هۆ و بەرهۆ، هۆ و کاریگەری، بە عەرەبی علە و معلول

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: ئینگلیزی

1. Arthur Schopenhauer: The World as Will and Representation, trans. E. F. J. Payne. New York: Dover, 1969.
2. Bertrand Russell: A History of Western Philosophy, George Allen & Unwin LTD, London, 1961.
3. Christopher Janaway: Schopenhauer (A Very

Short Introduction), Oxford University Press, New York, 2002.

4. Julian Young: Nietzsche’s Philosophy of Art, Cambridge University Press, New York, Port Chester, Melbourne and Sydney, 1992.

5. Frederick Capleston: A History of Philosophy, Modern Philosophy (From the Modern Post-Kantian Idealists to Marx, Kierkegaard, and Nietzsche), Vol.7, Image Books, New York London Toronto Sydney Auckland, 1994.

6. ——————: A History of Philosophy, Modern Philosophy (From the French Enlightenment to Kant), Vol.6, Image Books, New York London Toronto Sydney Auckland, 1994.

**دووەم: فارسی**

7. براین مگی: سرگذشت فلسفه، ترجمه حسن کامشاد، چاپ دوم، نشر نی، تهران، 1387.

8. جنی تایشمن: فلسفه اروپایی در عصر نو، ترجمه محمد سعید حنایی کاشانی، چاپ دوم، نشر مرکز، تهران، 1386.

9. فردریش ولهلم نیچه: زایش تراژدی (از روح موسیقی)، ترجمه رؤیا منجم، چاپ دوم، نشر پرسش، تهران، 1385.

10. گراهام وایت: درامدی بر فلسفه مدرن اروپایی، ترجمه ناهید احمدیان، نشر پرسش، تهران، 1387.

11. ویل دورانت: تاریخ فلسفه، ترجمه عباس زریاب خویی، چاپ چهاردهم، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، 1378.



سێیەم: کوردی

12. بابەک ئەحمەدی: هەقیقەت و جوانی، وەرگێڕانی مەسعوود بابایی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2008.

13. گرێت تامسۆن: فەلسەفەی دێکارت، وەرگێڕانی پێشڕەو محەمەد، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سایە، سلێمانی، 2011.

14. د.محەمەد کەمال: نیتشە و پاش تازەگەری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2006.

15. میهرداد میهرین: جیهانبینی شۆپنهاوەر، وەرگێڕانی هونەر عەبدوڵڵا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2009.

Arthur Schopenhauer

Pessimist Philosopher

Optimist

Danzig

Frederick Capleston: A History of Philosophy, Modern Philosophy (From the Modern Post-Kantian Idealists to Marx, Kierkegaard, and Nietzsche), Vol.7, Image Books, New York London Toronto Sydney Auckland, 1994, pp.149-150.

Uber die Vierfache wurzel des Stazes vom zureichenden Grunde (On the Fourfold Root the Priciple of Sufficient Reason)

Die Welt als Wille und Vorstellung (The World as Will and Representation)

Dilemma (معما، لغز)

Uber den Willen in der Natur (On the Will in Nature)

Die frieheit des Willens (On the Freedom of the Will)

Die Grundlage der Moral (The Fundementals of Morality)

بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ژیان و بەرهەمی شۆپنهاوەر بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

The Pure Concepts of Understanding

Cause and Effect

Disjunctive

Problematic

Possibility and Impossibility

Apodictic.

Frederick Capleston: A History of Philosophy, Modern Philosophy (From the French Enlightenment to Kant), Vol.6, Image Books, New York London Toronto Sydney Auckland, 1994, pp.250-251.

a priory (زانینی پێشینەیی)

Verstand (Understand)

Nomena (Things – in – Themselves)

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوەی سەرەوە، بەرگی شەشەم.

Wille (Will)

بڕوانە: براین مگی: پیشین، 76-75.

Schopenhauer als Erzieher



بڕوانە: فردریش ولهلم نیچە: زایش تراژدی (از روح موسیقی)، ترجمە رؤیا منجم، چاپ دوم، نشر پرسش، تهران، 1385، ××29-27، 45، 49، 59-62، 111-114، 125، 135، 139، 152.

Übermensch (Superman)

بۆ خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە: د.محەمەد کەمال: نیتشە و پاش تازەگەری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2006، ل-44 58.

Julian Young: Nietzsche's Philosophy of Art, Cambridge University Press, New York, Port Chester, Melbourne and Sydney, 1992, pp.5-25.

Welt als Vorstellung (World as Representation or Idea)

John Locke (1632-1704)

George Berkeley (1685-1753)

Vernunft (Reason)

بڕوانە: گراهام وایت: درامدی بر فلسفه مدرن اروپایی، ترجمه ناهید احمدیان، نشر پرسش، تهران، 1387، ص62-61.

علە و معلول

بۆ زانینی زیاتر بڕوانە: ویل دورانت: تاریخ فلسفه، ترجمه عباس زریاب خویی، چاپ چهاردهم، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، 1378، ص281-278.

Welt als Wille (World as Will)

Common Sense

گراهام وایت: پیشین، ص53.

فاعل مدرک حسی: Subject of Sensitive Perception

Intellect

Cogito Ergo Sum

هەروەها ڕەخنەی دیکەیش لە کۆگیتۆی دێکارت گیراوە و بەناوبانگترینیان

ڕەخنەکەی بێرتراند ڕەسڵە. لە ئێگزیستێنسیالیزمیشدا کۆگیتۆی دێکارتی هەڵدەگەڕێنرێتەوە و پێچەوانەکەی ڕەوایەتی پێدەدرێت، واتا: "من هەم، کەواتە من دەهزرێم". بۆ ڕەخنەکەی ڕەسڵ لەسەر کۆگیتۆ بڕوانە: گرێت تامسۆن: فەلسەفەی دێکارت، وەرگێڕانی پێشڕەو محەمەد، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سایە، سلێمانی، 2011، ل97-100.

The Single Narrow Door

introspection (Selbstprüfung)

جنی تایشمن: پێشین، ص78-79. بۆ خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە: Bertrand Russell: op.cit, pp.754-756; Frederick Copleston: op.cit, vol.7, 279-282.

بڕوانە: میهرداد میهرین: جیهانبینی شۆپنهاوەر، وەرگێڕانی هونەر عەبدوڵڵا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2009، ل47. تێبینی: لە کاتی ڕاگواستنی تێکستێکدا لەم کتێبە، هەندێک لە واژەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەویش بۆ سیستەماتیزەبوونی نووسینەکە و سوودوەرگرتن لە یەک مێتۆدی شرۆڤە و زمان.

World as Evilness (Welt als Boshaftigkeit)

بۆ خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە: ویل دورانت: پێشین، ص290-294، هەروەها: میهرداد میهرین: سەرچاوەی پێشوو، ل53-55.

بڕوانە: ویل دورانت: پێشین، ص303.

براین مگی: پێشین، ص142.

Intuition (شهود)

عرفانیت

بابەک ئەحمەدی: هەقیقەت و جوانی، وەرگێڕانی مەسعوود بابایی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2008، ل175.

Asceticism

بۆ خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە: Julian Young: op.cit, pp.12-14; Frederick Copleston: vol.7, pp.280-281. بۆ تێگەیشتن لە تیۆریی ئێستێتیکی شۆپنهاوەر، سوودێکی زۆر لەم کتێبەی جولیان یەنگ



وەرگیراوە و بە پوختی تێڕوانینەکانی هێنراوەتە نێو ئەم باسەوە.

بە وەرگرتن لە بابەک ئەحمەدی بە کەمێک دەستکارییەوە، ل178.

Gierig (Greedy)

گراهام وایت: پێشین، ص71.

بۆ زانینی زیاتر کاریگەرییەکانی شۆپنهاوەر لەسەر دوای خۆی، بڕوانە: Christopher Janaway: Schopenhauer (A Very Short Introduction), Oxford University Press, New York, 2002, pp.119-129.

Tristan und Isolda

بڕوانە: براین مگی: پێشین، ص145.

# گۆڕان؛
# مەشقکردن، شت گووتن، هەڵکشان بەرەو باڵایی،

ـ خویندنەوەی بەشێک لەکتێبی (پێویستە ژیانی خۆت بگۆڕیت Du mußt dein Leben ändern) پیتەر سلۆتێردایک

ئیسماعیل حەمەئەمین

.

ـ تۆ بەڕاستی ناژیت..ئەوە دەسەڵاتی ژیانێکی ترە لەنێو ئەم ژیانەی ئێستاتدا یاریدەکات ..

مرۆڤایەتی مەحکومە بەگۆڕانکاری، ئەمە ئەو ڕستەیە لەهەموو پێچێکی ژیان و تەمەندا پەلامارماندەدات، دەمخاتە بەردەم گێژاوی پشێوی گەورەوە، سوڕماندەدات لەنێو پێچەکانی خۆیدا و تەریکماندەکاتەوە لەنێو جیهاندا. هەموو زەمەنێک، زەمەنی گۆڕانە، زەمەنی گۆڕانیش، زەمەنی جەنگە گەورەکانی مرۆڤە لەگەڵ خۆی و دەرەوەی خۆیدا. بۆ هەر شوێنێک بڕۆین گۆڕانکاری بەدوومانەوەیە، بۆهەر شوێنێک هەنگاو بنێنن و لەهەر تەمەنیکدا بین بەتیژی تەماشامان دەکات و ناتوانین لێی ڕابکەین . گۆڕان خێوێکە هەمیشە بەنێو دنیادا ڕێدەکات، نەبینراو بەخشپەیە، بینراوە و بەفەوزایە. ئیمە مەحکومین بەگۆڕان، مەحکومین بەگۆڕینی ژیانی خۆمان، بەجۆرێک کەترسێکی گەورە، نیگەرانیەکی ترسناک لەگۆڕان بەدەوام بەدوومانەوەیە، ئاخر ئێمەی مرۆڤ حەزیکمان تێدایە بۆ عەجمان لەیەک شوێن و شێوە ژیاندا، حەزێک بۆ مانەوە لەیەک شوێندا، بۆ جێگیربوون و یەک ڕیتمی دنیا. بەڵام



کەجێگیر دەبین لەیەک شێوازی ژیاندا، کەدەگەینە دوا وێستگەی ئارامی ، زۆر نابات ئەم ڕیتمە لەجێگیر بوون، لەمانەوە لەنێو یەک شێوازی ژیان و دووبارەبوونەوەیە، وەهامان لێدەکات بیر لەشتێکی تر بکەینەوە، بیر لەجۆرێک ژیانی دیکە بکەینەوە، یان بەجۆرێکی تر بدوێم کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە نێو دووبارەبوونەوە، ئەوسا لەنێو ژیانی کۆنینەی خۆیەوە بەدووی کەلێنەکاندا دەگەڕێت، بەدووی ئەو درزانەی لەژیانیدا بەسەریدا تێپەڕیووە، بەدووی ئەو دوورگانەی لەدەریاوانیدا لەدزی شەپۆلەکاندا نەیبینیوە، دوایی دەگەڕێتەوە سەریان. ئاوەها مرۆڤ لەنێو ژیانێکدایە و بیر لەژیانیکی دیکە دەکاتەوە، لەنێو ئەویشدا بۆ شێوازیکی دیکە دەگەڕێت. ئیدی ئازیزان، لەسەر ئەم هەسارەدا مرۆڤ لەگەڵ دۆزینەوە و گەڕان بەدووی شێوازی تازەدا لەکێشمەکێشدایە، هەمیشە گەڕان بەدووی ژیانێکی نوێی پڕ گۆڕانکاری لەنێو هەناوی ژیانی کۆنینەدا تارمایی و سێبەرێکە بەدووی مرۆڤەوەیە، وەک ئەو خێوەی مارکس وەهایە لە مانفێستدا بەئاسمانی سەر سەرمانەوە هەنگاو دەنێت.

بەدیویکی تردا گۆڕانکاری خێوی ئەم چەرخەیە، لەهەمانکاتیشدا من پێموایە خەونی دنیای نوێیە لەنێو نەوەیەکدا لەسەر تۆڕەکانی نێت خەونەکانی خۆیان پەخشدەکەن، حەزەکانیان، دنیا تایبەتیەکانیان نمایشدەکەن، ئەوەی کەکیشوەر و دوورگەکان پێکەوە دەبێستێتەوە ئەوە نییە، کە دەریاوان و دۆزەرەوەیەکی وەک کۆلۆمبس بێت و هێزە کۆلۆنیالیەکان بیاندۆزێتەوە بۆئەوەی بوونیان هەبێت لەسەر نەخشەی ئەم دنیایە، بەڵکو ئەوەی کیشوەررەکان دەبەستێتەوە پێکەوە لەم چەرخەدا، ئەو خەونە نمایشکارانەیە لەسەر لاپەڕەکانی فەیس بووک و تڤیتەر و نێتدا خۆی نمایشدەکات، لەدواجاردا دەبێتە هیزیک و لەسەر جادەکانی قاهیرە و تونس و تەرابولس و دەرعا تەعبیر لەبوونی ڕیالێتێتی خۆی دەکات. ئیدی (خودێکی نمایشاکارانە ) دەبینین هیلاک نابێت لەنمایشکردنی خەونەکانی، یاریکەرەکان دەبینین لەماراسۆنی بەردەوامیاندا لەنێو میدیاکاندا باس لەشێوازێکی دیکەی دیکە ژیان دەکەن، تەنانەت لەم جەنگی گۆڕانەدا فوندەمێنتاڵی ئیسلامەوی و نیو لیبراڵ و نیوکۆنزەرڤاتیڤی ئەمریکانی دەبینین لەم سەری ئەفغانستانەوە تاوەکو ژوورەکانی کۆشکی سپی لەکێشمەکێشدان، هەریەکەو سەرقاڵە بەنمایشکردنی جۆرێک لەفۆرمی ژیانێکی نوێ، لەململانێدان

لەگەڵ یەکتریدا کێهایان دنیا دەگوڕێت، کامە بەهەشت لەنێو گۆڕاندا لەدایک دەبێت، کامە فۆرم فۆرمی دنیای نوێیە ...ئەم تۆبۆگرافیایەی جیهان، لەپشتیەوە خەونی گۆڕانکاری وەستاوە، خەونی ئەوەی چیتر لەنێو ژیاندا وەک خۆمان نەمێنینەوە بەڵکو ئەو کێشە وجودیە ئەبەدییە، هایدگەر گووتەنی (لەنێو جیهاندا بین..in der Welt sein ) ، لەنێو دنیادا بوونمان هەبێت و لێرەهەبین Dasein، لەنێو ژیاندا هەبین و بەئاسانی بەنێویدا تێپەڕ نەبین. ئەم گرفتە بوونگەراییە، ئەم کەڵکەڵەیە جوڵەی ئێمەی مرۆڤ لەنێو ژیاندا دیاریدەکات ، کاتێک دەمانەوێت ، پڕاوپڕی دنیا بژین...

(تۆ پێویستە ژیانت بگۆڕێت.. Peter Sloterdjik, Du mußt dein Leben ändern, Suhrkamp2009.) ناونیشانی یەکێکە لەکتێبە هەرەگرنگەکانی ئەم ساڵانەی دوایی فەیلەسوفی ئەلمانی (پیتەر سلۆتێردایک)، ئەم کتێبە یەکێکە لەکتێبە هەرە گرنگەکانی لەدوای کتێبە بەناوبانگەکەی (ڕەخنەگرتن لەئەقڵی گاڵتەجاڕی) کەلەساڵی ١٩٨٥ دا سلۆتێردایکی هێنایە سەر شانۆی یەکێک لەهەرە فەیلەسوفە گرنگەکانی ئەم سەدەیە . ئەم کتێبە دەتوانین وەک (زەردەشت ئاوەهای گووت..)ی نیتچەی ئەم سەردەمە سەیری بکەین، وەک یەکێک لەو کتێبە گرنگانەی کەباس لەگرنگترین تێوەری (گۆڕان ) دەکات، گۆڕان وەک خەونێک ، وەک پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ، وەک تێورەیەکی سیاسی، وەک تاڵەدەزوویەک کەلەئەنیتکاوە خۆی ڕادەکێشیت بۆ نێو زەمەنی ڕێنیساس و لەوێشەوە بۆ نێو دنیای نوێ، دووبارە بوونەوەیەکی فۆرمەکانە یان ئاینی ئەم چەرخەیە. بەگشتی لەم کتێبەدا لەم فۆرمانە دەدوێت، لەنێو ئەم ئاینە نوێیەدا کەناوی گۆڕانە شێتەڵکاری و ڕاڤەکردنی سلۆتێردایک لەنێو ئەدەبەوە ئەزمونی خۆیدەکات تادەگاتە دۆزینەوەی فیگوری ئەکرۆبات، تاوەکو شکاندنی دارشەقەکان و(هەڵکشانی ستوونی/ Vertikalspannung ). بەگشتی ئەم کتێبە ئەوەندە فراوانە لەڕووی جوگرافیای فەلسەفی و ئیستاتیکی و تەنانەت ئەدەبیەوە. نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کەزمانی سلۆتێردایک زمانێکی توند و تۆڵ و پڕ ئیشکالیەت و بیرۆکەیە، نیچەویە بەڕای من، کەزۆر جار لەدێڕێکدا سی بیرۆکە فڕیدەدات و لەدوای سەد لاپەڕە دەچێتەوە سەری، ئەدەب تێدا لەقوڵاییدا گەمەی خۆی دەکات، ئەمەش خاڵی سەرسامی منە بە



کتێبەکانی. وێنە و بیرۆکەکانی لەزۆر شوێندا ترانسپەرێنت و شەفافن و لەزۆر شوێندا دەبێت بەسەریدا بخەویت، چەند جارێک بچیتەوە سەری، بچیتەوە سەر سەرچاوەکانی دیکە ئەوسا وێنەکان، تێزەکان لەلامان ڕووندەبنەوە. ئاوەها خوێندنەوەی من بۆ ئەم کتێبە سەرکێشیەکە، هەوڵدانێکە بۆ تێگەیشتن لەچەند چەمکێکی کەم لەکۆی چەمک و وێنا و تێزو ئیدیاکانی ئەم کارە گرنگە لەمەڕ چەمکی (ژیان گۆڕین). هەوڵدەدەین لەم نوسینەدا تەنها لەچەند چەمکیکی نێزیک بینەوە و خویندنەوە بۆ بەشێکی بکەین، زەمەن ياربێت لەداهاتوودا بەشەکانی دیکەشی دەخەینە بـەردەم خوێندنەوە، دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کەخوێندەنەوەی ئێمە بۆ ئەم کتێبە بەشێکی زۆری سوبێکتیڤانەیە، خودگەراییە،بەوەی هەر یەکەی لەئێمە مەحکومە بە سوبێکتیڤ، مادامەکی خود ڕزگاری نابێت لەخۆی...

**لەنێوان شتبوون و خودگەرایی**

دەبێت شاعیری ئەڵمانی (ڕاینە ماریا ڕیلکە- Rainer Maria Rilke 1875-1926 ) بیری لەچی کردبێتەوە کاتێک بەرامبەر تۆرسۆیەک (Torso) بۆتەوە لە مۆزەخانەی (لۆڤەر)!. ئەم پرسیارە کلیلی سەرەتای کردنەوەی چەمکی گۆڕانە لەدیدی سلۆتێردایکەوە. لەم بەیەگەیشتنەدا لەنێوان خودی شاعیر و بەردی بێ گیاندا، دنیایەک لەبیرکردنەوە و تێڕامان خۆی ڕایەڵکردووە، بەجۆرێک کەلەقەسیدەیەکدا تەعبیر لەخۆیدەکات، چرکەساتێکی سەرسوڕمان و شۆکە بەرامبەر پەیکەرێک کە بەتۆرسۆ ناودەبرێت. تۆرسۆ Torso ئەو پەیکەرە ناتەواویە کەهەردوو قۆڵی نییە و سەریشی پێوە نییە و لەخوار ڕانیشەوە لاقەکانی نییە، بەکورتی پەیکەری جەستەیەکی ناتەواوە، بێ سەر، بێ قۆڵ و بێ لاقە. ئاوەها تۆرسۆ بەناتەواوی جەستەییەوە لەنێو دنیای ئێمەدا نمایشی ناتەواوی خۆی دەکات، بەمەش دەسەڵاتخوازی و ئاوتۆریتێتی خۆی بەسەر شاعیرێکی وەک ڕیلکە پەخشدەکاتەوە، کاری تێدەکات و دەیهێنێت و دەیبات وسەرسامی دەکات. ئەوە کاریگەری شتەکانە لەسەر خود، ئەوە کاریگەری ئۆبێکتە لەسەر سوبێکت، ئەوە (لەپێشەوەبوونی ئۆبێکتە..) وەک (سلۆتێردایک) تەعبیری لێوەدەکات، ئەوە کاریگەری شتەڕەقەکانە لەسەرمان، کەوەها دەکات کایە

زمانەوانیەکان بجولێن و (بوون) لەنێو زماندا تەعبیر لەخۆی بکات. کاریگەری تۆرسۆ وەک پەیکەرێکی ناتەواو لەقەسیدەیەکدا خۆی نمایشدەکات، قەسیدەیەکە بەناوی (سەرەتایەک بۆ تۆرسۆی ئاپۆڵۆ-Archaischer Torso Apollo ) کەلەساڵی ١٩٠٨ دا لەکتێبکێی شیعریدا لەژێر ناوی (شیعرە نوێیەکان ) دابڵاویکردۆتەوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە (ماریا ڕیلکە) ی گەنج لەژێر کاریگەری هونەرمەندێکی وەک ( ئاوگۆست ڕۆدین Auguste René Rodin) ئەو قەسیدەیەی نوسیوە. ماریا ڕیلکە لەساڵی 1902 دەچێت بۆ پاریس بۆئەوەی مۆنۆگرافیەک لەسەر کارەکانی ڕۆدین بنوسێت، جیاوازی تەمەنی نێوان ڕیلکەی گەنج و ڕۆدین سی وپێنچ ساڵ دەبێت، ئەمە جگە لەوەی ژیانی پاریسی و فەڕەنسا بۆ ڕیلکە بەشیکە لەو ئەزمونانەی کە کاڵ وکرچێتی و ڕیتمی ژیانی پێشووی قلپدەکاتەوە بۆ سەر سوڕمان و تێڕامان لەدنیایەکی قەرەباڵغتر و نائارامتر. پەیوەندی نێوان ڕێلکەی شاعیر و ڕۆدین وەک هەموو پەیوەندیەکی نێوان هونەرمەندان، بەڕۆتینی و سادەییدا تێپەر ناکات، پڕ گرفت و کێشە دەبێت. لەساڵی1906 ئەم پەیوەندیە تێکدەچێت، لەساڵی دوای ئەوە 1907 بەتەواوەتی ئەم پەیوەندییە کۆتایی پێدێت. لەو ماوەیەدا ڕیلکە نەک تەنها بەردەوام سەردانی ئاتێلێری ڕۆدینی دەکرد و سەرسامبوو بە پەیکەر و کارە پلاستیکیەکانی ڕۆدین، بەڵکو لەڕێگەی هونەری پلاستیکی ڕۆدینەوە، ڕیلکە بەسەر دۆزینەوەی هێزی شتە ڕەقەکاندا دەکەوێت، ئەوە ئەو چرکە ساتانەی (خودی ئەدەبیە) بەر هێز و دەسەڵاتخوازی پەیکەرەکان دەکەوێت. لێرەوە قۆناغێک لەلای ڕیلکە دەستپێدەکات، کەناوی قۆناغی (شتەکانە Ding)، لەم قۆناغەدا کاریگەری مۆزەخانەکانی پاریس و هونەری پلاستیکی بەسەر ڕیلکەوە لەچەندە قەسیدەیەکدا دەردەکەوێت، وەک قەسیدەی (چەرخ و فەلەک ) و لە1910 ڕۆمانی چەند سکێچێک دەربارەی ژیانی ماڵتە لاوراد بریگە...(Die Aufzeichnungen des Malte Laurids Brigge) بڵاودەکاتەوە، پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە بەڕای زۆربەی ڕەخنەگرەکان بە ڕەنگدانەوەی پڕ ئەزمون و ڕیفلیکسیۆنی ئەو ئەزمونە پاریسیەی ڕیلکەیە. کتێبی (پێویستە ژیانی خۆت بگۆڕیت) ی پیتەر سلۆتێردایک لەو چرکەساتە گرنگەی نێوان (خود و شتەکان) خۆی بینادەکات، دەستپێدەکات، ئەو چرکە



ساتە چرکەساتی تێڕوانینی ڕیلکەیە لەپەیکەریکی بێ سەر و قۆڵ و قاچە، تێڕوانینە لە شتێکی ڕەقی ناتەواو، لەقەسیدەکەی ڕیلکەدا گرنگترین ڕستەی شیعری تەعبیر لەخۆی دەکات، لەم ڕستە شیحرییەوە بینای فیکری و فەلسەفی کتێبەگرنگەکەی سلۆتێردایک خاڵی دەستپێکردنی خۆی بانگەشەدەکات.. ڕستە دەڵێت:

(ئەوەتا شوێنێک نییە کەتۆ لەڕوانینی ئەو هەڵبێت،شوێنیک نییە کەتۆ خۆت لەڕوانینی بشارێتەوە/
ئیدی پێویستە ژیانی خۆت بگۆڕیت ... ) ..

لەم چرکە ساتەوە پرسیاری (گۆڕان) دەستپێدەکات، وەک چرکە ساتێک کەناتوانین خۆمانی لێبدزینەوە و خۆمانی لەدەست قوتاربکەین، وەک چرکە ساتێک کە شتەڕەقەکان شتیکمان پێدەڵێن، کەجیهانی دەرەوی خۆمان ، تەنانەت شتە بێگیانەکانیش زیندەگیانەمان لەچرکەساتیکدا پێدەبەخشن وەک سلۆتێردایک دەڵێت ( شتێک دەڵێن).. هەوڵدەدەم ئەم بەشە گرنگەی قەسیدەکە وەرگێڕمە سەر کوردی هەرچەندە دەزانم بەمەش بەشێکی زۆری ڕیتم و موزیکی قەسیدەکە لەناودەچێت، بەڵام هەر لەکتێبەکەی سلۆتێردایکەوە ئەم بەشە وەردەگرین، بۆئەوەی خوێنەر بەسەرەتای ئەم کتێبە ئاشنابکەین

**سەرەتایەک بۆ تۆرسۆی ئاپۆڵۆ**

Archaischer Torso Apollo

ڕاینە ماریا ڕیلکەRainer Maria Rilke

ئێمە مەزندە گەورەیی جەستەی ئەومان بۆ نەدەکرا ، تێدا چاوەکانی وەک دووسێو کامڵ دەبوون
بەڵام تۆرسۆی ئەو وەک چراخانێک دەگەشایەوە، لەگەڵیدا تەماشا سوڕی دەخوارد، خۆی دەسوڕاند و بریسکەدار بوو.
دەنا چەمانەوەی سنگی ئەو نەیدەتوانی کوێرت بکات، نەیدەتوانی لەگەڵ جوڵەی

پەنهانی و سورانی حەوزی بزەکەی تێپەڕیکات بەرەو نێوەند و ناوەڕاست،
نێوەندێک بڕوابوونی لەخۆگرتووە.

ئاوەها ئەم بەردە بەناڕێکی لەژێر شانیەوە بەربوونەوەیەکی شەفاف وەستاوە، بریسکەدەداتەوە وەک فەرووی ئاژەڵیکی وەحشی و لەهەموو لایەکەوە، لەهەموو لێوارێکەوە، وەک ئەستێرەیەک دڕ بەخۆی دەدات،

ئەوەتا شوێنێک نییە کەتۆ لەڕوانینی ئەو هەڵبێت، شوێنیک نییە خۆت لەڕوانینی بشاریتەوە.

ئیدی پێویستە ژیانی خۆت بگۆڕیت...

بڕوانە: ١. پیتەر سلۆتێردایک: پێویستە ژیانت بگۆڕیت، چاپخانەی سورکامپ 2009

Peter Sloterdjik, Du mußt dein Leben ändern, Suhrkamp2009.

وەک ئاماژەمان پێدا ڕیلکە لەم قەسیدەیەدا لەژێر کاریگەری هونەری پلاستیکیە وەک بەشێک لەچرکەساتی مۆدێرنە، کەزەمەنی شتەکان دینە نێو زمانەوە، زەمەنی ناتەواو دێتە نێو زەمەنی تـەواوەوە، ئیتر زەمەنی شتەڕەقەکان، ئۆبیکتەکان دێتە قسە و لەهەموو شوێنێکدا پەلاماری شاعیر دەدەن، هێرشدەکەنە سەر جوگرافیای شیعری ڕیلکە و ناتوانێت لەشوێنیکدا خۆی بگرێت کەچاوی (ناتەواوی) تێدابەدی نەکات.. (ئەم چەمکی ناتەواویە لەبەشەکانی دیکەی کتێبەکەیدا ئاماژەیە بۆ شکاندنی دارشەقەکانی کەمئەندامی، گێڕانەوەی چیرۆکی کەمئەندامیە لەنێو کۆنتیکستی سیاسی و فیکریدا، زەمەن یار بێت دێینەوە سەری...)..گۆڕان ئەو ئەم چرکە ساتەیە کەڕاکردن لەشتەناتەواوەکان مەحاڵە، هەر وەک ئەوەی ناتەواوی لەخوی خۆیدا تەواو بێت. ڕیلکە لەم قەسیدەیەدا ئێمە بەرامبەر شت و ئۆبێکت دادەنێت، خودایە ئێمە ڕۆژانە بەرامبەر شتەکان دەبینەوە، بەرامبەر وێنەکان، ڕەنگەکان، پەیکەرەکان و مۆنۆمێنت و هونەری پلاستیک و ریکلامەکان، خودی ئێمە لەنێو هەراوزەنای ئەم شتانەدا خولدەخوات و لەزۆر کاتدا مانا نەگوتراوەکانی فراونترن لەمانا گوتراوەکانی. شوێنیک نییە لەم سەدەیەدا ئێمە بتوانین خۆمان لەڕوانینی شتەکاندا بپارێزین، (لەم چرکە ساتەدا بیر لەوەدەکەمەوە کەچرکە ساتێک نییە ئێمە خۆمان لەدەسەڵاتی



پەڕگەی فەیسبوک و یۆتۆبە و بلۆگەکان بشارینەوە، تەنانەت دیکتاتۆرەکانیش ئەم پەڕگانە بەمەترسی تێدەگەن چونکە سەرەتایەکە بۆ گۆڕینی دیسپۆت بەئازادی..). لێرەوە تۆرسۆ وەک پەیکەریک کەسەری نیە و قۆڵی نییە و ناتەواوە، بەرامبەر ڕیکلە شتێک دەڵێت. ئەم (شت گووتنە) بەتەعبیری سلۆتێردایک لەلایەن ڕیلکەوە دەچێتە خانەی پرسیاری ئاتۆریتێەوە (دەسەڵاتخوازیەوە). سلۆتێردایک دەڵێت (قەسیدەی تۆرسۆی ڕیلکە، پرسیارێکە سەربارەی سەرچاوەکانی دەسەڵاتخوازی، لەبەرئەوەی تاقیکردنەوەیەکە دەربارەی ـ شتێک دەربارەی خۆت بڵێت ـ نمایشدەکات.. ) هەمان سەرچاوە ل٣٨

شتێک بڵێ لەڕێگەی دانراوێکی بێ جوڵەوە، شتێک بڵێین لەڕێگەی ئۆبێکتەوە، قسەیەک بکەین لەڕێگەی ئەو شتەڕەقانەی لەچرکەساتیکدا مانای گەورە لەخۆدەگرن و چیتر وەک شتی ڕەق بوونیان نامێنێت. لێرەوە خود بەرامبەر ئۆبێکت دەبێتەوە، لێرەوە تەنها خود. سوبێکتە کەدەتوانێت شتێک بڵێت لەڕێگەی ئۆبێکتەوە،بەمشێوەیە (ئۆبێکت لەگەڵ سوبێکتدا پلاستیکیانە شوێن گۆڕکێ دەکـەن..ە.س. پ .ل44). شتەکان و خود جێگۆڕکێ بەیەکتری دەکەن، لەگەڵ یەکتردا دەخەون بێئەوەی پەیوەندەیەکی شەرعیان هەبێت پێکەوە، هەموو ئەمانە لەوچرکە ساتەوەیە کەشتەکان دەبنە کەناڵێک بۆ گووتنی شتێک دەربارەی خۆمان..

لەم خاڵەوە ئازیزانم ئاین گووتنی ئەو شتانەیە لەڕێگەی سمبولەکانیەوە، لەڕێگەی شتەکانەوە کەبەپیرۆز وەسفدەکرێن. لەم گۆشەنیگایەوە دەگەینە ئەو تێزەی کە ئایین گووتنی شتێکە لەڕێگەی سومبولەکانیەوە، لەڕێگەی خاچ و شوینە پیرۆز و ڕەمزەکانیەوە خود تەعبیر لەخۆی دەکات، ئەمەش بەڕای سلۆتێردایک ئاین مەشقکردنی خودە لەسەر گووتنی شتەکان، لەڕێگەی ئۆبێکتەکانەوە، مادامەکی ئەمە لەنێو ئەویتردا خۆی نمایشدەکات. بەڕای سلۆتێردایک (ئاینخوازی فۆرمێکی جوڵە هارمۆنیە، ئاین گەورەترین مەشقکردن نمایشدەکات..ل46) ، هیچ شوێنیک نییە وەک ڕیلکە لەقەسیدەکەیدا ئاماژەی پێکردووە کەنەتبینێت، کەواتە دەبێت ژیانی خۆت بگۆڕیت، دەبێت لەگەڵ ئەو هارمۆنیەتەی ئۆبێکت لەسەر سوبێکت خولقاندوویەتی، ڕیتمی ژیانی خۆت بگۆڕیت.

پێویستە شتێک بڵێیت لەڕێگەی مەشقکردنێکەوە لەگەڵ ئۆبیکتدا و چیتر

لەنێو خودێکی چەقبەستودا نەمێنێتەوە، چونکە شوێنێک نییە تۆ بتوانیت لێی ڕابکەیت، شوێنێک نییە ناتەواوی تێدا نەتبینێت، خۆحەشاردان نییە لەناتەواوی، لەبەرئەوە گەڕانێک لەتۆدا دەستپێدەکات، گەڕانی خودی خۆتە بۆ تەواوکردنی ژیان خۆت، بۆ ئەوەی هەموو شتانە بگۆڕیت کەناتەواون لەژیاندا، لەم خاڵە قورسەوە پرسی (ژیان گۆڕین) دەستپێدەکات. سلۆتێردایک لەشیکردنەوەی قەسیدەکەی ڕێلکەوە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی(پێویستە ژیانت بگۆڕیت !، ئەمە ئەم ڕستە جەبرییە کەئاڵتەرناتیڤە لەهیپۆتیزە و جەختکردنی سەرکەوتن بەرەو باڵایی ه.س.پ..47) ..ئەوەی لەم ڕستەیە تێدەگەین ئەوەیە کەجەنگێک بەرپا دەبێت لەنێوان فۆرمێکی نزم و فۆرمیکی باڵادا، جەنگیکی جەبری کەئالتەرناتیڤمان دەخاتە بەردەم، بەوەی ئایا لەفۆرمیکی نزمدا ژیان بەسەر بەرین، یاخود لەنێو فۆرمێکی دیکەی نوێدا ژیان بدۆزینەوە، ئەو ڕستەیەی سەرنجی من ڕادەکێشێت لەم کتێبەدا ئەو ڕستەیە کەدەڵێت ( تۆ بەڕاستی ناژیت... ئەوە دەسەڵاتی ژیانیکی ترە لەنێو ئەم ژیانەی ئێستادا یاریدەکات ..ل47) .. چەمکی ژیان گۆڕین لەم هەقیقەتەقە دەستپێدەکات کەهەستدەکەین ئێمە چیتر بەڕاستی ناژین، کەواتە هێزی ژیانیکی تر هەیە لەنێوماندا یاریدەکات، هێزیکە پێماندەڵێت ژیانیکی تر لەنێوماندا بوونی، لەنێو ئەم ژیانەی ئێستاماندا ، ژیانیکی تر گەمەی خۆی دەکات.

**هاوکێشەی تەواو و ناتەواو**

من پێموایە هاوکێشەی (ناتەواو) و (تەواو / باڵا) زنجیرە بیرکردنەوەی پشت ئەم بەشی یەکەمی ئەم کتێبە گرنگەی سلۆتێردایکن، چەمکی گۆڕان لەم دیدەوە چەمکێکە لەناتەواوە بۆ تەواو، ئاڕاستەی (هەڵکشانێکی ستوونی) وەردەگرێت، کەلەبەشەکانی دوایی ئەم نوسینەدا دێنە سەر چەمکی (هەڵکشانی ستوونی Vertikalspannung ) سلۆتێرادیک، کاردانەوەیەک بەرامبەر خابوونەوەی ڕۆشنبیران intellektuellen Entspannung بەوەی ڕۆشنبیرانی ئەم چەرخە ، سیاسیەکان و تەنانەت چەپیش لەبارێکی ئاسۆییدا ڕاکشاون، لەچوارچێوەیەکدان کەژیان ناگۆڕن و لەتایتمەندیەکانی خۆیاندا درێژە بەگەمەیەک دەدەن پرێتی لەدووبارە کردنەوەی ڕیاڵێک بەبێ



ڕۆحێکی زیندەگیانە. سیاسەت لەزیندەگی و هێزی جوڵەی ژیانەوە کەوتۆتە بەردەم پرۆفیسۆرەکانی نێوان چوار دیوارەکانی ئەکادیمیای تەقلیدی، ڕۆشنبیران لەچوارچێوەی دەزگاکانی ڕۆشنبیریدا خۆیان دووبارە دەکەنەوە. مەشقکردن لەئاسۆییدا نەک مەشقکردنێکە بەرەو باڵا وسەرەوە. لێرەوە هەڵکشانی ستونی بەپێچەوانەی خاوبونەوەی ئاسۆیی ڕۆشنبیرانی پۆست کاپیتالەوە، دەبێتە مەشقکردنێک ڤیتالیتێت (زیندەگی) لەگەڵ خۆیدا دەبەخشیت بەژیان، هەمیشە لەفۆرم و ناوەڕۆکێکەوە هەڵدەکشیت بۆ فۆرمیکی نوێ و دۆزینەوەی ناوەڕۆکێکی باشتر لەویتر، بەجۆرێک پرۆسێسێکی هەمیشە بەردەوامە لەناتەواوە بۆ تەواو و باڵابوون.. بەڵام با ئێمە هێشتا لەبەشی یەکەمی کتێبەکەدا بمێنیەوە، لێرەدا ڕیگە بەخۆم دەدەم خوێندنەوەیەکی سوبێکتیڤانە بۆ ئەم قەسیدەیە بکەم، دیارە ئێمە لەبەردەم تۆرسۆی ئاپۆلۆداین، بەمانای ئێمە لەبەردەم پەیکەریکی ناتەواوی بێ سەر و قاچ و قۆڵی خوایەکی گرنگی ئانتیکاین کە ئاپۆڵۆیە-Apollo، پەیکەری ئاپۆلۆ وەک خوای هونەر و زانست و ئەقڵ و مۆڕاڵ، هەمیشە سۆمبۆل بووە بۆ (تەواوی / باڵایی / ڕەهایی Vollkommenheit) ، لەم هاوکێشەی تەواوییەوە، تۆرسۆی ئاپۆڵۆ ناتەواویەکە بەرامبەر خەونێک بەرەو تەواوکاری، لێرەوە تۆرۆسۆ پەیکەریکی ناتەواوە کەسێبەری تەواوکاری لەخۆیدا شاردۆتەوە، لەم ناتەواویی خۆیەوە، دنیایەک لەبەردەمیدا خۆی ڕاکێشاوە کەوەک ڕیلکە باسی لێوەی لێدەکات (لەهەموو لایەکەوە، لەهەموو لێوارێکەوە وەک ئەستێرەیەک دڕ بەخۆی دەدات..) لەهەموو شوێنێکەوە سەرەڕای ئەوەی سەری نییە، چاوی نییە کەچی بەتەعبیری ڕیلکە ناتوانین لەڕوانینەکانی هەڵبێین، ناتوانین خۆمان بشارینەوە، شوێنێک نییە بتوانین لەناتەواوی ڕابکەین، دەبێت ژیانی خۆمان بگۆڕین.. ئەو تێزەی لەپشت ئەم پشت بەستنەی سلۆتێرادیەکەوە وەستاوە بۆ قەسیدەکەی ڕیلکە، لەوەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت کەناتەواوی خۆی لەخۆیدا لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک دەبێت، لەبەرئەوە لەسەرەتای کتێبەکەوە سەرسامی ڕێلکە بەرامبەر تۆرسۆی ئاپۆڵۆ خاڵی یەکەمی تەفسیرکردنی دنیای گۆڕانە بەمانا فراوانەکەیەوە، لەناتەواوییەوە دەگەڕێنەوە بۆ سروشتی مرۆڤ کەبەناتەواوی لەدایک دەبێت، سلۆتێردایک لەبەشەکانی دیکەدا زیاتر ڕۆشنایی دەخاتە سەر بەشی یەکەمی و دەڵێت (لەکوێدا مرۆڤ هەنگاو بنێت، لەپێش

خۆیەوە ئیفلجی ڕێدەکات.. ل97) ، لەکوێدا مرۆڤ هەبێت لەوێدا کەمئەندامی و ناتەواوی خۆی نمایشدەکات، ئیدی مرۆڤ مەحکومە بەناتەواوی و ئیفلجی بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە، مرۆڤ لەخەمی ناتەواوی خۆیەوە دەیەوێت پەلاماری جیهان بـدات، دەیەوێت شوێنەکان بۆ خۆی داگیر بکات، دەیەوێت ببێت بەبەشێک لەجیهانێکی تەواو. ئێمە لەبەردەم ناتەواوایداین، چونکە فانتازیای ئێمە بۆ تەواوکاری لەسنورەکانی مەشقکردندایە، بەم پێیە ئێمە مەشقدەکەین بەرەو تەواکاری و باڵایی. لەم خاڵەوە واهەستدەکەم سلۆتێردایک لەچەمکی (مرۆڤی باڵا) ی نیچە نێزیک دەبێتەوە، بەڵام لەفۆرمێکی دیکەی فەلسەفیدا، بەمەش هەڵکشان بەرەو سەروو یان هەڵکشانی ستوونی کەسەرجەم کردەی مەشقکردنی خۆگرتووە، لای سلۆتێردایک هەوڵدانێکی مرۆڤە بۆ زاڵبوون بەو ناتەواویەی لەخودی خۆیدا هەستیپێدەکات. کەواتە لەکوێدا ئێمە لەدایک بین لەوێدا ناتەواوی لەگەڵماندا لەدایکبووە، لەکوێدا من هەبم، ئالەوێدا ناتەوای هەڕەشەی یەکەمە لەسەر لێرەبوونی خۆم ، لێرەوە پرسیاری لێرەبوونم هەوڵدانە بۆ بوونم بەبونەوەرێکی تەواوکار، لەبەر ئەوە سەیر نییە کە سلۆتێردایک ئەم زەویە وەک (ئەستێرەیەکی مەشقکاران) دەبینێت ، من مەشقدەکەم لەسەر بوونم، چوونکە بوونم ناتەواوە.

تۆرسۆ وەک پەیکەریکی ناتەواو، وەک (ئاپۆڵۆیەکی کەمئەندام ) بەرامبەر خۆی دەبێتەوە کەپێویستە دنیای خۆی لەو ڕوانینەدا کۆبکاتەوە کەبەرەو تەواوکاری و باڵایی ڕاپێچی دەکات، لێرەوە هیچ کلۆجێک نییە لەو تەماشایە ڕابکەین. کەلەهەموو لێوارەکانەوە بەرەو ناوەندێک ڕێدەکات، بەرەو ئێمە، کەلەبەردەم ناتەواوی خۆماندایین، هەست بەو ژیانە تەواوە دەکەین لەنێو خۆماندا یاریدەکات بەرەو باڵایی ، بەرەو هەڵکشان بەرەو سەروو. کەواتە تۆرسۆ وەک ئۆبێکت هەموو ئەو شتانە دەڵێت کەسوبێکت پێوەی دەناڵێت. شتێک گووتن، پێویستە شتێک بڵێین ئەو ڕەهەندە ئاینیەیە کەلەڕێگەی پەیکەر و بت و سومبول و شتەکانیەوە، لەڕێگەی کەشیگەرایی و ڕەنگەکانەوە شتێک دەڵێت. لێرەوە ئاین هیچ نییە جگە لەگۆڕینی پلاستیکی نێوان ئۆبێکت و سوبێکت، کەبەکردەی مەشقکردنیکی ڕۆحیدا تێپەڕ دەبێت، لەم نێوەندەدا ئیتێکی نوێ لەدایکدەبێت کەڕوانینمان بۆ دنیا دەگۆڕێت.



تۆ ئیدی پێویستە ژیانت بگۆڕیت، چونکە هەست بەلێدانی شتە نوێیەکان دەکەیت لەنێو ژیانی ئێستای خۆتدا، مێژووی مرۆڤایەتی لەم گۆشەنیگایەوە، بەڕای من هیچی تر نییە جگە لەگۆڕینی نێوان شوێنگۆڕکێ لەنێوان سوبێکت و ئۆبێکتدا، لەم نێوەندەدا، ئیتیکی نوێ پەیدادەبن و ژیان بەشێوەیەکی دیکە خۆی شێوەباز دەکات، گشتاڵتی ئەم جیهانە جوگرافیای نوێ بۆ خوی دەدۆزیتەوە، بۆئەوەی بتوانێت خۆی پەرشبکاتەوە بەسەر مەدارە نوێیەکاندا، جیهان گۆڕین لەنێوان پەیوەندی نێوان ئۆبێکت و سوبێکتدا ئیتیکی و ئەخلاقی نوێ بەرهەمدێنێت، نۆرم و بەهای نوێ بەرهەمدینێت، لەسەر ئەم پەتە نوییانە ئەکرۆباتەکان گەمەی مەترسیداری خۆیان دەکەن.

## چەمکی گۆڕان و شەڕی خواوەندەکان

خوێندنەوەیەکی دیکە بەڕای من بۆ سەرسامی سلۆتێردایک بەو قەسیدەیەدا لەوەدایە کەفیگوری خوداوەندێک ئامادەیە لەبەرامبەر خوادەوەندێکی دیکەی نادیار، کەسێبەرەکانی بەڕای من (تەواوکاری ناتەواوی تەواوە). من پێموایە ئاپۆڵۆ خۆی لەخۆیدا بەرجەستەبوونی تەواوکاری خواوەندێکە کەپاراستنی مۆڕاڵ، زانست، لۆجیک، ئەقلانیەت، ئیستاتیکا ... لەئەستۆ گرتووە. لەگریکی کۆندا ، لەئانتیکادا، گریکیەکان بڕوایەکی تەوایان بەوە هەبوو کە (ئاپۆڵۆ Apollo) وەک کوڕی زێۆسی خواوەندی هەموو خواکانی ئانتیکا، پارێزەری ئەو بەها باڵا و مەزنانەیە کەکۆمەڵگە و مرۆڤ و دنیای خواوەندەکانی پێکەوە بەندکردبوو، لەئەنتیکادا ئەو هێزە لۆجیکی و مۆڕاڵیەی بەرجەستە دەکرد، لەپەرستگاکانیدا مرۆڤ هەستیدەکرد خوداوەندێک لەناوەڕاستی دنیای پڕ ئازار و ئاژاوەدا بەچاوەتیژەکانیەوە دانیشتووە، هەستێک دەبەخشێت بەمرۆڤ کەدنیا بەهۆی ئەوەوە هێزی چاکە و مۆڕاڵ و جوانیەکان و لۆجیکی خۆی لەدەست نەداوە. لە کتێبە گرنگەکەیدا (لەدایکبوونی تراژیدیا) فردریک نیتچە دەڵێت ئاپۆڵۆ (هەقیقەتی باڵا، باڵایی و تەواوکاری Vollkommenheit حاڵەتەکانە لەبەرامبەر دنیای پڕ ناتێگەیشتن و درزتێبووی ژیانی ڕۆژانەدا... ل٢٠

بڕوانە بەئەڵمانی : نیتچە: لەدایکبوونی تراژیدیا،ل٢٠
Friedrich Nitsche, Die Geburt der Tragödie aus

dem Geiste der Musik Werke, Zweitausendeins, Karl Hanse Verlag 1999, s20

نیتچە ئاپۆڵۆ وەک ئەو هێزە تێدەگات (لەنێوەڕاستی دنیایەکی پڕ ئازاردا دانیشتووە ..ە.س.پ ل٢١) ، بەڕای نیتچە ئاپۆڵۆ دەرکەوتنی ڕێکبوونەوەی دنیا لەنێو درزتێبوونەکانی ژیانمان. ئەم ڕێکیە، ئەم ئیرادەیە، ئەم مۆڕاڵە، ئەم دەرکەوتنە دەرکەوتنی خەونە، بەخشینی خەونە بەمرۆڤ لەسەر ئەم زەویە ناشرینە بەکارەسات و ئازار. لەبەرامبەریدا خودایەکی تر دەوستێت کە (دیۆنیزۆس / دیۆنیز Dionysus) ، خوای خواماری و مەستبوون و لەبیرکردنی هەموو لۆجیکەکانی ئەم دنیایە، خوادیەکە دەیەوێت خومار بین و ئەم دنیایە لەبیربکەین، لەپەرستگاکانی دیۆنیزۆس ، سێکس و خوماری و مەستبوون و شەراب و سەمای شێتانە و نوکتە و گاڵتەکردن کەشی زاڵ بوو بۆ هەموو ئەوانەی لەدنیای هەبوو، لەڕیاڵ، بێزار بوون. ئەم دوو خواوەندە، ئاپۆڵۆ و دیۆنیزۆس ، خوای ئەقڵ ومۆڕاڵ و خەون و ڕێکی و خوداوەندی خومار بوون و لەبیرکردنی لۆجیکە ڕاکشاوەکانی ئەم جیهانە، ئەم دوو خوداوەندە لای نیتچە پێکهێنەرەکانی تراژیدیا و چێژ وەرگرن لەموزیک، بەڵکو موزیک ئەو دووجادووەی لەخۆدا گرتووە، خوماری و لۆجیک، ڕێکی و هارمۆنیەت و خەون و مەستبوونەش بەفانتازیا ودەرچوون لەجەهەنەمەکانی ڕۆژانە ژیان. نیتچە دەڵێت ( ئەم حاڵەتە ڕاستەخۆیە هونەریانەی سروشت لەبەرامبەر هەموو هونەرمەندێک (وەک لاسایی کارێک ) یان دەبێت هونەرمەندێکی خەوبینەری ئاپۆلۆنیزی بێت ،یاخود هونەرمەندیکی خوماری دیۆنیزییە بێت یان لەدواجاردا وەک نمونەی تراژیدیای گریکی کەهەردوو پێکهاتەکەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، خوماری و خەونە هونەرییەکان... ە.س .پ 23) .لەم گۆشە نیگایەوە شەڕی تەواوکاران ، شەڕی باڵاکان لەنێوان خوماری و خەوندا تۆبۆگرافیای جیهان بۆ خۆی دیارییکات. کەواتە ئەوە تەواوکارییە بەرەو ناتەواوی ڕاپێچمان دەکات، ئەوە ناتەوەواکانە بەرەو ئاسۆگەی تەواکاری هەڵماندەکشێنێت، لێرەوە ئەم جەنگە لەنێوان لۆجیک و خومارێدا، لەنێوان خەون و گاڵتەدا، بەشێکە لەو مەشقەگەورەیەی نێوان خودی من و جیهاندا، بۆئەوەی ژیانێکی تر بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی ژیانی خۆمان بگۆڕین ، پێویستە شتێک بڵێین.



لەترسی ئاپۆلۆوە خەون هەیە بەئاپۆلۆیەکی تەواو بەخۆی وچاوەتیژەکانیەوە لێمان دەڕوانێت، دنیای ئێمە لەهەموو لێوارەکانیەوە دەخاتە بەردەم گومانێکی ئەبەدی، لەناتەواویەوە دەبێت خەیاڵی تەواوکاری بکەین، لەتەواوکارییەوە دەبێت هەستبکەین شتێک ناتەواوە. ئیدی من پێموایە لەئاپۆلۆوە حەزکردن هەیە بۆ خوماربوون لەپەرستگاکانی دیۆنیزۆس، لەئەقڵانیەتەوە بۆ خومار بوون، لەخومار بوونەوە بۆ هارمۆنیەت، لەهارمۆنیەتەوە بۆ گۆڕان. لەم گۆشە نیگایەوە چەمکی گۆڕان لەسەرەتادا (گووتنی شتێکە)، وەک ئۆبێکتیکی ئاینی وەهایە کەدەوێت شتێک بڵێت، دەیەوێت بڵێت ئەم ژیانەی ئێستا لەنێویدا ژیانیکی تر خۆی حەشارداوە، بەڵام ئایا دنیای ئێمە تەنها بەلۆجیکە بێ دڵەکان بەڕێوەدەچیت!، یان بەشێکی زۆری هەڕەمەکی و ئانارشیستی لەخۆگرتووە؟، من پێموایە ئەوەی دەیەوێت ژیان بگۆڕێت چەندە ڕۆحی ئاپۆلۆ لەخۆدا هەڵگرتووە، ئەوەندەش دیۆنیزیانە، خومار بەچێژ و سەمای شێتانە، بەسەر پەتە ڕایەڵکراوەکانی ئەم جیهانەدا ڕیدەکات. ئەوانەی جیهانی خۆیان دەگۆڕن لەگەڵ خۆیاندا بەختەوەریەکی نادیار نمایشدەکەن لەنێو دیاردا، بەوەی هیچ گۆڕانکاریەک نییە بەبێ چێژی گەورەی سەرکێشی و خومار بوون نەبێت بەبۆنی خۆی لەنێو خۆیدا وەک بوونیک لەجیهاندا.

خومار بوون، خەون بینین، بیرکردنەوە، سەماکردن، گاڵتەکردن و ڕۆحی گاڵتەجاری، دۆزینەوەی موزیکی شتەکان، دۆزینەوەی موزیک لەو پرۆسەیەدا، دۆزینەوەی بەشێک لەسوبێکت، هەستکردن بەوەی بەسەر مەترسیدا هەنگاو دەنێت، چونکە ژیانی پێشووت جێدەهێڵت، بەڵام وەک ئەکرۆباتیکی سەرکێش بەختەوەری بەوەی لەنێو مەترسیدا بۆ سەرکێشیەکی دیکە دەژیت. بەمشیوەیە گۆڕانخواز بەڕای من ئەو کەسەیە کەڕۆحی ئەکرۆبات، ڕۆحی دیۆنیزۆس و ئاۆپۆڵۆی لەخۆدا هەڵگرتووە. لەم فیگورەوە، شتێیک دەگوترێت، شتێک دەکرێت، خەونێک خۆی بەسەر مەدارەکاندا پەرتدەکاتەوە، بوونیک لەنێو جیهاندا بەسەرکێشیەوە خۆی نمایشدەکات.

**کلتوری مەشقکردنی جەستەیی**

بەمشێوەیە وەک بینیمان، ئۆبێکت وەک ئاینێک دێتە نێو دنیای سوبێکتەوە، لێرەوە وەک سڵۆتێردایک ئاماژەی پێدەکات، (بەرد فەرمان دەردەکات) ،

شتەکان قسەدەکەن، شتێک دەڵێن، ئۆبێکت کار لەسوبێکت دەکات. لەم کارکردنەوە لەسەر ئۆبێکت، لەسەر شت، پەیکەری تۆرسۆی ئاپۆڵۆ دەبێتە ئاماژەیەک بۆ گەڕانەوەی جەستەیەکی تەواو، وەک ئاماژەمان پێدا ئامادەبونی ناتەواو وێنەی تەواومان لەلا پێکدەهێنیت، لەم گەمەیەدا، ڕیلکە ئەوە ناشارێتەوە کەجوانی جەستەی پەیکەری ئاپۆڵۆ لەوەدایە جوانیەکی جەستەییەی تیژ و جەبرییە (Imperativ) فەرمان دەرەدەکات بەگۆڕینی ژیان، کلێشەکانی سەرەتای ئەو چەمکەیە، کەسلۆتێردایک بە (هەڵکشانی ستوونی) ناویدەبات. لەم گۆشەنیگایەوە سەدەی نۆزدە سەدەی گەڕانەوەیە بۆ ئەنتیکا. گەڕانەوەیە بۆ زەمەنی خواوەندەکانی ئانتیکا. بەجۆریکی تر، زەمەنی پەیوەندی نێوان جەستە و خوادوەندەکان، چیرۆکی فانیەکان کەمرۆڤن لەگەڵ ئەبەدییەکان کەخوداکانن. بەمجۆرە لەنێوان ئەبەدییەکان و خواکاندا ئەو هەڵکشانە ستوونیە هەیەکەجەستە دەبێتە نێوەندی ئەو هەڵکشانە بۆ ئەبەدیەت. چیرۆکی پاڵەوانێکی وەک ئاخیلیس کەلەجەنگی تەروادە دەکوژرێت، چیرۆکی پاڵەوانێکە لەڕێگەی ئازایەتی و مەشقی جەستییەوە دەبێتە نیمچە خواوەندێک. فانیەکان لەئەنتیکادا لەگەڵ داهێنان و ئازایەتیاندا لەژیاندا، توانای ئەوەیان هەبوو هەڵکشێن بەرەو سەروو، مەشقکاران لەهەموو بورەکاندا دەگەیشتنە ئاستی گفتوگۆ لەگەڵ خواوەندەکاندا. هێرکولس ئەو پاڵەوانە وەرزشکارەیە کەبەرزدەبێتەوە بۆ ئاستی خواوەندەکان، ئۆدیسۆس شەڕ لەگەڵ خواوەندەکاندا دەکات، ئۆرفیۆس لەنێوان مەشقی موزیک و دنیای هادێسی خوای مردندا گەمەی ترسناکی خۆی دەکات، پڕۆمیسۆس ئاگر لەپەرستگاکانی خوای خواکان زێۆس دەدزێت و سزاکەی ئەوەیە بەبەردیکەوە دەبەسترێتەوە و هەموو ڕۆژێک داڵێک دێت لەبەیانییەوە تاوەکو ئێوارە دادەکەوێت جگەری دەخوات، جگەری جارێکی تر دەڕوێتەوە و ئاوەها ڕۆژانە ئەم بازنە جەهەنەمیەی زیۆس بۆ پڕۆمیسۆسی دیاریکردووە بەردەوامی هەیە تاوەکو هیرکولس وەک وەرشکارو پاڵەوانیکی فانی داڵەکە زیۆس دەکوژێت و پڕۆمیسۆس ڕزگار دەکات لەسزاکەی.. بەمجۆرە لەنێوان خواوەند و وەرزشکارانەو مەشقکاراندا لە گریکی کۆندا (ئەنتیکا) پەیوەندیەکی پڕ کێشەبەندی هەبووە. لەم ڤیزۆنەوە، لەم دووریە ڕۆحانیەیەوە گریکیەکان کولتوری مەشقکردنی جەستەییان پیرۆز دەکرد، لەگریکی کۆندا لەشتادیۆنەکاندا،



لەپاڵەوانبازی گلادیاتۆرەکاندا خۆی بەرجەستە دەکرد، پاڵەوانەکان دەگەیشتنە ئاستی خواوەند و پادشاکان، دەبوونە کەسایەتی گرنگ لەکۆمەڵگەدا. کلتوری وەرزشکارانە و مەشقکردن ، کولتێک بوو لەئانتیکادا بەردەوام کاری لەسەر دەکرا..گەڕانەوە بۆ کلتوری جەستە و وەرزشکاری لەم سەدەیەدا، گەڕانەوەیە بۆ کولتوری ئانتیکا و بەخوداکردنی جەستەیە لەڕێگەی مەشقەوە، بێگومان بۆگەیشتن بەباڵایی و تـەواوکـاری. پەیوەندی نێوان خواوەند و جەستە، پەیوەندی نێوان ئەبەدییەت و فانیبوونە، پەیوەندییەکە لەڕێگەی مەشقکردن و هەڵکشانی ستوونیەوە ئامانجەکانی خۆی دەپێکێت، بەوەی مرۆڤ دەچێتە ڕیزی خواوەندەکانەوە.

ئەوەی دەرئەنجامی چیرۆکی نێوان خواوەندەکان و مرۆڤە لەئەنتیکا، ئەوەیە کەمەشقکاران نێزیکبوون لەخواوەندەکانەوە، بەڵام زەمەنیکی دوور ئەم کولتە (کولتورۆچکە) لەگەڵ پەیدابونی یەکخوادایی Monotheismus لەسەر ڕووبەری گرنگیپێدانی خۆی وەلا دەدات و لەنێوکلێسادا مەشقکردن لەجەستەوە دەچێتە خانەکانی زوهدیەتی ڕۆحی، جەستە بۆ دواجار تەسلیم بەمەشقکردنی ڕۆحی ئاینی دەبێتەوە، بەڵام (پرۆسێسی دوای دووبارە بیناکردنەوەی کلتوری کریستومی، کە لەسەدەی پانزەوە وەک وەک پرۆسێسیکی ڕێنیساس لەشێوازیکی ئارتیستانە و (ئەکرۆباتیانە) و فیلۆگیانە دەستیپیکرد بەرەو کلتوررێکی جەماوەری خۆی ڕاکێشا، یەکیک لەنیشانە هەرە سەرەکیەکانی وەرزش بوو، بەجۆریک کەمرۆڤ ناتوانێت دووبارە و سێ بارەی نەکاتەوە. ئەم کولتورە زۆر قوڵ لەئیتۆس و مۆڕاڵی مۆدێرنەدا ڕەنگیدایەوە... لەگەڵ دەستپیکردنی یارییە ئۆلۆمپیەکان، ئەم کاروانە دەستیپێکرد تائەمڕۆ... سلۆتێردایک ..ە.س.پ. ل٤٩) لەسەدەی نـۆزدەوە ئەم کولتی جەستەکردن و مەشقکردنە دەبێتە بەشێکی گەورە لەکلوتوری زاڵی ئەوروپا کەشانبەشانی هەڵچوونی مۆدێرنە هەڵدەکشێت.

ئەم گۆڕانکارییە لەکریستومیەوە بۆ ڕێنیساس و لەوێوە بۆ مۆدێرنە ئەو کلتورە پێدەگەیەنێت کەناوی مەشقکردنە (Übung)، مەشقکردنی ڕۆحانی و جەستەیی، بەڵام ئەوەی خاڵی قورسی گۆڕانکارییە لەم چیرۆکەدا ئەوەیە کەلەکریستومدا جەستە تەسلیم بەتاکخوادایی دەبێتەوە، جەستە لە خۆبێبەریکردن و زوهدیەتدا

لەمەشقکردنی ڕۆحیدا بازنەی بەدەوردا دەکێشرێت، مەشقکردنی جەستەیی لەڕێگەی وەرزشەوە و نمایشکردنی پێشبڕکێ لەشتادیۆنەکاندا، بەرەو ڕیزەکانی دواوە کشاوەتەوە، لەسەدەی پانزەوە، لەسەرەتاکانی ڕێنیسانس کلتوری مەشقکردنی جەستەیی دەستپیدەکاتەوە و بەدرێژایی سەدەکان خۆی ڕادەکێشێت تاوەکو ئەم کولتورە لەمۆدێرنەدا دەگاتە ترۆپک..

بەدیویکی تردا ڕێنیساس هیچی تر نییە جگە لەدووبارەبوونەوەی ئەنتیکا نەبێت، بەوەی کلتوری مەشقکردنی جەستەیی و زوهدیەتی پابەند بەمەشقکردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ نێو هۆشمەندی گشتی، لەگەڵیشیدا سەماکردن لەگەڵ خواوەندەکاندا دەستپێدەکاتەوە. جارێکیتر ئەم کولتە نێزیکبوونەوەی مرۆڤە لەوەی لەڕێگەی مەشقکردنی جەستەیەوە بگاتە ئاستی خواوەندەکان. لەسەدەی ناوەڕاستدا خواوەند زیاتر لەکڵێسەکاندا بەند دەکرێت و جەستەش دەبێتە جەستەیەکی (ڕۆحانی)، ئیدی زوهدیەتی ڕۆحانی دەبێتە خەسڵەتە سەرەکیەکانی کریستوم و جەستە دەگەڕیتەوە بۆ نێو زوهدیەتی قەشەگەرایی، خۆبیبەریکردن لەپێناو گەیشتنە بەڕۆحانیەت نەک لەپێناو ئەوەیە وەک لەئەنتیکادا هەبووە، نمایشکارانە لەشتادۆنەکاندا گەمەی خۆت بکەیت، لەتاقیکردنەوەکانی خواوەندا دەربچیت و لەدواجاردا لەشاخی ئۆلمپیا، کەجێگەی خواوەندەکانە بە دیداری خواوەندەکان بگەیت...

دیارە ناتوانین بڵێین کە ڕیلکە لەپەیوەندیەکی نەرجسیانەدا لەگەڵ تۆرسۆی ئاپۆلۆدا ژیاوە، نەخێر، (بەڵکو ئەو هەستیارییە ئەوروپییەی سەردەمی خۆیەتی، سەردەمی دواوێستگەکانی ڕینیساس کەلە١٩٠٠ دا دەچێتە نێو یاریگەیەکی پڕ قەیرانەوە...ە.س.پ. ل ٤٩ )..

ڕاینەڕیلکە کوڕی سەردەمی خۆیەتی، سەردەمێک کلتوری وەرزش جارێکیتر دەگەڕیتەوە نیو فەزای گشتی، لەگەڵ وەزرشکردن و مەشقکردنی جەستییەدا، زوهدیەت / ئەسکێسە (Askese) دەبێتە بنیچینە مۆڕاڵیەکانی ئەم سەدەیە. لەسەدەی نۆزدەدا ڕۆژئاوا خۆی لە (مەشقکردن) دا بەرجەستە دەکرد. لەهەموو لایەکەوە مۆدێرنە هەموو هیواکانی بەدواڕۆژیکی ڕوون لەخۆگرتبوو، پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، پێشەسازی قورس، دامەزراندنی کۆمارەکان و گەشانەوەی ڕێڕەوە فەلسەفیەکان مژدەی دنیایەکی نوی بوو بەجیهان. جیهان لەسەدەی نۆزدەدا



خۆی لەبەردەم کاری بەردەوامدا دەبینیەوە، لەبەردەم داهێنانە نوییەکانی تەکنەلۆژیاو پیشەسازی ڕۆژئاوا دەچووە نێو دواوێستگەکانی ڕێنیساس.

سەدەی نۆزدە لەگۆشەنیگای سلۆتێردایکەوە، سەدەی ئیدۆلی (دووبارە سۆماتیزەکرنەوە Re-Somatisierung) بوو بەمانیەکی تر دووبارە دروستبوونەوەی و تەندروستبوونەوەی جەستە Re-Somatisierung هێنایەوە سەر شانۆی هۆسمەدنی گشتی، وەک کلوتێک جاریکیتر جەستە لە بەندیخانەکانی زوهدیەتی ئاینی هاتەدەرەوە بۆ نێوەڕاستی جەستەبوونەوەی خۆی بوو، لەهەمانکاتدا گەڕانەوەی جەستە بوو وەک بەرجەستەبوویەکی مەشق لەسەر کراو بۆ نێو هۆشمەندی ئەم سەدەیە. لەم گەڕانەوەیەدا سەدەی نۆزدە بەرامبەر دوو ئیدۆلی دیار دەبێت، یەکەمیان وەک باسمان لێوەی کرد دووبارە گەڕانەوە بوو بۆ جەستە کەدەتوانین بە (دووبارە جەستەییبوون) وەریگێڕێن، تێدا جەستە جارێکیتر خۆی لەنێو کلتورێکی نوێدا نمایشدەکات، بەجۆریک کەدوورخستەوەی ئەو ڕەهەندە ڕۆحیەیە ئایینیە لەجەستە و جەستە خۆی و لەخودی خۆییدا کلتوری مەشقکردن دەهێنتە ئاراوە، دووهەمیان پابەندە ەەجوڵانەوەی (هێگلینزمە نوێیەکان یان هێگلیە گەنجەکان Junghege-lianer) وەک جوڵانەوەیەکی فەلسەفی کە لەمارکس و ئەنجلس و فیۆرباخ و برۆنەر باور و هێس و ڕۆژێ و شتیرن و زۆریتر... لەپێچیکدا ئیدۆلی سۆسیالزم و کارکدن بۆ گۆڕینی جیهان خۆی بەرجەستە دەکات، دروشمی ئەو زەمەنە بوو کە (Die Auferstehung des Fleisches im Diesseits هەستاوەنەوە و زیندەگیکردنەوەی دووبارە زیندووبونەوەی گۆشت لێرەوەیە..

بەمانای دووبارە زیندبونەوەی مرۆڤ بۆ خەباتکردن، بۆ مەشقکردن لەپێناوگۆرنیی دنیادا وەک مارکس ئاماژەی پێداوە. ئەم دوو کولتە، ئەم دوو ئیدۆلە لەسەدەی نـۆزدەدا یەکێکیان لەکولتوری بەپێرفێکتکردنی جەستەو کلتوری وەرزش خۆی بەرجەستەدەکات، کەناوەڕۆکی مەشقکردن و بەرزبونەوە بۆ ئاستەکانی تەواوکاری وەک چەمکی فەلسەفی و فیکری دەبێتە وانەیەک بۆ بەردەوامبوون، لەئاستەکانی خوارەوە بۆ هەڵکشان بەرەو سەرەوە، وەک هەڵکشانێکی ستوونی، لەم خاڵەوە ئەو دەنگەی لەتۆرسۆی ناتەواوی ئاپۆلۆوە لەقەسیدەکەی ڕیلکەوە داوامان لێدەکات (پێویستە ژیانی خۆمان بگۆڕین ..) تەنها ڕستە جەبری

نییە، بەقەد هێندەی کردنەوەی ڕەهەندیکی نوێیە بەسەر ژیاندا، کاتێک ئێمە لەشتەڕەقەکانەوە لەماناکانی شت گووتن فێردەبین، دەبێت شتێک بڵێین بۆ ئەوەی لەم دنیایە تێبگەین، دەبێت لەدنیا تێبگەین بۆئەوەی بتوانین ژیانمان بگۆڕین.. دەبێت وەک سلۆتێردایک دەڵێت لەگەڵ خواوەندەکاندا مەشق بکەین..

### هەسارەیەک لەمەشقکارانی گۆڕان

لێرەوە دەتوانین لەوە تێبگەین کەشتەڕەقەکانیش شت دەڵێن، لەگوتنی شتەڕەقەکانەوە، لەجەستەی ناتەواوەوە بەرەو تەواوی و باڵایی هەڵدەکشێین، بەمەش ئەوەی بیەوێت دنیا بگۆڕێت دەبێت لەشت گوتنەوە هەڵکشێت بەرەو ئاستی مەشقکردنی ڕۆحی و جەستەییی ،دەبێت خۆی بێبەری بکات لەچێژی ڕاگوزارو، دەبێت شت بڵێت و شت بکات و مەشقبکات لەسەر زوهدیەت (خۆ بێبەریکردن) لەپێناوی هەڵکشانێک بەرەو سەرەوە، هەڵکشانێکی ستوونی. دەبێت وەک ئەکرۆباتیک وەها بێت کەبەسەر پەتێکی باریکدا دەڕوات لەوانەیە بکەوێتە خـوارەوە و کۆتایی بەژیانی بێت، بەڵام وەک نیتچە دەڵێت (ئەو ئەکرۆباتە، ئەو ئارتێستە مەترسی کردۆتە ژیانی خۆی ..). ئەم هەسارەیەی ئێمەی لەسەری دەژین، هەسارەیەکی مەشقکارە، هەسارەیەکە مەشقدەکات لەژیان، لەسەر ئازادی لەسەر سیکسوالیەت و ئەشق ، لەسەر نوێبوونەوەو بیناکردن، لەسەر فراوانکردنی ئازادییەکانی جەستە و ڕۆح.. ئەم هەسارەیە دەیەوێت لەڕێگەی شتەڕەقەکانەوە، لەڕێگەی شتە وردیلەکانی ژیانەوە شتێک بڵێت، شتێک بینابکات، شتێکی تر بڕوخینێت.. کێ ئەم مەشقەی کرد دەتوانێت لەگەڵ خواوەندەکاندا سەما بکات، دووبارە نیتچە دەڵێت: ئای کەمەزنە جەنگی خواوەندەکان،ئەوەی تەماشای ئەو جەنگە بکات ، ناتوانێ بێدەنگ بێت و بەشداری نەکات.. کێ مەشقیکرد و نەوەستا لەمەشقکردن دەتوانێت بەشدار بێت لەتەماشادا، کێ هەڵکشا بەرەو سەرەوە دەتوانێت، بەشدار لەشەڕی خواوەندەکاندا...



**سەرچاوەکان**


1 Peter Sloterdjik, Du mußt dein Leben ändern, Suhrkamp2009

2. Friedrich Nitsche, Die Geburt der Tragödie aus dem Geiste der Musik Werke, Zweitausend-eins, Karl Hanse Verlag 1999

# سەرنجێک لەسەر
# توندوتیژی دژی منداڵان لە مێژوودا

ڕێبین عومەر

ئەو کاتەی لەگەڵ ڕێکخراوێکی بیانی تایبەت بە منداڵان کارم دەکرد، ڕووبەڕووی دنیایەک نەهامەتی بوومەوە، کە منداڵانی ئێمەی تێدا دەژی. ئەگەر چی پێشتر بەهۆی گرنگیدانی خۆمەوە بە بارودۆخی منداڵ ئاشنای هەندێک لەو نەهامەتیانە بووم، بەڵام وەک ئەوە نەبوو کە واقیعەکە بە چاوی خۆت ببینیتو ڕۆژانە لە گەڵیدا بژیت. زۆر شت هەبوون جێگەی سەرنجی من بوون. لە هەموو شتێک گرنگتر، کە لەم باسەدا جێگەی لێ ووردبونەوەیە، قسەی دایکێک بوو ئەو کاتەی خەریکی ڕوونکردنەوەی کۆمەڵێک بابەت بووین لەبارەی توندوتیژی دژی منداڵانو ئاکامە خراپەکانی، بە پرسیارێکی زۆر سەرسوڕمان ئامێزەوە پێی وتم: "من جاری وا هەیە منداڵەکەم شینو مۆر دەکەمەوە چارەناکرێت ئێستە بە قسەکردن لە گەڵیدا چارەدەکرێت؟!" دڵنیابووم ئەم دایکە ڕۆژێک لە ڕۆژان، بۆ تەنها جارێکیش بێت، لەگەڵ منداڵەکەیدا دانەنیشتووەو گفتوگۆی لەگەڵدا بکات. بۆیە خۆم لەو پرسیارە بوارد، کە تائێستا چەند جار دانیشتووە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵ بکات، لەبری ئەوە یەکسەر بیرم بۆ ئەو خووە ناتەندروستە چوو، کە بیرۆکەی لێدانی منداڵ لە مێنتاڵیتی زۆربەی ئێمەی گەورەدا وا خۆی بەیاندەکات، کە دوا ڕێگەچارە بێت پاش ئەوەی لە گفتوگۆی بەردەوامدا بووین بۆ قەناعەت پێ کردنیان، بەڵام لە ڕاستیدا یەکەمو دوا ڕێگەچارەیە دەیگرینەبەر.



ئەوەی باسمکردو ئەو گرتە ڤیدۆیەش کە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکرایەوە لەسەر سوکایەتیکردن بە منداڵێک لەلایەن مامۆستایەکەوە، هانی دام چەند سەرنجێکی کورت دەرببڕم لەسەر توندوتیژی دژی منداڵ لە مێژوودا لەگەڵ ئاماژەکردنم بە یەکێک لەو کەسانەی کە تەمەنێکی بەسەر بردووە لە کەشفکردنی مێژووی توندوتیژی دژی منداڵدا. ئەوەشی زۆرتر سوری کردم لە نووسینی ئەم بابەتە، دوا وتەی ئەو مامۆستایەبوو لە میدیاکاندا گوایە "هەر بۆ سوعبەت" ئەو گرتە ڤیدۆیەی گرتووەو بڵاوی کردوەتەوە. ئاخر زۆر کارەساتە تۆ ئەوپەڕی سوکایەتی بە منداڵێک بکەیتو دواتر پاساوت ئەوە بێت کە سوعبەتت کردووە!! ئەوە شتێکی ترمان پێدەڵێت، ئەویش ئەوەیە کە منداڵ لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا نەک هەر قوربانی توندوتیژییە، کە لەلایەن گەورەکانەوە بەرامبەریان دەکرێت، بەڵکو خەریکە دەبن بە سەرچاوەی ڕابواردنی گەورەکان. ئەمە حوکمدانێک نییە، کە لەسەر ئەو بناغەیە بنیاتنرابێت، کە مامۆستایەک سوکایەتی بە منداڵێک دەکاتو دواتر ناوی دەنێت سوعبەت، بەڵکو چەندان نموونەی ترم لایە لە ناو قوتابخانەکاندا سوکایەتی لەوە خراپتر بەرامبەر منداڵان دەکرێتو بگرە بە قسەی هەندێک لە مامۆستایان خۆیان دەکرێن بە (مەزە)ی ناو ئیدارە.

هەمیشە مێژووی هەرشتێک کۆمەڵێک سەرنجی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە، کە تایبەتمەندی خودی مێژوو خۆیەتی وەک کایەیەک پەیوەست بەو واقیعەی مێژوونووسان نوسیویانەتەوەو بووە بە مێژوویەک. سەرنجی ئێمە لێرەدا لە بارەی مێژووی منداڵەوە لەسەر توندوتیژی دژی منداڵ گیرساوەتەوە. هەرچەندە ئاسان نییە لە وتارێکدا ئاماژە بە وردو درشتی ئەو مێژووە بکەین، بەڵام پێموایە بەدەستەوەدانی پوختەیەک لەو بارەیەوە بێ ئاکام نییە، ئەویش لەبەر دوو هۆکار: یەکەم/ خستنەبەردەستی مەعریفەیەک لەو بارەوە لەگەڵ چەندان نموونەی توندوتیژی دژی منداڵ لە مێژوودا. دووەم/ بەو هیوایەی ئەم بابەتە دەماری مرۆڤبوونمان بجوڵێنێت بەرامبەر ئەو کائینەی ڕۆژانە شاهیدی بێ ڕێزین بەرامبەریان لەم کۆمەڵگایەدا.

ئەگەر مەبەستمان بێت سەرنجمان لەسەر بارودۆخی منداڵ چڕ بکەینەوە بە درێژایی مێژوو، ئەوا زۆر زوو ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە منداڵ لە

هەموو کاتو سەردەمەکاندا لە بەردەم ئەگەری توندوتیژیدا بووە، ئەمیش لەبەر ئەوەی هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتی گەورەکاندا بووە چ لە ڕووی بایەلۆجییەوە بێت کە جەستەیەکی خۆنەگرتوو و ناکامڵە، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کە خاوەنی پێگەیەک نەبووە لە ئاست بوونە ئینسانیەکەیدا، واتە وەک مرۆڤێک کە لەتەمەنی زووی ژیانیدایە. هەرچەندە زۆر لەگەڵ ئەو دەرئەنجامە ڕەهایەی دیمۆسدا نیم کە دەڵێت "مێژووی مرۆڤایەتی لەسەر دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان بنیاتنراوە"، بەڵام کاتێک بە مێژووی منداڵدا دەچینەوە، هەست دەکەین بەشێک لە ڕاستی تێدایە، ئەم حوکمەی دیمۆس لەو گەڕانە بەردەوامەیدا شێوەی وەرگرتوە، کە بۆ مێژووی دەستدرێژکردنە سەر منداڵان کردویەتی، کە پڕە لە نموونەی ڕوونو ئاشکرا دەربارەی ئەو مێژووە. ئەو بە وردبوونەوە لە مێژوو شەش دۆخ (Mode) لە شێوازی منداڵ بەخێوکردن دیاری دەکات، کە پێیوایە ئەو شێوازە باوانەن بۆ هەموو ئەو گروپانەی کە بە ڕێڕەوی گەشەی بارودۆخی منداڵێتیو گەشەی کەلتوریدا تێپەڕبوون. پێش ئەوەی بەو دۆخانە ئاشنا بین، پێویستە ناساندنێک بۆ لیۆید دیمۆس (Lloyd DeMause) بکەین. دیمۆس بڕیارێکی کۆمەڵایەتیی ئەمەریکییە، کە بە کارەکانی لە بواری دەروونی مێژوویی (Psychohistory) ناسراوە. ئەم بوارە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە جوڵێنەرە دەرونییەکانی ڕووداوە مێژووییەکان. لەم بوارەشدا تیشکی خستووەتە سەر خێزان، منداڵێتی بەتایبەتی هەراسانکردنی منداڵ (Child Abuse)و چەند بابەتێکی تر. بۆ ئەم مەبەستەش دیمۆس نەوەد وتارو هەشت کتێبی نووسیوە.

بەگەڕانەوە بۆ ئەو شەش دۆخەی دیمۆس سەبارەت بە منداڵ بەخێوکردن دیاریی کردوون، پێموایە ڕێگەیەکی سیستماتیکیانەتر دەگرێنە بەر بۆ ئەوەی لە توندوتیژی منداڵ بدوێن لەو مێژووەدا، بە تایبەتی مێژووی منداڵیش کە بۆ خۆی خاوەنی هەڵوەستەلەسەرکردنە، لە کاتێکدا ئەوەی بەدەست گەیشتووە سەبارەت بەو مێژووە، یان لە یاسا کۆمەڵایەتیو کەلتوریو ئاینییەکانەوە دەستگیر بوون کە چۆن ڕۆڵیان لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ منداڵدا هەبووە، یان لەو دیکۆمێنتە تایبەتیانەی وەک نامەو یادگارییەوە لێرەو لەوێ دۆزراوەتەوە یاخود لەو مێژووەوە دەستگیر بووە، کە گەورەکان نووسیویانەتەوە.



دۆخی منداڵکوژی (Infanticide Mode): منداڵکوژی لە سایەی چەندین یاساو کۆدی کۆمەڵایەتیو ئاینیو خورافیدا کراوە. مەودای ئەم دۆخە بە رای دیمۆس لە سەردەمە کۆنەکانەوە دەستپێدەکاتو لە سەدەی چواردەهەمدا کۆتایی پێدێت. ئەمە بەو مانایە نایەت ئیتر لەدوای ئەوە منداڵکوژییە نەبووە، بە پێچەوانەوە دیمۆس پێی وایە ئەم دۆخە تا ئێستاش لە فۆرمی جیاواز جیاوازدا خۆی دەردەخاتەوە، لەباربردنی منداڵ دیارترینی ئەو فۆرمانەیە. لە نموونەکانی دیمۆسو چەند نووسەرێکی تری بواری مێژووی منداڵانەوە تێبینی ئەو ڕاستیەمان کرد، کە منداڵکوژی لەم دۆخەدا لەسەر دوو بناغە ئەنجامدراوە , یەکەمیان بناغەیەکی کۆمەڵایەتی کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسا باوە تەقلیدیانە بووە، کە کۆمەڵو گروپەکان پەیوەست بوون پێیەوە، جێبەجێیان کردووە. دووەم لەسەر بناغەیەکی ئاینیو خورافی کە قوربانیکردن دیارترین سیمای بووە. لە شارستانیەتەکانی هیندو چیندا زۆر یاساو فۆرمی جۆراوجۆر هەبوون بۆ کوشتنی منداڵ وەک ئەوەی منداڵەکە شێواوەو لە ڕووی ئابوریەوە گران بەخێو دەکرێت یان بە پاساوی ئەوەی زۆر بە ئاسانی بڵێت ئەو منداڵەمان ناوێت. بەهەمان شێوە لە سپارتادا منداڵان لەلایەن لیژنەی گەورە پیاوانەوە تاقی دەکرانەوە ئەگەر حوکمی شێواویان بەسەردا بدرایە، ئەوا دەکوژران. لەهەندێ کۆمەڵگادا منداڵان دەکوژران ئەگەر بزانرایە منداڵی ناشەرعین. ڕیچار. پ. ساڵەر لە کتێبەکەیدا بەناوی (باوک سالاری، سامانو مردن لە خێزانی ڕۆمانیدا) دەڵێت: "وێنەی باوکی ڕۆمانی کە دەسەڵاتێکی تاڕادەیەک بێ سنوری بەسەرماڵدا پێ بەخشراوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی دێرین، بەتایبەتی موفەسیرە یۆنانییەکان. دیۆنییس هالیکاتاسەس ئەو دەسەڵاتانەی ڕیز کردووە، کە ڕۆمیلۆس بەخشیونی بە باوکان بەسەر منداڵەکانیانەوە، کە دەسەڵاتی زیندانیکردن، لێدان، هێشتنەوەی لە وڵاتدا , هەتا کوشتنی کوڕەکانیشیان. سێکستەس ئیمپریکۆس دەسـەڵاتـی باوکی ڕۆمـانـی خستوەتە دەقێکی فراوانترەوە , کۆنۆس بڕیاری کوشتنو تێکشاندنی منداڵەکانی خۆیدا، سۆلۆن ئەو یاسای بەخشیە ئەسینایيەکان، کە ڕێگەی دا بە هەر کەسێک بۆ سەر بڕینی منداڵەکەی". ئەوەی ساڵەر باسی دەکات لە بارەی سەردەمی دێرینەوەو ئەو یاسا کۆمەڵایەتییە ڕۆمانیەش بەناوی دەسەڵاتی باوکەوە (Patria

Potestas) هەبووە، کە هەقی بە کوشتنی منداڵەکەی داوە لەگەڵ چەندین یاسای کۆمەڵایەتی تردا، ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ منداڵکوژی. لەسەردەمی پێش ئیسلامیشدا لەناو عەرەبدا زیندەبەچاڵکردنی منداڵ، بەتایبەتی ڕەگەزی مێ، تەقلیدێکی باو بووە. دیارە ئەمەش لەبەرزترین ئاستدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەقلیدە خێڵەکییە، کە بوونی کچ لە بەرامبەر کوڕدا زۆر لەوە بێ بایەخترە، کە ڕێگەی پێبدرێت بژی.

کوشتنی منداڵ لەسەر بناغەی ئاینیو خورافی بەهەمان شێوەی کۆمەڵایەتیەکەی ڕوویەکی دیاری ئەم دۆخەیە. شوێنەوارناسەکان قەبرستانێکیان دۆزیوەتەوە، کە سەر بە قرتاجیەکانە، "ئەم قەبرستانە پێ ی دەوترێت تۆفیت (The Tophet)و نزیکەی 20،000 گۆزەی تێدا نێژراوە لە نێوان ساڵانی 400 بۆ 200 پێش زاین. گۆڕەکان ئێسکو پروسکی منداڵیان تێدایە، کە لەلایەن دایکو باوکیانەوە کراون بە قوربانی، بەشێوەیەک نەزریان دەکرد منداڵی داهاتویان کە لەدایکدەبێت، بیکوژن ئەگەر خواوەندەکان یارمەتیان بدەن، بۆ نموونە بارەکەشتیەکانیان کە بار کرابوون لە کاڵاو شتو مەک بگەنەجێ لە بەندەرە بیانییەکانەوە. هەندێک لە گۆزەکان ئیسکو پروسکی منداڵی تازەلە دایکبووی تێدا بووە لەگەڵ ئیسکو پروسکی منداڵی دوو تا سێ ساڵان". ئەمە جگە لەوەش چەندین جۆری خورافات لە ناو خێڵو گروپەکاندا هەبوون بۆ شەرعیەتبەخشین بەکوشتنی منداڵ وەک ئەوەی "گروپە ئەفریقیەکان باوەڕیان وابووە کە منداڵانی دووانە ڕۆحی خراپەو شەڕیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەو دەیانکوشتن".

بەنیسبەت شێوازو چۆنیەتی کوشتنەکانیشەوە زۆر دڵڕەقانەو قێزەون بوون، وەک فڕێدانیان بۆ ناو دەریاچەو ڕووبارەکان، سەربڕینیان لە حاڵەتی قوربانیدا، لە شاری جێرکۆ (ئەریحای ئێستا) لە کاتی بیناکردنی شارەکەدا منداڵان کراونەتە ئەساسی خانووەکانەوە، بۆ ڕازیکردنی خواوەندی باران منداڵەکانیان لە ئاودا خنکاندوە. بۆ ڕازیکردنی خواوەندی ئاگر منداڵەکانیان لە ئاگردا سوتاندووە. بۆ ڕازیکردنی خواوەندی ڕاوشکار منداڵەکانیان داوەتە بە تیر.

کوشتنی منداڵ تاکە سیمای ئەم دۆخە نییە، بەڵکو دیمۆس پێیوایە پەیوەندی زایەندیی نێوان مەحرەمەکان (Incest) نەریتێکی ترە لە دۆخی منداڵکوژیدا،



منداڵی یۆنانیو ڕۆمانییەکان تەمەنی منداڵییان لە کەشێکی دەستدرێژیی سێکسیدا دەبردە سەر، کچان بەشێوەیەکی ئاسایی لاقە دەکران، وەک ئەوەی لە مەشهەدی زۆرێک لە شانۆ کۆمیدییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، کە بەشێوەیەکی گاڵتەئامێزانە خراوەتە ڕوو و کچانی بچوک لاقە دەکرێن. هەریەکە لە دکتۆرەکانی یۆنانو ڕۆمان ئەوەیان ڕاگەیاندووە، کە بە دەگمەن منداڵانی مێینە پەردەی کچێنیان هەیە... بەهەمان شێوە کوڕەکانیش بە شێوەیەکی عادەتی لە لایەن باوکانەوە دەدران بە هاوسێکانیان بۆ لاقەکردن. ئەم جۆرە لە دەستدرێژی بۆ سەر منداڵ لە سەردەمە کۆنەکاندا زۆر باو بووە، بەتایبەتیش لە چینو هیندو گروپە کۆمەڵایەتییە ئەفریقیەکاندا. ئێستاش لە هەندی لە هەندێ شوێنی وەک بایگا (Baiga) لە هیندستانو نیوجینی (New Guinea) لە ڕۆژئاوای ئەفریقا هەر باوەو هاوسەرگیری لە نێوان باوکو کچو دایکو کوڕو خوشکو براو تەنانەت لە نێوان داپیرەو باپیرەو نەوەکانیشیاندا دەکرێت.

دۆخی دەستبەرداری (Abandoning Mode): هەرچەندە لە ڕووی زەمەنەوە دیمۆس ئەم دۆخەی لە دوای دۆخی منداڵکوژی دیاری کردووە، چونکە پێی وایە هەڵوێستی ئاینی مەسیحی لە قەدەغەکردنی کوشتنی منداڵدا یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە بە ڕوونی ببینرێت، بەڵام دەستەبەرداربوونی منداڵو جێهێشتنیو فڕێدانی مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیەو زۆرجایش ئەم دۆخە بە توندی وابەستەی دۆخی منداڵکوژی بووە. چیرۆکە ئاینیو ئەدەبییەکان زۆر نموونەی لەو بابەتەیان تێدایە، کە "موسا لەلایەن کچەکەی فیرعەونەوە ڕزگار کرا. زۆر لە خواوەندو پاڵەوانە ئەفسانەییو کلاسیکییەکان لە زیۆسو ئۆدیپەسەوە بۆ ڕۆمیولەسو ڕیمۆسی دوانە، دامەزرێنەری ڕۆما، کە هەردووکیان لەلایەن گورگەوە دۆزراونەتەوەو شیریان پێدراوە". ئەمانەو چەندان نموونەی تر بەڵگەی بوونی ئەم جۆرە لە هەڵسوکەوت بوون لەگەڵ منداڵ لەکۆمەڵگاکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان.

دەستبەرداربوونی منداڵ لەلایەن دایکو باوکانەوە، فرۆشتنیانو ناردنیان بۆ بەخێوکەر یان دێرەکان یاخود بۆ ماڵان بۆ خزمەتکاریکردن بارودۆخێکی خراپتری نوێی بۆ منداڵ دروستکرد، کە ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەیان بوو بە چەندەها

جۆری توندوتیژی لەلایەن ئەو کەسانەی کە بەخێویان دەکردن یان کاریان پێ دەکردن. جگە لەوەیش، ئەگەر چی ئاینی مەسیحی کوشتنی منداڵی قەدەغە کرد، بەڵام لە لایەکی ترەوە جۆرە تێڕوانینێکی تری هێنایە ئاراوە سەبارەت بە منداڵ، ئەویش ئەوەیە کە منداڵ هەڵگری ڕۆحێکی شەیتانیو گوناهکارەو پێویستە بە زەبرو زەنگ لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکەین. ئەم تێڕوانینە داهێنانی لە دروستکردنی چەندان وەسیلەو ئامێری لێدانو سزادانی منداڵاندا کرد وەک قامیش، گورزە شوڵ، ئەنگێزە (لە شێوەی نەقیزەدا بووە زۆرجار لە دەست یان سەری منداڵ ئەچەقێنرا) زۆرجار لێدانەکان ئەوەندە توند بوون، کە جەستەی منداڵ سورو خوێناوی بووە. دیمۆس دەڵێت: "نارەزایی گشتی دەگمەن بوو هەتا هیومانیستەکانو مامۆستایانیش کە ناوبانگێکی میهرەبانانەیان هەبوو، ڕازی بوون بەو توندلێدانەی منداڵان. ئەوانەیشی هەوڵی ڕیفۆرمیان دەدا، تەنها بۆ زیندووهێشتنەوەی منداڵ بوو".

دۆخی دژیەک (Ambivalent Mode): ئەگەر پێشتر دایکانو باوکان لە بڕوایەکی ئاینییەوە پێیان وابووبێت کە منداڵ بەتەواوەتی بریتییە لە ڕۆحێکی شەیتانیانەو گوناهکار، ئەوا لەم دۆخەدا گۆڕانکاری لە تێڕوانینیاندا ڕوودەدات بەوەی کە بەشێوەیەکی دژیەک سەیری منداڵەکانیان بکەن، واتە بەشێوەیەک کە لایەنی خراپەو چاکەشی تێدایە، لە دەرئەنجامی ئەوەشەوە خۆشەویستیو ڕقیان بۆ دەردەبڕین. لەم دۆخـەدا فۆرمالیستەکانی کلێسا دەستیانکرد بە ئاگادارکردنەوەی دایکانو باوکان لە دەستدرێژی سێکسی کردنەسەر منداڵەکانیان. دیمۆس ئاماژە بەوەدەکات کە زۆرێک لە دایکان بڕیاریاندا چیتر خۆیان منداڵەکانیان بەخێو بکەنو نەینێرن بۆ هیچ شوێنێک، ئەم بڕیارە بووە هۆی ئەوەی باوکان سکاڵای ئەوە بکەن، کە سنگی هاوسەرەکانیان بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە نەک منداڵەکانیان، بەڵام ئەو دایکانە بەزیرەکانە پێشنیازی ئەوەیان بۆ باوکان کرد، کە پێویستە ڕێگەی ئەوەیان پێ بدرێت منداڵەکانیشیان لە ئامێز بگرن. ئەگەرچی لەم دۆخەدا هەندێک لە خۆشەویستی بۆ منداڵ گەڕایەوە، بەڵام هیچ خاڵی نەبوو لەو بارودۆخەی کە پێشتر منداڵی تێدا بوو، چونکە بە ئاسانی ئەو پاساوە ئاینیانە نەدەکێشێنران، کە بووبوون بە تەقلیدێکو حەقی



دەدا بە توندوتیژی دژی منداڵان وەک ئەوەی منداڵ خەتاکارەو تەنها سزادان سنورێک بۆ خەتاکاریەکانی دادەنێت.

دۆخی خۆسەپێن (Intrusive Mode): دیمۆس پێی وایە ئەم دۆخە لە سەدەی هەڤدەوە بەتایبەت لە ئینگلستانو ئەمریکاو فەرەنسا دەستپێدەکات، کە منداڵ تێدا کەمتر وەک پرۆجێکشنێکی ترسناک دەبینرا. سیما دیارەکانی توندوتیژی لەم دۆخەدا بریتی بوو لە ترساندنی منداڵ بە خێوو گیانداری خەیاڵی ترسناک لە بری لێدانیان بە قامچی بە شێوەیەکی بەردەوام. نموونەکانی ئەم سزادانەش لە پێشخانێکی کەلتوری کۆمەڵایەتیو ئاینیەوە هاتبوو، بۆ نموونە ترساندنیان بە ڕەسمی سەگێکی گەورە لەسەر جێگەی منداڵ یاخود سوتاندنی لە ئاگری دۆزەخ... هتد. لەخشتەبردنی سێکسی یەکێکی ترە لە سیماکانی توندوتیژی لەم دۆخەدا، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی دروست بوو، کە ڕازی نەبوون پیاوان هەڵسوکەوت لەگەڵ کچان بکەن بەو بیانوەی ئاگاداریان دەکەن , وە بەکارهێنانی کوڕ بۆ جنسبازی قێزەون کرا، هەرچەندە لەلایەن کەمینەیەکەوە هەر بەنهێنی ئەنجام دەدرا. سەرەڕای ئەو جۆرانەی توندوتیژی کە باسکران، دیارترین ئەو سیمایەی کە ئەم دۆخەی زۆرتر پێ دەناسرێتەوە، بەندکردنی منداڵە لە ژوورێکی تاریکی بچوکدا بەمەبەستی سزادانی. ئەم بەندکردنەش زۆرجار چەند سەعاتێک بۆ چەند ڕۆژێکی دەخایەند بێ خواردنو ئاو. کوڕێکی پێنج ساڵانی فەرەنسی لە کاتی سەیرکردنی باڵەخانەیەکی تازەدا لەگەڵ دایکیدا دەڵێت: "نا دایە، ئەم تەلارە گونجاو نییە: ژووری بچوکو تاریکی تێدانییە! دەتوانیت بمخەیتە کوێوە کاتێک هارو هاجیم کرد؟

دۆخی بەکۆمەڵایەتیکردن (Socializing Mode): دیمۆس بەم شێوەیە باس لەم دۆخە دەکات: "دۆخی بەکۆمەڵایەتیکردن هێشتا مۆدێکی سەرەکی گەورەکردنی منداڵە لە نەتەوە ڕۆژئاوایەکاندا، کە تێیدا وەسفی دایک کراوە وەک ڕاهێنەرێک، باوکیش وەک بەخشەرو پارێزەر، منداڵیش وەک کەسێک بە هیواشی دروست دەکرێت بۆ ئەوەی لە مۆدێلی باشێتی دایکو باوکی بچێت". ئەگەر پێشتر پێناسەی خێزان لە ڕووی پێکهاتەوە بریتی بووبێت لە دایکو باوکو منداڵو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە دایکو باوکو خێزانیان

کۆنترۆڵ کردبێت , ئەوا لەم دۆخەدا منداڵیش دێتە ناو هاوکێشەکەوە بۆ ئەوەی مافی کۆمەڵایەتیبوونی پێبدرێت، ئەم مافەش لەو خولیایەوە سەرهەڵدەدات، کە دایکانو باوکان خواستی دروستکردنی کەسێکیان هەبووە، کە لە خۆیان بچێت. زۆر لە لە هەراسانکردنەکان لە ناو ماڵدا لەلایەن دایکانو باوکانەوە بەرەو کەمبوونەوە چوون، بەڵام لە شوێنەکانی تردا دەکرا. بۆ نموونە لە قوتابخانەکاندا بەشێوەیەکی شەهوانیانە قامچیکاریی پاشەوەی منداڵ دەکرا بە ڕووتیو زۆر بەتوندی , یاخود زۆرجار لەلایەن منداڵانی گەورەترو مامۆستایانەوە بێزار دەکران. زۆرجار هەوڵ هەبوو بۆ ئەوەی منداڵان ڕووبەڕووی توندوتیژی نەبنەوە لەناو قوتابخانەدا، بەڵام هەندێ جار لەلایەن دایکانو باوکانەوە بەرهەڵستی ئەم هەوڵانە دەکرا. ئەمەش لەو بڕوایەوە بوو، کە بەکارهێنانی زەبرو زەنگ دوا ڕێگاچارەیە بۆ بەکارهێنانی منداڵ بەو شێوەیەی گەورەکان دەیانەوێت.

دۆحی یارمەتیدان (Helping Mode): لەتێڕوانینی دیمۆسەوە ئەم دۆخە لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردووە کە "کەمینەیەکی دایکانو باوکان هەوڵی یارمەتیدانی منداڵەکانیان دەدەن بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجەکانی خۆیان لەهەر قۆناغێکی ژیاندابێت لەجیاتی بەکۆمەڵایەتیکردنیان بۆ ئامانجی گەورەکان. "تایبەتمەندی ئەم دۆخە بریتیە لە هاوسۆزیکردنی منداڵ بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان لەلایەن دایکو باوکەوە , گفتوگۆی دوولایەن لەگەڵیان , لێبوردەییو دڵفراوانی لەوەرگرتنی ڕاکانیان , ئەمەش وای کرد منداڵ زیاتر گەشەبکاتو خۆی بڕیاردەری ژیانی خۆی بێت لە جیاتی ئەوەی بەهایەکی"چاک" لەتێڕوانینی دایکانو باوکانەوە بەسەریاندا بسەپێنرێت لە ڕێگەی لێدانو زەبرو زەنگەوە.

هەرچەندە لەم دۆخەدا گۆڕانکارییەکی گەورەو دروست لە تێڕوانینی گەورەکاندا هاتە ئاراوە بەرامبەر منداڵان , بەڵام بەداخەوە هاوکات بوو لەگەڵ پڕ کارەساتترین بارودۆخی مرۆیی، کە هەردوو جەنگە جیهانییەکە لەگەڵ خۆیاندا هێنایان. ئەو کارەساتانە تەنها منداڵانی نەگرتەوە، بەڵکو گەورەکانیشی گرتەوە. لەکاتێکدا پێویستە ئەوەمان لەبیرنەچێت کە لە ئەگەری ڕودانی هەرکارەساتێکدا منداڵ قوربانی یەکەمە، چونکە لێکدانەوەی عەقڵیی نییە بۆ ئەو قەیرانەی تێیدەکەوێت بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵیدا ڕابێنێت.



دەبینین پلەبەندی دیمۆس بۆ مێژوو سەبارەت بە شێوازی بەخێوکردنی منداڵ لە دۆخێکی زۆر کارەساتبارەوە دەستپێدەکات، کە دۆخی منداڵکوژییەو بە دۆخێکی هیوابەخش کۆتایدێت، کە دۆخی یارمەتیدانە. ناکرێت ئەم هیوایە بکرێت بە پێوەر بۆ ئەوەی بارودۆخی ئێستای منداڵی پێ بپێوین , چونکە هەروەک دیمۆس خۆیشی لە وەستانیدا لەسەر هەر دۆخێک جەخت لەوە کردوەتەوە کە ئەو شێوازانەی توندوتیژی لە ئێستاشماندا هەر بەردەوامن. سەرەڕای ئەو بەڵگانەشی ئەو هەیەتی، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژەیەکی کورت دەکەین بۆ ئەو ڕاپۆرتە جیهانیەی کە لەسەر توندوتیژی دژی منداڵان کراوە لە ساڵی 2006 لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەرتاسەری جیهاندا جۆرەها توندوتیژی دژی منداڵ دەکرێت و سەرچاوەکەشی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا , لەماڵو ناو خێزانەکاندا , لە قوتابخانەو شوێنە پەروەردەییەکاندا , لە دامەزراوە دادوەریو سەرپەرشتیارییەکاندا , لە شوێنی کاردایە. لەو داتایەی ڕاپۆرتەکە خستویەتیە بەردەست، هەموو ساڵێک 50,000 منداڵ لە جیهاندا دەکوژرێن، کە ئەمەش هیچ نییە جگە لە درێژکراوەی دۆخی منداڵکوژی. یاخود 1,2 ملیۆن منداڵ لە جیهاندا قوربانی کردەی بازرگانیکردن بە مرۆڤن، کە دەکرێت لێرەدا بپرسین کێ ڕێگەیدا ئەو منداڵانە بازرگانیان پێوەبکرێت ئەگەر دایکانو باوکان دەستبەرداریان نەبووبن؟ نزیکەی 200,000,000 منداڵ لە ژێر تەمەنی هەژدەساڵانەوە قوربانی هەراسانکردنی سێکسین تەنها لە ساڵی 2002 دا , لەکاتێکدا ئەم جۆرە لە توندوتیژی واتە هەراسانی سێکسی لە هەموو دۆخەکاندا بە پلەو شێوازی جیاواز دووبارە بووەتەوە. هەروەها ڕاپۆرتەکە پێماندەڵێت لە 80% بۆ 90% ی منداڵان لە جیهاندا موعەرزن بۆ سزای جەستەیی , سێیەکی ئەو منداڵانەش بە شت لێیان دەدرێت , ڕێژەی لە 20% بۆ 65% ی منداڵان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە قوربانی خۆسەپاندنو سزادانن لەلایەن مامۆستایانەوە چ بە دەمی بێت وەک جوێنو قسەی ناشیرین، چ سزای جەستەیی بێت بە هەموو شێوازێک. ئەمانەو چەندین چیرۆکی کارەساتاوی پێماندەڵێن هێشتا منداڵان لە مەترسیدان.

جگە لەو داتایەی ڕاپۆرتەکە خستویەتیە ڕوو کە بێگومان ئەم هەرێمەی

خۆشمان بەدەرنییە لێی , پێموایە ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە هێشتا ناتوانن دەرک بە ڕووی ڕاستەقینەی ئەو واقیعە بکەن، کە منداڵی تێدا دەژی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر بە ڕەچاوکردنی جیاوازیی کەلتوریو کۆمەڵایەتیو شێوازی تێڕوانین بەرامبەر منداڵ , چونکە زۆرن ئەو شێوازانەی توندوتیژی، کە تا ئێستا لەناو ماڵو خێزانەکاندا ماون بەشێوەیەکی نهێنیو بە هۆی دیسپلینی توندی خێزانییەوە پەردە پۆشکراون , یاخود بوونی خراپی مامەڵەکردن وەک هەراسانی جەستەییو دەروونیو سێکسی لەناو قوتابخانەو شوێنە پەروەردەیەکاندا لەلایەن مامۆستاو سەرپەرشتیارانەوە. بە سەرنج لە کۆمەڵگای کوردی , من سورم لە سەر پێداگری لەوەی گەلەکۆمەیەک لە دژی منداڵ لەلایەن خێزان , بەتایبەتی دایکو باوک , مامۆستاو حوکمەتو سیستەمی پەروەردەوە هەیە، هەریەکەیان بە هۆکاری جیاواز , گەر دایکو باوکو مامۆستا بەهۆی نەبوونی مەعریفەیەکی پێویستەوە بێت بۆ دنیای منداڵ، ئەوا حکومەتو سیستەمی پەروەردە بەهۆی بێدەربەستیو کەمتەرخەمیو نەبوونی میتۆدی شیاوەوەیە بۆ چۆنیەتی پەروەردەکردن ومامەڵەکردن لە گەڵ منداڵدا.

گەورەترین کێشەی دایکانوباوکانی ئێمە ئەوەیە هێشتا لە دۆخی بەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵدان , ئەو دۆخەی دیمۆس باسی دەکات، دایکان وباوکان منداڵ بەشێوەیەک بەخێودەکەن، کە جێگرەوەی خۆیان بێت , واتە ئاراستەکردنی منداڵ بەهەموو خەون و خەیاڵە منداڵانەکەیەوە بۆ ئامانجی گەورەکان، لەکاتێکدا منداڵ خاوەنی جیهانێکە زۆر جیاوازتر لە جیهانی گەورەکان. لێرەدا منداڵ بۆ ئەوەی بەو ئامانجە (goal) بگات، کە گەورەکان بۆیان دیاری کردووە، دەبێت بە توندوتیژی لەبەرامبەردا باجەکەی بدات. دەستەواژەکانی "عاقڵ بە!" , "ببە بەپیاو!" بە ڕوونی دەرخەری ئەو واقیعەن. سەبارەت بە مامۆستایش، هەمیشە ئەوەم وتووە هەرچەندە هاتنە ئارای بیری فێرکردنی منداڵ لەلایەن فێرکارەوە کە پێویست بووە فێری بکات بە هەر نرخێک بوبێت، چەندین جۆری مامەڵەکردنی توندی لەگەڵ خۆیدا هێناوە , بەڵام بە دەرکەوتنی فۆرمی تەواوی ئێستای قوتابخانە مامۆستا بوو بە بەشێک لە توندوتیژی دژی منداڵ کە جۆرەها شێوازی سزادانی جێبەجێکردووە. واتە دەکرێت بڵێین ئەگەرچی قوتابخانە هیوایەک بوو بۆ منداڵ تێیدا فێربێتو لە ڕێگایەوە خەونەکانی خۆی بەدی بهێنێت , بە هەمان شێوە بێ



هیوایش بوو بۆی کە جگە لە دایکو باوک کەسێکی تر پەیدا دەبێت کە حەقی ئەوەی هەیە لێیبداتو توندوتیژی لەبەرامبەردا بنوێنێت. ئێستا لە کوردستاندا پشکی مامۆستا لەتوندوتیژی دژی منداڵان کەمتر نییە لە پشکی شێر. ڕۆژانە لە ناو قوتابخانەکاندا کارەسات ڕوودەدات: منداڵان ڕووبەڕووی دەستدرێژیو لێدانو هەراسانکردن دەبنەوە. زۆربەی جاریش دایکانو باوکان خۆیان هاندەری توندوتیژین لەلایەن مامۆستاوە بەرامبەر منداڵکانیان بکرێت , چونکە ئەوەندەی بە مامۆستا دەڵێن "منداڵی خۆتانە لێیان بدەن" ئەوەندە نەهاتون سکاڵا لە دەست مامۆستایەک بکەن، کە توندوتیژی لە بەرامبەر منداڵەکانیاندا کردووە. بێدەنگبوونی ئەو دایکو باوکەی کە منداڵەکەیان ئەوپەڕی سوکایەتی پێکرا لەلایەن مامۆستایەکەوەو بە دەنگو ڕەنگەوە بڵاوکرایەوە، نموونەیەکی ڕوونە. لەوەش ترسناکتر هەندێک لەو دایکو باوکانەی دەڕۆن بۆ قوتابخانە بۆ سۆراخی منداڵەکانیان , ئامۆژگاریەکی زۆر ترسناکی مامۆستاکان دەکەن بەوەی کە دەڵێن: "گۆشتەکەی بۆ ئێوەو ئێسقانەکەی بۆ من". لەبەرامبەریشدا زۆرێک لە مامۆستایان گوێیان سوکە بۆ بیستنی ئەم ئامۆژگارییە، سەرەڕای ئەوەی لە سیستەمی نوێی خوێندندا توندوتیژی بەرامبەر منداڵ یاساغکراوە. جگە لەوەش تەفسیرێکی هەڵەو بێ مانا بۆ یاساغکردنی لێدانو توندوتیژی، کە لەسیستەمی نوێدا هاتووە، کراوە لە لایەن مامۆستایانەوە بەشێوەکی گشتی، گوایە لێدان تەنها دارو بەکارهێنانی دار یاساغکراوە. ئەگەرچی هەندێ لە مامۆستایان هەتا ئێستا داریش بەکاردەهێنن , بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوانی تر داهێنانیان لەشێوازی سزادانو هەراسانکردندا کردووە لەوەتەی بە تەفسیری خۆیان لێدان بە دار یاساغکراوە. کێ بەرپرسە لەوەی یاساغکردنی توندوتیژیو مامەڵەی خراپ لە ناو قوتابخانەکاندا بەو شێوەیە تەفسیر بکرێت؟ ئەگەر پێمان وابێت بە پلەی یەک مامۆستایە بەهۆی بوونی مەعریفەیەکی لاواز لەبەرامبەر وەها پرسێکدا , ئەوا بە پلەی دوو پەروەردەیە کە دامەزراوەیەکی حکومییە.

ئێستا با سەرنجەکانمان لە سەر کۆمەڵگای کوردی بۆ هاوکێشەکە کورت بکەینەوە: جگە لەوەی دایکانو باوکان لەناو خێزاندا چەندین جۆری توندوتیژی لە دژی منداڵەکانیان بەکار دەهێنن، هاندەری مامۆستایانیشن بۆ ئەوەی توندوتیژی بەرامبەریان بەکاربهێنن، لە کاتێکدا مامۆستایان خۆشیان سەرچاوەی

توندوتیژین لە قوتابخانەکاندا , دامەزراوەی پەروەردەیی‌و حکومییش نەهیچ بەرنامەیەکیان هەیە بۆ چاودێریکردنی ئەو بارودۆخە لە قوتابخانەکانداو نە لێپێچینەوەش دەکەن. ئێستا با بپرسین: ئایا ئەمە گەلەکۆمە نییە لە منداڵ دەکرێت لەم کۆمەڵگای ئێمەدا؟

**سەرچاوەکان**

N. Stearns, Peter, 2006, Childhood in World 1 History, First published 2006 by Routledge270 .Madison Ave, New York NY 10016

Michael Lampinen, James and Sexton-Radek, 2 Kathy, 2010, Protecting Children from Violence , Historical Roots and Emerging Trends in Protecting Children from Violence, Edited by James Michael Lampinen University of Arkansas Kathy .Sexton-Radek Elmhurst College

P. Saller, Rechard, 1994, Patriarchy, property 3 and death in the Roman family, Published by the Press Syndicate of the University of Cambridge The Pitt Building, Trumpington Street, Cambridge, CB2 IRP 40 West 20th Street, New York, NY 10011-4211, USA 10 Stamford Road, Oakleigh, Melbourne 3166, Australia.

Pinheiro, Paulo Sergio, 2006, The U. N. study 4 on violence against children. Official Report presented to the 61st UN General Assembly. http://www. Violence study. org/IMG/pdf/English-2-2. .pdf

S. Fass, Paula, 2004, Encyclopedia of Children 5 and Childhood: in History and Society, Macmillan Reference USA is an imprint of The Gale Group, .Inc. , a division of Thomson Learning, Inc

DeMause, Lloyd, 1998, The History of Child 6 Abuse , The Journal of Psychohistory 25 (3) Winter 1998 in http://www. psychohistory. com/

DeMause, Lloyd, 1988, On writing Childhood 7 History , The Journal of Psychohistory 16 (2) Winter 1998 in http://www. psychohistory. com/

Electronic resource: http://en. Wikipedia. org/ 8 wiki/ Lloyd_de Mause

# خۆپیشاندان: ئەو "گەرمیان"ەی کە فریادرەسێک نییە لە مەرگ رزگاری بکا

هەندرێن

"دەستەڵاتەکان پڕ بە زاریانەوە لەسەر چاکە و خراپەدا درۆ دەکەن"

نیتشە "زەردەشت ئەوهای گوت"

خۆپیشاندانەکانی کوردستان دوو مانگ زیاتر بەردەوام بوو. دیارە لە ماوەی مانگێکدا دوو دەسەڵاتی دیکتاتۆر، تونس و میسر ئاوابوون و هەنووکەش خەریکە زۆرێک لە دەستەڵاتە ستەمگەرەکانی عەرەب دابڕمێن و جیهانی ڕۆژهەڵات وەربچەرخێت، کەچی دواجار ئەو خۆپیشاندانەی کوردستان لە هەمبەر قوربانییەکانیدا، نەیتوانی دەستکەوتێکی چاوەڕوانکراوی هەبێت. دیارە مەبەستم ئەوە نییە کە دەبوو ئەو خۆپیشاندانە لەو ماوەیەدا حکومەت بروخێنن، چونکە خودی خۆپیشاندەران مەیلی ڕووخاندنی ئەو حکومەتە نەبوو، بەڵکە داوایان لە حکومەتی ئەو یەکێتیی و پارتی دەکرد چاکسازیی لەو سیستەمە گەندەڵەی خۆیاندا بکەن. دواجار ئەو خۆپیشاندانە بە زەبر خامۆشکرا و ئەو حیزبانەش وەعدیان دا، چاکسازیی بکەم. هەر چۆنێک بێت، تا دەسەڵاتدار قسە و وەعدی سەر زارەکیی نەکات بە کردە، ناکرێ متمانەی پێبکرێت. قسە کە نەبوو بە کردە، بەهای بۆ ژیانی خەڵکیش نییە.

هەرچەندە لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانەوە ،بە هۆی ئاڵۆزی ژیان و گرفتی تایبەتی خۆمەوە، نەمتوانی لە کاتی خۆیدا منیش وەک هاوزمانێک لەو گەنجانە لەو دوورییەوە بیرکردنەوەی خۆم بە زمان بهێنم. لێ لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا نووسینگەلێکی



جیاوازی ڕۆژنامەوانیم لەسەر ئەو خۆپیشاندانانە خوێندەوە. دیارە زۆرینەی ئەو نووسینانە هەواڵ ئاسا، پەیام، هەڵوێست نیشاندان، پەخشان، سۆزنیشاندان بوون و هەندێکیشیان دژایەتیکیردن و بە کەمگرتنی ئەو خۆپیشاندانانە بوون ، کەمێکیش لەو نووسیانە لێکدانەوەی ورد و بێلایەنانە بوون. هەڵبەت لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا بە دەگمەن نووسینی بێلایەن (نیوترال)، بابەتی (ئۆبێکتیڤ) دەنووسرێت، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە، هێشتا لە دۆخی خێڵ و حیزبسالارییدا قەتیسماوە.

هەڵبەتە من هەر لە سەرەتاوە لام وابوو کە خۆپیشاندان لە کوردستاندا وەک تونس و میسر سەرتاسەری نابێت. ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی، وەک مێدیای بێلایەنی کوردیی دەیانگوت، لە دەڤەری ژێر "دەسەڵاتی سەوز" ئازادی هەیە و لە ژێر "دەسەڵاتی زەرد"دا نییە، یانیش گەندەڵیی لە ژێر دەسەڵاتی ئەویان زۆرترە لەمەی تریان کەمترە. هەروەک بە هۆی ئەوەش نەبوو کە گوایە کوردستان لە ڕووی ئازادیی و بێکارییەوە لە تونس و میسر جیاوازە، یان کوردستان دەوڵەت نییە، حکومەتیلەیەکە بە دوژمنی جیاوازەوە گەمارۆدراوە. لەوەش خۆشتر، یان گوایە خەڵکی سلێمانی ئازایە و خەڵکی هەولێر و دهۆک ئازا نین و ... تاد. نەخێر. ڕاستییەکەی، بە ڕای من، ئەوەیە، چونکە لە کوردستاندا، بە واتای نوێباو "مۆدێرن"ی، جڤاکێک نییە کە ناوی جڤاکێکی سڤیلی یەکگرتووی کوردستان بێت. جڤاکی کوردستان زۆر ئاڵۆز و لێکپچڕاوە: وێڕای ئەوەی کە بەشێکی فرەوان لە دەڤەرەکانی کوردستان، کەرکوک، مەخمور، گەرمیان و موسڵ لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە کوردستان نین، هاوکاتیش ئەو سێ شارەی کە سەر لە ڕووی فەرمییەوە سەر بە کوردستانە، بەسەر دوو جۆر لە حکومەت یان دوو حیزب دابەشکراوە. هاوکاتیش لەو کوردستانەدا کۆی خێڵەکان لە دەسەڵاتی سروشتی، لە سەرۆک خێڵی خاوەن چەندین خێڵ و دۆنم زەوییەوە گوازراونەتەوە ناو دوو حیزبی دەستەڵاتدار: یەکێتیی و پارتیی و چەند حیزبی بێدەسەڵاتەوە. ئەو خێڵانەش بوونەتە جومگەی سەرەکی ئەو دەسەڵاتە. ئەو دوو حیزبەش بە ئاوەزی ئەو خێڵانەوە، چەندین دەسەڵاتیان لەناو پەیکەرێکدا بەناوی حکومەتی کوردستانەوە پێکهێناوە. بۆیە ئەوەی حوکمی کوردستان دەکات تەنیا دوو حیزب نین، بەڵکە چەندین هێز و سەرۆک خێڵی خاوەن

ميليشياش هەن كە بە پاڵپشتی ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانەوە خاوەن دەسەڵاتی تایبەتن. لێرەوە ئەوەی کە ئەو حکومەتە لە سیستەم، دیوەخان و دروشمەکانی خێڵ جیا دەکاتەوە، کۆمەڵێ کۆمپانیا، داودەزگا ڕێکخراو، دروشم و قسەی هاوسەردەمی وەک: ڕێکخراوی مەدەنیی، پەرلەمان، بارەگای حیزبەکان، مێدیا و ... تاد. هەڵبەت لەناو ئەو حیزبانە و حکومەتی کوردستاندا، کەسگەلێکی دلسۆز و پەرۆشخۆر هەن و هاوکاتیش ئەو حکومەتە کۆمەڵێ کاری باشیشی کردووە. هەروەک کە ئاماژە بە دیاردەی خێڵەکیی و خێڵ دەکەم، مەبەستم بێڕێزیکردن نییە بە ژیانی خێڵ، وەک خۆی، لە شوێن و سروشتی خۆیدا، بەڵکە مەبەستم ئەوەیە کە ئەو حکومەتە بە ئاوەزی خێڵ بەڕێوە دەچێت نەک خێڵ وەک خۆی. خیڵ خۆی قۆناغێکی نەفراژوو، نامەدەنییە لە قۆناغێکی دیرۆکیی کۆمەڵگەدا. کەواتە، ئەگەر جڤاکی کوردیی و حکومەتەکەی کوردستان سڤیل بن، ئەوکاتە ئاوەزی خێڵەکیی ناتوانێت کۆمەڵگەی سڤیل بەڕێوە ببات.

هەڵبەتە کۆمەڵگەی کوردستان، بە هۆی ژێردەستییەوە، لە دۆخی جڤاکێکی خێڵەکییدا قەتیسماوە، بۆیە هاووڵاتییانی کورد هێندەی پابەندن بە خێزان، خێڵ، حیزب و دەڤەرن، ئەوەندە پابەندن نین بە نیشتمانو کۆمەڵگە. مخابن دوای ڕاپەڕینی بەهاری1991 دا ئەو دوو زلحیزبە و حیزبە بێدەستەڵاتە کوردییانە لە بری ئەوەی هەوڵبدەن خەڵک بەرەو ژیانی سڤیل و نەتەوە و نیشتمان پەروەردە بکەن، کە ئەمە ئەرکێکی بنەڕەتی حکومەتێکی هاوسەردەمە، کەچی ئەو حیزبانە بە شەڕیی خۆکوژیی و سیاسەتی گەندەڵییانەوە، ئەو ئاوەزە خێڵەکییەیان قووڵتر کردەوە. لە دوای ئەنفالەکانەوە خەڵک بە هۆی وێرانبوونی دێهات و نەمانی ژیانی کشتوکاڵییدا ڕوویـان کردە شار و شارۆچکەکان، بەمجۆرە ئەو پابەندبوونە لە پابەند بوون بە خێڵ و دەڤەرەوە بوو بە پابەند بوون بە دەسەڵاتدارانی دوو حیزب نەک خودی حیزب و حکومەتەوە. بەمجۆرە ئەو سەرۆک و خێڵ و سەرۆک جاشانە لەناو شارەکاندا بوون بە خاوەن دیوەخان و دەمڕاستی خێڵەکان. لە ئاکامی ئەو گۆڕانە نەرێنییەدا نەک هەر ئەو ڕایەڵە باریکەی نێوان هاووڵاتیانی دەڤەرەکانی کۆمەڵگە و بەهای نیشتمان پچڕا، بەڵکە هەستی خەڵکی کوردستان لە پەرۆشی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی و کێشەی کوردایەتییەوە بوو بە پەرۆشی ئابوورییەکی هەرزان؛ لە پارە کەڵەکەکردن،



خانووی بەرز، ئۆتۆمبیلی دوا مۆدێل و کاڵاخوازیی کورت بووەوە.

لە ئاکامی ئەو دۆخە جڤاکی-ئابوورییە و شەڕی ناوەخۆ لە نەوەدەکاندا کوردستان بەسەر سێ دەڤەردا دابەش بوو: بادینان، هەولێر و سلێمانی. ڕاستت دەوێ بادینان لە ئاستی فەرهەنگی-زمان، جوگرافی، جڤاکیی و ئابوورییەوە هێندەی پەیوەندی ڕوحیی و کولتووریی لەگەڵ موسڵ و تورکیادا خۆشە هێندە لەگەڵ هەولێردا خۆش نییە، ئەوە لە سلێمانی هەر بگەڕێ. بە کورتی بادینان تەنیا پەیوەندییەکی ڕووکەشی ئیداریی و حیزبیی لەگەڵ هەولێردا هەیە. هەولێریش لە نەوەدەکاندا، بە دەستی شەڕی حیزبەکانەوە لە سلێمانیی و دەڤەرەکانی تردا دابڕاوە. لەوەش زیاتر، هەولێر بە هۆی قووڕسایی شەڕی نێوان حیزبەکان لە نەوەدەکاندا، لە ئاستی دەروونیی، جڤاکیی و ویستەوە چەندین هەنگاو بۆ داوەوە گەڕاپەوە. لە ئاکامی ئەمەدا نەریتە کۆن، ڕوو کردن لە ئیسلام و ... تاد، باڵادەست بوون. ئاخر لە نەوەدەکانەوە بە هاوکاری پارتیی و یەکێتییەوە مزگەوت دروستکردن لە هەولێر بوو بە بازاڕێک. ئەو دوو حیزبە ڕێگەیان بەو لۆرت و دەوڵەمەندانە دا کە لە بری باجدان بە حکومەت، مزگەوت دروست بکەن. ئێستاش لە ژێر دەسەڵاتی پارتیدا سوپایەک مەلا وەک پیشە مووچە وەردەگرن و کراون بە دەمڕاستی خەڵکی هەولێر.

بە دەم ئەو وێرانکارییانەوە، دەڤەری گەرمیان، شارۆچکەگەلی وەک ڕانیە و قالادزێ هێندەی لەگەڵ فەرهەنگ و نەریتی جڤاکیی و فەرهەنگی سلێمانی نزیکن هێندە لەگەڵ هەولێر نزیک نین. لەوەش بترازێ، سلێمانی لە ڕووی ئابووریی و فەرهەنگییەوە زیاتر وابەستەی کولتووری ئێرانە. ئەو وابەستەبوونەش، لە عەشقی فێربوونی زمانی فارسی، لاساییکرنەوەی ئەدەب و گۆرانی فارسی، زۆرینەی خۆراک، کەرەسە و پۆشاک، کورتدەبێتەوە. هەولێریش وابەستەی فەرهەنگ و ئابووریی دوبە و تورکیایە، کە لە لاساییکردنەوەی بازاڕ، لە سبەینێ و تا ئێوارە بە دوای پارە ڕاکردن، هەروەک بەهای ژیان تەنیا لە پارەدا بێت، خانووی بەرز، هونەری بەرخۆر، بەزم و ئاهەنگدا، کورتدەبێتەوە.

لەبەر ئەو هۆکارگەل و چەندین هۆکاری دیکەوە دۆخی هەولێر زۆر جیاوازە لە سلێمانیی و دهۆک، هەروەک بە پێچەوانەشەوە. من کە باس لەو جیاوازییانەوە دەکەم، مەبەستم تێگەیشتنە لە ناوکۆیی (کۆنتێکست)ی جڤاکی کوردستان، ئەو

پەیوەندییە مێژوویی، ئابووریی و کولتوورییانەی کە پەیوەندییەکانی دەستەڵات دیاریدەکات نەک کردنی جیاوازیی کولتووری شارێک بە پێوانە، نۆرمێک و سەپاندنی وەک ڕاستییەکی ڕەها. چونکە لە کاتی ئەو خۆپیشاندانەدا زۆرێک لەو نووسەرانەی سەر بە سلێمانی کە گوایە "داهێنەر و دەگەنن" خەریکی ئەوە هۆکاری نەبوونی خۆپیشاندان لە هەولێر و دهۆکدا، بە "ترسنۆکی" ی و "ناڕۆشنبیریی" ئەو دوو شارەوە گرێبدەن. بەمەش جیاوازی سلێمانی وەک پێوانەیەک بۆ ئازایەتیی و ڕۆشنبیریی بوون بسەپێنن.  دیارە کە خۆپیشاندان لە سلێمانیی و گەرمیاندا پەیوەندی بە باڵادەستی مێدیایی سیاسیی هەبوو لەو دوو دەڤەرەد. چونکە یەکتێتی لەو دوو دەڤەرەدا تەنیا دەسەڵاتدارێکی فەرمیی، ڕووکەشە. پارتیش لەو دوو دەڤەرەدا ئامادەییەکی لاوازی هەیە و بێدەستەڵاتە.

هەروەک لە هەولێر و بادیناندا بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتیش لە دوو پەنابەری کەیس جیاواز دەچن، کە مافیان زۆر کەمە. خۆشی لەوەدایە گۆڕان نووسەرە هاوسۆزەکانی  داوایان لە خەڵکی هەولێر دەکرد خۆپیشاندان بکەن، لە کاتێکدا نوێنەرێکیان هەولێری نەدیوە!  گۆڕان و نووسەرە لایەنگرەکانیان، لە بری ئیشکردن بۆ گرێدانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و و بادینان، کەچی هاوشان لەگەڵ پارتیدا خەریکی گەرمکردنی جیاوازی نێوان هەولێر و سلێمانی بوون. لەوەش بترازێ، کاتێک سەرانی گۆڕان ڕازی نین داوای لێبووردن لە خەڵک بکەن کە لە ڕابردوودا سووکایەتیان بەرانبەر خەڵک کردووە، چۆن خەڵک متمانە بە دەسەڵاتی داهاتوویان بکەن؟!

بەڵێ، هەنووکە هیچ شارێک هێندەی پێکهاتەی هەولێر نەگۆڕاوە. هەولێر ئێستا هێندەی شاری بەرپرسی پارتی، بازرگان و ئاوەرەی شەڕی ناوەخۆی نەوەدەکانە، ئەوەندە  شاری هەولێرییەکان نییە. من ئەو ئەو ئاماژانە لە ڕوانگەی پابەندبوون بەو شارەوە ناکەم، چونکە دوای ئەوەی زستانی ئەمساڵ دایکم ماڵئاوایی کرد، کە، وێڕای ئەوەی لە هەشتاکاندا لەسەر پێشمەرگەبوونی من، بە دەستی ئەو ئەمن و جاشانەی کە ئێستا زۆرینەیان لە کن باڵادەستن،  ماڵێکی لەو هەولێرە "نوێ"یە (!) نەبوو بۆ ئەوەی دوا تەمەنی تێدا بەسەر ببات. بەڵێ، دوای مەرگی دایکم، ئیتر من بێبەریم لە هەولێر: نیشتمان. ئەم ئاماژانەم بۆ ئەوەیە، تاکوو لەو دۆخە کپ و سەختەی کە بەرۆکی هەولێری گرتووە، تێبگەین. هەنووکە لەو هەولێرەدا زۆرینەی



نوێنەرە ڕۆشنبیریی، سیاسیی، ئابووریی و جڤاکییەکان هاووڵاتی دەڤەرەکانی ترن. بۆ ڕاستیی، سەیری نووسەر و سەرنووسەری ڕۆژنامە، گۆڤار و مێدیاکانی پارتیی و ناپەرتییەکان، بەرپرسی ڕێکخراوە مەدەنیی و نامەدەنییەکان و بازرگانەکانی ئەو شارە بکەن.

ئەوەی دەڵێت هەولێر بۆتە شارێکی پێشکەوتوو و ئازاد، نە لە خودی پێشکەوتن تێدەگات و نە لە ئازادیش. ئەوانە پێشڤەچوون و ئـازادی لە چەند خانوو و شەقامی قۆقزی بەرز و بەرین، زیادبوونی مووچە، پارک، نادیی، بەزمی ڕووکەشییدا کوردتدەکەنەوە. پێشڤەچوون ئەوەیە کە دەسەڵات زەمینە بۆ  گەشەی ژێرخانی مرۆیی، ڕوحی باڵا و شکۆمەند، کۆمەڵگەی سیڤل و ئەفرێنەر، ئابوورییەکی بەرهەمدار نەک بازاڕی ڕەش و ویستی ژیانێکی ئازاد بسازێنێت.

لەوەش بترازێ، لە دەستپێکدا گوتم کە خۆپیشاندان هەموو کوردستان ناگرێتەوە. دیـارە جڤاکی کوردیی و بزاڤە ڕۆشنبیریی و سیاسییەکەی، بە هۆی بوونی ژێردەستەیی کۆی مێژووەکەیەوە، هەمیشە بەهرەی  لە دەسەڵاتی ئەو نەتەوانەی کە باڵادەستن بەسەریدا وەرگرتووە، چونکە  خاوەن بیرکردنەوەی زمانێکی داهێنەرانە، ڕۆشنبیرییەکی خۆماڵی نییە یان متمانەی بە خودی فەرهەنگی زمانەکەی خۆیەوە نییە. بۆیە کورد ئاگایانە و نائاگایانە لاسایی هەمان بزاڤە فەرهەنگیی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەی عەرەبیی و فارسیی و تورکی کردۆتەوە.  بەمجۆرە هەنووکە وەک چۆن لە ژێر دەستی نووسەر و هونەرکارە دەسەڵاتدارەکانەوە فەرهەنگ، ئەدەب، سیستەمی سیاسیی و ... تاد لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی تورکیی و فارسیی و عەرەبییدا هەڵدەبزرکێنرێن. بە هەمان شێوە دەستپێک و زۆرێک لە دروشمەکانی خۆپیشاندان  کەوتە ژێر دروشم و شێوازەکانی تونس و میسرەوە. خەڵک ئەو ڕاستییە تاڵانە دەزانن، کەچی سەرەڕای ئەمەش ئەو دۆخەش لە گەشەسەندن دایە. بەمجۆرە نە خۆپیشاندەران، نە کۆی نووسەرە بەناو ئازادەکان نە گۆڕان و ئیسلامییەکانیش، هەڵبەت کۆمونیستەکان بەگەڵ هەڵا کەوتن، چونکە بە وردی لە جڤاکی کوردیی و پارتیی یەکێتییش نەگەیشتبوون، لە ژێر کاریگەریی ڕاپەڕینەکانی تونس و میسردا جۆشی خۆپیشاندانیان دا، بە ئومێدی ئەوەی بگەن بە دەستەڵات. دواجار لە ئاکامی ئەو تێنەگیشتنە لە جڤاک و دەستەڵاتدا، خەونی خۆپیشاندەرانیان کرد بە کای ناو دڕک.

لێرەوە پرۆسەی خۆ سازکردن، جا لە ئاستی کۆمەڵگە بێت یان نەتەوەدا، پەیوەندی بە لاساییکردنەوە یان خولقاندنی بە زۆرەکییەوە نییە، بەڵکە پەیوەندی بە ڕۆشنگەرییەکی دیسپلینیی ئازادییەوە هەیە. هەر بە تەرزە پرۆسەشەوە کۆمەڵگە و نەتەوەی خاوەن ویست دەگات بە دەسەڵات و هێزدارییەوە.

جێگەی سەرنجە، تەنگژەی بێ-سیستەمی حکومەتی کوردستان لە 1993 یان 94، لەگەڵ سووکردنی پەرلەمانی کورستان و دەسپێکردنی شەڕی نێوان حیزبەکانەوە دەستپێدەکا. لەوێدا هەزاران ڕۆڵەی کوردستان کوژران و دەربەدەرکران و ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگەشی وێرانکران. کەواتە بۆچی ئەو تەنگژەیە دوای ڕاپەڕینەکانی تونس و میسرەوە دەستییپێکرد؟

یەکێک لە کێشەکانی ئەو خۆپیشاندانە ئەوەبوو کە تێکەڵی ئەجێندای ئۆپۆزیسیۆن کراوە. بەشێکی تری پەیوەندی بە سروشتی ئەو ئەکتۆر، نوێنەر و خەڵکەوە هەبوو کە خۆیان کردبوو بە دەمڕاستی خۆپیشاندانەکان. دیارە ئەمەش پەیوەندی بە ئاگایی و دیسپلینی ئازادییەوە هەیە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. من لە وتاری تردا گوتوومە، کە کۆمەڵگەی ئێمە ئۆلیگاریشییە، چونکە هەمووی حیزبێنراوە. بۆیە ئەو خولیای حیزباندن و مێگەلاندنە لە ژیانی کوردستاندا، ڕێگەنادات کۆمەڵگەیەکی سڤیل لە کوردستاندا بفراژێت، تاکوو لە دەرەوەی دەستەڵاتدا ئازادانە چاوەدێری دەستەڵات بکات و کۆنترۆڵی بکات. هەنووکە دەبینین چۆن حیزبەکانی کوردستان هەموو کۆمەڵگە دەکەن بە موڵکی حیزب. هیچ لە کەس و حیزبی کوردی حەز ناکا ڕێکخراوێک، ڕۆژنامەیەک، مرۆڤێک، نووسەرێک، هونەرکارێک و ... تاد سەربەخۆ و جیاواز لە کوردستان لە دایک بن. لە ئاکامی ئەو ئاوەزە ئۆلیگاریشییەدا کۆمەڵگەی سڤیل لە کوردستاندا لاوازە. بۆیە دەبینین چۆن دەسەڵات ئەو خۆپیشاندانانە بە لایەنگری ئەم و ئەو تۆمەتبار دەکات. کەواتە جڤاکێک بە میلیشیا و حیزگری تەنرابێتەوە، چۆن دەکرێ باسی کۆمەڵگەیەکی سڤیل بکەین؟

هەر بۆیە ئۆپۆزیسیۆن نەیتوانی بیانۆیکانی دەستەڵات بەوەی کە خۆپیشاندەران سەر بەون. دیارە خواستی ئۆپۆزیسیۆن، بە گۆڕان، چەپ و ئیسلامییەکانیشەوە جیاوازە لەگەڵ ئەو گەنجانەی کە دڵیان بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئازادیی، مسۆگەرکردنی کار، ژیانێکی بەختەوەر بۆ داهاتوویان... تاد دەسووتێ.



ڕاستییەکەی لەوکاتەی کە نوێنەرانی بزوتنەوەی گۆڕان بێ پرس و ڕای و بەشداری نوێنەرانی خۆپیشاندان، لەوەش سەیرتر بێ بەشداری پارتی بوو، لە ژوورێکی داخراودا لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتیی دانیشتن، ڕۆڵی ڕاستەوخۆی لە خۆپیشاندانەکاندا تەواو بوو، کە دەبوو ”ئەنجوومەنی خۆپیشاندان“ هەوڵوێست لەو کارەی گۆڕان وەربگرن. هاوکاتیش ئەو دانیشتەیان ڕێگەی بە پارتیی دا زیاتر بە گومانەوە سەیری ئەو خۆپیشاندانە بکات. بەمەش پارتی هەوڵیدەدا خەڵک وا حاڵی بکە کە ئەو خۆپیشاندانە بۆ چاکسازیی نییە، بەڵکە ئاژاوەیەکە گۆڕان و ”دەستی دەرەکیی“ لە پشتەوەیە. ڕەنگە، وێڕای زۆر هۆکردی تر، لەوانە ترسی پارتی لە گۆڕان و ئازادی ڕا دەربڕین، یەکێک لەو گرفتانە بن کە ئەو خۆپیشاندانەی لە دەڤەری سلێمانی و گەرمیانیش قەتیس کرد. لەوەش گرینگتر، نەبوونی خۆپیشاندان لە هەولێر و دهۆک، پەیوەندی بە نەبوو کەسێکی سیاسیی ناسراو و ئاوکتۆریتێری ئۆپۆزیسۆن بوو. چونکە، وەک لە پێشدا گوتم، کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵەی خێڵە، بۆیە پێویستی بە کەسێکی ناودار و باڵادەستە کە ئاراستەی بکات.

لێ هەردوو حیزبی دەسەڵات لە بری ئەوەی بە ویستێک لە بەرپرسیاری لە هەمبەر ئەرکەکانی گوێ لە خەڵکی ناڕازی بە دژی ئەو سیستەمە گەندەڵەی خۆیانەوە بگرن، کەچی سەرگەرمن بە تاوانبارکردنی ئۆپۆزیسیۆن و چەواشەکردنی هەقیقەتی ئەو خۆپیشاندانانەوە.

دیارە تەنگژەی پان و پۆڕی گەندەڵیی، نادادپەروەریی و ئیفلجی قانوون لە کوردستاندا وەک مانگی چواردە بۆ هەمووومان عەیانە و خودی حیزبە حکومڕانەکان و چاوکزەکانیش دەیانبینن. ئەو ڕاستییە پەیوەندی بە قسەی لە گۆترەوە نییە، کە گوایە نەیارانی ئەو حکومەتە ئەو تەنگژەیە گەورە دەکەنەوە. لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا چەندین ڕێکخراوی سەربەخۆی ناسراو ڕاپۆرتیان لەسەر ئەو دۆخە گەندەڵەی حکومەتی کوردستاندا پیشکەش کردووە، کە لەوێدا باسیان لە داد و بێدادی خەڵک لە نادادپەوەریی و قۆرغکردنی بودجەی کوردستان لە لایەن پارتیی و یەکتییەوە کردووە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، بۆچی ئەو خۆپیشاندانە هەڵگری زمانێکی ڕوون نییە و ڕێبەرێیەکی داهێنەر و کارای نەبوو؟ دیارە دەکرێ ڕاڤەگەلێک بۆ ئەو پرسیارە

بکرێت. لێ لێرەدا دەخوازم ئاماژەی پێ بکەم، کێشەی ئاوکتۆریتۆریتێتە، ڕابەری دەستڕۆیشتووی ڕەسەن یان داهێنەرە لە ژیانی ئەو خۆپیشاندنەدا.

دەکرێ ڕوانگە و لێکدانەوەیەکی فرە بۆ ئەو پرسیارە بکرێت. لێرەدا دەکرێ بە کورتی هۆکردەکەی ئەوها بێت: هەنووکە توێژێک لە سیاسیی و نووسەری ڕابردوو؛ دەسەڵاتێکی لاساییکەرەوەی دەسەڵات و ڕوانگە ڕۆشنبیریی و سیاسییە کۆنەکانی جیهانی ئیسلامیی و عەرەبین و کۆی ژیانی کۆمەڵگەی کوردیشیان بۆ خۆیان و خێزان و خێڵەکانیان قۆرغکردووە، حوکمڕانی نەوەیەکی گەنج دەکەن. لە کن ئەو نەوە گەنجەدا کۆی خەباتی ڕابردووەی ئەو دەسەڵاتدارانە بەهایەکیان نییە. بەمجۆرە ئەمڕۆ ئەوانەی کە لەو بەشەی کوردستاندا ڕژانە شەقام ئەو گەنجانەن کە پەرۆشی داهاتوویەکی شکۆمەندن. لێرەوە تۆمەتبارکردنی ئەو خۆپیشاندانە لە لایەن پارتیی و یەکێتییەوە بەوەی کە گوایە "دەستی دەرەکی" یان دەستی بزوتنەوەی گۆڕان و حیزبە ئیسلامییەکانیان لە پشت بوو، بێجگە لە خۆدزینەوە لە چەواشەکردنی خۆیان و کۆمەڵگە ، هیچی تر نین. بەڵێ، ئەو گەنجانەی کە لە شەقامەکان بوون، دەنگی کۆی ئەو نەوە گەنج و چین و توێژانەی کۆمەڵگەن کە خەریکە بە دەست گەندەڵیی و کەڵەگایی دەسەڵاتدارانی ئەو دوو حیزبەوە هەلا هەلا دەبن. تووڕەیی ئەو گەنجانە بە دژی ئەو سیستەمە ئاغا ڕەفتارەیە، کە خەریکە ڕوحی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستان تاڵانبکات. هەنووکە ئەو شەپۆڵی ناڕەزاییانەی لە کوردستاندا هەیە وەک ڕابردوو لە پێناوی ڕزگارکردنی نەتەوە لە ژێر زەبری ڕژێمی سەدام نییە ، بەڵکە لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە ئابووریی، نەمانی وایستە، بەرتیل، میلیشیاسالاریی؛ لە پێناوی داهاتووی جڤاکێکی ئازاد و دادخوازە. ئەو نەوەیەی ئەمڕۆ کە لە ژێر کارەساتی شەڕی ناوخۆیی و گەندەڵیی حیزبییدا هەراش بووە، سافیلکەییە بێ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، داوای پەرۆشی نیشتمانپەروەریی لێبکەیت، نیشتمانێک کە لەناو گەندەڵیی و تاڵانکردنی لە لایەن بەپرسی حیزبی و بازرگانە سیاسییەکاندا هەرزانکراوە. لێرەوە ئەو حکومەتە ئەگەر لەو ساتە مێژووییەدا بە کردە چارە بۆ ئەو تەنگژە بکوژانە نەکاتا کە خۆی تێیدا دەژیت، بە دڵنیاییەوە ناتوانێت ژیانی داهاتووی خۆشی مسۆگەر بکات.

ئەوەتا، بە واتای "مێژوونووسی نوێی هەولێر" و تاکە "رابەری تەلەبە و گەنج"،کە



پێی وایە لە 31ی ئابی 1996ەوە "مێژووی نوێی هەولێر" دەستپێدەکا، بەدیار گەنجێکی ئەو هەولێرە ئارەقەمان ڕشت کە لە ژێر شەق و قۆندەرە ماچکردنی ئەفسەری تەوارییەکی ئەو حکومەتە "پۆستمۆدێرنە"دا هاواری دەکرد و دەگریا. ئاخر پارتی خۆی دان بە گەندەڵیی، دزییەکانی بنێت، ئەفسەرەکانی چۆن دەتوانن گەنجێکی هەژار بەو شێوە ڕوحنزمە لەسەر دزیندا بکوتێتەوە؟! ئاخر هیچ ئەفسەر و ئاساییشی حیزبێکی دەسەڵاتداری دیمۆکراتی نیوەچڵیش لەو جیهانەدا هەیە دوای ئەو لێدانە دڕندانەیە، ناچاری دزێک بکا قۆندەرەکەی ماچبکات و هیچێک لەو یاسایانەی کە "لە سەرووی هەموو سەرەکانە" لەو ئەفسەر و ئاساییشە نەپرسێتەوە؟ بەڕاستی دوای ئەو ڕەفتارە دڕندەیەی "ئاساییش"ی هەولێرەوە من لە بری هەموو نووسەرانەی هەولێر شەرم لە خۆم دەکرد، کە لە نادیی شەوانە، چایخانە و لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانیان لێوانرێژکردووە لە قسە و بانگەشەی ڕوح، ئازادی تاکەکەس، "ئیبداع، شیعری عاشقانە و ... تاد، بۆیە لەمەودوا هەقە چیتر خۆیان بە نووسەر و بگرە مرۆڤی ئازادیش نەزانن. من خۆم دوای چەند جار گەڕانەوەم بۆ کوردستان و ئەزموونم لەگەڵ ئەو جۆرە پۆلیس و ئاساییشەدا، تێگەیشتم کە ئەگەر مرۆڤ تووشی سادەترین کێشە بێت، چۆن کەرامەتی سووک دەکرێت. ئەوکات هیچ یەکێک لەو یاسایانەی کە گوایە "لە سەرووی هەموومانە" بەهانایەوە نایێت، تەنیا ئەگەر واسیتە یان فشاری ئەو وڵاتەی کە لێی دەژیت یان نێوەدەوڵەتی بەهاناتەوە بێت!

لەوەش هەژەندهێنەرتر، ئەو نووسەرە "مێژوونووسە نوێیەی هەولێر"،کە گوایە خودی ئەو، کە هەمیشە بۆ وەزن و قافییە، ناوی بەختیار عەلی، مەریوان وریا قانیع، شێرزاد حەسەن و ڕێبین هەردی، دەخاتە پاڵ خۆیەوە، داهێنەری ئەو بە ئاگا هێنانەوە و خۆپیشاندانەی گەنجانە، کەچی هەروەک ئەو گەنجەی کە لە سەرای ئازادی قۆندەرەبارانی کردبێت، ڕابەر فاریقی گەنج و بێ پشت و پەنا بێت، بۆیە دوای خۆشیرینکردنە خەستەکەی بەرانبەر بەختیار عەلی و ڕێبین هەردی، وەک چۆن"ئاساییش"کە بە قۆندەر ماچکردن و لێدان کەرامەتی ئەو گەنجە دەشکێنێت، ئەویش نەک هەر بە هەمان ڕوحەوە بە وشەی "قوندەر"، کەرامەتی ڕابەر فاریق دەشکێنێت، کە گوایە چەند وشەی

ناشیاوی لە وتارەکەیدا بەرانبەر گەڕەکێکی هەولێر بەکار هێناوە، بەڵکە هانی خەڵک و دەسەڵاتیش دەدات، گەلەکۆمەکی لەسەر بکەن و لەناوی بەرن. مرۆڤ تێدادەمێنێ بەرانبەر ئەو"مێژوونووسە نوێیەی هەولێر" کە چەندین ساڵە خۆی بە داکۆکیکاری گەنجان و ئازادیی نیشانداوە، کەچی ڕێگە بە خۆی بدات هێندە خوێنساردانە کەرامەتی هەولێر سووک بکات! ئەدی، بە قەولی "مێژوونووسی نوێی هەولێر" میشێل فۆکۆ، ژیل دولـۆز، بێکێت، ڕۆلان بارت و ... تاد، "قوندەر" نین، کە سەر زار و بن زاری خۆیی و نووسەرانی کورد کاوێژکردنە لە وتەکانی ئەوانە؟!

ئەم ڕۆژگارە بەسەرچوو نەک نووسەرێک، بەڵکو هیچ کەسێکی تر خۆی بە خاوەن هەولێر و شارێکی تر بزانێت. ئەو سنگ دەرپەڕاندە لەسەر شارەکان درێژکردنەوەی شەڕی ئاغا و خێڵەکانی کوردستانە لەسەر زەویی و زار و گوندەکان. هەولێر شارێکە بێخاوەنە، ئەگینا ئیشی تیڤی پارتی کەی ئەوەیە، نووسەرێک بێنێ، کە خۆی لە دۆخێکی تێیدا ماوەدا دەبینێتەوە، بۆ خۆشکردنی ئەو شەڕە شارچییەتییە هەرزانە لە بەرنامەیەکی تەلەفزیونی شلەتێندا ئەو مێژووە هەژەندهێنەرەی بەسەر هەنیەی هەولێردا شۆڕ بکاتەوە. بۆ ئەو"مێژوونووسی نوێی هەولێر"ە، ئەوە پێشکەوتنە کە هەولێر چایخانە، خانووی بەرز، نادیی تێدا دروستکراوە و مووچەش زۆر بووە. کاکی "مێژوونووسی نوێی هەولێر" خۆی گێل دەکا لەو ژیانە کۆڵەمەرگیی و بێخزمەتییەی کە لەو گەڕەکە هەژارنشین، ئەو گەڕەکانەی کە هاووڵاتی دێهات چۆڵکراوەکان تێیدا دەژین. ئەوەندە بەسە کە ئەو "مێژوونووسە نوێیەی هەولێر" بزانێت، بە ڕەهێڵەبارانێک دەتوانێت زۆرێک لە ماڵی گەڕەک هەژارنشینەکانی نیوەی گەڕاکی کوران، ماجیداوە، مامزاوە و ... تاد، ببات. هەروەک گوایە ئەو پارەیەی کە لە هەولێر سەفکراوە هی خودی سامانی کوردستان نەبێت. هەروەک گوایە خودی ڕاپەڕینی خەڵکی هەولێر و شارەکانی تر نەبێت، پارتیی حیزبەکانی تری لە پەنابەریی و ژیانی کۆڵگەمەرگی ئێران و سەرسنوورەکان ڕزگار نەکردبێت.

مایەی سەرنجدانە فێلەسووفی ڕۆشنگەریی، ئێمانوێل کانت لە کتێبی"ململانێی فاکتولتەکان- Fakulteternas kamp"دا (1790) لەسەر دۆخی ئەو ڕۆژگارەی خۆیدا پرسیارێکی سادە، بەڵام بنەڕەتی دەکا کە ڕێک بۆ ئێستای



کوردستان کۆکە: "ئاخۆ پێشڤەچوونێکی گرینگ لە مێژوودا هەیە؟ مەبەستی کانت لەو پێشڤەچوونەدا تەنیا گەشەی ماددی نەبوو لەو مێژووەدا، بەڵکە مەبەستی پێشەڤەچوونی ئازادیش بوو.

لەو دیدەوە ئێمە هێشتا لە ئاکامی داهاتووی ئەو خۆپیشاندانە دڵنیا نین، بۆیە ناکرێ وابزانین، بە واتای نووسەرانێکی مەیلە و دەمڕاستی گەنجان، کە ئەو خۆیشاندانە مێژوو و کولتوورێکی نوێی داهێناوە. هێشتا وەعدەکانی حیزب سەر زارکیین و هیچ تشتێکی نوێش لە ژیانی دەسەڵاتداران و حکومەتدا لە ئارادا نییە. لێ وێڕای ئەمەش، بە واتای کانت، هەرچەندە ئەو خۆپیشاندانە گۆڕانێکی نوێی نەسەلماندووە، کەچی دەکرێ ئاماژەیەک بێت بۆ لە دایکبوونی ئەو پێشڤەچوونە ئازادییەی کە جڤاکی کوردی گەرەکییەتی. سووربوونی گەنج و خەڵکی جیاوازی کوردستان لەسەر داوای ئازادی، دادپەروەریی، هەڵتەکاندنی ڕەگی گەندەڵی و ژیانێکی شکۆدار بۆ کۆمەڵگە، واتای بوونی جۆش و خرۆشێکە لە ڕوحی گەنجانی بۆ گەیشتن بە مافەکانیان. کەواتە ئاکامی ئەو خۆپیشاندانە هەرچییەک بێت، لێ ئەو توووند و تیژییەی کە لە دەستپێکی ئەو خۆپیشاندانە لە سلێمانیی، گەرمیان، ڕانیە و لە هەڵەبجەدا ڕوویاندا، دەکرێ وەک هێمایەک، کردەیەکی بە کۆمەڵی ڕمێنەرانە بخوێنینەوە. ئەو توووند و تیژییانەش کردەیەکی بە کۆمەڵی مەدەنیی بوون بە دژی دەسەڵات. خۆپیشاندەران بەو کردەیەوە توانیان باڵادەستیی و کەڵەگایی دەسەڵات بلەرزێنن. بەمەش گەنجگەل هەر تەنیا هەستیان بە بوونێکی ئازاد نەکرد، بەڵکە هەستیشیان بە بەزاندنی ئەو هێما و سنوورانەش کرد کە دەسەڵات بە پیرۆزیکردوون.

ڕاستییەکەی ئەو توووند و تیژیانەی گەنجان شەقام، ئاکامێک بوون لە خودی ڕەفتارە توووند و تیژییەکانی ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانە کە لەوەتی هەن بە شێوەی جیاواز بەرانبەر خەڵک پێڕۆی دەکەن. بۆیە ئەو توووند و تیژییانەش نائاگایانە جۆرێکە لە داکۆکیکردن لە خۆیان و هاووڵاتیانی کوردستان.

هەڵبەتە بە دڵنیاییەوە خواستی ئەو گەنجانە ڕاپەڕیوانە توووند و تیژیی نییە، بەڵکە ژیانێکی هێور، ئازاد و سەروەرییە. هەر ئەمەشە کە ئێمە ناچارمان دەکا لەگەڵ پەیامە گەردوونییەکانی، کە لە ئازادی، دیمۆکراتی، یەکسانی و دادپەروەرییدا بەرجەستە دەبێتەوە، ئەو گەنجانەدا هاوسۆز بین. هەرچەندە

دوور نییە کە ئاکامی ئەو خۆپیشاندانانە جا ئەمڕۆ بێت یان لە داهاتوودا زیاتر کوشتن و بێئومێدیی زۆرتری لێبکەوێتەوە. هەر چۆنێک بێت، چونکە سروشتی ئەو بزاڤە ژیاندۆستەی کوردستان گڕ و جۆشی تێدایە، دیارە گڕو جۆشیش کردەیەکە دڵ و ڕوح دەخرۆشێنێت. بۆیە ئێمەش پەرۆشی ئەو بزاڤەین.

بەڵێ، هەنووکە جڤاکی کورد لە باشووردا لە دۆخێکی جەرگبڕدا دەژیت. جڤاکێک کە چەندین سەدە بۆ ئازادبوونی لە ژێر دەستیی کۆیلەیی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکاندا قوربانی داوە و ئەنفالکرا تا بگاتە بە ئازادی. ئێستا ئەو کۆمەڵگەیە دوای بیست ساڵ لە سەربەخۆییەکی نیوەچڵدا، بە دەستی حکومەتێکی خۆماڵییەوە دەتلێتەوە. لە ئاکامی ئەوەدا گەنجگەلێک چەند مانگ هاواریان کرد، کە ئەو حکومەتە لەبەر خاتری خۆیی و کۆمەڵگەکەیەوە چاکسازیی لەو سیستەمە گەندەڵ، بێقانوون، بەرتیلساز، واسیتەساز، حیزبسالار و ویستکوژە بکات، کەچی لە وەڵامی ئەو داوایە ڕەوایانەدا سەرکێو، بیلال، ڕێژوان، گەرمیانی سەوا لاو جەوانەمەرگ دەکرێن. مرۆڤ بە دەم سەیرکردنی دیمەنی گیانەڵای ڕێژوان، گەرمیان و سەرکێوەوە خوێنی وشکدەبێ کە چۆن دوای زامدار بوونیان بە گولەی پۆلیسی و چەکدارە ئاشکرا و نا ئاشکراکانی ئەو حیزبانەوە وەک باڵندەی خوێناویی لە شەقامە بێ ژیانەکاندا بە دوای ڕزگار کردنی ڕوحیان و دوا تیشکی بوونێکی مەحاڵ باڵەفڕێ دەکەن. ئەرێ ئەو سوپایە لە نووسەر، شاعیر و پەخشاننوسانە چۆن دوای بینین ئەو دیمانەنەوە دەتوانن باسی ئازادی مرۆڤ، ڕوح، ئەڤین و ...تاد بکەن کە تا حەز بکەی زاریان قەڵەباڵغە لە جووینەوەی ئەو وشانە؟!

لێ سەبارەت بە گرفتی ئاوکتۆریتێتەکانی خۆپیشاندانەوە، کە پیشتر ئاژەمان پێکرد، دەکرێ بە گەڕانەوە بۆ هزرڤانی بە ڕەگەز جوولەکەی ئەڵمانی، خاتوو هەنا ئارێند (HannahArendt) بڵێم، مەبەستم لە ئاوکتۆریتێت (-auk toritet) ، مانا ڕەسەن یان داهێنەرەکەیەتی نەک مانا نەرێنیی و ساختەکەی. ئارێند لە وتاری "ئاوکتۆریتێت چییە؟" (لە نێوان ڕابردوو و داهاتوودا: هەشت تاقیکردنەوە لە هزری سیاسییدا، چاپخانەی سوێدیی، Daidalos, 2004 )، سەرنجکێشانە ئەو جیاوازیی و گۆڕانکارییە مێژووییانە لەو چەمکەدا شرۆڤە



دەکا. ئاوکتۆریتێت چەمکێکی لاتینییە و ڕەگەکەی بۆ بکەری "augere" دەگەڕێتەوە کە واتای "فراژان، سوودبەخشین، فرەواندن دەگەیەنێت." بڕوانە: "Tidningen Kulturen، ژمارە 3ئەپریلی 2008". ئەو ئاوکتۆریتێتە مەرجی ئەوەیە کە ئەو زانیارییانە بە جێبهێڵین کە پێشترجێگیرکراون. دواجار بە لای ئارێندەوە، هەنووکە لە سەردەمی باڵادەستی لیبرالیزمدا پێویستمان بە ئاوکتۆریتێتی داهێنەر هەیە نەک ساختە. ئارێند ئاماژە بەوە دەکا کە ئێمە بە گشتی جۆرە ئاوکتۆریتێتێکمان لە دەست نەداوە، بەڵکە ئێمە داب و نەریتێکی زۆر تایبەتی ئاوکتۆریتێتمان لە دەستداوە. هەر تەنیا یەک جۆرە ئاوکتۆریتێتیش نییە، بەڵکە چەندین چەشن لە ئاوکتۆریتێتمان هەیە. ئارێند ئاوکتۆریتێت لە زاڵم و ستەمگەر جیادەکاتەوە. ستەمگەر بەناوی مەبەستێکی تایبەت ڕەفتار دەکات، کەچی ئاوکتۆریتێت لە دەرەوەی خودی ئاوکتۆریتێتدا چاوگەیەکی خۆی هەیە. لێ ئاوکتۆریتێتی ساختە، نارەسەن دیکتاتۆرێکە کە لە ژێر دروشمێکی وەک بەهای گشتییدا خولیاکانی دەمامکپۆش دەکات. ئاوکتۆریتێت، بە ڕای ئارێند، "بریتییە لە گوێڕایەڵییەک کە لەوێدا مرۆڤەکان ئازادییان خۆیان نەدۆڕاندووە." (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

بە کورتی ئاکتۆریتێتی ساختە وەک زۆرینەی ئەو نوێنەرە سیاسیی و ڕۆشنبیرییانەی ئێمەن کە لە ژێر دروشمی گەورە و خوشکەڵەدا یاری بە هەست و خواستی خەڵک دەکەن و لەمدیویشەوە خەریکی تاڵانکردنی سامانی کوردستان یان خۆیان بە شێک لەو سیستەمە گەندەڵەی کە هەر خۆشیان ڕەخنە لەو دۆخە دەگرن و داوای چاکسازیی دەکەن. ئەرێ کێ هەیە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کە تاڵانکردن و نادادپەروەریی لە مشەدایە بە دەیان لە نووسەر و بەرپرسە گەندەڵانەی نەدیبێت کە لە تیڤیی و ڕۆژنامەکاندا زارقەڵەباڵغانە باسی چارەسەری گەندەڵیی و نادادپەروەریی نەکردبێت؟

بەڵێ، یەکێک لەو هۆکردانەی کە وایکردووە نە لە ڕابردووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و نە لە ئێستاشدا هیچ گۆڕانێک لەو دۆخە گەندەڵسالارییەدا ڕوونەدات، پەیوەندی بەو ئاکتۆریتێتە ساختانەوە هەیە کە بە پۆشینی دەمامک و دێوجامەی جیاوازەوە کۆمەڵگە و گەنج دەستخەڕۆ دەدەن. نووسەرگەلێک هەن، وەک بەرپرسە حیزبییەکان، لە کاتێکدا لە چەندین دەزگا و ڕێکخراوی ئەو حکومەتەدا

دەمڕاست و فەرمانبەرە و چەندین مووچەی بە خۆڕایان هەیە، کەچی هەر ناڕازەییەک ڕوودەدات، ئەوانە هەوڵدەدەن خۆیان بکەن بە خاوەنی. نوێنەرانی خۆپیشاندان زۆر حەز دەکەن لاسایی تونس و میسر بکەنەوە، کەچی بیریان لەوە نەکردەوە، کە وێڕای بوونی گەلێ ڕووناکبیریی ناسراوی ئەو دوو وڵاتەش، بۆچی ئەو ڕووناکبیرانە خۆیان نەکرد بە دەمڕاستی خۆپیشاندانەکان؟ لێرەوە گرفتی ڕوحی میلیشیاخوازیی و دەسەڵاتیانخوازیی ئەو ڕووناکبیرەی کورد دەردەکەوێت. ئەوانە دەبوو لە بری دەمڕاستی، پەرۆشخۆرانە ڕۆڵی مەعنەویی، ڕاڤە و ڕۆشنکردنەوەی ئەو دۆخە بگێڕن. لێ ئەوانە خەریکی گەمە لەگەڵ دەسەڵات و هاوکاتیش کۆکردنەوەی ئاپۆرەی جەماوەرن.

دواجار ئەوەی کە گرینگە بگوترێ: بۆ ئەوەی جڤاکی کوردی لەو دۆخە ناسڤیلییە، پێکهاتە خێڵەکیی و حیزبگرییەدا ڕزگار بێت، پێویستی بە لە دایکبوونی فریادڕەسێک، ئاکتۆریتێرگەلێکی داهێنەر نەک ساختە و خاوەن ئەجێندای تایبەتی هەیە کە بتوان ڕوحی ئەو ناڕەزازیی و خۆپیشاندانانە لە مەرگ ڕزگار بکات. چونکە کۆتایی هاتنی ئەو خۆپیشاندانە بە بێئاکامی، لە بری پەرژکردنەوەی ڕۆشنایی بەسەر هەنیەی بوون و ژیانێکی داهاتووی کۆمەڵگەی کوردستاندا، وەک دیمەنی باڵافڕێی شەهید "گەرمیان"ی ساوا و هاوڕێیە جوانەمەرگەکانی، تووشی دۆشدامانمان دەکات.

2011.3

ستۆکهۆلم-سوێد

# زمانی ڕۆشنبیران
# لەدوای حەڤدەی شوباتەوە

سۆران ئازاد-چۆمان

هەندێک ڕووداو هەن لە توانایاندایە گشت ئاڕاستە باوەکان بگۆڕن. ئەو ڕووداوانە ئەنجامی تووڕەییەکی درێژخایەنی مێژوویین و دەتوانن کار لە شێوازی بیرکردنەوە، شێوازی ژیان، ئاستی زمان، سایکۆلۆجیی تاک و کۆمەڵ و... تاد بکەن. دەشێت ڕاپەڕینی 1991 بە یەکێک لەو ڕووداوە گرنگانە بزانین، کە لەوێوە ئاڕاستەی زۆربەی شتەکان گۆڕانی گەورە بە خۆیانەوە دەبینن و ئەو گۆڕانەیش خێرا لە زمانی ئێمەدا دەردەکەوێت، بەوەی وەک (مێرلۆ پۆنتی) باوەڕی وایە زمان و فیکر هەمان پرۆسێسی مەعریفین و هیچ فیکرێک ناکەوێتە دەرەوەی زمانەوە. لە نەوەدەکان شێوازی دەربڕین و گەیاندنمان لە هەموو ئاستەکاندا گۆڕانیان بەسەردا دێت و دەتوانن جیاوازیی خۆیان لەگەڵ سەردەمی پێشوو بە ڕوونی پێشان بدەن، بەڵام ئەو گۆڕانە بەردەوام نابێت، یاخود بە مانایەکی تر ناتوانێت بە هێزی گەورەتر درێژە بە خۆی بدات. ئەمە ئەو شوێنەیە، کە دەبێت لێوەی بوەستین و بزانین زمان هێزی خۆی لە چی وەردەگرێت. ئەمەیش دەمانخاتە بەردەم پرسیاری (پێوەندیی نێوان زمان و فیکر)ەوە، کە پرسیارێکە چ لە بواری فەلسەفی و چ لە بواری زمانەوانیدا پرۆبلەماتیکی گەورەی لە خۆی گرتووە. بۆ نموونە ئەگەر لای (دێکارت) زمان پێوەندیی بە بیرکردنەوەوە هەبێت، کە وەک چالاکییەکی سیمبۆلی خۆی بنوێنێت، ئەوا لای (سۆسێر) دەچێتە ئاستی پێوەندیی دال و مەدلوولەوە، کە یەکەمیان لایەنی دەنگ و بیستن و دووەمیان لایەنی ئەندیشە )ئیماجینەیشن – Imagination) دەگرێتەوە و ئەوانە جیاکردنەوەیان مەحاڵە. واتە ئێمە کاتێ وشەی (شەڕ) دەبیستین، ئەوا



هەر دەتوانین (شمشێر)، یان هەر ئامێرێکی دیکەی لەم شێوەیە بهێنینە بەرچاومان، نەوەک شتێکی دیکە. ئەگەر (بیرجسۆن) پێی وایە زمان و فیکر دوو شتی لە یەکتر دابڕاون، ئەوا وەک پێشتر گوتمان (مێرلۆ پۆنتی) هەر دووکیان بە یەک شت دەزانێت. ئێمە مەبەستمان نییە بچینە ناو ئەو ڕێگومکەیەوە، مادام باسێکی ئاڵۆزە و زۆری دەوێت، دواتر لە ڕوانگەی (هایدیگەر)ەوە وردتر سەرنجی لێ دەدەین، بەڵام دەبێت بۆ پرسیارە بنچینەییەکەی خۆمان بگەڕێینەوە، کە ئەوەیە: (بۆچی زمانی ئێمە نەیتوانیوە ئاستی نەوەدەکان تێپەڕێنێت؟). دەکرێت پرسیارەکە بە شێوەیەکی تر دابڕێژینەوە و بڵێین بۆچی ڕۆشنبیری ئێمە لە تازەکردنەوەی زماندا دەستەوستانە؟ ڕەنگە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە لەدوای ڕووداوی حەڤدەی شوباتەوە ئاسانتر بووبێت، بەوەی ئەو ڕووداوە ڕۆشنبیری ئێمەی لەپەنا ئەو خەرمانە (Aura)یەی بۆ خۆیی کێشابوو، هێنایە دەرێ و ڕوونتر خستییە بەرچاومان. ئەوەی وای کرد ڕۆشنبیر لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر دەربکەوێت، تەنیا لایەنگریی ئەو ڕۆشنبیرە نەبوو بۆ داخوازییەکانی خەڵک، بەڵکو ئەو زەمینەیەش بوو، کە بۆ گوتنی درووشم و گوتە زەقەکانی هاتە کایەوە. ئەمە ئەو لایەنە شاراوەیە، کە دەبێت لە ئێستاوە قسەی لێوە بکرێت. ئەو ڕووداوە بە ئاشکرا ئەوەی پێشان داین، کە بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرە دیارەکانی ئێمە لە ڕاپەڕینەوە تاکو ئێستا نەک هەر خەریکی قووڵبوونەوە نیین، بەڵکو هەموو پرۆژەکانی خۆیان لە چەند درووشم و گفتوگۆی سیاسییانەی کەناڵەکاندا کورت کردووەتەوە. لە کاتێکدا دەبووایە ڕۆشنبیر کاریگەریی لەسەر گۆڕینی زمانی سیاسیدا هەبووایە، بە پێچەوانەوە زمانی سیاسی نەک زمانی ڕۆشنبیری خستووەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، بەڵکو لەگەڵ ئاڕاستەی خۆیشیدا جووتی کردووە. ئەو ڕۆشنبیرە ناتوانێت هیچ کاریگەرییەکی لەسەر زمانی سیاسیی ئێمەدا هەبێت، مادام چاودێر نییە بە سەریەوە، بەڵکو خۆی بەشێکی جیانەکراوەی ئەو زمانەیە. ئەو ڕووداوانە ئەوەیان پێشان دا، کە ڕۆشنبیری ئێمە نەهاتووە کۆمەڵگا بکاتە شوێنی پرسیار، تاکو کار لەسەر پێکهاتە و دیاردەکانی بکات، بەڵکو تێڕوانینی خۆیی لەسەر ئەو دەرئەنجامانە دامەزراندووە، کە حزبەکان پێی گەیشتوون. بە مانایەکی تر ئەوەی ئەو ڕۆشنبیرە دەیبینێت، خودی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو فۆرمێکی سادەکراوەیەتی. ئەو فۆرمەی لە ئاستی سیاسی و ئیدۆلۆگیدا دەردەکەوێت. وەک سەرنج دەدەین بۆچوونەکانی ئەو لە چوارچێوەی حزبەکان تێناپەڕێت. بە مانایەکی تر ئەو ڕۆشنبیرە تەنیا دەتوانێت لە دیدگای سیاسەتەوە لە کۆمەڵگا بڕوانێت، کە ئەمە تەنیا سادەکردنەوەی

پێوەندیی نێوان تاک و دەستەڵات و نەبینینی ڕووبەرەکانی دیکەی کۆمەڵگایە، کە ئەنجام نەخوێندنەوەی گۆڕانکارییە سۆسیۆلۆگییەکان و تەسککردنەوەی زمان و فیکرە. لێرەیشەوە ئەو ڕۆشنبیرە بە هەمان میتۆدی ئیدۆلۆگی، کۆمەڵگا بە سەر دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن دابەش دەکات، واتە دەستنیشانکردنی لایەنی خراپە و چاکە و لەوێوە لایەنگریی خۆی بۆ چاکە نەک هەر وەک هەڵوێستی فیکری و ئینسانی پێشان دەدات، بەڵکو وەک پرۆژەی ڕۆشنبیرییش پێمانی دەناسێنێت. ئەو ڕۆشنبیرانە لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا نەک هەر کاریان لەسەر بەرهەمهێنانی جیاوازیدا نەکردووە، بەڵکو ئەو سادەییە وای لێ کردوون هەموویان لە یەکتر بچن. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی وای کردووە زمانی ڕۆشنبیری ئێمە زۆر بە ئاسانی بکەوێتە ژێر دەستەڵاتی سیاسەتەوە. یەکێ لە خەسڵەتەکانی ئەو ڕۆشنبیرە ئەوەیە بە شێوەی زارەکی ئیش دەکات، چونکە لە نووسین دەترسێت، بەوەی نووسین وەک (دێریدا) پێی لەسەر دادەگرێت جیاوازی دەردەخات. ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئەو ڕۆشنبیرە هەر هیچ نانووسێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بە هەمان زمانی ڕۆژانە دەنووسێت. فیکری فەیلەسووفانی وەک (نیتشە)، (هایدیگەر)، (فۆکۆ) و زۆری تر دەهێنێتە سەر ئاستی شەعبی و بە زمانی سادە کورتیان دەکاتەوە. ئەو ڕۆشنبیرە هیچ میتۆدێکی ڕەخنەیی دیاریکراوی نییە، تاکو بەو میتۆدە فیکرییە ئەو فەیلەسووفانە بخوێنێتەوە، بەڵکو بە شێوەی فزوولیانە (Curiosity)ی خۆی، ئەگەر بە زمانی (هایدیگەر) بدوێین، چەند کۆپلەیەکی سادە لەو فیکرانە وەردەگرێت و بۆ مەبەستی تەسکی ئیدۆلۆگی بە کاریان دەهێنێت. ئەگەر لە ڕوانگەی (ئەنتۆنیۆ گرامشی)ەوە بڕوانین، کە پێی وایە هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆی بەرهەم دەهێنێت، ئەوا ئەو ڕۆشنبیرانە ڕۆشنبیری گرووپی دیاریکراون و بەرگری لە هەندێک شتی دیاریکراو دەکەن و دژی هەندێک شتی دیاریکراویش دەوەستنەوە. ڕۆشنبیری سەربەخۆ نیین و ڕەخنەکانیان لە لایەک سنووردارە و لە لایەکی تر لەژێر کۆنترۆڵی ئیدۆلۆگیی حزبدایە. زمان لە ڕێگای ڕەخنەوە تازە دەکرێتەوە دینامیکیەتی خۆی وەردەگرێت، بەڵام ئەو ڕۆشنبیرە نەیتوانیوە ببێتە ڕەخنەگر تاکو ڕووبەڕی زمانی خۆی فرەوان بکات، چونکە ڕەخنە چالاکییەکی فیکرییە و لە لایەک بەندە بە مەودای سەربەستیی ئەو ڕەخنەگرە و لە لایەکی تریشەوە پێوەندیی بە توانای ئەو هەیە لە قووڵبوونەوەدا، کە ڕۆشنبیری ئێمە ئەو دوو خەسڵەتەی لە خۆیدا پەیدا نەکردووە، یان ئەگەر لە سەرەتای نەوەدەکان پەیدایشی کردبێت، ئەوا دواتر وردە وردە



لەژێر زەبری ئیدۆلۆگیی حزبیدا لە دەستی داوە. ئەو ڕۆشنبیرە وەک پێشتر گوتمان مانایەکی سیاسییانەی بە ڕەخنە داوە، کە بریتییە لەوەی چۆن ئەو ڕەخنەیە دەتوانێت وامان لێ بکات بگەینە کەناڵەکانی ئۆپۆزیسیۆن و لەوێ بە تووڕەیی لەبارەی هەندێک دیاردەوە بدوێین. بە پێی ئەو تێگەیشتنە فیکر ئەوە نییە چی لە خۆی دەگرێت، چیی نوێ دەهێنێت و چەند کاریگەریی لەسەر تێکشکاندنی بۆچوونە باوەکاندا دەبێت، بەڵکو ئەوەیە لە چ دەمێکەوە دەردەچێت. ئایا ئەو دەمە هیی ئەو ڕۆشنبیرەیە، کە جەماوەر وێنەکەیان لە یاخەی کراسیان داوە و چەپڵە بۆ درووشمە تووڕەکانی لێ دەدەن، یان هیی ڕۆشنبیرێکە دوور لە قەرەباڵغی لە چەمکەکان ورد دەبێتەوە و ئاڕاستەی نوێیان لێ بەرهەم دەهێنێت. ئەو ڕۆشنبیرە، کە لە سەرەتای دەرکەوتنی لە نەوەدەکان پێی لەسەر ئەوە داگرتووە هیچ دانوستان (Bargaining)ێک لەگەڵ بۆچوونە باوەکانی ناو کۆمەڵگادا نەکات و بانگەشەی ئەوەی کردووە چەندایەتیی بە لاوە گرنگ نییە، کەچی لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا، بە تایبەتی لە کاتی ڕووداوەکانی حەڤدەی شوباتدا پێچەوانەی ئەمەی پێشان داوە و ترسی هەبووە جەماوەر لە دەست بدات، بۆیە لە لایەک هەموو هەوڵێکی داوە، تاکو ئاشتبوونەوەی نێوان فیکرە جیاوازەکان بێنێتە دی و لە لایەکی تر ویستوویەتی خۆی لەگەڵ هەموویان ئاشت ببێتەوە، کە بە پێی ئەو ڕێککەوتنە ڕۆشنبیر دەبێتە جەنگاوەرێک لەپێناو بەرگریکردن لە زۆرینە لە دژی کەمینەدا و چاو لە هەموو ناکۆکییەکان دەپۆشێت. لەمەیشەوە (ڕەخنە) لە پرۆسێسی پرسیارکردن و قووڵبوونەوەوە بۆ پرۆسێسی بەگژداچوونەوەی دوژمن دەگۆڕێت، کە ئەو دوژمنە هەموو خەسڵەتەکانی دەستنیشان کراوە و قاڵبی بۆ داڕێژراوە. لێرەوەیە ڕۆشنبیر خۆی لەنێوان دوو بەرەدا دەبینێتەوە، بەرەی چاکە، کە ئۆپۆزیسیۆنە و بەرەی خراپە، کە دەستەڵاتە. ئەمە دوا فۆڕمی ئەو دوو بەرەیەیە و نابێت دەستکاری بکرێت. هەر ئەمەیشە دەبێتە پێوەر بۆ ئەوەی کام ڕۆشنبیرە لەگەڵ بەرەی چاکەیە و کامەیان لەگەڵ بەرەی خراپەدایە. ئیتر (ڕەخنە)، کە بە سرووشتی خۆی هێزێکە بۆ بزواندنی شتە چەسپاوەکان و هەڵوەشاندنەوەی ناوەرۆکیان، لای ئەو ڕۆشنبیرە ئەرکی خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە هەوڵ بۆ داپۆشینی زیاتری ئەو شتانە وەک ئەوەی ئەو ڕۆشنبیرە لەگەڵ دیاردە ئایینییەکاندا دەیکات، کە بە پێی پرینسیپەکانی ئەو پەیمانەی لەگەڵ جەماوەردا مۆری کردووە، لە کادیری حزبە ئیسلامییەکان زیاتر و ڕادیکاڵانەتر بەرگری لە مانەوەی هەندێک گوتار و تێڕوانینی دۆگمایانەی کۆمەڵگا کردووە. بە چاوی خۆمان دەبینین ئەو

ڕۆشنبیره به هەمان ئەندازەی کادیرانی حزب تینووی ناوبانگ و چەپڵەیە. بە بڕوای (نیتشە) ئەو جۆرە هاوپەیمانییە، واتە هاوپەیمانیی نێوان بۆچوونەکان، بۆ حەقیقەتی مێتافیزیکی (Metaphysical Facts) دەگۆڕێت و توانای گۆڕان لە دەست دەدات. دابەشکردنی هێزەکانی کۆمەڵگا بۆ دوو بەرەی چاکە و خراپە، یاخود دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لای ئەو ڕۆشنبیرە بەشێکی بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە، کە وەک پێشتر ئاماژەمان پێی دا، ئەو هەموو کۆمەڵگا لە سیاسەتدا کورت دەکاتەوە و وا دەزانێت دەسەڵات تەنیا لایەنی سیاسیی هەیە. لێرەدا ئێمە بۆ ئەوەی پێشانی بدەین ئەو تێگەیشتنەی ڕۆشنبیرانی ئێمە بۆ دەسەڵات زۆر سادە و ڕووکەشە، دەبێت لای (مێشێل فۆکۆ) هەڵوێستە بکەین، بە تایبەتی لەسەر کتێبی (ئیرادەی زانین The Will to Knowledge)دا. ئەو پێی وایە ئەگەر لە سەدەی نۆزدەهەم پرسیاری (چەوسانەوە چییە) دەرکەوتبێت، ئەوا تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان پرسیاری (دەسەڵات چییە) فەرامۆش کراوە، کە ناکرێت بۆ هەڵهێنانی ئەو مەتەڵە دیار و نادیارە، ئامادە و نائامادەیە، تەنیا پشت بە (مارکس) و (فرۆید) ببەستین. ئەو پشت لەو تێگەیشتنانە دەکات و دەسەڵات بە زانینەوە دەبەستێتەوە. واتە ئەگەر دەسەڵات وەک ئەنجامی زانین سەیر بکەین، ئەوە زانینیش وەک شێوەیەک لە شێوەکانی دەسەڵات خۆی دەنوێنێت و هێزی خۆیشی لە حەقیقەت وەردەگرێت. بەم شێوەیە (فۆکۆ) چەمکی (حەقیقەت) دەخاتە ناو هاوکێشەی (دەسەڵات) و (زانین)ەوە، بەوەی ئەوە حەقیقەتە وا دەکات زانین ببێتە چەکێک و بە کار بهێندرێت. بە مانایەکی تر زانست، کە فۆرمی هۆشیاریی مرۆڤە وەک حەقیقەتی چەسپاو پشتگیری لە سەپاندنی دەسەڵات دەکات و ڕەوایەتیی پێ دەدات. بەم شێوەیە دەسەڵات دەچێتە ناو هەموو کونوکەلەبەرێکی دنیاوە و خۆی دەخزێنێتە ناو هەر دامودەزگایەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، کەلتووری و مەعریفییەوە. کەواتە ناکرێت تەنیا لایەنی سیاسیی دەسەڵات ببینین و لایەنە مەعریفییەکانی دیکەی فەرامۆش بکەین. ئەمە ئەو خاڵەیە، کە تیۆری (فۆکۆ) لەمەڕ دەسەڵات لە تیۆرییە باوەکان جیا دەکاتەوە، کە ئەوان، دەسەڵات لە ڕێگای یاسا و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانەوە دەناسنەوە. بۆ نموونە مارکیسیزم دەسەڵات بە دەوڵەتەوە دەبەستێتەوە، بەو مانایەی دەوڵەت بە دەست چینێکی دیاریکراوەوەیە و چینەکانی تری پێ دەچەوسێنێتەوە. بەم شێوەیە (فۆکۆ) شێوازە نهێنییەکانی دەسەڵات دەخاتە پاڵ ئەو شێوازە دیار و باوانە و پێی وایە هەمان پرۆسێسن. ئەوەی



پیاوانی ئایینی لە مزگەوت و کەنیسە پیادەی دەکەن لەگەڵ ئەوانە جیاواز نیین، کە پرۆفیسۆرەکان لە زانکۆ کاری پێ دەکەن و هەموشیان لەگەڵ ئەوانە جیاواز نیین، کە لە دامودەزگا زەقەکانی سەرکوتکردندا هەن. تێکڕای ئەمانە مانایان وایە دەسەڵات سێنتراڵی نییە، بەڵکو لە هەموو شوێنێک هەیە، مادام بەرهەمی ناکۆکیی نێوان هێزە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگایە و لە هەر پێوەندییەکی دیار و سیمبۆلیی نێوان کەسەکاندا بەرجەستە دەبێت. دواجار دەسەڵات لە خوارەوە سەر دەکەوێت، نەوەک لە لووتکەوە بۆ بنکە دابەزێت. لێرەدا مەبەستم نییە ئاماژە بە تەواوی ئەم کۆنسێپت و ئایدیایانە بدەم، بەڵام بۆ ئەو شوێنە دەگەڕێینەوە، کە تێیدا ئاماژەمان بە ڕووکەشیی ئەو ڕۆشنبیرە کرد لە ناسینەوەی دەسەڵاتدا. ئەو وا دەزانێت بە دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن چارەسەری هەموو گرفتەکانی کردووە، بەڵام لەوە بێئاگایە، کە دەسەڵات لەناو هەموو ڕووبەرێکی کۆمەڵگادا هەیە. ئەو گرووپ و هێزە دینی و سیاسییانەی ئەو وەک حەقیقەتی ڕەها پشتی پێ بەستوون و لە دەرەوەی بازنەی ڕەخنەی داون، خۆیان دەسەڵاتن و لە چەوساندنەوەی ئەوانی تر بە دەر نیین. ئەوە سادەکردنەوەی فیکرە، کە ئەو ڕۆشنبیرە لە نەبوونی دەنگی ڕەخنەییدا تاکو ئەمڕۆیش برەوی پێ دەدات و لەپاڵیدا نەک هەر وەک جەنگاوەری حەقیقەت، بەڵکو وەک ڕووناکبیریش خۆی دەناسێنێت. دوای بیست ساڵ هێشتا ئەو ڕۆشنبیرانە پرۆژەی ڕۆشنبیریی خۆیانیان نەخستووەتە بەردەستی ئێمە، تاکو لە ڕوانگەی ڕەخنەوە بیانخوێنینەوە، بەو مەبەستەی شتی دیکەیان لەسەر دابمەزرێنین و لێیان تێبپەڕین، بەڵکو بە شێوەی زارەکی کاریان کردووە و بەردەوام چەند چەمکێکی زەقی وەک (عەدالەت)، (ئازادی)، (کۆمەڵگای مەدەنی) و شتی لەم بابەتەیان دووبارە کردووەتەوە. ئەوەی وا دەکات (بۆدلێر) سەرنجی (فۆکۆ) ڕابکێشێت هۆشیاریی (بۆدلێر)ە لە ئاستی زەمەندا، بەوەی لەو تێکستەی ساڵی ١٨٦٣ لەژێر ناونیشانی (نیگارکێشی ژیانی نوێ The Painter Of Modern life) دا نووسیویەتی، مۆدێرنتی بە شتێکی اگوزەر دەزانێت، کە (فۆکۆ) لە (ڕۆشنگەری چییە What is Enlightenment) دا وا ئەمە لێک دەداتەوە ئەگەر مۆدێرنتی بە ڕاستی شتێکی ڕاگوزەر و ڕاکردوو نەبێت، چۆن دەتوانێت لەگەڵ (ئێستا) دابڕان بهێنێتە کایەوە و تێیبەڕێنێت. ڕۆشنبیری ئێمە بیست ساڵە ئەو جیاوازییەی لەگەڵ ڕاپەڕیندا پێی گەیشتووە وەک زەمەنێکی ئەبەدی (Eternal) لێی دەڕوانێت و نایەوێت لێی تێبپەڕێت، کە ئەمە بە

رووني لەم رووداوانەی بەهاری ئەمساڵدا دەرکەوت. ئەو پشتی بەو جەماوەرە بەست، تاکو لەناو ئەو دۆگمایانەیدا زیاتر خۆی قایم بکات و هێندەی دیکە ڕەوایەتی بە زمانە رووکەشەکەی بدات. واتە زمانی یەکگرتووی شەقام لای ئەو ڕۆشنبیرە نەک هەر بۆ تێکشکاندن نەبووە، بەڵکو کراوەتە سەنگەر و پارێزگاریی لێ کراوە. (بۆدلێر) لەو تێکستەیدا وا لە مۆدێرنتی دەڕوانێت، کە دوو لایەنی جیاوازی هەیە، لە لایەک تەعبیر لە سەردەمەکەی دەکات و لە لایەکی دیکە جێی دەهێڵێت. بەم شێوەیە (بۆدلێر) باوەڕی وایە نیگارکێش لە یەک کاتدا ئەو پرۆسێسە دوولایەنە بەڕێوە دەبات، ئەگینا تووشی گوتنەوە و جووینەوە دەبێت و ناتوانێت داهێنان بکات. وەک گوتم ئێمە پرۆژەی ئەو ڕۆشنبیرانەمان لە بەردەستدا نییە، تاکو لەسەریان هەڵوێستەی فیکری و مەعریفی بکەین و مەوداکانیان ببینین، بەڵام ئەوەی سەرنجمان داوە ئەوان ئەو گوتانەی لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە بە دەمیانەوە گرتووە، هێشتا دەستبەرداریان نەبوون و بەردەوام لە گوتارە ڕۆژنامەوانی و لە گفتوگۆی کەناڵەکاندا دەیانڵێنەوە. دووبارەی دەکەمەوە بەشداریکردنی ئەو ڕۆشنبیرە لە خۆپێشاندانەکانی حەڤدەی شوباتدا تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، کە ئەو ڕۆشنبیرە لایەنگری ئازادییە و دژی دەستەڵاتە، بەڵکو ئەو شوێنە باشترین زەمینەیە بۆ ئەوەی گوتەکانی ئەو بیست ساڵەی ڕابردووی تێدا بڵێتەوە، بۆیە ئەو رووداوە نەک هەر دەکاتە بەرهەمی خۆی و لەوێوە ڕۆشنبیرانی تری پێ تۆمەتبار دەکات، بەڵکو قەبارەکەیشی گەورە دەکات و وەک مژدەیەکی خۆش پێمانی ڕادەگەیەنێت.

ڕاستییەکەیشی هەندێک رووداو هەن، لەنێو میدیا و بازاڕدا بە شێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر گەورە دەکرێن و بانگەشەی گۆڕانێکی بنچینەیان بۆ دەکرێت، ئەگەرچی ئەو رووداوانە هەرچەند گەورە بن، بەڵام گۆڕانی بنچینەیی بە خۆیانەوە نابینن. دەتوانین یانزدەی سێپتێمبەر وەک رووداوێک، کە لە میدیا جیهانییەکاندا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، بە نموونە بهێنینەوە، کە یەکێک لەو ئایدیایانەی ئەمەریکا لە ڕێگەیەوە ڕەوایەتیی بە خۆی دەدا و بانگەشەی بۆ دەکرد، ئەوە بوو، گوایە پاش ئەو رووداوە هیچ شتێک وەک خۆی نامێنێت. (سلاڤۆی ژیژەک) لە چاوپێکەوتنێکدا ڕەخنە لەو ئایادیایە دەگرێت و دەڵێت: "یەکێک لەو دەستەواژە ناکۆتاییانەی لەو چەند هەفتەیەدا گوێمان لێ دەبێت، ئەوەیە کە پاش 11ی سێپتێمبەر هیچ شتێک وەکو خۆی نامێنێت. بە لامەوە سەیرە، کە بە ڕاستی شتێکی گەورە گۆڕابێت. بێگومان لە ئاستی پێزانین یان ڕاگەیاندندا گۆڕانێک رووی داوە، بەڵام من پێم وا نییە هێشتا بتوانین باس لە هەندێک دابڕانی



بنەڕەتی بکەین. ئەو ئاڕاستە و ترسانە سەپێندراون و ئەو شتانەی میدیا بە ئێمەی گوتووە لە بارەی تیرۆریزم وا ئێستا بە ڕاستی ڕوویان داوە""

ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ پێچەوانەی یازدەی سێپتێمبەری ساڵی 2001 بۆ ئێمە گۆڕانی گەورەی هێناوەتە دی، کە وەک پێشتر ئاماژەمان پێی دا ئەو گۆڕانە لە زمانی ئێمەدا دەرکەوت و توانیی دابڕێنێک لە مێژووی پێش خۆی دروست بکات، بەڵام قەیرانی 17ی شوباتی ئەمساڵی کوردستان (کە لە 17ی شوباتەوە دەستی پێ کرد و تاوەکو 17ی چوار بەردەوام بوو)، قەیرانێکە ئەگەرچی ناتوانین ئاماژە بە گۆڕانە شێوەییەکانی نەکەین، مەبەست لە گۆڕانی شێوەیی ئەو گۆڕانەیە، کە لە ئاست هێمادا دەگۆڕێت، نەوەک لە ئاستی بنچینەدا، بەڵام ئەو رووداوە نەیتوانیوە دابڕان بهێنێتە دی، بەڵکو بە پێچەوانەوە زمانی ئێمەی زیاتر سادە کردەوە و هێندەی دیکە ڕۆشنبیرەکەمانی ڕادەستی ئیدۆلۆجی و بۆچوونە باوەکانی ناو کۆمەڵگا کرد. بێگومان 17ی شوبات خۆپێشاندانێکی خۆرسکی خەڵک بوو، کە تێیدا نەوەیەک تووڕەبوونی خۆی نمایش کرد. ئەو نەوەیە بەو شێوە ژیان و دەستەڵاتە ڕازی نییە. ناکرێت باس لە شەپۆلی گۆڕانی وڵاتانی تونس، میسر، یەمەن و وڵاتانی دیکەی عەرەبی نەکەین، بەوەی کاریگەریی ناڕاستەوخۆیان هەبوو لە سەرهەڵدانی ئەو خۆپێشاندانەی ئێمەدا. لێرەدا مەبەستم نییە دروستی و نادروستیی ئەم خۆپێشاندانە باس بکەم، هێندەی دەمەوێت زیاتر جەخت لەسەر ئەو بۆچوونانەی خۆم بکەمەوە، کە پێشتر لەبارەی زمانی ئەو ڕۆشنبیرەوە دەرمبڕین.

بە بڕوای (مارتین هایدیگەر) دوو جۆر بوون هەن، بوونی ڕەسەن و بوونی ڕۆژانەیی. بوونی ڕەسەن خاوەن شێوە ژیانی تایبەتی خۆیەتی، خاوەن ناسنامەیەکی جیاوازە مەبەست ناسنامەی فیکری ئەو کەسەیە و لە ڕێگەی بۆچوونی فیکریی جیاواز-con trast دروست دەبێت)، کە لە کۆمەڵ و ئەوانی دیکە جیا دەکرێتەوە، بوونی ڕەسەن جیاوازیی لە بەرچاو دەگرێت و لە دیدی ڕەسەنی خۆیەوە دەڕوانێتە ئەوانی دیکە. لە کتێبی (Identity and Deference) (هایدیگەر) ئاماژە بە جیاوازی و ناسنامە دەدات، کە ئەوانەی خاوەن بوونی ڕەسەنن، جیاوازیشن، بەڵام بوونە ڕەسەنەکان ڕێزی جیاوازیی یەکتر دەگرن. بوونی ڕۆژانەیی ئەو بوونەیە، کە لەنێو بازاڕی ئەوانی دیکەدا ون دەبێت، کەسێکە شێوەی ژیان و بیرکردنەوەی هیچ جیاوازییەکی بنچینەیی نییە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، لەنێو کۆمەڵێک دایە، کە باوەڕی بە جیاوازی نییە، تاکەکان

لەسەر شێوازی خۆی کۆپی دەکات. هەموویان بە یەک شەراب مەست دەبن و یەک گۆرانییش دەیانخاتە سەما. زمانی بوونی ڕەسەن جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەیە لەگەڵ بوونی ڕۆژانەیی، چونکە بوونی ڕۆژانەیی خاوەن زمانی ڕۆژانەیە و بەو شێوازە نەبێت ناتوانێت بێتە گۆ، بیر بکاتەوە و بنووسێت. زمان یەکێکە لەو بونیادە ئۆنتۆلۆجیانەی، کە پێشمەرجە بۆ بوونی جیاوازی. بە بڕوای (هایدیگەر) دەربڕین یەکێکە لە پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییەکان بۆ بوون، کە لایەنی گوزارشت لە خۆ دەگرێت، لە ڕێگەی تەعبیرەوە مرۆڤ دەتوانێت مانا بە بوونی خۆی ببەخشێت و ببێتە خاوەن بوونی ڕەسەنیانەی خۆی. یەکێک لەو لایانە شیکاریانەی (analytic) (هایدیگەر) لە کتێبی (بوون و کات)دا بە دەستیەوە دەدات، ئەمەیە: (What is the meaning of the expression of Being?) واتە مەبەست چییە لە گوزارشتکردنی بوونمان؟ لای (هایدیگەر) زمان گوزارشت لە بوونی ئێمە دەکات لە دنیادا (دازاین- Dasien)، بەڵام زمانی ڕۆژانەیی ناتوانێت گوزارشت لە بوون بکات، ئەگەر ئەو زمانە توانیبایە، ئەوا تاکەکان بوونیان داگیر نەدەکرا و لەجیاتی سڕینەوە، ڕێزی جیاوازیی یەکتریان دەگرت. لێرەدا دەتوانین بپرسین ئایا زمانی ڕۆشنبیرانی ئێمە زمانێکی ڕەسەن بوو؟ ئایا ئەو زمانە ئاستەکانی زمانی ڕۆژانەیی تێپەڕاند؟ زمانی ڕۆشنبیریی ئێمە لە قەیرانی 17ی شوباتدا نەک تەنیا نەیتوانی ئاستەکانی زمانی ڕۆژانەیی ببڕێت، بەڵکو خۆی ئەو زمانەی بە کار هێنا، سەیر نییە ئەگەر بڵێین ئەو زمانەی بەشێک لە )ڕۆشنبیرانیی (! ئێمە لەو قەیرانەدا بە کاریان هێنا، لە خوارووی زمانی سیاسییەکانیشەوە بوو. بەشێک لەو ڕۆشنبیرانە جگە لە گوتنەوەی درووشم نەیانتوانی تاکە دێرێکی فیکری بڵێن. لەو حەشامەتەدا تەنیا پشتیان بە چەپڵە و هەرای جەماوەر خۆش بوو. کێشەیەک، کە ڕۆشنبیری ئێمە لەو خۆپیێشاندانانەدا ڕووبەڕووی نەبووەوە، تێنەگەیشتن بوو، چونکە هەرگیز بە زمانێک نەدەدوا لەوەی جەماوەر جیاواز بێت. (زەردەشـت)ی )نیتشە ( لەنێو حەشامەتدا گوتەیەک پێشکەشی جەماوەر دەکات و تێیدا بانگەشەی بەرزەمرۆڤ (Superman) دەکات، بەڵام خەڵک لێی تێناگەن، چونکە ئەو ناتوانێت بە هەمان زمانی ئەوان قسە بکات و گوێچکەی ئەوانیش لە ئاستی ئەم قسانە نیین، لە ئەنجامدا (زەردەشت) دەڵێت: ”ئەوان لە من تێناگەن، من زارێکم نییە بۆ گوێیەکانیان“ . ئایا ڕۆشنبیرانی کورد لە هیچ کاتێکدا ئەم کێشەیەیان ڕووبەڕوو بووەوە؟ دیارە مەبەستم نییە بڵێم ڕۆشنبیر دەبێت سوپەرمان بێت، بەڵام خۆ دەبێت لە ئاست زمانی ڕۆژانەییدا



خاوەن سوپەرزمان بێت، واتە زمانی ئەو ئاستەکانی زمانی ڕۆژانەیی تێپەڕاندبێت. یان وەک (ڤان کۆغ)ی هونەرمەند، کە ڕۆژێک بە دەم ڕۆیشتنەوە لە هیکەوە دەوەستێت و دەڵێت باشە ئەم خەڵکە بۆ لە من تێناگەن؟ ئەو قسانەی بەشێک لە ڕۆشنبیرانمان لە میدیا و کەناڵەکاندا کردوویانە، خۆپێشاندەرێکی ئاساییش دەیتوانی بیانکات. یەکێک لەو تێگەیشتنە ڕووکەشانە ئەوەیە، کە گوایە ئەو خۆپێشاندانانە ڕۆشنبیران سازیان کردووە و ئەوان دەستیان لە سەرهەڵدانیدا هەبووە. ئەمە هێندەی مانای شانازیکردنی ڕۆشنبیرە بە ڕابردوو و هێندەیش جەختکردنەوەیەتی لەسەر ئەوەی وەک پاڵەوان خۆی بناسێنێت. لێرەوە ئەو ڕۆشنبیرە ڕێگای بە خۆی داوە ئاراستەی ئەو خۆپێشاندانە بۆ ئیدۆلۆگی بگۆڕێت و بیخاتە خزمەتی ئۆپۆزیسیۆنەوە، ئەوە لە کاتێکدا لە یەکەم ڕۆژی سەرهەڵدانی ئەو خۆپێشاندانانەدا ئۆپۆزیسیۆن هەڵوێستێکی پۆزەتیڤی نەبوو. وەک بینیمان بە هیی خۆیی نەزانی، بگرە خۆپێشاندەرانی بە ئاژاوەگێڕ ناو برد. سەرانی ئۆپۆزیسیۆن بە پەشۆکاوی و ترسێکی زۆرەوە هاتنە سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان و ئەستۆپاکیی خۆیان ڕاگەیاند. کاتێ دۆخەکە کەمێک ئاسایی بووەوە، خۆیان خزاندە پاڵ جەماوەر، بەوەیش نەوەستان و خۆیان کردە خاوەنی. (گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ) توانییان بە ئاسانی کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری ئەو ڕۆشنبیرانە بکەن و بە مەبەستی ئیدۆلۆگی بە کاریان بهێنن.

پێویستە ئەوە بگوترێت، کە قسەکردنی ئێمە لەبارەی ئەو ڕۆشنبیرانەوە مانای قسەکردنە لەبارەی ئەو خەرمانەیەی بۆیان کێشراوە و مەبەستمانە لە پشت ئەو خەرمانایەوە ئەوەی دەبێتە جێگای بایەخ، پرسیار و گومان بێت، نەوەک ئەو سۆزەی شەقام بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەی هەیە. ئەم باسە بۆ ئەو ڕۆشنبیرانە تەرخانە، بۆیە جێگای ڕۆشنبیری حزبە حکومڕانەکانی تێدا نابێتەوە. فۆکووسی من لەسەر ئەو ڕۆشنبیرانەیە، کە لەبەر هەر هۆیەک بێت لە ئێستادا چاوپۆشییان لێ دەکرێت. پوختەی قسەکانم ئەوەیە، ئایا ئەو ڕۆشنبیرە دیارانەی ئێمە وەک ڕۆشنبیری سەربەخۆ کاریان کردووە؟ ئایا ئەوانە تا چ ئەندازەیەک بۆچوونی ئاساییان تێپەڕاندووە؟ ئەم باسەی من دانانی کۆتایی نییە بۆ زەمەنی ڕۆشنبیری، بەڵکو سەرەتایەکە بۆ کردنەوەی پرسیاری زیاتر و دۆزینەوەی ئاراستەی نوێ لەناو بیرکردنەوەی خۆماندا. کاری ئێمە دادگایکردنی ڕۆشنبیر نییە، بەڵکو هەڵسەنگاندنی توانا و ئاستەکانی ڕۆشنبیرە، بەو مەبەستەی ئەو دیدگا شەعبییە تێک بشکێنین، کە هەڵوێستی سیاسی بۆ خوێندنەوەی ڕۆشنبیر دەکاتە پێوەر. دەمانەوێت

پرسیاری دیکە لەبارەی رۆشنبیر و ئەرکەکانیەوە بورووژێنین، بێ ئەوەی بۆچوونی خۆمان بسەپێنین و بیکەینە ئەلتێرناتیڤ. بەم شێوەیە ئەم گوتارەی ئێمە خۆیشی دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی پرسیار و نایەوێت ببێتە رێگاچارە. پرسیاری سەرەکیی ئێمە ئەوەیە ئەو رۆشنبیرە چۆن مامەڵە لەگەڵ بەهاکان (Values)دا دەکات، کە پێمان وایە راپەرین، شۆرش، یاخیبوون و زۆری تر بەشێکن لەو بەهایانەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا کۆمەڵگا بەرهەمیان دەهێنێت. ئایا ئەو بەهایانە بۆ پاراستن و هێشتنەوەن، یان وەک (نیتشە) باوەری وایە دەبێت هەموویان هەڵبگێردرێنەوە؟ قسەی ئێمە ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵگا ئەوە بێت، کە دەبێت بەهاکانی راپەرین، شۆرش، یاخیبوون و گۆران دابمەزرێنێت، ئەوا قسەمان لەگەڵ رۆشنبیر ئەوەیە چۆن هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی ئەو بەهایانەدا تێکیان دەشکێنێت. ئەگەر رۆشنبیر لەم ئێستایەدا قسەی خۆی لەبارەی ئەو بەهایانەوە نەکات و هەوڵی تێپەراندنیان نەدات، ئەوا خۆیشی تێکەڵ جەماوەر دەبێت و ناتوانێت هیچ جیاوازییەک پێشان بدات. نابێت بیرمان بچێت هەموو ئەو بەهایانەی ئێستا حزبە حکومرانەکان دەستی پێوە گرتوون و خەڵکیان لەسەر گوللەباران دەکات، بیست ساڵ لەمەوبەر بۆ بەدیهێنانیان مرۆڤی ئێمە خوێنی لەپێناودا رشتوون. کەواتە سەرەتاییترین پرینسیپ ئەوەیە، کە دەبێت باوەرمان بەوە نەبێت هیچ بەهایەک بۆ مانەوە و پاراستنە. ئەمە ئەرکی رۆشنبیرە ئەو بەهایانە تێک بشکێنێت، کە هەر ئێستا جەماوەر هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات. ئەمە پرۆسێسێکی فیکرییە و رۆشنبیر بە شێوازی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکات. واتە ئەرکی رۆشنبیر ئەوەیە نەهێڵێت ئەو بەهایانە ببنە (حەقیقەت)، یاخود راستی، چونکە وەک (نیتشە) دەڵێت (راستی جۆرێکی دیکەی هەڵەیە، کە هەندێک کەسی دیاریکراو ناتوانن بە بێی بژیێن).

لێرەدا دەتوانین هەندێک نموونەی ئەو رۆشنبیرانە بهێنینەوە و ئاماژە بە بۆچوون و هەڵوێستەکانیان بدەین، کە چۆن حیسابی گەورەیان بۆ تێروانین و فیکری باوی ناو کۆمەڵگا کردووە، بەڵام ئەمە هەرگیز مانای ئەوە نییە، کە ئەوەی لەسەرەوە گوترا تایبەتە بەم چەند نموونەیەی لێرە ئاماژەیان پێ دەدرێت، بەڵکو ئێمە لە سەرجەمی ئەم گوتارەماندا مەبەستمان لە رۆشنبیرە وەک دیاردە، نەوەک تاکەکەس. (فاروق رەفیق)، کە لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ئاماژەی بە ناهۆشیاریی هاونیشیمانی کردووە، لەو خۆپێشاندانەدا بانگەشەی هۆشیاریی هاونیشتیمانی دەکرد، بەوەی رژاونەتە سەر شەقام. تۆ بڵێی هۆشیاریی هێندە ئاسان بێت، تاکو بە هاتنە سەرشەقامێک دروست



ببێت؟! ئایا ئەمە رێک ئەو بانگەشەیە نییە، کە ئۆپۆزیسیۆن بۆ خۆی دەکات و پێی وایە لەوەتەی ئەوان دروست بوون خەڵک دەزانێت ئۆپۆزیسیۆن چییە، بودجە چییە، دەستەڵات چۆن گەندەڵە و.... تاد؟!! ئایا هۆشیاری ئەوەیە هاونیشتیمانی بزانێت ئەگەر پەرلەمان ئۆپۆزیسیۆنی هەبێت، دەبێتە پەرلەمانێکی کارا؟ ئەگەر ئەوە پێوەر بێت، کەواتە کێن ئەوانەی ناهۆشیارن؟ ئەگەر کەسانێکیش ناهۆشیار نین، ئەی بۆچی کوردستان لە قەیرانی هێندە گەورە دەخولێتەوە، قەیرانی دین، سیاسەت، ترادیسیۆن، کۆمەڵ، تاک، توندوتیژی، هۆشیاری، پەروەردە، رۆشنبیری ... تاد!

ئەو رۆشنبیرانە نەک نەیانتوانی فۆرمێکی جیاوازتر لە پارێزەرانی ئایینی و بۆچوونە باوەکانی خەڵک دابهێنن، بەڵکو خۆیشیان کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەوان و دروشمەکانیان دەگوتنەوە. (فاروق رەفیق) لە کتێبی (فەلسەفە و ژیان)دا ئاماژە بەوە دەدات، کە پارێزەرانی ئایین لە دەنگی ئەقڵ دەترسێن. (بروانە: فەلسەفە و ژیان/ ن. فاروق رەفیق/ لە بڵاوکراوەکانی خانەی حیکمەت/ 2009 ل 16). ئەی کەواتە چۆن بوو لەو خۆپێشاندانەدا پارێزەرانی ئایینیتان چەپڵەرێزان کرد؟ ئایا ئەی ئەوانە هەمان ئەو کەسانە نیین، کە لە دەنگی ئەقڵ دەترسێن؟ پارادۆکس ئەوەیە (ئەقڵ) لە (نیتشە) وەوە دەکەوێتە بەر گەورەترین رەخنە و لای (هایدیگەر)، (فۆکۆ)، (دێریدا) و زۆربەی فەیلەسووفانی دیکەی پۆستمۆدێرنیزم درێژەی دەبێت. (رێبین هەردی) هەر زوو گوتی (الله اکبر الله اکبر)ی ئیسلامییەکان و (ئازادی ئازادی) عەلمانییەکان یەک ئامانجیان هەیە! ئەرێ ئەم قسەیە بە چ لۆجیکێک رەوایە؟ دەکرێت دەستەواژەیەکی دینیی، کە ئەگەر لێی ورد ببینەوە ناکۆکییەکی گەورەی لەگەڵ ئازادیدا هەیە لەگهڵ دەستەواژەیەکی فەلسەفیدا یەک ئامانجی هەبێت، کە دەیەوێت مرۆڤ لە کۆتوبەندی دەرەکی رزگار بکات و بە ئازادی بژیێت. خەونی ئیسلامییەکان هەرگیز ئەو خەونە نییە، کە بەشێکی زۆری کۆمەڵ دەیخوازێت. شێوە و فۆرمی ئیسلامییەکان ئەوەی فێر کردووین، کە ئەوان چ مەبەستێکیان هەیە و دەیانەوێت تاک چۆن بیر بکاتەوە، ئەوان نەک بروایان بە ئەو ئازادییە نییە، کە ئەم نەوەیە دەیەوێت، بەڵکو دەست دەخەنە بچوکترین شێوە ژیانی تاکیشەوە. لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکان هەر خۆیان بە سەرچاوەی گشت حەقیقەتێک دەزانن، حەقیقەتێکی موتڵەق، کە نە جێگای پرسیارە و نە هیی ئەوەیە قسەی لێوە بکرێت. ئەم قسەیەی (رێبین هەردی) لە دروشمێکی ئاسایی زیاتر هیچی دیکە نادات بەدەستەوە و دەچێتە پاڵ ئەو دروشمانەی لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا پێیانەوە

خەریک بووە. زمانی (ڕێبین هەردی) چی دیکە زمانی ڕۆشنبیرێکی جیاواز نییە، هێندەی پارێزەری لایەنێکی سیاسییانەیە، چونکە زمانی ئەو جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ زمانی ئۆپۆزیسیۆندا نییە. من مەبەستم نییە بڵێم ڕۆشنبیر نابێت پشگیری لە لایەنێکی سیاسی بکات، هێندەی مەبەستمە بڵێم ڕۆشنبیر لە هیچ دۆخێکدا زمانی خۆی لە دەست نادات و بە زمانی ئەوان نایەتە دەنگ. لەم ڕووداوانە و پێشتریش بەشداریی ڕۆشنبیرێکی وەک (ڕێبین هەردی) بەشدارییەکی فیزیکی بووە، واتە بەشدارییەک بووە لە ئاستی جەستە تێنەپەڕیوە، لە کاتێکدا ئەو بەشداریکردنە لای ڕۆشنبیر، ڕۆشنبیرێک خاوەنی تێگەیشتنی جیاواز لە هیی کۆمەڵگا بێت، سنووری جەستە تێدەپەڕێنێت و دەچێتە ئاستی فیکرەوە، کە ئەمە وا دەکات ئەو ڕۆشنبیرە ڕۆشنبیرێکی پرۆبلەماتیکی بێت، واتە نەتوانین لە یەک ئاست و یەک ڕەهەندا بیخوێنینەوە. ئێمە ئەگەر بمانەوێت لەبارەی (ڕێبین هەردی)یەوە بدوێین، دەبێت بۆ ئامادەبوونی فیزیکیی ئەو لە شەقام و لە کەناڵەکان بگەڕێینەوە، بەوەی لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا پرۆژەی خۆی بە شێوەی نووسین نەخستووەتە بەردەستمان، بەڵکو مامەڵەیەکی ئیتیکیانە (Ethical Treatment)ی لەگەڵ ڕووداوەکاندا کردووە و لایەنگریی خۆیی بۆ داخوازییەکانی جەماوەر پێشان داوە. پرۆژەکەی لەم ئاستە دەوەستێت و ڕێگامان نادات لە ئاستی دیکەدا بیخوێنینەوە.

لێرەدا دەتوانین ئەوە بڵێین هەر لەو قەیرانەدا، زمانی (بەختیار عەلی) تەواو لە زمانی ئەوانی دیکە جیاواز بوو، یان ئەگەر لەوە دروستتر بۆچوونەکەمان دەرببڕین، ئەوا دەڵێین زمانی ئەو لە هیی زۆربەی (ڕۆشنبیرانی ڕەهەند!) جیاواز بوو. ئایا دەکرێت لەمەودوا (گرووپی ڕەهەندییەکان!) هەمان مانای پێش حەڤدەی شوباتی هەبێت، چونکە جیاوازییەکە لەنێوان (بەختیار عەلی) و ئەوانی دیکەدا لەوە دەرچووە تەنیا ئاستی تێگەیشتن و قووڵبوونەوە بێت، بەڵکو گەیشتووەتە جیاوازی لە ئاراستەی بیرکردنەوە و کارکردنیش. (ڕەهەند) وەک ئەو سیستێمە کۆمەڵایەتییەی لێ هاتووە، کە لەسەر پرینسیپی (هەموومان لەپێناو یەک ئامانجدا ڕەنج دەدەین و بەرهەمی خۆمان بە یەکسانی دابەش دەکەین) دامەزرابێت. ئەوە بیست ساڵە یەک دوو دەنگی تەمبەڵ لە سایەی ئەو پرینسیپەدا وەک ڕۆشنبیری گەورە و ئاکتیڤ خۆیان دەناسێنن، لە کاتێکدا ڕەنجەکە تەنیا هیی یەک (دوو!!) نووسەرە. هەیانە ئەگەر ناوی (ڕەهەند!!) ی لێ بکەیتەوە، تەنیا چەند درووشم و گوتەیەکی نەستەقی دەمێنێتەوە و باوەڕ ناکەم



هیچ کەسێکی هۆشیار تاقەتی گوێگرتنی ئەو درووشم و قسە نەستەقانەی هەبێت، کەچی وەک ڕووناکبیری گەورە ناسراوە و بڕیار لەسەر ورد و درشتی کۆمەڵگا و کایەی ڕۆشنبیریمان دەدات. ناوی (ڕەهەند) تێگەیشتنێکی زۆر خراپی لە ناوەندی ڕۆشنبیریماندا خوڵقاندووە، بە ڕادەیەک وا دەزاندرێت هەر ئەندامێکی ئەو (گرووپە!!) خاوەنی توانایەکی بێوێنەی فیکرییە. ئێستایش خوێنەری ئاسایی وا دەزانێت فڵان ڕۆشنبیری (ڕەهەند!!) لە توانایدایە هەموو مێژووی فەلسەفەت لە سەردەمی گریکەوە تاکو ئەم ڕۆژگارە بۆ شی بکاتەوە، بێ ئەوەی هەرگیز لە خۆی پرسیبێت ئایا لە ماوەی بیست ساڵەدا ئەمەی کردووە، یان ئەگەر نەیکردووە بۆچی هەرگیز نایکات!! لە کاتێکدا چەند دەنگێکی دیکە، تەنیا لەبەر ئەوەی لەناو ئەو (گرووپە!!)دا نیین حیسابیان بۆ ناکرێت، با توانای ئەوانە زۆر لە سەرووی توانای ئەو چەند ڕۆشنبیرەی (ڕەهەند!!) یشەوە بێت.

یەکێک لەو قسانەی ڕۆشنبیر بەردەوام لە (سەرای ئازادی!!) و کەناڵەکانی ئۆپۆزیسیۆندا دەیگوتەوە ڕانەپەڕینی خەڵکی هەولێر بوو. ئەمە لە کاتێکدا دووجار لە هەولێر هەوڵی خۆپێشاندان درا و دەستەڵات سەرکوتی کرد. ڕۆشنبیرمان هەبووە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕووداوەدا دەستەواژەی (هەولێرییەکان)ی بەکار هێناوە و بە ترسنۆک ناوی بردوون. (ئیسماعیل حەمەئەمین) لەژێر ناونیشانی (هەولێرییەکان و پشێویەکانی ئازادی)دا بابەتێکی نوسیووە و ئاماژە بە بێهەڵوێستیی هەولێرییەکان دەکات، بەوەی نەڕژاونەتە سەر شەقام. من مەبەستم نییە باسی ئەو هۆکارانە بکەم، کە بۆچی هەولێر خۆپێشاندانی تێدا نەکراوە. بەڵکو دەمەوێت لەسەر یەک دوو پەرەگرافی بابەتەکەیدا هەڵوێستە بکەم. لە شوێنێکدا هاتووە:" (هایدگەر) باسی لە (خوڵقاندنی زەمەن) کردووە، ئەم خوڵقاندنە چرکە ساتێکی بوونگەراییە، تێدا مرۆڤ (خودبوونی) خۆی لەزەمەنیکی نوێدا دەۆزێتەوە، ئەم هێڵکاریەی نێوان بوون و زەمەن، لەڕۆحێکی کۆلکتیڤدا (دەستەجەمعی) وەربیگرین، ئەو هەقیقەتە هەستپێدەکەین کەخۆپێشاندانەکان، خۆی لەخۆیدا خوڵقاندنی زەمەنێکی نوێ بوو، لەم فەزا نوێیەدا لەسەرای ئازادی ئەکتەری نوێی سیاسی وئەکتیڤیستی کۆمەڵایەتی وئاینی نوێمان بینی کەتەعبیریان لەخۆیان کرد."

هەڵەی ئەم بۆچوونە ئەوەیە، کە (ئیسماعیل حەمەئەمین) پێی وایە بوون و زەمەن دوو شتی جیاوازن، ڕستەی (خوڵقاندنی زەمەن .... کە تێیدا مرۆڤ خوودبوونی خۆی لە زەمەنێکی نوێدا دەدۆزێتەوە) دوور و نزیک پێوەندی بە فەلسەفەی (هایدیگەرە)وە

نییە، چونکە بە بڕوای (هایدیگەر) بوون و زەمەن هەر یەکن و بەشێکی دانەبڕاون لە یەکتر، بەم شێوەیەی (حەمەئەمین) بێت، بوون دەتوانێت بە بێ زەمەنیش هەبێت. هەر لە کتێبەکەی (بوون و زەمەن)دا گوزارشت لەو بۆچوونەی دەکات. (هایدیگەر) دەستەواژەی (Sein Zum Ende)، کە دەستەواژەیەکی ئەڵمانییە و بە مانای (بوونی بەرەو کۆتایی) دێت، واتە بوونی مرۆڤ مادام لەناو کاتدایە، ئەوا ئەو بوونە بەرەو کۆتایی، کە مردنە، هەنگاو دەنێت، مردنیش لای (هایدیگەر) کۆتایی بە بوونی (دازاین DASEIN) دەهێنێت. زاراوەی (دازاین) مانای بوون لەنێو جیهان دەدات، چونکە جیهان پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوون. لەمەوە (هایدیگەر) دژی ئەو بۆچوونە دەوەستێتەوە، کە شوێن بۆ بوون دیاری بکرێت، بەڵکو ئەو پێی وایە بوون لێرە دایە، واتە لەنێو شوێندا و شوێنیش پێشمەرجە بۆ بوون.

لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەدا هاتووە: " تەنانەت نوسینی گوتارو پشتگیری ڕۆشنبیرانی هەولێر شەرمنانە وسەیر بوو، ئەمە ئەو هەقیقەتەیە، کەدیوێکی تاڵی خۆپێشاندانەکانی کوردستان بوو " ئایا هەولێرییەکان کێن؟ ئەوانەی دایک و باوکیان هەولێرییە و ئەگەر لە دوورترین کیشوەری ئەم جیهانەدا بژیێن، ئەوا هەر هەولێرین؟ مەبەست چییە لە ڕۆشنبیرانی هەولێر؟ ئەوانی لەوێ نیشتەجێن، یان ئەوانەی بە وجود هەولێرین؟ دابەشبوونی جوگرافیای هەولێر دەبێتە دابەشبوونی وجودی تاکەکانیش؟ ئایا ڕۆشنبیرێک، کە پێی دەڵێن هەولێری تەنیا هیی هەولێرە؟ گریمان سبەینێ ڕۆشنبیرانی هەولێر دەکەونە ناڕەزایی و دێنە سەر شەقامەکانیش، بەڵام ئەمە لە فیکردا چ مانایەکی هەیە. ئەوسا ئەوانە لە هەولێرییەتی دەردەچن، یان وەک خۆیان دەمێنێنەوە؟ کەواتە لە هیچ بارودۆخێکدا ئەو چوارچێوەیەی (حەمەئەمین) گۆڕانی بە سەردا نایەت. ئەگەر ناوی ئەو فەیلەسووف و ڕووناکبیرانەی لە گوتارەکەیدا هاتوون، دەربهێنین، ئەوا ئەوەی دەمێنێتەوە هەر ئەو قسانەن، کە ڕۆژانە خەڵک لەنێوان خۆیاندا دەیانکەن. کوا جیاوازیی بۆچوونی ڕۆشنبیر لەگەڵ بۆچوونە باوەکانی ناو کۆمەڵگادا؟ نامەوێت لەوە زیاتری لێوە بدوێم، چونکە (کاروان عومەر کاکەسوور) لەو بارەیەوە گوتارێکی لەژێر ناونیشانی (هەولێر و هەولێری لە کۆنکرێتبەندییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوە)دا نووسیوە و هەموو ئەو چەمکانەی هەڵوەشاندووەتەوە، کە (ئیسماعیل حەمەئەمین) گوتارەکەی خۆیی لەسەر دامەزراندوون. (چۆمان هەردی) لە کاتی دەستگیرکردنی (ڕێبین هەردی) لە بەرانبەر بنەماڵەی (بارزانی) و (تاڵەبانی)دا دەستەواژەی (بنەماڵەی هەردی!)ی بە



کار هێناوە و دەڵێت بنەماڵەکەیان زوڵمی لێ دەکرێت. ئایا ئەمەیش هەمان مێنتاڵیتیی خێڵ نییە؟ کێشەکە ئەوەیە لەژێر گوتاری ڕۆشنبیریدا ئەم بۆچوونانە دەردەبڕدرێن. هەر ئەوەیە وا دەکات زمانی ڕۆشنبیر ئاستەکانی زمانی ڕۆژانەی و بازاڕی تێنەپەڕێنێت. ڕۆشنبیرمان هەبووە بە دەیان شێوە تەنیا یەک قسەی دووبارە کردووەتەوە، ئەویش ئەوە بووە، کە دەستەڵات گەندەڵە، دیکتاتۆرە، توندوتیژە و.... تاد. لە کاتێکدا ئەمە ئاسانترین بۆچوونە و کەسانی دیکەیش دەتوانن بیڵێن. ڕۆشنبیرمان هەبووە لە کەناڵەکاندا بەوە کۆتایی بە قسەکانی هێناوە، کە حەیف بۆ حکومەتێک وەڵامی نییە، یان لە خۆپێشاندانەکاندا خەڵک کوژرا، گازی فرمێسکڕێژێن بە کار هێندرا. لە کاتێکدا ئەمە ئەرکی ڕۆژنامەنووسێکی ئاساییە ئەم زانیاریانە بە دەستەوە بدات. خۆ ڕۆژنامەنووسانیش هەمان ئاوازیان دووبارە دەکردەوە، پەیامنێرانیش شتێکی نوێیان بە دەستەوە نەدەدا، هێندەی درووشمەکانیان دووبارە دەکردەوە. لەم نێوەندەدا کەسانێک خۆیان نمایش کرد، کە ئەگەر لێی ورد ببینەوە، وەکو (ئەلبێرت کامۆ) دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەوانە شوێنی کورسیی خۆیشیان لە مێژوو داگیر نەکردووە. دیارە من تەنیا مەبەستم ئەو کەسانە نییە، کە ناوەکانیانم هێناوە، لە دەرەوەی ئەواندا چەندین ڕۆشنبیرمان هەبووە نەک نەیانتوانیوە وەک ڕۆشنبیری جیاواز و سەربەخۆ قسە بکەن، بەڵکو بیروبۆچوونەکانیان هێندە سادە بوون، کە ئەوەی کەمێک لە قسەکانیان ورد بووبێتەوە، لەوە تێگەیشتووە، کە ئەوانە ئەوەی لێی قووڵ نەبووبێتنەوە فیکرە.

ڕۆشنبیر ئەرکی ئەوە نییە زانیاریی نێو هەرای سیاسی و بازاڕ بدات بە خەڵک، چونکە میدیا و خەڵک خۆیان ئەوە دەزانن، ئەرکی ڕۆشنبیر ئەوەیە لە قووڵایی قەیرانەکان بکۆڵێتەوە و لێیان تێبگات، ڕۆشنبیر نابێت بۆچوونی خۆی بە سەر ئەوانی دیکە بسەپێنێت، هێندەی هەوڵی ڕاڤەکردنی فیکریانە بۆ قەیران و ڕووداوەکان بدات.

شۆرش، خۆپێشاندان، یاخیبوون دەکرێن، بە بێ ئەوەی لە چوارچێوەی هیچ فۆرمێکدا بخوێندرێنەوە، هەمووان دەچنە ناو یەک ڕیز، بەڵام هەریەکەیان مەبەستێکی جیاوازتری لەوی دیکە هەیە، دواجار دیاریکردن یان گۆڕینی ئاڕاستەی ئەو سێ شتە خۆڕسکە، زەبرێکی کوشندەیە لەو توڕەبوونە کۆمەڵایەتییە. دەبێت هەموو بە زمانی خۆیان بدوێن، بەڵام نابێت هەموویان بە یەک ئاواز سەما بکەن، چونکە سەربەخۆیی ئەمانە لە جیاوازیدا بە دیار دەکەوێت. یەکێک لەو درووشمە سەرنجراکێشانەی، کە لە شۆڕشی لاوانی ئایاری ساڵی 1968ی فەرەنسی هەڵوسرابوو، ئەوەیە: لێمانگەڕێن با گشت

شتێک بخەینە ژێر پرسیارەوە. ئەم درووشمە بەو واتەیەی، کە خۆپێشاندەران لە هەموو شتێکی پێش خۆیان هەڵدەگەڕێنەوە و دەیخەنە ژێر پرسیارەوە، ئەگەر بە زمانی (دێریدا) بێت، ئەوا دەبێت بڵێین هەڵیدەوەشێنەوە. هۆشیاریی خۆپێشاندەر ئاڕاستە جیاوازەکانی یاخیبوون دەردەخات. یەکێکی دیکە لەو درووشمانەی ئەو شۆڕشە ئەمەیە: مامۆستاکان ئێوەش وەک کولتوورەکەتان وەک مۆدێرنیزم کۆن بوونە، مۆدێرنیزمەکەتان بریتیە لە مۆدێرنیزەکردنی پۆلیس و کولتوورەکەش تەواو تێک شکاوە. لەم درووشمەوە کاریگەریی بیریارانی پۆستمۆدێرنە بەسەر هۆشیاریی خۆپێشاندەراندا دەبینین، بێگومان ئەوانی ئەم درووشمەیان نووسیوە خۆپێشاندەری ئەو شۆڕشەن، لەمەوە تێدەگەین لانیکەم ئەوانە ئاگایان لە تێزەکانی (نیتشە)، (هایدیگەر)، (فوکۆ) و (دۆلۆز) و (دێریدا) و زۆرانی دیکە هەیە، ئایا ئەمە کاریگەریی ڕۆشنبیران بە سەر هۆشیاریی تاکەکان پێشان نادات؟ فیکر نابێتە پرۆژە، بەڵام تاک دەتوانێت بە هۆیەوە هۆشیار ببێتەوە، ئایا بەشێک لە ڕۆشنبیرانی ئێمە لەو سەکۆیەدا هەوڵیان دا تاک هۆشیار بکەنەوە؟ ئایا ئەوان بە زمانێک دوان، کە تەعبیر لە بۆچوونە سەربەخۆکانیان بکات، بەو مانایەی ئایدیای نوێ بە دەستەوە بدەن لە بەرانبەر ئایدیا گشتییەکانی نێو بازاڕ و هەرای سیاسیدا؟

کۆمەڵگای کوردی وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکە کۆمەڵێک هێزی ناوەکی دژ بە یەکی لە خۆدا هەڵگرتووە، کە جەمسەرێکی ئەو هێزە ناوەکییە دەیەوێت نەگۆڕێت و ئاڕاستەیەکی دیکەی ئەوەیە گۆڕان لە ئاست واقیع و جەوهەری خۆیدا بکات. لە ناوەڕۆکدا ئەو دوو هێزە دژ بەیەکە، چونکە لە گۆڕان و نەگۆڕان تێگەیشتنێکی قووڵیان نییە، تەنیا هەوڵەکانیان لە چەند پرۆژەیەکی ڕووکەشیانە تێپەڕ ناکات، ئەم ڕووکەشییە سادەییە بۆ تاکی کورد هەموو شتێکە، بەو مانایەی تاکی ئێمە توانای ئەوەی نییە لە چوارچێوەی ئەو دوو هێزە دژ بەیەکە بێتە دەرەوە و لە خودی ڕاستەقینەی شتەکان تێبگات. وەک ئەشکەوتەکەی (ئەفلاتون) وایە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە فەیلەسووف لەو ئەشکەوتەدا ئەو کەسە نییە، کە بیەوێت بێتە دەرەوە و خودی ڕاستەقینەی شتەکان ببینێت، بە مانایەکی دیکە ئەو فەیلەسووفە بوونی نییە، بەڵکو لەناو ئەو ئەشکەوتەدا ئەو دوو هێزە دژبەیەکە، کێشەکەیان لەسەر گەورەیی و بچووکی سێبەرەکانە، نەوەک ئەو شتە ڕاستەقینەی سێبەرەکان دروست دەکات. بۆیە تاکی کورد، ئەگەر نەتوانێت ئەم چوارچێوەیە تێک بشکێنێت، ئەوا هیچ کات ناتوانێت لەو ئەشکەوتە بێتە دەرەوە



و لەوە تێبگات، کە هەر دوو هێزە دژ بەیەکەکە ڕاستییان لێ ونبووە و بە دوای سەراب کەوتوون، هاواری حەشامەتیش هەمووانی مەست کردووە. یاخیبوونی بە کۆمەڵ دەتوانێت ئەو شێوازە بێت، کە هەمووان زنجیری کۆیلەبوونیان بپچڕێنن و بە ڕێگەوە بن بۆ ئەوە بە کۆمەڵ لە ئەشکەوت بێنە دەرەوە و سیحری ئەو دوو جەمسەرە ناوەکییە کۆمەڵایەتییە بەتاڵ بکەنەوە، ئاخۆ لە ناوەوەی ئەشکەوتەکەدا کێشەی گەورەیی و بچووکیی سێبەر مانایەکی دەمێنێتەوە؟ ئایا تاکو ئێستا بە کۆمەڵ توانیومانە سیحری ئەو دوو هێزە ناوەکییە کۆمەڵایەتییە بەتاڵ بکەینەوە؟ بە مانایەکی دیکە تاکی کورد هەستی بەوە کردووە جەمسەرە دژ بەیەکەکان هیچ نین، جگە لە بانگەشە کردن بۆ سێبەرێک، کە هەمووان وا دەزانن خودی شتە ڕاستەقینەکەیە؟ ئایا لە دوای حەڤدەی شوباتەوە ئەو یاخیبوونە ئاستێکی مێتافیزیکیی وەرگرتوو و مێتافیزیکای پێش خۆی تێپەڕاندوە؟ یان خۆیشی لەو ئاستەدا نمایشی تووڕەبوونێکی ڕووکەشیانەی کردووە و لەناو هەمان مێتافیزیکای پێش خۆیدا ماوەتەوە؟ ئایا بە شێوەیەکی کەڵەکتیڤ توانی سیحری هێزە دژبەیەکە ناوەکییەکەی کۆمەڵگا بەتاڵ بکاتەوە؟ یان ئەو یاخیبوونە لەپاڵ یەکێک لە ئایدیاکانی دوو جەمسەرە دژ بەیەکەوە بوو؟ ئایا بەشێک لە ڕۆشنبیرانمان هاواریان کرد با ئیتر خەڵک ململانێ بۆ گەورەیی و بچووکیی سێبەرەکان نەکەن، تاکو هەموویان هەوڵ بدەن لە ئەشکەوتەکە بێنە دەرەوە و دنیا ڕاستەقینەکە ببینن؟ دیارە هەندێک لەو ڕۆشنبیرانە تاکو ئێستا نەیانتوانیوە بێنە دەرەوەی ئەشکەوت و بە خەڵکی ناو ئەشکەوت بڵێن هەر هەوڵێک بۆ ناسینی ڕاستی لەناو ئەشکەوت، هەوڵە بۆ بە درۆکردنی ڕاستی، بگرە ئەو ڕۆشنبیرە هەر خۆی ململانێی لەسەر گەورەیی و بچووکیی سێبەرەکان کردووە، بۆیە نەک نەیتوانیوە ئاستەکانی ئەو واقیعە تێبپەڕێنێت، بەڵکو خۆیشی لەژێر گەورەیی و بچووکیی سێبەرەکاندا بانگەشەی ڕاستەقینەی شتەکانی کردووە. هاتنە دەرەوە لەو ئەشکەتە سێ ئەنجامی هەیە. یەکەم: ئەوە دەزانین، کە سێبەرەکان فریویان داوین و ئەوانە خودی ڕاستەقینەی شتەکان نەبوون. دووەم: دەتوانین سەربەست بین، چونکە زانین بۆ ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت خۆی لە کۆت و بەندی ئەو سێبەرانە ڕزگار بکات. سێیەم: دەکەوینە بەردەم چارەنووسی خۆمان، واتە خۆمان چارەنووس بۆ خۆمان دیاری دەکەین، لە دەرەوەی ئەوانەی، کە باوەڕیان بە سێبەرەکان هەیە، وەک ڕاستەقینەیەکی لە گومان بەدەر. بەڵام هەموو ئەو ئەنجامانە کێشەدارن بۆ ئەو تاکەی لەنێو کۆمەڵێکدایە و جەوهەری ناوەکی ئەو کۆمەڵەش لەگەڵ جیاوازیی

هەڵناکات. هەر ئەمەیە وا دەکات مرۆڤ لەو ئازادییە هەڵبێت، کە لە ڕێگەی ڕاستییەوە پێی گەیشتووە. ئایا ڕۆشنبیر دەبێت لەو ئازادییە هەڵبێت؟ یان ئەزموونی ئەو ئازادییە پێشانی ئەوانی دیکە بدات؟ پیشانی ئەوانەی لەنێو ئەشکەوت زاناکەیان پێیان دەڵێت هەموو هەوڵێک بدەن بۆ ئەوەی باش بخەون، دەبێت ڕۆشنبیر وەک (زەرادەشت)ەکەی (نیتشە) وابێت، کە لە ئاست قسەی زانا ڕێزدارەکە پێبکەنێت و بڵێت: خەواڵوەکان بەختەوەرەن، چونکە بەم زوانە لێی دەخەون. ڕۆشنبیر دەبێت دەرک بەوە بکات مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی هەموو هەوڵێکیان بۆ خەوتنێکی باشە، چەندە زەحمەتە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ڕۆشنبیر ببێتە ئەو زانایە، کە ئامۆژگاریی خەڵک بکات بۆ خەوتنێکی باش. ئایا زمانی بەشێک لە ڕۆشنبیرانمان لە ئاست ئەو ڕووداوانەدا زمانێک نەبوو، کە پێمان بڵێت ئاوا بکەن، بۆ ئەوەی باش بخەون، نەوەک پێمان بڵێن لە دەرەوەی خەوی نێو ئەشکەوتدا، دنیا گەورەترە لەوەی هەستی پێ دەکەین. ئەوانەی لێرەن و بانگەشەی شتە ڕاستەقینەکان دەکەن، نابێت لە پێشمانەوە بن و بوونمان داگیر بکەن، چونکە ئەوان تەنیا و تەنیا سێبەرەکان دەبینن، ڕاستەقینەی شتەکانیان لێ ونبووە، هەمووان لەو داوەدا گیریان خواردووە. پێدەچێت چێژی بێئاگایی هەمووانی مەست کردبێت، هەمووان لەنێو ئەشکەوتدا تەنیا درووشم بڵێنەوە، ئایا لەو ئەشکەوتە تەسکەدا بانگەشەکردن بۆ جەمسەرێک لە جەمسەرە درۆینەکانی نێو ئەشکەوت، مانای گەیشتنە بە ئازادی؟ یان ئەوەتا ئامانجەکان هێندە بچووکن، کە دەکرێت هەموو هەر لەنێو ئەشکەوت بمێننەوە و بە خواستەکانیان بگەن. ئەگەر بەشێک لە ڕۆشنبیرانمان ئەوەیان پێی گوتووین، ئەوا لەبەر ئەوە بووە، کە ئەم ڕژانە سەرشەقامە نابێت بچێتە دەرەوەی ئەشکەوت، چونکە مەبەستەکانیان لەناو ئەشکەوتەکەدا دەپێکێت، هێندە هەیە بە سەر هێزی بەرانبەردا زاڵ بین و لەنێو ئەشکەوتیشدا گۆڕان بکەین! کێشەی زمان، یان (ئۆکتاڤیۆ پاز) گوتەنی گەندەڵی زمانی بەشێک لە ڕۆشنبیرانمان لە قەیرانی حەڤدەی شوباتەوە ئەوەبووە، کە زمانی ئەوان بانگەشەکردن نەبووە بۆ دەرچوون لە ئەشەکەوت، بەڵکو زمانی ئەو ڕۆشنبیرە لە چوارچێوەی ئەشکەوتدا نەیتوانیوە تێبپەڕێت. شتە ڕاستەقینەکانی دەرەوەی ئەشکەوت، ئەو ڕاستییەن، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین جێنیشینانی ناو ئەشکەوتی پێیەوە هۆشیار بکەینەوە. لێرەدا پرسیاێک دێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە ئاخۆ هەموو کەسەکانی ناو ئەشکەوت دەیانەوێت هۆشیار ببنەوە؟ ڕەنگە یەکێک لە نموونە هەرە گرنگەکان، وەڵامی ئەو پرسیارەمان بداتەوە، ئەویش هەواڵی



مردنی خواوەندە، کە (زەرادەشت) (مەبەست لە (زەرادەشت)ی کارەکتەری (وەهای گوت زەرادەشت)ی نیتشەیە، کە لەوێدا زەردەشت هەواڵی بوونی سوپەرمان و مردنی خوا بە خەڵک دەڵێت) بە جینیشینەکانی ناو ئەشکەوتی داوە، لە ئەنجامدا بەشێک لە جینشینەکانی ناو ئەشکەوت بەو هەواڵە دەگەشێنەوە و سەما دەکەن، بەشەکەی دیکەیش زەندەقیان دەڕژێت و بە سەختی بەرپەچی ئەو هەواڵە دەدەنەوە. ئەوانەی بەو هەواڵە خۆشحاڵن، ئەو دەستەیەن، کە دەمێکە چاوەڕێی ئەو هەواڵە دەکەن، ئەوانەن، کە تینووی ئازادیین، یان بە واتایەکی دیکە تینووی هەواڵکی لەو چەشنەن، چونکە ئەو هەواڵە سەربەستبوونی مرۆڤ لە کۆتوبەندی کۆیلەبوون بۆ هێزێکی دیکە دەهێنێتە ئاراوە. ئەمە وەک نموونەیەک، کە مەبەستم لێی ئەوەیە بەشێکی زۆری نیشتەجێیەکانی نێو ئەشکەوت تینوون بۆ ئەو ئادیایانەی، کە مرۆڤ لە کۆیلەبوون ڕزگار دەکەن، تامەزرۆی ئەوەن ڕاستییەکان بزانن، چونکە هەستیان بەوە کردووە ژیان لەتەک ئەو سێبەرانە، بەو شێوە داخراوییەی نێو ئەشکەوت، چەندە مرۆڤ لە خۆی دوور دەخاتەوە، ئەگەر بە زمانی (هایدیگەر) گوزارشت لەوە بکەین، ئەوا دەڵێین: پرۆژەکانی ڕۆژانەی دازاین بە دەست ئەوانە و ئەوان بەو جۆرەی دەیانەوێت بڕیاری لەسەر دەدەن: ئەوانیش، کەسانێک نین بناسرێنەوە. بەپێچەوانەوە، هەموویان لەیەکدی دەچن و نوێنەرایەتی یەکدی دەکەن. لەم داگیرکردنە بەرچاونەکەوتوەدا تاک دەبێتە ئەوان و دەستەڵاتی ئەوان زۆرتر دەکات. کەواتە ئەوانەی خۆشحاڵن، چاوەڕێی هەواڵێکی وەهان و ئەم چاوەڕێبوونەش لە ئەنجامی هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە ڕاستی و هۆشیاربوونەوەیان لەوەی، کە دەستەڵاتی زلهێزی ناو ئەشکەوت بوونیان داگیر کردووە و ناتوانن ئازاد بژیێن، بە شێوەیەک تاک کەوتووەتە ژێر کاریگەریی دەستەڵاتی ئەوان و ناتوانێت خۆی بێت. هەرچی ئەوانەن، کە بەم هەواڵە تووشی شۆکێکی گەورە دەبن، ئەوانەن، کە نایانەوێت هۆشیار ببنەوە و هەست بەوە بکەن هەڵخەڵەتاون، بە مانایەکی دیکە ئەوان چێژ لەو ناهۆشیارییە دەبینن و تێیدا نقووم بوونە، دۆگمای نێو ئەشکەوت داگیری کردوون، کەسانێکن هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە باش بخەون.

چۆن دەتوانین بەم ئادیایە گوزارشت لە بەشێک لەو ڕۆشنبیرانە بکەین، کە وەکو لە سەرەوە ئاماژەم پێی داوە زمانیان ئاستەکانی زمانی ڕۆژانەیی (Vulgar)یان تێنەپەڕاندووە، بەڵکو خۆشیان ئەو زمانە بەکار دەهێنن؟ ئەو ڕۆشنبیرانە، چونکە نەچوونەتە دەرەوەی ئەشکەوت، جگە لە ململانێی نێو ئەشکەوت (ململانێ لەسەر

ئاستی زمان) ئاگایان لەوە نییە لە دەرەوە دنیا چۆنە، بە واتایەکی دیکە نایانەوێت وێنای دەروەی ئەشکەوت بۆ کەسانی نێو ئەشکەوت بکەن، ئەمەیش بەرگریکردنە لە دۆگمای نێو ئەشکەوت. ڕەنگە هەر ئەم ڕۆشنبیرانە بن، کە دەنگی ناوەوەی ئەو کەسانەیان کپ کردبێت، کە چاوەڕێی هەوڵێکن بۆ دەرچوون لە دۆگمای نێو ئەشکەوت و هۆشیاربوونەوە لە دۆگمای سێبەرەکان. ئەو ڕۆشنبیرانە لە ڕێگەی زمانەوە پێیان گوتین، هیچ شتێک لە دەرەوەی ئەشکەوت بوونی نییە، بەوەدا ئەشکەوت بووە چەقی ململانێکانیان. نابێت چاوەڕێی دەستەڵاتی ڕەهای ناو ئەشکەوت بکەین، کە بۆ دەرەوەی ئەشکەوتمان ببات، چونکە ئەو دەستەڵاتە خۆی باش دەزانێت، کە بە بینینی دیمەنی دەرەوەی ئەشکەوت، سیحر و کاریگەیی بەتاڵ دەبێتەوە و ناتوانێت لەوە زیاتر ئەوانی دیکە بکاتە کۆیلە، بەڵام جەمسەرە دژەکەی دەستەڵات لانیکەم دەبێت هەوڵی ئەوە بدات لەو بەشە دەنگکپکراوەی کەسانی نێو ئەشکەوت بگەیەنێت، کە لە دەرەوەدا دەشێت جیهانێکی گەورە و بەرفراوان هەبێت بۆ خەونەکانمان، بۆ ئەوەی هیچ دەستەڵاتێکی دۆگمایی نەتوانێت بوونمان داگیر بکات، نەوەک ململانێی بۆ ئەوە بێت خۆی ببێتە خاوەنی دەستەڵاتە ڕەهاکە. لەم نێوەندەدا ئەو ڕۆشنبیرانە خەونی ئەو کۆمەڵەیان کوشت، کە دەیانویست بڕۆنە دەرەوەی ئەشکەوت، هەر ئەو کۆمەڵە یاخییەی کردە مەبەستی ململانێکانی و دووبارە دەیانکاتەوە کۆیلە. ئەمە واقیعی ئەو کۆمەڵە یاخییەیە، کە لە حەڤدەی شوباتەوە ڕژانە سەر شەقام، بۆ ئەوەی ئەو خەونەیان بهێننە دی، کە بە شێوە ژیانێکی جوانتر و شیاوتریان دەبینی، شێوە ژیانێک ئەشکەوتەکەی کوردستان سێنتراڵی نییە، بەڵکو ئەو شێوە ژیانە لە دەرەوەی ئەشکەوتدا مەیسەر دەبێت. ئامادەبوون دەستەڵاتی ڕەهای نێو ئەشکەوت لە ڕێگەی قوربانیدان تێک بشکێنن و بیانەوێت بڕۆنە دەرەوەی ئەشکەوت تاکو لە کۆیلەبوون ڕزگاریان بێت، بەڵام ئەو ڕۆشنبیرانەی ئاڕاستەی ڕێگای دەرچوونیان لە چوونە دەرەوەی ئەشکەوت، بۆ گەڕانەوە بۆ نێو دۆگمای ئەشکەوت گۆڕیی، بەمەدا ڕێگای لە خۆپێشاندەران گۆڕی، بەوەی لە ڕێگەی تێزە سادەکانیانەوە ئەوەیان پێ گوتن، تەنیا و تەنیا ئەشکەوت چەقی ململانێکانە. ئەو ڕۆشنبیرانە ترسیان لەوە بوو خەڵک بگاتە دەروەی ئەشکەوت، چونکە ئەگەر ئەو خەڵکە توانیی شتە ڕاستەقینەکانی دەرەوەی ئەو ئەشکەوتە ببینێت، لەوە تێدەگەن ڕۆشنبیرانیش چەندە سێبەرەکانیان گەورەتر و پیرۆزتر کردووە.

دوای هەموو ئەمانە دەبێت ئێمە بپرسین چۆن ئەم زمانە سادە و ڕووکەشە تێبپەڕێنین؟



بە مانایەکی دیکە چ زمانێک دەتوانێت ئێمە بباتە ناو دنیای دوای حەڤدەی شوباتەوە؟ چۆ بتوانین پشت لەو تێگەیشتنە ستاندارده بکەین، کە وا لە ڕۆشنبیر دەڕوانێت بوونەوەرێکی بوێرە و توانای هەیە لە شەقام و لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆندا دەربکەوێت، تاکو تووڕە ببێت و ناڕەزایی دەرببڕێت؟ چۆن دەکرێت وێنەیەکی نوێی ڕۆشنبیر دابهێنین، کە کەمورزۆر لەو وێنە ستاندارده نەچێت؟ چۆن دەتوانین لەمەودوا ڕۆشنبیر لە ڕێگای بەرهەم و پرۆژەکانیەوە بناسینەوە و لەوێوە بیخوێنینەوە، نەوەک لە ژمارەی دەرکەوتنەکانی لە تیڤی و لەسەر شەقامەکاندا؟ چۆن لە ئێستاوە واز لەوە بهێنین ڕۆشنبیرەکان بە کۆ بخوێنینەوە، با ئەوانە لە هەمان دامودەزگایش کار بکەن، یان با ئەوانە ستافی یەک گۆڤاریش بن؟ ئەرێ زمانی ئەو ڕۆشنبیرە مادام لە ئاستی ئەو بیست ساڵەی پێش حەڤدەی شوباتدا نەبێت، ئەی چۆن دەتوانێت لە دوای حەڤدەی شوباتەوە کاریگەریی هەبێت و گۆڕانکاریی بێنێتە دی؟ ئایا ڕۆشنبیری ئێمە، بە تایبەتی نەوەی نوێ توانایان هەیە پۆستفێبریوەری ڕابگەیەنین؟ مەبەستم لە وشەی (پۆست Post) تێپەڕاندنە وەک لای فەیلەسووفانی پۆستمۆدێرینتە داهێندراوە، کە جاڕی بەسەرچوونی مۆدێرنیتییان داوە. ئایا زەمەنی دوای (فێبریوەری) تەواو بووە و ئێمە پێمان خستووەتە ناو (پۆستفێبریوەری)یەوە؟

http://www.columbia.edu/itc/architecture/ockman/pdfs/dossier_4/Baudelaire.pdf
http://foucault.info/documents/whatIsEnlightenment/foucault.whatIsEnlightenment.en.html
INTERVIEW WITH SLAVOJ ZIZEK: The one measure of true love is: you can insult the other. by: Sabine reu and Thomas Deichmann.
Martin Heidegger/ Identity and Deference/ translated and with an introduction by Joan Stambaugh.
Nitzsche, Friedrich Wilhelm / Thus Spoke Zarathustra/ Translated By Walter Kaufmann/ Page (14)

ئازاد حەمە / ئاماژەکانی درووشمەکانی ئایاری 1968 ی پاریس/ سایتی دەنگەکان

هەمان سەرچاوە

من کەمێک وێنە ڕەسەنەکەی (ئەفلاتون)م بۆ ئەشکەوت دەستکاری کردووە. (ئەفلاتون) لە دیالۆگی (کۆمار)دا ئەشکەوت بەو شیوەیە وێنا دەکات، کە کۆمەڵە کەسێک لە منداڵییەوە لەنێو ئەشکەوت مل و قاچەکانیان بە زنجیر بەستراوەتەوە و ناتوانن ئاوڕ بدەنەوە. دەرگای ئەشکەوتەکە لە سەرەوەیە و لەوانەوە دوورە، دەرگاکەیش بە قەد پانیی ئەشکەوتەکەیە و ڕووناکی لەوێوە بە ئەشکەوتەکە دەگات. ڕووناکییش بۆ نێو ئەشکەوتەکە لەو ئاگرەوە دێت، کە لە دەرەوە و لە پشتیانەوە هەڵکراوە. لەنێوان ئەوان و ئاگرەکەدا ڕاڕەوێکی درێژ هەیە. لە (کۆمار)ەکەدا هاتووە: وای دابنێ لەبەردەم ئەم ڕاڕاوەدا، وەکو چیغی بەردەم شانۆی بووکەشووشە بۆ هەڵسووڕانی بووکەکان دیوارێکی نزم هەڵچنراوە. وای دابنێ هەندێک کەس لەودیو دیوارەکەوە پەیکەری مرۆڤ و ئاژەڵیان بە کۆڵەوەیە، کە لە بەرد و تەختە و شتی دیکە داتاشراون و هاتوچۆ دەکەن. هەندێکیان دەدوێن و ئەوانی دیکە بێدەنگن. (بڕوانە: ئەفلاتون/ کۆمار/ وەرگێڕانی: د. محەمەد کەمال/ بەشی حەوتەم/ ل 227 / لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ 2009)

پارادۆکس ئەوەیە کاتێ ئەو ڕووناکییەی دێتە ناو ئەشکەوت و بەر شتەکان دەکەوێت، سێبەر دروست دەکات. ئەوانەی ناو ئەشکەوت وا دەزانن ئەوە شتە ڕاستەقینەکەیە و ئیتر نازانن ڕاستەقینەی ئەو تەنەی سێبەری دروست کردووە، چییە. دەستکارییەکەی من ئەوەیە، کە ئەو کۆمەڵەی نێو ئەشکەوت بە زنجیری ئاسایی بەند نەکراون، بەڵکو ناو ئەشکەوت کۆمەڵگەیەکە و هەموو پێکهاتەیەکی کراوەی تێدایە، هێندە هەیە خەڵک ناتوانێت گریمانی دەرەوەی خۆی بکات و بزانێت لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگایە شتە ڕاستەقینەکان چۆنن. هەر لەنێو ئەو کۆمەڵگا داخراوەدا، کە من بە ئەشکەوتم شوبهاندووە، جەمسەری دژ بەیەک هەن، بەڵام هەوڵەکانیان بۆ ئەوە نیین، کە بە ڕاستییەکان بگەن و خۆیان لە فریوی سێبەرەکان ڕزگار بکەن، بەڵکو ململانێکانیان بۆ دەسەڵاتی نێو ئەشکەوتە. کەواتە بەو شێوەیە بێت ئەو کۆمەڵە، ئەگەر ئاگاداریی ئەوە نەبن، کە هەر جەمسەرێک لەوانە دەسەڵات بگرێتە دەست، هیچ لەوە ناگۆرێت، کە ئەوان لە کۆتوبەندی سێبەرەکان ڕزگاریان ببێت، بەڵکو جەمسەری ڕاستەقینە ئەوەیە بیانباتەوە دەرەوەی ئەشکەوت و خودی ڕاستەقینەی شتەکان ببینن. لای من ململانێ سیاسییەکانی نێو گۆڕەپانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن بەو شێوەیە.



Nitzsche, Friedrich Wilhelm / Thus Spoke Zarathustra/ Translated By Walter Kaufmann/ Page 19

هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی/ د. محەمەد کەمال/ لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ 2007. ل320

هەروەها بڕوانە: Martin Heidegger/ Being and Time, translated by John Macquarrie and Edward Robinson/ Page 164

# وەرچەرخانی دیموکراسی و ئاستەنگی

رامیار مەحمود

لەم باسەدا هەوڵ ئەدەم لە سەر تێرمی کۆمەڵگای مەدەنی بدوێم کۆنتێکستی ئەم شیکارکردنەوەش خۆپیشاندان و شورشەکانی ناو جیهانی عەرەبیە بۆیە هەوڵی شیکاکردنەوەی مۆدێلی هەڵگەرانەوەی کۆمەڵگای مەدەنی ئەدەین لە دەوڵەت سەنتەریزم مەبەسەتمان لە دەوڵەت سەنتەریزم ئەو کەڵکەڵە ئایدیلۆجی و سیاسییە کە دەوڵەت دەکاتە چەقی هەموو شتێک. لەو بروایەدام جارێکی تر ئێمە لە بەردەم بوژانەوەی کۆمەڵگای مەدەنیدان پێم وایە ئەمە دووەمین بوژانەوەیە کۆمەڵگای مەدەنی بە خۆیەوە ئەبینێت. یەکەم بوژانەوەی کۆمەڵگای مەدەنی ئەگەڕێتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیتی جارن و ڕزگاربوونی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە توتالیتارزمی ڕژێمە کۆمۆنیستەکان و کۆنتێکستی دووەمی ئەم بوژانەوەیەش کەوتن و هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمە توتالیتار و دەسەڵاتخوازەکانی ناو جیهانی عەرەبییە.

## دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی کوردی

سەربارى ئەوەی دیدو بۆچۆنێکی زۆر سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی هەیە ئەم تێرمە بە چەندین ئاقاری فکری جیاواز خوێندراوەتەوە. بەشێکی زۆر ئەو ئاراستەو خوێندنەوانەی بۆ تێرمی کۆمەڵگای مەدەنی هەیە پەیوەندی بە کۆنتێکستی جیاوازی سیاسی و کەلتورییەوە هەیە کە وای کردوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر تێرمەکە و شێوازی بە گرنگی وەرگرتنی کۆمەڵگای مەدەنی مانای جیاواز بگرێتە خۆی و فۆرمی جیاواز بە خۆیەوە ببینێت. لە بەر ئەوەشە ناتوانین قسە لە سەر یەک



شێوازی ئەپلای کردن بکەین بۆ کۆمەڵگای مەدەنی لە وڵاتێکدا . بەڵام بە گشتی کۆدەنگییەک هەیە لە سەر ئەوەی کە کۆمەڵگای مەدەنی بەو دەزگا و ئینستوتیتانە ئەگرێتەوە کە نە سەر بە دەوڵەتن نە سەر بە خێزانن واتە لە نێوان دەزگای خێزان و دەوڵەتدان. بەڵام ئەمڕۆ کەمتر دامەزراوەی ئابوری بە هەند وەر ئەگیرێت لە نێوەندی خێزان و دەڵەتدا کەمتریش بازاڕ وپەیوەندی ئاڵوگۆڕ مەگەر هەندێک تەوژمی کەمی ناو لیبرالیزم بەرگری لەو ئاوازە ئابورییە بکات.
ئەو پەیوەندییەی کۆمەڵگا ئەبەستێتێوە بە دەوڵەتەوە ئەو فۆرم و پارادایمەی کۆمەڵگای مەدەنی وەری ئەگرێت لەو میانەیەدا ئەکرێت بۆ سەر چەندین ئاستی جیاواز دابەش بکرێت و گوزارشت لە دۆخی مێژووی دیاریکراویش بکەن بۆ نمونە دۆخی کۆمەڵگای مەدەنی وەک دژی دەوڵەت , یاخود کۆمەڵگای مەدەنی وەک بەشێک لە دەوڵەت , کۆمەڵگای مەدەنی وەک پشتیوانی دەوڵەت , یاخود کۆمەڵگای مەدەنی لە دیالۆگدا لە گەڵ دەوڵەت , یاخود وەک پارتنەرشیپی دەوڵەت یاخود کۆمەڵگای مەدەنی لەو دیوی دەوڵەتەوە. هەریەک لەم دۆخانە گوزارشت لە دۆخی دیاریکراو ئەکەن لە مەڕ کۆمەڵگای مەدەنییەوە. بۆ نمونە دۆخی کۆمەڵگای مەدەنی وەک دژی دەوڵەت سەر ئەنجامی کۆتایی هەشتاکانە. چونکە شۆڕشی 1989 وەک ڕێنیسانێک لە بواری کۆمەڵگای مەدەنیدا دەر ئەکەوێت لە ڕووی تیۆرییەوە. کۆمەڵگای مەدەنی لەو ساڵانەدا لە ئەوروپای توتالیتاری کۆمۆنیستیدا وەک ئەکتەرێکی دژ بە دەوڵەت هاتە پێشەوە. چیرۆکی سەقامگیری دەوڵەتی توتالیتاری لە سەر بەناسیاسیکردنی هاونیشتمانبوون بەندە بۆیە لە دۆخی توتالیتاریدا کۆمەڵگای مەدەنی هەر نەبوو یان زۆر کەم.
لەم دۆخانە زۆر نوسەر باس لە دۆخێک ئەکەن مرۆڤ هەڵی بژێرێت وەک ئەوەی دەوڵەت لە ئارادا نەبێت واتا دۆخی نا سیاسییانە. ( ڤەکلاف هاڤێل) لە وتارەکەیدا بە ناوی (دەسەڵاتی بێ دەسەڵاتانەوە) باس لە توانای ئەو تاکە دابراوانە ئەکات لە ژیانی ڕۆژانەدا لە بەرەنگاریکردنی دەوڵەتدا لە ژێر سایەی توتالیتاریزمدا. بێگومان ئەمە سەرئەنجامی دۆخێکە کە کۆمەڵگای مەدەنی بوونی نەبێت وەک دامـەزراوەی نێوان دەوڵەت و خێزان. بێگومان لە لایەن هەندێک کۆمەڵناس و تیۆرزانەوە ئەو ساخ ئەکەنەوە کە دەسەڵاتی توتالیتاری دەوڵەت شتێک نیە بە تەواوی کامڵ بووبێت وەک ئەوەی بانگەشەی بۆ ئەکرێت.

شۆڕشی 1989 تا ڕادەیەک ئەو ڕاستییە ساخ ئەکاتەوە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات وەکساڵی شۆڕشی کۆمەڵگای مەدەنی تەماشا بکرێت. بەڵام ئەم ئەزمونەش هەندێک پرسیاری لە گەڵ خۆی هێنا کە کۆمەڵگای مەدەنی تەواو بە هێز بوو بۆلادانی کۆمۆنیزم بە هەمان ئەندازەش لاواز بوو بۆ دابینکردنی دیموکراسی. یاخود پرسیار دەربارەی چاکی مۆدێلی کۆمەڵگای مەدەنی دژی دەوڵەت کە تەنها چاکە لە دۆخی بوونی توتالیتاریزمدا. پرسیارەکە ئەوەیە ئەو مۆدێلە بۆ لابردنی حکومەتی کۆمۆنیستی و فاشی کە گونجاوە هەر هەمان مۆدێل گونجاوە بۆ دابینرکدنی دیموکراسی. زۆر کەس بروای وایە دۆخی پاش فاشیزم پێویستی بە کۆمەڵگای مەدەنی هەیە لە دۆخی دامەزراوەی ڕەسمیدا ئەگین نا سەقامگیری ئەخاتەوە بەڵام بۆ زۆرێک لەوانەی لە نزیکەوە چاودێری وڵاتانی پاش فاشیزم ئەکەن پێیان وایە بەردەوامبوونی پرۆتێست و ناڕەزای کۆمەڵگای مەدەنی سەرنجامێکی پۆزەتیڤی هەیە لە دروستکردنی دیالۆگی نێوان حکومەت و کۆمەڵگا. بە هەرحاڵ دۆخە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستی بە قسەکردن زۆرە (1).

فۆرمەکانی کۆمەڵگای مەدەنی: وەک چۆن دەسەڵاتی سیاسی چەندین فۆرمی هەیە و لە ناو هەرفۆرمێکی دەسەڵاتی سیاسیدا چەندین جیا هەڵکەوتەیی سیاسی هەیە بە هەمان ئەندازەش چەندین فۆرم و جیا هەڵکەوتەیی کۆمەڵگای مەدەنیش هەیە هەر ئەمەش وا ئەکات زیاد لە دید و مانایەک لە ئارا بێت لە سەر کۆمەڵگای مەدەنی و پێناسە و مانایەکی نەگۆڕو یەکجارەکی نەبێت بۆ ئەوەی پەیوەندی کۆمەلگا بە دەوڵەتەوە بە چ شێوەیەک دیاری بکرێت. لەم ڕووە بەشێک لەبیردۆزەکانی دیموکراتی باس جۆرێکی کۆمەڵگای مەدەنی ئەکەن کە داهێنەر بێت و لە دیالۆگێگی ڕەخنەگرانەدا بێت لە پەیوەندی بە دەوڵەت و حکومەتەوە. ئەم دیالۆگە پێویستە ڕاستگۆیانە بێت لە لایەن حکومەتەوە پاساو و وەڵام هەبێت بۆ ئەکشنی سیاسی حکومەت بەرامبەر بەو دەنگە هەمەجۆرەی ناو کۆمەڵگای مەدەەنی. ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر ڕێک دەکەوێت لە گەڵ ئەو تێرمەی کۆمەڵگای مەدەنیدا کە فەیلەسوفی ئەڵمانی هابرماز بایەخێکی ستراتیجی پێ ئەدات و وەک چەقێکی کاتیگۆری بیرکردنەوەی ئەو ئەو دەر ئەکەوێت ئەویش کۆمەڵگای مەدەنییە وەک "بواری



گشتی". دەکرێت وا لە بواری گشتی بگەین وەک درێژ بونەویەکی کۆمەڵگای مەدەنی ئەو شوێنەی کە بیر و بەهاو بەرژوەندی و ئایدیلۆجیەکانی تیا فۆرمەلە ئەبێت لە ناو کۆمەڵگای مەدەنیدا و دەنگیانی تیایدا دەبیسترێت و لە ڕووی سیاسیەوە کاریگەر دەبن.دیبەیتی ڕەخنە گرانە لە ناو بواری گشتیدا جۆرێکە لە تێستکردنی ڕەوایەتی سیاسی. ئەو پەیوەندییە ئایدیالیەی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵـەت وەک شتێکی بە دەست هاتوو ناکرێت تەمشا بکرێت بەڵکوو وەک چوارچێوەیک بۆ خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگای هاوچەرخ. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین پشتیوانی بواری گشتی بکەین وەک پارتنەرێکی ڕەخنەگرانە بمێنێتەوە لە گەڵ حکومەتدا. ئازادی قسەکرن و ڕیکخراوبوون مەرجیکی گرنگی کۆمەڵگای مەدەنی بەهێزە نەک بە تەنها گەرنتی دەستوری چونکە ئەوە دەوڵەت نییە بەڵکوو ئەندامەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە کە دەتوانن بوارێکی گشتی کاریگەر بخوڵقێنن .بێگومان ئەم سەیرکردنە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی زیاتر بسەر بەترادیسۆنی ئەورووپییە. کە تارادەیەک پێچەوانەی ئەو مۆدیڵە ئەمەریکییە کە کۆمەڵگای مەدەنی وەک پشتیوانی دەوڵەتە چ لیبرال و چ کۆنسێرڤەتیڤ هەڵگرەوەی ئەو مۆدێلەن بە شوێن بەهای هاوبەش و ناسنامەی هاوبەشەوەن لەو دیو بەرژوەندی تاکەوە. ئەو مۆدیڵە ڕەخنەگرانەیەی کە مەبەستمە لە بارەییەوە بدوێم ئەوەیە کە حکومەت بە تەنها ناتوانێت پێویستی و چاکێتی و یەیامەکەی بگەیەنێتە هاوڵاتیان بە بێ نێوەندگیری سێکتەری سەربەخۆ لە حکومەت. بۆ زۆرێک کێشەکە کێشەی خودی دیموکراسی و خۆ بەڕێوەبردنە و ڕەوایەتی پێویستی بە بەشداریکردنی زیاتری هاوڵاتیان هەیە لە دروستکردنی بڕیاردا. هاوڵاتیان هەست بکەن کۆنترۆڵی ژیانیان بە دەست خۆیانەوەیە وەک هابرماز ئەلێت کاتێک هاوڵاتی دەتوانێت ڕێکخەر ی خۆی بێت و شکۆمەندی بپارێزێت. ئەمە بەو مانایە کۆمەڵگای مەدەنی ماڵی خۆ بە ڕێوەبردنە. لەم دۆخەدا کاتێک حکومەت بزر دەبێت بە هۆی هەر دۆخێکە ئەو پرسیارە سەرهەڵئەدات لە ناو کۆمەڵگای مەدەنی دا " کێ بەرپرسە" ئەمەش واتا کاتێک کەس بەرپرس نەبوو فۆرمی نوێی بەریوەبردن سەر هەڵ ئەدات لە سەر ئاستی لۆکاڵی . کۆمەڵگای مەدەنی ئاماژەیە بۆ بواری کارلیکردن و ئینستوتە کە ژیانی گشتی ئەپارێزێت

لە دەرەوەی دەوڵەت و ئابورییەوە. بە شێویەکی گشتی کۆمەڵگای مەدەنی بەشداریکردنە لە بواری گشتیدا هەندێک جار ئەم بەشداری کردنە لە ڕوانگەی هاریکاریەوە. لە هەندێک ڕووی ترەوەوە کۆمەڵگای مەدەنی تەبایە لە گەڵ کۆنسێپتی هاوپشتی و ناسنامەی جڤاتدا. لە هەندێک ئاستی تردا کۆمەڵگای مەدەنی یەکسان ئەکات بە ئازادی تاکەکەس و مافەکانی و پاراستنی ئەو سەربەستیانەو خولقاندنی بواری گشتی.

تیۆری کلاسیکی بۆ کۆمەڵگای مەدەنی: بەکارهێنانی سەرەتایی تێرمی کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕووی فەلسەفییەوە وەک کۆنتراستێک بەرامبەر گریمانەی دۆخی سروشتی وێنا کراوە. (ئادەم فێرجسون) کۆمەڵگای مەدەنی بەکار بردووە بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵگای خۆرئاواو دامەزراوەکانی لە لە کۆمەڵگا دیسپۆتیکەکانی دەرەوەی خۆرئاوا. ڕۆسۆ و لۆک و مۆنتسیکیۆ و تۆکڤێل کۆمەڵگای مەدەنییان وەک تاقمێک لە ڕێکخراوەی تایبەت و گشتی بینیوە کە لە سەر بناغەی متمانەو هاریکاری بەندە. سەرباری تایبەتمەندی و جیاوزی نێوانیان کۆمەڵگای مەدەنییان وەک هێزێکی مۆرالی بینیوە کە دەبیتە هۆی گەشەپیدانی بواری گشتی و مافە یاساییەکان و دامەزراوەکان و گروپە سیاسیەکان. لە ژێر کاریگەی تۆکڤێل دا دۆرکایم چەند بواریکی کۆمەلگای مەدەنی جیا کردۆتەوە لە یەک و پۆلێنی کردووە: کۆمەلگای سیاسی وەک بواریێکی تۆکڤێلییانە یان ( بواری گشتی)،بواری خێزان، بواری ئینستیوتی، بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و فۆرمەکانی کیومینیکەشنی گشتی. بە لای دۆرکایمەوە ئەم بوارە جیاوزانەی کۆمەڵگای مەدەنی لۆجیکی ناوەکی خۆی هەیە و لە ڕووی مەشقکردنەوە تایبەتمەندە دەبیتە هۆی یەکێتی کۆمەڵایەتی و سەربەخۆی تاکەکەس و هاوکاری کۆمەلایەتی. لە کاتێکدا هەندێک لە تیۆرە کلاسیکیەکان کۆمەڵگای مەدەنی جیا ئەکەنەوە لە ئابوری هەندێکی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە کەپیتڵاتسیەکەی لە گەڵ هاوپێچ ئەکەن. (کانت) کۆمەڵگای مەدەنی تێکەڵ رردووە بە چینی ناوەندی کەپیتالستی لای کانت کۆمەڵگای مەدەنی -ges sellschaft کە مانای کۆمەڵگای شارنشیندێت-city-dwellers soci ety. لای ئادەم سمس کۆمەڵگای مەدەنی بوارێکی جیاوزە لە بواری سیاسی کە کێبڕ کێی بازار و و شوێن کەوتنی تاکەکەس بۆ بەرژەوەندیەکانی دەبنە هۆی



چاکەی گشتی کۆمەلگا و گشەکردنی ئابوری. بۆ ئادەم سمس ئاڵگۆڕی بازاڕ و کێبڕیکی سەرچاوەی خوڵقاندنی کۆمەڵگای مەدەنییە.. بۆ هێگل کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی بە شێوەیەکی ڕادیکالانە لە یەکتری جیان و دەوڵەتی سیاسی نێوەندگیری ئەکات لە نێوان ناکۆکییەکانی بەرژەوەندیە خۆییەکانی کەس و ئیلیتیزامەگشتییەکاندا لەڕیگای پشتیوانی کردنی چاکەی گشتی. لە ڕوانەگەی مارکسیزمەوە کۆمەڵگای مەدەنی گوزراشتە لە گەشەسندنێکی تایبەتی ئابوری کە هاوپەیوەندە بە سەرهەڵدانی (دەوڵەت-نەتەوە)وە. تێگەی دەوڵەت-نەتەوە وەک بواریکی جیا لە کۆمەڵگای مەدەنی دیاردەیەکی نوێیە. لە ڕوانگەی مارکسەوە تەنها لە دوای سەدەی ناوەراستەوە بواری بەرژەوەندی لە ناو کۆمەڵگای مەدەنیدا بە تایبەتی بەرژەوەندی ئابوری ئەبیت بە بەشێک لە مافی تایبەتی تاکەکەس و جیا ئەبێتەوە لە بواری گشتی بەم پێیە لە ناو چەقی کۆمەڵگای مەدەنیدا تاکەکەسی ئازاد هەیە کە خاوەنی مافی سیاسیەو ئازادییەکەشی وەستاوە لە سەر شوێن کەوتنی دەسکەوتی ئابوری. مارکس ئەو تێڕوانینە هیگلییە ڕەت ئەکاتەوە کە دەوڵەت نیوەندگیری بەرژوەندی تایبەتی بکات بە هۆی هەڵگرتنی برژەوەندی یونیڤیرساڵی کۆمەڵگاوە. لە ڕوانگەی مارکسەوە کۆمەڵگای مەدەنی گوزراشتە لە پەوەنیدیە سۆسیۆ ئابوریەکان و دەوڵەتیش مانیڤێستی ئەو ئەو پەیوەندییانەو ناکۆکیەکانێتی. کۆمەڵگای مەدەنی وەک نیشانەیەکی سۆسیۆ سیاسی لە بەرامبەر دەوڵەت یان بە مانایەکی تر وەک سەرزەمینێکی جیاواز لە دەوڵەت لە وەرچەرخان بەرەو سەدەی نۆزدە دەست پێ ئەکات یەکێک لە ئەپلایکردن و سەر لە نوێ هێنانەوە ئارای ئەم تێرمە سەر بە کۆنتێکستی سیاسی ئەورویای ڕۆژهەڵاتە لەم ڕووە کۆمەڵگای مەدەنی واتا ئەو شتەی کە داماڵراوە پێویستی بە سەر لە نوێ خوڵقاندنەوە هەیە واتا خوڵقندنەوەی تۆرێکی سەربەخۆ لە دامەزراوەو ڕێکخراوی سەربەخۆ لە دەوڵەت کە هاوڵاتیان بە یەکەوە گرێ بدات لە سەر مەسەلە گشتییەکان لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵگای مەدەنی لە خۆرئاوادا کارایە. کۆمەڵگای مەدەنی بەم مانایە بریتییە لەوەی کە فەرامۆشکراوە لە مۆدێلی لینینیدا ئەم مۆدیلە سەرەتا لە یەکێتی سۆڤیەت بنیات نراو پاشن دووبارەکرایەوە لە ڕژێمە کۆمۆنیستییەکانی تردا هەروەها بە شێوەی جیا

جیاش بەرهەمهێنرایەوە لە دەوڵەتە تازە سەربەخۆکانی جیهانی سێدا کرۆک و بناغەی ئەم مۆدیلە بریتییە لە مۆبیلیزەشنی سەرتاسەری (توتاڵ) بۆ ئامانجێکی شۆرشگیرانە. لە سیفەتە سەرەکیەکانی ئەوەی پارتی پێشوا لە لایەن دەستەبژێرێکەوە کۆنترۆل کراوە. هەروەها بە پاشکۆ کردنی سەرلەبەری بوارەکانی ژیانی مرۆڤ بۆ حزبی پێشەوا. لینینیزم لەو ڕۆژگارەدا یەکێک بوو لە پرنسیبەکانی توتالیتاریزم. لە 80 کانەوە لە ئەورپای ڕۆژهەڵات مەیلیک بۆ ڕیفۆرم و ئیلغکردنەوەی لینینزم و ستالینیزم دەستی پێ کرد بە شێویەکی بەشۆکی هێشتا گۆرینی ڕژێم بە تەواوی مەحاڵ بوو. هەوڵی دروستبوونی پەراوێزی سەربەخۆی دامەزاوەی دەستی پێکرد لە دەرەوەی کۆنترۆلی حزب و دەوڵەت بەڵام دانپیانراو و ڕەسمی لەم ڕوانگەیەوە گوزاشت کردن لەم دۆخە بریتی بوو لە تایبەتمەند ڕاگرتنی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی. بە پێ ئەم مۆدیلە دەوڵەت بە تەواوی تێگەیشتنێکی ماکس ڤیبەرییانەی وەرگرت کە دەزگایەکە مۆنۆپۆڵی هێزی فیزیکی ئەکات کە لە بناغەوە جیاوازە بە تەواوی لە کۆمەڵگا. ئەم جیاکردنەوەیە کۆمەڵگای ڕوو بەروو کردووە بەرامبەر بە دەوڵــەت هەلبەت ئەو مۆدیلە ئــەوەی لە بەرچاوگرت کە دەوڵــەت و کۆمەڵگای مەدەنی جیان لە یەکتر لە خۆرئاواو کۆمەڵگای مەدەنی ئیشی خۆی ئەکات. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا دەمجسازی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنیش بە جۆرێک لە جۆرەکان لە خۆرئاوا هەبوە. زۆربەی بیرمەندەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەپاڵ مەسەلەی تایبەتمەندی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت و لێک جیاکردنەوەیان هەوڵیان داوە کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕووی تیۆری و پراکتیکیەوە بخەنە ڕوو لە خۆرئاوادا وەک مۆدێلێک. وەک ئەوەی کە کۆمەڵگای مەدەنی لە خۆرئاوادا پێشینەیی هەیە و پشوەختە هەبووە و دووەم پاشان جیابونەوەی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت ڕاستەیکی پش وەخت هەبووە. ئەوە ڕاستە تۆری سەربەخۆی ڕێکخراوەیی سەربەخۆ لە دەوڵەت لە خۆرئاوادا هەیە بەڵام لەهەمان کاتدا ئاقاری دەمجکردنی کۆمەڵگای مەدەنی بە دەوڵەتەوە .دەوڵەتی کۆرپەریتیزمی وەک سوید و هۆڵەندا و ئەڵەمانیای تیایە. کۆمەڵگای مەدەنی بە کەمترین سەرنج کۆمەڵگتای مەدەنی کاتێک هەیە کە دامەزراوەی سەربەخۆ لە دەوڵەت بوونی هەبێت و لە ڕوانگەی بەهێزەکەشەوە کۆمەڵگای مەدەنی کاتێک



هەیە کە کۆمەڵگای بە گشتی توانی بونیادگیری خۆی هەبێت و چالاکی خۆی ڕیک بخات لە ڕیگای دامەزروە سەربەخۆکانیەوە. ئەو برە ئازادییەی ئەوروپای خۆرئاوا هەیەتی لەم کۆنتێکستەدا پەیوەندی بە کۆنسێپتی کۆمەڵگا هەیە لە سەدەی ناوەنجی مەسیحیدا ڕەگ و ڕیشەیەکی دوور تری هەیە. چەمکی سەدەکانی ناوەنجی بۆ کۆمەڵگا گرنگی زۆری هەیە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگای خۆرئاواو ئەم جیاکردنەوەی دەڵەوت و کۆمەڵگادا بەمانای ئەوەی کۆمەڵگا پێناسە ناکرێت بە ڕێکخستنە سیاسیەکەی (پۆلیتیکەڵ ئۆرگانیزەیشن). وەڵامی پرسیاری ناسنامەی کۆمەڵگا لە زۆر سەردەم و شارستانیەتدا ئەوە بوو کە ناسنامەی کۆمەڵگا بریتییە لە بونیادە سیاسییەکەی. بۆ گریک و ڕۆمانەکان ناسنامەی کۆمەڵگا بریتیەی لە دەستورە سیاسیەکەی بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی ناوەنجیدا ڕێکخستنی سیاسی بوو بە یەکێک لەە ناو ڕێکخستنەکانی تر. ئەم تێگەیشتنە کە کۆمەڵگا و ڕیکخستنی سیاسی یان دەسەڵاتی سیاسی هاو شوناس و جوت نین ڕیشەیەکی گرنگی ئەوەیە کە پێی ئەوترێت کۆمەڵگای مەدەنی .هەروەها دابەشەکردنی کۆمەڵگای بۆ دوو کۆمەڵگا کۆمەڵگای کاتی واتا سیاسی و کۆمەلگای ڕۆحی کە کەنیسەیە. هەروەها گەشەسەندنی مافی کەس یەکێکە لەو مەسەل گرنگانەی دەرگا بۆ دۆکتەرینی مافی سروشتی کردوە لە سەدەی هەڤدە و هەژدەدا (2).

کۆمەڵگای مەدەنی و سەدەی بیستەم : تیۆرەکانی سەدەی بیستەم سێ تایبەتی گرنگی بۆ ئەم بوارە ئامادەکرد و دەوڵەمەندی کرد. یەکەم: گرامشی دەستنیشانی ڕەهەندە کەلتورییەکەی کرد کە لە خزمەتی بە دیهانینی ڕەزامەندیدایە کە ئەمەش زۆر پێچوانەیە لە گەڵ یەکانگیری کۆمەڵگادا (هەجمونی). لەم ڕووەوە کۆمەڵگای مەدەنی لە یەک کاتدا کێڵگەیەکی ڕەمزی و هەم شوێنێکیشە کە نۆرمەکانی چالاکی و فرمان پێک دەهێنێت و هەم مانا و بەهاکان و ناسنامەی دەستە جەمعیش. مەیدانی ململانێی کۆنسێپتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی یان بۆ هێشتنەوەی هەجمونیەکی هەبوو یاخود جێگرتنەوەی بە هەجمونیەکی دژ. لە تێڕوانینی گرامشییەوە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بێ لایەن نییەو ئایدیای کۆمەڵگای مەدەنی ئایدیایەکی سیاسییە.

دووەم: بواری ڕووبەرووبونەوەیەcontestation ئەمەش لە جیهانبینی

گرامشییەوە فروانکراوەتەوە لە سەرنجدانی پەیوەندییە چینایەتییەکانەوە بەرەو شیکردنەوەی پەیوەندیە نا فۆرماڵەکان و دەستپێشخەرییەکان و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمەش یاریدەرە بۆ بینینی کۆمەڵگای مەدەنی لە دوو ڕوانگەوە لە لایەک سەیرکردنی کۆمەڵگای مەدەنی وەک بواری مەدەنی سەربەخۆی بە ئینستیوتەکراو. لە لایەکی تریشەوە کۆمەڵگای مەدەنی وەک فۆرمێکی دینامیکی کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی بەهای نوێ و ناسنامەی دەستەجەمعی نوێ و پرۆژەی نوێ و بایەخدانی نوێ ئەهێنێتە ئاراوە ئەمەش بایەخێکی گەورەی هەیە لە بواری دیموکراتیزەیشندا.

سێیەم: ئەم سەربار کردنە ئەگەڕێتەوە بۆ کۆنسێپتی هابرماز بۆ بواری گشتی و دیلیبریتڤ دیموکراسی .دیلیبەریشن ئاماژە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە تاک و گروپەکان ئەیگرنە بەر لە پێناو بڕیاریدان و ساخکردنەوەی باشترین ئەرگومێنتدا لە سەر دۆزە مەبەستدارەکان ئەم ئەم دیلیبەرشنە ئەشێت فۆرماڵ بێت وەک وتووێژی ناوپەرلەمەان ئەشێت نا فۆرماڵ بێت وەم وتووێژی بەردەوامی ناو گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەروەک چۆن وتووێژ ناو خیزانەکان و ناو ڕێخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش بە هەمان شێوە نا فۆرماڵە. لە بیست ساڵی ڕابردوودا دیموکراسی پێچێک بە لای دیموکراسی دیلیبەریتیفدا ئەکاتەوە کەئەمانج ئەوەیە لە پرۆسیسی سیاسیدا بڕیارەکان بەرئەنجامی دیبەیتی عەقلانی بێت بەم پێیە دیلیبەریتف بە هیز کردنی پەراویزخراون و باشترین ئەرگومینتە جیاوزی ئەمە لە گەڵ دیموکراسی دەنگدان لە دروستکردنی بڕیاردایە هابرماز یەکێکە لەناوە دیارەکانی ئەم بوارە بۆ یەکەم جار لە کتێبی (لە نیوان نۆرم فاکت دا) ئەم بۆچونەنەی ئاواڵاکرد وەک تەحەدا یەک بۆ دەسەڵاتی هەبوو ئەم تیۆرییە دیلیبەرتیف لە لایەن (اریس ماریۆن یۆنگ) وە ڕەخنەی ئەوەی دەکرێت کە دیلیبەرتیف تیۆری پشت بەستوە بە ئەرگومێنتی عەقڵانی لە کتیبی (دیموکراسی و ئینکلوژن) ڕەخنەی ئەوە دەکات کە ئتر بوشاییەک جێ دێلیت بۆ کەمینەو کەڵچەری تر و ئیمۆشن و زارەکێتی و حیکایەتخوازی ونەخویندەواران کە مافی خۆمانیڤێست کردنیان نەبێت. لە ڕووی پراکتیکەوە دیلیبەرتیف دیموکراسی بە دوو شێوە دەتوانین وێنای بکەین . یەکەمیان لە شێوەی ڕو بەروو وەک بەشداربوانی ناو هۆلی پەرلەمان دووەمیان



وەک دیلیبەرشنی ناو ناو کۆمەلگای مەدەنی و میدیا و هاوڵاتیان کە هابرماز وێنای دەات. هابرماز بروای وایە ڕۆشنگەری یان تێگەیشتن لە جیهان لە ڕێی ئاوەزەوە هێشتا پرۆژەیەکە تەواو نەبووە ئەو بروای وایە کەپتالیزمی پێشکەوتوو نایەکسانی و چەوساندنەوەی لە گەڵ خۆی هێناوە بەڵام پرۆژەی ڕەشنالیزم توانای هێنانەدی ئەمانەی هەیە بە هۆی عەقلانیەتی تەواسلییەوە نەک عەقل ئامرازییانەیە. عەقلانیەتی تەواسولیش دەتوانێت سەربەستی کۆمەڵایەتی دابین بکات هابرماز لێرادا کیمومینیکەشن وەک دیسکۆرسی ڕەوشتناسی گەردونی وێنا ئەکات بۆ هابرماز دیلبەرتیڤ دەبیتیە هۆی گواستنەوەی دەسەڵات لە ئۆرگانیزەشنی دەولەتەوە بۆ بۆ بواری گشتی هەروەها ڕزگارکردنی کەپتالیزم لە عەقڵ ئامێرییەوە بۆ عەقلانییەتی تەواسلی سەربارری ڕەخنە لەوەی کە ئایا دەسەڵات و عەقل دەشێت لە یەک جیا بکرێنەوە یاخود ئۆبجیکتفتی لە ئەرگومینیت و دیلبەرشندا یاخود تا چەند یونفیرسالە واتا دەبێتە بەشۆکی (پارتیاڵ) بە لای فوکۆ وە هەمیشە دۆمینەیشن لە گۆرییە کیومنیکەشن مەشقکردنی دەسەڵات و ڕەوانبیژییە هابرماز ڕەخنە لە ڕیژەگەرایی فوکۆ دەگرێت و فوکۆش ڕەخنەی ئەوەی دەکات هەلگرەوەی یۆتۆبیای کیومنیکەشنی ترانس پارینت و پێرفێکتە جیاوازییەکە ئەوەیە کە دیسکۆرس بۆ هابرماز گەردونی و جیهانیە بۆ فوکۆ دیسکۆرس لە چوارچێوە حەقیقەتی پەیوەندیەکانی هیزدا یە و سەر بە کۆنێکستێکی دیاریکراوە.

گوتاری سیاسی کوردی یەکێک لە گرفتەکانی لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەوەیە کە بوە بە هەلگرەوەی سەرەکی ترین تێگەی فاشستی کە جەماوەر و قەرەباڵەغییە بە ئێستاشەوە سەرجەم گروپە سیاسیەکان لە ناو هەمان تێگەدا ئەسورێنەوە بە حوکمران و بەرهەڵستکارەوە سەرباری بە ئەوەی بە تەنها وێناکردنی دیموکراسی لە چوارچیوەی هەڵبژاردندا. بە تایبەتی کاتێک تەماشای گوتاری سیاسی گروپە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکان دەکەین ڕووبەڕوو دەبین لە گەڵ کێشەی نوێنەرایەتی و ناسنامەی سیاسی گروپدا. ئەستەمە مرۆڤ بە ئاسانی بتوانێت هێلێکی جیاکەرەوەی سیاسی لە نێوان گروپەکاندا بکێشێت و ناسنامەکەنیان جیا بکاتەوە لە یەکتر و ئەو کەرتە کۆمەڵایەتیەش دیاری بکات کە نوێنەرایەتی دەکرێت.لە خۆڕا نییە (جەماوەر) کە یەکێکە

له چەمکە بنەرەتییەکانی فاشیزم  چەقی وتاری سیاسی گروپەکانەو هەموو گروپە سیاسیەکان خۆیان نمایش  دەکەن وەک نوێنەری سەرتاسەری کۆمەڵگا وەک ئەوەی کۆمەڵگا گوزراشت بێت لە یەک یەکەی چونیەکی ڕۆحی و خەون و بەرژەوەندی.. بواری گشتی وەک ڕوبەرێک کە دەکەوێتە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگاوە  کە تیایدا دامــەزراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی  و کەلتوری دەرفەتی بینراوی و چالاکیان هەیە و دەتوانن  لە  کۆمینیکاسیۆندا بن. بواری گشتی لە ڕووی مێژووییەوە زیاتر پەیوەندی بە سەدەی هەژدە  یان سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە هەیە کە لە ترادیسۆنی کانتیانەدا جەختی لە سەر کراوەتەوە سەبارەت بە بە بونی مرۆڤ بە بونەوەرێکی عەقڵانی  و ئۆتۆنۆم . لە سەدەی هەژدەدا  بواری گشتی  بۆ یەکەم جار دەرئەکەوێت وەک ڕوبەڕوو بونەوەی ڕەها خوازی  و بۆ یەکەم جار کۆمەڵگا دەکەوێتە دەروەی  (ماڵ) ەوە ڕوبەرێکی جیاواز لە ماڵ تاقی ئەکاتەوە  بۆ ڕووبەروو بونەوەی  دەسەڵاتی سیاسی ڕەها و ترادیسیۆنی. هەلبەت دۆخی ئەمەریکی تەواو پێچەوانەی  ئەوروپایە لەوێوە بیری یەکێتی  و ئەمەریکای  یەکگرتوو ڕاستەوخۆ بەسترابۆیەوە بە  بە بوونی بوار گشتی و سەربەخۆی هاوڵاتیان تا وتووێژ لە ناو خۆیان دا بکەن بۆ بریاردان لە سەر  لە ئیرادەی گشتی. تۆکڤێل  لە و بیرمەندو توێژەرەوە مەیدانیانەیە کەتێبینی ئەمەی کردبێت کە بڕی ژیانی  ڕیکخراوەیی خەڵک لە ئەمەریکا کە یارمەتیدەری هاوڵاتیانە بۆ ئەوەی  وتوێژ بکەن لە سەر ئیرادەی خۆیان  بۆ ئەوەی هەموو هاوڵاتییەک لە سە بنەمایەکی  عەقڵانی بریاری سیاسی خۆیان بدەن هەر ئەم ڕێکخراوانە  پیش مەرجی  بونیادی دیموکراسین بە پێچەوانەی دۆخی ئەوروپییەوە کە بەدەست گرفتی  کەمی ئەم فۆرمانەوە  ناڵاندوێتی و لاواز بووە لە فۆرمی دیمۆکراسییانەیدا . تیۆرەی هابرماز لە سەر بواری گشتی گرنگییەکەی سەبارەت بە  چەسپاندنی دیموکراسی بە ڕاستەوخۆی بەندە بە ئەزمونی ئەمەریکییەوە هەڵقوڵاوی هلومەرجی پاش جەنگە لە ئەڵمانیا و شکستی سەرجەم ریفۆرمی دیموکراتی لە 1930 و سەرکەوتنی فاشیزم.
چونکە ئەوە ڕووی نە ئەدا ئەگەر دیموکراسی  بناغەیەکی پتەوی لە مەشق و ڕاهێنانی هاوڵاتیاندا هەبوایە هابرماز لەم ڕووەوە  بیرمەندی تێهەڵکێشکردنی خوێندنەوە ئەزمونگەرییەکەی تۆکفیل و بیری کانتییە  سەبارەت بە مرۆڤ



وەک بونەوەریکی عەقڵانی و ئۆتۆنۆم. دوور لە شیکردنەوەی تیۆری بەشێک زۆر لە قەیرانی کۆمەڵگای کوردی  لە پاش ڕاپەرینەوە بەدەست لاوازی ژیانی ڕیکخراوەی  ئەناڵێنێت سەرباری  ئەوەی کە بە زمانی سۆسیۆلۆجستی کورد عادل باخەوان ڕوداوەکانی شوبات سەلمێنەری ئەوەن کە کۆمەڵگای کوردی پەروەردە نەبووە چ  وەک بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و چ وەک حکومەت و چ وەک دامەزراوەی سیاسی..  ئەگەر بمانەوێت زیاتر لە بەشداری کردن هابرماز ڕاڤە بکەین لە سەر دیلیبەرتیف دیموركاسی و بواری گشتی.  دیلیبەرشن پەرچدانەوەیەکە کە تاک و گروپەکان پێی هەلدەستن بۆ دابینرکردنی باشترین بریار و ئەرگومێنت و ئەشێت ئەم دیلیبەریشنە فۆرماڵ بێت یان نا فۆرماڵ بێت فۆمال وەک ئەوەی لە پەرلەمان دەکرێت نافۆرمالە وەک ئەو پرۆسە بەردەاومەی ناو گرزپە جیاوازەکانی کۆمەلگای مەدەنیە هەروەها  دیلیبەرشنی ناو  خێزان و  ڕیکخراوە مەدەنییەکانیش نافۆرماڵن لە ڕووی ئایدیالیەوە پێویستە ئەم دیلیبەرشنە  عەقلانی و کراوەو یەکسان بێت. ئەم مۆدیلە زیاتر جەخت لە سەر کەمو کورتی کەلتوری دەنگدان (ڤۆتین) ئەکاتەوە.
لە ماوەی  بیست پێنج ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵگای مەدەنی  بایەخێکی تایبەتی تری وەرگرت لە مایانەی ڕەخنەکانی پۆست مارکسیزم لە سەر تاییی سۆڤێتیانەی کۆمەڵگاکانی  ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە میانەی  بیناکردنەوەی کۆمەڵگا و بوارە گشتیەکەی لە دەرەوەی  کۆنترۆلی دەوڵەتەوە بە مانایەک بوژانەوەی کۆمەڵگای مەدەنی واتا بوژانەوە خۆ بەرێوەبردن لە تیۆرە پۆست مارکسیە ئەوروپییەکانی ڕۆژئاوادا و  هاتنەمەیدانی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و  ڕوبەرووبونەی چالاکانەی فۆرمە جیاوازەکانی باڵادەستی و  نا یەکسانی کە جیاوزە لە چەوساندنەوەی چینەکان و بە شوێن خواستی دیموکراسی و ئازادی زیاتر و گەیاندی دۆزی کۆمەڵایەتی  نوێوەوەیە (3). بیری کۆمەڵگای مەدەنی  وەک فاکتەرێکی گرنگ لە گۆرانکاری دیموکراتیدا لە دوای نەوەدەکانەوە هاتە پێشەوە وەک ڕاڤەکردنێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێرای ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکان. لە ڕوانگەی (ئیڤا بێلین) ەوە کۆمەڵگای مەدەنی وەک بەشێکی لە دیسکۆرسی هاوچەرخی لە جیهانی عەرەبیدا لە سەر سێ ئاست بە کار دێت دامەزراوەی ڕەسمی دەوڵەت بە کاری دێنێت بۆ کۆمەککردنی پرۆژەی مۆبیلیزەشن و مۆدێرنیزەشن و  ئیسلامیەکان

به كاری دێنن له گۆشەی هاوبەشی كردنی قانونی بواری گشتییەوە و چالاكوانە سەربەخۆكان و ڕۆشنبیرانیش بە كاری دێنن بۆ فروانكردنی سنوری ئازادی تاكەكەس. ئەگەر كۆمەڵگای مەدەنی وەك ئەو ڕوبەرە دامەزراو و پێكهاتەی دەرەوەی دەوڵەت وێنا بكرێت بە شێوەیەكی گشتی ئەوا هەرێمی كوردستان و بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست خاوەنی كۆمەڵگای بەهێزە لەو ڕونگەیەوە كە جڤاتی ئاینی و خێل و تیرەو بنەماڵە بەشی هەرە زۆری ڕێكخستنی دەرەوەی دەوڵەت پێك دێنێت وە ئەگەر ئەم پێچەوانەی ئەوە بێت ئەوا كۆمەڵگایەكی مەدەنی لاوازی هەیە ئەم ناوچەیە. پەرەسەندنی سیاسی لە سەدەی بیستەمدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەڵگری سێ خەسڵەت بووە یەكەمیان ناسیونالستی شۆرشگیرانە و دوەمیان مۆدێرنیزەكردنی كۆمەڵایەتی دەوڵەتی و سێیەمیان لە ڕووی سیاسیشەوە دەسەڵاتخوازی . بە گوێرەی لێكدانەوەی (لینز) و (ستیپان) ئەم ڕژێمانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پێیان ئەوترێت سوڵتانیزم لە ڕوانگەی ئەوانەوە لە سوڵتانیزمدا بواری گشتی و تایبەتی نامێنێت و هەڵگری مەیلێكی بەهێزی دەسەڵاتی خێزانی و بنامەڵەخوازییە و لە سوڵتانیزمدا تایبەتمەندی جیاكردنەوەی پیشەی دەوڵەتی و حكومیی لە پیشە و خزمەتگوزاری شەخسی حوكمڕان ئەستەمە بە گشتی سوڵتانیزم تایبەتمەندیەكی گرنگی سیاسیانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستە (4). بەم شێوەیە ئەتوانین بلێن ئەكتەرەكانی گۆرانكاری ئەمرۆی جیهانی عەرەبی پێشبینی كراو نەبوون نە بۆ خۆرئاواو ڕوناكبیرەكانی نە بۆ جیهانی عەرەبی و ڕۆشنبیرەكانی و پارتە ترادیشنالەكانی. ئەویش سەرهەڵدانی ئەوەی كە سۆسۆلۆجستی ئەنگاری ( ئیلمەر هانكس) ناوی ئەبات بە كۆمەڵگای دووەم-second society) ) وەك ڕیفرێنسێك بۆ وەرچەرخانە دیموكراتیەكانی ئەوروپای كۆمۆنیستی. كە ئەمەش ئەتوانین لەو وەرچانەدا وێنای بكەین كە بەسەر بواری گشتیدا دێت وەرچانێك كە مۆبیلیزەشنی بواری گشتی پشت ئەبەستێت ئێن جی ئۆ و گروپە ئەلترۆنیەكانی دەرەوەی دەوڵەتەوە بە شێویەك بواری گشتی بە تەریب و لە دەرەوەی دەوڵەتەوە دەستی بە خۆ ڕێكخستن كرد بە هۆی تۆرەكانی ئینتەرنێتەوە. هەڵبەت لەم ساڵانەدا گرنگی كۆمپیوتەر و مۆبایل و ئینتەرنێت زۆر ڕووی لە زیادی كرد. ئەگەرچی هێشتا زۆرێك لەوانەی سەیری



بەهاری عەرەبی ئەكەن بە دوای هەڵهێنجانی كۆمەلێك حوكمەوەن كە سەر بە سەردەمی شۆرشی پیشەسازی و ئەو نەخشە كلاسیكیانەیە بۆ گۆرانە كۆمەڵایەتیەكان كە پشت یە تیۆری چینەكان و دامەزاوە سیاسیەكان ئەبەستێت و جۆرێك لە پراكتیكی كۆمەڵایەتی ڕووت ئەهێنێتەوە پێش چاومان.زۆرێك لەبیرمەندان وەك ئالان تورین و دانیال بێل باسی تایبەتمەندیەكانی (كۆمەڵگای پاش پیشەسازی) بیان كردووە و ڕێگایان ڕۆشن كردووە بۆ قۆناغی وەچەرخانی سەردەمی پیشەسازی بۆ ئابوری زانیاری (knowlege economy) كە زانیاری و خوێندن دەبێتە پرنسیبی سەرەكی بەرهەمهێنان و خاوەندارێتی. بەهێزی و باڵادەستی چینێكی كۆمەڵایەتی بە هۆی پێگەكەیەوە لە ناو كەرتی زانیاری و خوێندندا نەك بە هۆی پێگەكەی لە ناو ئابوریدا. بۆ یەكەم جار دەستواژەی ( كۆمەڵگای پاش پیشەساوی) لە لایەن (دانیاڵ بیڵ) ەوە بە كار هات لە سەرەتای 1950 دا. پاش ئەوە بەكارهێنانی زۆری بە خۆیەوە دی و ماناكانی كۆمەڵگای پاش پیشەسازی و ئەو ئابورییەی كەلەسەر زانیاری بەندە و چینێكی كۆمەڵایەتی نوێش دەهێنێتە كایەوە كە چینی خەدەمییە.هەڵبەت ئەم سیستەمە ئابوریە پێویستی بە چینێكی كریكاری تازەیە كە لە ئەندازیار و پرۆفیشنال و تەكنیكار و كریكاری خاوەن بەهرە پێك دێت.ئالان تۆرین لەو بیرمەندانەیە كە بۆ یەكەم جار خوێندنەوەیەكی سیستماتیكی پێشكەش كردبێت لە سەر كۆمەڵگای پاش پیشەسازی و بە كۆمەڵگایەكی تەكنۆكراتیك و پرۆگرام كراو ڕەچەتەی كردووە. مەبەستی ئالان تۆرین ئەوەیە كە مەعریفەی تەكنیكی بناغەی پەیوەندیەكانی هێز یان دەسەڵاتە كە ڕیكخەرو كۆنترۆلكەری چالاكییە كۆمەڵایەتیەكانە و وەك پرنسیبی سەرەكی گەشەی ئابوریشە. هەڵبەت لە ئابوری پاش پیشەسازیدا كۆمەڵێك كار و پیشە دێنە پێشەوە لە سێكتەرە باڵاكاندا كە پێویستە بە پلەیەكی بەرزی خوێندن هەیە. لێرەوە سیستەمی خوێندن و كۆمینیكەیشن دەبێتە شوێنی سەرەكی بەرهەمیهێنانی ئەو مەعریفەیەی كە پێویستەو قابیل بە ئەپلایكردنە لە كاتێكدا ناكۆكی لە كۆمەڵگای پیشەسازیدا لە نێوان كەپیتاڵ و كریكاردایە ئەوا لە كۆمەڵگای پاش پیشەسازیدا ململانێی چینایەتی لە نێوان ئاست و چینی جیاوازی خوێندندایە. لە بەشی سەرەوەی بونیادی چینایەتی كۆمەڵگای پاش پیشەسازی چینیكی خاوەن

بروانامەی خوێندنی بەرز ئەبینرێت کە سەر بە چینی حوکمرانە. کە مەعریفەکەیان سەرچاوەی ئاستێکی بەرزی خوێندنە. لێرەوە هەندێک لە دەزگاکانی خوێندن هەڵئەسن بە دابینکردنی ئەو تەکنۆکراتانە کە پلە باڵاکانی ناو دەزگای ئابوری و بریاردانی سیاسی مۆنۆپۆلایز بکەن. ئەم چینە هەڵئەسێت بە بەریوەبردنی ئابوری و بونیادی سیاسی. ئالان تۆرین ئەو بۆچونە ڕەت ئەکاتەوە کە داهریندرۆڤ هەیەتی لە سەر بوونی چینی خەدەمی. بەڵام هاورایە لەوەدا لە گەڵیدا کە چینی مانیجەری باڵادەست ڕەگ و ڕیشەی لە پەیوەندیەکانی دەسەڵاتدایە نەوەک مۆڵکایەتی. ئەوانەی کە پلەیەکی خوێندنی کەمتریان هەیە یان خاوەنی پسپۆرییەکی باڵا و تایبەت نین ئەکرێنە دەرەوەی پۆستە باڵاو بریاردەرەکان و بەشداریکردن لە دەسەڵات. لە باشترین حالەت بە زمانی تۆرین وەک بەشداری پێکردنی پاشکۆییانە دەبێت. بە بروای ئالان تۆرین زانکۆکان پرنسیبی بناغەیین لە بەرهەڵستی کردنی سیستەمی پاش پیشەسازیدا. دەبنە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەی تەکنۆکراتیزم و سیستەمی پاش پیشسازی چ لە کاتیکدا کە لەناو پرۆسەی خوێندندان یاخود وەک هێزی کار دەچنە بازارەوە. چ بزوتنەوەی 68 ی خویندکاران و چ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تریش خوێندکاران تیایدا دەبنە ئەکتەری سەرەکی و کلیلی گۆرانەکان و جیگای چینی کرێکارن ئەگرێتەوە ئەمە ئەو شتەیە کە ئالان تۆرین وینای ئەکات لە سەر ڕوداوی 1968. هەڵوێستی بەرهەڵستکارانە لە کۆمەڵگادا پەرەدەستنێت بەرامبەر بە دەسەڵاتی تەکنۆکراتی و ڕەشنالیزکراو کە بوار لە سەر (جیهانی ژیان) دا ئەخات. سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەی بەرهەڵستکارییانە سەرئەنجامی قەیرانی کەلتوری مۆدیرنیتەیە کەبۆ یەکەم جار بە توندی لە 1968 خۆی مانیڤێست کرد. هەڵبەت لە کۆمەڵگای پاش پیشەسازیدا مەعریفەی زانستی و ئینتلێکچواڵی تەکنەلۆجی هەڵ ئەسێت بە ڕیکخستنی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی. بە بڕوای دانیال بیل ئەم وەچەرخانە ئابوریەکی خەدەمی دروست ئەکات کە پرۆفیشنال و تەکنیکاران ڕۆلێکی گرنگتر ئەگێرن لە بەرامبەر کرێکاری بازودا. بیڵ ئەلێت زۆرینەی کریکاران ئێستا لە کەرتی تەندروستی و خوێندن و توێژنەوە و حکومەت بوارەکانی تری خزمەتگوزرایدا کار ئەکەن. بە بروای بیڵ کۆمەگای پاشپیشسازی شوێنی ململانێی چینایەتی نیە وەک سەردەمی



پیشەسازی و چینێکی بەند لە سەر مەعریفە لە سەرەوەی بونیادی کۆمەڵایەتیە بۆیە بۆ بیڵ و بۆ تۆرین قەیرانی کەلتوری دەرئەنجامی پاش پشەسازییە. بەم پێیە پۆست مۆدێرنیزم بەرهەمی کۆمەڵگای پاش پیشەسازیی و کۆمەڵگای مەعریفەیە (knowledge society) بەڵام ئەمە بە مانای سەردەمی نوێ ژیانی کۆمەڵایەتی نایەت. بەلای دانیال بێڵەوە پۆست مۆدێرنیتی بە مانای شێوازی ژیانی نا مۆدێرنیت نایەت چونکە ئۆردەری تەکنیکی ئابوری و ئۆردەری سیاسی بە تەواوی مۆدێرنە. پۆست مۆدێنیزم بزوتنەوەیەکی کەلتوریە کە لە پەیوەندییەکی دژ و ناکۆکیدارادایە لە گەڵ سیاسەت و ئابوری مۆدێرنیتیدا. بە بروای بیڵ دژە کەلتوری 1960 ەکان ڕێک دەستبەرکردنی سیاسەتی شێوازی ژیان و بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێیە. ئەمە پرسیارێکی گرنگە مەبەست لە بزوتنەوەی کۆمەڵاتی نوێ چییە؟ ئایا ئێمە لە بەردەم بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی نوێداین؟ لە سەرەتادا بۆ ئەوەی لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ تێ بگەین دەبێت تونای ئەوەمان هەبێت لە بزوتنەوەی سیاسی جیا بکەینەوە. بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ لە سروشت و ئامانج و شێوەی بیرکردنەوەو هەڵوێست وەرگرتنی بۆ دونیا تەواو جیاوازە لە بزوتنەوەی سیاسی. بزوتنەوەی سیاسی توانای ئەوەی هەیە هێزی کۆمەڵایەتی گەورە بخاتە ناو جادەوەو بەڵام ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی کە گروپێکی سیاسی ئەیجوڵێنێتەوە ناچێتە خانەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتییەوە تەنانەت ئەگەر سیستەمی سیاسییش بروخێنێت. بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆیە پێی دەوترێت بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی چونکە لە لایەک وێنەیەکی فروان لە سەر سیاسەت بە خۆی دەبەخشێت کە جیاوازە لەو وێنە و ناسنامەیەی بزوتنەوەی سیاسی بۆ سیاسەت دروستی ئەکات ئەمە جگە لەوەی بەشدار بوان و هەڵسوراوانی ناو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ بە شێویەیەکی تاکەکەسی لە ژێرکاریگەری تیۆرە ئەنارشستییەکاندان بەڵام ئەنارشیزم نیین. ئەمە جگە لەوەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ بزوتنەوەیەکی دژە دەسەڵاتخوازی و ئەنتی دۆگما و دژە بە ئایدلۆجییە داخراوەکانە ئەم تایبەتمەندییەش لە ڕووی مێژوویەوە دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی شەست و دواتر کە زەمین و زەمانی دەرکەوتنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی نوێیە لە ڕووی گۆڕین و فروانبوونیەوەی سنوری بیرکردنەوە لە سیاسەت بە

گۆڕەی ڕەچەتەی (فوکۆ. بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ خۆی ئاراستەی دەوڵەت و گروپە سیاسیەکان ئەکات بۆ ئەوەی کاریگەری دابنێت بە ڕوونتر بلێن بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دیاریترین بزوتنەوەیەکە کە بەوەدا ئەناسرێتەوە کە پرۆسێسی سیاسی دەوڵەمەند ئەکات نەک وەک ئەوەی ئەڵتەر ناتیف وێنە بکات و دروستی کات چونکە پیشاندان و خستنە ڕووی ئەڵتەرناتیڤ بەرهەمی بزوتنەوەی سیاسیە نەک بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ. گومانم لەوە نییە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ لە کوردستاندا هەیە بەڵام لە بەر ئەوەی پێگەی کەلتوری لە وڵاتی ئێمەدا لاوازە و کلاسیکسییانەیە ئەم بزوتنەوەیە ئەکەویتەوە ناو هەمان ئەو کەرەستانەی کە گروپە سیاسییەکان خۆیانی پێ مانیڤشیست ئەکەن لە ڕووی تروحاتەکەنییەوە و وەک لقێکی گروپە سیاسیەکانی لێدێت ئەمەش کە ئێستا لە کوردستان ئەگوزەرێت لە ئێستا ڕێک بەشێکە لەو دۆخە و لە سەر ئەنجامدا بە شکستی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتییەکە تەواو ئەبێت. یەکەم ئەزمونی تاقیکرنەوەی بزوتنەویە کۆمەڵایەتیانە ئەگەرێتەوە بۆ یاخیبون و ڕاپەرینەکەی خەڵکی هەڵەبچە کە بە سوتاندنی مۆنیمێنتەکە تەواو بوو. بەڵام ئەو نارەزاییە بە هێند وەرنەگیرا لە کاتی خۆیدا هەر وەک چۆن سەر لە نوێ دووبارە بویەوە لە 27 شوباتدا بەڵام لە دوای 27 شوباتەوە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکە لە ڕووی دەلالییەوە لەوە خرا ببیتە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ. خەریکە دەبێتە وینەیەکی تری گروپی سیاسی و هەندێکجار وەک وێنەیەکی تری ئۆپۆزیسۆنە سیاسییەکان و هەڵگرتنەوەی هەمان سیمبولەکانی ناسیونالیزم و ئیسلامیزم. ئەو دوو ئایدیلۆجییایەی کە دروستکەری کارەساتەکانن نەک ڕزگاریخوازەنەبن. بە شێوەیەکی ڕوون بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بریتییە هێزێکی ناریکخراو و دژە دامەزراو کە ئامانجی هێنانە ئاراوەی گۆرانکاری کۆمەڵایەتیە زۆرجاریش سەرکەوتوو ئەبێت لە وەرچەخەرخانی بونیادی دامەزراوەی سیاسی کۆمەڵگا. بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆ تاقمێک لە بزوتنەوەی هەمە جۆری نا حزبیانەیە. بەم پێیە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ ڕێک جێگرەوەی چینی پرۆلیتاریایە پاش ئەوەی ناسنامە شۆرشگێرییەکەی خۆی ئەدۆرێنێت لە ناو ئەوروپای خۆرئاوا دا لە تیروانینی هابرمازەوە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ ڕیشەکەی لە ڕیشەکەی پەیوەندی بە عەقلانیکردنی



مۆدێلی ماکس فیبەرەوە هەیە بۆ کۆمەڵگاو دەوڵەت. بەم پێیە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە دژەفرمان و کردارێک لە ناو( جیهان —ژیانەوە) بەرەو بە سیستەمی علاقلانی کە کۆلۆنیالیزەی ژیان ئەکات بەم شێوەی ناکۆکییەکە لە سەر ئاستی سیستم و دەوڵەتەوە هاتۆتە خوارەوە بۆ ئاستی جیهانی ژیان. ململانێ مەیدانەکەی لە ناو وەبەرهێنانی کەلتورەوەیە و بە شوێن ڕێزمانی فۆرمی ژیانەوەیە (5) . کێشەی 27 شوبات بریتیە لە خودی ئاستەنگی لە گەشەسەندنی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و مەسەلەی بە دیموکراسیکردن بە هۆی مۆدیلی باڵادەستی ئۆپۆزیسۆنەوە کە کەرەستەکانی هەمان کەرەستەی بیرکردنەوەی حومکرانە یاخود ڕیک ئەتوانین هەڵگرانەوە و ئینقلابکردنە بە سەر خودی ئایدیالی دیموکراسیدا لە ڕێی بڵاوکردنەوەی بیردۆزی تایپیکی تر لە ئینتلیجسنیا بۆ کۆنترۆل کردنی قوتابخانەو زانکۆ و میدیا و هەروەها سەرهەڵدانی تاقمیک لە ئەکتیفیست بۆ ئەرکی وەرچارخانی کۆمەڵگا و دەست بەسەرا گرتنی دەسەڵاتی سیاسی بە تاقە یەک جۆر لە ڕاڤەکردنەوە و بەکارهێنانی زمان وەک وەک مەبەست نەک وەک کیومینکەشن تەواسل کەئەمانە سیفاتە بنچینەییەکانی دۆخی نیۆفاشیزمن وەک لە دیموکراسیەکی ئەڵتەرناتیف.

**سەرچاوەکان**

1-Simone Chambers, Jeffrey Kopstien( Civil Soceity and the State) 361-380 , in the Oxford Handbook of Political Theory, Edited by Johns S. Dryzek, Bonnie Honig, and Anne Phillips- Oxford University Press 2006

2-Invoking civil society – Charles Taylor (66-77)_ (contemporary political philosophy an anthology- edited by Robert E. goodin and Philip pettit-Blackwell 1997)

81-863-Encyclopedia of democratic thought, Edited by Paul Barry Clarke and Joe Forweraker.

Routledge 2001

The States-System in the Middle East. Origins, ) 4-
developments, and Prospects) A Companion to the History of Middle East , Edited by Youssef M.Choueiri 2005 by black well. P 524

5-New social Movement – David West P.265-275, in ( Handbook of Political Theory – Edited by Gerald F. Gaus and Chandran Kukkathas-2004 SAGE

# لەسەرگۆڕی فیشتە و هیگڵەوە بۆ ناو ستۆدیۆی زافرانسکی و سلۆتەردایک

لەبارەی گەشتێکی 200 ساڵەییەوە، لە کۆنسێپتی ڕۆژێکدا

بەکر عەلی

زۆرێـک لە ئێمە لەسەر هزر و بیرۆکەکان،لەبارەی خەیاڵ و شیعرەوە دەنووسین، کەچی زۆر کەم لەبارەی ژیانی ڕۆژانەوە گوزارشت لە خۆمان دەکەین. زۆرجار ئێمە قسە لەسەر درۆ،لەسەر ناڕاستییەکان دەکەین و کەمجار بەسەرهاتەکان دەگێڕینەوە و لە گێڕانەوەشیاندا بە هەند وەرناگیرێن،هەر بۆیە گاڵتەجاڕی و درێوی ڕوبەری گەورەی جیهانی ئێمەی داگیرکردووە. ئێمە دەبێت چیتر قسەکان لەبارەی ڕاستی و جیدیەتەوە ئازاد کەین. ژیان بریتییە لە هەموو ئەوەی ڕۆژانە یەک یەک بە ڕاست و درۆوە، بەخەیاڵ و ڕاستەقینەوە دەیانگوزەرێنین. ئەوەی ڕۆژانە شتەکان نەگوزەرێنێت، ئەوە نەهاتۆتە نێو ژیانەوە. ئەوەی پێی لەسەر زەمین نەبوو، سەریشی لەهەوادا نابێت،ئەوەی جیدیەتی نەبوو پێکەنینەکانیشی بێهۆن. گوێتەی شاعیر کتێبی ڕۆژژمێرەکەی خۆی ناوناوبوو ((شیعر و ڕاستی)) ئەمە وەک دوو واژە بۆ تێگەیشتن لە ژیان لەنێوان دووانەی خەیاڵ و هەقیقەتدا،لەنێوان درۆ و ڕاستەقینەدا. واتە خوێندنەوەی ئەو دووانەیە دەبێتە مایەی دۆزینەوەی ڕەهەند و دووری سێهەم کە نهێنی ژیان ئاشکرا دەکات.

لەڕاپەڕین بەدوواوە،ئێمە بە تەنیا یان خەریکی خۆلەناوبردن بووین، یاخود تەنیا نیهلیزممان بەرهەم هانیوە، یان تەنیا سینیزمانە کامێرای فۆتۆگرافی واقیعمان بەدەستەوە بووە، بۆیە سەیر نییە کە ئەدەبیاتی نووسینی بیۆگرافی و ڕۆژژمێرەکان



و بەسەرهاتەکانی تاک و کۆ هیچ گرنگییەکی بە دوورییەکەی تری خۆی نەداوە،کە دوورییە ئەفرێنەر و جیدیەکەیە. ئەوەی لە دوای ڕاپەڕینەوە لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا بۆ بەسەرهاتە ڕۆژانەییەکان و فانتازیاکانی ئەو ڕۆژگارە بگەڕێت،مایە پووچ دێتە دەرەوە. لێرەوە بەشێکی گەورەی هەڵەکانی نێو جیهانی ئێمە لە سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵناقووڵێن،بەڵکو ژێدەر و کانییەکی تریان هەیە کە بریتییە لە کایەی ڕووناکبیری. لەبەر ئەم هۆیانە ئێمە لێرەدا بانگەشەی ئیدیایەکی تر دەدەین.. ئیدیای گرنگیدان بە بەسەرهات و داستانە ئیندیڤیدووەکان،ئیدیای ئافەرۆزکردنی نیهلیزمی ڕۆژانە و وەلانانی سینیزمی ڕۆژنامەکان، ئیدیای پیادەکردنی ئەو عەشقە بێسنوورەی مرۆڤ بۆ زانین و توانین هەیەتی، ئیدیای بایەخدان بە مەشقەکانی خود، بەو چیرۆکانەی ژیانی تاکی پاڵەوان تۆمار دەکەن. ئامانجی ئەم ئیدیایەش بریتیە لە دووبارە زیندووکردنەوەی پاڵەوان لە نێو ژیانێکدا کە ڕەگەزەکانی ئەفراندنی ژیانی فەرامۆش کردووە. هەڵبەت لێرەدا پاڵەوان کەسێک نییە ماسولکەی بەهێزی جەستەیی هەبێت،بەڵکو هەموو ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە لەڕووی ڕۆحیەوە سەرکێشی دەکەن بۆ پتر خۆپەروەردەکردن و خۆچاککردن و جیهان چاککردن مەشق و ڕاهێنان دەکەن. پاڵەوان دەشێت کەسێکی تیۆریش بێت،واتە بە تێڕامانکردن بەشداری ژیان بکات،کەسێک بێت بیانووی بۆ مانەوە لە جیهاندا بریتی بێت لە بیرکردنەوە و لە نووسین،وەک حاڵەتی سیۆران کە بەدگومانێک و بەدبینێکی سەرسەختی ئەوتۆ بوو،بیرۆکەی ئەوەی،ئەوهەرکاتێک بیەوێت دەتوانێت خۆی بکوژێت،کردبووە بیانووی مانەوەی لە ژیاندا، یان وەک فیلۆسۆف هۆسرڵ کە دەیگووت،ئەگەر فەلسەفاندن نەبووایە بەرگەی ئەم دنیایەم نەدەگرت. کردەوەیەکی وەهاش بریتییە لەو مەشقەی کە تاکەکان وەکو جاوید و وەکو ئاسکێتیک بۆ چاککردنی خۆیان و جیهان پیادەی دەکەن. ئێمە لە نیتچەوە فێری ئەوەبووین کە پاڵەوان لەڕۆحماندا دەرنەکەین. چونکە بەدەرکردنی ئەم کارەکتەرەی ناوەوەمان ئیدی ژیان لە هێزێکی کارا و ئەفرێنەرەوە دەبێتە هێزێکی ناکارا و زەلیل و کزەڵ. کزەڵەکانیش ئەوانەن کە بە دۆخی ئارا ڕازین و ناخوازن هیچ گۆڕانکارییەک بکەن، نەبیردەکەنەوە و نە کار دەکەن، نە تێڕامان و نە ڕاهێنان دەکەن، نە جاویدن و نە هیچ هابیتۆسێکیان هەیە، لەکاتێکدا

مرۆڤی کارا لەناوەوەیدا پاڵەوانێک هەیە و فەرمانی پێدەدا و پێی دەڵێت :" تۆ دەبێت ژیانت بگۆڕیت." .

ڤیتگنشتاین دەیگوت،جیهان بریتییە لە هەموو ئەوەی هەیە. هەڵبەت ((هەموو ئەوەی هەیە)) بریتییە لەکۆی ڕۆژانەکان،کۆی دۆخ و ساتەکان،کۆی دیمەنە بچووک و گەورەکان. ئێمە بۆ ئەوەی بێینە نێو جیهانەوە دەبێت مامەڵەمان لەگەڵ هەموو بچووکێک و هەموو گەورەیەکدا بۆ هەوڵی چوونە نێو جیهانەوە بێت. سلۆتەردایکیش پێیوایە جیهان بریتییە لە هەوڵدان،ئەوەی هەوڵ نەدات ناچێتە جیهانەوە. ئایا چی وا لە مرۆڤ دەکات هەوڵ بدات. دیارە هێزە ناوەکییەکان، هەستەکان و هۆشەکان و حەز و نیاز و خواستەکانن، هێزی ئەو ڕۆحە بێئۆقرەیەی ناومانە لە هەوڵدانیدا بۆ چوونە جیهانەوە.

ئەدەبی دەوڵەمەند ئەوە نییە پڕێتی لە خەیاڵ لەپێناوی خەیاڵدا،بەڵکو ئەوەیە پڕێتی لە ڕاستی سەرکێشی و بەسەرهاتەکانی خەیاڵی ڕۆژانەمان. تەنانەت لە فەلسەفەشدا بیرکردنەوە لە گەردوون و بوون و بابەتەکانی وەک ئیتیک و عەقل و ڕۆح هیچ نیین جگە لە کلیلێک بۆ کردنەوەی دەرگای تێگەیشتن لە ژیان، یان بابڵێین لەو ژیانەی ڕۆژانە هەر تاک و کۆمەڵێک دەیگوزەرێنێت و لەنێو کایەیەکی خۆییدا یاخود کولتوریدا دەیژێنێت. مرۆڤ لەهەر جێیەکی ئەم جیهانەدا بێت و لە نێو هەر فەرهەنگێکدا پەروەردە کرابێت،ئەو بوونەوەرێکە ڕۆژانە دەژی،ئەم ڕۆژانەیەش بریتییە لە خودی درێژخایاندن و لە هەمیشەیی. بەڵام کولتورەکان ڕۆژانەمانیان فەرامۆش و پێشێل کردووە،بەتایبەتی کولتوری دینی و کولتوری جەماوەری و مێگەلگەراش هۆکارێکی تری دڵرەقە لەپێشدەم دەرکەوتنی مرۆڤی ئەکرۆباتیک، مرۆڤێک بتوانێت یاری بە هەمووشتێک، لەهەموو شوێن و کاتێکدا بکات. ئەم جۆرە کولتورانە هۆکارن بۆ فەرامۆشکردنی ڕۆژانەی تاک و ئەو داوای بایەخدان بە دواڕۆژ و بەژیانی گشتی دەکات. ئەم دیوارە هێشتا توند لەجێی خۆیدا بەپێوە ڕاوەستاوە و چەکوشێک نەهاتووە بیڕوخێنێت. ئیدیا نوێکان دەبێت ئەو کۆنسێپتە بگرنە دەست کەوا ئەوەی بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە هەر خودی ڕۆژانەکانن،خودی ئەو چرکەساتانەن کە هەوڵی چوونە نێو جیهان دەدەن. چونکە ئەوەی نەتوانێت ڕۆژەکانی خۆی بژی ئەوە ناچێتە جیهانەوە.



ئەدەبی کوردی لە ئەدەبە هەرە هەژارەکانی جیهانە لەم ڕووەوە .تائێستا دەقێک شک نابەین لەبارەی گەشتەوە هەبێت، ڕووداوەکانی ژیانی تاک و بەسەرهاتە کولتورییەکانی کۆمەڵگا بە هیچ مەرەکەبێک نەنووسراونەتەوە. کەم ئەدیبی کورد شک دەبەین قسە لەبارەی ئەو ڕۆژانەوە بکات کە لەڕۆژگارەکانی داهاتووشدا ئامادەبن. حاڵەتی وەها ئێمە تەنیا لای مەحوی دەیبینینەوە،کەباسی قەیرانە ڕۆحییەکانی ڕۆژگاری خۆی دەکات بەڵام بۆ ئەم ڕۆژگارە و هەمیشە بۆهەموو ڕۆژگارێکی تریش دەبێت. بۆیە وەک زەردەشت دەبێت بڵێین:ئێمە لە گشتدا زۆرمان هەیە و لە تاکدا کەم.

هەڵبەت ئێمە گەلێک جار سۆراغمان کردووە و نائومێد بووین،چونکە لەو سۆراغەماندا کەممان بینیوەتەوە، بۆیە دەبێت چیتر سەردەمێکی تر ببەخشینە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی. دەبێت پەنجەرەیەکی تریش بخرێتە نێو خانووی ئەدەبیاتی کوردی،پەنجەرەی بەسەرهاتەکانی ڕۆژانە بۆ ڕوانینە جیهان، چونکە بەبێ خوێندنەوە و نووسین و تۆمارکردنی ساتەوەختەکانی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان،ناتوانین ژیان لە تێگە فراوانەکەیدا بنووسینەوە. تێڕوانینەکان و ڕەفتارەکان تەنیا ڕۆژانەکان پێوەریانن. ژیاندۆستی لێرەوە دەست پێدەکات کە ڕۆژانەکان فەرامۆش نەکەین. ڕووداوەکانی وەک ((لەدایکبوون)) و ((مردن)) کە هەموو ڕۆژ ڕوودەدەن دەبێت قسەیان لەبارەوە بکرێت، بەڵام هاوکات بەمە دەبێت قسەش لەبارەی هەموو ئەو ڕووداوە بچووک و گەورانەش بکرێت کە لەنێوان هەردوو ڕووداوە گەورەکەی لەدایکبوون و مردندا ڕوودەدەن. دەبێت قسەلەسەر:سەردان،دیدەنی،گەشت،پیاسەکردن،وەرزش،تێرامان،ئازار،ئازایەتی، پێکەنین، ترس، ڕق، وەفا، دڵسۆزی، شکست،سەرکەوتن، درزێوی و بەدکاری بکرێت. ئەم ئیدیایە دەبێت ببێتە ڕەهەندی سێهەمی نووسین،ئیتر دەبێت لە کولتوری 2D وە خۆمان بگوێزینەوە بەرەو کولتوری 3D.

بۆ نموونە: ئەدەب چی دەکات گەر ئەو مردنە تۆمار نەکات کە مرۆڤێک پاڵەوانانە یاخود ترسنۆکانە،جاویدانە یاخود بەربادانە بەسەریدا هاتووە. ئەدەب چییە، گەر ئەو ئارەزووە قووڵەی مرۆڤ هەیەتی بۆ پشکنین و بۆ ناسینی دنیای تر نەهۆنێتەوە. مێژووی مرۆڤایەتیش تەنیا ئەو مرۆڤە کۆچەرییانە نووسیویانەتەوە،ئەوانەی شارستانیەتیان دروستکرد،کۆچەرە دوور ڕەوەکان و هەڵۆ بەرزەفڕەکان بوون،

ئەوانەشی لەهەرێمەکانی خۆیاندا چوارمشقی دانیشتوون،بریتی بوون لە مریشکە دۆڕاوەکانی مێژوو.

ئەدەب لەچاوی مندا بریتییە لە منداڵدانی گەشەکردنی زیندەوەرە کۆچەرەکان. ئەدەبێک کارەکتەری لەو جۆرە نەهێنێتە دنیاوە،ئەوانەی سەرکێشی دەکەن،کۆچ دەکەن ،دوور دەڕۆن،بـۆ بەرزاییەکان،بۆ نێو قووڵاییەکان،بۆ پێدەشتەکان لەپێناوی هێنانەوەی گەنجینە بزرەکانی ڕۆح و سروشت، ئەو ئەدەبە تەنیا وڕێنە دەچێنێت،ئەوەشی وڕێنە بچێنێت قەتیسبوون دروێنە دەکاتەوە. ئەی هاوڕێم... ئامۆژگاریم تەنیا ئەوەیە، ئەو ئەدەبانە بناسە، ئەوانەی بۆ ناسینی مرۆڤ هەموو جیهان تەی دەکەن. تەنیا لە کایەیەکی لەم چەشنەدا مرۆ دەتوانێت وانەی ژیان فێر بێت،وانەی بیرکرنەوە و یادکردنەوە، وانەی ئازار و ئەوین، وانەی بەسەر خۆدا هەڵکشان  فێر بێت.

ئەمە ڕەهەندی سێهەمی نووسینە کە دەرخـەرەوەی واتایەکی تری شەڕی هەموو دووانە لێکدژەکانە، ڕەهەندی سێهەم بریتییە لە کۆگایەک بۆ هەموو دووانایەتییەکان. ئەوانەی تەنیا لەسەر خەیاڵ دەنووسن،ئەوانەی تەنیاش لەسەر واقیعی بینراو دەنووسن، ئەوانە تەنیا لە کونێکی بچووکەوە تەماشای ژیان دەکەن،کە جگە لە بڕگەیەکی دیمەنەکە شتێکی تر نابینن. بەڵام ئەوانەی هەردوو ئەو ڕەهەندە دەخوێننەوە،ئەوانەی ڕاستەهێڵەکانیان لە دوو هێڵی تەریب، یاخود پێچەوانە و دژ زیاتر دەکێشێت، ئەوانە هێڵی سێهەم و دووری سێهەمی واتاکان دەکێشن ،کە بریتییە لە نهێنی ژیان. ئەوانە بوونەوەرێکی تر دەهێننە جیهانەوە،ئەوانە چاوی سێهەمیان هەیە بۆ بینین.

لەم بەرکوڵەوە دەخـوازم تۆماری یەکێک لـەڕۆژە خۆشەکانی ژیانی خۆم بنووسمەوە. ڕۆژێک، مێژوویەکی درێژی 200 ساڵەی گەشەی ڕۆحی و عەقلی و فەلسەفی بەرجەستەدەکات. لە فیشتە و هیگلی سەدەی نۆزدەوە بۆ لای زافرانسکی و سلۆتەردایک لەسەدەی 21 دا. ئەوەشی پتر خۆشی دەبەخشێتە ئەم ڕۆژە ئەوەیە،ئەگەرچی من بە تەنیا گەلێک ڕۆژی لەو جۆرەم لەژیانمدا ژیاندووە، بەڵام ئەمجارەیان بە هاوبەشیم لەگەڵ هاوڕێمدا ئیسماعیل حەمەئەمین گوزەرانم.

کاتێک کارتی بانگهێشتی بەرنامەی ((چوارینەی فەلسەفی)) هەردوو فیلۆسۆف



ڕودیگەر زافرانسکی و پیتەر سلۆتەردایکم پێگەیشت بۆ ڕۆژی یەکشەممە 18.09.2011 بە تەلەفۆن ئیسماعیلم ئاگادارکردەوە ئەگەر حەز دەکات و دەتوانیت ئەوا دەتوانین پێکەوە بچین،ئەو ڕاستەوخۆ پێشوازی لە داواکەم کرد. ئەمە بەس بوو بۆ من تێبگەم ئەم هاوڕێیەم ڕۆحێکی کۆچبەرە،ئامادەیە سەفەری شارەکان بکات لەپێناوی دەستکەوتی مەعریفیدا. ئەم هاوڕێیە،ئامادەیە پشووی کۆتایی هەفتەش پشوو نەدات و سەدەها کیلۆمەتر دووری بەڕێ کەوێت و لەڕۆژی یەکشەمەشدا چالاک بێت. کە هیگڵ دەیگووت لە کۆتایی مێژوودا خودو بابەت پێک دەگەن و لەڕۆحی ڕەهادا پرۆسەی گەشەکردنی ڕۆح تەواو دەبێت،سلۆتەردایک ئەوەی بۆ سەلماند کە هیگڵ بیریاری کۆتایی نییە،بەڵکو بیریاری تەواوبوونە، وە هیگڵ لە یەکشەمەی مێژووشدا پشوو نادات،بەڵکو خەریکی بایەخدانە بە کارەکانی خۆی. لەم ڕاڤەیەدا ڕۆحی ئەم هاوڕێیەم بەو ڕاڤەیەی سلۆتەردایک دەپێوا.

لەکاتی دیاریکراودا ڕۆژی یەکشەمە دەمەو نیوەڕۆیەکی باراناوی  ئەوگەیشتە بەرلین، بەرلەوەی باوەش بەیەکدا بکەین، من خێرا ڕوانیمە ڕوخساری ئەو،شەوق و ئارەزوویەکی گەورەم لە ڕوخساریدا دەبینیەوە، هەستم بە مەستییەک لە ڕووخساری ئیسماعیل دا دەکرد،ئەمەش منی شادمانتر دەکرد. دیارە مەستی بریتییە لەدایکی نووسین. لێرەوە ئەم نووسینە لەدایکبوو بە هاوبەشی ڕۆژانەی من و ئیسماعیل. لەم ڕۆژە باراناوییەدا 18.09.2011 یەکشەمەیە و بەرلین سەرقاڵی هەڵبژاردنەکانی شارەوانیەکانە و من پشوو نادەم و ناشچم بۆ دەنگدان. بەڵکو گیانی من بۆ شوێنی گەورەتر دەچێت. گۆڕستانی ناوداران، کە تیایدا گیانێکی ڕەهای وەک هیگڵ و خودێکی ڕەهای وەک فیشتەو شاعیرێکی گەورەی وەک برێشت ڕاکشاون. سەرەتا لەم گۆڕستانەدا کە هی هەموو ناودارەکانی بەرلینە،چووینە سەر گۆڕی هیگڵ،کە گۆڕیچکەیەکی زۆر سادەە بوو، جاویدانە وێنەی جۆراو جۆرمان لەگەڵیدا گرت کە ئاماژە بن لەسەر عەقل و ڕۆح و ڕەهایەتی و دیالێکتیک،لەپاڵیدا ڕاکشاین،دەستمان دەخستە سەر کێلەکەی و باوەشمان پێدا دەکرد و دەمانپرسی لەم سەردەمەدا گەر هیگڵ بمایە چی بۆ فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح و ڕۆحی ڕەها و فەلسەفەی ماف دەنووسی.ئایا لەبارەی خۆرهەڵاتەوە کە ئێستا بەهاری خۆیان دەژین چی دەنووسی، لەکاتێکدا ئەو

پێیوابوو خۆرهەڵات،جیهانی ئیسلام، شتی نوێی بەرهەم نەهێناوە،بەڵکو تەنیا ڕاڤەی فیکری گریکیان کردووە. هەر لەپاڵ هیگڵ دا فیلۆسۆفی مەزن،فیشتە ڕاکشاوە،بەهەمان شێوە کۆمەڵێک وێنەی سوریالیانەمان لەپاڵ گۆڕەکەی ئەمیشدا گرت،بەشێوەیەک گوزارشت لە خودی ڕەها و ئیدیالیزم بکات و دەمانپرسی.. لەسەردەمێکدا کە خود پووکاوەتەوە بۆ خودێکی بەکاربەر و مشەخۆر و چ ئیدیایەکی بۆ خود پێنەماوەتەوە،فیشتە لەمڕۆژەدا چی دەگووت بۆ (من). پاشان چووینە لای گۆڕی شاعیر بیرتۆڵد برێشت کە بەرانبەر ئەم دوو ڕۆحە مەزنە نێژراوە و ئارەزووی خۆشی هەر ئەمە بوو.چونکە ماڵەکەشی لە تەنیشت ئەم گۆڕستانەوەیە و ژووری کارکردنەکەی پەنجەرەکانی دەڕوانێتە سەر ئەم گۆڕستانە.برێشت تکای وابووە لای هیگڵ و فیشتەوە بنێژرێت،بەڵام لەپاڵ ئەواندا جێگەی نەبووە،بۆیە بەرامبەریان جێگەیەکی فراوانی بەرکەوتووە،کە خۆشبەختانە لەوەی هیگڵ و فیشتە فراوانترە. هەواڵی ئۆرنێلا و مۆنتی و دایکە ئازا و بازنەی تەباشیرمان لە برێشت دەپرسی. هەروەها چووینە سەرگۆڕی هاینریش هاینە و گەلێک زانا و ئەدیب و فیلۆسۆف و سیاسی و سەرکردەی ناوداری تر. پاشان سەردانی ماڵەکەی برێشتمان کرد کە ئێستا مۆزەخانەیەکە بەناوی خۆی و هاوسەرەکەیەوە..

کە لە ماڵەکەی برێشت هاتینە دەرەوە باران هەر دەباری و ئێمەش چەند کاتژمێرێکمان مابوو بۆ چوونەژوورەوەی بەرنامەکە لە کاتژمێری 7ی ئێوارەدا،بۆیە بەهەلم زانی چەند شوێنێکی دێرین و کولتوری بەرلین پیشانی هاوڕێکەم بدەم.. چوینە سەردانی دیواری بەرلین، وچەند قاوەخانەیەکی کولتوری ناودار و دواتر چوینە پاڵ پەیکەرە قەبەکەی مارکس و ئەنگلز و وێنەی جۆراوجۆرمان گرت.

کات نزیک بووەوە لە مەبەستە سەرەکیەکەمان، لەژووانە ڕۆحییەکەمان. ئیدی بە تاسەیەکی گەورەیە بەرەو ئەوێ ڕێمانکرد. چوینە ستۆدیۆ، لە نهۆمی 14ی هۆتێلی ئینتەرکۆنتینێت،لەوبەرزاییەوە بە ڕۆحێکی شاد و دەم بەخەندەوە لەپەنجەرەکەوە تەماشای جوانی شاری بەرلینمان دەکرد، من ئەمە بۆ دووەمجارم بوو بەشداری بەرنامەکە بکەم، جەماوەرێکی خوێنەوار و هەڵبژاردە ی ئەرستۆکرات ئامادەبوون،پێدەچوو ئێمە تاکە نائەڵمانی میوانەکان بوو بین،بۆیە بووبووینە جێی سەرنجی هەندێکیان،ئیسماعیل گووتی ئێستا ئەوانە گاڵتەیان پێمان دێت،گووتم



نا ئەگەر ژیر بن دەڵێن ئەم دووانە لە بێگانە زیرەکەکانن و نموونەی دەستەبژێن. بۆیە هێندەی پێ نەچوو خانمی ڕێکخەری بەرنامەکە هاتە لام و ناسیمیەوە و سڵاومان کرد و گووتی جێگەکەتانم لەڕیزی پێشەوە بۆ داناون. ئیتر هێندەی نەبرد چووینە ژوورەوە بۆ ناو ستۆدیۆ ،ئەتمۆسفێرێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، دانیشتین بۆ بینین و بیستنی تێمای بەرنامەکە لەسەر کولتوری شار. لە کاتی تەواوی خۆیدا دەست بە بەرنامەکەکرا،پیتەرسلۆتەردایک سڵاوی لە میوانەکان و بینەرەکان کرد و لەگەڵ زافرانسکی هاوکاریدا میوانەکانیان ناساند و کەوتنە پرسیارکردن و گفتوگۆکردن. بەڕاستی تێمایەکی گرنگ بوو،ئێمە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر گوێبیستیان بووین تا بەرنامەکە کۆتایی هات و پاشان چووینە لای زافرانسکی و سلۆتەردایک و ئیسماعیل حەمەئەمینم پێناساندن و باسی گۆڤاری کۆنسێپتمان بۆکردن و زۆر سەرسام بوون پێی کە بەزمانی کوردی گۆڤارێکی وا قەبەلەسەر فەلسەفە هەیە.چەند وێنەیەکی جوانی ئەم ساتە خۆشەمان پێکەوەگرت،سلۆتەردایک گوتی لە وێنەکەدا من حەز دەکەم گۆڤارەکە بگرم بەدەستەوە. وەک بڵێی لەهەرکوێ و بەهەر زمانێک بیری فەلسەفی هەبێت ئەو پێشوازی لێدەکات،چونکە بیرکردنەوە دەبێت گەردوونیانە کۆچ بکات. پاش هاتنەدەرەوە لە ستۆدیۆ بە مەستییەکی شادیهێنەوە من و ئیسماعیل چووینە قاوەخانەیەک و بۆ ماوەیەک دانیشتین و باسمان لەو ڕۆژە خۆشەکرد کە پێکەوە بردمانەسەر.ڕۆژێک دەشێت هەر یەکێک تێیدا بەختەوەر بوو بێت،بەڵام بەو شێوازەی ئێمە گومان دەکەین کەسی تر هەی بوو بێت. ئیدی دەبوو لێرە بەدوواوە ماڵئاوایی لەیەکتر بکەین،ئیسماعیل دەبوو سبەی زوو بچێتەوە سەر کار و منیش هەروەها،بۆیە هەر ئەو شەوە بەڕێکەوتەوە بەرەو نورەنبێرگ،بەڵام بەڕۆحێکی پڕ کامەرانی و خۆشییەوە. ماوەتەوە بڵێم،هیچ شتێک لەوە خۆشتر نییە،مرۆ ئارەزووی ئەوەی تیا بێت لەپێناوی زانین دا لەسەفەردا بیت.

# مینی بیۆگرافیەک لەگەڵ سافرانسکی و سلۆتێردایک

ئیسماعیل حەمەئەمین

**کایەی تایبەت وەک بازنەیەک لەهەوادا**

هاتنی ئەمجارەت بۆ بەرلین هاوڕێم، پڕ دەبێت لەنەشئەو مەعریفە، ئەوە وشەکانی (بەکر عەلی) هاوڕێم بوو کەباسی ئەوەی بۆ کردم، فەیلەسوفی ئەڵمانی (ڕودیگە سافرانسکی) دوو بانگهێشتی تایبەتی بۆ ناردووە، بۆ بەرنامەی (چوارینەی فەلسەفی Das Philosophische Quartett)، بەرنامەیەکە لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی (پیتەر سلۆتێردایک و ڕوودیگە سافرانسکی) بەڕێوەدەبرێت و هەر جارەی دوومیوان لەبوارێکی تایبەتدا بانگهێشت دەکەن، بۆماوەی کاتژمێرێک لەسەر تەوەرەیەکی گەرم و تیمایەک گفتوگۆدەکەن.. ئەم بەرنامەیە کاتی دیاریکراوی نییە، بەڵکو بابەتی دیاریکراوی هەیە، بەمانای زۆر جار لەدوومانگ جارێک، زۆر جاریش مانگی جارێک، ئاوەها فەیلەسوفەکان بڕیاردەدەن کەی بەرنامەکەیان ئامادە بکەن. بابەتی مانگ یان قەیران و ڕووداوە گرنگەکانەی ئێستاکێیە، یاخود قسەکردنە لەسەر دیاردەکان، بەمانانی بەرنامەیەکی ڕۆژنامەوانی نییە بەڵکو ڕەهەندە فیکریەکانی ڕووداوەکان کلێشەی پێشکەشکردنی بەرنامەکە بۆ خۆیا نەخشەکێش دەکەن. من هەموو جارێک چوارینەی فەلسەفی بەڕووبەرێکی فەلسەفی لەگەڵ خۆمدا وەردەگێڕمە سەر کوردی و بەکریش بەچوارینە، لەڕاستیدا



وشەی Quartett یاریەکی کارتە ، کەپیکهاتووە لەوەی منداڵان چوار مانای جیاوازی یەک شت لەکارتەکان هەڵدەبژێرن، بۆنمونە لەژێر ناونیسانی خێزانی بەختەوەر منداڵان لەکارتەکانی بەردەمیان هەولدەدەن چوار کارتی هاوشێوە دەربهێنن و ئاوەها یارییەکە بەردەوامە، چوارکارتەکە مانای چوار ڕستەی جیاوازی یەک بابەت، بەڵام من پێوامیە لەناوەڕۆکدا ئەمە تەنها چوارینەی فەلسەفی نین، بەڵکو ڕووبەریکی فەلسەفاندنی دنیایە لەماوەی کاتژمێرێکدا. دیارە هاوڕێم بەکر عەلی چەندەها جار چووە بۆ کوڕەکانی فەیلەسوفێکی گرنگی وەک سلۆتێردایک و قسەشی لەگەڵدا کردووە، بێگومان من چەند جار پێمگووت کەئەو بەختەوەرە کەلەگەڵ فەیلەسوفیکی گرنگی ئەم چەرخە قسەی کردووە، کاتی ئەو فەیلەسوفانە زۆر کەمن بەڵام لەو چرکە ساتە کەمانەدا مرۆڤ لەگەڵ یەکەم ڕستە گۆڕینەوەدا هەست بەو هێمنیە دەکەین کەفەلسەفە دەیبەخشێت بە ڕۆحی نائارامی ئێمە، ئێمەی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی پڕ لەچیرۆکی نیگەرانی و خوێن و شکستەبردوویی ڕۆژەکانمان .. ئەو چرکە ساتانە پڕە لەهێمنی و لەگەڵ یەکەم وشەیدا لەگەڵتدا هەستدەکەیت جیهان لەنێو وشەی هێمندا دووبارە لەدایکدەبێتەوە.

بەو هەستە پڕ نەشئەیەوە، بەو حەماسەوە، لەنورنبێرگەوە سەر لەبەیانی 18.09.2011 بەرەو بەرلین کەوتمەڕێ، بەیانی زوو ئەشقەکەم تەلفۆنی بۆ کردم و گووتی تکایە لەسەرخۆ لێبخوڕە، تکات لێدەکەم..من هێمنم کردەوە، کەبەهیمنی لێدەخورم، بەڵام ئەوەندە نائارامیەکی پڕ بەختەوەریم تێدا دەهەژا کەهەرگیز ئەوەندە زیادەڕۆیم نەکردووە لەئۆتۆمبێل لێخوریندا، پەلەم بوو بگەمە بەرلین، زوو بگەم، بەمن بووایە شەو بکەوتمایە سەر ڕێگا خێراکان بەرەو بەلین، بەڵام هیلاک بووم بەدەست ڕۆژانە ژیانەوە، جەستەم هیلاک بوو.. بەیانی زوو دوای تەلفۆنی ئەشقەکەم من زۆر زوو کەوتمە سەر ئاتۆبانی ژمارە نۆ بەرەو بەرلین بیئەوەی بەخۆم بزانم لای چەپم بەرنەندەداو بەخێرایی زیاتر لەسەدو هەشتا لێمدەخوڕی، بەمەش بەپێچەوانەی ئەشق و چەمکی ئەشق دەجوڵامەوە من بەدرێژایی تەمەنم ویستومە دژی ئەشق کاربەکەم، بیگومان ئەشق وەک (ئیدیالیزەکردنی دنیا) لەکلێشەیەکی یۆتۆبیدا، زۆر زوو لەنێو دەزگای خێزاندا ئەم یۆتۆبیایە، چاکتر وایە بڵێم ئەم وەهمە وورد دەبێتەوە بۆ ڕۆژانە ژیانی

ڕۆتین و پەیوەندی بایۆلۆژیانەی نێوان هەردوو ڕەگەز، لەدواجاردا جگە لەوەچە خستنەوە هیچیتر بەردەوامی نادات بەو دەزگا سەیرەی لەدەوڵەتەوە خۆی پێوە خەریک دەکات تامزگەوت و کڵێسا، لێرەوە هەر هەلێکم بۆ ڕەخسابێت، ئاوەها هەموو پەیوەندیەکانم لەچوارچێوەی پەیوەندی دەزگاخوازی خێزان و پەیوەندی دەسەڵات و بایۆلۆژیدا تەفسیر کردووە، یاخود باسی ئەو وەهمەم کردووە باس کەتەنها سەر جێگە دەیخوڵقێنێت. بەکورتی من بڕوام بەئەشق نەبووە وەک ئەوەی کەهەیە و تەنانەت فەیلەسوفەکان، بۆ نمونە (خۆسێ کاسات) باسی لێوە دەکات کەئەشق مانای ئاشنابونە بەئیدیال، (ئیدیال مانای شتیکە ڕۆحمان دەجوڵێنێت،هیزیکی بیۆلۆژیمان پێدەبەخشێت، وەک پڕیشیک لەنێوماندا وزەکان دەتەقەینێتەوە.. ل١٩)..

José Ortega y Gasset, Über die Liebe, Heyne .Verlag 1938، S19

ئەم تەنگەنەفەسیەم بە ئیدیالزم وەهام لێدەکات کەلەئەشق دوورکەومەوە، یاخود تەنها لەچوارچێوەی (ئیدیالیزەکردنی دنیا) دا تێبگەم ، لەبەر ئەوەش هەموو حەزنەکردنێکم لەئیدیالیزم ئۆتۆماتیکی بەسەر ئەشقدا شکاوەتەوە... بەڵام لەپڕێکدا ئەشق پەلامارمدەدات، لەپڕێکدا دەنگی مێینە، دەنگی ئەشق تەنها دەنگێکی سێکسوالی و سوودخوازی نێرومێی نییە، بەڵکو لەدواجاردا دەبێتە کایەکەی تایبەت، دەچێتە نێو جیهانی میتافیزیک، ئەبستراک، نەبینراو لەنێو بینراودا، وەک بازنەیەک بەدەورماندا جیهان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، دێتە نێو جیهانی تایبەتی ئێمە، ئیدیال دێتە نێو کایەی تایبەتەوە، دێتە نێو ئەو شتەی بەبوار / کایە Sphäre باس دەکرێت، سلۆتێردایک دەربارەی کایە دەڵێت (کەژیان خۆی بابەتی - فۆرمێک بێت، تێزیک بێت کەفەیلەسوفە دێرینە نەجیبەکان و ئەندازەیی لەگەڵ ناوی کایە پێکەوە بەند دەکات ...)

بڕوانە: Peter Sloterdijk, Sphären. Mikrosphärologie: Band I: Blasen: BD I , Suhrkamp Verlag, s 12

کایەکان لەم دیدە فەلسەفیەوە هێڵێکی بازنەییە کەبەچوار دەوری ئێمەدا تەنداروە پڕێتی لەو بۆچون و پارچە بەجێماوانەی یۆتۆبیا و ئازار لەنێوماندا



دروستیدەکات، بەجۆریکیتر دەتوانین بڵێین کایەی تایبەتی من وەک ئەو بڵقە ئاوە وەهایە، ئەو کەفە سابونە وەهایە کەپڕێتی لەهەوا و لەنێو بۆشاییدا، وەک ئەو پفکەیە وەهایە کەفووی پێدا دەکەین و ئاو دەبێت بڵق و بەنێو هەوادا یاریدەکات، لەنێو پفکەکەدا ڕەنگان دەبینین لەوانەشە زۆر نەخایەنێت ئەو جادووە وەک هەموو کەفێکی نێو هەوا بتەقێت، بەڵام لەنێویدا ڕەنگی خۆی، دنیای خۆی نمایشکردووە. من هەمیشە لەو بڕوایەدا ژیاوم کەهیچ مێینەیەک توانای ئەوەی نییە ئەو بازنە تایبەتەم ببەزینێت و ببێت بەبەشێک لەدنیای هەوا نشینی بڵقە بازنەیەکانی ژیانم. سەیر نییە سلۆتێردایک سێ کتێبی گەورەی هەیە لەژێر ناونیشانی سەرەکی (کایەکان) نوسیوە، یەکەمیان بەناوی بڵقەکان، دووهەمیان بەنای گلۆبۆس (هەسارە)، سێهەمیان کەفەکان.. ئەشق بەڕای من تێپەڕکردنی ئەویترە بۆ نێو کایەی تایبەتی خودەوە لێرەوە لەنێو بازنەی یەکتریدا سوڕانەوەیەک هەیە کەچیتر بیۆگرافیای خۆی مەحکوم نییە بەخۆتەوە، بەڵکو پابەندە بەئەویترەوە. کایەکان چیتر لەنێو پفکەدا بوونیان نییە، بەڵکو وەک دوو پفکە وەهان کەپێکەوە بەنێو هەوادا بەرزدەبنەوە و لەدواجاردا پەرشدەبنەوە.. ئەشق جۆرێکە لەداگیرکردنی کایەی ئەویتر کەسارتەر ئەویتر بەجەهەنەم تێدەگات .. ئاوەها کایەکان، لەنێو تەنە ئەندازییەکاندا خۆیان نمایشدەکەن، ئەو بازنە سەیرانەی بەدەوری یەکتریدا کێشراون ونابیینین، بەڵام لەجوڵەی سایکۆلۆژیدا بۆ چەند ساتێک گەمەی دیار و نادیاری خۆیان دەکەن...ئاوەها لەژێر ناونیشانی پاراستنی کایەی خۆم، چوارسەدو بیست ویەک کیلۆمەترم کەمتر لەوە بڕی کە پێویست بوو، دەمزانی نائەقڵانیە ،بەڵام پەلەم بوو بۆ نێو بەرلین، لەم خاکەوە بێئەوەی مەبەستم بێت بەپێچەوانەی خەمی ئەشقەکەمەوە جوڵامەوە،لەوانەیە بۆ ئەوە بیت کەکایەی خۆم بپارێزم ..

**بەرلین و دوو گاڵتەجاڕی کینینزمانە**

بەرلین لەیەکشەمەی ڕێکەوتی 18.09.2011 دا لەڕۆژیکی تایبەتدا دەژیا، ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵبژاردن بوو لەشاری بەرلین، کریست دیموکرات و سەوزەکان و سۆسیال دیموکرات ولیبرالیەکان لەپێشبڕکێی هەڵبژاردندا بوون.. ئەوەی ئەمجارە سەرنجڕاکێش بوو کەلەشاری بەرلین سۆسیال دیموکرات لەپێشەوەی هەمووان بوو، لەبەر دوو هۆ یەکەمیان لەبەر پارێزگاری بەرلین (کلاوس

ڤۆڤەرایت ) کە پیاویکی کراوەیەو و (بەکر عەلی) گووتەنی: بەرلینی پڕکردووە لەکولتور و کراوەیە بەسەر هەمەڕەنگی کولتوری و ئەو هاوڵاتیانەی بەڕەگەز ئەڵمان نین بەڵام بەرلینین، بەمانای بەرلین بۆ هەمووانە... کاندیدی سۆسیال دیموکرات جگە لەڤۆڤەرایت خۆی، لیستی سەوزیش بەهەمان ئاڕاستە کاریان کردووە، گەنجە تورک وبیانیەکان کاندیدی بەرچاویان هەبوو لەسەر لیستی سەوزو سۆسیال دیموکراتەکان، بەمەش ژمارەیەکی زۆری نەتەوەکانی تر بەتایبەت عەرەب و تورک و موسوڵمانان بەرەو سنوقەکان ڕێگەیان دەبڕی، بەرلین لەو ڕۆژەدا لەبەردەم تاقیکردنەوەی لێبورەدیی و کرانەوە و تۆلەرانس و موڵتی کولتوریدا بوو.. ڕۆژیکی تایبەت بوو بۆ هەڵبژاردن و جەنگەکانی سیاسەت لەگەڵ ماناکانی ئازادی و کرانەوەدا، بەتایبەت پارتی (چەتەکانی دەریا) کەنوێنەری ئەو گەنجانە ئارناشیست و فەوزەویانەن لەگەڵ ئازادی سێکسوالی و ئازادی مافی دنیای دیگیتال و پەیوەندیەکانی نێت و فراوانبوونی سنورەکانی پەیوەندی مرۆڤەکان لەگەل یەکتریدا بوون بۆ ئەوە کاریان دەکرد. جوانی پارتی چەتەکانی دەریا لەوەدایە، کەئەم پارتە تەواو پێچەوانەی پارتی کریست دیموکراتە موحافزکارەکانە و لەهۆڵی کارگەیەکی داخراودا ئاهەنگی چاوەڕوانی خۆیان بۆ دەرئەنجامەکان سازدا. ئیدی ئەو ڕۆژە بۆ من و بەکر عەلی هاوڕێم ڕۆژیکی پڕ جوڵە بوو لە فیکر و سیاسەت و زۆرانبازی، ڕۆژیکی مێژووی بۆ بۆ دیداری بەرنامەکەی سلۆتێردایک و سافرانسکی..

لەشەقامی تورم (تورم شتراسە) من و بەکر یەکترمان بینی، وەک هەموو جاریک بەکر پڕە لەڕستەی تیژ و سینزمە بەرامبەر دنیا، من گووتم هەتا بچینە تەمەنەوە گاڵتەجاڕتر و (سینیزم) تر دەبین بەرامبەر دنیا، بەکر باسی لەجیاوازی نێوان (سینیزم و کینیزم )ی کرد ، وەک پیشەی خۆی بەحەماسەوە باسی جیاوازی ئەم چەمکەی دەکرد بەوەی کینیزم مانای سەگوەڕییە، سەگانەیە (Hundigkeit) بەمانای گازگرتنی سەگەکانە لەئەویتر ، بەڵام سینیزم مانای گاڵتەجاڕیی لەگۆشەنیگای هەڵوێست وەرگرتن لەدیاردەیەک. لەگەڵ نانخواردنماندا لەچێشتخانەیەکدا بەکر باسی ئەوەی دەکرد کەسەرەتا دەبێت چێژ لەخواردن وەربگرین، ئەوسا چێژی مەعرفی...ئاوەها بەکر وەک پیشەی جارانی لەنێو چەمکەکاندا بە ڕۆحیکی کینیزمانە دنیای تەفسیردەکرد . یەکەم



شت هەردووکمان بیرمان لێکردەوە سەردانی گۆڕی (هێگڵ) بوو، پێکەوە بەرەو ناوەڕواستی بەرلین بەئۆتۆمبیلی بەکر بەڕیکەوتین، لەبەردەم گۆڕستانی دۆرۆتیۆ Dorotheenstädtischer Friedhof ڕاوەستاین، ئیدی گەڕانمان بەدووی گۆڕی هێگڵدا پڕی بو لەقسەکردن و ڕۆحی کینیزمانەی هەردووکمان . گۆڕستانەکانی ئەڵمانیا و ئەوروپا بەگشتی ، پارچەیەکی هونەرین و مرۆ هەیبەتی مردن دەبینێت لەنێو چەندەها شێوازی جوانی هونەریدا، زیاتر هونەری پەیکەرتاشی و نیوەپەیکەر و بەردهەلکۆڵین و هونەری گوڵ دەبینینی کەهاڕمۆنین لەگەڵ بیۆگرافیای گۆڕەکەدا، لەگەڵ هەڵوێستەکردن لەسەر هەر گۆڕێکدا هەست بەجیاوازی ئەم مردووە دەکەیت لەئەویتر، بەوەی گۆڕەکان وەک ئامادەبوونی تاکڕەویتی و ئیندڤیدوم خۆیان نمایشدەکەن، گۆڕێک لەویتر ناچێت، بەپێچەوانەی گۆڕستانەکانی ئێمە کەزۆربەیان چەترن، یان کێل لەیەکتری دەچن. هونەری کێل و گۆڕهەڵبەستن لەئەوروپادا خاوەن مێژوویەکی دێرینە، لێرەوە گۆڕی ژەنراڵ و پیاوانی دەوڵەتی پڕۆیسی قەبە و خاوەن پەیکەر و لەهەندێکیاندا چواردەر دروان بەپایەی ڕۆمانی زەبەڵاح. بەگشتی ئەوەی من و بەکر تێبینیمان کرد کەفەرمانبەرە باڵاکانی حکومەت لەسەدەی نۆزدەدا گۆڕەکانیان بەهەیبەتەوە دەیانەویست پەلاماری ئاسمانی بەرلین بدەن. پیاوی چاو مۆن و سمێڵ فش وفەرمانبەری سارد وسڕ لەپشت کێلەکانەوە. کەللەسەری پەیکەرەکانیان لەئێمەیان دەڕوانی، بێهودە من و بەکر لەنێو ئەو ونگەیەدا بەدووی هیگڵدا دەگەڕاین. لەم بەینەدا پەستبووین لەناوی ئەم هەموو وەزیر و سیاسیانە کەدوای مردنی خۆیان لەو خەیاڵەدا ژیاون کەگەورەیی وزەبەلاحی و پەیکەریان لەم گۆڕستانە بەناوبانگەدا هەموو ئەو لوتبەرزییە ئۆرۆستۆکراتیە، پڕ بیروکراتیەی دەسەڵاتیان لەنێو مێژوودا درێژدەکاتەوە، بەڵام بێهودە، ئەوەی ماوە فڵان سەرۆک وەزیران و لەتەنیشتیەوە فڵان ژەنڕاڵ، بەڵام کوا کتێبەکانیان، کوا ئەدەبیان، کوا شانۆکانیان، کوا ڕۆمانەکانیان، کوا ئەزمونەکانیان بەنوسراوی ، کوا سیحری کتێب ، کەهیچ سیحریکی تر نایگاتێ، کوا فەلسەفە؟! کوا ئەو ڕۆشناییە مەزنەی نوسین لەدووی خۆی بۆ دنیای ئێمە بەجێدەهێڵێت، ئەمانە کێن جگە لەکۆمەڵیک سیاسی و فەرمانبەر نەبێت، بەژیاندا تێپەڕیوون..بەشێکی گەورەیان بۆ هەیبەتی ژیانی تایبەتی خۆیان

پچڕیوه و بەڵام بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی جێگەیان دیار نییە، کەچی دەیانەوێت لەڕێگەی پایە و دینگەی گەورەی گۆڕەکانیان، پەیکەرەکانیان، سەرە مۆنەکانیان، ئەو خەیاڵەمان بهاروژێنن کە ئەمان بەشێکی گەورەن لەمێژوو، گەر مێژوو خۆیان نەبن!. هەندێکیان ئەوەندە پایەی گەورەی بەدەوردا تەندراوە ، کەوەک کۆشکیکی بچوک وەهایە بۆ مردوویەک لەو دیوو پایەکانەوە بە مۆنیەوە لەدنیا دەڕوانێت، ئەمە جۆرێکە لەگاڵتەجاڕی دەسەڵات بەمێژوو، یان چاکتر وەهایە بڵێم هەوڵدانە بۆ قۆرخکردنی مێژوو لەڕیگەی گەورەکردنی وێنەوە، لەڕێگەی نمایشکردنی (پۆرترێتی خود) کەجگە لەچەند ڕستەیەک نەبیت لەکتیبەکاندا هیچیتر بەجێ ناهێڵێت، کە فلان یان فیسار فەرمانبەرێکی گەورەی پرۆیسیەکان بووە، دەنا وەک هێگڵ نین، وەک فیختە نین ، وەک گۆتە و شیلەر نین، ئەوانە بەهەموو ژیانیان ڕستەیەکن گەر لەکتێبیکی مێژووی فەرمیدا باسبکرێن، بەڵام دەیانەوێت لەم دەروکەتنە نمایشکاریانەی گۆڕستاندا، ڕۆڵی ئەکتەری سەرەکی ببینین لەژیانی بەرلیندا، بیئەوەی بزانن کەبەرلین بەناوی هێگڵەوە پاپەندە، بەناوی گەورەترین فەیلەسوف کەڕۆح و هوشیاری و مۆڕاڵ و لۆجیک و فەلسەفەی دەوڵەت و مێژووی فەلسەفەی بەئاراستەیەکی وەها پڕسنگدار کـردووە، کە کارڵ مارکس وەک هێگلیەکی گەنج پییوابوو، بەبێ بوونی فەلسەفەی هێگڵ سۆسیالزم مەحاڵ دەبوو لەدایک بێت، بەبێ یاسای نەفیکردنی نەفی،یەک بەدواهاتنی دیالەکتیکی شتەکان و جیهان مەحاڵە لەوڕستەیەی مارکس تێبگەین کە فەیلەسوفەکان تائێستا جیهانیان تەفسیر کردووە و ئێستا کاتی بیرکردنەوەر لەگۆڕانی هاتووە.. بەمەش هێگڵیەکی گەنج هەنگاویک یتر دەنێت بۆئەوەی تەنها فەرمانبەرە وشکەکانی دنیای سیاسەت و دەوڵەت بەڕێوەنەبەن، بەڵکو ئەوە فەلسەفەیە کەدەبیتە چەتری ڕۆحی و فەلسەفەی دەوڵەتی ، چیتر دەوڵەتی پرۆیسی بەبێ بوونی کێشی قورسی هێگڵ مەزندە نەدەکرا. ئەوروپا بەبێ ڕۆحی ئەو چیتر ئەوروپا نییە. پارادۆکس لێرەدایە کەمن و بەکر عەلی هاوڕیم گۆڕی ئەم ڕۆحە فەلسەفیە مەزنە نادۆزینەوە. تەواوی ئەم گۆڕستانە بەکەشێکی سیخنانخبوو لەفەرمانبەری گەورەی دەوڵەتی پرۆیسی. لەو کاتەدا من و بەکر بەدووی هێگڵدا دەگەڕاین، بەدووی ڕۆحی ئەقڵانیەت، دیالەکتیک، بەدووی دوامەنزڵگای نوسەری کتێبە مەزنەکە (فینۆمۆلۆژیای



ڕۆح) دا دەگەڕاین. بێهودە لەنێو ئەو هەموو فەرمانبەرە سەر زلەی سیاسەت و گۆڕی وەزیر و گزیرانەدا وێڵبووین، کوا گۆڕی هێگڵ!، لەم کێل بۆئەویتر ، لەم پەیکەر بۆ ئەویتر ، لەم کۆشکی فەرمنابەری دەوڵەتی مردوو بۆ ئەویتر.

**هەقیقەت و نمایشکاری**

لەو چرکە ساتەدا بیرم لەفینۆمۆلۆژیا دەکـردەوە، بەتایبەت لەوەی کە فینیمۆلۆژیا لەبەشێکیدا هەقیقەت جیادەکاتەوە لەنمایشکاری، هەقیقەت جیادەکاتەوە لەدەرکەوتن، دەرکەوتن وەک بەشێک لەهەقیقەت نەک هەقیقەت خۆی. بەمانای هەقیقەت خۆی لەخۆیدا وەک خۆی لەنێو جەوهەری خۆیدا، لەفینمۆلۆژیادا خۆی نمایشدەکات، نەک نمایشکردنی هەقیقەت وەک خۆی. لەم هاوکێشەیەوە گەشتی من و بەکر بەدووی گۆڕی هێگڵ، گەشتێک بوو بەنێو هاوکێشەی (هەقیقەت و نمایشکاری). ئەوەی لای من جێگەی سەرنج بوو کەماڕمۆڕ و کێلی گەورە و پەیکەرەکان، دەرکەوتن بوون، نمایشکارانە بوون وەک لەوەی هەموو هەقیقەت بن!. بیرم لەوە دەکردەوە کەفینمۆلۆژیا هەقیقەت لەدەرکەوتن و نمایش جیادەکاتەوە، لێرەوە چەمکی ڕۆحGeis , نێزیکدەبێتەوە لەهەقیقەت، لەیەقین، لەهۆشمەندی. بەڕای هێگل (ڕۆح ئەقڵە بەوەی لەیەقینەوە هەموو ڕیالێکی لەخۆگرتووە و بەرەو هەقیقەت هەڵدەکشێت، بەجۆرێک کەخۆی لەخودی خۆیدایەتی و لەجیهانی خۆیدایەتی و هوشیارە بەجیهانی خۆی ...) بڕوانە هێگڵ: فینۆمۆلۆژیای ڕۆح، ل٢٢٨

S228.: G.W.F. Hegel, Phänomenologie des, Geistes, Meiner Verlag

لەبەشێکی تردا هێگڵ بروایەکی تەواوی بەهۆشمەندی هەیە و دەڵێت (بەڵام ڕۆح واقیعێکی ئەخلاقیە، ڕۆح لەخودی خۆیدا هۆشمەندیەکی ڕاستەقینەیە ..ە.س. پ.ل289)

لەفینمۆلۆژیای ڕۆحـــەوە فێر دەبـیـن، نمایشکاری لـەخـودی هەقیقەت جیابکەینەوە، هەقیقەت وەک خۆی پابەندە بەو ئەخلاقە گەورەیەی هۆشمەندی لەسەر بنیادەبێت، ئیدی فینۆمۆلۆژیا شەن وکەوکردنی هەقیقەتە لەدەرکەتە و نمایشکارانی. لەم گۆڕستانەدا نمایشکارانی هەقیقەتێک ئەم ڕووبەرەیان کردووە

بەشانۆی خۆیان، لەو مەزندەیەدا ژیاون کەئەمان دەربڕینی هەقیقەتی ئەخلاق و دەوڵەتن. نمایشکردنی ڕۆحی باڵان، لێرەوە ئێمە بەرامبەر ئەکتەرەکان دەبینەوە کەلەدوای مردنیان دەیەوێت نمایشی ئەو هەقیقەتە بکەن، کەئەوان لەنێوەڕاستی مێژوودا بوون، ئەوان لەنێو مێژوودا بوون، ئەوان لەنێو چەقەکاندا بوون. لەو وەهمەدا ژیاون مادامەکی فەرمانبەری باڵای دەوڵەت بوون هەمان حاشیە و قەیتول و ڕەدوکەتووکانیان دوای مردنیان وەها سەیریان دەکەن کە لەژیاندا بوون، بەڵام ئەمە وەهمە جوانەکانی دەسەڵاتە کەهەوڵدەدات لەڕێگەی مۆنۆمێنت و پەیکەرەکانەوە خۆی نمایشبکات. بەڵا ئەوە (خودی هوشیارە) کەهەڵگری ئەو مۆڕالەیە، نمایشکردن لەهەقیقەت جیابکاتەوە. لێرەوە بەپشت بەستن بەفینۆمۆلۆژیای هێگڵی ئەم پەیکەر و گۆڕە زەبەلاحانە من و بەکری سەرسام نەدەکرد، چونکە دەمانزانی هەقیقەت لەشوێنیکی تر ڕاکشاوە، لەشوێنێکی تر هێگڵ ڕاکشاوە.

سوڕانەوەیەکی بازنەیی سەیر بوو لـەدەروازەی گۆڕستانەکەوە تاکۆتایەکەی و دەبوایە بەنێو ئەو هەموو گۆڕە زەبەلاحانەدا تێپەڕبین، تاوەکو گەڕاینەوە نێزیک دەروازەکە. لەپڕێکدا من و بەکری هاوڕێم کێلی فەیلەسوفی ئەڵمانی (فیختە) و هاسەرەکەیمان دۆزیەوە، کێلیکی درێژکۆلەی لەشێوەی پارامیدی فیرعەونی لوتکەیەکی قووچی هەبوو، لەنێوەڕاستیدا سێبەر و هێڵی گشتی دەم وچاوی فیختەی لەسەر کێشرابوو. بەڕێکەوت لەتەنیشت ئەواندا بەسەر کێلیکی مەڕمەڕیدا کەوتین، زۆر سادە و ساکار، زۆر بێ فیزو جوان بوو، لەخواریەوە باخچۆکەیەکی گوڵ ڕازاندبوویەوە لەسەر کێلەکە بەژمارەی لاتینی کۆن ساڵی لەدایکبوون و کۆچی دوایی نوسرابوو (Georg Wilhelm Friedrich Hegel (* 27. August 1770 in ; † 14. November 1831 )) ، ڕۆح بەمەزنیەوە، بەسادەیەوە خۆی لەنمایشکردن جیادەکاتەوە، ڕۆحی هوشیار بەدنیا، ڕۆحی هێگڵ بەسادەیی وەک فینۆمۆلۆژیایەک، هەقیقەتی خۆی لەنمایشکارانەی مەزنبوون جودا دەکردەوە.. چرکە ساتێکی پڕ هەژان بوو. بێگومان بۆ هاوڕێشم بەکر عەلی کەباسی لەوە کرد چەندە فیکر لەژیانی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، گووتی (سەیرکە هاوڕێم، من و تۆ لەوپەڕی دنیاوە هاتووین، لەشارێک لەنێو کیشوەریکی تر کەئەوروپا نییە، لەجەنگ و ماڵ



ویرانی و ئەزمونەکانەوە هاتووین، کەچی هەموو ئەمانە ئاشنای کردووین بەڕۆحی فەلسەفی مەزنی وەک هێگڵ، من و تۆ دوای ئەم هەموو ساڵە لەوسەری دنیایە هاتووین دەگەڕێن بەدووی گۆڕی فەیلەسوفێکدا.. ئەمە مەزنی نوسین و فیکرە لەدنیادا ..). بەهەقەت وابوو، من و بەکر لەوسەری دنیاوە هاتبووین بۆ بەردەم ڕۆحیکی گەورەی سەدەی نۆزدە، ئەو ڕۆحەی خاوەنی کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح)ە ..لەبەردەم کێلەکەیدا فۆتۆمان گرت، بەکر لەتەنیشت باخچەکەوە پاڵکەوت و فۆتۆی ئەوم وەک ڕاکشاوێک لەتەنیشت ڕاکشانی جەسەتەی ژێر گڵی هێگڵ فۆتۆگراف کرد..ئاوەها من و بەکر بەسەرە لەتەنیشت کێلەکانەوە فۆتۆمان دەگرت و بەختەوەر بووین کەئەم چرکە ساتانەی چاوەڕوانی بەرنامەکەی سلۆتێردایک و سافرانسکی لەم گۆڕستانەدا بەسەر دەبەین..

**بێرتۆڵد برێخت لەنێو فەوزای فەیلەسوفەکاندا**

لەبەرامبەر گۆڕی هێگڵ لەباخچەیەکی لاکێشەیی و لەپەنا دیواری گۆڕستاناکەوە دوو گاشە بەرد بەتەنیشت یەکەوەن، بەردێکیان گەورەترە لەویتر، یەکەمیان بەگەورەیی لەسەری نوسراوە (بێرتۆڵد برێخت) و مەترو نیوێک دوور لەبەردەی یەکەموە و بەتەنیشتیەوە بەردی دووهەم لەسەری نوسراوە ( هیلینا ڤایگل) هاوسەری برێخت. ڕێکەوتیکی سەیر بوو بۆ هەردووکمان کەگۆڕی ئەم مارکسی لینینیە شانۆکارە لەبەرامبەر گۆڕی هێگڵ بێت،. کۆی ئەم چەند مەتر ووارگۆشەیەی گۆڕستانە بەناوبانگەی بەرلین -Dorotheenstädtisch er Friedhof (دۆرۆتێن شتێتیشە فریدهۆف) جیاوازیەکی گەورەی هەیە لەکۆی گۆڕستانەکە، هەروەک ئەوەی هونەر و فیکر بیانەوێت خۆیان لەتەواوی دونیا جیابکەنەوە، جیاوازیەکانی خۆیان نمایشبکەن، لێرەوە چەمکی جیاوازی چەمکێکە لەگەڵ چەمکی (شوێن / Raum) و (زەمەن / Zeit) ئامادەگیەکی سەیری هەیە. لەوانەیە ئەمە ئەم ئامارژەگارایییەی و سیمۆلۆژی شوێنەکان بێت، بەوەی شوێنەکان خاوەنی ئاماژەگەری خۆیانن، بێگومان گەر لەڕوانگەی بنەماگەرییەکان (شتروکتالیزم / بنیەویەکان/ بنەماییەکان) سەیری بکەین ، بەوەی لەنیوان ئامارژەو ئامژەبۆکراودا فەزایەکی تایبەت خۆی ڕادەکێشێت، لای سلۆتێردایک ئەو فەزا ئەندازییە بە (بوار / کایە Sphäre) ناودەبرێت،

لەسیمۆلۆژیادا ئاماژەکانی ئەم نێو فەزایە خویندنەوەیەک بۆ کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی دەسەڵاتخوازی و ئیرۆتیکیەکانی کۆمەڵگە و ئیندیڤیدیوم. بەدیوێکی تردا گەر لەڕوانگەی هایدگەرەوە سەیری زەمەن بکەین و پابەندی بکەینەوە بەشوێن، لەدواجاردا بەبوونی گۆڕەکانی هێگڵ و فیختەو برێخت لەیەک شوێندا، ئەو سەرسامیەمان لەلا دەهاروژێت کەلەم چەند مەتر چوارگۆشەیەدا تەواوی ئاماژە و زەمەن، شوێنێک لەشوێنێکی تردا جوادا دەکاتەوە، هەر وەک ئەوەی لەنێو هەناوی هەموو شوێنێکدا شوێنی دیکە لەدایک دەبن، بەمەش پەیوەندیەکی دیالەکتیکانە هەیە لەنێوان نێوەندەکانی نێوان گۆڕی هێگڵ و فیختەو برێخت، کەلەنێزیک یەکەوەن و من خەیاڵی ئەوەم دەکرد، کەئەم شوێنە خاوەنی سنوری خۆیەتی، خاوەنی یۆتۆبیای خۆیەتی، خاوەن فۆرمی خۆیەتی، خاوەنی زەمەنی خۆیەتی. ئەم پەیوەندیە لەنەبینراودا دەسوڕایەوە و بینراویش ئیلهام بەخشی بوو. لەنێوان ئەم سێ گۆڕەدا نۆرمەکانی هونەر و فەلسەفە بەنەبینراوی خۆیان نمایشدەکرد، بوارێکی تایبەت وەک بڵقێکی نێو هەوا سەمای خۆی دەکرد، وەک نەبینراوێک لەنێوان من و بەکردا دەهاتن و دەچوون. لەوساتەدا بیرم لەشانۆی برێختی دەکـردەوە و لەبەر خۆمەوە گووتم: برێخت لێرشدا دووفەیلەسوفی لەبەردەم خۆیدا کردووە بەئەکتەر، برێخت ئەم چەند مەتر چوارگۆشەیەی کردووە بەڕووبەری شانۆ، ئەمە ئەو سیمۆلۆژیزەدەکردنی (سیمۆلۆژیکردن) شوێنە، لەشوینیکی بنیراوەوە بۆ شانۆیەکی نەبینراو، لەدیارێکی هەبوو ڕیاڵەوە بۆ نەبینراوێک، بۆ شانۆیەکی خەیاڵبۆکراو.. بەهەقەت وایە چونکە وام هەستدەکرد کەسەرجەم ئەم شانۆیە، تەختە شانۆیەکی نەبینراوی برێختیە و هێگڵ و فیختە ئەکتەری نمایشاکران و برێخت بەخۆی و سیگارە کوبانەکەیەوە وەک دەرهینەرێک چاودێریان دەکات.

چەمکی (جیاوازی / ) چەمکێک بوو ، نمایشکردنی لە هەقیقەت جیادەکردەوە، ڕۆحی هێگڵ بەقورسایی مەعریفی خۆیەوە بەسەر هەمووندا دەسوڕایەوە..من و بەکر سەرسام بووین بەسادەیی گۆڕەکەی برێخت کەتەنها بەردێکە و ناوی ئەوی لەسەر نوسراوە، سەرسام بەسادەیی و بێ فیزی هونەر و فەلسەفە لەبەرامبەر نمایشکارانەی بەزۆر سەپێنراوی سیاسی و فەرمانبەرە مردووەکان. ئەوان تەنها ئەو ناوەنەن لەگەڵ خوێندنەوەیاندا چەند مەترێک دوور لەگۆڕەکانیانەوە



لەبیر دەکردێن، بەڵام هێگڵ و فیختە و برێخت ئەو ناوانەن لەنێو ڕۆحی خۆیان نمایشی خۆیاندەکەن.

**ڕۆحی جیهان لەسەر ئەسپە**

لەو چرکە ساتەدا دەستەواژەیەکی هێگڵم بیر کەوتەوە کەبۆ هاتنی ناپۆلیۆن پۆنابارت گووتبووی :ڕۆحی دنیا لەسەر ئەسپە...لە چرکە ساتەدا ئە ڕستەیەم هەڵگێڕایەوە بەوەی، ڕۆحی نوسەر لەسەر ئەسپی جیهانە... سەرسامی هێگڵ بەشۆڕشی فەڕەنسی لە 1789، بەڕووخانی سوستێمی پاشەیاتی و دامەزراندنی کۆماریەت، سەرسامیەکی بێ وێنە بوو، وەک هەموو فەیلەسوفێک کەئازادی مرۆڤ چەقی بیرکردنەوەیەتی، هێگڵ سەرسام بوو بەڕووخانی بەندیخانەی گەورە باستێل، نۆرمەکانی وەک ئازادی و یەکسانی و برایەتی، نۆرمەکانی ڕۆشنگەی بوون لەسەر شەقامەکانی پاریس هاواریان بۆ ئازادی دەکرد، بۆ یەکمجارە فەلسەفە ئاوەها بەهەموو قورسایی خۆیەوە ژیانی کۆمەڵگە بەو شێوە ڕاستەوخۆیە کاریگەر بکات. هێگڵ لە ناپلیۆن پۆناپارتدا (ڕۆحیکی جیهانی Welt-Geist) دەبینی کەدەیەوێت بەهاکانی ئازادی لەسنورەکانی فەڕەنسا پەخشبکاتەوە بۆ هەموو جیهان، بێگومان جیهان لەو چرکەساتە ئەوروپایەدا کەڕۆشنگەری لەئاسمانیدا گەمەی خۆی دەکـرد و سوستێمە فیۆدال و ئۆرستۆکراتیەتی ئەوروپایی و دەسەڵاتی کلێسای لەپیرۆزیەوە دابەزێنرابوونە سەر ئاستی پرسیار و لێپێپێچینەوە و گومان لەڕەوا بوونیان.. بەڵام چەندەحەماسی فەیلەسوفان سەیرە کاتیک لەنێو دنیای ڕیاڵدا بەدووی ئیدۆلەکانی خۆیاندا دەگەڕێن، وێنەیەک بۆ خۆیان پێکدەهێنن کەتەورەکانی دەسەڵات و زۆر جاران خوێنەران بەرەو هەڵە تێگەیشتن دەبات، هێگڵ لەو چرکەساتەدا کەناپۆلیۆن دەبینێت لەسەر ئەسپێکە، بەشکۆوە لەهەوادارنی خۆی دەڕوانێت، لەو چرکەساتە پڕ حەماسەدا ناپلیۆن خۆی وەک خۆی، جێگەی سەرنج نییە بۆ هێگڵ ، بەڵکو ئەوەی لە جەستەی ناپلیۆنەوە خۆی نمایشدەکات سەرنجڕاکێشترە، ئەمە یۆتۆبیای ئەوروپایەکی پڕە لە نۆرمەکانی ڕۆشنگەری، ئەقڵانیەت، دابەشکردنی دەسەڵات، برایەتی، یەکسانی و دادپەروەری...لەم ڕۆشنایییەوە ڕووخانی بەندیخانەی باستێل، دروستبوونی پەڕلەمان، بوونی کەسانی وەک ڕۆپسپێر و مارا و زۆریتر لەنێو ئەو شۆڕشەدا، فەیلەسوفیکی

وەک هێگڵی سەرسام کردبوو. ئەوروپا لەبەردەم دووبارە لەدایکبوونەوەیەکی تردا بوو، گەر بەهەقەت لەدوای ئانتیکاوە جارێکیتر لەدایک نەبووبێتەوە. وێنەی ناپلیۆن وێنەی ئەو ڕۆحەی جیهانە بوو، ڕەمزێک بوو بۆ ڕۆحێک کەلەسەر ئەسپێکەوە دەیەوێت جیهان بگۆڕێت، تەنها دەسەڵاتیکی سیاسی و سوپایی نییە ، بەڵکو لای هێگڵ نوێنەرایەرایتی ڕۆحیکی لەدایکبووی نوێیە لەپشتیەوە ڕۆشنییەکانی ڕۆشنگەری وەستاوە..بەڵام زۆر زوو پرنسیبەکانی شۆڕشی فەڕەنسی دەبێتەوە بەشەڕی دەسەڵات و ئیدی جارێکیتر سیاسەت بیرو یۆتۆبیاکانی ناموراد دەکاتەوە ...بەڵام ئەمە لەم چرکە ساتانە کەم ناکەتەوە کەفیکر و یۆتۆبیا لەگەڵ ڕەمزەکانیدا لەگەڵ خۆیدا دەیهاروژێنێت، ئیدی زۆر جار ڕەمزەکان لەکەسێکدا کۆدەبێتەوە، خەونەکان لەیەک کەسدا خۆیان بەرجەستە دەکەن، لەشوێنێک و ساتەوەختیکی دیاریکراوە، لەو چرکە ساتەدا مێژووی کەسی و یۆتۆبیای کەسی هەوڵدەدات دنیا بکات ئیدیالیک کەخۆی دەیەوێت نەک وەک ئەوەی خۆی هەیە، لەم لەرزینەدا جۆریک لەهۆشمەندی هەیە کەدەرکپێکردنی جیهانە لەڕێگەی خودەوە، بەسەبژێکردنی، بەسوبێکردنی، بەخودگەراییکردنی دنیا دەستپێدەکات.. لێرەوە من لەگەڵ (هانزیۆرگ ڤاگنەر) یەکدەگرمەوە کەدەربارەی ئەو چرکە ساتەی هێگڵ دەڵێت (من ئەوەم لەلا ڕوون و ئاشکرایە کەئەو دەستەواژەیەی فەیلەسوفێک (هێگڵ) لەلای من وێنەیەک پێکدەهێنێت، بەڵام کاریگەری هەیە بۆ نماشکردنی وێنەک، لەگەڵ ئەوەشدا وێنەیەکی جیاوازتر لەگەڵ خۆیدا ڕادەکێشێت..) بڕوانە:

Hansjörg Wagner: GRAPHISCHE KUNST - Internationale Zeitschrift für Buchkunst und Graphik, Edition Curt Visel, 59/2.Heft 2002

.من لێرەدا لەگەل ئەو وێنەیەدام، وێنەیەکی جیاوازتر لەوەی کەهەیە بەوەی چاوەڕوانیەکانم لەهێزیکی سیاسی، لەکاریزمایەک پڕدەکەین لەئیدۆلەکانی خۆمان، هەمووان ئەو چرکە ساتە هێگڵیەمان هەیە، کەمەزندەمان کردووە سەرکردەیەک ڕۆحی جیهانیکە لەسەر ئەسپ، بەڵام لەدوایدا هاوکێشەکانی دەسەڵات ئەو دەستەواژەیەی بەشیوەیەکی تر قلْپ کردۆتەوە.. ئیدی لەنێوان دنیای نوسین و دنیای دەرەوەدا ئەم چرکە ساتە پڕ نوشتی و هەژانە خۆی ڕادەکێشێت..



**ماڵی برێخت**

ماڵی برێخت خانویەکە لە شەقامی (شاوسێ شتراسە Chausseestraße 125 ) خانویەک لەحەوشەیەکی بچوک و جوانەوە بۆی دەچیت، لەو ڕۆژەدا بارانێکی نەرم دەباری، من و بەکر وامانهەستکرد کەخانوەکەی برێخت داخراوە، لەبەرئەوەی ڕۆژی هەلبژاردن بوو، جگە لەوەش ڕۆژی یەکشەمە بوو. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەو قادرمە بچوکە بوو کەهەڵدەکشا بەرەو دەرگای خانووکە ودەیڕوانیە سەر حەوشەکە، لەسەر پێپلیکانەکانی دانیشتم و سەیری هێمنی ئەو حەوشە جوانەم کرد، گەڵای درەخت و مێزو کورسی تەڕبوو کەلەهۆفەکدا (حەوشەکە) دانرابوون، بێدەنگیەک ، خامۆشیەک، جۆرێک لەئەتمۆسفیریکی/ کەشێکی سەیر باڵی بەسەر هەردووکماندا کێشابوو، پێدەچوو ئەوە جادووی (بێرتۆڵد برێخت) بێت بەسەرمانەوە، هەیبەتی ڕیالزمانەی ئەو بێت کەهەردووکمان من و بەکر لەهەشتاکاندا پێی سەرسام بووین...تاکە شانۆیەک کەلەهەشتاکانی سلێمانی زیاتر خەڵکی لەخۆی کۆدەکردەوە شانۆی برێختی بوو، شانۆی برێخت فۆرمی زاڵی ئەو شانۆیە بوو، کەهێزیکی سەیری دەبەخشی بەخەباتی ئێمە لەدژی فاشیەتی بەعس و هێڵە پان عەربیزمەکەی، شانۆی برێخت ئا لەوێدا لەو خاڵە پڕ قەیرانەدا ئامادەبوو، کەبرینەکانی نەتەوە دەمیان کراوەبوو. لەوێوە برێخت ئیلهامبەخشی شانۆی گەلان بوو لەخەباتیاندا لەپێناو ڕزگاری و ئازادیدا. لەوانەیە ئێستا و لەم سەردەمی پۆست مۆدێرن و پۆست کاپیتالیزمەدا کاتێک کەنۆرمەکانی وەک خەباتکردن و سۆڵیداریتی و چینی چەوساوە و شۆڕشکردن بەگشتی گەڕابێتەوە دواوە لەفەرهەنگی ڕۆژانەدا، بەڵام لەوسەردەمەدا بەشێکی گەورە بوو لەژیان، جیهان دابەشبوو بەسەر دوو سەربازگەی وەهمیدا چەوساوەکان و چەوسێنەرەکان، کرێکاران و بۆرژوازی، کاپیتالیزم وسۆسیالزم، لەگەڵیشیدا بەرلین ئەڵمانیای کردبوو، بوو بەدوو بەشەوە، ڕۆژهەڵاتی سۆسیالزمی کەبە (دی دی ئێڕDDR) ناسرابوو لەگەڵ دیوەکەی ڕۆژئاوا، کەدیوە سەرمایەداریەکەی بوو، جیهان لەنێو وەهمەکانی خۆیدا، عوسابیانە نمایشی خۆی دەکرد، ئێمەش ئەو زەمەنە خۆمان لەبەرەی گەلانی خەباتگێڕ لەدژی داگیرکردن دەبینیەوە. لەبەرئەوە ئێمە لەنێو کایەکانی ئیدۆلۆژیای مارکسیدا خۆمان دەبینیەوە، پڕۆتاگۆنیستی (پاڵەوان) دیاری لەبواری شانۆدا بیرتۆڵد برێخت و شانۆی

مەلحەمی بوو. لەشانۆی برێختدا گێڕەوەی سەرەکی دنیای تەفسیر دەکرد ،بێگومان بۆئەوەی بیگۆڕێت، گێڕەوەیەک فیگوریک بوو بۆ پێکهینانی هۆشمەندی. بۆنمونە لەشانۆی (تەنەکە)ی نوسەری کورد (یەشار کەمال) کەشانۆکار (حەمەڕەشید هەرەس) ڕۆڵی گێڕەوەی سەرەکی تیدا دەبینی، کێشەی جوتیاران، بیروکراتیەت، فیودالیەتی بۆگەنبوو، لەڕێگەی جار جارە دەرکەوتنی ئەکتەری سەرەکی گێڕەوە بۆ سەر شانۆ کۆی ئەو هاوکێشانەی ڕووندەکردەوە. نابێت ئەوە لەبیر بکەین کەبرێخت وەک شانۆکارێکی مارکسی لینینی، بڕوایەکی قوڵی بەوە هەبوو، کەدەبێت شانۆ ڕۆڵێکی هۆشیارکردنەوەی چینایەتی بێت، چینی کریکاران و زەحمەتکێشان لەڕێگەی شانۆوە ئەو هۆشیاریە گەورە وەدەست دێنن، کەبۆ خەباتکردنیان لەپێناو دواڕۆژیکی ڕووندا ، لەپێناو گەیشتن بەسۆسیالزم وەک خەونیک بۆ یەکسانبوونی مرۆڤ لەبەرامبەر یەکتریدا، لەبەرامبەر نان و دابەشکردنی کار بەیەکسانی و خۆشگوزەرانی و ئازادیدا. برێخت لێرەدا (شانۆی ئیپیکی) یان ناسراوە بەشانۆی مەلحەمی، لە بیستەکانی سەدەی بیستەوە لەگەڵ ئیرڤین پیسکاتۆر Erwin Friedrich Max Piscator دامەزراند. دیارە جیاوازی شانۆی مەلحەمی لەوەدابوو، کەبەئاشکرا لەدژی شانۆی ئارستۆتالی کاریکرد. لەشانۆی ئەرستۆتالیسدا، نمایشی شانۆیی وهێڵی درامی لەپێناو ئەوەدایە کەسۆزداری (Katharsis/ Gefühle/Emotionen ) بجوڵێنن لەدەروونی بینەردا، لەم شانۆیەدا ڕووداوەکان لەدواجاردا بەکارەسات، بەتراژیدیای کەسی کۆتایی دێت، ئەوەی لەشانۆی ئارستۆ تالیسدا جێگەی ڕەخنەی برێخت بوو ، ئەوەیە کەئەم شانۆیە وەهـم (Illusion ) لای بینەری شانۆ دەجوڵێنێت، بەڵام لەدواجاردا ئەم شانۆیە دەیەوێت بڵێت کەدنیا هەر وەها وەک خۆی دەمێنێتەوە، هەر وابووە و هەر وەهاش دەمێنێتەوە، دڵدارەکان بەنامورادی دەمرن و کارەساتەکانیش قەدەری مرۆڤ لەگەڵ خۆدا دەهێنێت و دەبات. ئەمە قەدەریەتی مرۆڤە لەنێو درامای خۆیدا، مرۆڤ بـەردەوام لەنێو کارەساتدا دەژی و کۆتایی پێدێت. بەپێچەوانەی ئەمەوە، برێخت لەشانۆی ئیپیکیدا ( پاڵەوانبازی/ ئەفسانەیدا) چەندەها دیمەن نمایشدەکات، چەند دیمەنی و فرەبابەتی یەکێکە لەسیفەتە سەرەکیەکانی شانۆی برێختی. شانۆی ئارستۆتالیسی داخراوەو لەیەک دیمەن



و دراما پێکهاتووە، لەشانۆی برێختدا ژیان بەپڕوا و پڕی لەسەر تەختەی شانۆ خۆی نمایشدەکات، ژیانیک پڕ لەزۆرانبازی ، ئەشق ، خەباتکردن و چوونە نێو کێشمەکێشەکانەوە، جیابونەوە لەئازیزان و ئازار چەشتن، گەڕان بەدووی ناندا و خەباتکردن بۆ خۆشگوزەرانی، بەگشتی ژیان بەپڕاوپڕی خۆیەوە لەشانۆی برێختیدا گەمەی خۆی دەکات. گرنگترین چەمکیش شانۆی برێختی دەیەوێت لەلای بینەری شانۆکەی ئامادەی بکات ، چەمکی جیاکردنەوە و دابڕانە (Verfremden )، لەشانۆی برێختیدا هەوڵدەدێت ئەو تەوژمە سۆزدارییە لەبینەردا بکرێت بەبیرکردنەوە و لەدواجاردا ئامانجی ئەوەیە ببێت بەکردار و ڕۆڵی هەبێت لەپێکهینانی هۆشمەندەیەک بەرامبەر جیهانی هەبوو. برێخت سوودی لەمچەمکی (نامۆبوون ) وەرگرتووە، نامۆبوون لەچەمکی فەلسەفی کارڵ مارکسدا دابڕانی مرۆڤە لەبەرامبەر دنیای دەرەوەی خۆی، لەبەرامبەر کارەکەی ، لەبەرامبەر ژیان. مرۆڤ نامۆیە بەکارەکەی ، مرۆڤ نامۆیە بەجیهانی چواردەورو بەری، بەخۆی لەدواجاردا. لێرەوە هۆشمەندی مرۆڤەکان بۆ شۆڕشکردن، بۆ هوشیاریان بەتراژیدیای کەسی خۆیان دەستپێدەکات. لای مارکس نامۆبوون سەرەتایەکە لەنێگەتیڤیەوە دەڕوات بۆ پۆزۆتیزم، لەنەرێتیەوە بۆ ئەرێتی، لەشکستیەوە بۆ هۆشمەندی و هوشیاری. کەواتە ئێمە لەبەردەم چەمکی نامۆبووندایین کەلەئەدەبی برێختدا ناوەڕۆکی دابڕانی ئەم نامۆبونە بەکاردەهینێت لەشانۆدا و ئەم چەمکەی مارکس دەبێتە تەکنیکی شانۆی برێختی، بەوەی ئەویش وەک مارکس دەیەوێت دەنیای دابڕانی مرۆڤ لەکارەکەی و هەژاربوون نەکات بەنامۆبونێکی ئەبەدی، نەیکات بەوەی دەبێت مرۆڤەکان هەروا ژیاون و هەرواش لەنێو تراژیدیادا دەمێننەوە. ئەو دابڕانە دەبێت لەخودی بینەری شانۆ ونمایشەکەشدا ڕووبدات، بەمانای دەبێت شانۆ لەچەندەها هۆکار دروست بێت کەپێکەوە گەمەی خۆیان بکەن، تەنها یەک ناوەڕۆکی نییە، یەک دراما نییە کەبۆ نمونە گەشتی ئاشقەکانە لەنێو دنیای نامورادیدا، پاڵەوانبازی بێوینەیە لەنێو دنیایەکی ناشریندا، بەجۆریک کەبینەر لەگەل دیمەنەکاندا تیکەڵ بیت و سۆزداریەک و هەڵچوونیکی سۆزگەرایی لەگەڵ نمایشەکەدا هەبێت، لەدواجاریشدا ڕازی بێت بەقەدەری پاڵەوان. بەپێچەوانەی ئەم شانۆ ئەرستۆ تالیسیەوە، شانۆی برێختی لەپڕێکدا ئەم دابڕانە دروست دەکات لەنێوان بابەتی نمایشکراو

و خوێنەردا لەڕێگەی گێڕەوەی سەرەکیدا. گێڕەوە لەپڕێکدا خۆی دەکاتە سەر شانۆ و لەنێوان دیمەنەکاندا تەفسیری ڕووداوەکان دەکات، کۆمێنتاردەدات، قسەدەکات و نایەڵێت قەدەریەت بێتە نێو دنیای شانۆوە، بەڵکو کاراکتەرەکان شیدەکاتەوە. تەنانەت لەڕێگەی هۆکاری ترەوە، بۆنمونە لەڕیگەی کۆرسێکەوە، نیشاندانی دۆکۆمینتار و زۆر تەکنینکی ڕوونکردنەوە تەکنیکی شانۆ گەمەی خۆی دووبارە دەکاتەوە، لەپێناو نیشاندانی دابڕان لەنێوان بینەر و ڕووداو و گێڕەوەدا ، بەمەش فەزای شانۆ دەبێتە فەزایەکی شیکردنەوە و قسەکردن و دوور لەقەدەریەت نمایشەکە بەڕیوە دەچێت ..بەکورتی گەر شانۆی ئەرستۆتالیسی لەسەر جولاندنی سۆزداری بینەری شانۆ دامەزرابێت ، ئەوا برێخت دەیەوێت دیالەکتیک و ئەقلانیەتی هێگڵی و هۆشمەندی مارکسیانە بینەر بجولێنن. ئیدی لەجیاتی سۆز ئەقلانیەت، ئەمە ئەو دروشمەیە کەتەکنیکی نامۆبون و دابڕان لەشانۆی برێخیتیدا کاری لەسەر دەکات.. برێخت دەڵێت: (دیمەنیک یان کارکتەرێک نامۆبووە مانای ئەوەیە ئەم کاراکتەرە زیاتر بڕواهێنەرە و مرۆ پێی سەرسام دەبێت و هەوڵدەدات زیاتر زانیاری دەربارەیەوە بزانێت...نامۆ بوون مانای مێژووگەراییە، ڕووداوەکـان وکەسەکان هەموویان ئەبەدی و قەدەری نین، بەڵکو لەنێو دنیای ڕیاڵی ئێمەدان ...)

بڕوانە: برێخت: کارە کۆکراوەکانی لەبیست بەند،بەندی پانزە، لەبەندی پانزە، ل٣٠١

Bertolt Brecht, Gesammelte Werke in 20 Bänden. Frankfurt a. M. 1967, Band 15, S. 301

برێخت هەمیشە بروایەکی سەیری بەئەقلانیەت هەبوو، وەک مارکسیەک دیالەکتیکی هێگڵی و ڕۆحی ئەقلانیەت بنەمای ئەو هۆشمەندیەن بەدنیا، کەسوستمێک بونیاد دەنێت بۆ دوارۆژیکی یەکسان. ماڵی برێخت زۆر دوور نییە لەگۆڕستانی دۆرۆتێ کە هێگڵ و فیختەی لێ نێژراوە و لەدواجاریشدا وەسیەتی خۆی ئەوە بووە لەبەرامبەر هێگڵ بەخاکی بسپێرن. ئەم خانووە زۆر دوور نییە لە شانۆکەی خۆی بەناوی گروپەی بەرلین Berliner Ensemble ئەو شانۆیەی برێخت لەدوای جەنگی جیهانی دووهەم لەدوای گەڕانەوەیدا لەمەنفادا لەبەرلین دایمەزراند. ئاوەها برێخت خانوەکەی لەنێوان گۆڕی هێگڵ و شانۆکەی خۆیدا بوو.

ماڵیکی سەیرە برێخت لەمانگی ئۆکتۆبەری 1953 تێدا ژیاوە تاوەکو



مردنی لەهەمان خانوودا لەچواردەی ئاوگۆست 1956. من ئەم ماڵەی برێختم (بەماڵێکی غەمبار) وەسف کرد، ئەمە لەکاتێکدا بوو بەسەر قادرمە تەسکەبەرەکاندا سەردەکەوتینە سەرەوە، نابێت ئەوە لەبیر بکەم کە لەچوونە ژوورەوەماندا بۆ ماڵی برێخت، بەدەستە ڕاستدا بەرامبەر هۆڵێکی فراوان بووینەوە، تێدا سکرێنێک دانرابوو لەدیواری بەشی باکوردا بیۆگرافیای برێخت و هەروەها بیۆگرافیای (هێلینە ڤایگل ) هاوسەری برێخت هەڵواسرابوو، بەڕستەی کورت و چڕ، زنجیرە ساڵی لەدایکبوون و گەشەکردنی ژیان و مەنفا و شانۆی هەردووکیانیان نوسیبۆوە، خوێنەر دەیتوانی بەکورتی کۆی دیمەنی بیۆگرافی ئەم دوو هونەرمەندە بناسێت، هێلینا ڤایگل ئەو سێبەرە نادیارەیە لەپشت کارەکانی برێختەوە، هاوسەریک کەقورساییەکانی ڕۆژانە ژیان و ڕۆتینی لەکۆڵ برێخت دەکردەوە، نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کەهیلینا ڤایگل تاوەکو ساتەکانی پێش مردنی، بەنەخۆشی لەسەر تەختەی شانۆ نمایشیکردووە، هیلینا و برێخت دووکەس بون هەنگاوەکانی خۆیان لەم ماڵە تاریکەدا بەسەر قادرمەکاندا جیهێشتبوو. کە بەقادرمەکاندا سەرکەوتم هەستمکرد خانووەکە بچوک دەبێتەوە، تەنگەبەر و چوونە ناویەکێکی سەیر لەخۆیدا فۆرمدەکاتەوە، هەروەک ئەوەی جیهان لێرەوە لەقاتی یەکەمەوە بەرەو دنیایەکی تر ڕاپێچمان بکات، ئاوەها هەستم بەغەمباری هونەرمەند دەکرد لەبەرامبەر گەشبینی فەیلەسوف، بەپێچەوانەی منەوە، یان لەوانەیە من وامهەستکردبێت، بەکر ئەو شوێنەی وەها نەدەبینی، قادرمەکان لاریەکی سەیریان تێدا بوو، جۆرێک لەهەڵکشان بەرەو سەرەوە، جۆریک لەتاریکی، ئەمەش جادووی ئەم خانووە بوو کەبرێخت تاکۆچی دوایی ژیانی تێدا بەسەر بردووە.

لەقاتی یەکەمدا برێخت ژیاوە لەقاتی دووهەم هیلینای هاوسەری، هەردووکیان دووکیان دوو دنیای تایبەتیان هەبووە بەخۆیان، تەنانەت ژووری نوستنی برێخت قەڕەوێڵەیەکی تەنها و یەک نەفەرییە، لەتەنیشتیەوە مێزیکی بچوکی شەوانە، هەرچی قاتی یەکەم هەیە ئاسەواری برێختی پێوەیە نەک ژیانی هاوسەری، برێخت وەک ڕەبەنێکی ئەبەدی کەتەنها هاوسەری شانۆکەیەتی، بڕوای جیگیرێتی بەخەباتکردن لەپیناو سۆسیالزمدا. برێخت لەسەرێکی ترەوە لێی بڕوانین وەک هەموو داهینەرێک تەنیا و تەنیا کەوتەیە، وەک خودایەک لەنێو خەڵقکردندا

تەنهایی دەبێتە ژیانی یەکەمی، ژیانی دووهەمیش لەبگرەو بەردەدایە، ژیانی دووهـەم ڕۆژانـە ژیانە کەنوسەر لەتەنهاییەکانی دەردەهینێت ولـەزۆر کاتدا بێزاری دەکات، بەڵام خودایە برێخت خاوەنی بەختێکی گەورە بوو کەهاوسەر و هاوڕێیەکی تەمەنی وەک (هیلینا ڤایگل) قەرەباڵغی دنیای دەرەوەی لەکۆڵ دەکردەوە، لەپێداویستی ماڵەوە بیگرە تادەگاتە ڕێکخستنی دانیشتنەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان و سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیران. هێلینا هاوسەرێکی هۆشمەند، سەرسام بەکارەکانی برێخت، سەرسام بەداهێنەر وەک خواوەندێک ، نەک هەر لەکاتی ژیانی برێختدا خزمەتی برێختی کرد وەک داهێنەریک، بەڵکو لەدوای کۆچی دامەزرینەری شانۆی مەلحەمی (شانۆی ئیپیکی) ، خانوەکەی برێخت دەکات بەمۆزەخانە و دەبێتە پارێزەرەی ئەرشیفی گەوەرەی برێخت کەتائێستا سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەشانۆی مەلحەمی. هێلینا ئەو سێبەرە بوو کەئەشقی خۆی بۆ برێخت، لەکارکردندا بۆ برێخت و شانۆی برێختدا ڕەنگی دەدایەوە، ئێمەی ئاشقانی شانۆ دەبیت پێش ئەوەی سەرسام بین بەبرێخت، دەستبخەینە سەر دڵمان بۆ ئەو سێبەرە میهرەبانەی بەهێزیکی گەورەوە لەپشت برێختەوە وەستابوو، سێبەری ڕۆحی ئافرەتێک بڕیاریداوە خودایەکی نێو ئەدەب و شانۆ بکاتە هاوسەر و هاوڕێی خۆی. سەیر نییە هیچ بیۆگرافیایەکی برێخت نییە بەبێئەوەی لەگەڵشیدا بیۆگرافیای هێلینا ڤایگل باس نەکرێت، لەگەڵ برێختدا هێلینا ئامادەیە، لەگەل باسکردنی هێلینا، برێخت ئامادە دەبێت.

**برێخت وەک خودیکی مەشقکار**

من و بەکر چووینە ژوورە گەورەکەی نوسین و کاری برێخت، ژوورەکـە پەنجەرەی گەورەی تێدابوو کەدەیڕوانیە سەر گۆڕستانەکەی هێگڵ و فیختە و خۆی. لەتەنیشت پەنجەرەکەوە مێزیکی نوسین، ئامێریکی تایپی لەسەر بوو، من برێختم دەهاتە بەرچاو کەبەیانیان زوو لەبەردەم پەنجەرەکە ڕادەوستێت، لەتەنیشت پەنجەرەکەوە لەلاپەڕە سپیەکەی دەڕوانی، دوودڵی و نیگەرانی، پەستی و بیرکردنەوە و ئیدیاو خەونبینین لەو چرکەساتانەی نوسیندا جۆریک لەبێزاری، جۆریک لەگێژبوون، جۆرێک لەدوورکەوتنەوە لەجیهان لەخۆیدا ڕاپێچدەکات، زۆر نابات چرکەی تایپەکەی برێخت، شانۆگەریەک، نوسێنیک



دەستپیدەکات. ئیدی دیسانەوە ساتەکانی توڕەیی و نیگەرانی و ئالۆزی دەبن بەفیگور و قسەدەکەن، دنیا تەفسیر دەکەن و قەدەرەکان دەجولێینن.. ئەوە برێختە کەدەیەوێت لەڕێگەی شانۆوە و لەم ژوورەوە دنیا بگۆڕێت..بیرم لەم چرکە ساتانەی برێخت دەکردەوە، سەرسام بووم بەوەی کەلەم ژوورەدا ، (وەک خانمی ڕابەڕی ماڵی برێخت بۆی باسکردین) کەئەم ژوورانە پڕبوون لەکتێبی دەمەو نخوون کراو ، کتێب لەهەموو شوێنێک، کتێب لەسەر هەموو شوێنێکی قاتی یەکەمی ماڵەکەی. برێخت لەنێو فەوزای کتێبدا ژیاوە، ئەمە ئەم ڕستەیە بوو کەبەردەوام خانمی ڕابەری ماڵی برێخت دووبارەی دەکردەوە.

برێخت (خودێکی مەشقکارە) ، ئـەوە لەهەموو بستیکی ئەو ژوورەکاندا دەبینیت، کەشوینی کارکدنی داهینەرە بەڕۆحیکی پڕ دیسپلین و هیلاک نەزانەوە. چەمکی (مەشقکردن Übung) ، چەمکێکی سەرەکی سلۆتێردایکە لەمەڕ (گۆڕان) بەوەی، گۆڕان لەخودی خۆیدا مانای مەشقکردنیکی بەردەوامە لەسەر ژیان، گۆڕان نەوەستان و بەردەوامبون و نوێبوونەوەیە، دیسپلینە لەسەر دووبارەبوونەوەی ئەو شتەی مرۆڤ کردویەتی بەشیوازی ژیانی، گۆڕان مانای ئەوەیە کەشتەڕەقەکان شت دەڵێن.. لەماڵی برێختدا مێزی نوسین و تایپ ڕایتەر و کتێب و هەموو شتیک لەو ماڵەدا شتێکی دەگووت، ئیدی شوێن نەبوو بتوانین خۆمان لەچاوی برێخت بشارینەوە. سلۆتێردایک لەکتێبە بەناوبگەکەیدا (پێویستە ژیانی خۆت بگۆڕیت) پشت دەبەستێت بەو دێڕەی شاعیری ئەڵمانی (ڕیلکە) کەدەڵێت :

ئەوەتا شوێنێک نییە کەتۆ لەڕوانینی ئەو هەڵبێت، شوێنیک نییە خۆت لەڕوانینی بشاریتەوە.

ئیدی پێویستە ژیانی خۆت بگۆڕێت ...

بڕوانە

Peter Sloterdjik, Du mußt dein Leben ändern, Suhrkamp2009

بەهەقەت وەهابوو شوێنێک نەبوو لەو خانوەدا بتوانین لەبرێخت و هیلینا

هەڵبێین، شوێنێک نەبوو جێگەی شانۆکار و داهێنەری پێوە دیار نەبێت... تەنانەت موبەقە بچوکەکەش بەڕەفەیەکی کتیبی چێشت لێنان ڕازابـۆوە، ئەم ڕەفە بچوکە جێگەی سەرسامی بەکرعەلی هاوڕێم بوو، هەر لەسەرەتاوە کەچووینە نێو خانوەکەوە لەهۆڵەگەوەرەکە و لەتەنیشت سکرینەکەوە فۆتۆی موبەقەکە و ڕەفەی کتیبەکان سەرنجت بەکری ڕاکێشا، کەدوایی خانمی ڕابەری کولتوری ماڵی برێخت ئیمەی بۆ موبەقەکە برد هەستم بەو گەشانەوەیە دەکرد لەسیمای بەکر عەلی هاوڕیمان. شوێنیک نەبوو بتوانیت لەکتێب خۆت بدزیتەوە، شوێنێک نییە بتوانین لەو ئاسەواری ئەو خودە مەشقکارەی برێخت و هێلینا خۆی دەربازبکات، ئەو دووکەسەی سەرەڕای جیاوازی بیروڕامان لەگەڵیاندا، ئەوەیان لێوە فێردەبین کەوەستان و چەقبەستن و خۆشلکردن بۆ قەدەریەت، مانای مردنی ڕۆح و جەستەیە، مانای مردنی هێزی زیندەگیانەیە، مردنی فیس ڤیتالیسە (vis vitalis) لەنێوماندا. ئەوەی لەبرێختەوە فێر دەبین وێنەی ئەو ڕۆحە ئەقڵانیە، سوستماتیکیەیە لەکارکردن و نوسین و پەیوەندی بەدنیای دەرەوە و دامەزراندنی شانۆ و هەڵویست وەرگرتنە بەرامبەر دنیا، ئەم سوستماتیکیە ئەقڵانیە چەندە برێخت لەمارکسیەتەوە لەخۆیدا پەروەردەی کـردووە، بێگومان مارکسش وەک لەهێگڵیەکی گەنج لەتیۆرەی خۆیدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەو دیسپلینە ئەقڵانیە لای برێخت لەکاری شانۆدا موتوربە کراوە لەدژی قەدەریەت، شانۆ وەک ڕووبەریک بۆ لەدایکبوونی هۆشمەندیەکی نوی ، وەک ڕووبەریک بۆ گۆڕینی دنیا... بەم هەموو ڕۆشناییەوە من و بەکر ماڵی برێختمان بەجیهێشت.

### مەشقکردن لەنێو کایەکاندا

سلۆتێردایک لەچاوپێکەوتیدا ئاماژە بەوە دەکات کەژیان خۆی پێکهاتووە لەدووبارە بوونەوە، کەواتە پێویستە ئێمە بەدیسپلینەوە مەشق لەسەر ئەو دووبارەبوونەوەیە بکەین کەبڕوامان پێیەتی و ئامانجی ژیانمانە، لەم دووبارەبوونەوە پڕ دیسپلینە بیرۆکەی گۆڕانی ژیان دەستپێدەکات..هەموو مەشقکردنیک لەسەر ئەو شتانەی دوورن لەدنیای ڕۆحی و جیهانبینیمانەوە، مەشقکردنیکی هەڵەن،



دەبێت مەشقکردن لەڕووە ڕاستەقینەکەی جیهانی خۆماندا بێت، دەنا دەبێتە گاڵتەجاڕی. سلۆتێردایک ڕەخنە لەم هۆشمەندیەی مۆدێرنە دەگرێت بەوەی لەو وەهمەدا دەژی کەئیدی ڕۆشنبۆتەوە و ڕۆشنگەرە، بەڵام لەڕاستیدا مەشقیکی هەڵەیە لەنێو کایەکەی هەڵەدا. جۆریکە لە هۆشمەندیەکی هەڵەی ڕۆشنگەر، بەمەش لەنێو سینیزمدا گەمەی خۆی دەکات. سلۆتێردایک دەڵێت ( سینیزم هۆشمەندیەکی هەڵەی ڕۆشنگەرە، ئەوە هۆشمەندیەکی مۆدێرنی نەگبەتە...)
بڕوانە:سلۆتێردایک : ڕەخنەگرتن لەئەڵی گاڵتەجاڕی . سورکامپ ،ل٣٧
Peter Sloterdijk, Kritik der zynischen Vernunft, Sh1983 , S37

کامە کایە هەڵەیە وکامە ڕاستە؟، ڕۆشنگەری لەکوێی ئەم دنیا مۆدێرنەدا جێگە پەنجەکانی خۆی بەجێهێشتووە و لەکوێشدا ئەقڵانیەکی گاڵتەجاڕ بووە بەدنیا، لەچ شوێنیکدا ئێمە (مەشقی هەڵە) دەکەین، لەنێو ڕووبەری کۆمەلایەتی و سیاسی و جیهانبینی هەڵەدا؟، کەی بەسەر ئەم چەمکە قورسەدا دەکەوین، کەهۆشمەندی ئێمە جگە لە (هۆشمەندیەکی هەڵە) هیجیتر نەبووە.. ئەم ووردە بیرۆکانە بوون کەماڵی برێختمان بەجیهێشت ، بەوەی دوای ڕووخانی بلۆکی سۆسیالستی، دوای ئەوەی ئەدەبی ڕیالزمی شۆڕشگێڕانە دەبێتە بەشێک لەئامێری دەولەتی سۆسیالستی و بەهاکانی ئەدەب لەدەستدەدات، لەدوای ڕووخانی بلۆکێک کەبرێخت سەرەڕای ڕەخنەی لەسوستیمە بەڵام قەناعەتیکی قوڵی هەبوو بەو هۆشمەندیەی چەوساوەکان دەگەیەنێتە نێو دنیایەکی یەکسان، ئیدی سی سال دوای مردنی ئەم داهێنەرە گەورەیە بلۆکی سۆسیالستی دەڕوخێت و دیواری بەرلین کۆتایی بەو دابەشبوونە دەهێنێت...من لەو ساتەدا بیرم لەم تێزانە دەکردەوە کەلەبەردەم دیواری بەرلیندا بووین، ئەو شوێنەی کاتی خۆی بەرلینی کردووە بەدووبەشەوە، لێرەوە چەمکی (مەشقکردنیکی هەڵە) لەوانەیە ڕاست بێت بۆ ئەدەبی ڕیالزمی سۆسیالزمانە، بۆ سۆسیالزمی لینینی، نەک مارکسیەت!، ئەمەش ئیشکالیەتێکی ترە.. مەشقی ئەدەبی ئیدۆلۆژی بەشێکی زۆری بەها ئیستاتیکی لەدەستدابوو، بەدیوە سیاسیەکەیشدا گەمەی دەسەڵات و بەرهەمهینانی دیسپۆتی سۆڤیتی و چینی و ڕۆمانی دیوێکی تراژیدیای ئەو

جیاوازییە گەورەیە لەنێوان فانتازیای نوسەر و دنیای سیاسەتی ڕیاڵدا. لەو بڕوایەدام گەر برێخت تائەمڕۆ لەژیاندا بمایە، لەهەمان کایەدا مەشقی دەکرد، بەبڕوایەکی پتەوی بەیەکسانی و سۆسیالزم، لەوانەیە ڕاکانی گۆڕابا لەمەڕ دەوڵەتی سۆسیالستی، بەڵام دژەکاپیتالیست دەمایەوە، مارکسیەکی خەباتکار دەمایەوە لەشیوازی (سلاڤۆ ژیژاک ). دیارە ئەو کۆمەڵگەیەی بەپۆست مۆدێرن ناوزەد دەکرێت، هیچیتر نییە لەفرانبوونی کاپیتاڵ نەبێت لەنێو کۆمەڵێک بەهای نوێدا، کەڕووخانی بۆرسە و شەڕی نەوت وشکستی یۆرۆ و ئیسلامی سیاسی دەبنەناونیشانی سەرەکی پۆست کاپیتال. پۆست کاپیتال هۆسمەندەیەکی هەڵەی بەرهەمهێناوە، بەمەرزندەی خۆی بەهاکانی ڕۆشنگەرییە، بەڵام جگە لەئەقڵێکی گاڵتەجاڕی نەبێت هیچیتر نییە .. بەمشێوەیە مۆدێرنە ئەنتی مۆدێرنەی لەهەناوی خۆیدا هەڵگتووە، لەجەنگەکانەوە بیگرە تاوەکو ناردنی چەک بۆ دیکتاتۆرەکانی دەرەوەی ڕۆژئـاوا، لەگەمەی سیای ئەمریکاییەوە کەتاڵیبان و عەرەب ئەفغان و قاعیدە دروستدەکات، تاوەکو چەکەرەکردنی ئیسلامی توندڕەو کەلەهەناوی کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنەوە پێدەگەن... بەدیوێکی تردا جگەلەدرێژکردنەوەی چەوسانەوەی کرێکار نەبێت، برسێتی و ناعەدالەتی نەبێت بەدرێژایی مێژوو هیچیتر نەبووە، لەم ڕووەوە کاپیتالیزم و پۆست کاپیتالیزم گۆڕانکارین لەفۆرمەکاندا نەک لەجەوهەردا...ئەم تێزانە دەیهێنام دەیبردم، لەقاوەخانەیەکی بچوکدا پێش چوونمان بۆ دیدارەکەی سافرانسکی و سلۆتێردایک منیان بەخۆیان و ڕاستی هەڵە و دژبەیەکیەکانی خۆیان جەنجاڵ کردبوو..ئەمەش سیحری هونەر و فیکرە کەچیتر دنیای هەبوو وەک خۆی نامێنیتەوە، لەرزین و گومانی تێدەکەویت، درزتیبوونی خۆی نمایشدەکات، وەها دەکات چێژ لەدۆخی دیووی دووهەمی شتەکان ببینین، ئیدی بەئەقڵێکی سیینزمانەوە بێت یان پڕ دیسپلتینی ئەقڵانی و سوسماتیکی هێگڵیانەوە بێت ، گرنگ ئەوەیە مەشقکردن لەنێو کایەکاندا بەردەوامە.

**ئێوارەی فەلسەفی**

لەوانەیە بۆ ئەوروپییەک فەیلەسوفەکانیان ئەوەندە جێگەی حەماس نەبن، بەڵام بۆ ئێمەی کورد و ڕۆژهەڵاتی هەموو وشەیەکی جیدی چارەنوسازە. بۆ ڕۆژئاواییەک کەوڵاتەکەی لەسەر بنەماکانی ئەقڵانیەت و مێژووی دوورودرێژی



ڕۆشنگەری دامـەزراوە، کەدنیایەک شۆڕش و ئەزمونی دیموکراسی لەدووی خۆیەوە بەجیهێشتووە، وشەی زیادەی تر لەسەر ئازادی لەوانەیە بچێتە خانەیی لۆکۆسۆس و ڕۆشنبیربوونیش بەشێک بێت لەئۆرستۆکراتیەتیکی کۆمەڵایەتی. بەپێچەوانەی ئەم ڕوانینە گشتیە، ڕۆشنبیری جیدی لەڕۆژهەڵاتدا لەخراپترین باری ژیاندایە، زۆر زوو تۆمەتبار دەکرێت، لەپێش هەمووانەوە ئازار دەدرێت، نەک تەنها دەسەڵاتی ڕەسمی حکومەتەکان و پارتەکان، تەنانەت سادەترین کەس لەکۆمەڵگەدا تینووە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کەڕۆشنبیر کەسێکی زیادەیە، ئیدی لەلایەکەوە خێڵ و نەریتەکانی، لەلایەکەوە خێڵی مۆدێرن کەلەحزبەسیاسیەکاندا خۆیان ئۆرگانیزەکردووە، لەلایەکی تریشەوە سوستێمی کۆمەڵایەتی گەمارۆی ئەو فیگورە دەدات کەناوی ڕۆشنبیرە. ئیدی وەک ئادۆرنۆ دەربارەی مارسیل برۆستەوە دەڵێت: (کوڕی ماڵیکی هەبوو بوو، ئایا لەلاوازیەوە بێت یان لەداهێنەرییەوە بێت پیشەی ڕۆنشبیربوونی هەڵگرتبێت..)

بروانە:

Theodor W. Adorno, Minima Moralia – Reflexionen aus dem beschädigten Leben, Suhrkamp, S13

ئەوە قەدەری ڕۆشنبیرە، ژیانی لەنێو کۆمەڵێک ململانێی جیاوازادا، لەنێو دژبەیەکەکاندا سەیری جیهان بکات، سلۆتێردایک لەچاوپێکەتنێکی تەلفیزۆنیدا لێی دەپرسن مانای فەیلەسوف یان نوسەر بژیت، (کەبێگومان حەزدەکات زیاتر وەک نوسەر بانگبکرێت)، لەمبارەیەوە دەڵێت : نوسەر بوون وەک ئەو منداڵە وایە لەگۆڕەپانی فۆتبۆڵێندا بەشداری منداڵانی تر ناکات چۆن تۆپەکە ڕاودەکەن و لەمسەر بۆ ئەوسەری دەبەن، ئەو تەنها چاودێری شتەکان دەکات چۆن دەجوڵێن و گەشەدەکەن، ئەزمونی فەیلەسوف، نوسەر، بوونێکی چاودێرکارە..

بـــڕوانـــە: http://www.videoportal.sf.tv/video?id=D2B1313E-4D24-4668-98A2-E61350B-9F74B

ئەم (بوونە چاودێریکارە) لەڕۆژهەڵاتدا ناتوانێت هەر لەبورجەکانی خۆیەوە بنوسێت و بەشدار نەبێت، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت فوتبۆڵێنی ئەکتەرە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان کارەسات بەدووی خۆیاندا ڕادەکێشن، لێرەوە نوسەری ڕۆژهەڵاتی،

بیرکردنەوەی فەلسەفی لەڕۆژهەڵات و وڵاتانی ژێر سوستیمی دیسپۆتدا، ناچارت دەکات لەزۆر کاتدا ببیت بەگەمەکارێک لەنێو ئەو گەمەیەدا و لەزۆر جارانیشدا یاریکردنە بەژیانی ئەو خودە چاودێریکارە، لێرەوە و تائەمڕۆش ڕۆشنبیرانی جیدی ئیمە هەردوو خەسڵەتەکانیان هەڵگرتووە (چاودێر و گەمەکار)، بارێکە بەتایبەت نوسەران حەزی پێناکەن ،چونکە نوسەر هەمێشە وەک سلۆتێردایک دەڵێت حەزدەکات ئەو (بوونە چاودێریکارە) بێت، بەڵام بەداخەوە ژیانی ڕۆژانە بەردەوام لەم بووونگەراییە دەرتدەهێنیت بۆ نێو گەمەکانی، لێرەوە بەردەوام پاراستنی (بوونی چاودێریکار) یەکیکە لەو ململانێیە خودیانەی نێوان ڕۆشنبیر و دنیای دەرەوەی خۆی..

لەنێو ئەم بازنە بەیەکداچووە نەبینراوانەی بیرکردنەوەدا، من و بەکر خۆمان کرد بەدواقاتی هۆتێل (ئینتەر کۆنتی) میوانەکانی بەرنامەکە هەمووان لەسەر بارەکە شەمپانیایان هەڵدەدا، من و بەکر خێرا بەرەو توالێتەکان ڕۆشتین، لەبەرەم توالێتەکەدا خانمێک لێیپرسیم ئایا دەمەوێت جانتای پشتەکەم دانێم، گووتم سوپاس من ئاوەهام پێباشە.. ئاوەها چووینە سەر بارەکەو یەکی پێکیک شەمپانیامان بەدەستەو گرت لەبەردەم شوشەبەندیەکەدا ڕاوەستاین، هەموو بەرلین دەدروشایەوە، ئێوارە دادەکەوت بەرلین ڕۆشنایەکانی خۆی نمایشدەکرد، لەپڕ دەنگێک بانگیکردین، بەجۆریک کەسەرنجی زۆربەی میوانەکانی ڕاکێشا، خانمی سەرپەرشتیاری ستدیۆکە هات بۆلامان و پێی ڕاگەیاندین، بەجۆریک کەئەوانیتریش گوێیان لێبێت کە بەڕیز سافرانسکی جەختی لێکردۆتەوە، دوو شوێنمان بۆ بگیرێت، کەخۆمان پێمان خۆشە لێی دانیشین. پاشان گووتی میوانەکانی تر دەتوانن لەهەر شوێنیک دەیانەوێت دانیشن، بەڵام شووینەکانی ئێوە دەگرین بۆتان.. بەمەش ئەم خانمە دووشوێنی لەپشت سافرانسکیەوە بۆ گرتین، بەجۆرێک کەکامێرا دەهاتە سەر سافرانسکی، من و بەکریش دیاربووین. دیارە ئەم خانمە ڕستەی دوایی بەدەنگێکی بەرز دەربڕی، بەجۆریک کەمیوانان تێبگەن من و بەکر دووکەسی تایبەتین. ڕاستی من و بەکر ڕقمان لەو ئۆرستۆکراتیەتە ئەورپاییەی نێوەندی کولتوریەتی، بەڵام لەو چرکەساتەدا وێنەی ڕۆشنبیریکی شۆڕشگێڕمان هەبوو کەلەلایەن سافرانسکی و سلۆتێردایکەوە بانگهێشت کراون و لەشوێنی تایبەتدا دەدانیشن، بێگومان ئەمە پێویست نەبوو، بەڵام ڕێزێکە



لەکارەکانمان وەک دوو نوسەر کەژیانیکی سەیر دەژین. لەلایەک لەمەنفادان و ڕۆژانە دووهاوڵاتی ئاساییین، وچەند کیشوەرێک لەولاوە دوونوسەری گۆڤاریکی فیکری و کولتورین .. دوو ژیان بەڕێوەدەبەین هەریەکە دژی ئەویترە، لەنێو دژبەیەکاندا دەژین، لەنێو دوو کایەی زمانەوانی جیاوازدا، دوو دنیای جیاوازدا پردەکانی خۆیان ڕایەڵکردووە. ئاوەها وەک دوو ڕۆشنبیری هەڵواسراو بەڕۆژە دژبەیەکانماندا، لەنێوان نوسین و کاری سادەی ژیان و ئاڵۆزیەکانی فیکردا حەلاجوقەمان بوو. ئەمە ئەم وێنەیە بوو بۆ خۆمان، لەو بڕوایەدام ئەمەش ئەو هێزە زیندەگیانەیە، ئەو ڤیتالیتە، ئەو فیس ڤیتالەیە vis vitalis کەڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی جیدی جوادا دەکاتەوە لەڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی، بەوەی ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی لەجەنگێکدایە وەک ڕۆشنبیرانی سەردەمی ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەڕەنسی لەپێناو چەسپاندنی دیموکراتیەتی بنچینەیی. بەڵام پرسی ئازادی زیاتر خەمی ڕۆشنبیری ڕۆژئاواییە، بیگومان پرسێکە هێشتا ڕۆشنبیر لەکایەکانی ژینگە و ئیکۆ و وازهێنان لەئەتۆم و دوور کەوتنەوە لەشمەخۆری و کار و سۆڵیدارتێی کۆمەڵایەتی و زۆری تریس درێژەی هەیە. بێگومان ئێمە، من و بەکرعەلی هاوڕێم، بەحوکمی ژیانمان لەئەڵمانیا، ڕەدووی ئەم زۆرانبازیە کەوتووین لەبەشێکیشیدا بەشدارین، ئێمە هەڵگری هەردوو جەنگەکەین.

لەوانەیە چەمکی (ڕۆشنبیری ئونێرڤسالی) ئەو ڕۆشنبیرە بێت من و بەکر لەوانیتری ئەم ستۆدیۆیە جیابکاتەوە، بەوەی کارەکانی ئێمە بەشدارە لەجەنگێکدا دژی دیسپۆت، ئێمە بەناچاری بەشدارین لەژیانی گشتی کوردیدا. ڕۆشنبیرانی ئونیڤێرسالی universellen Intellektuellenچەمکێکە سارتەر وەک مۆدێلی ڕۆشنبیرێک کاری لەسەر کردووە، بەوەی ڕۆشنبیران دەبێت ڕۆڵێکی پڕاکتیکیان هەبێت لەنێوان تێۆرە و تێزەکانیان و دنیای هەبوودا، دەبێت ئیلتیزامیان هەبێت بەهەڵبژاردنی خۆیانەوە. ئەم مۆدێلە مارکسیش پێشنیاری کردووە کەڕۆشنبیر ڕۆڵی خۆی هەیە لەجوڵاندنی کۆمەڵگەدا، لەگۆڕانی کۆمەڵگەدا، لەپێکهینانی هۆشمەندی گشتیدا.. بەڵام (میشێل فۆکۆ) ئەم مۆدیلە بەبەسەر چوو تێدەگات، فۆکۆ پێیوایە (ساڵانێکە چیتر داوا ناکرێت لەڕۆشنبیر ئەو ڕۆڵە ببینێت، چونکە شیوازێک لەنێوان پەیوەندی نێوان تێۆرە و پراکتیک خۆی چەسپاندووە)

Foucault, Michel: Die politische Funktion des Intellektuellen. In Bd. III. Suhrkamp 2003, S. 145

لەم گۆشەنیگایەوە فۆکۆ مۆدیلی (ڕۆشنبیرانی ئونیڤێرسالی) دەگۆڕێت بەمۆدێلیکی تر کەڕۆشنبیر لەبوارەکەی خۆیدا کاردەکات ئەم ڕۆشنبیرانە بە (ڕۆشنبیرانی تایبەتمەند spezifischen Intellektuellen) پێناسەدەکات، ئەو ڕۆشنبیرە لەبواریکدا تایبەتمەندە و ئەکتیڤ نییە لەکۆی گشتی جوڵانەوە و ڕووداوەکانی کۆمەڵگەدا، چاکتر وەهایە بڵێین کۆمەلگە پێویستی بەوە نییە کەڕۆشنبیر لەبواری گشتیدا دەنگ هەڵبڕێت، لەجیاتی ئەو تایبەتمەندەکان قسەدەکەن، بەمانانی گەمەی دیموکراتی و کێسەکانی دەزگا سەرەکیەکانی کۆمەڵگە و زۆریتر خاوەنی ئەکتەری جیدی خۆیانن کەچیتر پێویستیان بەنوسەر یان فەیلەسوف نەبێت بەڕاستەوخۆیی بکەوێتە زۆرانبازییەکەوە، ئەکتەرەکانی دیکە بەو ڕۆڵـە هەڵدەستن..لەوانەیە ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی ئێمەیَ ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات بێت کەهێستا بەحوکمی ژیانمان، بەحوکمی سەقەتی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری، ناچارمان دەکەن بەرەی زۆرانبازیەوە لەدژی گەندەڵی ، لەدژی ژن کوشتن، لەدژی هەژارییەکی بیَ وێنە، لەدژی ئیفلیجی حکومەت، پارتەکان..ئیدی ئەمە وەها دەکات ئێمە لەگەڵ مۆدێلی ڕۆشنبیری ئۆنیڤێرسالیدا زیاتریەکبگرینەوە وەک لەڕۆشنبیری بواری تایبەت، تەنانەت گەر بتەوێت ڕۆشنبیری بواری تایبەت بیت، ئەوا ململانییەکان وەهات لێدەکات تەنها چارەسەری بەشداربوونت لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گشتیدا بۆ بمێنێتەوە. ڕۆشنبیری ئونیڤیرسالی ڕۆژهەڵاتی لەکایە زمانەوانی و کیشوەرە جیاواز و کولتورە جیاوازەکاندا کاردەکات، لەنێو جەنگەکاندایە لەدژی دیسپۆت.بەمەش لەڕووی کردەییەوە ڕۆشنبیری ئۆنیڤێرسالی ڕۆژهەڵاتی فیگوریکی سەرنجڕاکێشترە، لەهەمانکاتیشدا کەمن نین ئەو ئەکتیڤست و ڕۆشبیرانەی لەلایەن دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵات و حکومەتەکانەوە بەند دەکرێن و ئازار دەدرێـن.. ئاوەها مۆدێلی ڕۆشنبیری ئونیڤێرسالی لەتەنیشت مۆدیلی فۆکۆوە کەڕۆشنبیری تایبەتمەندە کاری خۆی دەکات. بەمشێوەیە لەم دنیایەدا ململانێیەکان لەگۆڕەپانەکانەوە دریژە دەکێشێت تاوەکو دیتە نێو دنیای ڤێرتوێلەوەو لەوێشەوە بۆ نێو کۆڕو سیمینارەکان کەتەنها کلاسیکیەکانی وەک ئێمە بەتوندی خوویان پێوە گرتووە...



**سلام یان ئارخیتێکتۆری مۆدێرن**

ئیدی بانگهێشت کراین بۆ نێو هۆڵی تایبەت کەلەچوارلاوە کامیرای تەلفیزۆینی زێدی ئێف ئامادەبوون، زۆری نەخایاند هەردوو زەبەلاحی فەلسەفی سلۆتێردایک وسافرانسکی و میوانەکانی لەسەر دوو قەنەفە دانیشتن، سلۆتێردایک لەگەڵ میوانێکی بەرنامە و سافرانسکی لەگەل یەکێکیتر ، هەمووان پێش ئەوان لەشوێنای خۆمان دانیشتبووین، من و بەکر لەپشت سافرانسکیەوە لەشووینیکی تایبەت و گیراو بۆ ئیمە. دانیشتبووین. من لەو ساتەدا خۆم بەبەختەوەرترین مرۆڤ تێدەگەیشت لەبەرئەوەی خۆشترین چرکە سات ئەوەیە نێزیک بیت لەو کەس و بابەتەی بەئەشقەوە لەگەڵیدا دەژیت، ئاشنابوونم بەنوسین وکتێبەکانیان، بەبەرنامەکانیان، بەچاوپێکەوتنەکانیان و هەڵویستەکانیان، بەسەربردنی کاتی جوانە لەژیانمدا، ئێستاش ئەو دوو زاتە گەورەیە لەنێزیکمەوەن، بەلێبوردەیی و بەخشندەیی و سادەیی فەیلەسوفێکەوە باس لە (دواڕۆژی شارەکان) دەکەن.. دیارە بابەتی ئەمجارەی بەرنامەی (چوارینەی فەلسەفی/ ڕووبەریکی فەلسەفی) تایبەت بوو بەدواڕۆژی شارەکان، بیگومان بەرلین نمونەی ئەو شارە کە لەژێر ناونیشانی (هەژار بەڵام سێکسی) لەلایەن پاریزگاری بەرلین کلاوس ڤۆڤەرایت پیناسەکرابوو. بەگشتیش تەوەرەکانی بەرنەماکە جیاوازبوون، بۆنمونە شارەکان وماڵەکان چۆن بیناسازی دەکرێن، ئارختێکتۆرەکان، (بیناسازەکان) چۆن خانەکان (شوقەکان) لەسەر وەرەقەی پلانەوە دەکەن بەبینای زەبەلاح و لەژێر کامە کۆنسیپتدا؟، کامە جیهانبینی ڕەچاودەکەن، ژینگە پاریزی یان سوودمەنی بازرگانی. ئەو کۆنسیپتە چییە کەحکومەتێکی هەژار داوای پلاندانی شاریک یان یەکەیەکی نیشتەجیبون دەکات و بیناساز و پلاندانەر لەکوێدا وەستاوە؟. گەڕەکان چۆن گەشەدەکەن؟، پلاندانی شارەکان بەپاندبوون بەدنیابینیەکی تایبەتی و سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە چۆن دەبێت؟ ..

لەوانەیە سەرنجڕاکێشترین تێز بەڕای من کەباسکرابێت لەو ئێوارەیەدا لەلایەن میوانێکیان باسکرا ، بێگومان وەک هەموو جاریک دوومیوان بانگهێشت دەکرێن، یەکێکیان ئارخیتێکۆریکی بەناوبانگە (ڤیرنێر سۆبیک) لەبواری ئەو شتەی پییی دەڵین (ئیکۆ هاوس )، ئەو خانەی (شوقە) بەوزەیەکی کەم و بەشێوەیەکی وەها دروستکراون کەپەنجەرەی گەورەی تێدا بیت و زۆر ئابوریانە

لەگەڵ گەرمیدا مامەڵە دەکات. میوانێکی تر پسپۆر (میخائیل موونینگەر) بوو لەبواری (مێژووی ئارخیتێکتۆر/ بیناسازی)... مونینگەر باسی لەپەیوەندی نێوان شارەکان کرد بە ڕوانینی کولتوری و دۆزی دەسەڵاتەوە، تێزیکی جوانی ئەوەبوو مێژووی شارەکان وەک مێژووی هێلکە وەهایە، لەسەدەی ناوەڕاستدا شارەکان لەفۆرمی هێلکەیەکی کوڵاوی توند و تۆڵدا بوون، بەوەی شارەکان بەدیواری ئەستور و پتەو و پاسەوانان دەوور درابوون، ئەوەی لەدەرەوەی دیواری قەڵاکانەوەبێت، چیتر شار نییە. هەموو شار وەک هێلکەیەکی پتەو بەدوری زەدێنەکەوەیەتی کەسێنتەری دەسەڵاتە. لەڕێنیساندا شارەکان وەک هێلکەو ڕۆنیان لێدێت، سپێنیەکی بڵاو و لەناوەڕاستدا زەدێنەیەکی بڵاو، کەنوێنەری دەسەڵاتە. لەدنیای ئێستادا شارەکان هێلکەی شڵاقاون، سپێنەو زەدێنە تێکەڵن و بەهەموو لایەکەوە بڵاو دەبنەوە. چیتر دەسەڵات سێنتەری خۆی نییە لەنێو جەرگەی شارەکاندا..

بەدیوێکی تردا ڕودیگە سافرانسکی پرسیاری ئەوەی کرد کەلەزۆر شارەکانی دونیادا، بۆ نمونە شارەکانی دنیای سێهەم، یاخود لەهیندستان دیاردەی دروستبوونی (سلام) دەبینین، کەتەنانەت کولتێکی تایبەتی لەگەل خۆیدا هیناوە، من دەمەویت لێرەدا دەمەوێت (سلام) بە (گەڕەکەکانی مەتەرێز) ناوی بەرم، بەوەی چۆن خۆپیشاندەران و بڕیاردەدەین لەسەر جادەکان بمیننەوە و بەردەوامی بدەن بەمانەوەیان و مەترێز دروست بکەن لەسەر جادەکان، لەمەشەوە خۆپیشاندان دەبێت بەبەرنگاربوونەوە و داگیرکردنی ڕووبەرەکان، ئاوەها هەڕەمەکیانە دروستدەبن، ئاوەهاش لەشارەکانی ئیمە و شارەکانی ژێردەسەڵاتی گەندەڵی و دیسپۆت، خەڵکان لەدەرەوەی شار زەوی داگیردەکەن و بەناڕێکی لەملاو لەلا گەڕەک دروستدەبن. لەدوایدا وەک مەترێزیکی سیاسی لێدیت بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری . دیاردەی ئەو گەڕەکانەی بی پلاندانان دروستدەبن، دەرچونن لەفۆرم و لەهەمانکاتدا دەرچوونن لەژێر دەسەڵاتی بیناسازی، شارە نوێیەکانی دنیای سێهەم و زۆر وڵاتانی دیکەی دەرەوەی ئەوروپا لەبەرامبەر دیاردەی (گەڕەکەی مەتەرێز) دەبنەوە کەبەهەڕەمەکی دروست دەبن، سافرانسکی ئەو خاڵەی هارووژاند کەئەم جۆرە شارانە، بەهەموویەوە بەسلامەکانەوە بیگرە تاوەکو نبیپلانی ئیدارەس



شارەکان، نەشارن و نەگوندن!.. کاتێک بیناسازی و یەکە نیشتەجێیەکان بەئارەزووی دەسەڵاتیکی گەندەڵە یان لەلاوە گەڕەکەکانی مەتریز لەبەر نەبوونی نەداری گەشەدەکەن، وەک لەهیندستان ئەم دیاردەیە زۆرە ، کەسلامەکان بوون بەبەشیک لەکولتوری شارەکان، دەبێت ئەم هاوکێشەیە چۆن لەکلێشەی بیناسانزی وپلادانانی شارەکاندا جێگەی بێتەوە، ئایا شارەکان مانای خۆیان ونکردووە!.. چەندەها تێزی لەم جۆرە من و بەکری هاوڕیمی دەهێناو دەبرد ، ماوەی کاتژمیریک لەدیباتەیەکی پڕ لەچەمک و مانادا..

دوای کۆتایی بەرنامەکە بۆماوەیەکی کورت لەگەل سلۆتێردایکدا ماوەی فۆتۆگرتنمان هەبوو، بێگومان من کتێبە بەناوبگەکەیم لەگەڵ خۆمدا هێنا بو ( پێویستە ژیانی خۆت بگۆڕیت) بۆ ئەوەی بۆم ئیمزا بکات، ئەمە جگەلەوەی بەکورتی لەماوەی دەقیقەیکدا باسی پڕۆژەی گۆڤاری کۆنسیپتم بۆکرد وەک گۆڤاریک لەنێو قەرەباڵغی دنیای جەنجاڵی سیاسەت و کلتوری خێڵ و گەندەڵیدا کاری خۆی درێژە پیدەدات. گووتی گۆڤاریکی قەبەیە لەقەبارەدا و پێکەنی ..پاشان پێکەوە فۆتۆمان گرت و وەک ڕێزیک لەگۆڤارەکەمان ئامادەبوو لەبەردەم کامێرەکەدا ڕاوەستێت و فۆتۆبکات، سلۆتێردایک کەدژی ڕیکلامە ئەمجارە بۆ هاندانی ئێمە لەبەردەم کامێرا دەوستێت و فۆتۆ دەگرێت و گۆڤاری کۆنسیپتی بەدەستەوەیە، ئەمە بۆ ئێمە جیگەی هاندانە. من لەوە دڵنیابوم گەر گۆڤاریکی ئەڵمانی بووایە ئەوەی نەدەکرد، بەڵام ئەو فەیلەسوفە گەورەیە دەزانێت دەرکردنی گۆڤاریکی فیکری لەوڵاتانی پڕ چەوسانەوەدا چ موغامەرەیەکە، ئەو فۆتۆیە بۆ گۆڤارەکەمان جیگەی بەختەوەرییە .. بەهەمان شێوە لەگەڵ ڕۆدیگە سافرانسکی قسەمان کرد، بەسافرانسکیم گووت کەلەداهاتوودا خویندنەوەیەک دەکەین لەسەرکتێبەکەی لەسەر شۆبنهاوەر، پاشان کتیبەکەی خۆی بۆ ئیمزاکردم و بەهەمان شیوە ڕازیبوو گۆڤاری کۆنسیپت بەدەستەوە بگرێت و فۆتۆمان لەگەڵدا بگرێت..

ساتەکان وەک بەکری هاوڕێم گووتی پڕبون لەنەشئەو مەعرفە..کەهاتینەوە سەر جادە کاتژمێر نۆونیوی شەو بوو، ئیدی من بۆ ئەوەی بەتەنیا چێژ لەو خومارییە وەربگرم، ڕوخسەتم لەبەکر خواست کەبڕۆمەوە بۆ نورنبێرگ، زۆری نەخایەند ئۆتۆمبیلەکەم خۆی لەسەر جادەی خێرا بینیەوە، ئەمجارەش

بەپێچەوانەی قسەی ئەشقەکەم، دیاسنەوە لەدژی ئیدایلزمی ئەشق، بەخیرایی درم بەتاریکایی شەو دەدا، لەژێر ڕیتمی موزیک نێوەندەکانم بەخیرایی دەبڕی ، سێ کاتژمێر بوو لەسەریەک لێمدەخوڕی، هەشتا کیلۆمەترم مابو بۆ نورنبێرگ هەستمکرد هێزم تێدا نەماوە جادەکە ببینیم، خیرا لامدا بۆ پارکێک و لەنێو ئۆتۆمبیلەکەمدا خەوم لێکەوت، دوای نیو کاتژمێر جاریکیتر چوومەوە سەر ئاتوتۆبان. کەگەڕامەوە ماڵەوە یەکسەر وەک دێوێکی قەدیمە خەوم لێکەوت، بەیانی وامدەزانی خەونم بینیەوە بۆیە خێرا ڕامکرد بۆ کامێراکەم کەفۆتۆکانم بینی زانیم ئەوە خەون نەبووە، بەڵکو گەشتیک بووە بەنێو دنیای فیکردا .....

نورنبێرگ 14.10.2011

**سەرچاوەکان**


1. José Ortega y Gasset, Über die Liebe, Heyne Verlag 1938
2. Peter Sloterdijk, Sphären. Mikrosphärologie: Band I: Blasen: BD I , Suhrkamp Verlag
3. G.W.F. Hegel, Phänomenologie des Geistes, Meiner Verlag
4. Hansjörg Wagner: GRAPHISCHE KUNST - Internationale Zeitschrift für Buchkunst und Graphik, Edition Curt Visel, 59/2.Heft 2002
5. Bertolt Brecht, Gesammelte Werke in 20 Bänden. Frankfurt a. M. 1967, Band 15





6. Peter Sloterdijk, Du mußt dein Leben ändern, Suhrkamp2009
7. Peter Sloterdijk, Kritik der zynischen Vernunft, Sh1983
8. Theodor W. Adorno, Minima Moralia – Reflexionen aus dem beschädigten Leben, Suhrkamp
9. http://www.videoportal.sf.tv/video?id=D2B1313E-4D24-4668-98A2-E61350B-9F74B
10. Foucault, Michel: Die politische Funktion des Intellektuellen. In Bd. III. Suhrkamp 2003

# شۆڕش و فارگۆنەکانی

ڕزگار عومەر

لە ماوەی 6 مانگی ڕابـردوودا: شۆڕشەکانی تونس و میسر لە ئاستی نێونەتەوەیدا ، لە گەڵ خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی و ناوچەکانیتری کوردستان لە ئاستی نێوخۆدا ، سەرنج و ئاگایەکانی زۆربەی هاوڵاتیانی بۆ خۆی برد، بە تایبەتی کە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکانی نێوخۆ بە سەرکوتی خوێناوی دەستی پێکردوو بە قاچاغ کردنی خۆپیشاندان کۆتایی هات.

وەکو هەڵوێستێکی ئاسایی مرۆڤ لە ئان و ساتی بەرپا بوونی جموجۆڵی جەماوەری ، یان ڕوودانی پێکدادان نێوان جەماوەرو هێزە چەکدارەکانی دەسەڵاتدا، چاوپۆشین لە ووردەکاریەکانی بەرەی دژ بە دەسەڵات دەبێتە عادەتێکی سروشتی ، بە تایبەتی کە بەرەی دژی دەسەڵات قوربانی دەدا بۆ چەند ئامانجێکی گشتی . ئەم ڕاستیە دوولایەنە ، لە حاڵەتی یەکەمدا هاوپشتیەکی خۆڕسک نیشان دەدا . لە دیوی دووەمدا چاوپۆشین دەکا بە دیسپلین بۆ تێپەڕبوونی شەپۆڵێکی تێکەڵاو لە تێڕوانین و بۆچوونی ناکۆک لە توێ ی ووتارو خیتابەکانی دەست پێکردنی قۆناغێکی تازە . ڕەهەندیەکان (مەریوان وریا قانیع ، بەختیارعەلی ، ئاراس فەتاح ، ڕێبین هەردی ) وەکو چوار ناوی سوودمەند لە ئۆتۆریتە ، نووسین وتیرڕوانینی زۆریان بڵاوکردەوە . لەم نووسینە تازانەشدا: وەکو خویەکی نەگۆڕی ئەم ساڵانەی دوایدا ، بەردەوامن لەپەخشان کردنی تێروانینی ناکۆک لە ژێر چەتری جۆراو جۆردا بە تایبەتی دژ بە مارکسیزم . کە ڕەنگە دیارترین چەتر ئەوان ئیشی پێدەکەن : کەمپینی بەردوام و پڕ لە ئەفسانەی " ئەنتی ئایدیۆلۆژیا "



بێت لەگەڵ تێڕوانینە تازەکانیان لەسەر " نمایش وخۆدەرخستنی دین " لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان .

گرنگترین ئەو باسانەی ئەم دوواییە لەسەریان نووسی : (شۆڕش ، ئاین ، کۆمەڵگە ، لیبرالیزم ، ئەنتی مارکسیزم) بوو ، کەلە ڕێگەی بۆچونەکانیان لەسەر شۆڕشی میسروتونس خۆپیشاندانەکانی کوردستان سەر لە نوێ تازەیان کردەوە . هەریەک لەم بابەتانە باسی گرنگن ، بۆچونەکانی ئەمان لە ڕێگای تەرخان بوونی سەد لەسەدی میدیای ئۆپۆزسیۆن ( ئاوێنە ، هاوڵاتی ، سبەی) کاریگەری خۆی لەسەر هاوڵاتیانێکی زۆر دائەنێت ، بە تایبەتی ئەو بەشە لە هاوڵاتیان کە وەکو کانونێکی تیۆری چاوەڕی ێ دەمی ڕەهەندیەکانن .

لە گەڵ سانسۆری بە تینی میدیای ئۆپۆزسێۆن دژ بە بۆچوونی جیاواز، بە تایبەتی سانسۆری ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دژ بە هەموو ئەو کەسانەی وەکو ڕەهەندیەکان و بیرناکەنەوەو ڕەخنەیان لێ دەگرن ، ئەرکی ڕەخنە گرتن لەم گروپە و لەم گاڵتەجاڕیە سەدبارەیەی فیکری سیاسی کوردی دژ بە مارکسیزم دەگوزەرێ لە بواری (گەیاندن) و بلاوکردنەوە قورسە . بەڵام ، لەگەڵ دابەزینی هەر بەرهەمێکی تازەی ئەفسانەی " ئەنتی ئایدیۆلۆژیا " ی گروپی ڕەهەندیەکان و نێوەندی ڕۆشنبیری کوردی بە گشتی ، شیتاڵ کردنی بنەمای تیۆری و بزنسی " دژە مارکسیزم " ئاسانتر دەبێ ، ئەم باسە وەڵامی ڕاستەوخۆیە بە بۆچوونەکانی ڕەهەندیەکان لەسەر مارکسیزم بە تایبەتی ، وەڵامێکیشە بۆ بۆچونەکانی ئەو " نێووەندە " ی پێ ی دەوترێ " ڕۆشنبیران " کە تا ئێستا یەک نوزەیەکی تازەی نییە لە مامەڵە لە گەڵ مارکسیزم بێچگە لە ڕشتە کۆنەکان و دەقە ئامادەکراوەکان کە زیاتر لە ژەمی خواردنی خێرای " مەکدۆنالد " دەچێ .

کە (ئەنتی ئایدیۆلۆژیا) خۆی دەبێتە ئایدیۆلۆژیا

لێدوانی بەردەوام و حەساسیەت نیشان دان بەرامبەر ئایدیۆلۆژیا ، دروست کردنی جۆرێک لە فۆبیا لەم نێوەندەی ناوی " ڕۆشنبیریە " بەرامبەر ئەوەی نەکەویتە خانەی " ئایدۆلۆژیست " یان تاوانبار نەکرێێت بەوەی کە بۆچوونەکانت یان

نووسینەکانت مۆری ئایدیۆلۆژیایەکی دیارکراوی پێوەیە ، دیاردەیەکی بەرچاوە لە نێو دونیای نووسین و ڕۆشنبیران . ئەم دیاردەیە وا پەل وپۆی کێشاوە کە جۆرێک لە کلتوری " خۆ سانسۆر " کردنی جێگیر کردووە .

کەم نین ئەو ووشەو دەستەواژەو زاراوە سیاسیانەی کە لابراون لە نێو زمانی سیاسەت و نووسین . چونکە بەشێکی بەرچاو بۆ ئەوەی خۆیان لەسەرووی ئایدیۆلۆژیاوە نیشان بدەن ، زمانێک بە کاردێنن کە خاڵیە لەو دەستەواژانەی کە ڕەگیان هەیە لە زانستی سیاسەت و سۆسیۆلۆژیدا . ئەم خۆپاراستنە یەکتر دەگرێتەوە لەگەڵ سانسۆری بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکانیش ، نموونەیەکی سادە لەو سانسۆرە ئەوەیە ئەگەر ووتارێک بۆ ڕۆژنامەی " ئاوێنە " بنێری و بەرگری لە مارکسیزم بکەیت و ڕەخنە لە ڕەهەندیەکان بگریت هەرگیزاو هەرگیزبڵاوناکرێتەوە . بەڵام ، ناوەکەت بگۆڕەو بە ئیمێڵێکی تر بابەتێک بنێرە لەسەر قسەیەکی مەلاکرێکار ، لەسەر کۆبوونەوەی ئاغایەکی پشدەرو بیتوێن و ڤیستیڤاڵی ئەم خێڵ و سوڵحی عەشایەریی ئەم هۆز ، ئەوا نەک تەنیا بۆت بڵاو دەکەنەوە بەڵکو گرنگیەکی زۆریشی پێدەدەن .

ڕەگـی دژایەتی مارکسیزم لە ژێر ماسکی " ئەنتی ئایدیۆلۆژیا " بۆنی مۆزەخانەیەکی لێدێت کە پڕ بێ لە پەیکەری باغەو زانیاری فریودەر. بەڵام ، پێویستی ڕەهەندیەکان و ناسیۆنالیزم و ئۆپۆزسیۆن بە سەرخانی ناسنامەیەک لە بواری فیکر و خیتابی سیاسی ، ئەم ئیستیعارە درەنگ وەختەی بە سەریان فەرزکردووە .

لە ئاستی جیهانیدا فایلە کۆنەکانی خەرمانی " ئەنتی ئایدیۆلۆژیا " لەسەدەی بیستدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی1955 . ئەمە بەم مانایە نیە کە بەر لەم مێژووە ئیشی بۆ نەکراوە ، بەڵکو لەم ساڵەدا کۆنگرەیەکی گەورەی لە ئیتاڵیا بۆ ساز کرا لە ژێر ناونیشانی ( چارەنوسی ئازادی) کە چەند سەد نووسەرو ڕۆشنبیرو ناوە گەورەکانی ئەو دەمەی تیا بەشدار بوون . بارودۆخی ئەو دەمە هەمووی لە خزمەتی پف کردنی ئەم جۆرە لە ئەکتیڤیتی بوون ، بۆ نموونە مردنی (ستالین) و بڵاوکردنەوەوئاشکرا کردنی بەشێک لە تاونکاریەکانی دوای ئەوەی خرۆشۆف هاتە سەر دەسەڵات ، سەرکوتی ڕاپەڕینەکان لە بەرلین و هەندێ پایتەختی تری ئەورپای ڕۆژهەڵات لەو دەمەدا ، لە کۆی خۆیدا یارمەتیدەر بوون



کە ئەم کۆنگرەیە وەکو ÷ نۆشینی بادەی سەرکەوتنی یەکجارەکی نەک تەنیا بە سەر سۆڤیەت و مارکسیزم ، بەڵکوبەسەر هەموو جۆرێک لە ئەندێشە کە عەدالەت خوازی لەخۆی گرتبێ .

لە خیتابی کردنەوەی کۆنگرەکە ئارۆن ووتی : ((جەدەلی ئایدیۆلۆژی لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا نەماو خامۆش بوو، مێژوش ئۆمێدەکان و " شۆڕش " ی نێو ئایدیۆلۆژیای بەرپەرچدایەوە)) . ئارۆن کە ڕێکخەری سەرەکی ئەم کۆنگرەیە بوو قۆناغەکەی بە نێوی " سەردەمی کۆتایی ئایدیۆلۆژی " نێو برد . ئەم تەوژمە لە نێو دونیای ڕۆشنبیرانی لایەنگرانی کاپیتالیزم درێژەی بوو، تا ڕووخانی دیواری بەرلین و تا گەیشتە ((فۆکۆیاما)) کە بەشێکی زۆر لە دەستەواژەو تێرمەکانی ڕابردووی ئەم کۆنگرەیەی دوبارە کردەوە .

چارەنووسی ئەم کۆنگرەیە ، ئەم تەوژم و بەرژەوەندیانەی دەیان کۆنگرەی وای بەرپا کرد هەمیشە لەبەردەم حەقیقەتی ڕوداوەکانی مێژوو دەست وپێ سپی بووە . بەر لە تێپەڕ بوونی 10 ساڵ ئەم کۆنگرە جیهانیە ، خۆپیشاندانەکانی 1968 لەفەرەنسا ، سەرکەوتنی شۆڕش لە کوبا ، بزوتنەوەی مافە مەدەنیەکان لە ئەمریکا ، هەمووی یەک لەدوای یەک زەربەی کاریگەر بوون و دەریخست کە سڕینەوەی دەستەواژەی " ئایدیۆلۆژیا " لە فەرهەنگی سیاسیدا ، قەتیس کردنی بیروباوەڕی عەدالەت خوازی بە گشتی و مارکسیزم بە تایبەتی لە ڕێگەی نابوت کردن و زنجیر کردنی لە ژێڕ" ئایدیۆلۆژیا " دا لەوە بەتاڵترە خۆی تاسەر بگرێ .

نابووت کردنی ئایدیۆلۆژیا لە ڕوکەشدا وا دێتە بەرچاو کە خواستێکی دژی کلێشەکاری و یۆتۆبیایە . بەڵام ، لە ڕاستیدا هەوڵێکە کە گروپێکی سەرداری فیکری ، یان میدیای چینێکی دەسەڵاتدار ( بە بەشی حاکم و بەو بەشەی لە ئۆپۆزسیۆنە ) بۆ لە قالب دانی هێزێکی تری سیاسی . تا لە خیتابی سیاسی و لە نوێنەرایەتی کردنی ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگە لە بابەتی ( شۆرش ، ڕاپەرین ) تەنیا خۆیان شەرعیەتی نوێنەرایەتی بەرێوەبردنی ئەم ڕوداوانەیان هەبێت . بە مانایەکیتر بنیات دیکاتتۆریەتی ئایدیۆلۆژی خۆیان لە پاڵ دیکتاتۆریەتی دەسەلات دژ بەو هێزو ڕێڕەوە فیکریە جیاوازانەی کە بوونیان سەرئێشەو دەردەسەریە بۆ ئیمتیازاتی ئەم گروپەی بە شوێن مانەوەی ئەبەدیە لە کورسی

" ئیلیەتە " بەرزو تەقدیس کراوەکان . ئەمە هەر لە بەڕیوەبەری ئاسایشێک دەگرێتەوە تا ئەو ڕۆشنبیرانەی گاڵتە با مارکسیزم دەکەن کە گوایە بە دەردی کۆمەڵگە ناخواو وەزنی نەماوە ، کەچی لە بەینی هەر دوو نوسینێکدا ناتوانن هێرشێک و تانەیەکی بەتاڵ و بێ بنەما نەکەن دژ بە مارکسیزم .

ئاشنا بوون بە مێژو بە پێشینەی تەوژمی ( ئەنتی ئایدیۆلۆژیا) لە فیکری کۆنسێرڤەتیزمی ڕۆژئاوادا بۆیە گرنگە ، چونکە پەیوەندی هەیە بەم کەمپینەی بەردەوامەی ڕەهەندیەکان و ئەوانەی لەفەلەکی ئەواندا دەخولێنەوە . کەمپینی ڕەهەندیەکان دژ بە مارکسیزم لە یەک ڕستەدا : جێ و شوێنی مێژوویی وکۆنەپارێزی ئەوان نیشان دەدا لەم دونیایەی کە ئەمرۆ تێیدا دەژین . ئەوان بەشێکن لەو ئەندازیارو خەیاتە ئایدیۆلۆژیانەی کە پرەنسیبەکانی سانسۆر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە میدیای ئۆپۆزسیۆندا دیاری دەکەن .

سلاڤۆ ژیژک لەسەر ئەم دیاردەیە (( دروست کردنی فۆبیا بەرامبەر ئایدیۆلۆژیا )) بە نموونەو ئەزموونی ژۆرنالیستێکی چەپی ئیتاڵی دەست پێدەکا . ئەم ژۆرنالیستە ووتارێک دەنووسێ کە ووشەی "کاپیتالیزم " ی تیا بە کارهێناوە ، سەرنووسەری ڕۆژنامەکە پرسیاری ئەوەی لێ دەکا کە ئایا پێویستە ئەم تێرمە بەکاربێنێ ؟ باشتر نیە وشەیەکی تری لە بابەتی ووشەی " ئابوری " لە شوێنی کاپیتالیزم بەکاربهێنێ ؟ یەکێ لە خالەکانی ژیژک لە لێکۆڵینەوەکەی بریتیە لەوەی وون بوونی تێرم و زاروەی ووشەی دیارکراو لە زمانی سیاسی لە باری عەمەلیدا یانی سروشتی کردن و " قبوڵ " کردنی سیستەم . هەوڵی ڕەهەندیەکان بۆ قەدەغە کردنی " ئایدیۆلۆژیا " هەوڵێک نیە بۆ قەدەغە کردنی هەموو ئایدیۆلۆژیەک ، بەڵکو هەوڵە بۆ خاڵی کردنی ئەندێشەو فیکری سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردی تەنانەت لە بچوکترین نوزەی مارکسیزم و زاڵ کردنی ئەفسانەو بۆشنامەی " ئەنتی ئایدیۆلۆژیا " ، کە فۆرمێکی تری سادەی ئایدیۆلۆژیە ، کە لە ئێستای ئەواندا تێکەڵێکە پێک هاتووە لە :-

لە هەموو قەوان و ڕیکلامە باوەکانی سەردەمی شەڕی سارد .

پشتگیریەکی زۆر جدی بۆ کاپیتالیزم .

ناسیۆنالیزم لە بەرگی ئۆپۆزسیۆندا .



**دین .**

ئەم خاڵەی دوایی بە دورودرێژی دەچینە سەری . سەرخەتی ئەم ئۆپۆرتۆنیزمە تیۆریەی ئەوان لە چەند گۆشەیەکدا خۆی دەردەخا کە مەریوان قانیع بە هەوڵی سروشتی کردنی خۆنواندنەکان دین تیئۆریزەی دەکا ، چونکە ( گۆڕان وکۆمەڵ وبزوتنەوە پرۆژەی هاوبەشیان هەیە) . ڕێبین بە ئەزموونێکی شەخسی و ئیمانداری و موسڵمان بوونی خۆی ڕێگەی بۆ دەکاتەوە . بەختیار عەلیش بە دوو شێوە دەیکا : یەکەم / بە نۆستۆلۆجیای عیرفانی ، تێکەڵ کردنی میکانیکی مانا مێژویەکانی " سۆفی گەری " لە گەڵ ئەو قەیرانە هەمیشەیەی کە وجودی سیاسی " دین " لە کۆمەڵگە دروستی دەکا .

دووەم / دادگا کردن و ڕەزیل کردنی مێژووی هەوڵدانی کۆمەڵگە بۆ بوون بە بەشێک لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی مۆدێرنە.

بەشێکی بەرچاوی ئەم نووسینە وەڵامە بەم ئۆپرتۆنیزمە فیکریە.

**شۆڕش**

نکۆڵی لە ڕێکخستن ، لە پایە چینایەتیەکان ، خورافە ڕیزکردن دژ بە مارکسیزم و تێروانین وتێزە فیکریەکان لەسەر شۆڕش هەموو ئەو خاڵانەن کە ڕەهەندیەکان بە پەشۆکاویەکی زۆرەوە هەم لە ڕابردوو هەم لە ڕوداوەکانی 2011 زۆر بەخەستی کردیان بە پیشەی نووسینەکانیان.

کەم شۆڕش هەیە لە مێژوودا ، یەک تێڕوانینی سیاسی تاقانە ، یان یەک ئاسۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی وچینێکی دیاری کراو بەسەریدا زاڵ بووبێ . نزیکترین بەڵگە شۆڕشی ئێستای میسرە ، کە لە کاتێکدا سوپا و چینی دەسەڵاتدار دەڵێ ( شۆڕش تەواو بوو) چینی کرێکار لەمیسر دەڵێ تەواو نەبووەو ڕۆژی 2010/07/09 سەدان هەزار کرێکارو گەنجان و هەژاران مەیدانی (تەحریریان) گرتەوە .

ئاسۆ جیاوازە کۆمەڵایەتیەکان لە ئان و ساتی دەست پێکردنی شۆڕش لە هارمۆنیەتێکی کاتیدا لەبەرامبەر ئامانجێکی هاوبەشدا بەناچار ڕەنگە وێستگەیەک و دوان بە یەکەوە ببڕن . دواتر دوای گەیشتن بەم ئامانجە دیاریکراوە ، یان لە

حاڵەتی نەگەیشتن وشکست لە نیوەی ڕێدا ، ئینجا دوور کەوتنەوەو تەنانەت دژایەتیش نێوان ئەم بەرژەوەندە چینایەتیانە دەست پێدەکات.

لە تونس و لە میسر ، لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی ، کەسایەتیە جیاوازو سەر نە بەرژەوەندی سیاسی دەهاتن لە هەمان مینبەردا خیتابیان دەدا . ئەوانەی ووتاریان دەنووسی لە سایتەکان ، یان ئەو ژۆرنالیستانەی دیمەنکانیان دەگواستەوە ، یان کامیرای مۆبایلەکانی دەستی خۆپیشاندەران ، یان ڤیدیۆی نێو لاپەڕەکانی سایتی (Face book) هەمووی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بە شوێن زەق کردن ودەرخستنی گۆشەیەک بوون لەسەرەتای گۆڕانکاریەک . ئەم زەق کردنەوەیە چ خۆبەخۆیی و ڕێکەوت ئەنجام درابێ یان بە بەرنامە ڕێژی کرابێت ، هەمووی لەهەوڵی ئەوەبوون پارچەکانی ڕوداوێکی گەورە بە جۆرێک لەچاوەڕوانی و ئاسۆی سیاسی جیاواز لول بدەن .

فەرامۆش کردنی ئەم ڕاستیە سادەیە ، نەخوێندنەوەی مێژووی بەر لە ڕووداوی شۆڕش بۆ نموونە میسر، نەبوونی زانیاری و سەپاندنی شیکردنەوەی" دڵخوازانە" کە لەگەڵ چوارچێوەیەکی فیکری دیاری کراو بگونجێت ، گرنگترین سیمای مامەڵە کردنی تیۆریانەی ڕەهەندیەکان بوو . ئافات لەم مامەڵەیە تەنیا ئەنجامگیری تیۆری نەبوو ، بەڵکو تراژیدیای نەبوونی ( زانیاری ) بوو لەسەر ڕووداوەکان و لەسەر وولاتەکان و تەنانەت نەبوونی ئاشنایەتیەکی زۆر پێویست دەربارەی مێژووی کۆمەڵگەی بە گشتی و کۆمەڵگەی ئەو وولاتانەی شۆڕشی لێکرا بە کوردستانیشەوە .

بۆ چوونە ناو تێزەکانی ئەم ماوەی ڕابردووی ڕەهەندیەکان ، لەم نووسینە بە بۆچوونەکانی ئاراس فەتاح دەست پێدەکەم لە ووتاری (سەرەتایەک بۆ قسەکردن لەسەر شۆڕش) . لە یەکەم پەرەگرافدا دەڵێ :-

( (شۆڕش بڕیار نییە. شۆڕش نە بڕیارێکی عەقلانییە و نە کردەیەکی ناعەقلانی . تێگەشتنێکی هەڵەیە گەر ئێمە شۆڕش بە "بڕیار"ی کەسێک یان گروپێک یاخود حیزبێکی پێشرەو (ئەڤانگارد) تێبگەین. دیارە سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم تێگەشتنەش دەربارەی شۆڕش، ئایدیۆلۆژیای مارکسیزمە. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی خەباتی چەکداریی ڕزگاریخوازانە بە ڕابەرایەتی حیزبێکی پێشڕەو،



مۆدێلی مارکسیزم دەبێت بە نموونەیەک بۆ بەرپاکردنی "شۆڕش". لە مێژوودا نموونەی ئەو کۆبوونەوانە زۆرن کە هەندێک خەباتگێڕ لەشوێنێکی نهێنی، لە ناوچەی دووردەستی دەسەڵات بێت یان دەرەوەی وڵات، کۆدەبنەوە و بڕیاری هەڵگیرسانی خەباتی چەکداریی دەدەن)) بڕ

تراژیدیای خاڵی بوون لە لۆژیک ، لە نێو ئەم پەرەگرافە ئەوەندە قوڵە کە کەسێک بیەوێ ڕەخنەی لێ بگرێ نازانێ لە کوێوە دەست پێبکا ؟ لەوەوە دەست پێبکەین کە ئەم پەرگرافە چەندە بێ سەوادە لە مێژووی مرۆڤایەتی بە گشتی ؟ یان لەو بوختانە دەست پێبکەین کە بە ناوی مارکسیزمەوە دەکرێ ، یان لەو ئەنجامگیریە دەست پێ بکەین کە دەڵێ شۆڕش " بڕیار " نیە ؟ هەر لە ڕستەی یەکەمدا بە تۆنی حیکمەتێکی دابڕاو لە (زەمەن و زانیاری) ئاراس پێمان دەڵێت " شۆڕش بڕیار نییە"! ئەم ڕستەیە بەر لەهەموو شتێک ، نوێنەرایەتی هەژاریەکی قوڵ و بێ سنووردەکا لە شێوازی خستنە ڕوو . چونکە کێشەی سەرەکی ئەم دۆخەی (شۆڕش) دێنێتە پیشەوە بەر لەوەی لە ئاستی " بڕیار" ی تاکێک یان گروپێکی دیاری کراو بێت ، ڕوویەکی تەقینەوەی قەیرانە گەورەکانی کۆمەڵگەیە لە چوارچێوەی ڕووداوی سیاسی بە وجودی هێزی کۆمەڵایەتی .

شۆڕش بەلای کەمی لەبواری هەرە هەست پێکراوی خۆیدا ، پێویستی بە بیرتیژیەکی قوڵ نییە بۆ ئەوەی دەرک بکەین کە بریتیە لە قەڵشت بوونی ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی و سیاسیە کە " هەمووان " بە زۆرلە ژێر سیستەمێکی سیاسی- ئابووری بە یەکتر گرێ دەدات ، نموونەی سادەی ئەمەش دەستەواژەی " گەل "ە کە خاڵی دەبێتەوە لەو مانا پیرۆزەی کە بتوانێ شۆڕشگێڕان و دەسەلاتدارن ی سەر بە هەمان میلەت وەکو جاران بە یەک جۆر لە خیتابی سیاسی گرێ بدا .

خاش بوونی ئەم چوارچێوە پیرۆزانە لە ئەنجامی فشاری کۆمەلایەتی ، ئابوری ، سیاسی دروست دەبێت . کە ڕەگەکانی لە زەمەن و ژیانی پێش ڕوودانی شۆڕش

دایە . هەر لە پەیوەندی دیالیکتیکانەی ژیان و ڕەگەکانی بەر لە شۆڕشیشە کە قەزاوەتی " شۆڕش بڕیارە یان بڕیار نییە " دەتوانێ پرسیارێک بێ ئەرزش پەیدا بکات و ڕووی ئەوەی هەبێت بخرێتە ڕوو.

لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە " بڕیار" ی شۆڕش کردن سەروبەندی بە بارودۆخی مەوزوعیەوە هەیە ، هەر لە وێشەوە بڕیاری تاکێک لە هەڵگیرساندنی شۆڕش لە وڵات و جوگرافیایەکی دیاریکراو لێکدەدرێتەوە . ئەم تێڕوانیەنەی مارکسیزم زۆر بە ووردی جێ و شوێنی هێشتۆتەوە بۆ هەموو ئەو بارودۆخانەی کە بێجگە لە فاکتەکانی ( ئابوری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ) بزوێنەریتریش لە بابەتی ( ڕۆڵی تاک)ی دیاریکراو دەشێ کاریگەر بن بەسەر وەرچەرخان و ڕووداوە گەورەکانی مێژوو .

بەلام ، ئەم شوێن کردنەوەیە لە ڕوانگەی مارکسیزمدا: ناتوانێ لە دەرەوەی تواناو بوارە فەراهەم کراوەکانی مێژودا باز بدا . ئەم شوێن کردنەوەیە لە ژێر تایتڵ یان کۆنسێپتی (ڕۆڵی تاک لە مێژودا) بەشێکە لە شی کردنەوەکان و مامەڵەی مارکسیزم لە گەڵ سیاسەت و مێژوو . ئەم شوێن کردنەوەیە بۆ ڕۆڵی تاک لە مێژودا ، لە باری عەمەلیدا ڕەگێکی زۆر قوڵی لە بەروبەمی نەبەردیەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ دەیان سەدە بەر لە دایک بوونی خودی کارل مارکس و مارکسیزم . بەڵام ، مارکسیزمیش لە چوارچێوەی تێگەیشتن و لێکدانەوەکانی خۆی مامەڵە لە گەڵ ئەم جەدەلە دێرینەی ڕۆڵی تاک دەکا.

قوڵیی نەخۆشی " ئەنتی مارکسیزم " لە دونیای ڕۆشنبیران بە گشتی و ڕەهەندیەکان بە تاییەتی ، وای کردووە بەخشینەوەی تۆمەت و بارکردنی بەسەر مارکسیزم پیشەیەکی ئاسان و بێ دەردەسەری بێ و کڕیاری زۆرە . هەر لەبەر ئەم خوەشە ئاراس " ئایدیۆلۆژی مارکسیزم " بە سەرچاوەی تێگەیشتنێک دەزانێ کە ڕەنگە تەنیا لە زەینی ئەودا هەبێت . چونکە بەر لە پەیدا بوونی مارکس و مارکسیزم ، تەنانەت بەر لە پەیدا بوونی هەر فیکرەیەک کە نوتفەیەک بیری سۆشیالیستی تێدا هەبووبێت " شۆڕش " لە پاڵ دەیان زۆرانبازی فرە ڕەنگ و نەبەردیەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی خۆڕسکترین دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژیانی مرۆڤ بووە .



1896 ساڵ بەر لە دایک بوونی مارکسدا ، (سپارتاکۆس) لە شۆڕشی کۆیلەکان کوژرا . سپارتاکۆس لە گروپێکی 3 کەسیەوە بە بڕیارێکی " شەخسی " دەستیان بە یاخی بون و شۆڕش کرد . زەمینەی کۆمەڵایەتی و ژیانێک کە سپارتاکۆس و هاوڕێکانی و سەدان هەزار کۆیلەی ئەو دەمە تیادا وێران ببوون ، هەمووی پاڵنەری مەوزوعی بوون ، کە وەک بنەڕەترین سیفەتی سروشتی مرۆڤ ڕەنگ بداتەوە لە کارەکتەرو شێوازی بینینی دونیاو ژیان لەلایەن سپارتاکۆس ولیدەرەکانیتر.

شێوازی بینی دونیاو حاڵی بوون لە ژیانی واقیعی یان بە تەعبیرێکیتر (جیهان بینی) هەموو کۆیلەکان و هاوڵاتیانی پلە سێ ی ئیمپراتۆریەتی یۆنانی کۆن بە شێوازی جیا هاوبەش بوون لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا . بەڵام ، سەرەڕای ئەم ڕاستیە مەرج نیە هەر هەموویان هەمان ڕێژەی ئامادەگی لە کارەکتەریان حازر بووبێت بۆ ئەوەی بتوانن ÷ " بڕیار " ی یاخی بوون بدەن بە دەست پێکردن لە خۆیانەوە .

بۆیە کاتێک سپارتاکۆس و گروپە 3 کەسیەکە " بڕیار " ی یاخی بوون دەدەن و شۆڕش دەست پێدەکەن ، ئەم ساغ بوونەوەو ئەم بڕیارە دەبێتە " بزوێنەرێک " کە خێرایی و ئامادەگی کۆیلەکانیتریش وەکو چینێک تەکان پێبداو شۆڕش دەست پێبکات . بە پێچەوانەی حیکمەتی میکانیکیانەی ئاراس فەتاح ، شۆڕش دەکرێ " بڕیار"ی تاکێک یان گروپێک بێ . هەروەها بە پێچەوانەی تۆمەتەکانی ئەو دژ بە مارکسیزم ، بریاری شۆرش کردن ڕەگی لە مێژویەکی زۆر دێرین دایە ، چونکە ستەمکاری هەبووەو ڕیشەی شۆرشیش هاوجووتە لە گەڵ ڕیشەی ستەمکاری لە مێژووی پەیدابوونی شارستانیەت لەسەر ئەم گۆی زەویە.

هەر لە هەمان ووتاردا لە درێژەی تۆمەت دژ بە مارکسیزم ، ئاراس فەتاح دەڵێ :

(( ئەوە مارکسیزم بوو وەکو ئایدیۆلۆژیایەکی ڕادیکاڵ ویستی کات و شوێن بۆ شۆڕش دیاریبکات و بیکات بە حەتمییەتێکی مێژوویی. مارکسیزم یەکەم ئایدیای شۆڕشگێڕیی بوو کە ستراتیژی ئەوە بوو شۆڕش زووتر لەکاتی خۆی بەرهەمینهێنێت و ئەو شوێنەش دیاریبکات کە دەیەوێت تیایدا بەرپاییبکات.

واته بەشێوەیەک هەڵسوکەوت لەگەڵ شۆڕشدا وەک ئەوەی شتێکە کە دەکرێت دروستبکرێت ))

ئەوەی تۆزقاڵێک شارەزایی لە نووسینەکانی مارکسەوە هەبێ ، ڕێگە بە خۆی نادات تۆمەتی لەم بابەتە ڕیز بکات . دیاری کردنی شوێن ! دیاری کردنی کات ! ئەم دەستەواژانە ئەگەر ئاوا بە موجەرەدی و دابڕاو بخرێنە بەردەم خوێنەر زۆر کاریکاتۆری خۆ دەنوێنن ، جا نەک تەنیا بدرێتە پاڵ مارکسیزم بەڵکو بدرێتە هەر ئیدەیەکی تری سیاسی .

هەموو فەلسەفەی مارکسیزم لەسەر پراکتیک بەندە . شەخسی مارکس بە قەدەر کات تەرخان کردنی بۆ فەلسەفە ، خۆی تەرخان کردبوو بۆ لایەنی سیاسی وپراکتیکی ئەم فەلسەفەیە . (حەتمیەتی مێژوو) لە پەیوەندیەکی ئۆرگانیکیدایە لە گەڵ پراکتیکی سیاسی هەردوو چین ، چینی کرێکار و چینی سەرمایەدار . ئەگەر چینی کرێکار شۆڕش نەکا ، ئەگەر شۆڕشی کردوو نەیتوانی پارێزگاری لێبکا (وەکو ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیا) حەتمیەتی مێژوو قسەیەکی بەتاڵ دەردەچێ .

لەهیچ گۆشەیەکی فیکری مارکسیزمدا نەهاتووە کە کاپیتالیزم ( بە بێ خەبات و شۆڕش) لە چاوەڕوانی ڕوخانی خۆیەتی ! کە ڕۆژی ڕووخانەکەی هات دەڕوا لەبەر خاتری حەتمیەتی مێژوو ! مارکس ئەم تێڕوانینەی نەبووە ، چونکە تێگەیشتنی مارکس لەو چینە کۆمەلایاتیانەی لەگەڵ مانەوەی کاپیتالیزمن زۆر قوڵ و واقیعیە .

مارکس ئەم تێگەیشتنە میکانیکیانەی نەبووە ، چونکە ئەم سیستەمە بە هەر نرخێک بێ تا مردن بەرگری لە مانەوەی خۆی دەکا . کە بەڵگەی دووشەڕی جیهانی و دەرزەنێکی بێ شومار لە شەڕی ئیقلیمی ، زاڵ کردن و قانوونی کردنی باڵی ڕیفۆرم لە نێو بزوتنەوەی کرێکاری لە بڕگەیەکی مێژوودا ،شوێن کردنەوە بۆ (سۆشیال — دیموکراسی) لە ئەوروپا ، مل دان و قبوڵ کردنی مۆدیلی Welfare State بۆ نزیکەی نیو سەدە ، هەمووی لە کۆی خۆیدا پراکتیکی سیاسی چینی دەسەڵاتدار بوو ، کە لە ئاستی جیهانیدا بەڕێوەی برد بۆ بەهێز کردنی فاکتەکانی مانەوەی سیستەم ، کە بە دڵنیایش هەم ئەم



شێوازانە هەم شێوازی تر کە هێشتا پیادەنەکرابێت هەمووی ڕێ ی تێدەچێت پیادە بکرێت .

خوێندنەوەی مارکس بۆ ئامادەگی هەردوو چینی بەرامبەر ، بەر لە " تیۆری " لە هێزی سیاسی و ڕێکخراو بووندا سەرچاوە دەگرێ . بە پێچەوانەی ئەم تۆمەتە بێ ناوەڕۆکانە ، مارکس بەیانیەک لە خەو هەڵنەساوە نەسیحەتی خەڵک بکاو بڵێ با شۆڕش بکەین ! بەڵکو کاتێک هەستی کردبێت تەوقیتی شۆرش گونجاو نیە ، نەک لەبەر ئەوەی خۆی قەناعەتی پێنەبووە ، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەستی کردووە بە زیان و شکستی چینی کرێکار تەواو دەبێ ، هەڵوێستی ئەوەبووە کە هێشتا ئامدەکاریەکانی بارودۆخەکە زەمانەتی سەرکەوتن ناکا ، ئەمە هەڵوێستی مارکس بوو بەر لە  دەست پێکردنی کۆمۆنەی پاریس ، کە دواتر پێشبینی و خوێندنەوەکانیشی ڕاست دەرچوون .

شۆڕش ڕووداوێک نیە کە لە ئیمکان وئیرادەی مرۆڤەکان نەبێ بەرنامە ڕێژی و ستراتیژی بۆ دابنێن . شۆڕش هەیجانێکی ڕاگوزەر نیە بە سودفە تووشی کۆمەڵگە بێت . بارودۆخی کۆمەڵگە هەر لە قەڵشت بوونی چینایەتی تا سەرکوتی سیاسی ، هۆشیاری و ئاسۆی هێزە کۆمەڵایەتیەکان و ئامادەیی چینەکان هەمووی ڕێڕەو و دەست پێکردن و کۆتایی (بەسەرکەوتن یان شکست) ی شۆڕش دیاری دەکەن .

لەو خوێندنەوانە کە ڕەهەندیەکان کردیان بۆ شۆڕش لە میسرو تونس خوێندنەوەیەکی " دڵخوازانە " بوو بۆ جێگیر کردنی یەک وێنەو یەک ئەلگۆ لە شۆڕش . ئەلگۆیەک کە بەکەڵکی ڕەهەندیەکان و بەشێکی زۆر لە چینی ناوەڕاست دێ لە کۆمەڵگەی کوردی بریتیە لە تەجرید کردنی شۆڕش لە هەموو پایە واقیعی و زانستیەکانی خۆی . نزیکترین وێنەش کە دەتوانێ ئەم ئەلگۆیە دروست بکا ، پیرۆز کردنی ڕەگەزی خۆبەخۆیی و نارێکخراوی نێو شۆڕشە ، لە گەڵ زووم کردنی یەک گۆشەی خۆدەرخستنی شۆڕش کە بەکەڵکی تیئۆریزە کردن بێت.  ئینکاری کردن لە بوونی " ئایدیۆلۆژیا " لە شۆڕشەکانی میسر، ئینکاری کردن بوو لە مێژووی 30 ساڵی کۆمەڵگەی ئەم وڵاتە . ئامانجی

ئەم ئینکاریە سڕینەوەی ڕاستیە گرنگەکانی ڕوداوێکی گەورە بوو ، نەبادا ئەم ڕاستیانە ڕۆڵ ببینن لە دروست بوونی هێڵێکی ڕادیکالتر لە دەرەوەی تێگەیشتنەکانی ئەوان .

شۆڕش نەک تەنیا دەکرێ " بڕیار" بێ ، خاوەن ئایدیۆلۆژیاو ڕێکخستن بێت ، بەڵکو دەکرێ " پێشبینیش " بکرێت . ڕاستیە گرنگەکانی شۆڕشی میسر درێژ کراوەی قەیرانێکی قوڵی ئابوری – سیاسی بوو کە نەک تەنیا بواری پێشبینی شۆڕشی فەراهەم کردبوو ، بەڵکو لە10 ساڵی دواییدا ڕووبەڕوبونەوەی کۆمەڵگە و ڕژێم ، ڕاهێنان و پڕۆڤەیەکی واقیعیی شۆڕش بوون لە ژیانی ڕۆژانەدا.

کردنی ( نان) بە دروشم لەیەکەمین خۆپیشاندانە خوێناویەکانی 2009 دا دەستی پێکرد ، ماوەیەک بەر لەبەر دەست پێکردنی ئەم خۆپیشاندانانە ، مێژوو نووس و موحەلیلی سیاسی بەریتانی جۆن برادلی
JHON R.BRADLEY لە میسر دیپۆرت کرایە بەریتانیا ، لەبەر ئەوەی دوای چەند ساڵێک مانەوەی لە میسر کتێبی INSID EGYPIT بڵاوکردەوە ، کە تایتڵە سەرەکیەکەی بریتی بوو لە (دەوڵەتی فیرعەونەکان لە لێواری شۆڕشدا ) . بە پێچەوانەی میسۆدی ئیش کردنی ئۆپۆرتۆنیستانەی ڕەهەندیەکان لەسەر بابەتی شۆڕش ، برادلی زۆر بەووردی و ئەمانەتی ئەکادیمی ئیشی لەسەر تێگەیشتن لە قەیرانی ئەم کۆمەڵگەیە کردووە . ئەم نووسەرە دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە میسر گرنگیەکی زۆری پەیدا کردەوەو لە سەر هڵبژاردنی تایتلی کتێبەکەی کە پێشبینی شۆڕشی کردووە ، ئەو پرسیاری ئەوەی لێکرا: کە ئایا ئەمە خۆزگە بوو یان پێشنیار بوو یان باوەر بوو کە ئەو دوو ساڵ زووتر ئەم پێشبینیانەی خستە ڕوو؟
برادلی لە وەڵامدا دەڵێ :- (( لەم ساڵانەی دوایدا زۆربەی ژیانم لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی ئەوێ بەسەربرد ، کە شوێنی هاوڵاتیە میسریە سادەکانە ، وەکو ئەوان بە زمانی عەرەبی و بە لەهجەی میسری لە گەڵیان دەدوام . من شایەد بووم لەسەر : وێران بوونی کۆمەڵگەی میسر ، درەندەیی و سەرکوتی ڕژێم ، فراوان بوونی جیاوازی نێوان چینی هەژارو دەوڵەمەند ، نشین بوونی



هەمەلایەنەی گەندەڵی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا . ئەمانە هەمووی لە کاتێکدا بەڕێوە دەچوو کە خەڵک هیچ متمانەیەکی بە ڕژێم نەمابوو لە جێ بەجێ کردنی چاکسازی . ووڵات لەچەشنی بەنزین چاوەڕێ ی بریسکەیەک بوو تا گڕ بگرێ . لە کتێبەکەم ووتم ئەم بریسکەیە نە لە ئیسلامیەکانی ئیخوان ، نە لە ئۆپۆزسیۆنی ئیجازە پێدراو نایەت چونکە ئەمانە شۆڕشگێڕ نین ، بە پێچەوانەوە ئەم بریسکەیە لە شوێنێکەوە دێت کە لەوانەیە کەس چاوەڕوانی نەکات ..پێشبینیەکەم هاتە دی و ئەم شوێنە چاوەڕوان نەکراوە تونس دەرچوو. ))

# مانی و ئایینی مانی

پەروین مەحمود وەیسی
خوێندکاری دکتۆرا- ئەڵمانیا

ئایینی مانی یەکێک لە ئایینە کونەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسته کە ڕەنگە لەکومەڵگەی کوردەواریدا کەمتر ناسراو بێت و کەمتر بایەخی پێدرابێت. بەپێچەوانە، لەجیهانی خۆرئاوادا سەبارەت بەمانی و ئابینەکەی تویژینەوەی زۆر کراوە.

مانی (216-277 ز) دامەزرێنەری ئایینی مانەوی بوو. ئەم ئایینە لە سەدەی سێ و سەرەتای سەدەی چواری زایینی بە خێرایی بڵاو بۆوە. مانەوییەت لە رۆژهەڵات تا هیند و چین و لە رۆژئاوا تا سوریا، میسر، باکووری ئافریقیاو ئیسپانیای گرتە بەر. چەند سەدە دواتریش یانی لە ساڵانی 763 زایینی تا 840، ئویغورەکان ئەم ئایینەیان وەکو ئایینی ڕەسمی وڵات هەڵبژارد.

سەبارەت بە مانی و ئایینەکەی زۆر نووسراوە لەبەر دەستە. هەر لەسەرەتای پێکهاتنی مانەوییەت، نووسەران دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بەم ئایینە. مانەوییەکان خۆیان زۆر هەوڵیاندەدا تا لە ڕیگای نووسینەوە، ئایینەکەیان بڵاوبکەنەوە. لەبەرانبەریشدا، دوژمنانیان هەوڵیاندەدا لە ڕیگای نووسین ڕخنەیان لێبگرن. تا پێش سەدەی بیستەمی زایینی نووسراوەکان بە سێ دەستە دابەش دەبوون.-1 نووسراوەکانی مانی خۆی و هاوڕێیانی،-2 نووسرانی دژ بە مانی و مانەوییەت.-3 نووسەرانی بێلایەن. تا پێش سەدەی هەژدەی زایینی بەشێک لە نووسەرانی مەسیحی، زەردەشتی و موسڵمان بە توندی ڕەخنەیان لە مانەوییەکان دەگرت. بەڵام بەشێکیش لە نووسەرە عەرەبەکان و ئێرانیەکان. بە بێلایەنگری و زانستیانە سەبارت بە ئایینی مانی دەیاننووسی. نووسەران بە زمانی عەربی، سریانی، تورکی کۆن، لاتینی و



یۆنانی دژی مانی دەیاننووسی. ئەگەرچی ناوەڕۆکی زۆربەی ئەم نووسینانە لە دژایەتی لە گەڵ مانی و مانەویت بوو، بەڵام ئەمە خۆی لە لایەکەوە زانیاری باشی دەخستە بەر دەست خوێنەران و لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەی ڕادەگەیاند کە مانەوییەت وەکو ئایینێک توانیبووی جیگای خوی لە دونیای ئەو کاتە بکاتەوە.

یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکان نووسراوەکانی ئاوگوستین (354-340) بە زمانی لاتینیە. ئاگوستین خۆی یەکێک لە پیاوە گەورەکانی ئایینی مەسیحی بوو لە سەدەی چوار و پێنجی زاینی. ئەو لە سەرەتای لاویدا بڕوای بە مانی هێنا، بەڵام دواتر بوو بە دژی مانی. ئەم زانایە سێزدە کتێبی ڕەخنەیی سەبارت بە ئایینی مانی نووسی.

لە ناو نووسەرانی یۆنانی، ئالکساندر لیکوپۆلیتانوس Alexander Lycopolitanus فەیلەسۆفی سەدەی چواری زاینی، شایانی باسە. ئەم فەیلەسۆفە نوسراوەی ڕەخنەی زۆری سەبارەت بە مانی نووسی.

ابن الندیم لەنێو کتێبی (الفهرست) و ئەبوو ڕەیحانی بیروونی لە کتێبی (الاپار الباقیه عن القرون الخالیه) و ڕسالەی (افراد المقال فی امر الظلال) زانیاری بەنرخیان سەبارەت بە مانی دایە دەست.

لە سەدەکانی 18 و 19 زایینیدا زانا ئەوروپییەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ بی دژایەتی یان لایەنگری لە ئایدۆلۆژیای مانی، کاری زانستیانەیان لە سەر ئەم ئایینە ئەنجامدا. هەندیک نووسەری تری وەکو

de Beausobre 1734-1739 : Hostroire critique de Manichée et du Manichéisme

G.Flügel 1862: Mani, seine Lehre und seine Schriften

Konrad Kessler1889: Mani. Forschungen über die manis-chäische Religion

و هێندێ نووسەری دیکە کتێب و لێکۆڵینەوەیان لە سەر مانی لە چاپ دا.

زانیاری سەبارەت بە مانی لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە کەشفیاتێک کە ئاکادمی بەرلین Preussischen Akademie der Wissenschaften لە چوار سەفەری زانستیانە لە نێوان ساڵانی 1902 تا 1914 کە بۆ تورکستانی چین ئەنجامی دا، زۆر پەرەی گرت. لە ناوچەیک بە ناوی تورفان لە باکوری خۆرئاوای چیندا کۆمەلێکی زۆر گەورەی دەستنوسی تایبەت بە سەدەکانی سێی زایینی و دواتر پەیدا بوو. ئەم دەستنوسانە

هەموو گوێزرانەوە بۆ زانکوی بەرلین لە ئاڵمانیا. بێجگە لەم سەرچاوانە لە سالی 1930 زایینی کەشفێکی گەورەی دیکە ڕویدا. چەندین دەستنوسی بە زمانی قبتی لە میسردا دوزرانەوە کە ناردران بۆ ئالمانیا و هێندێکیشیان بۆ بەریتانیا. نووسەرانی دەستنووسەکان یارانی نیزیکی مانی بوون.

تاکوو ئیستا زۆرێک لە ئەم دەستنوسانە کاریان لە سەر کراوە و لە چاپ دراون. بەشێکیان بە فونەتیکی لاتین نوسراونەتەوە و ترجمە کراون. دەستنوسەکان بە چەند زمانی ناسراو بە زمانە ئێرانییەکان وەکو فارسی ناوەڕاست یا پەهلەوی، پارتی، سوغدی و خوارەزمی نووسراون. هەروە ها بەشێک لە دەست نووسەکان بە زمانی ئارامی کۆن، قبتی و چینیین. زمانناسانێ وەکوو F. W. K. Müller; W.B.Henning; F.C.Andreas; Mary Boyce; Werner Sundermann; Le Coq; P.Pelliot و کەسانی دیکە کاری زمانەوانی زۆریان لە سەر ئەم دەستنووسانە ئەنجام داوە. هەروەها چەندین کۆنگرە بۆ تویژینەوە لە سەر ئایینی مانی و ناوەڕۆکی دەستنووسەکان ڕێکخران. تاکو ئەمڕۆ ئیشکردن لە سەر ئەم کۆمەڵە دەستنووسە بەنرخە کۆتایی نەهاتووە.

***

**کەسایەتی مانی**

سەبارەت بە کەسایەتی مانی دەزانین کە لە سالی 216 زایینی لە بابول، ناوچەی میزۆپۆتامیا، لە دایکبووە. باوکی خەڵکی هەمەدان بووە و دایکیشی لە خانەدانی ئەشکانی. دایک و باوکی مانی پێش لە دایکبوونی مانی، ڕۆیشتوون بۆ بابل و لە تیسفون نیشتەجێ بوون. لە سەردەمی حکومەتی شاپوور( 240-270 زاینی)، پاشای ساسانی، مانی بە ئازادی توانی بیرو ڕای خۆی بڵاو بکاتەوە. سەرچاوەکانی مانی و یارانی باس لەوە دەکەن کە چەند کەسێک لە بارەگای شاپوور، بڕوایان بە مانی هێنابوو.

مانی بۆ پەرەدان بە ئایینی خۆی، یارانی نزیکی بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئێرانی ئەو سەردەمە دەنارد. مانی و نزیکەکانی لە هەر کوێیەک بوون بە زمانی ئەو شوێنە دەیاننووسی. تەنانەت بۆ شەرحکردنی ئایینەکەیان لە ناوی خواوەندو کەسایەتییە ناسراوەکان کەڵکیان وەردەگرت. بەم جورە نیشانیاندەدا کە بۆ ئایینەکانی دیکە ڕێز دادەنێن.

مانی خەتێکی تایبەتی لە سەر بناغەی خەتی ئارامی بۆ نوسراوەکانی دروستکرد و خۆی و یارانی ئەو خەتەیان بۆ هەموو نووسراوە ئێرانییەکان بە کاردەهێنا. ئەم خەتە ناسراو بە



خەتی مانەوییە (Manichean). خەتی مانەوی بە پێچەوانەی خەتی پەهلەوی زۆر بە ئاسانی دەخوێنرێتەوە.

مانی وێنەکێشکی زۆر پایەبەز بوو تا ئەو ڕادەیەی کە لە ئەدبیاتی ئێرانیدا زۆرتر وەکو وێنەکێش ناسراوە تا پێغەمبەر. مانی و مانەویەکان کتێبەکانیان پڕ دەکرد لە وێنەی جوان و بە خەتێکی پاراو نووسینەکانیان دەنووسی. خەتی مانەوی نە تەنیا خزمەتێکی گەورەی پێشکەشی مرۆڤایەتی کرد لەو سەردەمەدا، بەڵکو لە سەدەکانی دوایی و تا ئەمڕۆش یارمەتیدەر بووە بۆ خوێندنەوەی نووسراوەکانی پێشوو کە بە سەختی دەخوێنرێنەوە. هەولی مانی بۆ نووسین، زەردەشتیەکانی ئەو سەردەمەشی هاندا کە بکەونە هەوڵی نووسینی ئافێستا کە تا ئەو سەردەمە سینە بە سینە دەوتراو هیشتا بە ڕواڵەتی نووسراوە دەرنەهاتبوو.

زمانی دایکی مانی ئارامی کۆن بوو. ابن الندیم لە الفهرست، ئەبوو ڕەیحانی بیروونی و ئەلیەعقووبی باس لە ئەوە دەکەن کە مانی خۆی حەوت کتێبی نووسیوە کە شەش دانەیان بە زمانی ئارامی و یەکێکیشیان بە زمانی فارسی ناوەڕاست بە ناوی (شاپورگان) بووە. مانی کتێبی (شاپوورگان) ی بە باشای ساسانی، شاپوور پێشکەشکردووە کە پشتگیری بوو. ناوەڕۆکی شاپوورگان سەبارەت بە چۆنیەتی پێکهاتنی گەردوون و ئەنجامی گەردوونە. کتێبەکانی مانی لە سەدەی هەشتەمی زایینی لە وڵاتی ئۆیغورەکان بە کار هاتوون . بە داخەوە زۆربەی ئەم نووسراوانە بە دەستی ئێمە نەگەیشتوون و لە ناو چوون. تەنیا چەند بەشێک لە شاپوورگان لە ناو نەچووە.

جێنشینەکانی شاپوور لە گەڵ بیرو ڕای مانی دا نەبوون. موغەکانی ئەو سەردەمە دژایەتیان لە گەڵ مانی دەکرد. بۆیە دەبینین نوحزادەگ کە هاوڕێ و وەرکیڕی مانی بوو بۆ زمانی فارسی ناوەڕاست، باسی ئەوە دەکات کرتیر کە کەورەی موغەکانی دەرباری بهرامی یەکەم بوو، توانی بەهرامی یەکەم هانبدات تاوەکو مانی لە ناو بەرێت. بەهرام لە ساڵی 277 زایینی فرمانی بە مانی کرد کە بڕوات بۆ لای ئەوان بۆ بارەکای حکومەت لەشاری شووش. مانی خۆی هەستی کردبوو کە ئەیانەوێ لە ناوی بەرن. بۆیە لە ڕێکادا سەری لە هاوڕێیانی دەدا و ئامۆژگاری و خواحافیزی لێ دەکردن.

**مانی دەڕواتە مەقەرێ پادشاهی بەهرام.**

کاتێ کە مانی و سێ کەس لە هاوڕێیانی دەگەنە ئەوێ، بەهرام خەریکی خواردنی نانی نیوەڕۆ بووە. خزمەتکارەکەی بەهرام دەڕوات و بە بەهرام دەلێت: "مانی لێرەیە." بەهرام دەڵێت:" بلێ، ڕاوەستە تا دیم بۆ لای." دوای نان بەهرام دەڕوات بۆ لای مانی و پێ دەڵێ:"بەخێر

نەبێت مانی!" مانی دەڵێ:" من چ خرابەیەکم بۆ تۆ بووە؟" شاە دەڵێ:" من سوێندم خواردووە نەهێڵم بێت بۆ ئەم وڵاتە. تۆ بە کەڵکی چ دێیت؟ نە شەڕ دەکەی و نە شکار ... "
مانی دەخەنە ناو سجن و بۆ ماوەی 26 ڕۆژ بە هۆی ئەشکەنجە لە ڕۆژی دووشەمە 26 فوریەی ساڵی 277 زاینی دەمرێت. بە جەنازەکەشی سووکایەتی زور دەکرێ. لە نووسراوەکانی مانییەکان وادەردەکەوێت کە مانی لە ماوەی ئەو 26 ڕۆژەدا مافی بینینی هاوڕێکانی بووە و قسە و باسی لەگەڵ کردوون.

هەروەها کە وترا، مانی، هاوڕێکانی بۆ وڵاتانی جۆراوجۆر دەنارد و بە زمانی ئەو وڵاتانە شتیان دەنوسی و پرۆپاگاندایان بۆ دینەکەیان دەکرد. لە نێو زمانە ئێرانیەکانی ئەو سەردەمە زۆربەی نوسینەکانیان بە ڕیز بە زمانانی پارتی، فارسی ناوەڕاست، سوغدی و خوارەزمی بوو و دواتریش بە فارسی نوی هێندی شت نووسراوە. بە خوشیەوە زۆربەی ئەم نوسراوانە لە ناو نەچوون و لەم ڕێگایەوە دنیا توانی زۆرتر لە ئایین و بڕوای مانی تێبگەێت.

## گەردووnناسی ( Cosmogony )لە ڕوانگەی مانی دا

مانەوییەت یەکێک لەو ئایینانەیە کە بڕوای بە وجودی دوو هێزی سەرەکی لە هەستی دا هەیە. لە زمانی عەربی بەم جورە لە بڕوایە وەک "سەنەویت" یاد دەکرێت. لە ڕوانگەی مانیەوە، دنیا لە سەرەتای خەلیقەتدا لە دوو هێزی نوور و تاریکی پێکهاتبوو کە هەر کامەیان پاشای یان باوکی خۆیانیان هەبووە: باوکی ڕووناکیی (بە زمانی پارتی pid ī wuzurgīh (و پاشای تاریکی ( بە زمانی فارسی ناوەڕاست: Ahriman ). پاشای تاریکی لە بوونی دونیای ڕووناکی ئاگای نەبوو. بەڵام مەوجوداتی دونیای نوور دەیانزانی کە دونیای تاریکی هەیە. دونیای تاریک پڕ بوو لە دێو و مار و درنج. سروشتی ئەوان وا بوو کە بەردەوام هێرشیان دەهێنا بۆ سەر یەکتری و یەکیان دەخوارد و لەت و پەت دەکرد. بەڵام لە دونیای ڕووناکی ئاسودەگی و پاکیزەیی حاکم بوو. دنیای ڕووناکی باکوور و ڕۆژهەڵاتی لە ژێر دەست بوو و دونیای تاریکی لە باشوور حکومەتی دەکرد. لق و پۆی داری دونیای تاریکی خۆیان بەرەو سەر ڕادەکێشن و لە ناکاودا لە دونیای ڕووناکی بە خەبەر دێن و هیرشی بۆ دێنن. باوکی ڕووناکی بۆ بەرگری لە دونیای خۆی، چەن کەسایەتییەک پێکدێنێ. باوکی ڕووناکی لە وجوودی خۆی دایکی حەیات دروست دوکات. دایکی حەیاتیش، مروفی یەکەم پێکدێنێ (لە نوسراوەکانی عەرەبی بە ئەم کەسایەتیە "انسان القدیم" دەوترێت). کاتی کە مرۆفی یەکەم دروست دەکرێت، هەموو دانیشتوانی دونیای ڕووناکی خەنی دەبن چون هەست دەکەن



کە ئەو دەتوانێ یارمەتیان بات. باوکی ڕووناکایی سێ ئەرکی بۆ مرۆفی یەکەم دادەنێ: 1- دونیای ڕووناکایی لە بەر چاو دونیای تاریکی بشارێتەوە؛ یانی ئەوە کە بە قوربانی کردنی خۆی تەمەع و ئازی دێوەکان بەرەوی لای خۆی ڕاکیشت و بەم جورە لە دونیای ڕووناکایی دووریان کاتەوە. 2- دیوەکان شکست بات و 3- مەرگ یان چاڵاوی تاریکی لە بەین بەرێ.

مرۆفی یەکەم لە گەڵ پێنج کوڕی خۆی کە لە ڕاستی دا بەشێک لە خۆیین و بریتین لە هەوا، با، ڕووناکی، ئاو و ئاگر دەڕۆن بەرەو دونیای تاریکی. ئەوان خۆیان دەکەن بە قوربانی بۆ ئەوەی دێوەکانی دونیای تاریکی بە ئەوان مەشغوول بن و هجوم نەبەنە سەر دانیشتوانی دونیای ڕووناکی. کاتێ کە پاشای تاریکی چاوی بە مرۆفی یەکەم و کوڕەکانی دەکەوێ، دەڵێ:" ئەو شتەی بۆی دەگەڕام، خۆی هات بەرەو ڕوومەوە!" بەڵام ئەمە داوێک بوو کە باوکی ڕووناکی بۆ دونیای تاریکی دایناوبوو؛ دێوەکان هجوم دێنن بۆ مرۆفی یەکەم و کوڕەکانی و دەیانخۆن. ئەوان ئاگایان لەوە نیە کە بە خواردنی مرۆفی یەکەم و کوڕەکانی، وەک ئەوە بووە کە ژاریان ڕژاندبێتە ناو لەشی خۆیان. مرۆڤی یەکەم ڕیشەی پێنج دێوی سەرەکی دەبڕی بەو جۆرەی کە ئیتر نەیاندەتوانی زا و زی بکەن و هیرش بەرنە سەر دونیای ڕووناکایی. لەم شەڕە دا، مرۆڤی یەکەم بێ هێز دەکەوێتە سەرعەرز و ناتوانی هیچ بکات. باوکی ڕووناکایی بۆ یارمەتی گەیاندن بە مرۆڤی یەکەم، چەن کەسایەتییەکی دیکە دروست دەکات. یەکێک لەوانە ڕەوانی زیندووە (لە زمانی فارسی ناوەڕاست پێ دەوترێ wāxš zīndag بە پارتێ wād zīwandag بە عەرەبی ڕوح الحیات) کە بە یارمەتی دایکی حەیات دەتوانن مرۆڤی یەکەم لە نێو دونیای تاریکی بهێننە دەر بەڵام بەشێک لە ڕووناکایی یانی کوڕەکانی مرۆڤی یەکەم لەوێ ئەسیر دەمێننەوە. بۆ ڕزگارکردنی ئەوان ئینسان و دونیا خەڵق دەکرێت. دایکی حەیات و ڕەوانی زیندوو لەگەل دێوەکان بەشەر دێن. لە ئاکامی شەڕ دا بەشێکی ڕووناکایی ڕزگار دەبێ کە دەیکەن بە خۆر و مانگ. دایکی حەیات و ڕەوانی زیندوو لە پێستی دێوەکان حەوت ئاسمان دروست دەکەن و لە گۆشتی لەشیان ئاژەڵ و گیا و زەوی و لە ئێسقانیان کێوەکان پێکدێنن. دێوەکان و بەشێک لە ڕووناکایی لە گەڵ ئەوانا لە نێوان عەرز و ئاسمان ئەسیر دەمێنن.

دایکی حەیات و ڕەوانی زیندوو و مرۆڤی یەکەم لە باوکی ڕووناکایی داوادەکەن کە خەلیقەتی سێهەم ( بە پارتی hirdīg frēstag ) پێکبێنێ. خەلیقەتی سێهەم خۆی ڕووت دەکاتەوە و بە دێوەنێرەکان وەک ژن نیشان دەدات و بە دێوە مێکان وەک پیاو کە لە ئاکام دا هەمویان زەوقیان هەڵدەستێ و ئێسپرم و تۆەکانیان بەردەدەن. هەرچی کە لە لەشی ئەو دێوانە دێتە

دەر، بەشێکی ڕووناکاییە. خەلیقەتی سێهەم خێرا دەست دەکات بە جیا کردنەوی ڕووناکایی لە گوناه و دەیاننێری بەرەو دونیای ڕووناکایی. گوناهەکانیش دەکەونە سەر زەوی و دەبن بە ئاژەڵ و گیاه. لە ئاکامی نزیکی جنسی دوو دێو، ئادەم (بە فارسی ناوەڕاست noxwīr ) و حەوا (بە فارسی ناوەڕاست farrahān srīgar بە مانای "یاری شکۆمەندی") دروست دەبن کە لە لەشیان بەشێکی گەورە لە ڕووناکایی ئەسیر بووە. خەلیقەتی سێهەم ئادەم لە خەو هەڵدەستێنێ و تێدەگەینێ کە ئەرکێکی گەورە لە سەر شانیەتی و ڕێگای ڕزگاری پێ نیشان دەدات. و بە ئەم جۆرو تارێخی مرۆڤ و مانای بوون و ژیانی پێک دێت.

مرۆڤی یەکەم نەیتوانی هەموو ئەرکەکانی کە باوکی ڕووناکایی پێی سپاردبو، جێبەجێ بکات چونکە بەشێک لە ڕووناکایی لە لای دێوەکان بە جێ هێڵا. لە بڕوای مانەوی دا، مرۆڤ دەتوانێ ئەو ڕوناکایەیە کە لە نێو لەشی بە جی ماوە، هەڵی بگەڕینێتەوە بۆلای باوکی ڕوناکایی. مرۆڤ بۆ هەڵگراندنەوەی ڕوناکایی بۆ شوێنی خۆی، دەبوایە هێندی مەرجی بە جێ بهێنایە. بۆ گەیشتن بە ئەم قوناغە، مرۆڤ دەبایە لە هەموو گوناهان خوی لابدایە. بە بڕوای مانی، مرۆڤی تاوانبار دوای مردن دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ژیان. زنجیرەی مردن و گەڕانەوە بۆ ژیان تا ئەو کاتەی کە مرۆڤ لە هەموو گوناهان پاک دەبێ، بەردوامە. ئەو مرۆڤانەی کە توشی گوناهی کەمتر دەبن، دەگەیێنە قوناغەکانی ئەخیری ژیان لە دونیادا. ئەوان دابەش بە دوو دەستە دەبن. دەستەی یەک ناویان هڵبژاردوەکانە و دەستەی دووهەم گوێگرەکان.

دەستەی یەکەم، هەموو ژیانیان مەشغولی بە جێ هێنانی Ritual ئائینیی دەبوون. ئەوان هەوڵیان دەدا لە چەرخەی ژیان خۆیان بکێشنە دەر و بەرەولای باوکی ڕووناکایی بگەڕینەوە. هەڵبژاردوەکان بۆیان نەبوو، سروشت ئازار بەن. کشتو کال و ئیش لە گەڵ زەوی بە جورێک ئازاردانی سروشت دەژمێردرا. کوشتنی مرۆڤ و ئاژەڵ تاوانێکی گەورەبوو. هەڵبژاردوەکان ژیانێکی ئاساییان نەبوو. ئەوان دەبایە لە هەموو خۆشیەکانی ژیان چاوپۆشیان بکردایە. هەڵبژاردوو نەدەبایە زەواجی بکردایە، زەوقی هەڵسێ و شەهوتی هەبێت ؛ لە ڕۆژا تەنیا یەک جار نانی بخواردایە؛ مافی خواردنی شرابی نەبوو؛ سحر و جادوی نەبایە بکردایە؛ ئاو و ئاگری نەدەبایە پیس بکات و هەموو ژیانی دەبایە سەرفی عیبادەت و نوسین و پروپاگاندا بۆ دین بکردایە.

دەستەی دووهەم لە قۆناغی پێش هەڵبژاردوەکان بوون. ئەرکی ئەوان ئەوە بوو کە خزمەتی هەڵبژاردراوەکان بکەن. تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردراوێک لە سەفر ببایە، دەبوایە گوێگرێک لەگەڵی بڕوایە و خزمەتی بکردایە. گوێگرەکان سەدەقەیان بۆ هەڵبژاردراوەکان کۆ دەکردەوە



و خزمەتیان دەکردن. گۆێگرەکان بۆیان بوو کە زەواج بکەن؛ خاوەنی موڵک و ماڵ بن؛ گوشت (بە شەرتێ کە خۆیان ئاژەڵەکەیان نەکوشتبێت) و شەراب بخۆن. ئەوان دەبوایە هەموو کات لە لای کەشیشی خۆیان (پیاوانی ئایینی) دانیان بە گوناهەکانیان بنابووایە کە لە ئاکام دا دەبەخشران. گوێگرەکان دەبوایە ئاگایان لە کرداری خۆیان ببوایە. یەک مانەوی قەد نەدەبوایە بتپەرەستی بکات یان درۆ بکات؛ بڕوای بە ڕاستی بێ؛ بە سەر پێنج ئیحساسی خۆی زال ببایە؛ ڕۆژو و نوێژی بە جێ بهێنایە؛ بەردوام اعترافی بە گوناهان بکردایە؛ بە پێنج توانایی دەرونی کە بریتی بوون لە خوشەویستی، ئیمان، سەبر، بەرائەت و دانایی لەگەڵ گوناهان دا بە شەڕ بهاتایە. ئەوان دەبوایە لە ئازاری خەڵک، خهیانەت بە هاوسەر، لەش فرۆشی، دزی، سحر و جادو، شەک لە دین دوری بکەن.

ڕۆژووگرتن ئەرکی هەم هەڵبژاردراو و هەم گوێگر بوو. ڕۆژانی یەکشەممە گوێگرەکان ڕۆژوویان دەگرت و ڕۆژانی دوشەممە هەڵبژاردراوەکان. جگە لەم ڕۆژانە یەک مانگ لە سال و چەند ڕۆژی دیکەش بە ڕۆژوو دەبوون. عیبادەتی ڕۆژانە بۆ هەڵبژاردراوەکان 7 جار لە ڕۆژا بوو و بۆ گۆێگرەکان 4 جار. لە دینی مانەوی بایەخی زۆر بە موسیقا، گورانی و وێنەکێشان دەدرا. ئەخلاقی مانەویەکان سەرنجی هەموانی ڕاکێشا بوو. تەنانەت دوژمنەکانیشان، ستایشی ئەخلاقی ئەوانیان دەکرد. تەقی زادە لە (جاحڤ) ەوە دەگوازیتەوەو دەنوسێ کە جارێکیان دوو مانەوی لە سەفەر دەبن. ئەوان چاویان لێیە کە شترمورغێک مرواری کابرایەکی بازرگان قوت دەدا و دەیخوا. بازرگانەکە وا دەزانی ئەو دوو مانەویە، مرواریەکەیان دزیوە. بۆیە دەست دەکا بە لێدانیان. دوو کەسەکە لە ترسی ئەوهی نەوەکو مریشکەکە بۆ دۆزینەوەی مرواریەکە بکوژن و ناوسکی هەڵدڕن، هیچ ناڵێن و ئێش وئازارەکە تەحەمول دەکەن.

گوێگر بە بەجی هێنانی هەموو ئەرکەکانی ئامادە دەبوو کە لە ژیانی داهاتوو دا ببێت بە هەڵبژاردراو و لە چەرخەی لە دایک بوونەوە ڕزگاری بێت. کاتێکیش کە ڕزگار دەبن عیسی ڕۆحی مردوەکان کۆ دەکاتەوە و دەیانگەێنێتە ئەوەڵ لای خۆر دەڕون و پاشان بۆ لای دونیای باوکی ڕووناکایی.

مرۆڤ بەم شێوازە، هەوڵ دەدات بێت بە یارمەتیدەری ڕووناکایی بۆ ڕزگار بوونی. ئەرکی سەرشانی مانەویەکان لە دونیا ئەویە کە هەوڵ بدەن بۆ پەرەدان بە ئائینی مانی و زیاد بوونی برواداران. بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە ڕوی دونیا، گوناه دەکات و زەواج دەکەن، پرۆسەی ڕزگاری بە درەنگ دەکەوێت. بۆیە لە ئاکامدا شەڕێکی گەورە دەست پێ دەکات کە عیسی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕووی زەوی و ماوەیەک حکومەت دەکات.

له ئاخرین مەرحەله له ڕووی زەوی، ئاگرێکی گەوره دروست دەبێت که هەموو دونیا و دێوکان و یارمەتیدەرەکانی دێوکان له ناوی دەسوتێن. ئاخرین پاشماوەکانی ڕووناکاییش ڕزگار دەبن و دەڕونەوه بۆ شوێنی سەرەکی خۆیان. به ئەم جوره، دونیای تاریکی بۆ هەمیشه توانایی هجوم هێنان بۆ دونیای ڕووناکایی، له دەست دەدات و ئارامش و ئاسودەگی هەڵدەگەڕیتەوه بۆ دانیشتوانی دونیای ڕووناکایی. دیسان دوو هێزی گەوره و سەرەکی له گەردوون حاکم دەبێ و هەر کەسێک دەگەڕیتەوه شوێنی خۆی.

له ناوچوونی ئائینی مانەوییەت

چەند ساڵ پاش کوشتنی مانی، دەست کرا به قەتل و عامی مانەویەکان و زۆرێکیان لێ کوشتن. زەردەشتیەکان زۆر دژی ئایینی مانی بوون و هەموو کات هەوڵیان دەدا، پاشاکان دژیان هەڵخرێنن. مەسیحیەکانیش هەروەها دژی مانەویەکان بوون و سزای له سێدارەدان بۆ سەرانی ئەم ئایینەیان له چەند مەرحەله دانا یان دەووریان دەخستنەوه بۆ وڵاتانی دوور و یان مجازاتی وەک بێ بەشکردنیان له ئێرس و میرات و ... دادەنا.

به هۆی ئەشکەنجه و ئازاری زۆر له لایەن حاکمانی ساسانی له وڵاتی ئێران دا، مانەویەکان بڵاوەیان پێ کرا و ئێرانیان به جێ هێڵا و چوون بەرەو وڵاتی چین و مەغولستان. له وڵاتی چینیەکان له ساڵی 732 مافی دانیشتووبوون درا به مانەویەکان بەڵام چەند ساڵ دواتر پرۆپاگاندا بۆ ئەم ئایینه مەمنوع ڕاگەیاندرا.

پاش ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی مانەویەکان دەگەڕێنەوه بەرەو ئێران. له سەرەتای حکومەتی خولەفاکان زۆر ئازار نادرێن. بەڵام دواتر به تایبەت له کاتی حکومەتی مەهدی خەلیفەی سانی، به ناوی زەنادقه دەکەونه کوشتاری گەورەی مانەویەکان.

له دونیای ئەمڕۆ دا هیچ فرقه و دەستەیەک له ژێر ناوی مانەوی نەماوەتەوه.

see Augustinu (st.) 353-430. Acta ceu desputation Contrat .Fortunatum Manichaeum

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه به کتێبی Ort, L.R 1967: Mani a religio-Historical Description of his Presonality. Leiden, E.J.Brill

سەید حەسەن تەقیزاده له کتێبی: مانی و دین او، دوخگابه سید حسن تقی زاده بانچمام متون عربی و فارسی درباره مانی و مانویت، هەموو سەرچاوه عەرببیەکان و فارسییەکانی له ساڵی 1956 زاینی کۆ کردوەتەوه و هێناویەتی. هەروەها ئەم زانایه له سەرەتای کتیبەکەش دوو



لێکولینەوەی خۆی سەبارەت به مانی و مانوییت پێشکەش کردوه.

بۆ ئەم سرچاوانه بڕوانه کتێبی L.J.R. Ort 1989: Mani: a religio-historical description of his personality

ببۆ زانیاری زیاتر سەبارەت به سەرچاوکان بڕوان به Mary Boyce 1960: a catalogue of the Iranian manuscripts in manichean script in the German Turfan collection. هەر وەها بڕوانه به سایتی http://www.bbaw.de/bbaw/Forschung/Forschungsprojekte/turfanforschung/de/Startseite

ئەم خەته که له نووسراوەکانی زەردشتیەکان به کارهاتووەوه، بریتیه له 14 تا 17 پیت. دژواری ئەم خەته لەوەدایه که یەک پیت نوێنەری چەند پیته و پیته دەنگداره کورتەکان هیچ نوێنەرێکیان نیه. بۆیه ئەم نوسراوانه زۆر به سەختی دەخوێنرێنەوه. کێشەیەکی دیکەی ئەم خەته ئەوەیه که نوسراوەکان پڕن له ئیدیۆگرام یانی ئەوەی که وەشەیەک به زمانی ئارامی کۆن نوسرابێت بەڵام به فارسی ناوەڕاست بخوێنرێتەوه. وەکوو ئەوەی که وشەیەک به مەلک نووسرابێت بەڵام به پاشا بخوێنرێتەوه. به ئەم ئیدیوگرامانه له فارسی دەلێن هۆزوارش

بروانه به مەقالەی جین کێلێنس1986 http://www.iranica.com/articles/avesta-holy-book

Ort, L.J.R. 1968. Page 21

شەرحی ئەم سەفەرەی مانییه له دەستنوسراوێک به زمانی فارسی ناوەڕاست نوسراوه. هەروەها له چەن دەستنوسی دیکەش باسی ئەو سەفره کراوه. هێنینگ ئەو دەستنوسانەی بڵاوکردوەتەوه.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه به:

W.B. Henning 1977: Manis last Journey in W.B. Henning selected papers II

بۆ تاریخی مردنی مانی بڕوانه به ختابەی تەقیزاده 1956 لاپەڕەی 15

بۆ نووسینی ئەم بەشه کەڵکم لەم نووسراوانه وەرگرتووه: W. Sundermann 2001: Cosmogony and Cosmology in Manicheism In Manichaica Iranica ausgewählte Schriften Band 2; W.B. Henning: die Entstehung XXX; Christine Reck 2004: Gesegnet sei dieser Tag; Hassan Taqizade 1956

# بەریەککەوتنی کولتورەکان

کازم بیتوێنی

**دەستپێک**

دیاردەی بەرییەککەوتنی کولتورەکان لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیادا بەتایبەتی ئەمریکا و ئوستورالّیا و ووڵاتانی ئەوروپا، دیاردەیەکی بەرچاوە و وەک بابەتێکی جێگایی باس تەماشا دەکرێت. دەتوانین باسەکەمان بەوە دەستپێبکەین کە دیاردەی کۆچکردن لە جیهاندا تا ڕاددەیەکی زۆر بۆتە هۆی گۆڕینی ڕوخساری زۆرێک لە کۆمەڵگاکان لە زۆر ڕووەوە و ئەو ڕەوشەش بە دوو شێوەی نێگەتیف و پۆزەتیف هەڵدەسەنگێندرێ لەلایەن تاک و گروپە کۆمەڵایەتیە جیاواز جیاوازەکانەوە. ئێمە پێمانوایە لایەنی زورینەی ئەو تاک و گرووپانە ڕازین بە ڕەوشی کرانەوەو فرەکولتوری لە کۆمەڵگادا. ئەوان وایدەبینن کە فرەکولتوری واتا فرە دیدی و فرە دەستی، ئەوەش ووڵات گەشە پێدەدات و لە هەموو ڕوویەکەوە دەوڵەمەندتری دەکات، بە واتایەکیتر زۆریک پێیانوایە کە ووڵاتە پێشکەوتووەکان پێشنەدەکەوتن ئەگەر دیاردەی کۆچ بۆکردنیان لە وڵاتانی دیکەوە ڕووی نەدابا، هەڵبەتە کۆچبەریش پێکدێت لە هەردوو کۆچی هێزی کار و کۆچی عەقڵ کە هەریەکەیان ڕۆڵی دیاری خۆیان دەگێڕن.

بەشێوەیەکی گشتی باسەکە لە بازنەی بەریەککەوتنی کولتوریدا دەخولێتەوە لەسەر بە بنەماگرتنی مرۆڤ و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان کە هەڵگری کولتوری جیاجیان، بۆ ئەوەی بزانین بۆچی بەریەککەوتنی کولتوری ڕوودەدات؟ چۆن دەتوانین بەرهەڵستی



بەریەککەوتنی کولتورەکان بکەین و چارەسەر چییە؟ بەناو پرۆسەیەکی وردی تاووتوێکردندا ڕەتدەبین.

لە ئێستای سەردەمی بە جیهانیبوندا کە پەیوەندی و کۆمۆنیکاخوون لە نێوان مرۆڤەکاندا ئاسانتر بووە، لە ووڵاتە پێشکەوتووەکاندا پایتەخت و زۆرێک لە شارەکان بوون بە شاری نێونەتەوەیی ، واتا دەیان گروپی جۆراوجۆر لە نەتەوەو ئاینزا و ئێتنیکی جیاجیا پێکەوە لە شارێکدا دەژین و ئەندازەی بەریەککەوتنیان زیاتر بووە. وێرای ئەوەی کە ئێمە لەڕێی مێدیای جۆراوجۆرەوە ، تێڤی و ئێنتەرنێت و ڕۆژنامەکانەوە، زۆر زانیاری لەبارەی یەکترییەوە دەزانین بەڵام هەموو ئەوانە ناکاتە ئەوەی لەنزیکەوە و بە واقیعی ڕووبەڕووی یەکتر ببینەوە تا تێبگەین کە چەندە کەم لە بارەی یەکتریەوە دەزانین و جیاوازییەکانمان چۆنن و چەندن و لە چ ئاستێکدان.

لەلایەکی دیکەوە ئەو ڕەوشە تازەیە واتا دیاردەی کۆچ و بەرییەککەوتنی کولتورەکان، بە دیوێکی دیکەیدا وایکردووە، کێرڤی جوڵانەوەی گرووپە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان لە هەندێک لە ووڵاتانی ئەوروپادا ڕوو لەسەر بێت، کە لە هەندێک ووڵاتاندا توانیویانە بچنە ناو پەرلەمان، بەدیاریکراوی یەکێک لە هۆکارە بەرجەستەکانی بۆ هەبوونی دیاردەی کۆچ و فرەکولتوری دەگەڕێتەوە نابێت خۆی لێ ببوێرین کە یەکێک لەو پاساوانەی کۆمەڵە یان گروپی ڕەگەزپەرەست یان میللیگەرا دروست دەکات دیاردەی دژایەتیکردنی بێگانەکانە.

**هەڵوەستە و پرسیار!**

ئێمە هەوڵ دەدەین لەو نوسینەشیکاریەدا خاڵە گرینگەکان بدۆزینەوە کە چۆن و لە چ ڕەوشێکدا بەرییەککەوتنی کولتوری ڕودەدات؟ و لە ڕاستیدا کولتور چییە؟ کولتور چ ڕۆڵێک دەگێڕێ و دەشێت کۆمەڵگایەک هەبێت بەبێ کولتور؟ یان دەکرێت ئێمەی مرۆڤ بەبێ کولتور بژین و بۆچی کولتور لەناو گروپە مرۆییەکاندا پەیدابووە؟ ئایا بەریەککەوتنی کولتورەکان دەرئەنجامی پۆزەتیڤی هەیە؟

**ڕەگی کولتور**

بەپێی میتۆدێکی زانستی ( مرۆڤ ئەڵقەیەکی گەشەسەندووی جۆرەکانە و

ئەلقەیەکی ناوەندییە لە گەشەی مەیمونەوە بۆ مرۆڤ)1 . پرسیار لە چیەتی و چۆنیەتی خۆمان وەکو مرۆڤ و ژیان ،پرسیاری بنچینەی و قوڵن و لێیانەوە مرۆڤ دەتوانێ باشتر خۆی و دنیای خۆی بناسێت، ئەگەرچی تا ئێستا مرۆڤ نەیتوانیوە وەڵامی تێروتەسەلی ئەو پرسیارە بنچینەییانە بداتەوە. پێش ئەوەی قسەیەک لەبارەی کولتور و ژیانی کولتوریەوە بێنینە سەر زمان.

(ئێمە مرۆڤەکان دەتوانین لە ڕووی دەرەکییەوە چەندین ڕووکاری جیاجیامان هەبێت ، هەندێک ڕەشین، هەندێک سپین، بۆرن یان زەردن، هەندێک کورتەباڵان، هەندێکی دیکە باڵا بەرز یان مامناوەندین، هەندێک قەڵەوو هەندێک لاوازن. بیروڕاو هەڵوێست و هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆرمان هەن بەڵام وێڕای هەموو ئەو جیاوازییانەش هەمومان پێکهاتەی یەک جۆرین)2

هەموو هەستەوەری وەکو شادومانی، غەمباری و دەردەداریمان هەیە، تەقەللای دابینکردنی پێداویستییە بایۆلۆژیەکانمان دەدەین وەکو خواردن، خواردنەوە، خەوو و سێکس، هەروەها پێداویستییە کۆمەڵایەتیەکانمان بەهەند وەردەگرین وەکو ئاسایش و دڵنیایی و هاوبەشییێتی، ئەوە وایکردووە ئێمەی مرۆڤەکان ببینە بوونەوەری کولتوری، واتا کولتور لەو پرۆسەی ململانێیەدا سەرهەڵدەدات کە هەریەکە بە شیوازی تایبەتی خۆی تەعبیر لە دونیای خۆی دەکات و هەوڵی دابینکردنی پێداویستیە بایەلۆژی و سۆسیۆلۆگی و ڕۆحییەکانی خۆی دەدات. بەڵام مەحکومین بەوەی زیاتر واوەتر بڕۆین و ووردتربینەوە و لەبارەی کولتورەوە بپرسین!

کولتور چییە؟

زۆربـەی شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی پێیانوایە کە کولتور بەتەنیا یەک پیناسەی دیاریکراوی نییە! لەبەرئەوە دەکرێت بە چەندین ئاراستەی جۆراوجۆر شیکاری بۆ بکرێت. ووشەکە (کولتور) لە زمانی لاتینیەوە دێت و واتای چاندن دەگەیەنێت، کەواتە دەشێت ئاماژە بکەین بە هەموو ئەو داهێنانانەی کە کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بونیادی دەنێن، بۆ وێنە "داب و نەریت، زمان، ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەکان، ئاین و یاسا تایبەتی و گشتییەکان. هەروەها هەموو ئەو نەخشە جیاواز جیاوازانەی کە بە باش یان خراپ، جوان یان زشت، هەڵە یان ڕاست دەستنیشان کراون. هەڵبەتە نرخاندنە کولتورییەکان



بەپێی دەورانی جوداجودا و کولتوری جوداجودا و گۆڕانی بەسەردا دێت و هەرئەوەشە وایکردوە جیاوازی کولتورەکان زیاتر بەرجەستە بێت.

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەیان تێگەیشتنی جودا جودا هەن لەمەڕ ووشەی کولتور، کە بەرجەستەرینیان لەلایەن ئێدوارد تیلور" ە کە یەکەمین زانای زانستی مرۆڤناسییە (ئەنترۆپۆلۆژی) ئەو پێیوایە هەرشتێک کە پەیوەستە بە داهێنانی مرۆڤەوە بریتیە لە کولتور، لەوانە زانست، بیروباوەڕ، هاوکێشەکان، نەریت، زمان. واتا کەم و زۆر هەرچی دەچێتە ناو خانەی فەرهەنگی ژیانی مرۆڤەوە.

ساتەوەختی پێککەیشتنی کولتورەکان، ساتی بە ڕۆشنی دەرکەوتنی جیاوازیەکانە، بۆ وێنە ئەو کۆچبەرانەی ڕوودەکەنە وڵاتانی تازەی وەکو ئەمریکا، کەنەدا، ئەوروپا ...هتد، لە دەستپێکدا توشی هەڵوەستەی ڕاچڵەکێنەر دەبن، کاتێک دەبینن کولتوری دەربڕین، خۆنواندن، سیمبۆڵ و نرخاندنەکانیان لەگەڵ کولتوری وڵاتی خانەخوێدا چەندە لێک دورن. هەندێک پێیانوایە ئەو جیاوازیانە لاوەکین و جێگای بەهەند وەرگرتن نین، بەڵام ئێمە وایدەبینین کە ئەو جیاوازیانە پانتاییە گرنگەکانی ناو ناواخنی مرۆڤ و گروپەکانن. چۆن دەبوو ئەگەر هەموو دانیشتوانی جیهان لە هەموو ڕوویەکەوە وەکویەک بایەن؟! ئایا ناوازەیی مرۆڤایەتی بە جیاوازییەکانەوە نییە؟

ڕیچارد دی لویس لە کتێبی "کاتێک کولتورەکان بەریەککدەکەون" (3) کەمێک ورد دەپەرژێتە سەر بەراوردکردنی کولتورەکان و بەوە لێکتریان هەڵاوێرد دەکات کە لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیدا جیاوازن، بۆ وێنە یابانییەکان کاتێک سڵاو لەیەکتری دەکەن، دەست بەرزناکەنەوە بەڵکو ڕووبە یەکتری کەمێک خۆیان دەچەمێننەوە. گریکیەکان چاودەبڕنە ناو چاوت لەکاتی گفتوگۆدا و کاتێکیش کە دەیانەوێ بڵێن نا، سەریان بادەدەن، فەڕەنسیەکان قاپەکانیان بە لەتەنان پاک دەکەنەوە و ئینگلیزەکانیش حەز لە یاری گۆلف دەکەن لە دەمی بارانبارێندا!

هەریەک لە ئێمە لەناو کولتوری خۆماندا گەورە بوین و بە یەقینەوە پەسەندی دەکەین، پێمانوایە هەرچی ڕاستییە لە کولتوری ئێمەدا کۆبۆتەوە و ئاست و ستاتوسی کولتورەکانی دیکە ناگەنە ئاستی کولتوری ئێمە و شایانی

بەراوردکردنیش نین! بێ گومان ئەو دیدگایە یەکەم لە خۆپەرستییەوە دێت ، دووهەم لە بێ ئاگایی و بێ زانیارییەوە!

( ئەندامانی گروپە کولتوریەکان بە زۆری بێ ئاگان لەمەڕ کولتوری خۆیان، هەموو جیهان لە جیهانی بچکۆلانەی دەوروبـەری خۆیاندا دەبیننەوە تا ئەوساتەی ژینگەی جیهانە بچکۆلانەکەیان دەگۆڕن، ئەوسا بەئاگا دێنەوە) "تێد گولدبێری (4).

کولتور کاریگەری هەیە لەسەر هەڵسوکەوتی تاکەکان، ئاراستەکردنی چۆنییەتی جوڵانەوە لەگەڵ ئەوانیتردا، چۆنییەتی خۆدەربڕین و خۆ نواندن پەیوەندیەکی توند و ئەبەدییان بە کولتورەوە هەیە! سۆسیۆلۆژی بەریتانی " ئەنتۆنی گیدێنس" لە کتێبی " ڕێگای سێیەم، بۆ نوێکردنەوەی سۆسیال دیمۆکراسی " ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ کۆمەڵگایەک بوونی نابێت بەبێ کولتور، بێ کولتور مرۆڤەکان خاڵی دەبوین لە هەستی مرۆڤایەتی ، بە پێچەوانەوە کولتور بۆتە هۆی پەیدابوونی زمان کە لەڕێگەیەوە تاکەکان دەتوانن هەستی خۆیان بەیانبکەن و بیربکەنەوە" (5 ) لەلایەکی دیکەوە" ئەننێ شارلۆتە" لێکۆڵەری سویدی، زیاتر جەخت لەسەر زەرورەتی هەبونی کولتور بۆ کۆمەڵگا دەکاتەوە تا ڕادەیەک کە دەڵێ ( کولتور بۆ کۆمەڵگا وەکو خوێن وایە بۆ لەشی مرۆڤ) لێرەدا دەکرێ بە دیوێکی دیکەدا ڕەوشەکە ببینین و بڵێین بەبێ بوونی کۆمەڵگاش کولتور بوونی نابێت، واتا کولتور و مرۆڤ و کۆمەڵگا سییانەی پێکهێنەری هاوکێشەی ژیانن!

زۆر جار کولتور گرێدەدرێتەوە بەو وڵاتەوە کە تاک تێیدا دەژیت بەڵام ئەوە هەڵەیە! بەتایبەتی لەبارەی گروپی کۆچبەران بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو. تاکەکانی کۆمەڵگایەک دەکرێت سەر بە چەندین کولتوری جیاجیای ناو کۆمەڵگاکەی خۆیان بن، وێڕای فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێ پۆڵێنکارییەک بکەین لە نێوان کولتوری شارنشینی و گوندنشینی، کولتوری هەژاران و کولتوری دەوڵەمەندان یاخود لە نێوان خاوەن بڕوانامە و بێ بڕوانامەکان یان نەخوێندەوارراندا! بە واتایەکی دیکە تاکێک نابێتە نمونەی کۆ، دەکرێت سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگایەک بە هەندێک تایبەتمەندی هاوشێوە بناسرێنەوە بەڵام ئەوە پێوانەیەکی تێروتەسەل نییە! هەر تاکێک خاوەنی پلەی کۆمەڵایەتی خۆیەتی و



ئەو پلەیەش شوێنگە کولتورییەکەی دیاریدەکات!

گۆڕانی کولتور

کولتور گۆڕانی بەسەردا دێت پێ بە پێی قۆناغە جوداجوداکان! بە واتایەکیتر پرۆسەی گۆڕان دەئاڵێتە سەرجەم دیاردە کولتوری و ناکولتورییەکان وەک سروشتێکی جێکەوتەی بەردەوام. گۆڕانی کولتوری بەندە بە گۆڕانی بەردەوامی پێگەی ژیان و جیهان، لەو سەروبەندەشدا کولتورە کراوەکان زیاتر ئامادەگی ئەو پرۆسەیەیان تێدایە.

لە جیهانی ئێستادا کە تێکنیک و شۆڕشی زانیارییەکان کردویانە بە گوندێکی بچوک و تێیدا پەیوەندییەکان (کۆمۆنیکاخون) ئاسانتر بوونەوە، پێکگەیشتنی کولتورەکان و وەرگرتنی کاریگەری لێکتری زیاتر بووە، بۆیە لەو ژینگە تازەیەدا ڕووبەری گۆڕانکاری کولتوری بەرفراوانترە. لە ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە گرووپ گروپی خەڵکی هەبوون کە هەریەکەیان خاوەنی کولتوری تایبەتی خۆیان بوون و بەپێی ترادیخونی کولتوری خۆیان ژیاون بەڵام بەشی زۆریـان بە پرۆسەی ڕیفۆرمی گۆڕانکاری دا تێپەڕیون کەئەوەش بۆتە هۆی لەبەینچوون یان توانەوە و جێگرتنیان لەناو گروپی کولتوری دیکەدا.

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە سەفەری کەلتورەکان بکەین کە لە دوتوێی وەرگرتن و پێداندا خۆی دەبینێتەوە لە نێو گرووپ و کۆمەڵگا جیاواز جیاوازەکانی جیهان، بۆ وێنە قاوەو قاوەخواردنەوە لە ئەفریقاوە سەفەری کردووە بۆ هەموو جیهان، مێز کەلە جیهاندا لە سەرجەم ماڵ و فەرمانگەو...هتد، بەکاردێت بۆ یەکەمین جار چینیەکان دایانهێناوە، خواردەمەنی وەکو پاستا و پیتزا لە ئیتالیاوە سەفەریان کردوە بۆ دونیا و سوشیش لە یابانەوە! بەدەر لە هەموو ئەوانەش سەفەری نوێگەری کە سەرچاوەکەی لە خۆرئاواوە توانیویەتی سەرجەم جیهان ببزوێنێت و لەگەڵ خۆیدا بەهاکانی کولتوری کۆمەڵگای پیشەسازی پەخشبکات.

ئەگەر ورد سەرنج بدەین دەبینین بە بەراورد بە سەد ساڵی پێشوو، کولتوری کۆمەڵگاکانی جیهان بەگشتی و کولتوری یەکە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگاکان بەتایبەتی گۆڕانی دیاریان بەسەر هاتووە، بۆنمونە کولتوری پاشایەتی و شێوازو ستیلی ژیانی خانەوادەی پاشاکان کە خۆیان لە تەواوی گروپەکانی کۆمەڵگا جیادەکردەوەو تاڕادەیەک خۆیان وەکو خودا و نوێنەری خودا دەبینی و باقی

کۆمەڵگاش وەکو کۆیلەو خزمەتکار. بەڵام ئەو چەند دەیەی ڕابردوو نیشانیدا کە چەندە کولتور ونەریتی پاشایەتی خانەوادەی پاشاکانیش گۆڕاوە، شازادەکان لەگەڵ خەڵکی ئاسایدا تێکەڵاو دەبن و هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن، بۆ وێنە شازادەی بەریتانی شازادە دیانا لەگەڵ محمدی کوڕە بازرگانێکی بە ڕەگەز عەرەب و ڤیکتۆریای کچە شازادەی سویدی لەگەڵ دانیال و کوڕە شازادەی دانمارک لەگەڵ کچە کارگەرێکی قاوەخانەیەکی ئوستوڕالیا.

دەبێ بگوترێت کە فراوان بوونی مەرزەکانی ئازادی و کرانەوە کە زادەی هەیمەنەی کولتوری کۆمەڵگای پیشەسازییە، ڕەنگی داوەتەوە لەسەر کرانەوەی کولتورەکانیش. کولتور ناسنامەی گروپە کۆمەڵایەتیەکانەو هەمیشە گروپەکان ویستویانە لەڕێی کولتورەکانیانەوە تایبەتمەندی و واتا گشتی و تایبەتیەکانی خۆیان نیشانی دەرەوەی خۆیان بدەن، کەواتە کولتور وەکو ناسنامە دەلیلی بوون و تەواجوداتی گروپە کولتوریە کۆمەڵایەتیەکان بووە.

هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی بە دۆڕاندنی کولتورەکەی لە ناودەچێت وەک چۆن بە لەناوچوونی گروپەکە کەلتورەکەش لەناودەچێت! دەکرێ دۆڕاندن و لەناوچوونی کولتوری گروپێکی کۆمەڵایەتی بچوک یان گەورە، بۆ کۆمەڵێک فاکتۆری کۆمەڵایەتی، سیاسی، سروشتی ..هتد بگەڕێتەوە، لەوانە:

–1 دیاردەی شەڕو پەلاماردان کاتێک گروپێک دووچاری ڕاوەدونان و کۆمەڵکوژی دەبێتەوە، مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە نموونەی دیار.

2ـ کارەساتە سروشتیەکان ڕۆڵێکی ترسناکیان بینیوە لە پەرتەوازە کردن و دوچاری کۆچبەری کردنی گروپێک، دانیشتوانی ناوچەیەک. هەڵبەتە سروشت نەخشی کاریگەری هەیە بەسەر دروست بوونی کولتورەوە، کاتێک گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە مەڵبەندێکی سروشتی دیاریکراوەوە کۆچ دەکەن بۆ مەڵبەندێکی سروشتی دیکە ، کولتورەکەشیان دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانکاریی ڕیشەییەوە.

–3 هاوکێشەی زۆرینەو کەمینەی گروپەکان لەناو سنوری یەک کۆمەڵگا یان وڵاتێکی دیاریکراودا. هەمیشە ململانێیەکی بەردەوام هەیە لەنێوان کولتوری کەمینە وکولتوری زۆرینە. کولتوری کەمینە هەوڵ دەدات زیندوو بمێنێتەوە و لەناو کولتوری زۆرینەدا نەتوێتەوە بەڵام زۆرجار هەیە کولتوری سەر بە کەمینە



ماندوو دەبێت لە تەقەللا و دواجار دووچاری نەمان دێت و لەناو کولتوری زۆرینەدا دەتوێتەوە. ( ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان پلانی هەرە گەورەیان بۆ لەناونردنی کورد لە ڕێی لەناوبردنی کولتورەوە بووە، زمان کۆڵەکە هەرە گرنگەکەیە کە ئەوان زۆر بە جددی کاریان لەسەر کردووە)

**پێککەیشتنی کولتورەکان**

دیاردەی کۆچبەری کە بە درێژایی مێژوو هەبووە و فاکتۆرێکی بنەڕەتی پێککەیشتنی کولتورە جیاواز جیاواز و دوورەکانە! کتێبە ئاسمانییەکان " قورئان، تەوڕات، ئینجیل، باسی دەرکرانی ئادەم و حەوا دەکەن لە بەهەشتەوە بۆ سەر ڕووی زەمین و دەکرێ ئەوە بە یەکەمین کۆچبەری ناودێر بکەین، کە لە هاوکێشەی هەڵە و سزاوە سەرچاوەی گرتووە. ئەگەرچی کۆچبەری هەنگاوی چارەنوسێکی نادیارە بەڵام مرۆڤ بۆ خۆدەرباز کردن لە جەنگ و برسییەتی وستەم و کارەساتە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان وەک دوا ڕێگاچارە هەڵیبژاردووە، واتا کۆچبەری تەیکردنی دنیایە بەدوای ئازادی و دڵنیایی و ژیانی ئاشتیانەدا ئەگەرچی بەدیهاتنی ئەو خواستە بە گیرسانەوە بێت لە پانتاییەکی دیکەی ئەو سەر ڕووی زەمینە و لەناو کۆمەڵگە و خەڵکانێکدا کە لە ڕووی کولتورییەوە جیاوازن.

بەڵام پێککەیشتنی کولتوری تەنیا لە ئەنجامی دیاردەی کۆچبەرییەوە ڕوونادات بەڵکو (وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا ) دەکرێ لەناو یەک شار، وڵات، کۆمەڵگادا چەندین گروپی کولتوری جیاجیا هەبن کە هەریەکەیان دانیشتوانی ڕەسەنی کۆمەڵگاکە بن و بە ڕوونیش جیاوازییەکان یەکتری ببینن. هیچ وڵاتێک یان کۆمەڵگایەکی یەک کولتوری لە دنیادا نییە بە پێچەوانەشەوە وڵاتانێکی وەکو ئەمریکا، کانەدا، ئوستوڕالیا لە پرۆسەی کۆچبەریدا دروست بوون و سەرتاپایان لە خەڵکانێک پێکدێت کە خاوەنی کولتوری جۆربەجۆرن.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کاتیک مرۆڤ پێ دەنێتە پایتەخت و شارە گەورەکانی سەرجەم وولاتانی ئەوروپا بۆ نمونە، بە ئاشکرا هەست دەکات شارەکان شاری نێونەتەوەیین. بەسەر شەقامەکاندا هەموو تەرزە مرۆڤێک دەبینی کە ئەسڵیان دەگەڕێتەوە بۆ دەیان و سەدان وولاتی جیهان، سپی، ڕەش، سورپێست، بالابەرز و بالا کورت و مامناوەندی کە بە دەیان زمانی جۆراوجۆر قسە دەکەن

و هەمووشیان خۆیان بە هاوولاتی شارەکە دەزانن . لە شوێنی کار، لە دەمی سەرگەرمی و لەدەرەوە لەگەڵ یەکتریدا لە پەیوەندیدان. هەموو ئەوانە وڵات و ماڵ و نزیکەکانی خۆیان دەشێ جێهێشتبێت بەڵام کولتورەکەیان جێنەهێشتووە، لەگەڵ خۆیاندا هێناویانە و لە قولاییەکانی خۆیاندا هەڵیان گرتووە.

**بەریەککەوتنی کولتورەکان**

بەریەککەوتنی کولتورەکان دوای پێکگەیشتنی کولتورەکان دێت! کە لە دەرەنجامی خراپ لێکتێگەیشتن یان ڕەتکردنەوەی جیهانبینی یەکتریەوە ڕوودەدات. جیهانبینی لە کولتورەوە سەرچاوە دەگرێت، کەواتە ئەوە کولتورە تاک و گروپ ئاراستە دەکات کە بینینیان چۆن بێت بۆ خۆیان و بۆ دەرەوەی خۆیان و لەوسەربەندەشدا بەریەککەوتنی کولتورەکان دەبێتە دیفاکتۆیەک. هەڵبەتە ئەو بەریەککەوتنە تاک و گروپەکان بەئاگا دێنێت لە ئەندازەی لێکچوون و جیاوازییەکانیان.

کەمجار هەیە کە باسی جیاوازی و جیهانبینی بکرێت، بە ناچاری دونیا دابەش نەکەین بەسەر دووانەی جیهانی پێشکەوتوو لەلایەک و جیهانی دەرەوەی ئەو جیهانە کە بە جیهانی پاشکەوتوو یان (بە دەربڕینە سیاسیەکەی) جیهانی سێهەم ناوزەد کراوە لە لایەکییتر. بە واتایەکی دیکە جیهانی مۆدێرن و جیهانی کۆنسێرڤاتڤ. کە بۆ زوربەی پێکهێنەرەکانی ژیان و جیهان بینینی ناکۆکیان هەیە ئەو ناکۆکیانە تا ئەمرۆی جیهانی کلۆبالیشدا بەردەوامە.

لیرەدا بۆ ڕوونتر بینینی ڕەگەزە بونیادییەکانی دیاردەی بەریەککەوتنی کولتورەکان دەمانەوێ هەڵوەستەیەکی سەرەکی لەسەر جیهانبینی ئەو گروپە کولتوریانە بکەین کە بە پرۆسەی کۆچبەریدا تێپەڕیون و لە دەرەوەی جیهانی پێشکەوتووەوە هاتون و لە جیهانی پێشکەوتوو گیرساونەتەوە و بەشی شێری سەرهەڵدانی دیاردەکە واتا بەریەککەوتنی کولتورەکانیان بەردەکەوێت. چونکە ئەو گروپانە لە ساتەوەختی گۆڕانکارییە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئامادەگیان نەبووە کە کۆمەڵگایی خانەخوێ پێیدا تێپەڕیوە بۆیە قبوڵکردن یان هەرسکردنی ئەوەی لە ناکاو پەیدادەبێ و ڕووبەڕوو دەبێتەوە قورسترە تا ئەوەی بەرپەرچی بدرێتەوە.

ئەگەر بمانەوێ خەسڵەت بدەینە کولتورەکان دەتوانین بە دوو شێوە بیانناسینەوە،



ئەویش کولتورە کراوەو کولتورە داخراوەکانن. کولتورە داخراوەکان هەمیشە لەبەردەم نوێگەری و دنیای نوێدا داخراوتر دەبن و لەبری گۆڕانکاری و وەرگرتن، دەچنە سەنگەری بەرگری و ڕەتکردنەوەوە. بەڵام کولتورە کراوە یان تاڕاددەیەک کراوەکان لەبەردەم دنیای نوێدا ترسنۆک نین، بۆ هەڵسەنگاندن و ئاڵوگۆڕی دید و بینین هەنگاو دەنێنە پێشەوە و باش وەک باش و خراپ وەک خراپ هەڵاوێرد دەکەن و دەبینن. واتا کولتوری کراوە زۆر زووتر دەچێتە ناو پرۆسەی هاوگونجییەوە. بەپێچەوانەشەوە کولتوری داخراو هەردەم لە جوغزی خۆیدا و لە حاڵەتی بەرگریدا لە پەڕاوێزدا دەمێنێتەوە، چونکە سروشتی داخراوییەکەی وایلێدەکات کردەی تەماس یاخود پەیوەستبوونی بە ئەوانی دیکەوە سەخت بێت و ڕۆڵێکی ئەکتیڤی سەردەمیانەی نەبێت کە بکۆشێ لانیکەم خۆی لە بە پەڕاوێز بوون دەرباز بکات.

یەکێک لە سەرەکیترین فاکتۆرەکانی داخراوێتی کولتورێک، کاریگەری دینە بەسەریدا. دین یەکێکە لە کۆڵەکەکانی کولتور بەڵام ئاستی کاریگەری دینەکان بەسەر کولتورەکانیانەوە جیاوازە. جاروبار هەندێک گروپی کۆمەڵایەتی پەیدا بوون یان پەیدا دەبن کە سەرلەبەری کولتورەکەیان بریتییە لە ترادیخونی دینی. بەپێچەوانەشەوە لە هەندێک گروپی دیکەدا دین کاریگەریەکی پەڕاوێزی هەیە یاخود هەر نیەتی، ئەوە جگە لە هەبوونی چەندان گروپی ئەنتی دینی. ئەگەر ئاماژە بە هەندێک یەکەی بابەتی بەرچاو بکەین کە تێیاندا بەریەککەوتنە کولتوریەکان ڕوودەدات، ئەوا باشتر دەتوانین لە دیاردەی بەریەککەوتنی کولتوری بگەین. لەسەرەتادا دەبێ ڕۆڵی زمان ببینین کە ئامرازێکی بنەڕەتی کۆمۆنیکاخون و پێکگەیشتنی کولتورە جیاجیاکانە.

ئێمە لەسەرەوە پێمان وابو کە بە شێوەیەکی سروشتی دوای پێککەیشتنی کولتورەکان خۆبەخۆ بەریەککەوتنی کولتوری ڕوودەدات لە ئەنجامی تەرز و جیهانبینی جیاوازدا، بەڵام لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین بەبێ ئەو پرۆسەی پێکگەیشتنەش دیاردەی بەریەککەوتنەکە هەر ڕوودەدات. واتا دیاردەکە بە دوو حالەت ڕوودەدات حاڵەتی یەکەم ئاگایانەیە و حالەتی دووهەم نائاگایانەیە. ئەگەر بەریەککەوتنەکە بە ڕێڕەوی سروشتی خۆیدا بڕوات و لەئەنجامی گفتوگۆ و جیهانبینی جیاوازەوە بێتەدی ئەوا حاڵەتێکی ئاگایانەی

هەیە بەڵام حاڵەتە نائاگاییەکە بۆشایی یان نائامادەگی زمان دروستی دەکات. واتا ئەگەر لە نێوان دوولایەندا گفتوگۆ روویەدا ئەوا پێکگەیشتن هەنگاوێکی حەتمییە و بە ئیحتیمالی زۆر هەر لایە بەگوێرەی فانتاسیا و بازنەی خەیاڵی خۆی وێنەیەک بۆ بەرامبەرەکەی دەکێشێتەوە بەبێ ئەوەی ئەو وێنەیە سەد دەر سەد وێنەی ڕاستەقینەی بەرامبەر بێت.

گروپی کۆچبەران یاخود بیانیان زوربەیان لە تەمەنی گەورەیدا هاتون بۆ ولاتی دووەم، بۆیە هەم فێربونی زمان زۆر سەختە بۆیان و هەم پێکهێنانی ئالوگۆڕیش لە کولتوری تاکەکەسییاندا ، لەبەرئەوە ئەو دەستەیە دەکەونە دەرەوەی بازنەی کۆمۆنیکاخوونەوە و بە زەحمەت دەتوانن هەنگاوی خوێندن و کار و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی دروست بکەن، لە پەراوێزدا دەمێننەوە و وەکو دەستەیەکی نائەکتیڤ وبێ ڕۆڵ و سەربار تەماشا دەکرێن. ئەوە لە حالێکدا لە هەمان دەستەدا چەندان بابا و کاراکتەری وا هەن کە بە شێوەیەکی سروشتی و ڕەوان بە پرۆسەی هاوگونجیدا تێپەڕیون، واتا خوێندویانە و زمان فێربوون و لە زانکۆ و خوێندنگاکاندا بەڵگەنامەیان بەدەستهێناوە و توانیویانە هاوشانی هاولاتیانی ئەکتیڤ و ڕەسەنی ولاتی خانەخوێ ڕۆڵی پۆزەتیڤ بگێڕن، لە دام ودەزگا مەدەنی و حکومیەکاندا، ڕێکخراوەکان و بازاڕ و پەرلەمانەکاندا جێگای خۆیان بگرن. بەڵام پرسیاری هەرە هەستیار ( کە گەڕان بەدوای وەڵامەکەیدا ئەرکی ئەم نوسینە شیکارییە نییە) لەسەر ئەو دەستەی دووهەمە ئەوەیە کە ئایا ئەوانە هیچ هاوپەیوەستیەکیان بە کولتوری خۆیانەوە ماوە؟ ئایا پرۆسەی هاوگونجی داینەماڵیون لە کولتوری خۆیان، یان ئایا ئەوان نوێنەرایەتی ئەو ئاستە لە کولتوری خۆیان دەکەن لە دەستگا جیاواز جیاوازەکاندا ؟

سیستەم وشێوازی دەوڵەتداری یەکێکە لەو بابەتانەی دەکرێت خۆی لێ غافڵ نەکەین و لە چاوی کولتورە جیاجیاکانەوە ببینین، بەتایبەتیش لە چاوی ئەو بیانیانەوە کە لە وڵاتەکانی جیهانی سێهەمەوە بە ڕێی کۆچبەریدا هاتوون، واتا ئەزمونی تاڵ و ترسناکیان لەگەڵ دیکتاتۆریەتدا هەیە و تاڕاددەیەک لە وڵاتی دووهەمیشدا جۆرێک لە ترس و سڵەمینەوە و هەڵوەستەیان پێوە دیارە لەبەرامبەر پۆلیس و دەزگاکانی حکومەتدا. لە وڵاتانی دیموکراتیدا حکومەت و پۆلیسی وڵات کار دەکەن لەپێناو ئارامی و ڕێکخستنی کۆمەڵگادا



بەپێچەوانەی پۆلیس و حکومەتی وڵاتە دیکتاتۆرەکان کە قودرەتی خۆیان بۆ ستەم وداپڵۆسینی هاوڵاتیان بەکاردێنن. بیرەوەریە تاڵەکانی ڕابوردووی بیانیان تاڕاددەیەک ڕێگرن لە وەی بیانی هەنگاو بنێت بۆ ئەزمونی تازە لەگەڵ دەزگای حکومەت و پۆلیسدا و هەر ئەوەشە وادەکات بیانیان کەمتر کێشەو گرفتەکانیان بەرنە بەردەم یاسا و پۆلیسی لێ بە ئاگا بکەنەوە.

دەکرێ ئەو حاڵەتە تایبەتییە ناوبنێین " زیهنیەتی ترساو" کە وایکردوە بیانیان لە ڕاستایی بەدەستهێنانی مافەکانیاندا تەنانەت کەمتر باوەڕیان بە خەباتی دیموکراتی و شارستانیانە هەبێت لە شێوەی خۆپیشاندان و مانگرتن و ....هتد، لە هەڵبژاردنەکاندا ناوچە بیانی نشینەکان کەمترین ڕێژەی دەنگدانی تێدا ڕوودەدات. ئەوەش وا لە گروپە کولتورییە خانەخوێکان دەکات کە گروپە بیانیەکان بەوە پێناسە بکەن کە کولتورێکی کێویلەی یاخی و ناشارستانیان هەیە کە نامۆن بە سیستەمی شارستانی و مۆدێرن و شێوەیەک لە بیرۆکراس ~ دیمۆکراسی و ڕانەهاتوون لەگەڵ مافە سەرەتایی و گشتییەکانی هاووڵاتی بوندا.

ئەوەی دەبێتە جێگای سەرنجی گروپە کۆمەڵایەتییە کولتورییەکانی کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان و گروپە کولتورییە بیانییەکانی پێ سەرکۆنە دەکرێت، دەستگرتن و سەرگەرمی کولتوری بیانییەکانە بە کۆمەڵێک بەهای (بەناو باڵای) کۆمەڵایەتی کە لەلای گروپە کولتورییە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتی خانەخوێ هیچ بەهایەکیان نییە یان ئاستی بەهای بەهاکان جیاوازن.

بۆ نمونە بەهای شەرەف کە لەناو هەموو گروپە کولتورییەکانی جیهاندا بەها و قورسایی خۆی هەیە، لە هەمان کاتیشدا هەریەکەش لەو گروپانە پێوانەی جیاواز و تایبەتی خۆیان هەیە بۆی. شەرەف وەکو یەکەیەکی پیرۆز پێکدێت لە کۆمەڵێک دیدگا و هەڵسەنگاندن، ئامانجی ڕاگرتن و هێشتنەوەی بەهای نەریت و هەڵسەنگاندنە ئێستاییەکانی کۆمەڵە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، کە ئاشکرایە بەپێی کات و سەردەمە جیاجیاکان گۆڕانی بەسەردا دێت. هەڵبەتە گروپە کولتورییە تەقلیدی و کۆنسێرڤاتیڤەکان، پێوانەی کۆنسێرڤاتیڤانەشیان هەیە بۆ بەهای یەکەی شەرەف! زوربەی زۆری گروپە بیانیەکان کولتورەکەیان شەرەف لە ناو بازنەی جەستەدا، بە تایبەتیش جەستەی ژن دا دەبینێتەوە

بە پلەی یەکەم، پاک مانەوەی جەستە بەوەی بەر جەستەیەکی تر نەکەوێت لە دەرەوەی یاسا ونەریتی کولتوری، پێوانەیە بۆ شەرەف و شەرەفپارێزی، بەپێچەوانەشەوە بێدەربەستی بەرامبەر بە جەستە و شکاندنی شەرەف لەلایەن هەر تاکێکەوە دەبێتە مایەی پەراوێزکەوتنەوەی ئەو تاکە لەدەرەوەی گروپ و وەک بەهایەکی شکاو وکەمبایەخ تەماشا دەکرێت لەلایەن گروپ و کۆمەڵەوە چونکە لەو گروپانەدا تاک بەستراوەتەوە بە کۆوە، واتا شەرەفی تاک شەرەفی کۆشە. (کوشتن بە بەهانەی شەرەف لە وڵاتانی ئەوروپادا لەلایەن بیانیەکانەوە بۆتە دیاردەیەکی ئاشنا و بەرچاو کە لەهەر ئان و ساتێکدا بۆی هەیە ڕووبدات ) شەرەف لەلای گروپە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان مانا و مەغزایەکی دیکەی هەیە و کۆنابێتەوە لە چەقی جەستەدا و جەستە بەو ئەندازەیە نەخراوەتە ئەودیو سنوری تابۆ و پیرۆزییەوە کە تەنانەت قسە لەسەر کردنیشی یاساخ بێت! بەڵکو هەر تاکێک لەناو ئەو گروپە کولتوریانەدا، ئازادی و سەربەستی تەواوی خۆی هەیە و لەو چوارچێوەیەشدا جەستە موڵکی تاک خۆیەتی و هیچ پەیوەندیەکی بە گروپەوە نییە، بۆیە پێناسەی یەکەی شەرەف چڕ دەبێتەوە لە ڕاستگۆیی و سەرڕاستی و ڕێزگرتنی بەرامبەر و پابەندبوون بە یاسا و لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە کارکردن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و گیانی مرۆڤدۆستی و یارمەتییە.

ژن و جەستەی ژن لە هـەردوو بەری کولتورە ڕۆژهەڵاتییەکان و کولتورە ڕۆژئاواییەکان جێگای سەرنجی ڕەخنەییانەیە کە لێیەوە بەریەککەوتنی کولتوری بە زەقی نیشان دەدات. هەردوولا ژن بە چەوساوەو مەزلوم دەبینن و تەقەللای ڕزگار کردنی دەدەن. گروپە کولتوریە ڕۆژهەڵاتیەکان ئازادی تاک و ئازادی ڕەها باش نابینن و پێیان وایە لە ڕۆژئاوادا ژن وەک سیمبۆلی سێکس لە ڕیکلام و کۆمەڵێک پرۆژەی بازرگانی و هونەریدا بەکاردەهێنرێت، داماڵینی ژن لە جلوبەرگ لە ڕێی هاندان و پەسەندی پیاوەوەیە و ئامانج تێیدا لەززەتبردنە لە ژن تەنیا وەکو جەستە و ئەوەش سوکایەتی پێکردنە و کاڵکردنەوەی سیحری پیرۆزییەتی و ونکردنی ڕۆحی ژنە. وایدەبینن کە ژنان لە ڕۆژئاوادا بوکەڵەیەکن بە دەست پیاوانەوە و بەشێوەی سروشتی ناتوانن ژیانێکی خێزانی مەحکەم لەگەڵ تاقە یەک پیاودا پێکەوەبنێن و وەچەو وەچەزا بخەنەوە. کە ئەوە بە



بڕوای ئێمە وێنەیەکی تەواو ڕاست و دروست نییە لەسەر ژن لە خۆرئاوادا و ئەو دیدگایە لە هەڵە دایە بەڵام وەنەبێت ڕێژەیەک لە ڕاستیشی تێدا نەبێت. هێندە هەیە ئەوەی ئەو بینینە لێڵە دەخولقێنی، بینینی تایبەتییە بۆ خودی جەستە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا.

بەپێچەوانەشەوە لە ڕۆژئاوا هەست بە زوڵم و ستەمێکی زۆر لەسەر ژنانی ڕۆژهەڵات دەکرێت لە کاتێکدا کە دەبینرێن توند توند خۆیان پێچاوەتەوە و لەناو مەقنە و حیجاب و عەبادا جوانی زولف وباڵای زرافی خۆیان شاردۆتەوە، هەموو هەڵسوکەوتو بڕیارێکیان دەبێت لەلایەن پیاوەکانیانەوە پەسەند بکرێت و بۆخۆیان خاوەنی ئیرادە و چارەنوسی ژیانی خۆیان نین و ناتوانن مومارەسەی مەیل و ئارەزووەکانی خۆیان بکەن. کارخانەی منداڵ دروستکردنن و لە ژیانێکی واقیعی ئینسانیدا ناژین، لێیان دەدرێت، دەکوژرێن، خیانەتیان لێ دەکرێت، ژنی دیکەیان بەسەر دێت کە مەجبورن قبوڵی بکەن.

بێگومان هەردوولا سەرنجەکانیان لەسەر یەکتری بەشێوەیەکی ڕێژەیی، دروستن و تاڕاددەیەک هەردولا لەناو بازنەی شێوەیەک لە ستەم و خراپ بەکارهێناندا دەخولێنەوە، بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕازیبونی هەرلایەکیان بە ڕەوشی ژیانی خۆیان و سروشتی بینینی ئەو ڕەوشە وایکردووە، هەم لەلایەک بەریەککەوتن دروست بێت، هەم لە لایەکی دیکەوە نەتوانرێت دەستنیشانی خاڵی پۆزەتیڤی ناوەند بکرێت لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەرێکی پۆزەتیڤدا. جیاوازییەکان لە زۆر ڕووەوە، وایکردوە کە گروپە کولتوریەکان بەئاسانی نەتوانن بە شێوەیەکی تێکەڵاو و لە پاڵ یەکدا بژین، تا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەزمون لە هەڵسوکەوتو شێوازی ژیانی یەکتری وەربگرن. زۆر ڕون و ئاشکرایە کە لە هەموو شارێکی جیهاندا بەشی خوارەوەو سەرەوەی شار جیاوازیان هەیە لەوەی کە لە هەریەکەیاندا گروپێکی کەلتوری کۆمەڵایەتی تێدا دەژیت کە ئاستی ژیانی ئابوری و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریان جیاوازە.

لەو وڵاتانەی کە پرۆسەی کۆچبەری ڕووی تێکردون و بیانیان توانیویانە ببنە ڕێژەیەکی بەرچاو، بە ڕوونی دەبینرێت کە بیانیان کە هەڵگری کولتوری جیاوازی خۆیانن لە دەوری یەکتری و لە ناوچەیەک یان چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا کۆبونەتەوە و خەڵکی ڕەسەنی وڵاتەکەش بەرەبەرە ئەو ناوچانەیەن چۆڵکردووە،

بەڕاددەیەک هەندێک ناوچە لە شارەکانی ئەورووپادا ڕەنگی کۆمەڵگایەکی ئەورووپی پێوە نەماوە. ئەگەرچی لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا دەزگای هاوگونجی هەیە.

بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەکو سویدا وەزارەتێک هەیە بە ناوی "وەزارەتی هاوگونجی" ساڵانە بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخان دەکرێت لە پێناوی کەمکردنەوەی جیاوازیەکان لە نێوان سەرجەم دانیشتوانی وڵاتدا و بە تایبەتیش یارمەتیدانی ماددی و مەعنەوی بۆ ڕاهێنانی بیانیانی نوێ لەگەڵ ژیانی نوێ لە وڵاتی نوێدا. بەڵام وێڕای هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانە، هەنگاوی هاوگونجی بە سستی دەچێتە پێشەوە و جیاوازیەکان کە هەوێنی بەریەککەوتنی کولتورەکانن کەمڕەنگ نابنەوە کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ قوڵایی کولتور لەناوەوەی مرۆڤەکاندا، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆششەکان بێ کاریگەرین. وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا بونی دەیان کەسی بیانی لەناو دەزگا مەدەنی و حزبی و حکومیی و پەرلەمانەکاندا سەلمێنەری نەخشی پۆزەتیڤی پرۆسەی هاوگونجین.

کۆتایی

بەدرێژایی مێژوو بەریەککەوتنی کولتوری لەناو تاک و گروپە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا هەبووە و لە داهاتوشدا هەر دەبێت! دەکرێت وای مەزەندە بکەین کە شەڕە جیاجیاکانی دونیا ، شەڕی نێوان کولتورەکان بون کە لە ئەنجامی جیاوازی تەعبیر و قەیرانی لێکتری تێنەگەیشتن بەرپا بوون، یاخود بە دیوەکەی دیکەدا لە پێناو کەشفکردنی یەکتری و خۆبەراوردکردن لەگەڵ یەکتریدا، واتا وایبینین کە دیاردەی بەرییەککەوتنی کولتورەکان گرنگی خۆی هەیە کە لە ئاشکرا بوونی جیاوازیەکاندا خۆی دەبینێتەوە، واتا ئاشکرا بوونی جیاوازییەکان، فراوان بوونی هۆشیاری و کرانەوەی کولتورەکانە بەسەر دونیایی نوێدا، بەو تێگەیشتنەی کە هەر کولتورێک دنیایەکی تایبەتییە و جیاوازە لە دونیای کولتورەکانی دیکە.

دیارە ئەوەی بۆ کۆمەڵی مرۆڤایەتی گرنگە ئەوەیە کە گروپە کۆمەڵایەتییەکان بتوانن ڕێز لە کەلتوری یەکتری بگرن، تا دەرفەت برەخسێت لەبارەی کولتوری یەکترەوە بزانن و لێکتری تێبگەن لە پێناو پێکگەیشتن لە خاڵی ناوەندا بەتایبەتیش لە سەردەمی ئێستادا کە هەموو جیهان لە شێوەی تۆڕێکی



جاڵجاڵۆکەیی بەیەکەوە بەستراوەتەوە ئەو ڕەوشەش مەحکوممان دەکات بە بەرییەککەوتن!

دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی دەسترۆیشتووی دەستواڵا دەتوانێت لەڕێی هەردوو دەزگای یاسا و مێدیاوە ئاستی بەرییەککەوتنی کولتورەکان لە کۆمەڵگادا کە دەرئەنجامی نێگەتیفی هەبێت، تا ئەندازەیەکی زۆر بێنێتە خوارێ و هەروەها لەسەر چەندین ئاست و ڕێگای جۆراوجۆریترەوە دەتوانێ وەریگێڕێتە سەر بارە پۆزەتیفەکەی و کەڵکی باشی لێوەرگرێت لە ڕووی پێشکەوتنی کولتوری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و...هتددا.

هەرچی بواری یاسایە لە ڕێی چەسپاندنی یاساکانی ڕێزگرتن لە تاک و بەرابەری سەرجەم هاوڵاتییان لەبەردەم یاسادا و یەکسانیان لە ماف و ئەرکدا ، لەسەر بنەمایەکی مرۆڤانە بەبێ لەبەر چاوگرتنی هاووڵاتی تازە و کۆن یاخود هاوڵاتی خانەخوێ و هاوڵاتی میوان یان کۆجبەر، دەتوانێت ڕۆڵێکی بنەڕەتی دیار ببینێ. کە هەڵبەتە لە زۆربەی ووڵاتانی پێشکەوتوودا ئەو لایەنە گرنگە یاساییە بە گرنگییەوە ڕەچاو کراوە و سەرجەم هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا یەکسانن لە ماف و ئەرکدا.

میدیا و هەیمەنەی میدیا ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر هەموو هاووڵاتیان بە سەرجەم گرووپە کولتورییە جیاواز جیاوازەکانەوە. بەگشتی میدیا لە یەک کاتتدا دوو ڕۆڵی سەرەکی و تەواو جیاواز لە یەکتری وازی دەکات کە بریتین لە نیشاندان و بزواندنی گرووپە کولتورییە جیاواز جیاوازەکان وەک سیاسەتی باوەڕ بوون بە فرە ڕەنگی و فرە دەنگی لە کۆمەڵگادا و لە پێناو ڕازیکردی هەمووان و نیشاندانی کۆمەڵگا وەک کۆمەڵگای هەمووان!

بەڵام لە هەمان کاتتدا نەریتی زاڵکردنی کولتوری زۆرینە یان کولتوری گرووپی سەردەست و نیشاندانی وەکو سێنتراڵ و کولتوری ڕەسەن لە ووڵاتدا کە ئەوە بۆ خۆی داینەمۆی تواندنەوەی گرووپە کولتورییەکانی دیکەیە و پرۆسەیەکە تێیدا گرووپە کولتورییەکانی دیکە خۆیان بە پەراوێز دەبینن و کاریگەری جددی دەبێت لەسەر بچوک بوونەوەیان تا ئەندازەی لەبەین چوونیان.

هەقە میدیا ئاوێنەیەک بێت کە هی هەمووان بێت، واتا هەمووان خۆی تێدا ببیننەوە و هەمووان عەکس کاتەوە. هەقە لەمەڕ زمان، لەپاڵ دیالێکتی

فەرمی وولاتدا دیالێکتی گرووپە کولتورییە جیاواز جیاوازەکانی دیکە فەرامۆش نەکرێن. لەپاڵ کارکردن لەسەر کولتوری فەرمی یاخود کولتوری زاڵ و باوی وولات و هەوڵی گشتاندنی ئەو کولتورە، دەرفەت و ئیمکانیات بۆ کولتورەکانی دیکە برەخسێندرێت تا ئەوانیش ڕۆڵی پۆزەتیڤی خۆیان بنوێنن چونکە " وەکو پێشتریش لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا " ناوازەیی و دەوڵەمەندی هەر کۆمەڵگایەک لە فرە ڕەنگی و فرە دەنگیەکەی دایە.

**سەرچاوەکان**

1- Charles Darwin- 1809-1882, brittiska naturforskare)
2-Anne Charlotte Ringqvist, människan socialt och kulturellt
3-Richard D Lewis i sin bok (När kulturer krockar)"
4- "Ted Goldberg", Samhälls problem, s 253)
5-Anthony Giddens (1998 The Third Way. The Renewal of Social Democracy.

# فۆلیتۆن

رێکخەری بەش: توانا ئەمین

# ڕۆسالی

**سەحەر ڕەسایی**

هەموو شتێکم باش لەبیرە، خەریکبووم گوڵی بالکۆنەکەی "ڕۆسالی"م ئاو ئەدا، کە هەستم بە جوڵەیەکی سەیر کرد لە سکمدا. وەک ئەوە وابوو لە شەوێکی گەرمی هاویندا لەسەر پشت پاڵکەوتبیت و بەچاوی خۆت کشانی ئەستێرەیەک ببینیت کە زۆر بە پەلە تێ ئەپەڕێت.

"ڕۆسالی" ئافرەتێکی باڵابەرزە، نزیکەی نەوەد کیلۆ ئەبێت، وەلێ سەری و دەستەکانی زۆر پچکۆلەن، هەرچی ڕووناکی و میهرەبانی ئەم دنیایەش هەیە لە چاوە پچکۆلەکانیدا کۆبۆتەوە. جاران قژی ڕۆسالی وەک قژی منداڵێکی ساوا نەرم بوو. ڕۆژانی من لای ڕۆسالی بەئاودانی گوڵە سوورەکانی بالکۆنەکەی دەست پێ دەکات، هێندە گوڵەسوورەکانی خۆشدەوێت هەر مەپرسە، تەنانەت لە دەستگیرانەکەشی نازیان زۆرتر هەڵدەگرێت. خۆی پێیووتم ئەو ڕۆژەی کە بڕیاریدا نەهێڵێت ئیتر "فیلیپ" ببینێت، دەستگیرانەکەی ڕۆسالی دراوسێیەتی، بالکۆنەکەیان بەتەنیشتی یەکترەوەیە، جاری واهەیە مەجبوورم دەکات نامەکانی بکەم بە تەیارەی بچوک بچوک و هەڵیدەمە بالکۆنەکەی فیلیپەوە، ئەوانە کارگەلێکبوون کە ڕۆسالی پێش نەخۆشیەکەی ئەیتوانی خۆی بیانکات.

ڕۆسالی مردووی خواردنی ئێرانییە، ئەو ڕۆژانەی کە دڵم زۆرخۆش بێت و مەجبورم نەکات نامە شەڕانییەکانی بکەمە تەیارە و فڕێیبدەمە بالکۆنەکەی فیلیپەوە خواردنی ئێرانی بۆ لێ ئەنێم. سوێندی خواردووە کە نابێت فیلیپ ببینێت هەتاوەکو قژی نەیەتەوە،



سەرەتا زۆر جاران فیلیپ دەهاتە بەردەرگاکە و ئەپاڕایەوە تا دەرگاکەی لێ بکەینەوە، ئەویش بەگریانەوە هاواری ئەکرد و ئەیووت، ئەی فیلیپی لە شەیتان خراپتر و لە خوا پڕ نهێنی تر بۆ گەرەکتە سەخترین و ناشیرینترین ساتەکانی ژنبوونم ببینیت، بۆ گەرەکتە بێ قژیم ببینیت، بۆ گەرەکتە لەبری جوتێ مەمک تەنها مەمکێک کە هەروەک شارێکی ڕووخاوی دوای تاڵانکردن کە تەنها ماڵێکی تیاماوە بێ دەسەڵاتی و کاولیم ببینیت. فیلیپیش هاواری ئەکرد و سەری ئەکوتا بەدەرگاکەدا، ناچار بەدەم گریانەوە ئەڕۆیشتەوە. من شاهیدی هەموو مێژووی ڕووخانی ئەو شارەبووم، باشترە بڵێم من و شتەکەی ناو سکم، من و ئەستێرە پچکۆلانەکە.

مومکین نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێک مێژووی لەدایکبوونی خۆیی بە ڕۆسالی وتبێت و ئەو لەبیری کرد بێت. ئێواران پێش تەواوبوونم لە کارەکانم داوام لێ ئەکات دەفتەرە ڕەشە پچکۆلانەکەی بکەمەوە و ژمارەی ئەو کەسانەی بۆ وەرگرم کە هاوڕێی یان خزم و کەسەکانی ڕۆسالین و ئەمڕۆ ساڵ پڕ ئەکەنەوە. جاری وا هەبووە ڕوویداوە چەند کەسێک لە هەمان ڕۆژدا لە دایکبوون، فرە لەو کەسانەی کە ڕۆسالی پیرۆزباییان لێ ئەکات خۆیان لە بیریان کردووە کە ئەمڕۆ لەدایکبوون، هەندێکیان هاوڕێی زۆر کۆنی ڕۆسالین، سەریان لەسەرە پچکۆلەکەی سوڕ ئەمێنێت کە چۆن جێگای مێژووی لەدایکبوونی هەموویانی تێدا ئەبێتەوە. ئەم ڕۆ من بۆیەکەمجار بۆم باسکرد کە دووگیانم، دەستی بە گریان کرد، بۆیەکەمجار پاش چەندین مانگ چووە بالکۆنەکەی و خۆی پیشانی فیلیپ دا، لەسەر کورسییەکەی بەرامبەرمدا دانیشتووە و پەڕە پەڕەی گوڵێکی سوور لێ دەکاتەوە و وەک جنێو بدات شتێک لە ژێر لێوی خۆیەوە ئەڵێت، بۆ دوور ئەڕوانێت و لەپڕ داوام لێ ئەکات کە پشت لە ئەو و لە گوڵەکانی و لە بەدمەستی فیلیپ و تەنهایی سنگە یەک مەمکییەکەی بکەم و بەجێی بێڵم.

ماوەی چەند هەفتەیەک ئەبێت نە نامەکانی ڕۆسالیم فڕێداوەتە بەلکۆنەکەی فیلیپەوە و نە گوێم لە ئەستێرەکەی ناو سکم گرتووە، ئاخر من ئێستا لە بیمارستانێک کارێکی تازەم وەرگرتووە، کارەکەم سەد ئەوەندەی ئاودانی گوڵەکان و لێنانی خواردنی ئێرانی و دەرگاکردنەوە لە فیلیپ قورسترە. شەوانە لای ئەو کەسانە ئەمێنمەوە کە دڵنیایین هەر ئەمشە و نەک شەوێکی تر بەجێماندێڵن.

# نەدەبوو ئەم چیرۆکە بنووسم

**ئاوات محەمەد**

**پێشکەشە بە سەبا**

نەمزانی لە بەرچی پاش ئەو هەموو دابڕانە لە چیرۆکنووسین، ئەمجارە چیرۆکی بەشێکی تری خۆمم نووسیوەوە؟! ئایا لە بەرئەوە بوو نەمزانی ئەو بەشەی من کەمن ببوومە سێبەری بۆ هەمیشە لێم ونبوو؟!.. یان .. نازانم لە بەرچی بوو ئەبێت چیرۆکی تۆ بنووسمەوە؟! چیرۆکی ئەو کاتانەی هاوسەنگییەکان تێکدەچن و تۆش ناتوانی پارسەنگیان بکەیت، هەر لە بنەمادا نەدەبوو هیچ چیرۆکێک بنووسمەوە، زۆرجار دەموت لە بەرچی چیرۆکی کەسانی تر بنووسینەوە ئایا ئەمە جۆرێک نییە لە خۆهەڵقورتان لە ژیانی ئەوانی تر، وێناکردنی ژیانێکی وەهمی نییە و ئەمەوێت درۆیەک بکەم، چەندەها ڕاستی لە پشتەوە بشارمەوە، ئەمجارەیان مەسەلە کە ئەمە نەبوو، پێچەوانەی هەموو لێکدانەوەکان بوو، نەمتوانی لەو بەشەی لێمونبوو، بێدەنگ ببم، هەموو خەتاکەش بۆ تۆ دەگەڕێتەوە، ئەوەتا ئێستا بەو پەڕی جاڕسیەوە لە ناو پاسەکەدا دانیشتوویت و سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبەکەی بەردەمتیت، من لێرەوە چاودێریت دەکەم تا بزانم کەی لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە نەعلە تییە دەبیتەوە تا یەک دوو قسەت لە گەڵ بکەم..، نەتدەزانی چی وات لێدەکات ئەو کتێبە بخوێنیتەوە، نهێنیەک هەبوو، خۆی دەبوایە ئەم کتێبە نەخوێنیتەوە، کتێبی هەموو دنیا بخوێنیتەوە، بەڵام ئەم دانەیان نا، ئەوەندە نەبوو بەشی یەکەمی کتێبەکەت تەواو کردبوو، ڕستەکان زۆر سەیر دەهاتنە بەرچاو، تەڵسەمێکی سامناک لە نێو وشەکاندا هەبوو، لە پەنجەری پاسەکەوە تەماشای



شەقامە جەنجاڵەکەت کرد، زوو گەڕایتەوە سەر کتێبەکە، نەتدەزانی ئەمە چیرۆکە یان ڕۆمان یان ڕێنیشاندەری ئایندەی خۆت، نهێنییەکان و هەموو گرێ شاراوەکان ئەیانوویست پێت بڵێن ئەمە چیرۆکی ئایندەی تۆییە، نەک هەر ئەوەندە.. بەڵکو ئەمە نهێنی ئایندەتە.. ئەو ڕۆژەی ئەم کتێبەت لە بێوەژنە جوانەکە وەرگرت، ئەو بێوەژنەی هەموو جار بەتیلە ی چاو تەماشات دەکرد و ئەویش وەک ئەوەی خۆت لێهەڵەبکات، تەماشای نەدەکردی، سەیر لەوەدا بوو زۆر بەنازەوە هاتە لات و ئەم کتێبەی دایتێ، خەریک بوو لێی وەرنەگریت، بەڵام چاوەکانی هێندە لە خشتبەر بوون نەتوانی وەرینەگریت، ئەشتزانی ئەم کتێبە ژیانت بەرەو ئاقارێکی تر دەبات، ئاقارێک لە خۆکوژییەوە یان مەرگەوە نزیکە.. ئەو بێوەژنە تاکو ئێستا سێ مێردی کردووە، هەریەکەیان بەجۆرێکی سەیر خۆیان کوشتووە، بەڵام کەس دەرکی بەنهێنی مردنی ئەو سیانە نەکردووە، واشباس دەکەن ئەوانیش پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە خۆیان کووشتووە، بەڵام خۆ تۆ مێردی ئەو نییت، مەرج نییە هەمان چارەنووسیش چاوەڕێی تۆ بکات!!!... نەدەبوو لە سەرەتاوە ئەم کتێبەی لێوەربگریت، ئێستاش تازە ناتوانیت بۆی بگەڕێنیتەوە، دەبێ تادوا پیت هەمووی بخوێنیتەوە، وەک بێوەژنەکە وتی نهێنی مردنی تێدایە، تۆش خولیات بوو بزانیت نهێنی مردن چییە...؟! بیرت کەوتەوە ئەو ڕۆژەی کتێبەکەت لە بێوەژنەکە وەرگرت کچۆڵەیەک کەتەمەنی لە یانزە ساڵان تێنەدەپەڕی، پێی وتی "تۆ بەدەستی خۆت چارەنووسی خۆت دیاریکرد، توشی عەشقێکی کوشندە دەبیت و ئەو عەشقە یان دەتکوژێت یان ... ناشتوانی لەو عەشقە خۆت ڕزگار بکەیت.. هەرگیز.. ناتوانیت"، ویستت پێی بڵێیت مناڵیکی وەک تۆ چی لە ژیان و عەشق دەزانێت، تاکو چارەنووسی ... ڕستەکەی بۆ تەواو کردیت "تۆ دیارییبکەم! بەڵێ ئەزانم چۆن بیردەکەیتەوە، ئەزانم دەتەوێت بڵێیت چی، هەر ئەمەشە وام لێدەکات بتوانم باس لە چارەنووست بکەم"، .. ئێستا لەمانای ڕستەکانی ئەو کچۆڵەیە تێگەیشتیت.. بەڵام... چەندینجار بەدوای ئەو کیژۆڵەیەدا گەڕاویت، بێهودە.. نەتدۆزییوەتەوە... سەرت بەسەر لاپەڕەی کتێبەکەدا شۆڕ کردەوە، بەوپەڕی حرسەوە دەتخوێندەوە، هێدی هێدی ڕستەکان توڕەیان دەکردیت، خەریک بوو سەری خۆت بەجامی پاسەکەدا دەکێشتا، لە بەرچی ئەبێت سبەینێی

تۆ وابێت، ئەمجارە بڕیارت دا تادوا لاپەڕە واز لە خوێندنەوەی کتێبەکە نەهێنیت.. لە تورەیدا خەریک بوو ئاگرت لە ناخی خۆت بـەردەدا، چەند لاپەڕەیەکی ترت خوێندەوە، چیدی بەرگەی ئەو ڕستە سەرشێت و ناچیزانەت نەدەگرت، کەوەک پلار تێدەگرتێت، جامی پاسەکەت کردەوە تاهێزت تێدا بوو کتێبەکەت فڕێدایە دەرەوە.. چەند جوێنێکت فڕێدا و ئاگات لە خۆ نەبوو چیت گوتبوو، بەڵام بەمۆڕەی ژنەکەی تەنیشتدا زانیت جوێنەکان تەواو ناشرین بوون.. زۆر بەناشرینی پێی وتیت ئەدەبسز.. ئەم وشەیەی تۆ هەر مانای نەبوو.. بەناو بیرکردنەوەتدا ڕۆچیوویتە خوارێ و گەیشتیتە وێستگەی دواتر، لەوێدا بیرت کەوتەوە چ گەمژەییەکت کردووە، هەستت کرد شتێکی زۆر گەورەت لێوون بـووە.. بەهەڵەداوان لە پاسەکە دابەزیت تاهێزت تێدا بوو ڕاتکرد، تاگەیشتیتە ئەو شوێنەی کتێبەکەت لێفڕێدابوو.. پیرەمێردێک لەوێدا وەستابوو.. زۆر بەهێمی وتی برا گیان هەوڵبدە زۆر تووڕە نەبیت، هەروەها بەر لە کەمێک لێرەدا ئەم کتێبەت بەجێهێشت.. ڕاچەنیت.. ئارەقێکی سارد بەجەستەتدا هاتە خوارێ.. پرسیت من!! وتی بەڵێ تۆ، بەر لەماوەیەکی کەم لەو پیاوە پاکەتێک جگەرەت کڕی و ئەم کتێبەت لێجێما، دڵنیا بووم کەهەر دەگەڕیتەوە بۆ وەرگرتنەوەی، چونکە کەس نییە چارەنووسی خۆی بەو شێوە ئاسانە لە جێگایەک بەجێبهێڵێت و فەرامۆشی بکات، ئەشزانم تەنها چل لاپەڕەت لێخوێندووەتەوە، چونکە چیرۆکەکەش لە لاپەڕەی چلەمدا کارەکتەرەکە کتێبێک ون دەکات و دواتر دەیدۆزێتەوە.. گرفتی گەورەی ئەم کتێبە لەوەدایە هەر ئەبێت تادوا وشە بیخوێنیتەوە.. کتێبەکەی دایەوە دەستت و لە چاوان ون بوو و ڕۆشت، چەند هاوارت لێکرد.. بەهیچ کلۆجێک ئاوڕی نەدایەوە، کەوتیتە جوێندان بەپیرەمێرد، هەر باکیشی نەبوو، تا تەواو دوور کەوتەوە.. بەڕاکردن بەدوای کەوتیت.. بەڵام مەخابەن نەتدۆزیەوە و تازە ناشیدۆزیتەوە.. بەبێزارییەوە بەرەو پارکی ئەوبەر شەقامەکە ڕۆیشتیت.. لە ژێر درەختێکدا کەزۆرجار هیلاک دەبوویت دەهاتیتە ژێر ئەم درەختە لە بەرئەوەی زۆرجار لە گەڵ هاوڕێیەکەت لێرەدا دانیشتوون و باستان لە ژیان و پێکهاتەکەی کردووە، ئێستاش بەهەمان یادەوەرییەوە دێیتەوە ژێر هەمان درەخت، گەڕایتەوە سەر ئەو لاپەڕەیەی کەکتێبەکەت تێدا فڕێدا، سەیر بوو پاش چەند دێڕێک ئەویش بەهەمان شێوە



کتێبەکە لە جامی پاسێکەوە فڕێدەدات.. هەستت کرد بۆشیەک لە لاپەڕەکانی پێشوودا هەیە، یان شتێکی زبر هەیە، کەگەڕایتەوە بینیت هەردوو لاپەڕە (20 و 21)ی پێوە نییە، بەشێوەیەک لێکراوەتەوە، وەک ئـەوەی پێت بڵێن بەئەنقەست لێمان کردووەتەوە.. سەیرە هەموو ڕووداوەکانی ترت بیرمابوو، بەڵام ئەو دوو لاپەڕەیە یەک وشە چییە لە ناو مێشکتدا نەمابوو، دەتوانی وشەی لاپەڕەکانی تر بیر خۆت بێنیتەوە، یان دەتوانی لە بەرهەموو ئەو سی و هەشت لاپەڕەیە بڵێیتەوە، جگە لەو دوو لاپەڕەیە تەبێت .. ئەتوویست بزانی لە بەرچی ئەو دوو لاپەڕەیە لە یادەوەریتدا ون بوون.. خۆت گرمۆڵەکرد، خەریک بوو ببیت بەبەشێک لە درەختەکە.. کەمێک بیرت کردەوە و تەماشایەکی لقی سەروی درەختەکەت کرد.. بەهێمنی بەخۆت وت: گرنگ دوا پەرەگرافە، با لە لاپەڕە چل و یەکەوە دەستپێبکەمەوە، چل و یەک؟!.. چۆن دەبێت ئای چەند گەمژەیت 20+21 دەکاتە 41.. تۆبڵێیت پەیوەندیەک لە نێوان ئەم دوو ژمارەیە و بێوەژن و پیرەمێردەکەدا هەبێت، ئایا کۆی شتەکان دەکاتە چل و یەک یان چی.. یان ئەو کچۆڵەیە لە کوێی هاوکێشەکەدایە.. چییە، دنیا بۆ وا لە تۆ بچوک بووەتەوە، ئەم هەموو ترسە لە ژمارە و لاپەڕە و پەرەگراف و بەش بۆ لات درووست بووە..؟! بۆ ئەوەی لەم هەموو جەنجاڵیە خۆت ڕزگار بکەیت بیرت لە قسەی کچۆڵەکە کردەوە.. عاشق دەبیت.. پێکەنیت بەم قسەیە هات، لە ناخەوە تێر گاڵتەت بەقسەو بیرکردنەوەکەی دەهات.. تۆیەک لە هەرزەکاری و گەنجی عەشق و خۆشەویستی و دڵداریت نەکرد، یان بەهەموو تەمەنت وشەیەکی وا نەیوێرا بەدڵتدا خورپە بکات.. ئەبێت عاشقی چی ببیت.. تۆ بڵێی ئەو قسەیە ڕاست بێت کەدەڵێن ئەوانەی بەگەورەیی توشی عەشق دەبن خراپ کاریان لێدەکات و تادوا ئەندازە گیرۆدە دەبن و ناتوانن خۆیانی لێیرزگار بکەن.. ئاخر... کەس نا تـۆ!!..، لە ژێر درەختەکەدا چاوت لە کتێبەکە بڕیبوو.. دووبارە دەستت کردەوە بەخوێندنەوەی، هەموو جارێکیش بۆ کەمێک خۆخڵافاندن دەتووت: ئەم کتێبە گەورەیە بەچی دەخوێنرێتەوە؟!.. بەڵام هەر دەبێت لە خوێندنەوەی بەردەوام بیت ئەگەر ساڵێک خەریک بوویت هەر دەبێت تەواوی بکەیت.. پێشتر سەدەها کتێب کەهەندێکیان لەمەش گـەورەتـر بـوون، خوێندووتەوە، بەڵام ئەمیان... جۆرێکی ترە... بەشی سێیەمی کتێبەکە، وەک

ئەوە بێت ژیانی سبەینێی تۆ باسبکات، لە بەرئەوەی هەموو گێڕانەوەکان ئاراستەی تۆ دەکرا، نەک ئاراستە بەڵکو پێدەوتیت چی ڕوودەدات و ڕوونادات، پێی دەوتیت سبەینێ ئەمەت بەسەر دێت و ئەمەش دەبینی بەڵام گوێی نادەیتێ، لە هەمووی سەیرت ئەوە بوو باسی ئەوەی دەکرد دواتر کەسێک دەبینی شتێکت پێدەڵێت تۆ بەقسەی ناکەیت، تادوا وشەی ئەو بەشە سەرت هەڵنەبڕی، ئەوەی لات سەیر بوو یەک وشەی دەربارەی خۆشەویستی و عەشق تێدا نەبوو.. ئەمە چ قسەیەکە.. ناشێت قسەی ئەو کچۆڵەیە ئەوەندە کاریگەری تێکردبیت و بەهەند وەرتگرتبێت؟!.. ئەتویست و دەتخوازی کتێبەکە هەر ئەمڕۆ تەواو بکەیت.. پاڵت بەقەدی درەختەکەوە نابوو، ڕستەکانت دەخوێندەوە.. منداڵێک لە ناو فرێزەکەدا یاری دەکرد، گەیشتە بەردەمت و کەمێک وەستا.. پێی وتی "ئەمڕۆ هەرئەوەندە بخوێنەرەوە، وەرە لە گەڵ من یاری بکە.. بزەیەکت بۆ کرد.. دووبارە پێی وتیت "ئەزانی تۆ زۆرت لە ژیاندا نەماوە، بۆ خۆت یاری بکە با فریای تۆزێک خۆشی بکەویت.. سیمات ڕەش داگەڕا، خەریک بوو لێی تورە بیت، بەڵام ئەو لەو ناوە نەمابوو، تەماشای دەوروبەرت کرد، هیچت بەدینەکرد.. چوویتە سەر بەشی چوارەمی کتێبەکە.. زۆر ماندوو بوویت.. لە ناکاو هەستت بەسەرئێشەیەکی گەورە کرد، بەرچاوت تاریک بوو، دوو لاپەڕەی تری ئەو بەشەت خوێندەوە، زۆر تورە و جاڕس بوویت، بەئەندازەیەک خەریک بوو کتێبەکە بسوتێنیت.. ئەمەی تۆ دەیخوێنیتەوە چیرۆک نییە.. یاداشتی ژیانی تۆیە، بەڵام لە سبەینێوە دەستپێدەکات، تا بەشی سێهەم گێڕانەوەی چیرۆکی بێوەژنکە و کیژۆڵەکە بوو، وەسفی شوێنێکی دەکرد نەتدەزانی کوێیە.. نەدەچوویتەوە سەر ئەو شوێنە.. بەڵام ئێستا شوێنەکان دەناسیتەوە، بەکەسەکان ئاشنایت، سیمایان دەبینی، هەندێکجار دەتوانی دوایان بکەویت، بەتایبەتی خۆت دەبینی و بەبەرچاوتدا دێت و دەچێت، کەچی سڵاوێکت لێناکات، چەند سەختە مرۆڤ خۆی ببینێت و نەتوانێت خۆی بناسێتەوە، بۆ یەکەمجار ئەوە هات بەبیرتدا کەبزانیت نووسەری ئەم کتێبە کێیە، تا بزانیت ئەو هەموو زانیارییەی لە کوێوە دەربارەی تۆ وەرگرتووە.. تەماشای بەرگی کتێبەکەت کرد ناوی نووسەرەکەت بەئەستەم لە ناوی خۆت جیا کردەوە، تەنها یەک پیت نەبوایە هەموو شتەکانت لێتێکەڵاو دەبوو، دواتر



ئەبێت سوێند بخواردایە ئەم چیرۆکە تۆ نەتنووسیوە، نووسەرەکە ناوی (ئاوات محەمەدی) بوو.. تۆش ناوت (ئاوات محەمەد)ـە، ئەم لێکچونەوەی ناوەکان وای کرد تەماشای بەرگی پشتەوەی کتێبەکە بکەیت، وێنەی نووسەرەکەی پێوەبوو، شێوەی زۆر لە تۆ دەچوو، تەماشاکانی شێوەی پێکهاتەی دەموچاوی، بەڵام ئەو کەمێک لە تۆ لاوازتر بوو، ڕەنگی کەمێک سپی ئەینواند، سەکسوکەیەکی ڕێک و جوانی هەبوو، قاتی لە بەردا بوو، بۆینباخی بەستبوو، کەتۆ زۆر ڕقت لەم جۆرە جلانە دەبێتەوە، هەروەها تۆ تا ئەو تەمەنەش وێنەی لەو جۆرەت نەگرتبوو، هەرگیز سەکسوکەشت دانەناوە، ئەمە جگە لەوەی لە چاوەکانیدا بوێری و لە خۆرازیبوونێکی گەورەی تێدا بوو.. دەهری بوویت.. چۆن دەکرێت خۆت نووسەرێکی کتێبێک بیت و ئەو هەموو نەهامەتییە بەسەر خۆت بهێنیت، کێ هەیە چیرۆکی خۆی بەو شێوەیە بگێڕێتەوە، گریمان تۆ نووسیووتە، گرفتەکە لە کوێدایە؟! بەڵام کوا تۆ بەهەموو تەمەنت ڕۆمانت نووسیووە، ئەوەی هەتە و نیتە چەند چیرۆکێکی کەمە، کەلە کتێبێکی بچوکدا جێگەی دەبێتەوە... ویستت هەڵبێیت.. نەتتوانی.. چی لەوە ناخۆشترە بزانیت بەیانی چۆن دەژیت و چیت لێبەسەر دێت.. لەوەش ناخۆشتر بەردەوام ئەو هەستەت لا بێت کەخەڵکانی تر لە تۆ زیاتر دەربارەی ژیانت دەزانن.. لە پارکەکە هاتیتە دەرێ، چەند فرمێسکێک بەچاوەکانتدا هاتنە خوارێ، نەتزانی گریان بوو یان لە زۆر خوێندنەوەوە چاوەکانت تووشی ئازار هاتبوون.. هەستت کرد سەرت تا دوائەندازە قورس بووە، خەریکە خوێن لە کونە لوتتەوە دێتەدەرێ.. شەکەت و ماندوو، بەئەستەم لاقت بەدودا دەهات.. کتێبەکەت لە ناو دەستدا بوو، بەوپەڕی بێزارییەوە فڕێتدایە ناو بەرمیلی خۆڵەکەی بەردەرگای پارکەکە.. بەشەقامەکەدا بەرەوخوار بوویتەوە.. تا گەیشتیتە شەقامی سەهۆڵەکە.. کەمێک لەو خەڵکە ڕامایت کەلەو ناوە وەک پیشەی هەمیشەییان کۆببوونەوە، لە کافتریایەک لەو نزیکانە دانیشتی.. چوویتە داڵغەیەکی قوڵەوە، لە خۆت ئەو ڕووداوانەی ژیانت دەڕوانی، زەنگی مۆبایلە کەت لێیدا ژمارەیەکی نەناسروی دوورودرێژ بوو.. هاوڕێکەت لە دوورەوە پێی وتیت "ئەگەر ئەتەوێت نەگەڕێیتەوە سەر کتێبەکە ئەوا بەرەو لای من وەرە و خۆت قوتار بکە، بەڵام ئەویش لە گەڵ خۆت بهێنە، تەنها بەو شێوەیە لە چارەنووسی ئەو کتێبە مەرگی عاشقت ڕزگاری دەبێت"، وتت "تۆ

ئەو شتانە چۆن دەزانی“ بەپێکەنینێکی گاڵتەئامێزەوە وتی ”تۆ ژیانت چلو هەشت کاتژمێر دواکەوتووە، هەموو خەڵک دەزانن تۆ پاش چل و هەشت سەعاتی تر چیت لێبەسەردێت.. ئەوەی سامناکە نووسەرەکەیە دەیەوێت ڕێرەوی ڕووداوەکان بەخواستی خۆی بەو ئاقارادە ببات کەدەیخوازێت،.. دەنگەکە بێهیچ ماڵئاواییەک بڕا، چەندین جار زەنگت بۆ کرد، لەوەدەچوو هێڵەکە داخرابێت، بەزمانێک نەتدەزانی چی دەڵێت، چەند وشەیەکی دووبارە دەکردەوە.. تاکە چارەسەری ئەم ساتەت ئەوە بوو بەرەو خوار بەرەو یانەی خواردنەوەکە بچیت.. ئەوەندەی گەیشتیتە سەر مێزەکە، ئەو شتانەی تۆ دەتوویست داوای بکەیت هەمووی دانرابوو، شاگردەکەت بانگ کرد، وتت ئەمانە کێ داوای کردووە، وتی بەڕێزتان، کەواتە من ئەمە خواردنەوەی دوو ڕۆژ لەوەو پێشە دەیخۆمەوە!!... چ ئاڵۆزیەکە نەزانیت زەمەنی ئێستات کەیە و چیت کردووە و چی دەکەیت.. لەم ساتەدا نەتدەزانی بگریت.. هاوار بکەیت.. شت بشکێنیت.. یەکەم پێکی ئارەقەکەت تێکرد، نەتوێرا بیخۆیتەوە.. ئەترسایت شتێک ڕووبدات.. کابرای سەر مێزەکەی ئەوبەرتەوە وتی ”مامۆستا نۆشی کە، پێیناوێت، هەر ئەبێت ئەو شتە ڕووبدات... چی ڕوبدات؟!.. دیسانەوە هەڵیدایێ ”ئەوەتا من لە ئێوارەوە نیوو قاپم خواردووەتەوە تاکو دنیام بیربچێتەوە، تۆ ناوێریت بخۆیتەوە تاکو سبەینێت لە بەرچاو بێت.. نۆشی کە باشترە.. سبەینێت بیر دەباتەوە و دەگەڕێیتەوە بۆ ئەمڕۆ.. هێندەی نەبرد هەستت کرد ئەو ناوە چۆڵ بووە، کەهەستایت ئەو کات بیر کەوتەوە، بەهەڵەداوان و ڕاکردن بەرەو لای دەرگای پارکەکە چوویت... کتێبەکە هەر لە ناو بەرمیلە کەدا بوو، وەک خۆی دانرابوو، وەک ئەوەی چاوەڕێی تۆ بکات..بەڵام لەو کاتەی خاشاکیان کردبووە ناو بەرمیلە کە هەندێک شەربەتی بەسەردا ڕژابوو، لاپەڕەیەکی بەشی پێنجەمی خوساندبووەوە، کەبەشێوەیەک بوو پەرەگرافێکی تەواوی نەدەخوێنرایەوە.. ترسایت و هاوارت کرد، چۆن ئەبێت مرۆڤ بەشێک لە ژیانی بپەڕێت، خۆ ئەمە فیلم نییە.. ژیان چۆن مۆنتاژ دەکرێت.. مۆنتاژی چی؟!.. لە سەر چ بنەمایەک ئەم بیرکردنەوەت لادرووست بووە، بەچ پێوەرێک ئەم کتێبەت کردە ڕێنیشاندەری خۆت، لەوانەیە هەزار دانە لەم کتێبە چاپکرابێت و هەزار کەس بیخوێنێتەوە.. لەوە ناچێت، پێدەچێت تەنها هەر ئەم نوسخەیە بێت و تەواو، تەنها بۆ تۆ



نوسرابێت، نەساڵی چاپ و شوێنی چاپی پێوەیە، بەرگێکی سپی و بەخەتەێکی سوور لە سەری نووسرابوو، بەرگی پشتەوە وێنەی نووسەرەکە و چەند دێڕێک نووسرابوو، ”ئەم کتێبە تەنها بۆ یەک کەس نووسراوە، جگە لەو کەسیتر لە ڕستەکانی تێ ناگات، ئەو کەسەش تۆیت“، لە ژیانتدا زۆر کتێبی هەمەجۆرت خوێندووەتەوە، هەر یەکەیان شادمانی و خەمی پێبەخشیوویت، بەڵام ئەمجارە جگە لە نەهامەتی هەموو هاوسەنگی ژیانتی تێکداوە، کاتێک مرۆڤ دەگاتە خاڵێک هەست بەپوچیەتی خۆی دەکات، یان ژیان لای دەبێتە شتێکی زیادە و خۆت توشی چەندەها گرێ دەکەیت.. یان دەتەوێت خۆت ساغ بکەیتەوە.. ساغ بوونەوە لە سەر چی؟.. ساغبوونەوە لە سەر هەموو ئەو گاڵتەجاڕییەی ڕۆژانە بەرەوڕووی دەبیتەوە و بەناوی ژیانەوە درۆکان ڕێکدەخرێت، ئەی لێبوکێک چۆن دەتوانێت پلان بۆ ئایندە دابنێت.. ئەویش لە کاتێکدا ئایندە خۆی گەورەترین وەهمە یان درۆیەکی ئاشکرایە... ئێستا دەتەوێت بگەی بەچی.. ئەم هەموو بیانووە بۆ ئەوە دەهێنیتەوە، تاکو لەو وەهمە خۆت ڕزگار بکەیت، کەئەم کتێبە هاوشێوەی سەدەها کتێبی ناو کتێبخانەکەتە نەخشاندوویەتی، یان بڕوات بەوە هێناوە ڕووداوەکانی ئەم دواییە ئاماژەن بۆ ڕاستی ئەوەی لەم کتێبەدا هاتووە.. نازانیت بەچ شێوەیەک خۆت لەو هەموو ئاڵۆزی و گرێیەی ئێستات ڕزگار بکەیت.. بەڵام.. کەسێک لە پشتەوە بانگی کردیت.. ئاوڕت دایەوە هاوڕێیەکت بوو زۆر لەمێژە نەتدیووە، دەمێک بوو سەری خۆی هەڵگرتبوو، زارەتەرک بوویت، ئەمیان نیشانەی تەواوی پێشبینیەکەیە، لە تەنیشتەوە وەستاو بەهێمنی بەهەناسەیکی قوڵەوە هەمان وتەی کیژۆڵەکەی دووبارە کردەوە، بەڵام ئەم زیاتر ئاگاداری کردیتەوە، کەژمارەیەکی نادیار کۆتاییەکەی بە 2013 دێت زەنگت بۆ دەکات، نابێت وەڵامی بدەیتەوە، ئەگەرنا زۆرێک لە نهێنیەکان لەو ساتەوە ئاشکرا دەبن، خاوەنی ئەو ژمارەیە ئەو کچەیە کەتۆ بەدەست خۆت نییە عاشقی دەبیت.. باسی هەندێک نهێنیت بۆ دەکات کەئەستەمە لە کتێبەکەشدا باسی لێوەکرابێت، وەک چۆنیەتی مردنی هەردووکتان،. گریمانەکانی تر، زۆر شت کەحەز ناکەیت گوێت لێبێت.. تکات لێدەکەم وەڵامی ئەو ژمارە مۆبایلە مەدەرەوە، بەتایبەتی کەسبەینێ 13/10 یە، ئەمە بۆ دواجارە قسەت لە گەڵ دەکەم و هەرگیز نامبینیتەوە، .. خەریک بوو باوەشی پێدا

بکەیت.. نەتتوانی..ئەو ئەبێ هەر بڕوات، سالانێکی درێژە ئەم وڵاتەی بەجێهێشتووە، تەنانەت کەس ڕۆژێک باسی ئەوەی نەکردووە، کەڕۆژێک دەگەڕێتەوە، لە بەرئەوەی کەس هەواڵی ئەوی نەدەزانی، تۆ بڵێی ئەوە تارمایی نەبێت.. تۆ لەوە دڵنیات ئەوە خۆی بوو تۆ بینیت، خۆ وەهم یان خەیاڵی مێشکت نەبووە.. "نا، نا .. ناکرێت وابێت، ئەوە خۆی بوو قسەی لە گەڵ کردم، من دەیناسمەوە، هەمان بۆنی جارانی لێدەهات، هەمان بزەی هەر مابوو، هەڵچوونە باوەکەی بەسیمایەوە دیار بوو".. ئەی لە بەرچی وا بەزووی بەجێیهێشتی یان لە بەرچی ئەیوویست ئەو کتێبەت لێوەربگرێت؟ کەتۆ تەنها ئەمڕۆ دووجار ئەو کتێبەت فڕێداوە و بەناچاریش گەڕاوویتەوە و هەڵتگرتووەتەوە! بۆ وەڵام نادەیتەوە، ئەترسیت، یان دڵنیا نیت ئەوەی قسەت لە گەڵ کرد، ئەو بوو... بەکاوەخۆ و شەکەتی ڕێگات گرتەبەر، درەنگانێکی شەو گەیشتیتە ماڵەوە، لە سەر پێخەفەکەت پاڵ کەوتیت، لە لێکدانەوەی ڕووداوەکانی ئەمڕۆدا بوویت، لە ناکاو ڕووناکی نەما و کارەبا کوژایەوە، لەمۆبایلە کەتەوە مەسجێکت بۆ هات، لە کۆمپانیای هێڵی مۆبایلە کەتەوە بوو، ئەم گەمژەیە لەم کاتەدا چ نامەیەک بۆ من دەنێرێت! (بۆ ئەوەی بزانیت سبەینێ چی ڕوودەدات و ئاگات لە بەختی خۆت بێت بەشداری لە خزمەتگوزاری بورجەکاندا بکە)، ئێستا کاتی ئەم نامە گەمژانەیە.. کام سبەینێ.. تۆ هەموو ئایندەت بەدەرەوەیە.. بورج! چاوەڕێ بوویت کارەبا بێتەوە تادەست بەخوێندنەوەی کتێبەکە بکەیت.. بەڵام هێندەی نەبرد لە شەکەتیدا خەوت لێکەوت.. کچێک لە لایەکی پێخەفەکەدا دانیشتووە، بەئاستەم هەناسەی دەدا و بەپەنجە نەرمەکانی دەستی بەناو قژتدا دەگێڕا، بەچرپە دەیووت تۆ ئایندەی منی.. دوا عەشق و یەکەم عەشقی منی.. چاوەکانی لە ناو تاریکیدا وەک ئەستێرە ئەیجلیواند، بەدەنگێکی پڕ سۆز و هێمن گۆرانیەکەی سەید ئەلی ئەسغەری بۆ دەوتیت.. هەر کەسێ هاتو وتی من عاشقم باوەڕ مەکە.. سەرت خستە سەر ڕانی و باوەشت بەکەمەریدا کرد و خەونێکی قوڵ بردیتییەوە... ...

بەیانی لە تەنهایی خۆت بەخەبەر هاتیت.. هێشتا چاوەکانت ماندویی پێوە دیار بوو.. نەتزانی ئەو کچەی لە خۆری پایز دەچوو وەهم بوو یان هەقیقەت.. گەڕایت بەدوای شتێکدا ئەو وەهمە یان خەونەت بۆ بکات بەواقع، هێشتا سەرچەفەکەت



پێوەبوو، چاوت چووەوە سەر کتێبەکە و پەلامارت دا و چوویتەوە سەر هەمان لاپەڕەی کەدوێنێ بەجێهێشت.. گوڵێکی پرتەقاڵی کاڵ لە نێوان ئەو دوو لاپەڕەیەدا دانرابوو.. شێی دوێنێی هەر پێوە مابوو، ڕەنگدانەوەی گوڵکە چەند وشەیەکی داپۆشیبوو، ئەو چەند وشەیە تووشی شڵەژانی کردیت، بیرت لای ئەوە نەبوو چ کەسێک ئەو گوڵەی لەوێدا داناوە، بەڵکو بیرت لەوە دەکردەوە ئەبێت ئەو چەند وشەیە چی بن، لە سەر قەنەفەی ناو هۆڵەکە دانیشتیت و بەشی چوارەمت لە سەرەتاوە تاکۆتای خوێندەوە، خەریک بوو تەلیسمی ناو چیرۆکەکە بەشێکی ئاشکرا دەبوو، سیمای ئەو کچەی دوێنێ شەو هاتە لات لەوەسفی ئەم بەشەدا بەدیت کرد، وردودرشتی سیمایت هاتە بەرچاو.. ئەو وردەکارییەت بۆ دەرکەوت ئەو چۆن دەبێتە قەدەری عەشقی تۆ!!.. ئەگەرچی هەستت کرد قەدەرێکی جوانە، بەڵام لە بەرچی لە خوێندنەوەی بەشی چوارەمدا سیمای ئەوت هاتە بەرچاو، خۆ لەم بەشەدا هیچ مێینەک نەبوو تاوەسفی بکرێت، باسی لە دۆخی ڕۆحانی خۆشەویستی دەکرد، لەوە دەچێت لەوێوە وێنایەکت درووست کردبێت و سکێچی کچێکت لە ئەندێشەی خۆتدا کێشابێت، ئەو دۆخەی لەم بەشەدا باسی لێوەدەکرا دیار نەبوو لە نێوان کێ و کێدا بووە.. ناکرێت ڕۆژەکانت بەدەم خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکەوە، کەجگە لە دڵەراوکێ هیچی تری تێدا نەبێت.. بەسەربەریت.. زەنگی مۆبایلە کەت لێیدا، لەو کاتەدا زۆر سەرقال بوویت، تەماشای ژمارەکەت نەکرد.. هەروەها بیرت نەمابوو کەسێک وتبووی ژمارەیەک پەیوەندیت پێوە دەکات و تۆش وەڵامی مەدەرەوە.. تازە وەڵامت دایەوە.. داوایکرد بەرلەوەی بەشی شەشەم بخوێنیتەوە، ئەیەوێت بتبینێت، دەنگی کچێک بوو بەگوێکانت نامۆ نەبوو.. پێتووت ئێستا بەشی چوارەمت تەواو کردووە.. وتی " ئەزانم پێویستە بەشی پێنج بخوێنیتەوە ئەوکات ئەتبینم، هەر کەتەواو بوویت وەرە بۆ لای من لە نزیک باخی گشتی چاوەڕێت دەکەم، ئەزانم کەی لەو بەشە تەواو دەبیت.. ویستت بڵێی تۆ کێیت.. یەکسەر وتی "کەهاتیت دەزانی من کێم، بەڵام گوڵم هەوڵبدە دوانەکەویت.. چونکە بەرگەی چاوەڕوانیت ناگرم.. مۆبایلە کە دەنگی نەما.. چەند هەوڵتدا پەیوەندی پێوە بکەیت بێسوود بوو.. تەماشای ژمارەکەت کرد کۆتاییەکەی 2013 بوو، وەک هاوڕێکەت دوێنێ پێی وتیت وا دەرچوو..

تۆ بڵێیت ئەمانە هەر هەمووی ڕێکەوت بن، یان کارێکی نەخشە بۆ کێشراوە بیانەوێت بەشێتبوون لە ناوت بەرن! یان کێ هەیە بەوە ڕازی بێت قەدەری خۆی بخوێنێتەوە، هەرگیز باوەڕیشت بەو درۆ گەورەیە نییە کەژیانت 48 کاتژمێر دواکەوتبێت، یەکەمجارە شتی وا ببیستیت، چۆن ژیان دوادەکەوێت؟!!..

پاش تەواوکردنی بەشی پێنجەم، بەرەو لای باخی گشتی بەڕێکەوتیت، بەبێئەوەی بزانیت بۆ لای کێ دەچیت.. یان ئەتەوێت چی لە گەڵ باس بکەیت.. بەناچاری چوویتە ئەو شوێنە، نەتدەزانی بۆ دوای ئەو خولیایە کەوتوویت کەدەتەوەێت لێی دەرباز بیت، لە نزیک باخی گشتی کچێک جۆرێک تەماشای دەکردیت، وەک ئەوەی عەیامێک بێت بتناسێت، هاتە پێشەوە سڵاوێکی لێکردیت "من دەمێکە بەتەمای ئەم دەرفەتە بووم، ئەزانی من کێم؟.. من ئەو کچەم کەدەبوایە لە زەمەنێکی ئاساییدا پێش دوو ڕۆژ من تۆم بناسیایە، من و تۆ ئەو قەدەرەین کەکەسمان ناتوانین فەرامۆشی بکەین، نەتۆ دەتوانی لەمن ڕزگارت بێت، نەمنیش دەزانم کۆتای ئەم قەدەرە بەچی دەگات.. بەڵام ئەوەی زۆر لێی دڵنیام کەهیچ کاممان ناتوانین لەم قەدەرە دەرباز بین.. چەند ئەستەمە هەست بکەیت لە سەر پەیوەندی خۆشەویستی دەکوژرێیت و سووریش بیت لە سەر پەیوەندییەکە...

ویستت بەخێرایی ئەو شوێنە جێبهێڵیت.. بەرلەوەی هەنگاوەکان دوای یەک بخەیت، دەستی چەپی گرتیت و بەچرپە پێیوتیت "جائەگەر تۆ ئەوەندە بێباک و ئازا خۆت نیشان دەدەیت، کەبەشی سیانزەهمین کەدوا بەشی کتێبەکەیە تەواوت کرد نەگەڕێیتەوە بۆ لای من.. هێندە دوور نەکەوتبوویتەوە، هەستت بەئازارێکی سەخت کرد لە سەر سنگت، خەریک بۆ پەراسووەکان دەشکان.. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەبەشەکانی کتێبەکەت تەواو دەکرد ئازاری سنگت توندتر دەبوو، زۆر لە بەشی سیانزە دەترسایت، دەتزانی نهێنیەکی گەورەی تێدایە، لە ئێستاوە نهێنیەکە دەزانی، بەڵام دەتەوێت خۆت بخەڵەتێنیت و هەست بکەیت ئاگات لەو نهێنیە نییە.. ئەو ڕۆژەت تەرخان کرد بۆ بەشی سیانزە.. نەگەبەتی تۆ لەوەدا بوو ڕۆژی 13/10 ت دانا بۆ خوێندنەوەی ئەو بەشە، کەلە خوێندنەوە بوویتەوە، تاتوانیت گریات زۆر بەقوڵپەوە دەگریایت، گریانێک لەوەنەدەچوو ژیربوونەوەی هەبێت، بەڵام تازە سوودی چییە تۆ ئەبێت ماوەی 3 ساڵ عاشقی ئەو کچە بیت، .. بەڵام لە بەرچی ئەو قەدەرە قبوڵ دەکەیت، ناکرێت کۆتاییەکە بەشێوەیەکی تر بگۆڕیت؟!.. یان ئەوە



کێیە ئەوەندەی دەسەڵات هەیە قەدەرێک بەسەر تۆدا بسەپێنێت، تۆیەک لە خوا یاخی، چۆن مرۆڤێک دەتوانێت هاوسەنگییەکانت لە دەستی خۆیدا کۆبکاتەوە، چۆن کچێک کەتەنها یەکجار بینیووتە دەتوانێت ئەو هەموو خۆشەویستییەت پێببەخشێت یان بەچ پێوەرێک ئەو عەشقە گەورەی ئەو قبوڵ بکەیت، کێ دەتوانێت بڵێت هەر ئەبێت ئەو پەیوەندییەی لە گەڵدا درووست بکەیت.. پاش ئەوەی لە خوێندنەوەی کتێبەکە بوویتەوە و هەموو شتەکانت بۆ ڕوون بووەوە، دنیا بەرەو تاریکی دەچوو، ئەو شەوە تادرەنگانێک دەتخواردەوە، دەتوویست تادوا ئەندازە خۆت مەست بکەین و هیچت بیر نەمێنێت، هێندەت خواردەوە، بەئەستەم دەتوانی لە شوێنی خۆت ببزوێیت... نەتزانی چۆن پەیوەندیت بەو کچەوە کرد، کەهێشتا نازانی ناوی چییە.. بەیانی درەنگانێک بەئاگاهاتییتەوە، یەکسەر زەنگی مۆبایلە کە لێیدا.. وتی" ئەزانم چەندە ماندوویت و ئێستا خەبەرت بووەتەوە، دڵەکەم وا لە خۆت مەکە، هەوڵبدە ڕۆحت لە گەڵ ڕۆحم تێکەڵ بکە.. ئەڵێم ژوانی ئەمرۆت لە بیر ماوە.. کاتژمێرێکی تر من لەوێ چاوەڕێت دەکەم...

ساڵێک تێپەڕی.. لە سەر چرپای نەخۆشخانەکە بەزەحمەت هەناسەت دەدا، پاش ئەوەی چەند دەمارێکی خۆت بڕی، کچە بەپەلە گەیاندیتیە نەخۆشخانە و پێی وتیت ناهێڵم بمریت، مەگەر من نەمێنم، چۆن دڵت دێت بەتەنها بەجێم بهێڵیت.. زۆرجار بیرت لەوە کردووەتەوە سێ ساڵەکە کۆتایی نەیەت و ئەم فیلمە تراژیدیە کۆتایی پێبهێنیت، دکتۆرێک هاتە لات و پێی وتیت " ئێستا تەندروستیت چۆنە.." پاشان بەچرپە پێی وتیت " ئەو دەتوانێت هەردووکتان ڕزگار بکات، بەمەرجێک کچەکەش لە گەڵ خۆت بەریت... ... ... لەم ساتەوە هەستم دەکرد ڕزگارت دەبێت، بەڵام نەمدەزانی چۆن.. چەند هەفتەیەک تێپەڕی. هەر چاوەڕێ بووم بێیتەوە بۆ سەر پێخەفەکەت، لە تەنیشت پێخەفەکەوە هەر ئێشکم دەگرت، بەڵام بێهودە... ئەوەی لەم کارەدا سەیر بوو، من وەک سێبەری تۆ نەمزانی چیت لێهات، لەو ڕۆژەوە ئەو سێبەرە کەس نایبینێت، بۆتە سێبەری سێبەرێک، هەر چاوەڕێ بووم هەواڵێکت بزانم، نازانم لە کوێ بتدۆزمەوە.. لە بەرچی ئەو چارەنووسە شوومەی خۆتت بۆ من جێهێشت؟!....

13/10/2011

# بەس دەنگی تۆم دەبیست

**نینا کەریمی**

گرنگ نیە سوار بە.. دوو وێزگە ژوورتر دەتوانی داببەزیت. هەر بەو لایەدا دەڕۆم. کەمەربەندەکەت ببەسی مەمنوونت دەبم.. ئەم شەقام کەلەبەر دەوام وا بووگە.. قەرەباڵەغ و نا حەز..گەرمت نیە؟ کوولێرەکە خراپە، پێت خۆش بێ دەتوانی شیشەکەت بدەیتە خوارەوە، بەڵام بەم دەنگی بۆقەبۆق و هاڕە و گوڕەوە پێم وا بێ گەرماکەت پێ باشترە.. ئەرێ ولا.. هێشتا چاکە ماڵت لەکۆڵانی ئێمەدا نیە.. منداڵێکی دراوسێمان هەیە؛ نیوەشەو بەرەو ئەولا دێتە نێو حەوشەوە و دەست ئەکا بەقیژەقیژ. ئەوەندە بەبێ هۆ دەزریکێنێ هەتا دەنگی قیڕەی باوکی بەرز ئەبێتەوە.. ئەوسا دەنگی لێدان و گریان و لە کۆتاییشدا بۆڵەبۆڵی دایکی و هەتا بێت و بێ دەنگ بن یان خەوت لێ کەوتووەیان مێشکت تەقیوە...ئەڵاااا... نە.. گرتمەوە... نە لێم نەدا... خەمت نەبێ... نێزیک بوو لێ بدەم بەڵام گرتمەوە... چی؟.. نەمن بیرم لای ڕانندگیەکەمە، کابرای یابوو نافامێ لێ بخوڕێ... شا بڕوانە... ئەڵبەت ئەم شتانە لەم شەقامانەدا ئاساییە.. وەکوو ئەم چاڵ و چۆڵانەی پەسای پەس دێنەژێر تایرەکانت.. لەم ترافیکانەدا نابێ ڕێگا بەکەس بدەی.. ببەخشە... قورس خۆت ڕاگرە... ئا.. ئا... تەواوە... دەی دەتگوت.. با من قسەم دەکرد.. بیر و هۆش بۆ کەس ناهێڵن.. شا چاو لێ کە ئەو مۆتوڕە کەوتووتە شوێنی ئەو کچە... دەیبینی؟ دیارە کچەکەش حەزی لێیە.. چاو! پێ ئەکەنێ... ئەی چی؟... باسی چیمان دەکرد؟ بەڵێ وەڵاهی ژیان زۆر سەختە، هەر هیچیش کارت لێ نەکات تەنیاییەکان دەتتۆپێنن... ئەوە پێدەکەنی؟.. پێت وابوو گاڵتەت پێ دەکەم؟ ..ها؟.. هێ هێ.. ئەرێ گاڵتەبوو.. تەنیایی چی و شتی چی؟ بابم هەمیشە دەیگوت بەدووی نانا بگەڕە کاڵەک ئاوە.. ئەم ڕستەیە مەتەڵێکی فارسییە، وا نیە؟.. با بابم دەیگوت.. دەیگوت پارە خوایە



و پەیغمبەرە، ژنە و مێردە، برادەرە و دراوسێیە. پارەت هەبێ هەموویانت پێکەوە هەیە. نەشت بێ... هەر پێم خۆش نیە بیری لێ بکەمەوە. ئەمن بۆ خۆم هەولی زۆرم دا موحتاج و ئاتاجی کەس نەبم.. دەزانی؟ زۆر.. هەر چێکیش بڵەی کردوومە با شیشم کردووە. مرۆڤ دەستی لەگیرفانی خۆیدا بێت تەنانەت نان منەتی نەبا نایخوات.. ژیان سەختە بەقوربان هەر نەشمری تەنیاییەکان دەتتۆپێنن.. ئاااخ... هە.. نازانم بۆچی جار نا جار هەناسەبڕکەم پێ ئەکەوێ.. بۆ وا سەیرم دەکەی؟ گوتت دەستی چەپ؟... نەدانیشەمەسیری خۆمە... دانیشە ئەتگەینم..هەر کاری ئەو دەور و بەرانەشم هەیە...کە منداڵ بووم زۆر بە شەقامەکانم دەناسی.. زۆرم حەز لە پیاسە بوو.. منداڵیە و.. .کە سەیارەم کڕی لە شەقام گەز کردن کەوتم. سەرەتا حەڵەبییێکم بەدەستەوەبوو.. هەهە... حەوت_هەشت کەس سواری دەبووین و شەلاخمان ئەدایەنا و شەقامەکاندا. ژێرەکەی گیری دەکرد لەبەرد و زیخ و تەنانەت قیری سەر شەقامەکەش.. هە... دواتر... با پەخشیشم هەیە. سی دی پلەیێرە، ئەو تەمۆنیتۆریشی هەیە... نە، وڵاهی دەرفەتم نەبووە سی دی بکڕم. بەیانی حەتمەن دەڕۆم بۆ سی دی فرۆشی.. هەر بەم مەسیرەدا دێت و دەڕۆی؟ موبایلەکەت زەنگ ئەخوات... گوتت چەپ؟.. ببەخشە قسەکەت بکە.. بەیانی دەبێ سی دیێک بکڕم.. گوڵم دڵم پڕەلە دەرد و کوڵ ئەڵێم بڕۆم... جارێکیان برادەرێک گوتی چەن ناخۆشە گوڵێکت نەبێ گۆرانی بۆ بڵەی.. ها؟.. گیانا؟ لەگەڵ جەنابتم نەبوو قسەکەت بکە، ئەو سەیارەیە ناڕوات... ئەم شەقامانە شێتیان کردووین.. دەبڕۆ سەگ باب.. بڵەی ئەم هەموو سەیارەیە چین هاتوونە دەرێ؟ ئاااااااااااە... ببەخشە دەنگم بەرز بوو؟ کێیە؟ مەبەستم.. ببەخشەناڕوات ئەو بێ شەرەفە

.

.

.

.

.

.

دا ئەبەزی؟ جێگاییێکی تر ناڕۆی؟ ئەتگەیێنم... خۆ شەرم ناکەی ها؟... باشەئاوەوەستام... هەر لەسەر هێڵە؟ کێیە؟..ببەخشە.. مەبەستم...هێوااااااش دەرگاکەت شکاند!

# بەهەشتی مێرووله

**هەڵمەت عوسمان**

**پێشکەش بە (ن....) ناوێک**

لەبەر پەنجەرەکە ڕاوەستابوو تیشکی زێڕینی خۆر ڕووناکی خۆی خستبووە سەرگۆنای , ئەوبەشەی کوڵمی کەڕووی لەمن بوو تاڕادەیەک لێڵ ببوو , زولفیشی بەو کزە (با)یەی کە لەپەنجەرەکەوە بەری دەکەوت زیاتر لەوەی ئاڵۆزابوو تێکچڕژاو چوون بەناویەکدا , زولفیشی وەک زەمانە وایە دەمێک خاوەو زۆر دەمیش لوول و ئاڵۆز , هەرکەسێک کە سەیری دەکات تووشی گێژاوی خەیاڵات دەبێت و هەندێ جار خۆی دەکات بە هاوسەری و هەندێ جاریش خۆی بە دەستگیرانی دادەنێت , یا هەرنەبێت داستانێک دروست دەکات کە تا مەرگ لێکیان جیانەکاتەوە لێکجیانەبنەوە , بەڵام سەیر لەوە هەرکە من سەیری دەکەم توشی خەیاڵێکی زۆرسەیرو سەمەرە دەبم! مێرووله ئاسا دەچمە ناو قژیەوە تێکەڵی ئەو هاڵاوە بۆندارە دەبم کە لە عەترو شامپۆ دروست بووە , هەروەها چەندین قاچم لێ دروست دەبێت و لە م تاڵ بۆ ئەو تاڵ یاریان لە ناودا دەکەم , بەڵام زۆر نابا ئەو بە پەنجە ناسک و سپی و نینۆک دارەکانی دەستێک بەقژیا دەهێنێت و فڕێم دەداتە ناو هەواو لەم بەهەشتە خۆشەی خۆیم دوور دەخاتەوە , بەم هۆیەوە خەیاڵەکەم لێ دەشێوێ و هەم دووبارە دەبێت جیهانێکی تر دروست بکەم جوانترو بۆن خۆشترو فەنتازیانەتر بێت , هەم دیسان دەبێت ببمەوە بە مێرووله , چونکە هەم بێدەنگە و هەمیش زۆر بێ چرپەیە , ئەم جارە خۆم دەبینمەوە وا بە تاڵێکی پەرچەمی خۆم هەڵواسیوە , ئەم تاڵەشم هەڵبژاردووە کە جارجارە دزە دەکاتە



سەرچاوی.....بۆنی پەرچەم و کلی چاوی و ئەو دەرمانە عەنتیکەیەی کە لە نێوان برۆ و برژانگی داوە بەهەشتێک دروست دەکات پێی دەوترێت (بەهەشتی مێرووله).

کەچی پاش کەمێک یەکێک لە خوێندکارەکان خێرایی پانکەکە زیاتر دەکات و (با)یەکی نەفرەت ئاسا خۆی دەکات بەناو پەرچەمی و دیسان دەچمەوە پانتایی هەواو لەئەنجامدا دەکەومە بەینی دەفتەری هاوڕێکەی , ئەمیش بەپەنجە ئیسفنج ئاساکەی بێ ئەوەی زەبرم پێبگەیەنێت فڕێم دەداتە سەر زەوی , ناچار دەبێت بەشیشەکەدا هەڵگەڕێم تا خۆم بگەیەنمەوە ئەوێ ئەو بەهەشتەی دەست کەم کەس دەکەوێت بۆخۆی سەرپشک بێت تیایدا , بەڵام قاچەکانم کزو بێهێزن , ڕاستە زۆرن , بەڵام من تازە لە مرۆڤەوە بومەتە مێرووله تا فێری ئەوە دەبم کەچۆن هەنگاو هەڵبێنم زۆری دەوێ , ئای خەیاڵ چ دنیایەکی ئەفسانەیی!!

شیشەکە لوسبوو قاچەکانی منیش لوس و بێ توانا بوون , هەرچەندە پێیان هەڵدەگەڕام نەم دەتوانی سەرکەوم , لەم کاتەدا خەیاڵم بۆ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی گەڕایەوە , کە کورسیەکانی ناو پۆلەکانی خوێندن لەتەختە دروست کرابوون زۆر بەسانایی دەتتوانی سەرکەوی و بێیتە خوارەوە , لە هەمان کاتدا بیرێک بەمێشکمداهات کە بە پاپوچەکانی دا هەڵگەڕێم , بەڵام کاتێ گەیشتمە سەر نەرمایی قاچی چەپەڵۆکێک هات توری هەڵدام , بەم هۆیەوە دوو قاچم شکا , ئێستا چواردانە ماون , سەیرم پێ هات کەچەند ڕۆژێک لەمەوبەر دەستم بڕی هێندەی خوێن لێهات ڕەنگم زەرد هەڵگەڕا لە ترسان , کەچی ئێستا دوو قاچم پێوە نیە دڵۆپێ خوێنیش نابینم!! ناچار بە هـەردوو شەویلگە ئێسقانییەکانم و ئەو زمانە کورتەی کە هەمبوو شوێنی برینەکەم لێستەوە.

بەدەم ئەو ئـازارەوە خەوم لێکەوت , لەو خەوەدا بینیم لەجیات دوو قاچە قرتاوەکەم دوو باڵی ڕەنگاوڕەنگم لێ ڕوابوو! زۆر لە باڵی پەپولە دەچوو , لەشێکی سووکم هەبوو هەستم بەهەموو شتێک دەکرد , هەستی بۆنکردنم زۆر بەهێز ببوو تەنانەت بۆنی (ئەو)م لە دووری دوورەوە بەر لووت دەکەوت , بەڕادەیەک ئەو بۆنەم لائاشنا بوو بەئاسانی جیام دەکردەوە لەوانی تر.

شوێن پێی ئەو بۆنەم هەڵگرت , باڵەکانم کە تا ئەو کاتە نەجوڵاندبوو ویستم بەکاریان بهێنم بۆ فڕین , دووجار بەرزو نزمم کردەوە هەستم کرد تۆزێ لەزەوی

جیابوومەوە , ئەم جارەیان لە بەرزو نزم کردنەوە نەوەستام خۆم بینیەوە تا ئاستی پەڕەی پانکەکە بەرز بویتمەوە , چاوەکانم گێڕا لوتیشم خستەکار هەموو لەشم ببوو بە لوت و چاو , لەناکاو چاوم کەوتە سەر یەکێک هێدی هێدی لێی نزیک بوومەوە...ئەبێت خۆی بێت؟ نا.....نا......هەونیە ,چونکە ئەو ڕەنگ و بۆنە هی ئەو نەبوو ئەو بۆنە بۆنیکی تیژە......کاست دەکات. بۆنی ئەو نەرم بەر لووت دەکەوێت , تا ئەوپەڕی مەستی مەستت دەکات و هەموو دەمارەکانی لەشت شل دەکاتەوە , لەهێنان و بردنی خوێن چالاکیان دەکات , مێشک فراوان دەکات , ڕەنگیشیان جیایە ئەمەیان ڕەش ئەسمەرە....ئەو هێلکەو ڕۆنی بوو نا.....نا....زۆر لێک جیان.

کۆڵم نەدا لە گەڕان هەر ئەبێ بیدۆزمەوە , چونکە مانەوەی من بەوەوە بەندە , هەموو شتێک لەوەوە وەردەگـرم. ئەو بارەی کە بە شانمەوەیە تێشویەکە پڕلەحەزو خولیا لەبەهەشتی ئەوا نەبێت بارگە ناخەم. ڕاستە ماندووم بەڵام (ئەو) ئەوە دەهێنێت تەنانەت لە پێناویا پەروانە ئاسا باڵەکانیشم بشکێ و بسوتێ....ئەڕۆم سەد هێندەی تر ڕێگام دوورو پڕ چاڵ و چۆڵ بێت , شەکەتی بەلەشمەوە دیارە ,بێزار , لە خودی خۆم وەڕس بویتم , بەبنمیچی سەقفەکەوە گیرسامەوە , چاوم ڕەشکەو پێشکەی دەکرد. چەند چرکەیەکی کەمی خایاند جیرەی دەرگا هات....یەکێک داوای هاتنە ژوورەوەی کرد. فەرموویان لێکرد... دانیشت....بەبۆنەکەی ناسیمەوە...(ئا دەق خۆیەتی) ئەوەم وت و هەموو هێزی لەشم خستە کار بۆ ئەوەی لە سەقفەکەوە بێمە خوارەوە , باڵەکانم چەند جارێک لێکدا گەیشتمە ئاست شانی یەک دوو جار چاوەکانم هەڵگلۆفی , بەباشی ناسیمەوە , ئاخێکم لە ناخی ناخەوە......لەقوڵترین قوڵایی دڵەوە هەڵکێشا , هەرچی ئازارو مەینەتی و دەردەسەری هەبوو لە بیرم چۆوە , ئەو ساتەم کرد بە خاڵی سفر , خۆم خزاندە بن گەردنی قۆڵتی سەرووی سینگیم هەڵبژارد چوومە ناوی و خۆم لەبۆسەدا , تێر ئەو دڵۆپە ئارەقانەم خواردەوە کە لەڕوخساریەوە دەهاتنە خوارەوە , کە تام و چێژی ڕوخساریان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو , بۆ من پڕ ڤیتامینترین خۆراک بوو , توانایەکی تریان بە لەشم بەخشی , زۆری ئارەقە کردبوو دیاربوو لە ڕێ زۆر ماندوو ببوو , دنیاش گەرم بوو هەستم بە لێدانی دڵی دەکردسینگی زۆر نەرمبوو کاتێ پێم دادەگرت وام دەزانی ئیسفنجە



تائاستی گۆزینگەکانم پێم ڕۆدەچوو , تازیاتر شۆڕدەبوومەوە خوارەوە زیاتر هەستم بە نەرمایی دەکرد , تا گەیشتمە نێوان دوو گردی خڕ و تاڕادەیەک گەورە , لەسەر هەر یەکێک لەو گردانە گومەزێکی بچووکی هێندەی دەنکە نۆکێک هەبوو , ڕەنگیان سورێکی کاڵ بوو بەڵام من بەباشی لێم دیار نەبوو , چونکە بەپەردەیەکی پەمەیی تاڕادەیەک ڕەق داپۆشرابوو , گردەکانیش لەوە دەچوو تازە بەفریان بەسەردا باریبێ زۆر سپی بوون , ئەو دوو گردە زۆر لێک دەچوون دەم وت: (لەوانەیە یەکێک بن لە حەوت سەرسوڕهێنەرەکانی دونیا) ماوەیەک لە نێوانیان دا دانیشتم خەریک بوو خەو زەفەرم پێ بەرێ , بەڵام بەسەر خەوەکە زاڵ بووم هەرچەندە خەو ویستی باڵم بەسەردا بکێشێ ,کەچی من هەر بەخۆمم دەوت (نەکەی بخەوی تا ئێرە هاتووی لەقیس خۆتی نەدەی).

لەبەر دڵخۆشی خۆم پێدەکەنیم بەشێوەیەک دەنگم بەرز کردبۆوە ئەوناوە دەنگی دەدایەوە , کاتێ بیری ئەو هەموو ماندوو بوونەم دەکردەوە کە چەشتبووم تا گەیشتم بەم شوێنە , ناوە ناوە بە خۆمم دەوت: (ئافەرین!! ئافەرین!!) بەدەم ئەم خۆ دواندنەوە کاتێکم زانی جوڵەیەک لەگردەکان پەیدا بوو , یەک دوو جار لەرینەوە , تادەهات ئەم لەرینەوەیە زیاتر دەبوو تەنانەت چەند جارێکیش خەریک بوو هەڵخلیسکێم , هەموو جارێکیش خۆم بەو قوڵفە دەگرتەوە کە هەردوو پارچە پەڕۆ پەمەییەکەی پێکەوە بەستبۆوە , کەگومەزی سەر گردەکانیان داپۆشیبوو , ئەم لەرینەوەیەش لەئەنجامی ئەوەوە پەیدابوو ویستبووی لەنگەری گردەکان ڕێکبخاتەوە , وادیاربوو لەبن پارچە پەڕۆیەکان لایاندابوو ئیتر تەواو ئەو گومەزانەم لەبەر چاو گومبوو , ئەوەی مابۆوە بەشێکی کەمی خوارەوەی گردە سپیەکانبوو , کە زۆر بە ئاسانی دەتوانرا ڕێگا ڕەنگ شینەکانی قەدپاڵی بژمێری , ئەوەندە ڕێ ڕێی قەبارە جیاوازی تێدابوو چاوی ماندوو دەکرد , چونکە هەموو ڕێیەکان یەکتریان دەبڕی و هەر ڕێ یەکیش گەلێک ڕێگای بچوک بچوکی لێ جیا دەبۆوە زۆرم سەیرکردن چاوەکانم ئاویان پێدا هاتە خوارەوە.

زۆرم حەز دەکرد نهێنی ئەو گردە سەیرانە بزانم لەبەر ئەوەی لەوەپێش لەوجۆرە گردانەم نەدیبوو , خۆم گەیاندە یەکێکیان. لە بنەوە ئەگەر سەیری سەرەوەت بکردایە کڵاوی سەرت بەردەبۆوە , نینۆکەکانم لێ گیرکرد زۆر بەئاسانی ڕۆچوون بەناویدا , جوڵە جوڵێک لەلەشی پەیدابوو , ماوەیەک خۆم بێ دەنگ و جوڵە

کرد , له بیری خۆمدا وتم: (باشه خۆ ئەو شوێنەی ئێستا خۆمم پێوە نوساندوە لەوە دەچێ هەمان ئەو شوێنە بێت کە خەونم پێوە دەبینی!!)بێ یەک و دوو تاهێزم تیابوو گازێکم لێگرت , وەک بڵێی لەتەشاخێکی گەورە لە چیاوە بەربوو بێتەوە قورساییەک بەرسەرم کەوت , کاس بووم...وتم (لەوانەیە وڕێنە بکەم) ئەمجارەیان گازێکی بەهێزترم لێگرت , ئەو قورساییەی بەرم کەوت زۆر بەهێزتربوو , هەموو گیانمی شێلا , تەواوی جومگەکانی لەشم شل بوون , ملم کرتەی کرد تەقی , هەردوو چاوم هاتنە دەرەوە , لەگیانەڵابووم هەندێ پەپولەی سپی و ئێسک سووک هاتنە لام , بەزمانی حاڵ وتم: (ئێوە کێن و بۆچی هاتوون؟!)

وتیان: (ئەو شوێنەی ئێستا تۆ کۆتایی ژیانتی تێدا دەبەیتەسەر بەهەشتی مێرووولەکانە , تۆش زۆر هەوڵتدا بۆ ئەوشوێنە بۆیە ئێمەش چاوەڕێی ئەوەین تا گیانت دەرچێ , بۆئەوەی هەر لێرە بتنێژین)

وتم: (ئەی بەچی دەمشۆن خۆ ئەم ناوە ئاوی لێ نیە؟)

وتیان: (تۆ شەهیدی شوشتن و کفنت ناوێ)

لەو گفتوگۆیانە بووین خەبەرم بۆوە , ئیتر گردو گومەز و قۆڵتی بەر گەردن و نەرمایی سینگ و ئارەقی ڕوخسارو پەپولەکان لەگەڵ خەوەکە ڕۆیشتن و ئازاری قاچە قرتاوەکانم دەستیان پێکردەوە.

**تێبینی/ ئەم چیرۆکە , خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە , لە پێشبڕکێیەکی شیعر و چیرۆک خوێندنەوە لە شاری ڕانیە.**

## ئەم شارە لەناو لوورەی گورگێکدایە

**مەجید عەزیز**

ئەم شارە لەناو تونێڵی زماندا،هەستەکانی وەکو زریانە نەبڕاوەکان ڕاگرتوە،
خامۆشەو جەستەکان بەدڵی شکاوەوە،
لەگەڵ خەونی دادگاییکردنی تاوانبارەکان دەنێرێتە ماڵەوە،
لەگەڵ نووستنی شەودا دەنوێتو، وەکو مناڵێ خۆی ئەخزێنێتە ژێرلێفەی گەردوونەوە،
لەگەڵ سەحەردا چاوەکانی هەڵدەگلۆفێتو، لەناوئاوێنەی کاتا پێکەنینەکانی دەبنە هیستیریا،
لەپەلەپیتکەی خۆکوژیدا پێدەنێتە ناودەشتی ڕابوردوەوە،
وەکو گووڵاڵەسوورەکان خوێناوی دەبێت،
لەخەونیدا کراسی باڵەگەورەکانی شەیتان تاقیدەکاتەوە،
شەڕێکی گەورەی لەناومستەکۆڵەکانیدا دەستەمۆکردوە،

لوورەی ئازارەکانی ئەم شارە بەهەشت پڕئەکات لەگلەیی،
لەتاوانا خوا بەجێدەهێڵێتو پێدەنێتە ناوحەقی تەنیایی خۆیەوە،
پشت لەیاسا ئەکاتو ئەبێتە خزمەتکاری دڵ،
لەدەستی هەورەکانیەوە، باڵەخانەکان پڕئەکات لەتیشکی بەزەیی،
گڕووگاڵو پێکەنینی پەپوولەکان لەیاسای سروشتەوە گوێ لێ ئەگرێت،
نامەسپیەکانی عەشق دەداتە دەست قەلەڕەشی پایزو



تیمساحەکانی تیرۆر لەناو زەلکاوی گەندەڵیدا لەخەوهەڵئەسێنێ،
حیکمەتی ڕاپەڕین لەنامەو یاداشتەکانیدا بەبەریدی زەمانا
بۆ کوونەپەپووە نەنووستوەکان دەنێرێ،

کوڕەکانی، بەقۆچەقانیو قوورعانەوە بەدوای شووناسدا ئەگەڕێن
کچەکانی، بەکڵافەخووریو بەرماڵەوە داوای پاسکیل ئەکەن بۆجەژن،
بەبەکانی بەچەقۆکانیانەوە دەچنە ناومەسیرەکانەوەو،
لەجیاتی شیر بینیان بەبوتڵەعارەقەکانەوە ناوە،
ئەوبەبانەی هەرلەگەڵ لەدایکبوونیانا لەگەڵ ئادەموحەوادا پیربوون،

ئەمشارە بەتلیاکی خوێندنەوەی شیعرو، هەوای شینی بێزاریو، تۆزێک تامی مزری چیلەگی دڵداریو،
درۆ سپیە مۆدێرنەکانیو، ئێشی ناوسکی هەژاریو، عارەقخواردنەوەی هەموونەوەکانەوە مەستبووە،
پێستی پڕبرینی، چڵکی سیاسەت داپۆشێوەو لفکەی عەدالەتیش ناتوانێ پاکی کاتەوە،
سنگێکی لاوازەو، مێژوویەکە لەدووکەڵو، نێرگەلەی قاوەخانە تاریکەکانە
وەکو جەنگو بەزەیی لەناو لوورەی گورگێکدا دەژی،
شوێن چرنووکەکانی بەدیوارەکانەوەیە،
شەوان وەکو شەبەحێک ئەچێتە سەرمەقەڕەکانو،
بازئەداتە سەر بینابەرزەکان،
گوێ لەچرپەی هەرای ناوناخی گەنجان ئەگرێ،

خوایەک لەناو دەنگوڕەنگو بۆنی سیمای ئەم شارەدا ئەسووتێ،
خوایەک لەناو زەلیلیی سواڵکەرێکدا، لەسەر شەقامی نان کەڕوولێی داوە
ژنە فریشتە بێ پیاوەکانی، لەناو قەیسەریەکی پرچ درێژدا لەبیرکراونو
لەناو زیندانی عەبایەکدا وەکو سێوێک کرمی شەرم خواردوونی،

هەر شەودادێ، ئەمشارە لەگەڵ بوتڵەعارەقو، کتێبی قەدەرو، نامەی دڵداریو،
جانتای سەفەرو،ئاڵای قەرەجیو، هاوڕێکانیدا دوور دەڕوات،
لەناوخۆیدا دەبێتە ژوورێکی ئینفیرادی، تا لەناوگوڵی خوادا دەکرێتەوە،

هەورەکان دەستیان بەتاقی ئاسمانەوە گرتوە
لەناوکپی جۆرە مردنێکدا لەناوهەوادا دەڕۆن
دارستانەکان لەدەرەوەی تەماشاکانماندا دانیشتوون،
شاربەئازارەوە دەنوێ، بەزۆر خۆی خامۆشکردوە لەناو کزی لوورەکانیدا
پشیلەکان بەلاوازی چاویان ناکرێتەوە لەئازارداو، بۆنی گۆشتی ماسیو مرۆڤ
ئەکەن بۆ ژەمی ئێوارە،
سەگەکان بەوەفا نەماون وەکو جارانو، وەڕینیان بیرچۆتەوە،
ڕقی زۆریان لەخاوەنەکانیان هەڵگرتوە،
کۆترەکان بوونەتە قەفەسو ئاسمانو سەربانەکان ناناسنەوە،
کەڵەشێرەکان ناقووقێنن وەکوجارانو، تەکنەلۆجیا سەری لێ تێکداون،
کرمەکان خەریکی پڕوپاگەندەن بۆژەهراوی کردنی ساندەویچەکان،

ئەم شارە بەشەوان لەناودەشتی حەسرەتەکانیەوە، وەکو گوورگێ ئەلوورێنێ،
گەنجەکانی دەمیان بەجگەرەو نێرگەلەکانەوە نووساوە،
ئاهی قووڵی بێزاریان، بەرەو نادیار ئەیانبات

فریشتەیەک بەچەپکە گووڵێکو دەمانچەیەکی سمسەوە گەڕاوەتەوە،
بەترسەوە، بەزمانی کووردی گلەیی لەئاسمان ئەکاتو، نینۆکەکانی خۆی ئەخوات
فرمێسکەکانی لەناو شووشەی عەتری موعجیزەدا کۆکردۆتەوە،
گووڵەکانی شەوی پێ ئاوئەدات،
ئەیەوێت برینەکانی زەمینی پێ بشوات،

دڵدارەکانی دەست ئەخەنە سەرقەداسەتی پێستو
لەتاو پۆلیسەکان خۆیان دوائەخەن تاوەکو شەودادێت،



دوایی لەناوقاوەخانەکانی نیشتیمانی گیانیانا،
وەکو مۆمی غەریبی کزکز بەنێرگەلەکانیانەوە ئەسووتێن،
لەناو تاریکیدا لەپیاسەکانیانا خۆیان دەنووسنەوە،
چیرۆکەکان لەڕەنگی ژیان ئەڵێن بەبێ هیچ قانوونێ،
لەژێرفانۆسەکاندا، نامەدرێژەکانی ڕووخساری یەکتری دەخوێننەوە،
لەڕۆژگاری بوغزو ئازاردا،
بێدەسەڵاتی وەکو پشیلەکان ماڵی ئەکرێ،
ئەدەب ئەبێتە ژێرخانی ڕۆحە تاریکەکانو، شیعر تووتنی غەریبیە لەکێشانی
مژی بووندا،
ژیان ئەبێتە تیرۆرو کەتەری بڕین،
بێزاریەک وەکو خۆکوژی لەناو دەمانچەی کاتدا لەسەرپێیە،

کچێک بەچەکوشێکەوە خەریکی ڕووخانی زیندانو زانکۆکانە
پیاوێک بەپێڵاوێکی ئاسنینەوە پیرەمەگروون تەخت ئەکات بۆ پڕۆژەیەکی
مۆدێرن،
مناڵێکیش بەچەقۆیەکی دەسک شکاوەوە بۆبنەگۆزروان ئەگەڕێ،

ئەمشارە دەرەوەی خۆی بۆیاخ ئەکاتو ناوەوەی بۆگەنی کردوە
مۆدێلی پانتۆڵی پێستی کاوبۆی، ڕۆحی قاچەکانی پۆرترێت ئەکات،
کراسی ماسولکە، چوارچێوەی ڕۆحی جەستەکەی ئەکێشێ،
ڕەحەتبوون سفت ئەکات وەکو قەدکردنی کراسێکی گران بەها،
لەناو شەفافی کراسێکیدا پەپوولەکان ئەبوورێنێتەوە،
کە ئەڕواتەوە، بەپێستوجلەوە خۆی دائەکەنێو
وەکو تۆپەڵێک بیرەوەری بڵاودەبێتەوە بەسەر جێگاکەیدا،

داڵەکەرخۆرەکان  لەبەرخی خوا ئەگەڕێن،
عیسا خۆی لەناو هەریەکێکمانا شاردۆتەوە،
ڕەگی شەیتان، وەکو مار لەژیانەوە ئاڵاوە

ئیتر لەجیاتی چاوو دەمانچە، ڕۆژنامەکان کەمین دادەنێن،
تەلەفیزیۆنەکان بەناوی حەقیقەتەوە خەریکی دروستکردنی ناپاڵمن
نووسەرە دووڕووەکـان بەچاکەتوپانتۆڵی پاکەوە، قژیان داهێناوەوعەتریان لەخۆیانداوە،
پرسیارە بێماناکان لەلاپتابەکانیانەوە دەنێرنو، وەڵامەکان لەناو فرێزەری کاتا دادەنێن،
لەجیاتی سـەلام، ڤایرۆسی زمان دەخەنە ناوپۆستەوە، دەستیان سوورە بەبراکوژی ئینتەرنێت،

باخەوانێ، لەدەرەوەی شار، لەتاو ئازاری گەڵادا لەخەوهەڵدەسێ
سۆفیەک لەبەرگی گوڵدا لەودیو شوێنەوە لەهۆش خۆی چوە
گەنجێک لەسەر دیواری ژیان ئەنووسێ: هیوایەکم لەناوبیرەیەکی ساردا بۆ بێنە،
نامەیەکی دڵداریم بۆبخوێنەوە، بۆئەوەی ئەمشەوبتوانم بنووم،
سەرم لەگەچ بگرە، من بێهدووەم لەهەمووشتێ،
مناڵێک بۆ پشیلەکەی ئەگری،
دایکوباوکێ خوێنی مناڵەکەیان لەشینوگریانی عەرزوحاڵێکدا پێ ئیمزادەکرێ
یاسا ئیسعافەکەی دەنێرێ،
جەستەکان لەناو ڕووباری فرمێسکی خۆیانا خنکاون،
گەنجێک بەشی هەموو مێژوو تی ئێ نتی لەخۆی ئەبەستێ،
سیاسیەک بەچاکەتوپانتۆڵێکی ئیتاڵیەوە میز بەکتێبەکانا ئەکات،
سەرکردەیەک ماندوە لەدەسەلات، مەکینەی دڵی ناوەستێو هەرئەڕوا،
ئەم شارە وەکو سێوێکی کۆن، لەناو سەبەتەی زەویدا کرم تێی داوە،

پێشمەرگەیەکی هاندیکاپ، مووچەی چەندمانگێکی وەرنەگرتوە
بێدەنگەو لەبەرخۆیەوە جنێوئەیات، تف لەدنیا ئەکاتو
لەناسیکدا لەگەڵ پەپوولەیەکدا ئەبورێتەوە،
وەکو پشتێکی بریندار، لەنێوان دەمانچەوکەمانچەدا،
بەیانیەک دەبێتە سامساکەی کافکاو ئیتر ناتوانێ هەڵسێتەوە،



نووسەرێ بۆیمباغی ئاڵتوونی بەستووە، بەهەزارناوەوە عەرزە وەرئەگرێ
ڕۆژنامەکان لەباسی ئەخلاقا بۆسفرەش زۆربوون،

دەوڵەمەندێک بەسەر قوومارەوە خۆی دەکوژێ،
پرۆلیتارێ یاری ئاسن ئەکات،
بۆئەوەی هەموو زەوی هەڵگرێتو بیخاتە ناو مەنجەڵێکی بوخاریەوە،
مارکس هەر خەون ئەبینێ،
ئاشتی لەژێرپێکانیدا نووستوە
شەڕ بەیاسا ڕاگیراوە، یاساشەڕە

سێبەری نهێنیەکان دەوری ماڵەکانمان بەرنادەن،
شۆڕش لەناو بەیانیەکی زوودا بۆنی قاوەی لێدێ
بەڵام ژیان وەکو کیلۆیەک گۆشت لەدوانیوەڕۆیەکدا دەگەنێ،
لاوازی بەناوی ئەخلاقەوە باسی قەڵەوی گۆڕان دەکاتو،
چاکەتی نادیاری حزبایەتی داکەندوە،
قەڵەوی بەناوی دیموکراسیەوە بەشی هەمووان ئەخوات،
خەون بەئاسمانی کێکەوە ئەبێنی، بەئەستێرەو مانگو خواوە هەمووی ئەخوات،
وەکو وەحشەکەی ڤێگاگێگا، عەرزەکان قووتدەدات بەبێ ئەوەی بیانکات بەپارەوو،
کاتێک گێژدەبێتو ئەکەوێت، گوواوی ناوسکو، ماڵو دینارو باخو ژنو سەیارە ئەڕشێتەوە،
شار لاوازبووەو سیاسەتی گوو ئەبیات،
لەناو زێرابەکانەوە، گوورگێ لەچرپەی گەنجان لەدایک ئەبێ

بولبولێک لەڕوخساری کچێکدا، بەدیار دڵدارەکەیەوە ئەمرێ،
گەڕەکێک لەناوپرسەی خۆیدا قورعان ئەخوێنێ
گوندێک بەمانگاو شوانو دەشتەکانیەوە دووردەکەوێتەوەو بەرز دەفرێ،
مزگەوتێک لەباڵی دەمانچەدا تەقەدەکات،

مەلایەک لەئازاردا کفردەکات، قوورعانەکان ئەسووتێنێو هەرشەڕی شەیتانیش ئەکات
بەچڕنووکی غەزەب عەرزەکەی بەردەمی دەدڕێ
حاجیەک لەعاقیبەتی دونیایا، لەسەر باڵی کولەحاجیەک ئەفڕێ بۆئەودونیا،
کەمانچەژەنێک بەدیار پچڕانی واتەری ژیانەوە دەگری
پێشمەرگەیەک ئەبێتە زەردەواڵە، چزوویەکی گەورە ئەنێتە سەرشانو ئەچێتەوە بۆ قزلەر،
درەنگان ئەبێتە گوورگێ، لەپیرەمەگروونەوە بەبازێک ئەگاتە سەر حەسیب ساڵح،
بەتەنیا ئەلوورێنێ، لوورەی بەزەییە شێتەکان، لوورەی دڵویاساوخۆکوژی تێکەڵاوئەکات،

حەماڵێک خەون بەناردنی پشتیەوە دەبینێ بۆدوورترین جێگا
خواخوای مەساجێکێتی بەنەرمترین دەست، ڕانەکانی لەبرین شاردۆتەوە
گەنجێک بیرەوەریەکانی خۆی ئەبات بۆ سەرچنارو بۆئاوی دەخوێنێتەوە
دووبیرەی ساردئەخواتەوەو شەڕ بەقەرەباڵغیەکە ئەفرۆشێ،

پێشمەرگەیەکی ناو یادێکی لەبیرکراو
هەوڵی ناردنی قاچەکانێتی بۆ خاریج، لقی داربەڕوویەک لەجیاتی بڕبڕاگەی پشتی دادەنێ،
خەون بەعەرەبانەیەکەوە دەبینێ بۆئەوەی بیبات بۆسەردەریا
لەولاشەوە سیاسیەک لولەی عەقڵی دەمانچەکەی پاک ئەکاتەوەو،
لەناو تەلەفیزیۆنەکەدا باڵی منالی پرسیارەکان وەکو بووکەشووشەیەک لەبنا دەردێنێ
ئەمشارە لەبەردەوامیدا ڕائەچڵەکێتو خەون ئەبینێ،
وەکو گوورگێ هەموو شەوێ ئەلوورێنێ،

# بەم نزیکانە

## سێ کتێبی نوێی ستافی کۆنسێپت:

❊ (**نەوکانی مادایی**).. بەیان سەلمان... ڕۆمان.. لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کۆنسێپت بۆ پەرەپێدانی کلتوریی.

❊ (**خودا.. لەسەری مرۆڤدا**).. توانا ئەمین.. چەند گفتوگۆیەکی فیکریی..لە بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم.

❊ (**ئەکرۆباتێکی ون بوو**) ئیسماعیل حەمە ئەمین.. کۆمەڵە وتار.. لەبڵاوکراوەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.




# Concept

Concept Organization For Cultural Development

**Director of Concept Organization:** Rebeen Rasul

**Editor-in-Chief:** Ramyar Mahmud

**Editorial Secretary:**
Ismail Hama Ameen

**Managing Editor:**
Twana Ameen

**Editorial Members:**
Bayan salman
Bakir Ali
Shirwan Can
Salam Omer
Soran Rafat

**Magazine Advisers:**
D.Adel Bakhawan
Kawa Jalal
Handren
Ali Zalmy

**Art and Design Director:**
Azar Othman

**Administration Director:**
Faraidwn Karim

**Magazine Representative in Canada:**
Goran Abdulla